کورد و باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە
هەتا شەڕی دوهەمی جیهان



بەرگی یەکەم
هەتا کۆتایی شەری یەکەم

نووسینی :

م . ڕەسوڵ هاوار

کورد و باکوری کوردستان لەسەرەتای میژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان

بەرگی یەکەم

((هەتا کۆتایی شەڕی یەکەم))

نوسینی : م. رەسوڵ هاوار

چاپی یەکەم

٢٠٠٠

ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك

ناوی کتێب :

کورد و باکوری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان

نووسینی

م . ڕەسوڵ هاوار

تایپ :

دارا صدیق - هێدی محەمەد

مۆنتاژ :

بازیان جەلال

بەرگی یەکەم - چاپی یەکەم :

چاپخانەی خاك / سلێمانی ۲۰۰۰

تیراژ :

۱۰۰۰دانە

ژمارەی سپاردن :

(۲٤٦) ی ساڵی ۲۰۰۰ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە

ناوەڕۆکی (فهرستی) بەرگی یەکەم	لاپەڕە
پێشەکی	٥
بەشی یەکەم: مێژووی کوردو رەگو ریشەی رەگەزی کورد	٧
بەشی دووەم: کوردستان بەشێوەیەکی گشتیو باکووری کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی	٥١
ا) جوگرافیای کوردستان و رووپێوانەی	٥١
ب) سەرژمێری کوردو عەشایرەکانی باکووری کوردستان	٥٩
ج) زمانی کوردیو شێوەکانی	٧١
د) ئاینی کوردی	٧٨
ە) رەوشتی کوردو باری کۆمەلایەتی ناوکوردەواری	٩٦
بەشی سێهەم: رەگەزی تورك و طورانیتیو هاتنی لێشاویان بەرەو رۆژئاوای ئاسیا	١٠٧
١) رەگەزی تورك و عەشایری (غز =غوز)	١٠٩
٢) سلجوقیەکان	١١٧
٣) مەغولوتاتار	١٢٥
بەشی چوارەم: عوسمانی، رەگ و ریشەی عوسمانیو پێکهێنانی دەوڵەتی عوسمانی	١٣١
١) رەگوریشەی بنەماڵەی عوسمانیو چۆنێتی هاتنیانو نیشتەجێ بوونیان	١٣٢
٢) چۆنێتی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانیو پەرسەندنی	١٣٧
بەشی پێنجەم: کێشەی نێوان دەوڵەتی عوسمانیو صەفەوییەکانو شەڕی چالدێرانو رۆڵی کورد لەو شەڕەداو ئەنجامەکانی.	١٥٠
بەشی شەشەم: ئەمارەتەکانی کورد لەباکووری کوردستاندا	١٥٨
بەشی حەوتەم: رۆڵی ئیدریسی بەدلیسی لەبەستنی ئەمارەتەکانی کورد بەدەوڵەتی عوسمانییەوەو ئەنجامەکانیو هەڵسەنگاندنی ئەوکارەی ئیدریسی بەدلیسی	١٨٩
بەشی هەشتەم: هەڵوەشانەوەی ئەمارەتە کوردیەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە	٢٠٢
بەشی نۆیەم: سەرەتای بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد	٢١٢
١) بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتیو هۆی بزوتنەوەکە	٢١٣
٢) رۆڵی زانایانو رۆشنبیرانو شاعیرانو سیاسەتمەدارانی کورد لەو بزوتنەوەیەدا	٢١٥
بەشی دەیەم: شۆڕشەکانی کورد لەباکووری کوردستاندا هەتا پێش شەڕی جیهانیی یەکەم	٢٥٢
١) شۆڕشی بەدرخان پاشا... هۆی دستپێکردنی... سەرنەکەوتنی... هەڵسەنگاندنی..	٢٥٧
٢) راپەڕینەکانو هەڵوێست لەباکووری کوردستانا دوای لەناوچوونی شۆڕشەکەی بەدرخان پاشا	٢٨٩
٣) شۆڕشی یەزدان شێر... چۆنێتی دستپێکردنی... سەرنەکەوتنی....هەڵسەنگاندنی.....	٢٩٦
٤) شۆڕشو راپەڕینەکانی دوای یەزدان شێر هەتا شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە ی شەمزین	٣٠٦
٥) شۆڕشی شێخ عبیداللە ی شەمزینی... چۆنێتی دستپێکردنی....هۆی سەرنەکەوتنی... هەڵسەنگاندی شۆڕشەکەی..	٣١٤
٦) راپەڕینو شۆڕشەکانی دوای شۆڕشەکەی شیخ عبیداللە ی شەمزین هەتا کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی.	٣٥٢

بەشی یازدەهەم: خزمەتی کورد بۆ ئیسلام‌و دەوڵەتی عوسمانی ٣٨٥
ا) خزمەتی کورد بۆ ئیسلام ٣٨٦
ب) خزمەتی کورد بۆ دەوڵەتی عوسمانی ٣٩١
بەشی دوازدەهەم: سوارەی حمیدیە(حمیدیە ئالایلری)....... ئێسترسوار ٣٩٦
١) چۆنێتی پێکهاتنی ٣٩٦
٢) هۆی پێکهێنانی ٤٠١
٣) زیانەکانی سوارەی حمیدیە ٤٠٤
بەشی سیازدەهەم: هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی بەرامبەر کریستانەکان‌و کوشتاری ئەرمەنی ٤١٠
بەشی چواردەهەم: هەڵوێستی دەوڵەتان‌و میللەتان بەرامبەر بەکورد هەتا پێش شەڕی‌یەکەمی جیهانی ٤١٦
بەشی پازدەهەم: لاوازبوون‌و گەندەڵ بوونی دەوڵەتی عوسمانی(پیاوە نەخۆشەکە) ٤٣٣
١) خراپکاری‌و دڕندەیەتی‌و زۆرداریتی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی ٤٣٤
٢) ڕەوشتی خراپی سوڵتانەکان‌و سەفاهەت‌و رابواردنیان‌و پشتگوێ خستنی بەرژەوەندیی وڵات‌و دانیشتوان ٤٣٦
٣) داڕزاوی‌و گەندەڵ بوونی دەزگا سوپاییەکان‌و دام‌ودەزگای بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات ٤٣٩
٤) دەستێوەردانی وڵاتانی ئەورووپا لەکاروباری ناوخۆو دەرەوەی وڵاتی عوسمانی ٤٤٢
بەشی شازدەهەم: ژون تورك، اتحادو ترقی، بزوتنەوەی طورانیتی (پان تورکیزم)و چۆنێتی دروست بوونیان ٤٤٣
١)چۆنێتی دروست بوونیان‌و شێوەکەی ٤٤٣
٢)اصلاحاتی دەستوری ٤٥٤
٣)هۆی بەشداربوونی کورد لەڕێکخراوی اتحادو ترقی‌داو هۆی بەشداربوونی کەمەنەتەوایەتی‌یەکان. ٤٦٢
٤)پاشگەزبوونەوەی اتحادو ترقی لەو بەڵێنانەی بەکوردو کەمە نەتەوەکانیان دابوو ٤٦٦
بەشی هەڤدەهەم: بزوتنەوەی سیاسی‌و چالاکیی رۆشنبیرانی کورد لەباکووری کوردستاندا هەتا پێش شەڕی یەکەمی جیهانی. ٤٦٩
بەشی هەژدەهەم: کۆمەڵ‌و رێکخراوە سیاسی‌و رۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌یەکانی کورد لەباکووری کوردستانا بەر لەشەڕی یەکەمی جیهانی ٤٨٧
بەشی نۆزدەهەم: رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکان‌و قوتابخانە کوردی‌یەکان لەئەستەمبوڵ‌و هەندێ لەناوچەکانی باکووری کوردستان هەتا پێش شەڕی یەکەمی جیهانی ٥٠٥
بەشی بیستەم: نەخشەی دەوڵەتان بەرلەشەڕی جیهانی بۆ دابەشکردنی وڵاتی عوسمانی (پەیمانی سایکس پیکۆ) ٥٢٨
بەشی بیست‌ویەکەم: شەڕی یەکەمی جیهانی‌و بارودۆخی کوردستان لەکاتی شەڕداو هەڵوێستی دەوڵەتان. ٥٣٣
بەشی بیست‌و دووهەم: ئەنجامی شەڕی یەکەمی جیهانی‌و ئەو زیانانەی بەکوردو کوردستان گەیشتبوو بەهۆی ئەو شەڕەوە. ٥٣٩

پێشەکی

لەدوای چاپکردنی کتێبەکەی شێخ محمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستانو کتێبەکەی سمکۆی شکاکو بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، بیرم لەوە کردەوە باسێکیش دەربارەی باکووری کوردستان ئامادەبکەم کە گەورەترین بەشێکی کوردستانی پارچە پارچە کراوو داگیرکراوەو لە زەمانی عوسمانیدا بەشێکی گرنگ بووە لە ئیمپراتۆریێتی عوسمانیو هەر لە شەڕی چالدێرانی سالی ١٥١٤ لە نێوان دەوڵەتی صفویی شیعەو عوسمانیی سونی ڕۆلێکی زۆر گرنگی بینیوە لە پێشکەوتنو سەرکەوتنی عوسمانیداو خۆی بە بەشێك زانیوە لەو ئیمپراتۆریەتەداو لەوکاتەوە لەژێر دەستی ئیدریسی بەدلیسیدا هەموو ئەمارەتەکان چارەنووسی خۆیان بەستەوە بە دەوڵەتی عوسمانیەوەو هەرچی زانایانو ڕۆشنبیرانی کورد بوو هەموو ووزەو لێ هاتوویی خۆیان لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی ئەوا تەرخان کردوو هەتا ئەوکاتەی تورك لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا ووتبووی من عوسمانیم کوردیش هەر بەو شێوەیەی ئەو ووتبووی من عوسمانیم، بەلام لەدواییدا کە تۆرانیەکان بە سەرکردایەتی (ژۆن تورك)و (اتحادوترقی) ووتیان ئێمە تورکین نەك عوسمانی، ئیتر کوردیش ناچار بوو بکەوێتە خۆیو ووتی منیش کوردمو داوای مافی خۆم ئەکەمو ساتێك تورکە طورانیە ڕەگەز پەرستەکان بەرەنگاری کورد بوونەوەو دژی ئەو داخوازییەی کورد ڕاوەستان، کوردیش دەستی دایە چەكو لە زەمانی بەدرخان پاشاوە یەك لەدوای یەك شۆڕشی چەکدارانەی کردووە بۆ دەسگیربوونی مافی ڕەوای خۆیو لەوساوە هەتا ئیمڕۆ کۆڵی نەداوە. ئەگەرچی بەداخەوە شۆڕشەکانی هەمووی توشی شکاندن بووەو ئەگەر سەرکەوتنێکی کاتیشی بەخۆیەوە دیبێت زۆری پێ نەچووە دەسکەوتەکانی ئەو سەرکەوتنەی لەکیس چوەو تووشی کارەساتێکی زۆرو ماڵکاولی بووە، بەبێ ئەوەی لە یەکێك لە شۆڕشەکانیا توانیبێتی دەرسو پەند لە بەسەرهاتو ڕووداوەکانی پێش ئەو شۆڕشە وەربگرێتو زۆرجار شۆڕشەکان هەموویان وەکوو فۆتۆکۆپیی یەکتر وابوون.

ئیمڕۆ ئەو تورکەی هەمووی شەش حەوت سەدە لەمەوبەر لە ناوەڕاستو ڕۆژهەلاتی ئاسیاوە لە شێوە عەشایری ڕاوو ڕووتکەردا ڕوویان کردۆتە ڕۆژئاوای

ئاسیاو لە ئەنجامدا لە ئاسیای بچوکدا لەسەر حسابی ئەو نەتەوانەی بەر لەوان خاوەنی زەوی‌و زاری خۆیان بوون وەکوو بیزەنتی‌و کوردو ئەرمەنی، بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە لە مێژوودا بە(ئەرزڕۆم) ناسراو بووە ئەو دەوڵەتە فراوانەیان پێکەوەناو ئیمڕۆ ئەوانەی پێیان دەوترا (کەمالی)و ئیمڕۆ دروشمی (عیلمانی)یان بەرز کردۆتەوە بوون بە خاوەنماڵ‌و ماڵ لە خاوەنی خۆی حەواسەو هەتا ئیمڕۆش تورکە ڕەگەز پەرستەکان بە کوردی باکووری (١٨—٢٠) ملیۆن کەسی دەڵێن تورکی شاخاوی‌و لەم ڕۆژەدا کە لە جیهانا میللەت نەماوە مافی نەتەوایەتی خۆی دەستگیر نەبوبێت کەچی هێشتا دان بە بوونی نەتەوەی کورددا نانرێت‌و چ ڕەگەز پەرستە طورانیەکان خۆیان‌و چ ئەوانەی تورکیایان کردووە بە بنکەی هێزەکانی خۆیان، بەتایبەتی ئەمریکای دۆستی تورکیا، بەو پەڕی بێ شەرمییەوە بە ڕاپەڕینی کورد لە باکووری کوردستاندا ئەڵێن بزوتنەوەیەکی تیرۆریزمانەیە...

لەبەر ئەوەی کلیلی سەرکەوتنی بزوتنەوەی کورد بریتیە لە سەرکەوتنی کورد لە باکووری کوردستاندا دژی طورانیی ڕەگەز پەرستی داگیرکەر، بۆیە بە پێویستم زانی بچمە بنج‌و بناوانی مێژووی کورد لە باکووری کوردستاندا لەگەڵ چوونە بنج‌و بناوانی چۆنێتی هاتنی تورک‌و بەتەمابووم کورتەیەکی ئەو باسە دوورو درێژە لە بەرگێکدا ئامادە بکەم‌و ساتێك بەخۆم زانی ئەوەی من مەبەستمە لێی بدوێم بەتەنها بەرگێك بۆم تەواو ناگرێت. بۆیە بڕیارم دا بەرگی یەکەم بریتی بێت لە باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی جیهانی یەکەم‌و لە شەڕی جیهانی یەکەم بەدواوە هەتا شەڕی جیهانی دووەم بکەم بە بەرگی دووەم ئەگەر ئەوەی دووەمم بە یەك بەرگ بۆ تەواو بکرێت...

لە نوسینەکاندا، بۆ ئەوەی لە کاتی باسکردنی ئەو سەرچاوانەی ئاماژەیان بۆ ئەکەم هەموو جارێك باسی ناوی سەرچاوەکەو نووسەرەکەی‌و ساڵی چاپکردنی لەچاپکردنی دووبارە نەکەمەوە، وام بەباش زانی تەنها ئاماژە بۆ ژمارەی سەرچاوە بکەم لە ڕیزی سەرچاوەکاندا کە لە کۆتایی بەرگی یەکەم‌و دووەمدا ژمارەم بۆ هەریەکێك لە سەرچاوەکان دلناوە.

هیوادارم بەپێی توانای ئەم تەمەنەم کەوا خەریکە خۆی ئەدا لە (٧٥)ساڵ توانیبێتم بەو پێویستیەی لەسەر شانمە بەو بەشە گرنگەی کوردستان کە بریتیە لە باکووری کوردستان بەجێم هێنابێت‌و داوای لێبووردن ئەکەم لە هەر کەموکوڕیەکدا لە باسەکاندا یاخود لە بۆچوونەکانمانا هەستی پێ‌بکرێت.

بەشی یەکەم

مێژووی کوردو ڕەگەزی کورد

بێگومان باسی مێژووی کوردو ڕەگەزی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا وەکوو یەك وایەو جیاکردنەوەی مێژووی هەریەکێك لە پارچەکانی شتێکی ئاسان نیەو دەبێتە مایەی سەریەشەو سەرلێ تێکچوون، بۆیە بە پێویستم زانی مێژووی کوردو ڕەگەزی کورد بە شێوەیەکی تایبەتی باس بکەم بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەو باسە گرنگو دووروودرێژە دواون‌و ئەگەر جاروبار لە قۆناغێکدا باسی کوردی باکوور هاتە پێشەوە ئەوا بەشێوەیەکی تایبەتی لەو بەشە بدوێم.

دەربارەی مێژووی کوردو کوردستان گەلێك نوسراوی خۆمانەو بێگانە باسیان کردووەو هەریەکەیان بەشێوەیەك چۆتە بنچ‌وبناوانی‌و زاناو پسپۆڕو لێکۆڵەرەوەو ڕۆژهەلاتناسەکان هەریەکەیان بایەخیان داوەبە قۆناغێك یان چەند قۆناغێکی مێژووی کوردو کوردستان‌و لەو ڕووەوە گەلێك بۆچوونی جیاواز لەلایەن ئەوانەوە تۆمارکراوە وەکوو لە سەرچاوەکانی ئەم کتێبەدا دێنە پێش چاو.

هەندێ لە نووسەرانی بێگانە بەتایبەتی نووسەرانی ئەو ولاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە یا لایەنگریان بوون هەمیشە هەولیان داوە مێژووی میللەتی کورد بشێوێنن بە بێ ئەوەی هیچ بەلگەیەکی مێژوویی‌و زانیارەییان بەدەستەوە بوویێت‌و گەلێك درۆو دەلەسەیان دەبارەی کورد هەلبەستوەو هی وایان هەبووە پەنای بردۆتە بەر هەندێك چیرۆك‌و ئەفسانەی پڕ لە پڕوو پووچ وەکوو ئەوەی (مسعودی) دەربارەی کورد تۆماری کردووەو ئەو باس‌و نووسینانەی ئەو جۆرە بوون بە سەرچاوە بۆ نووسەرانی تر ئەگەرچی نووسەری بەویژدان‌و زانای واش بووە بەرپەرچی ئەو درۆو دەلەسانەی داوەتەوەو بۆچوونە

بۆ بناغەکانیان پوچەڵ کردووەو بەشێوەیەکی زانیاریانە دەربارەی مێژووی کورد دواون.

ئەو سەرچاوانەی دەربارەی مێژووی کورد دواون ئێجگار زۆرنو ئێمەش لێرەدا هەوڵئەدەین باسی ئەو نووسەرانەی بە بەڵگەوە باسی کوردیان کردووە بخەینە بەرچاو بەبێ ئەوەی گوێ بدەینە جیاوازی بۆچوونەکانیانو بەپێی توانا هەوڵ ئەدەین جیاوازییەکانی هەندێ لەو نووسەرانە بخەینە پێش چاوو هیوادارم ئەمە بە دووبارە کردنەوەی باسێك لە باسەکان نەژمێرێت وەکوو هەندێکەس وای بۆ دەچن.

(لازاریف) لە کتێبەکەیدا (کوردومەسەلەی کورد) لە بڵاوکراوەکانی خوێندکارانی سۆشیالیست کە لە ساڵی ١٩٨٤دا لەلایەن دوکتۆر کمال علییەوە لە رووسیەوە وەرگێڕاوە بۆ کوردی، دەربارەی مێژووی کورد وتوویەتی..

((کوردەکان گەورەترین گرووپی (ئیتنی)ی ناوچەی خۆرهەڵاتی نزیکن کە هەتا ئێستە لە مافی نەتەوایەتی خۆیان بێبەش کراون لە کاتێکدا یەکێکن لە هەرەکۆنترین دانیشتوانی خوارووی رۆژئاوای ئاسیا.

بەپێی بەڵگەکان دەردەکەوێ مێژووی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دووهەزار پێش زایینو راستەوخۆ بەشداریی کردووە لە هەموو رووداوێکی سیاسیو رامیاریو کولتووریيو ناوچەکەو هیچ کاتێکیش لە لایەن ئیمپراتوریەتەکانو کۆمارە تازەکانی ئیمڕۆی ناوچەکەوە بایەخیان پێ نەدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی ئێرانو عەرەبو تورکدا بەرامبەر بە کۆلۆنیالیزم چالاکانە وەستاوەو بەشداری کردووەو دەیکا.

بەر لەهەموو شتێك پێویستە نەتەوەی کورد وەکوو نەتەوەیەکی جیاوازو سەربەخۆ سەیر بکرێت، چونکە بەتەواوەتی رەنگو رواڵەتو شێوەی تایبەتی خۆیان هەیەو ئەم راستیەش لەلایەن گەلێك سەرچاوەی باوەڕپێکراوەوە دلنی پیادانراوە.

پێویستە لێرەدا ئەوە دووبارە بکەینەوە کە تائێستە دەسەڵاتدارە شۆڤێنیەکان لە چەند وڵاتێکی خۆرهەڵاتی نزیکدا هەوڵو تەقەلایەکی زۆر دەدەن بۆ ئەوەی ئەم راستیە چەواشە بکەنو وای پێشان بدەن گوایە کورد نەتەوەیەکی

جیاوازو سەربەخۆ نیەو ئەوانە جارێك كوردیان بەفارسو جارێك بە عەرەبو یا تورك لەقەڵەم داوەو دەیدەنو ئەوپەڕەكەی ئەگەر زۆر لەخۆیان بكەن بە كورد ئەڵێن كەمە نەتەوەیەكە، لەكاتێكدا كورد لە هەموو پارچەكانیا نەتەوەیەكی سەربەخۆن لە ڕووی زمانو پێوەندیی جوگرافیەوە)).

دەربارەی ئەوەی لازاریف باسی كردووە كە عەرەبو فارس هەریەكەیان بە جۆرێك ویستویانە كورد ببەنەوە سەر خۆیان، شاعیرێكی كۆنی عەرەب لەو ڕووەوە وتوویەتی:

لعمرك ما الاكراد أبناء فارس ولكنهم أبناء كرد بن عامر

ئەمین زەكی بەگ دەربارەی ڕەگەزی كورد، لە لاپەڕە/٤٦ مێژووی كوردو كوردستان، سەرچاوە/٣٢ وتوویەتی:

((لە چیرۆكو نووسەرە ئیسلامیەكانا وەكوو (مسعودی) كە لە كتێبەكەیدا (مروج الذهب) باسی كردووەو هەندێ نووسەری تریان كە باسی كوردو ڕەگەزی كوردیان كردووە، بۆچوونەكانیان بریتین لە گێڕانەوەی هەندێ چیرۆكو ئەفسانەی كۆنی بێ بەڵگە كە هی هیچیشیان لەهی یەكتر ناچێت)).

ئەمین زەكی لەهەمان باسیا لە لاپەڕەی (٣٨)و(٤٩)دا، بیرو بۆچوونی دوو زاناو شارەزای خستونە بەرچاو، یەكەمیان (ڤلادیمیر مینۆرسكی)یەو هی دوهەم (سێرسدنی سیمث)ەو لێرەدا هەوڵئەدەین بۆچوونی ئەو دوو زانایە دەربارەی مێژووی كورد وەكوو ئەمین زەكی باسی كردووە بیخەینە بەرچاو.

مینۆرسكی لە باسەكەیدا وتوویەتی:

((ڕەنگە میللەتی كورد لە سەرەتادا لە ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە بەرەو ڕۆژئاوا كۆچی كردبێتو لە سەرەتای مێژووەوە لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بووبێتو هیچ دووریش نیە لەو سەردەمەی ئەوان بەرەو ڕۆژئاوا كۆچیان كردووە، لە كوردستاندا نەتەوەیەك یان چەند نەتەوەیەك كە ناوەكەیان نزیك بووبێت لە ووشەی (كاردو) لەوێدا تێكەڵ بەیەكتر بوونو بە هەموویان میللەتێكیان پێكەوە نابێ.

لەو ڕووەوە (ثورو دانجین Thureau Dengin)ی ڕۆژهەڵاتناس وتوویەتی چاوی بە گۆڤاری (ئاشوریۆلۆجی) كەوتووە باسی نەخشەی دوو لەوحەی تیادا

بڵاوکراوەتەوەو هەندێ وێنەو نووسینی وای تێدابووە مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ دووهەزار ساڵی پێش زایینو باسی ئەوەی تیادا کراوە ناوچەیەك هەبووە پێی وتراوە (کاردلکا) لەنزیك (سوSU)ی باشووری گۆلی (وان).

مینۆرسکی لە باسەکەیدا ئاماژەی بۆ شرفنامەی بدلیسی کردووە کە باسی قەلایەکی کردووە بەناوی (SUY)– کە (مەبەستی ئەوەبووە بڵێ ئەمە هەمان شوێنە کە لە گۆڤاری (ئاشوریۆلۆجی)دا باس کراوە).

مینۆرسکی ئاماژەشی بۆ باسێکی (درێوەر ـ درایڤەر)ی ڕۆژهەلاتناس کردووە کە وتوویەتی (تیگلا بلسر) لە شاخەکانی (AZO) شەڕی لەگەڵ نەتەوەیەکدا کردووە کە ناوی (KURTI– کورتی) بووەو لەو شەڕەدا تیگلا بلسر ئەو کورتیانەی خراپ شکاندووە کە ئەو (AZO)ە بریتیە لە هەمان چیای (مازن)ی ئێستە کە پێی ئەڵێن (ساسون).

مینۆرسکی ئاماژەی بۆ باسێکی (هیرۆدۆتس)ی مێژووناسی بەناوبانگ کردووە کە وتوویەتی لە هەواڵەکانی سەدەی پێنجەمی پێش زایندا ناوچەی سیازدەهەمی دەوڵەتی (Achamenid– ئەخمینی) کە لە دواییدا خرایە سەر ناوچەی ئەرمەنیا، لەو سەردەمەدا ئەو ناوچەی سیازدەهەمە بە (بوختەویخ) ناویراوەو وشەی (بوختان ـ بەهتان ـ بوتان)ی ئێمڕۆ بە دەسکاریەوە لەو وشەی بوختەویخەوە وەرگیراوە. جگەلە هیرۆدۆتس، (Zenophen – زینفون)یش لە پاشەکشەکەیدا بەخۆیو دەهەزار سەربازیەوە لە ساڵی (٤٠٠–٤٠١)ی پێش زایین باسی (کردوکی) کردووەو وتوویەتی : وڵاتەکەیان دەگاتە ناوچەی (بوهتان)و لەوساوە ئیتر ئەو ناوچەیە بە (بوهتان) ناو دەبرێت کە کەوتووەتە کەناری چەپی ڕوباری دجلە.

ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەڕە/٣٩ی کتێبەکەیدا وتوویەتی وشەی دجلە لە زمانی فارسیدا بەرامبەرەکەی وشەی (ARROU–ئەڕو) دەگرێتەوە و بۆیە وای پێ وتراوە چونکە ناوی ڕوبارەکە خوڕو تیژڕەوەو لە زمانی (عبری)دا وشەی (چیدیگل) ناوی هاتووە کە ماناکەی هەر ئەو (ئەڕۆ)یە دەگرێتەوە، بەلام وشەی (Tigris) لە وشەی (Tighlat)ی زەندی یەوە وەرگیراوە کەبە سنسکریتی مانای (تیژ) دەگرێتەوە.

مینۆرسکی وەکوو ئەمین زەکی باسی کردووە وتوویەتی :

((دەورو بەری شاخی (جودی) لە لایەن نووسەرە بەناوبانگەکانەوە بەناوی (CORDUENE– کوردوئین)ەوە هاتووە، کە ڕەنگە هۆی دەسکاری کردن و گۆڕینی ووشەکە ئەوە بێت لە زمانی (سامی)یەکانا پیتی (گ) بەکار نەهێنراوە هەروەکوو درایفەر بۆی چوەو باسی کردووە)).

هەروەها لە زمانی (ئارامی)دا ئەم ولاتە بەناوچەی (کاردو) ناوبراوەو لەلای نووسەرە عەرەبو ئیسلامەکان، هەروەکوو (بلاذری)و(طبری) بەناوی (بقردی Bakarde) ناوبراوەو (یاقوت الحموی) لە (أبن الأثیر)ەوە وەری گرتووە کە وتوویەتی ولاتی (بقردا) بەشێك بووە لە ولاتی (جزیرة أبن عمر) کە بریتی بووەلە (٢٠٠) شاروگوند وەکوو شارەکانی (ثمانین، جودی، فیروز، شاپور) کە کەوتبوونە لای چەپی ڕوباری دجلە کە بەویەریانەوە (Bazabda) بووە.

بە پێی نووسینی عەرەبو ئەرمەنەکان، سنووری ولاتی (کاردۆ) تەسك بووەو بەریلاونەبووە.

مینۆرسکی ئەڵێ: لە ڕاستیدا سنووری ولاتی (کاردو)مان بۆ ڕون نەبۆتەوە تا بزانین هەتا کوێ دەگرێتەوە، تەنها شارەزایی دەربارەی سێ شاری کەناری دجلە بە دەستەوەیە کە بریتین لە (سترابو، ستالکا، پیناکا)، کە ئەمەی دوایی شاری (فینیك)ی ئێستە دەگرێتەوە.

ئەو ڕاپۆرتە بەنرخەی لەلایەن (سترابو)ی ڕۆژهەڵاتناسەوە تۆمارکراوە دەری دەخا ووشەی (کوردوا) بۆ ماوەیەك بەو چیایانە وتراوە کە کەوتونەتە نێوان دیاربکرو مووشی ئێستەوە. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی گومانی تێدانیە بریتیە لەوەی (کاردخۆی) هەبووە، ئەگەرچی هەندێجار ناوەکان بەشێوەیەکی تر هاتووەو لەوەش دەچێ ووشەی (خۆی)لە جیاتی (Kh– خ) بەکارهێنراوە کە نیشانەی (کۆمەڵ– مجتمع) دەگرێتەوە لە زمانی ئەرمەنیدا وەکوو چۆن بوترێتەوە لە کوردیدا (کان) بەکاردەهێنرێ بۆ کۆمەڵ. بەوجۆرە زانایانی یۆنانیو ئەرمەن بەهۆی کتێبە ئەرمەنیەکانەوە ئەو ناوەیان دەسگیربووە کە شێوە ئەرمەنیەکە لە وەرگرتنەکەیانا زاڵ بووە.

(زینفون) لای وابووە کە شەعبی (کاردشو – کاردکو) لەژێر دەسـتەڵاتی هیچ لایەکدا نەبووە، نـە هـی (ئەرتاکسـێرس _ ئەردشـێر)ەکـان و نـە هـی حکومـەتی ئەرمەنی. ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەڕە/ ٤١دا بۆ ڕوون کردنەوەی (ئەکسێرس) وتوویەتی:

لەسەدەی یەکەمی پێش زایندا (دیکرانی دوهەم) ولاتـی (کوردوئـین)ی داگـیر کـردو پاشاکەیانی کوشـت کـە نـاوی (زابیونـوس) بـووەو لەسـاڵی (١١٥/ن)دا پاشایەکی تریشـی کوشتوە کە نـاوی (مانیساروس) بووە،بەلام (هابشـمان)ی ڕۆژهەلاتناس وتوویەتی داگیرکردنی ولاتی کوردوئین لەلایەن ئەرمەنیەکانەوە هەر بەناو بووە، چونکە هەرخۆیان دەسەلاتداربوون.

مینۆرسکی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕواو ئەڵێ:

((دوورنیە لـەکاتی (زینفـون)دا لـە بـاکووری دجلـەدا عەشـیرەتێك نیشـتەجێ بووبێت، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت (کوردو)ش لەو عەشیرەتە نەبووبێت)).

ووشـەی (کـاردو) لـە زمـانی سـامیەکانا کـە ئاشـوری‌و کلدانـی‌و عـەرەب‌و فینیقی‌و قرطاجە دەگرێتەوە مانای بەهێزو بە توانا بووە، بـەلام بـەهۆی ئـەوەی ووشـەی (Khalai– خـالدی) لـە کلدانـی دەچێت ئیـتر هـەردوکیان هـەر یـەکێك بـوون‌و ئـەو خالدیانـە لـە زەمـانی ئاشـورییەکانا بـە (ئۆرارتـو) وەیـا بـە (URSHTU–ئەرشتو) ناویراوە کە لەدەوروبەری چیـای (ئـارارات)دا نیشـتەجێ بوون.لە کۆتایی سەدەی نۆهەمی زایـنـدا گـەلی (خلـدی) لـە ئەرمـەنیادا هـەبووەو حکومـەتێکی بـەهێزیان بۆخۆیان دروسـت کردبـوو هـەتا سـەرەتای سـەدەی شەشەمی پێش زایین لە دەوروبەری گۆلی (وان)دا ژیابوون.

(مینۆرسـکی ئامـاژەی بـۆ باسـێکی (لهـان هویـت)ی زانـا کـردووە کـە لـە کتێبەکـەیدا (کۆتنگنـن) کـە لـە سـاڵی ١٩٠٧ی‌زاینیـدا کۆچـی دوایـی کـردووەو وتوویەتی گەلی (خالدی) هەندێ بێگانەشی تێکەڵ بووە)، (مـار)ی زانـاو شارەزا لای وایە شوێنی نیشتەجێ بوونـی (خـالدی) بـەزۆری لـە دەوروبـەری (ئـاراکس– ئاراس)ی ناوەڕاستدا بووەو مـار بۆئـەوەی بەتـەواوەتی بگاتـە بنچوینـاوانی ئـەو بۆچوونەی، دەستی کردووە بەپشـکنین‌و لێکۆڵینـەوە. وەکـوو لـە لاپـەڕە /٤٢ی

کتێبەکەی ئەمین زەکیدا باسی مینۆرسکی کردووەکە دەربارەی ئەرمەنیەکان وتوویەتی :

((لەدوای ئەوەی ئەرمەنیەکان کوردستانیان داگیر کرد، لەدەورو بەری سەدەی حەوتەمی پێش زایندا خالیدیەکان ناوچەکەی خۆیان بەجێهێشتو ڕوویانکردە ناوچە شاخاویەکانی دەورووپشتیان)).

دەربارەی ئەو بۆچوونەی مینۆرسکی، ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەڕە ٤٢ دا ئاماژە بۆ کتێبی (مفصل تاریخ عمومی) نووسینی ئەحمەد ڕەفیق بەگ کردووە کە وتوویەتی خالدیەکان هەر لە شوێنی خۆیان مابوونەوە بەڵام تێکەڵ بە ئەرمەنیەکان بوبوون و لەناویانا توابوونەوە.

مینۆرسکی لە باسەکەیدا لەسەری ڕۆیشتوەو وتوویەتی :

((خالدیەکان لە ناوچەی (وان)دا زۆر بەناوبانگ بوون و لەشاری (خلات) کە لە باکووری گۆلی (وان)دایە گەلێك شوێنەواری ئەو میللەتە بەجێماوە)).

ئەمین زەکی لە لاپەڕە ٤٢ی کتێبەکەیدا، دەربارەی ئەو بۆچوونەی مینۆرسکی، ئاماژەی بۆ دائیرەی معارفی ئیسلامی کردووە کە باسی (خلات)ی تیادا کراوە بەهەڵە کە تیایدا وتراوە ئەوشارە نزیك بە شاری (ترابزون)بووە احمد رفیق بگ لە کتێبەکەیدا (مفصل تاریخ عمومی) لە باسی حکومەتی خلدیەکاندا وتوویەتی:

((زمانی خلدیەکان وەکوو زمانی گورجی وابووە وەیا وەکوو زمانی (الـلاظ)ی ئێستە وابووە کە زمانەکەیان هیچ جۆرە پەیوەندیەکی بە زمانی سامیەکانەوە نەبووە کە شاری (طوشپا - وان) پایتەختی حکومەتەکەیان بووەو لە ساڵی ٧٤٢ ی پێش زایندا (تیگلات بلسری دوهەم)ی مەلیکی ئاشوور پەلاماری ئەم وڵاتەی داوەو گەیشتونە (طوشپا - یورسیبا - تورشیا)ی پایتەختەکەیان، بەڵام ئەم میللەتە زۆر پەرۆشی سەربەستی و سەربەخۆیی خۆیان بوون و وڵاتەکەی خۆیان ئازایانە پاراستوە هەتا ئەو کاتەی دەوڵەتی (میدیا)پەیدا بووە، ئەوسا تێکەڵ بە میدیەکان بوون و حکومەتەکەیان لەناو چوە)).

مینۆرسکی دەربارەی (کاردو) وتوویەتی :

((کاردو سامی بوویێ یا سامی نەبوویێ، ئەوەی گومانی تیادا نییە ئەوەیە (کاردشو)ی ولاتی کۆنیان شوێنی دێرینی کوردی ئێستە بووەو ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ووشەی (کوردشوی)و (کوردی) هەردوکیان لەیەك دەچنو لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دان بەمەدا نراوە. ئەگەر بەووردی بچینە بنج‌وبناوانی (کورد)ەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە میللەتی کورد لەگەڵ (خلدی)یەکانا هەر لەیەك ڕەگەزو بنچینە بوونو لەم ڕوەوە (Reiske – ڕایسکە)ی ڕۆژهەلاتناس لەکاتی لێکۆڵینەوەی کتێبەکەی (قسطنطین بورفیر جنیتوس)دا وتوویەتی : ووشەکانی خلدی، کوردی، کرد–ئەمانە هەموویان لەگەڵ ووشەی (کوردیای)دا یەك دەگرنەوەو هەموویان یەك مانا دەگەیەنن)).

ئەمین زەکی لە لاپەڕە ٤٤ی مێژووی کوردو کوردستاندا باسی ئەوەی کردووە کە مینۆرسکی ئاماژەی بۆ کتێبی (جوگرافیایەکی ئەرمەنی کردووە کە لە سەدەی حەوتەمدا نوسراوە تیایدا وتراوە: لەزەمانی (فوستیوس – بیزنتوس) لە سەدەی چوارەمدا ووشەی (کورد چینێ) ناوی قەزایەك بووە لە تەنیشت (سەلماس)و لە دواییدا پەرەی سەندوەو لە ناوچەی جۆلەمێرگەوە گەیشتۆتە جزیرەی أبن عمر کە بریتی بووە لە قەزاکانی (کوردوخ ، سیکوردویخ _کوردیخ ، ئایتوانخ ، ئیکارخ ، مۆولوخ _ئوثولانخ ، ئورسیروخ _ ئورسیانخ ، کاراثونیخ _ سارا یونیخ ، چاهوك، ئەلبابی بچووك، هارثمان، هویشمان).

مینۆرسکی لە کۆتایی باسەکەیدا هەروەکوو ئەمین زەکی باسی کردووە وتوویەتی : ئەوەی لە نووسراوە ئیسلامیەکانو چیرۆکە کوردیەکانا دەربارەی کورد نووسراون شتێك نین پشتیان پێ ببەسرێتو یەکێکی وەکوو (مسعودی) لە کتێبەکەیدا باسی ضحاك (ئەژدەهاك)ی هەریەو جۆرە کردووە کە فردوسی شانامەدا باسی کردووە.

تا ئێرە بریتی بوو لەو باسەی مینۆرسکی کە ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا باسی کردووەو بەرلەوەی بچێتە سەر باسەکەی (سێر سدنی سمیث) کە ئەمین زەکی باسی کردووە، باسێکی تری مینۆرسکی دەخەینە پێش چاو کە دوکتۆر کمال مەزهەر لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری ژمارە١ی ساڵی ١٩٧٣وەریگێڕاوە بۆ زمانی عەرەبی، لەوەدا مینۆرسکی وتوویەتی :

((بەشی باکووری ڕۆژئاوای بەرزاییەکانی ئێران پێی وتراوە (Media میدیـا)و سەرچاوە ئـەرکیۆلۆجیو بزماریەکان باسـی ئـەو سـەردەمەیان کردووە کـە لـەو ناوچەیەدا چەند دەوڵەتێکی بچووکو چـەند عەشیرەتێکی ناوچـەیی هـەبووە کـە لەناو ئەواندا توابوونەوە کەتازە هاتبوونو بە ئێرانیەکان ناسـراوبوون)) (دوکتـۆر کمال لە پـەراوێزی لاپـەڕە ٥٥ی گۆڤارەکـەدا وتوویەتی : مەبەستی مینۆرسـکی بریتی بووە لە میللەتە کۆنەکانی زاگرۆس وەکوو لۆلۆ، گۆتی، کاسایو هیتر).

وەکوو لـە پەراوێزی هـەمان لاپـەڕەدا ووتـراوە، مینۆرسـکی خۆشـی بـۆ ڕوونکردنەوەی باسـەکەی ئامـاژەی بـۆ تـازەترین کتێـب کـردووە کـە لـە(میدیا) کۆلیوەتەوە کە بریتیە لە کتێبەکەی (م. دیاکۆنۆف) چاپی مۆسکۆ ساڵی ١٩٦٦و (علیێف)یش لە باکۆ لەساڵی ١٩٥٦دا ئەو کتێبەی پەسەند کردووە.

دوکتۆر کمال لە پەراوێزی هەمان لاپـەڕەدا بـۆ زۆرتـر ڕوونکردنـەوەی ئـەوەی مینۆرسکی وتوویەتی :

١ ـ (م.دیاکۆنۆف) لە لاپەڕەی /٤٨٥ی کتێبەکەیدا کـە مینۆرسـکی ئامـاژەی بۆ کردووە وتوویەتی :

دیاکۆنۆف لە کتێبەکەیدا (مێژووی میدیا لە سەدە کۆنەکانـەوە هـەتا کۆتـایی سەدەی چوارەمی پێش زایین) بۆ گەیشتن بە مەبەست تەقەلای داوە لـە ڕێگـەی سەرچاوە کۆنە ڕەسەنەکانو ئاوێستاوە بگاتە ڕەگو ڕیشەی میدیـاو شـوێنەوارە کۆنەکانی و هەوڵی داوە بزانـێ مێژوونووسەکان لـەو ڕووەوە چیـیان دەربـارەی ئەوە بۆ ڕوون بۆتەوە.

٢ ـ دەربارەی ئەو پەسەندکردنەی (علیێف) لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا لە ساڵی ١٩٥٦لـە مۆسکۆ چـاپی کـردووە، بایـەخێکی زۆری داوە بـە شارستانێتی میدیاییەکان لەگەڵ بڵاوکردنەوەی لوحەی ئەسەری دەربارەی مێژووی میدیا.

مینۆرسکی لە باسەکەیدا باسی دوو تاقم عەشایری کردووە کە بریتی بوون لە (Media) و (Parsa وەیاParsua — فارس)و وتوویەتی بۆ یەکەم جار سەرچاوە ئاشوریەکان لە ساڵی ٨٤٤ی پێش زایندا ناوی (Parsua)یـان هێنـاوەو لـە سـاڵی ٨٣٦ی پێش زایندا ناوی (میدیا)یان بردوە کە لەناوچەکانی باشووری دەریاچەی (ورمیە)دا بوون کە بریتیـیە لە (موکریان)ی ئێمڕۆ.

مینۆرسکی لە باسەکەیدا وتوویەتی : ژمارەیەکی زۆر کەم لە ووشەکانی میدیامان لەبەردەستدایە، بەلام بەپێی ناوی شارەکانیان‌و بەپێی سەرچەمی مێژوەکەیان دەردەکەوێت میدیاو فارس ئەگەر هەردوکیان برای یەکتر نەبووبن ئەوا ئامۆزای یەکتر بوون. (لە شوێنی خۆیدا ئەگەر چوینە سەرباسی ئاوێستا بەپێی سەرچاوە/٩٧ناوی هۆزەکان‌و پاشاکانی میدیا باس دەکرێت).

مینۆرسکی لەو باسەیدا کە دوکتۆر کمال مەزهەر لە لاپەرە/٥٦ەی گۆڤاری کۆری زانیاری لێی‌دواوە وتوویەتی :

((زۆری پێ‌نەچوو، ووشەی (Parsua) لەناوچەی خواروی ورمیەدا نەماو لەوەدەچێ پاشاکان بەرەو باشوور کشابن کە لە ناوچە تازەکەیانا بە (Parsa) ناسران‌و ناوچەی فارس بوو بە بنکەی سەرەکیيان، بەلام بە پێچەوانەی ئەمان (میدیا)ییەکان هەر لە باکووری رۆژئاوادا مانەوەو توانیبویان ئەو دەوڵەتە بچوکانەی لەوناوەدا بوون هەموویان بخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوەو بەسەر (سکیف)ی یەکانا زاڵبوون.

(دوکتۆر کمال مەزهەر لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا وتوویەتی سکیفەکان لەنێوان سەدەی حەوتەمی پێش زایین هەتا سەدەی سێهەمی پێش زایین لە کەناری باکووری دەریای ڕەشدا بوون‌و شێوە زمانەکەیان بریتی بووە لە شێوەزمانی هندوئوروپی‌و لە سالانی حەفتاکانی سەدەی حەوتەمی پێش زایندا توانیبویان بچنە ناو خاکی ئاسیای بچووکەوەو میدیاو ناوچەکانی رۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەڕاستیان داگیر کردبوو، بەلام لە سەرەتای سەدەی شەشەمی زایندا (میدیا)یەکان ئەو (سکیف)یانەیان دەرکردبوو و ناچاریان کردبوون بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێیەوە هاتبوون).

مینۆرسکی لە باسەکەیدا وتوویەتی ((وا دەردەکەوێ میدیاییەکان توانیبویان دەوڵەتی (ئورارتو) کە لەناوچەی واندا بوون لەناویان ببەن)). دوکتۆر کمال لە پەراوێزی لاپەرە/٥٥٦دا دەربارەی ئوراتو وتوویەتی : ئەمانە لە دەوڵەتە هەرەکۆنەکانی رۆژهەلاتی نزیك بوون کە لە سەردەمی سەدەی نۆهەمی پێش زایینەوە هەتا سەدەی شەشەمی پێش زایین کە بەرزاییەکانی ئەرمەنیاو

ناوچەکانی دەوروبەریان لەژێر دەستا بووە، بەڵام نزیکی ساڵی ٩٥٠/ی پێش زایین میدیاییەکان ئەو دەوڵەتەیان لەناو بردوە.

مینۆرسکی لەوباسەیدا وتوویەتی : گەورەترین سەرکەوتنێك کە میدیەکان وەدەستیان هێنابوو بریتی بووە لەو سەرکەتنەیان بەسەر دەوڵەتی (ئاشوری)دا و ملك (کیاخسار)ی میدی توانیبووی لە ساڵی ٦١٢/ی پێش زایین نینوی پایتەختی ئاشوری داگیر بکات و بگاتە ناوجەرگەی ئاسیای بچوکەوەو پاش ئەوەی کیاخسار (UKSITAR,Huvaxsatara) لەساڵانی ٥٩٠ – ٥٨٥ پێش زایین دژی شای (لیدی) شەڕی کردووەو پاش ئەوە ئیتر سنوری میدیا لە ڕۆژئاوادا گەیشتبووە ئەو ڕوبارەی ئیمرۆ پێی دەوترێ (قزل ئیرمق) کە پەنجا کیلۆمەتر دوورە لە شاری ئەنقەرەی پایتەختی ئیمڕۆی تورکیا.

(دوکتۆر کمال لە پەراوێزی لاپەڕە/٥٥٧ی گۆڤاری کۆری زانیاریدا دەربارەی (کیاخسار) وتوویەتی :

ئەوناوە بە فارسی کۆن پێی وتراوە (فاخشاترا) کە یەکێك بووە لە شا گەورەکانی میدیا کە لەنێوان ساڵانی ٦٢٥ – ٦٢٤ی پێش زایین هەتاکو ساڵی ٥٨٤ی پێش زایین حوکمی کردووەو یەکەم پادشای میدی بووە توانیبووی هێزی پرش‌وبڵاوی عەشایرەکان کۆبکاتەوەو ڕێکیان بخات و لە شێوەی هێزێکی سوپایی ڕێکخراودا یەکیان بخات کە ئەم ڕێك و پێکییەی بووە بەهۆی سەرکەوتنەکانی.

هەروەها دوکتۆر کمال لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا دەربارەی (لیدیا) وتوویەتی: یەکێك بووە لە دەوڵەتە کۆنەکانی ڕۆژئاوای ئاسیای کۆن و لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زایندا دەوڵەتێکی سەربەخۆو بەهێز بووەو لەو شەڕەی لە ساڵی ٥٨٥/ی پێش زایندا لەنێوان لیدیاو میدیادا روویدابوو ڕێکەوتنێك لە بەینی هەردوکیانا کراوە کە بەپێی ئەو ڕێکەوتنە لیدیاییەکان ناچاربوون ڕوباری (گالیس) بەسنوری ڕۆژئاوای میدیا قبوڵ بکەن و بەوجۆرە دەستەڵاتی میدیا بەرەو خۆرئاوا پەرەی سەندو یەکەم کەس بوون لە ئێراندا یەکەم دەوڵەتیان دامەزراندبێت.

مینۆرسکی لەسەر باسەکەی ڕۆیشتوەو وتوویەتی :

((دەوڵەتی میدیا نزیکی (١٧٥) ساڵ ژیاوە (دوکتۆرکەماڵ لە پەراوێزی لاپـەرە ٥٥٧/دا وتوویەتی سەرچاوە کۆنەکانی ئاشوری وایان پێشـاندلوە کـە حکومـەتی میدیا لە حەفتاکانی سەدەی حەوتەمی پ.زدا پێك هاتووەو لە ساڵی٥٥٠ –٥٤٩ی پێـش زایـین بەشـێك بـووە لـەو شـوێنانەی کەوتبوونـە ژێـر دەسـتەڵاتی ئەخمینی یەکانەوە)).

مینۆرسکی دەربارەی لابردنی دوا پاشای میدیەکان وتوویەتی :

((کۆرش)ی دامەزرێنـەری دەوڵـەتی فـارس کـە یۆنانییـەکان بـە (کیـورس)و روسەکان بە (کیر)ناویان بردوە لە دەوروبەری ساڵی ٥٥٠پێش زایین دوا پادشـای میدیەکانی لابردوە کە ناوی (ئیشتیاگ ـ ئیشتوفیگو ـ istu vegu) بوو.

یەکێك لەو بەڵگانەی دەری خستوە (میدیا)ییـەکانو (فـارس) خزمێکـی نزیـك بوون ئەوەیە بەوجۆرە دەستەڵات لە میدییەکانەوە کەوتە دەسـت فـارس، بـەڵام میدیەکان زۆرجار دژی فارسـەکان راپـەڕیون وەکـوو ئـەو راپەڕینـەی لـە زەمـانی (دارا Darya vahus)دا رویـدا بـوو، پـاش سـەرنەکەوتنیان لـە راپەڕینەکـەدا ناچاربوون بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کردبـوو)). مینۆرسکی لـە لاپـەرە ٥٥٨ی ئـەو سەرچاوەیەدا لەسەر مێژووی میدیەکان رۆیشتوەو وتوویەتی :

((لە گێژاوی هێرشی ئەسـکەندەری مـەکدونی بۆسـەر ئـێران لـەنێوان سـاڵانی (٣٣١ ــ ٣٢٣ پ.ز)دا سـاتێك (ئـەتروپات)ی سـەرکردەی هـێزی دارای سـێهەم دەوڵەتێکی تازەی پێکـەوەنا بـەناوی (میدیـای بچـووك) لەناوچـەکانی باشـووری ئازربایجانی ئێستەدا کە پێی دەوترا (ئوتورپاتکان ــ Autur patakan)، ئیتر زۆریەی عەشیرەتەکانی میدیا چوونە پاڵ ئەو دەوڵەتە.

لە زەمانی (ئەرشاك)یەکاندا (٢٤٨ –٢٢٦)پ.ز، لە ئازربایجانی خوارووەدا چەند عەشیرەتێکی تازەی ئێرانی لە رۆژهەڵاتەوە روویانکردە ئەوێ کە بریتی بوون لـە عەشایری (پاهلاف – Pahlav)و (پارتاڤا – Partava).

مینۆرسکی لە باسی زمانی کوردیدا وتوویەتی :

((ئەوەی زۆر جێگەی سەرسورمانە ئەوەیە کورد لەزەمانی کۆندا یەك بوونو لەگـەڵ ئـەو هـەموو جیاوازیـەی لـە شـێوەکانی زمـانی کوردیـدا هەیـە، بـەڵام

هەموویشیان لەڕووی (فونتیکا)و دەستوورەوە یەك دەگرنەوە هەتا ڕادەیەکیش جیاوازن لە زمانی فارسی)).

مینۆرسکی پرسیویێتی ئایا هۆی ئەم یەك گرتنەی زمانی کوردی چیيە لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان پرش‌وبڵاون لەناو چیاکانی کوردستاندا؟ مینۆرسکی خۆی جوابی ئەو پرسیارەی داوەتەوەو وتوویەتی:

((بەراستی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وورد هەیەو ئەبێ هەموو ووشەو ناوەکانی میدیا بەراورد بکرێنەوە لەگەڵ زمانی کوردیی ئیمرۆدا هەرچەند هەتا ئێستە ئەم کارە بەئەنجام نەگەیشتوە، بەلاّم کە لەمێژووی ئەو عەشایرە کۆچکردوانەی ئێران دەکۆڵمەوە کە بەرەو رۆژئاوا کۆچیان کردووە، ئەوەم بۆ ڕون دەبێتەوە لە غەیری (میدی)یەکان بەولاوە هیچ عەشیرەتێکی وا نەبووە بە کۆچ‌و ڕەو گەیشتبنە ناوچەی باشووری ئەنقەرەو بۆ باکووری (سوریا) کە بۆ ئەوە دەتوانرێ پەنا ببرێتە بەر ئەو نەخشەیەی (مارك سایکس)ی گەڕیدەی ئینگلیز بەر لە شەڕی یەکەمی جیهانی بۆ چەند ساڵێك بە کوردستاندا گەڕاوە (مارك سایکس ئەو گەشتەی لە ساڵی ١٩٠٨دا کردووەو لە کوردستاندا نزیکی ٧٥٠٠میلی بڕیوە باسی گەشتەکەی کردووەو نەخشەیەکیشی کێشاوە).

مینۆرسکی وتوویەتی : ((لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ناوی کوردی کۆن بەتەواوەتی لەناوی (میدیا) دەچێت)).

لەو ڕووەوە (مایسای خورینسکی) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (کتێبی یەکەم/فەسلی/٢٠)هەوڵی داوە ئەفسانەکانی ئەرمەنی ببەستێتەوە بەیەکەوەو بە پێی ئەو بۆچوونەی ئەو (تیگرانی – ڕەنگە دیکران بێ) مەلیکی ئەرمەنیای بەهاوکاری (کوروش)داناوە لەکاتی سەرکەوتنی کوروش بەسەر میدیاییەکانداو تیگرانی مەلیکی ئەرمەنی لە دوای ئەو سەرکەوتنە، ژنەکەی مەلیکی میدیا کە خوشکی خۆی بووە (هی تیگرانی ئەرمەنی) کە ناوی خوشکەکەی (ئانوس)بووە لەگەڵ دەهەزار کەسی (مار – کە مەبەستی میدیا بوو وەکوو سەرچاوەی ئەرمەنیەیکان باسیانکردووە) هەموویانی بەدیل گرتووەو لە هەردوو کەناری ڕوباری (ئاراکس – ئاراس) نیشتەجێی کردوون)).

مینۆرسکی لە باسەکەیدا ئاماژەی بۆ (مایسای خورینسکی) ئەرمەنی کردووە کە بە باوکی مێژوو نووسانی ئەرمەنی ناودەبرێت، کە بە دوور درێژ باسی ئەو ناوچەیەی کردووە کە ئەو بەدیل گیراوانەی تیگران بەدیلی گرتبوون و نیشتەجێی کردبوون کە کەوتبووە بەشی ڕۆژهەڵاتی چیای (ئارارات)کە بەشاخی گەورە ناوی بردوە هەتا ناوچەی (نەخچەوان)و (جلفە)و وادیارە گەیشتبووە (ئۆردەباد)یش.

مایسای خورینسکی لە کتێبەکەیدا باسی ئەو گۆرانی یە مێژووییانەی کردووەو باسی چۆنێتی دروستکردنی شاری (ماراکیرت)ی ناوچەی (شارور)ی (مار – میدیا)ییەکانی کردووە کە لە لایەن (ئرتوان)ی کوڕی (ئەردەشیر)ەوە دروستکراوە.

لەویاس و بۆچوونەی (مایسای خورینسکی) گەلێك شتی گرنگ ڕوون دەبێتەوە، وەکوو:-

یەکەم _ دەسنیشانکردنی جوگرافیایی زۆر وورد.

دووەم _ ناوبردنی نیشتەجێ بووە تازەکان بەناوی (مار)و بەستنی کۆچ و ڕەوەکەیان بە ڕووخاندنی (مار)ەوە کە لە لایەن فارسەکانەوە لابرابوو.

مینۆرسکی لەباسەکەیدا وتوویەتی : ئەوەی وای لە(مایسای خورینسکی) کردبوو کە ناوی مەلیکی ئەرمەنیا تێهەڵکێشی باسەکەی بکات بریتی بووە لە هەستێکی نەتەوایەتی (مەبەست هی ئەرمەنی). بێجگە لەوە (مایسای) دەسکاری شتێکی تریشی کردووە بەوەی ناوی مەلیکی (میدیا)ی لەلای ئەغریقیەکانی بە(ئیشتیاگ – ئیستوڤیکو) ناو بردوەو کردویەتی بە ناوێك لەوناوە ئەفسانەیە دەچێت کە لە (شانامە)دا بەناوی (ئەژدەهاك)ەوە ناوی هاتووە (دوکتۆر کمال لە پەراوێزی لاپەڕە / ٥٦١دا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی مینۆرسکی وتوویەتی (مایسای خورینسکی) بەشداری کردووە بۆ لەناو بردنی دەوڵەتی (میدیا).

مینۆرسکی دەربارەی ئەو بۆچوونەی مایسای خورینسکی وتوویەتی: ئەوەی ئەو تۆماری کردووە لەو ڕۆژانەدا بووە ماوەیەکی زۆر بەسەر نەمانی دەوڵەتی میدیادا تێپەڕی کردبوو، مەبەستی لەمەدا ئەوە بووە تیرێکیش بگرێتە ئەو کوردانەی لە زەمانی خۆیدا ژیابوون و تێیان بگەیەنێت کورد لە نەوەی ئەو میدیایە بوون کە لەلایەن ئەرمەنیەوە شکێنرابوون.

ئەو زانیاریە جوگرافیەی مایسای خورینسکی دەستی کەوتبوو بەتەواوی لەگەڵ زانیاریەکانی تردا یەك دەگرێتەوە کە هەندێ سەرچاوەی عەرەبیەکان ئاماژەیان بۆ کردووەو وتوویانە گەلێك لە بنکەی نیشتەجێبوانی کورد لە باکووری (ئاراکس – ئاراس)دا هەبوون و گرنگترین و راستترین باسێك کە لە سەرچاوە عەرەبیەکانا تۆمارکراوە بریتیە لە گوندی (ئەجدنقان) کە ڕەنگە (ئەجدهقان) بوویێت لەبەر دەرگای شاری (دڤین)دا کە(مایسای خورینسکی)ش هەریاسی کردووە. (دوکتۆر کمال مەزهەر لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا وتوویەتی شاری (دڤین)شارێکی بازرگانی کۆن بووە لە باشووری شاری (یریڤان)دا کە مغولەکان لە سەرەتای سەدەی سیازدەدا کاولیان کردبوو).

مینۆرسکی لە باسی شاری (دڤین)دا وتوویەتی شاری لەدایك بوونی صلاح الدین ئەیوبی نەیاری خاچ هەڵگرەکان بووە کە بناغەی بنەماڵەی ئەیوبی (١١٦٩ – ١٢٥٠)ی دامەزراندوە. (دوکتۆر کمال لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا وتوویەتی لە ئازربایجانی باکووردا ناوچەی (دوین) مەڵبەندی عەشیرەتی (راودی) کورد بووە کە صلاح الدین لەو عەشیرەتە بووە).

مینۆرسکی لە باسەکەیدا لەسەری رۆیشتوەو وتوویەتی :

((ئەتوانم شتێکی تریش بڵێم دەربارەی رۆژئاوای ناوچەی (ماکو) لە ئێراندا کە بەتەواوەتی ناوچەی (دامیات) دەگرێتەوە کە هەتا ئێستەش دانیشتوانەکەی هەر کوردن. ئەگەر ناوی (Meda)ی کۆن وەکوو ئەرمەنیەکان بە (مار) ناویان بردوە، لە زمانی فارسیشدا بە (Mah) ناوی هاتووە کە ئەتوانرێ بوترێ شێوەی ناوی کۆنی (ماکو) کە بە (Mohkuh – ماەکوە) ناوی هاتووە، ئەمەشیان هەر بەڵگەیەکیترە بۆ بوونی پەیوەندی کوردو مادەکان)).

مینۆرسکی لە کۆتایی ئەو باسەیدا پوختەی بۆچوونەکەی خۆی دەربارەی کوردو ماد بەم جۆرە باس کردووەو وتوویەتی:

((من (مینۆرسکی) بە پێی بۆچوونی سەرچاوەکان لاموایە بۆمان روون دەبێتەوە ئایا ئەگەر کورد لە نەوەی (ماد) نەبێت، ئەی ئاخۆ ئەو مادە کۆنە دەستەڵاتدارو بەهێزەی ئەو رۆژانە چیبەسەرهات و ئەو هەموو عەشایرە کوردە زۆرو بەربڵاوەی کورد لە کوێوە هەڵقوڵاون کە زمانەکەیان لە بنەڕەتدا هەمووی

یەك دەگرێتەوەو جیاوازییەكی تەواو ئاشكرا هەیە لە نێوان زمانی كوردو زمانی ئێرانیەكانی تردا؟)).

لەدوای تەواو بوونی ئەو دوو باسە گرنگەی مینۆرسكی، كە بە ئاشكراو بەپێی گەلێك بەڵگەی ناو سەرچاوەكان ڕوونی كردۆتەوە، نەتەوەی كورد ئیمڕۆ هەر لە (ماد)ە كانەوە كە سەرچاوەی ئەرمەنیەكان بە (مار) ناویان بردوەو وەكوو مینۆرسكی باسی كردووە ئەگەر كورد بریتی نەبێ لە مادی جاران ئەی ئاخۆ ماد چی بەسەر هاتووەو ئەم هەموو ژمارە زۆرەی كوردی ئیمڕۆ كە ژمارەی دەگاتە (٣٠)ملیۆن لە كوێوە پەیدا بووەو كە ئەم بۆچوونەی مینۆرسكی لەگەڵ ئەو بۆچوونە ناشیانەو بێ بەڵگانەی دوكتۆر مكنزیو ئەدمۆنسی مامۆستایدا یەك ناگرێتەوە كە وتوویانە كوردەكان ماد نین!! ئەی ئاخۆ ماد چی بەسەر هاتووە تۆ بڵێی هەروەكوو بڵقی سەر ئاو لە خۆیەوە پووكابێتەوەو ئەم هەموو كوردەی ئیمڕۆش لە خاكی كوردستاندا وەكوو قارچكو دومەڵان هەڵتۆقیبن؟؟... تۆ بڵێی مكنزیو ئەدمۆنس كە بۆ مەبەستێكی سیاسی حكومەتی بەریتانیا هەمیشە دژی بوونی حكومەتێكی كورد بووە ئەو دوانەو هاوبیرەكانیان خۆیان بە شارەزاترو پسپۆڕتر ژماردبێت لەچاو ئەو هەموو زانایانەی بە مەبەستێكی زانیاریانە چونەتە بنجوبناوانی نەتەوەی كورد؟

لەدوای ئەو دوو باسە تێرو تەسەلەی مینۆرسكی دەچینە سەر باسی زانایەكی تر (سێر سدنی سمیث) كە ئەمین زەكی لە مێژووی كوردو كوردستاندا بە دوورو درێژی لێی دواوەو لە پەراوێزی لاپەڕە /٤٩دا وتوویەتی ئەو باسەی سێر سدنی سمیث لەسەر تكای ئەو (ئەمین زەكی) ئامادەی كردووە لە ژێر ناوی (لەكوردستاندا)و بەتایبەتی بۆ ئەمین زەكی ناردوە كە ئەمەی خوارەوە پوختەی ئەو باسە ئامادەكراوەی سدنی سمیثە كە وتوویەتی :

((ئەوەی تا ئێستە دەربارەی كوردستان دەسگیر بووە كەمو كوڕییەكی زۆری تیادایەو بەشی ئەوە ناكا لەسەری بڕۆین، بەلأم ئەوەی ڕوون بۆتەوە ئەوەیە لە زەمانی كۆندا (ناتوانم بڵێم كەی بووە) لە ناوچەیەكدا كە باكوورەكەی بریتی بووە لە ناوچەی (وان)و ڕۆژئاوای (دۆڵی خاپوور)و كركوكو خوارووەكەی بابل، ئەو ناوچانە لەژێر دەستەلأتی میللەتێكدا بوون ناوی (شوباری) بووە كە

هەندێجار (سومەر)ی یەکان هەمووی یان هەندێ بەشی ئەو ناوچەیەیان داگیر کردبووە کە زمانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە هیچ پەیوەندیەکیان بە زمانەکانی (سامی)و (هندوئوروپی) یەوە نەبووەو زاناکانی ئەم سەردەمە لایان وایە زمانی (شوباری) یەکان یەکێك بووە لە زمانە (قفقاسی)یەکان.

لە سالی ۲۵۰/ی پێش زایندا، ئاشوریەکان کە سامی بوون ئەگەرچی ناشتوانرێ بوترێ لە هەموو روویەکەوە سامیی تەواو بوون، ئەمانە لە ناوچەکانی (شوباری)دا نیشتەجێبوون کە قەلای (شرقاط)ی ئێستە دەگرێتەوە.

لە دەورویەری سالی (۲۵۲۵/ی پێش زایین) هەموو کوردستان بەشێك بووە لەو مەملەکەتەی (سرجون)ی مەلیکی (ئاکاد)و (نارامسین)ی دوای ئەو، وەلە خولی سێهەمی حکومەتی (ئور)دا لەنێوان سالانی۲۳۰۰ — ۲۱۵۰پێش زایین، گەلێك هێرش کراوەتە سەر هەندێ لە بەشە بچوکەکانی کوردستان، لەوناوچانەی کەوتبوونە رۆژ هەلاتی روباری دجلە وەکوو ناوچەی (سیمورو) کە لەوە دەچێ ناوچەی ئالتون کوپری ئێستە بوبێت بۆسەر (للبو — حلوان)و (ساسرو)وناوچەی (ئوربیللوم — ئەربیلی ئێستا)و لەگەڵ ئەوەشدا دانیشتوانی ئەو ناوچانە هەرلە یەك نەتەوە بوون، بەلام دەستەلاتدارێکیان نەبووە هەموویان کۆبکاتەوەو بیانکات بەیەك.

لە سەدەی هەشتو نۆی پێش زایندا هەندێ بزوتنەوەی فکریو راپەرینی نەتەوایەتی لەناو میللەتەکانی ئاسیای بچووکدا (ئەوەی ئیمرۆ پێی دەوترێ تورکیا) روویدلو کاری کردە سەر هەموو میللەتو گەلەکانی هندۆئوروپیو (حیث)ی یەکان کەبە (هیتیت) ناویراوەو زمانەکەیان لاتینی بووەو ولاتی (سوریا)یان داگیر کردو پەلاماری (بابل)یان داو تالانیان کردو تاقمێك ناوی (ئومان ماندا) بوو لە میدیەکان جیابوونەوەو لەکەناری دەریای رەش دا دەژیانو تاقمێکی بچوکی (هندۆئوروپی) شیان لەگەڵ خۆیاندا بردو لە رۆژئاوای کوردستاندا نیشتەجێ بوونو لەلایەن یەکێ لە بنەماڵەکانیان کە ناوی (میتانی) بوو لەسەر روباری خابور بەناوی (میتانی)یەوە حکومەتێکی دروست کردو لە ئەنجامی ئەوەدا رۆژئاوای ولاتی (شوباری) لە بەشەکەی رۆژهەلاتی جیابووەوە کە پێی وتراوە (خوری).

لەوسەردەمەدا کێشە لەناو (کاسی)یەکانی ئەوپەڕی ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕوویداو بوون بە دوو بەشەوە: بەشی دەشتەکەی بریتی بوو لە ولاتی (خوری - هوری)و بەشەکەی تری بریتی بووە لە ناوچە شاخاوییەکانی (طورعابدین). لە گێژاوی ئەو بەسەرهاتانەدا بنەماڵەیەکی تازە بەناوی (خانی گالیات) هاتە کایەوە بۆ ماوەیەکی کەم حکومەتێکی سەربەخۆیان دامەزراندو پایتەختەکەیان شاری (نسیپیس - نصیبین)بووە دەستیان گرت بەسەر ولاتی ئاشووردا. ئاشوورییەکان لە سەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زاییندا دەسەلاتیان زۆربووە بەسەر (میتانی)یەکانداو بەشێکیشیان لە کوردستان داگیر کردبوو.

دوای ئەوە میللەتێکی تر کە پێی وترابوو (ئورارتو) یاخود (ئارارات) لەناوچەکانی دەریاچەی (وان)و دەریاچەی (ورمیە)دا نیشتەجێ بوون‌و ناوی ئەو میللەتە لە کتێبی (پیرۆز)دا ناوی مەلیك (سلمانسر)ی باس کردووە لە ساڵی ١٢٦٠ پێش زایین هەرچەند نەزانراوە ئەم میللەتە کێ بووە، بەلام (بت)ە کەیان (خلدیان)یان پێوتووە کە ڕۆمانەکان بە (خلدیوی) ناویان بردوە ئەبێ ئەم ناوە لە ووشەی (کلدانی) جیا بکرێتەوە چونکە زمانی ئەم خلدویانە لە زمانە قفقاسیەکان بووە.

بە پێی ئەو بەلگەو شوێنەوارە کۆنانەی لە شاری (وان)دا بینراون لەگەڵ شوێنەوارەکانی شاری (طبراق قلعە)ی‌تەنیشت وان، دوورنیە پەیوەندییەکی شارستانی هەبووبێ لەنێوان ئەمانەو ئەوانەی لە کەناری دەریای سپی ناوەڕاستدا بوون (بەلام محمد علی عونی، وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی بۆ عەرەبی، لە پەراوێزی لاپەرە /٥٣ی کتێبەکەی ئەمین زەکیدا وتوویەتی (طبراق قلعە) مەرکەزی قەزای (ئەلشکرد)ە کە سەریە لیوای (بایزید)ەو پەیوەندی بە (وان)ەوە نیەو لەوە دەچێ سدنی سمیث مەبەستی شوێنێك بووبێت لەنزیك شاری (وان).

لەدوای لەناو چوونی ئیمپراتۆریتی (حیثی) لەسەدەی یازدەی پێش زایندا، شەعبی (موشکی) دەستی بەسەر هەموو ناوچەکانی باکووری کوردستاندا گرت‌و بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ حوکمیان کردو توانیبووی بەشی خوارووی ناوچەی (کبادوکیا)و کیلیکیا کە بریتی‌یە لە ویلایەتی (ئەدەنە - ئەطنە)ی ئێستا لە

ئەنادۆلّ داگیر بکەن‌و تیایا جێگیر بوون. ساتێك (موشكی)یەكان تەقەلای ئەوەیاندا سنووری دەسەلاّتیان فراوان بكەن‌و بگەنە رۆژهەلاّتی دەریاچەی وان، تیگلات پلسری مەلیکی ئاشوری لە سالّی ۱۱۰۰ پێش زایندا بەرەنگاری ئەو (موشكی)یانە بووەوەو خراپ شكاندنی.

بەڵگەو دۆكیومێنتەكانی زەمانی ئاشوریەكان لە سەدەی شەش‌و حەوتی پێش زایندا دەریان خستوە جۆرە گۆڕانكاریەك بەسەر رۆژهەلاّتی كوردستاندا هاتووە لە ئەنجامی كۆچكردنی شەعبی ئاری لە رۆژهەلاّتی دەریای رەشەوە بۆ ناوچەكانی باشوورو یەكەم كەسێك لەو رۆژانەدا ناوی (میدیا)ی هێناوە (شلمانصری پێنجەم)ی مەلیكی ئاشوریەكان بووە لە (۸۲۳ — ۸۱۰ پێش زایین)و هاتنی ئەو میدیایانە بوویە هۆی هەرەشەكردنێكی پڕ لە مەترسی بۆ سەر ئاشووریەكان بەشێوەیەكی هەمیشەیی كە لە پێشدا رۆژهەلاّتی ناوچەی (میدیا)یان داگیر كردو ساتێك سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەستی پێكرد، سەرۆكەكانی ئەم شەعبە تازەیە (واتە میدیا) توانیان دەست بەسەر ئەو هەموو ناوچانەدا بگرن كە لە دواییدا بە هەمووی ووترا (میدیا).

لەسەردەمی لەناوچوونی حكومەتی ئاشووریداو بەرلەوەش ناوی كورد گەلێك جار هاتووە (ئەمین زەكی لە پەراوێزی لاپەڕە/٥٦ی كتێبەكەیدا دەربارەی ئەو بۆچوونەی سدنی سمیث وتوویەتی : (مسترهول) لە كتێبەكەیدا (مێژووی كۆنی رۆژهەلاّتی نزیك _ لاپەڕە/ ٥١١) باسی (ئاشور ناصرپال)ی كردووە كە دوا پاشای ئاشوریەكان بووە پەلاماری (مانی)ی داوە، بەلاّم بەهۆی ئازایەتی كوردەكانەوە نەیتوانیوە لەو پەلاماردانەی سالّی (٦٢٦ پێش زایین) سەربكەوێت.

سدنی سمیث لە بەسەرهاتەكەیدا وتوویەتی :

((بێجگە لەوەش (زینفون) لەباسی پاشەكشەكەی سالّی (٤٠١ پێش زایین) ناوی كوردی هێناوەو ئەوی بیەوێ بچێتە بنج‌وبناوانی كوردو ئەو نەتەوانەی لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون، پێویستە بایەخیش بدا بە زمان‌و ئەو (كاردخۆ)یەی زنیفون باسی كردووەو هەر بریتی بووە لە میللەتی كورد كە هەمیشە پەرۆش

بووه بۆ سەربەخۆیی‌و سەربەستی میللەتەکەی‌و زمانەکەشی زمانێکی جیاوازو سەربەخۆ بووە.

لەم سەردەمەدا بۆچوونەکانی زاناو شارەزاو لێکۆڵەرەوەکانی زمانی کوردی گەلێك گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووەو ئەوانەی بۆچوونەکانیان جێگەی بڕواو دڵنیاییە بۆیان دەرکەوتووە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیەو بریتی نیە لە زمانی فارسی دەسکاری کراو چونکە ئەو زمانە لە کۆنەوەو بەر لە زمانی فارسی هەبووەو ئەو فارسیەی لەوحە بەناوبانگەکەی (دارا)ی پێ نوسراوە ئەوە دەگەیەنێت زاناکان مافی ئەوەیان هەیە بڵێن زمانی کوردی لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا هەبووەو زمانێکی سەربەخۆ بووەو میللەتی کوردیش یەکێکە لە میللەتانی هندۆئوروپی‌و لەوکاتەوە میدیەکان چونەتە ناو خاکی میدیاو فارسەکان چونەتە فارس، کوردەکانیش چونەتە کوردستان‌و دەتوانین لەژێر تیشکی ئەو بۆچوونانەدا بڵێین :

هاتنی کورد بۆ کوردستان لە ساڵی(٦٥٠ی پێش زایین)ەوە دەستی پێ کردووە چونکە بەرلەوە لەناو بەڵگەکانی ئاشوردا ناوی کورد نەهاتووە (بەلام ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا دەربارەی ئەو بۆچوونەی سدنی سمیث، لە لاپەرە/٥٧دا لە پەراوێزەکەدا ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (مستر هول) کردووە کە وتوویەتی: (ئادەد نیراری)ی سێهەم پادشای ئاشوور لە ساڵی ٨١٢پێش زایندا هێرشی کردۆتە سەر کوردەکان بۆ تەمێ کردنیان، کە ئەمە پێچەوانەی بۆچوونەکەی سدنی سمیثە).

سدنی سمیث لە کتێبەکەیدا وەکوو ئەمین زەکی باسی کردووە وتوویەتی: ((ئەگەر نەتوانرێ ئەو پەیوەندییەی نێوان دانیشتوانی (نورارتو)ی ئەصڵی‌و کورد دەستنیشان بکرێت، بەلام دەتوانرێ ئەو بۆچوونەی ئەڵێ کورد لەو هەموو نەتەوانە پێك هاتووە کە لە کوردستاندا بوون، ئەوا ئەتوانرێ ئەم بۆچوونەی دوایی بە بۆچوونێکی بەهێزتر بژمێریت)).

ئەمین زەکی دوای ئەوەی لە بۆچوونەکانی سدنی سمیث بۆتەوە، بۆچوونەکانی خۆی دەربارەی کورد بەم جۆرە دەربڕیوە: ((هەروەکوو چۆن نەتەوەیەکی سامی لە جزیرة العربەوە لە ساڵی (٢٢٢٥ پ.ن)دا چونەتە ناوچەی

(بابل)و (ئەکەد)و داگیریانکردووەو دەوڵەتێکیان تیا دامەزراندوە، کە هاتنیان بەم جۆرە بووە بەهۆی ئەوەی بوترێ عەرەب لە ڕەگەزی ئەو (سامی)یانەن، یا هەروەکوو چۆن تورکەکانیش ڕەگەزی خۆیان دەبەنەوە سەر (هون – وەیا – ئەلقون) بە بیانوی ئەوەی هەندێ لەیەکچوون هەیە لە نێوان زمانی هەردولایانا، ئێمەش (مەبەستی ئێمەی کوردە)لەسەر ئەو بۆچوون و پێڕەوانە بۆمان هەیە بڵێین کوردستانیش کە شوێنی لانکەو بێشکەی پێگەیاندنی سلالەی بەشەری دوهەمی بووەو لە کوردستانەوە پرش و بڵاوبوونەتەوە بۆ شوێنەکانی تر،لە ئەنجامی ڕووداوە مێژووییەکاندا، کە لەو سەردەمەدا شەعبی (لولو)و (گوتی – جوتی)و (خالدی – کالدی)و (سوریای – هوری)و شەعبی عیلام کە شەعبەکانی زاگرۆس بوون و لەبەرئەوەی هەندێ لە یەکچوونی زمان و لە یەکچوونی تر لە نێوانیاندا هەبووە، هەرلەبەرئەوە بووە ڕۆژهەڵاتناسەکان ئەو شەعبانەیان بە ڕەگەزو ڕەچەڵەک بردۆتەوە سەر سلالەی قفقاس.

ئەو شەعبانەی ناومان هێناون جگە لە شەعبی (عیلام) ئەوانی تر هەموویان ڕەگەزی کۆنی کوردن و هەریەکەیان لە زەمانی (سومر)و (ئەکەد)و سەرەتای ئاشوریەکاندا ڕۆڵی خۆیان بینیوە.وا دەردەکەوێ شاڵاوی کۆچی ئاریەکان لە سەرەتادا بۆ (زاگرۆس)و لە دواییدا بڵاوبوونەتەوە بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کە ئەمە لە سەدەی دەهەم و نۆهەمی پێش زایندا دەستی پێکردووە (ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەڕە /٩دا دەربارەی کۆچی ئاریەکان ئاماژەی بۆ بۆچوونی (کرۆزن) کردووە کە لە پێشەکی گەشتەکەیدا بەناو ئێراندا وتوویەتی : هیچ دوورنیە کۆچی ئەو (ئاری)یانە لە سەدەی بیستەمی پێش زایندا بووبێت.

ئەمین زەکی لەسەر باسەکەی ڕۆیوە و وتوویەتی : ((وادیارە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی ئاریەکان کۆچیان بۆ کردووەوتیایا نیشتەجێ بوون ، دوای هاتنی ئاریەکان لەناو ئەو ئاریانەدا توابنەوەو هەموویان بوون بە ئاری و(مید)ییەکان لەناو ئەواندا لە هەموو تاقمەکانی تر بەهێزتر بووەو لە سەرەتادا لە ڕۆژهەڵاتی گوڵی ورمیەدا جێگیر بووە پاش میدیا شەعبە ئاریەکانی تر وەکوو (پارس، مانای، پارسیوی، پارث، کاردشوی...وهی‌تر بەرەو دوا هاتون و لەو بۆچوونەی

سدنی سمیث کە باسی زینفونی کردووە، دەردەکەوێ (کاردشوی) لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا هاتوون)).

ئەمین زەکی لە لاپەڕە /٦٠ی کتێبەکەیدا وتوویەتی : ((کەحالْ ئەمە بیّو، هەندیّ زاناو شارەزایانی شوێنەوارە کۆنەکانو مێژوو نووسان باسیانکردووە، ئێمەش بە پێی ئەوانە بۆمان هەیە بڵێین : پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان ڕەگەزی کوردو سەرەتای شوێنی دەرکەوتنیان لەگەڵ ئەو کۆمەڵە شەعبانەی کۆنی زاگرۆس.

ئەمین زەکی لە باسەکەیدا شەعبەکانی زاگرۆسی کردووە بە دوو چینەوە :

چینی یەکەم - بەناوی شەعبی زاگرۆس ناوی بردن.

چینی دووەم - بە میدیاو لکەکانی ناوی بردون.

باسەکەی ئەمین زەکی دەربارەی ئەو دوو چینە ئێجگار دوورو درێژە بۆیە تەنها کورتەیەکی هەردوکیان پێشکەش ئەکەین.

چینی یەکەم – شەعبەکانی زاگرۆس

١- (لولو)وەیا (لولوبوم)

لە ناوچەکانی زەهاوو شارەزوورو سلێمانیدا ژیاون بەڵام نەزانراوە کەی هاتوون، لە دواییدا لەگەڵ شەعبی (گوتی) تێکەڵ بوونو لە ناوچەی ئێستای سلێمانی جێگیر بوونو وڵاتی (هالمان)یان داگیرکردووە (ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەڕە/ ٦٠دا وتوویەتی (هالمان) بریتە لە (حلوان)و بە پێی لەوحەی نارام سین کە پادشای (ئەکد) بووەو ئەدمۆنس ئەو لەوحەیەی لە گەرووی (گاور)ی چیای قەرەداغدا دۆزیوەتەوە لەگەڵ کۆڤاری (جیوفیك جورنال)دا باسکراوەو مێژووی لەوحەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستوحەوتەمی پێش زایین).

هەروەها لە(زەهاو)یش بەردێك دۆزراوەتەوە، لەوەدا ناوی (ئانئۆبانینی)ی پادشای لولوی تیادا باسکراوە کە مێژووی دۆکیومێنتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستو شەشەمی پێش زایین.

لەسەرەتای سەدەی سیازدەهەمی پێش زایندا پێوەندی هێزەکانی ئاشور بە شەعبی (لولو)هەبووە کە ئەم راستیە بەهۆی سەرچاوە ئاشوریەکانەوە زانراوە بێجگە لەو لێکۆڵینەوانەی (هوزینگ)ی رۆژهەڵاتناس دەربارەی (لولو) کردویەتی.

لەو بەڵگانەی کە لە (ئاشور ناصرپال)ەوە بەجێ ماوە، دەرکەوتووە شەعبی لولو لە شارستانێتیدا زۆر پێشکەوتوو بووەو شارەزای پیشەسازی بووەو پادشاکانی ئاشور گەلێك لەو شارەزایانەیان بردوە بۆ ولاتی خۆیان و سوودیان لێ وەرگرتوون (سەرچاوەی ئەمین زەکی بۆ ئەمە باسێکی – ئولمستید–ە).

٢ ـ گوتی – جودی

گوتی یەکێك بووە لە شەعبە بەناوبانگەکانی زاگرۆس کە لە سالی ٢٦٤٩پ.ز سۆمرو ئەکەدیان داگیر کردووە. دەربارەی وشەی (کوتی – کورتی) لەسەر بەردە نوسراوەکانی زەمانی (توکولتی – نینورتا)ی پادشای ئاشوری ناوی کوتی و کورتی هاتووە.

(درایفر)ی رۆژهەڵاتناس دەربارەی (کوتی) وتوویەتی :

((ووشەکانی (کاردا، کاردوخی، کورتوخی، گوردی، کارداك، سیرتی، کیرتی، گوردیاری، گوردوئین، کاردو، کاردایه، کارناویەو، گەلێك ووشەی تری لەو جۆرە هەموویان هەریەك مانا دەگرنەوە کە بریتی‌یە لەو (کاردخۆ)یەی (زینفون) باسی کردووەو ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە پێوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان ووشەی (کورد)ی ئێستەو(کورت)ی کۆندا)).

٣ ـ کاسای : (کوسی، کوشو)

ئەمانە بەشێك بوون لە زاگرۆسیەکان کە سەرکردەی سوپاکەی ئەسکەندەری گەورە کە ناوی (ئەنیتفونوس)بووە لە گەرووی (پلی تنگ گلو)دا توشیان بووە.

٤ ـ خالدی – ئورارتو

ئەمانە لە کاتێکی نەزانراودا لە رۆژهەڵاتی ئاسیای بچوکەوە چوونەتە ناوچەی گۆلی (وان). بەپێی سەرچاوە ئاشوریەکان، کە لە زەمانی (سرجونی دوهەم)دا باسی شەرەکان کراوە، حکومەتی (خلدی) لە ماوەیەکدا دەسەلاتی لەباکورەوە گەیشتبووە دەریای (کوگجە)و (ئەلکسندروپول) لە قفقاسداو لە رۆژئاوادا گەیشتبووە روباری فرات و لە باشووردا گەیشتبووە خواروی رواندزو

سەرچاوەکانی ڕوباری(زێ)و لە ڕۆژهەڵاتدا گەیشتوتە دەریاچەی ورمیەو لە ماوەیەکیشدا (سوریا)شیان بە دەستەوە بووەو پایتەختی ئەو خالیدیانە (وان — توسپاس) بووەو لەوە دەچێ (ساردوریس)ی یەکەم پادشای خلدیەکان لە ساڵی (٨٤٠پ.ن)دا ئەو شارەی دروست کردبێت.

بەڵام ئەو حکومەتی خلدیە، دوای ئەوەی (میدیا)ییەکان پەرەیان سەند ئیتر خلدیەکان سەربەخۆیی خۆیان لەدەس داوەو بەتەواوی کەوتونەتە ژێر دەسەڵاتی (ئەرمەن)یەکانەوە کە لە ڕۆژئاوای وڵاتی خلدیدا نیشتەجێ بوبوون. (سەرچاوەی ئەمین زەکی بۆ ئەو بۆچوونەی بریتیە لە مێژووی کۆن، جلدی سێهەم — کابرج) وەکووخۆی وتوویەتی.

٥ ـ سوربای

بۆ یەکەم جار ناوی ئەم شەعبە لە لوحەیەکی زۆر کۆندا هاتووە کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی حکومەتی (لوغال — ئانی — موندو) کە لە سەدەی/٣٠ی پێش زایین بەناوی (سوبیر)ەوە ناوی هاتووەو لە شوێنەوارەکانی زەمانی (نارام سین)دا ئەو ناوە بەشێوەی (سوبارتیم) ناوی هاتووە کە بریتیبووە لەو ناوچانەی لە باکووری ڕۆژئاوای عیلامەوە دەستی پێکردووە هەتا چیای (ئامانوس). (وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی بۆ عەرەبی ـ محمد علی عونی ـ لە پەراوێزی لاپەڕە/ ٦٧دا وتوویەتی : چیای ئامانوس چیایەکە لە ئاسیای بچوکدا (تورکیا) لە خۆرئاوای ڕوباری فراتدا لە نێوان لیوای ئەسگندرونەو ویلایەتی (ئەدەنە ـ ئەطنە).

ئەمین زەکی دەربارەی سوربای وتوویەتی : ((هەروەها (حمورابی)ش ناوی شەعبێکی بەوناوەوە هێناوە کە بریتیبووە لە شەعبێکی سەربەخۆو لە بەڵگە ئاشوریەکانیشدا ناوی (سوریا) هاتووەو بەمەدا دەردەکەوێ ئەوانەی لە نێوانی میسوپوتامیاو ئاسیای بچووکدا ژیابوون بە (سوبارو) ناسرابوون کە شەڕیان لەگەڵ ئاشوریەکانا کردبوو، بەڵام لەدوای کۆتایی دەوڵەتی ئاشوری ئیتر ناوی (سوباری) لەناودا نەماو لە جیاتی ئەو باسی شەعبێکی تر کراوە کە ناوی

(نایری)بووه كه ئێستە شوێنەواری شەعبی (نایری)و ناوەكانی بە ئاشكرا لە ناوچەی (نهیری)ی ئێستادا دەردەكەوێ.

چینی دوەهەم : ئەمین زەكی (میدی)یەكان و لكەكانی بە چینی دوەهەم داناوە كە بەم جۆرەی خوارەوە باسی ئەو چینەی كردووە :

دوو مێژوو نووسی بەناوبانگ، یەكەمیان (هارفی روبنس)و دوهەم (هنری بریستد) كە ئەمەی دوهەمیان دووكتێبی نوسیوە بەناوی (سەردەمە كۆنەكان)و (مێژووی ئەوروپا بە گشتی) كە لە ساڵی ١٩٢٤دا لە (بوسطن)چاپكراوە و ئەو دوو مێژوو نووسە لە باسەكانیانا ووتویانە :(ئەو میللەتو شەعبانەی دراوسێی یەكتر بوون و لەیەك چوون، هەندێ جار پێیان وتراوە (ئاری)یەكان كە یەكێك بوون لە شەعبەكانی هندۆئوروپی و بەرلە (٢٥٠٠)ساڵی پێش زایین لە رۆژهەلاتو باكووری دەریاچەی (قزوین)دا ژیابوون.

هەندێ لەو عەشایرە(ئاری)یانە كۆچیان كردووە بۆ ولاتی هند كە لەوێ كتێبی (پیرۆز)یان بەزمانی (سنسكریتی) بەجێهێشتووە كەپێی دەوترا (ڤیداس)و گەلێك باسی گرنگی تیادایە دەربارەی سەرەتای ژیانی ئەو عەشیرەتانەو، بەشێكی تری ئەو عەشیرەتانە ڕوویانكردۆتە باشووری رۆژئاوا بۆ (میسۆپۆتامیا) كە بریتی بوون لە شەعبی (ماد ـ مید)و(پارسا ـ پارسای) كە ئەمانە بەهێزترین تاقمی ئەم بەشانە بوون))

ئەمین زەكی لە پەراوێزی لاپەرە /٦٨ی كتێبەكەیدا ـ مێژووی كوردو كوردستان ـ وتوویەتی ئەو ئاریانە چوويبوونە هندستان لە سەدەی دوازدەی پێش زایندا زمانی سنسكریتی یان لەگەڵ خۆیانا بردبوو لە سەدەی سێهەمی پێش زایندا كتێبی (ڤیداس ـ پیرۆز)یان بەو زمانە نوسیو بلاوكردەوە، بەوجۆرە زمانی سنسكریتی بوو بە زمانی نوسینو فێربوون كەبەر لە نووسینی ئەو كتێبە تەنها زمانی قسەكردن بووەو، ووشەی سنسكریت لە ووشەی (Sacae) كە سەركردەی ئەو ئاریانە بووە كۆچیان كردبوو بۆ هندستان وەرگیراوە لەگەڵ ووشەی(Krekir ـ كەمانای نوسین یا زمان دەگرێتەوە ـ (سەرچاوەی ئەمین زەكی بۆ ئەمە بریتیە لە كتێبی ((القضیة الكردستانیه والترك ـ لاپەرە /٢٣).

ئەمین زەکی لەباسی چینی دوهەمدا ناوی چەند لکێکی ئەو چینانەی باسکردووە کە بریتی بوون لە (مید، ئاریی، کاردخۆی)و ئێمە تەنها کورتە باسێکی ئەوانە ئەخەینە پێش چاو:

١ ـ مید

ئەم شەعبە یەکێکە لە شەعبەکانی هندۆئۆروپی و وادیارە لە ولاتی (باختر)یانەوە لە سەدەی نۆهەمیی پێش زایین یا دوای ئەوە ڕوویانکردۆتە رۆژئاوا باکووری بەرزاییەکانی ئێران کە مەبەست ولاتی (میدیا)یەو دوای ئەوە دەستیانگرتووە بەسەر ولاتەکانی دراوسێدا وەکوو (مانی، سیث، کیری)و دانیشتوانی ئەو ولاتانە لەناو میدیەکانا تواونەتەوەو تێکەڵ بەیەك بوون.

نوسراوو شوێنەوارەکانی ئاشوری لە باسی ڕووداوەکانی سەدەی هەشتەوتۆی پێش زایین باسی میدیایان کردووە کە پێیان وتووە (ئامادا ــ ماد)و لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زایندا حکومەتی سەربەخۆی دامەزراندوەو شەعبی (پارسا)ی خستۆتە ژێر دەستەلاتی خۆیەوەو شاری (ئاقبتان ـ ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەڕە /٦٩دا بەرامبەر ئاقبتان ــ هکمتان ــ ی کۆن، همدانی ئێستەبووە)و ئەو شارەیان کردووە بە پایتەختی خۆیانو لەگەڵ ئاشوریەکانا هەتا کاتی روخاندنی ئاشوور هەمیشەلە کێشەو شەڕدا بوون).

ئەمین زەکی لەوباسەیدا ئاماژەی بۆ کتێبی (مێژوو نووسەکان) کردووە کە لە لایەن (سایس)ەوە لە جلدی دوهەمی کتێبەکەیدا دەربارەی میدیا وتوویەتی :((میدی)یەکان بریتی بوون لەو عەشایرە کوردانەی لە رۆژهەلاتی ئاشوردا ژیابوونو سنوورییان گەیشتبووە دەریاچەی قزوینو بەشێك بوون لە شەعبەکانی هندوئۆروپی و لە رووی زمانو خوێنو رەگەزیشەوە چوونەتەوە سەر (ئاری)یەکان)).

ئەمین زەکی دەربارەی زمانی (میدی)یەکان باسی ئەوەی کردووە کە هەندێ لە رۆژهەلاتناسو پسپۆڕو شارەزاکان وتوویانە زمانی (میدی) بریتی بووە لەهەمان زمانی کوردی ئیمرۆ وەیا هیچ نەبێ بریتی بووە لە بناغەی زمانی ئێستای کوردی (سەرچاوەی ئەمین زەکی بۆ ئەم بۆچوونەی بریتیە لە کتێبەکەی مشیر الدوله(کتاب ایران قدیم ـ لاپەڕە /٥٧).

ئەمین زەکی لەباسەکەیدا وتوویەتی، لەدوای نەمانی حکومەتی مید، ئیتر میدیەکان کەوتنە ژێر دەسەلاتی شەعبی (پارس ـــ فارس)ەوە. بێجگە لەو باسەی ئەمین زەکی دەربارەی میدیەکان، کورتە باسێکی سەرچاوەی ژمارە /٩٧ئەخەینە پێش چاو (ئاڤێستا)، کە لەوەدا ئاماژە بۆ باسێکی (هیرۆدۆتس)ی مێژوونوس کردووە کە ئەویش دەربارەی (میدی) دواوەو وتوویەتی:

((ئاشوریەکان ماوەی /٥٠٠سالْ حوکمرانییان کردووەو یەکەم تاقمێك دژیان وەستابوون (ماد)ەکان بووە کە خەلْکی تریش پشگیریان کردووەو ناوچەکەیان لە ئاشوریەکان ڕزگار کردووەو کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی (ماد)ە کانەوە (کە سەرچاوەی نوسەری ئاڤێستا بۆ ئەمە بریتیە لە بەندی /١، لاپەڕە /٩٦ی کتێبەکەی هیرۆدۆتس)و بە پێی ئەو سەرچاوەیە مادەکان لە شەش هۆز پێك هاتبوون کە بریتی بوون لە (بوسە، پارتاکنە، سترو خاتەکتە، ئاری سانت، بدولی، موغ)).

نوسەری سەرچاوە /٩٧ ئاماژەشی بۆ باسێکی (بیروس)ی مێژوونوس کردووە کە وتوویەتی مادەکان لە دەوروبەری سالْی (٢٥٠٠)ی پێش زایین بابلیان داگیر کردووەو بۆ ماوەی (٢١)سالْ لە ژێردەسیانا بوون. نوسەری سەرچاوە/٩٧ وتوویەتی : بە پێی بۆچوونی ئەو دوو مێژونوسە (هیرۆدۆتس) و (بیروس) دەردەکەوێ ووشەی (ماد) بۆ هەموو هۆزەکانی زاگروس بەکارهێنراوەو هەندێ لە مێژوونوسەکانی دوای سەردەمی مادەکان، (هەخامەنشی)یە کانیشیان هەر بە ماد حساب کردووە.

سەرچاوە /٩٧، دەربارەی پادشاکانی ماد، ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (هیرۆدۆتس) کردووە کە ناوی چەند پادشایەکی مادەکانی تیادا باس کراوە کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١ ـ دیوکوس (٧٠٨ ـ ٦٥٥)ی پێش زایین کەبە (دیاکو)ش ناوبراوە.

٢ ـ فرائوتیس (٦٥٥ ـ ٦٣٣)ی پێش زایین کەبە (فەرڤەتیش)یش ناوبراوە.

٣ ـ ئاکسار (٦٣٠ ـ ٥٨٥)ی پێش زایین کەبە (هوڤەخشەترە)ش ناوبراوە.

٤ ـ ئاستیاگس (٥٨٤ ـ ٥٥٠)ی پێش زایین کەبە (ئەژی دەهاك)یش ناوبراوە.

به پێی باسەکەی (هیرۆدۆتس)، مادەکان ماوەی (١٥٠)ساڵ فەرمانڕەوا بوون، بەڵام بەپێی نوسینی (کزتیاس)ی مێژوونووس ناوی پادشاکانی مادی بە جۆرێکی تر باس کردووە کە وتوویەتی : ئاریاکس ٢٨ساڵ پادشایەتی کردووە، (ماندوکس ـ پەنجا ساڵ)، (سوسارمیس ٢٨ساڵ)، (ئارتی کاس ٥٠ساڵ)، (ئاربیسیان ٢٢ساڵ)، (ئارتەیس ٤٠ساڵ)، (ئارتی نس ٢٢ساڵ)، (ئاستی باراس ٤٠ساڵ)، (ئاسپاداس ـ یاخود ئاس تی گاس ٣٥ساڵ). بەداخەوە نووسەری سەرچاوە /٩٧ باسی ئەو سەرچاوانەی نەکردووە کەیو لەکوێ چاپکراونو هەرنەوەندەی وتووە ئەو پادشایانە ناوەکانیان بە یۆنانی نوسراون.

نوسەری سەرچاوە /٩٧ باسی پەیوەندیی نێوان هۆزەکانی مادو چینەکانیان وتوویەتی :((لەپێش دروست بوونی حکومەتی ماد، هوزەکان هەریەکەیان پادشای خۆی هەبووە. بەڵام کە لە دواییدا یەکیان گرتووە دەسەڵات کەوتۆتە دەست (دیاکۆ)ی شای مادەکان بە هەموویان ئەو ئیمراتۆریەتەیان پێکەوە نابوو کە لە دوای نەمانی دەوڵەتەکەشیان هەتا سەردەمی سەلجووقیەکانو عباسیەکانیش بە وڵاتەکەیان هەر وتراوە (وڵاتی ماد).

دەربارەی چینەکانی کۆمەڵگای ماد، وتوویەتی لەسێ چین پێك هاتبوون: ١ ـ جەنگاوەران ٢ ـ وەزیرو فەلاحو شوانکارەکان ٣ ـ (موغ)ەکان کە بریتی بوون لە پیاوە ئاینیەکان. (لەباسێکی تایبەتدا کەبۆ ئاینی کوردمان تەرخانکردووە دەگەڕێینەوە سەر باسی (موغ)ەکان).

٢ ـ نایری (نهری)

ئەمین زەکی دەربارەی نایری لە لاپەڕە /٧٠ی کتێبەکەیدا وتوویەتی : هەرچەند لە شوێنەوارە زۆر کۆنەکانا ناوی ئەم عەشیرەتە نەهاتووەو لەوە دەچێت بەشێك بووبێت لە بەشەکانی (سوباری)و (گوتو) بەڵام لەکاتی ئاشوریەکانا ناوی (نایری) هاتووەو زۆری پێنەچووە (نایری)یەکان بەسەر (سوباری)و (گوتو ـ گوتی)دا سەرکەوتونو جێگەی ئەوانیان گرتۆتەوە. نایریەکان زۆر ئازاو بەهێز بوون هەمیشە ئامادەی شەڕ بوون زۆرجار لەگەڵ ئاشوریەکانا شەڕیان کردووە.لەوە ئەچێ گوندەکانی ناوچەی نهری، بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچەی شمزینانذا بوون بریتیین لە شوێنەواری نایریەکان، کە

(مینۆرسکی)ش لایەنگری ئەم بۆچوونەیە. (ثورو دانجین) لەو کتێبەیدا لە ساڵی ١٩١٢دا لە پاریس چاپی کردووەو بەناوی پەیوەندیی هێرشی هەشتەمی ملك سرجون، دەربارەی ناوچەی نایریەوە یا (هوبشکا) بریتیە لە دۆڵی (بۆتان) کە لە رۆژهەلاتی نایریدا کاتی خۆی حکومەتێکی تیادا دروست کرابوو. لای هەندێ لە رۆژهەلاتناسان وایە لەدوای دروست بوونی حکومەتی (میدی) ئیتر ئەو (نیری)یانە تێکەلّ بە میدیەکان بوونو بە هەردولایان نەتەوەیەکی گەورەیان پێکەوە ناوە.

مێجرسۆن لەو کتێبەیدا لە ساڵی ١٩١٢لە لندن چاپی کردووەلە باسی نایریدا وتوویەتی :

((ئەگەر سەیری مێژووی زەمانی (کورتی)یەکان بکەین لەنێوان سەدەکانی پازدەهەم هەتا سەدەی دوازدەی پێش زایین، بۆمان روون دەبێتەوە (نایری)یەکان بەرلە (میدی)یەکان لە کوردستانی ناوەراستدا ژیاونو لەکاتی دەسەلاّتدارێتی نایریەکانا دانیشتوانی هەموو ناوچەکە لێیان ترساون کە لە دواییدا بەمانە وتراوە (کورد). لەدوای دەسەلاّتدارێتی میدیەکان ئیتر وردە وردە نایریەکان تێکەلّ بە میدیەکان بوونو حکومەتەکەیان لەناو چوە.

٣ ـ کاردخۆی :

ئەمین زەکی لە لاپەرە /٧٢ی کتێبەکەیدا دەربارەی کاردخۆی ئاماژەی بۆ دوو بۆچوونی (زینفون) کردووە کە وتوویەتی :

أ ـ بۆچوونی یەکەم : ووشەی (کاردخۆی) هەرلە ووشەی (گوتی)ی کۆنەوە پەیدا بووەو بەهۆی دەسکاری کردنو تێکەلّ بوونی زمانەکانەوە لەکاتی (توکولتی) مەلیکی ئاشوریدا بەناوی (کوتی)و (کورتی) ناوی هاتووە. ئەو لێکۆڵینەوەیە (درایڤر)ی رۆژهەلاّتناس کردوێتی، ئەو هەموو ناوانەی وەکوو کورتی، کاردا کە لە زەمانی (ئاراد ـ نانار)ی مەلیکی (لەگەش) هەمووی هەر بریتی بووە لە پاشماوەی شەعبی (گوتی)ی کۆن کە لە سەرەتای مێژودا هەبووە.

ب ـ بۆچوونی دوهەم : دورنیە کاتی هاتنی شەعبی (کاردوخی) بۆ کوردستان لەو کاتانەدا بوویێ کە (میدی)و (فارس)ەکانیش چوبنە ئەو شوێنانەی تیایا جێگیر بوون وەیا لەدوای ئەوەبوبێت کە ناوەراستی سەدەی

حەوتەمی پێش زایین دەگرێتەوەو کە کاردۆخیەکان چونەتە کوردستان بەسەر دانیشتوەکانیا سەرکەوتونو لەگەڵیانا تێکەڵ بەیەك بوونو لەوانەشە هەندێ لەو کاردۆخیانە چووبنە بەرزاییەکانی ئێران کە بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە هەندێ لە عەشایرە کوردەکان لە زەمانی ساسانیەکانا لە ئێران بوون کە (سێر سدنی سمیث) یش لایەنگری ئەم بۆچوونەیەو وتوویەتی: ((ئەو عەشایرە کوردانە زمانێکی تایبەتیو سەربەخۆی خۆیان هەبووەو بەتەواوەتی لە زمانی فارسەکان جیاواز بووە چونکە ئەمان لە فارسەکان کۆنتر بوون)).

ئەمین زەکی دەربارەی پوختەی هەردو بۆچوونەکە، لە لاپەڕە /٧٣ی کتێبەکەیدا وتوویەتی:

((بەوجۆرە، بە پێی بۆچوونی یەکەم دەبێ شەعبی (کاردخۆی) لەنەوەی (گوتی)بووبێت کە لە شەعبەکانی زاگروس بووەو لەکاتی خۆیدا (سومەر) و (ئەکەد)یان داگیر کردبوو. بەڵام بە پێی بۆچوونی دوهەم (کاردوخ) بەرەگەزی ئاری (هندوئوروپی) دانراوە وەکوو (میدی)یەکان و (فارس)ەکان)).

ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا وتوویەتی بێجگە لەمانە، وا دەردەکەوێ چەند عەشیرەتو دەستەیەکی تری کورد هەبووین کە ناویان لە بەڵگەو شوێنەوارە کۆنەکاندا هاتووە، بۆ نموونەی ئەوە، (ئۆڵمستید) وتوویەتی:

تایەفەیەك ناوی (موسری)بووە کە ئەمانە هەر ئەوانەن پێیان دەوترێ (مزۆری) کە لە زەمانی (سنحاریب)دا لە دەوروبەری روباری (خازر)دا بوون هەروەکوو لە لاپەڕە /٣٣٢ی کتێبی مێژووی ئاشوریدا باسکراوە، هەروەها عەشیرەتی (سیرتی) کە لە زەمانی ئاشوریەکاندا بوون هەر بریتیە لەو (سیرت)ەی (مارك سایکس) لە باکووری شاری زاخۆدا چاوی پێیان کەوتووە.

هەروەها هەندێ لەو حکومەتانەی مێژووناسەکان وتویانە لەناو ئەوانا هەبوون، ناوەکانیان بەتەواوەتی لە ناوی عەشیرەتە کوردەکان دەچن کە ئیمڕۆ هەن وەکوو (مامیکۆنیان)و (باغراتونیان)و (رشدینان)و (مندیکانیان) کە بەرامبەر ئەوناوانە ئیمڕۆ لەناو عەشایرەکانی کوردا (مامیکانلی)و (بغرانلی)و (رشکوتانلی)و (مندیکانلی) هەیە بەپێی ئەو باسەی لە لاپەڕە /٥٥٢ی کتێبی (تراث الخلفاء الاخیر)دا بڵاوکراوەتەوە.

بەوجۆرە پوختەی ئەو بۆچوون و باسانە ئەوە دەگەیەنێت بە پێی باسی چینی یەکەم دەبێ کورد لە شەعبەکانی (زاگروس) بێت کە لای هەندێ لە ڕۆژهەڵاتناسان وایە دەچنەوە سەر قفقاسیەکان و لە دواییدا بەهۆی لێشاوی ئاریە کۆچکەرەکانەوە لە سەدەکانی نۆهەم و هەشتەمدا چوونەتە ناو چەکەو ئەوانیش بوون بە ئاری وەیا یەکسەر کورد لە ئاریەکانن (هندوئوروپی) کە زۆریەی مێژوونوسەکان و پسپۆڕانی شارەزا لەگەڵ ئەم بۆچوونەی دوهەمدان.

ئەمین زەکی لەو باسەیدا لە لاپەڕە /٧٤ سەرنجی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بەوانەی وتوویانە کورد لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زایندا هاتونە کوردستان و وتوویەتی ئەمە بۆچوونێکی زۆر لاوازەو لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی مامۆستای زانا (سپایزر)و ئەوانەی لەسەر بیرو بۆچوونی ئەون یەک ناگرێتەوە کە ئەمانە کوردیان بەدانیشتوانی کۆن و ڕەسەنی دێرزەمانی چیاکانی زاگروس و کوردستان داناوەو، بەجۆرە دەتوانین بڵێین : ناوی کوردو ووشەی کورد بە زمانی ئەو میللەتانە تۆمار کراوە کە قسەیان پێکردووەو لەگەڵ ئەوەشدا شارەزایان لایان وایە لەگەڵ بوونی ئەو جیاوازیە کەمەی کە هەیە، بەڵام هەموویان لەیەک شتدا یەک دەگرنەوە کە بریتیە لەوەی هەموویان هەر مانای (کورد) دەگرنەوە.

ئەمین زەکی بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونەی چەند بەڵگەیەکی خستۆتە پێش چاو:

١ ـ لەلای (سومر)یەکان، کورد بەناوی (گوتی، جوتی، جودی) ناوی هاتووە.

٢ ـ کورد لای ئاشوری و ئارامیەکان بە (گوتی، کوتی، کورتی، کاردو، کاردا، کاردان، کارکتان، کارداک) ناوبراوە.

٣ ـ لای یونانیەکان و ڕۆمانەکان بە (کاردسۆی، کاردخۆی، کاردوک، کردوکی، کردوخی، کوردویکای) ناوی هاتووە.

٤ ـ لای ئێرانیەکان بە ناوی (کورتیوی، سبیرتی، کورداها) ناوی هاتووە.

٥ ـ لای ئەرمەنیەکان ـ کورد بەناوی (کوردونین، کوردچیخ، کورتیـخ، کرخی، کورخـی ناوی هاتووە (بەلاّم باسیل نیکتین لە کتێبەکەیدا کورد /سەرچاوە /٥٤وتوویەتی کـورد لای ئەرمەنیەکان بە (کیردوخ) نـاوی هاتووە).

٦ ـ لای عەرەبەکان، بە پێی کتێبە ئیسلامیەکان، نـاوی کورد بە (کردی، کـاردوی، باکـاردا، کارتـاویە، جـودی، جـوردی) هـاتووە (باسـیل نیکتـین وتوویـەتی کـورد لای عەرەبەکان بە (بکرادە)ش ناوی هاتووە).

دەربارەی جیاوازی ئـەو دووناوە، تەنـها هـەر مـن نـا (ئـەمین زەکـی) بـەلکو زۆربـەی شـارەزایان و پسـپۆڕان و ڕۆژهەلاّتناسـانی وەکـوو : درایفـر، نولدکـی، هاوفمان، هات، سپایزر، ئەمانە هەموویان وتوویانە ئەو ناوانە هـەموویان بەشـێك بوون لە شەعبی کـوردو ئـەبێ ئـەوەش بخرێتـە پێش چاو گۆڕینـی نـاوی شـارو وڵاتو میللەتێك بۆ ناوێکیتر زۆر شتێکی ئاساییەو تەنـها هـەر لـە گۆڕینـی نـاوی کوردا رووی نەداوەو بۆ نموونـە : عربـەکان ئـەڵێن (بندقیـە)، لـەکاتێکدا میللەتـە لاتینیەکان بەوشارە دەڵێن (ڤینیسیا)و تورکەکان پێی دەڵێن (وەندیك) کـە لـە راستیدا هەریسێ ناوەکەش هەرهی شوێنێکە)).

ئەمین زەکـی لـە کۆتـایی ئـەو باسـەیدا وتوویـەتی :((بـەڵێ پێویسـتە لەسـەر میللـەتی کـورد وەکـوو وەفاداریـیـەك سوپاسـی مامۆسـتای بـەڕێز (دوکتـۆر سپایزر)بکات بۆ ئـەو کتێبـە بەنرخـەی لەسـاڵی ١٩٣٠دا لـە (بوسـطن) بـەناوی (شەعبەکانی مابین النهرین)ەوە چاپی کردووەو بەو کتێبە بەنرخەی ئەو تارمایی لەسەر رووی مێژووی کورد لابردو ئەو تاریکاییەی رەواندەوەو گەلێك بەڵگەی زۆر بەنرخو پڕلە زانیاری دەستنیشانکردووەو توانیویەتی بیچەسپێنێت میللەتی کورد بەرەگەز دەچنەوە سەر زنجیرە شەعبی (گوتو ـ کوردی ـ جودی) کە لە مێژووی زۆر کۆندا ناویانگی تەواوی هەیە)).

لام وایە وەکوو چۆن ئەمین زەکی داوای لە میللەتی کـورد کـردووە سوپاسـی ئەو زانا بەرزە بکا، ئەوەی کـوردی ئیمـڕۆو دواڕۆژیش پێویسـتە سوپاسـگوزاری مێژوونووس و مێژووناس و لێکۆلەرەوەی بەناوبانگی کورد، مامۆستا ئەمین زەکـی بێ بۆ ئەو هەموو هەوڵو کۆششـەی دابـووی بـۆ روونکردنـەوەی مێـژووی کـوردو، لەگەڵ ئەوەشدا ساتی خۆی ئەو باسەی ئامادەکردبوو هەمووی سـوتابوو، بـەلاّم

ئەو هەرکوڵی نەداو بۆ جاری دوهەم دەستی کردەوە بە کـارە پیرۆزەکـەی و ئـەم بەرهەمە بەنرخـەی پێشکەشـی میللەتەکـەی خـۆی کـردووە بـۆ ئـەوەی قوڕێکـی خەست بدرێ بە دەموچاوی ئـەو دوژمنانـەی کـورد بێووچـان تەقـەلای ئـەوەیان داوە کورد وەکوو میللەتی بێڕەگەزو بێ ڕابردوو بخەنە پێش چاو.

بێجگە لەو باسە گرنگانەی ئەمین زەکـی و مینۆرسـکی و سێر سـدنی سمیـث، گەلێك نووسەری تری ئەورووپایی و عەرەب و فارس و تـورك هەریەکـەیان بـەجۆرێك باسی مێژووی کوردیان کردووە. هەوڵئەدەین کورتەو پوختەی بۆچوونـی هـەندێ لەو نووسەرانەش بخەینە پێش چاو:

لە لاپەڕە /٢٢٥ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی ژمارە /٨ ـ سەرچاوە/٧٤ باسـێکی تیادا بلاّوکراوەتەوە لە زمانی ئیتاڵیەوە کراوە بە کوردی کە ئەو باسە بە ئیتـاڵی لـە سـاڵی ١٩٧٨دا لـە گۆڤـاری (ڕۆژهـەلاّتی تـازە)ی ژمـارە / ١١، لەلایـەن ژنـە ئیتاڵیەکـەوە (Mirella Galleti) بلاّوکراوەتــەوە لـەژێرناوی (کوردســتان لـە سەرچاوە ئیتاڵیەکانا، لە سەدەکانی (١٣هەتا١٩) لەو باسەیدا وتوویەتی:

(ساتێك زینفون لە ساڵی ٤٠١ ی پێش زایین بـە خـۆی و دەهـەزار سەربازەوە شـکاو بـەناوخاکی کوردسـتاندا پاشەکشـەی کـرد، لــەو کتێبــەیدا بــەناوی (ئاناباسیس) بلاّوی کردۆتەوە، لەوەدا ناوی کوردی بە (carduchi) نـاو بـردوە، بـەلاّم (بولیبـوس) لـە سـاڵی ٢٠٠یـا ٢١٠ی زاینـدا لــە کتێبەکـەیدا :(polibus Historiae. V,52,5) کوردەکـانی بـە نـاوی (cirti) نـاویردوەو (سـترابون) لــە ساڵی ٦٤ ـ ٦٣ی پێش زایندا لەو نەخشە جوگرافیایـەی بـلاّوی کردۆتـەوە نـاوی کوردی بە (Kyrtioi) ناویردوە (بەلاّم بلـەچ شـیرکوە لـە کتێبەکـەیدا سـەرچاوە /٦٠ وتویـە سـترابوون (کەبـە ئیسـترابون نـاوی بردوە)، لـە کتێبەکـەیدا کـوردی بە(Gutu گوتو) ناویردوە).

ژنە ئیتاڵیەکە لە باسەکەیدا، سەرچاوە/٧٤ وتوویـەتی : (titus livius) لـەو کتێبـەیدا لـە سـاڵی ٥٩/ی پێش زایین نوسـراوەو لـە ڕۆمـا چاپکراوە، کــوردی بە(cirti سیرتی) وەیا بە (Elimei) ناویردوە، بەلاّم هەمان نووسەر لە کتێبێکـی تردا ـ کتێبی ژمارە /٤٢، لەوەدا کوردی بە (Kirti) ناویردوە.

دەرچوونی کتێبەکەی زینفون بوویە هۆی بڵاوبوونەوەی ناوبانگی کوردو لەوە دواوە چۆن لە نزیك شاری (زاخۆ)ی ئێستادا تووشی ئەو کوردە کێوییانە بوّتەوە کە پەلاماری هێزەکەیان دابوو وهەموو جۆرە ڕێبازێکی شەڕی چەتەگەرییان دژی کردبوو بەتەواوەتی بێزارو هەراسانیان کردبوو ئەوەندە گورج وگۆڵو لەش سووك بوون و خۆیان نەداوە بە دەستەوەو خۆیان دەربازکردووە، لەکاتێکدا هەموو چەکەکانیشیان بریتی بووە لە تیروکەوان کە تیرەکانیان بە درێژایی دووبالّ دەبوون و ئەوەندە کاریگەر بوون قەڵغانیان دەسمی و کونیان دەکردو، وەختێکیش لە کوردستان ڕزگارمان بوو هەناسەیەکی شادمانی و خۆشیمان هەڵکێشا کە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژی بیّ وچان پەلاماریان ئەدایىن کە بە وڵاتەکەی خۆیان دەوت (کاردوکی).

ژنە نووسەرە ئیتاڵیەکە ئاماژەی بۆ هەندیّ سەرچاوەی مێژوویی کردووە وەکوو کتێبەکەی (ابن خلدون) بەناوی (العبر) کە لە لاپەڕە/٤٦١ی جلدی دوهەم و لاپەڕە /٤١٣ی جلدی سیّهەمدا باسی مەغۆلەکانی کردووە چۆن کوردە موسوڵمانەکانیان تالاّنکردووەو کوشتاریکی زۆریان لیّ کردبوون و لە ئەنجامیا هەندیّ لە عەشیرەتەکانی کورد بەناچاری ڕوویانکردبووە میصرو سوریاو جزائر.

بێجگە لە کتێبەی ابن خلدون (میریلا گالیتی) ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (فون مولتکی) کردووە کە جەنراڵێکی پرووسیی بەکرێگیراو بووە لەناو سوپای عوسمانیدا و کاروباری ڕێکخستنی هێزەکانی تورکی پیّ سپێردراوەو بەشدار بووە لە هێرشەکانی سوپای عوسمانی بۆ سەر کوردستان (لەبەشی هەڵوەشانەوەی ئەمارەتەکانی باکووری کوردستاندا لە باسی هەڵوەشانەوەی ئەمارەتی بۆتاندا باسی مولتکە دەکرێت چۆن لە سوپای عوسمانیدا دژی کورد کاری کردووە).

میریلا گالیتی لە لاپەڕە /٢٥٦ی کتێبەکەیدا باسی (مارکۆپۆلۆ)ی کردووەو وتوویەتی شارەزاییەکی زۆری هەبووە دەربارەی چیاکانی کوردستان و وتوویەتی کوردەکان میللەتێکی شەڕکەرو ماتن و وڵاتەکەیان جیاوازە لە وڵاتی فارس (لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونەی مارکۆپۆلۆ لەگەلّ بۆچوونی ژمارەیەکی زۆری گەڕیدەی تر کەبە کوردستانا گەڕاون یەك ناگرێتەوە کە کوردیان بە میللەتی ڕووخۆش و حەز بە گاڵتەو گەپو شیعرو فۆلکلۆر باسکردووە وەکوو لە باسەکانی داهاتوودا و

له شوێنی خۆیدا سەرنجی ژمارەیەکی زۆر لـە گـەڕیدەکان لـەو ڕوەوە دەکەوێتـە بەرچاو).

نووسەری سەرچاوە /٧٤ باسی گەڕیدەیـەکی ئیتـالیی تـری کـردووە کـەناوی (ڕێکولدو دامونتیکروجی) بووە کە لە نێوانی ساڵانی ١٢٤٢ ـ ١٣٢٠ زاینیدا ژیاوە لە کتێبەکەیدا کە لە (ڕۆما) چاپکراوە وتوویەتی :(curtorum ـ مەبەستی کـورد بووە) زۆر حەز لـە شـەڕ دەکـەن‌و دڕترین شـەعبە لەوهـەموو ناوچانـەی پیایانا گەڕاوە)).

سریا بدرخـان لـە سـەرچاوە /٧٩دا ئامـاژەی بـۆ کتێبەکـەی (هـیرۆدۆتس) کردووە کە بە نەتەوەیەکی شەڕکەر ناوی بردوون کە بـە (کەردەکـە carduoues) ناوی بردوەو وتوویەتی کوردەکان بەخۆیان وتووە (Gutus) کە مانای شەڕکەری گرتوتەوە.

سریا بدرخان لە باسـەکەیدا وتوویـەتی : بەرلـە هـاتنی ئیسلام، لـە سـەدەی شەشەمی پێش زایندا، کوردەکان بە سـەرکردایەتی (Gootenza گوتـانزا) کـە سـەرۆکی عەشـیرەتی (Gouren‌ـ گـوران) بـووە حکومـەتێکیان پێکـەوەنا لـە تەورێزەوە هەتا کرمانشاە دەستی ئەڕۆی‌و دەسەلاتدار بووە، بەلام دوای ئەوەی ئاینی ئیسلام لە سەدەی حەوتەم‌و هەشتەمی زایندا بلاویبووەوە، ئیتر کورد نـەك تەنها دەسەلاتی سیاسی خۆی لەکیس چوو، بـەلکو وازی لـە ئاینەکـەی خۆیشـی هێنا (مەبەست زەردەشت بووە)و چوەسەر ئاینی ئیسـلام تەنـها (یزیدی)یـەکان لەسەر ئاینی خۆیان مانـەوە کـە زەردەشـتی بـوون (Zaroazre Vien).(بـەلام بەداخەوە سریا بدرخان نەیوتووە ئەمەی لە چ سەرچاوەیەکەوە وەرگرتووە).

دوکتۆر ئەحمەد عوسمان لەو باسەیدا لە گۆڤاری کۆری زانیـاریدا، سـەرچاوە /٧٢، ئامـاژەی بۆ کتێبەکـەی (درایفـر) کـردووە (The name Kurd and philogical) کـە درایفر وتوویـەتی لای وایـە ووشـەی کـورد لـە بنـەڕەتدا لـە فارسیەوە هاتووەو لەوانەشە هاوبەش بێت لەگەڵ ووشەی (Gordo)ی بابلیدا کە مانـای ئـازاو شـەڕکەر بـووە بـە زمـانی بـابلی‌و وشـەی بابلیـە لـە فارسـەکانەوە گەیشتوە بە عەرەبەکان.

(لام وایە بۆ ئەو بۆچوونەی درایڤر کە دوکتۆر ئەحمەد عوسمان باسی کردووە لەگەڵ بۆچوونێکی تری درایڤردا یەك ناگرێتەوە کە بەرلەمە لە باسەکەی ئەمین زەکیدا ئاماژەی بۆ باسێکی درایڤر کردووە کە وتوویەتی:
ووشەکانی کاردا، کاردوخی، کورتوخی، گورتی، کاردیاك، سیرتی، کیرتی، گوردیای.. و ئەوانی تر هەموویان هەر یەك مانا دەگرنەوە کە زینفون باسی کردووەو ئەمە دەری دەخا پەیوەندیەکی زۆر بەهێز هەیە لە نێوان ووشەی کوردی ئێستەو (کورتی) کۆنو بەپێی ئەو بۆچوونە ووشەی (Gordo) نابێ ووشەیەکی بابلی بووبێتو لە بنەڕەتدا فارسیش بووبێت).
دوکتۆر ئەحمەد عوسمان لەوە دواوە وەکوو چۆن عەرەبەکان بە شەعبی (فارس)یان وتووە (فرس)، بەوجۆرەش ووشەی (گورد)یش کە مانای شەرکەرو ئازا دەگەیەنێت کراوە بە کوردو لەوانەشە ووشەی (کورد) لە (کاردا)ی بابلیەوە وەرگیرابێت.
ابن الاثیر لە کتێبەکەیدا (الکامل في التأریخ)لە لاپەڕە ٩٣ی‌داو طبری لە لاپەڕە /٢٦٢ی کتێبەکەی (تأریخ الرسل و الملوك)هەردوکیان باسی ئەوەیان کردووە کە ساتێك (نمرود)و تاقمەکەی ویستبویان ئیبراهیم پێغەمبەر بسووتێنن، ئەوی فەرمانی سووتانەکەی دەرکردبوو ناوی (هیزن)بووەو لە دەمی (شعیب الجبلی)یەوە بیستویەتی گوایە ئەو هیزنە کورد بووە.
طبری لە لاپەڕە /٨١٧ی هەمان کتێبا وتوویەتی (ئەردەشێر بابك) نامەیەکی‌لە (ئەردەوان)ەوە پێگەیشتبوو، ئەردەشێر خەڵکی کۆکردبووەوەو ئەو نامەیەی بۆ خوێندبوونەوە کە ئەردەوان بە ئەردەشێری ووتبوو: ((ئەی دانیشتوانی ناو ڕەشماڵی کورد تۆ لە ڕەوشتی خۆت لاتداوەو بە دەستی خۆت بۆ مردنی خۆت دەگەڕێی، ئایا کێ ڕێگەی بەتۆ داوە ئەو تاجە بکەیتە سەرتو ئەو وڵاتە بخەیتە ژێر دەستی خۆتەوە؟)).

* * *

دوکتۆر ئەحمەد عەسمان دەربارەی ئەو نامەیەی ئەردەوان بۆ ئەردەشێری ناردوە، وتوویەتی دەبێ ئەردەشێری بابکی دامەزرێنەری دەوڵەتی (ساسان) کورد بووبێتو لە ئەنجامی ئەو نامەیەدا ئەردەشێر دژی ئەردەوانی پێنجەمی

ملکی (ئەشکانی) یاخی بووەو شەڕی لەگەڵ کردووەو لە ساڵی ٢٢٤ی زایندا بەسەریا سەرکەوتووە.

(طبری)ش لە کتێبەکەیدا وتوویەتی : ساتێك (بهرام چوبین) دژی (کسری دوهەمی) مەلیکی ساسانی ڕاپەڕیبوو، کسری لە دەورو پشتەکەی خۆی پرسیبوی ئاخۆ ئەو (بهرام)ە کێیە؟ لە وەرامدا پێیان وتوبوو برایەکی هەیە ناوی (کورد)ە کە هێشتا دڵسۆزو لایەنگری (ئەبرۆین)ە.

دینوری لە لاپەڕە /١٦١ی کتێبەکەیدا (الأخبار الطوال)کە بۆ باسی باوو باپیرانی شاکانی ئێرانی تەرخانکردووە وتوویەتی:((شیاوس (لەناو کوردا بە سیاوەحش بەناوبانگە) کوڕی کیکاوسی کوڕی قوباد ڕایکردو چوە ناو وڵاتی تورکەوە کچی مەلیکی تورکی مارە کرد، زۆری پێنەچوو ئەو مەلیکە زاواکەی خۆی کوشت (کە مەبەست شیاوسە)و کچەکەی خۆیشی بە سکی پڕەوە لە ترسی باوکی خۆی دەربازکردو منداڵێکی بوو ناوی نرا (کەیخسرەو)، لەناو چیاکانی کوردا ئەو کوڕە گەورەو پەروەردە بوو)).(ئەو شیاوسە کە لە ناو کوردا بە سیاوەحش بەناوبانگەو ئەوتریێ بوو بە خوێنی شیاوەحش مەبەست ئەوەیە بەکوشتنی سیاوس ئەو ناکۆکیە نەکوژایەوەو درێژەی کێشا).

دوکتۆر جەمال نەبەز لە لاپەڕە /١٠ی کتێبەکەیدا سەرچاوە /٩٤ بەرپەرچی ئەوجۆرە بۆچوونانەی داوەتەوە هەروەکوو چۆن ئەمین زەکی ئەوجۆرە باسانەی لەو سەرچاوە عربیانەدا بڵاوکراونەتەوە بەجۆرە ئەفسانەیەکی لەقەڵەم داوە، دوکتۆر جمالیش لەو سەرچاوەیەوە بەرپەرچی هەندێ لەو یاسایانەی داوەتەوە کە یەکێکی وەکوو (مسعودی)و لە(التنبیە و الأشراف)دا بنەچەو رچەڵەکی کوردی بردۆتەوە سەر عەرەبو لە کتێبێکی تریشدا (مروج الذهب ومعادن الجوهر) بنەو ڕچەلەکی کوردی بردۆتەوە سەر ئەو گەنجانەی لە ترسی سەربڕینو مێشك دەرهێنانی ئەژدەهاکەوە، بەهۆی دوو چێشتکەری خێرخوای (زوحاك — ئەژدەهاك)ەوە دەربازبوونو دابوویانە کەژوکێو.

فیردوسی لەو شانامەیەی لەلایەن (Joonnes Augustusvullers)ەوە بڵاوکراوەتەوە، لە هەڵبەستی ٣٧ و ٣٨دا بەم دوو دێڕە شیعرە باسی کوردی کردووە:

کنون کرد زآن تخمه دارد نژاد | کز آباد نیاید بدل برش یاد
بود خانهاشان سراسر پلاس | ندارند دردل زیزدان هراس

دوکتۆر جمال نەبەز بێجگە لەو سەرچاوەیەی پێشووی، لە کتێبێکی تریا سەرچاوە /٣١، لاپەڕە /٣٧یدا چەند نموونەیەکی هێناوەتەوە بۆ ئەوانەی بە نیازێکی ناپاکیو نەزانیو بە هاندانو ڕاسپاردەی دوژمنانی کورد شتیان نوسیوە دەربارەی کوردو ڕەگەزی کورد کە ئەمەی خوارەوەی کردووە بە یەکێك لەو نموونانە کە وتوویەتی:

((مامۆستایەکی ئەڵمانی پێی ووتم : کوردەکان درندەو سەرەتایینو بێ مێژوو وبێ کولتوورنو ئەم ڕاستیەم کاتێك بۆ روون بووەوە لە ئەستەمبوڵ دۆستە تورکەکانم زۆریشیان دەربارەی کورد بۆ گێڕاومەتەوەو ساتێك منیش (دوکتۆر جمال)لیم پرسی : ئایا هیچ کاتێك خۆی بە زمانو ویژەی کوردەوە خەریك کردووە؟ لە وەڕامدا پێی ووتم ئارەزووی شتیوا ناکەم.... ساتێك لە مامۆستا ئەڵمانیەکەم پرسی ئەوەی لە دۆستە تورکیەوە بیستویەتی چیبووە؟ لە وەڕامدا وتی : خۆ شتەکە ئاشکرایە کە هەموو کورد هەر جەردەو قاچاخچیی حەشیشەن!!)).

دوکتۆر جمال لە باسەکەیدا دەپرسیو دەڵێ : تۆ بڵێی ئەم کابرا ئەکادیمیە هێندە نەفام بێتو نەزانێ لە هەموو دنیادا نەتەوەیەك نیە بێ مێژوو بێت؟ هەتا قەرەجو هیندیە سوورەکانیش مێژووی خۆیان هەیە... تۆ بڵێی ئەم کابرایە باوەڕ بەوەمنەکا ئێمەی کورد ویژەیەکی خەملاوو گەشە کردوو، مۆسیقایەکی شیرینو هونەرێکی میللی پێشکەوتوومان هەیە؟ تۆ بڵێی ئەم کابرایە لەوە نەگەیشتبێت چەتەگەرییەکی یەکە یەکەو لێرەو لەوێی سەدەکانی ڕابوردوو نابێ بکرێ بە پێوانەو پێناسەی ڕەوشتو خووی میللەتێك لەم سەدەیەدا؟

ئەگەر جەنابی پرۆفیسۆر لە بانك برینو پەلاماردانو دەستدرێژی کردن بۆ سەر ژنانو کوشتنو رووتکردنەوەو بازرگانێتی تلیاکی ڕۆژانەی وڵاتەکەی بێخەبەرە، باش وایە تەنها جارێك ڕۆژنامەکانی (Bildzeitung) و (Abendzeitung) یا (Morgen post)ی برلینی بخوێنێتەوە وەکوو ئەوەی لە مانگی ئابی /١٩٧١دا چۆن ڕۆژنامەکان بڵاویان کردبووەوە تاقمێکی بانك بڕ لە

شاری میونیخ هەموو دانیشتوانی شارەکەیان تۆقاندبوو، ئەگەر ئەم راستیانە لای جەنابی پروفیسۆر ئاشکرا نین و سەریان لیٚ دەرناکا، دیارە شایانی ئەوە نیە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتاییش بێت چ جای زانستگە.

دوکتۆر جمال لە لاپەرە / ٣٩ی هەمان سەرچاوەدا نموونەی پێچەوانەی ئەوەی پێشووی باسکردووە کە ساتێك (Herbert Rittinger) ویستبوی بچێت بۆ کوردستان، رۆژهەلاٚتناسێك نەسیحەتی کردبوو نەچێت چونکە کوردەکان زۆر سەرەتایین بەلاٚم ئەو ترس دای نەگرت و ساتێك گەرایەوە گەشتنامەکەی گەواهێکی تر بوو باسەکەی قورێك بوو سووی بەدەمی ئەوانەدا بوختانیان بۆ کورد دەکرد.

دوکتۆر جمال نەبەز لەو باسەیدا بەرپەرچی بۆچوونە بیٚ بنج و بناوانەکانی دوکتۆر مکنزیشی داوەتەوەو لە کۆتاییدا وتوویەتی : دوژمنان زۆرن... راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ... دەی سا چیبکەین...؟ واز لە کوردایەتی خۆمان بێنین و خۆمان بتوێنینەوە ؟ کۆلٚ بدەین و واز لەو داوایەمان بێنین کە ئێمەش نەتەوەیەکین و مافی خۆمان هەیەو دەمانەوێ ئازادانەو بە سەربەستی بژین، یان هەر بە دیلی و نۆکەری وەکوو مرۆڤی دەرەجە دوو بژین هەروەکوو رۆژنامەنووسی ئەلمانی (Rolf w. Schloss) بیٚ شەرمانە پێشنیازمان بۆ دەکا؟!

بەشی دوهەم

(کوردستان بەشێوەیەکی گشتیو باکووری کوردستان بەتایبەتی)


أ ـ جوگرافیای کوردستانو ڕوو پێوانەی کوردستان.

ب ـ سەرژمێری کوردو عەشیرەتەکانی باکووری کوردستان.


ج ـ زمانی کوردیو شێوەکانی.

د ـ ئاینی کورد.

ه ـ ڕەوشتی کورد.



نەخشەی کوردستان



نەخشەی کوردستان

أ ـ جوگرافیاو ڕوو پێوانەی کوردستان :

دەربارەی جوگرافیای کوردستان و ڕووپێوانە (مساحە)ی کوردستان کێشەیەکی زۆر هەیەو داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە تەقەلای ئەوەیان داوە لە هیچ کتێب و نەخشەیەکی جیهاندا باسی کوردو نەخشەی کوردستانی تیادا ناونەبرێت و گەلێك سەرچاوەش بەبیانووی ئەوەی کورد لەناو خاکی خۆیدا نەخشەیەکی سیاسی نیەو هەرپارچەی بە بەشێك دەژمێردرێت لە خاکی ئەو وڵاتانەی دەستیان بەسەر ئەو بەشەی کوردستاندا گرتووە باسی نەخشەی کوردستانی پشت گوێ خستوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەرو زاناو لێکۆڵەرەوەی بێگانەی واش هەبووەو هەیە تەقەلاکانی دوژمنی کورد کاری تێنەکردون و هەریەکەیان بە پێی شارەزابوونی خۆی دەربارەی جوگرافیای کوردستان دواوەو بەرپەرچی ئەو درۆو دەلەسانەیان داوەتەوە کە دژی کورد بڵاوکراوەتەوە.

لەم باسەدا هەوڵ ئەدەم لەو سەرچاوانە بدوێم بە شێوەیەکی زانیاریانە باسی جوگرافیای کوردستانیان کردووە، کە بێگومان ناتوانرێ باسی جوگرافیای باکووری کوردستان لە هەموو جوگرافیای کوردستان جیا بکرێتەوە:

باسیل نیکتین لە کتێبەکەیدا سەرچاوە /٥٤ دەربارەی جوگرافیای کوردستان وتوویەتی : کوردستان لە باکوورەوە ناوچەکانی ئازربایجان و لە ڕۆژئاوایدا عراقی عربی و لە باشووریدا خوزستان و لە ڕۆژهەڵاتیا عراقی فارسی بووە بەپێی کتێبەکەی (قزوینی) کە (نزهة القلوب)ە، چاپی ساڵی ٧٤٠ی کۆچی، وتوویەتی لە سەدەی چوارەمی زایندا کوردستان بریتی بوو لە (١٦) قەزای ئیداری و هەموو مێژوو نووسەکان لەسەر ئەوەن ئەو ووشەی کوردستانی فارسی یە هەرئەوەیە عەرەبەکان پێیان ووتووە (مقاطعة الجبال)، بەڵام بەشەکەی کوردستانی ئیمرۆ کەوتۆتە ناو چوارچێوەی سنووری تورکیاو عراقەوە. لەدوای هاتنی مەغۆلەکان و هێرش بردنیان بۆ سەر کوردستان، کوردستانی ئێران مایەوە سەر ناوچە شاخاویەکان و پاش ئەوە فارسەکان همدان و لورستانیان خستەژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو مایەوە سەر (ئەردەڵان) کە پایتەختەکەی (سنندج ـ سنە) بووە.

له کۆتایی سەدەی حەڤدەهەمدا عوسمانیەکان ووشەی کوردستانی تورکیایان بە یەکێك لە ویلایەتەکان ناویردوە کە (درسیم)و لیوای (موش)و دیاربکر بووە.بەڵام ئیمڕۆ کورد لەناو خاکێکی فراوانا دەژی کە لەنزیك بغدادەوە دەس پێدەکاتو لە دەورویەری (مندلی)یەوە بە درێژایی سنووری ئێرانو عراق بەرەو باکور دەچێتو بەناو خاکی ئێرانو تورکیادا دەڕوا هەتا دەگاتە چیای (ئارارات).

ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە /٣٢دا ئامـاژەی بـۆ نەخشـە جوگرافیاییەکەی (مارك سایکس) کردووەو وتوویەتی بە پێی یاداشتەکەی (سن مارتن) باسی ولاتی (کوردوئین) کراوە کە (کوردچیخ)یشی پێ وتراوە کە بەزمانی ئەرمەنی مانای خاکی کورد دەگرێتەوەو بە زمانی (چرکسی)یشی پێی وتراوە (کرد چیکو) کە کەوتۆتە نێوان ناوچەی (واسپورکان — وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی محمد علی عونی وتوویەتی واسپورکان ناوچەیەکی ئەرمەنی بووە)و لە خوارویدا ناوچەی ئاشور بووە.

بەڵام لە کتێبی (مێژووی ڕۆژهەڵاتی کۆن)دا نوسینی (نورمان) وتراوە شوێنی کورد لە خلیجی فارسەوە هەتا دەریاچەی (قزوین)ە.

لێکۆڵەرەوەی بەناوبانگ (مستر Lestrange) لە کتێبەکەیدا (The loads of the Eastern caliphate) چاپی لندن ساڵی١٩٠٥ وتوویەتی ولاتی کورد لە پێنج ناوچە پێك هاتووە : خوزستان ، شاخەکان ، عراق، ئەران (موکان — موقان)و ئازربایجان. ئەمین زەکی لە باسەکەیدا وتوویەتی ووشـەی کوردسـتان بۆ یەکەم جار لەلایەن سەلجووقیەکانەوە بەکارهێنراوەو چوارچێوەی سنوری کوردستان بە پێی دەسەڵاتی داگیرکەران کەمو زیادی کردووە.

بە پێی کتێبی (نزهة القلوب في المسالك والممالك)ی (حمدالله المستوفي) مێژووناسی بەناوبانگ لەو کتێبە فارسیەیدا وتوویەتی شاری (بەهار) کە هەشت میل لە همدانەوە دوورە پایتەختی مقاطعەی کوردستان بووەو لە دواییشدا شاری (سلطان ئاباد) کراوە بە پایتەختی (لە پـەراوێزی لاپەڕە /٥ی کتێبەکەدا وتراوە سوڵتان ئاباد چم چماڵی ئێستە بووە.

بە پێی کتێبەکەی حمدالله المستوفي کوردستان بریتی بووە لە (١٦ ناوچە)، کە وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەڕە /٦ی کتێبەکەی ئەمین

زەکی‌دا ناوەکانی ئەو ناوچانەی بەم جۆرە ناو بردوە :(ئالانی، ئالیشتار، بهار، خفتیان، دربندی تاج خاتون، دربندی زنکی، داریـیرلو، یزییـل- وتوویـەتی راستیەکەی زبیل بووە، دینور، سلطان ئاباد، شهرزور، کرمنشاە، کرندو خوشان، کنکور، ماهی دشت، واسطام ـ بهستون).

ئەوی لەو پەراوێزەدا دەری ئەخا ئەو ناوچانە بریتی بوون لەوانەی رۆژهەڵاتو باشووری کوردستاندا بوونو ئاماژە بۆ ناوچەکانی باکور نەکراوە لەگەڵ ئەوەی (میستر Lestrange)یش یەك ناگرێتەوە کە باسی پێنج ناوچەی کردووە.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە / ٩ی کتێبەکەیدا دوبارە باسی ئەوەی کردووە کە سنوری کوردستان بەپێی دەسەڵاتی داگیرکەران گۆڕدراوەو بۆ نموونەی ئەوە وتوویەتی : بەر لە شەڕی قرم (لە نێوان عوسمانیو روسدا) کوردستان (مەبەستی ئەوەی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی بووە)بریتی بووە لە لیواکانی (وان، هەکاری، بایزیدو موصل) بەڵام دوای ئەو شەڕە ئەو ناوچانە بەسرانەوە بە (ئەرزڕۆم)ەوە.

ئەگەر لە زەمانی عوسمانیدا هێڵێك بکێشرایە کە لە (قارص)ەوە دەستی پێ بکرایەو بە ئەرزڕۆمو ئەرزنجانو دەرسیمو خربوطدا بڕۆشتایە تا دەگەیشتە دیاربکرو لەوێوە بە درێژایی روباری دجلە بڕۆشتایە هەتا (جبل حمرین)، دەتوانرا ئەوە بە هێڵی رۆژئاوای کوردستاندا دابنرێت.

ئەولیا چلبی لە گەشتەکەی ساڵی ١٠٦٥ی کۆچیدا /سەرچاوە /٥١ ولاتی ئەرزڕۆم (ئەرزن ڕۆم)ی بە سنوری باکوری کوردستان داناوە کە لە وێوە بە شارەکانی: وان، هەکاری، جزیرە، عمادیە، درتنگ تێپەڕ دەکات تا دەگەیتە بصرە کە درێژاییەکەی (٧٠) قۆناغو پانتاییەکەی لەوە کەمتر بووە.

دوکتۆر جەمال نەبەز لە لاپەڕە / ١٧ی سەرچاوە/ ٩٤دا وتوویەتی:((بەلای کەمەوە لە سەدەی دوازدەهەمدا لە لایەن سوڵتان (سنجەر)ی سلجوقیەوە بە شێوەیەکی رەسمی دان بە بوونی نیشتمانی کوردا نراوەو ناوی کوردستان بە درێژایی سەدەکانی ١٦ـ٢٠ لە ئەدەبیاتی سیاسیو ناسیاسیی دەوڵەتی قاجاریو عوسمانیو قەیسەری روسیاو ئەوروپای رۆژئاوادا ناوی هاتووەو لە سەدەی شازدە بە دواوە چەند نەخشەیەکی کوردستان لەلایەن ئەوروپیەکانەوە

کێشراوە کە یەکێك لەوانە ئەو نەخشەیە لەلایەن (A. lafvreri) ی ئیتاڵیەوە لە ساڵی ١٥٦١ داو نەخشەیەکی تر لە سەدەی حەفدەدا لەلایەن جوگرافیا زانی فەرەنسی (Guillau Mede La Croyere) کە لە نێوان ساڵانی ١٦٧٥ — ١٧٢٦ دا ژیاوە کێشراوەو ووشەی کوردستان لەلایەن دیپلۆماتو گەشتوەرەکانی ئەوروپاوە لە سەدەی شازدەهەمەوە بەکار هێنراوە.

کوردستانی ئیمڕۆ بە نیشتمانێك دادەنرێت کە زمانو کلتوری تایبەتی خۆی هەیە، بۆ وێنە لەو داخوازیەدا کە دوو سناتوری بەلجیکی (خانم Ven Puymbroeck) و (P. Ven Roye) لە ١٩٨٥/٧/١٧دا دابویان بە حکومەتی بەلجیکا بۆ ئەوەی دەسدرێژی کردنی رژێمی تورك بەرامبەر کورد بخرێتە بەرچاوو سنورێك دابنرێت بۆ ئەو دەستدرێژی کردنە، لە پێشەکیی داخوازیەکانیانا دەربارەی کوردستان ووتویانە:((کوردستان وڵاتێکە لەسەر نەخشەی جیهان دەستنیشان نەکراوە، بەڵام لە رووی زمانو کلتورەوە بەیەکەوە بەستراوەو ژمارەی کورد نزیکی ٢٥ ملیۆن دەبێت. کوردستان دەکەوێتە ناوجەرگەی ئاسیای ناوەڕاستەوەو رەنگە بێشکەی شارستانێتی ئێمەش بێتو نزیکەی چوار هەزار ساڵێك دەبێ بەو ناوەوە یا بە ناوێکی ترەوە ناسراوە)).

مارسیلا گالیتی لە کتێبەکەیدا، سەرچاوە/٧٤ دەربارەی جوگرافیای کوردستان هەوڵی داوە وەکوو سەرچاوەکانی تر باسی هەندێ ئەمارەتی کوردی کردووە کە وتوویەتی کوردستان کراوە بە پێنج ئەمارەتی گەورەی ئیسلامیەوە کە لە ژێر دەسەلاتی (بابی عالی) دایەو هەندێکی تریش لە ژێر دەسەلاتی فارسیدایەو ئەوانەی ژێر دەسەلاتی بابی عالی بریتین لە : بدلیس، جزیرە — کەلای هەندێ لە شارەزایانی جوگرافیا بە مەملەکەتی (Bolimi — کە مەبەست جزیرەو بۆتانە) ناسراوە، ئەمارەتی عمادیە، ئەمارەتی جۆلەمێرگ، ئەمارەتی قەلاچوالان (مەبەستی بابان بووە) کە دەتوانرێ لەو ئەمارەتانە (١٢) هەزار چەکدار پێك بێت.(لام وایە ئەو کتێبەی سەرچاوە/٧٤ هەرچەندە وتراوە لە رۆما ساڵی ١٩٧٨ چاپکراوە، بەڵام وادیارە بەرلە ماوەیەکی زۆر نوسراوەو ئامادە کراوە بۆ بڵاوکردنەوە، چونکە باسی زۆر رووداوی تیادا کردووە بەر لە ساڵی ١٩٧٨رویداوە، جگە لەوە وادیارە زانیاریش دەربارەی ئەمارەتەکانی کورد

هەرئەوەندە بووە کە ناوی هێناونو گەلێك ئەمارەتی تریش هەبووە ناوی نەهێناون).

ماریلا گالیتی لە باسەکەیدا وتوویەتی کوردەکان لەناو خۆیانا لەسەر سەرکردایەتی نارێکنو یەك ناگرن. لە لاپەڕە/٢٩٠ی ئەو سەرچاوەدا ماریلا باسی گەڕیدەیەکی کردووە ناوی (Agostino March) بووەو لە نێوانی ١٨٠٥ ـــ ١٨٧٥دا ژیاوەو کتێبی دەرکردووە دەربارەی گرنگێتی کوردستان لەڕووی بازرگانیەوە (لام وایە ئەم سەرچاوەیە تاکە کتێبە کە باسی گرنگی کوردستانی کردبێت لە رووی ستراتیژی بازرگانیەوە) کە ووتویە:((لەدوای ئەوەی لە دەریادا رێگەی (رأس رجاء الصالح ـــ خواروی ئەفریقا) دۆزرایەوە، ئیتر بایەخدان بە کوردستان لە رووی رێگاویانی هاتوچۆکردنی بازرگانیەوە بەناو کوردستانا کەم بووەوە چونکە دوای ئەوە ئیتر پێویستی بەوە نەما ماڵی بازرگانی کە لە دەریای سپیەوە دەهات ناچاربێت بەناو خاکی کوردستانا بەولاغو کەرو ئێستر بگوێزرێتەوە بۆ رۆژهەلات)).

ماریلا گالیتی ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (جوزیب کامباتلی) کردووە بەناوی (مێژووی ناوچەکانی کوردستان) کە لە نێوان ساڵانی ١٧٦٢ ـــ ١٨٣٥دا ژیاوەو ئەو کتێبە لە ساڵی ١٨١٨ لەشاری (ناپولی) چاپکراوە کە بە یەکەم کتێب دەژمێرێت هەتا ئەو سەردەمەی ئەو کە هەموو کتێبەکەی تەنها بۆ کوردستان تەرخان کرابێت لەلایەن نووسەرێکی بێگانەوە.

دەربارەی جوگرافیای کوردستان، دریە محمد علی عونی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە /٣٥ ئاماژەی بۆ باسیکی (طبری) کردووە کە وتوویەتی هارون الرشید لە ساڵی ١٧٤ی کۆچیدا کە چۆتە (باقردی)و (بازبدی) لەوێ کۆشکێکی دروست کردووەو شاعیرێك دەربارەی ئەو کۆشکە وتوویەتی :

بقردى وبازبدى مصيف مربع وعذب يحاكي السبيل برودة
وبغداد ما بغداد أما ترابها فجمر وأمّا حرها فشديد

(لە راستیدا ئەو دوودێڕە نە لە کێشو نە لە قافیەدا لەگەڵ یەکتردا رێك ناکەونو دوریش نیە هەر دێڕە هی شیعرێکی جیاواز بووبێت) یاقوت الحموي لە (أبن الأثير)ەوە وەری گرتووە کە وتوویەتی ولاتی بقردا بەشێکە لە

ولاتی جزیرەی ابن عمر کە لە ٢٠٠ شارو دێهات پێك هاتووە. دریە محمد علی عونی ئەلی:

نیشتنەوەی کەشتی نوح لەسەر چیای جودی لە قورئاندا باسی کراوە: (واستقرت علی الجودي) دەربارەی ڕووپێوانەی (مساحە)ی کوردستان چەند سەرچاوەیەك باسیان کردووە.دریە محمد علی عونی ڕووپێوانەی کوردستان بە پتر لە (٥٠٠)هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی داناوەو وتوویەتی: (رامبو)ی کاتبی فرنسی ئەو ژمارەیەی بە (٥٣٠) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیی داناوە.

بەلاّم ولید حمدي الأعظمي لە کتێبەکەیدا سەرچاوە /٢٣ ڕووپێوانەی هەموو کوردستانی بە (٤٠٩٦٥٠)کیلۆمەتری چوارگۆشەیی داناوەو وتوویەتی لەو ژمارەیە (١٩٤٤٠٠) کیلۆمەتری لە باکووری کوردستاندایەو بەرزترین چیای کوردستان بریتیە لە چیای ئارارات کە لای کوردەکان بە چیای ئاگری بەناویانگەو لای ئەرمەنیەکان بە شوێنیکی زۆر پیرۆز دادەنرێتو پێی دەڵێن (ماسیس).

چیای ئارارات دەکرێ بەدوویەشەوە : ئاراراتی گەورەو ئاراراتی بچووكو بەرزترین لوتکەی دەگاتە (٥١٦٨)مەتر لە ئاراراتی گەورەدلو لە ئاراراتی بچووکدا بەرزترین لووتکەی (٣٩١٤)مترە بەلاّم عبدالرحمن قاسملو لەسەرچاوە /١٦دا بەرزایی چیای ئاراراتی بە (٥٢٢٨)مەتر داناوە وە لەدوای ئەو چیای (ڕەشکۆ)یە لەناوچەی (جیلو) کە بەرزاییەکەی (٤١٦٨) مەترەو بەرزایی ئاراراتی بچووك (٣٩٢٥) مترە کە جیاوازیەکی ئاشکرا هەیە لەگەلّ ئەوەی ولید حمدیدا.

دەربارەی گۆلەکانی باکووری کوردستان ولید حمدی باسی دوو گۆلی کردووە :یەکەم گۆلی (وان) کە بەرزاییەکەی لەژوور تەختایی دەریاوە بریتیە لە (١٧١٥)مەترو قولاّییەکەی (١٠٠)مەترو ئاوەکەی پڕە لە مادەی صۆداو بۆ خواردنەوە دەس نادلو ڕووپێوانەی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە (١٤٦٠)کیلۆمەتری چوارگۆشەیی.

گۆلی دوهەم وەکوو ولید حمدی باسی کردووە ناوی (کب)ە دەکەوێتە ژووری ئاراراتەوەو ئاوەکەی شیرینە چونکە لە توانەوەی بەفر پێك دێو سەوزایی و لەوەڕگایەکی زۆری بەدەورا هەیەو ڕووپێوانەکەی (١٥٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەییە.(دەربارەی گۆلی دوهەم کە ولید حمدی باسی کردووە، چاوم گێڕا

به نەخشەی باکووری کوردستاندا بەڵام ناوی (کب)م بەرچاونەکەوت بەڵکو گۆلێك هەیە بەناوی (Keban ـ کیبان) کە رەنگە مەبەستی ئەمە بێت).

ئەوی سەرنج ڕادەکێشیت لەوەی ولید حمدیدا دەربارەی ڕووپێوانەی گۆلی وان کە وتوویەتی بریتیە لە (١٤٦٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیی، لەوە ئەچێ هەڵەیەکی چاپەمەنی بێ، چونکە گۆلی وان ڕووپێوانەکەی لە هی (کب ـ کیبان) زۆر گەورەترە کە ئەمەی دوایی بە (١٥٠٠)کیلۆمەتر ژماردوەو ئەوی تر عبدالرحمن قاسملو لە کتێبەکەیدا دەربارەی ڕووپێوانەی (وان) کەبە (٣٧٦٥) کیلۆمەتری چوارگۆشەیی داناوە دەبێ ڕاستربێت لەوەی ولید حمدی.

دەربارەی ڕووپیوانی هەموو کوردستان عبدالرحمن قاسملو بە (٤٠٩٦٥٠) کیلۆمەتری چوارگۆشەیی داناوە کە بەقەد ڕووپێوانەی هەموو بەریتانیاو هۆڵندەو بلچیکاو سویسرەو دانیمارك زۆرترە. دەربارەی ڕووبارەکانی ناو خاکی کوردستان عبدالرحمن قاسملو باسی سێ ڕوباری کوردستانی کردووە :

١ـ ڕوباری ئاراس : بەناوچەی (بینگول)دا ئەڕواتو لە نێوانی سنوری تورکیاو روسیاو ئێراندا تێپەڕ دەکاتو تا دەگاتە دەریای (خزر ـ قزوین)و درێژایی ڕوبارەکە (٩٢٠) کیلۆمەترەو (٤٢٥) کیلۆمەتری بەناو خاکی کوردستاندا دەڕوا.

٢ـ ڕوباری دجلە : لە گۆلاوی (ئوغول ـ جوك) لەنێوان شاخی تورۆس، لە رۆژهەلاتی خواروییدا کە دەکەوێتە باکووری شاری دیار بکر هەڵدەقوڵێتو درێژاییەکەی (٦٠٠) کیلۆمەترەو (٤٠٠) کیلۆمەتری بەناو خاکی کوردستانا تێپەڕ دەکات.

٣ـ ڕوباری فرات : بەشێکی لە (دوملوتەپ) لە باکووری ئەرزرۆم هەڵدەقوڵێت کە ئەو بەشەی پێی دەڵێن (قرەصو). درێژاییەکەی ئەو بەشە (٤٦٠) کیلۆمەترەو بەشەکەی تری لە (ئالان داغ)ەوە هەڵدەقوڵێت کە درێژاییەکەی (٦١٥) کیلۆمەترەو هەردوو بەشەکەی لە باکووری رۆژئاوای شاری (ئەزیغ) یەك دەگرنو دەبنێ بە ڕوباری فرات.

دەربارەی یەکەم سەرچاوەیەك کە باسی جوگرافیای کوردستانو ڕووپێوانەی کوردستانی کردووە بریتیە لە کتێبی شرفنامەی بدلیسی کە دوکتۆر کمال مەزهەر لاپەڕە /٣٥ی سەرچاوە /٣٩دا وتوویەتی :((شرفخانی بدلیسی یەکەم

کەسە هەوڵی داوە بەشێوەیەکی دروستو بێ پێچو پەناو دەسکاریکردن سنووری کوردستان دیاری بکاتو بەرلەو، بەتایبەتی لە ڕۆژگاری سەلجووقیەکانا ووشەی کوردستان بەو مەڵبەندانە وتراوە کە کەوتبوونە نێوان ئازربایجانو لورستانو ڕۆژئاوای زنجیرە شاخەکانی زاگرۆسەوە، بەلاّم لە شرفنامەدا سنووری کوردستان لە (ملاطیە)وە دەس پێدەکاو لەسەر ڕۆخی خلیج (مەبەستی خلیجی فارس — عربیە) کۆتایی دێتو ئەم بۆچوونەی شرفنامە لەدەستنیشانکردنی جوگرافیاو سنووری کوردستاندا نیشانەی سەرەتای پەیدابوونی هەستی نەتەوایەتی بووە لەناو سەردارانی کوردا))۔

مێجر نۆیل لەگەشتەکەیدا، سەرچاوە / ٢٧۔ی، لە لاپەڕە /١٠یدا ناوی شوێنو ئەو گوندانەی لە باکووری کوردستاندا پیا گەڕاوە لەگەڵ ناو عەشیرەتەکانو سەرکردەکانی تومار کردووە کە لە بەشی دوای ئەمەدا باسی ئەو گەشتەی مێجر نۆیل ئەکەینو لە بەرگی دووەمیشدا هەندێ لەو باسەی کە پەیوەندی بە ڕووداوەکانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانیەوە بە دوورودرێژ باسی دەکەین۔

نۆیل لە گەشتەکەیدا دەربارەی ناوی شوێنو ناوچەکانی باکووری کوردستان بە پێی ئەو نەخشەیەی لەبەردەستدا بووە، وتوویەتی زۆربەی ناوەکان بریتین لە زاراوەی تورکی کە لە لایەن تورکەکانەوە ئامادەکراوە وەیا لەلایەن ئەو گەڕیدە ئەورووپیانەی بە کوردستانا گەڕاونو زمانی کوردییان نەزانیوەو وادیارە چەند پۆلیسێکی تورکیان لەگەلاّ بووەو ناوەکانیان بۆ کردوون بە تورکی و ئەوانیش بە پێی ئەوە تۆماریان کردووەو بەوجۆرە ناوە کوردیەکان گۆڕاون بە تورکی (مێجر نۆیل لە گەشتەکەیدا جەلادت بدرخانو کامرانی برایو ئەکرمی جمیل پاشای دیاریکری لە گەڵدا بووە)۔

لەڕاستیدا ئەوەی مێجر نۆیل باسی کردووە دەربارەی گۆڕینی ناوی شوێنو ناوچەکانو گوندەکانو عەشیرەتەکان، تەنها ئەمە هەر لە باکووری کوردستاندا ڕووی نەداوە بەڵکو لە ڕۆژهەلاّتو باشووری کوردستانیشدا هەمان شت کراوەو لە باشووری کوردستاندا کاربەدەستانی عراق گەلێك شوێنو ناوچەیان لە کوردییەوە گۆڕیوەو ناوی تازەی عەرەبییان بۆ داناوەو بە پێی بڕیاری ڕەسمی ناوە کوردیەکان لابراون۔

عمادالدینی دەوڵەتی، کە کوردێکی ناوچەی کرماشانە لە نامیلکەیەکدا بەناوی (کوهھای ناشناختە) باسی ئەو کەژو کێوانەی رۆژهەڵاتی کوردستانی کردووە کە ناوەکانیان لە کوردییەوە گۆڕاوە بۆ فارسیو بۆ ساغکردنەوەی ئەو مەبەستەی وەکوو خۆی باسی کردووە پەنای بردۆتە بەر (ئاڤێستا) کە ناوە راستیە کۆنەکانی تیادا باسکراوە.

ئەوەی شایانی باسە، دوکتۆر فوئاد حەمەخورشید کتێبێکی تایبەتی بەناوی جوگرافیای کوردستانەوە چاپکردووە، بەڵام بەداخەوە ئەو سەرچاوەی ئەوم دەسگیر نەبوو تا سوودی لێ وەربگرم لەم باسەدا.

ب ـ سەرژمێری کوردو عەشیرەتەکانی باکووری کوردستان

١ ـ سەرژمێری کورد :

ژمارەی کورد لە هەموو کوردستانا بە شێوەکی گشتی و لە باکووری کوردستانا بەجیا باسێکی ئاڵۆزەو تا ئێستە کورد دەسەڵاتی سیاسی نەبووە بە شێوەیەکی سەربەخۆو دوور لە دەستێوەردانی داگیرکەرانی وڵاتەکەی بزانێت ژمارەی تەواوی کورد چەندەو داگیرکەرانی کوردستان تا ئێستە دژی ئەوەن ژمارەی کورد ئاشکرابکرێتو رێگەیان نەداوە لە کاتی سەرژمێریدا کورد بە ئارەزوی خۆی ناوو نەتەوایەتی خۆی تۆمار بکاتو لە باکووری کوردستاندا دان بە میللەتی کوردا نەنراوەو نانرێ وبە (تورکی شاخاوی) حساب دەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ نووسەر ئەگەر بۆیان رەخسابێت هەوڵیانداوە شتێك دەربارەی کورد بزانن ئەگەرچی بەرهەمی تەقەلاکانیان زۆرجار پڕ لە کەمو کوڕی بووە.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە /١٩ی سەرچاوە /٣٢دا دەربارەی ژمارەی کورد وتوویەتی :

((ئەو میللەتانەی لەناو وڵاتی عوسمانیدا بوون بەهۆی شەڕەوە تووشی گەلێك کارەسات بوونو ژمارەیەکی زۆریان لێ ئاوارە کراوەو تووشی برسێتیو نەخۆشیی کوشندە بوون و باجو سەرانەیەکی زۆریان لێ سەنراوەو بووە بەهۆی

لەناوچونی هەزارانیان کە کورد لە ریزی میللەتانی ناو دەوڵەتی عوسمانیدا لە هەموویان زۆرتر زیانی پێ گەیشتوەو ژمارەی کەم بۆتەوە.

لە ساڵی ١٩١٧دا کە هێزی دوهەمی سوپای عوسمانی تووشی برسێتی‌بوو، بەشێکی زۆری دانیشتوانی ناوچەی دیاربکر ئاوارەو پەرەوازە بوون‌و رویانکردە موصل‌و حلب‌و ئەدەنەو لەو شوێنانەدا ژمارەیەکی زۆریان مردن‌و لەناو چوون‌و لە ئەنجامی شەڕی دەرسیمی ساڵی ١٩٢١ یشدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆری کورد کوژراو ولاتی خۆیان بەجێ هێشت.

هەروەها لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٢٥داو لە شۆڕشی ئاگری داغدا باکووری کوردستان تووشی وێرانی بوو، بە هەزاران کورد کوژراو سیاسەتی بەزۆر کردنی کورد بە تورك بە ئاشکرا دەستی پێکرد، لەبەر ئەو هۆیانە شتێکی زۆر گرانە بوترێ سەرژمێری فلان شوێن ئەوەندەیە، بۆیە ناچارم پەنا ببەمە بەر ئەو بەڵگەو دۆکومێنتانەی بەر لە شەڕی یەکەم باسی ژمارەی کوردیان کردووە.

(مارك سایکس)ی بەناوبانگ لە کتێبەکەیدا (The caliph last hertage) بە دوورودرێژی باسی عەشیرەتە کوردەکانی باکووری کردووەو بە پێی نەخشەکەی ئەو هێڵی عەشیرەتەکان لە ولاتی عوسمانیدا بریتی بووە لە هێڵی : ئالشکرد - ئەرزرۆم - ئەرزنجان - زارا ئەگین - ملا طیە بهسنی - بیرەجك - ئورفە - خواروی طورعا بدین - جێ رێژگەی رویاری زێی گەورە.

دائیرەی معارفی ئیسلامی لە لاپەرە / ٤٤٠دا لە بەرگی چوارەمیدا دەربارەی کورد وتوویەتی : ژمارەی دانیشتوانی ویلایەتەکانی ئەرزرۆم، وان، بدلیس، خربوط لە پێش شەڕی یەکەمدا (٦٤٢) هەزار کەس بووە (بەلام ئەمین زەکی خۆی لە کتێبەکەیدا کە لە ساڵی ١٩٢١دا نوسیویێتی ژمارەی ئەو ویلایەتانەی بە(٤,٥)ملیۆن داناوە). ئەمین زەکی لەهەمان کتێبدا ئاماژەی بۆ کتێبی (زەرد) کردووە کە لە لاپەرە /٢٣یدا کە حکومەتی فرنسە لە ساڵی ١٠٢٩ی کۆچیدا بەرامبەریە ١٨٩٢/ی زایین چاپی کردووە (بێگومان ئەو ساڵی هیجرییەی لەکتێبەکەی ئەمین زەکیدا چاپکراوە، هەڵەی چاپەمەنیەو راستیەکەی بریتیە لە ساڵی١٣٣٩ی کۆچی).

به پێی ئەم کتێبە ژمارەی کورد بە (٣٠١٢٨٩٧) کەس دانراوەو بەرامبەر بەمە (جنرال سیلانجی)ی روسی ژمارەی کوردی باکووری لە پێش شەڕی جیهانیدا بە (٢٨٠٠٤٧٥)کەس تۆمار کردووەو بەرامبەر بەو ژمارانە حکومەتی عوسمانی لەسەرژمێریەکانی خۆیدا بەر لە شەڕی یەکەم ژمارەی کوردی بە شێوەیەکی رەسمی بە (٢٥٢٧٨٤٠) کەس داناوە.

ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا (کە لە ساڵی ١٩٣١دا چاپکراوە) وتوویەتی : لەبەر ئەوەی ئێستە شتێکی بێ سودە ئەگەر بوترێ ژمارەی کورد ئەوەندەیە چونکە لەسەر ژمێری رەسمی تورکی ئیمڕۆدا لە باسی تورك بەولاوە باسی سەرژمێری هیچ میللەتێکی تری ناو تورکیا نەکراوە.

دائیرەی معارفی ئیسلامی لە لاپەڕە /٢٢٦ی بەرگی دووەمیدا لە باسی لیوای هەکاریدا بەرلە شەڕی یەکەم بە (٣٠٠) هەزار کەسی باسکردووە، کەچی بەپێی کتێبی (المناك جوتی) کە ئەمین زەکی لە لاپەڕە /٢٣ ـــ٢٤ی کتێبەکەیدا باسی کردووە وتوویەتی لە ساڵی ١٩٢٧دا ژمارەی کورد لە هەکاریدا بەجۆرێك کەم بووەوە کە گەیشتبووە (٢٥) هەزارکەس و کتێبی (التقويم السياسي السنوي) لە ساڵی ١٩٢٦دا لە لاپەڕە /١٣٠٩دا ژمارەی هەکاریی بە (٣١٥٦٨)کەس داناوە.

ئەمین زەکی دەربارەی کەم بوونەوەی ویلایەتی بدلیس وتوویەتی کە چوار لیوا (بدلیس، موش، گنج، سیرت)بووە بەرلە شەڕی یەکەم (٣٩٨٩٠٠) کەس بووە، بەلاّم بەپێی سەرژمێری حکومەتی تورکیا لەم ساڵانەی دواییدا (مەبەستی ساڵانی پێش چاپکردنی کتێبەکەی بووە لە ساڵی ١٩٣١دا) ژمارەی ئەو ویلایەتە بە (٢٨٢٥٧٨) کەس دانراوە. ناو شاری بدلیس خۆی کە بەر لە شەڕی یەکەم (٣٨) هەزار کەس بووە، بەلاّم لە ساڵی ١٩٢٩دا بەپێی کتێبەکەی (المناك جوتی) ژمارەی شارەکە تەنها (٩) هەزار کەس بووە.

دەربارەی سەرژمێری ویلایەتی دیاریکر، ئەمین زەکی باسی ئەو سەرژمێرییەی کردووە کە لە کاتی خۆی بە پێی پەیمانی برلین لیژنەیەك دانرا بوو بۆ سەرژمێری ویلایەتی دیاریکرو پاش ئەوە لیژنەیەکی تێکەڵیش پێکهێنرا لە (بیکر پاشا)ی ئینگلیز و سعید پاشای کورد (مەبەست سعید پاشای باوکی شریف پاشای خندان بووە)و (میناس ئەفەندی) ئەرمەنی بۆ سەردانی ئەو لیژنەیەو بە پێی راپۆرتی ئەو لیژنەیە ژمارەی ویلایەتی دیاریکر بریتی بووە لە

(٨٤٠) هەزار کەس بەڵام لە ساڵی ١٣١٠/ی کۆچیدا ژمارەیان ئەوەندە کەم بوو بووەوە کە بوبوو بە (٤٨٢٩٤٠)کەس هەروەکوو لە کتێبی (ممالیك عثمانیە، تأریخ و جوغرافیا لوغاتی ـ نوسینی علی جواد چاپی ئەستەمبوڵ لە ساڵی ١٣١٢ی کۆچیدا باسی کردووە.

ئەمین زەکی جگە لەوئامازەی بۆ کتێبی (لاناسیون کورد) نوسینی (مسعود فانی) کردووە کە لە لاپەڕە /٢٢دا هەروەکوو لەو یاداشتەی شریف پاشادا باسی کردووە کە لە ساڵی ١٩١٩دا دابووی بە کۆنفراسی ئاشتی، باسی ئەوە کراوە کە لە شاری ئەستەمبوڵیشدا ژمارەیەکی زۆر کورد هەبووە.

ئەمین زەکی لە کۆتایی ئەو باسەیدا دەربارەی کەم بوونەوەی ژمارەی کورد وتوویەتی :

((بێگومان کەم بوونەوەی ژمارەی کورد، جگە لەهۆی ئاوارە کردنو ئەو کوشتارانەی لە کورد کرابوون، هەندێ هۆی تریش هەبووە بۆ کەم بوونەوەی ژمارەی کوردو زۆر کوردی واهەبووە خۆی لە سەرژمێری شاردۆتەوە بۆ ئەوەی نەکرێ بە سەربازو لە دانی باجو سەرانەی زۆری جۆراو جۆر خۆیان رزگارکردووە. جگە لەوەی کە هەندێ ناوچەی دوورو سەختی وا هەبووە بە ئاسانی نەتوانراوە سەرژمێری تیادا بکرێت)).

لەو کتێبەی (Kurd and Kurdistan) نوسینی (chaland) چاپی ساڵی ١٩٨٠، وەرگێڕانی بۆ کوردی لەلایەن دوکتۆر ئەحمەد عوسمان، لە گۆڤاری (نووسەری کورد) ژمارە/٤ی ساڵی ١٩٨٦ دەربارەی سەرژمێری کورد لە باکووری کوردستاندا وتراوە: بە پێی سەرژمێری ساڵی ١٩٧٠ ژمارەی کورد لە باکووری کوردستانا، لە ناوچە کورد نشینەکانا بریتی بووە لە (٦,٢ملیۆن)و ژمارەی هەمووی بە کوردەوەو بەو کەمایەتیانەی تر کە هەبوون لەگەڵ ئەو فەرمانبەرو سەربازە تورکانەی لە ناوچەکانی ماردین،سیرت، غازیعینتابدا هەبوونو ئەو نۆ هەزار ئەرمەنیەی لەو ناوچانەدا بوون بریتی بووە لە (٧٥٥٦٠٠٠) کەس و لە هەندێ شوێنی تریشدا وەکوو (جیهان بیلی، هەیامان، کورتوغە، توقات، سایگری)و چەند شوێنیکی تریشدا کورد هەبووەو بە کورتی دەتوانرێ بڵێین ژمارەی ئەو کوردانەش کە لە دەوری ناوچە کوردیەکانا هەبوون بریتی بووە لە (٢,٥) ملیۆن لە ساڵی ١٩٧٠دا، بەوجۆرە ژمارەی کورد لە باکووری کوردستان

پتر لە (٨,٥) ملیۆنە کە لە ٢٣٪ی ژمارەی هەموو دانیشتوانی تورکیا پێك دەهێنن.

نووسەر لە کۆتایی باسەکەیدا وتوویەتی لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی راستی کورد لە باکووری کوردستاندا بە دەستەوە نیەو لە هەندێ سەرچاوەدا ژمارەی کوردی باکووری کوردستان بە (١٢) ملیۆن دانراوە، ئەگەرچی لای رۆشنبیرانی کورد ژمارەی کورد زۆر لەوەش زیاترە.

لە کتێبێکی تردا (The Kurd)سەرچاوە /١ لە ساڵی ١٩٨٠دا ژمارەی کوردی بە (٨,٤٥٥) ملیۆن داناوەو ژمارەی هەموو دانیشتوانی تورکیای لەو ساڵەدا بە (٤٤,٥) ملیۆن داناوە. لەو باسەی دوکتۆر احمد عوسمان لە کتێبەکەی (chaland)ەوە وەری گرتووە باسی هۆی نەزانینی ژمارەی کوردی بە شێوەیەکی راست باس کردووەو وتوویەتی :

((بەهۆی جەورو ستەمو چەوساندنەوەی کورد لەلایەن تورکەکانەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکان لەترسدا خۆیان بە کورد ناونووس نەکردبوو کە ئەم راستیە لە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥دا ڕاست بووەوە کە خۆم (chaland) لەو سەرژمێرییەی ئەو ساڵەدا بەشداریم کردبوو، گوێم لێبوو ساتێك پرسیارێك لە کوردێکی هەژارو بێ دەرامەد کرا ئایا زمانی زگماکت چییە؟ ئەو کوردە داماوە هەرچەند وشەیەکی بە زمانی تورکی نەدەزانی. لەترسدا لە وەرامدا ووتی : بنوسە زمانی تورکی، چونکە ئەمەوێ خۆم لە گیروگرفت بپارێزم و تووشی شەرەشەق نەبم.

ئەو نوسەرە لە باسەکەیدا وتوویەتی : لەگەڵ ئەو هەموو شتانەدا ژمارەی کورد لەچاو ژمارەی تورك وردە وردە زۆرتر پەرە دەسێنێت، بۆ نموونە لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥ ـ١٩٦٥دا ئەندازەی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بەهۆی زاو زێوە لەناو کوردا گەیشتبووە (٢٠٨٨٪) لەچاو هی تورکدا کە (٢٠٦٥٪)بووە.

٢ ـ عەشیرەتە کوردەکان لە باکووری کوردستاندا

دەربارەی ئەو عەشیرەتانە، دوو سەرچاوە بە دوورو درێژ باسیانکردووە کە بریتین لە کتێبەکەی ئەمین زەکیو گەشتەکەی مێجر نۆیل لە باکووری کوردستاندا.

ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە /٣٢، لە لاپەڕە /٣٧٢دا باسی کتێبەکەی (مارك سایکس)ی کردووە کە دانیشتوانی کردووە بە شەش بەشەوە لە (A هەتا F) و لە هەر بەشێکدا ناوی عەشیرەتەکانو شوێنیانو ژمارەی خێزانەکانی دەستنیشانکردووەو تەنها باسی عەشیرەتەکانی ناو وڵاتی عوسمانی کردووە (مەبەست ئەوەیە باسی عەشیرەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نەکردووە، بەڵام مێجر نۆیل لەگەشتەکەیدا باسی هەموو بەشەکانی کوردستانی کردووە). ئەوەی ئێمە لەو باسەی مارك سایکس دا تەنها مەبەستمانە باسی عەشیرەتەکانی باکووری کوردستانە.

ئەمین زەکی لەو لیستەیەی لە لاپەڕەکانی ٣٧٦ هەتا ٤١٥ باسی عەشیرەتەکانی بە دوورو درێژی کردووەو دەربارەی بەشی شەشەم (F) وتوویەتی مارك سایکس وتوویەتی :

((لە نزیك ئەنقەرە چاوم بە هەندێ لە تایەفەکانی کورد کەوت بە جلو بەرگو شێوەیانا لە هەندێ لە تورکەکانی دەورویەری ئەرزڕۆم دەچوونو کە چوومە پێشەوەو هۆی ئەو لەیەکچوونەم لێ پرسین، لە وەرامدا وتیان ئەوانەی ئەرزڕۆم بەبنەچە دەگەڕێنەوە سەر ئەو (ئەنکشاری) یانەی سوڵتان سەلیمی یەکەم ئەو زەویو زارانەی دابوونێ کە ئێستە تیایا دەژین (لە شوێنی خۆیدا بە دوورو درێژی باسی ئەنکشاری دەکەین)، بەوەدا بۆم دەرکەوت (بۆ مارك سایکس) ئەو زەویو زارانە کاتی خۆی هی ئەو کوردانە بووە لەکاتیخۆیدا لەلایەن عوسمانیەکانەوە دوورخرابوونەوەو ئەنکشاریەکانیان لەشوێنی ئەوان نیشتەجێ کردبوو، هەروەها بۆشم دەرکەوت ئەو کوردانەی لە دەورو بەری ئەنقەرەدا بوون بریتی بوون لەو کوردانەی لە شوێنی خۆیان هەڵکەنرابوونو هێنرابوونە نزیك ئەنقەرەو بەزۆر ناچاریان کردبوون جلوبەرگی تورکی لەبەربکەن).

جگە لەو باسەی مارك سایکس کە ئەمین زەکی باسی کردووە، لە لاپەڕە/٤١٧ی کتێبەکەیدا باسی زەمانی سوڵتان سەلیمی یەکەمی کردووە کە لە زەمانی ئەودا هەشیرەتی (حسنانلو) لە شوێنەکانی خۆیانەوەلە چیاکانی نزیك بە شاری (بدلیس)ەوە گوێزرابوونەوە بۆسەر سنوری روسیاو ئێران بۆ ئەوەی سنورەکانیان پێ بپارێزنو ساتێك شا عباسی صفوی ئەو ناوچەیەی داگیر کرد،

ئەو عەشیرەتەو هەموو لکەکانی خستە ژێر دەسەلاتی خۆیەوەو (زفرانلو، ئادامەنلو، گیوانلو) کە بەشێك بوون لەو عەشیرەتە، گواستنیەوە بۆ ناوچەی (خۆراسان)و لەوێ بەزۆر نیشتەجێ کران.

بێگومان بەشێکی زۆری حسنانلو لە شوێنی خۆیانا مابوونەوەو، ساتێك لە ساڵی ١٩٠٤دا پەیمانی سنوری ئێران‌و تورکیا مۆرکرا ئەو عەشیرەتە کەوتنە ژێر دەسەلاتی عوسمانیەوەو لەبەر ئەوەی هۆزی (حیدرانلو)و (سیکانلو) زۆر دڕ و شەڕکەر بوون‌و هەمیشە پەلاماری موڵك‌و ماڵی ئێرانیەکانی سەر سنووریان ئەدا، بۆیە کاربەدەستانی فارس‌و عوسمانی لە زەمانی سوڵتان مەحمودی دوهەمی عوسمانی‌و (شاەفتح علی)ی ئێراندا پەیمانیکیان مورکردو لەسەر ئەوە رێك کەوتن ئەگەر ئەو دوو هۆزە دەسدرێژی بکەنە سەرخاکی ئێران، لەلایەن حکومەتی عوسمانیەوە تەمێ بکرێن.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە /٤١٨دا باسی ئەوەی کردووە لە کاتی شەڕی نێوان روس‌و عوسمانیدا عەشیرەتی حسنانلو لەو شەڕانەی سالانی ١٨٢٩و ١٨٥٤و ١٨٨٧ دا بوبوون بە لایەنگری روسەکان بە ئومێدی ئەوەی ئەو شوێنانەی بەدەست خۆیانەوە بووە هەر لە ژێر دەسەلاتی خۆیانا بمێنێتەوە.

دوا سەرچاوەی گرنگ کە باسی عەشایرەکانی باکووری کوردستان‌و شوێنەکەیانی کردووە بریتیە لە گەشتەکەی (مێجر نۆیل) سەرچاوە (/٢٧کە لەماوەی ١٩١٩/٦/١٤ هەتا ١٩١٩/٩/٢١ لە باکووری کوردستانا کردویەتی‌و لەو گەشتەیدا جلادت بدرخان‌و کامرانی برای‌و ئەکرمی جمیل پاشای لەگەڵدا بووەو یاداشتەکەی پڕە لە وێنەی ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی لە گەشتەکەیدا چاوی پێیان کەوتووەو گفتوگۆی لەگەڵدا کردون، کە ژمارەی وێنەی ئەو سەرۆك عەشیرەتانەو ئەو دیمەنانەی وێنەی گرتون بریتیە لە (٦١)، بەلام بەداخەوە وێنەکانی کە بریتین لە فۆتۆکۆپیەکی زۆرکاڵ لەو دۆکیومێنتەی لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا هەیە، بویە بەپێی ئەو دۆکیومێنتەی یاداشتەکەی مێجر نۆیلی تیادا بلاوکراوەتەوە، لە لاپەڕە /٢٩دا باسی عەشیرەتی (رشوان)ی کردووە کە ژمارەیان نزیکی (٤٠٠٠ ــ ٤٥٠٠) خێزان بووەو لەم شوێنانەی خوارەوەدا بوون:

یەکەم ـ ئەوانەی لە قەزای (کیاختا)دا بوون و ژمارەی خێزانەکانیان (٢٠٣٠) خێزان بووە لە (٩٤) گوندا.

دوهەم ـ ئەوانەی لە قەزای (حصن منصور)دا بوون ژمارەی گوندەکانیان (١٧) گوند بوومو هەمویان ١٤١٧ خێزان بوون.

سێهەم ـ ئەوانەی لە قەزای (ملاتیە)دا بوون کە لە (١٢) گوندا بوون ژمارەی خێزانەکانیان ٤٥٥ خێزان بووە ئەوانەی قەزای (بیهسین) کە گەرمیان و کوێستانیان کردووەو گوندنشین نەبوون (باسی خێزانەکانیان نەکراوە) بەوپێیە، ژمارەی هەرچوار قەزاکە بریتی بووە لە (٤٠٨٢) خێزان لەناو (١٢٣) گوندا.

مێجر نۆیل لە لاپەڕەی هەمان دۆکیومێنتەکەدا ناوی عێلەکانی ئەو عەشیرەتی (رشوان)ەی بەم جۆرە باس کردووە:

١ ـ عێلی (کارچور) ٢ ـ عێلی (کوتا) ٣ ـ عێلی (علیخان) ٤ ـ عێلی (Brincha ـ برنچا) ٥ ـ عێلی (جیلا) ٦ ـ عێلی (زیراوکان) ٧ ـ عێلی (کەوی دوشلت) ٨ ـ عێلی (یارلغ خدرە سوورە) ٩ ـ عێلی (کوچەر خدرە سوورە) ١٠ ـ عێلی (جلێکان) ١١ ـ عێلی (بولام) ١٢ ـ عێلی (ئەلگوران) ١٣ ـ عێلی (مولکان) ١٤ ـ عێلی (مامورك) ١٥ ـ عێلی (گلومان) ١٦ ـ عێلی (مامسوور) ١٧ ـ عێلی (تاشیکان) ١٨ ـ عێلی (داری یوسف) ١٩ ـ عێلی (دالان) ٢٠ ـ عێلی (کوسان) ٢١ ـ عێلی (چاکلان).

نۆیل لە یاداشتەکەیدا ناوی سەرۆکی ئەو عێلانەی باسکردووەو دوورو نزیکی هاوینە هەوارو شوێنی جێی زستانی هەر یەکەیانی تۆمارکردووەو وتوویەتی عەشیرەتی رشوان هەتا بڵێی رەوشتیان بەرزەو میوان دۆستو دڵپاکنو بەوەش ناوبانگیان دەرکردووە.

نۆیل لەهەمان یاداشتیا گەلێك زانیاری دەربارەی رشوان کۆکردۆتەوەو باسی کردووە ئەمەی خوارەوە کورتەکەیەتی:

ئاینی رشوان : هەموو عەشیرەتەکەجگە لە بەشی (خدرە سوور) وە نیوەی عێلی بولام، ئەوانیتر هەمویان سونی مەزهەبنو ئەوانیتر کەمایەتین شیعەنو ژنو ژنخوازی لەنێوان ئەودولایەدا کەمە.

بەرگو پۆشتەنی: شەرواڵەکانیان شاڵەو کراسی رەنگاو ڕەنگی ئاڵو واڵا لەبەردەکەنو چاکەتەکانیان کە پێی دەڵێن (Takulla ـ تاکولا) بەتاڵە دەزووی سور چنراوەو کلاوەکانیان زیرە کە پێی دەڵێن (chit ـ چت).

شێوەی زمانیان کرمانجیەو رەنگە لە (٦ـ٧٪)ی شێوە زمانەکەیان جیاوازی هەبێت لەگەڵ ناوچەی دیاربکردا، ئەو گوندە وردانەی لەسەر ڕێگای شارەکانا بوون زمانی تورکیان دەزانی بەڵام لەناو گوندەکانی تردا کەم کورد هەیە زمانی تورکی بزانێت.

مێژووی عەشیرەتی رشوان : بێگومان نۆیل وەکوو نموونەی یەکێك لە عەشایرەکانی باکووری کوردستان، باسی عەشیرەتی رشوانی بە دوورو درێژی کردووەو لە لاپەڕە/ ٣٠ دۆکیومێنتەکەدا باسی مێژووی رەشوانی بەم جۆرە کردووە:

سێچوار سەدە لەمەوبەر عەشیرەتی رشوانی یەکێك بووە لەو عەشیرەتە ڕەوەندانەی زستانان لە (Behesne ـ بهسین) دەژیانو هاوینان بەرەو نزیکی (Angora ـــ ئەنقەرە) کۆچیان دەکرد. لە زەمانی کۆندا تورکەکان زۆرجار هێرشیان بردۆتە سەر ئەم عەشیرەتەو لە ئەنجامی ئەوەدا سنوورێك دانراوە بۆ مانەوەیان لە هاوینە هەوارەکانیانو هەندێ لەو عەشیرەتە لە ناوچەی (دەشتی هیمان) نیشتەجێ بوونو هەتا ئیمڕۆش (تاکاتی گەشتەکەی نۆیل) هەر لەوێ ماونەتەوە.

بەشە زۆرەکەی ئەم عەشیرەتە گەڕاونەتەوە بەرەو خوار بۆ ناوچە شاخاویەکانی (بیهسنی)و (ملاتیا)و دێهاتی تازەیان ئاوەدان کردۆتەوەو بەشێکی تری ئەم عەشیرەتە لەدەوری (Killis) دائەنیشنو ئەڵێن ئێستە بەشێك لەوانە بوون بە بەشێك لە عەشیرەتی (جلالی)و لەسەر سنوری ئێران دائەنیشنو لە عەشیرەتەکەی خۆیان کە (رشوان)ە دوورکەوتوونەتەوە.

هەڵوێستی سیاسی رشوان: ئەم عەشیرەتە بە ئازاو شەڕکەر ناوبانگیان دەرکردووەو خاوەنی نزیك هەزار تفەنگی تازەو دوو هەزار فیشەکدانو هەرکاتێك بیانەوێ دەتوانن دوو هەزار شەڕکەر ئامادەبکەن. هەتا ئێستە (ساڵی ١٩١٩) نزیکی هەزار سەربازێکیان لەشەر (مەبەستی شەڕی یەکەمی جیهانی) ڕایان

کـردووەو لـەو هـەزارەی تـر کـە راپـان نـەکردبوو هـەر (١٠٠) سـەربازێکیان بەسـەلامەتی گەڕابوونـەوەو ئەوانـەی راپانکردبوو حکومـەتی تـورك زۆربـەی ماڵەکانیان سوتێنراون کەئەمە بۆتە هۆی قینێکی زۆر لە تورکەکان.

نۆیـل لـە لاپـەڕە /٣١ی دۆکیومێنتەکـەدا باسـی سـەرکردەکانی رشـوانی کردووەکە یـەکێك لەوانـە حـاجی بـدر ئاغایـە کـە وتوویـەتی پیـاوێکی بالأبـەرزی ڕووخۆشـەو تەمـەنی نزیـك ٤٥سـاڵەو لـەناو عەشـیرەتەکەیدا زۆر زۆر بـەڕێزەو کاریەدەستانی تورکیش دڵـی ڕادەگرن، هەرچەند لەمەوبەر بۆ چەند مـانگێك گیرابوو لەبەر ئـەوەی ژمارەیەکی زۆر لـە سـەربازەکانی نـاو عەشـیرەتەکەی ڕایکردبـوو ئـەویش سـوور بـووە لەسـەر ئـەوەی ئـەو سەربازانە نەدرێنـەوە بـە حکومەت. براکانی حاجی بدر ئاغـا بریتـی بـوون لـە (زەینـەڵ بـەگ)، زەلامێکـی کەتەو زەبەلاحە، بەلاّم لەناو عەشیرەتەکەدا دەستی نـاڕواو (حیدربـگ)ی براشـی گەنجێکی شۆخ و فیززلە.

نۆیل لە یاداشتەکەیدا باسی سەنگو کێشانی ئەو رۆژانەی کردووەو وتوویەتی (قیراتێك بریتیە لە شەش کیلۆ)و (٣٢قیرات دەکاتە یەك کتل) کە بریتیە لـە ١٩٢ کیلۆ غرام. دەربـارەی پـارەی ئـەو رۆژانـە وتوویـەتی لیرەیـەك دەکاتـە حـەوت مـەجیدیو مەجیدیـەك بریتیـە لـە (٢٠ Piastres)و لـیرەی کاغـەز بـە (٣٥ Piastres)و کیسەیەك بایی پێنج لیرەی ئاڵتونە. بێجگە لەوە باسی نرخی هەندێ شـتی کـردووە لەگـەڵ بەرهەمـە سروشـتیەکان وەکـوو مـازوو و کـەتیرەو بـەڕوو صنۆبر (وتوویەتی پێی دەڵێن Markh مارخ).

نۆیل لە لاپەڕە /٣٢ی یاداشتەکەیدا باسـی بـەخێوکردنی مـالأتی کـردووە کـە چۆن بەهۆی شەڕەوە زۆر کەم بوبووەو باسی دەسڕەنگینێتی ژنی ئەو ناوچانەی کردووە کەبە تەونکاری (چنین)و دروستکردنی فـەرش و جاجم و بەڕەو گۆرەوی چنین زۆر چالاك بوون و رەشماڵیان لە مووی بزن دروسـتکردووەو ئـەو رەنگانـەی لە شتە چنراوەکانا بەکارهێنراوە لە ڕەگی گژوگیا دروستیانکردووە.

مێجر نۆیل لە یاداشتەکانیا لـەدوای عەشـیرەتی (رشـوان) باسـی عەشـیرەتی (Atmiئـەتمی) کـردووەو وتوویـەتی : عەشـیرەتی ئـەتمی لەناوچـەی (گومیـش معادن) چەند سەدەیەك لەمەوبەر هاتوونە ئەو ناوچەیە کـە ژمـارەی خێزانـەکانی

(۴٥٦٥) خێزانەو لەوانە (١٥٠٥)یان بەدرێژایی ساڵ دەوارنشینن‌و لە قەزاکانی (بازار جیك)و (بەسمە)و (بوستان)و (ئاقچەداغ) دان.

ئەم عەشیرەتە لە شەڕی جیهانیدا (٢٠٠) سەربازیان دابو بە حکومەت بەڵام تائێستە (٣٠) کەسیان بەساغی گەڕاونەتەوە، ئەمانەش وەکوو (رشوان) زمانەکەیان کرمانجی‌یە وەکوو کوردی دیاربکر ئەدوێن. عەشیرەتی ئەتمی نیوەیان سونی‌و نیوەکەی تریان (علوی)ن، بەڵام هیچ کێشەیەك لە نێوانیانا نیەو ژن‌و ژنخوازی‌یان لەگەڵ یەکتردا هەیەو جل‌وبەرگی ئاینی لەناویانا زۆر کەم دەبینرێت.

هەرچەند عەشیرەتی (ئەتمی) بە ئازاو جەنگاوەر ناسراون بەڵام گرانە بزانرێ چەند چەکداریان هەیەو تفەنگێکی تورکی لەم ناوەدا نرخەکەی (٨) پاوەن دەگرێتەوەو فیشەکدانێکی پڕ لە (١٠٠) فیشەك بە (٥ ـ١٠) مجیدی‌یە.

هەتا ئێستە ئەم عەشیرەتە هیچ جورە دوژمنایەتیەکیان بەرامبەر ئینگلیز دەرنەبڕیوەو پڕۆپاگەندەی ئیسلامیەکان لەو ڕوەوە نەگەیشتووەتە ناوچەکەیان‌و لاشم وایە لەمەودواش کاریان تێ‌ناکا.

دوای ئەوە نۆیل چۆتە سەرباسی عەشیرەتی (Baizik ـ کە هەندێ جار پێشی دەوترێ Beske) کە لە گوندەکانی (سام سات)ی قەزای (حصن المنصور)دا ئەژین‌و وازانراوە لە ناوچەی (بۆتان)ەوە کۆچیانکردووە بۆ هەوارگەکانی ئیمرۆیان‌و ووشەی (Beske ـ بیزیك ووشەیەکی کوردیەو زۆریەی ئەم عەشیرەتە باڵا بەرزو شۆخ‌و شەنگن. بەشەکانی تری ئەم عەشیرەتە لە ناوچەکانی (خالفاتیا)و (بیرەجەك)و (سیڤرك)و (ئورفە)دا دەژین. هەندێ گوندیشیان لە ناوچەی (izoli) لە قەزای (ملاتیا)دا دەژین.

ئەم عەشیرەتە هەمویان سونین‌و لە گوندەکانیانا مزگەوت بەرچاو دەکەوێت‌و،خەڵکەکەی زۆر هێواش‌و مەنگ‌و ئاشتیخوازن بەڵام هەستی نەتەوایەتی کوردی‌یان تیادا بەهێز نیەو بەشێوەی کرمانجی ئەدوێن‌و تورکیش دەزانن. نۆیل لە لاپەڕە/٤٤ی دۆکیومێنتەکەدا باسی ئەوەی کردووە چون لە گژوگیاو بنێشتەتاڵ داوو دەرمان دروست ئەکەن. نۆیل لەباسی شوێنەوارەکانی ناوچەکەدا باسی دووقەڵای بچوکی کردووە یەکەمیان (Girritelleh –گری تیلە

(مەبەست گردی تیلەیە)، دوەم (Grra kalahsamsay کە لە هەردوکیانا شوێنەواری کۆنی بەنرخ هەیە).

نۆیل لە لاپەڕە/٤٦ی دۆکیومێنتەکەدا چۆتە سەریاسی خێڵی (Gurrejik) لە قەزای (ئاقچی داغ) کە چەند سەدەیەك لەمەوبەر یەکێك لە باپیرانی سەرخێڵی ئیمرۆیان کە (ئاصف ئاغا)یە لەناوچەی (درسیم)ەوە هاتونەتە ئەم ناوچەیەو ژمارەی خێڵەکە بە تێکرایی پتر لە (٢٥٢٠) خێزانو بەسەر (٣٨) گوندا دابەش بوونو نزیکی (٤٩٥) خێزانی تورکیش لە چوار گوندی ئەمانا دەژینو کوردنشینەکانی ئەم عەشیرەتە گەرمیانو کوێستان دەکەنو ٣/٢یان دەوارنشینو ئەوانی تر لەژێر کەپرا دەژین.

دەشتەکیەکانی ئەم عەشیرەتە بەزۆری بە زمانی تورکی ئەدوێنو (علوی)نو هەتا بڵێی دڵپاكو میوانپەرستنو دەشتەکیەکانیان بەهۆی ئەوەی زۆر تێکەڵ بوون بەتورك تۆزێك لەو ڕەوشتو خوە لایانداوەو ئەوانەی دانیشتوانی چیاو لاپاڵی چیاکانن خاوەنی خاسیەتی ڕەسەنی مرۆڤی کوردن.

سەرۆکی ئەم عەشیرەتە (خلیل ئاغای ئابیلو) پیاوێکی بەساڵاچووی پێشکەوتنخوازەو رابردوویەکی پوختو بەرزی هەیە، بەڵام عەیبەکەی ئەوەیە زمانەکەی خۆی لەبیرچۆتەوە، هەرچەند ئەندامانی خێزانەکەی بە کوردی ئەدوێنو خلیل ئاغا ئێستە دەسەڵاتی هاتۆتە کزی.

لام وایە ئەم عەشیرەتە نزیکی (٢٠٠ ـ ٣٠٠) تفەنگی تازەیان هەیەو لەکاتی شەڕی جیهاندا حکومەتی عوسمانی پتر لە هەزار خانوی ئەم عەشیرەتەی سووتاندبوو چونکە کوڕەکانیان لە سەربازێتی رایانکردبوو، حکومەتی تورك بەوەش وازی لێ نەهێنابوون، بەڵکو (١١) گوندی لێ داگیر کردبوونو دانیشتوانی ناوچەکانی تریان لەو گوندانەدا نیشتەجێ کردبوو. چەند ساڵێك لەمەوبەر ئەم خێڵە دژی حکومەتی عوسمانی ڕاپەڕیبوو حکومەت لە ئەنجامی ئەمەدا باجی ساڵانەی لەسەریان لە ٥٪ەوە کردبوو بە لە ٢٥٪.

نۆیل دوای ئەوە چۆتە سەریاسی قەزای (گورجیك) کە نزیکی (١٥٠٠) میلی چوارگۆشەیی دەبێو بەشێکە لە متصریفێتی (مرعش)و ئەم قەزایە سنووری

دەگاتە ئەو ناوچانەی ئەرمەنیەکان مرخیان لێ خوشکردبوو چونکە بە بەشێك لـە ئەرمەنیایان دادەنا.

ج ـ زمانی کوردی‌و شێوەکانی زمانی کوردی

زمانەوانەکان‌و شارەزای مێژووی زمانی کوردی شێوەکان (لهجەکان)ی زمـانی کـوردی یـان کـردووە بەچەند شـێوەیەکەوە کـە بریتـین لـە کرمـانجی‌و گـۆران‌و لوڕی‌و، کرمانجی‌یان کردووە بە دوو بەشەوە: کرمانجیی ژوور و کرمـانجی خـوارو (کە هەندێ زانا بە سۆرانی‌یان باس کردووە).

ئـەوی سـەرنج ڕادەکێشـێت ئەوەیـە پسـپۆڕان‌و زانایـان‌و مێژوونووسـان ئەوەندەی بایەخیان داوە بە مێژووی کـوردو بە ڕەگ‌و ڕیشـەی کـورد، ئـەوەندە بایەخیان نەداوە بە زمانی کـوردی و بـە بەسـتنەوەی زمـانی کوردیـی ئێسـتا بـە زمانی باوو باپیرانی.

پوختەی بۆچوونی زانایان لەسەر ئەوەن زمانی کوردی دەچێتـەوە سـەر ئـەو زمانەی میدی‌یەکانی باووباپیری کورد پێی دواون‌و بە هیچ جۆرێك زمـانی کـوردی بەشـێك نیـە لـە زمـانی فارسـی‌و وەکـوو بەرلەمـە لەباسـی مێـژووی کـوردا ڕوون بوتـەوە زمـانی کـوردی بـەر لـە زمـانی فارسـی هـەبووەو کتێبـە پیرۆزەکـەی زەردەشت (ئاڤێستا)بە زمانی میدیای باوو باپیری کورد نوسراوە.

جارێك تۆفیق وەهبی باسی ئەوەی بۆکردم کە زمانی کوردی زمـانێکی کۆنـی ڕەسەنەو ئـەو گۆڕانکاری‌یـەی بەسـەر هـەندێ لـە ووشـەکانیا هـاتووە تـا ئیمـڕۆ شتێکی ئاساییەو لە زمانەکانی هەموو میللەتانی تریشـدا ڕوویـداوەو بـۆ بەڵگـەی ئەو بۆچوونـەی سووکە دەسخەتێکی خـۆی نیشـاندام وەکوو لیستەیەك چەند زنجیرە ووشەیەکی زمانی کوردی ئیمڕۆی بەراورد کردووە لەگەڵ ئەووشـانەی لـە ئاڤێستاو لە زمانی فارسیی کۆندا بەکارهێنرابوون‌و، بەپێی ئەوەی تۆفیق وەهبی دەریئەکەوێ ئەگەرچی زمانی کوردی لە ڕیزی زنجیرە زمانەکانی (ئاری)یە، بـەڵام زمانی کوردی ووشەکانی لە هەموو شێوە زمانەکانی‌تر نزیـك بـە ئاڤێسـتایە وەیـا لەیەکتر دەچن (جارێکی تر لەباسی ئـاینی کـوردا دەگەڕێمـەوە سـەر ئەوباسـەی تۆفیق وەهبی).

ئەمین زەکی لە لاپەڕە/٢٩٧ی کتێبەکەیدا، سەرچاوە/٣٢ بە دوورودرێژی باسی زمانی کوردی کردووەو لێرەدا هەوڵ ئەدەم کورتەیەکی ئەویاسە پێشکەش بکەم کە وتوویەتی :((بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دوکتۆر (سپایزر) زمانەکانی چواریەشەکەی شەعبەکانی زاگرۆس کە بریتی بوون لە (لۆلۆ، گۆتی، کاسای، سۆباری) جیاواز بووە لەیەکتر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ووشەو ناوی وا هەبووەو هەیە نیشانەی ئەوەیە ئەو زمانانە هەموویان لەکاتی خۆیدا لەیەکترەوە نزیك بوون‌و هەندێ لە شارەزایان دەڵێن زمانەکانی ئەو چوار شەعبە لە زمانەکانی (ئاری) دەژمێرێن‌و هەندێکی تر لایان وایە زمانەکانیان دەچنەوە سەر زمانی قفقاسیەکان، ئەگەر چی هەتا ئێستە لە پشکنینی شوێنەوارەکانا بە تەواوی نەگەیشتونەتە بۆچوونێکی یەك گرتوو و هەتا ئێستە شتێکی ئەوتۆش دەربارەی زمانی ئاری کۆن نەزانراوەو هیچ جۆرە بەڵگەیەك لەو ڕووەوە دەسگیر نەبووە چونکە مێژووی فێربوونی نوسین‌و خوێندن لەساڵی ١٤٠٠ی پێش زایین تێپەڕی نەکردووە.

هەرچەند (دارمیس تیتر)ی شارەزاو نووسەری دراساتە ئێرانیەکان وتوویەتی (ئاڤێستا) بەزمانی میدیەکان نوسراوە، بەڵام هێشتا بەڵگەیەکی تەواو بەدەستەوە نیە دەربارەی زمانی (میدی)یەکان تا ئەو زمانە بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو زمانەی (ئاڤێستا)ی پێ نوسراوە.

(لە پەراوێزی لاپەڕە/٢٦٨ی کتێبەکەی ئەمین زەکیدا وتراوە (تۆلدکە) وتوویەتی هەندێ نووسینی هەڵکۆڵراو دۆزراوەتەوە کە هی زەمانی میدیەکانەو لای وایە ئەوانە بریتین لە شوێنەوارەکانی (هاخا منشی)یەکان کە بنەماڵەی هاخامنشیەکان ـ کیانی ـ هەر لەهەمان میللەتی میدیا بوون‌و لەکاتی خۆیدا گواستنەوەی دەسەڵات لە (میدی)یەکانەوە بۆ (أنتساف)و لەوانیشەوە بۆ (پارس) هەر بریتی بووە لە گۆڕینی دەسەڵات لە بنەماڵەیەکەوە بۆ بنەماڵەیەکی ترو ئەم (پارس)ەش هەر بەشێك بووە لە شەعبەکانی میدیاو تەنها لەزەمانی ساسانیەکانەوە بوون بە خاوەن کیانێکی سەربەخۆو زمانێکی تایبەتی.

دەربارەی ئەوەی (نۆڵدکە)، (ئسترابوون)ی جوگرافیاناسی کۆنی یۆنانی کە لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زایندا مردوە وتوویەتی : ((فورسەکان‌و میدیەکان

لەکاتێ خۆیدا لەیەکتر دەگەیشتن‌و بەمەدا دەردەکەوێ زمانی فارسی‌و میدی ئەگەر چی لەیەکترەوە نزیك بوون بەڵام لەیەکتریش جیاواز بوون‌و لە زەمانی ساسانیەکانا زمانی فارسی جێگەی زمانی (پهلوی)و (میدی) گرتەوە.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە/۳۱۰ی کتێبەکەیدا لیستەیەکی بچووکی کردووە بۆ بەراورد کردنی شێوەی هەندێ ووشەی کرمانجی باشوور (کە بەشێوەی سلێمانی ناوی بردوە) و شێوەی کرمانجیی ژوروو و زازا لەگەڵ بەرامبەرەکانیانا لە ووشەی (ئابستاق ـ ئاڤێستا)و فارسیدا. لەو روەوە تۆفیق وەهبیش تەقەلایەکی زۆری داوە بۆ بەراوردکردنی هەندێ ووشەی کوردی لەگەڵ ووشەکانی ئاڤێستاو فارسیدا بۆ ئەوەی روونی بکاتەوە زمانی کوردی لە هەموو زمانە ئاریەکانی تر نزیکترە بەو زمانەی ئاوێستای پێ نووسراوەتەوە.

جارێك لە مامۆستا تۆفیق وەهبیم پرسی : ئەو وەکوو ئەفسەرێك هەموو بەشی خۆی لە کاروباری سوپاییدا بردبووە سەر لەناو سوپای عوسمانیداو لە دواییشدا بۆ ماوەیەك لەناو سوپای عێراقدا، ئایا چی پاڵی پێوە نابوو خستبوویە سەر کەڵکە لەی بایەخ پێدان بە ئاوێستا، لە وەرامدا فەرمووی:(کاتی خۆی حمدی بابان لە بغداد کتێبخانەیەکی هەبوو پاش ماوەیەك هەمووی فرۆشت بە کتێبخانەی (مرکزی) لە بغدادو منیش فریاکەوتم یەکێك لەو کتێبانەی کە نووسەرەکەی (دارمیس تیتر) بوو کڕیم‌و کە خوێندمەوە بۆم دەرکەوت بایەخێکی زۆری دابو بە ئاوێستاو لە سەرەتای کتێبەکەیدا نووسیبووی ئەو کەسەی بیەوێ زمانی ئاوێستا فێربێ پێویستە زمانی‌کوردی بزانێت‌و منیش (تۆفیق وەهبی) بەخۆمم ووت، من کە زمانی کوردی ئەزانم لەبەرچی هەوڵنەدەم زمانی (ئاوێستا)فێربیم؟ ئیتر کەوتمە خولیای فێربوونی ئاوێستاو لەدوای پشکنینی هەندێ سەرچاوەی تر بۆم روون بووەوە زمانی کوردی، بەتایبەتی شێوەی گۆران لەهەموو زمانە ئاریەکانی تر نزیکترە بەو زمانەی ئاوێستای پێ نوسراوەو، چەند لاپەڕەی گەلێك دەسخەتی خۆی پێشاندام کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادەی کردبوو، بەڵام بەداخەوە کارەکەی دوا خستبوو لە دواییدا نەخۆشی‌و پیری زەیفی لێ سەندو کارەکەی تەواو نەکردو ئەو تەقەلایەی بە نیوەچڵی لەناو کتێبخانەکەیدا مایەوەو هەمیشە خەفەتی دەخواردو هەناسەی بۆ ئەوە

هەڵدەکێشا کە نەیتوانیبو ئەو کارە گرنگەی تەولو بکات. خۆزگە لاوانی کوردو رۆشنبیرانی کورد لە شارەزایانی زمانی کوردی بایەخ بدەن بە ئاوێستاو بەو زمانەی پێی نوسراوەو بتوانن ئەو تەقەلا سەرنەگرتووەی ماموستا تۆفیق وەهبی بەجێ بێنن)).

ئەمین زەکی لە لاپەڕە/٢١١ی کتێبەکەیدا لە بەراوردکردنی کوردی‌و فارسیدا وتوویەتی :((ئەگەر بەراوردی چەند ووشەیەکی فارسی بکەین لەگەڵ زمانی کوردی‌و ئەو زمانەی ئاڤێستای پێ نووسراوە بۆمان دەردەکەوێ زمانی کوردی زۆرترو باشتر توانیوێتی خۆی ببەستێتەوە بەزمانی رەگەزی ئاری وەك لەزمانی فارسی.

ئەمین زەکی وەرامی ئەوانەی داوەتەوە کە گومان ئەخەنە بەر زمانی کوردی بەبیانووی ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان شێوەکانیا، کە هۆی ئەو گومان بردنەیان بەهۆی نەشارەزاییانەوەیە دەربارەی زمانە زیندوەکان‌و بە باشیش لە زمانی کوردی نەگەیشتون، چونکە ئەگەر بە ووردی لە دەستورو بناغەی زانیاریی (فیسۆلۆجیا) بکۆڵرێتەوە ئەوانە بۆیان دەرئەکەوێ زۆر میللەتی گەورەی ئیمرۆ هەیە ئەگەرچی تاڕادەیەك زمانێکی یەك گرتویان هەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیەکی زۆر هەیە لە شێوەکانی ئەو زمانانەدا بە پێی ناوچەی دانیشتوانی. بۆ نموونەی ئەوە با سەیری زمانی عەرەبی بکەین لەگەڵ ئەوەشدا زمانێکی عەرەبی یەك گرتوو هەیە، بەڵام شێوەی زمانی عەرەبی لە زۆر ناوچەیدا لە یەك ناچێت‌و جاری واهەیە عەرەبێکی عراقی بە ئاسانی لە میصریی‌یەك یا سوریی‌یەك ناگات‌و ئەو جیاوازیەی لە شێوەکانی زمانی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ لەو جیاوازیی‌یەی نێوان شێوەکانی زمانی عەرەبی‌دا دوبارە دەبینرێ)).

بێجگە لە ئەمین زەکی، گەلێ نوسەری تر هەریەکەیان بە جۆرێك دەربارەی زمانی کوردی دواون کە هەوڵئەدەین کورتەیەکی ئەو باسانەی ئەو نووسەرانە نوسیویانە بیانخەینە بەرچاو. (مسز سۆن) لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٢ دەربارەی زمانی کوردی وتوویەتی ((زمانی کوردی هەتا ئێستە شتێکی‌کەمی لێ زانراوەو لای هەندێکەس، بەتایبەتی ئەوانەی بە کوردستانا گەڕاون زمانی کوردی‌یان بە زمانێکی رەق ژماردوەو هەندێکی تریان وتوویانە زمانی کوردی لە

ووشەکانی فارسیو تورکیو ئەرمەنی پێك هاتووە، کە لە ڕاستیدا ئەو بۆچوونانە هیچیان ڕاست نین چونکە ووردبوونەوەیەك لە زمانی کوردی زۆرباش دەریئەخا زمانی کوردی زۆر جیاوازە لە تورکیو فارسیو ئاشکرایە (میدی)یەکانی کۆن لە سەردەمی خۆیانا هەریەکەیان بە زمانێکی لەیەك نەچوو لەگەڵ ئەوی تردا قسەیان کردووە)).

مارتن ڤان برونسون لە سەرچاوە/۷۳دا، لە لاپەڕە/٥٥دا بەم جۆرەی خوارەوە باسی زمانی کوردی کردووەو کردوونی بەسێ بەشەوە :

١ ـ دیالیکتی باکورو باکووری ڕۆژئاوا کە پێی دەوترێ کرمانجی.

٢ ـ دیالێکتی خوارو کە زۆرجار پێی دەوترێ (سورانی) کە زاراوی ئەو گروپانەی موکریو سلێمانی دەگرێتەوە.

٣ ـ دیالێکتی خواروی خۆرئاوا (مەبەستی ناوچەکانی باشووری خۆرئاوای ئێرانە) وەکوو سنەیی، کرماشانیو لەکی کە لە فارسیی تازەوە زۆر نزیکە.

لەپاڵ ئەو سێ دیالێکتە سەرەکیەدا دەتوانرێ دوو دیالێکتی دیکەش باس بکرێت کە سەر بە لقێکی دیکەی خێزانی زمانە ئێرانیەکانن کە بریتین لە : (زازا)و (گۆران).

مارتن لە باسەکەیدا دەربارەی (زازا) وتوویەتی :ژمارەیەکی زۆر لە خێڵەکانی خۆرئاوای باکووری کوردستان زازان کە بەپێی مەڵبەندەکانیان دەتوانین بیکەین بەسێ دەستە:

١ ـ درسیمی گەورە کە ناوچەی تونجلیو ئەرزنجانو بەشێکی بنگۆلو دیاربکر دەگرێتەوە.

٢ ـ سیڤەرك.

٣ ـ (مۆدکی) ـ کە سەر بە (بدلیسە).

مارتن وتوویەتی: ((گەلێجار دەوترێ زۆربەی علویەکان بە زاراوی زازایی دەدوێن، کە ئەمە شتێکی ڕاستە، بەڵام علویی واش هەیە بە کرمانجی ئەدوێ نەك بە زازایی، بێجگەلەوە زۆربەی علویەکانی تورکیا کوردنین بەڵکو لە ڕەگەزی تورکنو بوون بە علوی)).

ئەو کوردانەی بە زازایی قسە دەکەن بە ئاسانی فێری کرمانجی دەبن، بەڵام فێربوونی زازایی لەلایەن ئەوانەی بە کرمانجی قسە دەکەن شتێکی زۆر گرانەو هەرچەند بەڵگەیەکی کەم هەیە، بەڵام ولێك دەدرێتەوە کە زازاو گۆران لێك نزیکن.

مێجر نۆیل لە یادداشتەکەیدا، سەرچاوە/۲۷ دەربارەی زمانی کوردی وتوویەتی:

((زۆرجار ئەوتریێ زمانی کوردی لە زمانێکی ناوچەیی بەولاوە تێپەڕناکاتو شێوەی قسەکردن لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر دەگۆڕێت).

بەڵێ ئەوە راستە شێوەی زمانی باشووری کوردستان جیاوازیی هەیە لەگەڵ شێوەی کرمانجیدا بەڵام ئەو جیاوازیە شتێکی بنەڕەتی نیەو بیگانەکان بە هەڵە جیاوازیی نێوان شێوەی ناوچەکان گەورە دەکەنو ئەگەر یەکێك فێری یەکێك لە شێوەکان (لهجەکان) بێت ئیتر بە ئاسانی دەتوانێ فێری شێوەکانی تر بێت.

بۆ نموونە : من (مێجر نۆئێل بەرلەوەی بچێتە باکووری کوردستان لە زەمانی شێخ مەحمودا ئەفسەرێکی سیاسی بووە لە شاری سلێمانیداو شارەزای شێوە زمانی باشووری کوردستان بووە) ئەوانەی لەگەڵمان (مەبەست جلادتو کامرانو اکرەمی جمیل پاشا بووە)، زۆرجار کە شیعری کوردیو پەندی پێشینانی ناوچەکەیان ئەنوسیەوە (کە بەشێوەی کرمانجی ژوور بووە)، ئەوان بە پیتی عربیو منیش بە پیتی لاتینی، هەرچەند من شارەزاییەکی تەواوم نیە لە زمانەوانیدا بەڵام دەمتوانی ئەو شیعرانە لەوان ڕەوانترو باشتر بخوێنمەوە.

دەربارەی بایەخدان بە زمانی کوردیو دەستوری زمانی کوردی، سەرچاوە/٧٤، ماریلا گالیتی لە ساڵی ۱۷۸۷دا باسی دەستوری زمانی کوردی کردووەو ئاماژەی بۆ باسی نوسەرێکی تر کردووە کەناوی (Mourizio Gurzoni)بووە کە وتوویەتی قاموسێکی بە نرخو دەستورێکی بۆ زمانی کوردی داناوە لەو ماوەیەدا کە لە شاری (موصل)دا بووە، ئەو قاموسە بە بەرهەمێکی ئێجگار بەنرخ دەژمێرێت لە مێژووی کوردا چونکە یەکەم باسی بێگانەیە دانی بە ڕەسەنێتی زمانی کوردا ناوەو لەسەر بناغەیەکی زانیاریانە نوسیوێتیو هەتا ئەو

قاموسە بلاْونەکرابووەوە هیچ رۆژهەلاْتناسێکی ئەورووپی بیری لەوە نەکردبووەوە قاموسێك بە زمانی کوردی دابنێت.

بەوپێیە ئەو قاموسە کە لە نێوانی ١٧٦٤ ـ ١٧٧٥دا تەواو کراوە بریتی بووە لە (٤٦٠٠) ووشەو باسی دەستوری زمانی کوردیشی تیادا کراوە لە رووی منهجیو لە رووی دەنگەکانەوە. لە پێشەکیی ئەو قاموسەدا وتراوە:((من خۆم دانی پیا ئەنێم ئەم قاموسە کەموکورتیی تیادایە، بەلاْم لەگەلْ ئەوەشدا لام وایە کارەکەم بەسوودو سەنج راکێشەر دەبێت، چونکە یەکەم کەسم لە کارەکەمدا پەنام نەبردۆتە بەر هیچ کەسێكو هیچ کتێبو هیچ زمانێکی ترو هەمووی بە تەقەلای خۆم ئامادە کراوەو مەبەستیشم لە نوسینی ئەم قاموسە ئەوەیە میسینەرەکان لە دوارۆژدا سوودی لێ وەربگرن)).

ماریلا گالتی لە باسی ئەو قاموسەدا وتوویەتی: نووسەرەکەی بە هیچ جۆرێك لەو قاموسەدا دەربارەی ئەدەبی کوردی نەدواوەو باسی ئەوەی کردووە کە کوردەکان بەزۆری لەناوخۆیانا بە فارسی نامە بۆ یەکتر دەنێرن و بە شێوەیەکی ئەدەبی دەنوسنو تەنها هەر زاناکانیشیان لەو جۆرە نووسینە تێ دەگەن، بەلاْم ئەو کریستیانانەی لەناو کوردەکاندا خەتی (کرشونی) بەکار دەهێنن لەنوسینەکانیانا ناوی نسطوریەکانیش بە کلدانی (سریانیی رۆژهەلاْت)و ئەرتۆدۆکسەکان بە(سریانی رۆژئاوا)و ئەرمەنیەکان بە زمانی ئەرمەنی دەنوسن، بەلاْم لەگەلْ ئەوەشدا هەمویان ناچارن زمانی کوردی بزانن چونکە بۆ سوودی بازرگانێتی خۆیان ئەبێ فێری زمانی کوردی ببن)).

وەکوو ماریلا گالیتی باسی کردووە، دانانی ئەو قاموسە زمانی کوردیی کردووە بە (٥) شێوە، کە بە پێی شێوە زمانی ئەمارەتەکان بووە کە بریتین لە:

١ ـ شێوەی (کاراچوالان ـ کە مەبەستی قەلاْچوالانی پایتەختی ئەمارەتی بابان بووە).

٢ ـ عمادیە ٣ ـ جوْلەمێرگ ٤ ـ جزیرە ٥ ـ بدلیس ـ بتلیس.

ئەوەی ئەو قاموسەی داناوە ماوەیەکی زۆر بەو ناوچانەدا گەراوەو لەدوای یەکەم میسینەر کە (سولدینی)بووە، نوسەری ئەو قاموسە بەدووهەم میسینەر ئەژمێرێت کە چۆتە کوردستانو لە ناوچەی (عمادیە)دا ژیاوە.

د ـ ئاینی کورد

بێگومان باسێکی تێرو تەسەل دەربارەی ئاینی کورد لە سەرەتای مێـژووەوە تائیمڕۆ باسێکی دوورودرێژو پڕە لە گرێ کوێرەو تێکەڵ بووە بە گەلێك ئەفسانەو چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیی خۆمانەو بێگانەو ئەو چیرۆکو ئەفسانانەی لە کۆنەوە لـەناو کومـەڵگای کـوردا دەمـاو دەمـی کـردووە، یانـەو هـەموو بۆچوونـە پـڕو پووچانەی دوژمنانی کورد دەربـارەی ئـاینی کـورد هـەڵیان بەستوە لای هـەندێ نووسەرانی بێگانە کراوە بە بەڵگەو بە پێی ئەوانە لە ئاینی کورد دواون.

بەرلەوەی بچینە سەر ئەو سەرچاوانەی هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز لـە ئاینی کورد دواون، بە پێویستم زانی زنجیرەی ئەو ئاینانەی کورد لـە سـەرەتاوە بخەمـە پێـش چـاو بـە پێـی ئـەو سـەرچاوانەی لـەو مەبەستە دواون.ئـەوەی لـە سەرچاوەکانا بە شێوەیەکی چڕوپڕ دەربارەی ئاینی زەردەشت دواون، ئەتوانرێ کورد بە یەکێك بژمێرێت لەو میللەتانەی چوونەتە سـەر رێبـازی ئـەو ئاینـە هـەتا ئەوکاتـەی ئاینـەکانی تـری وەکـوو کریسـتیانو ئیسـلام لـەناو کوردسـتاندا بڵاوبوونەتەوە.

وەکوو لەم باسـەدا، لـە شـوێنی خۆیـا بۆمـان ڕوون دەبێتـەوە ئەوەیـە کـورد بەرلەوەی بچێتە سەر ئاینی زەردەشت، وەکوو زۆربەی میللەتانی تر بت پەرست بووەو بت پەرستیش رێبازی خۆی هەبووەو لەناویانا چەند کەسیك خۆیانکردووە بە پارێزەری ئەو رێبازە کە پیێان وتراوە (موغ)و لە ئاڤێستادا وەکوو لە شوێنی خۆیداو لـە باسـەکاندا دەردەکـەوێ. سـاتێك زەردەشـت ئاینەکـەی خـۆی بـڵاو دەکـردەوە ئـەو (مـوغ)انـە هـەموو دژی وەسـتاونو بەریـەرەکانییان کـردووەو رێگـەیان لـە بڵاوبوونـەوەی گرتـووەو کـار گەیشـتوە بـەوەی (زرادشـت) لـەناو بەریەرەکانیکردنی ئەوانـە ولاتـی خـۆی بـەجێ بێڵێـت، بـەڵام زۆری پـێ نـەچووە (میـدی)یـەکانی باوویاپـیری کـورد چوونەتـە سـەرئاینی زەردەشـتو ئـەو ئاینـە بڵاوبـووەوە، هـەتا ئەوکاتـەی ئـاینی ئیسـلام گەیشـتە کوردسـتانو بـەناو کـوردا بڵاوبووەوە.

بێگومان لە ماوەی نێوان ئـاینی زەردەشـتو ئیسـلامدا ئـاینی (مەسـیحی)ش بڵاوبووەوەو هیچ گومـان لـەوەدا نیـە کـوردی واش هـەبووە چووبێتـە سـەر ئـەو

ئاینە، بەلاّم کە ئاینی ئیسلام بلاّوبووەوەو پەرەی سەند ئیتر کورد بە شێوەیەکی گشتی جگە لە (یزیدی)یەکان کەلای زۆر نووسەر وایە لەناو کوردا یزیدی تاکە تاقم بوون لەسەر پەیڕەوی ئاینی زەردەشت مابوونەوە، ئەگەرچی هەندێ بیرو بۆچوون و دابو نەریتی کریستیانی و ئیسلامەتی تیادا تێکەلّ بووە بە ئاینەکەی باوو باپیرانیان.

بۆ ئاسان کردنی ئەم باسە هەولّئەدەین بە پێی قۆناغی ئاینەکان و پەیوەندی کورد بەو ئاینانەوە بکەین بەم بەشانەی خوارەوە:

١ ـ کوردو ئاینی زەردشت.

٢ ـ کوردو ئاینی کریستیان ـ مەسیحی.

٣ ـ کوردو ئیسلام و چۆنیّتی بوونی کورد بە ئیسلام و رێبازەکانی:

أ ـ سونی ب ـ شیعە ـ علوی و علی ئیلاهی ج ـ یزیدی.

یەکەم ـ کوردو ئاینی زەردەشت

بەڕاستی چاوو دلّم کرایەوە کە بۆ یەکەم جار چاوم بە بەرهەمی لاوێکی کورد کەوت (ئەنداز حوێزیی کوڕی عبدالخالق حوێزیی ئەندازیار) کە جگە لە ماموستایان ئەمین زەکی و تۆفیق وەهبی کە شارەزای ئاینی زەردەشت و ئاوێستان (وەکوو لە دواییدا باسی دەکەین)؛ ئەو لاوە کوردە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی (ئاڤێستا ـ نامەی مەینەڤی ئاینی زەردەشت)ی لە سالّی ١٩٩٢دا لە سوید چاپکردووەو وتوویەتی ماوەی هەشت سالّە خەریکەو بەدوای سەرچاوەدا گەڕاوە بۆ ئەو باسەی و هیوادارم بەرگی دوهەمی ئەو کتێبەشی تەواو بکاو پێشکەشی خوێنەرانی بکات.

نوسەری ئەو کتێبە، سەرچاوە/٩٧ لە لاپەڕە/١٢دا وتوویەتی:

((زەردەشت نێوی خۆی لە بەشی (گاتا)کانی ئاڤێستادا بە (Zarethushtra ـ زاراتوشترا) ناوبردوە. مێژوناسی یۆنانی (کسانتوس) لە سالّی ٤٥٠/ی پێش زایندا وتوویەتی: (زەردەشت ٦٠٠سالّ پێش جەنگی ــ خشیارشا ــ لەگەلّ یۆنانیەکان ژیاوە کە ئەو شەڕە لە سالّی ٤٨٠ی پێش زایین روویداوە)). (بە پێی ئەم بۆچوونە دەبێ زەردەشت ٤٨٠ + ٦٠٠= ١٠٨٠زاییینیدا هەبوە)، بەلاّم وەکوو

ئەو سەرچاوەیە باسی کردووەو وتوویەتی : بەپێی لێکدانەوەی ئاڤێستا دەتوانرێ بوترێ زەردەشت لە نێوانی سەدەی هەشتەم و یازدەهەمی پێش زایندا ژیابێت.

ئەندازیار لە لاپەڕە/١٢دا وتوویەتی لە نوسراوێکدا بەناوی (ولاَتی ماد)ەوە (وتوویەتی بە داخەوە ناوی نووسەرەکەم لانەماوەو بەتەواوەتی لەو ناوەش دڵنیانیم کە وتوویەتی باوکی زرادشت ناوی (Poursh aspa — پوروش ئەسپە)بووەو دایکی ناوی (Dughdova — دوغدۆڤا) بووەو لە گوندی (هەردشنە)ی نزیك بە ورمیە لەدایك بووە، لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەی تری واهەیە دەیبەنەوە بۆ (٦٠٠٠، ٥٠٠٠، ٤٠٠٠)ی پێش زایین.

زەردەشت هەرلە منداڵیەوە زیرەکیو هۆشمەندیی تیادا دیاری داوەو لە تەمەنی (٣٠)ساڵیدا رووی لە دەشتو کێوان کردووەو بۆ ماوەی (١٠ساڵ) لەسەر چیایەك ژیاوە کە لە وێژەوانی (مەزدیسنیدا) بە (oshidarena — ئۆشی دارینار) کە مانای هۆشبەخش دەگرێتەوە، لەوێ پەیوەندیی بە (ئاهورا مەزدا)وە کردووەو بووە بە پێغەمبەری دینی (مەزدیسنی)و ئەمیش وەکوو پێغەمبەرەکانی تر ژیانی پڕبووە لە ئەفسانە کە ئەمە شتێکی باو بووە لە نیو نەتەوە جیاوازەکانا بۆ نیشاندانی بەرزی.

پاش ئەوەی زەردەشت چۆتە ناو خەڵکەوە هەوڵی داوە ئەو خەڵکە بگۆڕێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەناو نەتەوەکەیدا سەرکردایەتیەکی ئاینی هەبووە، بۆیە سەرکردە ئاینیەکان دەستیان کردووە بە دوژمنایەتی لەگەڵیاو ناچاریان کردووە بەخۆیو دوستو لایەنگرەکانیەوە سەری خۆی هەڵبگرێو رووی کردۆتە شاری (بەلخ)و پادشاکەی کە ناوی (ڤیشتاسب)بووە باوەڕی پێ هێناوەو چووەتە سەر ئاینەکەیو لەوێ ماوەتەوە هەتا کاتی کوشتنی لە لایەن (توریراتور)ی (توورانی)یەوە وەکوو لە دواییدا باسی دەکەین، ئەمین زەکی وتوویەتی (ڤیشتاسب ـ و یشتاسب حاکمی باختران بووە).

نوسەری سەرچاوە/٩٧ لە لاپەڕە/٢٠دا باسی ئەوەی کردووە ئیمڕۆ ئاوێستا لە شەش بەشی سەرەکی پێك هاتووە :

١ ـ (گاتا)كان ٢ ـ (يەسنا) ٣ ـ (يەشت) ٤ ـ خوردە ئاڤێستا ٥ ـ ڤيسـپەرد ٦ ـ (ماڤەندادى) كە ئەمەى دوايى لە ئاوێستادا بە (Vidaevata ـ ڤيـداى ڤاتـا) ناسراوە كە ماناى : ياساى دژ بە دێو دەگرێتەوە.

ئاوێستا لە يەك زەمانداو بە دەستى يەك كـەس نەنوسـراوەتەوەو (گاتـا)كـان كۆنترين بەشەكانى ئاوێستايەو سروود بێژەكەى خودى زەردەشـت خـۆى بـووە. مێژووى بەشى گاتا دەگەڕێتەوە بۆ زەمانى سەدەى دەهەمينى پێش زايين، بەلاّم بەشەكانى ترى لە دواييداو بە دەستى چەند كەسێك تۆمـار كـراوە. ئـەو زمانـەى ئاڤێستاى پىێ نوسراوە زمانى ئاڤێستاى پىێ دەڵێن كە زمـانێكى كۆنـى ڕۆژئـاواى ئێرانـەو پەيوەنديـەكى زۆر بـە هـێزى هـەبووە لەگـەڵ زمـانى (سنسـكريتى)و (پارس)ى كۆن.

(دەربارەى ئەو پەيوەنديەى نێوان زمـانى ئاوێسـتاو سنسـكريتىو پـارس كـە ئەو كتێبە باسـى كـردووە تۆفيـق وەهبـى جـارێك بـۆى باسـكردم، ئەوانـەى لـەو سەردەمەدا بە سنسكريتىو پارسى كۆن دەدوان زمانەكانيان زۆر نزيك بووە لـە يەكترى، بەلاّم سەير ئەوە بووە هەمووى ٦٠٠ ــ ٧٠٠ساڵ پـاش ئـەوە ئـەو سـىێ زمانە لـە يـەكترى دوور كەوتوونەتـەوە لـە كـاتێكدا بەرلـەوە زۆر لەيـەكتر چـوون وەكوو چۆن ئيمڕۆ ڕوسەكانو پۆلۆنيەكان لە يەكتر ئەگەن ئەوسا ئەوانيش لەگەڵ يەكتردا وابوون، بەلاّم بۆچى ئەوان بەو جۆرە لەيەكتر دوور كەوتونەتەوەو ئەمان لە يەكەوە نزيكن هۆكەى نەزانراوە چىبووە).

نووسەرى كتێبى (ئاڤێستا)، (يەسنا ـ هات)ەكانو (گاتا)كانى شيكردۆتەوەو چـەند باسـێكى وەرگـێڕاوە بـۆ زمـانى كـوردىو لـە پاشـكۆى كتێبەكـەيدا فەرهەنگۆكێكى بۆ ووشـەكانى ئاڤێسـتا كـردووە بـە زمـانى كورديـى كرمـانجى خوارو.

لـە سـەرچاوەكانى پێشـوودا، لـە باسـى مێـژووى كـوردا زۆرجـار باسـى (ميـدى)كراوە كـە زۆريـەى سـەرچاوەكان كورديـان بردۆتـەوە سـەر (مـاد)و لاى هەندێكيشيان وابووە ئاوێستا لە دواييدا بە زمانى (ماد) نوسراوەتەوە دەربـارەى ميدىيەكانو ئاينەكەيان (كە بەر لە زەردەشت بووە). نووسـەرى سـەرچاوە/٩٧ لـە لاپـەڕە/٩دا باسى پيـاوە ئاينيـەكانى (ميديا)ى كـردووە كـە چـۆن ڕۆڵێكـى

گرنگیان بینیوه له ژیان‌و داب‌و نەریت‌و دەستوورو ڕامانی میتۆلۆجی نەتـەوەکانی ناوچەکانی ئەو سەردەمەو پیاوە ئاینیـەکان هـەتا دوای ڕوخـانی دەوڵـەتی مـاد، هەر هەوڵی ئەوەیان داوە هەموو شـتێك لـە ژێـر دەسـەڵات‌و کـارتێکردنی خۆیانـا بمێنێتەوە.

هەروەکوو (هیرۆدۆت) باسـی کـردووە، ساتێك (کوپوچیـە)ی کـوڕی کـوْروش بەرەو مصر دەڕوات موغێکی کرد بە (پاتی خیشای ئەیە ـ کەئیمڕۆ ئەو ووشـەیە کـراوە بەپادشـاه) کـە ئـەم موغـەش برایـەکی هـەبووە نـاوی (بـەردیا)بـووە کـە شێوەی زۆر لە (کەپوچیەی کـوڕی کوْروش) چـووەو موغوکـە لای خـەڵك بـڵاوی کردۆتەوە ئەم (بەردیابە) کوڕی (کوْروش)ـەکە لە مێـژووی ئـێراندا بـە (بـەردیای درۆغین ناوی هاتووە)و هیرۆدۆت بە (سەمەردیس) ناوی بردووەو بۆماوەی حـەوت مانگ بە پادشـا ناسـرا کـە مەبەستی ئـەو موغـە ئـەوە بـووە دەسـەڵات دوبـارە بکەوێتەوە دەست خۆیان کە (ماد)بوون.

ساتێك ئاینی زەردەشتی لەناو مادەکانا پـەیدا بـوو، موغـەکان لـە سـەرەتادا دژی ڕاوەستان‌و زەردەشت ناچاربوو وڵاتی خۆی بـەجێ بێڵێت‌و پـاش ماوەیـەك مادەکـان چوونـە سـەر ئـاینی زەردەشـت‌و دوبـارە توانی‌یـان دەسـەڵاتی ئـاینی بگێڕنەوە بۆ خۆیان.

دەربـارەی ئـاینی زەردەشـت مامۆسـتای مێژوونوسـی بـەرزی کـورد ئـەمین زەکی، لە لاپـەڕە/٢٨٠ی کتێبەکـەیدا سـەرچاوە/٣٢ بـە دوورو درێـژ باسـی ئـاینی زەردەشتی کردووەو وتوویەتی :((لەناو میللەتە کۆنەکانی ئاریدا، زەردەشـت یـا ئـەبێ پێغەمبـەرێك بووبێـت یـا ڕێکانیشـاندەرێکی کۆمەڵایـەتی ئێجگـار بـەرزو لێ هاتوو بووەکە لە ڕاستیدا نازانرێ کەی‌و لە کوێـدا لـە دایـك بـووەو چـۆن ژیـاوەو لەکام بەشـی ئاریـەکان بـووەو لـە چ کـاتێکدا کتێبەکـەی کـە(زەنـد ئاڤێسـتا)یـە ئامادەی کردووەو بەچ زمانێك نووسیویەتەوەو تا ئێستە پسپۆڕان‌و شارەزایان بە تەواوەتی لەسـەر ئـەوە ڕێـك نەکـەوتون‌و یـەکێکی وەکـوو (مسـتر جاکسـون)کـە شارەزایەکی گەورەیە لەئاینی زەردەشتدا وتوویەتی :

زرادشت لەنیوەی دوهەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایین لە دایك بووە، بەلاّم لەگەڵ ئەو بۆچوونەی میستر جاکسون، نـەزانراوە لـەچ سـاڵێکدا لـەدایك بـووەو،

روایەتە زەردەشتیەکان لایان وایە ئەم پێغەمبەرە یا ئەم ڕێ نیشاندەرە لە سەدەی حەوتەمدا لەدایك بووەو لە کەناری دەریاچەی (ورمیە)دا بیروباوەڕەکانی خۆی بلاوکردۆتەوەو لە ناوەڕاستی نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پێش زایین کۆچی دوایی کردووە.

شارەزایەکی تر کە (مستر هول)ـە لە لاپەڕە/٥٥ی کتێبەکەیدا (مێژووی رۆژهەلاتی نزیك) وتوویەتی ڕوایەتە کۆنەکان دەڵێن زرادشت لە ساڵی ٥٩٦ پ.زدا لە دایك بووەو سەرچاوە کۆنەکانی تری زەردەشتی دەڵێن زرادشت کوڕی (پوراو شیب)بووەو هەر لە منداڵیەوە موعجیزەی گەورەی تیادا بەدی کراوە کە ئەمە بۆتە هۆی ئەوە سیحربازو کاهنەکانی ئەو سەردەمە ڕقیان لێی بووەو هەوڵیانداوە بیکوژن بەلاّم تەقەلاکانیان بێ سوودبووە.

ساتێك زرادشت تەمەنی گەیشتۆتە بیست ساڵ خۆی لە خەڵك دوور خستۆتەوە (لە سەرچاوەی پێشودا ژمارە/٩٧ وەکوو باسمان کرد وتوویەتی لە تەمەنی ٣٠ساڵیدا رویکردۆتە دەشتو کێو)و چۆتە کەناری روباری (دائیتیا ـ کە پێشی دەڵێن روباری الرس ـ ئاراکس)و لەوێ دلوای لە خەڵك کردووە دەس بکەن بە خواناسیو خواپەرستیو (جاویدان)ی پیرۆز زرادشتی بردۆتە خزمەت (ئاهورامزد)و دوای ئەوە چۆتە ولاّتی (توران = سجستان ـ سگستان)و دەستی کردووە بە بلاّوکردنەوەی ئاینەکەی بەلاّم تەقەلاکانی بێ سوود بووە چونکە پیاوە ئاینیەکان رێگەی ئەوەیان لێ گرتبوو.

پاش ئەوە زرادشت بە پێی فەرمانی ئاهورامزد چۆتە لای (ویشتاسب) کە حاکمی (باختر) بووە. (لە سەرچاوەی ژمارە/٩٧دا وتراوە حاکمی باختران بووە)؛ ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەڕە/٢٨٢ی کتێبەکەیدا وتوویەتی هەروەکوو (مستر هول) باسی کردووە ویشتاسب باوکی داریوس بووە. پاش تەقەلادانێکی زۆر زرادشت توانیبوی بەهۆی (جاماسب)ەوە ویشتاسب بخاتە سەر ئاینەکەی خۆیو بەوە ئاینی زەردەشت بەناو ئێرانو توورانو ئاسیای بچوکدا بلاّوبووەوە.

زرادشت لە تەمەنی پیریدا لە شەڕێکدا لەگەڵ شەعبی (هیونی)دا کە سەرکردەکەیان (ئاجاسب)بووە کوژراوە(لە سەرچاوەی پێشودا/٩٧ وتراوە لە شەڕی توورانیەکانا بە سەرکردایەتی (توربراتور) کوژراوە).

ئەمین زەكی لە لاپەڕە/٢٨٣ی سەرچاوە/٣٢دا دەربارەی زەردەشت و ئاوێستا بە دورو درێژی باس كراوەو لەبەر ئەوەی زەردەشتی ئاینی باوو باپیرانی كورد بووە بۆیە بە پێویستم زانی كورتەیەكی ئەو باسەی ئەمین زەكی بخەمە پێش چاوی خوێندەواران كە وتوویەتی:

((بەپێی كتێبی (ئابستاق ـ ئاڤێستا)و هەندێ كتێبی پەهلەویەكان، تعالیمی زەردەشت جیهانی كردووە بە دوو بەشەوە: رووناكی و تاریكی، كە ئەو دو هێزە هەمیشە لەگەڵ یەكتردا ناكۆك بوون و لە شەڕدا بوون و هەرچارەی یەكێكیان سەركەوتووەو لەسەر ئەو بناغەیە دنیا بووە بەدوو بەشەوە : هێزی سوپای روناكی و هێزی سوپای تاریكی، سەركردەی هێزی یەكەم (هرمز ـــ ئاهورامزد)بووە و هی بەشی دوهەم (ئاهریمن ـــ ئیگریمنو)بووە. هرمز شەش یارمەتیدەری هەبووە پێیان وتراوە (ئیمشپنتان ـ كە مانای زیندوە پیرۆزەكان دەگرێتەوەو هەر شەشیان هەمیشە ئامادەی بەجێهێنانی فەرمانەكانی (هرمز) بوون و هەریەكەیان كارێكی پێ سپێراوە بۆ پارێزگاری كردن لە سروشت)، بۆ نموونە : (بەهمەن) لێپرسراوی ئاگربووە، (ئەسفندیار) لێپرسراوی زەوی بووە. لەپاش ئەو شەشە، تاقمێكی هەبووە كە ژمارەیان زۆربووە بەلام لە ناویانا (یزیت، یزد، ئیزد) لە هەمویان بەناوبانگتر بوون و ئەو تاقمە كرابوون بە دوویەشەوە: بەشی ئاسمانی و بەشی سەر زەمین. (ئەمین زەكی لە پەراوێزی لاپەڕە/ ٢٨٤دا وتوویەتی وشەی هرمزو ئاهود رامزد) هەردوكیان هەر ووشەی (یزدان) دەگرێتەوە).

بەرامبەر بە ئاهورامزد، ئەهریمەنیش چەند یارمەتیدەرو سەربازێكی هەبووەكە پێیان وتراوە (دیو ـ دێو)و یارمەتیدەرەكانی بریتی بوون لە شەش دێو كە ئەوەیان پێ سپێردرابوو رێگە لە كاری خێر بگرن و خەریكی خراپەو درۆو تاریكی و زۆرداری بن و هەروەكوو چۆن هرمز ژیانی پێ سپێردرابو، بەرامبەر بەو ئەهریمەنیش مردنی پێ سپێررابوو، لە ئەنجامی كێشەی هەردولادا ئاهورامزاد سەردەكەوێ و ئەهریمەن ناچار دەكا بكشێتە دواوە بۆناو دنیای تاریك و نوتەك)).

بەپێی باسەکەی ئەمین زەکی، بناغەی ئاینی زەردەشت لەسەر چوار شت پێکهاتووە: ١ – هەوا ٢ – ئاو ٣ –ئاگر ٤ ـ خۆڵ کە ئاگر دروشمی تایبەتی زەردەشت بووە.

ئەمین زەکی ئاماژەی بۆ کتێبی (مێژووی کۆنی ڕۆژهەلاتی نزیك) کردووە کە لە لاپەڕە/٥٥٧یدا وتوویەتی: بەر لە دەرکەوتنی ئاینی زەردەشت پیاوە ئاینیەکانی ئەو سەردەمە کە پێیان وتراوە (مغ ــ مەجوس) هەموو شتێکیان بەدەس بووەو بەبێ بڕیاری ئەوان هیچ شتێك نەکراوەو لەوە ئەچێ لە زەمانی داریوسدا پاشماوەی ئاینە کۆنەکان لەناو چوبێتو زەردەشتی بووە بە ئاینی رەسمی بۆ هەموو ئێران.

دەربارەی ئەو ئاینەی میدیەکان لەسەری ڕۆیشتون وەکوو ئەمین زەکی باسی کردووە، شتێکی تەواو لەو ڕووەوە ڕوون نەبۆتەوە، بەلام هەندێ لە پسپۆڕانو شارەزایان دەڵێن میدیەکان پێڕەوی ئاینەکەی هرمزیان کردووەو هرمزیان پەرستوە، بەلام هەندێ لە پیاوە ئاینیەکان ئەو ئاینەیان پڕ کردووە لە ئەفسانەو سیحریازیو ساتێك زرادشت هەوڵی داوە ئاینەکەی پاك بکاتەوە لەو سیحرو ئەفسانانە، (موغ)ەکان بەرەنگاری بوونەتەوەو ئەویش ناچار بووە ڕوویکاتە باختەرانو خۆراسانو تورکستانی ئیمڕۆ.

ئەمین زەکی بە دوورو درێژی باسی ناوەڕۆکی ئاینی زەردەشتی کردووە کە ئەمەی خوارەوە کورتەی بەشە گرنگەکانیەتی:

١ ـ چۆنێتی دروست کردنی دنیا

هرمز لە پێشدا گیانەکانی دروست کردووەو بۆ ماوەی سێهەزار ساڵ سەرپەرشتی کردون، بەلام لە دواییدا ئەهریمەن لەدنیای تارکستانەوە پەیدا بوو دەستی کرد بە دەسدرێژی کردن بۆ سەر دنیای ڕووناکی لە دوای تەواو کردنی گیانی زیندەوەرەکان، هرمز لەماوەی سێ هەزار ساڵدا دنیای بە سێ قۆناغ دروست کرد کە لە دوا قۆناغیا گیانی مرۆڤی دروست کردو ئەهریمەنیش دەستیکرد بەوێرانکاریو تێکدانو لەگەڵ هرمزدا لە ماوەی سێهەزار ساڵدا کەوتە کیشەوەو دوای ئەوە زەردەشت پەیدا بوو توانی ئەهریمەن لاواز بکاتو ناچاری کرد خۆی بکێشێتەوە بۆ ناو دنیای تاریکستان.

٢ ـ دەربارەی گیانی زیندەوەرو رۆحی زیندەوەر

بەپێی ئاینی زەردەشت، ساتێك زیندەوەر دەمرێ، لەپاش سێ ڕۆژ بەسەر جیابوونەوەی رۆح لە لەش، ئیتر رۆح هەست بەخۆشیو شادی دەکاتو دەیگەیەنێتە پردی (چینویت)و لەوێ سێ قازی محاکمەی دەکەنو چاکەو خراپەکانی بە ترازوو دەکێشنو بە پێی ئەو کێشانە بڕیار لەسەر ئەو رۆحە ئەدرێتو پاش ئەوە رووەکاتە پردێکی ترو پێویستە بەسەریا بپەڕێتەوە کە سەرێکی ئەو پردە لەسەر لوتکەی چیای (برز)ەو ئەوی تر دەگاتە ئاوی (دائیتیا)و ئەگەر خراپەی لە چاکەی زۆرتر بووبێت ئەوا دەکەوێتە خوارەوە بۆناو دنیای تاریکستان.

بەپێی ئاینی زەردەشت، ئەو رەوشتو کردارە باشانەی پێویستە لە مرۆڤدا هەبن بریتیە لە: نیازی پاك، ووشەی چاك، کردەوەو رەفتاری باش کە بەزمانی ئاڤێستا ئەو سێ شتە بریتین لە :(هۆمیتە، هوواختە، هودارشتە) مرۆڤ بە پێڕەو کردنی ئەم شتانە دەگا بە شوێنێك کە لە زمانە کۆنەکانی ئاریدا پێی وتراوە (ئینوە هێشت ـ بەهەشت)و رۆحی تاوانباریش دەچێتە دنیای پڕ لە ئێشو ئازار کە بریتیە لە (جەهەنەم)، بەڵام شوێنێکی ناوەندیش هەیە لە نێوانی هەردولادا بۆ رۆحی ئەوانەی چاکەو خراپەیان وەکوویەك وابووبێت کە پێی دەوترێ:(هیمستیکان) کە لەلای موسوڵمانەکان پێی دەوترێ (الاعراف).

٣ ـ ئیشو کارە باشەکان

بە پێی مبادئەکانی زەردەشت، باشترین کاروئیش لەژیانا بریتیە لە کشتوکاڵ کردنو بایەخدان بە ئابووریو پارەدارێتی، کە ئەمانە بناغەی ژیانی مرۆڤ پێك دەهێنن، لەبەرئەوە بڕیاری زەردەشت لەو ڕووەوە بۆ جوتیارو فەلاح ئەوە بووە بەرۆژوو نەبن چونکە رۆژوانەتی هێزو تینیان لێ دەبڕێو ناتوانن شتی باش بهێننە بەرهەم.

٤ ـ پێویستە لەسەر پەیڕەوکەرانی ئاینی زەردەشت چوارشت بپەرستن

هەوا، ئاو ، ئاگر ، خۆڵ کە ئاگر دروشمی تایبەتی زەردەشت بووەو پیسکردنی ئاوو ناشتنی لەشی مردوو لەناو خۆڵدا بە تاوان دەژمێررێ (وادیارە وەکوو هندۆسەکان لەشی مردوو سوتێنراوە).

دەربارەی ئەوەی لە ئاینی زەردەشدا باس کراوە، وەکوو ئـەمین زەکی لێی دواوە، هەندێ شتی لەیەکچوو هەیە لە نێوان ئاینی زەردەشتیو ئاینەکانی تردا، بۆ نموونـە پەڕینـەوەی دوای مـردن بەسـەر ئـەو دوو پـردەی لـەو باسـەدا بـاس کراوەو کێشو پێوانەی چاكوخراپە زۆر لە (پردی سیراط)ی ئیسلام دەچێ کـە مرۆڤی خراپەکار ناتوانێ لێی بپەڕێتەوە، هەروەها قەدەغەکردنی ناشـتنی لەشـی مردوو لەناو خاکدا لەگەڵ سوتاندنی لەشی هندۆسەکان لەیەك دەچێت.



میحرابی زەرتوشت - ی لە تەنیشتی خۆرهەڵاتی دەربەندی

(قەمچوغە = سەرتەنگ)ی لای - سورداش

پارێزگەی سلێمانی

لەدوای ئاینی زەردەشتو بەر لە بڵاوبوونـــەوەی ئـاینی ئیسـلام، ئـاینی کریستیان لە سـاڵی۳۳/ی زاینـدا گەیشـتبووە (ئەرمـەنیا) بـەڵام هـەتا سـەرەتای سەدەی چوارەمی زایین ئەو ئاینە سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیبوو، هەتا دوای ئەوە لە رێگای سـوریاو ئەرمـەنیاو کوردسـتانەوە پـەرەی سـەندوە بـەهۆی لایـەنگرێتیو هـاندانی حکومـەتی (رۆمـا)وە کـە بـووە بـە کریسـتیانو لایـەنگری بڵاوبوونەوەی لەکوردستانو (تیرداد)ی مەلیکی ئەرمـەنی چۆتـە سـەر ئـەو ئاینـە تازەیـە، بـەڵام لەگـەڵ ئـەو هـەموو هـەوڵو کوششـەی قەشـەکانی ئـەو ئاینـەو پڕوپاگـەندە زۆرەکانیـان هێشـتا دانیشـتوانی گونـدو کۆچـەرەکانی پێدەشـتو چیاکان هەرلەسەر ئاینی زەردەشت مابوونـەوەو ژمارەیـەکی کـەمیان بـوون بـە کریستیان.

ئـەمین زەکـی لـە پـەراوێزی لاپـەڕە/۱۲۱ی کتێبەکـەیدا ئامـاژەی بـۆ کتێبـــی (المسـألة الكردسـتانية والـترك)کـردووە کـە لـە لاپـــەڕە/۲٥یـــدا وتوویـــەتی ئاسوریەکانی ئێستە لە بنەچەدا هەر لە رەگـەزی کـورد بوونو چوونەتـە سـەر ئاینی مەسیحی کە مەڵبەندی بطریارکی نسطوری یەکان لە شاری (قوچان) نزیـك رۆژهەڵاتی شاری (جوڵەمێرگ)بووە.

دەربارەی ئەو بۆچوونەی لەو کتێبەدا باس کـراوە. (مـارشمعون) بەرلـەوەی لەگەڵ سمکۆدا تیك بچیو سمکۆ بیکوژێ، لە گفتو گۆیەکی نێوانیانا هـەروەکوو لـە لاپـەڕە/۳۹٦ی کتێبەکـەی سمکـوو بزوتنـــەوەی نەتەوایـەتی کـورد، چـاپی ستوکهۆڵم ساڵی ۱۹۹٦ بە دوورو درێژی باسی ئەو گفتوگۆیە کراوە کە مارشمعون بە سمکـۆی وتبـوو. ئـەم سـەرزەمینەی ئێسـتە نـاوی کوردسـتانە هـی هـەممومان بووە، بەڵام بەهۆی ئاینمانەوە هەردولامان لێك جیا بوینەوەو بەم حاڵەی ئێستە گەیشتوین.

ئەمین زەکی لە باسەکەیدا لەسەری رۆیشتوەو وتوویەتی:

((بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی (السمعاني)، نسطوریوس سەرۆکی ئـەو کوردانـە بووە کە بووبوون بە کریستیانو لـە ئـەنجامی ئـەوەدا بـەپێی بڕیـاری ئەنجومـەنی (Ephossus ئیفوسوس) لە ساڵی ۳٤۱/ی زایندا ئافەرۆزکراوەو بە پێی فەرمانو

بڕیاری (تیودوسیوس) کە لە پێشدا دورخراوەتەوە بۆ (ئەنطاکیە)و دوای چوارساڵ لەوێش دورخراوەتەوە بۆ (لبنان)و نێرراوە بۆ (Thbid ـ ثبد)و لەوێ مردوە)).(وەکوو لەو باسەدا دەرئەکەوێ نسطوریوس بۆیە لەلایەن کریستیانەکانەوە دورخرابووەوە چونکە تاقمی نسطوریی دامەزراندبوو).

ئەمین زەکی لە باسەکەیدا ئاماژەی بۆ دوو جۆرە بۆچوونی السمعانی کردووە دەربارەی چۆنیتی بڵاوبوونەوەی نسطوری لە وڵاتانی رۆژهەتدا یەکەمیان ئەوەیە لە شاری (ئەدسا ــ الرها ــ ئورفە) قوتابخانەیەکی ئێرانی هەبووە گەنجێکی ئێرانی دەرسی کریستیانێتی تیادا وتووەتەوە کە سەرۆکەکەیان قەشەیەکی نسطوری بووەو بەهۆی (ئیفسوس)ەوە مذهبی نسطوری لە ئێراندا بڵاوبۆتەوە.

بۆ بۆچوونی دوهەم ئاماژەی (Barsuma) ـ باسورما ـ ناوێك کردووە کە لە قوتابخانەی (ئەدسا) دورخرابووەوەو لە ساڵی ٤٢٥ی زایندا هەتا ساڵی ٤٨٩ لە شاری (نصیبین) بە مطرانی مابووەوەو پاش ئەویش (هازیتای) قوتابی بارسوما زۆر چالاك بووە لە بڵاوکردنەوەی مذهبی نسطوریدا، ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەرە/١٢٢دا وتوویەتی بەپێی بۆچوونی (مێجر میلنغن)، نسطوریەکان بە خوێنو رەگەز دەچنەوەسەر (کلدین ـ خلدین) کە باپیریان بەر لە (٢٥)سەدە ژیاونو لەو شەڕەدا کە (زینفون)و خسروی دوهەم بە جووتە هێرشیان بردۆتە سەر ئەو (خلدی)یانەو زینفون بە خسروی وتووە ئەو شاخانەی لێمانەوە دیارن پێیان دەڵێن (شاخەکانی خلدییەکان).

ئەمین زەکی لە باسەکەیدا ئەڵێ : ئەو نسطوری یانەی ئێستا لەوناو شاخانەدا دەژین بریتین لە نەوەی ئەو (خلدی)یە کۆنانەو نسطوریەکان خۆێشیان هەروای بۆ دەچن بەپێی بۆچوونی راهب (کازەجای) نسطوریەکان لە نەوەی ئەو خلدییانەن.

دەربارەی ئەو کلدی ـ خلدی یانە، وەکوو لەمەوپێش لە باسی مێژووی کوردا باسی بۆچوونێکی (مینۆرسکی) کراوە کە وتوویەتی : ئەگەر بە وردی لە مێژووی خلدیەکان بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێ خلدییەکان لەگەڵ میللەتی کوردا هەرلە یەك رەگەزو بنچینە بوون. ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەرە/٤٢ی سەرچاوە/٣٢دا وتوویەتی :((زمانی خلدییەکان وەکوو زمانی گورجی وەیا

(الـلاظ)ى ئێســتە والبـووەو بـەهیچ جۆرێـك زمانەكـەیان پێوەنـدی بـە زمانـە سامیەكانەوە نەبووە.

سێیەم: كوردو ئاینی ئیسلام

ئەمین زەكی لە لاپەرە/١٢٢ی سەرچاوەی ژمارە/٣٢دا باسی ئەوەی كردووە چۆن كورد بـووە بـە ئیسـلامو لەبەرئـەوەی باسـەكە ئێجگـار دوورو درێـژەو ئێمـە مەبەستمانە بەشێوەیەكی تایبەتی دەربارەی باكووری كوردسـتان بدوێـین، بۆیـە تەنها زۆر بە كورتی لەو باسەی ئەمین زەكـی ئـەدوێینو لـە باسـەكانی داهـاتوودا زۆرجار باسی ئیسلامەتی كورد دەكرێت كەچۆن خزمەتی ئـاینی ئیسـلامەكانیان كردووە بەتایبەتی لە زەمانی ئەیوبیەكانا بە سەركردایەتی صلاح الدین.

كورتـەی باسـەكەی ئـەمین زەكـی بریتیـە لـەوەی سـاتێك ئـاینی ئیسـلام بلاوبووەوە، كورد پەیوەندی بە پێشرەوی ئیسلامەكانەوە كردووەو لەبەر ئەوەی كورد بـۆی دەركـەوتبوو نـاوەرۆكی ئـەو ئاینـە لەگـەڵ خووڕەوشـتی خۆیـدا یـەك دەگرێتەوە بۆیە بە كۆمەڵ بوون بە ئیسلام.

وەكوو مێژوو نووسە عەرەبـەكان باسـیانكردووە، پێوەنـدی كردنـی كـورد بـە ئیسلامەوە یەكەم جار لەساڵی ١٨/ی كۆچیدا بووە لەدوای داگیركردنی (حلوان)و (تكریت)، هەروەكوو محمد ئەفەندی ئالوسی لە كتێبەكەیدا (روح المعاني) باسـی كـردووە لـەناو صحابـەكانی پێغمبـەردا ئەصحابەیـەك هـەبووە نـاوی (جابـان ـــ كابان)ی كـورد بـووەو لـە كتێبـی (الأصابـة في تمـيز الصحابـة)ی نوسـینی (أبـن الحجر)دالەدەم كابانە گەلێك حدیثی پێغمبەر لەو كتێبەدا بلاوكراوەتەوە.

لـە دوای شـكاندنی (یزدگـرد)ی شـای ئـێرانو داگـیركردنی (مدائـن ـــ طـاقی كسری)و (جلولاء)لە مانگی صفری ساڵی ١٦ی كۆچیدا بەرامبـەر مارسـی سـاڵی ٦٣٧/ی زایین، ئیتر پاش ئەوە كورد پەیوەندی بە ئیسـلامەوە كـردووەو شـاری (نصیبین) لە لایەن (عبدالله بن عتبە)ی سەركردەی هێزەكانی ئیسلام لە زەمانی عمری خطابدا داگیر كراو لـەوێوە هـێزی ئیسـلام روویكـردە (ماردینو دیـاربكرو ئەرمەنیا)و بەوجۆرە ئاینی ئیسلام لە كوردستاندا (هی باكور) بلاوبووەوە.

بێگومان ئاینی ئیسلام لەناو کوردا وەکوو میللەتانی تر، لەناو کوردیشدا گەلێك ڕێبازی جۆر بەجۆر هاتوتە کایەوە وەکوو سونیو شیعە (بە علویو ئەهلی حقیشە)وەو یزیدیو هەوڵ ئەدەین کورتەیەکی ئەو ڕێبازانە باس بکەین.

ڕێبازەکانی ئاینی ئیسلام

أ ـ سونی

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی ئاینی کورد دواون لەسەر ئەوەن زۆربەی کورد موسوڵمانی خاوەن ئیمانن‌و پەیڕەوانی هەرچوار ڕێبازەکەی ڕێچکەی شافعین. مینۆرسکی لە کتێبەکەیدا کورد، سەرچاوە/٤٣ لە لاپەڕە/١٠٧دا لە بەشی ئاینی کوردا وتوویەتی بەشی زۆری کورد موسوڵمانی سونین کە ئەمە لە زەمانی عسمانیەکانا بوبوو بەهۆی ئەوەی تورکەکان (شافعی نەبوون وەکوو کورد بەڵکو حەنەفین) سوودێکی زۆر لەو سونێتی‌یەی کورد پەیدا بکەن‌و بیانکەن بە هاوکاری خۆیان دژی صفوی‌یەکانی فارس لە شەڕی چالدێرانی ساڵی ١٥١٤دا.

ب ـ شیعەو علویو ئەهلی حەق

کورد لە سەرەتای بلاوبوونەوەی ئاینی ئیسلامدا لە کوردستان، هەمووی لەسەر ڕێبازی ئەو تازە ئیسلامانەی گەیشتبوونە کوردستان دەچون بەڕێوەو هەموو لەسەر مەزهەبی سونی‌بوون، بەلام لەدوایدا بێجگە لە یزیدیەکان کە ڕێبازەکەیان تاڕادەیەك زۆر دوور نەکەوتبووەوە لە ئاینی زەردەشت هەرچەند هەندێ شێوەی ئاینی‌ئیسلام‌و کریستیانی تێکەڵ کردبو بەئاینی زەردەشت، ئەوانی تر لە هەندێ شوێنی کوردستاندا، بەتایبەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان‌و لە باکوردا، بەتایبەتی لەدوای گەرم بوونی کێشەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی‌و صفوی، ئیتر بەئاشکرا شیعەیەتی‌و علی اللاهی لە هەندێ شوێندا بلاوبوونەوەو لە باشووری ڕۆژهەلاتی کوردستاندا لە سنەوە بەرەوخوار ئاینزای شیعە بلاوبووەوەو لە باکووری کوردستانیشدا شیعەیەتی (کە لە باکوردا پێی دەوترێ علوی) بلاوبووەوەو لە هەندێ‌شوێنی کەمی باشووری کوردستانیشدا ڕێبازی ئەهلی حەق پەیدا بووە.

دەربارەی علوی، میتۆرسکی هەندێ جار بە (قزلباش) ناوی بردوون و وتوویەتی: ئەمانە لە ناوچەی (درسیم)دا دەژین سەر بۆ تورکەکان دانانەوێنن و لەو شتە باشانەی قزلباشەکان (کوردەکانی باکوور ووشەی قزلباش بە جۆرە ناوێکی سووک دائەنێن بۆخۆیان و لایان واباشە هەرپێیان بوترێ علوی)باوەڕیان پێیەتی ئەوەیە خوا بۆیە هاتۆتە سەر زەوی بۆ ئەوەی ئیشی خێر بکات بۆ خەڵک و لایان وایە (علی) جەنگاوەرەو شیرە گەورەکەی خۆی داوەبە روسیاو نیشانەیەکی سەوزیشی داوە بە ئینگلیز بۆ ئەوەی بە هەردولایان تورکەکان لەناو ببەن (بێگومان ئەگەر ئەمە وابێ، دەبێ بۆچوونی ئەم سەردەمەی دوایی بێ و لام وایە ئەوەی مینۆرسکی باسی کردووە جۆرەچیرۆکێکی هەڵبەستراو بووبێت چونکە ئەو شیرەی گوایە علی دابووی بە روسەکان (چ لە زەمانی قیصرەکانا بووبێت یالە زەمانی سۆڤێتدا)و نە ئەو نیشانە سەوزەش کە دابووی بە ئنگلیز هیچیان سودی کوردی تیادا نەبووەو ئەوەی روس هەر بە قسە بووەو هی ئینگلیزەکانیش هەر درۆو دەسبڕین بووەو هەردولایان هەریەکەیان لە قۆناغێکدا دۆستی تورك بوون نەك هی کورد).

مارتن ڤان برونسون جگە لە کورتە باسێك دەربارەی (علوی) لە سەرچاوە/٧٣دا، لە کتێبێکی تریدا سەرچاوە/٦٦ وتوویەتی علویە کوردەکان لە باکووری کوردستاندا لە رۆژئاوای باکووری کوردستاندا لە غازی عنتاب ـ بنگۆل دەژین لەگەڵ مەرکەزی ئیستایان (درسیم) کە بەشێك لە محافظەی تونجلی و بەشێك لە سیواس و ئەرزنجان و ئالاداغ دەگرێتەوە.

مارتن ڤان برونسنیش هەروەکوو مینۆرسکی وتوویەتی علوییەکانی ئیمرۆ لە کۆندا پێی وتراوە (قزلباش) کە ئەم وشەیە لای علوییەکان بە شتێکی سووک دەژمێرن و وتوویەتی ووشەی (قزلباش) مانای سەر سوور دەگرێتەوە کە ئەمە بۆ ئەوانە بەکار هێنراوە ساتی خۆی سەربەستەکانیان سووربووەو سەر بە صفوییەکان بوون).

دەربارەی قزلباش، لای گردلێڤیسکی وەکوو دوکتۆر کمال مەزهەر لە سەرچاوە/٢٤دا، لاپەرە/٢٣٦ ئاماژەی بۆ کردووە، وتوویەتی :((لە کاتی چاو پێکەوتنی (علی شان کوڕی محمود پاشا)ی قزلباشدا کە سەرۆکی هۆزی

(قوچگیری)بووه وا ڕێکەوت رۆژی یەکتر بینینمان لە مانگی رمضاندا بوو پێی ووتم قزڵباشەکان دان بە مانگی رەمضاندا نانێنو لە جیاتی ئەوە لە مانگی محرمدا تەنها دوو رۆژ بۆ یادی تینوێتی (حسین) لە بیابانی کربلادا یادی ئەکەنەوە. ساتێك داوام لە علی شان کرد باسی (خضر ئەلیاس)م بۆ بکا ڕەنگێکی هێناو ڕەنگێکی بردو وتی ئەوە شتێکی نهێنیو تایبەتیە، مەگەر لە دواییدا بۆت باس بکەم. بەوەدا بۆم دەرکەوت قزڵباشەکان تاج ڕادەیەك لە شتی نهێنیدا قایمکارن)).

دوکتۆر کمال مەزهەری وەرگێڕی باسەکەی گردلێفسکی لە لاپەڕە/۲۳۷دا سەرنجی خۆی بەرامبەر بەو گفتو گۆیەی گردلێفسکیو علی شان بەم جۆرە باسی کردووە:

((وادیارە گردلێفسکی نەیتوانیبوو شتێکی ئەوتۆی لە علیشان دەسگیر بێت. بۆیە وادیارە ناچاربووە لە ریگەی ئەرمەنیەکەوە دەمی گەیشتۆتە قزڵباشێکی تروتوانیوێتی چەند شتێکی لەوانەوە دەسگیر بێت، کە ئەو قزڵباشانە بە گردلێفسکییان وتووە: قزڵباشەکان لەناو خۆیانا یەکتری باش دەناسنەوە بەوەی گوایە ئەستێرەیەك بەسەر ناوچەوانی هەریەکێکیانەوە هەیە تەنها خۆیان نەبێ کەسیتر ئەو ئەستێرەیە ناناسێتەوە)).

دەربارەی ریشو سمێڵی قزباشەکان، گردلێفسکی وتوویەتی :((قزڵباشەکان لە تەمەنی(۳۰)ساڵییەوە ڕێش دەهێڵنەوەو دەستکاریی ناکەنو هیوایان هەیە مووی ریشوسمێڵی بەشی دروستکردنی شەرواڵێك دەکات.لای سوننییەکان ڕیش تاشین رەوایە بەڵام لای قزڵباشەکان هێشتنەوەی ریش خێری بەدەمەوەیە چونکە هەمووتاڵەموویەك (پەری)یەك خۆی پیادا هەڵدەواسێ، لەبەر ئەوە تاشینی باش نیەو گوایا ئەڵێن کاتی خۆی کە ئیمامی علی پێغەمبەری شتووە (دیارە دوای مردنی بووە)، ئاو لە ناوکیا کۆبوتەوەو علی ویستویەتی ئەو ئاوە وەکوو مووفەرکێك بخواتەوە کە دەمی تێناوە مووی ریشو سمێڵی علی بەو ئاوە تەربووەو دوای ئەوە ئیمامی علی هەتا مردنی ریشو سمێڵی خۆی نەتاشیوەو، بەلگەیەکی تریش هەیە لای قزڵباشەکان بۆ مانەوەی ریشی درێژ کە بریتیە لە

ریشه دریژەکەی حەزرەتی عیسا)). گردلیڤسکی لەوباسەدا ژمارەی (قزلباش ــ علوی)یەکانی بە پتر لە یەك ملیۆن داناوە.

دەربارەی علی ئیلاهی : مینۆرسکی وتوویەتی علی ئیلاهی‌یەکانیش باوەڕیان بە (دوّنادوّن ــ تناسخ الارواح) هەیەو ئامازەشی بوّ کتێبێکی نوسراویان کردووەکە بەشێوەی (گوّران) نوسراوەو یەکێك لە کتێبەکانیان کە ناوی (سەرەنجام)ە،من (مینۆرسکی)خوّم بە بەختەوەر زانیبوو کە بوّ یەکەم جار دەسنووسیکی ئەو کتێبەم دەسکەوتو لەچاپ درا.

مینۆرسکی باسی ئەوەشی کردووە کە چوّتە بنکەیەکی پیروّزی علی ئیلاهیەکان لە گوندی (پیرە دیوەر) لە هەورامان کە گوّڕی (باوە یادگار)ی لێیە. لەو باسەی مینۆرسکیدا دەرئەکەویّ کەلای وابووە ئەهلی حق و علی ئیلاهی و کاکەیی هەر لەسەریەك ریباز بوون.

ج ــ رێبازی یزیدی

مارتن ڤان برونسن لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/۷۲ لە کورتە باسیکی دەربارەی یزیدی دواوە کە وتوویەتی : یزیدی (ئێزیدی)یەکان زۆرجار بە ناڕەواو بەتەوسەوە بە شەیتان پەرستیان ناودەبەن (توّفیق وەهبی باسێکی چاپ نەکراوی هەیە بەناوی ــ یزیدیەکان شەیتان پەرست نین ــ بەداخەوە تا ئێستە چاپ نەکراوە)،هەرچەندە بیّ ئاکام دەگێڕرێنەوە سەر رەگەزێکی سوننی توندڕەو، بەلاّم لەزۆر ڕووەوە لێکچوونیان لەگەلّ رەگەزی شیعەی توندڕەودا هەیەو هەتا واپێدەچێت هەر موسوڵمانیش نەبن.

ئەم ئاینە تایبەتە بە کوردو ئێزیدیەکان بە کرمانجی دەدوێن و لەوەتەی هەن لەلایەن هاوسیّ موسڵمانەکانیانەوە ڕاودەنرێن و زۆریان لە ترسانا خاکی ولاّتی خوّیان بەجیّ هێشتوەو هەندێکیان لە ترسانا بوون بە موسوڵمان یاخود بەفەلەو پێوەندیەیان لەگەلّ فەلەکانی دەوروبەریانا باشترە وەك لەگەلّ موسوڵماندا. بوّخوّم (مارتن) زۆر فەلەی وام دیوە کە باوو باپیرانیان کۆنە یزیدی بوون.

زۆربەی یزیدیەکان لە کێوەکانی (شەنگار ــ سنجار)و ناوچەی شێخان دەژین کە مەزاری پیروّزی (شێخ عادی)لێیەو لە سالآنی سی و چلەکانی سەدەی رابوردودا (مەبەست سەدەی نوزدەهەمە) لە دەست زۆرو ستەم هاتون و لە

قەوقاز گیرسانەوە، لە کوردستانی تورکیاش لە کێوەکانی (تورعابدین)و (باتمان) ئێزیدی هەن‌و ژمارەیەکی زۆریان لەتاو جەورو ستەمی موسوڵمانان وەکوو کرێکار روویان کردۆتە ئەڵمانیا (لام وایە راستتر وابوو بیوتایە لەتاو جەورو ستەمی تورکەکان).

دەربارەی یزیدی، ئەمین زەکی لە لاپەڕە/٢٩٣ی سەرچاوە/٣٢، ئاماژەی بۆ کتێبی (تأريخ الموصل) کردووە کە وتوویەتی ناوی یزیدی لەوەوە هاتووە کە باوەڕیان بە خوایەك هەبووە ناوی (یزید ـــ یان یزدان) بووەو هیچ پێوەندی یەکیان نیە بە (یزید) کە خلیفەی ئەمەویەکان بووە. ئەمین زەکی ئاماژەشی بۆ (ثیوفانیس)ی مێژووناسی یۆنانی کردووە کە لە سەدەی حەوتەمی زایندا ژیاوەو باسی ئەوەی کردووە کە (هراقلیوس) ئیمپراتۆر لە نزیك شاری (درسیم)دا بنکەیەکی سوپایی دامەزراندبوو کە بەپێی بۆ چوونی (میجر راولنسن) ئەم شارە نزیك موصل بووەو یزیدیەکان لەم شارەدا پەیدا بوون‌و لەوێوە بڵاوبوونەتەوە بۆ شوێنی تر کە زۆریەیان لە موصل‌و سنجارو قەزای شێخاندا دەژین.

ئەمین زەکی ژمارەی هەموو یزیدیەکانی بە (٣٠٠)هەزارکەس داناوە (ئەمین زەکی لە پەراوێزی لاپەڕە/٢٩٤دا وتوویەتی (مس. روزیتا فوربس)ی گەڕیدەی انگلیز بەر لە شەڕی جیهانی ژمارەی یزیدیی بە چارەکە ملیۆنیك داناوە.

هەندێ کەس یزیدیەکان دەبەنەوە سەر مذهبی (المانويه)و هەندێکی تر دەییەنەوە سەر ئاینی زەردەشتی‌و یزیدیەکان باوەڕیان بە بوونی دوو خوا هەیەو بە پێویستی دەزانن رۆژیش‌و شەیتانیش بپەرستن‌و ئەمانەش وەکوو زەردەشتیەکان باوەڕیان بەخوای روناکی‌و تاریکی هەبووە (هرمزو ئەهریمەن)و پەرستنی شەیتانیان لەبەر ئەوەیە لێی ئەترسن‌و دەیانەوێ بەوە خۆیانی لێ بپارێزن. یزیدیەکان سەرۆکێکی گەورەیان هەیە کە لە ناوچەی شێخان دەژی‌و پێی ئەڵێن (ئەمیری شێخان)و گەورەترین زەعیمی هەمو یزیدی پىی دەڵێن (باباشێخ).

ئەمین زەکی لە کۆتایی ئەو باسەیدا باسی هەندێ نەریت‌و رەوشتی یزیدی کردووە وەکوو سوجدە بردن بو (ملك طاوس)و ئیمانیان بە (دۆنادۆن ـــ رۆحی زیندەوەرێك لە دوای مردن ئەچێتە لە شێکی تروەو کتێبە پیرۆزەکەیان پێی

دەڵێن (جلوە) کە لەلایەن (شێخ عدی)ەوە نوسـراوەو کتێبێکی پیرۆزیان هەیـە بـەناوی (مصحفی رەش) کـە لـە سـاڵی ٧٤٣هـ = ١٣٤٢ز دا نوسـراوە دەربـارەی نەریتو یاسای ئاینی یزیدی لەو سەدەیەدا کە تیایا نوسراوە.

دوا باسێك کە دەیخەینە پێش چاو باسێکی مینۆرسـکی‌یە/سـەرچاوە/٤٣ کە ئەمیش وەکوو ئەمین زەکی باسی (جلـوە)و (مصحفـی رەش)ی کـردووە کـە لـە ساڵی ١٨٩٥دا میسنێرێکی انگلیزی (هـ.باری ـ هـ. ئوبـاری)ئـەو دو کتێبـەی دیـوە کـە بــە عــەرەبی نوســراون بــە چـاپکراوی‌و لەلایــەن (ئەنســتاس مــاری)کــە رۆژهەڵاتناسێکی گاوری عەرەب بووە لە صندوقێکدا لە کنیسەیەکی سـەر چیـای سنجاردا هەڵگیرابوو، وە (ئاماری) توانیبوی پاسەوانی ئەو کنیسەیە رازی بکاتو رێگـەی پی‌بـدا لــە مــاوەی دووســاڵدا کۆپیــەکی راســتی هــەروەکوو هــەردوو دەستنوسـەکە نوسیبوومەوە، بـەوەی کاغــەزێکی تــەنکی خســتبووە ســەرپەرە نوسـراوەکان‌و بـە ئاسـانی توانیبـوی هـەروەکوو خۆی هـەموو لاپـەرەکان شـکل نووس بکاتو بەوەش وازی نەهێنابوو بـەڵکو نیشانەکانیشـی لێـك دابـووەوە. لـە دواییدا لە ساڵی ١٩١٣دا لەلایەن (م.بێتنەر)ەوە لە شاری ڤینـا ئـەو تێکسـتانەی هەروەکوو خۆی‌و بەشێوەیەکی راست بڵاوکرابووەوە.

مینۆرسـکی لـە باسـەکەیدا وتوویـەتی ووشـەی یزیـدی لـە ووشـەیەکی کۆنــی ئێرانیەوە وەرگیراوە کە بریتیە لـە (ئـیزید) کـە مانـای خـوا دەگرێتـەوە (وەکـوو لەوەی ئەمین زەکیشدا هەروای بۆ چـوە). مینۆرسـکی لـە باسـەکەیدا وتوویـەتی کتێبی یەکەم جلوە کە لە لایەن (هـ.بـاری)یـەوە نوسـرابووەوە لـە سـاڵی ١٨٩٥دا دوای ئـەوەش لـە سـاڵی (١٩٠٩)دا کتێبەکـەی دوهـەمیش (مەبەسـتی مصحفـی رەشە) لە گوڤارێکی ئەمریکی‌دا بڵاوکراوەتەوە.

هـ ـ رەوشتی کوردو باری کۆمەڵایەتی ناو کورد

هەر لە کۆنەوە هەتا ئیمڕۆ دوژمنانی کورد هەوڵیانداوە میللەتی کـورد وەکـوو میللەتێکی درندەو دواکەوتو لەقەڵەم بدەن‌و جاری‌وا هەبووە هەندێ لە گـەڕیدەو میسینەرەکان زۆر درۆو دەلەسەیان لە دوژمنانی کوردەوە بیستوەو لـە یاداشـتو باسەکانیانا تۆماریانکردووە، بۆ نموونەی ئەمـە وەکـوو لەبەشـی مێـژووی کـوردا ئاماژەمـان بـۆ کـردووە دوکتــۆر جمــال نەبــەز بەرپــەرچی هــەندێ لــەو درۆو

دەلەسانەی دلوەتەوەو نموونەیەکی تری ئەمە ئەو درۆو دەلەسانەیە (کارلمای) ئەڵمانی بەخەیاڵی خۆیو بەپێی ئەو باسانەی لە دوژمنی کوردەوە بیستبووی کردویەتی بەچیرۆکو ئەوانەی ئەوەی کارلمایان خوێندبووەوە وەکوو سەرچاوەیەك حسابیان بۆ کردووەو بەپێی بۆچوونەکەی ئەو حسابیان بو کورد کردووەو هەشبووە بۆ هەندێ مەبەستی سیاسی هەوڵی دلوە ناوی کورد بزڕێنێت، بۆ نموونەی ئەمە، مێجرسۆن بەرلەوەی بکرێت بە ئەفسەرێکی سیاسی لە زەمانی شێخ مەحمودا لەدوای شەڕی جیهانی، لە ساڵی ۱۹۰۹دا بەناوی (میرزا حسین غلامی شیرازی)یەوەچۆتە باشووری کوردستانو گەشتێکی کردووە لە ساڵی ۱۹۱۲دا ئەو گەشتەی چاپکردووەو بەئارەزوی خۆی هەندێ درۆو دەلەسەی هەڵبەستوەو وتوویەتی کوردە موسوڵمانە دڵرەقەکان هەوڵیانداوە بە زۆرەملێ گاورو جوولەکەکان بکەن بە ئیسلامو ناچاریانکردون جلوبەرگەکانی خۆیان بگۆڕنو جلی کوردی لەبەر بکەن، بەلآم سەیر ئەوەیە مێجرسۆن هەرخۆی لەو کتێبە چاپکراوەیدا خۆی بەدرۆخستوتەوە کە وتوویەتی:

((ساتێك چوومە سلێمانیو دوکانێکم بەکرێ گرت بۆخۆم لە خانێکدا بەناوی بازرگانیەوە، لەو خانەدا یەکدو دراوسێی کریستیانی لێ بوو لەگەڵیانا بوم بەئاشنا کە یەکێکیان ناوی (متی) بوو، بۆی باس کردم کە ئەمە ماوەی بیست ساڵە لە شاری سلێمانیدا خەریکی کاروکاسبیی خۆیەتی بەبێ ئەوەی تووشی هیچ کێچەڵێك بووبێتو لەوەش سەیرتر ئەوەبووە لەدواییدا کە شێخ مەحمود حکومەتی کوردیی دامەزراند (خواجە کریمی علکە) کە کریستیانیکی ناسراوو بەڕێز بوو شێخ مەحمود کردی بە وەزیری مالیەی خۆی لەو حکومەتەدا کە مێجرسۆن خۆی یەکێك بووە لە دوژمنانی ئەو حکومەتە کوردیەو لەگەڵ ئەدمونسدا هەرچییێکیان لە تواناداا بووە بۆ تێکدانی ئەو حکومەتە کردبوویان.

هەرچۆنێك بووبێت، لەم باسەدا هەوڵئەدەم کورتەیەکیئەو باسانە باس بکەم کە بێگانەکان دەربارەی ڕەوشتی کورد بە چاكو خراپەوە نوسیویانە :

باسیل نیکتین لە لاپەڕە/٦٥ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٤ باسی گەڕیدەیەکی کردووە (فازر) لە سەدەی نۆزدەدا بە کوردستانا گەڕاوەو نوسیوێتی :

((لەناو کوردەکانا ڕەوشتی دەرەبەگێتی زۆر توندو تیژەو عەشیرەتەکان هەروەکوو سکۆتلەندیەکان بەر لە چەند سەدەیەك چۆن ڕەفتاریان دەکرد کوردەکانی ئێستە بەوجۆرەن. کورد بە ڕاستگۆو دەسپاك ناسراون‌و بەڵێن‌و پەیمانەکانی خۆیان بەباشی‌و تەواوی بەجێ دەهێنن‌و کەسوکاری خۆیان خۆش دەوێ‌و ڕەوشت‌و ڕەفتارێکی مرۆڤانەیان هەیە بەرامبەر بە ئافرەت‌و حەز لە شیعرو ئەدەب دەکەن‌و ئامادەن گیانی خۆیان بەخت بکەن لەپێناوی عەشیرەتەکەیاناو شانازی بەوڵات‌و نەتەوەیەکەیان دەکەن‌و زۆر بە شانازی‌و دڵسۆزیەوە ئەڵێن : ئێمە کوردین. لەگەڵ ئەوەشدا کورد زۆر زوو تووڕە دەبێ‌و هەندێجار لەسەر شتێکی بچوك هەڵدەچێت‌و زۆرجاریش حەزلە گاڵتەو گەپ‌و باسی ئەو هەڵچوون گڕوگەفەی خۆیشی بە پێکەنینەوە دەگێڕێتەوە)).

باسیل نیکتین لە کتێبەکەیدا باسی گەڕیدەیەکی تری کردووە کە فرنسی بووەو ناوی (بندر)بووە لەساڵی ١٨٨٧دا بەکوردستانا گەڕاوەو وتوویەتی : لەگەڵ ئەوەشدا کورد لە حاڵەتی کۆچەریدایە، بەڵام خاوەنی ڕەوشتێکی بەرزە لەڕووی پاراستنی کەرامەتی خۆیەوەو ئەو بەڵێنەی ئەیدا بەتەواوەتی بەجێی دەهێنن‌و ئەگەر بەڵێنی ئەوەی پێدای بتگەیەنێتە شوێنێك، هیچ مەترسەو لەگەڵیا برۆ بۆ ئەو شوێنەی مەبەستتە، بەڵام دووریش نیە ڕۆژێکی تر ئەگەر تۆی بینی ئەگەر پێویست بکا لەوانەیە بەوپەڕی ڕقەوە ڕەفتارت لەگەڵدا بکا.

باسیل نیکتن لە لاپەڕە/٨٦ی هەمان سەرچاوەدا دەربارەی ئافرەتی کورد وتوویەتی :((ئافرەتی کورد لە ڕەوشت‌و ڕەفتاریا بە تەواوەتی دەماری سروشتی کوردایەتی تیادا ڕەنگ ئەداتەوەو لەگەڵ ئەو هەموو ئەرکە گرانەی بەسەرشانیەوەیەتی‌و زۆربەیان سوارچاکن‌و بە سەختترین چیادا هەڵدەگەڕێن‌و یەکێك لە ڕەوشتە بەرزەکانی کچ‌وژنی کورد داوێن پاکیە کە لەمەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئافرەتی کوردو ئافرەتی تری ڕۆژهەڵاتیەکان‌و لەناو کوردەواریدا کوڕوکچ تێکەڵ بەیەکتر دەبن‌و بەر لە مارەکردن شارەزای خووڕەوشتی یەکتر دەبن)).

دەربارەی ئافرەتی کورد مێجرسۆن لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/١٠٧ لەباسی ئافرەتی کوردا وتوویەتی : ئافرەتی کورد بە پێچەوانەی ژنی فارس‌و تورك،

سانێك میوانێك دەچێتە ماڵێكی كوردو پیاوی ماڵەكە لەوێ نابێ، ژنەكەی بەوپەڕی سەربەستیەوە دەچێت بەپیر میوانەوەكەوەو خزمەتی دەكا هەتا مێردەكەی دێتەوە، ئەوسا جڵەوی وڵاخی مێردەكەی دەگرێو دەیباتە ناو تەویلەكەوە)).

مینۆرسكی لە لاپەڕە/١٤٩ی كتێبەكەیدا سەرچاوە/٤٢باسی تورەیی و كەللەرەقی كوردی كردووەو وتوویەتی :

((چەند كوردێك لەكاتێكدا بەرێگادا دەرۆیشتن لەناو خۆیانا لەسەر شوێنی هەڵهاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ دەبێ بە مشتومڕ، پێش ئەوەی ئەستێرەكە لە ئاسمان دەربكەوێ یەكدوانێكیان لەگەڵ یەكتردا تێك دەچنو لەناو خوێنی خۆیانا دەگەوزێنو كە ئەستێرەكەش هەڵدێ شوێنەكەی وەكوو ئەوەی ئەوان نابێ. كوردەكان لەهەندێ شتدا لە (ئەلبانی)یەكان دەچنو لەزەت لەوە وەردەگرن بەهۆی فیشەكەكانیانەوە هێزو تواناو دەسەلاتی خۆیان پیشان بدەن، بەلام نابێ ئەوەشمان لە بیربچێت هەموو ساڵێك لەودیوی قەفقاسدا (١٥٠٠)دەكوژرێت كە (٣٨٩)ی لە ناوچەی (ئەلیزابث پول)دا كوژراوە)).

مامۆستا شكور مصطفى لە گۆڤاری كۆڕی زانیاریدا/سەرچاوە/٩٨باسی چەند گەڕیدەیەكی لە توركیەوە كردووە بە كوردی كە بەكوردستانا گەڕاونو لەوباسەیدا وتوویەتی :

((سوڵتانە توركەكانی ئەستەمبوڵ هەروەكوو پادشاكانی صفویی ئێران، جگە لەچەند ئاسەوارێك كە بریتیە لە خانوویەرەی بەجێماو هیچ بایەخێكیان نەدابوو بە زانستو گەشەپێدانی باری ژیانی دانیشتوانو بە تەنگیانەوە نەهاتوونو ئەمە بووە بەهۆی ئەوەی گەڕیدە ئەورووپاییەكان بە چاوێكی سووك روانیویانەتە دانیشتوانی سەرانسەری وڵاتو هەندێ لەو گەڕیدانە عەرەبیان بە بیابان گەڕو تەمبەڵ باس كردووەو كوردیان بە جەردەو رێگرو توركیان بە تەنگە چیكڵدانەو توورەو تڕۆ باسكردووەو وتویانە ئەگەرچی فارس زۆر درۆزنن بەلام بەڕواڵەت خۆش خوو بەئاكارن، ئەوانەی كوردیان بە پیاوخراپ باسكردووەو ناویان زڕاندوە بریتی بوون لە كارگێڕو هەمەكارەی تورکو عەجەمو چینی بیرۆكراتو بازرگانەكانی وڵاتانی دراوسێی كوردو ئەو ناوو ناتۆرانەی لەمانەوە بەسەر كوردا

دابڕاوە گەڕیدەکانی ڕۆژئاوایی بێ‌سێ‌و دوو پاکوپیسییان تۆمار کردووە لەسەر حسابی کوردیان ژماردوە. بێگومان درۆزیکر نەك تەنها لە ڕۆژهەلاتدا، بگرە لەسەرانسەری ڕۆژئاواشدا هەبووە، بەلام سەرلە بەری نەتەوەیەك بەئەشقیا لەقەلەم دان کارێکی ناڕەوایەو دژی بیری زانستە.

بەتێکڕایی، عەرەبی شارستانێتی یاخود بازرگانی عەجەمی چەکمەڕەق و بە گیرفان‌و باخەلی پڕ لە زێڕو پارەی شاراوە، بەتایبەتی زستانان کە بە چیاکانی کوردستانا تیپەڕیانکردووە، هەموو سامیان لێ نیشتوەو زارەترەك بوون‌و بەبێ ئەوەی کەسیش ڕێگەیان پێ بگرێت هەرلە خۆیانەوە دلیان کرمێ بووەو لە رووتکردنەوە زندەقیان چوە)). بەلام سەیر ئەوەیە هەتا ئێستە لە یاداشتی تۆمارکراوی هیچ گەڕیدەیەکدا یاداشتی یەکێکیان لەوە نەدواوە کە لە شوێنێکدا ڕیگەی پێ گیرابێ‌و ڕوتکرابێتەوە.

لەراستیدا ئەم هەموو ورێنە بێ سەروبەرانە هەمووی لە سام‌و دلْ پیسیەوە چەکەرەی کردووەو لەو ڕووەوە ئارشاك سافرستیان وتوویەتی :((لە سەردەمێکدا کە دوو دەولەتی دەسەلاتداری گەورەی دراوسێی کورد دانیان بەوەدا نابوو کە کورد شارستانیەتێکی خۆمالیی کوردیان دامەزراندبوو، هەروەکوو ئەولیا چلبی لە گەشتەکەیدا لێی دواوە. بەلام زۆری پێ نەچووە پاشاو سولتانەکانی هەردولایان میرنشینەکانی کوردیان خستە ژێردەسەلاتی خۆیان‌و سەربەخۆییان لێ دارنین‌و ولاتەکەیان پێخوست کردن‌و سەرەڕای ئەوە کارگێڕەکانی عوسمانی‌و عەجەم کوردیان بە یاخی‌و ڕێگر ناوبردوەو ناویان زڕاندوە)).

ئەولیا چلبی دەربارەی هەلوێستی تورك‌و عەجەم بەرامبەر بە کورد وتوویەت: هەر میرنشینێکی کورد لە رووی بۆجەو گومرگ‌و باج سەندنەوە هەریەکەیان بۆخۆی دەولەتێك بووەو پادشای تورك‌و خانی عەجەم‌و کاریەدەست‌و هەمە کارەکانیان ئەو بارو دۆخەی کوردیان پێ قووت نەدەچوو چاویان بەرایی نەدەهێنا میرەکانی کورد بەوجۆرە ببینن‌و باج‌وگومرگ لە کاروان‌و قەتاری بازرگانی‌و قەلەمچی بسێنن بۆیە مافی کورد بۆ کۆکردنەوەی گومرگ‌و باج بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانیان ئەمەیان بە دزی‌و جەردەیی داناوەو تەنها هەر بیریان لە پرکردنی گیرفان‌و باخەلی خۆیان کردوتەوە.

ئەولیا چلبی لە گەشتەکەیدا هۆی ڕاپەرین و ئەوشۆڕشانەی کە لە ساڵی ١٦٥٥دا لەنێوان مەلیك ئەحمەد پادشای کاریەدەستی تورك و (ئاودال خان)ی کوردو میری بدلیس ئەوەبو ئەو میرە کوردە زۆر زۆر زاناو سەرڕاست و دەوڵەمەند بووەو چەند کۆمەڵە کتێب و تاقمە شتی هونەرکاریی ئەوتۆی هەبووە کە لەو سەردەمەدا هاوتایان نەبووە.

مامۆستا شکور مصطفی لە کۆتایی باسە وەرگێڕاوەکەیدا باسی چەند گەڕیدەیەکی ڕۆژئاوایی کردووە کە یاداشتەکانیان کراون بە تورکی و ئەمیش کردونی بە کوردی وەکوو :

١ ـ (بازرگانی بێ ناوی ڤەندیك ـ ی ئیتالی ـ کە بەکۆنترین گەڕیدە دەژمێرێت کە لە سەدەی شازدەهەمدا بە کوردستانا گەڕاوەو یاداشتەکەی لە ساڵی ١٥٥٩دا لە ئیتالیا بڵاوکراوەتەوە کە باسی کۆشك و تەرازە جوانەکەی میری بدلیسی کردووەو چۆن شاە ئیسماعیلی صفوی شەش هەزار سواری ناردوتە سەری، بەڵام کە شەڕی عوسمانی و صفوی دەستی پێکردووە شاە ئیسماعیل ناچاربووە هێزەکەی بکێشێتەوە.

٢ ـ (مستر ئەفونسو) کە خەڵکی وڵاتی پورتوغال بووەو لە ساڵی ١٥٦٥ لە گەڕانەوەیدا بەگەشت لە هندستانەوە بەناو (بدلیس)دا تێپەڕی کردووەو باسی قەڵایەکی کردووە کە لەسەر دوندی بەردەڵانێك دروست کرابوو، بورجەکانی سەریان لە ئاسمان دەسوو شوورەکەی لەداگیرکردن نەدەهات.

٣ ـ (پترو دیلاڤال) لاوێکی ئەرستوکراتی ڕۆمانیی بووە لە گەشتەکەیدا گەیشتوەتە قەسری شیرین و لایداوەتە ماڵێك مێردەکەی لەماڵەوە نەبووە بەڵام ژنەکەی کە (خانم سوڵتان)بووە نانی ئێوارەی بۆ کردووەو خواردەمەنیی کوردەواری بۆ داناوەو دیلاڤال لە یاداشتەکەیدا باسی خواردەمەنی کوردو زمانی کوردی و باری ژیانی ناو کوردەواریی کردووەو وتوویەتی کوردەکان زمانی خۆیان هەیە لە زمانی دراوسێکانیان ناچێت و زۆریان شوانکارەن و گەرمیان و کوێستان ئەکەن و ساتێك چوومە ئەستەمبوڵ، لەوێ چاوم بەخانی (بدلیس) کەوت کە یەکێکە لە دەسەڵاتدارانی کوردو خاوەنی ١٠ ـــ ١٢هەزار چەکدار دەبێت. دەسەڵاتدارەکانی کورد هەروەکوو سنیۆرەکانی ئەوروپا خۆیان پێشان ئەدەن

هەرچەند لە ژێر سایەی شاکانی عجەمو عوسمانیشدان. دەسەلاتدارەکانی کورد وەکوو میرەکانی ئیتالیا رەفتار دەکەنو ئەمانیش لە پێناوی سوودی خۆیانا ناویەناو لایەنگر گۆڕکێش دەکەن. ژنی کورد لەناو شارەکانیشدا سەریەخۆیەو بەبێ پەچەو چارشێو دەگەڕێنو دەتوانن لەگەڵ پیاوی بێگانەو نا مەحرەمدا بێپەروا یەکتر ببینن‌و گفت‌و گۆیان لەگەڵ بکەن)).

ژنەکەی مێجرسۆن لە محاضرەکەیدا ، سەرچاوە/٦٢ دەربارەی ئەو رەخنانەی لەکورد گیراوە وتوویەتی :((هەندێکی تر بە وێرانکەرو کاولکەر ناویان بردونو هەندێکیان کوردیان بە خوێنرێژو دەسدرێژیکەر باسکردووەو هیوایان هەبووە شوێنی لێ هەلکێشاوەو وتوویەتی کورد تۆزێك لە حەیوان باشترن، ئەوانە هەرچۆنێکیان باس کردبێت، ئەبێ راستیەکیش هەیە پێویستە بخرێتە بەرچاو کە ئەو خراپکارییەی بەهۆی هەندێ کوردەوە روو ئەدا ئەگەر دەولەتێکی ئەوروپاییش لە هەمان بارو دۆخی کوردا بژی ئەوا تاوانو پیاوکوژیو دەسدرێژی کردن لەناو ئەو دەولەتە ئەوروپاییەشدا لەوەی ناو کورد زۆرتر دەبێت.

کورد لەناو خۆیدا ناڕێکو یەك نەگرتوون هەرلەبەر ئەوەش بووە کاتی خۆی بوبوو بەهۆی سەرنەکەوتنی شێخ محمودو شێخی بارزانو فارسو تورکو عراق توانیبویان بەسەر کوردا زال بن.

بەلام لەگەڵ ئەو هەموو شتانەشدا یەکێك لە سروشتەکانی کورد ئەوەیە ئێجگار زۆر حەز لە گالتەو گەپ دەکەنو لەورووەوە گەلێك سەرگوزشتەی سەیرو پڕ لە پێکەنین دەگێڕنەوە کە ئەمەی خوارەوە یەکێکە لەوانە :

(کوردەکانی تورکیا دەگێڕنەوە وەختی خۆی باپیری یەکێك لە سەرکردەکانی عەشیرەتی (تاپۆ) باردەکات بۆ ناوچەیەکی ژێر دەسەلاتی عەشیرەتێکی تورك کە ناوی (ئیل بیکلر)بووە، سەرۆکی عەشیرەتە تورکەکە کوردەکان دەعوەت ئەکا بۆ ئاهەنگێکو کوردەکان دەچنو لەدوای چەند رۆژێك کوردەکان بڕیارئەدەن ئەوانیش تورکەکان دەعوەت بکەنو هەواڵیان بۆ دەنێرن لە فلان رۆژدا بچن بۆ دەعوەتەکەیانو ساتێك ئەو زەلامەی ئەی نێرن بۆلای تورکەکان کەوا چاوەڕوانی هاتنیان دەکەن بەو زەلامە ئەلێن : ئێمە چۆن زیافەتی ئێوە قبوڵ دەکەین؟

زەلامە کوردەکە کە گوێی لەو وەرامە ئەبێ بەردەبێتە گیانی تورکەکانو ژمارەیەکیان پەرێشان دەکاتو دەگەڕێتەوە.

بەرامبەر بەوە،سەرۆکی تورکەکان پیاوەکانی خۆی رادەسپێرێ تاقمێك بچنە سەر کوردەکانو لە هەوارەکەیان دەریان پەڕێنن، بەلام پیرەکانی ئەو تورکانە بەقسەی سەرۆکەکەیان ناکەنو ریشسپیەکیان پێی دەڵێ : ئێمە چۆن بچین بەگژ تاقمێکی وادا کە تاقە زەلامێکیان توانیبێتی بچێت بەگژ (٣٠)کەسماناو باشترین شت ئەوەیە ئێمە خۆمانیان لێ دووربخەینەوەو هەوارەکەمان بگوێزینەوە. (دەربارەی ئەو ئازایەتیەی خاتو سون باسی کردووە کاشکی کورد بەقەد ئەوەش یەك گرتوویوایە).

ژنەکەی سون لە محاضرەکەیدا دەربارەی ئافرەتی کورد وتوویەتی :((ژنی کورد بە پەچەو ڕووپوشی نیەو لەناو کوردا ژنو ژنخوازی بەوپەڕی سەربەستیەوە دەکرێو ژن دەسەلاتێکی زۆری هەیە لە هەڵبژاردنی ئەو مێردەی شووی پێدەکا. ژنی کورد زۆربەی سوارچاکەو دەتوانێ چەك هەڵبگرێ زۆرجار ژنی کورد لە شورشو ڕاپەرینەکاندا بەشداربوون)).

لەکۆتایی ئەم باسەدا، بە پێویستم زانی چەند سەرنجێکی دوکتۆر جمال نەبەز بخەمە بەرچاو کە لە لاپەڕە/٣٢ی سەرچاوە/٣١دا باسی چەند بێگانەیەکی کردووە دەربارەی رەوشتی کورد دواون:

١ ـ مینۆرسکی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ باسێکی (ئابۆڤیان)ی ئەرمەنی کردووە کە وتوویەتی : مرۆڤ بەمانای ووشە دەتوانێ کوردەکان بە شۆڕە سوارەکانی رۆژهەلاتی نێوەراست نێو ببات کە میللەتێکی پەیمان نەشکێننو میوان دۆستێکی بێ وێنەن.

٢ ـ زانای ئەلمانی (Mortin Hortman) لە کتێبەکەیدا ـــ پێنج راپۆرت دەربارەی ئیسلام چاپی ساڵی ١٩١٢وتوویەتی :((ئەگەر بڵێم کوردەکان نەتەوەیەکی وان کولتوری ئەوروپی بە ئاسانی وەردەگرن، ڕەنگە هی واهەبێ بەرپەرچم بداتەوە، بەلام ئەو بێگانانەی بەکوردستانا گەڕاون لەوباوەڕەدان نەتەوەی کورد لەژێر ئەو توێکڵە رەقەیانەوە دنیایەك بیری وردو هەستی قووڵیان

حەشاردراوەو زۆر لەوانە گەواهی ئەوە ئەدەن کوردەکان ژیریـەکی خۆرسـکارانەو توانای شیکردنەوەو تێگەیشتنێکی خێراو رەوشتێکی بەرزیان هەیە)).

٣ ـ لەو راپۆرتەی لە ساڵی ١٩٢٤دا لەلایەن عصبة الامەوە دەربـارەی عراق ئامادە کراوەو وتوویەتی :((لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان شەڕانیو خۆ بەدەستەوە نەدەرن‌و بەلاّم دەتوانن بـە ئاشتیو هێمنـی لەگـەڵ کەمەنەتـەوەییو ئاینـەکانی هاوڵاتیاندا هەڵکەن. ئێمە دەتوانین گـەواهی ئـەوە بدەیـن کوردەکـان لـە هـەموو نەتەوەی موسوڵمانی دیکە چێتر لەگەڵ دیانەکانا رەفتـار دەکـەن (ئەمـە دوبـارە بەرپەرچدانـەوەی یـەکێك لـە درۆکـانی مێجرسـۆنە کـە دەربـارەی کـورد هـەڵی بەستبوو).

٤ ـ ژنەکەی مێجرسۆن لەو محـاضرەیدا لـە سـەرچاوە/٦٢دا باسمـانکردووەو دوکتۆرجمال نەبەزیش لە سەرچاوە/٣١دا ئاماژەی بۆ کردووە وتوویەتی :((کورد مرۆڤێکـی ڕاسـت گۆو سەرراسـتن، رقیـان لـە درۆو تەڵەکەبازیـە، ئەگـەر جـارێك پێویستی بەوە بکا درۆیەك بکەن نازانن چۆن ئەو درۆیە پینە بکەن)).

٥ ـ هـاملتن لـە کتێبەکـەیدا (Road Through Kurdistan) چـاپی لنـدن ١٩٥٨ وتوویەتی :(کوردەکان کەژو کێو نشینن، جوداوازن لە عارەبو تاڕادەیـەك خۆگرن، زێتر لە سـکۆتلندیەکان دەکـەن، لـە عـارەب کـەمتر بەتـەنگ ژیانـەوەن، حەزیان لەگاڵتەو بازییە بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە خۆیانو گەلەکەیانـەوە بێ. تا ئەندازەیەك باوەڕیان بە ئایینو فەلسەفەو چارەنووس زۆرە، ئەگەر بتوانی بیانکەی بە دۆست ئیتر دۆستایەتیەکەیان هەتا سەرەو لـەهی عـەرەب راسـترە، رێژگاو وکێل نین، بە وردی دەڕواننـە بـوون‌و ژیـان، بـە پێچەوانـەی سـەرەتاییو دواکـەوتوویی وڵاتەکەیانـەوە زۆر حـەزیان لـە زانسـتی نـویێو پێشـکەوتن‌و پیشەسازیە)).

٦ ـ (G.J.Muller) لە باسێکدا چاپی (شـتوتگارت) سـاڵی ١٩٥٩ وتوویـەتی :((ئەوی توشی کوردێکی ڕاسـتەقینە ببێ، ئیدی ئەوکەسـە کـوردو کوردسـتانی خۆش دەوێ، کورد مرۆڤی چاوکەشن، بە هۆش‌و کەللـە رەقـن، خـاوەنی توانـاو هێزێکی بەکارنەهێنراون)).

٧ ـ (توماس پوا)ی ڕۆژهەڵاتناس و لاهووت و دەروونناسی فەرەنسی دەربارەی کورد وتوویەتی :((سەربازێکی لاوی پۆڵۆنی کە کارەساتەکەی جەنگ گەیاندبوویە عراق (مەبەستی شەڕی جیهانی دووەمە کە هەندێ سەربازی پۆڵۆنی هێنرابوونە دەوروبەری خانقین) پێی وتم : لەنێو هەموو گەلەکانی ڕۆژهەڵاتدا کە چاوی پێیان کەوتووە، کوردی لەهەموویان پێباشترە، من(توماس پوا) پێ لەسەر ئەوە داناگرم کە بزانم هۆی ئەمە چییە، چونکە پێم وایە ئەو قسەیەی لە خۆڕایی و بێ تەجروبەییەوە نەبووە)).

٨ ـ (Helgo Klamer) لە کتێبەکەیدا چاپی سبتمبری ساڵی ١٩٧٠ وتوویەتی :((گەر وەك دۆست بچیتە لای کوردەکان ئەوا میواندۆستێکی بێ هاوتان، هەرکە بۆ ئوتێل گەڕای دلوەتی ماڵەوەت دەکەن، چەندە لە دوژمنایەتیدا خەتەرناکن ئەوەندەش لە دۆستایەتیدا کەم وێنەن)).

٩ ـ دوکتۆر شاکر خصباك لە کتێبەکەیدا الکرد والمسألة الکردیة چاپی بغداد ساڵی ١٩٥٩ وتوویەتی :((بەراستی کوردەکان سەربازی نەناسراون، زۆرجار بە خراپە باس دەکرێن، بەڵام لەڕاستیدا کوردەکان ڕووخۆشن، دڵپاکن، بەخشندەو لێبوردەن، خێزانی خۆیان خۆش دەوێو وڵاتەکەیان دەپەرستن زۆر بە نەتەوەی خۆیانەوە دەنازن)).

١٠ ـ هوست برونگ لە کتێبەکەیدا چاپی ساڵی ١٩٦٣ وتوویەتی :((ساتێك کوردەکانم بینی هەستم کرد لەو گێژەنی ڕۆژهەڵاتەدا لەپڕ ڕوو بەڕووی کەسانێك دەبمەوە کە بەتەواوی پشتیان پێ دەبەسرێ)).

١١ ـ خاتو زینب لە گفتوگۆیەکدا لە ڕۆژنامەی (النور)لە بغداد/ژمارە/٢١٨ی ڕۆژی ١٩٦٩/٧/٩ وتوویەتی :

((دیم ئافرەتی کورد ژیرن، پێشکەوتونو هەوڵی ڕزگاربوونی خۆیان لە زۆر کۆتو پێوەند دەدەن، باشترین نموونەن بۆ ئەوەی ئافرەتانی وڵاتەکەم چاویان لێ بکەن، ئاواتەخوازم ئافرەتی عەرەب بەلای کەمەوە بە بەشێك لەو سەربەستیەی ئافرەتانی کورد بگەن)).

١٢ ـ پرۆفیسۆرخالفین : وتوویەتی بەشێکی زۆر لە سەرچاوە رۆژ ئاوایەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا کوردیان بە دزو جەردە ناویردوە، بەلآم ئەوجۆرە نێوو نەتۆرانە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ راستیدا یەك ناگرنەوە.

١٣ ـ (ئیلون ئالبیك) ئەندامی سەرکردایەتی پارتی سوشیالستی سویدی وەکوو لە رۆژنامەی (التآخي)دا/ژمارە٢٧٦ لە ١٩٧٠/٧/١ بلآوکراوەتەوە وتوویەتی : نەتەوەی کوردم زۆر لاپەسەندەو رەوشت بەرزن و ئەم راستیەم لە زۆر سەرچاوەوە هەلکۆلیوە. ئەم رەوشتەیان لەگەڵ ئەو هەموو بارە گرانەی شەڕو ئابوری و جوگرافیدا هێشتا خۆڕاگرن و خۆبناسێنن کەئەمە نیشانەی رێکوپێکی و هەست کردنیانە بەلێ پرسینەوە)).

١٤ ـ (Gerald Reitlinger) لە کتێبەکەیدا چاپی/سالی ١٩٣٢ لە لاپەڕە/٢٠٥دا وتوویەتی:

((بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوروپاییەکان، کوردەکان گەلێك ژیرو وریان، جوداوازی نێرو مێیان لەلا نییە، ژنان چارشێو ناگرنەوە، ئەمانە بۆ ئەو کەسەی گەشتی رۆژهەلآت دەکا رووداوێکی رومانتیکیانەن، لەگەڵ ئەوەشدا نێوبانگیان بە چاکی نەرۆیشتوە کەچی زۆر سەرنج راکێشن)).

بەشی سێهەم

ڕەگەزی تورك و طورانی و لێشاوی هاتنیان بەرەو ڕۆژئاوای ئاسیا

هەرچەند لەم کتێبەدا مەبەستی سەرەکیمان باسی مێژووی کوردو کوردستانە بەشێوەیەکی گشتی و هی باکوری کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی، بەلأم لەبەر ئەوەی هاتنی لێشاوی تورك بەرەو ڕۆژئاوای ئاسیاو داگیرکردنی کوردستان و نیشتەجێ بوونیان لەناو خاکی باکوری کوردستانداو لە ئازربایجاندا کارێکی گەورەی مێژوویی کردۆتە سەر میللەتی کوردو لەوساوە ئەوان بوون بە دەسەلأتدار، کورد تووشی سەدان شەڕو کارەسات و ماڵ کاولی بووەو بەهۆی ئەوەی ئەو تورکانە بوبوون بە ئیسلام و ئالأی ئیسلام و خلافتی ئیسلامیان بەرزکردبووەوە، ئیتر کورد هەموو توانای خۆی بۆ ئەو دەوڵەتە بەناو ئیسلامە تەرخان کردووە.

بێجگە لەوە ئیمڕۆ بەئاشکرا لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژ ڕۆژی ئازادی و سەربەستیەو ڕۆژی مافی چارەنوسی گەلانە، کەچی کورد لە باکوری کوردستاندا بە تورکی کێوی لەقەڵەم ئەدەن و دان بەبوونی کوردو بەمافی کوردا نانێن و وای لێ هاتووە ماڵ لەخاوەن ماڵ حەرامەو داگیرکەر بووە بەخاوەن ماڵ، لەبەر ئەوە کورد پێویستە مێژووی خۆی بزانێت، پێویستە مێژووی دوژمنە داگیرکەرەکەشی بزانێت تابزانێ چۆن ئەو داگیرکەرانەی لەژێر ناوی ئیسلام و خلافتی ئیسلامدا بۆ ماوەی (٥ ـ ٦)سەدە کورد بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوەو ئیمڕۆش لەژێر باری گرانی ئەو داگیرکەرەدا دەناڵێنێت.

وەکوو لەبەشەکانی ئەم باسەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، سەرەتای هاتنی تورك لە شێوەی هاتنی لێشاوی عەشایرەکانی (غوز)ەوە دەستی پێکردووەو بە

زنجیرە سلجوقیەکان‌و مەغۆلەکان‌و عوسمانی‌و تاتارەکان پاش ئەوەی هەریەکەیان لەکاتی خۆیدا گەشتی خۆی کردووەو لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانە هەموویان لەناو خۆیانا ناڕێك بوون‌و لە شەڕێکی هەمیشەیی‌دا بوون،بەڵام لە ئەنجامدا هەموویان لەبوتەی دەوڵەتی عوسمانیدا جۆش دران‌و ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیان لێ پەیدابوو کە بۆ ماوەیەکی زۆر رۆژهەڵات‌و رۆژئاوایان تووشی سەدان شەڕو کاولکردن‌و کوشتارو ئاوارەکردن کرد.

بۆ ئاسان کردنی ئەم بەشەو بۆ ئەوەی هاتنی تورکەکان بە زنجیرە بخەینە پێش چاو کردمان بەم باسانەی خوارەوە

١- رەگەزی تورك‌و قۆناغی هاتنی پێشرەوی عەشایری (غز - غوز)

کەلە راستیدا هەتا کاتی عوسمانیش کۆچیان لەئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو رۆژئاوای ئاسیا زنجیرەی نەپچڕاوە.

٢- سلجوقیەکان

ئەمانە رۆڵێکی زۆر گرنگیان بینیوە لە بەڕێوەبردنی کاروباری هەندێ وڵاتانی ئیسلامی‌و خۆشیان چەند دەوڵەتێکیان پێکەوە نابوو وەکوو سلجوقی عێراق‌و سلجوقی رۆم.

٣- مەغۆلەکان

مێژووی مەغۆل شتێکی شاراوە نیەو لاپەڕەکانی مێژوو پڕن لەو کوشتارو تاڵانی‌و راوو رووتکردن کاولکاریانەی مەغۆلەکان‌و تا تارەکان لە زۆر وڵاتدا کردویانە.

ئەوەی سەرنج رادەکێشێت ئەوەیە غوزەکان لە زەمانی سلجوقیەکان‌و مەغۆل‌و عوسمانیەکاندا هێشتا لێشاوی هاتنیان هەربەردەوام بووە وەکوو لە پێشیشدا باسمانکرد، لە ئەنجامدا ئەمانە هەموویان لەناو بوتەی دەوڵەتی عوسمانیدا توانەوەو بە هەمویان دەوڵەتێکیان پێك هێنا کە (عوسمانی)بووە،

وەکوو لەبەشی چوارەمدا بەناوی دەوڵەتی عوسمانیەوە بە دوورودرێژ باسی دەکەین.

یەکەم ـ مێژووی ڕەگەزی تورک و لێشاوی (غز ـ غوز)ەکان

بەرلەوەی باسی هاتنی لێشاوی عەشیرەتەکانی (غز ـ غوز) بکەین لەناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو ڕۆژئاوای ئاسیا، بە پێویستم زانی هەندێ لەو سەرچاوانە بخەمە پێش چاو کە باسی نیشتمانی سەرەتایی تورکو مێژووی تورک لە هەندێ سەرچاوەدا باسکراون و هەوڵ ئەدەین لەم باسەدا کورتەیەکی ئەو سەرچاوانە بخەمە پێش چاو:

ئەمین زەکی لە لاپەڕە/٥٨ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣٢ وتوویەتی تورکەکان بەپێی لەیەکچوونی ووشەکان بنەچەو ڕەگەزی خۆیان دەبەنەوە سەر (هون ـ وەیا قۆن)کە لە بنەچەی (شانغ یونغ)ن کەلە دەوروبەری ڕوباری (ئورخون)دا لە باکوری چیندا بوون، بەو پێیە دەتوانرێ بوترێ سەدەی ٢٨/ی پێش زایین بە سەرەتای دەرکەوتنی تورک دائەنێن)).

بەڵام سعید احمد برجاوی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٢ بەشێوەیەکی تر باسی ڕەگەزی (تورك ـ طوران)ی کردووە کە وتوویەتی مێژوونووسان دەربارەی ڕەگەزی تورك گەلێك بۆچوونی جۆر بەجۆریان هەیەو لە ڕاستیشدا ڕەگەزی تورك هێشتا بەتەواوەتی ڕوون نەبوتەوە.

ئەو گەلانەی لە باکوری ڕۆژهەلاتی (ئوراسیا)دا کە دارستانەکانی سیبریای تیادا بلاوبوتەوە لە کاتێکی نەزانراودا ئەوشوێنانەیان بەجێ هێشتوەو لە نزیك سەدەی یەکەمی میلادیدا بەرەو (تیان شان)و پانتاییەکانی دەوروبەری گۆلی (بالکاش) ڕۆیشتون و لەوێ جێگیر بوون و زۆری پێ نەچوو تێکەلْ بەو عەشایرە (بەربەر)انە بوون کەلە نێوانی گۆلی (ئارال)و (بالکاش)دا دەژیان.

ساتێك ئەو تورکانە مەترسیان بۆ سنوورەکانی ولاتی چین پەیدا کرد، دامەزرێنەری بنەماڵەی پادشایەتی چوارەمی چینی کە (پرنس شی هوانغ) بوو شورەیەکی درێژی لە سنوری چیندا دروست کرد بۆ ئەوەی ڕێگە لە هێرشی ئەو تورکانە بگرێ کە بەدرێژایی شورە دروستکراوە کە (١٢٥٠میل) بووە ژیابوون و ئەو شوورەیە لە نێوان ٢٢١ ـ ٢١٠ی پێش زایین تەواوکراوە.

لەئەنجامی تێکەڵ بوونی ئەو تورکانە لەگەڵ دانیشتوانی ئەو ناوچە تازانە گەلێك شەڕو کێشە پەیدا بووەو بۆ دەسەڵاتداریتی‌و دەسگرتن بەسەر ناوچەکانا چەند گەل‌و نەتەوەیەك پەیدا بوون‌و لەناوخۆیانا لەبین بڕکێدا بوون‌و لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوهەموو چیرۆك‌و ئەفسانانەی دەربارەی ئەو دانیشتوانە بڵاو بوبووەوە نەتوانراوە ئەو گەل‌و میللەتە تێکەڵ بوانە لە یەکتری جیابکرێنەوە، بەلآم هەندێ مێژوونووسان لایەن وایە ئەوانەی دەسەڵاتداربوون لەوناوچانەدا توانیبویان دەس بگرن بەسەر شوێنە بەرزاییەکاندا کە ئەو دەسەڵاتدارانە بریتی بوون لە (کساس Cases و توکارین Tokarians و سیتس Scytes و نایمن‌و هون‌و ئەفارس‌و کیبشاك‌و هونغ نۆو تاتارو کیرغیزو تیبگاچس‌و هتالیت‌و هەندێکی تر.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جیاوازی هەبوە لە شێوەی ژیان‌و جیاوازیی ناوەکان‌و رادەی دەسەڵاتداریتی هەندێکیان، بەلآم دەتوانرێ هەموویان ببرێنەوە سەر سێ تاقمی لەیەك نزیك کە بریتی بوون لە : مەغۆل، تورك، تونغوز کە هەریەکەشیان لکێکە لە رەگەزی طورانی وەیا (ئورالو ئالتاییك oralo Altaique).

بۆ یەکەم جار نوسەرەکانی چین ناوی تورکەکانیان بە (TorKiou ـ تورکیو) ناوبردوە کە ئەمە ووشەیەکی مەغۆلیە کە بە (تورك ئوت Turk ut) ناویان بردوە.ئەو تورکانە هەر لە سەدەی چوارەمی پێش زاینەوە بەبێ ووچان دەسدرێژی یان کردۆتە سەر ولآتی چین‌و لە دواییدا لە سەدەی شەشەمی میلادا ئیمپراتۆریتی تورکیان دامەزران کە سنوورەکەی لە منغۆلیاوە دەگەیشتە ئێران (لە چیرۆکە کوردیەکان‌و فارسیدا، بەنموونە شانامەی فیردوسی باسی شەڕو کێشەی ئێران‌و توران کراوە کە رەنگە مێژوەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی لەم سەرچاوەدا باسی کردووە).

نوسەری سەرچاوە/٨٢وتوویەتی : بەلآم زۆری پێ نەچوو بەشی رۆژهەلآتی ئەو ئیمپراتۆریەتە کەوتە ژێر دەسەلآتی چینەوەو بەشەکەی رۆژئاوای کە بریتی بوو لە هەندێ عەشایری کۆچەری تێکەڵ بوون بە گەلانی ئێران‌و لەناویانا نیشتەجێ بوون.

جارێکی تر لە سالی ٧٤٥ی زاینیدا بەشەکەی رۆژهەلاتی کەوتە ژێر دەسەلاتی عەشیرەتی (ویغور)و (قارلوق)ی تورکیەوە کەلەو رۆژانەدا ئاینی ئیسلام بەوناوچانەدا بلاوبووەوەو لە زەمانی (ئەموی)یانا لە سالی ٧٠٥ی زایندا (قتیبە بن مسلم)ی سەرکردەی هێزەکانی عەرەب گەیشتە ئەوپەڕی رویاری (جەیحون ـ ئەمودالریا)و ئاینی ئیسلامی لەو ناوچانەدا بلاوکردەوەو تورکەکانی بەشی رۆژهەلات چوونە سەر ئاینی ئیسلامو لەو رۆژەوە ئیتر تاقم تاقم لەو تورکانە روویانکردە ولاتانی رۆژئاوای ئاسیاو بوون بە ئیسلام وەیا وەکوو(ممالك) بەرامبەر بەدانی (جزیە) لەو شوێنەدا جێگیربوونو بەو شێوەیە لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی زایندا ژمارەیەك لە تورکەکان لەناو دەولەتی عەرەبی ئیسلامیدا گەیشتبوونە پلەو پایەکی بەرز کە لەوانە (زید بن الترکی)بووە کە کراوە بە والی (همدان)و لە دواییدا بووە بە والی موصلو (حماد الترکی) کە بەشداریی کردبوو لە دروستکردنی شاری بغدادا لە زەمانی خلیفە منصور لە سالانی (١٣٧ ـ ١٥٨ کۆچی).

بەوجۆرە لەو دوو سەرچاوەیەی پێشودا، ئەمین زەکی وتوویەتی تورکەکان دەچنەوە سەر (هدن)وەیا (قون) کە لە بنەچەی (شانغ یونغ)ن، وسعید احمد برجاوی وتوویەتی تورکەکان دەچنەوە سەر سێ تاقمی لەیەك نزیك کە بریتی بوون لە مەغۆلو تورکو تونغوز کە هەریەکەشیان لکێك بووە لە رەگەزی طورانی یا (ئورالو ئالتیك)، بەلام دوکتۆرە زبیدەلە سەرچاوە/٨٣دا وەکوو سید ئەحمەد برجاوی وتوویەتی تورك دەچێتەوە سەر (ural Altic ئورال ئالتیك) کە سنوری دەسەلاتیان گەیشتبووە شاخەکانی (Kirr- gan) کە بەرزاییەکانی (بامیر)و (تیاشان) لێکی جیا دەکردنەوەو چینیو مەغۆلیش لەو ناوچانەدا دەژیان.

دەربارەی مێژووی سەرهەلدانی تورك بەلگەیەکی وانیە بەهۆیەوە بزانرێت کەی بووە، بێجگە لە هەلکەنراوەکانی (ئارخون) کە بە یەکەم نەقشی هەلکەنراو دەزانرێت کە بەپێی ئەوانە دەرکەوتووە تورکەکان لە سەدەی شەشەمی زایندا ئیمپراتۆریەتێکیان دروست کردووە.

سەرچاوە چینیەکان ئەلێن تورکەکان بەر لە سەدەی شەشەم بریتی بوون لە چەند عەشیرەتێکی کۆچەری لە سنوری چیندا ژیاونو لەگەل هەندێ ناوچەی (ئستبس) لە ناوەڕاستی ئاسیادا کە بەدوای لەوەڕدا دەگەڕانو عەشیرەتەکانی

مەغۆل (یورتا Yurta)ی کۆچەری چوونەتە ژێر دەسەڵاتی (خان)ەوە کەبە زمانی تورکی قسەیان دەکرد.

بە پێی سەرچاوە چینیەکان وەختی (Topa ـ توپا) لە ئیمپراتۆریّتی چینی جیابووەوەو بە ئیمپراتوریّتی (توپا) ناویرا کە سەرکردەیەکی تورکیش کە ناوی (Tu man) بوو عەشیرەتەکانی تورکی یەك خستوو دەستی بەسەر ئاسیای ناوەڕاستدا گرتو بوو بە دوستو هاوکاری ئیمپراتۆریّتی (توپا) لە ناوەڕاستی سەدەی شەشەمدا کەلە دەوروبەری (oxus)دا بووە.

خانی تورك بە قەومەکەی خۆی وتووە (تروك)و لە سەدەی دەهەمدا ئیمپراتۆری بێزەنتی لە نوسینەکانیا ناوی تورکی بەکارهێناوەو روسەکان پیّیان وتووە (Torki)، بەڵام ئەوروپاییەکان ووشەی تورکیان تەنها هەر بۆ سلچوقیەکان بەکار هێناوەو عوسمانیەکانیان بە ڕەگەز بردۆتەوە سەر (غوز)ەکان.

بەر لەوەی بچینە سەرباسی عەشایرەکانی غوزو چۆنێتی کۆچکردنیان بۆ رۆژئاوا باسێکی مامۆستا رفیق حلمی ئەخەینە پێش چاو کەلە لاپەڕە/١١٣ی یاداشتەکانیا باسی ئەوەی کردووە هەروەکوو چۆن چینیەکان لە سنوری خۆیان ئەو شوورە بەناوبانگەی خۆیان دروستکرد بۆ ئەوەی رێگە لە دەست درێژیی تورك بگرن، لەکاتی هاتنی لێشاوی تورکەکان بەرەو رۆژئاواو پەڕینەوەیان لە ناوچەکانی قفقاسداو لە قفقاسیش سەدێك دروست کراوە بۆ ڕێگا گرتن لەو تورکانەو وتوویەتی :

((قفقاس لە مێژووی خۆرهەڵاتا جێگەیەکی تایبەتی داگیر دەکا کەلە چیرۆکی پروپیرێژنان دا ناوێکی سیحراوی‌و ئەفسانەیی هەیەو بەقسەی زانا گەورەکان (سدّی یأجوج و مأجوج)لە کێوی قفقاسدا بووەو لە دێرزەمانا بۆ رێگرتن لەو تایەفە کێوییە دروستکراوە کەلە سنوری چین‌و تورکستانەوە هێرشیان بردۆتە سەر وڵاتی رۆژئاواو لە کێوی (قاف ـ قفقاس)ەوە بەرەو رۆژئاوای ئاسیا هاتونەتە خوارەوەو، بەپێی چیروکی پیریژنان گوایا جنوکەکانی پشت کێوی قاف‌و دێوی سپی (مەبەست ئەوانەی لە تورکستانەوە هاتبوون) کەلە تەوراتو لە قورئانیشدا ناویان هاتووە، ئەو تایەفە کێوییە بەشێك بوون لە مەغۆلەکان کە

بەگەلێك ناوی وەكوو (میگـر، تاتـار، سـیتهین) ناویـان هـاتووە لـە لایـەن یۆنانیەكانەوە كە (٦٠٠)ساڵ پێش زایـین لەرێگەی قفقاسـەوە هێرشیان بردۆتـە سەر ئاسیای رۆژئاواو ئەم ناوە لە بەردە نوسراوەكانی داریوسیشـدا (ئێستـەخر) باسی كراوە.

هەندێ لە مێژوونووسان لەو باوەڕەدان دانیشـتوانی دەورویـەری كێـوی قـاف لەم توركانە بێزار بوون‌و پەنایان بردۆتە بەر (كۆرش)ی شای ئـێران‌و ئـەویش بۆ رێگرتن لە هێرشی ئەم دڕندانە لە دەربەندەكانی كێـوی قـافدا سـەدی لـە ئاسن دروستكردووە كە ئەبوایە لەشتە عەجایبەكانی دنیا حساب بكرایە كەلـە قورئـاندا بە (سدّ یـأجوج و مـأجوج) نـاوی هێـنراوەو تـائیمڕۆش هـەندێ شـوێنەواری لـە قفقاسدا هەرماوە.

بەیەكخستنی ولاتەكانی مادو فارس لەلایەن (كۆرش)ەوە ئیمپراتۆرێتی ئـێران لەلایـەن كۆرشـەوە دامـەزراوەو ناویـانگی بـە هـەموو لایـەكدا بڵاویـووەوەو بـە دروستكردنی ئەو سەدە دنیای خستە لەرزەوەو توانی بەوسەدە ولاتەكانی باكور لە هێرشی مەغۆلەكانی چین‌و توركستان رزگار بكات بیانخاتە ئاسوودەییەوە)).

لەدوای باسی رەگەزی تورك (طورانی)و شوێنی باوو باپیرانیان دەچینە سـەر كورتـە باسێكی عەشـایرەكانی (غـوز – غـز) كـە سـەرچاوەكان هەریەكـەیان بەشێوەیەك باسی لێشاوی ئەو عەشیرەتانەیان كردووە بەرەو رۆژئاوای ئاسیا كە هەتا كاتی دروست بوونی دەوڵەتی عوسمانیش زنجیرەی هاتنی ئەو غوزانـە هـەر درێژەی كێشاوە.

ئـەمین زەكـی لـە لاپـەڕە/١٣٦ی كتێبەكـەیدا لـە باسـی غوزەكانـا وتوویـەتی ئەمانە پێشڕەوی سلجوقیەكان بوون كە لە سـاڵی٤٢٠ی كۆچـی بەرامبـەر ١٠٢٩ی زایین دەستیانكرد بە پەلاماردانی ولاتانی رۆژئاوای ئاسیاو لە رێگەیانا یـەكێك لـە سەركردەكانی (غزنوی) كە ناوی (طاش فراش)بووە (محمد علی عونی وەرگێڕی كتێبەكـەی ئـەمین زەكـی لـە پـەراوێزی لاپەڕەیـەكدا وتوویـەتی نـاوی صـاحب السلطان مسعود بـوە) بـەخۆی‌و سـێ‌هەزار سـوارەوە كـە زۆریـەیان كـورد بـوون بەرەنگاری (غز)ەكان بوونەوە بەڵام لەو شەڕەدا سەركردەی كوردەكانی ناو ئـەو هێزەی غزنوی بەدیلی گیرا لەلایەن غوزەكانەوەو ناچاریانكرد نامەیەك بنێری بۆ

کوردە چەکدارەکان واز لە شەڕ بێنن‌و تورکەکان سەرکەوتن‌و بەرەو پێشەوە ڕۆیشتن تا لە ساڵی ٤٢٩ی کۆچی بەرامبەر ١٠٣٧/ی زایین گەیشتنە دەوروبەری (مەراغە)و لەوێ دەستیانکرد بە کوشتارو تاڵانیکردن.

دوای ئەوە غوزەکان پەلاماری عەشیرەتی (هزبانیە)ی کوردیان داو زۆریان لێ کوشتن‌و لە ئەنجامدا کوردەکانی ئەو ناوچانە یەکیان گرت‌و لەگەڵ حاکمی ئازربایجان (محمد علی عونی لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا وتوویەتی ئەو حاکمی ئازربایجانە ناوی (وهوذان) کوڕی (مهلان)بووە هەروەکوو لە کتێبەکەی ((أبن الأثير))دا باس کراوە)،بە هەموویان توانییان غوزەکان بشکێنن‌و پاشەکشەیان پێ بکەن، بەڵام تاقمێکیان توانیبویان بگەنە (ئەرمەنیا)و کوشتارێکی زۆر دەکەن‌و وڵاتەکە کاول دەکەن‌و لە دەوروبەری (ورمیە)دا ڕوویەڕووی کوردەکان دەبنەوە بە سەرکردایەتی (أبوالهيجاء) کە خوشکەزای (وهوذان) بووە لەو شەڕەدا کوردەکان دەشکێن‌و غوزەکان سەردەکەون.

بەڵام جارێکی تر لە ساڵی ٤٣٢/ی کۆچی بەرامبەر بە ١٠٤٠/ی زایین کوردەکان بە سەرکردایەتی (وهوذان) پەلاماری غوزەکان ئەدەن‌و دەیان شکێنن‌و ئەوانەی لە کوشتاری ئەو شەڕە ڕزگاریان دەبێ کوڵ نادەن‌و بەرەو پێشەوە دەڕۆن‌و بەوجۆرە ئەو پاشماوەیەی غوز دەگەنە (هەکاری)و تاڵانی دەکەن‌و ناوچەکە وێران دەکەن بەڵام کوردەکان دەوریان ئەدەن‌و شەڕێکی گەورە دەکرێ‌و (١٥٠)غوز دەکوژرێ‌و (١٥٠٠)یشیان لێ بەدیل دەگیرێت کە لە ناویانا حەوت سەرکردەی غوزی تیا بووە.

ئەو غوزانەی لە کوشتن‌و بەدیل گرتن دەرباز بوبوون، ساتێك بیستیان سوپای (طغرل بەگ) بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم ینال) کە برای طغرل بووەپەلاماری ئەدەن بەپەلە ڕویانکردۆتە ڕۆژئاواو تاقمێکیان بە سەرکردایەتی (منصور) لە ڕێگەی (زوزان)ەوە ڕوویانکردە جزیرەی أبن عمرو تاقمێکی تریان بە سەرکردایەتی (بوقا ــ بوغا) پەلاماری دیاربکریان دلو دەستیان کرد بە کوشتارو تاڵانی لە ناوچەی (قردی ــ بقردی ــ کردا ــ کارودا) لە ڕۆژ هەڵاتی جزیرەو (بازیدا)و (حسينيە) کە (یاقوت الحموی وتوویەتی حسينيە لە نێوان موصل‌و جزیرە)دا بووەو لە پێشخابور (فیشخابوور ــ کە ڕوبارێکە دەڕژێتە

فوراتەوە ـ خابووریکی تریش هەیە لە ناوچەی هەکاریدا بویە بەوەی پێشوو ووتراوە فیشخابوور ـ، ساتێك سلیمان کوڕی ناصر الدولەی کوڕی مروان پەلاماری غوزەکانی دا، کوردەکانی (بشنویە) کە خاوەنی قەلای (فینیك) بوون کە قەلایەکی مێژووییە لە جزیرەی ابن عمرو شوێنێکی زۆر سەختە، یارمەتی هێزەکەی سلیمان ئەدەن کە سەرکردەکەی (منصور قز علی)بوو لەو شەڕەدا غوزەکان ڕاودەنێن‌و تا (نصیبین) دەریان دەکەن، بەلام لەگەڵ ئەو هەموو کوشتارو ڕاونانەی (غوز)دا ولات رزگاری نەبوو لە دەسدرێژیکردنیان‌و خۆیان گەیاندە دیاربکرو دەستیانکرد بە تالانی‌و کوشتار لە دانیشتوەکانی)).

حسێن حوزنی موکریانی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٩١ لە باسی هاتنی غوزەکانا بەرەو ئازربایجان وتوویەتی کە غوزەکان ڕوویانکردە رۆژئاوا بوون بە دوو بەشەوە، دەستەیەکیان ژمارەیان (١٥٠٠)کەس بووەو سەرکردەکەیان (قزل)بووە لە رێگادا مانەوەو جێگیر بوون بەلام دەستەی دوهەم بە سەرکردایەتی (بوقا)و (گوکتاش)و (منصور)و چەند کەسێکی تریان زۆر بە هێز بوون‌و ڕوویانکردە ئازربایەگان (ئازربایجان)و لە سالی ٤٢٩/ی کۆچیدا گەیشتنە ئەوێ‌و چوونە لای (وهوذان) و ئەویش بەخۆشی‌و شادیەوە لای خۆی گلی دانەوەو نیشتەجێی کردن، بەلام ئەو غوزانە هەروەکوو خوڕەوشتی هەمیشەییان دەستیانکرد بە جەردەیی‌و رەفتاری خراپ‌و پەلاماری خاکی (واسپورگان)و ئەرمەنستان‌و هەندێ شوێنی تریان دا.

دەربارەی ئەو پێشوازی کردنەی (وهوذان) لە غوزەکان، أبن الأثیر لە کتێبەکەیدا (الکامل ـ جلدی نۆهەم، لە لاپەرە/١٤٥دا بە (وهوذان مهلان) ناوی بردوە ـ لە کاتێکدا لەوەی ئەمین زەکیدا لە پەراوێزەکەیدا بە (وهوذان مهلان) ناوی بردوە، وتوویەتی وهۆزان ژمارەیەکی لە غوزەکان میواندار کردو پاش خواردن‌و خواردنەوە (٢٠)کەسی لە گەورەکانی (غز) گرت‌و خستنیە زیندانەوەو زۆریشی لێ کوشتن‌و ئەوانەی لە ورمیەدا مابوونەوە ڕوویانکردە هەکاری‌و پەلاماری کوردیان داو تالانیان کردن‌و ژمارەیەکیان لێ کوشت، بەلام زۆری پێ نەچو کوردەکان خۆیان کۆکردەوەو پەلاماری (غز)ەکانیان داو حەوت ئەمیریان لێ بەدیل گرتن‌و ئەوانی‌تر بەناو کێوەکاندا بلاوبوونەوە.(هەندێ لەوەی حسێن

حوزنی باسی کردووه لەگەڵ ئەوەی ئەمین زەکیدا یەکناگریتەوە کە ئەمین زەکی باسی ئەوەی نەکردووە لە دوای نان خواردن غوزەکانی کوشتوە بەڵکو وتوویەتی لە دواییدا وهوذان چوە بەگژیاناو بە فێڵ گرتنی). حسێن حوزنی موکریانی لە لاپەڕە/٢٧٤ی هەمان کتێبدا باسی هاتنی لێشاوێکی تری غوزەکانی کردووە کە لە ساڵی ٤٣٠/ی کۆچیدا لە ئازربایەگانەوە ڕوویانکردۆتە (قزوین)و (همدان)و هەموویان لە دەوری (قزل)ی ئەمیریان کۆبوونەوە.

پاش هاتنی ئەو دوو لێشاوەی غوز، حسێن حوزنی، لە هەمان کتێبیدا سەرچاوە/٩١باسی کێشەیەکی کردووە کە لە نێوان غوزەکانو سلچوقیەکانا ڕویداوە سلچوقیەکان بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم ینال)ی برای طغرل بگ غوزەکانیان ڕاونابوو ناچاریان کردبوون کەلە ساڵی ٤٣٣دا بگەنە ئازربایجان، بەڵام لەوێش نەیان توانیبوو جێگیر ببنو بەهۆی درندەیەتیو کردەوە ناڕەواکانیانەوە نەیانتوانیبو لەوێ بحەوێنەوەو ڕوویانکردە ئەرمەنستانو ناوچەی دیاربکرو جزیرەو لەوێش شەڕ لەنێوان ئەوانو (وهوذان) دا ڕوویداو غوزەکان شکێنرانو لەگەڵ (نصر الدولە) کە پادشای ئەو ناوچانە بوو گەلێ شەڕو هەرا ڕوویداو پاش ئەوە (ئەمیر قراوش) هێزێکی گەورەی لە کوردو عەرەب پێکەوەناو لە مانگی ڕەمەزانی ساڵی ٤٣٥/ی کۆچیدا پەلاماری غوزەکانیان داو تێریان لێ کوشتنو ژمارەیەکی کەمیان خۆیان ڕزگار کردو گەیشتنە دیاربکرو پاش ئەوە نە لە موصلو نە دیاربکر خۆیان پێ ڕانەگیراو ڕوویانکردە ئەرمەنستانو لەوێوە گەڕانەوە بۆ ئازربایەگان ـ ئازربایجان.

ئەوی شایانی باسە لەم باسەی ئەمین زەکیو حسێن حوزنی موکریانیو سەرچاوەکانی تردا کە باسی هاتنی غوزەکانیان کردووە چۆن لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا هەرجارەی بەشێوەیەك لە تورکستانەوە هاتونو لە ئەنجاما لە ئازربایجاندا کۆبوونەوەو بەوە کارێکی وایان کردووە لەو سەردەمەوە ئازربایجان شەقڵێکی تورکمانێتی پێوە دیاربێ کە بەرلەوە هیچ پێوەندییەکیان بە ئازەربایجانەوە نەبووە.

دووەم : سلجوقیەکان

ئەو سەرچاوانەی باسی مێژووی سلجوقیەکانیان کردووە لەسەر ئەوەن سلجوقیەکان بریتی نەبوون لە عەشیرەتیکی تایبەتیو ووشەی (سلچوق) لەناوی هیچ عەشیرەتێکەوە پەیدا نەبووە، بەڵکو وەکوو لەو سەرچاوانەی باسیان دەکەین بۆمان دەردەکەویَ سلجوقیەکان هەر لەو عەشیرەتانەی غوزو عەشیرەتە تورکەکانی ترەوە پەیدا بوونو بوون بە ئیسلامو ڕوویانکردۆتە وڵاتانی ئیسلامی ڕۆژئاوا لەو شوێنانەدا هەر تاقمەیان لە شوێنیکدا دەوڵەتێکیان بەناوی سلجوقیەوە دامەزراندوەو ئەو سلجوقیانەی لەناو هێزەکانی سوپادا بوونو بە سەرکردە پیَیان وتراوە (سوباش).

لە گۆڤاری هلالی سالی ١٩٠٩دا سەرچاوە/٨٨ باسی چۆنێتی هاتنی سلجوقیەکانی کردووە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ ڕۆژئاوای ئاسیاو ئاسیای بچووك (تورکیای ئێستە کەبە پیَی ئەو سەرچاوەیە پاش ئەوەی سلجوقیەکان ڕویان کردە ڕۆژئاوای ئاسیاو زۆری پیَ نەچوو هەریەشەیان کەوتە ژێر دەسەڵاتی سەرکردەو مالیکێکەوە کە پیَیان دەوترا (ئەتاجك)و بەشەکانی سلچوق بریتی بوون لە: ـ

تاقمی یەکەم: ئەوانەیان بوون کە دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەی (کرمان)دا هەبوە.

تاقمی دوهەم: ئەوانەی لە (سوریا)دا بوون بە دەسەڵاتدار.

تاقمی سیَهەم: ئەوانەی لە عێراقدا بوون بە دەسەڵاتدار.

تاقمی چوارەم: ئەوانەی لە ئاسیای بچوکدا (تورکیا)دا بوون بە دەسەڵاتدار کە پیَیان دوترا (سلجوقی ڕۆم) کە ئەمانەش بوبوون بە هەشت بەشەووو هەروا بەبەشکراوی مابوونەوە هەتا دەوڵەتی عوسمانی دروست بوو بەهێز بوو ئەوسا هەموویان چونە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەوە.

لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوانەی دەربارەی سلجوقیەکان دواون هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز باسیانکردووە بۆیە بە پێویستم زانی کورتەی هەریەکێکیان بخەمە بەرچاو:

دەربارەی سلجوقیەکان لە لاپەڕە/٦١ی سەرچاوە/٥٨دا وتراوە بنەماڵەی سلجوقی لە زەمانی ابو جعفر عبدالله کە بەقائم بأمر الله بەناویانگ بووە دەستی

پێکردووە کە بنەماڵەکەیان بە (دقاق) ناسرابوون و لەو عەشیرەتانەی تورك بـوون کە ولاّتی (کشغر)ەوە هاتبوون (کشغر شارێکی کۆنی ئیسلامە لە ڕۆژئاوای چین و سەرسنوریا لەگەڵ ڕوسیا لەسەر کەناری ڕوبـاری (قـزل صـو ــ ئاوەسـوور) کـە چینیـەکان پـێیـان وتـووە (Sutu).قـائم بـأمر اللـە کوڕێکـی دەبـێ نـاوی دەنـێ (سلجوق)، لەبەر ئەوە ئەو کوڕە لەدواییدا زۆر لێ هاتوو دەبێت مـەلیکی ئەوسـای تورك کەناوی (بیغو)بووە پێشی دەخات و ناوبانگی بەرز دەبێتـەوە، پـاش ئـەوە ئەو سلجوقە ئەو ناوچەیە بەجێ دێلێـت و ڕوو دەکاتـە ولاّتـەکانی ئیسـلام و لـەوێ خۆی و تاقم و عەشیرەتەکەی دەبن بە موسوڵمان.

(دەربارەی ئەو سلجوقەی لەو سەرچاوەدا باسی کـردووە، لـە لاپـەڕە/٣٢٥ی سەرچاوە/٨٨دا وتراوە سلجوق دامەزرێنەری ئەو حکومەتە بووە کە لـە ئاسیای بچووکدا دامەزرێنرا کە بەرلەوەی ئەو دەوڵەتە دامەزرێنیت وەکوو ئەمیرێك وابووە لە خزمەت (خان)ەکانی تورکی ئاسیای بچووکدا.(بـەم پـێیـە سـەرچاوە/٥٨و٨٨ ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە سـلجوقیەکان بـەناوی ئـەو سـلجوقەوە بـووە کـە دەوڵەتی سلجوقی ڕۆمی دامەزراندبوو).

بەلاّم دوکتۆرە زبیدە عطا لە لاپەڕە/٣٨ی سەرچاوە/٨٣دا دەربارەی سلجوق وتوویەتی :

((سلجوقیەکان بەشێك بوون لە عەشیرەتەکانی (غوز ــ غز) کە ڕوویـان کـردە ڕۆژئاوای ئاسیا بەلاّم مێژوونوسان ووشەی سلجوقیان بەگەلێ جۆر باسکردووە :

محمـود الکشـغری وتوویـەتی : سـەرۆکی عەشـیرەتی (غـز) پێـی ووتـراوە (سوباش) کـە مانـای سـەرکردەی گرتوتـەوە، بـەلاّم (قامـبری)ی مێژوونـاس وتوویەتی (بغۆ) سەرکردەی هێزێك بووە کە سەرچاوە تورکەکان ئەو (بغۆ) یەیان بە (Selt Chiuk سلجوق) ناوبردوەو سەرچاوە ئیسلامیەکان وتویانە سەرکردەی ئەو عەشیرەتانەی سلجوقیان لێ پێك هاتووە ناوی (سلجوق) کوڕی (دقاق) بـووە کە عەشیرەتەکانی (غز)ی یەکخستوەو بـەرەو ولاّتـانی ئیسـلامی بردوونـی ولای ڕوباری (سەلچون) نیشتەجێ بوون.

دوکتۆر کمال مەزهەر لە سەرچاوەی ژمارە/٣٤دا لاپەڕە/٢٢٣ باسێکی گرنگی دەربـارەی سـلجوقیەکان بلاّوکردۆتـەوە کـە سـوودێکی زۆری لـە کتێبەکـەی

(گرینلێفسکی) وەرگرتوە بەناوی سـلجوقیەکانی ئاسیای بچووکو هـەروەکوو لـە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا باسـی کـردووە سودیشـی لەکتێبیکی (أ.د.نوفیچیف) وەرگرتووە کەلە مۆسکۆ لە سالی ١٩٦٥دا چاپکراوەو دوکتۆر کمال ووتوویەتی :

((سلجوقیەکان بەشێك بوون لە هۆزە تورکمانە کۆچەریەکان کەلـە سـەرەتادا لـە ناوەڕاسـتی ئاسـیادا لـە شـوێنێکدا کـە کـەوتبووە لای ڕاسـتی روبـاری (زەرئەفشان) لە نێوان (بخاری)و (سمرقند)دا دەژیـان لـە دەوروبـەری سـەدەی دەیەمی زاینـدا ئـەو سـلجوقیانەی بوبـوون بـە ئیسـلام ئـالۆگۆڕێکی بنـەڕەتی لـە ژیانیانا دەستی پێکردبوو سەرکردەکانیان لەژێر ئالآی ئیسلامدا وایـان لیْ هـاتبوو بەئاسانی دەگەیشتنە زەوی‌و زاری گەلە ناموسوڵمانەکان‌و ئەم باروبۆخـە بوبـوو بە هۆیەکی گەورە بۆ راکێشانی سـلجوقیەکان بـەرەو ئاسیای بچووك (تورکیـای ئێستە) کە بەشی زۆری بەدەس عیساییەکانەوە بووە (مەبەستی بێزەنتیەکانە).

لە سەدەی یازدەهەمدا سـلجوقیەکان لـە پێشـدا رویانکردە ئێرانی نزیـك بـە خۆیـان‌و لـەماوەی (١٥)سـاڵدا دەسـتیانگرت بەسـەر هـەموو ئێرانـاو دوای ئـەوە رووبـانکردە ئازربایجـان‌و کوردسـتان‌و ئەرمەنسـتان‌و لـەنێوان سـالآنی ١٠٤٢ ـــ ١٠٥١دا بەشـی زۆری کوردسـتانیان داگیر کـردو خسـتیانە سـەر دەوڵەتەکـەی خۆیان‌و بە داگیرکردنی بغداد سالی ١٠٥٥ ئەوندەی تر بەهێز بوون.

ئاسیای بچووك دەوڵـەتێکی فـراوان‌و دەوڵەمـەند بـوو، ژمـارەی دانیشـتوانی ئەوسای کەم بووەو لە دەمێکەوە فەرمانڕەوایانی ئیسلام بیریان لەوە کردبووەوە ئـەو شـوێنە گرنگـە داگیر بکـەن چونکـە بوبـوو بـە بنکەیـەکی تـرس لێکـراوی عیساییەکان کە دەیان ویست لەوێوە بکەنە شوێنە پیرۆزەکانی ناو فلسطین.

سەرکردەکانی سـلجوقیەکان لـەوە گەیشـتبوون دەتوانـن بـە ئاسـانی ڕەوەی خەڵکی سادەو ساکار بەرەو ئەو ناوچانە بنێرن بۆ ئەوەی بەوە ناویانگیان بـەناو هەموو موسوڵمانانی جیـهانا بەرزبێتـەوە. لـە نـاوەندی سـەدەی یازدەهەمینـەوە سلجوقیەکان بۆ یەکەم جار هێرشیان بـردە سـەر ئاسیای بچووك‌و زۆرجـار ئـەو شەڕانەی کە دەکران لەناو خاکی کوردستاندا روویان ئەدا.

لە سالآنی شەستەکانی سەدەی یازدەهەمەوە سلجوقیەکان توانی‌یان بنکـەی چەسپاو بـۆ خۆیـان دامـەزرێنن‌و لـە سـالی ١٠٧١دا لـە نزیـك (مـلاز گـرد ـــ

مەنازکرت)ی ناوچەی کوردنشیندا لە شەڕێکدا بێزەنطیەکان شکاو لەدوای دەساڵ (ئیزنیك)یان داگیرکردو بەوپێیە دەوڵەتی سلچوقی لە ئاسیای بچووکدا دامەزرا کە پێی ئەوترا (میرنیشینی سلچوقی)و (هەروەکوو عبدالرقیب یوسف لەکتێبەکەیدا ـ الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى بەشی یەکەم چاپی بغداد ساڵی ١٩٧٢ وتوویەتی سلچوقیەکان لە دەورویەری (٤٧٦ ـ ٤٧٨ی کۆچیدا ـ بەرامبەر ١٠٨٣ – ١٠٨٥ی زایین) ئەمارەتی (دۆستکی)ی کوردیان لەناو بردوەو دوکتۆر کمالیش لە پەراوێزی لاپەڕە/٢٢٧ ئاماژەی بۆ ئەمە کردووە).

دوکتۆر کمال لە باسی سلچوقیەکانا وتوویەتی : لە ساڵی ١١٤٦دا سلچوقیەکان شاری (قونیە)یان کرد بە پایتەختی خۆیان‌و لە ساڵی ١١٨٠دا میرنشینی (دانشمند)یان لەناو برد کە میرنشینێکی تورك بوو پاش ئەوە شاری (سیواس)یان کرد بە پایتەخت‌و بەوجۆرە لە کۆتایی سەدەی دوازدەهەم‌و سەرەتای سەدەی سیازدەدا دەوڵەتێکی گەورەی تورك بە سەرکردایەتی بنەماڵەی سلچوقیەکان لە ئاسیای بچوکدا دامەزرێنراو لەکاتی فرمانڕەوایی (سوڵتان علاءالدین کیقبادی یەکەم ـ لەنێوان ساڵانی ١٢١٩ ـ ١٢٣٦دا ئەو دەوڵەتە گەیشتە چڵەپۆپەی دەسەلاتداریتی، بەلام لە دەورویەری ناوەندی سەدەی سیازدەدا کە هێرشی مەغۆلەکان دەستی پێکرد ئیتر دوای ئەوە دەوڵەتی سلچوقی رویکردە کزی‌و لاوازیوون‌و لە سەرەتای سەدەی چواردەدا شیرازەی تێکچوو و لە ساڵی ١٣٠٧دا بوو بە چەند میرنشینێکی بچوك‌و زۆری پێ نەچوو عوسمانیەکان بوون بە میراتگر لە شوێنی ئەوان.

دوکتۆر کمال لە لاپەڕە/٢٢٨ی باسەکەیدا کێشەی سلچوقیەکان‌و کوردەکان، بەتایبەتی ئەیوبیەکانی بەم جۆرەی خوارەوە کردووە :((دوای ئەوەی سلچوقیەکان چوونە ناو خاکی کوردستانەوە (مەبەست باکورە)، ئیتر خۆیان ئامادە کرد بۆ داگیرکردنی (ئامد ـ دیاربکر)و ئەو خۆ ئامادە کردنە بوو بەهۆی کێشەی نێوان ئەوان‌و ئەیوبیەکان، بەلام سوڵتان علاءالدین کیقباد نەیتوانی داگیری بکات، تا لەدواییدا (کەیخسرەو)ی کوڕی داگیری کردو پاش ئەوەی هەراو بگری هێرشی مەغۆلەکان پەیدا بوو (ملك کامل)ی ئەیوبی کە دوژمنی سلچوقیەکان بوو دەستی بەسەر (ئامد)دا گرت، بەلام زۆری پێ نەچوو

هۆلاکۆخان دووبـاره ئـەو شارەی دایـەوە دەس سلجوقیەکان بـە سـەرکردایەتی (کیکاوسی دوهەم ـ کەبە سوڵتان عزالدین ناسراوبووە لە نێوانـی ١٢٤٩ ــ ١٢٥٧ لەگەڵ (رکن الدین قلیـج ئەرسلانی چوارەم‌و لـە سـاڵی ١٢٨٠دا ئامـەد بـەدەس کیخسـروی سـێهەمەوە بـووە و سـلجوقیەکان زۆر شـانازییان بــە داگـیرکردنی ئامدەوە کردووە)).

هـەروەکوو دوکتـۆر کمـال ئامــاژەی بـۆ کتێبەکـەی گردلێڤسـکی کـردووە، وتوویەتی کیخسروی دوهەم ناوی خۆی نـابوو (قـاتل الکفـرة والمشـرکین وسـلتان الـروم وەئەرمـەنیاو دیـاریکرو ئـەمیری سـواحل). لەڕاسـتیدا شـانازی کردنـی سلجوقیەکان بە داگیرکردنی (ئـامد) بەخۆڕایی نـەبووە، چونکـە ماوەیـەکی زۆر قەڵای ئامد خۆی نەدابوو بە دەستەوەو بەرگری کردبوو تا ئەوکاتـەی یـەکێك لـە سەردارانی کورد کـە نـاوی (أبن الدینـار)بـووە لـە ژێـرەوە لەگـەڵ سـلجوقیەکانا ڕێکەوت‌و دەرگای قەڵاکەی بۆ کردەوەو بەوە دەرگای شارەکە خرایـە سەرپشـت بۆ سلجوقیەکان.

سوڵتانی سلجوقی ئەوەندە بایەخی دابوو بـە داگیرکردنی ئـامد، دەسـتی لـە وێرانکردنـی بـاخ‌و بێسـتانەکانی هـەڵگرتبوو لـە کـاتێکدا سـلجوقیەکان بەرلـەوە هەرشوێنێکیان داگیربکردایە بێ بەزەییانـە کاولیـان دەکـردو ڕەگـو ڕیشـەی دارو درەختەکانیشیان لەبن دەردەهێنا.

پاش ئەوەی سلجوقیەکان جێپێی خۆیان لـە ئاسیای بچووکدا بـەهێز کـردو دەسەڵاتی تەواویان پەیدا کرد، ئیتر ئاغاو بەگـو میران‌و خەڵکی ساکاری گـەلانی تر هەریەکەیان بۆ سوودو مەرایی خـۆی لـە سـلجوقیەکان کۆبوونـەوەو کوردیش دەبوایە لەوەدا بەشـی خـۆی هەبوایـەو هـەروەکوو گردلێڤسکی باسـی کـردووە، سـاتێك سـوڵتان علاءالدیـن کیقبـاد چوویـوو بـۆ (ئوبـروك)، لـەو چوونـەیدا (٥٠٠) ئەفسەرو سەرهەنگی روسی‌و گورجی‌و کوردو دیلەمی‌و گورگانی‌و قزوینـی گـوری (ئەمەیان ئەفغانی بووە) چواردەوریان دابوو ئاگر لە چاویان دەباری لـە کـاتێکدا کە ڕێگەیان بۆ سوڵتان دەکردەوە کە بەناو خەڵکەکەدا بڕوا.

بەشێك لە میرنشـینی ئاسـیای بچـووك جـاری وا هـەبوە ژمـارەی گەیشـتۆتە (٢٥٠)هـەزار کـە زۆریـەی لـە هۆزەکـانی کوردسـتان پێـك هـاتبوو، بەتایبـەتی

ئەوانەیان لە ئامدو مەڵبەندەکانی دەورویەریا دەژیـانو فرمانڕەواکـانی ئـەو میرنشینە لەکاتی تەنگانەدا پەنایان دەبردە بەر چەکدارانی کورد بە تایبەتی لەکاتی راپەڕینەکەی (بابا ئیسحاق)دا.

دەربارەی ئەو بابا ئیسحاقە وەکوو گردلێڤسکی باسی کردووە، ساتێك جەورو ستەمی کاربەدەستانی سلجوقی بۆ سەندنی باجو سەرانەیەکی زۆریەی دانیشتوان گەیبوە رادەیەك لەساڵی ١٢٣٩دا ئاگری راپەڕینێك کارێکی وای کرد زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی ئاسیای بچووك بگرێتەوە کە بابا ئیسحاق سەرکردەی ئەو راپەرینە بووە.

بابا ئیسحاق خۆی بە نیمچە پێغەمبەرێك دانابوو لایەنگرێکی زۆری هەبوەو هەموویان بە ژنو منداڵانیانەوە بۆ ماوەیەکی باش هێرشیان بردبووە سەر قەڵاو زەویو زاری دەرەبەگەکانو پاش سەرکەوتنی راپەڕینەکە شۆڕشگێڕەکان بانگی خەلیفایەتی بابا ئیسحاقیان بڵاوکردەوەو راپەرینەکە بەجۆرێك پەرەی سەندبوو خەرێك بوو گلۆڵەی میرنشینی سلجوقی ئاسیای بچووك بخاتە لێژی، ئەوسا کەیخسرەوی دووهەم کەوتە خۆیو لە (ملاطیە)وە داوای یارمەتی لە تورکو کورد کردو بەسەر بابا ئیسحاقدا سەرکەوتو گرتیو هەڵی واسیو راپەرینەکەی دامرکێنرایەوە.

گردلێڤسکی لەو باسەیدا باسی کارگێڕیو رووناکبیری کوردی ئەو سەردەمەی کردووە لە ناوچەکەداو وتوویەتی :

((سلجوقیەکان لە خاکی نیشتمانی یەکەمیانا کە (زەرئەفشان)بووە، بە کۆچەریو بەخێوکردنی ئاژەڵو تۆزێك کشتوکاڵ کردن ژیابوونو کە گەیشتبوونە ئاسیای بچووك لەروی ژیارییەوە زۆر دواکەوتوو بوونو زۆرشت لە مەلاو دەروێشەکانی کوردو عەرەبو ئازەریەوە فێر دەبوون، ئەو دەروێشانەی دەهاتنە ئاسیای بچووك تەنها هەر مامۆستاو فێرکەری ئاینی نەبوون، بەڵکو دەشبوونە رێ نیشاندەری کارگێڕیو روناکبیریی کۆچەریەکانی ئەو مەڵبەندەو دژی مەغۆلیەکان دەیان بزواندن کە ڕاپەڕینەکەی بابا ئیسحاق بەشێك بوو لەو کارتێکردنەی ئەو دەروێشانە کە شارەزابوون بەبیرو باوەڕی ئاینی دژ بە سۆفیزم

كەلە هەولێرەوە دەگەیشتە ئاسیای بچووكو، وادیاربووە لەو ڕۆژانەدا دانیشتوانی هەولێر مەیلداری شیعە بوون)).

بێجگە لەویاسە گرنگەی گردلێفسكی كە باسی چۆنێتی هـاتنی سلجوقیەكانی كردووە، گەلێك سەرچاوەی تـر لەویاسـە دواونو ئـەوەی ئێمـە مەبەستمانە لـەم باسـەدا لێـی بدوێـین تەنـها بریتیـە لـە كورتـەی ئـەو سـەرچاوانەی لـە ڕوی سلجوقیەكان دواون لە كوردستاندا، بەتایبەتی لـەباكوردا (ئاسـیای بچـووك) لـەو ڕووەوە السـید البـاز العریــن لـە سـەرچاوە/٨٦دا وتوویـەتی سـلجوقیەكان لـە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتن بەرەو ڕۆژ ئاواو لە ساڵی ١٠٧١دا بەناوی پەرەسـەندن بەئاینی ئیسلام بەشـێكی زۆری ئاسیای بچووكیـان داگیر كـردو هەڕەشـەیان لـە (قسطنطینە)كردو لە زەمانی (ملكشاە)دا لە مـاوەی ١٠٧٢ ــ ١٠٩١دا دەسـەڵاتی سلجوقیەكان لە وڵاتی (ئیغور)ەوە گەیشتە دەریای سپی ناوەڕاست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا نـەیانتوانی هـەموو توركـە موسـوڵمانەكان لـە دەوڵـەتێكی یـەكگرتودا كۆیكەنـەوە. سـلجوقیە ڕۆمـەكان لـەدوای شـەڕی (مـانزیگرت ــ مەبەسـتی ملازكردە)و سەركەوتنیان بەسەر بیزەنطیەكانا ئیتر بەناو بەرزاییەكانی ئەنادۆڵدا بڵاوبوونەوە.

لە باسێكی تردا، سەرچاوە/٥٨ ـ فرید بگ المحامی وتوویەتی : دوای ئـەوەی سـلجوقیەكان وڵاتـی خۆیـان لـە ئاسیای ناوەڕاسـتدا بەجێهێشـت، ڕوویـانكردە وڵاتانی ئیسلامو لە ڕێگـەدا لـە نزیـك شـاری (بخـاری) لەگـەڵ سـوڵتان محمـودی غەزنەویدا بوو بە شەڕیانو لەوێوە ڕوویانكردە ئاسیای بچووكو شـاری قونیـەیان دروست كرد، بەڵام بـەهۆی نـاكۆكی نێـوان بنەماڵـەكانی سـلجوقی لـەناو خۆیانـا نەیانتوانی بەشداری بكەن لە شەڕی خاچ پەرستەكانا هەتا ئـەوكاتی (عمـادالدین زنگی) توانی لە موصلدا بـەرەنگاری خـاچ پەرسـتەكان بێتـەوەو ئـەو شـوێنانەی داگیریان كردبوو لێیان بسێنێتەوە.

نوسەرێكی تر، دوكتۆر زبیدە عطا لە لاپـەڕە/٣٨ی سـەرچاوە/٨٣دا بـە دوورو درێـژی باسـی چۆنێتـی هـاتنی سلجوقیەكانی كـردووە تـا گەیشـتونەتە ئاسـیای بچووكو ئاماژەی بۆ كتێبی (السلوك)ی (مقریـزی) كـردووە كـە سـلجوقی كـوڕی دقاق هەموو عەشیرەتە توركـەكانی یەكخسـتوەو بـە كۆمـەڵ چونەتـە نـاو ڕیـزی

ئیسلامەوەو لە ڕێگایانا (قرخانی)یەکانو محمودی غزنوی یەکیان گرتووەو سلجوقیەکانیان شکاندوە، بەلاّم بە شکاویش هەر کۆڵیان نەداوەو (طغرل) گەیشتوّتە خوّراسانو لە ساڵی ۱۰۳۷دا بووە بە والی خوّراسانو لەوێوە بەرەو قەزوین و ئازربایجان ڕوّیشتوەو هەندێکیان چونەتە ناو خاکی بێزەنطیەکانەوە بەشێکی تریان لە ئاسیای بچووکدا دەوڵەتێکیان دامەزراند کەلە نێوانی (۱۰۷۵ هەتا ۱۳۰۲)ی زایین دا درێژەی کێشاو دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەراگرتبوو کردیانن بە تورك.

ئەو سلجوقیانەی ڕوویانکردبووە ئاسیای بچووك دووتاقم بوون، تاقمی یەکەمیان کە پێشەنگی هەموویان بوو بە شەڕێکی پچڕپچڕ توانییان خوّیان بگەیەننە ناوچەکانی (ئەنادوّل) بوّ ئەوەی شوێنێکی باش بدوّزنەوە بوّ نیشتەجێ بوونیان لە ماوەی(۱۰۱۸ ــ ۱۰٤۰)دا. تاقمی دوهەمیان لە ساڵی ۱۰٤۰دا هەتا ۱۰۷٥دا توانیبویان بێزەنطیەکان لەزوّر شوێنی ئاسیای بچووکدا دەرکەنو خوّیان لە شوێنەکانی ئەوانا نیشتەجێ بوون.

نووسەر لە باسەکەیدا وتوویەتی: ئەوەی کاری سلجوقیەکانی ئاسان کردبوو توانیبویان خوّیان نیشتەجێ بکەن ئەوەبووە بەرلەوەی خوّیان بچنە ناوچەکانی ئاسیاوە توانیبویان دەس بەو عەشایرە تورکمانانەوە بنێن کە کاتی خوّی (طغرل بگ)و (ئالب ئارسلان)و (ملکشاه) بە ترسناکترین دوژمنی خوّیان دانابوونو ئەوانە کە گەیشتبوونە ئاسیای بچووك توانیبویان دەس بەسەر زوّر شوێندا بگرنو دانیشتوەکانیان بەزوّر کردبوو بە تورك. دوای ئەوەی سلجوقیەکان گەیشتنە ئاسیای بچووك، لە ساڵی ۱۰٤۸ زایندا شاری ئەرزڕوّمیان دروستکردبوو لەساڵی ۱۰٥٤دا شاری (قرسیا)و لەساڵی ۱۰٥۷دا شاری (ملاطیه)یان دروستکردو شارەکانی تریش وەکوو سیواسو قیصریو قونیه، یەك لەدوای یەك لە ساڵانی (۱۰٥۹، ۱۰٦۷، ۱۰٦۹)دا دروست کران. (ئەمەی قونیە کە وتوویەتی لە ساڵی ۱۰٦۹دا دروستکرا، لەو باسەی گردلێفسکی کە بەرلەمە باسمانکردووە وتوویەتی سلجوقیەکان لەساڵی ۱۱۱٦دا شاری قونیەیان کردبوو بە پایتەختی خوّیان).

نوسەری سەرچاوە/۸۲ دوکتورە زوبیدة وتوویەتی : بوّ یەکەم جار لەساڵی ۱۰۲۱ زاینیدا ناوی تورك لە ئاسیای بچووکدا لە زەمانی (باسیل)ی ئیمپراتوریّتی

بێزەنطی هاتووە کەلەو ساڵەدا سلجوقیەکانو تورکمانەکان هێرشیان بردۆتە سەر ئەرمەنیاو حاکمەکەیان کە ناوی (حنا سمباد)بووە وازی لە ئەمارەتەکە هێناوە بۆ (باسیل) کە ئەم باسیلە لە بنەماڵەیەکی ناسیاوی (مکدونیا)بووە کە لە ساڵی ١٠٣٥ی زایندا بووە بە حوکمداری بێزەنطیەکان. پاش ئەوەی سلجوقیەکان بەهێزبوونو دەستیانگرت بەسەر زۆربەی ئاسیای بچووکداو خۆیان واپێشاندا کە پارێزەری ئاینی ئیسلام بوون دژی کریستیانەکان، ئیتر قۆناغێکی تر هاتە پێشەوە دەربارەی بێزەنطیەکانو سلجوقیەکان کە ئەوە پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە نیە.

سێهەم : مەغۆلو تاتارەکان

لەدوای هاتنی لێشاوی غوزەکانو سلجوقیەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بەرەو رۆژئاوای ئاسیا بە پێی ئەو سەرچاوانەی بەر لەمە باسمانکردووە، ئیتر لێشاوی مەغۆلو تاتارو ژمارەیەکی تری عەشایری تورکو تورکمان بەهەمان شێوەی غوزو سلجوقیەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بە لێشاو ڕوویانکردۆتە رۆژئاوای ئاسیاو بەو هەموو شوێنانەی تیایا تێپەڕیون هەتا گەیشتونەتە رۆژئاوای ئاسیا روو بەڕووی ئەو نەتەوانە بوونەتەوە کە لە ڕێگایانا بەرهەڵستی هاتنیان کردبوونو سەرچاوە مێژووییەکان باسی سەدان کارەساتو بەسەرهاتو ماڵ کاول کردنو شارو دێهات وێرانکردنی ئەوانەیان تۆمارکردووەو باسی هۆلاکۆو جەنگیزخانو تەیموری لەنگ بە سەدان باسو کتێبیان لەسەر نووسراوەو ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە باسی بکەین بریتیە لە کورتە باسێکی ڕەگەزو بنەچەی ئەوانەو ئەو شوێنەی لێی هاتون هەتا گەیشتنیان بە رۆژئاوا، بەتایبەتی بۆ ئاسیای بچووکو باکوری کوردستان کە مەبەستی باسەکەمانە.

لەڕاستیدا مەغۆلەکانو تاتارەکان کە بەلێشاو ڕوویانکردۆتە رۆژئاوای ئاسیا وەنەبێ لەناو خوشیاناو لەگەڵ عەشیرەتەکانی غوزو سلجوقەکانی هاوزمانی خۆیانو هاوولاتی خۆیانا کۆکو ڕێك بووبن، بەڵکو زۆرجار کێشەی ئەمانە لەگەڵ سلجوقیەکانا بۆ نموونە زۆر توندو تیژتر بووە وەك لە کێشەی نێوانیان لەگەڵ

میللەتانی تر کەبەناو وڵاتەکانیان تێپەڕیانکردووەو کاولیان کـردووەو کوشـتاریان کردووە.

دەربـارەی شـوێنی سـەرەتایی مـەغۆڵو تاتاراکـان، هـەروەکوو هـی غـوزو سلجوقیەکان هـەر بریتـی بـووە لـە بـاکورو ڕۆژئـاوای چینو ناوەڕاسـتی ئاسـیاو دەربارەی ئەوە باسێکی الدکتور السید الباز العرین/سەرچاوە٨٦ ئەخەینە پێش چاو لە کتێبەکەیدا (المغـول) چاپی بـیروت سـالی ١٩٨٦ بـە دوورو درێـژی باسـی مەغۆلەکانی کردووە. ئێمە لـەو کتێبـەدا ئـەوەندەمان مەبەسـتە کورتـە باسـێکی شوێنی سەرەتایی ئەوانەو چۆنێتی هاتنیان بەرەو خۆرئاوا بخەینە پێش چاو کـە بێگومـان کوردسـتانیشو میللـەتی کوردیش وەکـوو وڵاتـانو میللـەتانی تـری ڕۆژئاوای ئاسیا پریشکی تاوانی ئەوانەی بەرکەتوەو تووشی ماڵ کـاولیو کوشـتار بووە.

نووسەر لە باسەکەیدا وتوویەتی:

بزوتنەوەی مەغۆل بە سەرکردایەتی جنگیزخـان (١٢٠٦ ــ ١٢٥٧)و ئەوانـەی دوای ئەو وەکوو (ئۆکتای)و (کیوك)و (مونکو) لە ئاسیای ناوەڕاسـتەوە دەسـتی پێکـردووە کـە ڕویانکردۆتــە ڕۆژئــاوای ئاسـیاو لــە پێشـدا دەسـتیان بەسـەر ئیمـپراتۆرێتی (خـوارزم)دا گرتـو ڕوویـانکردە دەوڵـەتی سـلجوقی لـە ئاسـیای بچووکداو لەوێوە بەناو ڕۆژهەلاتی وڵاتانی ئـەوروپادا بڵاوبوونەتـەوەو هـەندێکیان گەیشتنە روسیاو پۆڵندەو مجرستان.

نووسەر لە لاپەڕەی/٥دا دەربارەی شوێنی مـەغۆلو عەشـیرەتەکانی مـەغۆل وتوویەتی : مەغۆلەکان بەر لەهاتنیان بۆ ڕۆژئاوای ئاسیا لەو شـوێنانەدا دەژیـان کە بە هاوین زۆرگـەرم بـووەو زستانەکەشـی زۆر سـارد بـووەو هەمیشـە کێشـەی نێوان ئەوانو دانیشتوانی ئەو ناوچانەی لەوەڕی تیا بووە درێژەی کێشاوەو بووە بەهۆی ناکۆکیو نا ئارامی.

عەشـیرەتی (هیوتـج نـو ــ هـون)ی مـەغۆلی لـە سـەدەی سـێهەمی زایـنـدا دەرکەوتونو عەشیرەتی (جوان جوان ـئاڤار) کە هەر مەغۆل بـووە لـە سـەدەی پێنجەمدا دەرکەوتووەو عەشیرەتی (تورکیو) لە سەدەی شەشەم داو (نایمان) لە سـەدەی دوازدەهـەمدا پـەیدا بـووە کـە هـەمویان مـەغۆل بـوون، جگـە لەوانـە

عەشیرەتی (ئویغور)و (خطا)ش پەیدابوونو لە سەدەی سیازدەهەمدا جنگیزخانی مەغۆلی دەرکەوتووە.

ئەو هەموو عەشیرەتانە، ئەگەرچی بە رەگەز تورکیش بوون بەلاّم تێکەلاّوی یەکتربوون. بۆیە ناتوانرێ بەئاسانی شوێنی سەرەتای دەرکەوتنیان دەستنیشان بکرێتو شوێنەکانیان لێك جیا بکرێتەوە کە هەموویان مەغۆلو (تونجور)بوونو ئێستەش (تونجور) وەکوو تاقمێکی بچووکی پچرپچر لە باکوری ولاّتی منغۆلیاداو لە رۆژهەلاّتی سیبریا و ناوەڕاستیا هەرماون.

لەگەلّ ئەوەشدا مغۆلیەکان دراوسێی چینەکان بوونو تێکەلّیان بوونو لەو سەردەمەدا چین لەچاو خۆیدا مەلّبەندی شارستانی بووە کەچی مەغۆلەکان شتێکی زۆر کەمیان لێوە فێربوون. (لەباسی یەکەمدا ـــ مێژووی رەگەزی تورك باسی هۆی دروستکردنی شوورە بەناوبانگەکەی چین کراوە کە چۆن چینیەکان لەتاو درندەیەتی تورك ئەو دیوارە درێژەیان دروستکردبوو بۆ ئەوەی تێکەلّیان نەبنو دوورین لە دەستدرێژیکردنیان. ئیتر دیارە ئەبێ تورك لەو هەلّوێستەدا نووسەری سەرچاوە /٨٦وتوویەتی : سەیر ئەوەیە ئیمپراتۆرەکانی تورکی دوای مەغۆل زۆر رقیان لەوە دەبووەوە کە بەرەگەز بیرێنەوە سەر مەغۆلیەکان.

دەربارەی رەوشتی مەغۆلەکان نووسەر وتوویەتی: مەغۆلەکان لایان وابووە بە کاولکردنی ئەو شوێنانەی بەناویا تیپەڕیان دەکرد، دەبووە هۆی مسوگەر کردنو ئاسایش بۆ خۆیان.

لەسەرەتای سەدەی یازدەهەمدا تا کۆتایی سەدەی دوازدەهەم (کرایت)ەکان کە لە دەسەلاّتدارە بەناوبانگەکانی مغۆل بوون لە نێوانی (١٠٠٧ ـ ١٠٠٩) زایندا، بەهۆی ئوسقوفێکی نسطوریەوە کە دانیشتوی شاری (مرو)بوو بوون بە کریستیانو وایان لێهات سەرکردەکانی کرایت ووشە مەسیحیەکانیان هەلّدەبژارد بۆ نازناوی خۆیان.

(طغرل) کەلە (کرایت)ەکان بوو بەیارمەتی (یسوکاری) کە باوکی جەنگیزخان بوو توانی بەسەر مامی خۆیدا سەربکەوێو توانی لە شەڕێکدا لەگەلّ (تاتار)ەکانا بەسەریانا سەرکەوێو بەوە (پسوکای)بوو بە گەورەترین هێز لە مەنغولیاداو لە پاداشی ئەوەدا (کین)ی مەلیکی چین لەقەبی مەلیکی پێداو کرا بە مەلیکی (ولنج).

نووسەر دەربارەی جەنگیزخان وتوویەتی لە پێشدا ناوی (تیموجین)بووەو لە ساڵی ١٢٠٦دا قانونێکی دەرکرد کەبەو قانونە دەوترا (یاسا)کە ووشەیەکی مغۆلی بووە (بێگومان ئەو ووشەی یاسایەی ئیمڕۆ لەناو کوردو فارسدا بەکاردەهێنرێت هەرلەو ووشە مغۆلیەوە وەرگیراوە).

ئیسماعیل حقی ئوزون لە کتێبەکەیدا/سەرچاوە/٩٠، لە لاپەڕە/٩دا دەربارەی چۆنێتی چوونی مغۆلەکان بەرەو رۆژئاوا وتوویەتی: ساتێك سلچوقیەکان لەهەندێ ناوچەی ئەناتولیادا بوبوون بە دەسەلآتدار لەورۆژانەدا لێشاوی مغۆلەکان‌و هێرشەکانیان بەرەو رۆژئاوا دەستی پێ کردبوو پاش ئەوەی جلال الدین خوارزم شاه لە ساڵی ١٢٣١ زایندا مرد ئیتر رێگا بۆ مغۆلەکان خۆش بوو بە سەرکردایەتی (جوماغون نویان) ئەرزنجانیان داگیر کردو بەرەو پێشەوە رویشتن تا گەیشتنە (سیواس)و هێزێکی مەغۆلی کە سێ‌هەزار کەس بوو بە سەرکردایەتی (بایجونویان) ئەبلۆقەی (ئەرزیرۆم)ی‌دا وتوانی بچێتە ناو قەلآکەیەوە کە پێی دەوترا (دژ)و هەرچی تیابوو بە منداڵی شیرەخۆرەشەوە کوشتنیان‌و ئافرەتەکانیان بەدیل گرت‌و شارەکەیان کاول کرد.

(غیاث الدین خسرەو ـ کە دیارە سلچوقی بووە) کە هەواڵی ئەو تاوانەی مغۆلی بیست لە تموزی/١٢٤٣دا لە نزیك (کوسەطاغ) لە ژوور گوندی (زارا)ی نزیك بە شاری (سیواس) پەلاماری مغۆلەکانی‌داو شکێنران، بەلآم زۆری پێ نەچوو مغۆلەکان خۆیان کۆکردەوەو سلچوقیەکانیان شکان‌و گەیشتنە (توقات)و (قونیە)و بۆ ماوەی سێ رۆژ ناوشاری سیواس تالآنکراو پاش ئەوە مغۆلەکان بە سەرکردایەتی (بایجو)گەڕانەوە بۆ دەشتی (مغان) لە ئازربایجان‌و ئەوێی کرد بە بنکەی خۆی.

دەربارەی هاتنی مغۆلەکان بۆ رۆژئاوای ئاسیا نووسەرێکی تر، لە سەرچاوە/٨٣دا ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (مقریزی کردووە ـــ السلوك) کەلە لاپەڕە/٢٢٨ی بەرگی یەکەمدا وتراوە مغۆلەکان لەدوای ئەوەی لە ساڵی ٦٢٨ی کۆچیدا جلال الدین خوارزمیان شکان لە شەڕی (میافارقین)ی بەناویانگدا، لەوێوە روویانکردە شاری ئەربیل‌و لە ساڵی ٦٢٩ی کۆچیدا چوونە ئاسیای بچووك‌و ئەرمەنیایان داگیرکرد.

نووسەر باسی هێرشەکانی تورکی مغۆلی کردووە بە دوو بەشەوە کە بەشی یەکەم ئەوانەیان بوون ڕوویانکردبووە روسیاو بۆ ماوەی دوو سەدە زۆرشوێنی روسیایان لەژێردەستدا بووەو لەوێوە پەلاماری بوهیمیاو موراڤیاو هنگاریایان دابوو ئەملاولای روباری (دانوب)یان خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو گەیشتبوونە دەریای ئەدریاتیك بەشی دەهەمیان ئەوانە بوون لە ساڵی ٦٣٥ی کۆچیدا بەرامبەر ساڵی ١٢٤٢ زایین چوونە (ئەنادۆل)و ئەو شوێنانەیان داگیرکرد کە بەدەستی سلچوقیەکانەوە بوو لەساڵی ١٢٤٣/ی زایندا بەسەرکردایەتی (بیجونین) لە شەڕێکدا دژی سلچوقیەکان لە (کوسیداغ)دا بەسەر سلچوقیەکانا سەرکەوتن (سەرچاوەی پێشووی ژمارە/٩٠ ئەو سەرکردەیەی بە (بایجونیان)ناوبردوە)و سەرکردەی سلچوقیەکان (کەیخسرەو) رای‌کرد بۆ قسطنطنیە بۆ ناو بێزەنطیەکان بەوجۆرە دەستیان بەسەر ئاسیای بچووکدا گرت‌و گەیشتنە (تراکیا).

سەرچاوەیەکی تر سعید احمد برجاوی لە لاپەڕە/١٩ی سەرچاوە/٨٢دا باسی ئەو عەشایرە تورکمانانەی کردووە کە گەیشتبوونە ئاسیای بچووك‌و لەوێ نزیکی (٢٠) ئەمارەتی بچووك‌و پچڕپچڕیان دامەزراندبوو کەلە کتێبەکەیدا باسی ئەم ئەمارەتانەی کردووە.

١ ــ ئەمارەتی (قرمان) بنکەکەیان لە شاری (قونیە)دا بووەو ئەمیرەکەیان (محمود ئال قرمان)بووە.

٢ ــ حمید ئیلی ــ بنکەکەیان لە (یگی شهر)بووەو ئەمیرەکەیان (ئال حمید بووە).

٣ ــ گرمیان ــ یاجرمیان ــ بنکەکەی لە (کوتاهیە)بووەو ئەمیرەکەیان (ئال گرمیان)بووە.

٤ ــ تکە : بنکەکەیان لە (ئەزالیە ــ ئەضالیە)بووەو ئەمیرەکەیان (تکە بەگ)بووە.

٥ ــ منتشا : بنکەکەیان لە (میلاس)بووەو ئەمیرەکەیان ناوی (منتشا بگ کوڕی بهاءالدین کوردی)بووە.

٦ ــ ئایدن : بنکەکەیان لە (ئەزمیر)بووەو ئەمیرەکەیان (ئایدن)بووە.

٧ ـ صاروخان : بنكەكەيان لە (مغنيسيا)بووە لە ناوچەى (ليديـا)و ئەميرەكـەيان (صاروخان)بووە.

٨ ـ قرەسى : بنكەكەيان (بالكيس)بوومو ئەميرەكەيان (عجلان بگ)بووە

٩ ـ باقلاغونيـا : بنكەكـەيان لـە (قسطمونى)بـوومو ئەميرەكـەيان (ئەسـفنديا ئۆغلو)بووە.

نوسەرى سەرچاوەكە وتوويەتى : بەدواى مردنى جەنگيزخان ئيـتر مغۆلـەكان دەستيانگرت بەسەر هەموو ئاسياى بچووكداو ولاتى (قارس)و (گرجستان)يشيان خستە ژێـر دەسـتى خۆيانـەوەو رووبـانكردە عـێراقو حـرانو ئـامدو ديـاريكرو نصيبينو رهاو سروج.

(سموط)ى كورى هولاكۆ رويكردە شـامو بـەوجۆرە مغۆلـەكان لـە ماوەيـەكى كـەمدا دەسـتيانگرت بەسـەر ديـاريكرو ديـار ربيعـەو شـام داو پـاش ئـەوان عوسمانيەكان بوون بەدەسەلاتدارو هەموو ئەمارەتەكانى مەغۆل يەك لەدواى يەك چوونە ناو ئەودەولەتەى عوسمانيەوە)).

لە باسى داهاتوودا كە بريتيە لە دەولەتى عوسمانى باسى كێشەى پاشماوەى مەغۆلەكانو عوسمانيەكان دەكەين.

بەشی چوارەم

ڕەگو ڕیشەی عوسمانیو چۆنێتی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی

ڕەنگە هیوا هەبێ لای وابێ کە وترا عوسمانیو دەوڵەتی عوسمانی، ئیتر ئەو ووشەیە هەرئەو خێڵو بنەماڵەیە دەگرێتەوە کەلە دواییدا دەوڵەتێکیان دامەزراند بەو ناوەو بەژمارەی ئەو خێڵەی ڕەشماڵەکانیان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتنە ئاسیای بچووك توانیبویان ئەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیەی بۆ ماوەی پتر لە شەش سەدە گەورەترین ڕۆڵیان هەبوەو ڕۆژئاوای ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ئەوروپایان شلەقاندبوو بوبوون بەهۆی ڕوودانی سەدان شەڕو کارەسات.

لە ڕاستیدا پێك هاتنی دەوڵەتی عوسمانی، وەکوو لە دوایدا لە شوێنی خۆیا باسی دەکەین کە بوبوون بە میراتگری هەموو عەشایرەکانی غوزو سلچوقیەکانو مغۆلەکان، هەروا لەخۆیەوە پێك نەهاتبو بەڵکو گەلێ هۆ هەبوە بۆ دروست بوونیو مانەوەی بۆ ئەو ماوە دوورو درێژە.

بێگومان کێشەی نێوان بێزەنطیەکانو پاپا لە ڕۆما لەلایەکەوەو لاواز بوونی خەلافتی عباسیو ئەوانەی بوبوون بە جێگریان بۆشاییەکی تەواوی پەیدا کردبوو بۆ دەرکەوتنو سەرکەوتنی عوسمانیەکان جگە لە کێشەی نێوان سلچوقیەکانو مغۆلەکان، ئەمانە هەموویان بوون بەهۆی ئەوەی عوسمانیەکان ببن بە میراتگری ئەو هەموو تورکانەی بەرلە خۆیان وەکوو لە باسەکانی پێشودا باسمانکردبوونو گەیشتبوونە ئاسیای بچووك، بەوە تورکە عوسمانیەکان هەلو دەرفەتێکی زۆریاشو لەباریان بۆ هەلکەوت ئەو دەوڵەتی عوسمانیە دروست بکەن کە بێگومان کوردیش لە باکوری کوردستاندا ڕۆڵێکی گەورەی بینیوە لە پەرەسەندنو چەسپاندنی ئەو دەوڵەتەی ئالآی ئیسلامو ئالآی خەلافتی ئیسلامیان هەلکردبوو کە هەمیشە کورد لە هەموو نەتەوەکانی تر دلسۆزی ئەو

ئاینە بووەو سەری پێوە نەبووە بۆ هەموو جۆرە فیداکاریەك لەپێناوی سەرکەوتنیا.

بۆ ئاسکردنی ئەم باسەی دەوڵەتی عوسمانی، هەوڵئەدەین بە کورتی باسەکە بکەین بە دوو بەشەوە :

١ ــ رەگ و ریشەی بنەماڵەی عوسمانی و چۆنێتی هاتنیان لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ ئاسیای بچووك کە ئەوسا پێی وتراوە (ئەرزن ڕۆم ــ ئەرزرۆم).

٢ ــ چۆنێتی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی و پەرە سەندنی کە لەم بەرگی یەکەمەدا تەنها باسی تا شەڕی جیهانیی یەکەم دەکەین.

یەکەم : ڕەگ وریشەی بنەماڵەی عوسمانی و چۆنێتی هاتنیان بۆ ئاسیای بچووك

دەربارەی ڕەگ و ریشەی عوسمانی، مێژوونووسان بە گەلێك شێوە باسیانکردووە. لەم باسەدا هەوڵ ئەدەین کورتەی بۆچوونی هەندێکیان بخەینە بەرچاو:

پرۆفیسۆر ئیسماعیل حقی ئوزون، لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٩٠ بەدورو درێژی باسی عوسمانیەکان و ڕەگەزی عوسمانی کردووەو وتوویەتی :((تورکەکان کەلە ئەنادوڵدا نیشتەجێ بوون، ئەمانە وەنەبێ هەموویان لە یەك کاتداو پێکەوە رووبانکردبێتە ئەنادوڵ بەڵکو بەشێوەکی پچڕ پچڕو هەرجارەی تاقمێکو تیرەیەکیان هاتووە کە (غوز)ەکان پێشەنگیان بوون کە بریتی بوون لە (٢٤)تیرە)).

نووسەر لە باسەکەیدا بە دوورودرێژی باسی ئەو تیرانەی کردووە، بەلأم ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێی بدوێین بریتیە لەو تیرەیەی کە ناوی (قایی)بووە کە بنەماڵەی عوسمانی لەو تیرەیە بوون. نووسەر لە باسەکەیدا وتوویەتی: ((هەرچەند ئەو سەرچاوانەی باسەکانیان جێگەی دڵنیایین وتوویانە عوسمانیەکان لە تیرەی (قایی) بوون کە بەشێك بووە لە عەشیرەتی غوزو پێی وتراوە (گول خان)، بەلأم شارەزایەکی وەکوو پرۆفیسۆر (پرۆفیسۆر ویتنك) لای وایە عوسمانیەکان نەك هەر لە تیرەی قایی نەبوون، بەڵکە پێوەندیشیان بە

(غونۆ)کانیشەوە نەبووەو لە غوزەکان نەبوون‌و ووشەی (قایی) بە کەسێکی دەسەڵاتداری لێهاتوو وتراوە)).

نووسەر لە لاپەڕە/١١٨دا نووسەر وتوویەتی: لە کاتێکدا لە دەوری شەڕی (ملازگرد) لە ساڵی ١٠٧١دا کە سلجوقیەکان دەستیان بەسەر ئەنادۆڵدا گرت‌و تیایا نیشتەجێ بوون، لەو سەردەمەدا حاکمنیشینەکانی عوسمانی کە لە تورکەکانی ناوچەی ئەنادوڵ بوون توانیبویان حاکمنیشینەکانی عوسمانی دامەزرێنن، لە کاتێکدا (قایی)کان لە سەدەی نۆهەمدا لەگەڵ سلجوقیەکان لە رووباری (جیحون) پەڕیبوونەوەو روویانکردبووە ئێران‌و چووبوونە ئازربایجان‌و ئەخلاطو بە پێی بەڵگە مێژووییەکان تیرەی قایی لە زەمانی دەسەڵاتدارێتی (علاءالدین کیقباد)دا لە ساڵانی ١٢١٩- ١٢٣٤دا ئەوسا لە نزیك (قرەجەداغ) لە خۆرئاوای ئەنقەرەدا جێگیربوون‌و دوای ئەوە (سگوت)و (مینیچ)یان خستە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو ئەوەی زانراوە ئەوەیە ئەو (قایی)یانە بریتی بوون لە (٤٠٠) خێزان.

نوسەری ئەو سەرچاوەیە دەربارەی بنەماڵەی عوسمانی ئاماژەی بۆ هەندێ سەرچاوە کردووە وەکوو شرفنامەی شرفخانی بدلیسی وە نوسینەکانی محمد آبن خواجە خلیل قرنوسی‌و لطفی پاشاو محی‌الدین جمال‌و ابن کمال‌و خولجە صدرالدین هەموویان لایان وابووە گوایە (سلیمان شاە کە باوکی (ئەرطغرل)بووە لەکاتی پەڕینەوەیدا لە رووباری (فرات) خنکاوەو لە وێدا نێژراوە کە تورکەکان بەو شوێنە دەڵێن (تورك مزاری).

نووسەر ئەڵێ: لە راستیدا نەزانراوە ناوی باوکی (ئەرطغرل)کێ بووەو من گومانم هەیە لەوەی کە سلیمان شاە بوبێت‌و هەندێ سەرچاوەی تر وەکوو کتێبی تأریخ محمد پاشا، أنتشارات أنجمن تأریخ ترك شمارە/٧٩، وەلاپەرە/٨١ی کتێبی (دستور نامە)ی پرۆفیسۆر خلیل وتأریخی (ئال عوسمان)ی نوسینی (روحی) لەمانەدا هەموویان (گوندوز ئالپ)یان بە باوکی ئەرطغرل داناوە نەك سلیمان شاە.

بەپێی چیرۆك‌و ئەفسانە ناوچەییەکان دایکی ئەرطغرل ناوی (حیمەئان)بووە کە شوێنی گۆڕەکەی لە گوندی (جهارستن) دایەو لە ساڵی ١٨٩٢دا بە فەرمانی

سوڵتان عبدالحمید گۆڕەکەی تازە کراوەتەوە. ساتێك شەر لە نێوانی (علاءالدین کیقباد)و سلچوقیەکان‌و (ئەزنیق ـ ئەزنیك)ی ئیمـپراتۆرێتی ڕۆم دەستی پێکرد ئەرطغرل بوو بە لایەنگری کیقبادو ئەرطغل (قرجە حصار)و سکوت)ی داگیرکردو بەرامبەر بەوە سلچوقیەکان (سگوت ـ سکوت) یان بەخشی بە ئەرطغرل.

ئەرطغرل لە تەمەنی (٩٠)ساڵیدا مردوەو (عوسمان)ی کوڕە بچووکی بەهۆی لێهاتوییەوە لەلایەن عەشیرەتەکەیەوە کراوە بە سەرۆك‌و عوسمان لەوە ترساوە (دندار)ی برای بەرهەڵستی بکات بۆیە لە ساڵی ١٢٩٨ی کوچیدا دنداری برای کوشتوە. بەپێی بۆچوونی مێژوونوسان (عوسمان بەگ) لە ساڵی ١٢٥٨ی زایندا لە شاری (سکوت) لە دایك بووەو لە تەمەنی ٢٣ساڵیدا کراوە بە سەرۆکی عەشیرەتەکەی.

نوسەری سەرچاوە/٩٠، لە باسی ڕێبازەکانی ئەو سەردەمەی ناوچەکەدا وتوویەتی دوو ڕێباز هەبوە، یەکەم (ئەخیگری) دوهەم (بابیگری) کە (شێخ ئاطەبالی) یەکێك بووە لە سەرۆکەکانی (ئەخی ـ ئەخگیری) کەلە (ئیست بورنی)دا ژیاوەو لە نزیك (ئەسکی شهر) خانەقایەکی هەبوەو یەکێك بووە لە دەسەلاتدارانی ناوچەکەو عوسمان بەگ کچێکی شێخ ئاطەبالی هێناوە کە ناوی (ملحون خاتون)بووە کە لە میصر خوێندبووی‌و عوسمان بەهۆی ئەوەوە سوودی لە (ئەخی)یەکان دەسگیربووە.

پاش ماوەیەك بە پێی فەرمانی (غیاث الدین مسعود)ی حکومداری سلچوق، شارەکانی (سگوت)و ئینونۆ، ئەسکی شەهر) هەمووی بەخشراوە بە عوسمان‌و کراوە بە حاکمی سەر سنورو لە ساڵی ١٢٩١دا عوسمان (قرجەحصار)یشی خستوتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە.

پرۆفیسۆر ئیسماعیل حقی ئوزون لە لاپەڕە/١٢٨دا باسی تەقەلای کوشتنی عوسمانی کردووە لەلایەن بێزەنطیەکانەوە لەبەر ئەوەی لە سەرکەوتنەکانی عوسمان سلەمیوونەتەوەو بەنیازی کوشتنی دەعوەتیان کردبوو بۆ زەماوەنێك‌و حاکمی شاری (ینی شهر ـ قرجە حصار)یان ڕاسپاردبوو لە گەیشتنی عوسمان بۆ ئەو زەماوەند بیکوژن، بەلام (میخائیل غازی)ی حاکمی (خرامان قیە)کە ئەویش بۆ هەمان شایی بانگ کرابوو ئاگاداری پیلانی ئەو کوشتنە بووەو عوسمانی

ئاگادار کردبوو هەواڵێ پیلانەکەی پێ گەیاندبوو، بەرامبەر بەوە عوسمان پەلاماری (یار حصار) ئەدلو ((بیلەجەك) دلگیر دەکاو کچەکەی حاکمی یار حصار کە بریار بووە بۆ ئەو زەماوەندە بدرێ بە حاکمی بیلەجەگ، عوسمان ئەو کچە کە ناوی (هولوفرا - نیلوفر)بووە لە ئۆرخانی کوری خۆی مارە دەکا. لەساڵی ١٢٩٩ی زایندا (أبن بطوطه)کە لە ساڵی ١٣٣٢زایندا چاوی بەو نیلوفەرە کەوتووە لە کتێبەکەیدا باسیکردووە)).

لە سەرچاوە/٨٩دا، دەربارەی رەگەزی عوسمانی، بە جۆرێکی تر باسی کردووەو وتوویەتی عوسمانیەکان بە رەگەز دەچنەوە سەر ئەو تیرەیەی لە دەستەکانی (Kayi ـــ قایی)دا بوون کە تورکەکانی (غون)یشی تیادا بووەو رووبانکردۆتە ئاسیای بچووك و لە سەدەی سیازدەهەمدا مەغۆلەکانیان لە ئاسیای بچووك دەرکردبوو.

نوسەری سەرچاوە/٨٩ئاماژەی بۆ باسێکی (محمد فؤاد کوپرولو) کردووە کە وتوویەتی ووشەی عوسمانی ووشەیەکی سیاسی بووە نەك رەگەزیو لەوەوە هاتووە کە (طغرل)ی باوکی عوسمان لەلایەن سلجوقیەکانەوە کرابوو بە پاسەوانی ناوچەکانی سەرسنوری باکور لەگەڵ تاقمێکی تورکماندا و لەدوای طغرل عوسمانی کوری جێی گرتۆتەوەو ئەو دەوڵەتەی دایمەزراندبوو بەناوی ئەوە ناونراوە کەلە ساڵی ١٢٩٩زایین هەتا ساڵی ١٣٢٦ عوسمان دەسەڵاتدارێتی کردووە)).

سریا بدرخان لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٩ لە باسی عوسمانیەکانا وتوویەتی لە ساڵی ١٢٨٨دا بە سەرکردایەتی (Ertogol - ئرتوگول - مەبەست طغرل)ئەو خێڵەی کە بریتی بوون لە (٤٤٤)رەشماڵ لە ناوەراستی ئاسیاوە پوویانکردە ناوچەی (سوگیوت) کە دەکەوێتە نێوانی ئەنقەرەو بروسەو تیایا نیشتەجێ بوون (لە باسەکەی پرۆفیسۆر ئیسماعیل حقی ئوزوندا وتراوە لە نزیك (قرەچەداغ) لە خۆرئاوای ئەنقەرەدا نیشتەجێ بوون)و چوونە سەر ئاینی ئیسلامو لە زەمانی ئۆرخانی دوهەمین سوڵتانی عوسمانی کە لە ١٣٢٦ ـــ ١٣٥٩ فەرمانرەوای کردووە، لە ساڵی ١٣٥٢دا فەرمانێکی دەرکرد کە پێویستە ئەو کریستیانانەی لەژێر دەسەڵاتیانا بوون منداڵەکانیان لە تەمەنی ٧ ـــ ١٠ساڵیەوە بدرێن بە

حکومەتو لە ژێر چاودێریی حکومەتدا پەروەردە بکرێن (هەرچەند سریا بدرخان ئاماژەی بۆ هیچ سەرچاوەیەك نەکردووە دەربارەی ئەو فەرمانە، بەلام لام وایە ئەم بڕیارەی حکومەتی عوسمانی لە دوایدا خراپەکار کە بەپێی ئەوە هێزی ئەنکشاری هێنرا کەلە شوێنی خۆیدا باسی ئەنکشاری دەکەین).

سریا بدرخان لە باسەکەیدا ویستویەتی ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەو کاربەدەستەکانی عوسمانی بەرەگەز بباتەوە سەر ئەو میللەتانەی کە تورکەکان بەزۆر کردبوویانن بە تورك وەیا هەرلە منداڵیەوە لە ژێر چاودێریی تورکدا منداڵە بێگانەکان پەروەردە کرابوونو کرابوون بە تورکو ناوی چەند کەسێکی بە نموونە هێناوەتەوە وەکوو :(شوکت)و (پرنس حلیم) کە هەردووکیان بە رەگەز عەرەب بوون، مصطفی کمال کوڕەزای یەکێك بووە لە (کروات)یە تێکەڵاوەکانی ناوچەی (نیش)، (لە بەرگی دووەمدا لە باسی کمالیەکانا لەمێژووی ژیانی مصطفی کمال ئەدوێین)، عصمت ئینونوی سەرەك وەزیران لە کوردەکانی (Rafan — رافان) بووەو (فوزی) کە ئێستە (مەبەستی کاتی نوسینی کاتی کتێبەکەی بووە کەلە فلادلیفیا چاپی کردووە) سەرۆکی ئەرکانی حەربە لە کوردەکانی ناوچەی (تارجان Tarjan)ەو (رؤف) کە ساتی خۆی یەکێك بووە لە سەرکردە هاوکارەکانی مصطفی کمالو ئێستە ئاوارەیە لە (جرکس)یەکانەو هەرئەمانە بوون کاروبارە گرنگەکانی دەوڵەتیان بردوە بەڕێوەو بوون بە هۆی سەرکەوتنی عوسمانی)).

لە کۆتایی ئەم باسەدا کورتەیەکی ئەو باسەی ئەولیا چلبی لە گەشتەکەیدا تۆماری کردووە/سەرچاوە/٥١ پێشکەش دەکەین:

((یەکەم شای گەورە (محمد کوڕی دانیشمند) لەساڵی ٥٨٣ی کۆچیدا شاری (ملاتیە)ی دروست کرد (لە باسی سلجوقیەکانا باسی میرنشینی دانشمند کراوە کە سلجوقیەکان لەناویان بردبوو، وەوترابوو شاری ملاتیە لە ساڵی ١٠٥٧/ی زاینیدا دروستکرابوو)، کە عەجەمەکان بە مەلاتیە دەڵێن (ئەسپەزان)و تورکمانەکان پێیان وتووە (مەئاتیە)و یونانیەکان بە (رەقەبە)و عەرەبەکان بە ملاطیە ناویان هێناوە. لای نووسەرە یۆنانیەکان وایە شارەکە یەکەم جار لەلایەن (رەقەبە) ناوێکەوە دروستکراوە کە لە تاقمی (یونس پێغەمبەر)بووە.

ساتێك باپیرە گەورەی عوسمانیەکان کە (شاە سلیمان) بووە بەخۆیو (٧٠٠)کەسی دەستو پێوەند لەسەر ئیزنی (خواجا ئەحمەدی یەسەوی) کە سەرکردەیەکی تورك بووە لەگەڵ محمد کوڕی دانشمندو تاقمەکەیدا لەکاتی پەڕینەوەی لە ڕوباری فوراتدا خنکاوە، ئیتر (ئەرطغرل)ی کوڕی تەرمەکەی باوکی کە شاە سلیمان بووە لەبن دیواری قەڵای (جەعبەر)ی سەرکەناری ڕوباری فورات ناشتو هەموو هۆزەکە کە ئەرطغرلیان لەجیاتی باوکی کرد بە بەگو لەوساوە بوو بە عوسمان بەگ، بەڵام ئەو شوێنەیان بە جێگایەکی شوومو نەگبەت زانی بۆیە باریانکردو چوونەلای علاءالدین سلچوقیو کران بە (بۆی بەگ).

لە ساڵی ٦٠٠/ی کۆچیدا دەسەڵاتی سلچوقیەکان کوتایی پێهاتو ئەرطغرل بوو بە (بۆی بەگ)ی ڕاستیو پاش ئەو (عوسمانوك) بوو بە خاوەنی سکەو پارەو ئیتر لەوساوە ئەم خێڵە بەناوی (عوسمانی)یەوە ناوبانگی دەرکردو بوو بە دەوڵەتێکی هەتا هەتایە (ئەولیا چلبی لەو ڕۆژانەدا لای وابووە عوسمانی هەتا سەر دەمێنێت).

ساتێك عوسمانیەکان بەسەرکردایەتی طغرل ناوچەکەیان بەجێ هێشتو چوونە لای سوڵتان علاءالدین، دانشمندەکان کەلە گەڵیان بوون لە شوێنی خۆیانا مانەوەو کۆچیان نەکرد بۆ شوێنی تر چونکە شوێنەکە ئەوەندە سازگارو بژوێن بوو بەشی خۆیانو مەڕو ماڵاتەکانیانی دەکردو پاش ماوەیەك هەواڵی دەوڵەمەندبوونی ئەو دانشمندیانە گەیشتە (ماهان) کە شوێنی پێشوویان بووە لە ناوەڕاستی ئاسیادا، ئیتر بە هەزاران لەوێوە دەستیانکرد بەکۆچکردنو گەیشتنە (ئورفە)و لەقەڵای (بیرەجەگ)دا گیرسانەوەو هەتا دەهات ژمارەیان لەپەرەسەندندا بووەو ساڵی ٥٨٣ی کۆچی محمدی کوڕی دانشمند قەڵای (ملاطیە)ی ئاوەدان کردەوە)).

دووەم: چۆنێتی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانیو پەرەسەندنی

دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی لەسەر بناغەی ئەو تورکانەی لە زەمانی غوزەکانەوە هەتا کاتی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی لە ئاسیای بچووکدا لە

دوای دەرکردنی بێزەنطیەکان و یەکخستنی هەموو ئەمارەتەکانی تورك کە پاشماوەی سلجوقیەکان و مەغولەکان بوون ڕووداوێکی مێژوویی زۆر گرنگ بووە بەتایبەتی بۆ کوردی باکوری کوردستان کە دراوسێی ئەو دەوڵەتە بوون و زۆری پێ نەچوو لە ڕێگەی ئیدریسی بدلیسیەوە هەموو ئەمارەتەکانی کورد چوونە ژێر باڵ و دەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەوە هەروەکو لە دوایدا بەدوورو درێژی باسی دەکەین چون ئەو کارەی بدلیس بوو بە بەسەرهاتێکی پڕ لە نەگبەتی و ماڵ کاولی بۆ کورد بەشێوەیەکی گشتی و بۆ کوردی باکوری کوردستان و کورد لەو ماوە دوورو درێژەی کە عوسمانی باڵی ڕەشی بەسەرا کێشابوو لە دواکەوتن و نەخوێندەواری و هەژاری و ماڵ کاولی بەلاوە هیچی دەسگیر نەبووەو هەموو شوێنەوارو دەسکەوتێك کە کورد لە دەوڵەتەوە بۆی مابووەوە بریتی بووە لە چەند مزگەوت و تەکیەیەك و ئەو قەڵاو بنکە سوپاییانەی هێزەکانی عوسمانی لە ناو کوردستاندا دروستیانکردبوو بۆ لێدانی بزوتنەوەکانی کورد.

لە ئەنجامی دەربڕینی بێزاری کورد بەرامبەر بە ڕەفتارەی کاربەدەستانی عوسمانی، لەبەر ئەوە بە شتێکی پێویستم زانی بە دوورودرێژی باسی دەوڵەتی عوسمانی و هەڵوێستی کورد بەرامبەر بەو دەوڵەتەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دروشمی خلافتی ئیسلامی و پاراستنی ئاینی هەڵکردبوو بکەم، کە لەم بەرگی یەکەمەدا هەتا شەڕی جیهانی ئەخەمە پێش چاو لە بەشی دوهەمدا دەچینە سەر باسی پاشەبەرەی ئەو دەوڵەتەو دروستبوونی دەوڵەتی جمهوری تورکیای تازەو ئەو بەسەرهاتانەی بەسەر میللەتێکی کوردا هاتبوو هەتا شەڕی دوهەمی جیهانی.

دەربارەی چۆنێتی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوەن عوسمان دامەزرێنەری دەوڵەتەکە بووەو گەلێك سەرچاوە بە دوورو درێژ لەوە دواوە ئەو دەوڵەتە، کەی و چۆن دامەزراوەو لەبەر گرنگیتی هەندێ لەویاسانە هەوڵئەدەم کورتەی هەندێکیان بخەمە پێش چاو.

پرۆفیسۆر ئیسماعیل حقی ئوزون لە سەرچاوە/٩٠دا بە دوورو درێژی باسی چۆنێتی دامەزراندنی دەوڵەتی عوسمانی و چۆنێتی بوونی عوسمان بە دامەزرێنەری ئەو دەوڵەتەی باسکردووەو بەر لەمەش لەباسی ڕەگەزی عوسمانیەکانا لەوە دواین زۆریەی سەرچاوەکان بنەماڵەی عوسمانیەکانیان

بردوتەوە سەر(سلیمان شاە)ی باوکی ئەرطغرل‌و باپیری عوسمان‌و هەروەکوو ئیسماعیل حقی ئوزون باسی کردووە کە وتوویەتی:

((دەربارەی دانانی جێ نشینی سوڵتان هیچ جۆرە یاسایەکی دەسنیشانکراو نەبوەو ساتێك سوڵتانێکیان چوتە سەر تەخت ئیتر ئەو سوڵتانە بە هەموو جۆرێك هەوڵی داوە هەموو براکانی خۆی لەناو ببات بۆ ئەوەی تەنها هەر خۆی بمێنێتەوە (کە یەکەم نموونەی ئەمە وەکوو لە باسی ڕەگەزی عوسمانیدا خراوەتە بەرچاو کوشتنی (دوندار)بووە لەلایەن عوسمانی برایەوە).

سوڵتانی عوسمانی هەمیشە خۆی بە خاوەنی هەموو موڵك‌و ماڵاتی ناو دەوڵەتەکەی ژماردوەو دەستی خستوتە هەموو کاروباری وڵاتەوەو بڕیارەکانی سوڵتان بەیاسا دانراوەو خۆی نەبوایە کەسی تر توانای گۆڕینی نەبوەو نەیتوانیوە دەسکاری بکات‌و خۆی بە سەرکردەی هەموو هێزەکانی دەوڵەت دانـاوەو خۆی بڕیاری دەسپێکردن‌و ڕاوەستانی شەڕی داوەو پەیمان‌و ڕێکەوتنەکانیشی هەرخۆی مۆری کردووە لە باسی ڕەگەزی عوسمانیدا باسی ئەوەمان کرد چۆن عوسمان بوو بە جێگری ئەرطغرلی باوکی.

هەروەکوو لە سەرچاوە/٨٢دا باسی کراوە، ساتێك عوسمان چووە جێگەی باوکی، یەکسەر هێزەکانی خۆی ئامادەکردو چوو بەگژ بێزەنطیەکاناو زۆرکەس بەدەم بانگەوازەکەیەوە چوون کە بە ناوی غەزای ئیسلامەوە شەڕی دەکرد. لە ساڵی ٦٩٩ی کۆچیدا بەرامبەر/١٣٠٠ی زایین عوسمان هەموو ناوچەکانی (ئیڤریجیا)و (بثینا)ی داگیر کردو لە شاری (ینی شهر)ەوە پەلاماری شوێنەکانی تری ژێر دەسەڵاتی بێزەطیەکانی‌دا.

لەدوای ئەوەی دەسەڵاتی عوسمان بەهێز بوو پەرەی سەند هەواڵی نارد بۆ هەموو ئەمیرەکانی (رومی تکفیری) لە (بروسە،ئەزمیر، ئەزنیق) ئیتر دەبێ یان هەمویان ببن بە موسوڵمان وەیا دەبێ سەرانە بدەن وە یا شەڕیان لەگەڵدا ئەکا، هەندێکیان بوون بە موسوڵمان‌و هەندێکی تریان بە باج‌و سەرانەیان داو ئەوانی تر پەنایان بردە بەر مەغۆلەکان لەگەڵ عوسمانیەکانا نەیار بوون، بەڵام عوسمانیەکان لەمانەیان داو پرش‌و بڵاویانکردنەوەو پەلاماری قەڵای

(ئەردنوس)ی‌دا کە لەسەر لووتکەی چیای (ئولومپ)بوو، شاری (بوجـە)شـی بۆ ماوەی دووساڵ ئابلۆقەدا کە لەدواییدا ئۆرخانی کوڕی عوسمان داگیری کرد.

لـەدوای داگـیرکردنی (بورصـە) ئیـتر (ئـەفرینوس)ی ئیمـپراتۆرو هـێزی سەرکردەی بێزەنطی بوو بە موسوڵمان لەگەڵ ژمارەیەك لە یونانیەکان (بێگومـان ئەوەی ئەوانە ئیمڕۆ هەموو بە تورك دەژمێررێن) کەلەگـەڵ ئیمپراتۆردا بـوون بـە موسوڵمان.

نوسەری سەچاوە/٩٠ پرۆفیسۆر ئسماعیل حقی ئوزون باسی ئەوەی کردووە چۆن لە بەختی تورکەکان، بێزەنطیەکان لەناو خۆیانا تێکچوون‌و ئۆرخانی کوڕی عوسمـان سـودی لـەو ناکۆکیـە وەرگرتـوەو (تیـودورا)ی کچـی (کۆنتـا کوزیـن)ی بێزەنطی مارە کردووە لە (ئۆرخان)ی کوڕی‌و لە پاداشی ئەمەدا ئۆرخان هێزێکی دەهەزار کەسی ناردوە بـۆ کۆنتـا کوزیـن کـە دژی بێزەنطیـەکی تـر کـە (حفـادی سافۆ)بووە شەڕی کردووەو ئەمەی دوایش دلوای یارمەتی لە (صاروخان)کردووە کە ئەمیری (لیدیـا)بـووە. لەسـاڵی ١٣٤٩دا بیست هـەزار سـەربازی تـر نـێررا بـۆ (کۆنتاکوزین)و ئەو هێزە دەستی گرت بەسەر دردنیلداو بێزەطی بەشـی ئـەورووپا لەلایەن ئەو هێزەوە تالآنکراو کاول کرا.

نووسەر باسـی ئـەوەی کـردووە کەلـە ئـەنجامی ئـەو هەڵوێسـتەدا هـەندێ لـە ئەورووپاییـەکان بـەڵێنیان دا بەتـەیموری لـەنگ یارمـەتیی بـدەن‌و تیمـوری لـەنگ هێزێکی ناردە سەر ئەنقەرەو هەندێ لـە هێزەکـانی سـوڵتانی عوسمـانی کـە لـەو رۆژەدا (سوڵتان بایزید)بووە چۆتە پاڵ هێزەکەی تیموری لەنگو ئـاڵای تیمـوری لـەنگ بەسـەر قـەڵاکانی قسـطنطنیەو (پـیرا Pera) دا بـەرزبووەوەو نامـەی دۆستایەتی لەلایەن شارلی شەشەمی پادشای فرنسـەو هێنری چوارەمـی مـەلکی ئنگلـیزو هـنری سـێهەمی مقاطعـەی (کاسـتیل) نـێررا بـۆ تیمـوری لـەنگو (نورالدین)ی کوڕی تیموری لەنگ شاری (أزمیر)ی گرتوو لەو شـەڕەی ئەنقـەرەدا روویدا (سوڵتان بایزید)ی عوسمانی بەدیل گیراو مـرد، بـەڵام تیمـوری لـەنگ لـەو ناوچانەدا نەمایەوە بەڵکو لە ساڵی ١٤٠٥دا خۆی کێشایەوە بۆ (سمرقند)و لـەوێ مرد.

لـەدوای کشـانەوەی تیمـوری لـەنگ دوبـارە هـەلێکی بـاش‌و لـەبار بـۆ عوسمانیەکان رەخساو سولتان محمدی دوهەم ئەمارەتەکانی تورکی خستە ژێـر دەستی خۆی‌و لە زەمانی سولتان محمدی دوهەمدا کە بە (سولتان محمدی فاتح) بەناوبانگ بووە دەسکرا بە داگیرکردنی قسطنطنیەو بەرامبەر بەوە ئیمپراتۆری بیزەنطی (قسطنطین) داوای لە دەولەتە لاتینیەکان کرد کەنیسەی هـەردولا (هـی بیزەنطی‌و رۆما) هەمویان لەژێر سایەی (پاپا نیکولای پێنجەم)دا یەك بگرن بەلام بیزەنطیە ئۆرتۆدۆکسەکان بەو بریـارەی ئیمپراتۆرەکەی خۆیـان قـایل نـەبوون‌و ئەوەیان لا باشتر بووە قسطنطنیەیان لەکیس بچێت‌و لەژێر دەستی تورکـدا بێت نـەك لـەژێر دەسـەلاتی لاتینیـەکانا (مەبەسـت پاپـاو لایـەنگرانی بـووە)، کـە سەرچاوەی نووسەر بۆ ئەمە بریتیە لە کتێبی (Reme crousset Empire Du lavant) بەو جۆرە قسطنطنیە داگیر کراو ناوی گۆڕا بە (ئەستەمبول).

(لەشوێنی خۆیـدا باسـی ئـەوە ئەکـەین چـۆن نـاکۆکی نێـوان بیزەنطیـەکان‌و تاقمی سەر بە رۆما یەکێك بووە لەو هۆ گرنگانەی یارمەتی عوسمانیەکانی دابوو بە تـەواوی دەس بەسەر ئاسیای بچووکدا بگرێ‌و عوسمانی بەمەشـەوە نەوەسـتا بـەلکو دەستیانکرد بـە هـێرش بـردن بۆ سـەر ولاتـانی رۆژهـەلاتی ئـەوروپاو لـە قۆناغێکدا گەیشتبوونە نزیك دەروازەکانی ڤینا، هەرچـەند ئـەو سـەرکەوتنانەیان هەتا سەر نەبووەو یەك لەدوای یەك دەولەتەکانی رۆژهەلاتی ئـەوروپا توانیبویـان تورکەکان لە خاکی خۆیان دەربکەن.

دەربـارەی سـولتانەکانی عوسمـانی‌و باسـی ژیانیـان‌و شـەڕەکانیان‌و رەفتارەکانیـان باسـێکی ئێجگـار دورو درێـژەو ئـەوەی ئێمـە مەبەستمانە لێـان بدوێین بریتین لە سولتان سەلیم کە لەزەمانی ئـەودا ئیدریسـی بدلیسـی هـەموو ئەمارەتەکانی باکوری کوردستانی بەستەوە بە دەولەتی عوسمانیەوەو سـولتان عبدالحمیـدی یەکـەم‌و دوهـەم‌و ئەوانـەی دوای ئـەوان هـاتون هـەتا کـاتی هەلوەشانەوەی خلافـەتی عوسمانی کـە لـە باسـەکانی داهـاتودا باسـی ئەوانـە دەکرێت‌و پێویست ناکات لێرەدا دوبارەیان بکەینەوە.

کوردەکـان جگـە لـەو کێشـەیەی توشـی بوبـوون لـە ئـەنجامی بـین برکێـی صفویەکان‌و عوسمانیەکاندا زۆرترین شوێنی کوردستان توشی کێشەیەکی تر بوو

لە کێشـەی نێـوان قرەقوئیلـوو ئـاق قوینلـوو کـە لـەناو ئەمارەتـەکانی بـاکوری کوردستاندا ڕەنگی دابووەوە، بڵاوبوونەوەی ئاینزای شیعە لـە هـەندێ ناوچـەی کوردستاندا بەهۆی صفویەکانـەوە کـارێکی وای کـرد لـەناو باکوری کوردستاندا کێشەی نێوان سونیو علوی پەیدا بێـت کـە زیـانێکی زۆری گـەیاند بـە کـورد لـە باکوری کوردستاندا چ بەهۆی سـوارەی حمیدیـەوە کەتەنـها قەدەغـە کرابـوو بۆ کوردو سونیەکانو علوییەکانی لێ بێ بەش کرابوو، ئـەو هەڵوێسـتە بـوو بـەهۆی ڕوودانـی لێـك پچـڕانو هاوکـاری نـەکردنی هـەردوولایان لـەو شۆڕشـانەی کـورد بەرامبەر بە تورکەکان کرابـوو کـە بـەڕونی ئـەوە لـە شۆڕشـەکەی شـێخ سـعیدی پیران ساڵی ١٩٢٥دا خۆی ئاشکرا کردبوو لە باسی ئەو شۆڕشەدا بە دورو درێـژی باسی دەکەین.

بەرلەوەی بچینە سەر باسێکی تـر هـەوڵ ئـەدەین لـە دوو سـەرچاوەدا باسـی هـەندێ لـە ڕێکخـراوو دەزگاکـانی سـوڵتانی عوسمـانیو ڕەوشـتو ڕەفتـاری سوڵتانەکانو پیشەیان بۆ لـەناوبردنی کـەسو کـاری خۆیـان بخەینـە بـەرچاو لـە باسەکانی تری داهاتوودا کە پەیوەندیان بە سوڵتانەکانی عوسمانیـەوە هەیـە لـە ڕووداوەکانا هەندێ ڕەفتارو کـردەوەی تریـان دەردەکـەوێ دەربـارەی ڕێکخـراوو دەزگاکانی دەوڵەتی عوسمانی، پرۆفیسۆر ئیسماعیل حقی ئـوزون/سـەرچاوە/٩٠ وتوویەتی:

((کوڕانی پادشاکانی عوسمانی کـە پـێیـان وتـراوە (شـاهزاد)، لـە سـەرەتای سـەدەی چواردەهـەمی زایینو لـە سـەدەی شـازدەهەمدا ئـەو شـازادانەی لـە ئەناتولیادا نیشتەجێ بوبوون پـێیـان دەوتـرا (چەلـەبی). سـوڵتانەکانی سـەرەتا هەریەك وەزیریان هەبوەو لە دواییدا کە ژمارەی وەزیرەکان زۆرکـرا بـە سـەرۆکی وەزیرەکان دەوترا (وزیر أعظم ـ کەلە دواییدا کرا بە صدر أعظم).

لە سەرەتای دوروستبوونی عوسمانیدا تەنها هەریەك (بیگلر بـگ) هـەبوە کـە سـەرکردەی هـەموو سـوپاکانی عوسمـانی بـووەو لـەدوای سـوڵتان قسـەو فەرمانەکانی ئەو لە ژوور هـی هـەموو کەسێکی تـرەوە بـووە، کـە لـە سـەرەتادا عوسمانیـەکان لاسـایی سلجوقیەکانیان کردۆتـەوە لەگـەڵ هـی ئیلخانیـەکانو مالیکەکانی میصر کە شێوەی هێزەکانیان سێ جۆر بووە:

١ ـ نیروی (قاپی قولی) ئەم هێزە بریتی بووە لە پیادەی نیزامی (یەنیچەری) ولە (جبەچی) و (طوپچی) و (ئاتلی بلووك - دەستە سوارە) کە سوڵتان خۆی سەرپەرشتی ئەم بەشەی کردووە.

٢ـ (ئەیالت هێزی) لە سەربازی سوارە پێك دەهات کە بریتی بووە لە : (سوپای تیمارلی)، (یایا)، (سەڵت پیادەیی)، (ئاقینجی ـ تورك ئاقینجی - سوارەی سووكو سۆڵ) ئەمانە لە سنووری (رۆملی)دا جێگیر بوون (مەبەست بەرامبەر بە بێزەنطیەکان بووە).

٣ ـ هێزی دەریایی ـ بریتی بووە لەو هێزی سەربازانەی لەناو کەشتیەکانی دەوڵەتدا بوون.

نووسەری هەمان سەرچاوە لە دوای باسی هێزەکانی دەوڵەت باسی کاروباری زەویوزاری ئەو سەردەمەی کردووەوتوویەتی: ((عوسمانیەکان هەروەکوو سلجوقیەکان لە شارەکانا هەر زەویوزارێکی دوژمنەکانی خۆیان داگیر بکردایە دەستیان بەسەردا دەگرتو دابەشیان دەکرد بەسەر گەورەو سەرکردەکانی ئەو هێزەی ئەو شوێنانەی داگیرکردووە.

لەناو دەوڵەتی عوسمانیدا سێجۆر زەویوزار هەبوە: ١ ـ خەراجی ٢ـ عوشری ٣ ـ ئەمیری. زەویوزارەکانی ئەمیری پێی وتراوە زەوی مەملەکەتو ئەوانەی لە زەوی زاری مەملەکەتدا کشتوکاڵیان بکردایە پێیان دەوترا(رەعیە ـ کە مانای دەستو پێوەند)بووە. ئەو زەویوزارانەی پشتاوپشت بۆ کوڕو کوڕەزاکانی ئەو کەسانە دەمایەوە بە مەرجێك ئەو باجانەی لەسەریان دانرابوو بیدەن بە دەوڵەت. جگە لە زەویوزاری میری، زەویوزاری (وقف)یش هەبوە کە دەدران بەچەند دەزگایەك یا چەند کەسێكو ئەمانە بۆیان هەبوە جووتیارو پاڵە بەکرێ بگرنو لەو زەویوزارانەدا بەکاریان بێنن)).

لەبەشی شازدەهەمی ئەم بەرگەدا باسی کارو فەرمانی ناو سوپاکانو ناو دەزگاکانی دەوڵەت ئەکەینو پێویست ناکات لێرەدا دوبارەی بکەمەوە. لە باسەکانی داهاتودا، لە زۆربەی ئەو باسانەی لە مێژووی سوڵتانەکانی عوسمانیو رەفتارەکانیان دوان، رەوشتی خوێنرێژانەی ئەوانەی دەبوون بە سوڵتان دێتە بەرچاوو لێرەدا کورتە باسێکی گۆڤاری هلال میصری ساڵی ١٩٠٩/سەرچاوە/٨٨

دەخەینە پێش چاو دەربارەی رەفتــاری خەلیفـەکانی عوسمـانی کـە چـۆن رەفتاریان لەگەڵ براو کەس‌وکاری خۆیانا کردووە تەنها بۆ ئەوەی خەلاقـەت بـۆ خۆیان بپارێزن کە وتوویەتی:

((دوای ئـەوەی عوسملنیـەکان بـوون بـە دەسـەلاتدار، بـۆ ئـەوەی ئـەمانیش وەکوو سلجوقیەکان بەش بەش‌و لیك دابراو نەبن، وایان بەباش زانیبوو هەموویان لەژێر دەسەلاتی یەك دەسەلاتداردا بن‌و ئەگەر ئەو دەسـەلاتدارە مـرد یـەکێك لـە کورەکانی ببێت بە جێگری.

یەکەم کەس کە ئـەم رێگەیـەی گرتەبـەر (سـولتان بـایزیدی یەکـەم) بـوو کـە کوری سولتان مراد بوو کە لە سالی ١٣٨٩زایندا بوو بە سولتان‌و گوایە بۆ ئەوەی هەراو پشێوی روونـەدات بەرلـەوە چـی بـە پێویسـت بزانرێت بـۆ ئەمـە پـەنایان بردۆتە بەر ئەو ئایەتی قورئانەی کـە ئـەلێ: (وإن فتنـة أشـدّ مـن القتـل)بەوجۆرە هێشتنەوەی یـەك کـەس کـە ببێـت بـە خەلیفـەو لـەناوبردنی ئـەوانی‌تر بـوو بـە یاسـایەك کـە سـولتانەکانی عوسمـانی بـەزۆری لەسـەری رۆیشـتوون‌و ئەگـەر سولتانێك بمردایەو یەکێك بوایە بەجێگری ئیتر ئەبوایە براکـانی تـازە سـولتانەکە لەناو ببرانایە ئەگەر چی هی شیرەخۆرەشیان تیادا بووبێت، بـۆ نموونـە سـولتان محمدی فاتح برایەکی شیرەخۆرەی خۆی کوشت کە ناوی (ئەحمەد)بوو.

ساتێك سولتان سەلیمی غازی کوری بایزیدی دوهەم بوو بە سولتان کورەکەی خۆی کـە نـاوی (سـلێمان)بـوو بـۆ ئـەوەی لـەخۆی دووربخاتـەوەو چـاو نەبرێتـە شـوێنەکەی، کـردی بـە حـاکمی قسـطنطنیە (کـە ئەوسـا پایتـەخت نـەبوو)و هێزێکیشی نارد بۆ ئەوەی براکانی تری لەناوبباو هەرخۆی بمێنێتەوەو ئەو پێنـج برایەی خۆی کەلە شاری (بورصە)دا بوون هەموویانی کوشت‌و تاقە برایـەکی کـە ناوی (کرکود)بوو رایکردبوو پەنای بردبووە بەر چیاکان‌و لەویش وازی لێ نەهێناو ئەویشی گرت‌و کوشتی.

لە هەموو سولتانەکانی تری عوسمانی کە زۆر درندە بـووە (سـولتان محمدی سێهەم)بووە کە لە سالی ٩٥٥ی کۆچیدا بوو بە سولتان‌و بەرلەوەی جەنازەکەی بـاوکی بنێژرێـت (١٩)براکـەی خـۆی هـەموویان‌و خوشکەکانیشـی کوشـت‌و لـە (ئەیاصوفیا)دا هەموویان نێژران.

نوسەری ئەو سەرچاوەیە وتوویەتی: ساتێك سوڵتان محمدی سێهەم دەمرێ، ئەحمەدی کوڕی کەلە ساڵی ٦٠٣/ی کۆچیدا بووە بە سوڵتان، ئەمەیان تۆزێك لە سوڵتانەکانی بەرلەخۆی ژیرتر دەبێت و لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنی (١٤)ساڵ بووە، برایەکی لەخۆی بچووکتری هەبوە (مصطفی) ئەو برایەی نەکوشتووە بەڵکو بەوە وازی لێ هێناوە دەست بگرێ بەسەریاو بیخاتە ژێر چاودێری خۆیەوەو وادیارە ئیتر پاش ئەمە سوڵتانەکانیتر براکانی خۆیان نەکوشتوە بەڵکو هەریە دەست بەسەری لەناو کۆشکەکانیانا دەیان هێشتنەوە.

نووسەری ئەو سەرچاوە لیستەی ناوی هەندێ لە سوڵتانەکانی بڵاوکردۆتەوە کە لە دواییەکەیان لە مێژووی دەرچوونی گوڤارەکە لە ساڵی ١٩٠٩دا بریتی بووە لە سوڵتان عبدالحمیدی دوهەم کەلە ساڵی ١٨٧٦دا بوبوو بە خەلیفەی عوسمانی.

لە گۆڤارەکەدا وتراوە (محمد رشاد) کە ئێستە ولیعهدە، تەمەنی دوو ساڵ لە عبدالحمید بچووکترە کە٦٥ساڵەو تا ئێستە ئەوا ماوەی (٣٠) ساڵە لە ژێر چاودێریدایەو کونج نشینەو لەو ساڵەوە کە عبدالحمید بووە بە خەلیفە رشادی برای لە (سەرای دوڵمە باغچەسی) بەزۆرەملێ نیشتەجێ کراوەو پاسەوانی تایبەتی بەدیارەوە دانراوەو هەموو دەوری بەسیخوڕ تەنراوەو لە دوکتۆرەکەی بەولاوە ڕێگەی پێ نادرێ چاوی بەکەس بکەوێ و بۆ ئەوەش دەبوایە ئەو چاوپێکەوتنە لە ڕێگەی فەرمانبەرەکانی ئەو کۆشکە بوایە کە بەو جۆرە فەرمانبەرانەیان دەووت: (مابین).

دەگێڕنەوە لەرۆژێکی جەژندا رشاد ئەفەندیو کمال ئەفەندی برای (کە دیارە ئەمەشیان هەر برای بووە) بۆ پیرۆزبایی جەژن دەچنە لای سوڵتانو لەکاتی دانیشتندا دەرگایەك دەکرێتەوەو دوو ئافرەتی لێ دێتە دەرەوەکە ناویان (سنیە سلطان)و (جمیل سلطان) بووەو هەردوکیشیان کچی سوڵتان عبدالحمید دەبن، کە چاویان بەیەکتر دەکەوێ هەردوو کچەکە شەرم دەیانگرێتو محمد رشادیش بەئارەزوو پشت گوێیان دەخات چونکە ماوەی (١٥)ساڵ بووە مامو برازاکان یەکتریان نەبینیبوو. هەرکاتێ محمد رشاد بچوایەتە دەرەوە دەبوایە پەنجەرەی

عەرەبانەکەی بە پەردە داپۆشرێت وەچەند سیخوڕێك بە بیانووی پارێزگاری کردنەوە دوای دەکەوتن)).

لە سەرچاوەی/٨٢دا نوسینی سعید احمد برجاوی ناوی ئەو سێ برایەی سوڵتان مرادی سێهەمی باسکردووە کەلە گۆڤاری هلالدا وتبووی کوژرابوون کە بریتی بوون لە محمد، سليمان، مصطفى، جهانگیر، عبدالله، ئەوەی شایانی باسە ژمارەی ئەو برایانەی سوڵتان محمدی سێهەم کوشتبوونی کەلە گۆڤاری هلالدا بە (١٩)برا باسی کردون، لە کتێبەکەی سعید احمد برجاویدا وتوویەتی (٩)برابوون، کە وادیارە ئەبێ یەکێکیان هەڵەی چاپەمەنی بێت.

هەتا ئێرە بریتی بوو لە رەگەزی تورك و طورانی و باسی هاتنی عەشیرەتەکانی غوزو سلجوق و مەغۆل و عوسمانی کە بە زنجیرە لە سەدەی یازدەهەمی زاینەوە لە ناوەڕاستی ئاسیاوە رووبانکردۆتە رۆژئاوای ئاسیاو، ئاسیای بچووك (تورکیا)یان کردووە بە دوا بنکەی گرنگ بوخۆیان و ئەو ئیمپراتۆرەیان تیادا دامەزران...

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە کە بریتیە لەوەی ئایا ئەو عەشیرەتە تورکە کۆچکردووە تالآنکەرو ماڵ وێرانکەرانەی لە ئاسیای ناوەڕاستەوە ولآتی خۆیان بەجێ هێشتوو بەناو ئەو هەموو میللەتانەدا کە ولآتەکانیان کەوتبووە سەر ئەو رێگە دوورو درێژەی بڕیبویان و بەناو هەموویانا بێ ووچان کۆچ و باریان نەوەستاوەو بەگژ ئەو هەموو میللەتانەدا چون و کوشتاریان لێ کردون و لەخۆشیان کوژراوەو رێگەیان پێ گیراوە کەچی هەرکوڵیان نەداوەو ئەوی لە کوشتاری سەر رێگایانا رزگاری بووبێ خۆی گەیاندوتە ئاسیای بچووك و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو عەشیرەتانە زۆرجار لەگەڵ یەکتردا ناڕێك بوون و بەگژ یەکتردا چوون و جاری واهەبوە هەندێکیان بوون بە لایەنگری ئەوانەی دوژمنی تاقمێکی تورك بوون، ئایا ئەو هۆیانە چی بووە یارمەتی ئەو تورکانەیان داوە کوڵ نەدەن و لە ئەنجامدا هەموویان لە ژێر سایەی هێزێکی دەسەلآتداردا یەکیان گرت و بوون بەو دەوڵەتەی کە ئیمپراتۆرەکەیان بۆماوەیەکی دوورو درێژ ژیاوەو پاش خۆشیان بنکەیەکی پتەوو بەهێزیان دامەزراندوە بۆ ئەوانەی پاشەبەرەی دەوڵەتی عوسمانی بوون و توانیویانە پاش ئەو شەرە گەورەیەی یەکەمی جیهان کە تیایدا

شكان‌و بەشێکی زۆری ئەو ولاتانەی لە ژێر دەسیانا بوو لە کیسیان چوو، بەلاّم بنکە سەرەکیەکەیان کە تورکیای ئێستەیە تونـرا بپـارێزرێ‌و دەولـەتێکی تـازەی تیادا بێتە کایەوە بەناوی جمهوریەتی تورکیاوە؟؟

بەکورتی دەتوانین لە باسی هـەندێ هۆی سـەرەکی بدوێـین کـە بوونـە هـۆی سەرکەوتنی ئەو تورکانە:

١ ـ بەرلەهەموو شتێك وەنەبێ ئەو تورکانـەی لـە ئاسیای ناوەڕاسـتدا بـوون هەمویان لەگەلّ یەکتردا ڕێك بووبن، بەلّکو هەمیشە لەسەر سەرکردایەتی‌و لەسەر شوێنی لەوەڕ لەگەلّ یەکتردا ناکۆك بوون‌و بەگژ یەکتردا چوون‌و ئەو هەموو مەڕو مالاّت‌و ئاژەلاّنەی هەیان بوایە لەناو ولاتەکەی خۆیانا ئـەوەندە پـووش‌و پـاوەن‌و لەوەڕی تیادا نەبووە بەشی ئەو مەڕو مالاّت‌و بەرزە ولاّخانەی هەیان بووە بکـات کە ئێستەش ولاّتیکی وەکوو منغولیـای ئیمڕۆ وەکـوو هـەندێ سـەرچاوە دەلّێـن ژمارەی بەرزەولاّخەکانیان لە ژمارەی دانیشتوەکانیان زۆرتـرەو، سـاتێك ئـاینی ئیسـلام بـە ڕۆژهـەلاّتی ئاسـیادا بلاّویـووەوەو هــەندێ لــەو تورکانــەی ئاسـیای ناوەڕاست بوون بە ئیسلام ئیتر دەرگـای ڕۆژئـاوای ئاسـیا لـە ژێـر سـایەی ئـالاّی ئیسلامدا والاّبووەو لەگەلّ هێزەکانی ئیسلامدا لەگەلّ ئەو هـەموو بەریەرەکانیـەی هاتوتە سەر ڕێگەیان بەوێنە ئـەو بەرهەلّستیەی تورکـەکان لەلایـەن جلال الدیـن خوارزمی‌یەوەو لەدوای ئەویش لەناو خاکی ئێران‌و ئازربایجان‌و ئەرمەنیاو ئاسیای بچووکدا بە بێزەنطی‌و بە کوردەوە، بەلاّم هەرکولّیان نەداوەو خۆیـان گەیاندوّتـە ئاسیای بچووکـی بـە ژمـارەی دانیشـتوان کـەم‌و بــە پیـت‌و فــەڕو لــەوەڕ زۆر، توانیویانـە خۆیـان دامـەزرێنن‌و لــە کۆتــاییدا هــەموویان لــە بۆتــەی دەولّــەتی عوسمانیدا توانەوەو بەناوی (تورك)ەوە هـەموویان یـەکیان گـرت‌و ئـەو دەولّەتـە گەورەیەیان دامەزراند.

٢ ـــ لاواز بوونـی خەلافــەتی عباســی‌و گــەندەلّ بوونــی دەزگاکــانی لــە دوارۆژەکانیا، بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیان‌و بەهۆی ئەو هەموو هێرش‌و پەلامارانــەی لەلایەن غوزەکان‌و سلچوقی‌و مەغۆلی‌و تاتارەکانەوە کرابوونە سەر ولاّتـانی ژێـر دەسـەلاّتی عباسـی کــارێکی وای کردبـوو تەنـها هــەر قاوغەکـەی مــابووەوەو خەلیفەکانی عباسی دوایـی وەکـوو متوکل‌و معتصـم وایــان لێ هــاتبو گیریـان

خواردبوو بەهۆی ئەو تورکانەی دەمیان ژەندبووە ولاتەکەیان‌و بوبوون بە کەڵەگای ئەو رۆژانە کە لەو روەوە شاعیرێکی عەرەب پێی وتوون:

خليفة في قفص   بين (وصيف)و (بغا)

يقول ما قال له   كما تقول الببغا

(وصيف)و (ببغا) دوو تورکی دەسرۆیو بوون کە بە پلانی ئەوان لە ساڵی ۲٤۷/ی کۆچیدا خلیفە متوکل کوژرابوو، لە ئەنجامدا دوا خەلیفەی عباسی کە (معتصم)بووە هەر بە دەردی ئەوان چووە. ئەو لاواز بوونەی عباسی‌و لەناو چوونی رێگەیەکی تەواوی بۆ تورکەکان خۆشکرد، بەتایبەتی سلجوقیەکان توانیبویان لەزۆر شوێنی ولاتانی جارانی سەر بە عباسی چەند حکومەتێك‌و چەند ئەمارەتێکی تایبەت بەخۆیان دروست کردبوو.

۳ ـ کێشەی نێوان ولاتانی فارس‌و بێزەنطی لە سەرەتاداو ناکۆکی نێوان بێزەنطیەکان کە ئاسیای بچووکیان لە ژێر دەستدا بووەو ئەو ولاتە بە (ئەرزرۆم ـــ ئەرزەن روم) ناسراوبووە لەگەڵ ولاتانی لاتینیی سەر بە پاپای رۆما کارێکی‌وای کردبوو تورکەکان توانیبویان لە ئەنجامدا دەس بەسەر هەموو ئاسیای بچووکدا بگرن‌و قسطنطنیە داگیر بکەن‌و ناوەکەی بکەن بە (ئەستەمبوڵ)و دوا شوێنی بێزەنطیەکان لە تورکیادا بریتی بووە لە کنیسەی (ئەیا صوفیا) بکرێت بە مزگەوتی موسوڵمانەکان‌و هیچ شەقڵێکی کریستیانەکانی پێوە نەمێنێت‌و تورکەکان بوون بە میراتگری دەوڵەتی عباسی‌و لە بریتی ئەوان ئالای ئیسلامیان بەرزکردەوەو کردیان بە دروشمی خۆیان بەناو بۆ پارێزگاری کردنی شوێنە پیرۆزەکان لە قدسدا (کەلە راستیدا ئەو ئەرکە لەلایەن ئەیوبیە کوردەکانەوە جێ بەجێکرا کە بەوپەڕی دڵسوزیەوە وازیان لە هەڵگرتنی دروشمی نەتەوایەتی خۆیان هێنابوو بوبوون بە سەربازی نەناسراو لە کۆڕی ئەو هەموو شەڕانەدا کە لەگەڵ خاچ پەرستەکاندا دەکرا).

٤ ـــ کێشەی نێوان بێزەنطیە ئەرثودۆکسەکان لەگەڵ دەوڵەتە لاتینیە کاثولیکەکانی ئەوروپا بەسەرکردایەتی پاپا وەکوو بەر لەمە باسمانکرد هۆیەکی گەورە بووە کە تورکەکان سودیان لێ وەرگرتووەو کار گەیشتوە بەوەی هەندێ لە بێزەنطیەکان بوون بە ئیسلام‌و لەناو کۆمەڵگای تورکی ئیسلامدا تواونەتەوە.

٥ ـ بێ دەسەلاتی‌و بی هێزی‌و پچرپچڕی کورد لە باکوری کوردستاندا کە هەر تاقمە بەجیا بۆ خۆی لە شوێنێکدا جۆرە ئەمارەتێکی پێکەوە نابوو کە هیچ ئەمارەتێکیان لەگەڵ ئەوی تردا ڕێك نەبوەو بەخوێنی سەری یەك تینوو بوون‌و ساتێك هەڕەشەی سەری صفویەکانی ئێران میللەتی کوردیشی گرتبووەوە، ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی ئیدریسی بدلیسی هەموو ئەمارەتەکانی کورد لەجیاتی ئەوەی لەژێر سایەی خۆیدا یا لەژێر سایەی کوردێکدا یەکیان بخات‌و حکومەتی کوردیی یەك گرتویان لێ پێك بێنێت قەواڵەی طاپۆکانی هەموو کوردستانی فرۆشت بە سولتان سەلیمی عوسمانی‌و گەورەترین هەلی بۆ تورکەکان ڕەخسان لەو ڕووەوە.

بەشی پێنجەم

کێشەی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و صفوی و
ڕۆڵی کورد لەو کێشەیەدا

بەشێکی زۆری کوردنشینەکانی باکوری کوردستان ناوچەکانیان کەوتبوونە سەر سنوری نێوان عوسمانی و صفوی و بەرلە دەسپێکردنی شەڕی عوسمانی و صفوی کوردەکانیان لە ئامارەتەکانی خۆیانا جۆرە سەربەخۆییەکیان هەبوە، بەلاّم لە کێشەی ئەو دەوڵەتە پەرەی سەند، هەردولایان چاویان بڕیە سەر داگیرکردنی خاکی یەکتری و ئەم هەڵوێستە میللەتی کوردو خاکی کوردیشی گرتەوەو لەبەر ئەوەی کوردو عوسمانیەکان سونی بوون بۆیە کورد مەترسی شیعەکانی صفوی لێ نیشتبوو لەگەڵ ئەوەشدا کوردێکی زۆری سەر سنورەکانی هەردولا تەقەلای ئەوەیان دابوو بتوانن کارێکی وا بکەن خۆیان لەگەڵ هەردولادا بگونجێنن بۆ ئەوەی خۆیان لە شەڕویەلاّی هەردوکیان دوربخەنەوەولەو ڕووەوە نوسەری سەرچاوە/٧٤ لە لاپەڕە/٢٦٣ی باسەکەیدا کە بریتیە لە گەشتێکی خۆی بە کوردستاناو شارەکانی ئەرزنجان و بدلیس و کسام و موکس گەڕاوە کە شوێنەکانیان لەنزیك سنوری هەردولادا بووە، لە یاداشتەکەیدا وتوویەتی ئەگەر لە کوردەکانی ئەو ناوچانەت بپرسیایە: ئایا هەڵوێستی کورد بەرامبەر بەو دولایە چۆنە؟ لە وەرامدا پێیان دەوتیت: ئێمە ناچارین لەگەڵ هەردولادا خۆمان بگونجێنین بۆ ئەوەی پریشکی ئەو شەڕەیان ئێمەش نەگرێتەوە.

نووسەر ئەڵێ: ((لە راستیدا کوردەکان کێش و قەوارەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبوە و ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوەو لەپاش سەرکەوتنی سوڵتان سەلیمی یەکەم بەسەر صفویەکانا لە ساڵی ١٥١٤دا ئیتر باری کوردستان گۆڕاوەو

هەروەکوو (ساتونو) باسی کردووە کوردەکانی (Zena ـ زینـا) لـە دیاریکردا لـە توانایانا بووە (١٤)هەزار سواری خۆیان ئامادە بکەن)).

زۆربەی سـەرچاوەکان باسـی ئـەوەیان کـردووە عوسمانیـەکان زۆرتـر زیـرەك بوون وەك لە صفویەکان لە رەفتاریانا بەرامبەر بە کـوردو توانیبویـان هەسـتو دڵـی کوردەکـان باشـتر رابگـرن هـەتا ئـەو کاتـەی بەتـەواوی زاڵ بـوون بەسـەر صفویەکاناو پاش ئەوەی ئیشیان بە کورد نەما ئیتر وردە وردە لـە هەڵوێسـتو بەڵێنـەکانی خۆیـان بەرامبـەر بـە کـورد پاشـگەز بوونـەوەو دەسـتیان کـرد بـە هەڵوەشانەوەی ئەمارەتەکانی کورد.

دەربارەی صفویەکان ئەمین زەکی لە لاپەڕە/١٦٢ی سەرچاوە/٣٢دا بە دوور درێـژی باسـی کـردووە ئـەم بنەماڵـەی صفویـە لـە (شـێخ صفی‌الدیـن)ی (ئەردەبیلی)یەوە دەستی پێکردووە کە شیعەیەکی ناسراو بـووە زۆر لـەخواترس بووە وای ڕاگەیاندبوو ئیمامی حەوتەمە (مەبەستی ئیمام موسی‌کاظم)بووە، سێ کوڕی هەبوە : علی و ئیبراهیمو جنێد کـە هەرسـێکیان بـە ئـاینداریتیو تصـوف ناویانگیان بڵاو ببووەوە: بەتایبەتی شێخ جنێد لەناوچەکەدا زۆر ناسـراو بـووەو (سوڵتان جهانشاه)ی قرەقۆینلو هەڕەشەی لێکردبوو لەترسا پەنای بردبووە بـەر حسن الطویل (لە سەرچاوەکانی تردا بەئۆزون حسن ناسراوبووە) کەلە دیاریکردا بووە (دیارە شیعە بووە)و کچێکی خۆی لە کوڕێکی حسن الطویل مارە کـردووەو کوڕێکیان بووە (ئیسماعیل)، کە دیارە ئەبێ ئەو ئیسماعیلە بێ کە بووە بە شاە ئیسماعیلی صفوی.

(سـەیر ئەوەیە کـە مـارتن فـان برونسـون لـە لاپـەڕە/٣٦٢ی کتێبەکـەیدا سەرچاوە/٣٧ وتوویەتی صفی‌الدین (سونی)بووە، لام وایە ئەوەی ئـەمین زەکـی راستتر بێت چونکە بڕوا ناکەم ئەو بنەماڵەیە وا بەزوویی دوای ئەو ببن بە شـیعە (هیچ دووریش نیە وەکوو مارتن وتوویەتی شـێخ صفی‌الدیـن لـە سـەرەتادا سـونی بووبێو لە زەمانی جنێدی کوڕیا ئەو شیعەیەتیە بەهێز بووبێت).

مارتن ڤان برونسون لە لاپەڕە/٣٦٣/ی کتێبەکەیدا وتوویەتی:

((ئیمپراتۆریـەتی صفـوی بـەناوی ئـەو سـەرۆك هـۆزەوە نـاونراوە کـە نـاوی (صفی‌الدین)بووە، صوّفی‌یەکی خـاوەن شـکۆی نورانـی بـووەو لـەنێوان سـاڵانی

١٢٥٢ ــ ١٣٣٤زايندا له (ئـەردەبيل)دا ژياوەو پياوێكى سونى بووە. هەرچەند صفى‌الدين هيچ ڕێبازو ڕێنماييەكى تايبەتى نەبوە بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا خەڵكێكى زۆر لەدەورى تەريقەتەكەى خڕ بوونەوەو خۆيان بە وابەستەو ملكەچ و لايەنگرى ئەو دەزانى (ئەردەبيل)بوبوو بە ناوجەرگەى بلاّوكردنەوەى ئەو تەريقەتە.

ساتێك لەساڵى ١٤٤٧دا (جنيد)بوو بە ڕێبەرى ئەو تەريقەتە ئيتر گۆڕانكاريەكى بنبڕو ناكاو لە هەناوى ئەو تەريقەتە سۆفيزمەدا پەيدابوو، شێخ جنيد كابرايەكى سەودلسەرى سەرەڕۆيى و شەڕانى بووەو زۆرتر سەرگەرمى گەڕان و سوڕانەوە بووە، بەتايبەتى پاش ئەوەى (جيهانشاه)ى سەركردەى قەرە قۆينلوى لە ئەردەبيل دەركردو لەگەڵ (ئوزون حسن) كە خوشكێكى خۆى دابوويە، دۆستايەتى و پێوەنديى پێكەوەناو سەركەوتوانە هەوڵێدا لەناو هۆزە توركە ڕەوەندەكانى ناوەندو خوارووى ڕۆژئاواى لە ئەنادۆڵدا لايەنگرى ئەوانە بۆخۆى مسۆگەر بكات.

ئەو هۆزانە تەنها بەسەرزارەكى بوبوونە موسوڵمان و زۆرتر بەرەولاى لادان و گومراييەك دابـان دەشكان و هەرزوو بزوتنەوە شيعەگەرييە توندڕەوەكان لايەنگرى شەيداى لەناو ئەو هۆزانەدا پەيدا كردبوو كە ڕەنگە ئەمە يەكێك لەو هۆكارانە بووبێت كە شێخ جنيد خۆى و لەدواى ئەويش (حيدر)ى كوڕى و ئيسماعيلى كوڕەزاى بەهەمان جۆر ڕێبازێكى لانەدەرانەيان هەڵبژارد.

مارتن لە لاپەڕە /٥٠٠ى كتێبەكەيدا لە باسى شێخ جنيدا وتوويەتى بە پێى وتەى (فضل‌الله كوڕى روزبەيانى خونجى) كە سوننيەكى ئايندارو دژێكى سەرسەختى صفوييەكان بوو لە سەدەى شازدەهەمدا، لايەنگرى شێخ بەئاشكرا (شێخ جنيد)يان بەخوا دلناوەو بە (ألاه) ناويان بردوەو كوڕەكەيان بە كوڕى خوا ناوبردوەو وتوويانە هەميشە زيندوەو لەو زياتر هيچ خودايەكى ترى نيە وەكوو مينۆرسكى لە لاپەڕە/٦٦ى چاپە فرنسيەكەيدا باسى كردووەو كەلە ساڵى ١٩٧٥دا چاپ كراوە.

لايەنگرانى ئەم شێخە صفويە لە دياردەى ئەو شەدە سوورە (سەرپەستى سوور) كە هۆزە توركە تازە باوەڕ هێنەرەكان دەيان بەست بەسەريانەوە (كەبە

قزلْباش ناودەبرێن). ساتێك باوكی شاە ئیسماعیل لەناوچەرگەی شەڕی (شیروان)دا كوژرا ئیسماعیل رایكرد بۆ (گیلان) كە شاری شیعەكان بوو چونكە (ئاق قۆنیلو)ە سونییەكان دەستیان بەسەر ئەردەبیلدا گرتبوو، ئەمانە ترسیان لە تەریقەتی صفویی‌یەكان هەبوو بۆیە دەیانویست پیشەكێشی بكەن، بەلاّم لە سالّی ١٤٩٩دا كە (ئاق قۆنیلو)ەكان بەهۆی دووبەرەكی ناوخۆ دەسەلاّتیان كزبوو ئیتر ئیسماعیل لە حەشارگەكەی هاتە دەرەوەو گەڕایەوە بۆ ئەردەبیل‌و لەبەهاری دواییدا چووە ناو ئەنادۆلّ بۆ ئەوەی سوپا گوێ ڕایەلّەكەی لەخۆی كۆبكاتەوەو لە ماوەیەكی كەمدا ئیسماعیل بوو بە سەركردەی حەوت هەزار لایەنگرو لە هەموو ناوچە جۆربەجۆرەكانی ئەنادۆلّ بەتایبەتی ڕەوەندو وەزیرە توركەكان لەدەوری خڕ بوونەتەوە.

مارتن ڤان برونسون ئەلّێ : هەرچەند لە ریزی ئۆردوەكەی ئیسماعیلدا ناوی كورد نەهاتووە، بەلاّم چەند سالّێك پاشتر لەریزی قزلْباشەكانا هەمیشە نێوی دوو هۆزی كوردی باكوور دووبارە دەبنەوە كە بریتی بوون لە (چەمشكەزەك)و (خنسلون). ئیسماعیل یەكەوڕاست شالاّوی نەبردۆتەسەر (ئاق قۆنیلو) بەلّكو لەسەرەتادا هێرشی بردەسەر (شیروان)و داگیری كردو (ئەلوەند)ی دوا حكومڕانی ئاق قۆنیلو لە ئازربایجان بە لەشكرێكەوە پەلاماریدا بەلاّم ئیسماعیل ئەو لەشكرەی شكان‌و بە ئاسانی ئازربایجانی دەسگیر بوو تاجی پادشایەتی لەسەرناو لە سالّی ١٥٠١/ی زایندا ڕێبازی شیعەی دوازدە ئیمامی كرد بە ئاینی رەسمی ولاّتەكەی.

بەلاّم شاە ئیسماعیل كوردستانی بەو ئاسانیەی ئازربایجان بۆ نەخرایە ژێر دەستەوە چونكە لەمێژ بوو كوردەكان بە ئازادی‌و سەربەخۆیی حوكمڕانیی خۆیان دەكرد.

(ئەمیربگ موصلوی) كە فەرمانداری دیاربكربوو ملكەچی خۆی بۆ شاە ئیسماعیل ڕاگەیاند بەلاّم شاە ئیسماعیل ئەو میربەگەی لە كوردستان دوورخستەوە بۆ خۆراسان‌و لە بریتی ئەو (محمد بگی ئوستاجلو)ی زاوای خۆی كرد بەوالی دیاربكرو محمد بگ دەسەلاّتی خۆی بەسەر ماردین‌و جزیرەو موصلّدا سەپان‌و ژمارەیەكی زۆری لە كوردەكان كوشت‌و مالّەكانی تالاّن كردن.

سیاسەتی شاه ئیسماعیل بەرامبەر بە کورد هەروەکوو سیاسەتەکەی (ئوزون حسن)وابوو هەردوکیان سەرۆك هۆزەکانی کوردیان لە شوێنەکانی خۆیان هەڵدەکەندو دەستنێژی خۆیان لە شوێنی ئەوان دادەناو هەر سەرۆك هۆزێکی کورد دژی ئەو سیاسەتە بوەستایەو هەوڵی پاراستنی ئازادیو سەربەخۆیی بدایە بەوپەڕی دڵرەقیەوە سەرکوت دەکرا.

وەفدێکی کورد لە (١٦) سەرۆك هۆز بەهیوای ئەوەی شاه ئیسماعیل دۆستانەو بەنەرمی رەفتاریان لەگەڵ بکاو بتوانن خۆیانی لێ بپارێزن چوونە بارەگاکەی شاه لە (خۆی)و ملکەچی خۆیان بۆ دەربڕی ، کەچی هەموویان گیران و خرانە بەندیخانەوەو شاه هەندێ لە قزڵباشە متمانە پێکراوەکانی خۆی ناردە شوێنی ئەو میرە کوردانەو کردنی بە فەرمانبەرو ڕای سپاردبوون هەر میرێکی کورد سەرپێچی بکا بکوژرێو هەرشارێك دژیان راوەستا هەمووی وێران بکرێت، بەڵام (میرشرف پاشا)ی جزیرە سەری نەوی نەکردو ئامادە نەبوو دیاری بۆ محمد بەگی ئوستاجلو بنێرێتو بەرامبەر بەوە محمدبەگ لەشکری کردە سەریو میر شرف شکاو وڵاتەکەی داگیرکراو ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی کوژراو قەشەو شەماس و منداڵو جووتیارو پیشەسازوو لاووپیرێکی ئێجگار زۆر کوژراو سەربڕان و گوندەکانیان سوتێنراو کەنیسەو پەرستگاکانیان وێرانکران و گەنجو ژنێکی زۆری بە یەخسیریو کۆیلەیی گرتو لە ئەنجامدا میر شرف ناچاربوو لەگەڵیا رێك بکەوێ و خوشکەزایەکی خۆشی دایە، بەڵام لەدوای ساڵێك میر شرف لێی هەڵگەڕایەوەو جارێکی تر محمد بەگی ئوستاجلو لەشکرێکی تری ناردە سەر (بۆتان)و لەو شەڕەدا موسوڵمانو فەلەیەکی زۆر کوژراو بە پێی بڕیاری میر شرف شارەکە چۆڵکراو خەڵکەکە شارەکەی خۆیان بەجێ هێشتو ئاگریان تێبەردو ساتێك قزڵباشەکان شارەکەیان بەوجۆرە بینی خەڵکەکەیان ناچارکرد بگەڕێنەوەو شارەکە ئاوەدان بکەنەوە)).

دەربارەی رەوشتی شاه ئیسماعیل بەرامبەر بە کورد هەر لەبەرئەوەی (سونی)بوونو بە پێچەوانەی کورد لەگەڵ تورکمانە شیعەکان و رافیزییەکان بەباشی رەفتاری دەکرد، ئەمین زەکی لە لاپەڕە/١٦٤/ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣٢باسی هەڵوێستی شاه ئیسماعیلی کردووە کە ساتێك (١٠) میری

کورد چوونەلای بۆ ئەوەی دڵسۆزیی خۆیانی بۆ دەربخەن (مارتن ڤان برونسون ژمارەی ئەو سەرکردانەی بە/١٦سەرکردە باسکردووە/، هەموویانی گرت کە یەکێك لەو میرە کوردە گیراوانە (ملك خلیل)بووە کە حاکمی شاری (حصن کیف)بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ملك خلیل مێردی خوشکی شاە ئیسماعیل بووە، بۆ ماوەی سێ ساڵ لە بەندیخانەی تەورێزدا هێشتیەوە هەتا ئەو کاتەی شاە ئیسماعیل لە شەڕی (چالدێران)دا شکاو ئەوساڵە دیلێتی رزگاری بووە.

یەکێك لە سیاسەتەکانی شاە ئیسماعیل ئەوە بووە هەموو ئەمارەتە کوردەکان لەناو ببات بۆ ئەوەی قزڵباشە شیعەکان ببن بەدەسەڵاتدار کە ئەمە پێچەوانەی هەڵوێستو رەفتاری عوسمانیەکان بوە لەگەڵ کوردەکانا لە سەرەتاداو عوسمانیەکان لە پێشدا هەوڵیان دابوو دڵی کوردەکان رابگرنو کارگەیشتبووە رادەیەك سوڵتان سەلیمی عوسمانی چەند جارێك شێخ ئیدریسی بدلیسی کردبوو بە نوێنەری خۆی بۆ ئەوەی بەناوی سوڵتانەوە پێوەندی بە عەشیرەتەکانی کوردەوە بکات بۆ ئەوەی هانیان بدا دژی صفویەیە شیعەکان بوەستنو ئەو تەقەلایەی سوڵتان سلیم بەباشی سەری گرتبوو)).

مارتن ڤان برونسون لە لاپەرە/٣٧٣ی کتێبەکەیدا بە دوورودرێژی باسی ئەوەی کردووە کوردەکان لەئەنجامی ئەو رەفتارەی شاە ئیسماعیل لەگەڵیانا ناچاربوون پەنا بەرنە بەر عوسمانیە سونییەکانو لەو روەوە وتوویەتی:

((هەتا سوڵتان بایزیدی عوسمانی لەسەر حوکم بوو لەنێوان ١٤٨١ ــ ١٥١٢دا نێوانی ئەوو شاە ئیسماعیل باشبوو تیك نەچووبو، بەڵام سوڵتان بایزید پیرو کەنەفت ببوو، هێشتا خۆی لەژیانا بووە کوڕەکانی لەناو خۆیانا لەسەر سەرکردایەتی نارێك بوونو ویلایەتەکانی خورهەلات لەئەنجامی ئەمەدا ئاشووبی تێ کەوتو شاە ئیسماعیل ئەوەی بە دەرفەت زانیو (نورعلی خلیفەروملو)ی نوینەری خۆی نارده ئەرزنجان بۆ ئەوەی کۆمەك بە قزڵباشە راپەڕیوەکان بکاتو ناراستەوخۆ پشتگیری بکات لە (مراد)ی کوڕەزای بایزید کە یەکێك بوو لەوانەی دلوای تەختی سوڵتانیان دەکرد.

نور علی بە پشتیوانیی قزڵباشەکان توانی چەند تیپێك لە سوپاکەی عوسمانی بشکێنێت، بەڵام کە (سەلیمی یەکەم) کەبە (تەنگە تیلکە) بەناویانگ

بووەو دوژمنێکی سەرسەختی شاه ئیسماعیل بووە، هێرشی بردە سەر خاکی صفوی‌و ژمارەیەکی زۆری لە قزلباشەکان کوشت کەبە قسەی هەندێ سەرچاوە (٤٠)هەزاری لێ کوشتن پاش ئەوە محمد خانی ئوستاجلو خۆی ئامادە کرد بۆ رووبەڕوو بوونەوەی سوڵتان سلیم‌و لە زستانی ساڵی ١٥١٣ ــ ١٥١٤دا سوڵتان سلیم خۆی کۆکردەوەو بە (١٠٠) هەزار کەسەوە روویکردە هێزەکەی محمد خانی ئوستاجلوو ئەمەی دوایی خۆی پێ نەگیراو ناوچەکەی چوڵکردو هەموو دانیشتوانی بەرزاییەکانی ئەرمەنیای ناچار کرد کۆچ بکەن بۆ ئازربایجان‌و هەرچی بۆ خواردن بشیایە هەمووی سوتێنرا، بەلآم سوڵتان سەلیم توانی بەقەد باری (٦٠)هەزار حوشتر ئازوقە بۆ ئەو ناوچانە پەیدا بکات‌و لەشکری هەردولا لە مانگی ئابی (١٥١٤)دا لە (چاڵدێران)دا رووبەڕووی یەکتر بوونەوەو محمد خانی ئوستاجلو لەو شەڕەدا کوژراو (شاه قرەبەگ)ی برای چوە جێگەی).

دەربارەی‌شەڕی چاڵدێران، سعید احمد برجاوی لە سەرچاوە/٨٢دا باسی ئەوەی کردووە لەو شەڕەدا شاه ئیسماعیل داوای لە ممالیکی میصر کردبوو هاوکاری لەگەلآبکەن بۆ ئەوەی سنورێك بۆ دەسەلآتدارێتی عوسمانییەکان دانرێت‌و سوڵتان سلیم دەستی کرد بەکوشتار لەناو ئەو قزلباشانەی شاه ئیسماعیل ناردبوونی بۆ ئەوەی ئاینزای شیعە لەنێوان دانیشتوانی ئاسیای بچووکدا بلآوبکەنەوەو (٤٠)هەزاری لێ کوشتن‌و لە ٢٢/ی محرمی ساڵی ٩٢٠ی کۆچی بەرامبەر بە ١٥١٤زایین سوڵتان سلیم لە شاری (ئەدەنە)وە بە هێزێکی گەورەوە روویکردە (تەورێز) کە پایتەختی شاه ئیسماعیل بوو، هێزەکەی عوسمانی کە (١٤٠) هەزار بوو زۆرگەورە بوو شا ئیسماعیل بەرگەی نەگرت‌و ناچاربوو کشایە ناوچە شاخاویەکانی ئێران بۆ ئەوەی هێزەکەی سوڵتان سلیم بەکێش بکات بۆ ئەو ناوچە سەختانەو بەمە کێشەیەکی گەورەی بۆ سوڵتان سلیم نایەوەو هەندێ لە سەربازەکانی یاخی بوون‌و داوایان کرد بگەڕێنەوە، بەلآم سوڵتان سەلیم دەسبەجێ فەرمانی کوشتنی ئەوانەی دەرکردو دوای هێزەکەی شاه ئیسماعیل کەوت‌و لەنزیك (تەورێز) لەدەشتی (چاڵدێران) کە دەکەوێتە نێوان گۆلی ورمیەو تەورێز، لە رۆژی ٢/ی رەجەبی/٩٢٠ی کۆچی بەرامبەر ١٥٤١/٨/٢٣ عوسمانیەکان سەرکەوتن‌و شاه ئیسماعیل رایکردبوو ژمارەیەکی

زۆری هێزەکەی کوژرا یا بەدیل گیران کە زۆریەیان لە قزلباشەکان بوونو هێزەکەی سولتان رۆژی ١٤/ی رەجەبی بەرامبەر /٤/ی ایلولی ١٥١٤ چوونە ناو شاری تەوریزەوەو دەستیانگرت بەسەر مولکو سامانی شاە ئیسماعیل داو سامانەکەی نێررا بۆ ئەستەمبولْ هەندێ شارەزاو دەس ڕەنگینی پیشەسازی ئەو ناوچەیەشیان لەگەڵ نارد بۆ ئەستەمبوڵو بەو جۆرە ئەو شەڕە مێژوییە بە سەرکەوتنی عوسمانیەکان بەسەر صفویەکاندا کۆتایی هات)).

صادق شرفکندی لە لاپەڕە/٦٢ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٧١ دەربارەی شوێنی چالدێران کە ئەو شەڕە مێژووییەی تیادا کراوە وتوویەتی : (چالدێران بریتیە لە پێدەشتێك کە (٧٥) کیلۆمتری چوارگۆشەیی دەبێ کە دەکەوێتە بەشی باکوری خۆرئاوای شاری (خۆی)و نزیکی (١٢٠)کیلومەتر دوورە لە شاری تەورێزەوە لەو دەشتەدا (٨٤) گوند هەیە کە بەهەموویان ناوچەی (سیا چەشمە) پێك دەهێنن. (بە پێی بۆچوونی محمد جمیل رۆژبەیانی ووشەی (چالدێران) لە ووشەی (چاردەران)ەوە هاتووە کە مانای چوار شیو دەگرێتەوە).

بەشی شەشەم

ئەمارەتەکانی کورد لە باکووری کوردستاندا

مرۆڤ ساتێك مێژووی کورد دەخوێنێتەوەو بەسەرهاتو ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابوردوی بۆ ڕوون دەبێتەوە، دەمو دەس ماتەمینێکی قووڵ دای ئەگرێو چەند پرسیارێك بە مێشکیا دێو لەخۆی ئەپرسێ: ئایا لەبەر چی میللەتێکی دێرینی وەکوو کورد کە خاوەنی نیشتمانی خۆی بووەو بەرلە زۆربەی میللەتانی تر باوو باپیری کورد کە میدیەکان بوون حکومەتی خۆیان هەبوەو زۆربەی مێژوونووسان کوردیان بە میللەتیکی ڕەسەن باس کردووەو بە ئازاو لەخۆ بوردوو بە شۆڕەسوارەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ناوبانگی دەرکردووەو (وەکوو سافرستیان باسی کردووە) ئەو هەموو کارەساتو بەسەرهاتانەی بەسەر خۆیو وڵاتەکەیدا ڕوویداوە توانیویتی هەویەی بوونی خۆی بپارێزێو زمانەکەی بە پوختەیی بمێنێتەوەو ئەو هەموو تەقەلایانەی دوژمنانی داگیرکەر داویانە بۆ تواندنەوەیو بۆ لەناوبردنی هەمووی بێسوود بووە، کەچی لە حکومەتەکەی (مید)یای باپیرەگەورەی بەولاوە نەیتوانیوە حکومەتێکی تری کوردیی سەربەخۆ دامەزرێنێتو ئەو ئەمارەتە بچوکانەی بۆ ماوەیەکی کورت لەژێر سەرکردایەتی سەرکردەیەکی لێهاتوودا دروست بووە هەمیشە بەهۆی ناڕێکی دوژمنایەتی میرەکانی کورد لەناو خۆیانا زۆری پێنەچوە ئەو ئەمارەتانە لاواز بوونو دوژمنانی کورد دەستیان بەسەردا گرتوەو ئەو هەلە کەمە باشانەش کە بۆ کورد هەلکەوتووە کە دەیتوانی ئەویش وەکوو میللەتانی تر حکومەتێکی کوردی یەك گرتووی سەربەخۆ دامەزرێنێت لەکیس چووە کە نموونەی ئەمە لە دەسەلاتدارێتی صلاح الدینی ئەیوبیو کریم خانیزەندو هەندێ کەسی تری وەکوو ئیدریسی بدلیسی لە مێژوودا شتێکی ڕوونو ئاشکران.

شارەزایانی بێگانە لەکورد خۆی باشتر لەمۆی ئەوە گەیشتبوون بۆچی میللەتی کورد هەتا ئێستە یەکی نەگرتوەو نەیتوانیوە مافە رەواکانی خۆی دەسگیربێتو لە بۆچوونو لێکدانەوەکانیانا دەستیان خستۆتە سەر زامەکانی لەشی میللەتی کورد لە دێرزەمانەوە کە بەداخەوە ئەو زامانە هەروەکوو شێرپەنجە هەمیشە لەشی کوردی داڕزاندوەو ووزەو توانای ئەوەی لێ بڕیوە وەکوو میللەتانی تر یەك بگرێتو رووداوو بەسەرهاتەکانو ناکۆکیەکانی کورد لەناو خۆیدا وەکوو خەڕەك هەموو جارێك بەشێوەیەك میللەتی کوردی بەقوڕا بردوەو هیچ جارێکیش پەندو دەرسی لە هەڵەکانی رابردوو وەرنەگرتوە.

دەربارەی ئەمارەتەکانی باکووری کوردستان گەلێ سەرچاوەبە دوورو درێژ باسیانکردووەو بەرلەوەی بچینە سەر باسی ئەمارەتەکان یەك بەیەك کە ئەو سەرچاوانە باسیانکردوون، باسێکی زۆر گرنگی دوکتۆر جلیلی جلیل دەخەینە پێش چاو، سەرچاوە/٩٣ ـــ بەناوی ئەمارەتەکانی کورد لە ئیمپراتۆرێتی عوسمانیدا کەلە لاپەڕە/٣٣دا دەستی پێکردووەو وتوویەتی:

((کاتی خۆی سوڵتان مورادی سێهەم (١٥٧٤ ـــ ١٥٩٥زایین) وڵاتی عوسمانیی کردبوو بە (٢٦) ئەیالەتو هەرئەیالەتێکیش کرابوون بە چەند لیوایەك کە ژمارەی هەموو لیواکان گەیشتبووە نزیکی (١٨٠٠)لیواو ئەو دابەش بوونە هەتا ساڵی ١٨٣٤ مایەوە تا لەدوای ئەوە چەند گۆڕانێکی تر روویداو لە ساڵی ١٨٦٤دا هەندێ لەو ئەیالەتانە خرانە سەر یەکتریو کران بە ولایات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چوارچێوەو سنووری ئەو ویلایەتانە بەپێی ئارەزوو دەسەڵاتی ئەو دەرەبەگو دەسڕۆیانەی هەبوون گۆڕینی بەسەراهاتووە.

جلیلی ئاماژەی بۆ کتێبی (ئیمپراتۆرێتی عوسمانی) کردووە کە وتوویەتی دەوڵەتی عوسمانی یەکێك بووە لەو دەوڵەتانەی ژمارەی دانیشتوانو ڕوو پێوانەکەی نەزانراوەو هەرحاکمێکی تازە دابنرایە بۆ ویلایەتێك بەئارەزووی خۆی دەسکاری سنووری ویلایەتەکەی کردووەو لێی زیادکردووە یا لێی کەم کردۆتەوەو لە هەندێ ناوچەدا جۆرە رێکەوتنێك هەبوە لە نێوان کاربەدەستانی حکومەتو دەرەبەگە دەسەڵاتدارەکان بۆ بەرێوەبردنی کاروبار.

جلیلی لە لاپەڕە/٣٤ی کتێبەکەیدا لەسەری رۆیشتوەو وتوویەتی:

ئـەو زەوی‌و زارانـەی کـاتی خـۆی دەدران بەوانـــەی لـــە خزمـــەتگوزاریی لەشکرکێشیدا بەشـدار دەبـوون لـەکۆتایی سـەدەی هەژدەهــــەمدا ئــەوە نــەماو زەوی‌وزارەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی خاوەن موڵکی تازەوە. ئەو دەرەبەگانـەی زەوی‌وزاریان پێ درابوو بەرامبەر بەوەی دانیان نابوو بە دەسەڵاتداریتی سوڵتاندا هەوڵیاندابوو پـەرە بەسنوری زەوی‌وزارەکانیان بدەن‌و زۆرجار دەسەڵاتی سوڵتان لەناو سنوری ئەو دەرەبەگانەدا هەر بەناو مابوو، ئەمیرو دەسەڵاتدارە کوردەکان تەنها جۆرە دیاری‌یەکیان ناردوە بۆ سوڵتان یابۆ کاربەدەستە بڵندەکان.

لـەو ڕووەوە (ب.ی.ئـەڤریانۆڤ) وتوویـەتی : (کوردەکـان بـۆ مـاوەی سـاڵەها توانیبویان خۆیـان لـە دەسـەڵاتداریتی ئـێران‌و تـورک ڕزگاریکـەن‌و لـە سـەرەتای سـەدەی نۆزدەهـەمدا بەشـێکی زۆری کوردسـتان جـۆرە سـەربەخۆییەکی تیـــادا بـووەو ئـەوەی دابویـان بـە کاربەدەسـتانی دەوڵـەت بریتـی بـووە لـە دانی‌چـەند بەرتیل‌و دیاری‌یەك لەگەڵ ناردنی چەکدا لە کاتی پێویستدا).

جلیلی دوای ئەوە چوّتە سەرباسی هەڵوێستی هەندێ لەو دەرەبەگانـەی ئـەو سەردەمەو ئامارژەی بۆ کتێبەکەی (ی.ن.بیرزین) کردووە کە وتوویەتی لە ساڵانی سـێیەکانی سـەدەی نۆزدەهـەمدا دەرەبەگـەکان هەریەکـەیان شـێوە سەربەخۆییەکی خۆیان هەبوەو دەسەڵاتی حکومەت لەناویانا زۆرکزو لاواز بووەو (أ.ئـو.بیتشـتی) لەباسـێکی ئـەو ڕۆژانـەدا وتوویـەتی چـەند گوندێکـی سـەرژمێر کـردووەو دیوێتـی دەرەبەگـەکان لـە گوندەکانیانـا چـەکداری تایبـەتی خۆیـان هەبوەو گوێیان نەداوەتە فەرمانەکانی سوڵتان‌و هی واشیان هەبوە باجیشی بـە دەوڵەت نەداوەو هەریەکەیان بەئارەزووی خـۆی جـۆرە یاسـایەکی بـۆ کارویـاری خۆی داناوەو گوێی نەداوەتە کاربەدەستانی حکومەت.

جلیلی لە باسەکەیدا دەربارەی کوردەکانی ئەو ڕۆژانە وتوویەتی: لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد زۆریـان لـە کۆچەرێتیـەوە بوون بە نیشتەجێ بووی زەوی‌وزارو دەرەبەگەکان بایەخیان داوە بەکشـت‌وکاڵ‌و دەرەبەگی تازە جێگەی کۆنەکانیان گرتۆتەوە.

لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدەھەمدا حکومەتی عوسمانی یاسایەکی دەرکرد بەناوی (تنظیمـات)ەوە بە پێی ئەوە جۆری زەوی‌وزار وەکوو خوارەوە دەستنیشان کرابوون.

١ ـ زەوی‌وزاری تایبەتی (شخصی).

٢ ـ زەوی‌وزاری میری.

٣ ـ زەوی‌وزاری وەقف.

٤ ـ ئەو زەوی‌وزارانەی بێ خاوەن بوون.

بەپێی شەرعیەتی ئاینی ئیسلام سوڵتان خۆی بەخاوەنی هەموو زەوی‌وزارێك داناوەو پیاوە ئاینیەکانیش بەهۆی‌زەوی‌و زارەکانی ئەوقافـەوە زۆریان بوبوون بە دەرەبەگو دەستیانکردبوو بەکڕینی موڵکی تر لە شارەکانا. بەهۆی ئەوەی خاوەنی زەوی‌وزارە بچووکەکان هەمیشە لەژێر فشاری دەرەبەگەکانا بوون، بۆیە ئەوەیان لاباشتربووە زەوی‌وزارەکانی خۆیان بفرۆشن بە پیاوە ئاینیەکان‌و زۆرجار هەر ئەو پیاوە ئاینیانە زەوی‌وزارە کڕاوەکانیان بەکێ ئەدایەوە بە خاوەنەکەی پێشوویان بەنرخێکی هەرزان‌و بەوە خاوەن زەوی‌وزارە بچوکەکان خۆیان رزگارکردووە لە دانی باجی حکومەت.

ئەم بارودۆخ‌و هەڵوێستە کێشەیەکی گەورەی بۆ حکومەت پەیدا کردو سوڵتان (عبدالمجید) بۆ چارەسەرکردنی ئەوە فەرمانێکی دەرکرد کەلە مێژوودا بە (خط شریف) ناسراوە کەلە رۆژی ١٨٣٩/١١/٣دا دەرچوە کە ئەڵێ:

((ماوەی (١٥٠)ساڵی رابوردودا بەهۆی هەندێ رووداوەوە زۆرکەس لە یاسای پیرۆز لایان دابوو، کڕین‌و فرۆشتنی موڵك‌و زەوی‌وزار بوبوو بەهۆی بڵاوبوونەوەی برسێتی لەبەر ئەوە ئەمانەی خوارەوە بە پێویست زانرا جێبەجێ بکرێت.

١ ـ دابینکردنی ژیانی دانیشتوانی وڵات‌و پاراستنی خۆیان‌و ماڵ‌و موڵکیان.

٢ ـ دانانی پرۆژەیەکی دروست‌و باش بۆ دانانی باج‌و کۆکردنەوەی لەلایەن حکومەتەوە.

٣ ـ دەستنیشانکردنی باشترین رێگا بۆ چۆنێتی وەرگرتنی سەربازو ماوەی خزمەتیان لەناو سوپادا.

بەلآم خط شريف تەنها بريتى بوو لە برِيارێكى سەر كاغەزو لەزۆر شوێندا بەئارەزوى كاربەدەستان لێك دەدرايەوە. لەو رِووەوە لە ياداشتێكى (فؤاد پاشا)دا لە ١٨٦٧/٤/١٥دا دان بەوەدا نراوە خط شريف تەنـها بـۆ هێوركردنـەوەى خـەڵك دەرچووبوو كارى پێ نەكرابوو، تەنها ئەمەيان نەبێ كە ووتبووى :

(ئەوانەى موسوڵمان نين لەناو ولآتى عوسمانيدا لەجياتى ئەوەى كـە ناگـيرێن بە سەرباز، پێويستە باجێكى تايبەتى بدەن بە حكومەت كە پێى وتراوە (بـدل)و ئەو برِيارە بوو بـە هـۆى زۆربوونـى جەوروستەمو نـەمانى ئاسـايش‌و ترسـێكى زۆرى خستە دڵى خەڵكەوە.

جليلى ئەڵێ: بـەوجۆرە كـار گەيشـتە رادەيـەك حكومـەت نـەيدەتوانى بـاجى زەوى‌وزارەكـان كۆبكاتـەوەو بيگەيەنێتـە ئـەو رِادەيـەى بـە باجـە كۆكراوەكـان كاروبـارى رِۆژانـەى دەوڵـەتى پـێ ببرِێ بـەرِێوەو لـە گێـژاوى ئەمـەدا دەوڵەتـە بێگانەكان لە رِيگەى بازرگان‌و كۆمپانياكانيانەوە دەستيان خستە نـاو كاروبـارى دەوڵەتى عوسمانيەوەو بەئاسانى بەرهەمە پيشەسازيەكانى خۆيانيان لەناو ولآتـا دەفرۆشت‌و كەرەسەى خاوى هەرزانيان بەنرخێكى هەرزان دەكرِى‌و دەيـان نـارد بۆ كارگە پيشەسازيەكانى خۆيان)).

دەربـارەى ئەمارەتـەكانى كـورد لــەباكورِى كوردسـتاندا گـەلێك سـەرچاوە بـەدوورودرێژ باسـيانكردووەو هـەوڵ ئـەدەين كورتەيـەكى ئەوسـەرچاوانە لـە ئەمارەتەكان دواون بەپێى ئەمارەتەكان باس بكەين.

يەكەم ـ ئەمارەتى حكارى ـ هەكارى

ئەمارەتى هەكارى وەكـوو زۆربـەى سـەرچاوەكان باسـيانكردووەو بايـەخيان پێداوە، يەكێك بـووە لـە گـەورەترين ئەمارەتـەكانى بـاكورِى كوردسـتان‌و هـەوڵ ئەدەين كورتەيەكى ئەو سەرچاوانە دەربارەى هەكارى بخەينە پێش چاو.

دوكتۆر جليلى جليل لـە لاپـەرِە/١٢١ى كتێبەكـەيدا سـەرچاوە/٢١ وتوويـەتى ئـەم ئەمارەتـە ولآتێكـى شـاخاوى‌يە خـوارووى گۆمـاوى (وان)و (جوڵـە مـێرگ ــــ كەناوە كۆنەكەى چۆڵە مێرگ بووە).

پایتەختو شوێنی بارەگای میری هەکاری بووەو (قەلای ئیستابیل) لەسەر لووتکەیەکی رۆژئاوای شارەکەدا بووەو ناو شارەکە چەند مزگەوتو قوتابخانەو دەزگای تیادا بووە کە میری کورد دروستی کردبوون. لە زەمانی (ئاق قونیلو)ەکانا بنەماڵەی سەرداری هەکاری ناوی (شامبۆ)بووە (دەربارەی ئەوە شەرەف خانی بدلیسی لە شرفنامەدا لەسەر واتای کتێبی (زەفەرنامە)ی مولانا شرف الدین علی یزیدی ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە میرەکانی کوردو تیموری لەنگیش سەرداریێتی هەکارییان کردووەو لە زەمانی (ئاق قۆنیلو)ەکانا سەرکردایەتی میرنشینەکە کەوتوتە دەست سەرۆکەکانی (دومبلی ــ کەلە زنجیرەی چوارەمی ئەمارەتەکانا باسی ئەمارەتی دومبلی دەکەین).

دەربارەی ئەوەی شرفخان باسی کردووە کە تیموری لەنگ سەرداریێتی ئەم ئەمارەتەی کردووە، مارتن ڤان برونسون لە لاپەڕە/٣٨٧ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٣ وتوویەتی میرنشینی هەکاری ماوەیەکی زۆر لەژێر دەسەلاتی صفویەکانا بووەو هەروەکوو ناوچەیەکی سەر سنووری عوسمانیو صفوی هەردولایان چاویان تێبڕیوەو بەشێکی زۆر لە ئاشوریش لەم ناو ئەمارەتەدابوون کە بەزمانی ئارامی دواونو ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوە لەو ئەمارەتەدا.

جلیلی لەباسەکەیدا وتوویەتی: بەلام دانیشتوانی هەکاری سەریان بۆ دلگیرکەران دانەنواندوەو دوامیری (دومبلی)یان دەرکردووە کە رۆژی ئەو دەرکردنە ڕێکەوتی رۆژی شەممە بووە، هەرلەبەر ئەوەش بووە سەرداری هەکاری کە چوتە جێگەی میری دومبلی بە (شەنبۆ)ناوبراوە.

دەرباری ئەو (شەنبۆ)یەی جلیلی باسی کردووە، ئەمین زەکی لە بەرگی دوهەمی سەرچاوە/٣٢دا شەمبە ووشەیەکی ئاشووری بووە، لەبەر ئەوە ئەو میرە دەبێ ئاشوری بێت، بەلام ئەمین زەکی ئەو بۆچوونەی (دوکتۆر فریج)ی پووچەلکردۆتەوە چونکە ووشەی (شەمە ــ شەنبە) بەهیچ جۆرێك ووشەی ئاشوری نەبوەو شرفخانی بدلیسیش لە شەرەفنامەدا لەباسی ئەمیرەکانی (کلس)دا هەروای بۆچوە کە مەبەست رۆژی شەمەی ڕێکەوتی دەرکردنی میری دومبلی بووە کە ووشەیەکی کوردییە.

جلیلی ئاماژەی بۆ باسەکەی (ئی. سون)کردووە کە بەووردی لە بنەماڵەی هەکاری کۆڵیوەتەوەو وای بۆچووە نەوەکانی (قەرەیولبوك عوسمان) کە متصریفو نوێنەری تیموری لەنگ بوون لە هەکاریدا لەناو کوردەکانا ولونەتەوەو لەدوایدا ناوناوی (میر)یان لێ نراوەو سەرداریتی‌یان لەناوچەکەدا هەتا سەدەی نۆزدەهەم درێژەی کێشاوە.

سەرچاوە رۆژهەلاتناسەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی لایان وابووە دانیشتوە کوردەکانی هەکاری لە بنەرەتدا هەر لە یەکێتی عەشیرەتەکانی هەکاری بوونو بەواتەی (ئینسفورت) لەو ئەمارەتەدا ناوی (٢٤)عەشیرەت هاتووە کە بریتی بوون لە : تەیاری، توبی ــ توبە، توخما، جەلاوی، بینبانیشی، ئەلتووشی، ئەرتوش، باشی ـ بازی، ساتی، ئومـاری، جوڵەمێرگی، جیلوو، دێر، سیلیانك، بەرواری، مانیس، ناودی، هەسنان، دەپراشین، بوو روو رو، ئیلباك، شیمزدین، شایات، برات سید ناوی).

جلیلی لە لاپەڕە/١٢٢دا وتوویەتی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی تەیاری ــ تیاری، توبی، داپراشین ئاشووری بوون (لام وایە جگە لەوانەی جلیلی باسی کردووە وەکوو: توخما، بازی، جیلوو هەندێکی تریش ئاسووری بوونو هەندێکیشیان ئەرمەنی بوون).

وەرگێڕی کتێبەکەی جلیلی، دوکتۆر کاوس قەفتان لەپەراوێزی لاپەڕە/٣٠٦دا دەربارەی ئەو تێکەلاو بوونەی کوردو ئەرمەنیو ئاسوری وتوویەتی: ئەو تێکەلاوبوونەیان مانای ئەوە بووە هەتا ئەوکاتەی میسینێرەکان بەڕاسپاردەی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان نەگەیشتبوونە ئەو ناوچانە، هەموو دانیشتوان بێ گێچەڵو ئاسایش لەگەڵ یەکتردا ژیاونو هیچ هەرایەك لەناویانا نەبوەو لە دواییدا بەهۆی ئەوانەوە کێشەو هەرا لەنێوان کوردو ئەرمەنیو ئاسوریدا پەیدا بووە.

جلیلی لە لاپەڕە/١٢٣دا /سەرچاوە/٢١ وتوویەتی هەرچەند لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە سەدەکانی ناوەڕاستا زۆرجار میرو سەردارەکان لابراون، بەلام دەسەلاتی میری هەکاری لەگۆڕین نەدەهاتو هەروەکوو خۆی مابووەوەو سوڵتانەکانی عوسمانی دلنیان بەوەدا نابوو میرنشینەکانی هەکاری پشتاوپشت

کاروباری ناوچەکانی خۆیان ببەن بەڕێوەو لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا دەسەڵاتداریێتی میری هەکاری دەسەڵاتی هەبوە بەسەر ناوچەکانی ژێر دەستی.

بەڵام لەبەشی دوهەمی سەدەی نۆزدەدا هێزەکانی تورك بەسەرۆکایەتی والی (وان) پەلاماری سەردارە بچوکەکانی باکووری هەکاریی داو لە ئەنجاما چەند قەلایەك وێران کراو بەگە کوردە سەریەخۆکان خرانە ژێر دەستی عوسمانیەوەو میری هەکاری ئەوەی بەهەل زانیو توانی ئەو بەگە کوردانە بۆلای خۆی راکێشیو بیانکا بەلایەنگری خۆیو لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ناوچەی (میوکیوس ـ موکس) هاتبووەوە ژێر سایەی میری هەکاری کە جاران دانیان بەدەسەلاتی میری (بوتان)دا نابوو.

دەربارەی پەیوەندی کوردو ئەرمەن لەو ئەمارەتەدا ئاماژەی بۆ باسێکی (ئینجیجان) کردووە کە وتوویەتی کوردو ئەرمەن پێکەوە دۆستانە ژیاونو کاروباری جەنگی (لەشکرکێشی) بەدەس (مەلیك)وە بووە (ئەرمەنیەکان بەسەرکردەکانی خۆیان ووتووە مەلیك). کەلەلایەن ئەرمەنیەکانەوە هەڵدەبژێرراو ئەویش کاروباری بەناوی میری هەکارییەوە جێبەجێ دەکرد.

بەوجۆرە ناوچەکانی نێوان گۆماوی ورمیە ـ وان، سەرومڕ بەدەست میری هەکاریەوە بوو، بەواتای چەند سەرچاوەیەك میری هەکاری توانی ئەوەی هەبوە (٤٠)هەزار چەکدار کۆبکاتەوەو ئێرانیەکان هەوڵێکی زۆریان دابوو بەلای خۆیانا رابکێشنو بۆ ئەو مەبەستە سەرداری ئازربایجان کە نوێنەری شای ئێران بوولەو رووەوە تەقەلایەکی زۆری دابوو.

ساتێك عباس زادە لەگەڵ رۆمەکانا کەوتە شەڕەوە ئێران هەوڵیدا سوود لە جەنگاوەرەکانی هەکاری وەربگرێو بۆ ئەو مەبەستە ج بەناردنی دیاریو دەم چەورکردنەوە هەتا پیلانگێڕانو هەڕەشە کردنیان بەکارهێناو لە ئەنجامدا توانی ئەو عەشیرەتە گەورەیەی لەناوچە دەشتاییەکانا بوون بەلای خۆیا رایکێشێت.

عەشیرەتی (بەیلام) کە بەناوی قەلا سەختەکەی بەیلامەوە ناونرابوو لە شاخی زاگرۆسدا لەلایەن ئیسماعیل بەگەوە پشتگیریی لێ دەکرا بۆ ئەوەی سەریەخۆی خۆی بپارێزێتو ئیسماعیل بەگیش بۆ ئەوەی خۆی لە میرنشینی هەکاری بپارێزێ خۆی خستبووە ژێر سایەی (شازادە عباس میرزا).

عەشیرەتی بەیلام تەنها بەڵێنی ئەوەی دابوو بەشازادە عباس لەکاتی شەڕدا یارمەتی سەربازی بۆ بنێرێتو بە پێی واتەی (گ.درو وێل)ئەو عەشیرەتە هێزێکی زۆرباش‌و ئازای مەشق پێکراوی ناردبوو بۆ عباس میرزا کە بریتی بووە لە (١٥)هەزار سواری پڕ چەك کراو تا ئەو هێزە لە سنووردا بووبن مووچەیان لە عباس میرزاوە وەرگرتوە.

بەرامبەر بەو هەڵوێستەی ئیسماعیل بەگ، میری هەکاری بڕیاریدا سزای ئیسماعیل بەگ بداو بەسەرکردایەتی (باباخان)ی کوڕی هێزێکی نارده سەرقەڵای بەیلام، بەڵام میری هەکاری لەو شەڕەدا شکا لەساڵی ١٨١٠داو بۆ چاوترساندنی ئەو میرە عباس ئاغا هێزێکی بیست هەزار چەکداری کردە سەر میری هەکاری‌و میریش (١٢)هەزار پیادەی ئاسوری‌و دوو هەزار کوردی ئامادەکرد بۆ ڕوویەڕوو بوونەوەی ئەو هێزەو فارسەکان شکان‌و گەڕانە دواوە، بەڵام دوای ئەوە عباس میرزا توانی چەند عەشیرەتێکی سەر بەمیری هەکاری بکات بەلایەنگری خۆی‌و زۆری پێ نەچوو (مصطفی پاشا)ش بوو بە دۆست‌و لایەنگری ئێران)).

مارتن ڤان برونسون لە لاپەڕە/٣٨٨ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٣ باسی کێشەی نێوان تەیموری لەنگ‌و میری هەکاری کردووە لەساڵی (١٨٣٧دا ــ لە کتێبەکەی مارتن دا بەهەڵە نوسراوە/١٣٨٧کە دیارە هەڵەی چاپەمەنیە) تیموری لەنگ پەلاماری ئەو ناوچەیەی دابو کە (میر عزالدین) فەرمانڕەوای ئەو ناوچەیە بووەو میر نەیتوانیبوو بەرگەی هێرشەکەی تیموری لەنگ بگرێتو ماوەیەکیش (نصرالدین)ی خزمی میر عزالدین لە قەڵا سەختەکەی (وان)دا دژی تیموری لەنگ ڕاوەستا بەڵام خۆی نەگرتو شکاو بەرەنگار بوونەوەکەی خامۆش کرا.

هەرچەند تیموری لەنگ بەناو هەکاری کردبوو بەوڵاتێکی ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام دانی بەسەرکردایەتی عزالدیندا نابوو سامانەکەی خۆی پێ بەخشیەوەو ساتێك (شاروخ)ی کوڕی تیموری لنگ لەشکری نارده سەر (قرە یوسف)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی (قرە قونیلو)، محمودی کوڕی عزالدین چوە لای‌و گوێ ڕایەڵێتی خۆی بۆ دەربڕی‌و ئەویش خەڵاتی کرد.

پاش ئەوەی (ئوزون حسن)ی سەرکردەی قرە قونیلو تورکەکانی سەربەخۆی راسپارد (جوڵەمێرگ)ی پایتەختی هەکاری بگرن‌و خۆیشی پەلاماری

شارەکەی داو میری هەکاری کوژرا، ئیتر هێزەکەی هەکاری بەرگەی دوژمنی نەگرت‌و هەرێمەکە کەوتە ژێر دەسەلاتی (دومبلی)یەکان کە تاقمێکی دەمارگرژی خەلکی دەوروبەری جزیرە بوون‌و مەلبەندو ناوچەکانی هەکاری کەوتنە ژێر دەسەلاتی ئەوانەوە. مارتن ڤان برونسون لە لاپەڕە/٣٩٢ سەرچاوە/٧٢دا باسی ئەوەی کردووە چۆن کێشەی نێوان عوسمانی‌و صفویەکان لەسەر مەلبەندو سەر سنورەکانی نێوان هەردولایان کارێکی وای کرد گیانی دوژمنایەتی‌و ڕقەبەرێتی خانەوادەکانی ئەو ناوچانە پەیدا ببێت‌و یەکێك لە کوڕەکانی (مەلیك بەگ) چوەپالْ شاه طهماسبی کوڕی شاه ئیسماعیل‌و کوڕێکی تری چوە دیاریکر بۆلای عوسمانیەکان‌و زەوی‌وزارێکی زۆری لە عوسمانیەکان دەست گیر بوو.

ئەمین زەکی لەسەرچاوە/٣٢ لە لاپەڕە/٢٨٠دەربارەی ئەمارەتی هەکاری‌و ئەو بنەمالەیەی ئەمارەتەکەی دروستکردبوو لای وایە بنەچەی ئەو خێزانە بەتەواوی ڕوون نەبوتەوە ئەگەرچی لەشەرفنامەدا وتراوە باپیری ئەو بنەمالەیە ناوی (شمس الدین)بووەو، بۆ جاری دوهەم ئەمارەتەکە لەلایەن (أسدالدین گلابی)یەوە بووژێنراوەتەوە کە بە (زرین چنگ) ناسراوبووەو لەدوای أسدالدین ملك عزالدین شێر ـ یزدان شێر فەرمانڕەوایی ئەوئەمارەتەی بۆ ماوەی (٦٠)سالْ کردووە. (ئەم عزالدین شێرە جیاوازە لەوەی خیانەتی لە میرخان پاشای مامی کردبوو وەکوو لە شۆڕشەکەی بدرخاندا بەدوورودرێژ باسی ئەو خیانەتە دەکەین).

لەدوای عزالدین شێر، (زاهد بەگ)چوتە جێگەی کە بەوە قایل بووە شاه ئیسماعیل پارێزگاری ئەمارەتەکەی بێ دوای ئەو هەردوو کوڕەکەی کە ناویان (ملك بەگ)و (سید محمد بگ)بوون فەرمانڕەواییان کردووەو پشتاوپشت هەتا سەدەی نۆزدەی زایین ئەو ولاتەیان بردوە بەڕێوەو پاش ئەوە (زکریابەگ) (ئیبراهیم بەگ)لە (جۆلەمێرگ)و(ئەلباق)دا لەزەمانی شرفخانی بدلیسیدا (١٠٠٥ی کۆچی) حکومدارێتیان کردووە. (وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی محمد علی عونی وتوویەتی قەلای ئەلباقی کۆن لە ویلایەتی وانی ئێستای تورکیادا بووە)و نورالله بەگی حاکمی (بختان ـ لاموایە کە مەبەستی بۆتان بووە) دوا حاکمی ئەم ئەمارەتە بووە.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە/٣٨١ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ بەرگی تۆهەمی کتێبەکەی (هامەر)ی مێژوونوس کردووە کە وتوویەتی (عمادالدین) یەکێك بووە لە میرەکانی هەکاری لەساڵی ١٠٤٩کۆچیدا لەلایەن صدری اعظمەوە (هی عوسمانی) کوژراوە. ئەولیا چلبی لەگەشتەکەیدا سەرچاوە/٥١ لەباسی ناوچەی هەکاریدا وتوویەتی میرەکەی هەمیشەو لەکاتی ئاشتیدا خاوەنی دەهەزار چەکدار بووە بەلاّم لەکاتی شەڕدا لەتوانایدا بووە (٥٠)هەزار چەکدار ئامادە بکا.

شرفنامە لە لاپەڕە/٧٩٨دا باسی ئەمیرەکانی هەکاری کردووە کە وتوویەتی بە (شەنبۆ) ناسراوبوون‌و ناوی ئەو ئەمیرانەی کردووە کە فەرمانڕەوای ئەمارەتەکە بوون هەتا ساڵی ١٠٠٥/ی کۆچی کە ساڵی تەواوکردنی نوسینی شرفنامە بووە کە بریتی بوون لە : ئەسدالدین کوڕی گولاوی، عزالدین شێر کوڕی ئەسدالدین، زاهد کوڕی عزالدین، مەلیك کوڕی زاهد، سید محمد کوڕی زاهد، زەینەلّ کوڕی مەلیك بەگ، زکریا کوڕی زەینەلّ.

دوهەم ـ ئەمارەتی جزیرەو فەرمانڕەواکانی

ئەمارەتی جزیرە یەکێك بووە لەو ئەمارەتانەی کورد چ لەڕووی سیاسی‌و شۆڕشگێڕیەوەو چ لەڕووی رۆشنبیریەوە رۆڵێکی ئێجگار گەورەی بینیوە. کۆنترین سەرچاوەیەك دەربارەی ئەم ئەمارەتەی نوسیبێ شرفنامەی شرفخانی بدلیسیەکەلە لاپەڕە/٧٥ وەرگێڕاوەکەی هەژاردا بەدورو درێژی باسی کردووەو لە پێشەکی ئەو باسەیدا وتوویەتی:

((لەوتاری مێژاو بایەخدارو بەنرخ‌و سەنگینی باوەڕ پێکراوانەوەو لە رووپەڕە نوسراوی رەنگینی کۆنە پیاوانەوە وامان بۆ دەرکەوتووە زنجیرەی بنەچەی فەرمانڕەوایانی جزیرە، سەری ئەوسەری بە خالیدی کوڕی وەلیدی هەواڵی پێغەمبەرەوە بەسراوە)).

دەربارەی ئەو بۆچوونەی شرفخان لە شرفنامەدا باسە گرنگەکانی (مقدمە أبن خلدون)دەهێنێتە پێش چاو کە بەدورو درێژ نموونەی چەند عەشیرەتێکی باکوری ئەفریقای هێناوەتەوە کەبە درۆ بنەو بنەچەی خۆیان بردۆتەوە سەر عەشیرەتەکانی عەرەبی عەرەبستان کەلە راستیدا هیچ پەیوەندیەکیان بە

ڕەگەزی عەرەبەوە نەبوەو لە دانیشتوانی ژێر زەمانی ئەفریقا بوون‌و تەنها سەرکردەکانیان بۆ سوودی خۆیان بۆ خۆ نزیکردنەوە لە ئیسلام ڕەگەزی خۆیان بردۆتەوە سەر عەرەب‌و بێگومان شرفخان ئەوەی لەم بارەوە وتوویەتی لە دەم‌وزمانی چەند کەسێکەوە بیستوە کە ویستویانە خۆیان ببنەوە سەر عەرەب پاش ئەوەی ئاینی ئیسلام لەو ناوچانەدا بڵاوبۆتەوەو ئاماژەی بۆ هیچ جۆرە بەڵگەو سەرچاوەیەکیش نەکردووە.

دەربارەی ئەو بۆچوونەی شرفخان، ماموستا جمیل ڕۆژبەیانی لە پەراوێزی لاپەڕە/٢٧٢ی شرفنامەی چاپکراوەکەی هەژار کە چەند سەرنجێکی ڕۆژبەیانی تیادایە وتوویەتی :

((ئەم چیرۆکەی شرفخان باسی کردووە درۆیەو هیچی بەسەر هیچەوە نییە چونکە خالیدی کوڕی ولید نەکو تەنها هەر کوڕی نەبوە بەڵکو هیچ نەوەیەکی لێ نەکەوتۆتەوەو تەنانەت کە مردوە میراتگریشی نەبوەو هەرچی موڵک‌ومالێکی کەلە (مدینە)دا هەبوە (عبداللە سەلمەی کوڕی عبداللە) دەستی بەسەرا گرتوە (کەلە نەوەی ئەو نەبوە).

لام وایە ئەو هۆزەی ئەمەیان بۆ خۆیان هەڵبەستوە پاشماوەی (خلدی — هلدی)یەکانن کەلە باوو باپیریانەوە کورد بوون‌و ئەمەش بەوەدا دەردەکەوێ تائەم دواییەش لەسەر ئاینی (یزدی ـ یەزدانی)مابوون‌و لەوەش ئەچێ سەرەك هۆزی پێشوویان ناوی خالد بووەو لەبەر ئەوەی خالیدی کوڕی ولیدیان لەلا کوڕێکی ئازا بووەو لایان وابووە ئەگەر خۆیان ببەنەوەسەر ئەو ئیتر بەوە دەبوون بە نەجیب زادە.

لە پەراوێزی لاپەڕە/١٨ی پێشەکیەکەی وەرگێڕانەکەی هەژاردا وتراوە کە وەرگێڕ (هەژار) کاتی خۆی ماموستای شێخ عومەری وجدی کەکاتی خۆی ماموستای (رواق الاکراد)بووە لە جامیعەی ئەزهەر بیستویەتی ئەو بنەماڵەیە هیچ جۆرە پێوەندیەکیان بە خالیدی کوڕی ولیدەوە نەبوە.

شرفنامە لەباسی شاری (جزیرە)دا وتوویەتی : ((شاری جزیرە لەکەناری ڕوباری دجلەدا دروست کراوە، ساتی خۆی سوپای ئیسلام بەسەرکردایەتی (ئەبو

موسی ئەشعەر)و (سعد عیاضی کوڕی عوسمان) بەبێ شەڕ دەستیان بەسەر ئەو شارەدا گرتوەو باج و سەرانەیان لە خەڵك سەندوە.

یەکەم سەروەرێك کە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی جزیرە دانیشتوە ناوی سلیمان کوڕی خالد بووە کە سەردەمێك ئەو خانەدانە خاوەن پایەیە چووبوونە سەر ڕچەی ئاینی یزیدەکانو پشتیان بەڕەوشتی ئەوانەوە دابوو لەگومڕاییدا دەسووڕانەوە بەڵام لەدواییدا خوا خستنیەوە سەر ڕێگەی ڕاستو بوون بە سونی مەزهەب (ئەمەش دوبارە بەڵگەیەکی ترە کەئەو بنەماڵەیە پەیوەندییان بە خالیدی کوڕی ولیدەوە نەبووە).

فەرمانڕەوایانی جزیرە کەبە (عزیزان) ناودەبران، میر عبدالعزیزو لەدوای خۆی هەردوو کوڕەکەی (سیف الدین)و (میرمجدالدین) فەرمانڕەواییان کردووەو دوای ئەوانیش پشتاو پشت ئەو بنەماڵەیە میرایەتی ناوچەکەیان کردووە.

لە زەمانی (میر بدربگ)دا میر محمدی کوڕی بوو بەفەرمانڕەوایەکی سەربەخۆ لە جزیرەوبوتانداو بۆ ماوەی حەوت ساڵ بەبێ دەردی سەری فەرمانڕەوایی کردووەو لەنێوانی ۹۸٦ی کۆچی ئەو لەشکرەی سوڵتان مراد بەسەرکردایەتی مصطفی پاشای دوهەم ناردبووی بۆ (شیروان)و (گورجستان) لەو شەڕەدا ئەو میر محمدە بەشداریی کردبووە.

شرفنامە لە لاپەڕە/۷۹۸دا ناوی فەرمانڕەواکانی جزیرەی باسکردووە تا ئەو کاتەی لەساڵی ۱۰۰۵ی کۆچیدا باسەکە تەواو کراوە کە بریتین لە: سلێمان کوڕی خالد، میر سیف الدین کوڕی عبدالعزیز، عیسا کوڕی مجدالدین، بەدرالدین کوڕی عیسا، میر ئابدال کوڕی میر بدر، عزالدین کوڕی ئابدال، ئابدال کوڕی عزالدین، ئیبراهیم کوڕی ئابدال، میر شرف کوڕی ئیبراهیم، میر بدر کوڕی ئیبراهیم، کاك محمد کوڕی ئیبراهیم، شرف کوڕی بدر، شا عەلی کوڕی بدر، بدر کوڕی شا علی، محمد کوڕی بدر، سوڵتان کوڕی میر محمد، ناصر کوڕی شاعەلی، عزیز کوڕی کاك محمد، محمد کوڕی خان ئەبدال.

وادیارە شرفخانی بدلیسی لە باسی ئەمیرەکانی جزیرەدا کە ناوی بردون ئەمانەی هەروەکوو میرنشینێکی ناوچەیی حسابکردونو لە لاپەڕە/٤٠ی وەرگێرانەکەی هەژاردا ئاماژەی بۆ فەرمانڕەوایەکی تر کردووە کە ناوی

ئەحمەدی کوڕی مروان بووە (لام وایە لەوە ناچێ ئەم فەرمانڕەوایە لە بنەماڵـەی عزیزان بووبێت کە شرفخان لە شرفنامەدا وتوویەتی:

((یەکـەمین کوردێـك لـە ولاتـی دیـاریکرو جزیـرەدا لەسـەر تـەختی فەرمانڕەواییـەکی سـەربەخۆ دانیشـتوەو بـە پادشـاە ناویـانگی دەرکـردووە (ئەحمەدی کوڕی مروان)بووە لە حکومەتەکەی لەسـەر داروپـەردووی حکومـەتی لەیەك هەڵوەشاوی (دۆستەکی) دامەزراوە کە حکومەتی دۆستەکی لەکاتی خۆیدا لـە سالی ٣٢١/ی کۆچـی بەرامبـەر ٩٣١دامـەزراوە (دەربارەی ئـەو حکومـەتی دۆستەکیە لەباسـی سلجوقیەکانا ئامازەمـان بۆ کتێبەکـەی عبدالرقیـب یوسـف کـردووە کـە وتوویـەتی حکومـەتی دۆسـتەکی لـەنێوان سـالانی ٤٧٦ ــ ٤٧٨دا لەلایەن سلجوقیەکانەوەلەناو براوە (بەرامبەر بە سالی ١٠٨٢ ـ ١٠٨٥/ی زایین).

دەسـەلاتی ئەحمـەدی کـوڕی مـروان لـە زەمـانی (القـادر باللــە)ی خلیفـەی عباسـیدا گەیشـتبووە چلە پۆپـەی‌و خلیفـە نازنـاوی (نصراللـە)ی بەخشـیبو بـە ئەحمەدی کوڕی مروان.

منذر الموصلی لـە کتێبەکـەیدا سـەرچاوە/٢٥وتوویـەتی (ئـەمارەتی جزیـرەو بۆتـان کۆنـترین‌و بـەناوبانگترین ئـەمارەتی کـورد بـووە لـە جزیـرەی أبـن عمـردا (بۆتان‌وجوڵەمێرگ)لە کەناری ڕوباری دیجلەدا کە ئەو ناوچەیـە شـوێنی ڕەگـەزی دێرینی کورد بووە.

لەدوای مردنی دامەزرێنەرەکەی کە (سلیمان خالد)بووە سـێ کـوڕی هـەبوە : میر العزیز، میر حـاجی بـدر، مـیر عبـدال ــ ئـابدال‌و ئـەو سـێ برایـە ولاتەکـەیان کردووە بەسێ بەشەوەو ولاتەکەی کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی سێ بنەماڵە کە بریتی بوون لە (العزیز، حاجی بدر، عبدالله) بەلام لـەدواییدا هەرسـێکیان لـەناو خۆیانـا تێکچوون‌و بەگژ یەکتردا چـون‌و (عزیـزی)یـەکان بەسـەرلاکانی تـردا سـەرکەوتن‌و ئەمارەتەکە لەژێر دەسەلاتی میر عبدالعزیـزدا مایـەوە هـەتا ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدە کەبە شکانی شۆڕشەکەی بدرخـان بـەگی کـوڕی عبدالخـالق بـەگی عزیـزی لەسالی ١٨٤٧دا کوتایی بەم ئەمارەتە هێنراو بنەماڵەی بدرخانی بەسـەر ولاتـانی دەرەوەدا پەرش‌و بلاوبوونەوە)).

لەکۆتایی باسی ئەم ئەمارەتەدا کورتەیەکی ئەو باسە دورو درێژەی دوکتۆر جلیلی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٢١ئەخەینە بەرچاو کەلە لاپەرە/١٢٦دا وتوویەتی:

میرنشینی جزیرە پایتەختەکەی شاری (جزیرە)بووە کە پلەیەکی زۆر گەورەی هەبوە لە مێژووی نەتەوەیی و رۆشنبیری کوردا.

میرنشینەکە کەوتبووە رۆژئاوای میرنشینی هەکاری و بادینان و لە شرفنامەدا باسی ئازایەتی و چاو نەترسیی کوردی ئەم ناوچەیەی کردووە کە نازناوی (بۆتان) لە عەشیرەتی ناودارو بەدەسەڵاتی کوردەوە بووەو شرفنامە باسی شۆرە سوارانی بوتانی کردووە کە ئامادەبووە سەروماڵی بدا بۆ کرینی چەکی باش و گرانبەهاو جبە خانەو ولاخی رەسەنی عەرەبی و شیری میصری و خەنجەری دمشقی و لەکاتی شەڕدا هەروەکوو شوورەو دیوارێکی قایم بەرامبەر دوژمن وەستاون و خۆیان بەدەستەوە نەداوە کە بەمە لە هەموو دانیشتوانی تری کوردستان جیا دەکرانەوە.

بێجگە لەعەشیرەتی بۆتان چەند عەشیرەتێکی تریش لەژێر سایەو دەسەڵاتی میری بۆتاندا بووە وەکوو: پلیکان، دومبلی، نووکی، مەحمودی، شێخ تارانی، ماساکی، ڕەشکی، واڵان، بلاستووران، شیروویان، دوو تووران، بۆتان بریتی بووە لەچوار ناوچە کە دەوری شاری جزیرەیان دابوو، هەر ناوچەیە خاوەنی مەرکەز وقەڵای خۆی بووە. لەناوچەی بۆتاندا ژمارەیەکی کەم ئەرمەنی و ئاسوری و عەرەبو کریستیان هەبوە کە بە زۆری لە ناوچەکانی (حەیتام)و (شاخ)دا دەژیان. بۆتان لە رۆژانی دێرینیدا میسۆپۆتامیای لە ئەرمەنیا جیا کردۆتەوەو بنەماڵەی عزیزانی کوردو نەوەکانی فەرمانڕەوای میرنشینی بۆتان بوون (ئەمین زەکی و ژمارەیەك لە نوسەرانی تر ووشەی عزیزان دەبەنەوە سەر یەکێك لە دامەزرێنەرانی میرنشینی بۆتان کە عبدالعزیزی کوڕی خالدی خەڵکی جزیرە بووە).

جلیلی لەباسەکەیدا ئەڵێ: بەواتەی کامران بدرخان، ئەم بنەماڵەیە ـــ عزیزان لەناوی گوندێکی بچووکەوە هاتووە کە ناوی ئەزیزان بووە لە نزیك شاری جزیرە

(كە ئەمەی بدرخان لەگەڵ سەرچاوەكانی تردا یەك ناگرێتەوە كە وتویانە بەناوی عبدالعزیزی كوڕی سلیمانەوە بووە).

جلیلی لە باسەكەیدا باسی گرنگی شاری جزیرەی كردووە كە مزگەوتو كەنیسەو گەرماوی تیادا بووەو شوێنی بازرگانیو پیشەسازیەكی گەرم بووەو بازرگانەكان ماڵی بازرگانیی خۆیان بە كەڵەك ناردوە بۆ موصلو بغدادو بصرەو هەروەكوو (ئینجیجیان) باسی كردووە سەرداری جزیرە سوودێكی زۆری لە هەڵكەوتی شوێنی شارەكە دەست گیربووە كە كەوتبووە سەرە ڕێگای كاروانەكانی نێوان بەغدادو ئەستەمبوڵو كاروانەكان لەرێگایانا ناچاربوون باج (وەكوو ترانسێت) بدەن بەرامبەر بە پەڕینەوەیان لەو پردەی لەسەر روباری دجلەدا دروستكرابوو كەلە پێكەوەلكانی چەند بەلەمێك بەسیم ئامادە كرابوو.

جلیلی لە پەراوێزی لاپەڕە/٢٠٠دا باسی پردێكی تری كردووە كە (باروناك بەگ نیرووخان) باسی كردووە كە كاتی خۆی سەری لەوشارە داوەو ئەوپردەی دیوە لە داروتەختە دروستكراوەو بەشەو ئەو پردە بەرزكراوەتەوە (دیارە بۆ ئەوەی بەلەمی ناو ئاوەكان لەو شوێنانەوە تێپەڕ بكەن).

شاری جزیرە بەشوورەیەك دەورە دراوەو بورجی گەورە لەسەر شورەكە هەبوەو كاتێك رشید پاشای عوسمانی هێرشی بردۆتەسەر كوردەكانی شاری جزیرە ئەو شوورەیەی رووخاندوە. لە باكووری شارەكەدا قەلایەكی سەخت لەسەر تاشەبەرد دروستكرابوو چووبوو بە ئاسمانا (قەلای فینك) رۆژانی پڕ لە مەترسی سەرداری بۆتان خۆی لەو قەلایەدا حەشاردەوە.

جلیلی باسی كۆنفیدرالیەكی عەشیرەتی (میللی) كردووە كە دراوسێی بۆتان بووە لە سنجاقی ماردینداو (وادیارە جلیلی پەیوەندی نێوان میرنشینی جزیرەوبوتانو میللیەكانی بەجۆرە فیدراڵیەك حسابكردووە). تیمور پاشای سەرۆكی عەشیرەتی میللی دەستێكی بالای هەبوە لە بەڕێوە بردنی كاروباری سیاسیی ماردینو دەوروبەرەكەیو هەرچەند ژمارەی ئەو عەرەبو توركانەی لە ناوچەكانی سەر بە عەشیرەتی میللی كەم نەبوو بەلام میللیەكان دەسەلاتو تواناو هێزێكی ئاشكرای جەنگیان هەبوەو توانیبویان دەست بەسەر ناوچەكەدا

بگرن‌و سەرۆکی ناوچەکانی دراوسێی میللی حسابیان بۆ هێزو دەسەڵاتی تیمور پاشا کردووە.

عوسمانیەکان چاویان لەوە بووە دەسەڵاتی تیمور پاشا کزو لاواز بکەن‌و بۆ ئەوە لەساڵی ١٧٩١دا سلیمان پاشای والی عوسمانی لە بغدادو بەرەزامەندی سوڵتانی ئەستەمبوڵ بەلەشکرێکی گەورەوە بەرەو رووی عەشیرەتی میللی کەوتە ڕێ‌و لە موصڵدا هێزێکی (٣٠)هەزار کەسی لەو عەشیرەتە کوردانە کۆ کردەوە کە بەدەنگیەوە چوویوون‌و لەوانە بوون، بارەها هەواڵی زەبروزەنگی تیمور پاشایان بیستبوو، والی حلبیش (کوسە معطف پاشا) لەگەڵ رشید زادە عمر پاشای والی (ملاطیە) چوونە پاڵ هێزەکەی سلیمان پاشای والی بغدادو لەو ڕوو بەڕووبوونەوەیەدا تیمور پاشا بەرگەی نەگرت‌و قەلاکەی خۆی بەجێهێشت‌و روویکردە حلب‌و سلیمان پاشا بێ بەزەییانەو دڵرەقانە دەستی کرد بەکوشتار لەناو (میللی)یەکاناو ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن‌و بەدیل گرتن‌و ئەوانەش کە میللی نەبوون‌و لایەنگری تیمورپاشا بوون لە سزای والی رزگاریان نەبوو.

سلیمان پاشا دوای ئەو کوشتارە ئیبراهیم پاشای برای تیمور پاشای کرد بەسەرداری هەموو میللی‌یەکان (بێگومان ئەبێ ئیبراهیم پاشای برای تیمور پاشا بەنهێنی یا بە ئاشکرا لەگەڵ والیی عوسمانیدا بووەو دژی براکەی خۆی بووبێت بۆیە کراوە بە سەرداری میللی دوای ئەو هەموو کوشتارەش).

عوسمانیەکان لە دواییدا لەساڵی ١٨٠٠دا تیمورپاشایان لەخۆیان نزیك کردەوەو کردیان بەوالی (رەقەبە)و لەساڵی ١٨٠٢دا کرا بەوالی (سیواس)و پاش ئەوە ئەیوب بەگ کرا بە سەرداری میللی)).

دەربارەی کێشەی میللی‌یەکان‌و عوسمانیەکان، ئەمین زەکی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٣٢باسی لێ هاتوویی وریایی‌و زیرەکێتی ئەیوب بەگی کردووە کەچون بەوپەڕی لێ هاتووییەوەو بەشێوەیەکی زانایانە توانیبووی خۆی بەهێز بکاو دوور لە دەسەڵاتی کاربەدەستانی عوسمانی توانیبووی فەرمانڕەواییەکەی خۆی ببات بەڕێوە کەئەمە دەسی نەدابوو بۆ عوسمانیەکان بۆیە هێزێکیان ناردە سەری‌و ئەیوب بەگ گیراو لە قەڵای دیاریکردا زیندان کراو لە جیاتی ئەو (تیماوی) بەگی کوڕەزای تیموریان لە جێگەی ئەیوب بەگ دانرا.

جليلی له لاپەڕە/١٣٠ی كتێبەكەیدا باسی ئەوەی كردووە چۆن والییەكانی عوسمانی دەستیانكردبوو بەخۆشكردنی ئاگری دووبەرەكی لەنێوان میرەكانی كورداو بەگژ یەكتریانا دەكردن‌وله ئەنجامدا میرنشینەكانی بابان‌و بۆتان لە پێش هەموویانەوە دەلاقەیان تێكەوت.

سێهەم ـ ئەمارەتی بدلیس (بەتلیس)

دەربارەی سەرەتای ئەمارەتی بدلیس، هەروەكوو ئەولیا چلبی لە لاپەڕە/١٠٢ی كتێبەكەیدا سەرچاوە/٥١ ئاماژەی بۆ زەمانی ئەسكەندەری ذو القرنین كردووە كە چۆن رەفتاری لەگەڵ بدلیس دا كردووە (كە دیارە فەرمانڕەوای ئەو رۆژانە بدلیس بووە)و ئەولیا چلبی لەگەشتەكەیدا وتوویەتی:

((ئەوانەی دەربارەی رۆم‌و عەجەم نوسیویانە، هەروەكوو مقدسی‌و سوڵتان شرف الدینی خاوەنی شرفنامە (مەبەست شرفخانە) ووتویانەو باسیانكردووە، ئەسكەندەر دوو زیادە گۆشتی لەملاولای سەریەوە دەرچوو بوو كە وەكوو جۆرێك شاخ وابوون لەبەر ئەوە پێی وتراوە ئەسكندەری ذو القرنین، بەلام هەندێكی تر لایان وابووە هەموو (٣٢)ساڵێكی ئەوسەردەمە بریتی بووە لە قەرنێك (سەدەیەك) لەبەر ئەوە ئەسكندر ماوەی (٦٤) ساڵ فەرمانڕەوایی كردووە كە بریتی بووە لە دووجار (٣٢) ساڵ بۆیە پێی وتراوە ذو القرنین (ئەمە مانای ئەوەیە دوای مردنی كە ٦٤ساڵەكەی تەواو كردووە ئەوسا پێی وتراوە ذو القرنین).

ساتێك ئەسكندر شاری (بدلیس) دەگرێت بانگ ئەكا: ئادەی بدلیسی نۆكەرم (خزمەتكارم) بۆ بانگ بكەن‌و ساتێك بدلیس ئەچێتەلای ئەسكەندر پێی ئەڵێ: نۆكەرە دڵسۆزەكەم (دیارە ئەسكەندەر كە بدلیسی گرتوە، بدلیس بەگژیا نەچووە بۆیە بە دڵسوزەكەی ناوی بردوە)، لەماڵ لەپارە چەند هەزار كیسەت پێویستە خەرجی بكە بۆ ئەوەی لەم شوێنەدا قەلایەكی وا سەخت دروست بكەی بە مەرجێك ساتێك لەوسەرەوە دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە بە هەموو هێزو توانای خۆمەوە نەتوانم ئەو قەلایە داگیربكەم.

بدلیسیش لەسەر ئەو فەرمانەی ئەسكندەر (كەلە ٨٨٢ ساڵ پێش هاتنی پێغەمبەری ئیسلام مردوە) قەلاكە دروست دەكاو دوای ئەوەی ئەسكندر لە

شـەڕی (چـەماپوور) دەگرێتـەوە گـەمارۆی ئـەو قەڵایـە ئـەدا کـە بدلیـس لەسـەر خواستی ئەسکەندەر دروستی کردبوو، هەرچەند هەوڵ ئـەدا قەڵاکـەی بـۆ داگیر ناکرێت و دوا لە بدلیس دەکا لەقەڵاکە بچێتە دەرەوە، بەڵام بدلیـس گـوێ ناداتـە داخوازیەکـەو ئەسـکەندەر لای وائـەبێ بدلیـس بەراسـتی لێـی یـاخی بـووەو شەبەیخوون بە هەموو هێزەکەیەوە پەلاماری قەڵاکـە ئـەدا بـەڵام تەقەڵاکـەی بـێ سوود ئەبێ و نامەیەك دەنێرێ بـۆ بدلیسی ئەگـەر لـە قەڵاکـە بچێتـە دەرەوە لـە یاخی بوونەکەی خۆش دەبێ، بەڵام بدلیس دوبارە گوێ ناداتێ و لـە قەڵاکەیـەوە بە مەنجەنیق بەردەبێتە گیانی لە شـکرەکەی ئەسـکەندرو ژمارەیـەکی زۆریـان لێ دەکوژێت و ئەم هەراو بەزمە (٤٠)رۆژ دەخایەنێ و لەدوای ئـەوە بدلیس بـەخۆی و شەرکەرەکانیەوە لە قەڵاکە دەچێتـە دەرەوەو کلیلـەکانی قەڵاکـە دەخاتـە سـەر قاپێکی زێڕو دەیباتە بەردەمی ئەسکندرو کڕنوشی بۆ دەباو بـە ئەسـکندر ئـەڵێ قوربان تۆ لەبیرت نایە خۆت فەرمووت قەڵایەکی وا دروست بکەم خۆشت نەتوانی بیگری؟ ئەسکەندەر لێی خۆش دەبێ و فەرمانڕەوایەتی قەڵاکەو ناوچەکە ئەداتـە دەس بدلیس و ئەولیا چلبـی لـە یاداشـتەکەیدا ئـەڵێ: بـەوجۆرە ووشـەی بدلیس بەهەڵە کراوە بە بەتلیس (لەراستیدا گۆڕینی پیتی (د) لەلایـەن تورکەکانـەوە بـۆ پیتی (ت)شتێکی ئاساییەو محمد ئەکەن بە مەمەت).

بە پێی ئەو باسەی چلبی دەبێ ئەو بەدلیسە باپیرە گـەورەی بدلیسییەکانی دوایی بووە کە مەلا ئیدریسی بدلیسی و شرفخانی بدلیسی دوورنیە لـەو بنەچەیـە بووبن.

شـرفخانی بدلیـس لـە شـرفنامەدا، لاپـەڕە/٧٢٨ی سـەرچاوە/٧٥دا بـە دورو درێژی باسـی کێشـەی نێـوان مـیری بدلیـس و مـیر ئیـبراهیمی کـردووە کـە بـووە بەهۆی ئەوەی ئەمارەتەکە لەناو چوەو بە دورو درێـژ باسـی ئـەو کێشـەیەی بـەم جۆرەی خوارەوە کردووە لە شرفنامەدا کە وتوویەتی:

((ساتێك باوکی ئیبراهیم دەمرێ، ئەگەرچی ئیبراهیم ئەوکاتە منداڵیـش بـووە بەڵام دەکرێت بـە جێنشـینی بـاوکی و کاروبـاریش دەدرێتـە دەسـت عبدالرحمن ئاغای قوالیس و چەند ئاغایەکی (رۆژەکی) بەرلەوە (میرشرف) لـە زەمـانی (مـیر شامحمد)دا ناوچەی مووشی پێ سپێردرابوو، پاش ماوەیەك ئیـبراهیم بەیارمـەتی

عبدالرحمن ئاغا پیلانیك سازدەكا كە میر شرف بـانگ بكرێـت بـۆ بدلیس‌و لـەوێ چاوی هەڵكۆڵرێ‌و بۆ ئەو مەبەستە ئیبراهیم نامەیەك دەنێرێ بـۆ میرشـرف الدیـن كە بچێت بـۆ بدلیس بۆ چەند رۆژێك دیدەنـی بكـا، بـەڵام مـیر شـرف نـاچێت‌و ئیبراهیم لە رقی ئەوە لەشكر دەنێرێتە سـەری. بـەڵام پیـاو مـاقووڵانی رۆژەكـی دەبن بە لایەنگری میر شـرف الدیـن‌و ئیـبراهیم لـەو شـەڕەدا دەشـكێ‌و ئیـبراهیم دەگیرێ‌و حەوت ساڵ لە قەڵای بدلیس دا دەمێنێتەوە.

لـەدوای ماوەیـەك شـاە ئیسـماعیل صفوی مـیر شـرف دەگرێــت‌و دەیخاتـە بەندیخانەی تەورێزەوەو هـێزێك بـە سـەركردایەتی (چاپـان سـوڵتان ئیسـتاجلو) دەنێرێتە سەر بدلیـس‌و دەوری قەڵاكـە دەدا بـۆ مـاوەی دوسـاڵ‌و ئیـبراهیم (كـە دیارە دوای بەربوونی چوتە جێگەی میرشرف) نەیتوانیبوو بەرگـەی قزڵباشـەكان بگرێت (مەبەست هێزەكەی جابان سوڵتان ئیساتجلو بووە).

شرفنامە لە لاپەڕە/٧٤٧دا باسی ئەوەی كردووە لـەدوایدا مـیر شـرف (دیـارە ئەوكاتە بووە لە زیندانی تەورێز رزگاری بووە) بە هاوكاری چەند مـیرێكی كـورد دەوری قەڵای بدلیس دەداو قزڵباشەكان ناچاردەكرێن بگەڕێنەوە بۆ ئێران پاش ئـەوەی (مـیر محمــدی شــیرەوەیی) دەســتەبەری ئــەوە بــووە مــاڵ‌و منداڵــی قزڵباشەكان بپارێزرێن لەكاتی گەڕانەوەیانەو ئیتر لەوساوە پاراستنی ئەو سنورانە لەلایـەن سـوڵتانەكانی عوسمانیـەوە سپێردرا بـە مـیر شرف‌و كارەكــەی خــۆی بەباشی بەجێ هێنا.

شرفنامە دوای ئەوە لەوە دواوە چۆن میر شرف الدین بووە بە (شرفخان)و لە لاپـەڕە/٧٦٤دا باسـی قـەڵای (ئوختومـار)ی كـردووە (ئـەو ئوختومـارە دێرێكــی بـەناوبانگی تیـا بـووە بـەناوی دێری ئوختومــار كەلــە ســترانە بەناوبانگەكــەی مطرانۆدا كە باسی مریەم‌و علی قول ئاغایی تیادا كراوە).

شرفنامە ئـەڵێ: پـاش ئـەوەی (شـرفخان) لـە (تـاتیكی)دا شـەهید دەكرێـت، هـۆزی رۆژەكـی دەچـن بـەدوای (مـیرشمس الدیـن)داو دەیكـەن بـە فـەرمانڕەوای خۆیان لە بدلیس.

لە كۆتایی ئەم باسەی شـرفخانی بدلیس كەلـە شـرفنامەدا باسـی ئـەمارەتی بدلیســی كــردووە، دەچینــە ســەر ئــەو باســەی شــرفخان خــۆی دەربــارەی

فەرمانڕەوای خۆی کردووە کەلە پێشدا لە خزمەتی شاکانی ئێراندا بووەو لە دواییدا لەگەڵ ئێرانیەکانا تێکچووە ئیتر بەپێی فەرمانی سولتان مرادخانی عوسمانی گەڕاوەتەوە بۆلای عوسمانیەکان.

((باوکی پایە بەرزو گەورەم لە ساڵی ٩٦١/ی کۆچیدا خۆی لە خزمەت (مەبەستی شای ئێران بووە) دوورخستەوەو کونج نشینی بۆ خۆی هەڵبژاردو پاش ئەوە هۆزی (ڕۆژەکی) ڕوویان لە (شا توماسب ــ کە مەبەستی شاە طهماسپە)نا من بە سەرۆك دابنرێمو پادشاش لەسەر تکای ئەوان هەرچەند من تەمەنم (١٢)ساڵ بوو، پلەی (میرێتی) بەمن دراو (سالیان)و (محمود ئاباد)یشم پێ بەخشرا لە ناوچەی شیروانو لەماوەی سێ ساڵداو لەو ناوەدا مامەوەو محمد بەگی خاڵۆم کە حاکمی همدان بوو کچێکی خۆی لێ مارە کردمو پاش ماوەیەك وایان لە شا گەیاندبوو منو قزلباشەکان نیازمان وایە (سولتان حسێن میرزا)ی برای شا بکەینە شا، قزلباشەکانی سزا داو منیشی کرد بە لێپرسراوی (نەخچوان) بۆ ئەوەی دوورم بخاتەوەو کە چومە نەخچوانو ساڵێكو چوار مانگ مامەوە نامەیەکی میری میرانی (وان) کە زەینەڵ بەگی هەکاری بوو لەگەڵ نامەیەکی حسن بەگی محمودیم پێ گەیشتو مژدەی ئەوەیان دامێ سولتان مراد خان فەرمانی بۆ دەرکردوم بۆ فەرمانڕەوایەتی بدلیسو منیش شەشەم ڕۆژی شەشەلانی ساڵی ٩٨٦/ی کۆچی بەرامبەر ١٥٧٥زایین لەگەڵ (٤٠٠)کەسی هاوڕێم کە (٢٠٠)کەسیان ڕۆژەکی بوون لە نەخچوانەوە بە یارمەتیو کۆمەکی میرومەزنانی کوردستان گەیشتمە شاری (وان)و لەوێ خەسرەو پاشام بینیو پێشوازی لێ کردمو خەلاتی فەرمانڕەوایی کە بریتی بووە لە شیرێکی زێڕین وەرم گرت).

پاش ئەوە شرفخان وەکوو لە شرفنامەدا باسی کردووە کە وتوویەتی:

((بۆ ماوەی دەساڵی بێ پسانەوە لە زۆربەی هێزو شەڕەکانی سولتاندا هاوکاریم کردووەو هیچ میروفەرمانڕەوایەکی تر بە گوێرەی من لەپێش نەبووە، ئیمڕۆ کە ساڵی ١٠٠٥/ی کۆچیە لەسایەی شای سایە چەورو گەورە (أبو المظفر ـ سولتان محمدخان) فەرمانڕەوایی چەند ساڵە لەدەستی مندایە).

شرفخانی بدلیسی له شرفنامه‌دا به دوورودرێژی باسی چه‌ند میرێکی بدلیسی کردووه که بریتی بوون له مه‌لیك ئه‌شره‌ف،شرف کوڕی ضیاءالدین، شمس الدین کوڕی شرفخان، شرف کوڕی شمس الدین، میر ئیبراهیم کوڕی حاجی محمد.

چوارەم : ئەمارەتی (دنبلی – دمبلی)

ده‌رباره‌ی ئه‌م ئه‌ماره‌ته ئه‌مین زه‌کی له لاپه‌ڕه/٣٨٣ی سه‌رچاوه/٣٢دا وتوویه‌تی دوکتۆر (فریچ) له کتێبه‌که‌یدا (کوردلر) شتێکی که‌ی باسکردووه ده‌رباره‌ی ئه‌م ئه‌ماره‌ته، به‌لاّم له کتێبی (آثار الشیعة الامامیة)دا باسێکی دوورو درێژی له شرفنامه‌وه وه‌رگرتوه‌و وتوویه‌تی عه‌شایری دنبلی له ناوچه‌ی هه‌کاریه‌وه ڕوویانکردۆته ئازربایجان، به‌لاّم (ئه‌میرعیسی)ی باوکی (ملك طاهر) له شاری جزیره‌وه چۆته ئه‌و ئه‌ماره‌ته که ئه‌و میر عیسایه وه‌کوو له‌کتێبی (ریاض الجنة)دا که‌نوسه‌ره‌که‌ی (عبدالرزاق کوڕی نجفقلی دنبلی)ی حاکمی شام بووه، هه‌ندێ سه‌رچاوه وایان باسکردووه له‌نه‌وه‌ی (یحیي البرمکی) بووه که ساتی خۆی وزیری هارون الرشید بووه‌و له‌کتێبی (أنساب الأکراد)ی (ئه‌بی حنیفه‌ی دینوری)دا وتراوه بنه‌ماڵه‌ی دونبلی ده‌چنه‌وه سه‌ر برمکی‌یه‌کان.

به پێی باسه‌که‌ی ئه‌مین زه‌کی ئه‌م بنه‌ماڵه‌یه چه‌ند لکێکی لێ بۆته‌وه، به‌ناوبانگتریتیان (دنبله مسیحی) بووه که‌له نه‌وه‌کانی ئه‌میر مسیحی بوون‌و (شمسکی) له نه‌وه‌ی شمس الملك جعفر بووه‌و (عیسی بکلو) له نه‌وه‌ی عیسی بوون‌و (بگزاده) له‌نه‌وه‌ی ئه‌میر فریدون‌و ئایودجانی بوون.

ئه‌م جیابوونه‌وه‌و لێك ترازانه‌یان له یه‌کتری به‌هۆی ئه‌وه‌وه بووه له‌لایه‌ن خلیفه‌و مه‌لیکه‌کانی وه‌کوو خه‌لیفه مأمونی عباسی‌و تیموری لنگو سوڵتان سلیمی عوسمانیه‌وه ئاواره کرابوون بۆ ناوچه‌کانی: کشان، خۆراسان، خبوتان، شیروان، کنجه،قره‌باغ، قره‌چه‌داغ‌و ئه‌میره‌کانی ئه‌م بنه‌ماڵه‌یه له سه‌ره‌تای سه‌ده‌ی چواره‌می کۆچیدا توانیبوون ڕێکخراوێکی سه‌ربه‌خۆ له کوردستان‌و ئازربایجاندا دروست بکه‌ن هه‌تا ئه‌و کاته‌ی شێخ حیدری صفوی په‌یدا بوو که دوا ئه‌میریان (بهلول دنبلی) بووه سه‌ری بۆ شێخ حیدر دانه‌واندوه‌و ئه‌ماره‌ته‌که بووه به‌شێك له حکومه‌تی صفوی.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە/٣٨٤ی بەرگی دوهەمی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣٢ ناوی چەند میرێکی ئەم ئەمارەتەی هێناوە وەکوو: میر محمد کە چوارەمین ئەمیری ئەم بنەماڵەیە بووە لەشامو توانیبوی هەندێ لە قەلاگانی ولاتی هەکاری داگیر بکاتو ئەم میرە گەلێك نووسینی هەبوە دەربارەی زانیاریو هونەریو گەلێك شوێنەواری لەپاش بەجێماوە وەکوو قەلای (بای) کە ساتێك خۆی مردوە لەو قەلایەدا نێژراوە.

ئەمین زەکی لەدوای میر محمد باسی میر سلێمانی کردووە کە دەسەلاتێکی زۆری هەبوە لە کوردستانو ئازربایجان شامو لە (سنجار) کۆشکێکی دروستکردووە ناوی ناوە (سەرای سلێمان) کەلە ئێرانەوە بەنای شارەزای هێناوە بۆ دروست کردنی ئەو کۆشکە. لە لاپەڕە/٣٨٥دا باسی میر جعفری دوهەمی کردووە کەلە زەمانیا لەشاخی (سنجران)دا ئالتون دۆزراوەتەوە لە نزیك (قەلای دونبل)و لە ساڵی ٤٤١ی کۆچیدا مردووە.

دوای ئەوە ئەمین زەکی بەڕێزە باسی میرەکانی تری دونبلی کردووە کە بریتی بوون لە: میر یحیى، میر جعفر (کە بەشمس الملك ناسراوبووە)، ئەمیر بەگ،میر ئەحمەد، میر ئیبراهیم، میر جمشید، ئەمیر بهلول، شاه منصور، میر محمد، ئەمیر وەلی، حاجی بەگ،سوڵتان علی، ئەمیر نظیر، ئەمیر فەریدون، ئەمیر بهلول، ئەمیر روستم، ئەمیر بهروز، ئەیوب خان، شاهند خان، بهروز خان، علی خان، مرتضی قولیخان، غیاث بگ، ئەحمەد خان، کوچوك خان، محمود خان، شاهباز خان.

بەلام لە شرفنامەی شرفخانی بدلیس دا لە لاپەڕە/٥٦٩ی چاپەکەی وەرگێڕانی هەژار ناوی ئەمیرەکانی دونبلی لەگەڵ ئەوەی ئەمین زەکیدا هەندێ جیاوازی هەیە، بۆ نموونە ئەمین زەکی دوانیانی بە میر ئەحمەدو ئەمیر بهلول ناو بردوە لە کاتێکدا لە شرفنامەدا بە شێخ ئەحمەدو شێخ بهلول ناوی بردون، جگە لەهەندێ جیاوازیی تر کەلە بەراوردکردنی ئەوەی ئەمین زەکیو ئەمەی شرفخاندا کە وەکوو خوارەوە ناوی هێناون جیاوازیەکە دەردەکەوێ:

شێخ ئەحمەد، شێخ بەهلول، حاجی بەگ کوڕی شێخ بەهلول، ئەحمەدی کوڕی بەهلولو منصور بەگ وەلی بەگ کوڕی منصور بەگ، حاجی بەگ،

سولتان علی بەگ، نەظەر بەگ، کـوڕی سـولتان علـیو قلیج بـەگ سـولتان علـی بەگ.

ئـەوەی شـایانی باسـە، هـەروەکوو لەپـەراوێزی لاپـەڕە/٥٨٧ی چاپـە وەرگێڕاوەکەی هەژاردا وتراوە سەرچاوەی ئەو ناوانەی ئەمین زەکی باسی کردون بریتیە لە: تأریخی دولو ئـەمارتی کوردیو مشـاهیر الکردوکوردسـتان وتـأریخی دونبلی نوسینی شازادە نادر مرزای قاجارو کتێبەکەی ناودارانی کوردی حسێن حوزنی موکریانی.

پێنجەم ـ ئەمارەتی برادۆست

شرفنامە لە لاپەڕە/٥٤٦ کورتە باسێکی ئەم ئەمارەتەی خستوتە پێش چاو کە وتوویەتی بـەرەبابی میرەکـانی برادۆسـت دەچنـەوە سـەر هیلال کـوڕی بدر کوڕی (حەسنەوییە)کـە فەرمانڕەوایـەکی دینـەوەرو شـارەزوور بووەو هیـلال لـە شەڕێکدا لەگەڵ (شمس الدولەی دیلەمی) والی همدان کردبووی کوژرا.

بەپێی کتێبەکەی ئەمین زەکی لە لاپەڕە/٣٨٨دا وتوویەتی (هلال کوڕی ناصر الدولە بووە) کە مردوە سێ کوڕی لەپاش بـەجێماوە هەرسـێ کوڕەکـە چوونەتـە (برادۆسـت) یـەکێکیان بـووە بـەجێ نشـینی بـاوکی لـە شـارەزوور کـەناوی (طـاهر)بووەو کوڕەکـەی تـری سـەرۆکی عەشـیرەتی (ئـاکور) بـووەو کـوڕی سێهەمیان چوتە (سەلماس)و دەستی بەسەردا گرتوە.

بەناوبانگترین ئەمیری ئەو بنەماڵەیە (غازی قـران)ی کـوڕی سـولتان ئەحمـەد بووە کە شاە ئیسماعیلی صفـوی لـە سـەرەتادا ڕقـی لێ بـووە بـەلام لـەدواییدا بوون بەدۆستی یەکتریو نازناوی (غازی قران)ی پێدلو ناوچـەکانی (تەرگـەوەڕ)و (صوماي)و (دول)ی پێداوە، میرێکی زۆر ئازاو لێهاتوو بووەو لەدوای شـەڕی چالدێران هـەروەکوو ئـەمیرەکانی تـری کـورد چوتـە ژێـر سـایەی دەوڵـەتی عوسمانیـەوەو سـولتان زۆر ڕێزی لێگرتـوەو گـەلێك شـوێنی لـە ئایالەتـەکانی ئەربیلو بغدادو دیاربکری داوەتێ.

شرفنامە لە لاپـەڕە (٥٤٨ ــ ٥٥٦)دا کورتـە باسـێکی دەربـارەی هـەندێ لـە میرەکانی برادۆست کردووە کە بریتی بوون لە: شاە محمد بەگ کوڕی غزی قران،

بوداغ بەگ کوڕی شا محمد بەگ، حسن بەگ کوڕی شامحمد بەگ، علی بەگ کوڕی غازی قران، ئەولیا بەگ، ناصر بەگ، ئەمیر خانی یەك دەست، ئولوغ بەگ.

شەشەم : ئەمارەتی (حسن کیف ــ حصن کیف) ــ کە شرفنامە وتوویەتی بە (ملکان) بەناویانگن

شرفنامە لە لاپەڕە/٣٢٦دا دەربارەی ئەمارەتی حسن کیف لە پێشدا قوڕی پێواوە بۆ لەناوچوونی بنەماڵەی ئەیوبی و وتوویەتی:

((لەدوای ئەوەی گەردونی چەپگەردو ڕۆژگاری دڵڕەق ڕووی لەبنەماڵەی پادشایانی ئەیوبی وەرگێڕاو ڕووی کامەرانیی لە ساڵی ٦٢٢ی کۆچی بەرامبەر بە ١٢٦٣ ــ ١٢٦٤ز لێ هەڵگەڕانەوەو بۆ خەڵکی کوردەواری بوو بەسەرگەردانی و خاکەسەری و لەو ساڵە تووش و شوومەدا ئەو خانەدانە ئاوەدان و پڕ بەرەوورەوە تەم و مژی ماتەمینی دایگرت و لەبەر تەوژمی ڕەشەبای چارەڕەشیدا چەمایەوە، ئیتر بنەو باریان پێچرایەوەو ئەو خانەوادەیە هەتا ماوەیەك بە نهێنی لەشاری (حەما)دا ژیابوو، دوای ئەوە روویکردە قەڵای ماردین و لەوێ قەڵاو مەڵبەندی پێ سپێرراو ماوەیەك لەوێ مابووەوە، بەڵام دڵی لەوێش هەڵکەنراو ڕوویکردە رأس الغول ــــ سەری دێوەزمە کە ئێستە بە (حەسەنکیف) دەناسرێ. ئەو خانەوادەیەی شرفنامە باسیکردووە ناوی ملك خلیل بووە وەکوو منذر الموصلی لەسەرچاوە/٢٥دا باسی کردووە).

شرفنامە لە باسەکەیدا وتوویەتی: ساتێك سەرداری ماردین پەلاماری ملك خلیلیدا خۆی شکاو ناچاربوو پاشەکشە بکات. شرفنامە لە لاپەڕە/٣٣٠دا ناوی هەندێ لە هۆزوتیرە گرنگەکانی ناوچەی حەسنکیف هێناوە وەکوو: ئاشیتی، محەلمی، میهرانی، بەجنەوی، شقاقی، ئەستورکی، کوردلی مەزن، کوردلی گچکە، ڕەشان، کێشکی، جلەکی، خەندەکی،سوهانی، بیدیان.

لە شرفنامەدا لەباسی فەرمانڕەوایانی حەسەنکێفدا وتوویەتی ئەمانە بە (ملکان) بەناویانگن و مامۆستا محمد جمیل ڕۆژبەیانی لە پەراوێزی ئەو لاپەڕەیەدا (ج ـ کە جمیل بەندییە) لەو باسەی ئەمین زەکی دواوەو کە لە لاپەڕە/٢٧٢ی بەرگی دوهەمی سەرچاوە/٣٢دا وتوویەتی ئەو (ملکانە)ی شرفنامە باسی کردووە مەبەست لە (پادشاه)بووە، ڕۆژبەیانی ئەڵێ: بەڵام من لام وایە ئەو ووشەیە لە

(ملكاتی)یەوە هاتووە کە یەکێکە لە سێ مەزهەبی فەلەکان کە بریتین لە: مەلکاتی،یعقوبی،نسطوری کە سەریە (قەدیس ئەنتونیوس)ن‌و هەندێ لە کوردە مەسیحیەکان بەناوی مەزهەبەکانیانەوە ناویراون‌و کۆمەڵێك لە مێژوونوسان لایان وایە نسطورییەکانی موصل کە ئێستە بەخۆیان ئەڵێن ئاشوری‌و فەلە یعقوبیەکان کە سەردەمیك پێیان دەوتن جوزقان بەرەسەن کوردن.

دەربارەی ئەو سەرنجەی مامۆستا جمیل رۆژبەیانی، لام وایە ئەمین زەکی وەکوو لەدوای ئەمە باسەکەی دەخەینە پێش چاو، بەخۆڕایی نەیوتووە ئەو ووشەی (ملکان)ی کە میرەکانی حسن کێفی پێ ناسراوبوون مانای پادشا دەگرێتەوە وەکوو رۆژبەیانی لە پەراوێزی لاپەرە/٣٢٦ی چاپەکەی هەژاردا باسی کردووە، ئەو ئەمیرە ئەیوبیانەی لە دواییدا لە ئەمارەتی حسنکێفدا فەرمانڕەوا بوون‌و بە ملك ناویان هاتووە کەلە شرفنامەدا هەموو فەرمانڕەواکانی حسنکێفدا بە ملك ناویراون‌و وەکوو ملك طلب،ملك حوسین، ملك سولیمان ملك محمد، ملك سولتان‌و ئەرمەنیەکانیش بە سەرکردەکانی خۆیان ووتووە ملك کە نازناوێکی بەڕێوەبەری کاروباری ئیداری‌و سوپایی بووەو نازناوی ئاینی نەبوە.

ئەمین زەکی لە لاپەرە/٣٧٢ی بەرگی دوهەمی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣٢ فەرمانڕەوایانی ئەم ئەمارەتەی بردوتەوە سەر نەوەی ئەیوبیەکان‌و وتوویەتی یەکەم حاکمێکی ئەم بنەماڵەیە (ملك سبحان) بووە کەلە زەمانی جەنگیزیەکانا بووە بە مەلك‌و بەوپێیە دەبێ ساڵی ٧٣٦ی کۆچی ئەو ساڵە بوبێ کە ئەو ئەمارەتەی تیادا دروستکراوە.

پێوەندی نێوان ملك محمدی کوڕی ملك سلیمان لەگەڵ مغۆلیەکان‌و ئێرانیەکانیشدا بە دۆستایەتی براوەتە سەرو لەکاتی تەیموریەکانا ملك ئەشرەفی کوڕەزای، ملك محمد کوڕی سلیمان حاکم بووەو لەشاری ماردیندا چاوی بە تیموری لەنگ کەوتووەو دڵسوزی خۆی بۆ دەربڕیوەو پاش خوشی (ملك خلف — ئەبو سفین)ی کوڕی ملك خلیل کە مرۆڤێکی زۆر لێهاتوو ئازاو بەجەرگ بووە توانیبووی بەرگری لە هێرشی (ئاق قونیلو)ەکان بگرێت بۆ ئەوەی قەلای حسنکێف دا گیرنەکەن بەڵام یەکێك لە سەرکردەکانی ملك خلیل خیانەتی لێ

کردووەو قەڵاکە داگیر کراوەو بوتە هۆی نەمانی دەسەڵاتی ئەیوبییەکان بۆ ماوەیەك.

پاش ئەوەی ئاق قوێنیلوەکان لەناو خۆیانا تێکچوون (ملك خلیل) کە کاتی خۆی زگاری بوبوو چوبووە شاری (حماه) ئەوەی بەهەل زانیو گەڕایەوە بۆ کوردستانو (سعرد ــ سعرت)ی داگیرکردووەو قەڵای حسنکێفی گرتەوەو سەرلەنوێ ئەمارەتەکەی بووژانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ملك خلیل پێوەندی لەگەڵ شاە ئیسماعیل صفویدا باش بووە بەڵام ئەو دۆستایەتیە بەکەڵکی نەهاتووەو شاە ئیسماعیل گرتوویەتیو لە بەندیخانەی تەورێزدا تا دوای شەڕی چاڵدێران ماوەتەوەو ئەوسا گەڕاوەتەوە بۆ ئەمارەتەکەی خۆیو سوڵتان سلیمی عوسمانی گرتیە خۆیو پاراستیو بۆ ماوەیەك ئەم ئەمارەتە لەلایەن ئەوەکانی خۆیدا مایەوە تا ئەو کاتەی عوسمانیەکان ئەم ئەمارەتەشیان وەکوو ئەمارەتەکانی تر کورد لەناوبرد.

منذر الموصلی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٥ لە لاپەڕە/٢٠٧دا لەباسی ئەم ئەمارەتەدا وەکوو سەرچاوەکانی تر وتوویەتی فەرمانڕەواکانی لە ئەوەی ئەیوبیەکان بوون کە ئەمارەتەکەیان لەناوچەی (سعرد ــ سعرت)دا لەنێوانی دیاربکرو جزیرەی أبن عمردا بووەو لە ساڵی ٨٠٠/ی پێش زایندا لە زەمانی ڕۆمانیەکانا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوەو دوای ئەوەش لەزەمانی ساسانیەکانو حمدانیەکانو مروانیەکانیشدا بایەخێکی زۆری هەبوە. لەزەمانی (تورانشاه)دا سلچوقیەکانی ڕۆم شاری (ئامد)یا داگیرکردو دوای ئەوانیش تاتارەکانو مەغۆلەکان یەك لەدوای یەك دەستیان بەسەردا گرتوە.

لەساڵی ١٤١١/ی زاندا (ئوزون حسن)کەلە ئاق قوێنیلوەکان بووە حسنکێفی داگیرکردووەو لەدوای بیست ساڵ دوبارە ئەیوبیەکان دەستیان گرتەوە بەسەر ئەمارەتەکەدلو لەکۆتاییدا کە عوسمانیەکان بوون بە دەسەڵاتدار ئەم ئەمارەتەشیان لەناو برد کە ئەم ئەمارەتە تاقە ئەمارەتێکی کوردی بووە کە ئەیوبیەکان لەناو خاکی کوردستانا دایان مەزراندبوو.

بێجگە لەو ئەمارەتانە سەرچاوەکان بەکورتی باسی چەند سەرچاوەیەکی تریان کردووەو ئێمەش لێرەدا کورتەی هەندێك لەو ئەمارەتانە باس دەکەین.

أ ــ ئەمارەتی سلێمانی

(کەلەشرفنامەدا لە لاپەڕە/٤٧٢دا بەسلیمانی ناوی هێناوە بەلآم لە کتێبەکەی منذر الموصلی لە لاپەڕە/٢٠٨ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٥بە (سلیڤانی)ناوی هێناوە کە وتوویەتی دامەزرێنەرەکەی (مروان کوڕی محمد الحجدی)بووە لە ناوچەی (قولب) لە ریزی عەشایری (بانوکی ـ بانەکی) لە ویلایەتی بدلیسدا.

لە شرفنامەدا وتوویەتی مروان لە سەرەتای ساڵی ١٢٧ی کۆچیدا بەرامبەر بە ٧٤٤/ی زایین بووە بە پادشاوچووەتە سەرتەخت بەلآم لەدوای پێنج ساڵ (عباسی سفاحی) لێ ڕاپەڕیوەو ناچاری کردووە ڕوویکاتە میصرو لەوێش وازیان لێ نەهێناوەو ساڵی ١٣٢ی کۆچی کوشتویانەو دوو کوڕی هەبوە (عبداللەو عبیداللە) بەپێی شرفنامە هەردوکیان پەرەوازە بوون.

ب ــ ئەمارەت و بنەماڵەی مەحمودی

بەپێی لاپەڕە/٥٥٧ی شرفنامە فەرمانبەرانی هۆزی محمودی سەری ئەوسەریان دەگاتە پادشایانی مروانیو هەندێکیش دەڵێن لەگەڵ میرانی جزیرەدا پس مام بوون، کە دامەزرێنەرەکەی (شێخ مەحمود)بووە کەلە شامەوە یالە جزیرەوە لە زەمانی قرەقۆنیلودا لەلایەن (قرەیوسف)ی تورکمانی جێی صفریو خزمەکانی لە ئازربایجاندا کردۆتەوەو لە دواییدا (ئاشوت)و (خوشاب)ی بە میرایەتی داوەتیو نازناوی مەحمودی لە هۆزەکەی ناوە.

بەلآم هەروەکوو ئەمین زەکی ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (دوکتۆر فریچ)کردووە، دامەزرێنەری ئەمارەتەکەی بە (بهلول بگ)ی سلیمانی ــ سلیڤانی داناوە کەلە نەوەی مروانی کوڕی محمدی دوا خلیفەی ئەمویەکان بووە کە ئەمە لەگەڵ ئەوەی شرفنامەدا یەك ناگرێتەوە.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە/٣٨٢وتوویەتی دوای شێخ محمود ئەمیر حەسەنی کوڕی پەرەی بە ئەمارەتەکە داوەو ساتێك شەر لە نێوانی ئەمیر حسنو (عزالدین شیری هەکاری)دا ڕوویدا میری بدلیس بوو بە لایەنگری عزالدین شێرو لەو شەڕەی ڕوویدا لەسەر ڕوباری (خوشاب)میر حەسەن کوژراو ئەمارەتەکەی بوو بە دوویەشەوەو پاش ئەوەبوو بەسێ بەشەوەو درێژەی کێشا هەتا ناوەڕاستی زەمانی عوسمانیەکان.

بەناوبانگ بووەو بەرامبەر بەو ئازایەتیەی شاە ئیسماعیل شاری (خنس)و (ملازکرد)ی پێ بەخشیوە لەگەڵ ناوچەکانی (ئوخنکان ــ وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی محمد علی عونی لە پەراوێزی لاپەڕە/٣٧١دا وتوویەتی : ئەو ناوە بە (ئوحکان موش....و هەندێجار ئوجکان موش ناوی هاتووە لە چاپە جۆربەجۆرەکانی شرفنامەدا)، بەڵام لەدواییدا شاە ئیسماعیل هەلگەڕایەوەو بانگەوازی سەربەخۆی خۆی بلاوکردەوەو پەنای بردە بەر (سوڵتان سلیم یاوز ـ ی عوسمانی) بەڵام لەویش هەلگەڕایەوەو ئەویش گرتیو کوشتیو لەزەمانی (قلیج)بەگدا هەندێ لەم عەشیرەتە چوونە ناوچەکانی عەشیرەتی (دومبلی)و تێکەڵ بەوان بوونو بەو جۆرە هەموویان چونە ژێر سایەی عوسمانیەوە.

هـ - ئەمارەتی (مردوسی) - کەبە (مرداسیوە یابە مرد سیس)یش ناسراوبوون

شرفخانی بدلیس لە لاپەڕە/٢٥٩دا لە باسی ئەو ئەمارەتەدا وتوویەتی دامەزرێنەرەکەی (پیر میر نصور)بووە کەلە پێشدا لەهەکاری ژیاوەو لەوێوە روویکردۆتە (ئەگیل)و لە گوندی (پیران)دا ژیاوەودەروێشو مریدێکی زۆر لەدەوری کۆبوونەتەوەو لەدوای خۆی (پیرموسی)ی کوڕی جێگەی گرتەوەو لەکۆتایی ئەو باسەدا وتراوە: (پیر بدر) کە قەلاو مەلبەندی خستبووە ژێر دەسەلاتی خۆیەوەو ماوەیەك فەرمانڕەوایی کرد، یەکێك لە پادشاکانی سلجوقی چاوی بڕیە ولاتەکەیو قەلای لەژێر دەستی دەرهێناو ناچاری کرد ئەو ناوچەیە بەجێبێلێت (مامۆستا رۆژبەیانی لەپەراوێزی لاپەڕە/٣٦٢ی وەرگێڕاوەکەی هەژاردا وتوویەتی رەنگە ئەو پادشا سلجوقیە (تەتش کوڕی ئەلپ ئەرسلان) بوو‌بێت کەلە ساڵی ٤٧٨ ــ ٤٨٨دا پادشایەتی کردووە).

ئەمین زەکیو منذر الموصلی هەردوکیان لەباسی ئەو ئەمارەتەدا ئاماژەیان بۆ شرفنامە کردووەو ئەمین زەکی وتوویەتی (پیر بدر)ناچار بوو روویکردە (میافارقین)و ساتێك ئەلپ ئارسلان پەلاماری (میافارقین)یدا پیر بدر لەو شەڕەدا کوژراو دوای ئەو (بولدق)ی کوڕی پیر بدر بناغەی بنەماڵەی (ئەکبیل)ی دامەزران کە دوو بنەماڵەی لێبووەوەکە بریتی بوون لە (پالو)و (چرمیك - چیرمیك - چرموق)و هەموویان لە زەمانی شاە ئیسماعیلی صفویدا چونە پاڵ عوسمانیەکان.

بەشی حەوتەم

ڕۆڵی ئیدریسی بدلیسی لە بەستنی ئەمارەتەکانی کورد بە دەوڵەتی عوسمانیەوە

لە باسەکانی پێشودا لەوە دواین چۆن ئەمارەتـەکانی کـورد کەوتبوونـە ژێر گێروگازی دوو دەوڵەتی دژ بەیەك‌و زۆرجارمیرو سەرکردەکانی ئەو ئەمارەتانە بـۆ سوودی خۆیان لایەنگرێتیان لەگەڵ ئەو دوو دەوڵەتەدا جێ گۆڕکی‌یان کردووە تا ئەوکاتەی هەتا ڕادەیەك هەڵوێستی هەردولا بۆ هەندێ لەسـەرۆك عەشیرەتەکانی کورد ڕوون بووەوە دوای ئەو ڕەفتارەی صفوی‌یـەکان لەگـەڵیانا دەیکرد وەکوو لەباسی کێشـەی نێوان صـفوی‌و عوسمـانیدا باسـکراوە، ئیـتر ئەوسـا لەرێگـەی ئیدریسـی بدلیسـیەوە ئەمارەتـەکانی بـاکوری کوردسـتان چوونــەپاڵ دەوڵــەتی عوسمانی‌و بوون بە وابەستەی ئەو کە هـەردولایان سـونی بـوون‌و بەئاشـکرا دژی شیعەیەتی صفوی‌یەکان بوون.

دەربـارەی بەسـتنی ئەمارەتـەکان بــە دەوڵــەتی عوسمانیــەوە لــە ڕێگــەی ئیدریسـی بدلیسـیەوە گـەلێك سـەرچاوە باسـیانکردووە ئێمــەش لـێرەدا هــەوڵ ئەدەین کورتەیەکی ئەو سەرچاوانە پێشکەش بکەین.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە/٧ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣٢ئاماژەی بۆ (سـلیم نامـە)ی مـەلا ئیدریسـی بدلیسـی کـردووە کەلـەو کتێبـەیدا باسـی تەقەلاکانی خۆی کـرد وەبـۆ بەسـتنی ئەمارەتـەکانی کـورد بـە عوسمانیـەوە کـە وتوویەتی:

((لـەدوای ئـەوەی لـە شـەڕی داگـیر کردنــی تـەوریز بوینـەوە (مەبەسـت داگیرکردنی لەلایەن عوسمانیەکانەوە)، سوڵتان سـەلیمی یەکـەم (کەبـە سوڵتان

یاوزی دڵرەق بەناوبانگ بووە)فەرمانی پێدام هەوڵبدەم هەموو ئەمیرەکانی کورد لەناوچەکانی ورمیەو شنۆو دیاریکر هەتا دەگاتە ملاطیە هەموویان والیٚ بکەم قایل بن بچنە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیەوەو بەپێی ڕێکەوتن بەڵێنو پەیمانو مەرجی ئاینی ئیسلام دڵی هەموو لایەکیان رابگرێتو دەسەڵاتی کاروباری ناوخۆیان بەدەست خۆیانەوە بێ)).

محمد علي عوني، وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی بۆ عەرەبی، لەپەراوێزی لاپەڕە/٧دا وتوویەتی ئەو سلیم نامەیە هی ئیدریسی بدلیسی نەبوە بەڵکو هی محمد أبو فضلی کوڕی ئیدریسی بدلیسی بووەو محمد أبو الفضل ئەو سلیم نامەیەی بۆیە نوسیوە بۆ ئەوەی بیلکێنێ بە کتێبەکەی باوکیەوە کەناوی (هەشت بەهەشت)بووەو ئێستە دەسخەتێکی فارسی ئەو کتێبە لە (دار الكتب المصرية)دا هەڵگیراوە.

ئەمین زەکی پاش ئەوە لە لاپەڕە/١٦٣بەدواوە چوتە سەر باسێکی چۆنێتی بەستنی ئەمارەتەکانی کورد بە دەوڵەتی عوسمانیەوەو وتوویەتی ((صفوییەکان تەقەلایەکی زۆریان دا بۆ لەناوبردنی هەموو ئەمارەتەکانی کورد بۆ ئەوەی هەموویان راستەخۆ بخرێنە ژێر دەسەڵاتی قزڵباشە شیعەکانەوە، بەڵام عوسمانیەکان بە پێچەوانەی صفوییەکان بەهۆی هەوڵو کوششی ئیدریسی بدلیسیەوە توانییان کارێکی وا بکرێ دڵی کوردەکان ڕابگیرێو کوردەکانیان بەلای خۆیانا داشکانو بوون بەلایەنگری عوسمانیو ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی سوڵتان سلیمی عوسمانی لەو شەڕەدا ئیدریسی بدلیسی نارد بۆ لای هەموو عەشیرەتەکانی کورد بۆ ئەوەی پەکیان بخاو بە شێوەیەکی یەککرتوو دژی شاە ئیسماعیل ڕاپەڕینو شەڕ بکەنو لەدوای شەڕی چالدێران خەڵکی دیاریکر ئاڵای شۆڕشیان دژی صفویەکان بەرزکردەوەو نوێنەری شای ئێران لەوێ کە (محمدخان ئوستاجلو) بوو دەرکراو بانگەوازی دڵسۆزیی خۆیان بۆ دەوڵەتی عوسمانی دەربڕی. ئیدریسی بدلیسی کە خۆی ئەمیری بدلیس بوو ئاڵای دەوڵەتی عوسمانیی بەسەر قەڵاکانی ئەمارەتەکەیدا هەڵکردو (خالد بەگ)ی برای محمد خانی ئوستاجلو کەلەلایەن عەجەمەکانەوە کرابوو بەمیری وڵاتەکە ئەویشیان دەرکردو لەولاشەوە (ملك خليل)کە میراتگری ئەمارەتی (حسن كێف)و

(سعرد)بوو له بنەچـەی ئەیوبیـەکان بـوو ولاّتەکـەی خـۆی لـەدەس عەجەمـەکان رزگار کرد، هەروەها محمد بـەگی ئـەمیری (سامسـون ناوچـەی هـەزن ــ ئـەرزنی دیاربکری کەوتەوە دەستو سەید ئەحمەد بەگی زرقی بە یارمەتی دانـی خـەلّکی دیاربکر توانـی هـەردوو شـاری (ئاتـاق ــ عتـاق)و (میـا فـارقین) بخاتـەوە ژێـر دەسـەلاّتی خۆیو قاسم بـەگ قـەلاّی (گیـل)ی داگیرکردەوەو (جمشـید بـەگی مردیسـی) شاری (پـالو)ی بـەناوی سـولّتان سـلیمی عوسمانیـەوە داگـیر کـردو (بەختی بەگ) توانی سەرکردەی هـێزی ئێرانیـەکانو ئەوانـەی لەگـەلّیا بـوون لـە جزیرەی ابن عمر دەریان بکا. ئەمین زەکی لەباسەکەیدا لەسـەری ئـەڕواو ئـەلّێ: ساتێك ئیدریسی بدلیسی لەسەر داخوازیـی سولّتان دەچێت بۆ (حسـن کیـف)، لەوێ نامەیەکی پێ ئەگاو لەو نامەیەدا ئاگاداری دەکا ئەوا هێزێك بەسەرکردایەتی (محمد پاشای بیقلی - محمد پاشـای سمێـلّ زل) بەرێگەوەیـەو دەگاتـە دیاربکر (کەوا دیاره شـارەکە ئابلّوقـە درابـوو)و ئـەویش ئـەو هەوالّـەی سولّتان بـە بـالّی کوترێکدا ئەنێرێ بۆ ئابلّووقـە دراوەکـانو بـە گەیشـتنی ئـەوە هـێزو تینیـان تـێ دەکەوێو زۆری پێ ناچێ لەشـکرێکی دە هەزارکەسـی بـە سـەرکردایەتی (قاسـم بەگو جمشید بەگو حسین بەگ)کە هەموویان لە میرەکانی کورد بوون پەلاماری هێزەکەی ئێران ئەدەن کەبـە سـەرکردایەتی (قوربیـك)بـوو، لەشـکرەکەی ئـێران دەشکێو ئەو هـێزەی ئـێرانیش کەبـە سـەرکردایەتی (قرەخـان) لـە دەورویـەری دیاربکردا بوو دەشکێو ڕوودەکاتـە مـاردینو بـەیانێك ــ نامەیـەك کەبـە ئایـەتی قورئانو حدیثی پێغەمبەر ڕازێنرابووەوە لـە سـەر پێشـنیازی ئیدریسـی بدلیسـی نێررا بۆ خەلّکی ماردین کە شتێکی زۆر کاریگەربوو، ماردینیەکان نوێنەری خۆیان کە (سید علی) بوو ناردیان بۆ لای ئیدریسی بدلیسیو داوای لێ خوشـبوونی کـرد بۆ خـەلّکی شـارەکەو بـەوجۆرە دەرگـای (مـاردین) کرایـەوەو (قرەخـان) بـەرەو سناجار رایکردو بەوجۆرە هـەموو ناوچـەکانی کوردسـتان کەوتـە ژێـر دەسـەلاّتی عوسمانیەوە.

پاش ئەوەی بدلیسی کاروباری کوردستانی ڕێکخسـتن، بەدەسـتی خـۆی ئـەو تـەپلّو ئالاّیانـەی لەلایـەن سـولّتانەوە بـۆی هـاتبوو هـەمووی دابەشـکرد بەسـەر

ملوكو ئەميرەكانى كوردا كـە (ملـك خليـل)دواكەس بـوو لـە كورەزاكـانى صـلاح الدينى ئەيوبى ئەو خەلاتو ديارى يەى سولتانى پىٚ بەخشرابوو.

ئەمين زەكى لەباسەكەيدا لەو دياريانە دواوە كە سولتان ناردبووى بۆ بدليسى كە بريتى بووە لـە (٢٥هـەزار دۆقـە ئالتون) لەگـە (١٧ئـالا ــ كـە ديـارە ئـالاًى عوسمـانى بـووە)و (٥٠٠خلعـە)، (كـە ديـارە لـەوجۆرە جبانـە بـووە كـــە پيـاوە ئاينيەكانى ئەو سەردەمە لەبەريانكردووە) بۆ ئەوەى دابەش بكرێن بەســەر ميرو پياوە ئاينيەكانى ناو ئەمارەتەكانى كورد).

دەربارەى ئەو ديارييانەى سولتانى عوسمانى ناردبوى بـۆ ئيدريسـى بدليسـى، دوكتۆر جمال نەبەز لە لاپەڕە/٨١ى كتێبەكەيدا سەرچاوە/٣١وەلە پەراوێزى ئەو لاپەڕەيەدا وتوويەتى سولتان سليمى تورك بە بەرتيلو دەم چـەور كـردن واى لـە زاناى كورد ئيدريسى بدليسى كرد هەموو مير نشينەكانى كورد هان بدا لە دەورى ئيمپراتۆرێتى عوسمانى خڕيبنەوەو پشتگيرى لىٚ بكـەنو ئـەو بەرتيلـەى سـولتان سەليم دابووى بە ئيدريسـى بدليسى لـەو نامەيـەدا دەردەكـەوىٚ كـە دەقەكـەى بـەتوركى لـە كتێبەكـەى تـاج التواريخـى خواجـا سـعدالدين، جلـدى دوهـەم لـە لاپەڕە/٣٢٢دا چاپى ئەستەمبولٚ سالى ١٢٧٩ى كۆچى بەرامبەر ١٨٦٢ى زايين دا باس كراوە.

ئەوەى شايانى باسە، محمد على عونى وەرگێڕى كتێبەكەى ئەمين زەكى لـە لاپەڕەكانى١٧٤و١٧٥ى بەرگى يەكەمى كتيبەكەدا ئەو نامە توركيەى كردووە بە عەرەبىو لەو پەراوێزەى محمد علـى عونيـدا دەردەكـەوىٚ كـە نامەكـەى سـولتان سەليم لە شـارى (ئەدرنـە)وە لـە رۆژى ناوەڕاستى مـانگى شـوال سـالى ٩٢١/ى كۆچى بەرامبــەر بـە سـەرەتايى سـالى ١٥١٥ى زايـين نوسـراوە كـە سـالێك دواى شەڕى چالدێران بووە.(لەباسى هەلسەنگاندنى ئـەوكارەى ئيدريسـى بدليسـى لـە كۆتـايى ئـەم باسـەدا دوبـارە دەچينـەوە سـەر ئـەو رەخنانـەى لـەو روەوە لـە ئيدريسى بدليسى گيراوە).

دەربـارەى ئـەو ڕێكەوتنـەى سـولتان سـليمى عوسمــانىو ميرەكـانى كـورد لەرێگەى ئيدريسى بدليسيەوە سريا بدرخان لە كتێبەكـەيدا سـەرچاوە/٧٩باسـى هۆى ئەو ڕێكەوتنەو مادەكانى ئەو ڕێكەوتنەى بەم جۆرە باسى كردووە.

(لەساڵی ١٥١٤دا سوڵتان سەلیمی بەتواناو بەهێز چوویەگژ شاه ئیسماعیلداو ئەو ڕێبازەی کە ئەبوایە هێزەکانی عوسمانی پیایا بڕۆشتایە بەرەو هێزی ئێرانیەکان دەبوایە بەناو خاکی نیوە سەربەخۆو بەهێزی کوردا تێپەڕی بکردایەو لەم بارودۆخەدا شتێکی ئاسان نەبوو بۆ کوردی بێ لایەن بێ‌و یا دەبوایە لایەنگری عوسمانی سونە بێ کە کوردیش سونی بوو یا دەبوایە ببێت بە لایەنگری ئێرانی شیعە بێ‌و لەئەنجامدا بوو بەهاوکاری عوسمانی‌و لەدوای سەرکەوتنی هێزی تورک‌و گەڕانەوەی بەناو خاکی کوردستاندا، کوردەکان بەوپەڕی دەس بلاوی‌و خواردەمیەوە پێشوازیان لەو هێزە کردو چوون بە پیریەوەو خلیفەی عوسمانیش بەرامبەر بەوە بەڵێنی‌دا بە کوردەکان پاڵ پشتیان بێ‌و ڕیزیان لێ بگرێ‌و سەربەخۆییان بهێڵێتەوە لەناو خاکی خۆیدلو کوردیش بەرامبەر بەو بەڵێنانە ڕێزیان لەو سوڵتانە گرت لە ڕووی سوپایی‌و سیاسیەوە.

بەوجۆرە لەساڵی ١٥١٤دا لەنێوان (٢٣) ئەمارەتی کوردو حکومەتی تورکدا پەیمانێك بەسرا کە ناوەڕۆکی ئەو پەیمانە لەلایەن ئیدریسی بدلیسیەوە وەکوو خوارەوە ئامادە کرابوو:

١ ـ ئەو هەموو ئەمارەتە کوردانەی ئەو پەیمانەیان مۆرکردووە سەربەخۆییان دەپارێزرێ.

٢ ـ هەموو ئەمیرێك لە ئەمارەتەکەی خۆیدا بە (وراثی ـ پشتاو پشت) دەبێ بە میر ومیا بە پێی یاسا دەکرێ بە ئەمیرو سوڵتانیش ئەو میرە تازەیە قبوڵ دەکا کە دەچێتە جێگەی میرەکەی پێشوو.

٣ ـ کورد بەشدارو هاوکاری هێزەکانی عوسمانی دەبێت لە شەڕەکانیا.

٤ ـ حکومەتی تورك ئەمارەتەکان دەپارێزێت ئەگەر هێزێکی بێگانە دەستدرێژی کردە سەریان.

٥ ـ میرەکانی کورد لەوباجەی (زەکاتی ساڵانەیە بە پێی ئاین) کە دەستیان دەکەوێ، هەموو ساڵێك هەروەکوو دیاری هەندێکی دەنێرن بۆ خەزێنەی خەلیفە.

هەروەکوو ئەمین زەکی لە لاپەڕە/١٧٣ی کتێبەکەیدا، سەرچاوە/٣٢ باسی کردووە، پاش ماوەیەك تورکەکان دەستیان خستە ناو کاروباری ناوخۆی ئەو ئەمارەتانەو ولایەتی دیاریکر کرا بە (١٩)سنجاق کە (١١)سنجاقیان یەکسەر

خرانە ژێر ئیدارەی تورکەوەو (٨)یان بە سەربەخۆیی مانەوە کە بریتی بوون لـە: صمغان، قولب، مهرانیە، ترجیل، ئاتاق، پرنگ، چیاتچور، چرمیك.

بێجگە لـەو ئەمارەتانـە، لـەو ویلایەتـەدا پێنـج حکومـەت هەیـە کـە یەکسـەر بەسرابوون بە سوڵتانەوە کە بریتی بوون لە: ئـەگیل، پـالو، جزیـرەی أبـن عمـر، حازو، گنج‌و بە پێی ریوایەتی کتێبی (جهان نما) دوو حکومـەتی تریـش خرایـە سەر ئەوانە کە بریتی بوون لـە حکومـەتی (خـابور)و (مالشـکرد)، سـەرۆکی ئـەو حکومەتانە لەپلەی (میری مـیران) دەژمـێران‌و لـەڕووی بـەڕێوە بردنـی کاروبـاری ناوخۆوە تەواو سەربەخۆ بوون.

بێجگە لەو دابەشبوونەی دیاریکر ولایەتی (وان)یش کرابە (٣٧)سنجاق‌و چوار حکومەتی تیادا بووە یەکسەر بەسرابوونەوە بە سوڵتان کە ئـەو چـوار حکومەتـە بریتی بوون لە:

١ ـ حکومەتی هکاری : هـێزێکی سـەربـازیی دوو هـەزار کەسـی هەمیشـەیی هـەبوو لەکاتی شەڕدا دەتوانرا ئەو ژمارەیە بگەیەنرێ بە (٥٠) هەزار شەڕکەر.

٢ ـ حکومەتی بدلیس ـ هێزەکەی ئەمیش وەکوو ئەوەی هەکاری وابووە.

٣ ـ حکومەتی محمـودی ـ لـە رۆژهـەلاتی (وان)دابـووە، نزیـك (١٢٠) عەشـیرەتی کوردی تیادا بووە کەبە هەموویان دەیانتوانی هێزێکی شەش هەزار کەسی پێـك بێنن.

٤ ـ حکومەتی (پنیانش) بە تەنیشت حکومەتی محمودیەوە بووەو هێزێکی شـەش هەزار کەسی هەبوە.

لـە لاپـەڕە/٢٢٤ی سـەرچاوە/٢٤دا ـــکورد لای گردلێڤسـکی، دوکتـۆر کـمـال مەزهـەر باسـی چۆنێتـی بەشـداریوونی ئیدریسـی بدلیسـی کـردووە لـە دژی صفویەکان‌و ئەوانەی سەریەوبوون‌و لەوە دواوە چۆن زۆر بە ڕەقی‌و بێ بەزەییانە کـاری کـردووە بـۆ سـوودی سـوڵتانی عوسمـانی، بەتایبـەتی لـەو شـەڕەدا دژی (قزلباش)ەکان کراوە لەناوچەی (ماردین)داو بەپێی فـەرمانی ئیدریسـی بدلیسـی هـەرچی کـلاوو سـەرپێچی قزلباشـە کوژراوەکانیـان کۆکـردەوەو چـاڵێکی قـەراغ شاریان پێ پڕکردۆتەوە.

گردلێڤسکی لەو باسەیدا ڕەخنەیەکی توندوتیژی لە ئیدریسی بدلیسی گرتـوە بەرامبەر بەو ڕەفتارەی‌و وتوویەتی:

((پێم وایە ئەوکارەی ملا ئیدریس کردارێکی سـەیری ئەوتۆبووە پیاو نـازانێ چۆنـی لێك بداتـەوەو بـەراوردی بکـا لەگـەڵ باوکیـا کـە گۆڕەکـەی لـە بدلیســەو هەروەکوو بۆیان گێڕاومەتەوە حسام الدین بـاوکی مـەلا ئیدریس زۆر بیر تەسـك نەبوە بـەڵکو پیـاوێکی ئـاینداری کـراوە بـووەو کـە قورئـانی لێك دلوەتـەوە لای وابووە موسـوڵمان‌و عیسـایی هـەروەکوو یـەك دەچنـە بەهەشتەوەو بـاوەڕی بـە بوونی دۆزەخ بووەو وتوویەتی سزاو ئازاردان لە دۆزەخدا کارێکی کاتی دەبێ‌واتە بـەچاوی (ئـەعراف) سـەیری دۆزەخـی کـردووە)).(ئـەو ووشـەی ئەعرافـە کـە گردلێڤسکی ناوی هێناوە ووشەی (مطهر) یش دەگرێتەوەکە بەو شوێنە دەوتـرێ کە دەکەوێتە نێوان دۆزەخ‌و بەهەشتەوەو ووشەی ئـەعراف لـە قورئانیشـدا بـاس کراوە).

گردلێڤسکی لە هەڵسەنگاندنی بدلیسیدا وتوویەتی مـەلا ئیدریس هاوچـەرخی سوڵتان سلیمی یەکەم بووەو مێژوو نووسێکی ستایشکەر بووەو پیـاوی دەوڵـەت بووە، واتە پیاوێکی سیاسی بووە.

مـارتن ڤـان برونسـونیش لـە لاپـەڕە/ ٣٧٦ی لەکتێبەکـەیدا سـەرچاوە/٧٣ لەباسـی ئیدریسـی بدلیسـیدا وتوویـەتی سـەردەمێك سـکرتێری (یعقـوب)ی سەرکردەی (ئاق قونیلو) بووەو مێژوونوسێکی لێهاتوو دیپلۆماتیکی کارامە بووەو بە پێی سەرچاوەکان لـەوە ئـەچێ گـوێ ڕایـەڵی خزمـەتگوزاری سـوڵتان سـەلیم بووبێت‌و سوڵتان زانیوێتی بدلیسی شـارەزاییەکی تـەواوی هـەبوە لـە مەسـەلەی کوردا بۆیە ناردبوی بەشوێنیا داوای لێ کردبوو پشتیوانێتی کـوردی بـۆ مسـوگەر بکا.

ساتێك کوردەکان ئیدریسـیان نـارد بـۆلای سـوڵتان بـۆ ئـەوەی ئـەو میراتـەی لەباوو باپیریانەوە بۆیان مابووەوە بۆیان بسێنێتەوەو ساتێك سوڵتان لە ئیدریس دەپرسێ ئاخۆ لەناو ئەواندا کامیان شایەنی ئەوەن پلـەی سـەرکردێتی پـێ بـدرێ لەوەرامدا ئیدریس پێی دەڵێ هەموویان لەوانەن شـایەنی ئـەوەبن بـەلام هیچیـان ئامـادەنین سـەر بـۆ ئـەوی‌تر دانـەوێنێ‌و بـۆ ئـەوەی هـەموویان بەشـێوەیەکی

کارگەرانە لەگەلْ قزلْباشەکانا شەڕ بکەن باشترین شت ئەوەیە ئەو پلەو پایە بەکەسێکی خزمەتگوزاری ئەوتۆی تەختی سولْتانی بدرێ کە هەموو میرەکان گوێ ڕایەلْی فەرمانەکانی بن (یەعنی ئەوکەسە با لەکورد نەبێ)و لەئەنجامدا (بیغلو محمد) کرا بە (بەگلریەگ =میری میرانی کوردستان) هەروەکوو لە شرفنامەشدا باسکراوە، بەوجۆرە کوردە خێلْەکیە جەنگاوەرەکان بوون بەژێر دەستی (بیغلو) محمدو جنرالْە نێراوەکانی تری سولْتان لە (قووچ حەسار) دەستیان لە قزلْباشەکان وەشان‌و زۆریان لیْ کوشتن‌و زۆریشیان رایانکرد بۆ ئێران)).

ئەمین زەکی لە لاپەڕەکانی ١٧١ ــ ١٧٢ی کتێبەکەیدا باسی سەرگرتنی تەقەلاکەی بدلیسی کردووە هەرچەند کارەکەی لەگەلْ ئاواتی دوارۆژی کوردا یەکی نەگرتەوەو وتوویەتی :

((لەگەلْ ئەوەشدا سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد حەزیان بە سەربەستی‌و سەربەخۆیی دەکردو ئامادە بوون لەپێناوی خۆیان بەخت بکەن، بەلاْم ئەو هەموو ئارەزوو و خۆزگانە نەیگەیاندنە ئەوەی بیرلە پێکهێنانی ئیدارەیەکی یەکگرتووی مەرکەزی بکەنەوە کە هەمووی بەهۆی ئەو تەقەلایەی ئیدریسی بدلیسیەوە بو کە توانیبوی هەموویان والیْ بکاتو بیخاتە مێشکیانەوە کە بوونیان لەژێر ئالاْی عوسمانیدا لە هەموو شتێك باشترە بۆ دانیشتوانی کورد لەناوچەکانیانا.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە/١٧٨ی کتێبەکەیدا باسی باپیری شرفخانی نووسەری شەرەف نامەی کردووە کە چۆن بەهۆی ئەو بوختانانەوە بۆی هەلْبسترابوو، لەترسی سولْتان سلێمان خانی یەکەم پەنای بردبووە بەر(شاه طهماسب)و بەرامبەر بەوەی ئەو(ئولامە بگ تکەلو) کە پەنای بردبووە بەر ئێرانیەکان گەڕابووەوە بۆلای عوسمانیەکان‌و کرابوو بە(بەگلریگ ـــ میری میران) لە ئەمارەتی بدلیس‌و حسنکێف دلویەوجۆرە سولْتان سلێمان خان ئەو بڕیارەی هەلوەشانەوە کەلە زەمانی سولْتان سەلیمی یەکەمدا دەربارەی بدلیس‌و حسنکێف بڕیاری لەسەر دابوو، شرفخان لەڕقی ئەو پەنای بردبووە بەر ئێرانیەکان‌و چووبوو بەگژ (ئولامەبەگ)داو تەقەلایدا بچێتە ناوشاری بدلیسیەوە

بەلاّم تەقەلاکەی بێ سوود بوو شاە طهماسب بەخۆیو هێزێکی گەورەوە پەلاماری (وان)ی داو ئابلۆقەی شارەکەی داو صدری أعظمی عوسمانی دوجار هێزی برد بۆلابردنی ئەو گەمارۆدانە، بەلاّم هەردوو جارەکە شکاو لە پایزی ٩٤٠/ی کۆچیدا بەرامبەر بە ١٥٣٣ زایین ئیبراهیم پاشای صدری اعظم هێزێکی گەورەی ئامادە کردو لە بەهاری دوای ئەوە ڕووی کردە تەورێزو لە ڕێگایا بیستی شرفخان کوژراوەو (باپیری نوسەری شرفنامە) لەجیاتی ئەو (شمس الدین)ی کوڕی دانرابوو بۆ ئەمارەتەکەو سوپای عوسمانی لەدوای شەڕێکی خوێناوی لە مانگی محرمی ٩٤١/ی زایین ١٥٣٤ز چوە ناو شاری تەورێزەوە.

هەڵسەنگاندنی کارەکەی ئیدریسی بدلیسیو ئەنجامەکەی

دەربارەی بەستنی ئەمارەتەکانی کورد بە دەوڵەتی عوسمانیەوە چەند سەرنجێك دێنە بەرچاو کەئەمەی خوارەوە بەشێکە لەو سەرنجانە

١ ــ ڕاستە ئەمارەتەکانی کورد زۆرجار کەوتبوونە ژێر بارو فشاری سلجوقیەکانو مەغۆلەکان، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا وەکوو سەرچاوەکان باسیان کردووە جۆرە سەربەخۆییەکی خۆیان هەبوەو زۆرجار باری ژیانی مرۆڤ لەناو ئەو ئەمارەتە کوردیانەدا لەناوچە تورك نشینەکان باشتربووەو ئەوکارەی ئیدریسی بدلیسی بە بەستنی ئەمارەتەکانی کورد بە دەوڵەتی عوسمانیەوە جۆرە شەرعیەتێکی دابوو بەعوسمانی کەلە دوارۆژدا بەئارەزووی خۆی لەگەڵ میری ئەمارەتەکانا رەفتار بکا کە هەندێ لە نوسەران لە ئەنجامی ئەمەدا بە ئیدریسی بدلیسان وتووە (ئیدریسی ئیبلیسی)و دەریش کەوت ئەو ڕێکەوتنەی لەرێگەی بدلیسیەوە کرا هەرلەسەرەتاوە گەرای ناپاکی تیادا بووەو زۆری پێنەچوە سوڵتانەکانی دوای سوڵتان سلیم بەگ لەدوای یەك ئەمارەتەکانی کوردیان هەڵوەشاندەوەو فەرمانڕەوای خۆیان نارد لەجیاتی میرەکانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی ئەو ئەمارەتانە.

سەیر ئەوەیە باپیری شرفخان یەکێك بووە لەوانەی کە کوژرابوو وەکوو ئەمین زەکی باسی کردبووە.

٢ ـ راستە هەڵوێستی صفوییەکان بەرامبەر بە کوردی سونی هەڵوێستێکی دوژمنانـە بـووەو هەرلـە سـەرەتاوە هـەوڵیان دابـوو ئەمارەتـەکانی کـورد هەڵوەشێننەوەو بەڕێوەبردنی کاری ناوچە کوردیەکان بسپێرن بە قزڵباشـەکانی سەریە خۆیان، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نـەدەبوو ئەمارەتـە کوردەکان لەرێگەی بدلیسیەوە سەرو مڕ خۆیان بخەنە ژێر باڵی دەوڵەتی عوسمانیەوە بەبێ ئـەوەی بیر لەوە بکەنەوە لەجیاتی ئەوە جۆرە هاوکاریەکو جۆرە ڕێکخستنێك ساز بکەن لەناو خۆیانا بۆ ئەوەی کێشێکی لێوەشاویان هەبێت بەرامبەر بە عوسمانیەکان.

٣ ـ گرنگترین پرسیار لەو ڕووەوە ئەوەیە ئایا بۆچی ئـەمیرەکانی کـورد لـەناو خۆیانا ئەگەر بەشێوەیەکی دەوریش بوبێت لەسەر ئەوە ڕێك نەکەوتون یەکێکی کارامە لەناو هەموویانا، وەیا بەنۆرە هـەرجارەی یـەکێکیان سـەرکردایەتی هـەموو لایـەکی بکردایەو لام وایـە ئیدریسـی بدلیسـی ئەگـەر ئـەو توانـاو لێهاتوویـیـەی لـەخۆیدا نـەیدیبێ، لام وایـە ئـەوەندە دەبـەنگو گـەمژە نـەبوە کـە نـەتوانێت میرەکانی کورد وەکوو چون رازی کردن بچنە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیەوە، بەزمانـە لووسـەکەی دەیتوانـی داوایـان لێ بکـات بـیر لـە دوارۆژی خۆیـانو میللەتەکەیان بکەنەوەو هەوڵبدەن دەزگایەکی تایبەتی دامەزرێنن بۆ ڕێکخسـتنی هەر کاروبـارێك کـە پـەیوەندی بـە هاوکاریکردنیانـەوە بووبـێو چارەسـەری هـەر کێشەیەك بکەن کە لەناو ئەمارەتەکانا لەناو خۆیانا پەیدا بێتو ڕێگـە نـەدەن بـە کاربەدەستانی عوسمانی زەفەریان پێ بباو لەناو خۆیانا تێکیان بداو بیانکا بەگژ یەکتردا وەکوو لە ڕاستیدا کردیانو سەریش کەوتن و توانیان ئەمارەتەکانی کورد بکـەن بـە دوژمنـی یـەکتریو لاوازیـان بکـەنو یـەك لـەدوای یـەك بناغەکـەیان هەڵتەکێنن.

سەرچاوە شارەزاکان زۆر بەوردی لـەو راستیە کۆڵیونەتـەوەو چونەتـە بنـجو بناوانی هۆی ئەو نەخۆشیەی وەکوو شێرپەنجە لەدێر زەمانەوە لە کورد کاریگەر بووەو نەتوانراوە ئەو دەمـارە بمرێنرێت کە وای لـە کـورد کـردووە کەسـیان بـە سەرکردایەتی کوردێکی تر قایل نەبێو ئامادەبێ لـەژێر سـایەی بێگانەیـەکدا بـێ نەك لەژێر دەسەڵاتی برایەکی کوردی خۆیدلو ئەگەر جاروبـار هـەلو دەرفـەت بۆ سـەرکردەیەکی لێ هـاتوی کـورد ڕەخسـابێ، زۆری پـێ نـەچوە گـەرای میکرۆبـی

رۆوکین‌و خۆ بەزل زانین کارێکی وای کردووە لە ناسکترین کاتی مێژوویدا بەهۆی خۆفرۆشی‌و خیانەتەوە ئەو هەلو دەرفەتە لەکیس چووە وەکوو لە ئەنجامی هەموو شۆڕشەکانی کوردا ئەم راستیەمان بۆ ئاشکرا بووە.

مامۆستا هەژار لە پێشەکیی وەرگێڕانەکەی شرفنامە بۆ کوردی سەرچاوە/٧٥ چەند سەرنجێکی کورتی خستۆتە پێش چاو دەربارەی ئیدریسی بدلیسی‌و بەستنی ئەمارەتەکان بە عوسمانیەوە وتوویەتی:

((ساتێك مامۆستاکەی سوڵتان موراد (مەبەستی سوڵتان سەلیمی عوسمانی بووە کە ئیدریسی بدلیسی لەگەڵیا رێك کەوتبوو ئەمارەتەکانی کورد بخرێتە ژێر سایەی عوسمانیەوە) دەیفەرموو نەتەوەی کورد لەیەك شتدا توانیویانە یەك بگرن کە بریتیە لەوەی هەموویان وەکوو یەك ئەڵێن أشهد أن لا آلاه الا اللـه، لام وایە ناشێ سوڵتان نەیزانیبێت خەتی خوار لەبن سەری پیرە گادایەو ئەنگوستی سوڵتان‌و کلکی بابو باپیرانیشی تیادا بووە... هەر ئەو سوڵتان سەلیمە وتوویەتی : ئەگەر مێش کێشەی دەناو کەوێ ئەوسا پیاو دەتوانێ تێر بخەوێ...

هەژار ئەڵێ : سوڵتان دەیزانی کەوڵی خەزو کیسەی پڕ لەپارە مامۆستا مەلا ئیدریسی بۆ تاو دەکاو لێی دەپاڕێتەوە تورکێك بکات بە میری میرانی کوردستان ئەوسا کوردەکان قزڵباشەکانی بۆ دەردەکەن لە کوردستاندا (مەبەستی بیغلو محمدە کە سوڵتان کردبووی بە میری میرانی کوردستان)، وادیارە مەلا ئیدریس لەوکاتەدا فلوریەکانی (دیارە پارەی ئەو رۆژانە بووە) خستبێتیە ناو کەوڵە خەزەکەیەوە فەرموویەتی :((بەرێکی من شیرین بار بێ.... با بەشی کورد ژەهری مار بێ))، ئەو مەلا ئیدریسەی هەموو کوردی هاوچەرخی خۆی بە پیاوێکی پیرونو پایەبەرزیان زانیوە، ئەگەر بە شیری کۆیلەیی پەروەردە نەکرابایەو تەنها هەر تۆزقاڵێك دەماری کوردایەتی تیادا بولیە کوردەکانی تێدەگەیان‌و پێی دەوتن: ئێوە عەجەم لە کوردستان دەرکەن‌و مەبنە تۆکەرو نان خۆری عوسمانی‌و وەرن با خاوەنی نیشتمانی خۆمان بین، ئەگەر خان بۆخان‌و بەگ بۆبەگ سەر ناچەمێنێ بامن (ئیدریسی بدلیس) کەیخوداو ریش سپیتان بم‌و بە کارتان رابگەم‌و دەرگاوانێکی کورد لە دەرگاوانێکی تورکو بێگانە باشترە......

بەڵام ئیدریسی بدلیس بەوجۆرەی نەکرد هەتا بزانین کوردەکانی ئەو رۆژە بەقسەیان دەکرد یاخود هەر گرنەیان لە تورکی دەرگاوان دەگرت؟!

بەرلە کۆتایی هێنان لەم هەڵسەنگاندنەی کارەکەی بدلیس جارێکی تر ئەو سەرنجەی ئەولیا چەلەبی دەکەم بە نموونەی ئەوەی کورد بەرلەوەی بچێتە ژێر سایەی عوسمانیەوە شادمانترو سەربەستترو دەسەڵاتدار بووە وەك لەوەی دوای چوونە ژێر سایەی عوسمانیەوە کە ئەولیا چلبی لە یاداشتەکانی گەشتەکەیدا وتوویەتی:

((میرنشینەکانی کورد بەرلەوەی بچنە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیەوە، هەریەکەیان لەڕووی گومرگو باج سەندنەوە دەوڵەتێکی راستی بوون، بۆیە پادشای تورکو خانەکانی عەجەمو کاربەدەستانو هەمە کارەکانیان ئەوەیان بۆ قووت نەدەچوو چاویان بەرایی نەدەهێنا میرەکانی کورد ببینن بە پێی دابو دەستووری کۆن باجو گومرگ لە بازرگانو قەڵەمچیەکانیان بسێنن)).

گەڕیدەیەکی تر (بیور) هەروەکوو لە لاپەڕە/١٥٤ی سەرچاوە/٢٣دا باسی کردووە کە لە نیوەی دوهەمی سەدەی هەژدەهەمدا بە کوردستانا گەڕاوە دەربارەی کوردی ئەو رۆژانە وتوویەتی:

((میرو سەروەرانی کورد لەم سەرو بەندەدا بەشێکی زۆر لە دەسەلاتو هێزو سەربەخۆییو کارامەییو لێهاتوویی خۆیان بە قازانجو سوودی پادشاکانی تورك لەدەست خۆیان دابوو پادشاکانی تورك لە چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیانو لە زۆردارێتیو ڕووتاندنەوەو چەوساندنەوەی دانیشتوانی ناوچەکانی ژێر دەستیان بەولاوە هیچ شتێکی تریان مەبەست نەبوە.

کوردستان ولاتێکی شاخاویی زۆر بە بەرهەمە، بەتایبەتی لە بەرهەمی مازوو و حەڵوادا (لام وایە مەبەستی گەزۆ بوویی)، هەموو ساڵێك ئەوەندە گەزۆی کوردستان دەنێررێت بۆ حلبو لەوێشەوە دەنێررێت بۆ ولاتانو دەکاتە ئەورووپاش کە پیاوی سەری لەو هەموو بەرهەمە سوڕ دەمێنێت جگەلە لۆکەو برنجو توتنو هەنجیرو بۆیاخ کەلە ڕەوگی داروەرەخت دەهێنرێتە بەرهەم لەگەڵ ئاوریشمو بنێشت کەلە بەرهەمە گرنگەکانی کوردستانن.

(بیور) له گەشتەکەیدا باسی هەڵویستی کاربەدەستانی تورکی کردووە لە تێکدانی ناوچە کوردییەکان‌و تێکدانی کوردەکان لەناو خۆیاناو وتوویەتی:

بنەماڵەی جزیرە هەمیشە لەناو خۆیاندا لەسەر دەسەڵاتدارێتی شیرو تیر لەیەکتر دەسوون‌و لەگەڵ یەکتردا ناڕێکن‌و پادشای تورکیش کامیان چەورتر بوایە لەدانی باج‌و خەراج‌و ناردنی دیاری لەسەر ئەولایەی دەکردەوەو هەمیشە دەی کردن بەگژ یەکترداو هەمیشە تۆوی دوبەرەکی لەنێوان بنەماڵەکانی کوردو لەنێوان کوردە رەوەندو کۆچەریەکانیشدا دەچاند.

بەشی هەشتەم

هەڵوەشانەوەی ئەمارەتەکانی باکووری کوردستان

لەبەشی چۆنێتی بەستنی ئەمارەتەکانی کورد بە دەوڵەتی عوسمانیەوەو ئەو ڕێکەوتنەی لەنێوان میری ئەمارەتەکانی کوردو عوسمانیدا مۆرکرا،میرە کوردەکان بێ ئەوەی هیچ سەرپێچیەك بکەن بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی هەموو مەرجەکانی ئەو ڕێکەوتنەیان بەجێهیناو باجو دیاری خۆیان دەنارد بۆ سوڵتانی عوسمانیو لە شەڕەکانی عوسمانیدا بەشداریونو هێزی تایبەتی خۆیان ناردوە، بەڵام تورکەکانی عوسمانی بەپێچەوانەی ئەو هەڵوێستەی کورد، لەجیاتی ئەوەی کورد بپارێزن لە دەستدرێژی کردنی بێگانە کەچی خۆیان بون بە دەسدرێژیکەرو تێکدانی ئەمارەتەکانی کورد.

لەو روەوە گۆڤاری (The Kurds) سەرچاوە ١ باسی ئەوەی کردوە کە لەگەڵ ئەوەدا کورد لەڕوی کەڵچەرەوەو بەهۆی ئەوەی زمانەکەیان لە زمانی فارسیەوە نزیك بوەو زوریەی نوسینەکانیان بە فارسی نوسیوە (بۆ نمونەی ئەمە نوسینی شرفنامە بەفارسی بەڵگەیەکی تەواوە بۆ ئەو بۆچوونەی ئەم گۆڤارە)، کەچی کورد لایەنگری صەفویەکان نەبوە بەڵکو چارەنووسی خۆی بەستەوە بە تورکەکانی عوسمانیەوە، بەڵام عوسمانیەکان لەوە ترسابوون کوردەکانیش وەکو میللەتە ڕاپەڕیوەکانی باڵقان داوای مافی خۆیان بکەنو لێیان جیا ببنەوە بۆیە یەکە یەکە ئەمارەتەکانی کوردیان هەلوەشانەوەو میرەکانی کوردیان بێ دەسەڵاتکردو بۆشاییەکی بێدەسەلاتی لەناو ئەو ئەمارەتانەدا پەیدا بوو تاڕادەیەك پیاوە ئاینیەکانی کورد جۆرە دەسەڵاتێکیان پەیدا کردو لەناو خەڵکاو هەندێجار توانیبویان کێشەی نێوان حکومەتو ئاغاو دەرەبەگەکانی کورد چارەسەر بکەن.

مامۆستا رفیق حیلمی لەلاپەرە ٢٤ی یاداشتەکانیا سەرچاوە ٦٥باسی رەفتاری تورکانی کردوە کە چۆن پاشگەز بوبونەوە لەو بەڵێنانەی بەپێی رێکەوتنی میرەکانی کوردو سوڵتان سلیم سازکرابوو لەکاتێکدا کورد بەوپەری دڵسوزیو پاکیەوە هاوکاری کاربەدەستانی عوسمانی بونو لە هەموو شەرو تەنگو چەڵەمەیەکدا لەگەڵیان بونو دەستیان خستبوە دەستی تورکەکانو لە رۆژهەلاتو رۆژئاوادا لە رێگەی شانو شەرەفی دەوڵەتی عوسمانیدا لەخۆ بەخت کردن دوا نەکەوتبوون بەماڵو چەکو بە پارەو بەخوێن یارمەتی تورکیان داوەو هیچ گومان نیە لە گۆرستانی کوژراوەکانی عوسمانیا لە ئەفریقاو عەرەبستانو ئەوروپادا لەبەردەمی بورجو بارەکانی ڤینادا گۆری کوردی تیا بەدی دەکرێ کە ئێسکیان لەناوخاکدایە.


کورد بەرلەوەی لەگەڵ تورکدا یەك بگرێ تامی سەربەخۆییو ئازادی چێشتبوو، بەخۆشیو سەربەستی ژیابوو نەیدەزانی (دیل) مانای چیە، جگە لەوەش خاوێنی و دڵپاکیی گەورەو تێگەیشتوانی کورد شتێك نەبوو کەبە دڵی تورك بوویێتو جێگەی رەزامەندییان بێ، بەڵکوو ئەمیرەکانی کورد تا زۆرتر لەپێناوی حکومەتەکەی تورکا خۆیان بەخت بکردایەو خوێنیان برژایە زۆرتر لەبەر چاوی تورکەکان سوکتر دەبوونو تووشی نوشوستیو تەنگانە دەبونو لەجیاتی ئەوەی بە چاوی ستایشو رێزەوە بروانن ئەم میرە کوردانەو قەدریان بگرنو نرخێك بدەن بە برایەتییانو رێگەی پێگەیشتنیان لێ نەگرنو ماوەی تەواویان بدەن کەچی تورکەکان دەستیان خستە ناو کاروباری ناوخۆی ئەمارەتەکانو ناکۆکیان دەخستە نێوانیانەوەو دەیانکردن بەگژ یەکترداو بە هەموو جۆرێك هەوڵیان ئەدا ئەمارەتە کوردەکان لەناو ببەنو سیاسەتێکی میکافیلیان هەبوو بەرامبەر بە کوردوبایەخیان نەئەدا بە هیچ دەستوورو پەیمانێکو ئەم سیاسەتەی تورك لە بنچینەدا لە زەمانی سلێمان کوری یاوزەوە دەستی پێکرد کە پێیان دەوت سلێمان قانونی، ئەو سوڵتانەی تورکەکان خۆیان پێوە هەڵدەکێشاو لە ریزی پادشاگەورەکانیان دەیژمێرن یەکێك بوە لەو جۆرە کەسەی چەشکەی لەخوێن رژاندن وەردەگرتو بە هاندانی ژنە بێگانەکەی بە بیانوی ئەوەی کورە گەورە خۆشەویستەکەی چاوی بریبوە شوێنەکەی باوکی کە

ولیعهدی خۆی بوو، ئەو کورەی بە بەرچاوی خۆیەوە بەجلادەکان بە خنکاندن دا هەروەکو لە کتێبی (قـادینلر سلطتنی) ی ئەحمـەد رفیقدا بـە دوورودرێـژ باسـی ئەمە کراوە. رەفیق حیلمی لەیادداشتەکەیدا باسی ڕەوشتی ئەوسوڵتان سلێمانەی کردوە کە هەر رۆژەی بەجۆرێك ئاشووب و فیتنەی دەخسـتە نێـوان ئـەمیرەکانی کوردەوە لە هەموو فیتنەیەکیشدا دەبـوو بەلایـەنگری ئـەو میرەیـان کـەبێ هـێزو بێدەسـەلآت دەهاتـە بـەرچاو و بـەوجۆرە یـەك لـە دوای یـەك ئـــەمیرە گـەورەو بەهێزەکانی دەشکان و دەیفەوتاندن، کەچی کورد بەمە تەمێ خواردوو نـەدەبوو هۆشی نەدەهاتەوە بە بەردا، لەبەر ئەوە سوڵتانی دوای سـلێمانی قـانونیش هـەر هەمان سیاسەتیان گرتبوە بەر بەرامبەر بە کـورد، بەتایبـەتی سـوڵتان محمـودی دوهەم لەم سیاسەتە بەتەواوەتی شووڵی لێ هەڵکێشابوو، بەئاشکرا کەوتـە بـیری لەناوبردنی کوردو لەئەنجامی ئەمەدا لەدووڵاوە: لە (بۆتان) و (رواندز ئەمارەتی سۆران) لەساڵی١٨٧٠ دا هەڵسان بەڵام بەهۆی ناپاکیی نـاوخۆی کوردەکـان ئـەو (دووشۆڕشە گەورەو بەهێزە بەتەواوەتی لەناویران.


بلەچ شێرکوە لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٦٠ باسی ناپاکیی سوڵتانەکانی تورکی کردوە بەرامبەر بە کوردو ئامـاژەی بۆ کتێبی (منشات فریدون) کردوە کە بریـتی بوە لە نمونەی ئەدەبیاتی رەسمیی تورك، لەو کتێبەدا باسی فەرمانێکی تیادایـە لەلایـەن سـوڵتان سـلێمانی قانونیـەوە دەرچـوە کـە نـاردوێتی بـۆ والیــی تــورك لـەدیاریکرو لـەو فەرمانـــەدا هەڵوێسـتی خلیفـەی ئیسـلام و رەوشـتی ناپــاکی دەردەکەوێ بەرامبەر بەوکوردەی بە ئارەزوو خواستی خۆی و بە دڵێکی پاکـەوە چوبـوە پـاڵ حکومـەتی عوسمـانی کـە ئەوسـوڵتانە لەسـەر پـێڕەوی فارسـەکان میللەتی کوردی بـە (کـورد بدینـهاد) نـاویردوە کـە ئەمـە مشـتێکە لـە نموونـەی خەرواری رەفتارەکانی تری عوسمانی بەرامبەر بە کورد و بـەوجۆرە ئـەو هـەموو کەلەپوورە بەرهەمی شارستانێتی و ئـەدەبی و زانیاریانـەی لـە کوردسـتاندا پێك هاتبوو هەمووی لە ناوبراو لە شوێنی ئەوانە قەڵاوینکـەی سـەربازی دروسـتکا بـۆ ئەوەی شوێنەواری ئەو هەموو زانایانـەی وەکـو: ئـامدیو حسـنکێفی و گۆرانـی و ابن المسعود العمادی و ابن الاثیری جزیری مێژووناس و هەردوو براکەی کە (ابن الحاجب) و (قـاضیابن خلکـان) بـون و، دینـوریو ابـن قتیبـەی دینـوری و علـی

حریری و ئیدریس لیسی و (ابی الفضل) ی کوردی و ابن الصلاحی شارەزووری و گەلێك لە زانایان و شارەزایانی تری کورد ناوی هەموویان کوێربێتەوە.

تورکەکان بۆ زڕاندنی ناوی کورد هەمیشە درۆو دەلەسەو بوختانیان بۆ کورد هەڵبەستوەو هەوڵیانداوە کورد بەوە تاوانبار بکەن کە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی هەمووی بە هاندانی بێگانە بوە. بەو جۆرە ناکۆکی و دڵگرمیێ بوونی کورد بەرامبەر بە تورك پەیدا بوە.



قوتابخانەیەکی کۆن لە شاری دیاربکر: لەکتێبی josef strzygowski و max van berchen کە لەساڵی١٩١٠ دا لە پاریس چاپکراوە (لاپەرە ٣٠٧ ی کتێبەکە کە لە ئینستوتی خوێندنی کوردی برلیندا هەیە.



فۆتۆکۆپیی قەلایەکی شاری دیاربکر_ لاپەڕە ٢٧٨ ی
کتێبەکەی ئینستوتی خوێندنی کوردی لە بەرلین

دەربارەی هەڵوەشانەوەی ئەمارەتەکانی کورد لەلایەن تورکەکانی عوسمانیەوە، نووسەری کتێبی کوردو عەجەم سەرچاوە ٧٠ لەلاپەڕە ١٥١ دا باسی چۆنیتی هەڵوەشانەوەی ئەمارەتەکانی کوردی کردوە لەلایەنی کاربەدەستانی عوسمانیەوە و وتویەتی: ((لەچارەکی دوهەمی سەدەی نۆزدەدا دام و دەزگاکانی عوسمانی تا دەهات زۆرتر لە خەڵك دوور دەکەوتنەوەو بەرەو زورداری و داهێزران و دادۆشین دەچوون و دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیش تا دەهات پەیمان و مەرجی گران و سەختیان بە سەردەوڵەتی عوسمانیدا دەسەپان و کەوتبوە ژێر باری قەرزێکی گرانەوەو ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییانە بەهۆی بەرەڵلایی‌و بەرتیلخۆریی کاربەدەستانی عوسمانی توانیبوویان زۆرتر دەست بخەنە ناو کاروباری وڵاتەوە و ئەوانەی پلەوپایەی کاروباری دەوڵەت و خەڵکیان

پێ دەسپێررا شوێنەکانی خۆیان بە نرخێکی گران لەکاربەدەستە نزیکەکان بەبابی عالی دەکڕی و دەوڵەتی عوسمانی ئەوانەیان لە شوێنی میرەکوردەکان دادەناو لە ئەنجامی ئەمەدا هەتا ئەهات ژیانی خەڵکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خراپترو ناخۆشتر دەبوو، لەجیاتی کردنەوەی ڕێگاوبانی نوێ و دروستکردنی نەخۆشخانە و قوتابخانەو کارگەو زانستگاو چاپخانەو چاپەمەنی ئەو کاربەدەستانە زوڵم و زۆریان بردە ناو کوردستانەوە و ئەم ئەنجامانەی خوارەوەیان لێ پەیدا بوو.

١ ـ کاربەدەستی نەناسراوی نەشارەزا لەجیاتی کابەدەستی ناسراوی ناوخۆ دانرا.

٢ ـ دەستکرا بەدامەزراندنی قەلاو پاسگاو ئۆردوگاو دروستکردنی لە کوردستانا بۆ رووتانەوەی خەڵك.

٣ ـ زۆرکردنی رادەی باج و سەندنی سەرانە و بەرتیل.

٤ ـ گرتن و دوور خستنەوەو کوشتن و تالانکردن بەبێ لێپرسینەوە.

٥ ـ رەشبگیریی لاوان بۆ سەربازی بێ گەرانەوە.

بەوجۆرە، گۆڕینی دەسەلاتی دەرەبەگەکانی کورد بەدەسەلاتی داگیرکەری عوسمانی کە بەلەشکرکێشی گەورەی درێژخایەن و شەڕو تێکهەڵچوونی خوێناوی کرابوو بوو بەهۆی ئەوەی باری ژیانی ئابووری و کومەلایەتی و سیاسی لەناوچە کوردیەیانەدا قورسترببێت و چەوسانەوەی نەتەوایەتیش بوو بەسەرباری)).

لە کۆتایی ئەم باسەدا، نمونەی هەڵوەشانەوەی یەکێك لە ئەمارەتەکانی کورد ئەخەینە پێش چاو کە چۆن عوسمانیەکان ئەمارەتی (بۆتان) یان هەڵوەشانەوەو دوکتۆر جلیلی جلیل لە سەرچاوە ٩٣دا باسێکی دوورودرێژی تەرخان کردوە لەلاپەرە ١٠٨دا کە ئەمە کورتەی باسی چۆنێتی تێکدانی ئەو ئەمارەتەیە.

((لە هاوین و پایزی سالی ١٨٣٧دا سوپای عوسمانی بڕیاری دا پەلاماری کوردەکانی بۆتان بدات چونکە دانیشتوەکانی دژی والی تورك راپەڕیبون و دەریانکردبوو کەلە دوای داگیر کردنی شاری جزیرە ئەو والیە بۆ (بۆتان) دانرابوو.

لەو ڕۆژانەدا سوپای تورك زۆر ماندوو بوو، هێزێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەبوو بتوانێت دەس بەسەر کاروباردا بگرێو باری (جنرال میرزا پاشا) ی سەرکردەی

هێزەکانی تورك کە بۆ ماوەی (١٨) مانگ شاری (ماردین) ی ئابلۆقە دابوو هەر بەو جۆرە بوو.

جلیلی ئاماژەی بۆ کتێبێکی (ئەنیسورت) کردوە، لەو کتێبەدا باسی پەلاماردانی هێزەکانی تورکی کردوە بۆ سەر کوردستان بۆ ئەوەی سەربازی تازە لەناو کوردەکانا بۆ سوپاکانی دەوڵەت پەیدا بکاتو بۆ ئەو مەبەستە (حافظ پاشا) پەلاماری (سنجار)ی دا کە دوو ئەفسەری ئینگلیزیش (عقید کونساید)و (نقیب بکیل)و چەند ئەفسەرێکی پروسیش لەناو هێزەکانی تورکدا بون مەشقیان بە سەربازەکان دەکردو لەو پەلاماردانەی حافظ پاشادا سەرەڕای ئەو هەموو گرانیو برسێتیەی لەو ناوچانەدا بڵاو بوبوەوە دڕندەیەتی هێزەکانی تورك لەوپەڕی توندو تیژیدا بوەو کوردەکان لە سەرەتادا بەرگرییان لەخۆیان کرد بەڵام لە دواییدا بەرگەی ئەو هێزە زۆرەی تورکیان نەگرت کە هێرشی کردبوە سەریانو لەو شەڕەدا (١٥)هەزار کورد کوژراو ئەوانی تر ئاوارە کران بۆ رۆژئاوای تورکیا.

دەربارەی ئەو شەڕە وەکو جلیلی ئاماژەی بۆ باسێکی (بوجول) کردوە کە بە چاوی خۆی دڕندەیەتی حافظ پاشای دیوە بەچاوی خۆی کەلەو شەڕەدا لە (ئەرکاخ) کەلە لاپاڵی بەرزاییەکانی (ئالاچاداغ) دا چوار هەزار دیلی کوردی لەبەر سووڕە سووری هەتاوی هاویندا دانـاوە کە ژنو منداڵی رووتو قوتیان لەگەڵدا بوە، بەئاشکرا کە مرۆڤ گوێی لە هاوارو ناڵەی ئەوانە دەبوو دڵی دڵبەردیشی دەتوانەوە. بوجول لە باسەکەیدا باسی ئەو کویرەوەرییو بەسەرهاتانەی تۆمار کردوە کە دیلەکان بۆیان گێڕاوەتەوە کە وتوویانە لەماوەی شەش رۆژدا لەنانی رەقی بۆر بەولاوە هیچ خۆراکێکی تریان پێ نەدراوەو ئاوی خواردنەوەشیان تەنکاوی جۆگەیەکی پیس بوەو هەموو رۆژێك (٢٠) منداڵی شیرەخۆرەیان لێ دەمرنو تا حافظ پاشا ئەو دیلانەی مابوون گەیاندنیە (ملاتیە) ژمارەیەکی زۆریان مردنو (بۆجول) بەچاوی خۆی گوندە وێرانکراوەکانی دیوە بە چۆڵو هۆڵیو لاشەی مردوو لەناو دۆڵەکانا کەوتبوو.

بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو بەسەرهاتەشدا رۆژی ٨ ٨ ١٩٣٧ کوردەکان ڕووبەڕووی تورکەکان بونەوەو زۆری پێ نەچوو تۆپەکانی تورك لێیان کەوتە کارو

کوردیان ناچار کرد پاشەکشە بکاو (١٥٠٠)کوژراوو بریندارییان بەجێ هێشت. (بوجول) لەو باسەیدا ئازایەتی لاوێکی کوردی تۆمار کردوە بەدیلی لەژێر دەستی حافظ پاشادا بوە حافظ پاشا ئەولاوە شۆخ و شەنگە بانگ دەکاتە لای خۆی و پێشوازی لێ دەکا بەهیوای ئەوەی بتوانێ هەندێ زانیاریی بەسودی دەربارەی شۆڕشگێڕەکانی کوردی لێوە دەسگیر بێت و پێی ئەڵێ:

ئەگەر زانیاریەکی تەواوی بداتێ دەیکا بە (عقید) لەناو سوپاکەی تورکداو لاوەکەش لە وەرامدا پێی ئەڵێ: ((نەخێر قەد نامەوێ ببم بە سەرکردەیەکی ناو سوپای بێگانەو ئەگەر بەزۆریش بکرێم، بە سەرکردە خیانەت لە میللەتەکەی خۆم ناکەم و ئەوساش هەر دژی تۆ دەبم، لەبەر ئەوە بەتەمای ئەوە مەبە هیچ زانیاریەکت لەلایەن منەوە دەست بکەوێ...... رێکەوت و بەخت کارێکی وای کردوە ئاوا من بکەومە ژێر دەستی تۆوەو تۆش چیت لەدەس دێ بەرامبەرم درێغی مەکە)).

پاشا بەو وەرامە توورە دەبێ و فەرمان ئەدا (٥٠٠) قامچی لێ بدەن و لەکاتی قامچی لێدانا کەبەدەما کەوتبوو داوای سەبیلێك دەکاو وادەزانن لە بریارەکەی خۆی پەشیمان بۆتەوە، سەبیلێکی بۆ دێنن و سەری بەرز دەکاتەوەو دەست دەکا بە سەبیل کێشان بەبێ ئەوەی وورتە لە دەمیەوە بێ و حافظ پاشا پێی ئەڵێ بۆچی وەرامی پرسیارەکانم نادەیتەوە ئایا گوێچکەت کەرە؟ ئەویش ئەڵێ: قوربان الحمدلله گوێچکەم سوکەو هەموو شتێك بەباشی دەبیستم ... ساتێك حافظ پاشا لێی دەپرسی : ئایا چ جۆرە سزادانێك بەباش دەزانیت کە چارت بکاو وەرامی پرسیارەکانم بدەیتەوە؟ لە وەرامدا لاوە کوردەکە پێی ئەڵێ:

گرانترین و سەخترین سزادانێك ئەوەیە بە چاوی خۆم خائینێکی گلاّو پیسی وەك ئەوەی بەلاتەوە ڕاوەستاوە کە خیانەت لە میللەتەکەی خۆی دەکا دەی بینم... لاوەکە پەنجە بۆ کوردێکی خائینی خۆفروش دەکا کەلە تەنیشت حافظ پاشاوە ڕاوەستابوو، کابرای کوردی خائین دەمانچەکەی هەڵدەکێشێ و دەینی بەسەریەوەو دەیکوژێ.

جلیلی جارێکی تریش ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (ئەنیسورت) دەکا کە وتویەتی لەگەڵ ئەو هەموو دڕەندەیەتیەی هێزەکانی عوسمانی نەتوانرا کورد واڵێ بکرێت واز لە خەبات و ڕاپەڕین بێنن.

دوای ئەوە لە بەھاردا حافظ پاشا هێزێك دەنێرێتە سەر (ملاتیە) بۆ ئەوەی شارەکە تالان بکاو بەخۆرلکی ئەو شارە سوپاکەی خۆی پێ بژێنێت و پاش ئەوە پەلاماری کوردیدا لەباشووری گۆلی (وان) دا ئاراستەی ناوچەی (ئەکتشاداغ) و ئەوانەی لە چیای طورۆسدا بون و کوردەکانی ئاکتشاداغ بەوپەڕی ئازایەتیەوە ڕوویەڕووی هێزی تورك بون و دوای چوار ڕۆژ تورکەکان قەلای (کورناك) یان داگیر کرد و خەلکێکی زۆریان کوشت لەو ناوچانەو منداڵەکانیان ناردن بۆ ئەستەمبول (بۆئەوەی گەورەبکرێن و پەروەردە بکرین بۆ هێزی ینیچەری (کەلەدواییدا لەباسێکی تایبەتیدا بە دوورودرێژ لێی ئەدوێین)، وژن و کچانیشیان ئاوارەکرد بۆ (ملاتیە) جلیلی لەلاپەڕە ١١١ باسی شۆڕشگێڕێکی کوردی کردوە (سعید بەگ) کە دانی بە دەسەلاتی حکومەتدا نەنابوو بەلام خیانەتی هەندێ لەسەرۆکە کوردەکان بوو بەهۆی سەرکەوتنی هێزەکانی تورك. تورکەکان هەروەکو لەباسەکانا دەردەکەوێ گەلێ شارەزای سوپایی بیگانەیان بەکرێگرتووە بۆ مەشق پێکردنی هێزەکانی تورك کە یەکێك لەوانە (مولتکە) ی پرووسی شارەزاو ناسراو بووە و سەرپەرشتیکەری هێزەکەی تورك بووە لە دامرکانەوەی ڕاپەڕینەکەی ئەو (سعید بەگ)ـەدا. مۆلتکە لە یاداشتەکانیا، هەروەکو جلیلی ئاماژەی بۆ کردوە وتوویەتی:

((قەلاکەی سعید بەگ لەسەر چیایەکی لاپالێ لێژدا دروستکرابوو، ساتێك هێزی تورك ڕوویکردە ئەو قەلایە سعید بەگ و دوسەد چەکداری دلسۆزی خۆی لەناو قەلاکەدا خۆیان قایم کردبوو، ئەوکوردانەی لەناو هێزەکەی تورکدا بوون ملیان نەدا پەلاماری هێزەکەی سعید بەگ بدەن و زۆریان ڕایانکردو من (مۆلتکە) بۆ ئەوەی شارەزای قەلاکەبم بە شەو بە دەوری قەلاکەدا سووڕامەوەو ئەوشوێنانەم دەسنیشانکرد بۆ دامەزراندنی طوپەکان باش بوون و لە ٨ ی ئاياری ١٨٣٨دا هێزی سوارەی تازە هات بۆ حافظ پاشا کە لە حەوت کەتیبە پێك هاتبوو بریتی بوو لە (٤٠٠) پیادەو (١٥٠) سوارو (٨) تۆپ و ڕۆژی ٩ یئايار سوپای تورك دەستی کرد بەطوپ بارانی قەلاکەو سعید بەگ ناچار بوو خۆی دابەدەستەوە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە پاڕانەوەیەك لەدەمی بێتە دەرەوەو هێزەکەی تورك دوای ئەوە دەستی کرد بە کوشتارو تالانی. جلیلی دەربارەی ڕق و قین و بوغزی سەرکردەکانی تورك بەرامبەر بە کورد ئەلێ: توکەکان نەك تەنها

هەر ڕقیان لە دیلەکانی کوردبوو و بێبەزەییانە ڕەفتاریان لەگەڵا دەکردن، بەڵکو قینیان بەرامبەر ئەو کوردانەی لەناو هێزەکەی خۆیانا بوو هی دیلەکان کەمتر نەبوو، بۆیە ئەو شەڕکەرە کوردانەیان دەنارد بۆ ترسناکترین شوێنی شەڕەکە کەلەو ڕووەوە مولتکی نوسیویتی:

((زوریەی کوژراوو بریندارەکانی ناو هێزی تورك لەو کوردانە بون کە بوبون بە لایەنگری هێزەکەی تورك و شان بەشانی ئەوان شەڕیان بۆ حکومەت دەکردو حافظ پاشا دوای داگیرکردنی قەلاَکە لەماوەی سێ ڕۆژدا لەبنەڕەتدا هەڵیتەکان.

پاش دامرکانەوەی ئەو ڕاپەڕینەی سعید بەگ، حافظ پاشا لە حزیرانی ١٨٣٨ دا هێزی نارده سەر (موش_خازو)و سەرکردەی هێزی دیاربکریش چوەپالَی و هێزیکی تریش بە ناوی (هێزی تەمێکەر) نێررا بۆ ڕۆژئاوای باشوری (وان) و لەوناوچانەدا ئەرمەنیەکان و کوردەکان پێکەوە لە ژێر سەرکردایەتی (حاجی زلاَل ئاغا) دا لە ناوچەی (ساسون) وشوێنەکانی تر بەرەنگاریان بوونەوەو لەو شەڕەدا کچان و ژنانیش بەشداری یان کردبوو، موڵتکە باسی کچێك دەکا کە چۆن ساتێك تورکێك ویستبووی پەلاماری بدا خەنجەرێکی کردبوو بە تورکەکەدا. (بیکران) و (راشکوتان) لەناوچەی (غونج) دا لەگەلَ (رجب بگ) و (تیمور بگ) بەرگریەکی زۆر نێرانەیان کردبوو بەلاَم بەوچەك و هێزە کەمەی هەیانبوو بەرگریی طوَپەکانی حکومەتیان پێ نەکرا.

مۆڵتکە لە یاداشتەکانیا بەدورو درێژ باسی دڕندەیەتی و تاوانەکانی تورکی لەو شەڕانەدا بەم جۆرەکردوە:

((لەگوندێکدا زوریەی دانیشتوەکانی سەربڕان و من کە لە بەرزاییەکانەوە سەیری شەڕەکەم دەکرد، چاوم لێ بوو خوێن لە لەشی پیاوو ژن دەتکاو منداڵی شیرەخۆرەو ساوا گوێچکەیان بڕابوو، ملیان پەڕێنرابوو، سەربازەکانی تورك، ئەوانەیان کە ئەوتاوانکارییەیان پێ سپێررابوو هەریەکەیان (٥٠ —١٠٠) قروش خەلاَتی وەردەگرت. دیمەنی ئەوتاوان و کارەساتەی بەسەر پیاوو ژن و منداڵی کوردا دەهات دیمەنێکی ئێجگار سەخت بوو دڵی دڵبەردی ئەتولانەوە... خۆنەگەر باسی ئەو ڕووداوانە بلاَونەبوایەتەوە و نەبوایە بە باسێکی دوەلی، لەوانەبوو حافظ پاشا واز لەو ڕەفتارەی خۆی نەهێنێت)).

بەشی نۆهەم

سەرەتاکانی بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد

لە باسەکانی پێشوودا، بەتایبەتی لە دەسپێکردنی پێوەندیی کورد بەدەوڵەتی عوسمانیەوە بە دوورودرێژ باسی ئەوە کراوە چۆن میللەتی کوردی موسڵمان یەکێك بوە لەو میللەتە سەرگەرمانەی هەموو تواناو دەسەڵاتی خۆی بۆ پاراستنی ئاینی ئیسلام و بەرزکردنەوەی ئاڵای ئیسلام تەرخانکردوەو خەلیفەکانی عوسمانی بەناو ئیسلام تا ماوەیەکی زۆر توانیبویان دەسەڵاتدارانی کوردو سەرکردەو پیاوە ئاینیەکانی بکەن بەوابەستەو هاوکاری خۆیان و چەواشەیان بکەن و بیچەسپێننە دڵ و مێشکیانەوە کە بیرکردنەوە لە جیابوونەوە لە دەولەتی خلیفەی عوسمانی ئیسلام تاوانێکی گەورەیەو لادانە لە ریبازی ئاینی ئیسلام.

بەڵام ساتێك دەستی خلیفەکانی عوسمانی وردە وردە کەوتەروو ئیتر ئەوپەردەو ئیسلامەتیەی رووی راستی خۆیان پێداپۆشیبوو هەڵماڵرا، کوردیش وەکو میللەتانی تر کەوتە خۆیو هەوڵیدا وەکو ئەوان خوی رزگار بکا لەودەوڵەتەی رۆژ بەرۆژ بەرەو داوەشاوی ملی ئەناو هەست و بیری نەتەوایەتی لە مێشکیا چەکەرەی کرد.

بۆ ئاسانکردنی ئەم باسە، وامان بەباش زانی بیکەین بە دوویەشەوە:

١- بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردو هۆکانی.

٢- رۆڵی زانایان و رۆشنبیرانی کورد لە بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا.

لە دوای ئەوەی دەستی کاربەدەستانی عوسمانی بەرامبەر بە کورد ئاشکرابوو، دەستیانکرد بە تێکدانی ئەمارەتەکانی کورد یەك لەدوای یەك و هەموو کاروباری ناو ئەمارەتەکانیان خستە ژێر دەستی خۆیان و دەستیانکرد بەزەبرو زەنگ نواندن بۆ چاوترساندنی کورد بۆ ئەوەی کوردیش وەکو میللەتەکانی رۆژهەلاتی بالقان بیر لە جیابوونەوە نەکات و ئەنجامی ئەم هەلۆیستە بەوە گەیشت کورد خۆی پێ نەگیرێ و هەولیدا وەکو میللەتە رزگاربووەکان هەمان رێبازی ئەوان بگرێتە بەر و ئەتوانین چۆنێتی و هۆی ئەو بزوتنەوەیە لە چەند خالێکدا دەستنیشان بکەین:—

١— سەندنی باج و سەرانەی زۆرو بێگاری کاربەدەستانی حکومەت و بەرتیل خواردنی کاربەدەستانی تورك لەناوچە کورد نشینەکانا.

زوریەی ئەو سەرچاوانەی باسی باری ئابووریی ئەو رۆژانەی دەولەتی عوسمانییان کردوە هەموویان باسی رەفتاری کاربەدەستانی عوسمانی، بەتایبەتی سەرکردەکانی ناو سوپایان کردوە کە لەکوردستان بەوپەری بێ ویژدانیەوە باج و سەرانەیان لە خەلك سەندوەو پلەی ژیانی دانیشتوانی کورد بە هۆی ئەمەوە لەوپەری نزمیدان.

جلیلی لەلاپەرە ١٦٥ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦٢ ئاماژەی بۆ کتێبەکانی (ی.ن.بیریزین) و (ف.ف.ودیتیل) کردوە کە هەریەکەیان باسی سەرانە سەندن و بەرتیلخۆریی کاربەدەستانی عوسمانییان کردوە لە کوردستاناو (رادوفان باڤیچ) لەلاپەرە ٤٩ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٥٩ لەباسی ئابووریی کوردستانا لەژێر سایەی کاربەدەستانی عوسمانیدا کار گەیشتبوە رادەیەك خەلك بە تەواوی ژیانیان لێ تال بوەو ناچار بون بیر لەوە بکەنەوە دژی حکومەتی عوسمانی راپەرن بۆئەوەی خۆیان لە جەورو ستەمی کاربەدەستانی تورك رزگار بکەن.

٢— بێجگە لە میللەتی کورد، میللەتانی تری ژێر دەسەلاتی عوسمانی، بەتایبەتی میللەتانی ناو بالقان دژی جەورو ستەمی کاربەدەستانی تورك راپەریبوون و دەنگ و باس و هەوالی ئەو راپەریوانە دەگەیشتە ناو کوردستانەوەو رۆشنبیران و پیاوە ناسراوەکانی کورد دەیان بیستەوە چۆن ئەو

میللەتانە سەربەستی و ئازادی خۆیان دەسگیربوبوو، کوردیش ئەو هەواڵانە کاری تێکردبوو هەستی نەتەوایەتی کورد لەزۆر شوێنی کوردستاندا پەرەی سەندبوو.

بۆ نموونە هەروەکو (ئەرشاك سفرستیان) لەو باسەیدا لە ژمارە ١ی نیسانی ساڵی١٩٦٠ی گۆڤاری رۆژی نوێدا کە لە سلێمانی دەرچوە، ئەو باسەی سفرستیان لەلایەن عبداللە شاڵیەوە کراوە بە کوردی و لەوباسەدا باسی کارتێکردنی شۆڕشی ئیبراهیم پاشای میصری کردوە دژی تورکەکان و کوردیش بە هۆی گەیشتنی هەواڵی ئەوشۆڕشە بۆ کوردستان کەوتنە خۆیان و دەستیانکردوە بەجم و جۆڵ و هەواڵی شۆڕش و راپەرینی یۆنانیەکانیش دژی حکومتی تورك بە تەواوی دەگەیشتە کوردستان و کوردیش وەکو یونانیەکان بیریان لەوە کردەوە باج و سەرانە نەدەن بە حکومەت و خۆیان ئامادە بکەن بۆ شۆڕش.

صلاح بدرالدین لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٣٧ باسی هەڵوێستی هەندێ ئاغاو دەرەبەگی کوردی کردوە کە هاوکار بوون لەگەڵ حکومەتدا بۆ کۆکردنەوە و سەندنی سەرانەو باج و لە ئەنجامی ئەمەدا وردە بۆرجوازیی کورد کە بریتیبون لە خوێندەوارو رۆشنبیرانی کورد هەستی بەو بارە ناڵەبارەی کوردستانی کردبوو، بەپەرۆشەوە هەواڵی راپەرین و شۆڕشی ئیبراهیم پاشای میصری و یۆنانیەکانیان دەبیستەوەو ئەمانە هەمووی بوبون بە هاندەرێکی بەهێز بۆ پەرەسەندنی بێزاری و ناڕەزایی لە ناوچینەکانی کوردستاندا و هەستی نەتەوایەتی کارێکی وای کردبوو ئەوخوێندەوارو رۆشنبیرانە لەناو جەماوەری کوردا هەستی کوردایەتی ببزوێنن دژی داگیرکەرانی کوردستان.

٣- جەورو ستەمی کاربەدەستانی تورکی طورانی و کوشتار لەناو کوردو ئەرمەنیدا:

لەگەڵ ئەوەشدا تورکەکان بە رواڵەت بوبون بەئیسلام و ئاڵای ئاینی ئیسلامیان هەڵکردبوو، بەڵام دەماری رەگەز پەرستی و لووت بەرزی و خۆبەزل زانین و لەزەت وەرگرتن لە کوشتارو تاڵانی شتێك نەبوون کە ئاینی ئیسلام بتوانێت ئەورەفتارە پڕ لە دڕندایەتیەی تورك لە ناوببا و دەماری رەگەز پەرستی کاربەدەستانی تورك بمرێنێت و لە باسەکانی داهاتوودا لە کوشتاری کوردو

ئەرمەنی و ئاسووری و میللەتانی تر لەلایەن تورکەوە بە دوورودرێژ ئەو راستیە دێتە بەرچاوو پێویست ناکا لێرەدا دووبارەی بکەینەوە.

جلیلی لەلاپەرە ١٦٥ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٩٣ چەند نموونەیەکی بۆ درندەیەتی کورد باس کردوەو یەکێکی وەکو (بێرزن) لە کتێبەکەیدا باسی سەرکردەیەکی تورکی کردوە (محمد پاشا) کە لەهێرشێکیدا پاش گەرانەوەی لەسەر دەرگاکانی شووری شارە کاولکراوەکانا ژمارەیەك گوێچکەی بڕراوی کوژراوەکانی دادەنا بۆ ئەوەی ترس بخاتە دڵی کوردەوەو واز لەشۆڕش و یاخی بوون بێنن.

مۆڵتکە لە یاداشتەکانیا هۆی راپەڕینی کوردەکانی خستۆتە ئۆباڵی کاربەدەستانی تورك وەکو رشید پاشاو حافظ پاشا کە بەوپەڕی دڵڕەقی و بێ ویژدانیەوە هەڵس و کەوتیان لەگەل کوردا کردوەو باج و سەرانەی زۆرو بێ تامیان لە خەڵك سەندوەو شاری (سعرد) ی هێناوەتەوە بۆ نموونە کە ژمارەی دانیشتوانی ئەوەندە کەم بوبوەوە کە لە (٦٠٠) خێزان تێپەری نەدەکرد کەچی داوای (٢٠٠) کەسیان دەکرد لە خەڵکی شارەکە بکرێن بە سەربازو کار گەیشتە رادەیەك ژمارەیەکی زۆریان ناچاربون رایانکردو شارەکەیان بەجێ هێشت.

دوهەم: رۆلی زانایان و رۆشنبیرانی کورد لە بزواندنی هەستی نەتەوایەتیدا

زاناو رۆشنبیرو نوسەرو خوێندەواری هەموو نەتەوەیەك، هەریەکەیان بە پێی تواناو لێ هاتوویی خوی دەتوانی رۆڵێکی گرنگی هەبێ لە خزمەتکردنی وڵات و میللەتەکەی خۆیدا و دەورێکی کاریگەری هەبێ لە بزواندنی هەستی نەتەوایەتی لەناو هاوولاتیەکانی خۆیداو هەریەکێك لەوانە لە قۆناغێکی تایبەتیدا بە هەڵگری مەشخەڵ و ئالای میللەتەکەی خۆی دەژمێرێت. لەناو کوردەواریی خۆشمانا گەلێك زاناو مێژوونوس و رۆشنبیرو خوێندەواری لێ هاتوو هەبوەو بەرهەمی بەسوودو بەنرخیان لە پاش بەجێماوەو تا رادەیەك توانیویانە کەم تا زۆر شتێك دەربارەی مێژووی بەسەر هاتەکانی سەردەمی خۆیان تۆمار بکەن. بەداخەوە ژمارەی ئەم جورە کەسانە کەم بون و بە شێکی زۆریان خزمەتی زمانی بێگانە و

ئەدەبی بێگانەو مێژووی بێگانەو خزمەتی شارستانێتی و رۆشنبیریی میللەتانی تریان کردوەو ژمارەیەکی کەمیان مشووری ئەوەیان خواردوە خزمەتی میللەتەکەی خۆیان و وڵاتەکەیان بکەن و بۆزمانی باوو باپیریان بەرهەمەکانیان تۆمار بکەن.

لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب و زمانەوانی و کۆمەڵایەتی ئەو میللەتانەی دراوسێی کوردبون یا کورد تێکەڵیان بوە یا هاو ئاینیان بوە، ژمارەیەکی زۆری کورد لە خزمەت ئەو میللەتانەدا بوە و بەزمانی ئەوان بەرهەمەکانیان تۆمار کردوە و لەناو کتێب و دەستنوسەکانی ئەو میللەتانەدا بە دەیان ناوی کوردی زاناو شاعیرو مێژوونوس دەبینرێ ئەگەرچی ئیمرۆ دان بە بوونی ژمارەیەکی کەمیانا دەنرێ کە بەرەگەز کوردبووبن و بەو جۆرە خویان و بەرهەمەکانیان بوون بە میراتی ئەو میللەتانەو هیچ حسابێکیش بۆ میللەتی کورد نەکراوە و بێگانەکان، بەتایبەتی رەگەز پەرستەکانیان بە هیچ جۆرێك دان بەوەدا نانێن کە ئەوانە کوردبوون.

بێگومان کاتێك میللەتێك دەبێ بەخاوەنی بەرهەمەکانی خۆی کە خاوەن دەسەڵات و پارە دار بێو دەوڵەتێکی رەسمیی خۆی هەبێت کە بایەخ بدا بە زمانەکەی و مێژووی نەتەوەکەیو بە تۆمار کردنی باری کۆمەڵایەتیو ئەدەبی میللەتەکەی، بەڵام بەداخەوە کورد لەکاتی خۆیدا هەموو ووزەو توانای خۆی بۆ عالەمی ئیسلامی تەرخانکردوەو ئیجگار کەمتەرخەم بوە بەرامبەر دواڕۆژی میللەتەکەی خۆیو ئیمرۆ نەوەی ئیمڕۆی کورد باجی ئەو کەمتەرخەمیەی باووباپیرانی ئەداو نەبوونی حکومەتێکی کوردی رێگەی بۆ ئەوە خۆش نەکردوە بایەخ بە زمانی رەسمیی ئەو حکومەتە بدرێو رێز لە زاناو مێژونووسو شاعیران بەجۆرێکی ئەوتۆ نەگیراوە زەمینەیەکیوا خۆش بکرێ بۆ هاندانی لێهاتوەکانی کورد بە زمانی خۆیان شت بنووسنو بڵاوی بکەنەوەو بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەمەکانیان برەوی پێ بدرێ بە زمانی ئەو میللەتە دەسەڵاتدارانە شتیان تۆمارکردوە کە حکومەتیان هەبوەو پادشاو مەلیكو وەزیرو کاربەدەستانی گەورەیان هەبوویت لەوانەی کە دەسەڵاتی پارەداریو بەخشینو دامەزراندنی خەڵکیان هەبوویێت لەو پلەو پایانەدا کە شایانی ئەو کەسانە بووبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا رووناکبیرو خوێندەوارو رۆشنبیری کوردی واهەبوە، ئەگەرچی بەزمانەکەی خۆشی شتی نەنووسیبێت، بەڵام بەو زمانی بێگانەیەی کە پیێی نوسیوە توانیوێتی شتێك دەربارەی وڵاتەکەیو هاووڵاتیانی خۆیو مێژووی نەتەوەکەی خۆی تۆماربکات کە ئەمانە شتێك بوون نەتوانراوە لەلایەن بێگانەو دوژمنانی کوردەوە دیزە بەدەرخوێنە بکرێن ئەگەرچی زۆرجاریش تەقەلای لەناوبردنیان دراوەو نووسەرەکانیان ڕاونراونو ئاوارەو دەربەدەرکراون.

لەم بەرگی یەکەمەدا، وەکو وەفادارییەك، بە پێویستم زانی بەکورتی یادی هەندێ لەو نوسەرو رۆشنبیرو شارەزا کوردانە بکەم کە خزمەتی نەتەوەی کوردیان کردوە.

بەرلەوەی بچمە سەر باسی ئەو زاناو مێژونووسو شاعیرانەی کورد، حەزم کرد بۆچوونێکی ئیمامی غزالی بخەمە پێش چاو کە ماموستا هەژار لە لاپەڕەی پێنجەمی ئەو پێشەکیەی بۆ مەلای جزیری تەرخانکردوە باسی کردوە کە ئیمامی غزالی فەرموویەتی :

((دینی ئیسلام لەسەر سێ ستوون وەستاوە، ئەگەر خودا ئەو سێ کۆڵەکەیەی نەدابایە لەوانە بوو ئەو دینە تیك بتەپێ کە ئەم سێ دیرگە ئەستورانەش بریتی بون لە (دینەوەری)و (ئامیدی)و (شارەزوری) کە (هەرسێکیشیان هەرکورد بون). بێجگە لەوانە، کام موسوڵمانی نەخوێندەوار هەیە هەرکوێرە سیوادێکی (خەت) هەبێ، ناوی پیاوی بەناوبانگی وەکو (أبن خلکان)و (أبو الفیدا)و (أبن حاجب)و (أبن الصلاح)و هەرسێ (أبن ئەثیر)ەکانی بلیمەتو سەدان (أبن ئەیوب)ی نەبیستبێ کە هەموویان کورد بونو بە عەرەبی نوسیویانە؟؟ کام دەشتەکیو شوانە وێڵەی نەخوێندەوار لە هەموو دنیای ئیسلامدا دەست دەکەوێ کە ناوی (أبن سیرین)ی نەبیستبێ جگە لە زانایانی تری وەکو ملاعبداللەی بێتووشیو أبن الحاجو أبوبکری مصنفو مەلاجامی کە هەموویان بوونە مایەی شانازیی عەرەبو پێشرەوانی موسوڵمانان (لە دواییدا، لە باسی شرفنامەدا سەرنجێکی وردی ــ یوسف ئەبکارە فیچ ــ دەخەینە پێش چاو کە باسی ئەو کوردانەی کردوە بەبەرهەمەکانیان خزمەتی بێگانەیان کردوە).

١ ــ علی ترموكی :

ئەمین زەكی لەلاپەڕە ٢٣٣ كتێبەكەیدا سەرچاوە ٣٢، بەرگی یەكەم دا وتویەتی علی ترموكی یەكێك بوە لەو دوو مامۆستا بەرزەی ئەدەبیاتی كۆنی كورد كە ناویان لە ئەدەبی كوردیدا زۆر بەرزە. علی ترموكی خەڵكی گوندێكی زور بچوك بوە (ترموك) لەنیوانی (ماكۆ) و (هەكاری) دا (بەلام بلەچ شێركۆ لە كتێبەكەیدا سەرچاوە ٦٠ وتوویەتی لە ساڵی (١٠٠٠ی كوچیدا) لە گوندێكی نێوان هەكاری و مكس دا لەدایك بوە).

علی ترموكی یەكەم نووسەری كورد بوە دەستوری صرف و نحوی داناوە كە بوە بە بناغەی صرف و نحوی ئێستە و لە یاداشتێكیدا باسی ئەو گەشتەی كردوە كە بەهەندێ شوێندا گەڕاوەو ناوی شوینەكانی تۆمار كردوە.

كتێبی دائره المعارف الاسلامیه كە باسی ئەو دوو بەرهەمەی علی ترموكی كردوە نەیوتوە ئەو دوو بەرهەمە بەنرخە لەكوردیدا بوون، بەلام لەوكتێبەی كامران بدرخان و لوسی پول مارگرێت بەجووتە، بەناوی (الامثال الكردیة) بەفرنسی چاپیانكردوە لەوەدا ترجمەی چەند شعرێكی علی ترموكییان كردوە بە فرنسی و بلاویان كردوتەوە و لەوەدا دەردەكەوێ ئەدەبی كۆنی میللەتی كورد لە چ پلەیەكی پێشكەوتووی بەرزدا بوە و خاوەنەكەی چ هەستێكی بە سۆزو ناسكی هەبوە.

ئەوانەی لەدەمی كامیران و لوسی پول مارگرێتەوە بلاو كراونەتەوە وەكو: (ووشەیەك)، (لاوانی نیشتمان)، (ملوانكەی یاقووت)، (ئەگەر ژیان خەویوایە)، دەری ئەخەن ئەدەبی كوردی لەو سەردەمەی علی ترموكیدا لە چ پلەیەكی بەرزدابوە.

دەربارەی ئەو بەرهەمەی كامران و لوسی پول مارگرێت كە ئەمین زەكی باسی كردوە، لەبیرم دێ لە ناوەڕاستی ساڵانی چلەكانا ماموستا رفیق حلمی ئەو كتێبەی لە فرەنسیەوە كردبوو بە عەرەبی و منیش لە ساڵانی پەنجاكاندا چەند شیعرێكی علی ترموكیم لەو وەرگێڕانەی ماموستا رفیق حلمیەوە كردبوو بە كوردی كەوەكو لە بیرم مابێ یەكێكیان ئەو شعرەی (ملوانكەی یاقووت) بوو كە بەم دێڕە دەستی پێكردبوو:

پەری خان... ووشەی زمانی کوردی هەمووی یاقووتە
ملوانکەیەکت بۆ لیٚ بهۆنمەوە مەعدەنی ڕووتە

بەلام ئەودەسخەتەم لەگەلٚ هەموو کتێبەکانی ترمدا لەکاتی کۆچڕەوەکەی سالی ١٩٩١ دا لە سلێمانی هەمووی لەناو چوو کتێبی باشم لە کیس چوو.

٢ــ مەلای جزیری

دەربارەی مەلای جزیری، ئەمین زەکی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٣٢ وتوویەتی ناوی شێخ ئەحمەد بوەو لە شاری جزیرەی ابن عمر لە دایك بوەو لە نیوەی دوهەمی سەدەی شەشەمی هجریدا ژیاوەو بە زۆری لەوە دەچیٚ لە زەمانی (عماد الدین زەنگی)ی ئەتابکی موصلی بەناویانگدا ژیابێت و دیوانێکی شعری زور بەرزی بەجیٚ هێشتوە کە شێوەی زمانەکەی هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەلٚ زمانی قسە پێکردنی ئێستەی ناوچەی (بۆتان) و بۆ یەکەم جار دیوانەکەی لەسالی ١٣٢٢ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٩٠٤ ی زایین لە (برلین) چاپکراوە و دانەیەك لەو دیوانە چاپکراوە لە کتێبخانەی (الاب انسطاس کرملی) دا هەیە لەبغداد کە ناوەڕۆکی شیعرەکانی لەوپەڕی بەرزیدایە. (ئەمین زەکی لە باسەکەیدا نەیووتوە کەی کۆچی دوایی کردە، بەلام بلەچ شێرکۆ لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦٠ وتویەتی مەلای جزیری لە سالی ١١٦٠ ی زاینی دا لەدایك بوە) ئەو دیوانی شیعرەی ملای جزیری کە ئەمین زەکی باسی کردوە، مامۆستا هەژار ئەو دیوانەی بەناوی (دیوانی عارفی رەبانی شێخ ئەحمەدی جزیری کە مشهورە بە مەلای جزیری، بێجگە لە پێشەکیەك کە بۆ ژیانی مەلای جزیری تەرخانکردوە، هەموو شیعرەکانی بە شێوەی کرمانجی خواروو لیکداوەتەوەو لە سالی١٣٦١ ی کۆچیدا لە تاران چاپی کردوە.

هەژار لە لاپەڕە ١٥ی پێشەکیەکەیدا باسی دەسخەتێکی کردوە کە علاءالدین سجادی لەباشووری کوردستاندا دیویٚتی کە ئەوە دەسخەتە لەسالی ١٣٢٢ ی کۆچیدا نوسراوەو لەوەدا وتراوە شاعیری بەرێزی جزیرە هاوزەمانی سولٚتان

محمدی فاتح بوەو بەپێی ئەوە دەبێ لە پیاوە ناودارەکانی سەدەی نۆهەمی کۆچی بووبێ.

هەژار لەلاپەڕە ١٧ای پێشەکیەکەیدا دوویارە ئاماژەی بۆ بۆچوونێکی تری علاءالدین سجادی کردوە کە وتویەتی دەسنووسێکی تری دیوانی جزیری دەست کەوتوە کەلە سالی ١٣٢٨ ی کۆچیدا پیاوی ناودار عبدالقادر ئامیدی نوسیویتی و لەپێشەکیەکەیدا دەربارەی ملای جزیری وتراوە:

((جزیری ناوی ئەحمەدە و فرزەندی شێخ محمدە و لەسالی ١٤٠٧ی زاین لەشاری جزیری بۆتان لە ناو بنەماڵەیەکی هۆزی بوختی (کەمەبەست بۆتان ـ بوهتانە) چاوی بەژیان هەڵهێناوەو لای باوکی خوێندویەتی و بوە بە مەلایەکی شارەزاو گەلێك مەلای پایە بەرزی پێگەیاندوەو هەتا سالی١٤٨١ ی زایین ژیاوە بە پێی ئەمە (٧٤) سالْ ژیاوەو لەشاری جزیرەدا نێژراوە)).

لەراستیدا ئەمەی علاءالدین سجادی باسی کردوە دەربارەی دەسنووسەکەی عبدالقادر ئامیدی لە گەلْ بۆچوونەکەی بلەچ شێرکۆو ئەوەی ئەمین زەکیدا یەك ناگرێتەوە دەربارەی سالانی لەدایك بوون و کۆچی دوایی ملای جزیری.

بەلام هەژار لەلاپەڕە ٢٢ یپێشەکیەکەیدا بۆچوونێکی جیاوازی هەیە دەربارەی ساتی ژیانی مەلای جزیری و وتوویەتی:

((ئەگەر ژابا، فون هارتمانی ئەڵمانی (ئەوەی لە سالی ١٩٠٤ دا دیوانی ملای جزیری بۆ یەکەم جار چاپکردووە)، یا ئەمین زەکی و بلەچ (مەبەست بلەچ شێرکۆ. جلادت بدرخانە)، محمدعلیعونی و مامۆستا علاءالدین بەرلەوەی ژین نامەی جزیری بنوسن، ئەگەر دیوانەکەیان بەووردی خوێندبایەوە، تەنیا ئەو شیعرەی باسی تیرەکانی خان شەرەف بەس بوە بۆ ئەوەی بۆیان دەربکەوێ مەلا لە چەرخی یازدەدا زیندوو بوە و ئەو گۆڕەی مەلای تیا نێژراوە ژێرزەمینی مزگەوتێکە کە خان شرفی جزیری لە پاش هەزارەی کۆچی سازیداوە.

٣ـ فەقێ تەیران

بەپێی لاپەڕە ٣٣٦ ی کتێبەکەی ئەمین زەکی، بەرگی دوهەمی سەرچاوە ٣٢، فەقێ تەیران خەڵکی (ماکۆ) بوە لە سالانی ١٣٠٧ ی زاین بەرامبەر بە سالی٧٠٧ ی کۆچی ژیاوە هەتا سالی ١٣٧٥ ی زایین بەرامبەر٧٧٧ یکۆچی،

بەپێی ئەمە دەبێ ماوەی (٦٨) ساڵ ژیابێ، کە بە نازناوی (م.ە) شتی نوسیوە و بڵاوی کردوەتەوە کە ناوەڕاستەکەی (محمد) بوە. فقی تەیران جگە لە ژمارەیەکی زۆری شیعر دوو بەرهەمی زور بەناوبانگی هەبوە. یەکەمیان: (چیرۆکی شێخ سنان زۆرسەرچاوە بە شێخی سەنعان ناویان بردوە)، دوهەمیان (قەولی ئەسپارەش) کە بەشێوەی زمانی ناوچەیی و بەتایبەتی نوسیوێتی. بەلام بلەچ شێرکوە_ جلادت بدرخان لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦٠ وتوویەتی فەقێ تەیران ناوی محمود بوەو خەڵکی شاری (مکس) بوەو لەساڵی ۱۳۰۲ ی زایندا لەدایك بوەو دوو بەرهەمی شیعری گەورەی هەیە بەناوی (شێخ سنان) و چەند چیرۆکێك بەناوی (چیرۆکەکانی _ برسیسا) لەگەڵ شیعرێکی زۆر بەناوی (وتەکانی ئەسپی رەش) کە مەبەستی (بوراق) بوە (ئەم بوراقە لە زۆر ئەفسانەدا هەیە کە گوایا ئەسپی پێغەمبەر بوە). بێجگە لەوانە بەنازناوی (م.ە) کتێبێکی هەیە دەربارەی صۆفیگەری و (تاکایەتی بوون _ کەلە کتێبە عەرەبیەکەی بلەچ شێرکۆدا ناوی لێنراوە: (وحده الوجود) و لە ساڵی ۱۳۷٦ی زایین لەشاری (مکس) نیژراوە.

٤_ مەلای باطی

ئەمین زەکی لەلاپەرە ۳۳٦ی بەرگی دوهەمی سەرچاوە ۳۲ دا ، دەربارەی مەلای باطی وتویەتی خەڵکی گوندی (باطی) بوە لە لیوای حەکاری و ناوی ئەحمەد بوە وەلەنێوان ساڵانی ۸۲۰ ی کۆچی بەرامبەر بە ۱٤۱۷ زایین و ۹۰۰ کۆچی بەرامبەر بە ۱٤۹٥ زایین ژیاوە (بەپێی ئەو بۆچوونەی ئەمین زەکی دەبێ (۸۰) ساڵ ژیابێت).

مەلای باطی دیوانێکی شیعری هەیە و جگە لەو دیوانە بە شیعرێکی دورو درێژ باسی لە دایك بونی پێغەمبەری کردوە بە شێوە زمانی کرمانجی و (فون لوك) وێنەیەکی ئەو شیعرەی بلاوکردوتەوە. محمد علی عونی کە وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی‌یە بۆ عەرەبی، لە پەراوێزی لاپەرە ۳۷۷ دا وتویەتی شیعرەکەی مەلای باطی لەساڵی ۱۳۲٤ یکۆچیدا لەلایەن (کردی زادە ئەحمەدرلمن)ەوە لە قاهرە چاپکراوە.

ئەحمەد رامز یەکێك بوە لەو کوردانەی لە (رواق الاكراد) ی جامعەی ئەزهەردا بوە دەربارەی ساڵی کۆچی دوایی مەلای باطی بلەچ شیرکوە لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦٠ وتویەتی لەساڵی ١٤٩٠ دا کۆچی کردوە کە ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەمین زەکیدا یەکناگریتەوە و وتویەتی ساڵی ١٤٩٥ کۆچی دوایی کردوە.

٥ـ ئەحمەدی خانی

ئەحمەدی خانی یەکێك بوە لە شاعیرە هەرەبەرزەکانی کوردو ڕۆڵی ئەو شاعیرە مەزنە ئەوەندە گرنگە لە ڕووی ئەدەب و مێژوو و بزواندنی هەستی نەتەوایەتیدا، بە ماموستای قوتابخانەی شیعری نیشتمانپەروەرێتی دەژمێررێ، کەم شاعیری دوای خۆی هەیە باسی ئەو شاعیرەی نەکردبێ و پێڕەوی ڕێبازەکەی ئەوی نەگرتبێتەبەر.

لەراستیدا رۆڵی ئەحمەدی خانی شاعیری لێهاتوو شارەزاو ئاگادار بە بارودۆخی سەردەمی خۆی و پێش خۆی و تەنها هەر بریتی نەبوە لەو هەستە ناسکەی لەشێوەی شیعردا هۆنیویەتەوە، بەڵکو مرۆڤێکی شارەزا بە مێژووی گەل و ولاتەکەی خۆی بوە ئاگاداری باری کۆمەلایەتی و سیاسی میللەتەکەی خۆی بوە و بەکێش و ترازووی بیرو باوەڕوو بۆچوونی خۆی روو داوەکانی هەلسەنگاندوەو رەخنەی لە هەموو نالەباری و دواکەوتنی میللەتەکەی گرتوەو شعرەکانی بوون بە زنجیرەباسێکی مێژوویی گرنگ بۆ ئەوەی سەردەمی خۆی و دوای خۆی و مەلحەمەی مەم و زینەکەی ئەگەرچی شێوەی دەرەوەی بریتی بوە لە مەلحەمەیەکی دلداری بەلام کۆرەپانی مەلحەمەکەی ئەوەندە فراوان و پان و بەرین بوە جێگەی هەموو شتێکی تیادا کردوەو شیعرەکانی بریتین لە زنجیرەیەك رووداوو شیکردنەوەی بەسەرهاتەکانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی و بە دلێکی پڕ لەخەم و خەفەتەوە گلەیی و نارەزییەکانی خۆی ئاشکرا کردوەو دۆخی میللەت و ولاتەکەی لەگەڵ دوخی میللەتان و ولاتانی تردا بەراورد کردوەو رەخنەی توندوتیژی لە دەسەلاتداران و سەرکردەکانی کورد گرتوە و هاواری کردۆتە میللەتەکەی و داوای لەسەرکردەکان کردوە دەسبەرداری رێبازی کۆن بن و بچنە سەر ڕێبازی ئەو ڕاستە رێگەیەی میللەتانی تر گرتبویانە بەرو خۆیانیان رزگار کردبوو.

لەراستیدا ئەو دروشمانەی خانی لە شیعرەکانیا بەرزی کردبوونەوە بوبوو بە مەشخەڵێکی نەکوژاوە بۆ شاعیران و ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەرانی کوردی دوای خۆی و بوبوو بە مامۆستای ئەو قوتابخانەیەی دەیان شاعیر لەو قوتابخانەیەدا شاگرد بوون وەکو حاجی قادری کۆیی و پیرەمێرو شاعیرانی تری وەکو ئەوان کە شیعرەکانی خانی لە شیعرو بەرهەمەکانیانا بە ئاشکرا ڕەنگی داوەتەوە.

دەربارەی ئەحمەدی خانی جلادت بدرخان (بلەچ شێرکوە)لە لاپەڕە ٣٢ ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦٠ وتوویەتی ئەحمەدی خانی ئەوزاناو شاعیرە دلدارەیە کە لە عەشیرەتی (خانیان) بوەو خاوەنی (مەم‌وزینە) کە کەلە ریزی ئەلیادەی هۆمیرۆس دەژمێرریێو لە کوردیدا وێنەی نیە.

خانی ئەو کتێبەی لە ساڵی١٥٩١ زاییندا لە شاری بایەزید تەواو کردوەو لەساڵی ١٦٥٢ ی زایندا کۆچی دوایی کردوەو بەتەنیشت ئەو مزگەوتەوە نێژراوە کە خۆی لە شاری بایزیددا دروستی کردبوو. ئەمین زەکی لەلاپەڕە ٣٢٧ ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٣٢ باسی بەرهەمە بەرزەکەی خانیی بەناوی (داستانی‌مەم و زین) ناویردوە کە بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٣٤٠ کۆچیدا - ١٣٣٨ع لە ئەستەمبولْ چاپکراوە و جگە لەوداستانە قاموسێکی عەرەبی کوردیشی هەبوە بە ناوی (نوبهار - نوبار) کەلەساڵی ١٠٩٤ ی کۆچیدا لەلایەن یوسف ضیاء بەگەوە چاپکراوەو گەلێ شیعریشی هەبوە بە زمانەکانی عەربی و تورکی و فارسی (وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی محمدعلی عونی لە پەراوێزی ئەولاپەڕەیەدا وتوویەتی ساڵی ١٠٩٤ ی کۆچی ساڵی چاپکردنی نوبهار نەبوە، بەڵکو ساڵی تەواوکردنی نووسینی بوە لەلایەن خانیەوە).

دەربارەی ژیانی ئەحمەدی خانی و ساڵی لەدایك بوونی و کۆچکردنی هەندێ جیاوازی هەیە لەنێوانی ئەو سەرچاوانەدا باسیانکردوە.

ئەمین زەکی وتویەتی لەنێوان ساڵانی ١٠٠٠ـ ١٠٦٣ کۆچی بەرامبەر بە ١٥٩٢- ١٦٥٣ ی زاینی ژیاوە (لەمەی ئەمین زەکیدا ساڵی ١٦٥٣ ی زاینەکەی بەرامبەر بە١٠٦٣ کۆچی یەك ناگرێتەوە چونکە بەپێی حسابی هجری (٦٣) ساڵی هجری ژیاوە بەڵام بەپێی حسابی زاین (٦١) ساڵ ژیاوە کە دوورن لە یەکترییەوە). دوکتۆر جمال نەبەز لەلاپەڕە ٥٨٥ ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٣١

وتویەتی خانی لەنێوان سالآنی (١٦٥٠ ز ـ ١٧٠٦ز) دا ژیاوە بەپێی ئەمە خانی تەنها (٥٦) سالّ ژیاوە.

جلادت بدرخان (بلەچ شێرکوە)لە کتێبەکەیدا، سەرچاوە ٦٠ لەلاپەرە ٣٢دا وتویەتی خانی لە سالّی ١٧٠٩ زایندا کۆچی دوایی کردوە (باسی سالّی لەدایکبونی نەکردوە). لە کتێبی (تأریخ مشاهیر الاکراد) جلداول ـ تألیفی بابا مردوخ روحانی شیوا چاپی تاران سالّی ١٣٦٤ کۆچی لەلاپەرە ٢١٢دا وتویەتی خانی لەسالّی ١٠٦١ کۆچی بەرامبەر بە١٦٥٠ ی زاین لە دایك بوە علاءالدین سجادی لەلاپەرەکانی ١٨٩ــ١٩٤ ی مێژوی ئەدەبی کوردی کە باسی ژیانی خانیی کردوە وتویەتی خانی لە سالّی ١١١٩ یکۆچیدا، کۆچی دوایی کردوە (علاءالدین ئەمەی لەوەوە وەرگرتوە کە بەحسابی ئەبجەد بەعەرەبی ووتراوە: (طار خاني الى ربّه) کە بە حسابی ئەبجەد سالّی ١١١٩ ی کۆچی دەگرێتەوە. لام وایە راسترین سەرچاوە دەبێ ئەوسالە بێ کە خانی خۆی لە سێ شیعریدا باسی ژیانی خۆی کردوە کە هەژار لە لاپەرە٢١٧ ی کتێبەکەی ئەحمەدی خانیدا چاپ کراوە کە ئەوسێ شیعرەش بریتیە لە:

خەططێ تەیە سەرنویشت و سەرمەشق — سیە سالە خەطێ خەطا نکەت مەشق

لەورا کو دەما ژ غەیب فەك بو — تەئریخ هەزارو شیست و یەك بو

ئیسال گەهیشتە چلل و چاران — وی پێشرەوێ گوناهکاران

بەپێی ئەمە کە وتویەتی لە سالّی ١٠٦٨ دا تەمەنم گەیشتوەتە چل و چوار، دەبێ ئەحمەدی خانی ١٠٦١ ـ ٤٤ = ١٠١٧ ی کۆچی لە دایك بوویێت. هەژار لە لاپەرە ٣٦٤ دا ئەو سێدێرەی بەم جۆرە کردوە بە شێوەی کرمانجی خواروو (بابە موکریانی):

بەد خۆم و لەراستە خۆم چکوسم سێ سالە گوناهی خۆم دەنوسم گەر هاتنە سەر زەوی مەرێك بو مێژو لە هەزارو شیست یێك بو ئێستە بەتەمەن چل و چوارم پێشەنگی بەرەی گوناه کارم هەژار خۆی لەلاپەرە ٢٢٥ یکتێبەکەی خانیدا وتویەتی:

((خانی ناوی ئەحمەدە کوری ئەلیاسە، سالّی ١٦٥٠ ی زایین لەدایك بوە و لەتەمەنی (٥٨) سالّیدا لە بایەزید مردوە (کەبەپێی ئەم بۆچوونەی هەژار دەبێ

خانی لە ساڵی ١٦٥٠ + ٥٨ = ١٧٠٨ زاینی لە دایک بووبێت). بێجگە لەو بەرهەمانەی ئەحمەدی خانی کە لەوسەرچاوانەدا باسکراون؛ مامۆستا محمد علی قرەداغی بەناوی (مژدەی دۆزینەوەی یوسف زلێخای ئەحمەدی خانی) لەلاپەڕە ١٢ ی گۆڤاری ڕەنگینی ژمارە ٩٤ ی ساڵی ١٩٩٦ باسی ئەو چیرۆکی یوسف زلێخایەی بڵاوکردوەتەوەو بە پێی باسەکەی ئەو بریتیە لە (١٤٠) لاپەڕە کە ئەمەی خوارەوە فۆتۆکۆپی بەرگەکەیتی:


کتاب یوسف زلیخا علیه السلام

وبه بسم الله الرحمن الرحيم نستعين

سر دفتری جمله کتابان ∴ قط نابه کو نابه ناو سبحان
حقا او وحا القيمه غفار ∴ بی مذنب عاصی کنه کار
ای شمس منیر عالم ادی ∴ چونا فلکان ژ بو ته سیری
خورشید ژ بو ته کو و سیدان ∴ والله قسم نوی سر و ریتیان
باری تو کوی ختیم مختار ∴ اسرار کرن ژ بو ته اظهار
اسمیته

(يوسف زليخا)

مامۆستا هەژار کارێکی زۆر گەورەو باشی کرد پاش ماندووبونێکی زۆر مەم و زینەکەی ئەحمدی خانیی ئامادە کردوە لەلایەن (أنستیتوتی پاریس)ەوە لە ئیتالیا چاپکراوە لە سالی ١٩٨٩ داو ووشە گرانەکانی لە شێوەی کرمانجیەوە کردوە بەکرمانجیی خواروو لە پاشکۆی دیوانەکەی مەم و زینی خانیدا هەموو دێرە شعرەکانی مەم و زینی کردوە بە کرمانجیی خوارو (شێوەی موکریانی بوتریێ باشترە)، هەرچەند من لەگەلْ ئەوەدا نیم شعری کوردی لە شێوەیەکیەوە بکریێ بە شێوەیەکی تر چونکە وەرگێڕ هەرچەندێك شارەزاو لێ هاتووش بێ بڕواناکەم بتوانێت پڕبەپڕی مەبەستەکانی ئەو شیعرانە وەرگێڕێ بۆ شێوەیەکی تر.

هەژار لەپێشەکی‌یەکەدا ئەم چەند سەرنجەی خوارەوەی تۆمارکردوە دەربارەی چاپەکانی مەم وزین لەلایەن ئەو کەس و دەزگایانەی بایەخیان بەوبەرهەمە گرنگە داوە ئێمەش لێرەدا سەرنجەکانی مامۆستا هەژار هەروەکو خۆی پێشکەش دەکەین کەلە لاپەڕە ١٤ ی پێشەکیەکەدا باسی ئەوەی کردوە چوار مەم وزینی چاپکراوی بەراورد کردوەو سەرنجەکانی خۆی دەربارەی ئەو چاپانە بەم جۆرەن:

١- چاپی هەولێری مام (گیو)، هەندێ رەخنەی لێ گرتومو لەبەرئەو هۆیانەی باسی‌کردون ووتویەتی وازم لەوچاپانەی ئەو هێنا.

٢- مەم وزینی چاپی مۆسکۆ کە خانم (سیدا رودینکو) لەسالی ١٩٦٢دا بەراسپاردەی ئەکادیمی علومی یەکێتی سۆڤێت (نشرخانا ئەدبیاتا روژهەلاتی) بەشێوەی خەتی عارەبی دەگەلْ وەرگێڕاوی روسی و پێشخەبەرێك چاپ و بلاوی کردوەتەوەو لە پەراوێزەکانا دەردەکەوێ لەبەر چەند نوسخەیەکدا نووسراونەتەوەو دوویەیت لەمەدا هەبوون کە لەوەی (حەمزە) دا نەبوون.

٣- چاپی (حەمزە): لە پێشەکیەکەیدا نوسراوە: (مایسی سالی ١٣٣٥ ی کۆچی کەبەرامبەر بە سالی ١٩١٩ ی زاینی لەدواییەکەشیا تیا نوسراوە: (ئەو کتیبا کو مەژێ أستنساخ کری، سالا ١١٦٥ عزیز کوری شێرمام زیدی نڤیسی بوو). بەو پێیە دەبێ ئەو نوسخەیە پاش شەست سالْ دوای دەسخەتەکەی خانی خۆی نوسرابێت. ئەو (حمزە) یە

لەساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ دا سەرپەرشتی چاپخانەی (نەجمی أستقبال) ی کردوە لەشاری ئەستەمبوڵداو لە ساڵی ١٩٥٦ لەشاری (قامشلی) کۆچی دوایی کردوە.

٤- مەم وزینی بە لاتینی چاپکراوی ماموستا محمد ئەمین بۆز ئەرسلان، ساڵی ١٩٦٨ لە تورکیا بەوەرگەڕاوی تورکیەوە لە چاپی داوەو وتویەتی ساڵی ١٩٥٨ لە شاری شامیش بە پیتی عەرەبیش چاپی کردوە، بەڵام هەژار وتویەتی نە ئەومم دیوەو نە لە کەسیشم بیستوە (تۆ بڵێی لای ماموستا محمد ئەمین بۆز ئەرسەلان نوسخەیەك لەوە دەس بکەوێ؟).

٦- مەلا مەحمودی بایزید

دوکتۆر کمال مەزهەر لەو باسەیدا کە بۆ پێشەکیی شرفنامە وەرگێڕاوەکەی هەژاری نوسیوە لە لاپەڕە ١٦٨، وتوویەتی مەلا مەحمودی بایزید لە کوتایی سەدەی هەژدەدا لە دایك بوە و لە سەرچاوە ٣٨ دا لەلاپەڕە ١٢٦ دا دوکتۆر کمال ساڵی لە دایك بوونەکەی مەلا محمودی بایزیدی دەستنیشانکردوەو وتویەتی لە ساڵی ١٧٩٧ ی زاین لە دایك بوە لە ناوچەی بایزیدی باکوری کوردستان و جگە لە زمانی کوردی، عەرەبی و تورکی و فارسیشی باش زانیوە و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ نەك تەنها هەر لە بایزیددا بەڵکو لە هەموو کوردستانیشدا مەلایەکی بێ هاوتا بوەو لە ناو کوردەواریدا وەك زانایەکی ئاینی و ماموستایەکی لێ هاتوو ناوبانگی دەرکردوەو گەلێك بەرهەمی شاعیرانی تورك و عەجەمی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە مەیدانی لێکوڵینەوەی زمانیشدا بەرهەمی زۆر هەبوە بە تایبەتی دەربارەی (ڕێزمان)و شارەزای دابوو نەریت و مێژووی کوردیش بوە.

(جابا - ژابا) کە لە سەر داخوازیی ڕۆژهەڵاتناسەکانی (پیتە بۆرگ) کەوتبوە بایەخدان بە کوردناسین، پەنای بردۆتە بەر مەلا محمودی بایزید و بەیاریدەی ئەو توانیبوی گەلێك دەستنوسی نایاب و کەرستەی زانستی بۆ مۆزەخانەی ئاسیایی لە پترسبرگ (پینە بورگ) کۆ بکاتەوە. لەسەر داخوازی ژابا، مەلا مەحمود ژمارەیەك کتێبی دانا کە دەستنووسی هەموویان کەوتە لای ژابا و بەشی زۆری ئەو دەستنووسانە لە دەزگا زانستیەکانی لیننگرادا هەلگیراون و (ڕۆدنکۆ) باسی کردون و وتویەتی ئەتوانم بەوپەڕی دڵنیاییەوە بڵێم گەلی کورد

لە پاراستنی گەلێك لایەنی بەنرخی سامانی روناکبیریدا هەتاڕادەیەکی زۆر قەرزاری مەلا مەحمودی بایزیدەو ئەگەر هاوکاری ئەوو (ژابا) نەبوایە تا ئێستەش بەشێکی بەنرخ لە گەنجینەی ئەدەبی کوردی سەدە ناونجیەکان نەدەزانرا.

لەو بەرهەمەیدا (عادات و رسوماتنامه طوایف اکراد و ئوصول و نظامات کوردی، کەلەساڵی ١٢٧٤ کۆچی بەرامبەر بە ١٨٥٨ ـ ١٨٥٩ زاین لە نوسین بۆتەوە، رۆدنکۆ لەساڵی (١٩٦٣) دا لە مۆسکۆ کردویەتی بە روسیّ و وەکو لەپێشەکیەکەیدا باسی کردوە بریتی بوە لە (٢٠٢) لاپەڕە.

هەرچەندە ئەم کتێبە بیّ هەڵە نیە، بەتایبەتی لەسەرەتادا کە باسی رەگەزی کوردی کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرچاوەیەکی بەکەڵکە بۆ مێژوونووس چونکە باسی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و کۆچەرێتی و بازرگانیو سەندنی باج و سەرانەو سوودو سەلەم و دەسەڵاتدارێتی تیادا کردوە جگە لەم کورتە باسەی ژیانی بایزیدی، لەباسی شرفنامە و لەباسی شۆڕشی بدرخان پاشاشدا باسی ڕۆڵی مەلا محمودی بایزید تەواو دەکەین و پێویست ناکا لێرەدا باسیان بکەین.

٧ـ یوسف ضیاءالدین پاشا خالدی

لەباسی ئەحمەدی خانیدا ئاماژەمان بۆ کتێبەکەی ئەمین زەکی کردوە کە وتویەتی قاموسەکەی خانی (نوبهاربچوکان) لەساڵی ١٠٩٤ ی کۆچیدا لەلایەن یوسف ضیاءالدین بەگەوە چاپ کرابوو.

ئەحمەدی خانی دەربارەی ئەو قاموسەی خۆی لە نوبهاردا وتویەتی: ئەم قاموسە تەنها هەر بۆ متأدبین نیە (کە مەبەستی ئەدەب دۆستان و شارەزایانی ئەدەبە)، بەڵکو بۆ منداڵانی کوردە. یوسف ضیاءبگ لە کتێبەکەیدا (الحمیدیە) وتوویەتی: تەنها هەر ئەم چەند ووشەی ئەحمەدی خانی هەروەکو پەندو وشەی ئەستەق وایە.

دەربارەی پلەو پایەی یوسف ضیاءالدین هەروەکو دوکتۆر جلیلی جلیل لەسەرچاوەی ٥٥ دا ئاماژەی بۆ لاپەڕەکانی (٥٤٥ـ٥٤٩) ی کتیبی (journal fisiqne ixeric.t.2) کردوە کەلەو کتێبەدا (ڤیلچێڤسکی) دەربارەی

هەڵسەنگاندن و نرخانی یوسف ضیاءالدین وتوویەتی: ((یوسف ضیاءالدین خالیدی پاشا خالیدی بەیەکێك لە گەورەترین شخصیاتی کورد دەژمێررێو یەکێك بوە لەوانەی جگەلە زمانی کوردی لەزمانی عەرەبیشدا شارەزاییەکی تەواوی هەبوە.

بلاویونەوەی (هدیە الحمیدیە) ی لەناو ناسراوانی کوردو رۆشنبیراندا دەنگێکی زۆری داوەتەوەو بەسەرکەوتووترین کتێب دانراوەو رۆژنامە ئەوروپاییەکانیش بە هەمان شیوە باسیان کردوە)) میر بصری لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٢ لەلاپەرە ٦٢ دا وتوویەتی یوسف ضیاءالدین لە نێوانی سالأنی ١٨٤٢ _ ١٩٠٦ دا ژیاوە.

لولاپەرە ٣ ی ژمارە ٣ ی رۆژنامەی کوردستان رۆژی ٧ ی مایس ١٣١٤ ی کۆچی کە لە قاهرە دەرچوە باسی چۆنیەتی دەرچوونی (هدیە الحمیدیە) کردوە، حەزمکرد بەشێوە کرمانجیەکەی چۆن بلاوکراوەتەوە هەروا بە ئیملاکەی خۆی پێشکەشی بکەم:

((هن خالدی هنە لقدسا شریفین یك ژئان خوی فضل وکرم شێخ یوسف ضیاءالدین، خدی عمروی درێژو علم وی زێدە بکە، بری شش سالا (کەبەپێی ئەمە سالی ١٣٠٨ کۆچی دەگرێتەوە) کتێبێك چێکر بەناف فێ کتێبی (الهدیە الحمیدیە فی اللغە الکردیە) یە. أڤ کتێب بحثا قواعدێن عزمان کرمانجی دکە لغاتێن کرمانجی حمی گهاندنە هەڤ ڤی کتێبدە نڤیسییە مالاوی ئاڤا أساسك ژعزمان کرمانجا رە دانی. أز هیڤی دکم کو علماو میرو پادشایێن کردا ژڤێ کتێبی پیدابکن گلك کتێبێك ڤنجە علمایێن کردارە لازمە کو أو ژعزمانێن خوە تیشتکی بنڤیسن)).

ناوی نوسەرەکە لە رۆژنامەکەدا نیە، وادیارە ئەبێ هی مقداد مدحت بدرخانی سەرنووسەری رۆژنامەکە بێ. دەربارەی (الهدیة الحمیدیة)؛ دوکتۆر جلیلی جلیل لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٥٥ وتوویەتی ئەو کتێبە لەلایەن یوسف ضیاءالدینەوە ئامادەکراوە لە سالی ١٨٩٢ ی زاینیدا چاپکراوە کە بەپێی ئەمە بەرامبەرەکەی سالی ١٣٠٠ ی کۆچی دەگرێتەوە کە لەگەڵ ئەوەی رۆژنامەی کوردستاندا یەك ناگرێتەوە کە لە سالی ١٣٠٨دا چاپکراوە.

دەربارەی هۆی ناونانی ئـەو کتێبـە بـە (الهدیـة الحمیدیـة) وە، جلیلـی ئـەڵێ ئەوەی لەو ڕۆژانەدا ڕێگەی بۆ چاپ کردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەی دلوە (کە بە عربیو کوردی کرمانجی ژوروو بوە) ئەوەبوە لەو ڕۆژانەدا خلیفـەی عوسمـانی سوڵتان عبدالحمید بوە و کتێبەکەی بەناوی ئەوەوە بـڵاو کردۆتـەوە. دەربـارەی ئەوە مامۆستا نجم مەلا لەلاپـەڕە ٢١ ی ژمـارە ١٢ ی گۆڤـاری ڕۆژی نـویێ سـاڵی ١٩٦٠ کـە لەشـاری سـلێمانی دەرچـوە باسـێکی دەریـارەی ئـەوکتێبی (الهدیـة الحمیدیة) یەوە بڵاوکردۆتەوەو وتوویەتی دوورنیە ئەو کتێبە ئەگەر ئـەو عنوانـەی لە سەر دانەنرایە کە ناوی سوڵتان عبدالحمید بوە لەوانەبوو ڕێگـە بـە چـاپکردنی نەدرایە.

وەکو دوکتۆر جلیلی لەسەر چاوە ٥٥ دا باسی کردوە ئەو کتێبە بریتی بوەلە (٣٠٠) لاپەڕە کە بە زیانی عەرەبی باسی دەستووری زمانی کوردی کردوە لەگەڵ شـیعرە کلاسـیکیەکانی ئەحمـەدی خـانی و باسـی چـەند بەشـێك لـەو قاموسـە شیعرییەی ئەحمەدی خانی کە بەناوی نوبهارەوە نوسیبوی، لەگەڵ ئەو قاموسـە کوردیە ـــ عربیــەی محمدعبدالهـادیٚ و حــاجی محمدنــوری و محمدعــاصم و أبومسـعودزادە علاءالدیـن دایـان نـابوو، جگـە لـە هـەندیٚ لـە شـعرەکانی (محمودخزنی خالدنقشبندی) و ئەو کتێبەی یوسـف ضیـاءالدین بەرهـەمێکی زور بەنرخ و کەرەسەیەکی سوود بەخش بوە بۆ ئەوانەی ویستبویان شارەزای زمان و ئەدەبی کوردی بێن.

یوسف ضیاءالدین لە الهدیة الحمیدیەدا دەربارەی بایەخدان بـەزمانی کـوردی ووتوویەتی: ((فێربوون و زانینـی زمـانی کوردی کلیلـی شـارەزابوونی کـوردە و هـۆی نزیکبوونەوەیە لـەو میللەتـە)). بـەر لـەوەی بچینـە سەریاسـی زانـای مێژوونووسی کورد لە خوارەوە ناوی هەندیٚ لەو شاعیرو نووسـەرانەی بـەر لەمـە سەرچاوەکانی وەکو ئەمین زەکی و دکتۆر کمال مەزهەر وجلیلی باسـیان کـردوون ناوی چەند شاعیرو نوسەرێکی تر بەکورتی ئەخەینە پێش چاو کـە ئـەمین زەکـی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٣٢ وبلەچ شێرکوە لە سەرچاوە ٦٠ دا باسیانکردوون کە بریتین لە:

١- ئیسماعیل بایزیدی، لەساڵی ١٦٤٥ ی زایندا لەدایك بووە لە شیعرو نوسینەکانیا پێڕەوی ئەحمەدی خانی کردوە و قاموسێکی بچووکی کوردی و عربی و فارسی داناوە بەناوی (گلزار).

٢- شریف خانی هەکاری ـ ساڵی ١٨٦٩ لە جۆڵە مێرگ لە دایك بوە.

٣- مراد خان ـ خەڵکی بایزید بوە و ساڵی ١٧٣٧ لەدایك بوە.

٤- ملایونسی (هلکاتینی) نووسەری سێ نامەی بەناوبانگە کە بریتین لە: (تصریف) و (ظروف) و (ترکیب) بەزمانی عەرەبی.

ئەوەی جێگەی داخە، ژمارەیەکی ئێجگار زور لە زانایان و شاعیران و مێژوونوسان و پیاوی ئاینی کورد لە ژیانیانا هەرچەندە کوردبوون و سەرچاوەکان بەکورد ناویان تۆمار کردوون، بەڵام بەزمانی خۆیان شتێکیان نەنوسیوەو بەشێکی زۆریان کوردستانیان بە جێ هێشتوەو ڕوویان کردوەتە وڵاتانی ئیسلام و هەر لە موصڵ و بەغداو شامەوە هەتا قرطبەی ئەندەلس چوون و لە خزمەت کاربەدەستان و دەسڕۆیوانی ئەو وڵاتانەدا خزمەتی زمانی بێگانەیان کردوە و هیچ بەرهەمێکیان لەپاش بەجێ نەماوە دەربارەی میللەتەکەی خۆیان و وڵاتەکەی خۆیان و زمانەکەی خۆیان.

بۆ نمونە کتێبی (تأریخ مشاهیر کرد ـ عرفا، علماء، أدبا، شعرا نووسینی بابامردوخ روحانی شیوا ـ چاپی تاران ساڵی ١٣٦٤ کۆچی، تەنها لە بەرگی یەکەمیا پتر لە ٦٠٠ـ٧٠٠ مێژووناس و زمان زان و شاعیرو ئەدیب و نووسەری کوردی تیادا باس کراوە لەگەڵ ژیانیاناو ناوی بەرهەمەکانیان بە زمانەکانی بێگانە وەکو عربی و فارسی و تورکی، حەزمکرد لێرەدا کورتە باسی هەندێکیتان بخەمە پێش چاو کە لەکتێبی ناوبراودا بڵاونەکراوەنەتەوە بۆ ئەوەی بزانرێ نووسەران و شاعیران و مێژوونووسانی کورد بێجگە لە ژمارەیەکی کەمیان نەبێ ئەوانیتر چەند کەمتەرخەم بون بەرامبەر بە میللەت و وڵاتەکەی خۆیان.

١- ابو اسماعیل قالی ملازکردی، ساڵی ٢٨٨ کۆچی لە شاری دیاربکر لە دایك بوە وپاش ماوەیەك کۆچی کردوە بۆ موصڵ و بغداد و لە ئەنجامدا لە (قرطبە) گیرساوەتەوەو لەوێ بوە بە مامۆستا لە یەکێك لە مزگەوتەکانی قرطبە و گەلێك باس و کتێبی بە عرەبی نوسیوە.

٢- ابونصر احمد سليكى ملازكرد: شاعيرو نووسەرو بوە وزيـرى ابونصراحمـد كـورى مروانى حاكمى دياربكربوە سالى ٤٣٧ كۆچى مردوە و لەگـەلْ ابوعـلاء معـرىدا چاويـان بەيەكتر كەوتوە.

٣- ابن الاثير سالى٥٥٨ له جزيرە لەدايك بوە و سالى ٦٣٧ له بغداد كۆچى دوايـى كردومو ماوەيەك له بـارەگاى صلاح الدين ايوبيدا خزمەتى كردوە كه يەكێكه له مێـژوو نوسه بەنـاوبـانگەكان.

٤- حسام الدين على بدليس ـ لەزانـاكانى بدليس بوە به عربـى كتێبێكـى نوسـيوە بەنـاوى (جامع التزيل و التـاديل) كه پێنج جلد بوە و كتێبێكيش بـەنـاوى (الكـنز من بيان مقامات الصوفى).

٥- كمال الدين حكيم بدليس ـ زور نزيك بوە له كۆشكى سوڵتانەكانى عوسمانى و ناق قوينلى. گەلێك بەرهەمى شيعرى هەبوە به عربى و فارسى و توركى.

٨- شرفخانى بدليسى

هەروەكو چۆن ئەحمەدى خانى به مامۆستاى قوتابخانەى شيعرى نەتەوايەتى كورد دەژمێررێ، شرفخانيش بەيەكەم مێژوونووسى كورد دەژمـێررێت. بەشـێكى زۆرى مێژوونووسان، لەوانەى كەويسـتويانه دەربـارەى مێـژووى رابـوردوى كـورد بنوسـن زوريـەيان سـودنيان لــەو بەرهەمــەى شـرفخان وەرنـەگرتبێت. لەباسـى ئەمارەتەكانى بـاكورى كوردستـاندا، لەئـەمارەتى بدليسـدا كورتەباسـێكى ژيـانى شرفخانمان له زمانى خۆيەوە وەرگرتوە كـه لـه شـرفنامەدا باسـى كـردوە، بۆيه پێويست ناكا لێرەدا دووبارەى بكەمــەوەو يەكسـەر دەچمـه سەرباسى بەرهەمـه بەنرخەكەى كه (شرفنامە)يە.

ئەوى راستى بێ، ئەگەر ئەوكارەى شرفخان نەبوايه كه بەوردىو به دوورودرێـژ گەلێك باسى گرنگى مێژوويى و ژيـانى گـەورە پيـاوانى پێش خـۆى و سـەردەمى خـۆى تۆمـاركردوە، بێگومـان زۆرشـت لــه كيــس دەچـوو بــێ ئەوســەرچاوەيە نـەدەتوانرا بەرپـەرچى ئـەودرۆو دەلەسـانه بدرێتـەوە كـه دوژمنـانى كـورد بـۆ كورديان هەڵدەبەست، ئەگەرچى هەندێ جار دوژمنانى كورد دەرفەتى ئەوەشيان بۆرەخساوە هەندێ لەو چيرۆك و ئەفسانانەى درابوونـه پـالْ نەتـەوەى كـورد و

شرفنامە لێیان دواوەو تۆماری کردون بیانکەن بەبەڵگە بۆ زراندنی مێژووی کورد ئەگەرچی شارەزایانی کارامەو لێهاتوو زوربەئاسانی دەتوانێ ئەو جۆرە چیروك و ئەفسانانە بە چاوێکی گومانەوە سەیر بکاو بیخاتە ریزو خانەی ئەو هەزاران چیروك و ئەفسانە بێسەروبەرانەی دراونەتە پاڵ میللەتانی تریش. بەرلەوەی بچمە سەر باسی ناوەرۆکی شاکارەکەی شرفخان، بە پێویستم زانی ئەم چەند دێرەی مامۆستای مێژوونووسی کورد ئەمین زەکی بخەمە بەرچاو کە دەبارەی شرفخان نوسیوێتی هەروەکو لە لاپەرە ٢٠٢ ی بەرگی یەکەمی سەرچاوە ٣٢ دا فەرموویەتی:

((شرفخانی بدلیسی خوالێخوشبوو تەقەلایەکی زۆریدا بۆ ئەوەی بتوانێت کوردەکانی سەردەمی خۆی یەك بخاو گیانی یەکگرتن و هاوکاری لەناویانا بەتاك و بە کومەڵ و بەحکومەتەکانیانەوە پەرە پێ بداو بۆ ئەو مەبەستە رێنمایی هەمویانی کردوە بۆئەوەی ئەو رێبازە بگرنە بەر خۆشیو شادمانی گەل و تێرو تەسەلیی ناو ولاتی پێدابین بکرێ و تەقەلایەکی زۆری دابوو نارێکی و ناکۆکی لە نێوان ئەمارەتەکان و نیشتمانپەروەرەکانا نەمێنێ و بە پێی توانا تەقەلای دابوو دەوڵەتێکی یەك گرتوو پێك بێنێت و بەرەیەکی یەکگرتووی سیاسی لە هەموو حکومەتەکان و ئەمارەتە کوردیەکانا لەشێوەی (فیدراسیۆن) ێکدا پێك بێنێت کە پایتەختەکەی لە جزیرەی ابن عمردا بێ، بەڵام بەداخەوە ئەو تەقەلاو بانگەوازەی سەری نەگرت چونکە سەرکردەکانی کورد گوێیان بۆ بانگەوازەکەی ئەو شل نەکردو بەقسەیان نەکردو بەهۆی فرو فێڵ و پیلانی بێگانەوە تۆوی دووبەرەکی لە نێوانیا چێنرابوو، سەوز بوبوو ((سیاسەتی پیلانگێرەکانی دوژمنی کورد لەسەر بناغەی: (تێکیان بدەو ببە بە ئاغا) دامەزرابوو کورد بە ئامانجی خۆی نەگەیشت و دوژمنەکانی بەسەریا زاڵ بوون)). دەربارەی ئەو بۆچوونەی ئەمین زەکی و ئەو تەقەلایانەی شرفخانی بدلیسی دابووی، کاشکی بەر لەو ئیدریسی بدلیسی ئەم هەوڵەی ئەوی بدایە کە هێشتا ئەمارەتەکانی کورد جۆرە سەربەخۆییەکی خۆیان هەبوەو تا ئەو کاتە هێشتا خلیفەی عوسمانی و کاربەدەستەکانی تورك ئەو دەسەڵاتە زۆرەیان نەبوە لە کوردستانا و نەیانتوانیبوو بە ئارەزوی خۆیان تۆوی دووبەرەکی لەناو میرەکانی کوردا بچێنن و هێشتا دەولەتەکەیان بەتەواوەتی خۆی نەگرتبوو دەستیان نەخستبوە کارو

باری ئەمارەتەکانی کوردەوە، کاشکی ئیدریسی بدلیسی بەرلە شرفخان ئەو نەخشەیەی بکێشایەو ئەو ئامانجە پیرۆزەی بهێنایەتەدی، بەلام بەداخەوە لە سەردەمی شرفخانی خاوەنی شرفنامەدا کارلەکار ترازابوو تورکەکان دەستی خۆیان لەکورد وەشاندبوو، کوردیان تێکدابوو لەناو خۆیانا و عوسمانی بەهێز بوبوو، بەسەر صفویەکانا زالْ بوبوو. دەربارەی شرفنامە هەروەکو لە پێشەکیەکەی هەژاردا باسی کراوە، شرفخانی بدلیسی بەزمانی فارسی نوسیوێتی و لە دواییدا وەرگێڕاوە بۆ زمانی بێگانە.

لەسالی ١٨٦٠ دا (فیلیا مینۆف.زیرنۆف) شرفنامەی لە فارسیەوە کردوە بە فرەنسی و چاپی کردوەو پێشەکی‌یەکی بۆ نوسیوە، لەو پێشەکیەدا باسی ئەو سەرچاوانەی تری کردوە کە شرفنامەیان چاپکردوەتەوە یا وەریانگێڕاوە بۆ زمانی تر یا باسیان دەربارەی ناوەڕۆکی شرفنامە بلاوکردۆتەوە. زێرنۆف لەو پێشەکیەدا وتوویەتی:

لەئەوروپادا (دێرلوف) بۆ یەکەم جار دوو وتاری دەربارەی شرفنامە نوسیوەو بلاوی کردۆتەوە، جارێك بە (شرفنامە) ناوی بردوەو جارێکیش بەناوی (مێژوی کوردان) باسی کردوە، کە سەرچاوەی (زێرنۆف) بۆ ئەو باسەی (دێرلۆف) بریتیە لە کتێبەکەی (مایسترخت).

یەکەم کەسێك وەکو زێرنۆف باسی کردوە، کە نسخەی شرفنامەی دەسگیر بووە (سێرجۆن مالکولْم) بوە کە لە سەرەك هۆزی (محیزی) یەوە دەستی کەوتوە و لەسەری نوسیوە (کوردین کورونیك)و وتوویەتی هی (فون شەرەفە- مەبەست شرفخانە) کە ئێستە ئەو نسخەیە لای مەکۆی ئاسیایی پاشایی بریتانیای مەزن و ئیرلندەیە. مالکولْم لەو بەرهەمە فارسیەیدا کە بلاوی کردوەتەوە زۆر جار باسی شرفنامەی کردوە. لە ئەوروپادا هەتا سالی ١٨٢٦ کەس نرخی شرفنامەی نەزانیوەو لە ڕاستیشدا بە هۆی زانایانی ڕووسەوە بوە ئەم بەرهەمە بەنرخە پێشکەش بە ئەوروپا کراوە.

(مسیۆ فراش) یەکەم کەس بوە لە سالی ١٨٢٦ دا باسی ئەو کتێبە مێژووییەی کوردی کردوەو کورتە شیکردنەوەو لێکولْینەوەیەکی دەربارەی نوسیوەو ئاواتی ئەوەی خواستوە ترجمە بکرێت. زێرنۆف ئەلێ: لەهەمان سالی ١٨٢٦ دا (مسیۆلکۆ) یادداشتێکی دەربارەی ولاتی فارس نوسیوەو لەو

یاداشتەدا باسی شرفنامەی کردوەو پاش ئەوەی بە ماوەیەك (مسیوٚ شارموا) لە (سان بترسبرگ) کە ماموٚستای زمانـەکانی روٚژ هـەلات بوە، لەسـەر ئاموٚژگـاریی مسـیوٚفراش دەسـتی کـردوە بـە وەرگـێرانی شـرفنامە، بـەلاّم وادیـارە (مسێوشارموا)بەرلەوەی کارەکەی تەواو بکا مردوە، ئەگەر نەمردایـە گـەورەترین خزمەتی دەکرد بە مێژوو.

(مسیوکوتیك) باسی ئەو نسخە فارسیەی کردوە کەلە سالّی ۱۰۰۷ ی کوٚچیدا (یەعنی دوو سـالّ دوای تـەواوکردنی نوسـینی شـرفنامە) نووسـراوەتەوە، دانـەر (کە مەبەستی شرفخانە) خوٚی چاوی پیاخشـاندوٚتەوە، مسـیوٚ فـراش خـوٚی ئـەو دەسنوسەی بەچاوی خوٚی دیوە.

(مسیوٚ خانیکوٚف)ی روٚژهەلاّتناس لە سالّی ۱۸۵۱ دا کونسـلّی روس بـوە لـە ئێران، نسخەیەکی لە دیلمەکانی لای (سـلّماس) کڕیـوەو دوو نسـخەی تریـش لـە کتێبخانەی (یحیی خان) ی فەرمانڕەوای ئازربایجان وەرگرتوەو (مسیوٚ کوتیك) سوودی لەو نسخەیەی خانیکوٚف وەرگرتوە.

دەسنووسەکەی لای خانیکوٚف بریتیبوە لە (۲۵۰)پەڕە کـە هـەمووی بەیـەك دەسخەت توٚمارکراوەو دەسنووسێکی تریش لە موٚزەخانەی ئاسیادا هەیـە لـەژێر ژمـارەی (۵۷٦) دا کـە (بـارون.بـود) سـاتیك لـە ئـێران بـوە ئەودەسنووسـەی دەسکەوتوەو بردویـەتی بـوٚ ئـەو موٚزەخانەیـە کـە بریتـی بـوە لـە (۱۰۰) پـەڕە.

زێرنوٚف لە باسەکەیدا لەسەری ئەڕواو ئەلّی:

((من هەرچوار نسخەکەم بەرچاو کـەوتوە، بوٚیـە ناچـارم هـەرچی لـەو چـوار نسـخەیەدا لەیـەکتر جیـاوازن لـەدوایيدا لەبەشـی دوهـەمی کتیبەکـەدا بیانخەمــە بـەرچاو. جگـە لـەو چـوار نسـخەیەی مـن شـرفنامەم لەسـەرچاپکردوە، سـیّ دەسنووسی تریش هەیـە لـە (ئاوسـتریا. نەمسـا) لای (دوکتوٚرـــ بـارب)، و (سێرجوٚن مالکوٚلّم) یش لە لەندەن نسخەیەکی لایە کە ئێستە لەریزی کتێبـەکانی کوٚمـەلّی ئاسـیای پادشـاهی بریتانیـاو ئێرلندەدایـە، هــەروەها لەپاریسـیش دەسنووسـێك هەیـە. (سـەرچاوەی بـوٚ ئەمـە بریتیـە لـە: ولکـوٚ، ووتارەکـانی روٚژنامەی ئەزمانگ بەشـی هەشـتەم سـالّی ۱۸۲٦، جگـە لەمانـە لـە موٚزەخانـەی بریتانیادا نوسخەیەکی (مستر ریچ) یش هەیە)).

تا ئێرە بریتی بوو لە پێشەکیەکەی (زێرنۆف)دەربارەی شرفنامەو نسخەکانی، دوکتۆر کمال مەزهەریش لە دوو سەرچاوەدا باسی شرفنامەو شرفخانی کردوە، یەکەمیان بریتیە لەسەرچاوەی ژمارە ٣٨ (کورتەباسێکی زانستی مێژووی کوردو مێژوو)، لەلاپەرە ١٠٥ ی ئەو سەرچاوەیەدا وتوویەتی:

((شرفخانی بدلیسی لە تەمەنی دوازدە ساڵیەوە تێکەڵ بە کاروباری میری بوە، لەو تەمەنەی ساڵی ١٥٥٤ ی زاینیدا کراوە بە میری (سەلیان) و (محمدئاباد) و لەساڵی ١٥٦٦ دا کەتەمەنی ٢٤ساڵ بوە نازناوی میری هۆزی (رۆژەکی) پێ بەخشراوەو ماوەی دوو ساڵ لە کۆشکی شاهدا بوە لە (قزوین) و لە ساڵی ١٥٦٨ دا کراوە بە فەرماندەی ئەو لەشکرەی خانی ئەحمەدی لاهیجانی ناوچەی (گەیلان) ی دامرکاندوتەوەو لەشکرە (١٨) هەزارەکەی (سوڵتان هاشم) ی جێگری ئەحمەدخانی بەزاندوە و بەوە کۆتایی بەیاخیبوونی هۆزی گەیلان هێنراوە.

لەساڵی ١٥٧٦ دا شرفخان کراوە بە میری هۆزانی کوردی ئێران کە لەو کاتەدا شاه ئیسماعیل چۆتە سەرتەخت (بێگومان ئەم شاه ئیسماعیلە دەبێ شاه ئیسماعیلی صفوی نەبێ کەلە ساڵی١٥١٤ دا لەشەڕی چاڵدێراندا لەلایەن عوسمانیەکانەوە شکابوو)، وە هەرچی کاری گەورەی کوردستان و لوڕستان بوە هەمووی سپێررا بوو بە شرفخان (شرفخان خۆشی لە شرفنامەدا باسی ئەمەی کردوە)، بەڵام ساتێك قزڵباشەکان شاه ئیسماعیلیان بە دۆستی سونیەکان تاوانبار کرد، ئیتر شرفخانی دوورخستەوە بۆ (نەخچەوان) و زۆری نەبرد لە ساڵی ١٥٧٨ ی زایندا ئەو شاه ئیسماعیلە کوژراو (محمدخودابەند) چۆتە جێگەی و ئێران کەوتە ئاژاوەیەکی گەورەو، لایەك قزڵباشەکان یاخی بوون و لەولاشەوە لەشکری عوسمانی پەلاماری ئازربایجانی داو عوسمانیەکان توانیبویان شرفخانی داخ لە دڵ بەلای خۆیانا راکێشن، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە رێگەی (خسروپاشا) ی میری میرانی (وان)ـەوە عوسمانیەکان پێوەندییان پێوە کردبوو، بەو جۆرە لەسەرەتای کانونی یەکەمی ساڵی ١٥٧٨ دا (یەعنی کە شرفخان تەمەنی گەیشتوەتە ٣٦ ساڵ) چوەپاڵ عوسمانیەکان و بە خۆیو (٤٠٠) چەکدارەوە لە (نەخچەوان)ـەوە روویکردە کوردستان (باکوور).

بەرلەوەی باسەکەی یەکەمی دوکتۆر کمال تەواو بکەین و بچینە سەر پاشماوەکەی بە پێویستم زانی چەند پرسیارو سەرنجێك دەربارەی هەڵوێست و ڕەفتاری شرفخانی مێژوونووسی کورد بخەمە بەرچاو:

یەکەم: بەپێی شرفنامەکە شرفخانی بدلیسی باسی ژیانی خۆی و باوکی کردوە، پاش ئەوەی باوکی لەگەڵ تورکە عوسمانیەکان تێکچوە، لە زەمانی شاە طهماسبی ئێرانیدا چۆتە ئێران و لەوێ کچی (ئەمیر خان موصلو) ی هێناوە کە شرفخانی لێ بوەو شرفخان خۆی لە شرفنامەدا وتوویەتی لە تەمەنی نۆ ساڵیدا یانی ساڵی ٩٥٨ ی کۆچی (بەرامبەر بە ١٥٥٢ ی زایین) بۆماوەی سێ ساڵ لە سایەی ئەو پادشا ڕەوشت پاکەدا مامەوە وساڵی ٩٦١ باوکم وازی لە خزمەتگوزاری شاە هێناو گۆشەنشینی هەڵبژارد بۆ خۆیو هۆزی (ڕۆژەکی) ڕوویان لە شاە طهماسب نا کە من بەسەرۆك دابنێرم و شاە داخوازیەکانی قبولکردن و من هەرچەند تەمەنم دوازدە ساڵان بوو پلەی میرایەتی دامێو (سالیان) و (محمودئاباد)ی پێبەخشیم لە ناوچەی (شیروان) و لەهاوینەهەواری (حەرقان) چوومە لای شا، ئەویش منی بە محمدبەگی لالۆم سپارد کە حاکمی (همدان) بوو، خاڵم کچی خوی لێ مارە کردم و سێساڵیشم لە همدان ڕابورد.

پاش ماوەیەك لە هەرای سوڵتان بایزید کە هاتبوە لای شاو گیرا هات و چۆکەران لە ڕۆمەوە (مەبەست تورکیایە) زۆر دەهاتن و ناردیانە شوێن باوکم و بردیانە شاری (قزوین) و دڵخۆشییان دایەوەو بە میری هۆزی ڕۆژەکی (گریهرود) ی سەریە (قوم) یان دایەدەست و ناردیانە ئەوێ بەڵام باوکم ئەوەی بەدڵ نەبوو وازی لێ هێناو شای بەهەشتی (مەبەست طهماسب) بوە منی کردوە بەمیری ڕۆژەکی و دوو ساڵ لە (قزوین) مامەوەو، هەروەکو لەوباسەی دوکتۆر کمالدا دەردەکەوێ شرفخان لەتەمەنی (٣٦) ساڵیدا بەخۆیو (٤٠٠) چەکدارەوە لە (نەخچەوان)ـەوە ڕوویکردوتە باکوری کوردستان....

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە:

ئایا باوکی شرفخانی سونی کەهەموو پەلپ وبیانوەکەی ئیدریسی بدلیسی بەر لە ٣٠ _ ٤٠ ساڵ لە رقی صفویە شیعەکان هەموو ئەمارەتە کوردەکانی کۆکردۆتەوەو سەرۆکەکانی خستۆتە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیی سونیەوە شاە طهماسب چۆن باوەڕی بە باوکی شرفخان و بە شرفخانی بدلیسی کردوە

ئەوڕۆڵە گرنگەیان بداتێ؟ هەروەها چۆن باوکی شرفخان و شرفخان باوەڕیان بە طهماسبی شیعە کردوە کە دوژمنێکی خوێنەخۆری کوردو بدلیسەکان بوە وچون وا سووك و ئاسان چوونەتە باوەشیەوە؟!

هەروەکو لەو باسەی دوکتۆر کمال دا دەردەکەوێ کە شرفخان لە ماوەی بوونیا لەژێر سایەی شاه طهاسبدا وەکو دوژمنێکی سەرگەرمی خان ئەحمەد خان وابوەو شەڕی بۆ شای ئێران کردوە و لە شرفنامەدا بە شانازیەوە باسی چۆنیەتی شکاندنی خان ئەحمەد خانی کردوە.

دوهەم: لە دوای ئەو هەموو بەزمە ئایا عوسمانیەکان چۆن وابەئاسانی شرفخانیان قبولکردوەو بۆ ماوەی دە ساڵ بەشداری کردوە لەو شەڕانەدا سوڵتان مرادی سێهەم بۆ داگیر کردنی قفقاس کردبووی نازناوی (خان) و فەرمانڕەوایی بدلیسی بە خۆی و نەوەی دوای ئەو بەخشیبوو، ئەو تورکە داخ لە دڵەی هەمیشە وەکو دوژمنێکی خوێنەخۆی سەیری کوردیان کردوە چۆن تۆڵەی شرفخانی باوکیان لە خۆی نەکردۆتەوە کە ئەمە جێگەی گومانە؟!

بەڵێ ڕاستە شرفخان کتێبێکی مێژوویی زور گرنگ و نایابی بۆ کورد تۆمار کردوەو بەجێ هێشتوە، بەڵام لە ڕووی سیاسی و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەزگایەکی ئەوتۆ کە بۆنی ئەوەی لێ هاتبێت بە مەبەستی دامەزراندنی بناغەی ئەمارەتێکی کوردی سەربەخۆ بووبێت لەوڕووەوە هیچی دیارنیە کردبێتی. دوکتۆر کمال مەزهەر بۆ تەواوکردنی باسەکەی سەرچاوە ٣٨ وتوویەتی:

((شرفخان لە تەمەنی (٥٣) ساڵیدا خۆی بۆ نووسینی مێژووی کورد تەرخانکردوەو لە جیاتی خۆی (أبو المعالی شمس الدين بەگ) ی کوڕی دانابوو (بەمەدا دەردەکەوێ کە شرفخان لە ساڵی ١٥٤٢ دا لەدایك بووبێ دەبێ لەساڵی ١٥٤٢ + ٥٣ = ١٥٩٥ دا دەستی کردوە بە نوسینی شرفنامەو لە ساڵی (١٠٠٥) ی کۆچیدا لە نووسین تەواوبوە، بە وجۆرە شرفخانی (٣٢) ساڵی ژیانی لەناو جەرگەی ڕوداوە گرنگەکانی ئێران و تورکیاو کوردستانا بردۆتەسەرو ساڵەکانی دوایی ژیانی بۆ خزمەتی مێژووی کورد تەرخانکردوە)).

لەو نامەیەدا کە (ضیاء شرفخان) بۆ هەژاری ناردوەو هەژار لە لاپەڕە ٧٩١ ی شرفنامەدا فۆتۆکۆپی ئەو نامەیەی ضیاءشرفخانی بنەماڵەی شرفخانی بڵاوکردۆتەوە، لەوەدا وتراوە شرفخانی باپیرە گەورەم لە ساڵی ١٦٠٣ یا ١٦٠٤

دا کۆچی دوایی کردوه، بەڵام دوکتۆر کمال بە پێی ئەوباسەی لای‌وایە شرفخان بەرلەوە مردبێت و ئەڵێ: چونکە هەرچۆنێکی لێك بدەیتەوە دەبێ دوای تەواوکردنی شرفنامە واتەدوای هاوینی ساڵی ١٥٩٨ زاین کە ساڵی تەواوکردنی شرفنامە بوە، کۆچی دوایی کردبێت، چونکە ڕەی تێ ناچێ ئەو پیاوە لەرێگەی زانستدا وازی لە دەسەڵاتداریتی هێنا بێ، وەلە دوای نوسینی شرفنامە قەڵەمەکەی خستبێتە لاوەو ئەوەی زۆرتر ئەم بۆچوونە بەهێز دەکا ئەوەیە شرفخان تەنها ساڵێك وچەند ڕۆژێکی زیاتر نەویستوە بۆ دلنانی بەرهەمێکی قووڵی وەك ئەو بەشەی دوهەمی شرفنامە کە بەدەسخەت (٣٠٨) لاپەڕەی گەورەی پڕکردوەتەوە، بێگومان ئەگەر مردن موڵەتی بدایە ئەوا رشتەیەکی مرواری رەسەنی تری پێشکەش بە کوردو بە زانست دەکرد کەواتە دەبێ شرفخان بە ماوەیەکی کەم دوای مانگی نۆی ساڵی ١٥٩٨ زاین کۆچی دوایی کردبێت یالەتاو نەخۆشی پەکی کەوتبێت کەلام وایە نەخۆشیەکەش کە زانایەکی وەکو ئەو پەك بخات بەدەگمەن مۆڵەتی زۆری ژیان و مان دەدات. ئەمین زەکی مێژوونووسی کورد کە نەخۆشکەوت ونەخۆشی زۆری بۆ بردبوو پەنجەکانی پەکی کەوت ئیتر (سانحە)ی کچی کرد بە قەڵەم.

دەربارەی ئەو سەرنجەی دوکتۆر کمال مەزهەر کەلای وایە شرفخان لە دوای تەواوکردنی نووسینی شرفنامە (کەساڵی ١٥٩٨ زاین بوە) دەبێ شرفخان کۆچی کردبێت، چونکە دوای ئەوە هیچ نووسینێکی لەپاش بەجێ نەماوە، لام وایە ئەم بۆچوونەی لەگەڵ ئەوەی (فیلیا مینۆف.زیرنۆف) کەلە پێشەکی ئەو شرفنامەی لە فارسیەوە وەرگێڕاوە بۆ فرنسی کە وتوویەتی (مسیوکوتك) ئەو نسخە فارسیەی لەساڵی ١٠٠٧ دا (یەعنی دووساڵ دوای تەواوکردنی شرفنامە کەلە ١٠٠٥ ی کۆچیدا بوە) کە شرفخان خۆی پیاچۆتەوە دیویتی، بەمەدا دەرئەکەوێ شرفخان تا ساڵی١٦٠٠ ژیاوە لەماوەی ١٦٠٠ ـ ١٦٠٣ ی زاییندا دوورنیە نەخۆش بوبێت، یادوورنیە وردەبەرهەمیشی هەبوبێ‌و وەکو زۆر بەرهەمی تری کورد لەناو چوە).

هەروەکو شرفخان خۆی لە شرفنامەدا باسی کردوەو دوکتۆر کمال مەزهەریش لە وەرگێڕانەکەی هەژاردا باسی کردوە، شرفخان وتوویەتی:

((منی بێ تین‌و توانا و بێ دەست و زوان کەوتمە سەر ئەو خەیاڵەی بە ئەندازەی وزەو توانای خۆم، ئەوەندەی بۆم لوابێت لە باس و خواسی گەورە پیاوان و خاوەن ناوو سەرداران و خونکارانی کوردو کوردستان بکۆڵمەوەو ئەوی لە مێژووی عەجەماندا خۆم دیتوومەو ئەوەی لە پیاوە ژیرەکانی ڕاست و بێ‌درۆوە بیستومە نووسیمەوەو ناوی لێ‌بنێم (شرەفنامە)، هەموو نیازو ئاواتیشم هەر ئەمەیە خانەدانەکانی کوردستان لەناو نەچن)).

بەپێی باسەکەی دوکتۆر کمال مەزهەر لەلاپەڕە ١٠٩ لەسەرچاوە ٣٨ دا دەبێ شرەفنامە لە دوویەش پێك هاتبێت‌و لەساڵی ١٥٨٨ دا دەستی کردوە بە کۆکردنەوەی سەرچاوە زانیاریەکان و لە مانگی ئابی ١٥٩٧دا لەبەشی یەکەمی شرفنامە بۆتەوە کەیەکەم چاپی ئەو بریتیە لە (٤٥٩) لاپەڕە لە ڕۆژی١٣/ ٨ /١٥٩٧ دا دەستی کردوە بە نووسینی بەشی دوهەم و لە دەوروبەری کۆتایی مانگی ئابدا یا لە سەرەتای مانگی‌ئەیلولی ١٥٩٨دا ئەو بەشەشی تەواو کردوە کە ناوی‌ناوە (خاتمە)و ئەو باسەی بۆ سوڵتانەکانی ئالی عوسمان و پادشاکانی ئێران و توران و بەسەرهاتەکانی کوردستان لە نێوانی ساڵانی ١٢٨٧_١٥٨٧ ی زاین، واتە بۆماوەی سێ‌سەدەی ڕەبەق تەرخانکراوە، کەئەم بەشەشی بریتیەلە (٣٠٨) لاپەڕە.

دوکتۆر کمال لەو باسەیدا باسی مەلا مەحموی بایزیدی بە دوورودرێژ کردوە، لەلاپەڕە ١٢٩ دا وتویەتی:

((مەلا مەحمودی بایزید ویستبوی بەلاسایی کردنەوەی شرفخان ڕێگەی ئەو بگرێتە بەرو بەدەستوری ئەو مێژووی کوردو کوردستان لەو شوێنەوە بنوسێتەوە کە لە شرفنامەدا کۆتایی پێ‌هێنرابوو، بۆ بەجێهێنانی ئەو مەبەستە ساڵی ١٢٧٤ ی کۆچی بەرامبەر ١٨٥٧_١٨٥٨ لەدانانی (کتابی تأریخ جدید کوردستان) بۆتەوە کە نزیکی هەزار لاپەڕە دەبوو کە لە پێشەکیەك و (١٩) بەش پێك هاتبوو.

لەساڵی ١٨٦٥ دا (ئەلکساندر ژابا) لەئەرزڕومەوە پێشەکیەکەی ئەو کتێبەی ناردوە بۆ کۆڕی زانیاری ڕوسی بۆ ئرخاندنی و لەقسەکانی ژابادا دەردەکەوێ ئەو کتێبە تەنها یەك دەسنووسی هەبوە کە بەداخەوە تائێستە سەرەنجامی ئەو

دەستنووسە نەزانراوە، خۆ ئەگەر ئەو ترجمەی پێشەکیەی لەلایەن ژاباوە ترجمەکرابوو نەبوایە دیارە ئەو باسەی بایزیدیش کەس هیچی لێ نەدەزانی)).

دوکتۆر کمال لەلاپەرە ١٣٠ ی ئەو سەرچاوەیەدا ئاماژەی بۆ باسێکی بایزیدی کردوە کە بۆ ژابای گێراوەتەوەو لە لاپەرە ٥٤ ی پێشەکی شرفنامەی چاپی روسیدا دەردەکەوێ هەستی مێژوونوسینی مەلا مەحمودی بایزیدی قوولبوەو دەمێك بوە ساغ بوبوەوە سولتانەکانی عوسمانی ویستبویان کورد و کوردستان بکەن بە قەلغانی پاراستنی خۆیان و پەرەپێدانی دەسەلاتیان لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراستدا، کە مەلامحمودی بایزیدی لە زمانی سولتان سلێمانی دادپەروەرەوە (کەبە سلێمانی قانونی ناسراو بوە) بۆ ژابای گێراوەتەوە کە وتوویەتی:

((ساتێك سولتان سلێمان گەرایەوە بۆ ئەستەمبولْ دایکی رووی تێکردوەو پێی ووت: کورم ئەوا تۆ گەرایتەوە، بەلام ئایا لەمەودوا گورجیەکان و قزلباشەکان ئیتر هێرش ناهێننە سەر مەملەکەتەکەت.

سولتان لەوەرامیا بە دایکی ئەلێ.. دایکە.. دیوارێکی پتەوم لە نێوانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەولەتانی گورج و عەجەمدا دروستکردوە ئیتر دوژمن پێی ناکرێ هیچ زیانێکمان پێ بگەیەنێ. ساتێك دایکی لێی دەپرسێتەوە تۆچۆن توانیت لەو مەودا درێژەدا دیواری وا دروست بکەی؟ دووبارە سلێمان بە دایکی ئەلێ: دایکە ئەو دیوارەم لە گۆشت و خوێن دروستکردوەو بەرێوەبردنی ئەو ناوچانەم بەرەو رووی هۆزەکانی کورد کردۆتەوەو دوژمن ناتوانێ زەفەریان پێ ببات و ناتوانێ بکاتە دەولەتی ئیسلام)).

دوکتۆر کمال مەزهەر لە کتێبێکی تریدا، سەرچاوە ٣٩ لە لاپەرە ٢٥ دا لە باسی شرفنامەدا وتوویەتی:

((رۆژهەلاتناسان و کورد ناسانی سۆڤێت بایەخی زۆریان بە هەردوو بەرگەکەی شرفنامەداوەو سوودێکی زۆریان لێوەرگرتوە بۆ لێکدانەوەی مێژووی کوردستان و مەلبەندەکانی تری رۆژ هەلاتی ناوەراست لە سالانی سییەکانا داوا لە کوردناسی روسی (ف.پ.راستۆپچین) کرا شرفنامە بکا بەروسی، بەلام مردنی ناکاوی نەیهێشت ئەو کارە تەواو بکا.

(راستۆیچین) یەکەم زانایە لە جیهاندا بۆ یەکەمجار (بیبلۆگرافیا) ی لەسەر کورد داناوەو لە ژێر نـاوی (بیبلۆگرافیـا دەربـارەی کێشـەی کـورد) لـە گۆڤـاری (رۆژ هەلاتی شۆڕشگێڕ) دا بـلاوی کردۆتـەوە. یـەکێك لـەوتارە بەنرخـەکانی ئـەو نووسەرە بریتیە لە (سەرنج دەربارەی کورد) کە لـە ژمـارە (١٣ـــ١٤) ی سـالی ١٩٣٢ی گۆڤاری دەنگ و باسی رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتدا بـلاوی کردوەتـەوە کەلـە سەرەتای ئـەو وتـارەدا هێرشـێکی توندوتیـژی کردوەتـە سـەر ئـەو مێژوونووسـە کورتبینانەی لە خۆڕا خەباتی گەلی کوردیان لەکەدار کردوەو بە تونـدی رەخنـەی لەو نوسەرە سۆڤێتیانە گرتوە کەبە نەزانانە لەژێر پەردەیەکی مارکسیدا تۆمەتی کۆنە پەرستییان داوەتە پال هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی کورد)).

بەلای منەوە ئەو رەخنەیەی (راسـتۆیچین) کـە دوکتـۆر کمـال باسـی کـردوە لەویژدانی زانایەکی بەویژدانەوە هەلقولاوەو، لەراستیدا وەکـو لەبـەرگی دوهـەمی ئەم کتێبەدا لە شـوێنی خۆیا روونـی دەکەینـەوە رەگ و ریشـەی ئـەو بۆچوونـە هەلانـەی هـەندێ لـە نووسـەران و مێژوونووسـانی سـۆڤێت بەرامبـەر بـە کـوردو شۆڕشەکانی، بەتایبەتی شۆڕشەکانی باکوری کوردستان ماکەکەی دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو دۆستایەتیەی لە زەمـانی لینینـەوە لەگـەل مصطفی کمـال و تاقمەکـەیدا پەیدابوو بوو، بەتایبەتی لەو رۆژانەدا کە پەیمانێکی دۆستانە لـەنێوان سـۆڤێت و تورکدا مۆر کرابوو، لە تورکیادا إجازەی حزبـی شـیوعی درابـوو بەسـەرکردایەتی (حقی بهیج) کە مامۆستا رفیق حلمی لە یاداشتەکانیا بە طورانـی نـاوی بـردوە، وکمالیەکان بۆ مەبەستێکی کـاتی لـە سـۆڤێتەکان نزیـك بوبونـەوە بـۆ دەربڕینـی ناحەزیی خۆیان بەرامبەر بە بریتانیای ئەو رۆژانـەو زوریـەی نووسـەرانی سـۆڤێت دژی سەرکردەی تورکەکانی باکوری کوردسـتان بـوون وەکـو شۆڕشـەکەی شـێخ سعیدی پیران ١٩٢٥ کەتورکەکان بۆ زڕاندنی نـاوو مەبەسـتی شۆڕشـەکەی شـێخ سعید ئەو شۆڕشەیان بە هاندانی بریتانیا لەقەلەم دابوو، لەبـەرگی دوهـەمی ئـەم کتێبەدا لە باسی شۆڕشەکەی شێخ سعیددا ئامازە بۆ ئەو بەلگـەو دۆکیومێنتانـە دەکـەین کـە ئینگلیزەکـان هـەرخۆیان ئەوانـەیان بەدرۆخسـتۆتەوەو راسـتی ئـەو درۆیانەیان بە تورکەکان گەیاندوە، لەلاپـەڕە ٤٤١ ی بـەرگی دوهـەمی کتێبەکـەی شێخ مەحموددا (سەرچاوە ٨٠ بەدوورودرێژی باسی ئەو پەیمانەی نێوان سۆڤێت و کمالیەکان کراوە کە لە دۆکیومێنتـی ژمـار (fo.371_6349) ی سـالی ١٩٢٢دا

لەئەرشیفی وزارەتی دەرەوەی بریتانیادا هەیە، کەئەو پەیمانە لە ژێر ناوی لەپێناوی یەکێتی و هاوکارییەکی دۆستانەو برادەرانە لەلایەن علی فؤاد پاشاو دوکتۆر رەزا نوری نوێنەری تورك و (djomel kork mazoff, tchitcherim) ی نوێنەری سۆڤێتەوە مۆرکراوە.

دوکتۆر کمال مەزهەر لەباسەکەیدا دەچێتەوە سەر باسی شرفنامە ـ چاپی روسیـ وتویەتی یەکەم کەسێك دوکتۆرای لەسەر شرفنامە وەرگرتوە (مەمید شەمسی)ی زانای ئازربایجانی بوەو لە باسی بەرگی یەکەمی شرفنامەدا ـ چاپە روسیەکەیـ وتوویەتی بریتیە لە (٦١٩) لاپەرە بە پێشەکیەکەیەوە.

(هێر. بیلو) لەساڵی ١٧٧٦دا بەزمانی فەرەنسی لە کتێبەکەیدا باسی شرفنامەی بە جیهانی زانیاریی رۆژئاوا گەیاندوەو ئەونووسەرە فرنسیە بەهۆی یەکێك لە گەڕیدەکانی کانی تورك کەناوی (کاتب چلبی) بوە بەبوونی شرفنامەی زانیوە. لەپاش ئەو (جۆن مالکۆلم ١٧٦٩ـ١٨٣٣) یەکێك بوە لەو کاریەدەستانەی ماوەیەك لە هیندستان و ئێران کاری کردوە چەند سەرچاوەو دەسنوسی کوردی دەستکەوتوە یەکێك لەوانە دەسنووسێکی شرفنامە بوە.

لە دوای مالکۆلم بەماوەی بیست ساڵ مێژوونووسی فرنسی (کاترمێن) لەزۆر شوینی ئەو کتێبەیدا کە لەساڵی ١٨٣٦ لەپاریس بەناوی (مێژووی مەغۆلەکانی ئێران)ـەوە بلاوی کردوەتەوەو کەلکی لە شرفنامە وەرگرتوە.

جگە لەوانە، کاربەدەستی کۆڕی زانیاریی ئەوسای روسیا (ڤلیامینوف ـ زێرنۆف) توانی لە ساڵی ١٨٦٠ دا بەرگی یەکەمی شرفنامە بە پێشەکیەکی (٢٠) لاپەرەیی بەزمانی فرنسی بلاویکاتەوە لە دوای دووساڵ بەرگی دوهەمیشی بەپێشەکیەکی (٧) لاپەرەیی بە فرنسی بلاوکردوتەوە. بەپێی ئەو زانیاریانەی (ی.ڤاسیلیڤا) کۆیکردوتەوە، ژمارەی تۆمارکراوەکانی دەسنووسی شرفنامە لەکتێبخانە ناسراوەکانی جیهانا دەگاتە (٢٢) دانەو کۆنترین و بەنرخترین و راستترین دەسنووس بریتیە لەو دانەیەی بەدەسخەتی شرفخان خۆی نوسراوە بەناوی (شرفنامە تأریخ کوردستان) و ئێستە ئەو نسخەیە لە کتێبخانەی (بودلیان) ی زانکوی ئۆکسفۆرد هەلگیراوە کە بریتیە لە (٢٤٦) پەڕەو بەبیست وێنەی دەگمەن ڕازێنراوەتەوەو لە کۆتایی ذی الحجەی ساڵی ١٠٠٥ ی کۆچیدا کە دەکاتە ١٣ ٨ ١٥٩٧ی زایین لە بەرگی یەکەمی بۆتەوەو بەرگی دوهەمیشی لە

مانگی مایسی ١٥٩٩دا تەواو بوە))... (لام وایە ئەمەی مایسی ساڵی ١٥٩٩هەڵەی چاپەمەنی بێ وەکو باسیدەکەین).

ئەوەی شایانی باسە لەم باسەی دوکتۆر کمال مەزهەر دووشت سەرنجی خوێنەر رادەکێشێ :-

یەکەم ـ وەکو لە پێشتردا باسمانکردوە، دوکتۆر کمال مەزهەر لە باسێکی تریا سەرچاوە ٣٨ لاپەرە ١١٠ وتوویەتی بەرگی دوهەم کە شرفخان ناوی ناوە (خاتمە لە کۆتایی مانگی ئابدا یا لەسەرەتای ئایلولی ١٥٩٨دا شرفخان لە نوسینی بۆتەوە بەلام لەم سەرچاوەیەدا ٣٩ دا وتویەتی لەمانگی مایسی ١٥٩٩ دا بەرگی دوهەمی تەواو کردوە کە بێگومان دەبێ یەکێکیان هەڵەی چاپەمەنی بێ. دوکتۆر کمال مەزهەر خۆی لەو باسەی لە سەرچاوە ٣٨ دا لێیدواوە کە بەرگی دوهەمی لە دوای ساڵێك و چەند رۆژێك پاش بەرگی یەکەم تەواو کردوە، بە پێی ئەمە دەبێ تەواوکردنی بەرگی دوهەمی کە مانگی ئاب یا سەرەتای ئەیلول بوە وەکو لەسەرچاوە ٣٨ دا لێی دواوە راستربێت وەك لە وەی سەرچاوە ٣٩ کە وتراوە لە مانگی مایس ١٥٩٩ دابوە و وادیارە ئەمەیانە کە هەڵەی چاپەمەنی بێ. بێجگە لە ساڵی تەواوکردنی بەرگی دوهەم کە وتراوە بۆ سولتانەکانی ئالی عوسمان و پادشاکانی ئێران و توووران و بەسەرهاتەکانی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٢٨٧ـ ١٥٨٧ زاین تەرخانکراوە، باسی ئەمانە هیچیان لەو وەرگێرانەی (هەژاردا) ناویان نەهاتوەو بەمەدا دەردەکەوێ کە ئەوەی هەژار وەری گێڕاوە بۆ کوردی بەشی یەکەمی شرفنامە بوە کە لە مانگی ئابی ١٥٩٧ دا تەواو بوە کە سەیر ئەوەیە تا ئێستە هیچ شتێك دەربارەی ئەو بەشەی دوهەم لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەکراوە و ئایا ئەو بەشەی دوهەم هەریە فارسی ماوەتەوەو بۆ هیچ زمانێکی تر وەرگێڕاوە ؟ (لام وایە ئەبوایە لەوەی هەژاردا بوترایە بەرگی یەکەمی شرفنامە) دوکتۆر کمال مەزهەر لە لاپەرە ٣٠ ی سەرچاوە ٣٩ دا باسی دوهەم دانەی شرفنامەی کردوە کە بریتیە لەو دەسنوسەی لە کتێبخانەی گشتیی لیننگراد دا هەڵگیراوە و مێژووی نووسینەوەی لە ساڵی ١٥٩٨ دا بوە و شرفخان خۆی پیاچوەتەوەو بە دەستی خۆی مۆری تایبەتی خۆی پیادا ناوە ، بەلام بەداخەوە چەند شوێنێکی کەمی ئەم دەسنوسە نەماوەو شایانی باسە ئەم دەسنوسە یەکێکە لەبەرهەمە

بەنرخەکانی بەناوبانگی زەمانی صفوییەکان کە روسەکان لەرۆژگاری شەڕی ١٨٢٦ــ١٨٢٨دا لە (ئەردەبیل)ـەوە بردویانە بۆ پترسبرگ.

دوکتۆر کمال لە هەمان لاپەڕەی ئەو سەرچاوەیەدا باسی دەسنوسێکی تری کردوە کە لە ساڵی ١٦٠٦ دا لە شاری (کلس) لەلایەن (حسن کوڕی نورالدین)ـەوە لەبەر نسخەی شرفنامە بە بێ دەسکاری لە (٣٢٧) پەڕەدا نوسراوەتەوە، ئێستە لە کتێبخانەی (بودلیان) لە زانکۆی ئوکسفوردە لە بریتانیا. (ڤاسیلیا) باسی چەند دەسنوسێکی تری شرفنامەی کردوە لە مۆزەخانەی بریتانیاو ئەستەمبوڵ و چەند شوێنێکی تردا پارێزراون.

مەلا مەحمودی بایزید لە دوای دووسەد ساڵ تێپەڕ بوون بەسەر نوسینی شرفنامەدا بەرگی یەکەمی شرفنامەی کردوە بە کوردی (١٨٥٨ــ١٨٥٩) کە ئەم کارەی مەلا مەحمود بە هاندانی (ئەلکسەندەر ژابا) بوە ئەو وەرگێڕانەی بایزیدی لە کتێبخانەی گشتیی لیننگراد هەڵگیراوە (ئاخۆ ئەو وەرگێڕانەی بایزید ئەگەر لە گەڵ ئەمەی هەژاردا بەراورد بکرێت تۆبڵێی جیاوازی لە نێوان هەردولایانا هەبێ ؟ کەلام وایە دەبێ جیاوازی هەبێ چونکە هەژار خۆی لە لاپەڕە ٤٣ دا لە پێشەکیەکەیدا وتوویەتی (هێندێك جنۆکەو منۆکە و بۆغدوزی خوێنتاڵ و شتی لە ئارەزوو بەدەرم لێ دوور خستنەوەو کێشامنە ناو پێشەکیەکەی خۆمەوەو لە هەتیتەم داون و بە هیوام گیانی پاکی ئەو میرە نازدارە گەش و شاد بێ و لێم نەڕەنجابێت)).

دوکتۆر کمال مەزهەر لە تەواوکردنی باسەکەیدا ئەڵێ: لەنێوان ساڵانی ١٨٥٣ـ١٨٥٩ دا لە شاری (ڤیان) شرفنامە لەلایەن (گ.أ.باریە) وە کراوە بەئەڵمانی و پێشەکیەکی بۆ نوسیوە کە بوە بە هۆی ناساندنی نەتەوەی کورد لای زاناکانی رۆژئاواو پرۆفیسور (ف.ب.شارموا) کە گەورە ترین فارسیزانی ئەوروپا بوە لەو سەردەمەدا لە ساڵانی ١٨٦٨ــ١٨٧٥دا هەردوو بەرگەکەی شرفنامەی بەزمانی فرنسی لە چوار بەرگدا لە (پیتەبورگ) بڵاو کردبوەوە.

(یوسف ئەبکارەڤیچ ئۆربیللی) کە ئەرمەنی بوە و مێژوونوسێکی بەناو بانگ بوە وتویەتی شرفنامە کارێکی زۆر گەورەی کردۆتە سەر ژیانی روناکبیریی رۆژهەلات و کورد گەلێك رۆڵەی لە ژێر ناوی تورك و فارس و عەرەبدا لە دەس دلوەو شاعیرو مۆسیقارو جەنگاوەریان مێژووی چەند گەلێکیان رازاندوەتەوە کە

ئەمە کارێکی وای کردوە لە ناو زانستی ئەورووپادا واباو بێ گوایا کورد نەک تەنها ناتوانێ شتێکی نوێ لە رووناکبیریدا بێنێتە کایەوە، بەڵکو توانای ئەوەشی نیە لە بێگانەشەوە هیچ فێر بێت، بەلام هەروەکو (ڤاسیلیا) وتویەتی بە هۆی شرفنامەوە دەتوانرێ کەلێنێکی گەورەی مێژووی گەلانی رۆژهەلات پڕ بکرێتەوەو شوێنی راستەقینەی خۆی تێدا دیاری بکرێت.

دوکتۆر کمال لەباسەکەیدا چۆتە سەر باسی هەستی نەتەوایەتی لایشرفخان و وتویەتی:

((ئەوەی گیان و هەستی شرفخانی بزواندبوو بریتی بوە لە هەستێکی کوردایەتی کە ئەم هەستەی جارەها لە بۆچوونەکانی ناو شرفنامەدا دەردەکەوێ.

بۆ نمونە: لە سەراپای شرفنامەدا بە ئاشکرا یا بەژێرلێوەوە، بە ناوی هەڵدان بەشان و باهوی سوڵتانەوە وتوویەتی: کوردستان وڵاتێکە نە بەکەس داگیر دەکرێت و نە سەریش بۆ هیچ کەسێك شۆڕ دەکا (سافرستیانیش لە دائرە المعارفی بریتانیادا بەرگی ساڵی ١٩٤٤ دا وتوویەتی: (کورد بەرلەوەی ببێ بە ئیسلام سەری بۆ کەس دانەنەواندوە). جگە لەوە، شرفخان یەکەم کەسە هەوڵیداوە بە شێوەیەکی دروست و بێ پێچ و پەناو دەسکاریکردن سنووری کوردستان دیاری بکا. کە کەوتبوونە نێوان ئازربایجان و لورستان و رۆژئاوای زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس، بەلام لە شرفنامەدا سنووری کوردستان لە (ملاتیە-ملاطیە) وە دەس پێ دەکا و لەسەر رۆخی خلیج (مەبەستی خلیجی فارسی-عربی) کۆتایی دێ کە ئەمە نیشانەی ئەوەیە لەسەردەمی سەدەی شازدەهەمدا (مەبەست ساتی ژیانی شرفخانە) سەرەتای دروست بوونی هەستی نەتەوایەتی لەناو سەردارانی کوردا لە ئارادا بووە. لەکۆتایی باسی ئەوانەی شرفنامەیان کۆڕیوەتە زمانی بێگانە و چاپیان کردوە یا لەسەریان نوسیوە باسی ئەو پێشەکیەی (پرۆفیسۆر.ڤ.ب.شارموا) کە بۆچاپکردنی هەردوو بەرگەکەی شرفنامە کە لەنێوان سالآنی ١٨٦٨ـ١٨٧٥ دا، کە بەرلەمە دوکتۆر کمال مەزهەر باسی چاپکردنی کردوە، هەروەکو بلەچ شێرکوەلەلاپەڕە ٤١ ی کتێبەکەیدا، سەرچاوە ٦٠ باسی ئەو پێشەکیەی کردوە، ئێمەش هەروەکو چۆن بلەچ شێرکوەـ جلادت بدرخان ـ باسی کردوە، پێشکەشی خوێندەوارانی دەکەین.

((ئەو میلەتانەی لەسەر شانۆی مێژوودا لە ژێر زەمانەوە ڕۆڵی خۆیان بینیوە، بەپێی ئەو شوێنەوارانەی لێیان بەجێماوە، توانراوە ڕادەی گەورەیی و پێشکەوتنیان بزانرێ، وەکو شەعبی میصری کە شوێنەکەیان مەڵبەندی لانکەو بێشکەی فەلسەفە بوە.

هەندێ میللەتانی تریش هەن وەکو یۆنانیەکان و رۆمانیەکان بە هۆی پێشکەوتنیان لە ڕووی هونەرو رێکخستنی کاروباری سیاسی و زانیاریەوە چوونەتە ناوجەرگەی باسەکانی مێژوەوەو میللەتی واش هەبوە بە هۆی سروشتی حەز لە وێرانکاری و خوێن ڕشتن و کوشتنەوە لەهەر شوێنێکدا کە جێ‌پێی خۆیانیان تیادا کردبێتەوە ناویانگیان دەرکردوە هەروەکو (هۆن)ەکان لە زەمانی (ئاتیلا) و مەغۆلەکان و تاتارەکان بەسەرکردایەتی جەنگیز خان کەچوونەتە هەرشوێنێك شوێنەواری وێرانکاری و کاولکردن و کوشتارو خوێن ڕشتنیان دوای خۆیان بەجێ هێشتوە. میللەتانی تری واش هەبوون بەداخەوە ناوبانگیان بڵاونەبۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا ڕەوشتی ئازایانەو جوامێرییان لەکۆڕی جەنگەکانا شتێکی ئاشکرابوە لە ناوچەکانی ئاسیاو ئەفریقادلو یەکێك لەو میللەتانە بریتیە لە میللەتی کورد کە لەدێر زەمانەوە ئازایەتی و جوامێرییان شتێکی ئاشکرا بوە وەکو ئازایەتیەکەی (ڕۆستم) کەبەڕاستی بە (هرقل) ی ئێران ناسراوە. هەروەها ئەو کارە گرنگ و مەزنانەی صلاح الدین ئەیوبی و (ملك عادل) ی برای کە لە شەڕی خاچپەرستەکانا دژی (فلیپ ئۆگوست) و (ریچارد) و (لوزینیان) جەنگاون بەخۆیان و سەرکردەکانیانەوە.

بێجگە لەوە میللەتی کورد هیوەکو کریم خانی زەندی تیا هەڵکەوتوە لە نیوەی دوهەمی سەدەی هەژدەدا ئەویش بە (تیتوس) ی ئێران ناسرلوەو شان بەشانی ئەوانە، کورد مێژووناس و ئەدیبی ناسراوو بەناوبانگی وەکو (الابن الاثیر) و (أبی الفدا) ی مێژووناس و شارەزاو مێژووناسی وەکو بدلیسی تیادا هەڵکەوتوە)).

هەتا ئێرە بریتیبوو لەوانەی دەربارەی شرفخان و شرفنامە دواون و لێرەدا فۆتۆکۆپی سەربەرگی شرفنامە وەرگێڕاوەکەی (ولیانۆف) زرنۆف دەخەینە پێش چاو لەگەڵ فۆتۆکۆپی پاش بەرگی ولیانۆف.

شرف نامه

بسم الله الرحمن الرحيم

افتتاح سخن حمد وثنای پادشاهی باید که ثنای ستایش از ضمیر منیر چون خورشید جهان کبر تا مدارج سپهر برین برآید. واختتام کلام شکر وسپاس مالك الملکی شاید که انتمای اعتلایش. از سکنهٔ سینه تا معارج سعود صعود نماید الحمد لله فی الاولی والآخرة سلطانی که از صدای خطبهٔ وجعلناکم خلائف فی الارض اعزاز واحترام بنی آدم را در نُه پایهٔ کرسی عرش بادا رسانید وحاکمی که نقد حشمت انسانرا در دار الضرب عنایت

لاپەڕەی یەکەمی بەرگی یەکەمی ((شەرەفنامە))

جلد دویم

از

کتاب شرف نامه

تالیف

شرف خان بن شمس الدین بدلیسی

که باهتمام اقل عباد

ولادیمیر ملقب ولیامینوف زرنوف

در محروسه

پطربورغ

در دار الطباع اکادمیهٔ ایمپراطوریه

سنهٔ ۱۸۶۲ عیسوی

مطابق سنهٔ ۱۲۷۸ هجری

مطبوع کردید

وێنەی (بەرگ) ی بەرگی دووەمەی شەرەفنامە

بەر لەوەی کۆتایی بەم باسەی شرفخان بدەین بەپێویستم زانی ئەو هەوڵ و کۆششەی زۆرەی مامۆستا هەژار فەرامۆش نەکەین کە لەدوای ماندووبوونێکی زۆرو گەڕان بە دوای ئەو سەرچاوانەدا کە دەربارەی شرفنامە نووسراون لە هەموویان زانیارییەکی زۆری کۆکردوەتەوەو لە پێشەکیەکەدا باسی کردوەو بەوەشەوە نەوەستاوە بەڵکو بەرلە چاپکردنی شرفنامە بەرهەمەکەی خستۆتە بەردەستی ژمارەیەك لە زانایان و پسپۆڕانی کورد وەکو مامۆستایان مەسعودمحمد و علاءالدین سجادی و محمدجمیل رۆژبەیانی و دوکتۆر کمال مەزهەر و هێمن موکریانی بۆ ئەوەی هەریەکەیان سەرنجی خۆی دەربڕێ بەرامبەری و لە پێشەکیەکەیدا چەند لاپەڕەیەکیشی تەرخان کردوە بۆ ئەو زاناو مێژوونووسانەی کورد کە لەکاتی خۆیدا خزمەتی مێژووی کورد و کوردستانیان کردوە وەکو ئەمین زەکی و حوزنیموکریانی و محمدجمیل روژبەیانی (کە لە کاتیخۆی شەرفنامەی لە فارسیەوە کردوە بە عەرەبی)، لەگەڵ دەقی ئەو پێشەکیەی محمدعلیعونی لە وەرگێڕانی شرفنامەدا لەساڵی ١٩٥٨ دا لە فارسیەوە بۆ عەرەبی چاپی کردوە.

لەلاپەڕەی دوای پێشەکیەکەی هەژار وێنەیەکی شرفخانی بدلیسی تیادا بڵاوکراوەتەوە کە هونەرمەندی نەخشەکێش (بدیع باباجان) بە خەیاڵ بۆ شەرەفخانی کێشاوەو لەژێریا نووسراوە شرفخانی بدلیس ٩٤٩ـ ١١١٢ ی کۆچی کە بێگومان ئەوەی (١١١٢) هەڵەی چاپەمەنیەو راستیەکە بریتیە لەساڵی ١٠١٢ کەبەپێی ئەمە شرفخان ٦٣ساڵ ژیاوە هەرچەندە وەکو لە نامەکەی ضیاءشرفخاندا دەردەکەوێ کەلەساڵی ١٥٤٣ زایندا لەدایك بوەو ساڵی ١٦٠٣ یا ١٦٠٤ کۆچی دوایی کردوە.

بەپێی وەرگێڕانەکەی هەژار، شرفخان شرفنامە (بەرگی یەکەمی) کردوە بە چواریەشەوە کەبە (ڕوویەڕ) ناوی بردون:

ڕوپەڕیەکەم :

بریتیە لەباسی ئەو فەرمانڕەوا کوردانەی لە کوردستانا ئاڵای سەربەخۆییان هەڵکردبوو وەمێژوونووسان ئەوانەیان لەریزی پادشایانیان ژماردون وەکو فەرمانڕەوایانی دیاربەکرو جزیرەودینەوەرو شارەزور (کە ئەمەی دوایی بە

حەسنەوەیە ناسراون و مامۆستا جمیل رۆژبەیانی لە ساڵی ١٩٩٦دا کتێبێکی نوسیوەبەناوی (حەسەنوەیهی و عەیاری) و فەرمانڕەوایانی لوڕی گەورەو بچووك و بنەماڵەی ئەیوبیەکان لە میصرو لە شام.

ڕووپەڕی دوهەم :

باسی مێژوی ئەو گەورە پیاوانەی هەرچەند دەرفەتی سەربەخۆییشیان بۆ ڕەخسا بوو بەڵام خۆیان بەپادشاه نەزانیوە، وەکو فەرمانڕەوایانی ئەردەلان، هەکاری (شەنبۆ) و (ئامیدی کە بە بادینان بەناوبانگ بون)، فەرمانڕەوایانی جزیرە (کە بە بەختی ـ بەختیە)ی ناوبرابون، فەرمانڕەوایانی (حصن کێف ـــ حسن کێف ـ کەبەملکانیش ناسراو بوون).

ڕووپەڕیسێهەم:

فەرمانڕەوایان و کاربەدەستانی تر لە کوردستاندا وەکو (چەمشکەزەك) و مرداسی و ساسون، خیزان، کلیس=کلز، شیروان، زەرقی، سویدی. (سەیرئەوەیە لە بەشی دوهەمی ڕووپەڕی سێهەمدا لاپەڕە ٤٨٤ وتوویەتی، ئەم بەشە دوازدەبەندە و لەلاپەڕە ٤٨٤ـ٥٩١ باسی شەش بەندی کردوەو بەندەکانی ٩،٨،٧ هیچیان دیارنین و لەلاپەڕە ٥٩٢ دا چۆتەوە سەر بەندی دەهەم).

ڕووپەڕیچوارەم:

شرفخان ئەم بەشەی بەتایبەتی تەرخانکردوە بۆ فەرمانڕەوایانی بدلیسی کە خۆی لەو بنەماڵەیە بوە و لەوەدا باسی شاری بدلیسی کردوە لەگەڵ هۆی ئاوەدان کردنەوەی شاروقەڵاکەی.

بەشی دەهەم

شۆڕشەکانی کورد لەباکووری کوردستاندا هەتا پێش شەڕی یەکەمی جیهانی

لە باسەکانی پێشـوودا لـەوە دواین چۆن دەوڵـەتی عوسمـانی پـاش ئـەوەی لەوشەڕانەدا لە ڕۆژهەلاتی ئەورووپادا کردبووی و گەیشتبوە نزیك شـاری (ڤینـا)، زۆری پێنەچوو شکاو بەناچاری پاشەکشەی کـردو گەڕایـەوە ناوسـنوری تورکیـا پاش ئەوەی تووشی زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بـوو، بـەوباج و سـەرانە زۆرەی لە دانیشتوانی خـاکی عوسمـانی دەسێنرا نـەتوانرا کاروبـاری دوڵـەتی پێبـبرێت بەڕێوە بەتایبەتی دوای ئەوەی کەوتە ژێـر بـارێکی زۆر گرانـی قـەرزی وڵاتـەکانی رۆژئاوای ئەورووپاوەو ئەمارەتەکانی کورد لە ئەنجامی ئەوبارو دۆخە تازەیەدا بوو بـە قۆچـی قوربـانیی سیاسـەتی کاریەدەسـتانی عوسمـانی کەیـەك لـەدوای یـەك ئەمارەتـەکانی کـورد هەڵوەشـێنرانەوەو لـە شـوێنی مـیرە کوردەکـان والی سـەرکردەی هێزی سوپاکان لـە تورکەکان دەسێنرا بۆ بـەڕێوەبردنی ناوچـە کوردیەکان و میللەتیکورد تا ئەهات لەژێر بـاری جەورو ستەمی کاریەدەسـتانی تورکدا دەینالاندو بارودۆخی باری ژیانی کـورد گەیشـتە ڕادەیـەك ئیـتر نـەیتوانی لەوە زۆرتر بیدەنگ بێو ناچارکرا دەستی دایە چەك و لەزۆر شوێنی کوردسـتاندا خەلك یاخی بوو دژی کاریەدەستانی عوسمانی ڕاپەڕی و شۆڕشی کرد.

لەم باسەدا هەوڵئەدەین باسی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد بکەین هـەتاپێش شـەڕی جیـهانی یەکـەم و لـە بـەرگی دوهـەمدا شۆڕشـەکانی کـورد لەشـەڕی جیهانیەوە هەتا شەڕی جیهانی دوهـەم بـاس دەکـەین. لـە ڕاسـتیدا نووسـینێکی تێروتەسەل دەربارەی هەریەکێك لەو ڕاپـەڕین و شۆڕشـانەی بـاکوری کوردسـتان ئەوەندە دوورودرێژە و هەریەکەیان پێویستی بـە چـەند کتێبێـك هەیە دەربـارەی

بنوسرێت، بۆیە لێرەدا هەوڵئەدەین کورتەیەکی راپەڕین و شۆڕشە گرنگەکان باس بکەین لە باکوری کوردستاندا بە ئومێدی ئەوەی لەدوا رۆژدا لەلایەن لیژنەیەك لە زانایان و پسپۆڕان باسی ئەو شۆڕشانە بە زنجیرە کتێبێك تۆمار بکرێت وەکو چۆن میللەتانی تر لەدوای ئازاد بوونیان بەو کارە هەستاون.

دەربارەی راپەڕین و شۆڕشەکانی کورد، (باسیل نیکتین) لەلاپەرە ١٨١ ی سەرچاوە ٥٤ دا پرسیارێکی ئێجگار زۆر گرنگی کردوەو وتوویەتی: ئایا کورد لە توانایا هەیە دەوڵەتێکی تایبەتی خۆی هەبێت؟؟ ئەگەر هات و ئەو دەوڵەتە پێك هات ئایا ئەو دەوڵەتەخۆی پێ رادەگیرێت و دەمێنێت؟ ئایا لە ئەنجامی دروستبوونی ئەو دەوڵەتەدا هیچ کێشەیەکی وا پەیدا دەبێ ببێتە هۆی ئالۆز بوونی باری ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست؟؟))

بێگومان هەرخۆی بۆ وەرامی پرسیارەکەی وتوویەتی: بێگومان چەند وەرامێك و چەند کێشەیەك دێنە پێشەوە، بەلام ئایا ئەوانە هیچیان دەبێ ببنە هۆی بیانووی ئەوەی چارەسەرێك نەدۆزرێتەوە بۆ کێشەی کورد؟ لەراستیدا شتێکی نارەوایە رووداوەکانی ناو کورد بەیاخی بوون و ئاژاوەو سەرکێشی کردن لەقەڵەم بدرێ، چونکە ئایا مێژووی میللەتانیش ئەوەیان بۆ ئاشکرا نەکردوین کە سەرەتای بزوتنەوەو راپەڕینەکانیان هەر بەشێوەیەکی چەکدارانە دەستی پێکردوە وەکو ئەمەی کورد کردویەتی و دەیکا؟)). بەڕاستی ئەوپرسیارەی باسیل نیکتین پرسیارێکی مێژوویی ئێجگار گرنگە و ئیمڕۆ کورد لە هەموو کاتێك زۆرتر پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ هەیە و پێویستە لە رێگەی کۆنگرەیەکی نەتەوایەتی کوردەوە کە لە نوێنەرانی هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان پێك بێت و لەرێگەی پسپۆڕان و شارەزایانی ناو ئەو کۆنگرەیەوە ستراتیجیەك بۆ هەربەشێك لە بەشەکانی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ سەرانسەری کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی دابنرێت و ئەوڕێبازە بگرێتەبەر کە میللەتانی تر چۆن گەیشتوون بە ئامانجی خۆیان کوردیش رێبازی ئەوان بگرێتە بەرو پەند و دەرس لەرابوردوو لە هەڵەکانی شۆڕشەکانی پێشووی کورد وەربگیرێ بۆ ئەوەی کورد تووشی هەمان ماڵ کاولی و کارەسات نەبێ وەکو

ئەوانەی پێشووی. باسیل نیکیتن لەکتێبەکەیدا شۆڕشەکانی کردوە بەسێ قۆناغەوە:

قۆناغی یەکەم: بریتیە لە دەسپێکردنی یاخی بوون و ڕاپەڕین و هەرای کۆمەڵایەتی و دەسپێکردنی ڕاپەڕین و شۆڕشی دەرەبەگایەتی.

قۆناغی دوهەم: بریتیە لە شۆڕشی تورك كە وا حسابی بۆ کرابوو کوردیش لەئەنجامیا بزوتنەوەو شۆڕشی خۆی دەس پێدەکا بۆئەوەی یاسایەك دابنرێت کە باسی کوردیشی تیا دەسنیشان بکرێت.

لام وایە باسیل نیکتین مەبەستی لە أصلاحاتی دستوریە کە أتحادو ترقی داوای دانانی دەستوورێکی کردبوو بۆ ولایەتی عوسمانی کە کوردیش لەو چالاکیەی أتحادوترقیەدا بەشدار بووە بە ئومێدی ئەوەی مادەکانی ئەو دەستووره میللەتی کوردیشی تیا دەبێ.

قۆناغی سێهەم: بریتیە لە باسی کورد لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەم کە لەپەیمانی سیڤەردا ناوی کورد هاتە کایەوەو لە ساڵی ١٩٢٧ دا خۆیبون وەکو ڕێکخراوی سیاسی و لێپرسراوی کورد هاتە ئاراوە (لەراستیدا لە پەیمانی لۆزاندا پەیمانی سیڤەر زیندە بە چاڵ کراو ناوی کورد پشت گوێ خرا) باسیل نیکتین باسی چەند شۆڕش و ڕاپەڕینێکی کردوە وەکو شۆڕش و ڕاپەڕینی عبدالرحمن پاشای بابان لەساڵی ١٨٠٦ داو شۆڕشی بلباسەکان لە ساڵی ١٨١٨ داو ڕاپەڕینی کوردەکانی بایزیدو وان. باسیل نیکتین لەو باسەیدا دەربارەی شۆڕشەکانی کورد ئاماژەی بۆ باسیکی (ڤیلچێڤسکی) کردوە کە وتویەتی ئەو شۆڕشانە تەنها هەر بریتی نەبون لە شۆڕشی چەند سەرۆکێکی کورد، بەڵکو شۆڕشی جەماوەریی ڕاستی بوون و لە ئەنجامی جەورو ستەمی کاریەدەستانی تورك، کورد ناچاربوە دژی حکومەت ڕاپەڕێ و بەوجۆرە لە ساڵانی ١٨١٨، ١٨٢٠، ١٨٢٢ دا زنجیرەیەك بزوتنەوەو هەرا دژی تورك و عەجەم ڕوویدا.

باسیل لە باسەکەیدا لەوە دواوە کە تەنها هەر کێشەی ئابووری هۆی ڕاپەڕینەکانی کورد نەبوە بەڵکو هەستی نیشتمانپەروەرێتیش ڕۆڵێکی زۆر کاریگەری بینیوە لەڕاپەڕینەکانی سەرکردەکانی کورداو جەماوەریش چوونەتە پاڵیان.

دوکتۆر جمال نەبەز لە کتێبەکەیدا کوردستان و شۆڕشەکەی، سەرچاوە ٣١ لەلاپەڕە ٨٤ دا باسی زنجیرە شۆڕشەکانی کوردی کردوە لەسەدەی نۆزدەهەمدا دژی حکومەتی تورك، کە دەوڵەتی عوسمانی هەمان چەکە کۆنەکەیان بەکارهێنا کە بریتی بوو لە چەکی ئاینی بۆ لەناو بردنی ئەو شۆڕشانەی کورد.

دوکتۆر جمال نەبەز لەباسەکەیدا ئەڵێ:

((یەکێك لە بەدبەختیەکانی کورد بریتی‌بوە لەنەبوونی ئاینزایەك یا قوتابخانەیەکی فەلسەفی، واتە نەبوونی ئایدیۆلۆژێکی تایبەت بەخۆو ڕەنگە ئەگەر شتێکی لەوبابەتەی هەبوایە بیتوانیایە هەموو کورد یەك بخات هەروەکو چۆن شیعەگەریتی هەموو فارسەکانی کۆکردەوەو بەرەو ئامانجێك بردنی. لەبریتی ئەوە کوردەکان بوونە پاشکۆو بەپابەندی تورك و فارسەکان و خۆیان کرد بەقوربانی دەوڵەتەکانیان لە ئەنجامی ئەوەدا کورد زمان و کولتوری خۆی پشت گوێ خست و فەرامۆشی کرد هەروەکو سامی شمس الدین لەکتێبی قاموس اعلامی چاپی ئەستەمبوڵ ساڵی ١٣١٤ ی کۆچی باسی کردوە .

لەگەڵ ئەوەشدا چەند زانایەکی کەم هەبوە بەرهەمەکانیان بەکوردی دەنووسی و گازندەو گلەییان لە میللەتەکەی خۆیان کردوە کە بەوشێوەیە کەلەپووری خۆیان پشت گوێ خستوە کە یەکێك لەوانە شاعیرو زانای بلیمەت ئەحمەدی خانی بوە کە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی شانی لە شاکارەکانی جیهان هەڵدەسوێت. لەدوای ڕووخاندنی ئەمارەتەکان ئەوسا کورد هاتەوە هۆش خۆی و گومانی لە ئاستی ئەو (برایەتی ئیسلام)ـە پەیدا کردو چەند شۆڕش و ڕاپەڕینێك بەرپا بوو. بەڵام ئەو شۆڕشانەش، بۆ نمونە شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە نەهری لەساڵی ١٨٨٠ دا شتێك نەبوە لەپەلەقاژەی مەرگ بەولاوەو هەمووی هەڵچوون و هەژانێکی لەناکاوو نارێك بوون بۆیە یەك لەدوای یەك هەموویان لەلایەن دەسەڵاتدارەکانی تورکەوە بە زەبری ئاین یا لەرێگەی فروفێڵ و فریو خواردنەوە فەرامۆشکران.

ئەو شۆڕشانە ئایدیۆلۆژییەکی ڕەگ داکوتاویان نەبوەو لە دوای مردن و لەناوچوونی سەرکردەکانیان ئیتر شۆڕشگێران بلاوەیان لێکردوەو چوونەوە سەر ژیانی ڕۆژانەی خۆیان. هەتا ئێستە هیچ بزوتنەوەیەك نەیتەانیوە بەبێ

ئایدیۆلۆژییەکی چەسپاوو گونجاو بەردەوام بێت. بزوتنەوەی سیاسی وەکو گیانلەبەرێك وایە و بەردەوام بوونی ئەو بزوتنەوەیە پێویستی بە خۆراکێکی رۆحی هەیەو هیچ شۆڕشێکی چەکدارانە بێدەس لەملانێتی قەڵەم و تفەنگ سەرکەوتن بەدەس ناهێنێ.

بێجگە لەوە دەستێوەردانی سیخوڕو بەکرێگیراوانی ئەوروپایی و ئەمریکایی کە بەناوی میسنێرە عیساییەکانەوە روویان کردوەتە کوردستان، یەکێك لە مەبەستەکانیان ئەوە بوە بەپەنهانی گیانی دوژمنایەتی و دژایەتی لەناو کوردا پەرەپێبدەن.

ئیمپریالیزمەکان بە هەموو شێوەیەك کنەی ئەوەیان کردوە بەهانەی وا پەیدا بکەن بتوانن لەورێگەیەوە دەس لە کاروباری ناوخۆی ئیمپراتۆریەتە شرۆڵەکەی عوسمانی وەردەن و بۆ ئەوە چارشێوی برایەتی عیساییان پەیداکردوە لەژێرەوە دەستیان تێکەڵکرد کەلەراستیدا ئەو بەکرێگیراوانە فریان بەسەر گیان و باوەڕی راستەقینەی عیساییەوە نەبوو چونکە نەیانتوانیبوو تاقە کوردێکی موسڵمان والێبکەن بۆ مەرامی خۆیان هەڵی سوورێنن و لەداخی ئەوە کەوتنە دنەدانی کەمایەتیە عیساییەکان دژی برا موسوڵمانەکانیان و ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی ئەو میسنێرانە لەلایەن کاربەدەستانی تورکیاو ئێرانیشەوە پشتگیری لێ دەکراو هەردوو دەوڵەتەکە پەژارەی ئەوەیان لێ نیشتبوو ئەو سێ نەتەوە برایە کە کوردو ئەرمەن و ئاسوری بون، هەمویان برایانە پێکەوە بکەونە خۆیان کە بەویەکیتیە دەیان توانی ئازادیی خۆیان وەدەس بێنن.

بەرلە شەڕی ڕوس و عوسمانی لەساڵی ١٨٢٨دا کورد و ئەرمەنی بەئاشتی ودۆستانە پێکەوە ژیابون و هیچ ناکۆکیەك لەناویانا نەبوو، کە نموونەی ئەمە لە شۆڕشەکەی بدرخاندا دەردەکەوێت کە ساتێك دژی عوسمانیەکان راپەڕی بەڵێنیدا بە گەلەموسڵمانەکان دوای سەرکەوتن ئۆتۆنۆمییان بداتێ)).

ئەو شۆڕش و راپەڕینانەی لەباکوری کوردستاندا کرا هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی، دەتوانرێ بکرێ بەم بەشانەوە:

١ـ **شۆڕشی بدرخان پاشا.**

٢ـ **را پەڕینەکانی دوای شۆڕشەکەی بدرخان پاشا.**

٣ـ را پەڕینی یزدان شێر.
٤ـ شۆڕش و را پەڕینەکانی دوای یزدان شێر.
٥ـ شۆڕشی شێخ عبیداللە نەهری (شمزینی).
٦ـ شۆڕش و را پەڕینەکانی دوای شۆڕشی شێخ عبیداللە هەتا شەڕی یەکەمی جیهان.

شۆڕشی یەکەم ـ شۆڕشی بدرخان پاشا

شۆڕشی بدرخان پاشا بەسەرەتای دەسپێکردنی شۆڕشە گەورەکانی باکوری کوردستان دەژمێررێ. شۆڕشی بدرخان پاشا دەکرێ بە دوو قۆناغ، قۆناغی یەکەمیان بریتیبوە لەوشۆڕشەی لە روژهەلاتی کوردستاندا (کوردستانی ئێران) بەرپای کردبوو، لەبەرئەوەی کورتەیەکی ئەو شۆڕشەمان لە لاپەڕەکانی ١٠١ـ١١١ ی کتێبەکەی سمکۆی شوکاك و بزوتنەوەی نەتەوایەتی چاپی ستۆکهۆلم سالی ١٩٩٦ باس کردوە لەبەر ئەوە پێویست ناکا باسی ئەو قۆناغە دووبارەبکرێتەوە لێرەدالو قۆناغی دوهەم کە بۆ باکوری کوردستان تەرخان بوە، لەم باسەدا دەکرێ بەم بەشانەی خوارەوە:

١ـ بنەماڵەی بدرخانیەکان و باسی ژیانی بدرخان پاشا.
٢ـ ئامانج و مەبەستەکانی شۆڕشەکەی بدرخان پاشا.
٣ـ تەقەلا و هەوڵدانی بدرخان بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی دۆستایەتی لەگەلْ ئەرمەنی و ئاسوریەکانی دراوسێی و رۆلی میسنێرەکان و دەولەتە ئیمپریالیزمەکان بۆ سەرنەگرتنی ئەو تەقەلایەی بدرخان.
٤ـ را پەڕین و شۆڕشەکەی بدرخان دژی دەولەتی عوسمانی و ئە نجامەکەی.
٥ـ هەڵسەنگاندنی ئەو شۆڕشە و هۆی سەرنەکەوتنی.

یەکەم ـ بنەماڵەی بدرخان و ژیانی بدرخان:

لەباسی ئەمارەتەکانا باسێکی تایبەتیمان تەرخانکردوە بۆ جزیرە و بۆتان و لەوەدا باسی بنەماڵەی (عزیزی) کرا کە بەپێی ئەوە بدرخانیەکان دەچنەوە سەر (عزیزی) یەکان و میرعبدالعزیز لەدوای مردنی دامەزرێنەری بنەماڵەکە کە (سلیمان خالد) بوە بوو بە میری جزیرە و بوتان و ئەو بنەماڵەیە سەرداریتیی

ئەمارەتەکەیان کردوە هەتا ساڵی ١٨٤٧ ئەو ئەمارەتە لە زەمانی بدرخان پاشادا تێکچوە وەکو لە شوێنی خۆیدا باسی دەکەین. بەداخەوە لەسەرچاوەکانا بێجگە لە کتێبەکـەی کریس کوچرا و یاداشتەکەکانی مێجەرنۆیل، سەرچاوەیەکی وام دەسگیر نەبوو بە شێوەیەکی ڕێك و پێك شجرەی ئەو بنەوماڵەیەی باسکردبێت و زۆرم لاسەیرە ئەو بنەماڵەیە هەر لـە سـەرەتاوە خوێنـدەوارو و ڕۆشـنبیر بـوون و بایەخێکی زۆریان داوە بە مێژووی کورد، کەچی تا دوا نەوەیان کـە سـریابدرخان و جـلادت بدرخـان و کـامران بدرخـان بـوە، لــە هیــچ سـەرچاوەیەکدا نـەم دی یەکێکیان بـیری لـەوە کردبێتـەوە زنجـیرەی بنـەماڵەکـەی خۆیـان تۆمـار بکـەن و نووسەرانی تریش کە لەو باسە دواون هەریەکـەیان بەشـێوەیەك باسـیان کـردوە، بۆیە ناچارین ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوە لێك جیاوازانـە بکـەین بـۆ ئـەوەی خوێنـەر بەراوردیان بکا لەگەل یەکتردا.

بۆنموونە: لەژمارە ١٣ ی ڕۆژنامەی کوردستان کەلەشاری جنێف لە ٢٠ ی ذی العقـدەی ١٣١٦ ی کۆچی لەلاپـەڕە ٢یـدا وتـراوە بدرخــان بــەگ لەســاڵی ١٢٥٠ یکۆچیـدا بـوە بـە حـاکمی کوردسـتان، بـەڵام ئـەمین زەکــی لەلاپــەڕە ٢٣٦ ی سەرچاوە ٣٢ دا وتوویەتی بدرخـان لەسـاڵی ١٨٢٢ ی زاینـدا کـە تەمـەنی (١٨) ساڵ بوە کراوە بە ئەمیر. بەپێی ئـەم بۆچوونـەی ئـەمین زەکـی دەبـێ بدرخـان لەساڵی ١٨٢٢ ـ ١٨ = ١٨٠٤ دا لـەدایك بوبـێ و بدرخـان کـە لەسـاڵی ١٨٦٨دا کۆچی دوایی کردوە، دەبێ بەحسابەکەی ئەمین زەکـی بدرخـان ١٨٦٨ – ١٧٩٤ = ٧٤ ساڵ ژیاوە. کـەچی دوکتـۆر عزیـز شمزینـی لـە کتێبەکـەیدا سـەرچاوە ٤٢ وتوویەتی بدرخان پاشـا (٦٤) سـاڵ ژیـاوە. لەلایـەکی تـرەوە کریـس کوچـرا لـە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤١و بلەچ شێرکوە لەلاپەڕە ٤٩ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦٠ هەردووکیان وتویانە بدرخان لەسـاڵی ١٨٢١ دا بـوە بـە مـیری بۆتـان کـە لەگـەڵ بۆچوونی ئەمین زەکی و دوکتـۆر عزیـز شمزینیـدا یـەك ناگرێتـەوە بـەڵام لەگـەڵ بۆچوونی سریا بدرخاندا یەك دەگرێتەوە کە لە سەرچاوە ٧٩دا وتوویەتی لەساڵی ١٨٢١دابوە بەمیری بۆتان.

دەربارەی بنەماڵەی بدرخــان، کریـس کوچـرا ئامـاژەی بـۆ کتێبـی (کونسـول شروتە) کردووە کەلەمەدا وتـراوە بدرخـان (٤٠) کـوڕی هەبوەلەگـەڵ (١٤) کـچ و

کامران بدرخان خۆشی بەتەواوی نەیزانیوە بدرخان چەندکوڕو کچی هەبوە هەر ئەوەندەی لەباوویاپیریەوە بیستوە کە وتوویانە بدرخان (٩٩) منداڵی هەبوەو کامران وتویەتی لەوانە ناوی (١٥) مام و پوورەکانی خۆی دەناسێتەوە (کەبەداخەوە ناوەکان لەوەدا تۆمار نەکراوە).

بەرامبەر بەو ژمارەیەی کریس کوچرا باسی کردوە، مێجر نۆیل لەوگەشتەیدا بەکوردستانا کردوێتی و جلادت بدرخان و کامران بدرخانی لەگەڵابوە، بەپێی دۆکیۆمێنتی ژمارە (fo.351_13974) سەرچاوە ٢٧وتویەتی بدرخان (٩٥) کوڕی هەبوە کەلام وایە لەکاتی گەشتەکەیدا ئەمەی لەجلادت و کامرانەوە وەرگرتوە (لە شوێنی خۆیدا بەدوورودرێژی باسی ئەو گەشتەی مێجر نۆیل دەکەین). کریس کوچرا وتوویەتی: هەرچونێك بوویێت (١٢) لەکوڕەکانی بدرخان و نەوەکەی دوای خۆی ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان هەبوە لە ڕاپەڕینی نەتەوایەتی کوردا کە بریتی بوە لە:

١ و ٢: عوسمان و حسێن کوڕانی بدرخان پاشا کەلە دوای باوکیان لەساڵی ١٨٧٩دا شۆڕشیان کردوەو لە دواییدا (حسێن) لەساڵی ١٩١٠دا لەسێدارەدراوە (لەدوای باسی ڕاپەڕینەکەی یزیدان شێر لە دواییدا باسی ئەو شۆڕشەی عوسمان و حسێن دەکەین کە کریس کوچرا حسێنی بە (حسێن پاشا کنعان ناویردوە).

٣: مدحت بەگ ـ خاوەنی ڕۆژنامەی کوردستان.

٤ : کامل بدرخان: پەیوەندی هەبوە لەگەڵ ڕوسەکاناو ساڵی ١٩١٧ والی ئەرزرۆم بوەو پاش ئەوە لە شاری (تفلیس) ژیاوە.

٥ : خلیل بدرخان: والی بوە لەشاری ملاطیە (بەڵام مێجر نۆیل لەگەشتەکەیدا وتویەتی متصرف بوە).

٦ و ٧: حسن بدرخان و حسێن بدرخان (کریس کوچرا لەژمارە ١ یشدا ناوی حسێن ی بردوە ئاخۆ هەردوکیان یەك بون یا جیاواز بوون) کە هەردوکیان لە ساڵی ١٩١٠دا هەڵبژێراون بۆ نوێنەرێتی کوردستان (نەیوتوە کام هەڵبژاردن کە ڕەنگە مەبەستی مجلس مەبعوسان بوویی). کاتێك حسێن زیندان کرا، (حسن)ی برای بۆماوەی شەش مانگ خۆی شاردەوەو لە دواییدا گیراو لە ژێر ئەشکەنجەدا گوێچکەی کەڕ بوو.

٨ : عبدالرحمن پاشا- لەدوای مقداد بوە بەلێپرسراوی ڕۆژنامەی کوردستان (عبدالرحمن برای مدحت بوە).

٩ : بەحری بەگ - بەشدار بوە لە شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە ی نهری‌یدا.

١٠ : ئەمین عالی بدرخان - لەنێوانی سالأنی ١٨٥١- ١٩٢٤ دا ژیاوە و یەکێك بوە لە دامەزرێنەرانی (club) ی کوردی ئەم (club)ەی کریس کوچرا باسی کردوە، ڕۆبرت ئۆلسۆن لە سەرچاوە ٨٤ دا بە دوورودرێژ باسی کردوە بە ناوی (kurt tarraki ve tavon jemiyeti) (کورد ترقی و تعاون جمعیتی) ناوی هێناوەو لە باسی جمعیت و ڕێکخراوەکانا باسی دەکەین). کریس کوچرا باسی سێ‌کوڕی ئەمین عالی بدرخانی کردوە: سریابدرخان (١٨٨٣-١٩٣٨) و جلادت بدرخان (١٨٩٣-١٩٥١)، کامران بدرخان (١٨٩٥-١٩٧٨).

١١ : عبدالرزاق بدرخان - کوڕەزای بدرخان پاشا بوە (باوکی ناوی نجیب پاشابوە، کریس کوچرا تەنها ناوی یازدەکەسی هێناوە لەو دوازدە کەسەی وتویەتی ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوە کە ڕەنگە ئەوی تر مەبەست نجیب پاشا بوویی).

دەربارەی ژیانی بدرخان پاشا خۆی گەلێك سەرچاوە بە دوورودرێژ باسیانکردوە و ئێمەش لە باسی ژیانیا سێ سەرچاوەمان هەڵبژارد کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە ژیانی بدرخان پاشا دواون:

یەکەم سەرچاوە بریتیە لە کریس کوچرا کەلەلاپەڕە ٤٢ ی کتێبەکەیدا لەوە دواوە کە بدرخان خۆی باسی خۆی بەم شێوەیە کردوە کە وتوویەتی:

((ئەوە منم کە حاکمی ئەم ولأتەم و فەرمانڕەوایی دەکەم و پادشای عوسمانی هەرچەند لە من بەهێزترو بە تواناترە بەلأم من زۆر لەو نجیب ترو گەورەترم چونکە من لەو باشتر سەرپەرشتی نەوەکەی خۆم دەکەم و باشتر ئاگام لێیانەو هیچ کاتێك زوڵم و ستەمیان لێ ناکەم و گەلی کورد گەلێکی ڕەسەن و خاوێنە)).

کریس کوچرا دەربارەی ئەوەی بدرخان ئەڵێ:

((هەرچەند ئەوەی بدرخان دەربارەی خۆی وتوویەتی نەختێك خۆهەڵکێشانی تێدابوە بەلأم ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێ ئەو حاکمە شانازیی

بەوەوە کردوە کە خۆی بە کوردێك زانیوەو سەری بۆ پادشای عوسمانی دانەنواندوەو بەپادشایەکی زۆرداری داناوەو هەروەکو پەیامنێرێکی فرنسی کە لەلایەن پادشای فرنسەوە نێردرابوو بۆ تورکیا گێڕابوویەوە و وتبووی بە راستی بدرخان حەقی بوە کە وتویەتی من لە گەلێکی نەجیبم و من پاکم چونکە لە خاکی ئەوگەلەدا لەدایك بووم، ئەمیر بدرخان حاکمێکی زاناو تێگەیشتوو بوەو خزم و قەومێکی زۆری لە دەور بووەو راستی وتووە کە وتویەتی من خۆم لە پادشای عوسمانی بە ماقوڵتر دەزانم)).

کریس کوچرا لەباسی ژیانی تایبەتی بدرخاندا وتویەتی:

((ئەومیرە جلکی تایبەتی لەبەردەکرد کە بریتی بوە بەرگێکی گوڵ دوزمە زێڕو مێزەرێکی ئاوریشمینی سووکی لەسەرناوە، پانتۆڵەکەی ئاوریشمی سوورو رەش بوە، کاڵەی شەمامەبەند وەیا سۆلێکی بیلاد کە لەسەری نووکەکەی هەڵگەڕابوەوە لە پێی دەکرد کە ئەوسا زۆربەی حاکمە کوردەکان جل و بەرگیان لەوجۆرە بوەو ئەو لەپاشا تورکەکان زۆرتر بە تەنگ میللەتەکەیەوە بوە یارمەتی هەژاران و پەککەوتووی داوەو خەلاتی داوە بە مەلاکان و زورجار لە کۆشکەکەی خۆیدا لە دەرگولی (جلیلی لەسەرچاوە ۹۳دا بە دێرگول ناوی بردوە)لە جزیرەدا بە کیسە زێڕی دابەشکردوە کە هەرکیسەیەك لەو رۆژانەدا دەیکردە (۲٥دولار).

کریس کوچرا ئاماژەی بۆ کتێبی (دوکتۆر.راسیت)ی سەربە (هیراڵد بۆستن)بوە چاپی ١٨٤٦ کردوە کەلەلاپەرە ٣٨١ دا وتویەتی بدرخان مرۆڤێکی زۆر ئاینداربوە و لەو رۆژانەدا دانیشتوانی کوردستان لایان وابوە خودا محمدێکی دوهەمی ناردوە بۆکورد بۆئەوەی مافی خۆی دەسگیربێت و سەربەخۆییەکی بەنرخ و بە بایەخ بۆ خەڵکی کورد دامەزرێنێت.

کوچرا ئاماژەی بۆ نامیلکەی (ئاوریلی کەلدەمسیم) کردوە کە باسی گەڕانی دەستەیەك کارمەندانی قونسوڵخانەی فرنسی کردوە کە لەساڵی ١٨٤٥ دا بە ناوچەی بۆتاندا گەڕاون و لەلاپەرە ٦١ی ئەو نامیلکەیەدا ووتراوە:

((ولاتی کوردستان زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو شوێنانەی تر کە لە ژێر دەسەلاتی تورکدان و ئەو گەڕیدانە کەچوونەتە دیاریکر بۆیان دەرکەوتوە لەو پەنجا ناوچانەی پیایا گەڕابوون بەئاشکرا هەست بە دوژمنایەتی نێوان کوردو

تورك دەكرا و بدرخان زۆرباش چاودێری وڵاتەكەی و دانیشتوانی كردوەو (٢٥٠ هەزار پیاستر ـ قرۆش) ی تەرخانكردبوو بۆ ئەو هۆزانەی لایەنگری ئەو بوون و، بدرخان زور بەهێزو دادپەروەر بوە و پیاوی سیخوڕی تایبەتی خۆی هەبوە بۆ كۆكردنەوەی هەواڵ و دەنگ و باسەكان لەناو توركەكاندا)).

جلیلی جلیل لە سەرچاوەی ژمارە ٢١ دا بە دوورودرێژ باسی شخصیتی بدرخانی كردوە و وتوویەتی هەرچەند بدرخان لەسەرەتای لاویدابوبو بەمیر بەلام توانیبوی دەسەلاتی خۆی بەسەر كوردەكانی دەوروبەریشدا بچەسپێنێت و لە سالانی سییەكانی سەدەی نۆزدەهەمدا ساتێك رشید پاشا پەلاماری هەندێ ناوچەی كوردستانی دا بدرخان توانیبووی خۆی لەوشەڕە دووربخاتەوەو بەوە هێزەكەی خۆی پاراست و هەڵیگرت بۆ كاتی خۆی و توانیبووی دەسەلاتی خۆی لەبۆتانەوە پەرەپێ بداو پادشای عوسمانی لە موصل و بغداد حسابیان بۆ دەكرد و سەركردەكانی ناوچەی دیاربكر زۆرتر گوێیان لە بدرخان دەگرت وەك لە توركەكان.

جلیلی ئاماژەی بۆ كتیبەكەی (ف. دیتیل) كردوە كە وتوویەتی: بەچاوی خۆم پادشای بغدادم دیوە دیاریی بەنرخی دەنارد بۆ بدرخان و ئەویش بەرامبەر بەوە ڕێزی پادشای بغدادی دەگرت وەكو دەسەلاتدارو هاوشانێكی ئەو نەك وەكو نۆكەرێك.

كاربەدەستانی تورك ئەو دەسەلاتدارییەی بەدرخانیان بەدڵ نەبوو، چاویان بەرایی نەدەهێنا بەوجۆرە دەسەلاتداریی و رقیان لێی بو بەلام بەئاشكراش حەزیان نەدەكرد دژی بجولێنەوە. بدرخان سەربەخۆییەكەی خۆی لای كاربەدەستانی ئەستەمبول نەدەشاردەوەو خۆی بەخاوەنی تەواوی میرنشینەكەی دادەنا و حەزی دەكرد نوێنەرانی دەولەتە ئەوروپاییەكان دەس بەفەرمانی سولتانەوە سەری لێ بدەن و ئەوەی بەو جۆرە بچوایە لای بەساردیەوە پێشوازی لێ دەكرد. لەو ڕووەوە (كلۆدیۆس ریچ)، گەڕیدەی بەناوبانگی ئینگلیز كە لەسالی ١٨٢٠ دا چوتە كوردستان. باسی ئەو هەڵوێستەی بدرخانی بۆ (ف. دیتل)باس كردوە و بەدیتیلی ووتوە: نەكەی بەفرمانی

سوڵتانەوە بچێتە لای بدرخان چونکە خۆی (ریچ) هەمان شتی بەسەردا هاتوە ساتێك لە ئەستەمبوڵەوە چوتە ناوچەی (بۆتان).

(ئەم گەشتەی ریچ بۆ دیتیل) ی باسکردوە لەساڵی ۱۸۱۳ دابوە ــــ هەروەکوماموستا محمدی حمە باقی لەلاپەرە ٢٦ ی پێشەکیەکەی وەرگێرانەکەی ریچ (سەرچاوە ٦٨) باسی کردوە، جیاوازە لەو گەشتەی ریچ لەدواییدا لەساڵی ۱۸۲۰ دا کردویەتی).

ریچ بە (دیتیل)ی وتوە:

((ساتێك لە ئەستەمبوڵەوە چوم بۆ ناوچەی بۆتان و ویستم لەو شارەدا ماندوێتی خۆم دەرکەم و کە گەیشتمە شارەکە پرسم کرد ئایا شوێنی وا هەیە تیایا بحەوێمەوە؟ لەوەرامدا خانێکیان پیشاندام و لەوێوە خەبەرم نارد بۆ بەدرخان بەگ کە دەمەوێ چاوم پێی بکەوێ و لە راستیدا زۆرم مەبەست بوو شارەزایی پەیدا بکەم دەربارەی کێشەی فارس و تورکەکان و ساتێك چوومەلای بدرخان و فەرمانی سوڵتانم بۆ دەرهێناو چاوی بە فەرمانەکە کەوت لە جێی خۆی نەجوولاو زۆر بە ساردیەوە بە ناڕەزاییەوە هەڵسایە سەر پێو فەرمانەکەی خوێندەوەو وتی: لە رۆژهەڵاتدا تەنها دەبێ نۆکەر بە پێوە راوەستێت، بەڵام میوان هەرکەسێك بێ لە هەرجۆرە پلەو پایەیەکدا بێ دەبێ دانیشێ و قاوەو قلیانی پێشکەش بکرێ)).

ریچ بۆ (ف. دیتیل) دەگێڕێتەوەو دەڵێ:

دوای ئەوەی نەختێك ڕاوەستام بدرخان لێی پرسیم: چیت ئەوێ؟ منیش پێیم وت دەمەوێ من و ئەوانەی لەگەڵمدان شوێنێکمان دەسکەوێ بۆ ئەوەی تیایا بحەوینەوە...

بدرخان بە رقەوە پێی وتم: ئایا تۆ بەخۆت و فەرمانێکی سوڵتانیەوە بۆ ئەوە هاتویتە لام شوێنت بۆ پەیدا بکەم؟ بۆچی تۆ من بە کوێخا و موختار دەزانی تا بەو کارە هەڵسم؟ من و سوڵتان چ پێوەندییەکمان بەیەکەوە هەیە واتۆ فەرمانی ئەوت بۆ هێناوم بۆ ئەوەی بەئەمری ئەو خزمەتت بکەم؟؟ من لێرە سەریەخۆم و پێوەندیم بەکەسەوە نیەو من لێرە تەنها میوان قبوڵ دەکەم نەك هەڵگری فەرمانی سوڵتان)).

دوهەم: ئامەنجەکانی بدرخان و تەقەلاکانی بۆ سەرگرتنی مەبەستەکانی

ئامانج و مەبەستەکانی بدرخان بریتی بون لە چەند شتێك، لەوانە:

أ_ چاکردن و بەرەو پێشەوە بردنی باری ژیانی دانیشتوانی ئەمارەتەکەی و باشکردنی باری ئابوری و دابنیکردنــی ئاسایش لـە ناوچەکانی ژێـر دەسـەلأتیاو ئامادەکردنی سوپایەکی بەهێز.

ب_ تەقـــەلای باشـــکردن و پتـــەوکردنی دۆســـتایەتی لەگـــەڵ ئەرمـــەن و ئاسوریەکاندا.

ج_ یەکخســـتنی ئەمارەتـــەکانی کـــورد و هاوکـــاریکردنی نێـــوان مـــیرو سـەرکردەکانی کـورد لەگـەڵ یـەکتردا وەکـو یەکـەم هـەنگاوێك بـۆ دامـەزراندنی حکومـەتێکی کـوردی یـەکگرتووی سـەربەخۆ، کـە لەسـەرەتادا بـە شۆڕشـی نـاو کوردستانی ئێران دەستی پێکرد بۆ ئەوەی پاش رزگارکردنی بکرێت بە بنکەیەك کە لەوێوە دەسبکرێت بە رزگارکردنی باکووری کوردستان.

أ- چـاکردن و بـەرەو پیشـەوە بردنـی ئـابووری و دابینکردنـی ئاسـایش و ئامادەکردنی سوپایەکی بەهێز

بدرخان پاشا یەکێك بوە لە سەرکردە رۆشنبیرەکانی سەردەمی خۆی و بـۆی دەرکـەوتبوو چارەسـەرکردنی بـاری ئەمارەتەکـەی و کێشـانی نەخشـەیەك بـۆ دابینکردنی بۆجەیەك بۆ بەڕیوەبردنی کاروباری رۆژانی نـاو ئەمارەتەکەو کڕینـی چەك و جبەخانە بۆ سوپاکەی شتێکی زۆر گرنگ و پێویست بون و تورکەکان بـە چاوێکی پر لەمەترسیەوە دەیانڕوانیە ئەو تەقەلایەی بدرخـان و هەمیشـە هـەوڵی ئەوەیان دابوو تەگەرە بخەنە بەر ئەو تەقەلانەی کە لەوە ترسـا بـوون میرەکانی تری کوردیش چاو لەو بکەن و هەمان رێبازی ئەو بگرنە بەر.

لەو روەوە دوکتۆر جلیلی جلیـل لەلاپـەڕە ١٢٣ی کتێبەکـەیدا سـەرچاوە ٩٢ باسـێکی دوورودرێـژی تـەرخانکردوە بـۆ بایـەخدانی بدرخـان بـە باشـکردنی بـاری ئـابووری و پاراستنی موڵك و مـاڵی دانیشـتوان و رێگرتـن لـە هـەموو جـۆرە دەسدرێژیکردن و تـالأنی و راوو ڕووت و دانـانی یاسـایەك بـۆ چۆنیـەتی سـەندنی

باجی ساڵانە لەهاووڵاتیان و بەپێی ئەوە بوجەیەکی ساڵانە بۆ ئەمارەتەکەی خۆی ساز بکات.

جلیلی ئاماژەی بۆ لاپەڕە ٢٠٧ی کتێبەکەی (ف. دیتیل) کردوە کە وتوویەتی:

((لەکاتی گەشت و گەڕانما بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بدرخان بە چاوی خۆم تەوکوردانەم دیوە لە ناوچەکانی ترەوە باریان دەکردو هاتبوونە ژێر سایەی بدرخانەوە ئەگەرچی هەموو کەسێکیش بە ئاسانی نەیدەتوانی بگاتە ئەوناوچەیە چونکە ئەوەش مەرجی خۆی هەبوە و هەرکەسێك بیویستایە بچێتە ئەو ناوچەیە دەبوایە ئەسپێك و زینێك و تفەنگێك و دەمانچەیەکی هەبێ بۆ ئەوەی هەمیشە ئامادە بێ بۆ بەشداربوونی پاراستنی ئەمارەتەکە)).

جلیلی لەو کتێبەیدا باسی ئەوەی کردوە چۆن بدرخان بۆ دابینکردنی ئاسایش لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیا زۆر بەتوندو تیژی وەستاوە بەرامبەر بە تاوانبارو ڕاوو ڕووتکەرو دزو جەردەو ئەوانەی بەناوچەکەی ئەودا گەڕابون سەریان لەوە سوڕمابوو کە چۆن توانیبوی ئەوکارە بە جێ بێنێت. دوو میسنێری ئەمریکی (رایت) و (بریس) ساتێك چوونە لای بدرخان کەلە (یرغون) بوە لەساڵی ١٨٤٦ دا، بۆیان دەرکەوتوە هیچ تاوانبارێك لە ناوسنوری دەسەڵاتیا نەیتوانیوە لە چنگی بدرخان رزگاری ببێت و بەرتیل خواردن و مەرایی و کلکەلەقێ کاریان نەکردۆتە سەر هەڵوێستی بدرخان. هەروەکو جلیلی باسی کردوە (ف. دیتیل) لە گەشتەکەیدا وتوویەتی تووشی هیچ جۆرە گێچەڵ و سەریەشەیەك نەبوەو ئەوانەی لە دیاریکرەوە چوون بۆ موصل لە ڕێگایانا تووشی هیچ دەردیسەریەك نەبوون و ساتێك دیتیل خۆی ماڵئاوایی لە خانەخوێکەی دەکا تەنها خانەخوێکەی تاقە زەلامێکی لەگەڵا دەنێرێ و دیتیل ئەوەی لەلاسەیر دەبێ و بەرامبەر بەو واق وڕمانەی دیتیل خانەخوێکەی پێی دەڵێ :

دڵنیابە ڕێگەکەت ئەوەندە پڕ لە ئاسایشە کە پێویست ناکا لە تاقە زەلامێك بەولاوە لەگەڵیا بێ و ئەو تاقە زەلامەش تەنها بۆ شارەزایی ڕێگەیە... دیتیل هێشتا بەوەش هەر دڵنیا نابێ و دەپرسێ: باشە بەم جۆرە بکەومەڕێ؟...

خانە خوێکەی دووبارە لەوەراما پێی دەڵێ : لای ئێمە ئەوەی بیەوێ سەفەر بکا تەنها هەر خۆی ئەکەوێتە ڕێ و کەسی لەگەڵدا نابێ و ئەگەر منداڵێك بەتاقی

تەنها بە ئالتوونەوە بڕوا، بەویێ دەسەلاتیەی خۆی کەس ناوێرێ و ناتوانێ دەستی بۆ درێژ بکا لە ناوچەی بدرخاندا.

(دیتیل) لە باسەکەیدا بەخۆی ئەلێ: وادیارە دەیەوێ (خانەخوێکەی) پێم بلێ: هەی ترسنۆك ئایا لەدوای ئەم هەموو دلنیایی کردنەش هێشتا هەر ترست لە دلدا ماوە؟؟ برۆ لەگەل ئەو تاقە زەلامەداو هیچ ترست نەبێ.

دیتیل لەلاپەرە ٢٠٥ ی کتێبەکەیدا وتوویەتی: لە راستیدا باوەرم نەدەکرد لەکوردستانا شوێنی وا پڕ لە ئاسایش هەبێ و ئەو دلنیایی و قسە کردنەش لەگەلما کرابوو هەمووی راست دەرچوو تووشی هیچ شەرەشەقێك نەبووم. (ف. دیتیل)، لەگەشتەکەیدا باسی بدرخانی کردوە چۆن زەویی دابەش دەکرد بەسەر ئەو جووتیارانەدا کە دەچوونە ناوچەکەی بە نرخێکی هەرزان و پارەیەکی کەمیشی دەدا بۆ شوێنی لەوەڕی مەڕو مالاتەکەی و بە هەمووی ١ ٣ی دەرامەدی سالانەی دەدا کە لەوڕۆژانەدا زۆرکەم بوە لە چاو ئەو هەموو باج و سەرانە و بێگارە زۆرەی لەلایەنی کاربەدەستانی تورکەوە دەسێنرا لەشوێنەکانی تر)).

دەربارەی تەقەلای بدرخان بۆ دامەزراندنی سوپایەکی بەهێز بۆ ئەمارەتەکەی، بلەچ شێرکوەلەلاپەرە ٥١ ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤٩ باسی ئەوەی کردوە بدرخان بیری لەوە کردوەوە کە ئەمارەتەکەی بۆ ئیجگاری لەدەس تورك رزگار بکات و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە کارگەیەکی چەك دروستکردنی لە شاری جزیرەداو لە گۆلی (وان) یش چەند کەشتیەکی دروست کرد بۆ ئەوەی جگە لە سوودی بوونی ئەو کەشتیانە لە رووی بازرگانیەوە،لەکاتی شەڕیشدا بتوانێت بە هۆی ئەو کەشتیانەوە سەربازو چەکدارەکانی ئەمارەتەکەی پێ بگوێزێتەوە.

ب ـ تەقەلای بدرخان بۆ بەهێزکردنی پێوەندیی کورد لەگەل ئەرمەنی و ئاسوریەکانا

بدرخان پاشا وەکو مرۆڤێکی رۆشنبیرو خوێندەوار، بەچاوێکی دوور بینانەوەو بە سنگێکی فراوانەوە رەفتاری لەگەل کریستیانەکانی ناوچەکەی خۆی و دەوروبەری کردوە و هەولێکی زۆری داوە پێوەندیی نێوانیان دۆستانەو برایانە بێ بۆ ئەوەی بە هەموویان پێکەوە ڕووبەڕووی جەورو ستەمی کاربەدەستانی تورك ببنەوەو بە هاوکاریی هەموویان حکومەتی عوسمانی ناچار بکرێ دان بە

مافی ڕەوای هەرسیّ لایانا بنێت، بەڵام بە داخەوە بەهۆی میسنێرەکان و دیپلۆماسیەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان کە بەناوی پارێزگاریکردن لە ئاینی عیسایی دەنێرران بۆ ناوچەکە، ئەو تەقەلایەی بدرخان سەری نەگرت و بە پێچەوانەوە توانرا پێوەندیی نێوانی ئەرمەنی و ئاسوری لەگەڵ کوردا تێك بدرێت.

دوکتۆر جلیلی جلیل لەسەرچاوە ٢١دا باسی تەقەلاکانی بدرخانی کردوە بۆ بەهێز کردنی پێوەندیی نێوان کورد و کریستیانەکان و وتوویەتی:

((بدرخان لە کاتی دانانی پرۆگرامەکانیا بۆ گەیشتن بە ئامانج و مەبەستەکانی، ئاوڕێکی دۆستانەی دابوەوە بۆلای ئەرمەنی و ئاسوریەکان کە کورد لەگەڵیانا سەدەها ساڵ بوو پێکەوە بە ئاشتی و برایانە پێکەوە ژیابون و بدرخان زۆر مەبەستی بوە ئەرمەنیو ئاسورییەکان بکا بە لایەنگری خۆی دژی ڕەفتاری کاربەدەستانی تورك. ئەو تەقەلایانەی بدرخان وای لە رووسەکان کردبوو بیر لەوە بکەنەوە بدرخان نیازی وابوە کوردستانێکی سەر بەخۆ دامەزرێنێت و ببێت بە لایەنگری ئێران کەلەو ڕۆژانەدا نێوانی تورك و ئێران زۆر ئاڵۆز بوە لەسەرسنوور (بێگومان ئەو بیر کردنەوەی روس شتێکی بێجێ بوە، چونکە بدرخان بەر لەوەی دژی عوسمانیەکان شۆڕش بکات لە ئێرانەوە دەستی کرد بە شۆڕشەکەی)).

هەروەکو (شاخباتیان) باسی کردوە، بدرخان نیازی وابوە هەموو (وان) و (تبلیس) و (موش) و دیاربکر هەتا گۆمی (ورمیە) بخاتە ناو چوارچێوەی حکومەتەکەی کوردەوەو لە دەزگاکانی حکومەتەکەیدا پلەو پایەیەکی زۆر بەرزو گرنگی بۆ ئەرمەنیەکان تەرخان کردبوو، بە هۆی ئەوەی ئەرمەنیەکان شارەزاییەکی زۆریان هەبوە لە کاروباری بازرگانێتی و پیشەسازیدا بۆیە کاروباری ئابووریی ئەمارەتەکەی خستە ژێر چاودێریی ئەوانەوەو ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنی لەناو سوپاکەی بدرخاندا هەبوو کە زوریەیان خەڵکی گوندی (سیخ) بوون.

جلیلی لەلاپەڕە ١١٦ ی کتێبەکەیدا وتوویەتی هەرچەند دەرەبەگەکانی کورد زۆریان لە جوتیارە ئەرمەنیەکان کردوە، بەڵام ئەو زۆرلێکردنە روخسارێکی ئاینی و نەتەوەیی پێوە دیار نەبوەو لەسەر بناغەیەکی ئابووری و چینایەتی بوەو ئەو

ڕەفتارەی دەرەبەگەکانی کورد تەنها هەر لەگەڵ ئەرمەنیەکان نەکراوە بەڵکو جوتیارەکانی کوردیش وەکو ئەرمەنیەکان لەژێر بارو ئەرکێکی گرانی دەرەبەگەکاندا بون. لەگەڵ ئەوەشدا، هەروەکو (أ.یریمیان) باسی کردوە، هەرچەند ئەرمەن و کوردەکان هەمان دەردی دەرەبەگەکانی کوردیان دەچێشت، بەڵام ئەو سەرۆك و دەرەبەگە کوردانە ئەرمەنیەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەپاراست لە دەستدرێژیکردن و بێگاری کاربەدەستانی تورك و لە ساڵانی (٣٠ و ٤٠)ەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەرمەنیەکان بوبوونە مشورخۆر و یاریدەدەری ئەو دەرەبەگانەو بەبێ ترس و لەرزو ناخۆشی پێکەوە ژیابوون.

جلیلی ئاماژەی بۆ باسێکی (شاهبازیان) کردوە (بەرلەمە دوکتۆر جلیلی بەهەڵە وتوویەتی شاخباتیان - کەدوورنیە ئەوەی پێشوو هەڵەی چاپەمەنی بێ) دەربارەی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنیەکان چوونەتە لای بدرخان و لای ئەو بوون بە دەمڕاست و ڕاوێژیارو لای ئەو ئیشیانکردوە.

(شاهبازیان) و (ئەلپویاچیان) باسی (ستیپان مانوکلیان) و (ئوگانیس چالکتریان)یان کردوە کە دانیشتوی شاری (وان) بوون و ڕاوێژیاری بدرخان بون و هەندێ لەو ئەرمەنیانەی لای بدرخان بون گەزافی ئەوەیان لێدابوو پشتاوپشت نوێنەرایەتی ئەرمەنیەکانیان بۆ مابوەوە بەڵام لەلایەن تورکە عوسمانیەکانەوە لە دەسەڵاتداریتی کەوتبوون، یەکێکی وەکو (ستیپان مانوکلیان) خۆی بە بنەماڵەیەکی کۆنی ئەرمەنی زانیوەو (مامیکۆیان) لەوانەبوە باوکی کاتی خۆی ناردبووی بۆ ئەستەمبوڵ و لە قوتابخانەیەکی ئیتاڵیایدا خوێندبوی و زمانی ئیتاڵی و فەرەنسی و تورکی و چەند زمانێکی تریشی زانیوەو (میرماتو) ی خەڵکی (باشقەڵا) یەکێك بوە لەسەرکردەی هێزێکی بدرخان (لیپستئوس) ی ئەرمەنی وتارێکی لە گۆڤاری (کریستیانەکانی ڕۆژهەڵات) دا لەساڵی ١٩٠٤ دا چاپکردوە دەربارەی دۆستایەتی کوردو ئەرمەن لەوەدا وتوویەتی لە پێش ساڵی ١٨٤٨ دا (مەبەستی پێش ڕووخانی شۆڕشەکەی بدرخان) پێوەندی نێوان کورد و ئەرمەن زۆر دۆستانە بوەو بارەها ڕوویداوە ژن وژنخوازییان لەگەڵ یەکتردا کردوەو جاری واهەبوە لە کەنیسەیەکی ئەرمەنیدا لەلایەن قەشەیەکی

ئەرمەنیەوە مارە دەکران و کوردەکان بەوپەڕی ڕێزەوە سەیری پیاوە ئەرمەنیەکانیان دەکردوبگرە لە کەنیسەی ئەوانا نوێژیشیان دەکرد.

(دوکتۆر کاوس قەفتان، وەرگێڕی کتێبەکەی جلیلی لەروسیەوە بۆ کوردی لەلاپەڕە ۳۰۹دا لەسەرنجی ژمارە ٤١ دا وتویەتی: ئەو نوسەرەی جلیلی باسی کردوە زیادەڕۆیی کردوە، چونکە تەوژمی هەستی ئاینی ڕێگەی لەوەگرتوە هیچ کوردێك شتی وابکات و یەکێکی وەکو لازاریف کە شارەزای پێوەندیی کورد و ئەرمەنی بوە باسی شتی وای نەکردوەو کورد ئەگەر بیویستایە ژنێکی ئەرمەنی مارە بکا روویدەکردە مزگەوت و لای مەلایەك مارەی دەکرد و قەت رووی نەداوە کوردێك لە کەنیسەدا نوێژبکات).

(من لەو سەرنجەی دوکتۆر کاوسدا سترانێکم هاتەوە یاد بەناوی (مطرانۆ) کەلەناوچەی بادینانا باوەو دەنگ خۆشەکانیان وەکو حسن جزراوی و عارف جزراوی باسی (علی قول ئاغاسی) بەلاوك دەگێڕنەوە کە علیقۆلْ ئاغاسی (مریم) ی فەلەی هەڵگرتوە و لە ترسی کاربەدەستێکی تورك بردوویەتە (دێری نۆختمار) و لەوێ داوای لە قەشەکردوە لەسەر ئاینی عیسایی مارەیان بکا، بەڵام قەشە قایل نەبوەو پێی ووتون من شتی واناکەم بەڵکو دەنێرم مەلایەك و دووفەقێ وەکو شاهید بێنە ئێرەو لەسەر ئاینی ئیسلام مارەتان دەکەم).

هەمان نووسەر (لیپستئوس) وتوویەتی تا ئەوکاتەی میسنێرەکان نەهاتبوونە ناوچەکە وە دۆستایەتی کوردو ئەرمەنی زۆر بەهێز بوە و بەهۆی ئەوانەوە پێوەندی هەردولایان تێکچوەو تووشی زیان بوون.

ج ـ تەقەلای بدرخان بۆ یەکخستنی ئەمارەتەکانی کورد

بدرخان مرۆڤێکی زیرەك و دووربین بوەو بەووردی چۆتە بنج و بناوانی ڕووداوەکان و لەمێژووی کورد کۆڵیوەتەوەو هەموو ئاواتی ئەوە بوە میللەتی کورد لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێران و عوسمانی رزگار بکات و زۆر باش لەوە گەیشتبوو یەکێك لە هۆ سەرەکیەکانی سەرنەکەوتنی کورد ئەو لێك دابڕان و پەرەوازەییە بوە کە لەناو کوردا هەبوەو، لەوەش گەیشتبوو تەنها خۆزگەو بەئاواتی ناودڵْ و مێشك کورد ناگا بەئامانجی خۆی و بۆی دەرکەوتبوو

یەکێك لە دەردە کوشندەکانی ناوکوردەواری ئەوەبوە هیچ سەرکردەیەکی کورد بە دەسەلاتداریێتی ئەوی تریان قایل نابێ و لە پێناوی سوودی گشتیدا سەر بۆ یەکتری دانانەوێنن و زۆرجار سەرکردەیەکی کورد بۆ گەیشتنی بە مەبەستێکی تایبەتی خۆی ئەوەی لا باشتر بوە ببێت بە هاوکاری بێگانەیەك دژی سەرکردەیەکی ناو میللەتەکەی خۆی، بۆیە بیری لەوە کردبوەوە چۆن و چیبکا بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتی لە ناو مێشك و دڵی سەردارانی کورد بەهێز بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوەوە هەموویان یەکبخات و یەك بگرن و ئەو یەکگرتنەیان ببێ بەبەردی بناغەی ڕزگاربوونی کورد.

دەربارەی ئەو تەقەلایە و ئەو ئاواتە پیرۆزەی بدرخان ئەمین زەکی لەلاپەڕە ۲۲٦ی سەرچاوە ۳۲دا باسی بدرخانی کردوە چۆن هەوڵی ئەوەی دابوو پیلان و نەخشەی فرۆفێڵی تورکەکان پووچەڵ بکاتەوە کە هەمیشە هەوڵی نانەوەی ئاژاوەو ناکۆکی نێوان سەرکردەکانی کوردی ئەداو بۆ ڕێگرتن لەو تەقەلایانەی تورك بۆ ئەوە تێدەکۆشا میرەکانی کورد لێك نزیك بکاتەوە و کارێکی وابکرێ هاوکاری لەگەڵ یەکتریدا بکەن و لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششەی بدرخان میرەکانی (وان) و (موش) و (هەکاری) و (خیزان) و هەندێ لەپیاوە ئاینیەکان ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ بدرخاندا.

بلەچ شێرکوە لەلاپەڕە ٥۲ ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦۰ ناوی ئەو کوردانەی هێناوە کەلەناو ئەمارەتەکانا ئامادەیی خۆیان بۆ بدرخان دەربڕیبوو کە بریتی بون لە: مصطفی بەگ، دەروێش بەگ یەکێك بوە لە سەرکردەکانی (موش)، محمود بەگ (کەبەخان محمودیش ناسراویوەو یەکێك بوە لە سەرۆکەکانی ناوچەی وان)، نوراللە بەگی زەعیمی هەکاری، فتاح بەگ کە یەکێك بوە لە سەرۆك عەشیرەتێکی ناوچەی هەکاری، خالدبەگی سەرکردەی (خیزان)، حسێن کوڕی سەرۆکی عەشایری ناوچەی قارص و ئاجار.

بێجگە لەوناوانە، بلەچ شێرکوە باسی شێخ محمدی خەڵکی موصڵ و شێخ یوسفی خەڵکی زاخۆی کردوە کە لە زانا بەناوبانگەکانی کوردستان بون و ئەمانە بە کوردستاندا دەگەڕان بۆ ئەوەی لایەنگران بۆ بەدرخان پەیدا بکەن و میری ئەردەلانیش ئامادەیی خۆیان پیشاندابوو بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ بدرخاندا.

جلیلی جلیل لەسەرچاوەیەی ژمارە ٩٣ دا باسی چالاکی بدرخانی کردوە لە دوای تێك شکانی عوسمـانی لـە شـەڕی نێوان عوسمـانی و میصـردا (مەبەسـت محمـد پاشـای میصـرە) و ئەوشـکانەی تورکـی بەهـەل زانیبـوو بـۆ ئـەوەی سـنووری دەسەلاتی خۆی پەرە پێ بداو ئەو دڵڕەقی ودڕندەیەتیـەی حکومـەتی عوسمـانی نواندبـووی بەسـەر هـەندێ ناوچـەی کـورد لەسـالی ١٨٣٨داو هـێزیکی نـاردبوە سەریان بە ناوی (هێزی تەمێکردن) و ژمارەیەکی زۆری کورد کوژرابوو، بدرخـان توانیبـووی لـە بێزاریو دڵشـکاوی ئەوانـەی هێرشـیان کرابـوە سـەر وەریگـرێ و کردبوونی بە لایەنگری خۆیو بدرخان لای ئەوانە وەکو تاقە هیوایەك سەیر دەکرا کە ئومێدی ئەوەی لێ دەکرا لە جەورو ستەمی تورك رزگاریان بکات.

جلیلی لەلاپەرە ١٢٠ی هەمان سەچاوەدا باسی تەقەلای بدرخـانی کـردوە بـۆ نەهێشـتنی دوژمنایـەتی نێـوان سـەرکردەکانی کـوردو توانیبـوی ناکۆکیەکـەی نێوانیان لەگەلّ (نوراللە بەگ) دا چارەسەر بکاو لەگـەلّ نـوراللە بـەگدا پـەیمانێکی دووقۆڵییان بەست بۆ ئـەوەی پێکـەوە دژی حکومـەتی تـورك بجولێنـەوە، بـەلام ڕێکەوتن لەگەلّ (عبداللە خان) ی حاکمی (مکس) شتێکی ئاسان نـەبوو کـە ئـەوو شـەش براکـەی گـەلێک ناوچـەیان لەباشـوری (وان) دا لـەژێر دەسـەلاتیانا بـوو، لەگـەلّ ئەوەشـدا بدرخـان توانیبـوی رازی بکـات و پـەیمانێکی لەگـەلّ مۆرکـرد و لەگەلّ محمود خانی براشیدا ڕێك کەوت و زۆری پـێ نـەچوو سـەرۆکە کوردەکـان پەیمانێکیان مۆر کرد کەبە (پەیمانی پیرۆز) ناسرابوو هەموویان دلوای ڕاپەڕینیان کردبوو دژی حکومەتی عوسمانی. بەپێی باسـەکەی جلیلـی جلیـل ئەوانـەی ئـەو پەیمانـەیان مـۆر کردبـوو بریتـی بـوون لـە: مصطفـی بـەگ، درویـش بـەگ، خـان محمود، نوراللە بەگ، فتاح بـەگی خـیزان، شـریف بـەگ لـەموش و حسـێن بـەگی (قارسـاکور) بـەپێی بڕیـاری هـەموویان بدرخـان کـرا بـە سـەرکردەی هـــەموان و حاکمی ئەردەلانیش لایەنگرێتی و هاوکاریی خۆی دەربڕیبوو.

هـەروەکو (ئـەلبویادجان) باسـی کـردوە ئـەندامانی ئـەو پەیمانـە پـیرۆزە دەسنیشـانی ئـەوەیان کردبـوو لـە دوای سـەرکەوتن و دامـەزراندنی دەولـەتێکی کوردیی سەربەخۆ هەریەکەیان دەسەلاتیان بەسەر ع ناوچەیەکدا هەبێ و بە پێی ئەو ڕێکەوتنە ناوچەکانی (فوستان)، (کواش)، شـاتاخ، جاتـاك لـەژێر دەسـەلاتی

مەحمودخاندا بیّو (وان) لەژێر دەسەلاتی مصطفی بەگ و (جۆلەمێرگ) و هەندێ شوێنی تر لەناوچەکانی کوردستانی ئێران لە ژێر دەسەلاتی (نوراللە بەگ) دابێ کەنزیکی سنوری دەسەلاتی خۆی بوە. (لەوسەرچاوەیەدا باسی ئەوانی تر نەکراوە کە چ ناوچەیەکیان بۆ دانراوبوو).

سێهەم: تێکچوونی نێوان بدرخان و کریستیانەکان و هۆی تێکچوون و ئەنجامەکەی

وەکو بەر لەمە باسکرا، بدرخان تەقەلایەکی بیّ ووچانی دابوو بۆ بەهێزکردنی پێوەندی کورد و کریستیانەکان، بەلام میسنێرەکان و نێرراوەکانی دەولەتە کۆلۆنیالیزمەکان بەناوی گەشت بە کوردستاندا هەمیشە دژی ئەوەبوون کریستیانەکان هاوکاری بکەن لەگەلّ کوردا و دژی دەولەتی عوسمانی و کاربەدەستانی تورکیش چاویان بەرایی نەدەهێنا ئەمارەتی جزیرە و بۆتان گەشە بکات و بەهێزبیّ، بۆیە ئەوان لە میسنێرەکان خراپتر تەقەلای تێکدانی ئەو ئەمارەتەیان دەکردوو کریستیانەکانیان هاندا باجی سالانە نەدەن بە بدرخان لەگەلّ ئەوەشدا ئەو باجەی دەدرا بە کاربەدەستانی ئەمارەتی بۆتان کەمتر بوە لەو باج و سەرانە زۆرانەی حکومەتی تورك لەو کریستیانانەی دەسەند بەلام بە تەقەلای میسنێرەکان و حکومەتی تورك ئەو کریستیانانە سەرپێچیان کرد لەدانی باجی سالانە و بدرخانیش دەستی لیّ وەشاندن و بەمە کوردو ئەرمەنی و ئاسوری هەموو وەکو یەك تووشی زیانێکی گەورە بوون.

دەربارەی تێکچونی نێوان بدرخان و کریستیانەکان، سەرچاوەی ژمارە ٦٣ بەدووردرێژ لەوە دواوە کە پاش ئەوەی بدرخان کاروباری ئەمارەتەکەی رێکخستبوو وپەیمانێکی لەگەلّ سەرکردەکانی کوردا مۆرکردبوو، گەلێك تەگەرە هاتە سەر رێی سەرگرتنی ئامانجەکانی و میسنێرەکان و دیپلۆماسیەکانی ئینگلیز رۆلێکی سەرەکیان هەبوە لە تێکدانی نێوانی ئەوو گریستیانەکانا بۆ ئەوەی ئەو کریستیانانە بکەن بەکۆمەکی دەستی خۆیان و بۆ مەبەستەکانی خۆیان بەکاریان بێنن لە ناوچەکەدلو کارێکی وایان کرد کریستیانەکان لەگەلّ بدرخان تێك بچن و تورکەکانیش ئەو بارو دۆخەیان قۆستەوەو لەلایەکەوە بیّ ووچان دەرەبەگەکانی کوردیان هان ئەدا دەستدرێژی بکەنە سەر ئاسوریەکان و لەولاشەوە ئینگلیزەکان

حکومەتی عوسمانی‌یان پڕدەکرد دژی بدرخان و داوایان لێ ئەکرد سزای بدەن و ئامادەیی خۆشیان پیشاندا یارمەتی حکومەت بدەن بۆ لێدانی بدرخان و لە گێژاوی ئەمەدا دەرەبەگەکانی کورد کوشتاریان کرد لە ئاسوریەکان و قونسوڵی بریتانیا بە هاندانی (راسام ـ هەندێ سەرچاوە بە نمرود رسام ناویان بردوە) کە بەرەگەز ئاسوری بوو فشاری خستە سەر سوڵتان و تورکیش دەمێك بوو بۆ بیانوویەکی وا دەگەڕا دەس لە بدرخان بوەشێنێ و سوڵتانی عوسمانی لە پێشدا (حافظ پاشا)ی راسپارد داوا لە بدرخان و تاقمەکەی بکا دان بە دەسەڵاتی تەواوی سوڵتانا بنێن لە ناوچەکانی خۆیانا، بەڵام ئەو تەقەلایەی حافظ پاشا سەری نەگرت و حکومەمەتی عوسمانی بە شەڕێکی چەکدارانە ڕوو بەڕووی بدرخان بوەوە.

دوکتۆر عزیز شمزینی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤١ باسی ئەوەی کردوە جگە لە ئینگلیزەکان، فرنسەییەکانیش دەستیان خستە کاروباری ناوچەکەوە و یارمەتی حکومەتی عوسمانیان دا بۆ لێدانی بدرخان. دوکتۆر جلیلی جلیل لە لاپەرە ٢٢٤ ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٢١ لە هەموو نووسەرانی تر بەدوورودرێژی باسی ئەو تێکچونەی نێوان کورد و کریستیانەکانی کردوە و لێرەدا کورتەیەکی ئەو بۆچوونەی ئەو باس دەکەین:

((گرنگترین ئەڵقەی کاریگەری سیاسەتی کۆلۆنیالی سەرمایەداری رۆژئاوا بریتیی بوە لە میسنێرەکانی ئینگلیز و فەرەنسا و ئەمریکا کەبە ڕواڵەت بەناوی خزمەتی ئاینی عیساوە نێررابوون و ئەوانە لە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتدا لە ئەرمەنی و ئاسوریەکانیان باشتر نەدۆزیبوەوە تێکەڵیان بین و لە ناویانا چالاکی بکەن و لەو رۆژانەدا کۆمەڵی میسنێرەکان کلیساییەکان لە ساڵی (١٧٧٩)ەوە لە لەندەن دامەزرابوو بۆ ئەو مەبەستە و ئەمریکاییەکانیش لە ساڵی ١٨١٠ بنکەیەکی خۆیان هەبوەو بۆ یەکەم جار لە ساڵانی بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پێوەندییەکی بەهێزیان لەگەڵ ئاسوریەکانا پەیداکرد.

گۆڤاری (میسینێر گیرالد) کە پروپاگەندەکەری تاقمی ئەمریکاییەکان بوو زۆر بەچالاکی و ڕێکوپێکی هەواڵی میسینێرەکانی بڵاو دەکردەوەو (سمیث) و (دوایت) لەساڵی ١٨٣٠ دا لەلایەن مەکتەبی ئەمریکاییەکانەوە نێررابوون بۆ

ڕۆژهەلاتی نزیك بەناو ئەرمەنیاو کوردستانا گەڕابون لە یاداشتەکانیانا دەرکەوتووە کە سەرکەوتوانە لەناو ئاسوریەکانا کاروباری خۆیان بە جێ هێناوەو پڕۆپاگەندەکانی خۆیان بلاوکردۆتەوەو هەروەکو خۆیان باسیان کردوە کورد و ئاسوریەکان بە گەرمیەوە پێشوازییان کردون. هەرچەند ئاسوریە نسطوریەکان لەڕووی پەیوەندیی سیاسیەوە بەشێوەیەکی رەسمی لەژێر سایەو دەسەلاتی پادشا (مەبەست والی- یاحاکم) ی ئەرزڕۆم دابون، بەلام ئاسوریەکانی ناوچەی هەکاری و بۆتان لەژێر سایەی مارشمعونی بطریارك دا بون (سەرۆکی ئاینی) و تەنها هەر دانیان بە دەسەلاتدارێتی میری هەکاریی کوردا دەناو نوێنەری ئاسوریەکان لەوناوچانەدا بەشدار دەبوون لە ئەنجومەنی شورای میری هەکاریدا و لە بەرئەوەی ئاسوریەکان جەنگاوەرو ئازابوون، دەبوایە مارشەمعون هێزی چەکداری بۆ میری هەکاری ئامادە بکردایە. لە پێش سالانی چلەکانی سەدەی نۆزدەهەم، پێوەندیی نێوان کورد و ئاسوری لە ناوچەی هەکاریدا دۆستانە بوە هەروەکو دوو دراوسێی باش و ریك پێکەوە گوزەرانیان کردبوو، بەلام زۆری پێ نەچوو بە هۆی میسنێرەکانەوە ئەودۆستایەتیەی نێوانیان تێکچوو.

لەسالی ١٨٣٩ دا ئەو بەعسەیەی نێررابوو بۆ ناوچەکە پزیشکێکی تیابوو ناوی (گرانت)بوو، توانیبوی پێوەندی لە گەل مارشمعونیش و لەگەل (نوراللە بەگ) یشدا پەیدا کردبوو، بارەگایەکی لە گوندی (ئەشیتا) کردەوە بۆ میسینێرەکان کە گوندێکی گەورەی ئاسوریەکان بوو، بنکەکەی ئەمریکاییەکانیش پشتی گرانتیان گرت و چون بە دەنگیەوە.

دام ودەزگا گوێ پێداوەکانی ئەوروپا، بەتاییەتی بریتانیا، چاوەڕوانی ئەوە نەبوون گەشت و چوونەکەی گرانت بۆ ناوچەکە ئەو سەرکەوتنە بە دەست بهێنێت، لە راستیدا گرانت سێهەمین ئەوروپایی بوو توانیبوی بگاتە ئەو ناوچە دوورو سەختانە و دوکەسەکەی پێش ئەو یەکەمیان (تاڤیرنێر) بوە کەلەسالی ١٦٨٩ دا چۆتە ئەو ناوچانەو دووهەم (شۆلتز) بوە کە بە شێوەیەکی تراجیدی لە ناو چیاکانا کوژرابوو.

گرانت جارێکی تریش لە سالی ١٨٤٠ دا سەری لە ناوچەی هەکاری دابوەوە. ئەو بایەخ پێدان و ئاوڕدانە ئاشکرایانەی ئەوروپاییەکان لە ئاسوریەکان و گفت

وگۆی ئاشکرای گرانت لەگەڵ سلیمان بەگ و نوراللە بەگ و چالاکیی ئاسوریەکان کوردەکانی ووریا کردبووەوە و لەوە گەیشتبوون کۆمەڵگاکانی ئەوروپا بە هەموو شێوەیەك یارمەتی ئاسوری دەدەن و بەدۆستی خۆیانیان دادەنان و ئەنجامی ئەمە بەوە گەیشت پێوەندی مارشمعون و میری کورد (مەبەست بدرخانە) لاوازبێ.

نوراللە بەگ پادشای ئەرزرۆمی بە دیاری نوقوم کردبوو تا بەرامبەر بەو ئەویش دان بە دەسەلاتی بنیێ لە ناوچەکەی خۆیداو دەسەلاتی دنیایی مارشمعونیش بە سەر ئاسوریەکانا لاواز بیێو نوراللە بەگ مارشمعونی ئاگادار کردبوو پێویستە تەنها لە رووی ئاینیەوە سەرپەرشتی رەعیەتەکەی بکا و دەستکاری هیچی تر نەکا. هەرچەند لەو سەردەمەدا ناکۆکی و شەڕی لاوەکی لە هەندێ شوێنا لە نێوان کورد و ئاسوریدا دەستی پێکردبوو، بەلام گرانت هیچ هەوڵێکی نەدا بۆ نەهێشتنی ئەو ناکۆکیە و بە پێچەوانەوە لای وابوو هەتا هەراو ئاژاوە و پاشا گەردانی زۆرتر بێت ئاسوریەکان باشتر ناچار دەبن پەنا ببەنە بەر یەزدانی گەورە (خوا). لەسالی ۱۸٤۲ دا (گرانت) دوبارە گەشتێکی تری بەناو گوندەکانی ئاسوریەکانا کردووەو لەو گەڕانەیدا ئەوەندەی تر پێوەندی نێوان کورد و ئاسوری تێکدلو لاوازی کرد.

لە گفت وگۆیەکی گرانت و نوراللە بەگ و سلێمان بەگ، بە ئاشکرا گرانت پێی وتبون دەیەوێ بنکەیەکی میسنێری لەناو گوندی ئاسوریەکانا دامەزرێنێت و دیار بوو ئەو بنکەیەی لە هەکاری و ئەشتیا دروستی کردبوو لەوە نەدەچوو بۆ قوتابخانە بووبێت، بۆیە بوو بە هۆی بلاوبونەوەی دەنگ و باسێك لەناو کوردەکانا ئەوروپاییەکان کۆشکێکیان دروست کردوە بەنیازی بلاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی لە کوردستاناو مەلا موسلمانەکان ئەو هەواڵەیان قۆزتەوەو دەستیانکرد بە بزواندنی هەستی ئاینی کوێرانە لەناو خەلکا وبوو بەهۆی ئەوەی میرەکانی هەکاری و بۆتان ئالای دوژمنایەتییان بەرامبەر بە مارشمعون هەلکرد.

لەسالی ۱۸٤۲دا ئیسماعیل بەگ کە ئەبوایە ببیێ بە میری بادینان، لەوەدا بدرخان و نوراللە بەگ لایەنگری بون، لەگەڵ ئەوەشدا ئاسوریەکان بەرلەوە چەند جارێك یارمەتی ئیسماعیل بەگیان دابوو، بەلام لەمەدا مارشمعون هەلوێستی

بەرامبەر ئیسماعیل بەگ تەواو نەبوو، لەولاشەوە دیپلۆماسیە ئەوروپاییەکان و میسنێرەکان دەیان ویست هێزو دەسەلاتی حکومەتی عوسمانی لەناو کوردا چەسپاوو بەهێز بێت بۆ ئەوەی بتوانن لەرێگەی حکومەتەوە دەسەلاتی خۆیان بەئاسانتر بلاو بکەنەوەو ئەوەیان لا باشتر بوە دەسەلاتی حکومەت بەهێزتر بێت وەك لە دەسەلاتی میرەکانی کورد و ئەوروپاییەکان بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە مارشەمعونیان کرد بە لایەنگری خۆیان و لەناو ئەوانەدا (گرانت) هەوڵ وکۆششێکی زۆری دا بۆ گەیشتن بەو مەبەستە. لەو راپۆرتەی گرانت لەگەشتی یەکەمیا دەربارەی هەکاری تۆماری کردبوو ناردبووی بۆ (مەکتەبی ئەمریکاییەکان) داوای کردبوو پێویستە دەزگایەکی هۆشیار کردنەوە دامەزرێنرێ لەناوچەکەداو خستبویە مێشکی مارشمعونەوە ئەگەر حکومەت دەسدرێژی بکاتە سەر کریستیانەکان ئەوا وەکو حکومەتێك بەرپرسیار دەبێت و حسابی لەگەلا دەکرێ ، بەلام کورد چونکە حکومەتی نیە، خۆی بە بەرپرسیار نازانێت ئەگەر دەسدرێژی بکاتە سەریان.

دیاربوو مارشمعون پشتی بە دەوڵەتە ئەوروپاییەکان بەستبوو، لەونامەیەدا بۆ کونسوڵی بریتانیای ناردبوو لە بغداد داوای کردبوو دەوڵەتە ئەوروپاییەکان لە رێگەی چەکداریەوە بچنە مەیدانەوەو کونسوڵیش بەڵێنی یارمەتیدانی پێدابوو. بەلام لە هەمان کاتدا بە ئامۆژگارییەوە داوای کردبوو بە شێوەیەکی نهێنی و بێ جاڕدان و زانینی کەس ئەو نامانەی بۆ بنێرێت و لە ئەنجامی ئەمەدا والیی عوسمانیش لە موصلّ (کە دیارە ئاگاداری بارو دۆخ بوە) چاوەڕوانی ئەوەبو هەردوو دراوسێ سەرشۆڕنەکەرەکە (مەبەست کورد و ئاسوری بوە) بچن بە گژ یەکترداو هەردوکیان ناچارین بچنەوە ژێر باڵ و سایەی حکومەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تورکەکان حەزیان دەکرد کورد و ئاسوری تێك بچێ، بەلام کاربەدەستانیان لە موصلّ لەوە سلەمیبونەوەو ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو بەهێز بوونی میسنێرەکان و پەرەپێدان بەدروستکردنی بنکەکانیان دەسەلاتی خۆیانی پێ لاواز دەبوو، بۆیە میرە کوردەکانیان هاندا ئەگەر پەلاماری ئاسوریەکان بدەن کەخۆیان فرۆشتبوو بە بێگانە، ئەوا حکومەتیش حسابیان لەگەلا دەکاو رێگەی هێرش بردنیان لێ ئاگرێ بۆ سەر ئاسوریەکان.

لەسـاڵی ١٨٤٢ دا باسـی ئـەوەی پێوەندیـی کـورد و ئاسـوری تێکچـوو، مارشمعون کۆبونەوەیەکی لەگەڵ (بێجیر) ی بەعسەی ئینگلیزەکانـا کـردو بێجیر دەرفەتی لە دوور کەوتنەوەی (گرانت) وەرگرت کە لەوکاتەدا چوبوە موصل نـەك تەنها هەر هەوڵی‌دا مارشمعون لەگەڵ کوردەکانا تێك بدا بەڵکو هەوڵی ئەوەشی دا میسنێرە ئەمریکاییەکانیش لە ئاسوریەکان دوور بخرێنەوە وەکـو چۆن بەرلەمـە لەساڵی ١٨٤٠دا ساتێك (ئینفورت) چاوی بە مارشمعون کەوتبوو داوای لێ کردبوو ببێت بەلایەنگری کەنیسەی ئەنگلیکانی ئینگلیزو ئەمریکاییەکانی لای مارشمعون بەوە تاوانبار کردبوو کە لە خۆیانەوە ڕێبازێکی تازەیان بۆ کریسـتیانێتی دانـاوە (مەبەست پرۆتسـتانت بـوە) بێجیر لـە چاوپێکەوتنەکـەیدا داوای لـە مـارشمعون کردبوو پێویستە خۆی دووربخاتەوە لە مـیری بۆتـان و بـە ئاشـکرا لـەو نامەیـەدا کەبۆ (کۆمەڵی بڵاوکردنـەوەی ئینجیـل)ی نـاردبوو ووتبـوی نـوراللە بـەگی مـیری هەکاری مافی سەربەستی لە ئاسوریەکان زەوت کردوەو ئەگەر فریایـان نەکـەوین و یارمەتی کریستیانەکان نەدەین، بە چاوی خۆمان دەیان بینینەوە چـۆن دەبـن بە ژێر دەستەو ملکەچی کوردەکان.

ئەوەی شایانی باسە ئەم جم و جوڵەی بێجیر لەو ڕۆژانەدا بوە کە کورد خۆی بۆ ڕاپەڕینێك ئامادە دەکرد دژی تورکەکان و بەتەمای ئەوەش بوە لەوڕاپەڕینەدا مـارشمعون ببێـت بـە هاوکـار و یارمـەتیدەری کـورد. جلیلـی لەلاپـەڕە ٢٢٤ی کتێبەکـەیدا باسـی نـاردنی دوو نـێرراوی بدرخـانی کـردوە بـۆلای مـارشمعون بـۆ ئەوەی بکەوێتە گفت و گۆکردن لەگەڵیا دەربارەی ڕاپەڕینی کورد بەرامبەر تـورك و لەوکاتەدا (بێجـیر) لای مـارشمعون بـوەو بـەهۆی بێجـیرەوە مـارشمعون قـایل نەبوە چاوی بەو نوێنەرەی کورد بکەوێ.

لەساڵی ١٨٤٤دا ساتێك نوێنەری بدرخان بەگ چاوی بە (دوکتـۆر سمیـث) و (بارون لویس) دەکەوێ لەجۆڵەمێرگ، نوێنەرەکەی بدرخـان بـۆی باسـکردون کـە ساتێك چوەتـە لای مـارشمعون و بیجـیری لابـوە، بێجـیر زانیبـوی مەبەسـتی چوونەکەیان چی بوە بۆیە مارشمعونی هاندابوو چاوی پێی نەکەوێ و مارشمعون دڵنیا کرابوو لەلایەن بێجیرەوە کە پێویستە تەنهاهـەر پشـت بەیارمـەتی بریتانیـا ببەستێت و هیچ پێویست ناکا چاوی بە هیچ نوێنەرێکی میری بۆتان بکەوێ.

بەلام جلیلی لە سەرچاوە ۲۱دا باسی بێجیری بە جۆرێکی تر تۆمارکردوە کەلەوەی نوێنەرەکەی بدرخان ناچێت کەبۆ دوکتۆر سمیث و بارون لویسی گێڕابوەوە و لەمەدا وتویەتی:

((ساتێك نوێنەری بدرخان بۆ یەکەم جار براکەی مارشمعونی بینی پێی ووت: بۆئەوە هاتوە گفت و گۆ بکەن بۆ رێك کەوتن، چونکە خاکی هەکاری وای لێ هاتوە هی کورد و ئاسوری نەبێ بەڵکو هی ئەمەیە کە پەنجەی بۆ بێجیر درێژ کردوە. بێجیر لە کتێبەکەیدا نوسیویێتی: براکەی مارشمعون ئەم ووشەی (ئەمە) یەی بە تۆکەرەکان لێك داوەتەوە بەلام لەراستیدا مەبەستی نوێنەرکەی بدرخان (ئەوروپاییەکان - ئینگلیز) بوە نەك تورك.

بێجیر وتویەتی ساتێك نوێنەرەکەی بدرخان هاتەلای مارشمعون بەوپەڕی رێزەوە پێشوازی لێ کرد (کە لە پێشیدا وترابوو مارشمعون چاوی پێ نەکەوتبوو) بەلام بەرێیشەوە دەستی نا بە رووی نوێنەرەکەی بدرخانەوە و داخوازییەکانی پشت گوێ خست و لەوەرامدا پێی ووت: کارو پیشەی ئاینی رێگەی ئەوەی لێ دەگرێ بەکاری وا هەڵسێ)).

جلیلی ئەڵێ: دوای ئەوە مارشمعون ئالای بریتانیای لە بارەگاکەی خۆیا هەڵکرد کەبەمە ویستیی لە کوردەکان بگەیەنێت بریتانیا پشت و یارمەتیدەرێتیی و ئەگەر کورد خراپەی لەگەلا بکەن ئەبێ حساب بۆ ئەوە بکەن کە ڕوو بەڕوی ئەوروپاییەکانیش دەبنەوە.

بەوجۆرە پێوەندی کورد و ئاسوری تێکچوو کورد خۆی پێ نەگیراو پەلاماری ئاسوریەکانیدا.

پاش گەڕانەوەی (بێجیر)ی ئینگلیز بەچەند مانگێك (گرانت) ی ئەمریکی سەری لە ئاسوریەکان داو کە گەڕایەوە چەگدارەکانی بدرخان و نوراللە بەگی بینی کە خۆیان ئامادەکردبوو بۆ لێدانی ئاسوریەکان و گرانت داوای لە نوراللە بەگ کردبوو ئاگاداری ماڵ و موڵکی میسنێرەکان و ئەو کەسانە بێ کە بەناچاری ڕووی تێدەکەن و پەنائەبەنە بەر ئەو.

بێگومان گرانتیش هەروەکو بێجیر دەستی هەبوە لە ئاڵۆزکردنی نێوان کورد و ئاسوریەکان، بەلام کە کار گەیشتە تەقینەوە ئیتر گێڕی خۆی گۆڕی و وتی

کاری ئەو نیە کە خۆی تووشی ئەو کێشەیە بکا بۆیە دوورە پەرێز دەوەستیٚ.
ئیتر دوای تەواوبوونی گەشتەکەی گرانت کە بۆماوەی دەرۆژ لای نوراللە بەگ مابوەوە، کوردەکان پەلاماری ئاسوریەکانیان داو پەریشانیان کردن و لە ئەنجاما ئاسوریەکان زیانێکی زۆریان لیٚ کەوتوو گەلێك گوندیان سووتێنران و تووشی تالانی بوون و پاش ئەو هەموو خوێن رشتنە خۆڕاییە، هەموو یارمەتی دانێکی ئینگلیز بۆ ئاسوریەکان بریتی بوە لە ناردنی هەندیٚ پارە بۆ لێقەوماوەکانیان.
جلیلی ئەڵیٚ: لەگەڵ رووداني ئەویەسەرهاتە ناخۆشەی بەسەر ئاسوریەکان هات، کوردە ساکارەکان هەستی بەزەییان بۆ ئاسوریەکان جووڵا بەڵام پاش ئەوەی مارشمعون بە شەرەشەق توانیبوی خۆی دەرباز بکات و بگاتە ورمیە بە بیٚ ئەوەی ئەوانەی هانیان دابوو هیچ لایەکی لیٚ بکەنەوە.
جلیلی لەباسەکەیدا باسی کتێبی (جۆزیف) ی کردوە کە پەنجەی بۆ میسنێرەکانی ئینگلیز و ئەمریکاییەکان درێژ کردوە و بەوە تاوانباری کردون ئەوان بون بوبونە هۆی نانەوەی ئەو شەرە خۆڕاییە، بەڵام لای گرانت وابوە هۆی سەرەکی رووداني ئەوکارەساتە بەهۆی میسنێرەکانی ئەمریکاوە بوە. جلیلی ئەڵیٚ: لەورۆژانەدا هێشتا خوێنی ئاسوریەکان ووشك نەبوبوەوە گرانت گەشتێکی کرد بۆ ناو کوردە یزیدیەکان، هەرچەند مردنی گرانت مۆڵەتی تەواوکردنی ئەو گەشتەی نەدا.
جلیلی لەلاپەرە ٢٣٩ دا لەهەڵسەنگاندنی ئەو پەلامار دانەی بدرخان بۆ سەر ئاسوریەکان، لای وایە تورکیا بەشێوەیەکی گشتی و کۆمەڵگاکانی ئەوروپا بەشێوەیەکی تایبەتی وای بۆ چووبون کە بدرخان زیانێکی گەورەی گەیاندبوو بە ئامانج و مەبەستەکانی و ئەم کارەساتە بوو بەهۆی ئەوەی ئەوروپاییەکان زۆرتر لووتیان ژەندە ناوچەکەو ئاگری دوبەرەکی‌یان پتر خۆشکرد لە نێوان کورد و ئاسوریەکاندا.
جلیلی لەلاپەرە ٢٤٠ دا ئاماژەی بۆ باسێکی (یا. لوما) کردوە دەربارەی ئەو رووداوانەو وتوویەتی: پاش ئەوەی چەند جارێك ئاسوریەکان پەنایان بردبوە بەر ئینگلیزی باوەڕپێکراویان و هیچیش سوودی نەبوو، ئەوسا ئاسوریەکان دەستیان لە ئینگلیزەکان شتو و روویانکردە رووسەکان.

چوارەم ـ ڕووبەڕوو بونەوەی بدرخان و حکومەتی تورکیا

پاش ئەو لێدانەی ئاسوریەکان لەلایەن بدرخانەوە بالیۆزی دەوڵەتە ئەورپاییەکان لە ئەستەمبولْ فشارێکی زۆریان خستە سەر سوڵتان و کاربەدەستانی تورك بۆ ئەوەی سزای بدرخان بدەن و حکومەتی عوسمانییان والێکرد ڕوویەڕووی بدرخان بێتەوە کە دەمێك بوو بۆ دەرفەتێکی وا دەگەڕا کە ئەورپاییەکان بەوە قایل بن و یارمەتیشی بدەن.

دەربارەی ڕوو بەڕووبونەوەی تورکەکان و بدرخان، ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارە ١٣ ی ڕۆژی ٢٠ یمارتی ١٣١٥ یکۆچی ـــ لاپەڕە ٣ کەلەشاری جنیف دەرچوە، بە پێنووسی عبدالرحمن بدرخان باسێکی دەربارەی هۆی ڕوو بەڕووبونەوەی بدرخان و حکومەتی تورك بلاوکردۆتەوە بە دوورودرێژ کە کورتەکەی ئەلێ: ((سوڵتان عبدالمجید لەشەڕێکدا داوای لەبدرخان کردبوو یارمەتی بدلو ئەویش داخوازیەکەی قبولْ کردو ساتێك لە بەشداربوونی ئەو شەڕەدا گەڕایەوە بۆی دەرکەوت خەلکەکە لە ژێر جەورو ستەمی کاربەدەستانی تورك دەیان نالان و باج و سەرانەیەکی زۆریان لێ دەسەندن، لەبەرئەوە بدرخان خۆی کۆکردەوەو دانیشتوانی کوردی لەناوچەکەی خۆیا لە جەورو ستەمی تورك ڕزگار کرد و کارگوزاری و دادپەروەریی بدرخان کارێکی وای کردبوو خەلك ڕێزێکی تەواوی بدرخان بگرن و حکومەتی عوسمانیش هەرچەند ئەو توانایەی جارانی نەمابوو بە ئارەزوی خۆی باج و سەرانە بسێنێت و ڕاووڕووت بکەن، لەبەر ئەوە دەستیانکرد بە بیانووگرتن بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکدا لە بدرخان بدەن.

والیی موصل کە (ئەسعەدپاشا)بوو لەگەلْ چەند والییەکی تری تورك نامەیان ناردبوو بۆ سوڵتان عبدالمجید کەوا هەموو کوردستان کەوتۆتە دەس بدرخان و (عوسمان پاشا) ی والی حلب هێزێکی گەورەی ناردە سەر دیاریکرکە بریتی بوو لە (٣) هەزار سەرباز و (٤٠) تۆپ و پەلاماری جزیرەیان دا.

حکومەتی ئەستەمبولْ (مەلا ئەفەندی) نارد بۆ ئەوەی شەڕەکە بوەستێنێ، بەلام عوسمان پاشا ملا ئەفەندی گرت و ناردیەوە بۆ ئەستەمبولْ و نامەیەکیشی نارد بۆ سوڵتان و ئاگاداری کرد مەلا ئەفەندی کابرایەکی سەریە بدرخانەو هەر کە

مەلا ئەفەندی گەیشتە ئەستەمبوڵ بۆ لێکۆڵینەوە گیرا و ئاوارەکرا بەتاوانی ئەوەی لەژێرەوە لایەنگری بدرخان بوە.

لەئەنجاما گەلێك شەڕی گەورە لە نێوانی بدرخان و هێزەکەی عوسمان پاشادا ڕوویداو دوای شەڕێکی قورس و سەخت بدرخان بەرامبەر بەو هێزە پڕچەکەی عوسمان پاشا خۆی پێ نەگیرلو ناچاربوو لە قەڵای (ئورخ) خۆی قایم رد، بەڵام سوودی نەبوو چونکە تۆپەکانی عوسمان پاشا لێی کەوتە کارو قەڵاکەی وێرانکرد و هێزەکەی بدرخان شکاو گیراو ئاوارەکرا بۆ دوورگەی (کریت) و لە پاش یازدەساڵ سوڵتان عبدالعزیز داوای لە بدرخان کرد بێتە ئەستەمبوڵ، بەڵام بدرخان ئەوەی پەسەند نەکرد و داوای کرد ڕێگەی پێ بدرێ بچێتە شام لەوێ کۆچی دوایی کرد)).

دەربارەی ئەو (مەلا ئەفەندی‌یە) ی لەڕۆژنامەی کوردستانا باسی کردوە، مەلا محمودی بایزید بوە کە بەر لەمە لەڕیزی زانایانی کوردا باسیکی تایبەتیمان بۆ تەرخان کردبوو، لە سەرچاوەکانی داهاتووشدا باسی مەلا محمودی بایزیدی کراوە وەکو نوێنەرێکی حکومەتی عوسمانی بۆ لای بدرخان.

دەربارەی چۆنیتی ڕووبەڕوو بوونەوەی بدرخان و حکومەتی عوسمانی، جگەلەو باسەی ناو روژنامەی کوردستان، دوکتۆر جلیلی لەلاپەڕە ١٧٢ی سەرچاوە ٩٢دا بەدورو درێژ باسی ڕوو بەڕوو بوونەوەی بدرخان و حکومەتی تورکی کردوە هەتا کاتی شکاندنی و ئاوارەکردنی کە کورتیەکەی بریتیە لە:

((لەگێژاوی ئەو بەسەرهاتەی نێوان کورد و ئاسوری، حکومەتەکانی ئەوروپا فشارێکی زۆریان خستە سەر بابی عالی و حکومەتی تورکیش خۆی ئامادە کرد و داوای لە حافظ پاشا کرد پێوەندی بە بدرخانەوە بکا بۆ ئەوەی دان بە دەسەڵاتی حکومەتا بنێت و حافظ پاشا چوو بۆ ئەرزڕۆم و کردی بە بنکەی خۆی و لەپێشدا چوەلای محمودی بایزیدی زانای کوردی بەناوبانگ بۆ ئەوەی بکەوێتە بەینەوەو بە خۆشی و بە گفتوگۆ کێشەکە چارەسەر بکرێ.

لەو ڕوەوە (ژابا) ی قونسوڵی روس لە ئەرزڕۆم باسی مەلا محمودی بایزیدی کردوە ئەو ئەرکەی پێی سپێررا بوو زۆر بەباشی بەجێی هێنابوو، مشیر حافظ پاشا زۆر لێی ڕازی بوو. پاش ماوەیەك کامل بەگی حاکمی ئەرزڕۆمیش محمودی

بایزیدی ناردبوو بۆ لای نورالله بەگی هەکاری بۆ گفتوگۆکردن وەکو لەگەڵ بدرخاندا کرابوو، هەروەکو (ژابا) باسی کردوە کامل بەگیش لە گفت و گۆکەی نێوان بایزیدی و نورالله بەگ ئاگادار بوە.

ساتێك تورکەکان (خان محمود)یان دەعوەت کرد بۆ ئەرزڕۆم، خانی محمود تەنها کوردی ئەزانی بۆیە مەلا محمودی بایزید کرا بە ترجمان و پاش ئەوەی پێشوازییەکی گەرم لەخان محمود کرابوو، کە گەڕایەوە بۆ (هەوایس) کە دەکیلۆمەتر دورە لە (وان)ەوە یەکسەر دەستی کرد بەجم وجۆڵ و ڕاپەڕین و کاریەدەستەکانی تورکی لە ناوچەکەی خۆی دەرکرد. کامل بەگ کەحاکمی ئەرزڕۆم بوو مەلا محمودی بایزیدی بەوە تاوانبار کردبوو خان محمودی هان دابوو دەس بکا بە ڕاپەڕین و کامل بەگ مەلا محمودی بایزیدی خستە زیندانەوە لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی بۆ دەوڵەتی عوسمانی کردبوو.

مێژووناسی تورکی شارەزا (لوطفی) لەلاپەڕە ٥٤٥ ی کتێبەکەیدا باسی ئەوەی کردوە کە (عوسمان پاشا) کەبە (عوسمان تۆپاڵ - عوسمانەشەل) ناسراویوە (لەڕۆژنامەی کوردستانا وەکو بەر لەمە باسمان کرد وتبووی والی حلب بوە) کرا بە سەرکردەی هێزەکانی تورك لەئەنادۆڵ، ئیتر لە مانگی مارتی (١٨٤٧) وە ڕۆژنامە تورکیەکان دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی باسی هێرشی داهاتووی حکومەت بۆسەر کورد. ڕۆژنامەی (ئەرشا شالویسی ئاراراتیان)ی ئەرمەنی باسی ئەوەی کردوە هێزەکانی حکومەتی تورك بەوهەموو ترسناکیەی خۆیانەوە نەیانتوانیبوو هێزە درەکەی بەگ (مەبەست بدرخان بەگ بوە) کپ بکەن، لەبەر ئەوە حکومەت هێزێکی زۆر گەورەی بە سەرکردایەتی (عوسمان پاشا) و (سەید عمر) ناردەسەر کوردەکان و هێرشیان بردە سەریان و خیرالدین پاشای حاکمی دیار بکریش خۆی ئامادەکردبوو بۆ شەڕ کردن ئەگەر پێویستی بە هێزەکەی ئەویش هەبوایە.

هەروەکو عوسمان پاشای تۆپاڵ گەیشتە ئەرزڕۆم دەسبەجێ دەسیکرد بە گرتنی سەرباز بەزۆرەملێ و لە ناوەڕاستی مانگی ئایاری ١٨٤٧دا خۆی ئامادەکرد و لەسەرەتای حزیراندا لەپێشدا ڕوویکردە عبدالله خان لەناوچەی

(موکس ـ مگس)، عبدالله خانی گرت و بە خۆی و خاوخێزانیەوە ئاوارەی کرد بۆ دورگەی (ڕۆدس) و پاش ئەوە (مستەفا بەگ)یش خۆی دابەدەستەوە.

هێزەکانی عوسمان پاشا لەسێ قۆڵەوە پەلاماری هێزەکانی بدرخان بەگیدا، لە قۆڵی راستەوە بەسەرکردایەتی (عمر پاشا) و قۆڵی چەپ بەسەرکردایەتی (سەبری پاشا)ی سەرۆکی ئەرکانی ئەنادۆڵ و عوسمان پاشا خۆشی لە نێوان ئەو دوو قۆڵەوە پەلاماری هێزەکەی بدرخانیدا و هێزێکی تری حکومەت لە خریوط و دیاربکرو ئەرزڕۆم و بەغداد و موصڵەوە نێرران بۆ هێزەکانی عوسمان پاشا.

هێزەکانی حکومەت (٢٥) هەزار سەربازبوون و هی کوردەکان لە نیوان ١٥ـ١٧ هەزار چەکدارابون (بەڵام سریا بدرخان لەلاپەرە ٢٩ ی سەرچاوە ٧٩دا وتویەتی هێزەکانی حکومەت (٦٠هەزار) چەکدار بووەو ساتێك لەسەرەتادا هێزەکەی تورك شکێنرا و حکومەت ناچار بوو سەد هەزار چەکداری تری نارد بۆ یارمەتی و ئەویش شکا بەڵام یزدان شێری برازای لێی هەڵگەرایەوەو خیانەتی لێ کرد ـ وەکو لە شوێنی خۆیدا باسی ئەو خیانەتەی دەکەین). جلیلی لە باسەکەیدا سەرچاوە ٩٣، لەسەری ئەڕواو ئەڵێ:

((هێزی تورك لەباکورەوە هێرشی برد بۆ سەر باشورو بەشێکی ڕوویکردە (وان، موکس، هەکاری) بۆ ئەوەی رێگەی گەیشتنی یارمەتی بگرێ بۆ بدرخان لەلایەن نوراللە بەگ و خان محمودەوە لەسەرەتادا تورکەکان شکان بەڵام خیانەتەکەی یزدان شێری برازای بدرخان کارێکی وایکرد بدرخان ناچاربێ بەخۆیو (٥ تا ٦) هەزار چەکدارێکەوە ڕوویکاتە قەڵای (ئوروخ) و عوسمان پاشای تۆپباڵی ماوەیەك دەوری قەڵاکەی داو تۆپ بارانی کردو لە ئەنجامدا بدرخان دەستی کرد بە گفت وگۆکردن و پاش ئەوەی هیوای سەرکەوتنی نەمابوو لە ڕۆژی ٢٠ ی تەموزی ١٨٤٧ دا پاش ئەوەی بەڵێنیان پێدابوو ژیانی خۆی و ئەوانەی لەگەڵیابوون دەپارێزن، دەرگای قەڵاکەی کردەوە و خۆی دابەدەستەوە و هێزەکەی عوسمان پاشا دەستی کرد بەتاڵان کردن و گەلێك گوندی ناوچەی (بۆتان) کاول کران و حکومەت دەستی گرت بەسەر هەموو موڵك و سامانی بدرخاندلو هەموویان فرۆشران و بۆنمونە گوندی (دیرگول) فرۆشرا بە (١٥هەزار قروش).

سەرکەوتنی حکومەت بەسەر بدرخاندا بوو بەمایەی خۆشی و شادی لە ئەستەمبوڵداو بدرخان خۆی و خێزانەکەی لەژێر هێزێکی حکومەتدا نێررا بۆ ئەستەمبوڵ و رشیدبەگی قائمقامی دیاربکرو عبدالقادر بەگ هەردووکیان لەگەڵیا چون بۆ ئەستەمبوڵ و رۆژی ١٩٤٧/٩/٢٩ گەیشتنە ئەستەمبوڵ و لەوێوە بدرخان خۆی و خێزانەکەی ئاوارە کران بۆ دوورگەی (کریت)و لەوێ ماوەیەك مایەوە و لە دوایدا لەساڵی ١٨٦٨دا لەشام کۆچی دوایی کرد))؛

رۆژنامەی کوردستان لەو ژمارەیەی بەر لەمە باسمان کرد ژمارە ١٣، وتوویەتی دوای ئەوەی بدرخان ماوەی پازدە ساڵ لەکریت مایەوەو لەو ماوەیەدا خزمەتێکی زۆری کریستیانەکانی ئەو دوورگەیەی کردبوو ژیانی نەندیانی پزگار کردبوو هەتا لە زەمانی سوڵتان عبدالعزیزدا داوای کرد رێگەی بدەنێ بچێت بۆ شام و لەوێ کۆچی دوایی کردوە،

من لەساڵی ١٩٩٦دا لەشام چوومە زیارەتی مەزارەکەی لەلاپاڵی چیای (قاسیوندا کە خۆی و جلادتی کوری شەمین عالی بدرخان نێژرابون و بە پێی قسەی ئەوانەی لەگەڵما هاتن شوێنی بدرخان و جلادت هەر لەم شوێنەدایە)،

دەربارەی سەرکەوتنی تورك بەسەر بدرخاندا، دوکتۆر عزیز شمزینی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤١ باسی ئەوەی کردوە چۆن هێزەکانی تورك بۆ ماوەی هەشت مانگ ئابلۆقەی قەڵای (ئورخ) یان دابوو، بدرخان و چەکدارەکانی لەوماوە دوورو درێژەدا توانیبویان بەرگەی تورکەکان بگرن بەڵام لەبەر نەمانی ئازوقە و تەقەمەنی ناچار بوو دەستبکا بە گفت و گۆکردن و خۆی دابەدەستەوەو.

حکومەتی تورك بایەخێکی زۆری دابوو بەوسەرکەوتنەو لە خۆشی و شادیی ئەوە مدالیایەکی تایبەتی دروستکردبوو بەناوی (میدالیای کوردستان) و رووبەکی مدالیاکە وێنەی ئوروخی لەسەر بوەو دیوەکەی تریش لەسەرەی نوسرابوو ساڵی ١٨٤٧، ساڵی سەرکەوتنی حکومەتی تورك بەسەر بدرخاندا.



گۆڕی بەدرخان بەگ و جلادتی کوڕی ئەمین عالی بدرخان لە کێوی (**قاسیون**)

پێنجەم: هۆی سەرنەکەوتنی بدرخان و هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکەی

لەگەڵ ئەوەشدا بدرخان مرۆڤێکی لێ هاتوو دووربین بووەو بەرلەوەی دەست بکا بە شۆڕش و ڕاپەڕینەکەی هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دابوو بۆ ئەوەی لەگەڵ سەرۆکە کوردەکاندا دۆستایەتی و پێوەندییەکی بەهێز پێک بێنێت و بۆ ئەو مەبەستە توانیبوی (پەیمانی پیرۆز) یان لەگەڵدا مۆر بکا بۆ ئەوەی هەموویان بین بەیەك و پێکەوە هاوکاری بکەن بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی کە بریتی بوە لە دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ، هەروەها تەقەلایەکی زۆریشی دابوو بۆ ئەوەی کریستیانەکانی ناوچەکەی خۆی و دەوروبەری ئەمارەتەکەی بکا بە دۆستی خۆی و پێکەوە ڕوو بەڕووی جەوروستەمی تورکەکان ببنەوە، بەڵام بەدڵخەوە وەکو لە باسی پێشوودا دێتە بەرچاو بە هۆی میسنێرەکان و دبلۆماسیەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواوە تەقەلایەکانی بێ سوود بوەو لە ئەنجامدا شۆڕشەکەی تێك شکاو خۆشی ئاوارەو دەربەدەرکرا. بەکورتی دەتوانین هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی بدرخان بکەین بە دوو بەشەوە:

هۆی یەکەم: هۆی خۆمانە

لەگەڵ ئەوەشدا بەدرخان بەرلەوەی شۆڕشەکەی دەست پێ بکا بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی نەخشەیەکی کێشابوو بەڵام بەداخەوە بناغەی نەخشەکەی پتەوو بەهێز نەبوەو لە چوارچێوەی شێوەیەکی عەشایەری و هەرەمەیی تێپەڕی نەکردوە و لەو هەموو سەرچاوانەی باسی بدرخان و شۆڕشەکەیان کردوە لە هیچیانا ئەوە بەرچاو ناکەوێ دەزگایەکی ڕێك وپێکی دامەزراندبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارە گرنگەکان وەکو بوونی دەزگایەکی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆو دەزگایەکی سوپایی لەچەند ئەفسەرێکی شارەزا بە سوپاکە بێگومان کورد هەرچۆنێك بووبێ لەناو سوپای عوسمانیدا چەند ئەفسەرێکی هەبوەو نەتوانراوە دەزگایەکی سوپایی یەکگرتوو بۆ هەموو ناوچەکان و ئەو ئەمارەتانەی پەیمانی پیرۆزیان مۆر کردبوو دامەزرێنێت و کە شۆڕشی دەستی پێ کردوە هێزە چەکدارەکانی بدرخان بە شێوەیەکی هەرەمەیی بێنەخشە ڕوو بەڕووی سوپایەکی مەشق پێکراوو چەکداری حکومەت بوونەوەو هەر سەرۆك عەشیرەتە لەناو خۆیاو بە شێوەیەکی لێك پچڕاو لە

هێزەکانی تری کورد بەرەنگاری سوپای تورك بوونەتەوەو بەشدار بوونی ئەو سەرۆکانەی تر لە شۆڕشەکەی بدرخاندا لە چوارچێوەیەکی تەسکی عەشایریدا بوە و هەرلەسەرەتاوە و لەوکۆبونەوەیەی پەیمانی پیرۆزی تیادا مۆرکرابوو هەر سەرۆك عەشیرەتەی داوای بەشی خۆی کردبوو، کردبووی بە مەرج کە لەدوای سەرکەوتن ئەو شوێنەی داوای کردبوو بیدرێتێ و لەژێر دەسەلاتی خۆیدا بێ، کە ئەمە مانای ئەوەیە هەر لەسەرەتاوە هیچیان ئیمان و بروایان بەبوونی حکومەتێکی یەکگرتوو نەبوەو دوورنیە هەندێکیشیان هەر بۆ حساب راستکردنەوە چوبنە ناو پەیمانی پیرۆزەوە و بەوجۆرە نەبوونی دەزگایەکی رێك پێك و دابەشبوونی ئەرکەکانی شۆرش بەسەر چەند لێپرسراوێکدا کارێکی وای کردبوو بە خۆبەدەستەوەدانی سەرکردەی شۆڕشەکە هەرەسی هێناوەو لەناوچوە.

بێگومان ئەو خیانەتە گەورەیەی یزدان شێر لەگەڵ بدرخانی مامیا کردبووی هۆی سەرەکی بوە بۆ ڕوخانی شۆڕشەکەی بدرخان و بەوەش وازی نەهێنابوو لە شۆڕشەکەی بدرخانا چوبوە پاڵ هێزی داگیرکەرەوەبەڵکو لە ئابڵوقەدانی قەڵای (ئورورخ) یش دا هاوکاری هێزی حکومەت بوە.

دەربارەی هۆی ئەو تێکچوونەی بدرخان و یزدان شێری برازای، صادقی شرفکندی لەلاپەڕە ٣٢ی سەرچاوە ٧١دا وتوویەتی ناکۆکی و کۆنەقینێك هەبوە کە بوە بەهۆی ئەوەی لەوکاتە ناسکەدا یزدان شێر بیری لەوە کردۆتەوە تۆڵەی باوکی لە بدرخانی مامی بکاتەوە، گوایا ساتی خۆی سیف الدین باوکی یزدان شێر کە برای بدرخان بوە ئەو لەپێشتر بوە کە بکرێ بە ئەمیری جزیرو بۆتان بەلام بدرخان ئەوەی لێ زەوت کردوەو یزدان شێر ئەو رقەی لەدڵدا بووە.

لەڕاستیدا رەنگە تاڕادەیەك یزدان شێر ئەوەی گرتبێتە دڵ کە باوکی میرایەتی جزیرە و بۆتانی بەهۆی بدرخانی مامیەوە لەکیس چوو بوو، بەلام بڕوا ناکەم ئەوە تاکە هۆیەکی ئەو خیانەتەی بووبێ چونکە لەلایەکەوە ئەگەر بدرخان بیزانیایە یزدان شێری برازای خۆی بەدوژمنی ئەو زانیوە و لەوشۆڕشەدا نەیدەکرد بە سەرکردەی یەکێك لە هێزەکانی خۆی کە یەزدان خۆیو ئەو هێزەی لە بدرخان هەڵگەڕابوەوە بەڵکو هۆیەکی گرنگتر هەبوە کە یزدان شێری لە خشتە

بردبوو ئەویش ئەوەیە لام وایە یزدان شێر لەکاتی شەڕەکەدا هەستی بە لاوازیی هێزەکەی مامی کردبێ و لای وابووبێ شەڕەکەی دۆڕاندوە و لەدڵی خۆیا وتوویەتی کە ئەو ڕۆژ با تورکەکان باوەڕ بە من بکەن و لەجیاتی مامم ببم بە حاکم و میری بۆتان کە ئەبوایە باوکم خاوەنی ئەو پلەو پایە بوایە، بێگومان هەلپەرستی و کورت بینی یزدان شێر لەلایەك وتەقەلای تورکەکانیش بۆ فریودانی کە لەشۆڕش جیابێتەوە هۆیەکی کاریگەر بوە.

هۆی دووەم: هۆی بێگانە

لەگەڵ ئەوەشدا هۆی خۆمانەو لێك نەدانەوەی ئەنجامەکانی ئەو شەڕەی بدرخان دژی تورکی عوسمانی کردبووی و نەبوونی ئەو مەرجە سەرەکیانەی پێویستە هەبن بۆ بەرپاکردنی شۆڕش لەو ڕۆژانەدا بدرخان نەیتوانیبوو بە باشی وەدەستیان بێنێت، هۆی سەرەکی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکە بوە، هۆی بێگانەش هۆیەکی بەهێز بوە بۆ لەناوبردنی شۆڕشەکەو بدرخان بۆی دەرکەوتبوو دەوڵەتەکانی ئەوروپا بە ئاشکرا بوبوون بە لایەنگری کریستیانەکان و هەر ئەوانیش بوون هانی ئاسوریەکانیان دابوو، بەتایبەتی ئینگلیزەکان و میسنێرەکانی سەریەوان کە باج نەدەن بە بدرخان بۆ ئەوەی باری ئابووریی ئەمارەتەکەی لاواز بێ و نەبێ بە هێزێکی دەسەلاتداری ئەوتۆ زیانی هەبێ بۆ کریستیانەکانی ناوچەکە کە دەوڵەتە ئیمپریالیەکانی ناوچەکە نەخشەی ئەوەیان کێشابوو بیانکەن بە کوتی دەستی خۆیان بۆ سەپاندنی مەرجەکانی خۆیان بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا، لەبەر ئەوە بدرخان ئەبوایە بە هیچ جۆرێك لە ئاسوریەکانی نەدایەو بەرلەوەی بچێت بەگژ حکومەتدا دەبوایە دەم و دووی ئەو دەوڵەتانەی تاقی بکردایەتەوە کەلام وایە بۆشی دەرکەوتبوو هیچیان لایەنگری ئەوە نەبون حکومەتی تورك لاواز بێت بەتایبەتی بەرامبەر بەڕوسیای قیصری کە چاوی بڕیبوە بەشێك لە خاکی عوسمانی و ترسی ئەوەیان هەبوە ئەگەر کورد ببێت بە هێزێکی کاریگەر هیچ دوورنەبوە ببێت بەدۆست و لایەنگری ڕوس کە ئەمە لە سوودو بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەدا نەبوە.

بەوجۆرە دوای لێدانی ئاسوریەکان دەوڵەتەکانی ئەوروپا فشارێکی زۆریان خستە سەر سوڵتانی عوسمانی بۆ لێدانی بدرخان و نەهێشتنی دەسەلاتی و

تورکەکانیش چاوەڕوانی هەل و دەرفەتێکی لەباری وابوون ئەمارەتە ڕێکو پێکەکەی جزیرەو بۆتان لەناوببەن کە توانی‌یان لەناوی ببەن

شۆڕش و ڕاپەڕینی ......

هەڵوێست و ڕووداوەکانی دوای شۆڕشەکەی بدرخان پاشا

تورکەکان لە دوای لەناوبردنی شۆڕشەکەی بدرخان توانیویان بۆماوەیەکی کاتی دەست بەسەر هەڵوێستا بگرن و لەهەموو بەشەکانی کوردستانانا زەبرو زەنگیان دەنواند بۆ ئەوەی کورد توانای نەبێ لە هیچ بەشێکی کوردستانی ژێر دەسەلاتیا جوولەی لێوە بێ و هەروەکو پرۆفیسۆر خالفین لەلاپەڕە ٥٧ ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ١٠٢دا باسی کردوە تورکەکان بڕیارێکیان دەرکرد دەس بەسەر موڵك و سامانی ئەو کەسانەدا بگرێ کە بەلایەنگری خۆیانیان نەدەزانی و بێبەشیان کردن لە میراتی باوو باپیریان، بەلام ئەوتەقەلایەی حکومەت نەیتوانی‌هەموو شتێك بە کامی دڵی خۆی بێنێتە دی وزۆری پێ نەچوو جم و جوڵ دژی حکومەت دوبارە لە هەندێ شوێندا دەستی پێکردوە.

دەربارەی باروبۆخی ئەو ڕۆژانەو ئەو جم وجۆلانەی دژی حکومەت دەستی پێکردبوەوە، دوکتۆر جلیلی جلیل لە دوو سەرچاوەدا بە دوورودرێژ باسی کردوە لێرەدا کورتەیەکی ئەو دوو سەرچاوانە دەخەینە پێش چاو:

لەلاپەڕە ١٣٥ی سەرچاوەی یەکەمیان، سەرچاوە ٩٣ جلیلی باسی هێزەکانی تورکی کردوە چۆن لە دوای لەناوبردنی شۆڕشەکەی بدرخان هێزەکانیان بەرەو باکوور نارد و لە١٥/٨/ ١٨٤٧ دا چوونە ناوشاری (سێرت = سعرت)ـەوە و (باروناك فیروخان)یـەکێك بوە لەوانەی لەو ڕۆژانەدا لەناو بنکەیەکی سوپایی تورکدا بوە (دیارە کرێگرتە بوە) لەلاپەڕە ١٤٠ی کتێبەکەیدا باسی ڕەفتارو هەڵوێستی عوسمان پاشای سەرکردەی هێزەکانی تورکی بەم جۆرە کردوە:

((من و ئەفسەرەکانی سوپای تورك لە شاری (سێرت) لە خانوویەکی تایبەتیدا بوین و سەربازەکان لەناو چادردا بوەن و کە گەیشتینە ئەو شارە، عوسمان پاشا دەستبەجێ حەوت کەسی لە پیاوە ناودارو ناسراوەکانی شارەکەی

گرت و کەلەپچەی کردن و خستنە زیندانەوە و هیچ گوێی نەدایە هاوارو پارانەوەی ژن و منداڵەکانیان. عوسمان پاشا بریاری دا ئەوگیراوانە بە کەلەپچەکراوی لەگەڵ خۆیا بباو لە ئەنجامی ئەمەدا گەلێك سەرۆك عەشیرەت پەنایان بردەبەر خاکی ئێران و داوایان لە حکومەتی ئێران کرد وەکو ئاوارەیەك رێگەیان پێ بدرێ لەناو خاکی ئێرانا بن ئەگەر هات و حکومەتی تورك پەلاماری دان.

ئێرانیەکان بەوانەیان ووت ئەگەر ئێوە بەرەنگاری سوپای تورك ببن و لەشەڕدا بشکێن ئەوسا رووبکەنە لای ئێمە ئەوا ئەوسا ئێمەش شەڕتان لەگەڵا دەکەین و ناچارتان دەکەین خۆتان بدەن بە دەستی حکومەتی عوسمانیەوە بەلام ئەگەر بەبێ شەڕ ناوچەی جزیرە بەجێ بێڵن و بێنە ناو خاکی ئێرانەوە ئەوسا قبوڵتان دەکەین. لە ئەنجامی ئەو وەرامەی حکومەتی ئێرانا کێشە لەناو هەندێ لە کوردەکان پەیدا بوو دەستەیەکیان بەوە قایل بوون بێ شەڕو هەرا رووبکەنە ئێران و تاقمێکی تریان ئەوەیان بەترسنۆکی و بێ شەرم و شوورەیی داناو لە راستیشدا ئیرانیەکان حەزیان بەوەش نەدەکرد لەسەر ئەو کوردانە لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا خۆیان تووشی گێچەڵ بکەن)).

جلیلی لەباسەکەیدا ئەڵێ: ـ عوسمان پاشای تورك بریاریدا پەلاماری (خان محمود)بدا کە دۆست و هاوکاری بدرخان بوو، هێزەکانی نارد بۆ چیاکان بۆڕوویەڕوویوونەوەی خان محمود، بەلام هەندێ لە پیاوە ناودارو ناسراوەکانی ناوچەکە کەوتنە بەینەوە و پێشنیازیان کرد خان محمود خۆی بدا بەدەستەوە بە مەرجێك هەتا ماوە ژیانی مسۆگەر بێ لەلایەن حکومەتەوە و هیچی لێ نەکرێ و خان محمود بەقسەو بەڵێن و سوێندی ئەوانەی کەوتبوونە بەینەوە قایل بوو لە رۆژی ١٩ ٩ ١٨٤٧ دا خۆی بدا بەدەستەوەو ئەوانەی سۆێندیان بۆ خواردبوو لە بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز بوونەوەو خان محمودیان گرت و دایان بەسەرکردەی سوپای تورك و دەم ودەس کەوتنە وێزەی و بەوپەڕی درندەیەتیەوە رەفتاریان لەگەڵ کرد و هەنگوینیان سوو بەدەم و چاویاو بەستیانەوە بەدرەختێکەوە بۆئەوەی هەنگ بدا بەدەم و چاویەوەو دوای ماوەیەك ناردیان بۆ ئەستەمبوڵ و لەوێشەوە ئاوارەکرا بۆ (سیلیسترا)لە بولغاریا.

زۆری پێنەچوو نەخۆشیی کۆلێرا لە کوردستان بڵاو بوەوە بەهەزارانی کوشت و نەخۆشیەکە بەناو هێزەکەی عوسمان پاشاشدا بڵاو بوەوە و لە زستانی ١٨٤٧ـ١٨٤٨ نیوەی هێزەکەی عوسمان پاشا بەونەخۆشیە مردن. لەکۆتایی ساڵی ١٨٤٧دا چەند ئەیالەتێك لەناوچە کورد نشینەکان پێك هێنراو (ئەسد مخلص) کە کۆنە وەزیرێك بوو کرا بەحاکمی ئەو ئەیالەتانە بەڵام ئەمارەتە سەربەخۆکەی مەکاری بەسەرکردایەتی (نوراللە بەگ)ی هاوکاری بدرخان تا ساڵی ١٨٤٩ درێژەی کێشاو نەیتوانی دلگیری بکا و عوسمان پاشا لەزستانا بە نەخۆشی ڕشانەوە مرد. لەساڵی ١٨٤٩دا (رشیدپاشا) لەجیاتی عوسمان پاشا دا نراو پەلاماری نوراللە بەگی داو نوراللە بەگ خۆی بەرامبەر بەو هێزە چەکدارەی رشیدپاشا پێ ڕانەگیراو ڕایکردو چوە ناوخاکی ئێرانەوە.

جلیلی لە هەمان سەرچاوە ٩٣دا باسی ئەو کوردانەی کردوە کە پەنایان بردبووە بەرخاکی ئێران و تورك و ئێران کەوتبوونە بین برکێ کردن لەگەڵ یەکتردا هەرلایە دەیویست کوردەکانی سەرسنوور بەلای خۆیا ڕابکێشێ بۆ ئەوەی بیانکەن بە کوتەکی دەستی خۆیان و ئینگلیزو رووسەکان لەوڕووەوە کەوتبونە ناڕەحەتیەوەو هەردوکیان لەوە ترسابون هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان تورك و ئێرانا زیان بەبەرژەوەندییان بگەیەنێت بەرلەمە لە ساڵی ١٨٤٣دا بەپێی پەیمانی ئەرزرۆم دەستکرابوو بەووت وێژ لەنێوان ئێران و عوسمانیدا لەو پەیمانەدا ئێران و عوسمانی و نوێنەرانی بریتانیا و روسیا ئەو پەیمانەیان مۆر کردبوو، لە ساڵی ١٨٤٧دا پەیمانێکی تازە تر بەسرلو بە پێی فقرەی یەکەمی پەیمانی ئەرزرۆم ئێران و عوسمانی وازیان لەو داخوازیەی خۆیان هێنابوو دەربارەی بژاردنی ئەو زیانانەی بە هۆی عەشایرەکانی کوردەوە لێیان کەوتبوو.

لەو پەیمانە تازەیەدا ئێران و تورکیا لەسەرئەوە رێك کەوتن لیژنەیەك دابنرێ بۆ دانانی هێڵی سنورو هیچ لایەکیان ڕێگە نەدەن بە عەشایری لاکەی تر بچێتە ناو خاکی بەرامبەرەکەی و بڕیاردرا چەند هێزێك لەسەرسنور دابنرێت بۆ ڕێگە گرتن لە هاتوچۆی عەشایرەکانی سەرسنوور.

دەربارەی ئەو پەیمانە تازەیەی لەساڵی ١٨٤٧دا مۆرکرابوو، پرۆفیسۆر خالفین لەلاپەڕە ٤٩ی کتێبەکەیدا وتوویەتی: ((بەبیانووی ئەوەی باری ژیانی

دانیشتوانی سەرسنوور باش بکرێت لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، کاریەدەستانی ڕوس و ئینگلیز ویستیان هەل و دەرفەتیان بۆ هەڵکەوێ بۆ موسۆگەر کردنی سوودی خۆیان لەناو خاکی عوسمانیدا و فرنسیەکانیش هاتنە کایەوە و بایەخیان دا بە ڕووداوەکان و هەر کە بیستیان نوێنەرانی دەوڵەتەکان سنوریان دەسنیشانکردبوو ئەوانیش قونسوڵخانەکیان بۆ خۆیان کردەوە لە ئەرزەروم.

جلیلی لەسەرچاوەی دوهەمیا سەرچاوەی ژمارە ٢١، لەلاپەڕەی ٢٩١یدا باسی ڕاپەڕینێکی تری کوردی کردوە دژی عوسمانی لە ناوچەکانی خواروی (وان) لەلایەن عەشیرەتەکانی (ڕاشکوتانلی)و ویزیدیەکان و لە ناوچەکانی (موش) و (وان)و ئەرزڕۆمیشدا شەڕێکی گەورە دەستی پێکرد و بەلای (مورافیف)ەوە وابوە کوردە یزیدیەکان لەوڕۆژانەدا چاوەڕوانی هاتنی ڕوسەکان بون و ئەوەیان بە هەل زانیبوو دژی حکومەتی عوسمانی ڕاپەڕیبوون بۆ ئەوەی خۆیان لە جەورو ستەمی حکومەت ڕزگار بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا یزدان شێریان بۆ ماوەیەکی کاتی کردبوو بە حاکمی جزیرە (وەکو لە باسیکی تایبەتیدا باسی یزدان شێر دەکەین)، بەلام لە پەرەسەندنی هێزو دەسەلاتی یزدان شێر سڵەمیبوونەوە و بڕیاریان دابوو دەسەلاتی ئەویش نەهێڵن، بەلام بەهۆی شەڕی نێوان تورك و ڕوس (شەڕی قرم) تورکەکان ئەوەی یزدان شێریان دواخست.

دەربارەی شەری (قرم) دوکتۆر جلیلی لەلاپەڕە ١٥٦ی سەرچاوە ٢١دا وتوویەتی:

((بەرلە دەسپێکردنی ئەو شەڕە، ئینگلیزەکان پێشنیازیان کردبوو تورکەکان قەلای (قارص) دروست بکەنەوەو پڕ هێزی بکەن و ساتێك شەڕ دەستی پێکردو تورکەکان لە شەڕەکانی (کوروك دارا) و (باشکادیلار)دا شکان هێزە شکاوەکەی تورك لە قەلای (قارص) کۆبونەوەو خۆیان حەشاردا. هێزەکانی ڕوس لە هێرشی سالی ١٨٥٥دا پەلاماری قەلاکەیان دا لەلایەن (ف. ولیمس) کە عقیدێکی عەسکەری بوو (کرێ گرتەبوە لەناو سوپای تورکدا) ئەو قەلایە دەپارێزرا، تورکەکان لەقەبی پاشایەتییان دابوو بە (ف. ولیمس) و ڕوسەکان زۆر مەبەستیان بوو قەلاکە بگرن و تورکەکانیش بەرلەوە خۆراکی دانیشتوانی

ناوچەکەیان کۆکردبوەوەو لە قەلاکەدا دایان نابوو، ناوچەکەشیان تالان کردبوو بۆ ئەوەی روسەکان خواردنیان لەوناوچانە دەسگیر نەبێ.

روسەکان لە کۆتایی مانگی تموزی ١٨٥٥دا ئابلۆقەی قەلای قارصیان داو (لویس فیلیکوف)ی روسی هێزێکی پێکەوەنا لەجورجی و کوردو ئەرمەن و لە تشرینی دوهەمی ١٨٥٥دا قەلای قارصیان گرت و ئیتر بەوسەرکەوتنە شەڕ لە جبهەی قفقاسدا کۆتایی پێ هات.

کورد لەوشەڕەی روس و تورکدا هاوکاریی سوپای عوسمانییان نەکردبوو بابی عالیش هیوایەکی ئەوتۆی بە کورد نەبوەو تەنها تەقەلای ئەوەی دابوو بەشێوەیەکی ئاشتی لەگەڵ کوردا بجولێتەوە و بەرلەوە تورك دەستی لە کورد وەشاندبوو دەستی کردبوو بە ئاوارەکردنی و کوردیش متمانەی بە تورك نەدەکرد و بەمە تورکەکان بەشداربوونی کوردیان لە کیس چوو بوو کە لەگەڵیانا بێ.

لەوروەوە هەروەکو جلیلی باسی کردوەس (بێجیر) لەورۆژانەدا سەری لە گوندەکانی ناوچەی دیاربکر دابوو باسی بژێوێتی کوردی لە گوندی (خانکا جۆری - جلیلی لەسەرچاوەکەی تریا ئەو گوندەی بە خانێك جووی ناویردوە کە لە نێوانی دیاریکرو ماردیندا بوە).

بێجیر (ئەوەی لەباسی کێشەی کوردو ئاسوریەکانا ناوی هاتوەو دەستێکی بالای هەبوە لەتێکدانی کوردو ئاسوریدا)، دەربارەی کوردەکانی ئەو ناوچانە وتوویەتی:

((لەئەنجامی ئەو هەموو باج و سەرانە زۆرەی حکومەتی تورك لە کوردەکانی دەسەند، زۆریان ناچارکرابوون رووبکەنە چیاکان و لەوێ کە چاوم پێیان کەوت و باسی خۆیانم لێ پرسین لەوەرامدا وتیان: بەراستی خۆشمان نازانین چی بکەین... ئەگەر لە پێدەشتەکانا خانوو بۆ خۆمان دروست بکەین و کشت و کاڵ بکەین حکومەت بە شێوەیەك باج و سەرانەمان لێ دەسێنێ هیچی وامان بۆ نامێنێتەوە بەشی ژیانی خۆمان بکات و ئەگەر ئەو باج و سەرانەیەش نەدەین حکومەت بە تاوانبارمان دادەنێ و گوندەکانمان وێران دەکا و هەرچیشمان هەبێ هەمووی تالان دەکاو دەمان کوژێ و زیندانمان دەکا لەبەر ئەوە ناچارین

رووماننکردوەتـە ئـەم ناوچیایانـە هیـچ نـەبێ لـێرە لـە جەورو سـتەمیان تۆزێـك دووركەوتوینەتەوە. (جلیلی لەلاپەڕە ١٤٤ی سەرچاوەی پێشودا ٩٢ نمونەی بـۆ ئەمە هێناوەتەوە و وتویـەتی: ــ سـاتێك بـاج سـێنەرەكانی حکومـەت هەرچـەند بـاجی سـاڵانەیان لـە دانیشـتوانی گونـدی (ئومریـان)ی ناوچـەی شـاخی (طـور) سەندبوو، بەڵام ئەو بـاج سـێنەرە هـەموو پارەكـانی بـۆ خـۆی بردبوو حکومـەت داوای سەندنی باجێکی تری دەکرد کە دانیشتوان نـەیانبوو بیـدەن لـە ئـەنجامی ئەوەدا کوشتارێکی زۆریان کرابوو لەلایەن ئەو هـێزی حکومەتـەی نـاوی لێنرابوو (هێزی تەمێکردن).

بێجیر باسـی چۆنیتـی گەڕانـەوەی سـوپا تێکشـکاوەکەی تورکـی کـردوە کـە لەماردیندا چاوی پێیان کـەوتبوو لـەناو شـاری مـاردیندا چـۆن هێزەکـانی تـورك دانیشـتوانی ئەوشـارەیان بـە خۆیـان و مەڕوماڵاتیانـەوە پێـش خۆیـان دابـوون و کەللەسەری کوردەکانیشیان بەدەستەوە گرتبوو بۆ ترسـاندنی دانیشـتوانی تـری ناوچەکە.

دەربارەی جەورو ستەمی ئەو ڕۆژانـەی تـورك (مۆلتکـە) ـ (کـە کرێگرتەیـەکی پروسیـ ئەڵمانی بوە لەناو سوپای عوسمانیداو لە تێکدانـی ئـەمارەتی بۆتانـدلـ لەباسی ئەمارەتەکانا ـ باسی کراوە)، زۆر باش لـە هەڵوێسـت و ڕەفتـاری تـورك دواوە کـە چـۆن ئـەو کوردانـەی دەگـیران بەدەسـتی بەسـتە لەگوندەکانیانـەوە بـەکێش دەکـران بـۆ بنکـەی سـوپاکان و (نـاوی ناوەـ ڕاوکردنـی مـرۆڤ) کـار گەیشتبوە ڕادەیەك لـە زۆر گونـدا نێرینـەی تیـادا نـەمابوو بـۆ ئـەوەی کاروبـاری ڕۆژانەی خێزانەکان ببرێت بەڕێوە.

هەروەکو چۆن (بێجیر) باسی دانیشتوانی ماردینی کردبوو، (مۆلتکە)ش باسی دانیشتوانی شاری (سێرت) ی کردوە چۆن بەچاوی خۆی لەناو شارەکەدا لەژن و منداڵ بەولاوە کەسی تری نەهاتوەتە بەر چاوو ئەوانەش کە دەکـران بـە سـەرباز زۆریان لەوانەبوون دەرەبەگ و سەرۆك عەشـیرەتەکانی کـورد بـۆ ئـەوەی سـوود لەبابی عالی وەربگرن ئەوانەیان کۆدەکردەوەو دەیان ناردن بۆ ناو سـوپای تـورك بەرامبەر بەو ڕەفتارانەی تورك، کوردەکان پێویستیان بە شوێنی لەوەڕگا هەبوە

بۆ مەڕو ماڵاتیان و لەجیاتی ئەوەی لەلایەن تورکەوە بکرێن بە سەرباز بەخۆیو مەڕو ماڵاتیانەوە خۆیان دەگەیاندە لەوەڕگاکانی ناو خاکی ڕوسیا.

تورکەکان بەرلەوەی بکەونە شەڕەوە لەگەڵ روسەکانا، بۆ ئەوەی پاشکۆی هێزەکانی خۆیان بپارێزن، بڕیاریاندا بەگژ کوردەکانی درسیمدا نەچن و بەرلەوەش سامی پاشای سەرکردەی هێزی تورك بەدرێژی ساڵانی سییەکانی سەدەی نۆزدەهەم نەیتوانیبوو بەسەر درسیمیەکانا زاڵ بێ، بەڵام ئەم جارە سامی پاشا بڕیاریدا بەوپەڕی توندوتیژییەوە ڕەفتاریان لەگەڵا بکا.

ساتیك (حسین بەگی‌یەکەم)ی سەرکردەی کوردەکانی (کوزیجان) مرد کە یەکێك بوو لە دەسەڵاتدارە ناسراوەکان و لەجیاتی ئەو (علی بەگ)ی کوڕی چوە جێگەی، لەبەر ئەوەی لاوێکی نەشارەزاو نەکارە بوو نەیتوانی بەرامبەر هەڕەشەو دەسدرێژیکردنی تورك خۆی بگرێ کە هێزێکی زۆری کرابوە سەر، بۆیە ناچاربوو لە پێدەشتەکانەوە ڕوویکردە چیاکان و تورکەکان پێدەشتەکەیان کاولکردو کۆشکەکەی عەلی بەگ و گۆڕستانی خێزانەکەشیان هەڵتەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکەی تورك بە سەرکردایەتی سامی پاشا نەیتوانی بەسەر ناوچەی درسیمدا سەربکەوێ بۆیە هێزەکەی کێشایەوەو چەند جەندرمەیەکی تیادا هێشتەوە و هەر کە هێزەکەی سامی پاشا دوورکەوتەوە کوردەکان دەستیان گرتەوە بەسەر ناوچەکەی خۆیانا.

جلیلی لە لاپەڕە ٢٦٨ی سەرچاوە ٢١دا باسی پێوەندی کوردو روسی کردوە لەو ڕۆژانەدا و وتویەتی عەشیرەتە گەورەکانی کورد لەسەر سنوور وەکو: زیلان، حیدرانلی، سیپکی، جەمالدینلی، بیزیکی، لە سەرەتای شەڕی تورك و روسدا (٤ــ٥)هەزارێك لەو عەشایرانە لەناو سوپای تورکدا بوون بەڵام کە تورکەکان شکان ئەو کوردانە تورکەکانیان ڕاوناو هێزەکەیان تاڵانکردن و تەنها ٥ ــ ٦ هەزار سەربازێکی تورك بەسەلامەتی گەیشتە قارص و ئیتر لەوەوە تورکەکان بە هیچ جۆرێك پشتیان بەو کوردانە نەدەبەست . سەرکەوتنی روس لە (پاشکادیلار) کارێکی وای کرد زوربەی عەشیرەتەکانی کورد هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بەروسەکان بگۆڕن و دڵسۆزی خۆیان بۆ روسەکان دەربڕی ڕێگەیان پێ درا کۆچ و باری ساڵانەیان بکاتە ئەو دیو قفقاس.

(لۆریس میلیکۆف) بەناوی سەرکردایەتی ڕوسەوە سوپاسی کوردی کردبوو
کە توانیبویان سنورەکانی نێوان تورکیا و ڕوسیا بە هێمنی بهێڵنەوەو لە گفت وگۆی میلیکۆف و قاسم خاندا داوا لەقاسم خان کرابوو پێویستە کوردەکانی سەریەو لە تورکەکان خۆیان ڕزگار بکەن و لەکاتی پێویستدا (٨٠٠ ـــ ١٠٠٠) سواری کوردی هەڵبژاردە ئامادەبن بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ روس داو ئەرکی ئاسایشی نێوان (کولیا) و (ئەلکسندروپول) بگرێتە ئەستۆی و بەرامبەر بەوە میلیکۆفیش بەڵێنیدا بەقاسم خان کە بەدەسەلاتداری ناوچەکەی خۆیبێو ئەگەر تورکەکان پەلاماری کوردەکان بدەن روسەکان یارمەتییان ئەدەن و روتبەی کۆلۆنێل درابە قاسم خان.

شۆڕشی سێیەم

راپەڕین و شۆڕشی یزدان شێر

لەباسی شکاندنی بدرخاندا باسی ئەو خیانەتە گەورەیە کرا کە یزدان شێر لە بدرخانی مامی کردبوو تورکەکان لەسەرەتادا بۆ ماوەیەکی کاتی هەتا ئیشیان بە یزدان شێرمابوو کردیان بە میری جزیرەو بۆتان و زۆری پێ نەچوو تورکەکان لەویشیان هەڵپێچاو ئەوان تۆکەرێکی سەرومڕیان ئەویست و لاشیان وابوو یەکێك خیانەتی لە نزیکترین خزمی خۆی و لە میللەتەکەی کرد بێ جێگەی متمانە و دڵنیایی نیە بۆیە هەوڵی نەمانی ئەویشیان داو یزدان شێر تەقەلایەکی زۆریدا پێوەندی لەگەڵ روسدا بکا بەلام هیچی لەوان دەسگیر نەبوو. دەربارەی چۆنیەتی پاشگەز بوونەوەی تورکەکان بەرامبەر بە یزدان شێر، سێ سەرچاوەی گرنگ بە دوورودرێژ باسیانکردوە، هەوڵئەدەین کورتەی ئەوسێ سەرچاوەیە باس بکەین کە هەریەکەیان بە شێوەیەك باسی یزدان شێرو ڕوویەڕووبوونەوەی ئەویان کردوە لەگەڵ تورکەکانا.

دوکتۆر عزیز شمزینی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٤٢ وتوویەتی پاش ئەوەی تورکەکان میرنشینێتی بۆتانیان سپارد بە یزدان شێر بەلام زۆری پێ نەچوو تورکەکان لێی کەوتنە گومانەوە.

ساتێك شەڕی تورك و ڕوس دەستی پێكرد (مەبەست شەڕی قرم)ەتوركەكان ناچاربون بەشێك لە هێزەكانیان ناردە سەرسنوری ڕوسیا و یزدان شێر ئەمەی بە هەل و دەرفەت زانی و لەساڵی ١٨٥٣دا دەستی كرد بەڕاپەڕینێك دژی حكومەتی تورك و زۆری پێ نەچوو خێڵەكانی ناوچەی بۆتان و بدلیس و ناوچەیەكی تر چوونە ڕیزی بزوتنەوەكەیەوە و لەولاشەوە ئەرمەنی و ئاسوریەكان پێوەندییان پێوەكرد و لەساڵی ١٨٥٤دا پێشمەرگەی كورد ناوچەی موصلٌ و بدلسیان ڕزگار كرد لە چنگی تورك و ژمارەی چەكدارەكانی كورد گەیشتبوە (٣٠ هەزار).

دكتۆر شمزینی لەلاپەڕە ٥٦ی كتێبەكەیدا باسی ئەوەی كردوە كە حكومەتی تورك لەساڵی ١٨٥٤دا شاری (سیرت) یان كردبوو بە بنكەی هێزەكانیان و كوردە یزیدیەكان بە سەركردایەتی (میر. مایزدین) هێرشیان كردە سەر سوپای تورك و دەریان پەڕاندن و ناوچەكە كەوتە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەوەو كاربەدەستانی تورك دەركران و تا ئەهات ژمارەی پێشمەرگە لە پەرەسەندنا بوو ژمارەیان گەیشتبوە (٦٠ـ ١٠٠هەزار چەكدار).

(ئەوەی شایانی باسە لەباسی ڕاپەڕینەكانی دوای بدرخاندا بەرلەم باسە جلیلی بەپێی كتێبەكەی سەرچاوە ٢١ باسی ڕوو بەڕوو بونەوەییەكی تری یزیدیەكانی كردوە بە پێی باسێكی (مورافیف) كە یزیدیەكان بە تەمابوون سوپای روسی بگاتە ناوچەكە).

لەگێژاوی ڕووداوەكانی دوای شەڕی قرم یزدان شێر هەوڵیدا پێوەندی لەگەڵ روسەكانا بكاو بۆ ئەومەبەستە پێنج نوێنەری خۆی ناردبوو بۆ (یریڤان) بۆ گفت و گۆ كردن لەگەڵ ڕوسەكانا بۆ ئەوەی بەرنامەیەكی دوو قۆڵی ڕێك بخەن دژی حكومەتی تورك و لە نامەیەكی یزدان شێر كە بەو نوێنەرانەدا ناردبووی بۆ ڕوسەكانی نوسیبوو بەتەمایە لەناوچەكانی (وان) و (بدلیس)ەوە بزوتنەوەكەی دەستی پێ بكا بەڵام هیچ وەڵامێكی لەوڕووەوە لە ڕوسەكانەوە بۆ نەهاتبوەوە و پاش ئەوە یزدان شێر خۆی یەكسەر چاوی بە (ببوتۆف)ی لێپرسراوی ستادی سوپای ڕوسیا كەوت لە قفقاس بەڵام وەڵامێكی ئەوتۆشی لەوەوە دەسگیر نەبوو، تەنها داوای ئەوەی لە یزدان شێر كردبوو هێزەكەی بڵاوەپێبكاو واز لەجم و جۆڵەكەی بێنێت.

شمزینی لە کتێبەکەیدا ئەڵێ: دەرکەوت ببوتۆف نەك هەر نەیویستبوو پێوەندی لەگەڵ کوردا بکا بۆ ئەوەی پێکەوە لە سوپای تورك بدەن، بەڵکو بەدرێژایی ئەو ماوەیەی شۆڕش لە کوردستانا کڵپەی سەندبوو (ببوتۆف) نەیهێشتبوو بە هیچ جۆرێك تەوژم و فشارێکی سوپایی بخەنە سەر هێزەکانی تورك و تورکەکانیش سوودیان لەو هەلوێستەی ڕوس وەرگرتبوو بەشێك لەو هێزەی خۆیان کە بەرامبەر بەڕوس دایان نابوو کێشایانەوە و ئاڕاستەیان کرد بۆ ڕوویەڕووبوونەوەی کورد.

ساتێك نمرود رسام (ئەوەی لەباسی بدرخاندا وترا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لە هاندانی باڵیۆزخانەی بریتانیا لە ئەستەمبوڵ کە فشار بخاتە سەر بابی عالی بۆ لێدانی بدرخان دوای لێدانی ئاسوریەکان) بەوەی زانی کە یزدان شێر وەرامێکی ڕێکوپێکی لە (ببوتۆف)ەوە دەسگیر نەبوبوو، ئامادەبوونی دەوڵەتی بریتانیای بۆ یزدان شێر پیشاندا کە هەوڵ بدرێ چارەسەری کێشەکەی لەگەڵ حکومەتی تورکدا بکرێ و داوای لە یزدان شێر کردبوو سەر لە قونسولخانەی بریتانیا بدا لە موصل، یزدان شێر باوەڕی بە قسەکەی نمرود رسام کردو چوبوە موصل بۆ گفت و گۆکردن و لەوێ یزدان شێر دەگیرێ و ڕەوانەی ئەستەمبولی دەکاو هێزەکەی یزدان شێر دوای گرتنی خۆی بەرگەی سوپای تورکی نەگرت و شکا)).

جلیلی جلیل لەلاپەڕە ١٥١ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٩٣ بەجۆرێکی تر باسی ڕاپەڕینەکەی یزدان شێرو چۆنیەتی شکانی کردوەو وتوویەتی:

((بەرلەوەی شەڕی قرم دەس پێبکا، بابی عالی لەوە ترسابوو یزدان شێر کێشەیەکی گەورە بۆ حکومەت دروست بکا، بۆیە یزدان شێریان لەکارلاداو دەربارەی هۆی تەشەنەکردنی بزوتنەوەکەی یزدان شێرو بەهێز بوونی جلیلی ئامازەی بۆ لاپەڕە ٢٥٦ی کتێبەکەی (لیخۆتین) کردوە کە لەو ڕۆژانەدا جەورو ستەمی کاربەدەستانی تورك گەیشتبوە ڕادەیەك نەك تەنها هەر کوردەکان بەڵکو هەموو کەسێك لای وابوە هەر سەرکردەیەکی کورد ببێت بەدەسەلاتدار زۆر باشتر دەبێ لەدەسەلاتدارانی تورك و بەپێی کتێبەکەی لیخۆتین بێ دادی و بەرتیل خواردن و زۆرداریی پاشاکانی تورك کارێکی وای کردبوو ئاسوورییەکانیش هەستیان بەوە کردبوو ئەرکی کاربەدەستانی کورد لە سەرشانیان هەرچۆنێك بێ

سووکتر دەبێ لە ئەرکی تورکەکان. جلیلی باسی چۆنیەتی ڕاپەڕینەکەی یزدان شێری کردوە کە لە موصڵەوە هەتا (وان) تەشەنەی کردبوو، بێجگە لەو جەورو ستەمانەی کاربەدەستانی تورك لەگەڵ خەڵکا دەیان نواند، شکانی تورکەکانیش لەلایەن روسەوە لەخەڵکی گەیاندبوو کە حکومەتی تورك تەواو لاواز بوبو شەعبی تورکیش بەتەواوی لە ڕەفتاری کاربەدەستانی خۆیان بێزار بوبوون.

لەکانونی یەکەمی ١٨٥٤دا ساتێك فەیلەقی سوپای تورك گوندی (بیرکۆ)ی چۆڵکرد و ڕوویکردە دۆڵی فرات و گەیشتە کەنیسەی (سورب ئوهانیس)، لەگێژاوی ئەو ڕووداوانەدا یزدان شێر أعلانی ڕاپەڕینەکەی کرد لە ناوچەکانی بۆتان و هەکاریداو یەکەم پەلاماردانی بۆ سەر بدلیس بوو کە (٢٠٠) سەربازی تیادابوو، بەهاوکاریی دانیشتوانی ناوچەکە شاری بدلیسی گرت و دانیشتوانی ناوچەکانی (وان) و (موکوس) بەسەرکردایەتی (تیلی بەگ)و کوڕانی بدرخان توانیبویان هێزێکی گەورە پێکەوە بنێن و کوڕانی بدرخان چوونە ڕیزی ڕاپەڕیوەکانەوە و جلیلی ئاماژەی بۆ هەواڵێکی پەیامنێری ڕۆژنامەی (کوریە دی لیون) کردوە کە لە ئەستەمبوڵدا لە ژمارە ٢٣یدا بڵاوکرابوەوە کە حکومەتی تورك لەو ڕۆژانەدا ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو بزوتنەوەکەی یزدان شێر هانی کریستیانەکانی ئەرمەنیاو ئەنادۆڵ بدا ئەوانیش دژی حکومەت ڕاپەڕن، لەبەرئەوە (فریق عظمی پاشا ـ عەزمی پاشا) بەخۆیو هێزەکانیەوە ڕوویکردە دیاربکرو موصلّ و لەوێوە بەرەو (بۆتان) چوو، بەڵام هێزەکەی ئەوەندە لاوازو شڕبوو هەر لەسەرەتاوە دیاربوو هیچی پێ نەدەکرا.

یزدان شێر لەسەرەتای ساڵی ١٨٥٥دا توانیبوی ناوچەکانی باشوری گۆلی وان داگیر بکاو ژمارەی چەکدارەکانی گەیبوە (٣٠)هەزارو کارگەیەکی چەك دروستکردنی لە موصل داگیرکردو دەستی گرت بەسەر خەزێنەی حکومەتداو کاربەدەستانی تورکیان لێ دەرکرد.

حکومەت لەساڵی ١٨٥٥دا بەسەرکردایەتی (کنعان پاشا) هێزێکی گەورەی لە ئەیالەتی بغداد کۆکردەوە و ڕوویکردە باکوور بەڵام ئەو هێزە لە یەکەم ڕوویەڕووبونەوە دا لەنزیك شاری (سیرت ـ سعرت) شکاونزیکی (٢٠٠) چەکداری عەرەب چوونە پاڵ شۆڕشگێڕەکان و هەندێ یونانی و ئەرمەنیش لایەنگرێتی

خۆیان بۆ شۆڕشگێڕەکان دەربڕی و لەمانگی شباطی ١٨٥٥دا ژمارە هێزەکەی یـزدان شـێر گەیشـتە (٦٠) هـەزارو هـەندێ سـەرچاوە وتوویانـە گەیشـتوە (١٠٠) هەزار (وەکو عزیز شمزینی لەکتێبەکەیدا باسی کردوەو بەرلەمە لێی دواین).

جلیلیش هەروەکو دوکتۆر عزیز شمزینـی باسـی ئـەوەی کـردوە یـزدان شـێر پێنج نوێنەری خۆی ناردبوو بۆ لای روسەکان و لەو نامانەدا بۆ روسەکانیناردبوو ئاگاداری کردبون نیـازی وایـە شۆڕشـەکەی ئاراسـتەی ناوچـەکانی باشـوور بکـا، بەڵام وەکو (لیخۆتین) باسیکردوە ئەونامانە نەگەیشـتبونە دەس کاربەدەسـتانی روس چونکە روسەکان بەرلەوە ئەو ناوچانەیان بەجێ هێشتبوو کە نوێنـەرەکانی یزدان شێر بۆی چوو بوون لیخۆتین کـە سـەرکردەی ئـەرکانی حـەربی هێزەکـانی بوە لە (یریڤان) وتویەتی ئەگەر روسـەکان ئـەو نامانـەی یـزدان شیریشـیان پـێ بگەیشتایە لەبەر سەرماوسۆڵەی زستان نەیاندەتوانی هیچ بکەن.

(لـێرەدا جیاوازییـەك هەیـە لـەم بۆچوونـەی جلیلی لەگـەڵ ئـەوەی عزیـز شمزینیدا کە دوکتۆر عزیز وتوویەتی نوێنـەرەکانی نـاردبوو بـۆلای (ببوتـۆف)و ئەویش پێی وتبون هێزەکانی بڵاوە پێ بکا، بەمەدا دەرئەکەوێ دوورنیـە یـزدان شێر دووتاقم نوێنەری خۆی ناردبێ بۆلای روسـەکان تاقمێکیـان ئەمـەیان بووبـێ کە (ببوتۆف) دەستی پێوە نابوون و تاقمی دوهەمیش ئەوەبووبێ کـە لیخۆتـین باسیکردوە).

جلیلی لە باسەکەیدا ئەڵێ: لـەمانگی شـباط ومـارتی ١٨٥٥دا شۆڕشـگێڕەکان خۆیان ئامادەکردبوو بەرەو بایزیدو ئـەرزڕۆم هـێرش بکـەن و هـەروەکو لیخۆتـین باسیکردوە لە لاپەڕە ٢٥٩ی کتێبەکەیدا ڕاپەڕیوەکان لەسەر ئەوە ڕێك کەوتبوون دژی سـوڵتان شـەڕبکەن و کوڵنـەدەن و تورکیـش هـێزێکی زۆری کۆکـردەوە بەرامبـەریان و لەلاشـەوە ئینگلیزەکـان بـۆ تێکدانـی شۆڕشـەکەی یـزدان شـێر لەرێگەی دانی خەڵات و بەرتیلەوە چەند سەرۆك عەشیرەتێکی کوردیان ڕازی کرد بکەونە نێوان حکومەت و یـزدان شـێرەوە حکومـەت بـۆ ماوەیـەکی کـاتی توانـی بارودۆخەکە هێور بکات. یزدان شێر لەمانگی نیسـانی ١٨٥٥دا کەلـە قـەڵای (مقراعلـی) بـوو لـە باشـوری وان، لـەوێوە پیـاوێکی خـۆی کـە نـاوی (ئوسلو—

ئوصلو) بوو ناردی بۆ یریڤان و داوای له روسەکان کرد بـەرەو (مـوش) بچێت و هێزەکەی یریڤان لەوێوە رووبکاتە بدلیس هەروەکو لیخۆتین باسی کردوە.

بەلام جلیلـی لـە کتێبەکـەی تریا سـەرچاوە ٢١ هەلوێستەکەی بـە شێوەی خوارەوە باسکردوە:

((فەرماندەی هێزی تورك بۆ ئەوەی بدلیس لە راپەریوەکان بپارێزێ بەشێك لـە هێزەکـانی بـایزیدی لـە رێگـەی (سـورپ ـــ ئوگـانیش)ەوە بـەرەو بدلیـس خستەڕێ لـە ئـەرزڕۆم و (لاشـكیرت) و (کیوپریـوك)ەوە هـێزی تریـان نـاردو لەسەرەتادا بەسەر کوردەکانا سەرنەکەوتن تا لە مانگی مارتدا (مـامیت پاشـا)ی فەرماندەی هێزەکانی تورك لـەلای گونـدی (دیریـات)ی نزیـك بـە شـاری جزیـرە توانیبوی راپەریوەکان ناچار بکا بکشێنە دواوە.

کونسلی بریتانیا لە موصـڵ ئـەویارو دۆخـە ئـالۆزەی بـە هـەل زانـی و کەوتـە جموجۆڵ و توانی بـە بـەرات و خـەلات چـەند سـەرۆکێکی کـورد ئاشـت بکاتـەوە (جلیلی بەرلەمە لە سەرچاوە ٩٣دا وتبووی قونسولی بریتانیا توانیبوی هەندێ لە سەرۆك عەشیرەتەکان والێ بکا بکەونە بەینــەوە بـۆ ئـەوەی کێشـەی حکومـەت و یزدان شێر چارەسەر بکەن).

جلیلی لە سەرچاوە ٢١دا ئەڵێ:

((لە ئەنجامی ئەو رووداوانەدا یزدان شێر ناچـار بـوو گروگڤـی بزوتنەوەکـەی خاویکاتەوەو واز لە شۆڕش بێنێت و بۆماوەیەك لە قەلاٌ سـەختەکەی (کاسـرا ــ گێل) لەخوارووی وان دانیشت. لەسەرەتای مـانگی نیسـانی ١٨٥٥دا جـارێکی تـر یزدان شێر (ئوسلو ـ ئوصلو) ی ناردەوە بۆلای فەرماندەی هێزەکـانی (یریڤـان) بۆئـەوەی بـەرەو مـوش وبدلیـس بجوولێت، بـەلام یـزدان شـێر نـائومێدبوو لـە روسەکان و هیوای سەرکەوتنیشی نەمابوو، قونسـولی بریتانیـا لـە موصـڵ زۆری لێکرد لەگـەڵ حکومـەتدا بکەویتـە گفـت گۆکـردن و ئـەویش بـاوەڕی بەشـەرەفی قونسولی بریتانیا کردو قەلاٌی (کاسرلـ گیـل)ی بەجێهێشـت بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ نوێنەری تورکدا گفت و گۆ بکا بەلام درۆو دەسبڕین کاری خوی کردودەم و دەس گیراو نێررا بۆ ئەسـتەمبولٌ و ئاسـوریەکانیش کـە سـەرکردەکەیان (ئـەقرام)بـوو لەگەڵ قونسولی بریتانیادا کەوتە گفـت و گـۆ کـردن بۆئـەوەی لەگـەڵ حکومـەتی

تورکیا ئاشتی بکاتەوە. بطریارك ئەفرام لەو نامەیەدا بۆ (مورافیف)ی ناریوو لە مانگی ئەیلولی ١٨٥٥دا کە متصرفی روسەکان بوە لە قفقاس، بوّی نووسیوو قونسولی بریتانیا بێ پشوو هانم ئەدا لەگەڵ حکومەتی تورکدا رێك بکەوم و ئاشت ببمەوە بەلام من پێشنیازەکانم بەدڵ نیەو پیّیان رازی نیم.

بەو جۆرە بزوتنەوەکەی یەزدان شێر خاموّش کراو کورد نەیتوانی سوود لەوراپەرینەش وەربگرێ.دەربارەی پێوەندی کردنی یزدان شێر بەروسەکانەوەو رۆڵی قونسولی موصلْ، مینۆرسکی لەلاپەرە ٥٦ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤٢ لاپەرە ٥٦ باسەکەی بەجۆرێك تۆمار کردوە لە کتێبەکەیدا کە هەندێ جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەوەی دوکتۆر شمزینی و دوکتۆر جلیلی جلیلیدا بۆیە بە پێویستم زانی ئەوەی مینۆرسکیش کورتەیەکی باس بکەم کە وتوویەتی:

((یەزدان شێر دووپیاوی خۆی ناردبوو بۆلای روسەکان بوئەوەی هێزی هەردوولا پێکەوە دژی تورك شەربکەن، بەلام هیچ بەڵێنێکی لەروسەکانەوە پێ نەگەیشت و یەزدان شێر بەرامبەر بە بەڵێنێکی درۆی (نمرود رسام) کە جاسوسێکی ئینگلیز بوو لە موصلْ خۆی دابەدەستەوەو گیرا. ئەونمرود رسامە خەڵکی ناوچەکە بووە (ئاسوری بوە)و بەپێی کتیبەکەی (تورایێف ـ بەندی یەکەم، لاپەرە ٣٧چاپی ساڵی١٩١٢ بەزمانی روسی) گەلێك شوێنەواری ئەرکیۆلۆجیی ئاشوریەکانی دۆزیوەتەوە.

حکومەتی تورك دوای نەهێشتنی راپەرینەکەی یەزدان شێر مدالیای تایبەتی بەشیوەتەوە بەسەر ئەو ئەفسەرو سەربازانەی لە کوژانەوەی شۆرشەکەی یزدان شێردا بەشداربون. لەگەڵ ئەوەشدا شۆرشەکەی یەزدان شێر ڕووخێنرا، بەلام لەدواییدا یزدان شێر بوو بە پاڵەوانێکی نەتەوایەتی وەکومەڵێك شیعری میللی کوردیان بۆ وتوەکە (سوتسین) گەلێك لەو شیعرانەی کرابوون بەگۆرانی دەربارەی یەزدان شێر تۆماری کردوە دوکتۆر مارف خەزنەدار لە پەراوێزی لاپەرە ٥٦ی وەرگێرانەکەی کتێبی مینۆرسکیدا وتوویەتی:

(("سوتسین" لەگەڵ (پریم)دا کۆمەڵێك گۆرانیی فۆلکلۆری کوردییان کۆکردۆتەوە لەگەڵ وەرگێراوە فرەنسیەکەیدا (وادیارە ئەو گۆرانیانە لە پێشدا

کراون بەفرەنسی و لە فرەنسیەوە کراون بە روسی) و ئەو گۆرانیانە لە چوار بەرگدا لە سالی ١٨٨٧ و ١٨٩٠دا لە بترسبرگ چاپ کراون)).

ئەوەی سەرنج راکێشەرە لە کتێبەکەی مینۆرسکیدا ئەوەیە مینۆرسکی (نمرود رسام)ی بەجاسوسێکی ئینگلیز ناویردوە نەك وەکو قونسوڵی بریتانیا لە موصل که بێگومان ئەمەی مینۆرسکی زۆرتر ڕێی تێ دەچێ چونکە بڕوا ناکەم حکومەتێکی دەسەلاتداری وەکو ئەوڕۆژانەی ئینگلیز یەکێکی لەخۆیان دەست نەکەوتبێت بیکا بە قونسول، بەلام دوورنیە وەکو کرێ گرتەیەك لە قونسولخانەی بریتانیادا بەکرێ گیراوە وەکو یەکێکی شارەزا بە ناوچەکە.

سەرنجێکی تر دەربارەی شۆڕشەکەی یزدان شێر ئەوەیە بە پێی سەرچاوەکان لەدەورویەری سالی ١٨٥٤ دا دەستی پێکردوە، بەلام سەرچاوەیەکی وام دەست نەکەوت باسی مێژووی کۆتایی هێنانی ئەو شۆڕشەی تیادا کرابێ جگە لەوەی ئەمین زەکی لەلاپەرە ٤١ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٣٢ وتوویەتی: ئەو شۆڕشە لەسالی ١٢٨١ ی کۆچی بەرامبەر سالی ١٨٦٤ ی زاین کۆتایی پێ هێنراوە، کەبە پێی ئەمە دەبێ شۆڕشەکەی یزدان شێر ماوەی دەسالێ درێژەی کێشابێ کەئەو ماوەیە جێگەی گومانە.

هەلسەنگاندنی ڕاپەڕین و شۆڕشەکەی یزدان شێر

لە مێژووی نەتەوەی کوردا وەکو مێژووی هەندێ میللەتانی تر، زۆرجار لە کاتێکی زۆر ناسك و گرنگدا، سەرکردەیەك یا تاقمێك لەرقی یەکێکی تر لە ڕێبازی میللەتەکەی خۆیان لایانداوە و بوون بەلایەنگرو هاوکاری دوژمنی ولات و میللەتەکەی خۆیان لەگەل ئەوەدا سوور زانیویانە ئەو دوژمنەی دەچنە پالی ئەگەر بۆی هەلکەوت بەخوشیانەوە ئەدا چونکە دوژمنەکەیان سوور ئەزانێ ئەوی بەقاو وەفای بۆمیللەتەکەی خۆی نەبێ شتێکی زور ستەمە لەگەل ئەویشدا هەتاسەر بەدۆستایەتی بیباتەسەر.

یزدان شێر یەکێك بووە لەوانەی لە ناسکترین قۆناغی میللەتەکەیدا لەنزیکترین خزمی خۆی کە بدرخانی مامی بوە هەلگەراوەتەوەو چۆتەپال ئەو

دوژمنەی بە خوێنی سەری میللەتەکەی تینوو بوەو لای وابوە تورك هەتا سەر بە دۆستایەتی لەگەڵیا دەمێنێتەوە و لەدوای مامی ئەمارەتی جزیرەو بۆتانی بۆ تەخت دەبێ، بەلام کاتێك بەخۆی زانی تورکەکان کەوتبوونە سەر ئەو خەیالەی بەزووترین کات لەناوی بەرن و لەجیاتی ئەو کاریەدەستێکی تورك بکەن بە لێپرسراوی ناوچەکەو، کاتێکیش هەوڵی دا بۆ پەیداکرنی دۆستێکی وا لەتورکەکان بیپارێزێ جارەها تەقەلای لەگەڵ روسەکاندا دۆستایەتی پەیدا بکا بەئومێدی ئەوەی لەرێگەی ئەو دۆستایەتیەوە فشاری تورکەکان کەم دەبێتەوە و وازی لێ دێنن و هیچ بیری لەوە نەکردبوەوە روسەکان لەو رۆژانەدا بەرژەوەندیی کریستیانەکانیان زۆرتر لامەبەست بوە لە بەهێزبوونی کورد بۆیە هەموو داخوازییەکانی پشت گوێ خراو ئینگلیزەکان ئاگادارى ئەوە بوون یزدان شێر لە تەقەلاکانیدا لەگەڵ روسەکان سەرکەوتوو نەبوو بۆیە بەفرۆفێڵ هەڵیان خەڵەتاندو بەگورگان خواردیان داو خستیانە داوی تورکەکانەوەو بەدەستی خۆی جەزای ئەو تاوانە گەورەیەی کردبووی خۆی تووش کردو راپەرینەکەی بەزووترین کات و بەئاسانی خامۆش کرایەوە.

لەو روەوە صادق شرفکندی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٧١ لە باسی هەڵسەنگاندنی یزدان شێردا ووتوویەتی هەرچەند یزدان شێر مرۆڤێکی ئازاو بەجەرگ بوە، بەلام لە سیاسەتدا کۆڵ و نەشارەزا بوەو یەکێکی وەکو (نمرود رسام) لە قونسوڵخانەی بریتانیا لە موصل بەئاسانی لەخشتەی بردوەو دەستەمۆی کردوەو داویەتیە دەس تورکەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا وەکو هەندێ لە سەرچاوەکان باسیان کردوە، یزدان شێر مرۆڤێکی ئازاو بەجەرگ بوەو دەربارەی ئەو ئازایەتییەی گەلێك شعرو گۆرانیی فۆلکلۆری بەقەدو بالایا ووترابوو، بەلام لام وایە ئازایەتیەکی رووتی کورت بینانەو ئەو جۆرە سەرچڵیەی ئەو بە رێبازیا رۆیشتبوو بەس نەبوو بۆ ئەوەی یەکێکی وەکو ئەو بگەیەنێت بە مەبەست.

لە هەڵسەنگاندنی راپەرینەکەی یزدان شێردا بەپێی ئەو سەرچاوانەی بەدوورو درێژ باسیانکردوە دوو سەرنجی گرنگ دێنە پێشەوە:

یەکەمیان: لەباسەکەیدا ووتــراوە ســاتێك یــزدان شــێر دەســتی کــرد بــە ڕاپەڕینەکەی، کوڕانی بدرخان بوون بەهاوکاری لەڕاپەڕینەکەدا بەشداربوون..... تۆ بڵێی ئەوانە ئەو تاوانە گەورەیەی یزدان شێری ئامۆزایان بەرامبەر بە بدرخانی باوکیان کردبووی هەروا زوو بەئاسانی لەبیریان چووبێتەوە؟ یا دوور نەبوە زوڵم وزۆری کاربەدەستانی تورك بەرامبەریان گەیشتبوە ڕادەیەك ئەوەی باوکیان لەبیرچوبوەوەو لایان واباش بووبێ هەرچۆنێك بێ بەبن بەهاوکاری خزمە تاوانبارەکەی خۆیان نەك لەوە زیاتر جەورو ستەم و دڕندەیەتی تورکە خوێنمژەکان قبوول بکەن، کە ئەگەر هەستیان بەوجۆرە بووبێ ئەوەیەکەم جار بووە کورد لە کورد خۆش ببێ لەپێناوی سوودی وڵات و میللەتەکەیدا کە بەداخەوە هەتا ئیستەش کورد نەگەیشتوەتە ئەو ڕادەیەی هەست بەو ئەرکە پیرۆزە بکرێ.

سەرنجی دووەم، شۆڕشەکەی بدرخان کە ئەنجامەکەی بەوە گەیشت بەهاندانی ئینگلیزەکان حکومەتی تورك پەلاماری بدرخان بداو ئەمارەتەکەی تێك بدا، هەموو بیانووەکەی ئینگلیز لەوهاندانەیدا ئەوەبوو بدرخان کوشتاری لە ئەرمەنیەکان کردبوو زیانی پێگەیاندبوون و کاربەدەستانی ئینگلیز خستبویانە مێشکی مارشمعونەوە دەسەڵاتدارێتی حکومەتی تورك بۆ ئەوان باشترو بەسوودترە وەك لەبەهێز بوونی کورد، ئیتر ئاخۆ چی وای لەو ئاسووریانە کردبێ گوایە لە ڕاپەڕینەکەی یزدان شێردا بووبن بە لایەنگری بەوجۆرە، ئەوڕاپەڕینەی یزدان شێریش چوە ڕیزی ڕاپەڕیوە بێ سەرەوبەرەکانی تری کوردو ئەو دەرسەی لە هەڵوێستی یزدان شێردا دەبێ سوودی لێ وەرگیرێ ئەوەیە وەکو پەندی پێشینان ووتەنی:

هەزار ساڵ بکەی بێگانە پەرستی   ئاخری هەر دەبێ ببێنی نوشوستی

شۆڕش و ڕا پەڕینەکانی دوای یزدان شێر هەتا شۆڕشی شێخ عبیداللهی‌نهری

لە دوای خامۆش کردنی ڕاپەڕینەکە ی یزدان شێر، ئیتر وەنەبێ باکوری کوردستان ئاسایشی بەخۆیەوە دیبێ، چونکە ڕەفتاری کاربەدەستانی تورك و جەورو ستەمیان لە کوردستانا بەڕادەیەك نەبوە دانیشتوان خۆیان پێ بگیرێ و بێدەنگ دانیشت، بەڵکو تا شۆڕشی شێخ عبداللە نهری دوو ڕاپەڕین دژی حکومەتی عوسمانی کراوە کە بریتی بوون لە:

١ـ ڕا پەڕین و جم و جۆڵی کوڕانی بدرخان

٢ـ ڕا پەڕینی ناوچەی درسیم.

ڕاپەڕینی یەکەم: هەردوو کوڕەکە ی بدرخان پاشا کە عوسمان و حسێن بون دژی حکومەت کە وتنە خۆیان و چوونە ناوچەی جزیرە و دژی حکومەتی تورك کە وتنەکار.

دەربارەی ئەو ڕاپەڕینە ئەمین زەکی و بلە چ شێرکوە و دوکتۆر جلیلی جلیل هەریەکە یان بەشێوەیەك باسیان کردوەو هەوڵئەدەین کورتەیەکی ئەو سێ سەرچاوەیە بخەنە پێش چاو . ئەمین زەکی لە لاپەڕە ٢٣٩ ی بەرگی یەکە می کتێبەکەیدا سەرچاوە ٣٢ باسی (عوسمان پاشا) و (کنعان پاشا) ی کوڕانی بدرخانی کردوە کە چۆن پاش ئەوەی لە ساڵی ١٨٧٧ دا شەڕێك لە نێوان ڕوس و تورکدا ڕوویدا حکومەتی عوسمانی هێزێکی زۆری لە مجاهدین کۆکردبووەوە ناردبوونی بۆ کۆڕی شەر بەسەرکردایەتی ئەو دوو کوڕەی بدرخان پاشاو ئەو دوانە بەنهێنی لە گەڵ هەندێ لەو ئەفسەرە کوردانە و سەرۆك عەشیرەتانەی کۆکرابوونەوە بۆ ئەو شەرە لە گەڵیانا ڕێك کە وتن بەخۆیان و چەکدارو هێزەکانیانەوە ڕوویکە نە کوردستان بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستەی بدرخان پاشا بۆ ی تێکۆشابوو، ئەو دوو ئەمیرەو ئەوانەی بوون بە لایەنگریان لە ساڵی ١٢٩٧ ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨٧٩ی زاین چوونە جزیرەو لەوێ اعلانی سەربەخۆیی ئەمارەتەکە یان کرد.

حکومەتی عوسمانی چەند جارێك هێزی ناردە سەریان بەڵام لە هیچ هێرشێکدا بەسەر کوردەکانا سەرنەکە وت و کوڕانی بدرخان دەسەڵاتیان پەرەی

سەندو گەیشتنە ناوچەکانی جزّلە مێرگ و زاخۆو عمادیە و ماردین و مدیات و نصیبین و بڕیاردرا عوسمان پاشای براگەورەیان ببێت بە ئەمیری ئەمارەتەکە و لە مزگەوتدا خوطبەی جومعە بەناوی ئەوەوە دەخوێنرایەوە.

شکانی یەك لە دوای یەکی هێزەکانی حکومەت سوڵتان عبدالحمیدی ناچارکرد سیاسەتی حکومەتەکە ی بەرامبەر بەکورد بگۆڕێ و بۆ ئەوە بڕیاریدا هەموو گیراوەکانی بنەماڵە ی بدرخان بەربدرێن و ئازاد بکرێن و سوڵتان نوێنەرێکی خۆی ناردەلای عوسمان پاشا بۆ رێکە وتن و ئاشتی و بۆ گفت و گۆکردن دەربارەی بەجێهنانی داخوازیەکانی کورد بەبێ شەڕ و خوێن ڕشتن و بەمە سوڵتان توانی هەردوو براکە هەڵخەلە تێنێ و خزمەکانیان کە لە ئەستەمبوڵدا بوون ڕۆڵێکی گرنگیان بینی لە رازیکردنی ئەو جووتە برایە بۆ ئەوەی لە گەڵ حکومەتدا رێك بکەون وتورکەکان لە سەرەتادا زۆر بەنەرمی لە گەڵیانا دەجولانەوە و خۆیان واپیشان دەدا حکومەت ئامادەیە دەسەلاتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئەمارەتەکە بداتە دەس خۆیان بەلام ئەم هەڵوێستەی حکومەت بۆ خاوکردنەوەو خەلە تاندن و دەس برین بوو هەر کە تورکەکان هەلیان بۆ هەڵ کە وت هەردوکیان گرتن و بەدەستی بەستراو نێردران بۆ ئەستەمبوڵ و خزانە زیندانەوە، پاش ماوەیەك هەردوکیان بەردران بەمەرجێك لە ناو ئەستەمبوڵدا بەدەسبەسەری بمێننەوە و لە ئەستەمبوڵ دوورنەکەونەوە.

دوکتۆر جلیلی جلیل لە لاپەڕە ٥٧ ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦٠ دەربارەی هۆی بەردانی ئەو دوو کوڕەی بدرخان وتوویەتی: هەرچەند بەپێی رەوشت و رەفتاری تورکەکان دەبوایە ئەو دوو برایە هەڵواسرانایە، بەلام حکومەت لەوە ترسا بە کوشتنی ئەوان و لە سێدارەدانیان ببێتە هۆی نارەزایی و ڕاپەرینێکی تر دژی حکومەت بۆ یە هەڵنەواسران.

دوکتۆر جلیلی جلیل لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ١٨ باسی ئەوەی کردوە لە پایزیساڵی ١٨٧٨دا ئاشووب ناوچەکانی مووش و وان و تبلیسی گرتبووەوە، خێلە کانی (موتکانلی) و (راشکۆتانلی) و (سالیکی) چالاکانە بەشداریان کردبوو لەو ڕاپەرینەداو هەروەکو (ئەفریانوف) باسی کردوە ئەو ڕاپەرینە بە

سەرکردایەتی عوسمان بەگ و حسن بەگی جووتە کوڕی بدرخان دەستی پێکردبوو کە هەردوکیان ئەفسەربوون لە ناوسوپای عوسمانیدا.

(جلیلی لە م باسەیدا وتوویەتی ئەو دوو برایە ئەفسەر بوون لە ناو سوپای عوسمانیدا، لام وایە ئەوانە وەکو ئەو خەڵکە ی کۆکرابوونەوەو نێررابوون بۆ غەزا دژی روس بەشداریان کردبوو وەکو دو ئەفسەری ناو سوپا کە هیچ سەرچاوەیەکی تر وەکو جلیلی نەیان وتوە ئەفسەر بوون ویرواش ناکە م لە بدرخانیەکان دوای ئەو شۆڕشەی بدرخان پاشاو یزدان شێر کە کوڕانی بدرخان لە مەشدا هاوکاری یزدان شێر بون، ئیتر عوسمانی چۆن ئەفسەری لە ناو ئەو بنەماله یەدا هێشتۆتەوە تا بەناوی ئەفسەری ناو سوپاوە شەڕ بۆ عوسمانی بکەن؟

جلیلی لە باسی ڕاپەڕینەکە دا وتوویەتی (بۆ تان) لە لایەن ئەودوو برایەوە کرا بە بنکە ی ڕاپەڕینەکە و لە هەرچوارلای ولاتەوە چەکدار ڕوویکردە ئەو بنکە یەو هێزی کورد کرا بە دوویەشەوە و بەپێی نەخشە بڕیار وابوە عوسمان بەگ جزیرە داگیر بکاو ساتێك شۆڕشگێڕەکان ڕوویان کردە جزیرە هێزەکە ی تورك و مووچەخۆرەکانی حکومەت شاریان بەجێ هێشت و ڕوویان کردە (سێرت — سعرت) و جزیرە داگیر کراو دەستیان گرت بەسەر چەك و جبەخانەو ئازووقەی عەمارەکانی حکومەتداو اعلانی سەربەخۆیی کراو عوسمان بەگ نازناوی (میر)ی لە خۆی ناو لە خوطبەی جومعەدا ناوی لە گەڵ ناوی سوڵتانەکاندا دەهات.

بەرامبەر بەوە حکومەت هێزێکی زۆری کۆکردەوەو(١٧) بەتالیۆنی ناردە سەر شۆڕشگێڕەکان و والی بغدادیش بەخوی و(٣) بەتالیۆنەوە لە (سێرت)ەوە ڕوویکردە شارۆچکە ی (دیخ) و داگیری کرد و بەوپەڕی درندەیتیەوە لە گەڵ دانیشتوانیا رەفتاری کرد.

هێزیکی کورد بەسەرکردایەتی (حسێن بەگ) پەلاماری ئەوسێ بەتالیۆنەی داو بەسەریا سەرکە وت و ناچاری کرد خۆی بدا بەدەستەوە.

جلیلی ئاماژەی بۆ لاپەڕە ٢٢٥ ی کتێبەکە ی (ئەفریانۆف)کردوە کە وتوویەتی کوردەکانی ناوچەی هەکاریش کە وتنە خۆیان و ئامادەبون بۆ ئەوەی بچینە پاڵ شۆڕشگێڕەکان.

بەرامبەر بەوە تورکە کان لە (بایبورت)ەوەو لە (ئەرزنجان)ـەوە ڕژانە ناو شاری (موش) بۆ ئەوەی ڕێگە لەوە بگرن ڕاپەڕیوەکانی جزیرە و درسیم دەستیان بگاتە یەکتر و پێکە وە هاوکاری بکە ن.

تورکە کان دەسەلاتێکی زۆریان دا بە (عزت پاشا) بۆ لێدانی کوردە ڕاپەڕیوەکان و لە (شێرنها) کورد تووشی یەکە م نەهامەتی بون و عوسمان پاشای بدرخان ناچارکرا بکشێتە دواوە بۆ جزیرەو هێزەکە ی حسێن بەگی برای ڕوو بەڕووی ئەو هێزەی تورك بوەوە کە لە بدلیسەوە هاتبوون بەلام ئەویش خۆی پێنەگیرلو کشایەوە بۆ جزیرەو لەوێش گەمارۆ دران و ڕاپەڕیوەکان بەناچاری ڕوویانکردە چیا سەختەکان و بەوجۆرە ئەم شۆڕشەش لە ناوبرا، بەلام وەکو خۆئامادەکردنێك وابوو بۆ ڕێخۆشکردن بۆ شۆڕشی شێخ عبدالله ی نهری.

ڕاپەڕینی دوهەم: ڕاپەڕینی درسیم

بێگومان ئەوشۆڕشەی درسیم کە بەر لە شۆڕشەکە ی شێخ عبداللە ی نەهری کرابوو جیاوازە لەوشۆڕشە گەورەیەی تری درسیم کە لە سالانی ١٩٣٧ــ١٩٣٨دا بە سەرۆکایەتی (سەید ڕەزا) دەستی پێکردبوو کە لە بەرگی دوهەمدا بەدوورودرێژ باسی دەکە ین.

ئەم شۆڕشەی لە گەلێ سەرچاوەدا باسکراوەو ئێمەش لێرەدا کورتەی دوو سەرچاوەی گرنگ دەخەینە پێش چاو:

یەکە میان: سەرچاوەی ژمارە ٥٢– جنشهای کورد أز بیرون تا أکنون، کە نووسەرەکە ی (م. کاروخ)ە و لە لاپەڕە ٢٧ی ئەو کتێبەدا باسی ئەو ڕاپەڕینەی درسیمی کردوە چۆن کوردەکان بەرامبەر بەو جەورو ستەمەی(ڕشیدپاشا)ی سەرکردەی هێزەکانی عوسمانی دەربارەی کورد دەیکردو (١٥) هەزار چەکداری دڕو شەڕکە ری لە ناو هێزەکانی سوپای تورکدا هەلبژارد بۆ تێکدانی دانیشتوانی کورد لە درسیم بەوپەڕی دلڕەقیەوە.

علی بەگی کوڕی حسێن بەگ توانی ئەو هێرشەی تورك بوەستێنێ‌و ناچاری بکا بکشێتەوە دواوە، بەلام تورك بەو کشانەوەیە کۆلی نەدا و بۆ داگیر کردنی درسیم دەستیکرد بە فروفێل‌و تەلە کە بازی و لە نامەیەکی قونسولخانەی

ئەرزرۆم باسی ئەوەی تیادا کراوە چۆن (سامی ـــ سامیح پاشـا) هـەوڵێکی زۆری دابوو کوردەکان لە ناو خۆیانا تیك بداو هەندێکیان بکا بە لایەنگری خۆی ٠

سـەختی ناوچەکـە و نـەبوونی ڕێگاویـانی بـاش بـۆ هـاتوچۆکردنی سـوپاو هێزەکانی حکومەت بۆ ناوچـەی درسـیم ڕێگـەی لـەوە گرتبـوو حکومـەت بتوانـێ بەئارەزووی خۆی پەلاماری درسیم بدا لـە بەرئـەوە دەسـتی کرد بەکردنـەوەی جادە لە دیاربکرەوە بـۆ ئـەرزنجان کـە بەناوچـەکانی (یولیومیـدر) خـوزات، ماز گیرت، پالو) دا دەڕۆیشت و خەڵکی ئەوناوچەیەی بـەکرێگرت بـۆ ئیشـکردن لـەو ڕێگاو بانەداو سامی پاشا ئەوەی کردبوو بـە بیـانوو دانیشتوانی درسـیم باجیـان نەدابوو بەحکومەت دەستی کرد بەبڕینی بـاجی سـاڵانە لـە کرێـی ئەوکرێکارانـەو تەنها هەر نان و خواردنی دەدانێ کە ئەمە بوویە هـۆی ئـەوەی ئیشـەکە بەباشـی نـەڕوات لـە گـەڵ ئەوەشـدا (گولیابیبـەگ)ی قائمقـامی درسـیم بـۆ ترسـاندنی کرێکارەکانی چەندکە سێکی لێ دارکاری دەکردن لەوانەی کە خۆیان لە ئیشکردن دوور بخستایەتەوە٠

نووسەری سەرچاوە٥٣ لە لاپەڕە ٢٩دا باسی ئەوەی کردوە چـۆن هـەندێ لـە سـەرکردەکانی کورد بەنـهێنی پیوەندیـان بەروسـەکانەوە کردبـوو، قائمقـامی (حوزات) ئاگاداری ئەوەبوە منصور ئاغا لە ناوچەی (ئەلکسـندر پـول) خـۆی لـە روسـەکان نزیـك کردبـوەوە و داوای لێکردبـون هێزەکانیـان بنـێرن بـۆ درسـیم و تـاقمی (علـی اللاهی ـــ زۆربـەی سـەرچاوەکانی تـر بـەعلوی نـاوی بـردوون) دەستیانکردبوو بە پاڕسانەوە لە خوا کە کورد بە یارمـەتی روس لـە تورکـە کـان رزگاری ببێ (لە باسی ئاینی کوردا مینۆرسکی وتوویەتی قزڵباشەکان علوی لایان وابوە علی شێرە گەورەکە ی خۆی دابوو بە روس بۆ ئەوەی کوردەکان رزگار بکا لە دەس تورك)٠

عوسمانیەکان لە کاتی شەڕی ١٨٧٧-١٨٧٨دا لە گەڵ روسەکان تەقەلایەکی زۆریان دابوو هەستی ئاینیی کورد ببزوێنن دژی روسەکان، بەلام کوردەکـان ئـەو داخوازییەی روسیان پشت گوێ خسـت و بـە پێچەوانـەوە خۆیـان ئامـادەکرد بـۆ ڕاپـەڕینێکی چەکدارانـە، هـەروەکو(پ٠ ی٠ ئۆریـانۆف ــ لــە کتێبەکـە یدا کـە

تەرجمە کراوە بۆ فارسی بەناوی(کردها درجنگ روس باایران وترکیە درجریال قرنی نوزدەهەم) لە روسیەوە وتویەتی:

بەپێی تلگرافێکی سامیع پاشا لە مانگی ئۆکتۆبەری ١٨٧٦دا وتویەتی کوردەکانی موش و بدلیس و وان نە باج و نە سەربازیان ئەدا بە حکومەت و، (بیلوت) ی سەرکونسولی ئینگلیز لە (ترابزون) لە راپۆتێکیا نوسیبوی عەشایرەکانی ناوچەی درسیم کە (٣) هەزار چەکداریان هەیە دەستیانکردوە بە جموجۆل لە ناوچەکانی (توجیك ــ خوت) و هەندیکیش لە سوپای عوسمانی رایانکردبوو چووبونە پالیان و ئەرمەنیەکانیش یارمەتی کوردیان داو تورکە کانیان ناچارکرد ئەو ناوچانە بەجێ بێلن و بەپێی قسەی شەرکەرێکی (توجیك) تورکە کان لە ئەنجامی ئەوەدا دەستیانکرد بە تۆپ بارانی دانیشتوان و خانوەکانیان کاول کردو خەلکە کە ناچاربوون دایانە چیای (توجیك) بۆ شەری پارتیزانی.

نوسەری سەرچاوە ٥٣ ئاماژەی بۆ باسێکی (بیلو تی) کردوە کە لە راپۆتێکیا لە ئۆکتۆبەری ١٨٧٨دا لە (ترابزون)ەوە ناردبووی بۆ (مارکیز سولس) باسی پەلاماردانی ئەحمەد پاشای کردوە بە خۆیو هێزەکە یەوە بۆسەر هێزی عوسمانی کە بریتی بوە لە ٣–٤ گوردان و هەموو بەدیل گیران و چەکە کانیشیان دەستی بەسەردا گیرا.

هەروەکو کتێبەکە ی (میلنگر) کە کراوە بە فارسی بەناوی (زندگی و حشیان مردم کورد چاپی لندن ١٩٧٠ لە لاپەرە ١٥٠ دا وتویەتی هوی سەرکەوتنی کورد ئەوە بووە بە گەورە و بچووك و بەژنوپیاوەوە شەریانکردبوو لە گەل تورکە کانا هەروەکو (میلین) ی موستەشاری ئینگلیزەکان کە کرێ گرتە بوە لە ناو سوپای تورکدا باسی کردوە، شکستی عوسمانیەکان لە ناو چیاکانی درسیمدا تورکە کانی پەرێشانکردبوو. روسەکان دەیانزانی شەر لە نێوان ئەوان و تورکدا دەس پێدەکا بۆیە لە جاران زۆرتر بایەخیان ئەدا بەکوردو لەوروەوە(ن. پ. ئیگناتۆف) ی سەرکونسولی روس لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا، لە ٢٢ی کانونی دوهەمی ١٨٧٦دا داوای لە سەرکردەکانی هێزی روس کردوە لە قەفقاس یارمەتی کورد بدەن و هاوکاریان لە گەلا بکەن بۆ ئەوەی رێگە نەدرێ بە تورك و ئینگلیز

کورد پرچەك بکە ن و بیانکە ن بەلایەنگری خۆیان هەروەکو لە کتێبەکە ی (ئوریاتۆف) لە لاپەڕە ٨٦دا باسی ئەوەی ئیگناتۆفی کردوە.

دەربارەی ئەو شۆڕشەی درسیم دوکتۆر جلیلی جلیل لە سەرچاوە ١٨دا بەدورو درێژ باسیکردوە و لە لاپەڕە ٣٩دا وتوویەتی:

((سامی پاشا (کە سەرچاوەی پێشوو بەسمیح پاشا ناوی هێناوە) دلوای لە قائمقامی (باستیا) کرد کە مەزیەتە بە کوردەکانی ناوچەکە بکاتەوە و تیایدا دلسۆزی خۆیان بۆ سولتان ئاشکرا بکە ن و لەوەرامی ئەوەدا قائمقامی باستیا پـێی ڕادەگەیەنێ ئەرمەنیەکان ئەو مەزیەتانە مۆرناکە ن و باجیش نادەن و ساتێك حکومەت کە وتە زەبرو زەنگ نواندن بۆ سەندنی باج لە کوردەکان، دانیشتوانی ئەرزرۆم و قارص‌وبایزیدو موش تەواو وورووژان و دەربارەی ئەوە(ئوبیر میللەر) لە نامەکە یا بۆ (ن. پ. ئیلیاتۆف) لە مارتی ١٨٧٣دا باسی ئەوەی کردوە چۆن (ئیسماعیل پاشا) کە لە کوردەکانی قارص بوە، بەلاّم تا مۆخی ئێسکە کانی خۆی فرۆشتبوو بە سولتان، بەوپەڕی درندەیەتیەوە لەگەلّ هاونەتەوەکەی خۆیدا ڕەفتاری دەکرد، بەلاّم بارودۆخ لە جاران خراپتری لێ هات و (ئەسەد پاشا)ی صدری ئەعظم ناچار بوو سامی پاشا لاباو لە جیاتی ئەو (مصطفی فوسفور)ی دانا کە ئەمەیان لەوی پیشوو بێدەسەلاّتتر بوو ترسنۆکیش بوو نەیتوانی چارەسەری کیشەکە بکاو کوردەکانی (کیلیکیا) و (زەیتوونی) یەکیان گرت و ئەرمەنیەکانی (زەیتونی)یش لە سالّی ١٨٧٥دا دژی حکومەت ڕاپەڕین و لەولاشەوە کوردەکانی(ئەلبیستان) و (ئاجینی) و چەند شوێنێکی تر هەستان و دەستیاندایە چەك دژی حکومەت و بەوجۆرە کوردو ئەرمەنی هەردوکیان بەرەنگاری حکومەت بونەوە و حکومەت چارەسەری کیشەکە ی پێ نەکرا بە شەڕو هەروەکو (ئەفریاتۆف) لە لاپەڕە ٥ ی کتێبەکەیدا باسی کردوە قونسولّی روس لە ئەرزرۆم لە نامەیەکیا بۆ قونسولّی روس لە ئەستەمبولّ باسی ئەوەی کردوە تورکە کان توانیبویان کوردەکان بکەن بەدوو بەشەوەو ئەوانەیان کە دەستیان خستبوە دەس حکومەتەوە بە میللەت فرۆش ناودەبران بڕیاری کوشتنی ئەو دەرەبەگانە دەرچوو کە یەکێك لەوانە (گولاوی بەگ) ی قائمقامی درسیم بوو کوژراو (شێخ سلێمان)ی سەرداری درسیمی مرکزی سەری بۆ

حکومەت دانەنەواندو هێزە چەکدارەکانی کە ژمارەیان (١٢) هەزار دەبوو دابەشیکردن بەسەر بنکە و پێنج قەڵادا. ساتێك تورکەکان دەستیانکرد بەخۆئامادەکردن بۆ لێدانی ئینگلیزەکان لەوە ترسابون روسەکان کارێکی وابکەن دەس بخەنە ناو کاروباری ناوچە کوردیەکانەوە.

دەربارەی ئەو هەڵوێستە هەروەکو دوکتۆر جلیلی جلیل باسی کردوە(ئیلوت) ی قونسوڵی بریتانیا لە ئەستەمبوڵ داوای لە قونسوڵی خۆیان کردبوو لە ئەرزرۆم گەشتێك بەناو کوردستانا بکاو زانیاریەکی تەواو دەربارەی هێزو دەسەڵاتی کورد کۆبکاتەوە و هەوڵ بدا بەپارەو دیاری کوردەکان لە روس دور بخاتەوەو کارێکی واش بکا ئەرمەنیەکانیش دژی حکومەتی عوسمانی نەجوڵێنەوە، بەڵام تەقەلاکانی ئینگلیز لەو ڕوەوە بێسوود بوو چونکە تورکەکان خۆشیان لە چالاکیەکانی ئینگلیز دەسلە مینەوە لەو ناوچانەدا. بەرامبەر بەو چالاکی و تەقەلادانەی ئینگلیزەکان، روسەکانیش دەیان ویست کوردەکان بکەن بە لایەنگری خۆیان. جلیلی لە باسەکەیدا ئاماژەی بۆ لاپەڕە ٩٦ی کتێبەکەی ئەڤریانۆف کردوە کە بە گەورە دەسەلاتدارەکەی کورد (نەی وتوە ئەویەگە کێ بوە) کە بوو بە لایەنگری حکومەت توانیبوی (٢٥) هەزار چەکدار بۆ حکومەت کۆبکاتەوە، بەڵام ئەو کوردە بەپێچەوانەی ئاواتەکانی حکومەت، بوو بە هاوکاری کوردەکانی ترو رێگاکانی قارص، توکاناو، سیواس و ئەرزرۆمی گرت و رێگەی هاتوچۆی عوسمانیەکانی بڕی. (بیلوت)ی یاریدەدەری قونسوڵی ئینگلیز لە (ترابزون)، لەگەڵ ئەو هەموو ڕق و دوژمنایەتیەی بەرامبەر بەکوردەکانی درسیم هەیبوو کە چی لە نامەیەکیا خۆی پێ نەگیرابوو دانی بەوەدا نابوو کوردەکانی درسیم بەنیازی سەربەخۆیی ڕاپەڕیون لە بەر ئەوە شتێکی ناڕەوایە جموجوڵ و ڕاپەرینەکە یان بەجەردەیی و ڕاوو رووتکردن لە قەڵەم بدریت.

دەربارەی ڕووبەڕووبونەوەی حکومەت و شۆڕشگێڕەکانی درسیم، جلیلی ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (ئەندرانیك) کردوە کە ناوی (ترسیم) بووە لەوەدا وتراوە ساتێك تورکە کان پەلاماری گوندەکانی بناری شاخەکانی (تووزێك) و (هوت)یاندا دانیشتوەکانی بەخۆیان و کە لەوپەلیانەوە ڕوویانکردە سەرشاخی توزێك و لەوێ شەڕێکی سێ ڕۆژی کرا و کوردەکانی (خرانی) و ئەرمەنیەکانی (میراکا)

یارمەتی‌یان دان‌و هێزی کوردو ئەرمەنی هێزەکە ی حکومەتیان ناچارکرد دۆڵی(باخ) بەجێ بێڵێ و گەلێك گۆرانی و فۆلکلۆر دەربارەی ئەو شەڕە بەناو خەلکدا بلاو بوەوە، بەلام دوای شەڕێکی تری (١٥) رۆژی تورکە کان دەستیان کرد بەتۆپ باران‌و رێگەی ئاوی خوارنەوەسیان لە کورد گرت و (توژیك) یان گرتەوەو بەوپەڕی درندەیەتیەوە پەلاماری دانیشتوای گوندەکانیان دا.

پاش ئەوو هەرچەند تورکە کان لە شەڕێکی تردا لە دۆڵی (مەنزوور) خراپ شکابوون، بەلام عوسمانیەکان وازیان نەهیناو درسیمیان داگیر کرد.

شۆڕشی پێنجەم

شـۆڕشی شێخ عبدالله ی‌نهری (شـمزینی)

هەروەکو لە پێشەکیی باسی شۆڕشەکانا لەوە دواین نووسینێکی تێرو تەسەلی دەربارەی هەریەکێك لە شۆڕشە گەورەکانی باکوور باسێکی زۆر دوورودرێژەو هەریەکە یان پێویستی بەکتێبی تایبەتی هەیە، بۆیە لە سنوری بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا هەوڵ ئەدەین کورتە باسێکی شۆڕشەکە ی شێخ عبیدالله بخەینە بەرچاو بەپێی ئەو سەرچاوانەی دەربارەیان نوسیوە.

بۆ زانینی ساڵی لە دایك بونی شێخ عبید الله وتەمەنی شێخ عبیدالله زۆرم هەوڵدا لە سەرچاوەکانا زانیاریەکی موسوەگەرو راستم دەسگیر ببیت دەربارەی ساڵی لە دایك بونی و ساڵی کۆچی دوایی، بەلام بەداخەوە لە کتێبەکە ی (کریس کوچرا) بەولاوە سەرچاوەیەکی ترم نەدی باسی ئەوەی کردبێ‌و کریس کوچرا لە لاپەڕە ٤٩ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤١وتوویەتی شێخ عبیدالله ساڵی ١٨٣٠ زایین لە دایك بوە کە ئەمەش جێگەی گومانە چونکە بەپێی کتێبەکەی دوکتۆر عزیز شمزینی سەرچاوە ٤١ لە لاپەڕە ٦١ دا وتوویەتی شێخ عبیدالله لە ساڵی ١٨٨٨ ی‌زایندا کۆچی دوایی کردوە کە بەپێی ئەوەی کریس کوچراو ئەمەی دوکتۆر عزیز دەبێ ژیانی شێخ عبیدالله هەمووی بریتی بووبێ لە ١٨٨٨-١٨٣٠=٥٨ ساڵ کە هیچ بروا ناکرێ شێخ عبیدالله تەمەنی ئەوەندە کە م بووبیت

لەوەش سەیر تر ئەوەیە کریس کوچرا لە لاپەڕە ٥١ ی کتێبەکەیدا وتوویەتی: ((پاش چل ساڵ دوورکـە وتنـەوەی شێخ عبیـدالله لـە سـاڵی ١٨٨٣دا لـە شـاری (مکە) کۆچی دوایی کردوە)).

کـە ئەمـەش هیچی بەسـەر هیچەوە نیـە و جگـە لـەوەی دوکتـۆر شمزینـی وتوویەتی لە ساڵی ١٨٨٨دا کۆچی دوایی کردوە ئەمین زەکیش لە لاپەڕە ٢٤٤ی بـەرگی یەکـەمی کتێبەکـەیدا سـەرچاوە ٣٢ وتوویـەتی شێخ عبیدالله لـە سـاڵی ١٨٨٣دا وازی لە شەرەکەی هێناوە(کە کریس کوچـرا سـاڵی واز لێ هێنانەکـە ی بەسـاڵی کۆچکردنـی دانـاوە)و هـەروەکو عزیـز شمزینـی باسـی کـردوە دوای ئاوارەکردنی بۆ مکە لە ساڵی ١٨٨٨دا کۆچی دوایی کردوە بەپێی ئەمەی ئـەمین زەکی و عزیز شمزینی دەبێ شـێخ عبیـدالله تەنـها ٤-٥ سـاڵێك بـە ئـاوارەیی لـە شاری (مکە) دا بووبێ نەك ماوەی چل ساڵ وەکو کریس کوچرا باسی کردوە.

لـە لاپـەڕە ١١١ی کتێبەکـە ی سمکـۆو بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد چـاپی ستۆکهۆڵم سـاڵی ١٩٩٦ کـە کورتـە باسـێکی ژیـانی شـێخ عبیـدالله و شـجرەی بنەماڵەی شێخانی نهری(شمزینی)م باسکردوە بۆیە پێویسـت بـەوە ناکـا لـێرەدا ئەوشەجەرەیە دووبارە بکە مەوە

بێجگە لەوە لە هەمان کتێبی سمکۆدا وەکو چۆن باسی شۆڕشەکە ی بدرخان پاشا لە کوردستانی ئێراندا کرابوو لە م بەرگەدا پیویست بـە دوو بارەکردنـەوەی نـەبوو، لـە م بەرگەشـدا پێویسـت بەشۆڕشـەکە ی شـێخ عبیـدالله ناکـا دوبـارەی بکەمەوە کە لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا کردبووی چونکە لـەوەی سمکـۆدا بـەدورو درێژ باسم کردوە تەنها لەم بەرگەدا باسی ڕاپەڕین و شۆڕشەکە ی شێخ عبیـدالله دەکە ین لە باکوری کوردستاندا و باسەکە دەکە ین بەم چەند بەشەی خوارەوە:

یەکەم: ژیانی شێخ عبیدالله و بنەماڵە کەی.

دوهـەم: هەڵوێسـت لـە بـاکوری کوردسـتاندا بەرلـە شۆڕشـەکە و لـە کـاتی شۆڕشەکەشدا.

سێهەم: ئاما نجە سەرەکیەکانی شێخ عبیدالله و نەخشەی پرۆگرامەکانی

١- هەولدان بۆ یەکگرتنی کوردو پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ

٢- پیوەندی کورد و کریستیانەکان و ڕۆڵی شێخ عبیدالله لەوەدا

٣- دبلۆماسیەتی شێخ عبیدالله و هەوڵدانی بۆ بەهێزکردنی پێوەندی لەگەڵ ولاّتاندا

چوارەم: چۆنیەتی دەسپێکردنی شۆڕش لە باکوری کوردستاندا و ئەنجامەکەی

١- گەڕانەوەی هێزە شکاوەکەی شێخ عبیداللە لە کوردستانی ڕۆژهەلاتەوە(ئێران).

٢- شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە لە باکوری کوردستانو ئەنجامەکەی

٣- هەلسەنگاندنی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە.

یەکەم: ژیانی شێخ عبیداللە و بنەماڵەی شێخانی شمزینی

شێخ عبیداللە کوڕی شێخ طە بـوەو بێجگـە لـەوە لـە ژیانیـا سـەرۆکی نقشبندییەکان بوە، لـە هـەمان کاتدا یـەکێکیش بوە لـە دەرەبەگـە گـەورە و دەسـەلاتدارەکانی ئـەو ڕۆژانـەو موڵـك و زەوی و زارێکـی زۆری لـە باوکیـەوە بـۆ مابوەوەو خویشـی بە هـۆی پـارەداری و کاسبی و بازرگـانی کڕین و فرۆشتنو کشتوکاڵ کردنـەوە توانیبـووی موڵکێکـی زۆری تـر بخاتــە سـەر موڵکــەکانی، بەتایبەتی لەوڕۆژانەدا حکومـەتی عوسمـانی کـە وتبوە ژێربـاری قـەرزێکی زۆری دەوڵەتانی ڕۆژئاواو ناچار بوو و بەشێکی زۆری موڵك و زەوی و زارەکـانی میری بەنرخێکی هەرزان بفرۆشێت بۆ دانەوەی ئەو قەرزانـەو بـەهۆی ئـەوە نـەك تەنها هەر شێخ عبیداللە بەلکو ژمارەیەکی زۆری تری دەرەبەگ و دەسەلاتدارانی تر لـە نـاو ولاتـی عوسمـانیدا لـەو جـۆرە موڵـك و زەویو زارانــەیان کڕیبــوو سـنووری دەسەلاتیان پەرەی پێدرابوو.

جلیلی جلیل لە لاپەڕە ٨٠ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ١٨ باسـی ئـەوەی کـردوە ژمارەی گوندەکـانی شـێخ عبیـداللە نزیکـی (٢٠٠)گونـد بـوەو دەسـەلاتی ئـاینیو سیاسیی بەشێوەیەکی ئەوتۆ پـەرەی سـەندبوو هـەندێ لـە دەرەبەگـەکانی تـری کـوردی دراوسـێی کـە وتبونـــە بەریــەرەکانیکردنی و پڕۆپاگاندەیـان دژی بـلاو دەکـردەوە و یـەکێکی وەکـو شـێخ محمـدە بچکۆلـە کـە ئــەویش دەرەبــەگیکی دەسرۆیو بوە بەناوخـەلکدا بـلاوی کردبـوەوە کـە شـێخەکانی شمزیـن لـە ئـاینی ئیسلام لایان داوە.

شێخانی شمزینی کە لە سەر ڕێبازی نقشبندی بون، چ لە ناو کوردەواریداو چ لەلای کاربەدەستانی حکومەتی عوسمانی ڕێزکی زۆریان لێگیراوەو پشتاوپشت تا شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٥ کـە شـێخ عبدالقـادری کـوڕی شـێخ عبیـداللە بـەتاوانی

ئەوەی دەستی هەبوە لە شۆڕشەکە ی شێخ سعیداو لە ئەنجامیا شێخ عبدالقادریش شەهیدکراوە، ئەو بنەماڵە یە لە ڕیزی تێکوشەرانی کوردابون دژی جەورو ستەمی داگیرکە رانی کوردستان، هەرچەند هەستی نەتەوایەتی لە ناویانا زۆر پابەندی ئیسلام بوەو خەلیفەی عوسمانییان بەخەلیفەی هەموو ئیسلام داناوە و لایان ئاسان نەبوە هەستی نەتەوایەتی وایان لیٚ بکا بیر لە جیا بونەوە بکە نەوە لە دەولە تی عوسمانی تا ئەوکاتەی بۆ یان دەرکە وت خلیفەکانی عوسمانی لە ڕاستە ڕێگەی ئاینی ئیسلام لایان دابوو هەموو شتێکیان بۆ سوودی خۆیان و ڕابواردنی خۆیان و دارو دەستەکانیان بوە ئەوسا ئەوانیش چوونە ریزی ئەوانەی ماوەیەك بوو لەوە رژیمە دزێوەی خلافەتی عوسمانی بێزار بوون و لە گەڵ ئەوانا ئالای شۆڕشیان هەڵگرتو بوونە پێشەوای شۆڕشگێرەکان.

دەربارەی ئەو هەڵوێستەی بنەماڵە ی شمزینی بۆ جیانەبوونەوە لە خەلافەتی عوسمانی زیانێکی زۆری بە بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد گەیاند بەتایبەتی لە کاتی پەیمانی سیڤەرو لە دوای ئەویش و بوو بەهۆی تێکچونی ریزەکانی ئەوان و ڕۆشنبیرانی تری ئەوڕۆژانە، بەتایبەتی بنەماڵە ی بدرخانیەکان کە ماوەیەك بوو ئالای سەربەخۆیی کوردیان بەرز کردبوەوە وەکو لە بەرگی دوهەمی ئەم کتێبەدا بەدوورودرێژ باسی ئەوە دەکەین. هەرچۆنێك بوبێ لە ئەنجاما جەوروستەمی کاربەدەستانی تورك هەموویانی ناچارکرد لە گەڵ یەکتردا ببن بە هاوکار هەرچەند تازە کار لە کار ترازابوو و ناکۆکیی نێوانیان کە تنی خۆی کردبوو.

دەربارەی شەخصیەتی ئاینی و سیاسی (شێخ عبیداللە) دوکتۆر جلیلی جلیل لە سەرچاوە ١٨دا باسی ئەوەی کردوە چۆن شێخ عبیداللە نەك هەرلە ناو کوردی باکوردا، بەڵکو لەو دیو قفقاسیشدا ڕێزی لیٚ گیراوە و لە کوردستانی ئێرانیشدا وەکو سەرکردەیەکی پایەبەرزی کورد تەماشا کراوە.

لەوراپۆرتەی (correspondence) ی ڕۆژی ٨ ی تەموزی ساڵی ١٨٨١ بلاوکراوەتەوە وتوویەتی: شێخ عبیداللە ئیستە هەموو ڕۆژێك دەیان کەس دەبینیت و وەکو جاران نەماوە و لە پیاوەکە ی جاران ناچێ کە ئەوسا کریستیانەکانی ناو وڵاتی ئێران و عوسمانی دیبوویان.

جلیلی له باسه‌که‌یدا باسی ئه‌وه‌ی کردوه که شێخ عبیدالله ده‌ستوورێکی بۆ خه‌ڵك دانابوو، هه‌رکه سێك خراپه‌ی بکردایه به پێی ئه‌و یاسایه سزا ئه‌دراو دادپه‌روه‌ریی شێخ وین هه‌وایی و ساده‌یی وای له خه‌ڵك کردبوو به‌وپه‌ڕی رێزه‌وه سه‌یریان ده‌کردو ئه‌ویش وه‌کو مرۆڤیکی پیاك ره‌فتاری ده‌کرو ده‌وروپشته‌که شی هه‌مان رێبازیان گرتبوه‌به‌رو مروڤێکی رۆشنبیر بوه حه‌زی به بڵاوبوه‌نه‌وه‌ی شارستانێتی کردوه‌و دژی هه‌موو ده‌سدرێژی‌و جه‌رده‌ییه‌ك وه‌ستاوه و حه‌زی کردوه میلله‌ته‌که‌ی له پله‌یه‌کی پێشکه وتوودا بژی و لای هه‌زار و ڕووته‌کان پشت و په‌نایان بوه‌و له هه‌موو لایه‌که‌وه ڕوویان تێ کردوه و خه‌ڵك به (باوك) ناویان ده‌برد و ناوه‌که ی ببوو به دروشمی خۆشه‌ویستی و که ناوی ده‌هێنرا خه‌ڵك به‌رزه‌پێ له شوێنی خۆیان ڕاست ده‌بوونه‌وه .

ده‌رباره‌ی ره‌وشتی (شێخ عبیدالله) دوکتۆر جلیلی ئاماژه‌ی بۆ باسی ئه‌رمه‌نیه‌ك کردوه که ناوی (مووج) بوه له لاپه‌ره (٦١-٦٢)ی کتێبه‌که‌یدا چاپی ساڵی ١٩٠٦ وتوویه‌تی: شێخ مرۆڤێکی چاك بوو له ئیشکردندا ماندوو نه‌ده‌بوو به‌رامبه‌ر هه‌ژارو هه‌تیوو لێقه‌وماوان و بێکه س زۆر باش بوو کێشه‌ی نێوان خه‌لکی چاره‌سه‌ر ده‌کرد.

جلیلی ئاماژه‌ی بۆ کتێبی نوسه‌رێکی تر کردوه (G. wilson) له کتێبه‌که‌یدا (Prsain life) له لاپه‌ره ١١ دا وتویه‌تی: خه‌ڵك له دوای سوڵتان و شه‌ریفی (مکه) ئه‌ویان به‌پیرۆزترین که س داده‌ناو ئاماده‌بوون وه‌کو نێرراوێکی لای یزدانه‌وه بێ سێ و دوو دوای بکه ون و کریستیانه‌کانیش زۆر رێزیان لێ ده‌گرت.

دوهەم: هەڵوێست لە باکووری کوردستاندا بەر لە شۆڕش و پاش شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە

لە گەڵ ئەو هەموو زەبرو زەنگ و ستەمکارییەی کاربەدەستانی تورک بەرامبەر کورد نواندیان لە دوای ڕاپەڕینەکە ی یزدان شێر، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا چەند هۆیەکی کاریگەری وای لە کورد کردبوو بێدەنگ و دەستەپاچە نەوەستیّو ڕووداوەکانی دوای دوای یزدان شێر زەمینەیان بۆ بەرپابوونی شۆڕشێکی گەورەی کورد خۆشکرد دژی حکومەت بەسەکردایەتی شێخ عبیداللە.

گەلێك سەرچاوە بەدورودرێژ باسی ئەوڕۆژانەیان کردوە و لێرەدا کورتەی سێ باس دەکە ین کە هەریەکە یان باسی چمکێکی هەڵوێستو ڕوداوەکانی باکوری کوردستانیان کردوە.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە ٢٤١ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٣٢دا باسی باروبۆخی حکومەتی عوسمانی کردوە چۆن لەوڕۆژانەدا کزو کە م دەسەلات بوە و لە ڕووخاندنەوە نزیك بوە و ئەو دەسەلاتەی جارانی نەمابوو کە توانیبوی شۆڕشەکە ی محمد پاشای رواندوزو بدرخانی پێ دامرکاندبوەوە و دەسەلاتی شێخ عبیداللە پەرەی سەندبوو، دانیشتوانی ناوچەکانی شمزینانیان دڵسۆزترین و پاکترین لایەنگرانی شێخ بون و ئامادەبوون سەروماڵیان لە پێناوی بزوتنەوەکەیدا بەخت بکەنو، ئازایەتیو چاونەترسانیان لەوەی سەردەمی باوو باپیرانیان کەمتر نەبوو کە لە لاپەڕەکانی مێژودا بەناوی نەوەی (نایری)یەوە تۆمار کراوەو تەنها بانگەوازێك لە شێخەوە بەس بوە بۆ ئەوەی هەموویان خۆیان بهاوێژنە ناو هەموو گێژاوێکە وە بەبێ سڵ کردنەوە.

بەوجۆرە مریدو لایەنگرانی شێخ وەکو لافاو لە ساتی شۆڕشەکەیدا لە کوردستانی ئێران ڕوویانکردە ناوچەی (ورمیە) و (موکری- سابلاخ) و بەئاسانی ناوچەی موکریانیان داگیر کرد و پایتەختی شیعەکان کە (تەورێز) بوو کە وتە مەترسیەوە.

کتێبی جنبشهای کورد أز بیرون تا آکنون سەرچاوە ٥٣ لە لاپەڕە ٣٦ باسی کزبوونی دەسەلاتی دەولە تی عوسمانی کردوە دوای شەڕی روس و تورك کە باری ئابووریی وڵاتی بەجۆرێك کز کردبوو کە حکومەت بۆی چارەسەر نەدەکرا و

ئەو باج و سەرانە زۆرەش کە حکومەت بەزۆر لە خەڵکی دەسەند ئەوەندەی تر خەڵکی بێزار کردبوو، برسێتی لە نێوان ساڵانی ١٨٧٨–١٨٨٠دا گەیشتبوە ڕادەیەك ئیتر کەس لە توانایدا نەمابوو بێدەنگ دانیشێ و دژایەتی حکومەت نەکاو ڕۆژنامەی تایمسی لندن لە ژمارەی ڕۆژی ٥ مارس ١٨٨٠دا لە باسی ئەوڕۆژانەدا وتوویەتی:

((هەژاری وبرسێتی و گرانی لە ناوچەکانی دیاریکرو موصڵدا گەیشتبوە ڕادەیەك و بەجۆرێك دانیشتوان لە لایەن کاربەدەستانی حکومەتەوە ڕووت دەکرانەوە خەڵك ئەوەندەی بۆ نەدەمایەوە بەشی ژیانی ڕۆژانەی بکاو لە شوینیکی وەکو ناوچەکانی هەکاریدا نزیکە ی بیست هەزار کە سیان لێ مردن)).

هەروەها ڕۆژنامەی (مشاك) ی ئەرمەنی لە ژمارە ٨٤ی ساڵی ١٨٨٠دا باسی ئەوەی کردوە چۆن بەهەزاران لە دانیشتوان لەبەر برسێتی و نەبوونی ناچار بون شوێنەکانی خۆیان بەجێ بێڵن و دەستیان بۆ ڕوسەکان پان دەکردەوە بۆ ئەوەی پاروە نانێکیان لەوانە دەسگیر بێت و ئەوانەی بەچیاکانی ئاراراتدا ڕۆیشتون بە چاوی خۆیان بە سەدان برسی و مردویان لەو ڕێگاو بانانەدا دی و لە برسا دەمردن و سەرەڕای ئەوە بێ بارانیش بوبوو بەهۆی کە مبوونی بەرهەمی کشتوکاڵ و بەجارێك ئاسایش شیرازەی تێکچوو بوو. ئا لەو بارو دوخەدا شێخ عبیدالله کە ئاگاداری هەڵوێست بوو بەئاشکرا کەوتە خۆی بۆ بزووتنەوەیەك کە عەرەبەکانی ویلایەتی بغدادیش ئامادەیی خۆیان دەربریبوو بۆ شێخ بەمەرجێك ویلایەتی موصڵیان بۆ ڕزگار بکات. دوکتۆر جلیلی کە کتێبەکە ی سەرچاوە ١٨ سەرومڕ بۆ ئەو شۆڕشەی شێخ عبیدالله تەرخان کردوە بەناوی ڕاپەڕینی کوردەکان لە ساڵی ١٨٨٠دا لە باسی هەڵویستی ئەو ڕۆژانەدا بۆ چۆنێتی سەندنی باج لە کورد لە لاپەڕە ٢٠٦ی کتێبەکەیدا ئامازەی بۆ ڕاپۆرتێکی قونسوڵی ڕوس کردەوە لە ئەرزڕۆم کە ناردبووی بۆ باڵیۆزی ڕوس لە ئەستەمبوڵ ژمارەی ڕاپۆرت ١٢٤ ڕۆژی ٢٥ /٦ /١٨٧٢ وتوویەتی:

((لە ماوەی گەشتەکەمدا بەویلایەتی ئەرزڕۆم، لەناو گوندو شارەکانا، لە نزیکە وە چاوم بەدانیشتوان و باری ژیانیان کە وت چون لە لایەن حکومەتەوە بەزۆرەملێ دەکران بە سەرباز. دەمەوێ بۆ تان ڕوون بکەمەوە خەڵك لە ژێر باری

گرانی سەرانە و باجدا دەناڵێنن و باجگرەکان بەوپەڕی بێ ویژدانیەوە بەئارەزوی خۆیان باج دەسێنن و میللە تی بێ دەسەلاتیش مل کە چ ئەکا بـۆ باجگرەکـان و مانگێك لە مەوبەر بڕیاردرا موتەسەڕیفی ناوچەکانی قارص و بایزیدو وان و مووش لابرێن و هی تازە دابنرین کـە لام وایـە تازەکـان لـە کۆنـەکان باشـترو بـەویژدان ترنابن و موسڵمانە ڕەش‌و رووتەکان‌و کاثولیك و نسطوریەکان لایان وایە لابردنـی ئەوانە بەهۆی فشاری ڕووسەوە بوە بۆ ئەوەی باری خەڵك باش بکرێت.

لەو ڕاپۆرتەدا بەدوورودرێژ باسـی جـۆرو ڕادەی ئـەو باجانـەی کـردوە کـە لـەو ڕۆژانەدا دەسێنران کە بریتی بون لە:

١ـ باجی دەیەك: بریتی بـوە لـەو باجـەی لـە هـەموو بەرهـەمی زەوی وزار و کشت‌وکاڵ دەسێنراو حکومەت هەر جارەی بیانویـەك ئەدۆزێتـەوە بـۆ زۆرکردنـی ڕادەی باج لە ١٠٪ بۆ ١٥٪.

ئەگەر جوتیارێك هەشت عارەبانە پووش کۆبکاتەوە دەبێ عارەبانەیـەکی بدا بەحکومەت و ئەگەر پووشەکە ی نەدا پێویستە(٣٠پێسە)بداو لـە سـالاتی١٨٦٥-١٨٦٦دا حکومـەت هـەموو سـاڵێك نزیکـەی (١٢٤٤١٠) لـیرەی ئاڵتونیـان لـە دانیشتوان کۆ دەکردەوە کە چی ساڵی دوای ئەوە لە گـەڵ ئەوەشدا ڕادەی باج کرابوو بەلە ١٥٪ کە چی بەشەڕەشەق توانرا (١٥٢٩٠٠) لیرە کۆبکرێتەوە.

٢ـ باجی ئەملاك: بریتی بوە لە باجی زەوی‌وزاری چاندراوو خـانوو بـەرەو لـەوەڕگاو بـاجی خـانووی ناوشـارەکان بێجگـە لـە سـەندنی بـاجی جـووت و گـاو مەڕومالات و خوری‌و توتن و گومرگ و باجی ڕاوەماسی و کە لوپەلی بازرگانی.

دوای ئـەو دووباجـە، ڕاپۆرتەکـە چۆتـە سـەر باسـی سـەندنی بـاجی سـەرباز وەرگرتن و حکومەت بۆ هەر گوندێك ژمارەیەکی دەسنیشان کردبـوو کـە بـبن بـە سەربازو ئەوی سەربازیی نەکردایە دەبوو لە نێوان (٢١-٣٢ پێسە) بـداو زۆرجـار باج لەو مندالانەش دەسێنرا کە هێشتا لە زگی دایکیانا بون‌و ساتێك حکومـەت داوای ئـەو باجانـەی لـە ئەرمەنیـەکان دەکـرد، ژنەئەرمەنیـەکان بەزەبیتـەکانیان دەووت: کچمان بوە.... کوڕمان نەبوە.

جلیلی لە لاپەڕە ٢٤٤دا نمونەیەکی سەیرتری هێناوەتـەوە بـۆ چۆنیـەتی بـاج سەندن کە لە ساڵی ١٨٧١دا ئەحمەدبەگی موتەسەریفی (مـوش) بەناوی (بـاجی

مەنفەعـە) وە (١٠٠هـەزار پێسـە) ی کۆکردبـوەوە،لـەوە (٨٠) هـەزاری بۆ خـۆی هەڵگرتبوو، دەهەزاری درابوویە (بطـرس ئارامیـان) ی خەزنـەدارو دەهەزارەکـەی تریش تەرخان کرابوو بۆ مووچەی کاریەدەستانی حکومەت، هەروەکو لە راپۆرتی ژمارە ١٠٨٣ی ئەرشـیفی گشـتی حکومـەتی روسـیای سـاڵی ١٨٧٢دا باسـیکراوە حکومەت تێرخواردنی نەبوە لە سەندنی باج.

جلیلی دوای ئەوە چۆتە سەرباسی هەڵوێستی ئـەو رۆژانـە لـە ئـەنجامی ئـەو شەرەی لە نێوان تورك و روسیادا دەستی پیکردبوو حکومەتی عوسمانی بـەناوی غەزاوە داوایان کردبوو لـە خـەڵك بەشداری بکـە ن لەوغەزایـەداو شـێخ عبیداللـە وەکـو سـەرۆکێکی ئـاینی کـورد نـەیتوانیبوو دوورەپـەرێز بوەسـتیٚو ناچـار بـوو بەخۆیو(٣٠٠)چەکدارەوە لـە مریدەکـانی روویکـردە سـنووری روسـیا، بـەڵام لـە راستیدا ئەو کارەی شێخ بۆ مەبەستێکی سیاسی بوو، چاوەڕوانی ئەوەی دەکـرد سوود لە ئـەنجامی ئـەو شـەڕە وەربگـرێ و هـەوڵی ئـەوە بـدا لـەو شـەڕەدا ببـێ بەسەرکردەی ئەو کوردانەی بـەناوی غـەزاوە کۆبونـەوە، هـەتا بتوانـێ لـە کـاتی خۆیدا ئەو هێزە بـۆ خزمـەتی کـورد بـەکاربێنێ.ئەوسـوپایانەی تـورك و ئەوانـەی بەناوی غەزاوە کۆکرابوونەوە پێویستییان بـەخواردن و ئازوقـە هـەبوە و بـۆ ئـەو مەبەسـتە عوسمانیـەکان کوردەکـانی ناوچـەی(بـایزید)یـان ناچـارکردبوو هـەموو جـۆرە سـەرانەو بـاجێك بدەن و خواردەمـەنییش بـۆ هێزەکـان ئامادەبکـە ن و لەونامەیەدا (لیوتینانت تیرگاسون) بۆ (لوریـس میلیکـۆف)ی نـاردبوو دەربـارەی ئەو شەرە وتوویەتی هەموو مـاڵێك لەوناوچانـەدا دەبوایـە دوویـەران و بەکێشـەی باطمان (١٦ف) رۆنو دووجـووت گۆرەویـی خـوری بـدەن و ئـەو ماڵـە ی ئـەوەی نەبوایە دەبوو بەپارە نرخی ئـەو شـتانەی بدایـە وەکـو (ئـەڤریانۆف) لـە لاپـەڕە ١٧٦ی کتێبەکەیدا (کوردەکان لە شەڕی روسیا) دا باسی کردوە.

دەربارەی نەبوونی مانگانەی سـەربازەکان، جلیلـی ئامـاژەی بـۆ کتێبەکـە ی (س. ئوـ کشمیشـۆف) کـردوە(جـەنگی ئەرمـەنیاو تورکیـا لـە سـاڵانی ١٨٧٧ـ ١٨٧٨ چاپی مۆسکۆ ساڵی ١٨٨٤دا وتویەتی لە بەرنەبوونی پـارە بـۆ مانگانـەی سەربازەکان حکومەت بەناوی قـەرزەوە پارەی لـە خـەڵك سـەندوە کـە ئەمـەش بارێکی تر بوە بەسەرشانی خەڵکە وە.

کورد حەزی نەکردوە لەوشەڕەی تورك و روسدا بەشداریێ و هەرکە سە دەرفەتی هەبوایە کۆڕی شەڕی بەجێ دەهێشت و لەو ڕووەوە(فایق پاشا) لە تەلگرافێکیا کە لە تەموزی ۱۸۷۷دا ناردبووی بۆ (موختارپاشا) ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو کوردەکانی سەر بە شێخ عبیداللە بەهۆی کە میی ئازوقەو نەبوونی چادرەوە بەتەمای ئەوەن بلاوەی لێ بکەن و چەکە کۆنەکانیان دابنێن و چەکی تازە لەگەڵ خۆیانا ببەن و ڕابکەن. زۆری پێنەچوو دەستە دەستە کوردەکان وازیان لە شەڕ هێنا و هەروەکو (ئەفریانۆف) باسیکردوە لە لای (بایزید)ەوە (۱۵۰۰) چەکدار وازیان هێنا جگە لە چەند کەسێکی تر لە ناوچەکانی تردا.

لە ڕۆژانی ئابلۆقەدانی قەلآی (بایزید) داو لەو(٥) هەزار چەکدارەی لای شێخ عبیدالله تەنها(١٤٤٣) چەکدار مابوونەوە، ئەمە وای لە شێخ کرد ئەویش واز لە (بایزید) بێنێت و بگەڕێتەوە بۆ (بارگێر). سەرکەوتنی هێزی روس لە قارص و بایزیددا(لای کورد ئەم شەرە بەقارص‌وئەردەهانیش ناویراوە) کارێکی وایکرد هەستی دوژمنایەتی بەرامبەر عوسمانی پەرەبسێنێت و لەو ڕووەوە (ئیڤانۆف) ی کونسوڵی روس لە ئەرزڕۆم لە پاش داگیرکردنی قارص لە راپۆرتێکیا وتوویەتی لای وایە کورد خەریکی راست بوونەوەیەکە و لەوە ئەچێ خۆشی بۆ ئامادەکردبێت. بێزاربوونی خەلك بەرامبەر ستەم و زۆرداری و باج سەندنی زۆری کاربەدەستانی عوسمانی ژیانی بەخەلك تاڵ کردبوو. رۆژنامەی (مشاك) ی ئەرمەنی لە ژمارە ۱۰۳ەی ساڵی ۱۸۸۰دا باسی ئەو کوردانەی کردوە لە (موش)ەوە پەنایان بردبوە بەر ناوچەکانی تفلیس‌و ناثارامی‌و بێ یاسایی وەکو جلیلی لە لاپەڕە ٦٣ی‌سەرچاوە ١٨دا باسیکردوە شیرازەی بەتەواوەتی تێکچوویوو، (پاکیمانسکی)ی یاریدەدەری قونسوڵی روس لە دیاریکر لە راپۆرتێکیا وتوویەتی دەزگاکانی حکومەت خەریکە بەتەواوی هەرەس بێنن و هەمووشی دەخەنە ئەستۆی(عزت پاشا) کە کابرایەکی سوپایی نەشارەزایەو هەرخەریکی بەرتیل وەرگرتنەو تاوانبار بەئاسانی دەتوانێ بەبەرتیل خۆی رزگاربکا.

ئینگلیزەکان بەرامبەر بەو لاوازبونەی تورك بەرامبەربەروس دەستیان خستە کاروباری ناوخۆی عوسمانیەوەو ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ یارمەتیدانی

حکومەتو (کاپتن. تورتۆنی)ی ئینگلیز لە (موش)ەوە چوە بدلیس و لە ئەرزرۆم (کۆلۆنێل کوب) کرابە سەرۆکی چاودێرێکە رەکانی جندرمەکانی تورك، بەلاّم تەقەلاکانیان بێ سوود بوو.

رۆژنامەی تایمسی لندەن لە مارتی ١٨٨٠ هەواڵێکی بلاّو کردەوە دەربارەی برسێتی لە ناوچەی موصلّ و دیاربکر لە کاتێکدا (١٢ هەزارکێلە ، کە هەرکێلەیەك ٢٥ پودبوە) لە ناوعەمارەکانی حکومەتدا هەبوە و خەلّك لە برسانا مردون کە چی(حسن پاشا)ی سەرکردەی هێز لە ناوچەی هەکاری هیچ نەبێ ئەوگەنم و جۆیەی ئەبوایە بەقەرز بدابە خەلّك هەتا کشتوکالّی تازە پێدەگەیشت کە چی ئەو هەموو گەنم و جۆیەی بەبەرتیل و بەنرخێکی هەرزان فرۆشت بەقاچاخچیەکان و لە ئەنجامی ئەمەدا کوردە برسیەکان دەستیاندایە چەك و پەلاماری عەمارەکانیان داو هەروەکو پروفیسۆر خالفین لە لاپەرە ١١٠ی کتێبەکەیدا باسی کردوە موچەخۆرەکانی حکومەتیش لەو پەلاماردانانەدا کوژران.

ئەوبرسێتیەی بەسەر خەلّکدا هات، هەروەکو (یاکیماتسکی) باسی کروە و جلیلی لە باسەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوە لە راپۆرتێکیا کە لە سالّی ١٨٨٠دا لە ئەستەمبولەوە ناردویەتی و لە لاپەرە ٥١٧ی ئەرشیفی روسیادایە، باسی ئەوەی کردوە خەلّك لە برسان ناچاربون گۆشتی کە رو گۆزکیا و رەگی روەك بخۆن بەهەزاران کورد روویانکردە قونسولّخانەی روس و داوای یارمەتیان لێ دەکرد.

لە مانگی مایسی ١٨٨٠دا سەرکردەی بتریارکی ئاسوری لە (میدیات) پەنای بردە بەر کیماتسکی یاریدەدەری قونسولّی روس لە دیاربکرو تکای لێکردبوو بەهەزاران کوردی موسلمان بخرێتە ژێر سایەی روسەوە یارێگەیان بدرێتێ بچنە ناو خاکی روسەوە.ئەرمەنیەکانی ناوروسیا بەپارەو پول فریای هەندێ لە برسیەکان کە وتن وەکو رۆژنامەی (مشاك) باسیکردوە.

جلیلی ئاماژەی بۆ کتێبی (مناسبات بین الملل در عصر امپریالیزم)اسناد از ٦٢ ئارشیوی دولت تزاری (مەبەست روسی قیصری) چاپی شازدەهەمـ شیربرگ لە لاپەرە ٦٣یدا وتراوە: ((تورکە کان هیچ سوودێکیان لە بەشداربووی کورد

دەسگیر نەبوو لە شەڕی ڕوسدا چونکە کوردەکان بەقسەی سەرکردەکانی خۆشیان نەدەکردو خۆیان لە شەڕەکە دوور دەخستەوە)).

نووسەری کتێبی کورد و عەجم لە لاپەڕە ١٥٤ی سەرچاوە ٧٠دا ئەویش وەکو جلیلی دەربارەی بانگەوازەکە ی سوڵتان دواوە بۆ بەشدار بوونی کورد لە غەزادا و باسی ئەوەی کردوە شێخ عبیداللە لە ئەنجامی بەشداربوونیا لەو شەڕەدا پلەو پایەی لە جاران زیاترو بەهێزترو جێگیر تر بوەو شارەزایی و هۆشیاریی سیاسی شێخ زۆر قوڵ بوە و باشتر ئاگاداری دیوی ناوەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو گیرو گرفتەکانی بوە لە راستیی سروشتی دینیی دەولە تو ڕواڵە تەکە ی بوەو باشتر لە مەبەستی جهادو غەزای عوسمانی گەیشتوەو زۆرتر شارەزای دەسەلاتی کاریگەرانەی بێگانەو دەولە تەکانیان بوەو لە کۆڕی جەنگدا زۆرتر لە گەڵ گەورەپیاوانی تری کورد ئاشنایەتی و دۆستایەتی پەیداکردوە و لەوشەڕەدا هەندێ چەك و تفاقیشی دەسکە وتوەو زیاتر ناوبانگی لە ناوچەکە دا بڵاوبوەوە نەك تەنها وەکو شێخێکی شریعەتی ئاینی، بەڵکوو وەکو ناسراوێکی ئاینی و سوپایی و سیاسی ناوی دەدرەوشایەوە.

سێهەم: ئامانجە سەرەکیەکانی شێخ عبیداللە و نەخشەی پرۆگرامەکانی

شێخ عبیداللەوەکو مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و خەمخۆری هاوولاتیانی خۆی، ئەگەرچی شۆڕشەکە ی ئەویش لە سەر بناغەیەکی عەشایری بوەو رێکخراوێکی سیاسی دانەمەزراندبوو بۆ سەرپەرشتیکردنی شۆڕشەکە ی لە رووی سوپاییو ئابوریەوە وەکو شۆڕشگێرەکانی تری بەرلە خۆی (بگرەهی دوای ئەویش) تووشی گەلێك هەڵە بوبوو بەلام تاڕادەیەکیش هەوڵی دابوو سوود لە بەسەرهاتەکانی پێش خۆی وەربگرێ و بۆ ئەومەبەستە هەندێ هەنگاوی نابوو کە دەتوانرێ بەکورتی باسی هەندێکی بکرێ وەکو:

١- پێوەندی کردن بە سەرۆك عەشیرەتو دەسەلاتدارەکانی کوردەوە بۆ ئەوەی بەهێزو توانای هەموو لایەك ڕووبەڕووی دوژمن ببنەوە وەکو ئەوتەقەلا سەرنەکەوتووەی بدرخانیش لە کاتی خۆیدا دابووی.

٢- هەوڵ وتەقەلای شێخ عبیداللە بوباشکردن و پتەوکردنی پێوەندی و دۆستایەتی لـە گەڵ کریستیانەکانا (بۆ ئەوەی ئەو هەلە یەی بدرخان کردبووی دوبارەی نەکاتەوە).

٣- دبلۆماسیەتی شـێخ عبیـداللە بـۆ پێوەنـدی کـردن بـەولاتانی دەرەوە بەمەبەستی دەسکە وتنی یارمەتی .

١- تەقەلای یەکە می شێخ عبیداللە : پێوەندی کردن بەسەرۆك عەشیرەتەکانەوە

شێخ عبیداللـە هـەرچۆنیك بوویێ کـە م و زۆر هـەواڵی هەڵوێسـتی سـەرۆك عەشیرەتەکانی کوردی بیستوە وە لە کاتی شۆڕشەکە ی بدرخاندا و باش لەوە گەیشتبوو تورکە کان هەمیشە تەقەلای ئەوەیان دابوو لە ناوخۆیانا تێکیان بدەن و یزدان شێری برازای بدرخان کە لە مامی خۆی هەڵگەڕابوەوە نمونەیەکی زەقـی ئەو بەسەرهاتە بوو کە بوبوەهۆی سەرنەکە وتنی شۆڕشـەکە ی بدرخـان و شێخ عبیداللە جگە لەوەی سەرکردەیەکی سیاسی بوو، توانیبووی بەهۆی پلەو پایـەی ئاینیەوە لە ناوکوردا دەسەلاتێکی فراوانتر وەدەس بێنێ. ئارشاك سافرستیان لە کتێبەکەیدا (The kurds and kurdistan) چاپی لندن ساڵی ١٩٤٨ ئاماژەی بۆ باسێکی (ئا. ئا. ئاراکیان) کردوە بەناوی (کورد لە ئێران) دەربارەی تەقـەلاکانی شێخ عبیداللە بۆ یەککرتنی کورد وتوویەتی :

((بیری پێکهێنانی کۆنگرەیەکی عەشایری کـوردی لـە نـاو جـەماوەری کـوردا یەکێك لـە ئاواتـەکانی شـێخ عبیداللـە بـوو. لـە کۆبونـەوەی سـەرۆکی ئـەو عەشیرەتانەی شێخ عبیداللە کۆی کردبوونەوە، بۆ ی دەرکە وتبوو هەتا نـەتوانێ هەموو هێزەکانی کورد یەك بخـا هـەموو تەقـەلادانێکی تـری بـۆ پێوەنـدی کـردن بەوولاتانـەوە شـتێکی بـێ سـوودە بـۆ یـە لـەو کۆبونەوەیەدا بـیری بـەرپاکردنی شۆڕشێك باسـکراو ژمارەیـەکی زۆر لـە سـەرۆك عەشـیرەتەکان چوونـە ریـزی شۆڕشـگێڕانەوە کـە ناوچـەکانی شمزینــان و موکریــان و ســوران و شــارەزور و بادینـان و وان و گـەلێك شـوێنی تـر بـون بـەهاوکاری)). عوسمانیـەکان زۆریـاش ئاگاداری جم و جۆڵ و چالاکیەکانی شێخ بون و لەوە ترسـابون شۆڕشـێکی تـری کورد بەرپا بکرێ و دەربارەی ئەو کۆنگرەیـەی شـێخ عبیداللـە بەپەرۆشـەوە بـۆ

پێکهێنانی تێکۆشابوو، دوکتۆر عزیز شمزینـی لـه لاپـه‌ڕه ٥٩ی کتێبه‌که‌یدا سه‌رچاوه ٤٢دا ده‌قی ئه‌و وتاره‌ی باسکردوه که شێخ عبیداللـه لـه کۆبونـه‌وه‌ی کۆنگره‌که دا خوێندبویه‌وه که وتوویه‌تی:

((٥٥٠ سـاڵ لـه مه‌وبه‌ر ئیمراتوریتـی عوسمـانی دامـه‌زرێنراو عوسمانیـه‌کان به‌ناڕه‌وایی هاتنـه سـه‌رکارو پـاش ٤٠٠–٥٠٠ سـاڵ دوای دامـه‌زراندنی عوسمـانی ده‌وله ت له ڕێبازی ئاینی ئیسلام لایداو ڕێگه‌ی خوانه‌ناسینی گرته‌به‌رو له‌وسـاوه بـێ ده‌سـه‌لات و لاوازه و ڕۆژلـه دوای ڕۆژ لـه ڕووخـان و هه‌ره‌سـهێنان نزیـك ده‌بێتـه‌وه و ئێسـته گه‌یشـتۆته راده‌یـه‌ك کـه س گومـانی لـه‌وه‌دا نیـه ئـه‌م ئیمپراتۆریه‌ته به‌م زوانه ده‌ڕووخێ.

ڕۆڵه ئازیزه‌کانم: باگوێ بۆ ئامۆژگاریه‌کانی باووباپیرانمان شل بکه ین وچی تر سـه‌ریۆ سـته‌م و چه‌وسـانه‌وه‌ی تورکـه خوانه‌ناسـه‌کان شـۆڕنه‌که ین و ته‌نـها هه‌رکوردی ناوولاتی عوسمانی نا، به‌ڵکو ده‌بێ کوردی ئـێرانیش لـه م دوو ده‌ولـه ته ڕزگار بکه ین که ته‌گه‌ره ده‌خه‌نه به‌ر پێشکه‌وتنمان.

باپیرانمان داوالکاری ئه‌وه‌ن هه‌موومان له پێناوی ئاین و ڕزگاربوونی نیشتمانا تێبکوشین و بلیمه‌ت و زانایـان ووتویانـه: کـه‌ڵك وه‌رگرتـن لـه بـارودۆخی لـه بـار نیشـانه‌ی ژیـری و زیره‌کیـه، ئیمڕۆ فارسـه‌کان به‌شـه‌ڕی تورکمانـــه‌وه خـه‌ریکن (مه‌به‌ستی ئازربایجان بوه) وهه‌موو هێزه‌کانیان ناردوه بۆ شه‌ڕی ئه‌وناوچانه، که واته ئیمڕۆ هه‌لومه‌رجی ده‌سپێکردنی بزوتنه‌وه‌یه‌ك دژی ده‌وڵه‌تی ئێرانی شـتێکی له بارو گونجاوه.

ده‌بێ ئه‌مه‌ش بزانین فارسه‌کان ئه‌وپه‌ڕه‌که ی ده‌توانن (١٠٠) هـه‌زار شـه‌ڕکه‌ر کۆبکه نـه‌وه کـه نیـوه‌ی زیـاتری ئه‌وانـه لـه براکورده‌کـانی خۆمـانن کــه لــه‌ژێر چـه‌پۆکی ئـێراندان و ئه‌وکوردانه‌شـی مه‌به‌سـته‌کانیان وه‌کــو مه‌به‌ســته‌کانی ئێمه‌وایه.

لـه به‌رئـه‌وه‌ی به‌شـێکی به‌پیتوده‌ولـه مـه‌ندی کوردسـتان لـه ژێرده‌سـه‌لاتی ئێراندایـه، بۆیـه ئێمـه لــه سـه‌ره‌تادا دژی دوژمنـی بـێ‌هێز بزوتنه‌وه‌کـه مـان ده‌سپێده‌که ین و له ئه‌دجاما ده‌توانین براکان‌وولاته به‌پیتوده‌وله مه‌نده‌کـه یـان ڕزگار بکه ین که ئه‌مه‌ش ده‌بێته هۆی ئه‌وه‌ی سه‌رچاوه‌یه‌کی گرنگمـان ده‌سـگیر

بێتو دەتوانین بەم سەرچاوەیە دژی دوژمنەکانی ترمان(مەبەست تورك بوە) پشت ئەستور بین، بەڵام تەنها هەر بەکێوەکانی خۆمان پشت ئەستورین ناتوانین ئازوقەوخواردن بۆ ئەوشۆڕشە گەورەیە دابین بکە ین.

ئایا هەڵوێستو بۆچوونەکانی ئێوە لەم ڕووەوە چیە؟ ئایا ئامادەن ڕێبازی بەرەوپێشەوە چوون بگرنەبەر؟ ئەگەر هەرشتێکتان هەیە لەورووەوە تکایە باسی بفەرموون)).

دوکتۆر شمزینی لە باسەکەیدا وتوویەتی: هەموو بەشداریوانی کۆنگرەکە ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ خەبات و گیان بەختکردن لە پێناوی کوردستانا (سەرچاوەی دوکتۆر شمزینی بۆ ئەم باسی کۆنگرەیەو وتارەکە ی شێخ عبیداللە بریتیە لە کتێبەکەی (کامساراکان) بەناوی هێرشی شێخ عبیداللە ساڵی ١٨٨٠ چاپی سانبترسبرگ، لاپەڕە ٢٨-٢٩-ساڵی١٨٨٤.

دەربارەی ئەو کۆنگرەیە وەکو دوکتۆر جلیلی جلیل باسی کردوە لە کۆتایی مانگی ئەیلولی ١٨٨٠دا کۆنگرەکە لە ناوچەی بادینان بەسرا کە ئەوانەی کۆبونەوە بریتی بوون لە (٢١) خەلیفەو (٤٢-میرزا_کاتب) و (٦٨بەگ).

ئەوەی شایانی باسە، لە کۆبونەوەکە دا بڕیاردرا لەپێشدا شۆڕشەکە لە کوردستانی ڕۆژهەلات (ئێران)ەوە دەست پێبکا (وەکو شۆڕشەکەی بدرخان) و لە بەرئەوەی لەم کتێبەدا تەنها مەبەستمان باسی شۆڕشەکەی باکوری کوردستانەو لە کتێبەکەی سمکۆدا ـ چاپی ستۆکهۆلم ساڵی ١٩٩٦ بەدوورودرێژ باسی ئەو شۆڕشەی شێخ عبیداللە کراوە لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا، بۆیە لە دواییدا باسی ئەو شۆڕشەی باکور دەکەین بەسەرکردایەتی شێخ عبیداللە .

بێجگە لەو بڕیارەی کۆنگرە بۆ دەسپێکردنی شۆڕش لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا کێشەیەك لە نێوانی ئەندامانی کۆنگرەکە پەیدابوو بەهۆی ئەوتەقەلا بێ وچانەی تورکە کان دابوویان بۆئەوەی ئەو کۆنگرەیە بەرەو سوودی خۆیان بەکێش بکەن و بۆئەومەبەستە چەند ئەندامێکی کۆنگرەیان ڕازی کردبوو کە بەشێوەیەکی یەکگرتوو بچن بەگژ ئەرمەنیەکانا، بەوجۆرە کۆنگرەکە بوو بە دوو بەشەوە هەروەکو (ئا. کارتسۆف) لە لاپەڕە ٦٨ی کتێبەکەیدا باسی کردوە.

تاقمی یەکە م بەسەرکردایەتی(شێخ فەهیم) لە لایەن تورکە کانەوە واخرابوە مێشکیانەوە کە بەپێی بەندی (٦١) ی پەیمانی برلین مەرجێکی تیادابوە کە دەبوایە خودموختاری بدرێت بەئەرمەنیەکان‌و تورکە کان وایان لەوتاقمە گەیاندبوو ئەو خود موختاریەی ئەرمەنیەکان لە سەرحسابی کورد دەبێ‌و کورد لەوە زیانێکی زۆری پێدەگا.

بەڵام هەروەکو دوکتۆر عزیز شمزینی لە لاپەرە ٥٨ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤٢ باسیکردوە شێخ عبیداللە رێگەی لە سەرگرتنی تەقەلای ئەوتاقمە گرت کە بەسەرکردایەتی شێخ فەهیم بوو، وەتوانرا لە سەرئەوە رێك بکەون شۆرش لە کوردستانی ئێرانا دەس پێبکاو دوای سەرکەوتن لەو شۆرشەدا ئەوسا لە باکوری کوردستانیشدا شۆرش دژی عوسمانی بکرێ.

٢- هەوڵوتەقەلای شێخ عبیداللە بۆ باشکردنی پەیوەندی لەگەڵ کریستیانەکاندا

لە باسی پێشوودا لەوە دوایین چۆن شێخ عبیداللە هەوڵوتەقەلاکانی عوسمانیەکانی پوچەڵ کرد کە دەیانویست کوردبکە ن بەگژ ئەرمەنیەکاناو شێخ عبیداللە لەوە گەیشتبوو باشکردنی پێوەندی لەگەڵ کریستیانەکانا، بەتایبەتی لەگەڵ ئەرمەنیەکان شتێکی پێویست بوە ولەوەش گەیشتبوو دەولە تە ئیمپریالیزمەکان، بەتایبەتی حکومەتی بریتانیا دژی بوونی هەموو جۆرە دەسەلاتێکی کوردبوەو هەمیشە هەوڵی ئەوەی دابوو ئەرمەنی‌و ئاسوریەکان لە کورد نزیك نەبنەوەو لەگەڵیانا نارێك بن‌و لەولاشەوە کاربەدەستانی عوسمانی بۆ لاواز کردنی کورد و ئەرمەنی بەهەموو جۆرێك هانی دەرەبەگە کوردەکانیان ئەدا دژی ئەرمەنیەکان بن‌و بەڵێنی ئەوەیان دەدانێ ئەگەر بەسەر ئەرمەنیەکانا سەربکە ون یارمەتی‌یان ئەدەن و دەتوانن دەست بەسەر موڵك وزەوی‌وزارەکانی ئەرمەنیەکانا بگرن، بەڵام شێخ لە هەڵوێست و پیلانی هەردوولایان گەیشتبوو بەهەموو توانای خۆیەوە دەیویست تەقەلای عوسمانیەکان و دەوڵەتە ئیمپریالیزمەکان پووچەڵ بکاتەوەو لەو رووەوە دەرس‌و پەندی لە شۆرشەکەی

بدرخانەوە وەرگرتبوو.لـەو ڕووەوە دوکتـۆر جلیلی جلیـل کـە پسـپۆڕو شـارەزای پێوەندی کوردو ئەرمەنیە بەهۆی ئـەو گۆڤـارو ڕۆژنامـە ئەرمەنیانـەی لـەو ڕۆژەدا باسی پێوەنـدی کـورد و ئەرمـەنیـیان کـردوەو زۆربـەی ئـەو ڕۆژنامـە ئەرمەنیانـە هەوڵیان داوە دۆستایەتی نێوان کورد و ئەرمەنی بـەهێز بکـە ن ودەسـتی تورکـە کانیان خستوتە ڕوو لەو تەقەلایانەیان کە هەمیشە هەوڵی ئـەوەیان داوە کـورد و کریستیانەکان بەتایبەتی ئەرمەنیەکان ناڕێك بن و هەرجارە بەشێوەیەك لایەکیان هاندلوە دژی لایەکی تر.

دوکتۆر جلیلی لە لاپەڕە ٩٧ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ١٨ باسی ئەرمەنیەکانی کردوە لەوانەی کە ئەوانیش وەکو شێخ عبیداللە لە مەبەستو نیازی تورکـە کـان گەیشتبون‌و ئاماژەی بۆ نامەیەکی (نوراتونکیان) کردوە کە بۆ (سـرڤاندازیان)ی فۆلکلۆر ناسی بەناوبانگی ئەرمەنی ناردبوو، لەونامەیەدا داوای لێکردبوو دەسبکا بـە نوسـین ولێکۆڵینـەوە دەربـارەی کـورد و بـۆی ڕوونکردبـوەوە ئـەرکی هـەرە گرنگـی سەرشـانی ئەرمـەن ئەوەیـە بەشـێوەیەکی ڕاسـتویاش لـە کـورد بگـاو هـەوڵبدرێ بـۆ بـەهێزکردنی دۆسـتایەتی کـورد و ئەرمـەن. جلیلـی لەوباسـەیدا بایەخێکی زۆری داوە بەو هەوڵ و تەقەلایانەی (نوراتونکیان) کە بـۆ یەکـەم جـار هەوڵێکی وادراوە لە چوارچێوەیەکی فراواندلو بـە هەسـتێکی پێشـکەوتووخوازانە دۆسـتایەتی نێـوان کـوردو ئەرمـەن بـەهێز بکـرێ و ئـەو ڕقو قینـەی نێوانیـان نەهێڵرێ کەئەو کارە لەو ڕۆژانەدا شتێکی زۆر گرنگ بوە .

جلیلی بەرامبەر بەو تەقەلاو نیازە پاکانەی لـە هـەندێ ڕۆژنامـە ئەرمەنیـەکان بلاّودەکرایەوە بەراوردی کردوە لەگەڵ ڕۆژنامـەکانی عوسمـانی و ئەوروپاییـەکان کـە چۆن دژی یـەکگرتن‌و سـەرکەوتنی کـورد بـوون کـە شـێخ عبیداللـە بـۆ ی تێدەکۆشـاو هـەوڵی ئـەدلو بەپێچەوانـەی ئەوڕۆژنامانـە ڕۆژنامـەی (ئەریڤیلیسـات مـاموول) لـە ژمـارە ٨٥ی سـاڵی ١٨٨٠دا وتـارێکی بلاّوکردبـوەوە بەوپـەڕی دڵخۆشیەوە باسی بەهێزکردنی پێوەندیی نێوان کوردو ئەرمەنی کردوەو ڕەخنەی لە هەندێ ئەرمەنی گرتبوو کە هەڵوێستیان باش نەبوە بەرامبەر بەکورد.

جلیلی لە باسەکەیدا رەخنەیەکی توندوتیژی لەو ئەرمەنیە بۆرجوازیانە گرتوە کـە پڕۆپاگـاندەی دوژمنـانی کـوردو ئەرمـەن کـاری تێکردبـوون وستایشـی ئـەو

ئەرمەنیە پێشکەوتوو خوازانەی کردوە کە کوردیان شان بەشانی میللە تی ئەرمەنی، وەکو دوو میللە تی بەشخوراوو چەوسێنراو باسیانکردوە.

جلیلی باسی (کۆمەڵەی ڕۆژهەلات) ی ئەرمەنی کردوە کە لە ساڵی ١٨٦٠دا لە ئەستەمبوڵ دامەزرابوو بەسەرۆکایەتی دوو نووسەری ئەرمەنی (کاریگین شنادجیان) و (م. مووماجیان) کە یەکێك لە ئامانجەکانی ئەو کۆمەلە بریتی بوە لە بلاوکردنەوەی خوێندەواری لە ناو کوردەکاناو چالاکیی ئەو کۆمەڵە کارێکی وای کردبوو دۆستایەتی نێوان کوردو ئەرمەنی بەهێز بکات.

جلیلی لە لاپەرە ١٠٠ی هەمان کتێبدا باسی (نێرسیسان) ی مێژوونووسی سۆڤیێتی کردوە کە لە باسێکیا بەناوی (خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی ئەرمەنی دژی زۆردارێتی تورك لە ماوەی ساڵانی ١٨٥٠–١٨٧٠دا) کە ئەم نوسەرە لەوباسەیدا پشتی بە(مالخاسپان) ی زمان ناسی بەناوبانگی ئەرمەنی بەستوە کەوتوویەتی لە ساڵی ١٨٨٠دا چەند سەرۆکێکی بزوتنەوەی نەتەوایەتی دەچنە ئەودیوە قفقاس و لەگەل سمکۆبەگدا (بێگومان ئەبێ ئەم سمکۆیە جیاواز بێ لە سمکۆی شوکاك) کۆدەبنەوەو ئەویش بەڵێن ئەدا کورد و ئەرمەن دژی حکومەتی عوسمانی یەك بخا.

بێگومان لە ناو ئەرمەنیەکانیشدا هی واهەبوە دژی کورد بوەو هەروەکو جلیلی لە لاپەرە ١٠٠ی کتێبەکەیدا باسی کردوە ڕۆژنامەی (میگوئایاستان) دژی باسێکی ناو ڕۆژنامەی (مشاك) دواوە و ڕۆژنامەکە ی میگو ئایاستان لە ژمارەکانی ٥٧ و ٦٠ ی مانگی تشرینی دوهەمی ١٨٠دا داوای بەهێزکردنی دۆستایەتی کورد و ئەرمەنی کردوەو رەخنەی لە ئەرمەنیە بۆرجوازیانە گرتوە کە کوردیان بە ناحەز و دوژمنی ئەرمەنی داناوە و وتویەتی نابێ هەڵوێستی کورد بەهۆی باری نالە باری ناوچەکە وە جەردەیی و ڕاوو ڕووت ئەکە ن ئەوە بە هەڵوێستی هەموو کورد بزانین و نابێ رەفتاری جووتیارە سادەکانی کوردو دەرەبەگەکانی هەوەکو یەك سەیر بکرێ.

جلیلی لە لاپەرە ١٠٣دا چوەتە سەر باسی ئاسووریەکان کە چۆن ئەوانیش دژی عوسمانی بون و مارشمعون بریارێکی دەرکردبوو هەرئاسووریەك دەسدرێژی بکردایەتە سەر کورد بە سەختی سزا ئەدرا و لەوڕووەوە باسی (پۆلیتیشن

کۆرسپۆندت) کردوه کە پەیامنێرەکەی لە ڕۆژی ٢٤ ٨ ١٨٨٠دا لە ئەرزڕۆمەوە نامەیەکی بۆ ناردوەو وتویەتی: ((مارشمعون لە بەردەمی سەرکردەکانی بزوتنەوە چەکدارەکانیا ڕایگەیان کە پێویستە خەباتەکەتان تەنها ئاڕاستەی سەربازەکانی حکومەت بکرێت)).

جلیلی لە لاپەڕە ١١٠ی کتێبەکەیدا باسی کتێبی (G.wilson) ی کردوە بەناوی (Persian life) کردوە کە قسەیەکی شێخ عبیداللەی دوبارە کردوەتەوە کە وتوویەتی ئەگەر هاتو بوو بە دەسەڵاتدار ئەوا کریستیانەکانیش هەوەکو موسڵمانەکان مافی ڕەوای خۆیان دەبێ.

جلیلی باسی دوو تەقەلای سەرنەگرتووی شێخ عبیداللەی کردوە وەکو ژمارە ٨ی ساڵی ١٨٨١ی ڕۆژنامەی (پۆلتیشن کۆرسپۆندنت) دا باس کراوە، ساتێك شێخ عبیدالله هەوڵی دابوو لەگەڵ (ئەخیماندیت ـ ئوگانیس وارتابێت) لە باشقەلا کە سەرۆکی ئەرمەنیەکان بوەو لەگەڵ مارشمعونیشدا یەکتر ببینن بۆ دانانی ڕێبازێك بۆ خەباتی هەردولایان دژی عوسمانی بەلام هیچیان بەدەم بانگەوازەکەیەوە نەچوون لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی بە ئەرمەنیەکان کردوە وەك لە تورك و ئێران وەکو لە سەرەتای باسی شۆڕشەکە دا باسی ئەوە دەکرێ جلیلی لە لاپەڕە ١٠٩دا باسی هۆی ئەو ڕێنەکەوتنەی مارشمعون و شێخ عبیداللەی کردوە کە هۆی سەرەکی ئینگلیزەکان بوە کە بەهوی دبلۆماسیەکانیانەوە ڕێگەی ئەوەیان لە مارشمعون گرتبوو، بیانوەکەی مارشمعونیش ئەوەبو گوایا سەرۆکی ئاینی کورد توانای ئەوەی نیە لە دەولە تە ئەوروپاییەکان باشتر بۆ سوودی کریستیانەکان کاریکات و جێگەی ئەوان بگرێتەوە دەربارەی ئەو بیانوەی مارشمعون جلیلی ئاماژەی بۆ نامەیەکی (کامساران)ی یاریدەدەری کونسوڵی روس لەوان کە لە ڕۆژی ٢٩ ٤ ١٨٨٠دا ناردبووی وتویەتی:

((مارشمعون لای وایە ئەگەر ببێت بە لایەنگری کوردەکان ئیتر بەوە خۆی لە دەولە تە کریستیانەکان دوور ئەخاتەوە، هەروەکو لە لاپەڕە ٥٦ی ئا. ف. پ. باڵیۆزخانەی روس ساڵی ١٨٨٠دا تۆمارکراوە.

کامسـاران باسـی ئەوەشـی کـردوە سـاتێك لـە مـانگی مایسـی ١٨٨٠دا بەمارشمعون کەوتبوو، مارشمعون بۆی باسکردبوو شێخ عبیدالله زۆری هەوڵدابوو هاوکاری بکەن لەگەڵ یەکتردا بەلام ئەو داخوازییـەی بەباشـی نـەزانیبوو چونکـە لای وابـوو دەوڵەتـە ئەوروپیـەکان کێشـەی کریسـتیانەکان لەگـەڵ دەوڵـەتی عوسمانیدا چارەسەر دەکە ن.

هـەروەکو لاپـەڕەی یەکـەمی (کۆرسـپۆندنت) ی ژمـارە ٥ ی سـاڵی ١٨٨٠باسـیکردوە ئینگلیزەکـان داوایـان لـە حکومـەتی ئـێران و تـورك کردبـوو سنورەکانیان کونترۆڵبکەن رێگە بـەهاتوچۆی کـورد نـەدرێ لەوسنورانەدا چالاکی بکەن بۆ ئەوەی ڕاپەڕینەکە ی کورد لە ناوبچێت.

جلیلی لە لاپەڕە ١١٠دا باسی گەشتی (کلایتون) ی کردوە (بێگومان ئینگلیز بوە) بۆ ماوەی دومانگ بەناوچەکەدا گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ڕادەی خۆئامادەکردنی شێخ عبیدالله‌و لـە (کۆچانیس) چـەند جارێك چاوی بە مـارشمعون دەکـەوێ و لـەوێوە چوەتـە لای شـێخ عبیداللـە لـە شمزینـان و پێشوازییەکی گەرمی لێکراوەو سید محمدی صدیقی ترجمان‌و عبدالقادری کـوڕی شێخ عبیدالله چـون بەپیریـەوە و لـە دوو دانیشـتندا کلایتـۆن باسـی هەڵوێستی حکومەتی بریتانیای کردوە و لە شێخی گـەیاندوە بریتانیـا هەمیشە دژی هـەموو جۆرە بەرەڵلایی و بێ یاساییەك دەوەستێ کە ببێتە مایەی هەڕەشـەو تـرس بۆ ئیمـپراتۆرێتی عوسمـانی و بەئاشـکرا بـۆ ئـەوە هـاتوە بـۆ ناوچـەی هـەکاری تـا ڕاستەوخۆ شارەزایی بارودۆخی ناوچەکە ببێ.

جلیلی ئاماژەی بۆ (موروج)ی ژمارە ٣٠ لاپەڕە(٣٣-٣٤) ساڵی ١٩٦٠ کـردوە کە لەوەدا باسی وەرامەکە ی شێخ عبیدالله تۆمارکردوە کـە بـەکلایتۆنی ووتبـوو لـە ڕووی ئاسایشـەوە ولاتەکـەی هیـچ کەموکووڕییـەکی تیـادا نیـەو ئـەو درۆو دەلەسانەی بەدرۆخستۆتەوە دەربارەی ناوچەی دەسەلاتی ئەو بلاوکرابوەوە.

جلیلی لەلاپەڕە ١١٣ دا ووتویەتی ئـەو گەشـتەی کلایتـۆن لـەو ڕۆژانـەدا بـوە شێخ خەریکی پێکهینانی کۆنگـرەی سـەرۆك کوردەکـان بـوە و بێجگـە لـە شـێخ عبیداللـە کلایتـۆن گـەلێك سـەرۆك کـوردی لـە ناوچـەکانی شمزینـاندا بینیـوە و گفتوگۆی لە گەلا کردبوون.

٣- دبلۆماسیەتی شێخ عبیداللە و پێوەندیکردنی بەدەوڵەتانەوە

شێخ عبیداللە وەکو لە زۆر هەڵوێستیا روون بوەتەوە زۆر دووربینانە بۆ کێشەی کورد و مافی میللەتی کورد چوەو هەوڵێکی زۆری داوە لە گەڵ دەوڵەتانا، بەتایبەتی روسیاو بریتانیا پێوەندیی خۆی بەهێز بکا بەئومێدی ئەوەی ئەو دەوڵەتانە لە میللەتی کورد بگەن و بەچاوێکی دوژمنانەوە سەیری نەکەن و باوەڕ بەو راپۆرت و کتێبانە نەکەن کە گەڕیدەو میسنێرەکان بەهۆی کارتێکردنی کاربەدەستانی حکومەتە داگیرکەرانی کوردستانەوە پێیان گەیشتبوو بڕواناکەن ویەهەڵوێستی خۆیان بچنەوە، بەڵام تەقەلای ئەو دوو دەوڵەتە دەسەڵاتدارەی ئەو رۆژانە بێ سوودبوەو دووڕوویی ئەو دوو دەوڵەتە لە سیاسەتیانا بەرامبەر بەکورد پیشەیەکی هەمیشەییان بوەو هەردولایان سوور بون لە سەر ئەوەی نابێ بزوتنەوەی کورد ببێتە هۆی پەیدابونی هیچ جۆرە کێشەیەك لە ناوئێران و وڵاتی عوسمانیدا بۆ ئەوەی نەوەکو لایەکیان کورد بکەن بەلایەنگری خۆیان و دژی بەرژەوەندی لاکەی تر بەکاری بێنن. بەداخەوە کورد خۆشی، بەتایبەتی سەرکردەکانی ئەوەیان لە بارانەبوە نەخشەیەکی رێك و پێك بکێشن بۆ شۆڕشەکانیان و هەرکە چاویان بەوەکە وتوە ژمارەیەك چەکداریان لە دەور کۆبۆتەوە ئیتر حسابێکی زۆر کورت بینانەیان کردوە و کورد هەمیشە ئێجگار کۆڵ بوە لە دەسنیشانکردنی دۆست و دوژمنی خۆیداو بە هەڕەمەیی چوە بۆ ڕووداوەکان و ساویلکانە بەقسەی لووس هەڵخەلە تاوەو لە خشتە براوە دەربارەی هەڵسەنگاندنی سیاسەتی بریتانیا و سوپا بەرامبەر بەکورد، شێخ عبیداللە لای وابوە شوینی ستراتیجی خاکی کوردستان شتێك نەبوە رووسەکانی دراوسێی کورد فەرامۆش بکەن، بۆیە وای بیرکردبوەوە ئەگەر شەر لە نێوانی کوردو عوسمانیدا روویدا ئەوا رووسەکان لە پێناوی سودی خۆیانا لایەنی کورد دەگرن بەپێچەوانەی سیاسەتی ئینگلیزەکان کە لە زەمانی بدرخانەوە روون بوەوە دژی کورد دەوەستن و لە هەڵبژاردنی دوستدا لە نێوان روس و ئینگلیزدا شێخ وتوویەتی پیاو بۆ دۆستایەتی خۆی شێر هەڵبژێرێت نەك رێوی (شێخ لەوەدا روسی بەشێر داناوەو ئینگلیز بەرێوی، بەڵام لە راستیدا هەردوکیان بەرامبەر کورد هەر رێوی بوون). شێخ عبیداللە بەپێی ئەو بۆ چوونە خۆی،

هەروەکو دوکتۆر جلیلی جلیل باسیکردوە، دووجار بەپەلە (یوسف ئاغا) ی باوەر پیکراوی خۆی ناردبوەلای قونسوڵی روس لە (وان) و بارەهاش پێوەندی بە (ئویترمیلر) ی قونسوڵی روس کردبوو لە (ئەرزروم) و ئاگاداری کردبوون لە خەباتەکەیدا دژی تورك پشت ئەستوورە بەوان بەڵام ئەو تەقەلایەی هیچ سوودێکی نەبووە.

لەو روەوە (پرۆفیسۆر خالفین) لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ١٠٢دا باسی دبلۆماسیو سیخوڕەکانی روسیای کردوەلە ئێران و لە باکوری کوردستان کە چۆن ئاگاداری هەڵسوکە وتی شێخ بون وشارەزای باری ئابوری و سیاسی وکۆمەلایەتی ناوچەکە بون وسیاسەتیان بەرامبەر بەکورد بریتیبوە لە ستراتیجیەتو بەرژەوەندیەکانی خۆیانو خالفین لەوکتێبەیدا پوختەی هەندێ لەو راپۆرتانەی خستۆتە بەر چاو کە بریتین لە:

١ــ پێویستە هەموو داخوازیەکانی کورد پشت گوێبخرێ.

٢ــ پشتی حکومەتەکانی مرکزی بگیرێت بۆ دابین کردنی ئاسایشیان (مەبەستی ئێران و عوسمانیبوە).

٣ــ پشتگیری کریستیانەکان بکرێت چونکە لە کوردەکان پێشکە وتووترو زیرەکترن و زۆر زوو فێری شت دەبن و لە کوردیش دمولە مەندترن.

نوسەری کورد و عەجەم سەرچاوە ٧٠ لە باسی هەڵوێستی روسەکانا وتویەتی: لە دوای سەپاندنی پەیمانی (گولستان) لە ساڵی ١٨١٣دا وپەیمانی (تورکمانچا) لە ساڵی ١٨٢٨داو بەدوای ئەوانەیش پەیمانی (سان ستیڤانۆ) لە ساڵی ١٨٧٧دلو پەیمانی برلین لە ساڵی ١٨٧٨دا رووسەکان سوودیان لە کوردەکان دەسگیر بوبو، هەرلە کۆنەوە هەندێ تیپی پیادەو سوارەیان لە کوردەکان پێك هێنا بوو، ئەو هێزەی روسەکان لە ساڵی ١٨٢٩دا لە موسلمانەکان دروستیان کردبوو یەکێك لەو هێزانە لە کورد پێك هاتبوو، لە شەری قرم دا لە ساڵانی ١٨٥٤–١٨٥٦ لە نێوان روس و تورکدا، روسەکان دووتیپیان لە کوردەکان پێك هێنابوو یەکێکیان لە کوردەکانی ئێران و ئەوی تریان لە کوردەکانی (یریڤان) بون و لە شەڕی ساڵی ١٨٧٧دا روسەکان لە (٣٠٠) کورد تیپێکیان دروستکردبوو.

(مینۆرسکی له لاپەڕەکانی ٨٢-٨٣ ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٩٣ بەدوورودرێژ باسی ئەو تیپە کوردانەی کردوە وتویەتی هەموویان کرێگرتە بون چونکە روسەکان بەدوای کرێگرتەدا دەگەڕان نەك دۆست). بێگومان هەروەکو لە ڕووداوەکانا ڕوون بۆتەوە سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە کورد زۆرتر ئاشکرا بوە وەك لە هی روس، چونکە بەهیچ جۆرێك و لە هیچ کاتێکدا لایەنی کوردی نەگرتوە و رەنگە هی وامەبێ بپرسێت: ئایا شێخ عبیدالله ئەگەر هەوڵی بدایە تۆ بڵێی نەیتوانیایە ئینگلیزەکان بکا بە دوژمنی خۆی و کورد؟؟ . لەوەرامدا، ئەگەر بەوردی لە سیاسەتی ئینگلیزەکان بکۆڵینەوە دەرئەکەوێ ئینگلیز لە سیاسەتیانا زۆر ووشکن و لەمێژە بەرامبەر بەکورد سیاسەتەکە یان قالبێکی تایبەتی وەرگرتوە و بەلام لام وایە دوو مەرجی سەرەکی هەیە کاریکاتە سەر سیاسەتی ئینگلیز:

یەکەم: بریتیە لەوەی ئینگلیزەکان بەپێی سیاسەتی دوەلیەقالب گرتوەکان دەجووڵێنەوە و هەرکاتێك گورانکاریەك بەسەر ئەودا هات ئەوسا دوورنیە ئەوانیش لە سنووری چوارچێوەی بەرژەوەندیی خۆیانا سیاسەتیان بەرامبەر بەکورد بگۆڕن ئەوسا ئەوانیش نایانەوێ واز لە دەسپێشکەریکردنی خۆیان بێنن و بەپێی ئەوە سیاسەتیان ئەبەن بەڕێوە.

دوەم: بریتیە لە هەڵوێستو ڕۆڵی کورد خۆی و لە رادەی پێشکە وتنی و پێکەیشتنی جلیلی پاکی یاخی بوو لە هەموو نەریتو رەوشتی کۆنی عەشایری و ناوچەگەری کە بەداخەوە وەکو تائێستەش ئەوکاژە کۆنەی لە بەری خۆی دانەمالیوەو هەروەکو چۆن کوردی کۆچەری لەسەر کوێخایەتی و ئاغایەتی و شوێنی لەوەرگای مەڕومالات و ئاژەڵەکانیان لە گەڵ یەکتردا ناڕێك بون، لە زەمانی بدرخانوشێخ عبیدالله وە هەتا ئیمرۆش هەرهەمان بەزم دوویارە بوەتەوە و هیچ کوردێك بەسەرکردایەتی و لێ هاتوویی کوردێکی تر قایل نەبوەو نابێ و ئامادەیە لە پێناوی ئەو کەللەڕەقیەو بۆ چوونەی خۆیا نەك هەرسەرو ماڵی خۆی بەلکو سەرو ماڵی هەموو کورد و نیشتمانیش پێ شێل بکاو بیخاتە مەترسیەوە ! !

له راستیدا وەنەبێ شێخ عبیدالله تەقەلای ئەوەشی نـەدابێ لـە ئینگلیزەكـان نزیك بێتەوە ئەگەر چێ سوور زانیبووی تەقەلاكە ی بێ سوود دەبێ.

لەوڕووەوە جلیلی جلیل لـە لاپـەڕە ١٧٤ی كتێبەكـەیدا سـەرچاوە ١٨ باسـی نامەیەكی شێخ عبیدالله ی كردوە كە ناردبووی بـۆ (دوكتـۆر كوهـران) ، دوكتـۆر جمال نەبەز لە كتێبەكەیدا سەرچاوە ٣١ بە:

(Dr. joseph kochran) ناوی بردوە (ئیگلتن لە سـەرچاوە ١٧دا بەهـەمان جۆر ناوی بردوە).

جلیلی وتوویەتی شـێخ عبیدالله ئـەو نامەیـەی لـە ٥ ی تشرینی یەكـە مـدا ناردوە كە لەو نامەیەدا وتوویەتی:

((مەلا سمایلم نارد بۆ ئەوەی بەنـەهێنی وەك پێـم وتـوە دۆخـی ئێرەتـان بـۆ ڕوون بكاتـەوە، تكانەكـەم دۆخـی كوردسـتان و سـەفەری كوڕەكـەم بـۆ (سـند) بەراستی بەحكومەتی بریتانیا بگەیـەنن و ڕوونـی بكـە نـەوە. گەلی كورد كـە لـە (٥٠٠) هەزار بنەماڵە پێك هاتوە میللەتێكی تایبەتیە، ئاینەكە یان لە ئاینی ئەوان جیاوازە (مەبەستی ئەوەبوە كـورد سـونی و ئـێران شیعەن))، خـاوەنی نـەریت و ڕەوشت و خووی تایبەتی خۆیانن، لە ناو میللە تانا بەنەوەیەكی تووڕەو كە للـە ڕەق و درۆیێ ڕەوشت ناوئەبرێن. بەو جۆرە لە كوردستان ئەدوێن، ئەگـەر یـەكێك لـە ناویانـا كردەوەیـەكی نـاڕەواو ناشـرینی لێ بوەشـێتەوە نـاوی هـەزارەها پیاوچاكانی لە گەڵدا لەكـەدار ئـەكرێت، ئـەم هـەموو سیفەتە خراپانـە لـە لایـەن كاربەدەستانی عوسمانی و ئێرانـەوە بـەخۆڕایی بـۆ كـورد دروستكراون و بـەزۆر پێوەی ئەلكێنن. كوردستان لە نێوان ئەو دەولە تەدا بەش كراوە، ئەو دەولە تـە ئـەوەندەیان لـە بارانیـە چاكوخراپ لێك جیابكـە نـەوە، ئەگـەر یـەك كـە س خراپەیەك بكا ئەوە هەزاران كە سـانی بێ تـاوان بـەهۆی ئـەوەوە توشـی ئـازارو دەردەسەری ئەبن، بەم جۆرە پیـاو خراپـەكان دەمێننـەوە و چاكـە كـانیش تیـا ئەچن. بێگومان ناوی علی ئاغای شكاكتان بیسـتوە، ئـەوەی نـاوی بـەكردەوەی خراپ و نارەوا دەركردوە و ئەوەی وەك چۆن ئەزیەتی خاوەن تەریقەكانی بێگانە ئەدا بەوجۆرەش دەسدرێژی ئەكردە سەر موسڵمانەكانیش و هەردو دەوڵەتەكەش ئاگایان لە كـردەوە خراپـەكانی بـوو، جانەگـەر دەسـەڵاتی ئـێران قایمـتر ببێـتو

زەبرو زەنگیش پەیدابکا ئەوا خەڵك و خوا کە هەرگیز وەك جاران دوورلە شارستانیەت و بەدواکە وتوویی درندەیی ئەمێننەوە، تاوانەکە ی خێڵی هەکاریش لە ناو دەوڵە تی عوسمانیدا دیارو ئاشکرایە، حکومەتی عوسمانیش وەك حکومەتی ئێران، یان خۆی لە پێشخستنی ئەم میللە تە گێل ئەکا یابەچاوێکی نزمەوە سەیری ئەکات، هەمیشە بەسووکیەوە سەیری کوردستان ئەکرێ، یەکێتی نیە، سەرۆك وبەرێوەبەرەکانی کوردستان گەیشتونەتە بڕیارێك و هەموویان لەوەدایەك دەگرنەوە ئیتر لە تواناادا نەماوە لە ژێر سایەی ئەو دوو دەوڵەتەدا بژین و ئەبێ شتێك بکەن دەوڵەتە ئەوروپاییەکان ناچار بکا لە باروودۆخی کورد وردبینەوە و لێی تێبگەن کە ئێمەش میللەتێکی دابەشکراوین، ئەمانەوێ بەرێوەبردنی کاروباری ناوخۆی ولاتەکە مان بەدەس خۆمانەوەبێ، خۆمان سزای ئەوانە بدەین لە رێی راست لائەدەن، ئەو مافانەمان هەبێ میللەتانی تر هەیانە، خۆئەگەر هات و کردەوەیەکی ناڕەوا ڕوویدا ئەوا بەڵێن بێ زیانی بۆ هیچ میللەتێکی تر نەبێ، نیاز لە چوونی کوڕەکەم بۆ (سنە) لێکۆڵینەوەی دۆخی کوردستانە و ئەبێ لاقەی نەکرێ و ئەگەر دەسدرێژی کرایە سەری ئەوا هەموو کوردستان راست دەبێتەوە چونکە میللەت لە توانایا نەماوە لەوەزیاتر زۆرداری و خراپەی بێووچانی ئەو دوو دەوڵەتە هەڵگرێ)).

دەربارەی (شاری سنە) کە لە نامەکە ی شێخدا باس کراوە نووسەری کتێبی کوردو عەجەم لای وایە مەبەستی شێخ شاری سابلاّخ بوەنەك شاری سنە، بەلاّم دووریش نیە مەبەست شاری سنە بووبێ چونکە شێخ وتوویەتی بۆ لێکۆڵینەوەی دۆخی کوردستان چوە بۆ سنە (کە بە ئوستانداری سنە دەوترێ کوردستان و بەر لە شێخ عبیداللە میری ئەردەلاّن لە سنە پێوندی بەکۆنگرەکە ی زەمانی بدرخانەوە هەبوە کە پەیمانی پیرۆزیان مۆر کردبوو).

دەربارەی ئەو دوکتۆر (کوهران)ەی جلیلی باسی کردوەو راستیەکەی کۆچران بوە، ئیگاتن لە کتێبەکەیدا زۆربەقەدو بالایا هەلداوەو هێرشی توندوتیژی بردوەتە سەر شێخ عبیداللە و بەپیاوکوژو ڕاوو ڕووتکە ر ناوی بردوەو وتوویەتی شێخ چاکەی دوکتۆر کۆچرانی بیرچوبوەوە کە وەختی خۆی چارەسەری کردبوو لە نەخۆشیەکەی (ذات الرئە).

دوکتۆر جمال نەبەز لـە لاپـەڕە ٩٠ی کتێبەکـەیدا سـەرچاوە ٢١دا بەرپـەرچی ئەو بۆ چوونەی (ئیگلتن) ی داوەتەوەو ئەو درۆو دەلـە سانەی ئـەوی بەشـتێکی بێ شەرمانە داناوەو بۆ یە درۆخستنەوەی ئیگلتن، دوکتۆر جمال نەبەز ئامـاژەی بۆ کتێبەکەی (مینورسکی) کردوە کە لەوەدا هەڵوێستی شێخ عبیداللـەی دانـاوە بەنایابترین هەڵوێستی مێژوویی.

بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی دوکتۆر کۆچـران، لـە لاپـەڕە ١٣٥ی کتێبەکـەی سمکودا چاپی ستۆکهۆڵم ساڵی ١٩٩٦ بەدورو درێـژ باسیم کـردوە کـە هەرچـەند کۆچـران دوکتــۆری نەخۆشــی بــوە و یارمـــەتی خـــەڵکی دابــوو لـــە ڕووی تەندروستیەوە، بـەڵام لـە ڕاستیدا نوێنـــەری ئینگلـیز و ئەمریکاییـەکان بــوەو بـەخۆرایی شـێخ عبیداللـە ئـەو نامەیـەی ئاڕاسـتـەی ئــەو نــەکردوە و لــە ڕووی سیاسیەوە خزمەتی میللە تی کوردی نەکردوە بەڵکو بەپێچەوانەوە ساتێك شـێخ عبیدالله شۆڕشەکەی لە ئێراندا دەست پێکردبـوو ئابلوقـەی هـێزی ئێرانیـەکانی دابوو، ئەو هێزەی ئێران حاڵی شـڕبوەو چاوەڕوانی ئـەوەبوە یارمـەتیی بگاتـێ و لەو هەڵویستەدا کۆچران خۆی واپیشان دابوو دەیویست کارێکی وابکا هێزەکـەی ئـێران بەچـەند مـەرجێك ئامادەیـە خـۆی بدابەدەستـەوە کـە سـاتێك شـێخ لـە سەرشاخی (سەنێر) بوەو ئەو تەقەلادانەی کۆچران کە کەوتبوە نێوانیانەوە تەنها بۆ ئـەوەبوە هێرشـی شـێخ عبیداللـە بـۆ سـەر ئێرانیـەکان دوابخـا هــەتا هـێزی یارمەتیدەری دەگاتێ ولە ڕاستیشدا تەقەلاکـە ی کۆچـران سـەری گـرت و هـێزی ئێران یارمەتی پێگەیشتوو شێخ عبیداللە دەرفەتێکی باشی لە کیس خۆی دا.

چوارەم: دەسپێکرنی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللەو ئە نجامەکەی

وەکـو لـە باسـی کۆبونـەوەی سـەرۆك عەشـیرەتەکانا بەسـەرۆکایەتی شـێخ عبیداللـە کـە دوکتـۆر عزیـز شمزینـی ووتبـووی کوبونەوەکـە لـە مـانگی تـەموزی ١٨٨٠دا بوە و جلیلی ووتبوی لە مانگی أیلولی ١٨٨٠دا بوەو، لـەو کۆبونەوەیـەدا بڕیاردرا لەپێشـدا شۆڕشـەکەیان لـە ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانا (کوردسـتانی ئـێران) دەس پـێ بکـەن و لـە کتێبەکـە ی سمکـۆدا باسـی ئەوشۆڕشـەم لە لاپـەڕەکانی

۱۱۱-۱٤٦کردوه بۆیه لێرەدا پێویست ناکا ئەوەی کوردستانی ئێران دووپارەی بکەمەوه کە ئەنجامی ئەو شۆڕشە بەوە گەیشتبوو شێخ عبیداللە شکاو هەروەکو شۆڕشەکەی بدرخان ئەویش ناچارکرا بگەڕێتەوە بۆ باکوری کوردستان و گەڕانەوەی پاشماوەی هێزەکەی شێخ عبیداللە بۆ ناو وڵاتی عوسمانی بوو بەهۆی کێشەیەکی دوورو درێژ لە نێوان دەولەتی عوسمانی و قاجاریداو حکومەتی ئێران داوایان لە حکومەتی عوسمانی کردبوو شێخ عبیداللە یان بداتە دەس بۆ ئەوەی سزای بدەن و لەوەدا روسیاو بریتانیا لایەنگری ئێران بون و بەجووتە بەتوندی داوایان لە کاربەدەستانی عوسمانی کردبوو سزای شێخ عبیداللە بدات.

دەربارەی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە لە باکوری کوردستانا دوای گەڕانەوەی بەشکاوی لە شۆڕشەکەی ئێرانا گەلێك سەرچاوە باسیانکردوه کە بەلای منەوە دوکتۆر جلیلی جلیل لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ۱۸ لە هەموان دوورودرێژترو تیروتەسەلتر و بەپێی بەلگەنامەکانی رۆژانە لێی دواوە، بۆ یە هەولئەدەم کورتەیەکی ئەو باسەی دوکتۆر جلیلی باس بکەم.

جلیلی لە لاپەرە ۱٤٠ی سەرچاوە ۱۸دا وتوویەتی:

((دوای ئەوەی شێخ عبیداللە گەڕایەوە بۆ باکوری کوردستان، حکومەتی ئێران داوای لە ئەستەمبوڵ کرد شێخ عبیداللە بەگیراوی بنێرێت بۆ ئێران و لەوەدا حکومەتەکانی بریتانیاو نەمسا پشتگیری ئەوداخوازیەی ئێرانیان کرد (لەورۆژانەدا حکومەتی ئێران چەند ئەفسەرێکی نەمساوی بەکرێ گرتبوو بۆ ناوسوپاکەی خۆی). حکومەتی ئێران بۆ ئەو مەبەستە (عقید مرزاخان) ی یاوەری شاو (فۆن لێتنیور) ی نەمساوی نارد بۆ (وان) و داوای لە کاربەدەستانی عوسمانی کرا شێخ عبیداللەیان بداتە دەست، بەڵام داخوازیەکەیان سەری نەگرت و گەڕانەوەو لە تارانەوە یاداشتێکی حکومەتی ئێران نێررا بۆ عوسمانی و لەوەدا حکومەتی تورکیان بەوە تاوانبار کرد کە ئەو هانی شێخ عبیداللە ی دابوو ئەوشەڕە لە ئێران بکاو حکومەتی عوسمانیش ئێرانیەکانی بەوە تاوانبار کرد حکومەتی ئێران ڕێگەیان دابوو بەکوردەکانی ئێران لەناو وڵاتی عوسمانیدا لە بغداد و موصلّ و وان تالانی بکەن (هەروەکو لە لاپەرە ۱۱٤ی کتێبەکەی سمکودا

باسكراوه، ئیبراهیم صفائی وتوویەتی مـرزا سـعیدخان وەزیـری دەرەوەی ئـێران بوه).

جلیلی له کتێبەکەیدا ئەلیٚ: هەر که شێخ له ئێرانەوه گەیشتەوه ناوچەکە ی خۆی دەسبەجێ نامـەی نـارد بـۆ سـەرۆکەکانی کـوردو داوای لیٚ کـردن خۆیـان ئامادەبکەن بۆ شۆڕشێکی تازه له پێناوی کوردا. هەرچـەند شێخ پشـتی بـەوه نەبەستبوو بەروسەکان ئەگەر شۆڕشیکی تـازەه کـرد بـەلام چارناچار لـه سـالی ١٨٨١دا (خەلیفه محمدسعید) ی باوەرپێکراوی خۆی ناردە لای (کامسـاراکان) و داوای لێکردبوو ئەو کوردانـەی لـه کـاتی خۆیـدا بـەناچاری لـه ئێرانـەوه پـەنایان بردبوه بەر خاکی روسیا ڕێگەیان پـێ بـدەن بگەڕێنـەوه بـۆ ناوچـەی هـەکاری و کامسـاکاران بەپەلـه ئـەو داخوازیـەی گـەیان بـە(نیلـدۆف) ی بالیۆزی روس لـه ئەستەمبول و بۆی نووسیبو که خلیفه محمد سعید ڕای گەیاندبوو شێخ عبیداللـه ئامادەنیه بچێته ئەستەمبول چونکه کەم و زۆر باوەڕی به کاربەدەسـتانی ئـەوێ نیه و تەنها مەرجێك که بەپێی ئامادە دەبێ بچێته ئەستەمبولا ئەوەیـه دلنیابـێ لەوەی روسیا پشتگیری دەکا (که سەرچاوەی جلیلی بۆ ئەمە بریتیه له "ئا. ف. پ. ر، ف. بالیۆزخانەی روس سالی ١٨٨١ لاپەڕە ٣١) شێخ عبیداللـه نامەیەکی ناردبوو بۆ (شێخ خەلیفەی ئەلاشکیری) که لەونامەیەدا وتبوی:

((بـەردی بناغـەی ڕاپەڕینەکـه ی بریتیبـوو لـه هیـوای هاوکـاریکردنی کـورد لەگەلیا، بەلام له ئـەنجامی تاقیکردنـەوەدا بـۆ ی دەرکـه وت دوژمنایـەتی چـەند سـەرۆکێکی کـورد بەرامبـەر بەئەرمەنیـه ئاشـتیخوازەکان زیـانێکی گـەورەی بـه بزوتنەوەکه ی گەیان، لەبەر ئەوه یەکێتی نێوان کوردو ئەرمەن له کۆڕی خەباتی ئازادیخوازیدا شتێکی پێویسته. من باوەڕم بەئەرمەن زیاتر هەیه وەك لـه ئـێران و تورك (له گەل ئەوەشدا ئەرمەنیەکان نەچووبون بەدەم بانگەوازەی شـێخەوه بۆ هاوکاریکردن له گەل یەکتریدا وەکو له باسی تەقەلادانی شێخ عبیدالله دا دەرکه وت کـه چۆن تەقـەلاکانی بـۆ باشـکردنی پێوەنـدی لەگـەل ئەرمەنیـەکانا بـێ هوودەبوه)، من وام لاباشه له گەل ئەرمەنیەکانا بین نەك له گەل تـورك و ئـێران چونکـه ئـێران حـەز بـەچارەمان ناکـاو تورکیش هەمیشـه دەیانـەوێ بمانکـەن بەداردەستی خۆیان.

شێخ داوا لە شێخ خەلیفەی ئەلاشـکێری دەکـا بـەرۆکی ئەرمەنیـەکان بـەرداو نەکا بەزمانی لووسی تورکەکان بخەڵـە تـێ دژی ئەرمەنیـەکان. لـە نامەکـەیدا لـە سەری ئەرواو ئەڵێ:

((برام، تکات لێدەکەم واز لە ئەرمەنیەکان بێنـەو بـەرق و کینـەوە رەفتاریـان لەگەلا مەکە و حەقت بەسەریانەوە نەبێ و لێیان گەرێ با بە ئارەزووی خۆیان لە گەڵ تورکدا پێوەندییان هـەبێ و گوێ لـە کـە س مـەگرە بـاوەر بەکـە س مەکـە چونکە بۆ م دەرکە وتوە ئێمە کە بەدەست تورکە وەین وەکو بووکـە شوشـەیەك واین و هیچیتر)).

خەلیفەی ئەلاشیکری لەوەرامەکەیدا تاعەت و ملکە چیی خۆی پیشانی شێخ داوە بەلام بەکردەوە ملی نەداوەو رازی نەبوە بەدەنگیەوە بچێت (لە سەرچاوەی جلیلی بۆ ئەمە بریتیە لە لاپەرە ٢٢٩–٢٣٠ ی کتیبەکە ی ئەفریاتۆف).

جلیلی لە لاپەرە ١٤٧دا لە باسی شۆرشەکە ی شێخ عبیداللـەدا وتویـەتی کـە دەسـتی کـرد بـە شـۆرش نـەك تەنـها هـەر کـورد بـــەڵکو عــەرەب و گــەلێك لــە ئاسوریەکانیش چوون بەدەنگیەوە و لــە تشرینی دوهـەمی١٨٨١دا نزیکـی پێنـج هەزار چەکداری عەرەب لە ویلایەتی بغدادو موصڵەوە گەیشتنە بارەگـای شـێخ و ئامـادەیی خۆیـان پیشـاندا کـە شـێخ خۆشـی پێنـج هـەزار چـەکدار لـە ژێـر فرماندەیدابوو.

جلیلـی ئامـاژەی بـۆ (ئـا. ف. پ. ر. باڵیۆزخانـەی روس، لاەپـەرە ١٣سـاڵی ١٨٨١کردوە کە لەوەدا باسی ئەوە کراوە شێخ بـۆ ئـەوەی چـەك و ئازووقـە بـۆ شۆرشەکە ی دابین بکا بەنهێنی پیوەندی کردوە بەهەندێ لە مووچـەخۆرەکانی تورك و نوینەری خۆی ناردبوو بۆ لای قائمقـامی (شـاتاخ) بـۆ ئـەوەی چـەکی بـۆ بکرن و شێخ بایەخێکی زۆری دابوو بەمەشق پێکردنی چەکدارەکانی خـۆی و بـۆ ئەو مەبەستە (٣٦) ئەفسەری خانەنشینی هێنایە لای خۆی و هەریەکە ی مـانگی دوولیرەی بۆ بریبوونەوە.

شێخ بـۆ ئـەوەی ئاسـووریەکان بـەلای خۆیـا راکێشـێت چـەند جارێك نامـەی ناردبوو بۆ مارشمعون و لـە سـەرەتای سـاڵی ١٨٨١دا شـێخ (مطـران ئیسـکو) ی

ئاسوری کە لە نزیك شمزینان دەژیا ناردی بۆ لای مارشمعون کە لـە (کوچـانیس) بوو.

دەربارەی ئەوە رۆژنامەی (مشاك) ی ئەرمەنی ژمارە ٤٦ سالّی ١٨٨١ باسـی ئـەوەی کـردوە مـــارشمعون لــە گــەلّ (١٥) کــە س لــە (مــەلیك)ەکــانی (بەسەرکردەکانی هێزی ئاسوری وتراوە مــەلیك)، بـەلّێنیاندا بەشێخ ئەگـەر ئـەو جارێکی تر دژی ئێران راست بێتەوە ئەوان پشتگیری لیّ دەکە ن.

(لە پەراوێزی لاپەڕە ٢٤٥ی کتێبەکە ی جلیلیدا وتراوە دەنگو باسێك هەبوە مەلیکە کانی مـارشمعون گوێـیان نـەدابوە خواسـتی مـارشمعون بۆ لایـەنگرێتی شێخ دژی ئێران، بێجگە لەوە وادیارە ئەگەر لایەنگریش لە لایەن ئاسـوریەکانەوە بوبێ بۆ شێخ تەنها دژی ئێران بوە نەك تورکیا، چونکە بارەها باسی ئەوە کراوە ئینگلیزەکان دژی هاوکاریکردنی ئاسوریەکان بوون لە گەلّ کوردا دژی تورکیا).

جلیلی لە لاپەڕە ١٤٩دا باسی نامەیەکی(نصرالدیـن) شـای کـردوە بـەتلگراف ناردبووی بۆ روسـەکان بـۆ ئـەوەی بکـە ونـە بـەینی ئـەوان و تورکـە کانـەوە بـۆ ناوبژیکردنو روسیا لە سەرئەوە داوای لە تورکیا کردبوو رێگـە نـەدا راپـەڕینێکی تـری کــورد ســەر هەلّبداتــەوە وحکومــەتی بریتانیـا دەم و دەس پشــتگیریی داخوازیەکە ی رووسی کرد.

حکومـەتی تـورك بەرامبـەر بـەوبارو دۆخـە، بـۆ ئـەوەی زەبرو زەنگـی خـۆی پیشـانی کـورد بـدا، بەهەڕەشـەکردنەوە داوای لـە شـێخ کـرد لـە گـەلّ نوێنــەری سـولّتانا کۆبێتـەوە بـۆ گفـت و گۆکـردنو لـە هـەمان کـاتدا هێزێکیشـی نـارد بــۆ ناوچەی هەکاری.

شێخ بەرامبــەر بـەو داخوازیـەی حکومـەت داوای پێکهێنانی لیژنەیـەکی کـرد بەمەرجێ دەولّەتە ئەوروپاییەکانیشی تیادا بەشدار بێ بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی گشتی لە بارودۆخی ناوچەکە بکۆلّێتەوەو تا ئەولیژنەیە لەکاری خـۆی دەبێتـەوە حکومەت واز لە ناردنی هێز بێنێت بۆ ناوچەکە .

بەلاّم لـە کۆتـاییدا شـێخ ناچـارکرا بچێتـەلای سـولّتان و حکومـەت بەوپـەڕی رێزەوە پیشوازی لیّ کردو بەتالیۆنێکی سوارەو دوو بطاریـە تۆپـی بـۆ پاراسـتنی شـێخ نـارد هـەوەکو لـە کتێبـی (Wilson Persian) دا باسـکراوە حکومــەت

کاریەدەستە گەورەکانیشی راسپارد کە گەیشتە ئەستەمبوڵ بچنە لای و پێشوازی لێبکەن و لە ئەستەمبوڵ طوپی پێشوازی کردنیان بۆ تەقاند، بەڵام زۆری پێ نەچوو شێخ بۆی دەرکەوت میوان نەبوو بەڵکو دەسبەسەر بوە.

کە شێخ گەیشتە ئەستەمبوڵ لە مانگی تشرینی دوهەمی ١٨٨١دا نامەیەکی ناردبوو بۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ ئەوەی داوا لە حکومەتی ئێران بکا ئەو زیانانەی لە ساڵی ١٨٨٠دا لە کوردە کوژراوەکان کەوتبوو بدرێ بەخێزانەکانیان.

بەرامبەر بەو داخوازیەی شێخ ، (فەخریبەگ)ی باڵیۆزی عوسمانی لە تاران رۆژی ٢٤ ١١ ١٨٨١ بەناوی حکومەتەوە داخوازیەکەی شێخی گەیاند بەوەزارتی دەرەوەی ئێران ونارەزایی شێخیشی گەیاند بوو بەحکومەتی ئێران بەرامبەر رووداوەکانی سەرسنور.

حکومەتی ئێران لەوەرامەکەیدا بەرپەرچی داخوازیەکە ی شێخی دایەوەو بەحکومەتی تورکیای راگەیاندبوو پێداگرتن لە سەر ئەو داخوازیەی شێخ دەبێتە مایەی لاوازکردنی پێوەندی هەردوو حکومەتەکە. شێخ لە ژێرەوە بەنەهێنی پێوەندی لەگەڵ شێخ عبدالقادری کوریا نەپچراندبوو، خۆی بۆ ئەوە ئامادەکردبوو خۆی لە ئەستەمبوڵ دەربازبکا، بۆ ئەو مەبەستە جەژنی رەمەزانی کردبوو بەبیانوو وەلە خەڵکی گەیاندبوو بەدرێژایی مانگی رەمەزان خەریکی نوێژکردن دەبێ و کەس لەوماوەیەدا سەری لێ نەدا.

هەروەکو لە ئەرشیفی ژمارە (١٩٨١-٩) ی ساڵی ١٨٨٢-١٨٨٣ تۆمار کراوە، شێخ بەبەرگی بازرگانیەوە تبدیلی قیافەت ئەکاو بە پەساپۆرتێکی دروستکراو سواری پاپۆرێکی شرکەی (پاك) ی فرنسی دەبێو خۆی دەگەیەنێتە (پۆتی) و لەوێوە دەچێتە کوردستانو هەر کە هەواڵی گەیشتنی بڵاودەبێتەوە کوردستان جوڵەی تێدەکەوێو گەلێك عەشیرەت چەکدارەکانی خۆیان کۆکردەوە بۆ ئەوەی بەوپەڕی رێزەوە پێشوازی لە شێخ بکەنو شێخ عبدالقادری کوڕی بەهێزێکی چەند هەزارکە سیەوە چوو بەپیر باوکیەوە هەروەکو رۆژنامەی (مشاك) ی ئەرمەنی باسیکردوە، لە ژمارەی ١٦٣یدا.

لە ژمارە ١٨٩ای ساڵی ١٨٨٢ی هەمان رۆژنامەدا باسی ئەوەی کردوە لە رێگایدا شێخ لە سەر داخوازیی (ئەرخیماندریت ئورگانیس کاجووتی)لائەداتە کە

نیسەی (قدیس فارفولومیا) ی ئەرمەنی لە هەرێمی (وان) و لەو کەنیسەیەدا سوپاسی پێشوازیکردنەکە ی کردبوو ووتبوی:

((لای ئێمە لە کۆنەوە ئەرمەنیەکان وەکو مرۆڤێکی چاکە خواز و پاکو بەناموس ناسراونو ئاشکراشە باوویاپیرانمان لە کۆنەوە برایانەو دۆستانە پێکەوە ژیاونو ئێمەش دەمانەوێ ئەم ڕاستیە لە یادنەکە ینو ئەرمەنیەکان لەوە دڵنیا دەکە م لە لایەن میللە تەکە مەوە زیانیان پی ناگا)).

لە ژمارە ۲۲۹ی ئەورۆژنامەیەدا باسی ئەوەی کردوە شێخ رووی دەمی کردۆتە ئەوکوردانەی لەوێدا لە گەڵیا بونو پێیوتبون: هەرکەسێکیان لەوقسەیەی ئەولایدلو کردەوەیەکی ناهەموار بەرامبەر ئەرمەنیەکان بکا مانای ئەوەیە ئەو کردەوە خراپە بەرامبەر شێخ خۆی دەکرێ. جلیلی لە لاپەڕە ۱۵۲ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ۱۸ وتوویەتی عوسمانیەکان هەنگاو بەهەنگاو شوێن شێخ دەکەوتن و بەترسەوە دەیان روانیە دۆستایەتی کوردو ئەرمەنی و ئاسوری و بۆ تێکدانیان دەستیانکرد بەنانەوەی ئاژاوەو، وورژاندنی خەڵکو لە ساڵی ۱۸۸۲دا ساتێك بازاڕی بدلیس سووتا گەلێك دوکانی ئەرمەنی تیابوو دەم و دەست کاربەدەستانی تورك کوردیان بەوە تاوانبار کردو بڵاویان کردەوە ئەوسووتاندنە بەماندانی شێخ بوە.

دوای ئەوە شێخ لە کە نیسەی (فارفولومیا) وە، لە رێگەی (باشقەڵا) وە بەرەو بارەگاکە ی خۆی کە وتە ڕێ و هەرچەند سەرداری حکومەت لە باشقەڵا هەوڵیدا رێگە لە رۆیشتنی شێخ بگرێ، هێزێکی ناردە سەر رێگەی بەڵام لەوهێزە درلو شکاو پاشەکشەی کردو شێخ لەرێگایا تا ئەهات هێزەکە ی زۆر پەرەی دەسەندو بەهێزتر دەبوو.

ساتێك شێخ گەیشتە ناوچەی هەکاری کاربەدەستانی ئێران هاواریان لێ هەستاو شای ئێران سنووری خۆی لە گەڵ تورکیا قایمکرد دیوارە نیوە رووخاوەکانی شوورەی (ورمیە)یان لە ماوەیەکی کەمدا چاك کردەوەو تورکەکانیش هێزێکی گەورەیان بەرەو (وان؟) ناردو لە ئەرزروم و ئەرزنجانیشەوە چوار بتالیۆنو چواردە تۆپیان نارد بۆ (وان) ولەوێشەوە (۱۵)بتالیون بەسەرکردایەتی (موسیپاشای کوندوخوین) بەرەو هەکاری

کەوتەڕێ و هێزەکانی تورك لە ڕێگایانا بەوپەڕی دڵڕەقیەوە لە گەڵ کوردەکانی سەر ریگایانا رەفتاریان دەکرد.

جلیلی لە لاپەڕە ١٥٤ی کتێبەکەیدا باسی پەیامنێری (میریی) لە ژمارە ٢٣٩ی سالی ١٨٨٢دا کردوە کە هەڵوێستی ئەوڕۆژانەی لە ناوچەکە دا بەم جۆرە باسیکردوە:

((دانیشتوانی ئەم بەشەی عوسمانی پێوەندییان لەگەڵ سەربازەکانی تورکدا دۆستانە بوو، چونکە دەبوایە ئەو سەربازانەی حکومەت لە لایەن ئەو دانیشتوانەوە تێرسك بکرانایەو کەلوپەلیان بدرێتیو بوبون بەبارێکی قورس بەسەریانەوە. شێخ هێزێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەبوو تاڕوو بەڕووی هێزەکانی عوسمانی بوەستێ، بۆ یە ناچاربوو پەنابەرێتە بەر سیاسەتی چاوشارکێکردنو دەیزانی زستان بەڕێوەیەو مایەی شەڕکردن نامێنێ، بەتەمای ئەوەبوو شایی کورەکەی بکاتە پەردەیەكو نیازو مەبەستی خۆی لە پەنای ئەوەدا بشارێتەوە. بەکورتی دەیویست سوود لە کات وەربگرێ بۆ ئەوەی لەوماوەیەدا سەرۆکە کوردەکان ئامادە بکا بۆ ڕاپەڕینێکی نوێ و نیازیشی وابوو دەست بەسەر قەلاکانی ناوچەکانی دراوسێدا بێنێتو چاکیان بکات و قەلای تازەی تریش دروست بکات و کە حکومەت بەمەی زانی کۆلۆنێل (یوسف بەگ) ی ناردە لای شێخ بەرەسمی داوای لێکرد واز لە شەڕکردن بێنێت بەلام یوسف بەگ لەو هەوڵدانەیدا سەرنەکە وت.

لە ناوەڕاستی مانگی ئابدا (کمال بەگ) سێهەم سکرتێری سوڵتان چوە (وان) بۆ ئەوەی داوا لە شێخ بکا لە یەکێك لە شارە پیرۆزەکانی عەرەب نیشتەجێ ببێتو بەرامبەر بەوە دەولە تی عوسمانی هەموو خەرجیەکی دەخاتە ئەستۆی حکومەتو سولتان هەموو مانگێك (١٥٠) لیرە بۆ خۆی دەبڕێتەوە، بەلام شێخ گوێی نەدایەو خۆی لە قەلای (ئورامان) قایمکرد بۆ بەرگریکردن هەروەکو لە لاپەڕە ٧٢ی (ئا. ف. پ. ئەرشیفی سەرەکی روسیا(١٩٨١-٩)سالی ١٨٨٢-١٨٨٣ باسیکردوە، عوسمانیەکان بەپەلە هێزی خۆیان گەیاندە قەلاکەی شێخ و ئابلوقەیان دا.

لە ئەنجامی ئەو ئابلۆقەدانەی بۆ ئەوەی خوێن نەرژێ شێخ بڕیاریدا بچێتە موصلّو لەوێ بژی. کاربەدەستانی عوسمانی رازیبون بەلام شێخ هەندێ بڕوبیانووی دۆزیەوە بۆ ئەوەی خۆی درەنگ بخات لە چوونی بۆ موصلّ و بەرامبەر بەوە (موسی پاشا) بڕیاریدا بچێت بەگژ شێخ داو بۆ ماوەی ١٨ رۆژ قەلاکەی تۆپ بارانکردو شێخ بەدیل گیراو لە گەلّ چوار بتالیۆنی عوسمانیدا نێررا بۆ موصلّ. تورکەکان لەوە ترسابون شێخ عبدالقادری کوڕی، باوکی رزگار بکا لە بەرئەوە لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمدا دوو بتالیۆنی پیادە لە (گاوان)ەوە بەسەرکردایەتی(مصطفی پاشا) خرایەڕێ بۆ ئەوەی رێگەی نێوان (ئۆرامار) و (نهری) بگرێو دوو بتالیۆنیش نێررا بۆ (نەهری).

شێخ محمد صدیقی کورەگەورەی شێخ بارمتە بوو لە ئەستەمبولّ لای حکومەت لە بەرئەوەی عبدالقادر بوبوو بەجێگری باوکی. دەربارەی شێخ عبدالقادر، لە لاپەڕە ٧٢ی باسێکی (نلدوف)دا وتوویەتی: عبدالقادر هەروەکو باوکی مایەی رێزلێگرتنەو سەرکردایەتی هێزەکانی کورد ئەکاو نیازی وایە دان بەدەسەلاتی حکومەتی عوسمانیدا نەنێت. جلیلی لە لاپەڕە ١٥٦ی کتێبەکەیدا ئەلّێ: ئەم هەلّوێستەی حکومەتی عوسمانی بەدلّی حکومەتی ئێران نەبوو چونکە هێزو دەسەلاتی شێخ لە موصلّ هیچی لیّ کەم نەبوبوەوەو عەشایرەکانی کوردو عەرەبی ویلایەتی موصلّ هەمیشە ئامادەبون هەر ئەوەندەی شێخ ئەموستی بەرزیکاتەوە ئیتر هەموو دەس بدەنە چەك.

محسن خانی بالّیۆزی ئێران لە ئەستەمبولّ سرەوتی لیّ برابوو، هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە و دەیوت: ئەگەر شێخ هەلێکی بۆ هەلکەوێ ئەتوانێ دەس بەراپەڕینێکی تر بکاتەوە، لە بەرئەوە بەناوی شای ئێرانەوە داوای لە ئەستەمبولّ کرد شێخ رەوانەی شوێنێکی تر بکرێ کە دووربێ لە سنوری ئێرانەوە بەلام سولّتانی عوسمانی محسن خانی دلّنیا کرد کە لە مەو دوا دەتوانرێ شێخ رەوانەی شوێنێکی تر بکریت و بۆ یە کورەکە ی بەبارمتە دانراوە تا بە بێخوێن رشتن ئەو مەبەستە سەر بگرێ.

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران گومانی هەبوە لە سوودی بوونی محمد صدیق چونکە ئێران واباشتربوو شێخ عبدالقادر بەبارمتە دابنرایە چونکە

عبدالقادریش له بیروباوەڕیا هەروەکو باوکی وابووحکومەتی ئێران بەخۆڕایی ئەو مەترسیەی لێ نەنیشتبوو، چەنکە زۆری پێنەچوو لە مانگی تشرینی دوهەمدا شێخ عبدالقادر بەهێزێکی بچوکی کوردەوە لە نزیك گوندی (شیتان) کە نزیکی ٧٠-٧٥ میل دوورە لە رواندزەوە پەلاماری ئەو هێزەی عوسمانیدا کە ئەرکی گەیاندنی شێخ عبیداللەی پێ سپێررابوٚ بۆ موصلّو توانی باوکی رزگار بکات.

کمال پاشای سەرکردەی ئەو هێزەی تورك بەگورجی داوای یارمەتی لەوالی موصلّ و بغداد کردو ئەوچوار بتالیۆنەش لە دوای ڕەوانەکردنی شێخ لە موصلّ بەسەرۆکایەتی حسێن بەگ مابوونەوە هەموویان بەرەو (شیتان) رەوانەکران و لە نزیك ناوچە شاخاویەکە ی (کوردبوغازی) هێزێکی کورد لەگەلّ ئەو هێزەی حسێن بەگ ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوەو هێزەکەی کورد شکاو هێزی حسێن بەگ و کمال بەگ پێکەوە لە دوای شەڕێکی شەش سەعاتی شێخ عبدالقادریان ناچار کرد خۆی بدابەدەستەوەو بەوجۆرە کوڕو باوك پێکەوە ڕەوانەی موصلّ کران و دوای ماوەیەك شێخ نێررا بۆ (مەکە) ئەم بۆچوونەی جلیلی لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام: 1995 Biografya lugatti-68 cuz داباس کراوە.

جلیلی لە لاپەرە ١٥٨ی سەرچاوە ١٨دا ئەلّێ: نەك تەنها هەردەولەتی عوسمانی، بەلّکو روسیاو بریتانیاو دەولە تانی تریش چاوەڕوانی ئەوەنەبوون و بڕوایان بەوە نەدەکرد ڕاپەڕینەکەی شێخ عبیدالله بەوجۆرە بەهەرچوار لادا پەل بهاوێژێو بەوشێوەیە بلاّوبێتەوە (لام وایە دوکتۆر جلیلی ئەبوایە ئەوەشی بوتایە کە هیچیان باوەڕیان بەوە نەبوو کە وا بەو جۆرەو بەئاسانی ئەو شۆڕشەی کە بەوپەڕی بێحسابیەوە دەستی پێکرابوو وابەودەستو بردیە لە ناوبچێت ! !).

هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکەی شێخ عبیدالله

بەرلەوەی شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە هەڵسەنگێنرێت، پرسیارێك دێتە پێشەوە کە بریتیە لەوەی ئایا شێخ عبیداللە دەرسی لە شۆڕشە سەرنەکەوتوەکانی بەرلە خۆی وەرنەگرتبوو وەبۆی دەرنەکەوتبوو تەنها بەرپاکردنی شۆڕش بەبێ لێکدانەوەی ئەنجامەکانی و ئەو پێویستیانەو ئەو مەرجانەی کە بۆ دەسپێکردنی شۆڕشێك پێویست بوون خراوەتە بەرچاو، ئایا

شێخ عبیداللە بـەوەیزی عەشـایریەی کـە بەشـێوەیەکی عاطیفـە لـە دەوری گردبووبونەوە بەهیوای ئـەوە بـوو بتوانـێ بەرگـەی ئـەو هـێزو سوپا زۆرو مەشـق پێکراوەی دەولە تی عوسمانی بگرێ کە هەندێ پسپۆڕو شارەزایان و ئەفسەرانی بێگانەشی بۆ بەکرێ گیرابوو) ئایا شێخ عبیداللە حسابی بۆ هەڵوێستی روسیا و بریتانیا و ئێران نەکردبوو کە هیچیان بەهیچ جۆرێك رۆژێك لە رۆژان دۆستی میللە تەکە ی نەبون و نەیان ویستبوو بزوتنەوەی کورد سەربگرێ؟؟

ئایا شێخ عبیداللە دوای ئەو هەموو تەقەلایانـەی دابووی بۆ پێوەندیکـردن و دۆستایەتی و هاوکاریکردن لەگەڵ کریستیانەکانا کە بەئاشکرا بۆی دەرکـەوتبوو هەرلە زەمانی بدرخان پاشاوە چ ئەرمەنی و چ ئاسووری لە ژێر فشـاری روسـیا و بریتانیادا بـوون و ئـەودوو دەوڵەتـە هەریەکـەیان بەشـێوەیەك بارەها بەوانـەیان وتبوو نابێ بەشداری بکەن لە هاوکاریکردن لە هیچ شۆڕشێکی کوردا، ئایا دوای ئەو هەموو ئاشکرابوونەش هێشتا شێخ بەتەمای شۆڕشێکی سـەرکەوتوو بـوە؟).

بۆ وەرامی پرسیارانە، لام وایـە شـێخ عبیداللـە خـۆی و هاوکارەکـانی ئەگـەرچی چەوروستەم و زۆرکاری و باج وسەرانە سەندنی کاربەدەسـتانی عوسمـانی زەیفـی سـەندبوو زەمینـەی بـۆ ئـەوە خۆشـکردبوو کـە بێزاربوونی خـەڵك لـە دەوڵـەتی عوسمانی یارمەتیدەرێکی تارادەیەك بـاش بـوە بـۆ ئـەوەی شێخ بکاتـە ئـەو بـۆ چوونەی کە ئەو میللەتەرەش و رووت و چەوسـێنراوەی تابـەمافی خـۆی نـەگا واز ناهێنێ و کۆڵ نادات.

لـەورووەوە جلیلی جلیـل لـە لاپـەڕە ٦٢ ی سـەرچاوە ١٨دا ئامـاژەی بـۆ رۆژنامـەی (مشـاك) ی ژمـارە ١٩٠ی سـاڵی ١٨٨٠ کـردوە کـە وتویـەتی: هـۆی سەرەکی بۆ دەسپێکرنی ئەو راپەڕینە ئەوەبوە کورد دەس بداتە چەك بۆ ئەوەی خۆی رزگـار بکـا لەویرسـیتی و دواکـە وتنـەی بـەهۆی داگیر کە رانـەوە تووشـی بوبوو....

لە گەڵ ئەوەشدا بەکورتی دەتوانین باسی هەندێ لە وکـە م و کووڕیانـە بکـە ین کە بوبونە هۆی سەرنەکەوتنی ئەو شۆڕشە:

١ـ نەبوونی نەخشەیەکی ریكوپیك بۆ چۆنیەتی دەسپێکرنی شـۆڕش و نـەوبێ حسابیەی لە دەسپیکردنی شۆڕشەکە لە پێشـدا لـە ئـێران بـەهیوای کوردستـانی

رۆژهەلاتی رزگارکراو بکرێت بەبنکەیەکی بەهێز بۆ رزگارکردنی باکوری کوردستان شتێکی زۆر کورت بینانەو بێ حساب بوە و لە زیان گەیاندن بەولاوە هیچ سوودێکی نەبوە بۆ کورد و ئەو هێزە پەراگەندەو شکاوەی شێخ کە لە ئێرانەوە گەڕاوەتەوە بۆ باکوری کوردستان و زۆری پێ نەچوە کردوێتی بەبناغەی دەسپێکردنی شۆڕشێکی تر دژی حکومەتی عوسمانی کارێکی زۆر کورت بینانە بوەو هەر لە سەرەتاوە دیاربوە ئەو هێزە کە مەی زۆربەی لە دروێش و مریدەکانی شێخ پێك هاتبوو بەهیچ جۆرێك بەرگەی حکومەتی عوسمانی نەدەگرت و لە راستیشدا لە چەند شوێنێکی کەمدا نەبێ ئەو هێزەی شێخ بەرگەی سوپاکەی نەگرتوە و شێخ خۆی و شێخ عبدالقادری کوڕیشی هەردوکیان ناچاربوون خۆیان داوە بەدەستەوە.

٢ـ نەبوونی رێکخراوێکی سیاسی، یا دەزگایەکی بەڕێوەبەر بۆ رێکخستنی کاروباری ناو ولآت و بەڕێوەبردنی ئیشی رۆژانەو سەرپەرشتیکردنی باری ئابوری و چۆنیەتی دابینکردنی چەكو ئازوقەو خواردەمەنی شتێکی ئاشکرای سەرەکی بوە کە شۆڕشەکە لە راپەڕینێکی هەڕەمەیی بیحساب بەولاوە شتێکی ئەوتۆ نەبوە کە شێخ و تاقمەکە ی دڵی پێ خۆش بکەن و هیوای ئەوەیان هەبووبێ بەسەرکە وتن...

ئەگەر ئەو راپەڕینەیان تەنها بۆ ئەوە کردبێ حکومەتی عوسمانی ناچار بکەن واز لە فشارو جەورو ستەم بێنێت بەرامبەر بەکورد، وابزانم رێگەی گفتوگۆکردن هەبوە بۆ ئەوەی شێخ بتوانێت سوود لە کات وەربگرێت و لەوماوەیەدا زۆرتر خۆی رێکخاو خۆی ئامادەبکا بۆ شۆڕشێك کە بەرامبەر هێزیکی حکومەت بشێ.

٣ـ نەبوونی یەکێتی لە ناو ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی کە شێخ عبیداللە لای وابوە هەموویان بەراستو بەنیازی پاکە وە دڵسۆزی لایەنگرێتی خۆیانیان بۆ دەربڕیبوو، شێخ عبیداللە سوودی لەو رێکەوتنەی زەمانی بدرخان پاشا وەرگرتبوو کە بەناوی (پەیمانی پیرۆز)ەوە هەموو سەرۆك عەشیرەتەکان مۆریان کردبوو لە راستیدا ئەو پیرۆزیەی کە هەندێ لەوسەرۆك عەشیرەتانە بۆی چووبون کە لە دوای سەرکە وتن هەریەکە یان لە ناوچەکە ی خۆیدا دەبێ بەدەسەلآتدارو هەرلە سەرەتاوە بین برکێی ئەوانە بۆ دەسەلآتدارێتیە لە ناو خۆیانا شتێکی

روون و ئاشكرابوە و كۆنگرەكە ی شێخ عبیداللـەش هـەر شتێك بوڵا لـەوجۆرەو بزوتنەوەكە ی بریتی بوە لـە بزوتنەوەیـەكی ناوچـەیی و نەخشـەیەكی ئـەوە نەكێشرابوو هـەموو ناوچەكانی بەلكو ئامادەبكورێ لـە یـەك كاتدا دەس بكـەن بەشۆڕش. لـەو ڕووەوە جلیلی لیە لاپـەڕە ١٦ی سـەرچاوە ١٨دا ئامـاژەی بـۆ راپۆرتێكی پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئەتكۆلوسك) كردوە ژمـارە ٤٤سالی ١٨٨٠ كـە وتویەتی:

((ئەگەر كوردەكان لە ناوخۆیانا یەكێتییان هەبوایە، لە ناوبردنی شۆڕشەكەی شێخ عبیدالله زۆر ئەكە وت لە سەرنێران)).

٤ـ شـێخ عبیداللـە هیچ تەقەلایـەكی لـە گـەڵ دەولـە تـانی ئـەوروپادا وەكـو روسیاو بریتانیـا سـەری نـەگرتبوو هـەندێ لـە دبلۆماسیەكانیان بەئاشـكرا لـە شێخیان گەیاندبوو كە حكومەتەكە یان دژی هەموو جۆرە راپـەڕینێكی ئـەوە كـە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بەدەولەتی عوسمانی.

دەربـارەی شۆڕشـەكەی شـێخ لـە كوردسـتانی ئـێراندا، هـەر لـە زەمـانی بدرخانەوە و لە شۆڕشەكە ی ئەوەوە ئاشكرابوو كە بریتانیا و روسیا سوور بوون لە سەر ئەوەی كە ئەبێ سنوری ئێران بپارێزرێ و ولاتەكە یەك گرتوویی و هیچیان بەوە قایل نەبوون كە بەشێك لە خاكی ئێران كـە كوردستانی رۆژهـەلات بـوە لـە ئێران جیابیتەوە.

٥ـ سـەرنەكە وتنـی شـێخ عبیداللـە لـە دەسـگیر بوونـی دوژمنایـەتی و هاوكاریكردن لـە گـەڵ كریستیانەكانداو هـەروەكو لـە كێشـەی ناوكونگرەكـەی شێخ عبیدالله دا ئاشكرابوو، یەكێكی وەكو (شێخ فـەهیم) بـەهاندانی حكومـەتی تورك سپێررابوو كە بەر لەوەی شۆڕش دژی حكومەتی ئێران و عوسمانی بكرێت، دەیویست لە ئەرمەنیەكان بدرێ و بێگومان چ ئەرمەنیو چ ئاسووری لـە دەمـاری هەندێكی تری وەكو شێخ فەهیم گەیشتبوون كە ئەگەر كورد ببێت بەدەسـەلاتدار دوور نیە هەلوێستی كورد بەرامبەریان لە هەلوێست و رەفتاری عوسمانی خراپـتر بێت و ئەم راسـتیە لـە لایـەن دەوڵەتـە بێگانـەكان و میسـنێرەكانەوە بەتایبـەتی ئینگلیزەكان بەتەواوەتی لە مێشـكی كریسیانەكان چەسپاوبوەو ئەوتاكـە تاكـە ئەرمەنیو ئاسوریانەی بەرواڵەت دوستایەتی خۆیان بۆ شـێخ دەربڕیبـوو لـە چـاو زۆریەی بێزاریوەكانا شتێك نەبوە حسابیان بۆ بكرێت.

شۆڕشی شەشەم:
ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی باکوری کوردستان لە دوای شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە هەتا شەڕی یەکەمی جیهان

لە دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە ی شێخ عبیداللە کاربەدەستانی عوسمانی لە جاران خراپتر دەستیانکرد بەتواندنی زەبرو زەنگو ڕووتاندنەوەو برسیکردنی دانیشتوانی کورد و لە هەندێ ناوچەدا دانیشتوانیان ناچار دەکرد دەس بدەنە چەك و ڕوویەرووی ئەو کاربەدەستانە ببنەوە.

لە دوای شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە هەتا دەسپێکردنی شەڕی جیهان لە زۆر بەشی باکوری کوردستاندا ڕاپەڕین و شۆڕشی پەرەوازەو لێك جیاواز دەستی پێکردوە کە بەبزوتنەوەکە ی ئەمین عالی بدرخان و مدحت بدرخان دەستی پێکردوەو بەشۆڕشی ملاسلیم و شێخ شهاب الدین و هاوکارەکانیان کۆتایی هاتوە کە ئەمەی دواییان ڕاپەڕین و بزوتنەوەیەکی درێژ خایەن بوەو هەوڵدەدەین کورتەیەکی ئەو جموجوڵو بزوتنەوەو ڕاپەڕینانە پێشکەش بکەین و لە کۆتایی ئەم باسەدا ئەو کە مو کوڕیانەی لەو شۆڕشە بڵاویلاوو پچڕپچڕنەدا هەبوە کورتەیەکی باس دەکە ین.

یەکەم – بزوتنەوەو ڕاپەڕینی ئەمین عالی بدرخان و مدحت بدرخان

ئەمین عالی بدرخان کە لە زنجیرەباسی بنەماڵەی بدرخانیەکان وتراوە لە نێوان ساڵانی١٨٥١–١٩٢٤دا ژیاوە، باوکی سریابدرخان و جلادت و کامران بوەو جگە لەو ڕاپەڕینەی لێرەدا باسی دەکە ین، لە دواییدا لە شوێنی خۆیا باسی چالاکی دەکە ین لە ڕێکخراوو کۆمەڵە کوردیەکانی باکوردا و مدحت بدرخانیش خاوەنی ڕۆژنامەی کوردستان بوە وەکو باسی ئەویش لە باسی کۆڤارو ڕۆژنامەکانا دەکرێ.

ئەمین زەکی لە لاپەڕە ٢٤٠ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا سەرچاوە ١٨دا دەربارەی ڕاپەڕینەکە ی ئەمین عالی بدرخان و مدحت بدرخان وتوویەتی:

((لە کاتێکدا هەردوکیان دەچوون بۆ ئەستەمبوڵ، لە ڕێگای چوونیان لە (طرابزون) لایاندا و ئەوەیان بەهەل و دەرفەت زانی و لەوێوە دەستیانکردوە

بەنامە ناردن بۆ چەند سەرۆكێكی كوردو لە گەلّ ئەوانا بڕیاریاندا هێزێكی چەكداری كورد لە (جویزیك) كە نزیك بە (طرابزون)ـە لەگەلّ هەردوكیانا كۆببنەوە و بەنهێنی چاویان بەیەك كەوت، بەلاّم حكومەتی تورك زۆر باش ئاگاداری جموجوڵی ئەو دو ئەمیرە كوردەبوو، بۆ یە حكومەت هێزێكی گەورەی ناردە سەر رێگەیان بۆ ئەوەی نەگەنە كوردستان‌و هێزەكەی تورك ئابڵوقەی كوردەكانیان داو لە دوای شەرێكی خوێناوی هێزیكی كورد خۆی پێ نەگیراو شكاو ئەمین عالی و مدحت بدرخان پەنایان بردەبەر چیاكانی (ئەرغنی) و (معدن) و هێزێكی تورك دوایان كە وتن و هەردوكیان ناچاربوون خۆیان دابەستەوە.

دەربارەی ئەو باسەی ئەمین زەكی، بلەچ شێركوە (جلادت بدرخانی كوڕی ئەمین عالی بدرخان) بەشێوەیەكی تر باسیكردوە كە كورتیەكەی بریتیە لەوەی كە وتویەتی:

((ئەو دوومیرە لە ئەستەمبوڵەوە (دوورنیە لەوێ دەسبەسەر بووبن) بەنهێنی چوونە طرابزون لەوێ چاویان بە (مصطفی نەورەس ئەفەندی شاملی) كەوت و لەرێگەی ئەوەوە پێوەندیان بەكوردستانەوە كردو لەگەڵیانا رێك كەوتن لە (جویزیك) كەوتۆتە نێوان رێگەی ئەرزڕۆم و طرابزون چاویان بەیەكتر بكەوێ، بەلاّم ئەو كە سەی نامەكانی ئەبرد ئەو نهێنیەی گەیان بەتوركە كان و حكومەت لە ئەرزڕۆم و ئەرزنجانەوە هێزێكی گەورەیان نارد و ڕوویەڕووی یەكتر بونەوەو كوردەكان شكان و لە چیاكانی (ئەرغنی) خۆیان شاردەوەو پاش ماوەیەك بەناچاری خۆیان دابەدەستەوە، كە سەرچاوەی جلادت بۆ ئەم باسە بریتیە لە دائرە المعارف الاسلامیە ـ بەزمانی فرنسی كە لەلایەن (میتۆرسكی)یەوە تۆماركراوە و (A.veriondvu) لە كتێبەكەیدا باسی ئەوەی دائرەی معارفی كردوە.

دوهەم ـ راپەرینی ئیبراهیم پاشای میللی

ئەمین زەكی لەلاپەرە ٢٥٥ی سەرچاوە ٣٢دا وتویەتی ئیبراهیم پاشای میللی كوڕی (محمود بەگ تیماوی) بوە (محمد علی عوینی وەرگێڕی كتێبەكەی ئەمین زەكی لە پەراوێزی هەمان لاپەرەدا وتوویەتی ووشەی تیماوی لەووشەی تمۆ وەرگێراوە كە كوردەكان بەتەیموری توركیان وتوە تمۆ).

دوای ئەوەی ئیبراهیم پاشا بوو بەسەرۆکی عەشیرەتی (میللی)، ئیتر دەستیکرد بەڕاوو ڕووتکردنو تالآنی لە ڕێگەی نێوان ماردین و دیاربکر و بەوە ژمارەیەکی زۆر لە چەتەو ڕێگر لە دەوری گردبوونەوەو حکومەتی عوسمانی هێزێکی نارده سەری و گرتی و دووری خستەوە بۆ (سویسرا)، بەلآم زۆری پێ نەچوو دەرفەتی دەسکەوتو ڕایکردو بەشەڕەشەق خۆی گەیاندە (وێرانشهر) کە شوێنی باوو باپیرانی خۆی بوو.

لە پاش ماوەیەك هێزی سوارەی حمیدیە پێك هات و ئیبراهیم پاشا خۆی کوتایە ناو ئەو هێزەو کرابە (میری میران) لە دواییدا باسێکی تایبەتیمان بۆ هێزی سوارەی حمیدیە تەخان کردوە و بەدوورودرێژ باسی دەکەین.

ئیبراهیم پاشا لە سالّی ۱۳۲۲ کۆچی بەرامبەر بە۱۹۰٤ی زاین توانی دەسەلآتی خۆی بەسەرعەشیرەتی (قرەکچیلی) دا بسەپێنیتو سەرکردەکانی بشکێنێتو بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و بەوە ئەوەندەی تر هێزو دەسەلآتی لە ناوچەکە دا پەرەی سەند.

ئیبراهیم پاشا شاری (وێهرانشهر) ی کرد بەبنکە ی دەسەلآتی خۆی و لەوێوە کاروباری ناوچەکانی ماردین، رها، ئورفە، قرەجەداغی دەبرد بەڕێوەو ئەو دەسەلآتدارێتیەی درێژەی کێشا هەتا ئیعلانی ئیصلاحاتی دستوری کە دژی سولّتان و تاقمەکە ی بوو، ئیبراهیم پاشا دژی دەستورخوازەکان وەستا (مەبەستی تاقمی أتحادو ترقی بوە) وەدژی حکومەت یاخیبوو، حکومەت (کە تاقمی اتحادو ترقی بوبون بەدەسڕۆیو) هێزێکی ناردەسەری و لە شاخی (عبدالعزیز) گیراو هەلّواسرا)).

دەربارەی ئیبراهیم پاشای میللی کە ئەمین زەکی بەوجۆرە باسیکردوە، (و. ج. ئیلفنستن) لە لاپەڕە ٥ی باسەکەیدا سەرچاوە ٨ وتوویەتی:

((بەرامبەر بەدەسەلآتی روس (مەبەست بەرامبەر بەوهێزی قۆزاقەی روسەکان پێکیان هێنابوو)، سولّتانی عوسمانی لە سالّی ۱۸۹۱دا لە سەرکردەکانی کورد بەناوی لە شکری میللیەوە (مەبەستی سوارەی حمیدیە بوە) هێزێك ڕێکخراو لەو هێزەدا ئازاترینو بەجەرگترین تفەنگچیی کوردستان تیایا بەشداربوو کە خرابوە ژێر فەرماندەی ئیبراهیم پاشای میللیەوە لەوێرانشهر

(له راستیدا ئیبراهیم پاشای میللی یەکێك بوە لە سەرکردەکانی سوارەی حمیدیە وەکو لە باسی سوارەی حمیدیەدا دەردەکە وێ دەسەلاتی سەرەکی بەدەس ئەفسەرە گەورەکانی تورکە وە بوەو ئەوکوردانەی لەوناو هێزەدا سەرکردەبون هەمویان لە ژێر دەسەلاتی ئەو ئەفسەرە گەورانەی تورکدا بوون)و پاش ماوەیەك حکومەتی عوسمانی ئیبراهیم پاشای بەخۆیو هێزەکەیەوە ناردە سەر عەشیرەتی (شەمەر) ی عەرەبو بەسەرپاسەرکە وتو لە پاداشتی ئەوەدا لەلایەن سولتانەوە بانگ کرا بۆ ئەستەمبوڵ و ئەویش بەخۆی و (٤٠٠) سوارەوە چوە ئەستەمبوڵ و لەوێ رێزی لێ گیراو خەلاتی پێدراو نازناوی پادشایەتی پێدراو بوویە ئیبراهیم پاشای میللی.

بەلام لەدواییدا لە ساڵی ١٩٠٨دا کە دەستکرا بە أصلاحاتی دەستوری ئەوانەی سەریەسولتان بون کە یەکێك لەوانە ئیبراهیم پاشابوو لە حکومەت هەڵگەرایەوەو بەخۆیو (١٥٠٠) سوارەوە بەناوی سولتانەوە شاری (شام) ی داگیر کرد ، بەلام زۆری پێ نەچوو تورکە یاخی بوەکانی دژی سولتان ئیبراهیم پاشایان لە کاروبار لاداو لە شام دەرکراو لە کاتی گەرانەوەیدا عەشیرەتی (شەمەر) رێگەیان پێ گرتو دوای شەرێکی خوێناوی کوژرا (کە ئەمە تۆزێك جیاوازە لەوی ئەمین زەکی کە ووتبوی لە شاخی (عبدالعزیز) گیراو هەڵواسرا).

سێهەم ـ بزوتنەوەی عبدالرزاق بدرخان

عبدالرزاق جگە لە رۆڵی سیاسی لە ناو کوردەکانی باکوری رۆژهەلاتدا، مرۆڤێکی زۆر زیرەك و رۆشنبیر بوەو خزمەتێکی زۆری رۆشنبیری کوردی کردوە بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران کە لە لاپەرە ١٤ی کتێبەکەی سمکۆدا چاپی ١٩٩٦ بەدوورودرێژ باسی ئەوەم کردوە و پێویست ناکا لێرەدا کە مەبەست باسی باکوری کوردستانە دوبارەی بکەمەوە.

ولیدحمدی الاعظمی لە لاپەرە ٣٠٥ی سەرچاوە ٢٢دا بەمەڵە وتویەتی عبدالرزاق کوری بدرخان بوە کە لە راستیدا کوری نجیب پاشای بدرخان بوە، لەوکتێبەدا دەربارەی چالاکیی عبدالرزاق بدرخان وتوویەتی:

((عبدالرزاق زۆر چاك بوه له پڕۆپاگەندەكردن بۆ روسەكان و لـه سـالّی ١٩١٠ بەدواوە لە نێوان پاریس‌و تـەورێز و سنوری ئێران‌و روسیادا بۆ ئـەو مەبەستە هاتوچۆی كردوەو پێوەندی كردوە بە سەرۆك عەشـیرەتەكانی ناوچـەی وان و لـە هەندێ ناوچەی (بدلیس)یشدا لایەنگری هەبوە ئەویش یارمەتی چەك‌و پارەی بـۆ پەیداكردون.

هـەوالّی ئـەو چـالاكی‌و جم‌وجۆڵـەی عبدالـرزاق گەیشـتە كاربەدەسـتانی عوسمـانی‌و (رشـیدبەگی كۆچگیری)یـان نـارد بـۆ ناوچـەكانی ملازكـردو مـوش (رشیدبەگ والیی بدلیس بوە) بۆ ئاگاداربون لە چالاكیەكانی عبدالـرزاق و دەركـە وت هەندێ لەوئەفسەرە كوردانەی لە نـاو سـوارەی حمیدیـەدابون لـە ملانكـرد و (بولانیك) لەو كوردە چالاكانە بون پڕۆپاگەندەیان بۆ روسەكان دەكردو حكومەت گرتنی و ناردنی بۆ بەندیخانەی (موش).

(ئەوەی ولید حمیدی باسیكردوە لە نامەیەكی سـیر. ج. لوثـر وەرگـیراوە كـە ناردویەتی بۆ ئەدوارد گرای هەروەكو لە دۆكیومێنتی (1263. No: 2 Fo.371 ١٩١١imسالّی) ناو ئەرشیفی وزارەتی دەرەوەی بریتانیادایە).

دەربارەی چالاكیی عبدالرزاق كە قوتابیی حاجی قـادری كۆیـی بـوەو حـاجی قادر بەمندالّی دەرسـی پـێ وتـوە، (و. ل. ڤیلچێڤسـكی) كـە زانایـەكی ناسـراوی روسە باسی رۆلّی عبدالرزاقی كردوە لە پێكهێنانی ئەو كۆمەڵەی لەلایـەن هـەندێ لە زانایانی وەكو (ی. ن. مار) و (ی. أ. ئوربیللی) یەوەپێك هـاتبوو و ژمارەیـەكی زۆر لە سەركردەكانی كورد بەهۆی ئەو كۆمەڵەوە هەسـتی نەتەوایـەتی تیایـان دا بـەهێزبوە. وەكـو لـە كتێبەكـەی سمكـۆو بزوتنـــەوەی نەتەوایـەتیدا باسـكراوە عبدالرزاق بدرخان رۆڵێكی گەورەشی بینیوەلـە هاوكاریكردنیا لـە گـەڵ سمكۆی شوكاك لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی كوردا لە كوردستانی ئێران.

عبدالرزاق پاش ئەوەی شۆرشی ئۆكتۆبەر روویدابوو، لە روسیاوە گـەڕابوەوە بۆ توركیاو لە لایەن كاربەدەستانی توركە وە گیرابوو نێررابوو بۆ موصـل، بـەلام بەرلەوەی بچێتە بەردەرگا لە زیندانا ئازاریاندابوو كوشتبوویان.

چوارەم - ڕاپەڕینی مەلا سلیم و شێخ شهاب الدین و هاوڕێکانی بەر لە شەڕی یەکەم

بەر لە دەسپێکردنی شەڕی جیهانی بەماوەیەك تاقمی أتحادوترەقی لە ژێر پەردەی أصلاحاتی دەستووریدا نەخشەی ئەوەیان کیشابوو دەسبگرن بەسەر کاروباری ولاتداو لە سالی ١٩٠٨ سولتان عبدالحمید ناچارکرا یاسایەك دەربارەی أصلاحاتی دەستووری مۆربکا کە پێی ووترا (خطی همایون) کە لە دواییدا لە باسێکی تایبەتیدا بەدوورودرێژ باسی ئەوەدەکە ین و بەپێی ئەودروشمانەی أتحادو ترقی بەرزیانکردبوەوە بەر لە دەرچونی ئەو دەستورە دەبوایە میللە تی کوردیش لە ناوولاتی عوسمانیدا مافی نەتەوایەتی خۆی دەسگیرببوایە، بۆیە رۆشنبیرانی کورد چ لە دەرەوەی ولاتی عوسمانی وچ لە ناو ولاتی عوسمانیدا لە سەرەتادا لایەنگری أتحاد وترقی بون لەگەلیانا بەشدار بون لەوچالاکی و جموجۆلانەی بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە درابوو، بەلام هەرکە تاقمی أتحادو ترقی لە پاش مۆرکردنی دەستور بوون بەدەسەلاتدارو کاروباری ولاتیان گرتە دەس ئیتر لە بەلێنەکانی پێشوویان پاشگەز بوونەوەو کوردی نائومێد ناچاربوو بۆ پاراستنی خۆی بۆ دەسگیربوونی مافی خۆی، بکەویتە خۆی و بێزاریی خۆی دەربیرێو ڕوویەرووی کاریەدەستانی تورك بێتەوە و ڕاپەڕینێك بەسەرۆکایەتی ملاسلیم و شێخ شهاب الدین روویدا.

دەربارەی ڕاپەڕینی ملاسلیم، ئیسماعیل شاویس کە خۆی یەکێك بووە لەوئەفسەرە کوردانەی ئەوڕۆژانە لە تورکیادا بوەو ئاگاداری ڕووداوەکان بوە باسێکی لە گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) ی ژمارە ٨ ی تشرینی دوهەمی سالی ١٩٦٠ بلاوکردۆتەوە کە لە شاری سلێمانی دەرچوە لەوەدا وەکو بیرەوەریەکی خۆی باسی ئەو شۆڕشەو بارو دۆخی ئەو ڕۆژانەی کردوە و وتوویەتی:

((ملاسلیم ئەفەندی یەکێك بوە لە شێخە گەورەکانی (خیزان) کە وەختی خۆی بەجێنشینی شێخ صبغەاللە خیزانی دائەنراو لەوانەبوو بۆ سەریەخۆیی کوردستان تێکۆشابوو. لە بەرئەوە بەفەرمانێکی سولتان عبدالحمید ئەوو شێخ عبدالقادر ئەفەندیی کوری شێخ عبداللە و حاجی موسی بەگی خۆیتەلی دوور

خرانەوە بۆ (مدینە) لە حجازو لەوساڵە دابوو سوڵتان عبدالحمید گێچەڵی ئەرمەنیەکانی دروستکردبوو، عبدالحمید ئەرمەنیەکانی دژی کورد هاندابوو کە لەوەدا ئیمپریالیزمی ئینگلیز دەستی هەبوو، چار نیقۆلای روس (قەیسەری روس) بەشداری ئەو ئاژاوەیە بوەو لەوماوەیەدا (موسی بەگی میزانی) لە لایەن کۆمەڵی تاشناقەوە کوژرابوو، تورکەکان ئەوەیان کرد بەبیانوو گەلێك لە گەورەو دەسرۆیوەکانی کوردی دوور خستەوە بۆ حجاز.

لە شاری مدینەدا ملاسلیم ئەفەندی و حاجی موسی بەگ و سید عبدالقادر لەگەڵ کوردە دوورخراوەکانی تردا کۆبونەوەو ئەوکوردانەی تریش کە بۆ حەج چوبون ئەوانیش لەوکۆبونەوەیەدا بەشداربون و لە بارو دۆخی کوردستان کۆڵینەوەو هەموویان لەسەر مەرقەدی پێغەمبەر سوێندیان بۆ یەکتر خوارد لە دەوڵەتی عوسمانی جیاببنەوە و کوردستانێکی ئازادو سەربەخۆ پێك بێن و لەوکۆبونەوەیەدا پەیمانێکیان بەست ئەگەر گەڕانەوە بۆ کوردستان هەریەکە یان لە ناوچەی خۆیدا بۆ ئەوە خەبات بکا کوردی چەوسێنراو رزگار بکا.

لە ساڵی ١٨٩٦دا سوڵتان عبدالحمید لە شێخ عبدالقادر و ملا سلیم و حاجی موسی بەگ خۆشبوو وگەڕانەوە بۆ کوردستان و ملا سلیم چوەلای کوردەکانی باشقەلاو وان و موش و بدلیس و دیاربکرو بیرو باوەڕەکانی خۆی لە ناویانا بلاوکردەوەو خەلکەکەش باوەڕیان بەقسەکانی هەبوو، بەوجۆرە زۆربەی دانیشتوانی ئەوناوچانە خۆیان ئامادەکرد بۆ راپەڕین جگە لە هەندێ لە شێخەکانی قادری کە لە بەر ناکۆکی لە سەر هەندێ بۆ چوونی شێخایەتی و لە بەر خودپەرستی بێبایەخ نەبون بەلایەنگریان وەکو (شێخ عبدالرحمن تاگی) لە (بولانیق) بەلایەنگرێتی ملاسلیم قایل نەبوو سەریە سولتان عبدالحمید بوو.

لە کاتی خۆیدا کە (شێخ صبغەالله)ی خیزانی کۆچی دوایی کردبو، هەرچەند ملاسلیم خلیفەی ئەوبوو بەلام ملاسلیم لە جیاتی خۆی (شێخ شهاب الدین)ی کوری شێخ صبغەاللە ی بەجێگری باوکی دانا ئەگەرچی تەمەنی دەساڵبوو، رێوشوێنی بۆ ئەو کوڕە داناو فێری زانیاری و صۆفێتی و ئیرشادی کردبوو پێی گەیاند. ملاسلیم بلاوی کردەوە پیاوی ئایندار و صۆفی نابێ تەنها هەر بۆ

سوودی خۆی هەوڵبدا، بەڵکو پێویستە لە سەری خۆی لە ناو بزۆرگی و گەورەیی خوادا بتوێنێتەوەو بۆدینو بۆ دنیاش هەوڵ بدا.

شێخەکانی کورد لەویارەوە بەتەواوەتی هاوکاری بون و جگە لە کاروباری ئاینی بیرو باوەری نیشتمانپەروەرێتیشی بەناو خەڵکا بڵاوکردەوەو جگە لە کوردەکانی تورکیا کاریشی کردبوە سەرکوردەکانی قفقاس وەکو ناوچەکانی قاقزمان، قارص، ئەردەهان و دەرویشو مریدێکی زۆری پەیداکردو مامۆستاو زاناو پیاوە تێگەیشتوەکانی کورد بیروباوەڕەکانی ملاسلیمیان پەسەندکردوەو کۆمەڵی (عولەما) فتوایان دەرکرد کە نابێ بەپێی شەرع زانا ئاینیەکانی کوردستان خزمەتی عوسمانی بکەن ویارمەتی بدەن چونکە عوسمانی بەپێچەوانەی شریعەتی ئیسلامی رەفتاریان دەکرد و جەعفەریەکان (مەبەستی علویەکانە) هەڵوێستێکی دوژمنانەیان هەبوە کە ئەمە بوو بەهۆی دوویەرەکی لە ناو ئیسلامەکانا کە ئەمە سوودی حکومەتی تیابوو.

بەوجۆرە کورد لەویلایەتەکانی ئەرزرۆم، خریوط، ئالعزیز، دیاربکر، بدلیس، وان کەوتنە خۆیان و هەستی نەتەوایەتی لە ناویانا پەرەی سەند و ملاسلیم لەگەڵ زاناو شێخ و سەرکردەکانی ئەوناوچانە لەسەرئەوە رێك کەوتن پێویستە کوردستان (ئیدارەیەکی خود موختاری) هەبێ، بەڵام سەر بە خلافتی عوسمانی بێ. حکومەتی عوسمانی بەرامبەر بەوە شپرزەبوو لە حزیرانی ١٩١٠دا لەشکرێکی ناردە سەرملا سلیم و لەلایەن ئالایەکی سوپایی تورکەوە لە رێگای (وان ــ بدلیس)دا ملاسلیم گیراو ساتێك شێخ شهاب الدین بەوەی زانی بەخۆیو (١٠٠) سواری کوردەوە هێرشی بردە سەرئالاکە ی تورك و ملاسلیم رزگارکردو شەر لە نێوان هەردو لادا هەڵگیرسا. لەشکری تورك لە شاری بدلیس دا بریتیبوو لە چوار طابوری سەرباز و بطاریەیەکی تۆپو (١٢) مترەلۆز لە گەڵ ئەو هەموو چەك و لە شکرەشدا کە شێخ شهاب الدین هێرشی کردە سەریان لە بدلیسدا تورکە کان شکان و (٢) تۆپو (١٠) مترەلیۆزو (٣٠٠) تفەنگ گیراو (٣٢٠) سەربازی تورك بەدیل گیران و کوردیش لەوشەڕەدا (٥٠) شەهیدی هەبوو، بەوجۆرە سوپای تورك بەرەو دیاربکر شکاو والیی بدلیسیش رایکرد. لە مانگی ئابی ١٩١٠دا لە شاری دیاربکرەوە فرقەیەکی تورك هێرشی بردە سەر بدلیس و داگیری کردەوە

که زۆربەی پێشڕەوی هێزەکە ی تورك بریتی بـوو لـه ئەرمەنیـەکان کـه خرابونـه پێشەوە له بەرئەوە زۆریان لیٚ کوژراو کوردیش لەوشەڕەدا (٢٠) شەهیدی هەبوو، بەڵام دوای ئەوە جارێکی تر شێخ شهاب الدین شاری بدلیسی گرتەوەو تورکەکان شکان)).

بۆ یەکەم جار سەرچاوەیەك باسی کێشەی نێوان ڕێبازی قادری و نەقشبەندی کردوە کـه ئیسـماعیل حقـی شـاویس ووتویـەتی: تورکـه کـان جیـاوازیی ریبـازی ئاینیان بۆ سوودی خۆیان بەکار هێناو توانیان سوودی لیٚ وەربگرن و دووبەرەکی له ناویانا پەیدابکه ن و توانیبویان شێخ ەکانی قادری له قەزای (کیفرا) که شێخ عبدالباقی و شێخ حسێن بون‌و هەردوکیان قادری بون و تورکـه کـان توانیبویـان ئەوانه بکه ن بەلایەنگری خۆیان و دژی شێخ شهاب الدین (که نەقشـبەندی بـوە) وەبەپێی پیلانی تورکه کان ئەوانه خیانەتیان له شێخ شهاب الدیـن کـردو هـەردو هێرشیان بردەسەر شاری بدلیس و شان بەشانی تورکەکان لەگەڵ کوردا که وتنه شـەڕەوە، بـەڵام بـۆ ئـەوەی خوێـن نـەڕژێ شـێخ شـهاب الدیـن شـاری بدلیسـی بەجیٚهێشت‌و رویکردە (مکس وسێرت) و بەو جۆره دیسان تورکه کان بدلیسیان داگیر کردەوە.

ملا سـلیم هـەتا سـاڵی ١٩١٣ لـه وناوچانـەدا مایـەوەو حکومـەت تەنـها لـەناو شـارەکەی بدلیـس دەسـەڵاتی هـەبوەو دەوروپشـتەکه ی بـەدەس کـوردەوە مابونەوە.

ڕۆژی ١٨ ٤ ١٩١٤ حکومـەت لـەوان و مـوش و دیـاریکر و ئەرزڕۆمـەوە بەسـێ فرقه سەرباز هێرشی کردە سەر شـێخ شـهاب الدیـن و خلیفـه ملاسـلیم ئەفـەندی زازاو له شەڕێکی خوێناویدا شێخ محمدی بـرای شـێخ شـهاب الدیـن و سـید علـی ئەفەندی ئاموزای هەردوکیان بەدیل گیران و له گەڵ (١٠) که سی تردا هەڵواسران و گیانیان له پێناوی کوردا بەخت کرد.

ملاسلیم بێدەنگ نەبوو بەرامبەر بەو ڕووداوانه، بـەڵکو بـەخۆی‌و (٤٠) پیـاوی خەباتکه رەوە شەبەیخونێکیان کردو چونه ناوشاری بدلیسەوە و بـۆ مـاوەی (٥) سەعات شەڕکراو لەوشەڕەدا دووئالآ قومـاندانی و (٥) ئەفسـەرو (١٤٠) سـەربازی تـورك كـوژران، بـەڵام کـه ڕۆژبـوەوە ملاسلیم و هاوڕێکـانی گـەمارۆ دران و (١٠)

کەسیان لێ شەهید کراو (٢٠) یان خۆیـان دەربـازکرد و ملاسـلیم لەگـەڵ دە کەسەکەی تردا خۆیان گەیاندە نـاو قونسـوڵخانەی روس و لـەوێ مانـەوە هـەتا کـاتی دەسـپیکردنی شـەری جیـهانی و کـە شەڕدەسـتی پێکـرد تورکـەکان قونسولخانەی روسـیان بـەدیل گرتو ملاسـلیم و دە قارەمانەکـەی لەگـەڵیا بـون هەموویان لە بەردەمی قونسوڵخانەکە دا هەڵواسین و بەو جۆرە ملا سلیم شـەهید بوو. کە ملا سلیم لە سێدارە درا تەمـەنی (٦٥) سـاڵ بـوو، وەختـێ بردیانـە بـەر سێدارە والیی بدلیس لێی پرسی:

خۆتـۆ دەتـووت خـودا سـەرکە وتنتـان دەداتـێ کـە چـی وا ژێـر کـەوتی؟؟
ملاسلیم لەوەراما پێی ئەڵێ بەڵێ خودا سەرکە وتنی بەئێمە بەخشـی بـەڵام لـەناو خۆمانا خائن هەبوو لە بەرئەوە خوا سەرکە وتنەکە ی لێ سەندینەوە و مـردن لـە رێگەی هەموانەو هەمووشی هەریەك رەنگە...

مەلاسلیم بەسەر قەنارەکە وە هاواری کردو فەرمووی:

((مژدەبێ لە تۆ (مەبەست والیی بدلیس بوە) کە دۆزەخ جێگەتەو، ئەمین بە، گەلی کورد حسابێکتان هەر لەگەڵا دەکات و هەرگیز لە حسابی کـورد دەرنـاچن و لە دنیاو قیامەتدا هەر ژێردەکە ون چونکە حوکـمو سـەڵتەنەتی درۆو دەلـە سـەو فێڵو تەلە کە بازی بەزوڵمو زۆرداری ناچێتە سەرو هەق داناپۆشرێ)).

مەلاسەلیم وەکو ئیسماعیل حقی شاویس باسی کردوە پیاوێکی زانـاو شـاعرو ئەدیب بـوەو جگـە لـە زمـانی کـوردی تورکـی و عـەرەبی و فارسیشـی دەزانـی و شـارەزای هـەموو شـێوە زمانـەکانی کوردیش بـوە و (وەکـو بـەر لەمـە وتبـوی ملاسلیم زانا بوە) و دیوانی (مەسنەوی بخاری)ی بەناوبانگی بەشێوەی کرمانجی شرح و تفسیرکردبوو، لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستانا دووجار بۆ ئەسـتەمبوڵ و چوار جاریش چوویوو بۆ حیجاز.

زۆرجار شێخ شهاب الدین تکای لـە مـلا سـلیم کردبـوو دانیشـێتو وازبێنـێ و هەرچیەکی بوێ جێبەجێ دەکرێ بەڵام ملاسلیم لە چالاکی خـۆی نەکـەوتو لـە هەڕەشەو گورەشەی تورکە کان نەترساو هەمیشە ئیرشادی دینی و میللیی خۆی دەکردو دەیوت: هەتا لە پێناوی دین و قەومی کوردا خوێنی خۆم فیدا نەکەم واز ناهێنم. شیسماعیل شاوەیس لـە کۆتـایی باسـەکەیدا لـەوە دواوە کـە حکومـەتی

عوسمانی (٦٤) ئـاڵای سوپایی لـه ویلایەتـەکانی ڕۆژهـەڵاتدا کـە بریـتی بـوە لـە کوردستان لە خێڵەکانی کورد پێك هێنابوو بۆ پچڕ پچڕکردنی بزوتنەوەی پیرۆزی گەلی کوردو بۆ ئەوەی شیرازەی یەکێتی و برایەتی کورد تێك بچێ و ڕێگە نـەدرێ هێزێکی کوردی بەتوانا بەرامبـەر بـە حکومـەت پێـك بـێ و ئیسـماعیل شـاوەیس داخی ئەوەی خواردوە ئەو (٦٤) ئاڵا سوپاییەی لە کورد پێك هێنرابوو هیچـی لـە شۆڕشی کورد بەشداری نەکردبوو، بـۆ یـە شـەرمەزاری و ڕوورەشـی بـۆ ئەوانـەی خیانـەت لـە میللـە تەکـە ی خۆیـان ئەکـە ن و شـانازی بـۆ گیـانی مـلا سـلیم و هەڤاڵەکانی.

دەربـارەی ئـەو بەسـەرهاتو ڕووداوانـەی لەوباسـەی ئیسـماعیل شاوەیسـدا باسکراوە، هەندێ جیاوازی دێتە بەرچاو لە گەڵ ئەو سـەرچاوانەی تـر کـە باسـی ئەم ڕاپەڕینەی ملا سلیمیان کردوە.

وەکو بۆ مان دەردەکـە وێـت ئیسـماعیل شـاویس لـەو باسـەیدا تەنـها باسـی ملاسلیمو شێخ شهاب الدین کردوە کە چالاك بـون و سـەرکردەی ئـە بزوتنەوەیـە بوون، لە کاتێکدا لە کتێبەکەی ولیدحمدیدا سەرچاوە ٢٣ کە پەنای بردۆتە بـەر دۆکیۆمێنتـەکانی نـاو ئەرشـیفی وەزارەتـی دەرەوەی بریتانیـا، لـە مـەدا ئـەو ڕاپەڕینەی بەناوی ڕاپـەڕینی (شێخ سعید علی) ناوبردوە لە (خیزان) کە ئەو شێخ سعیدە کوری شێخ جلال الدین بوەو وتویەتی بەرلە مەش شێخ سـعید لـە سـاڵی ١٨٧٧دا لە شەری روس و تورکیادا ڕاپەڕیبوو وەکو لە دۆکیۆمێنتی ژمـارە(Fo. 2130 -371) ڕۆژی ٢٢ ٣ ١٩١٤دا تۆمـارکراوە کـە بریتیـە لـە ڕاپۆرتێکـی نـائبی قونسـوڵی بریتانیـا لـە (وان)ـەوە نـاردوێتی بـۆ بـاڵیۆزی حکومـەتی بریتانیـا لـە ئەستەمبوڵ.

بەپێی کتێبەکەی ولید حمدی ڕاپەڕینەکەی شێخ سعید گەیشتبوە ناوچەکانی (داویك) و (کارجلکـان) و حکومـەتی تـورك لـە مـانگی مـارتی ١٩١٤دا هـێزێکی گەورەی ناردبوە سەر شێخ سعید لە دەوروبـەری بدلیسـدا لـە سـەرەتای مـانگی نیسـانی ١٩١٤دا لـە شـەڕێکدا ناچـارکرا بدلیـس بەجێ بێڵێـتو لـەو ڕاپۆرتـەی پیشـوودا وتـراوە (تحسین بـەگ)ی والی وان بـەونائبی قونسـوڵەی وتبـوو ئـەو ڕاپەڕینە بەهاندانی ملاسلیم بـوە کـە نـاوی خـۆی نـاوە خلیفـە سـلیم کـە مـەلای

تایبەتی شێخ جلال الدین کۆچکردویـوە (لـە راپۆرتەکـە دا وتـراوە زۆر بـاوەریش بەقسەکە ی والیی تورك ناکرێ)

بێجگە لەوە ولید حمدی لە کتێبەکـەیدا وتویـەتی شـێخ شـهاب الدیـن بـرازای شێخ سعید بوە، لە کـاتێکدا ئیسـماعیل شـاوەیس وتویـەتی شـێخ شهاب الدیـن کوری شێخ صبغەالله بوە کە بەپێی هـەردوو سـەرچاوەکە دەبـی شـێخ سـعید و شێخ صبغەالله برای یەك بون کە چی ئیسماعیل شاوەیس لە باسەکەیدا نە باسی سعیدو نە باسی جلال الدین کردوە.

ولید حمدی لە کتێبەکەیدا لە باسی راپەرینەکە ی ملا سلیم دا وتویەتی:

((کاتێ ملاسلیم دەستیکرد بەراپەرینەکـە ی، شـێخ شـهاب الدیـن کـە بـرازای شێخ سعید بوە لە گەڵ شێخ سعیددا پیرۆزباییان لە راپەڕینەکەی ملاسلیم کـردو شێخ شهاب الدین‌و چەند شێخیکی تر روویانکردە بدلیس و لەوێوە داخوازیەکانی خۆیان نارد بۆ (مظهربەگ)ی والی وان کە مظهربەگ لابرا (مـصطفـی عبـد الخـالق) کرابـە والی و دەسـتیکرد بەرێکخسـتنی پاسـەوانی میللـی لـە دانیشـتوانی شـاری بدلیـس و (٣٠٠) چـەکداری تازەتـان نـێررا بـۆ والیـی‌و رۆژی ١ ٤ ١٩١٤ پـەلاماری کوردەکان درا و لە ئەنجامی ئەو پەلاماردانەدا ملاسلیم و شێخ شهاب الدین و سێ شـێخی تـر پـەنایان بـردە بردەبـەر قونسـوڵخانەی روس‌و قونسـوڵ رازی نـەبوو بیانداتە دەس تورکە کان.

بەپێی (British vce consulate. van.44-1914 ibid) کـە ولیـد حـمـدی ئاماژەی بۆ کردوە والی تورك وتویەتی لەشەڕەدا کوردەکان ١٠٠–٢٠٠کە سـیان لێ کوژرا.

دوای ئـەوە تورکـەکان ئابڵوقـەی قونسـوڵخانەی روسیان دابۆ ئـەوەی شـێخ سعید رانەکاو أعلانی عورفی کرد.

ولید حمدی ئاماژەی بۆ نامەیەکی (Sir Mallet) کـردوە کـە لـە رۆژی ١٢ ٤ ١٩١٤دا ناردبووی بـۆ (Sir Edward Grex) بـەپێی ئـەوە باسـی ئـەوە کـراوە حکومەتی روس بریاری دابوو ئەوپەنابەرانە نابـێ بدرینـە دەس حکومـەتی تـورك ئەبوایە دەربازیکرانایە.

رۆژی ٢٦ ٤ ١٩١٤ شێخ شهاب الدین له نزیك شـاری (دیـاردین)ەوه لـه لایـەن قائمقامی (ئەرجیش) له کاتێکدا تەقەلای دابوو رابکا لەگەڵ (٢٠٠) کورد، که لـەو کتێبەی ولید حمیدا ناوی ئەم دەکه سەی تیادا هاتوه:

١ـ شێخ سعید علی خیزان.

٢ـ صلاح الدین کوری شێخ سعید.

٣ـ فاخر خلیل.

٤ـ ملا محی‌الدین.

٥ـ ملا حیدر.

٦ـ ملا خلیل (که ئەمانه هەمویان خەڵکی خیزان بون).

٧ـ حسێن ئاغای زاوای شێخ سعید که خەڵکی (کارتشفیان) بوو.

٨ـ جعفر ئاغا.

٩ـ فرید ئاغای ئامۆزای شێخ سعید.

١٠ـ حسێن بـەگی خـەڵکی (کـاواش)، هـەروەکو لـه راپۆرتەکـەی (ibid) ی پێشوودا ناویان هاتوه.

قونسـوڵی روس لـه راپۆرتێکیـا وتوویـەتی لـه نـاوی ئەوکـه سـانەوه کـه بەشداریون له راپەرینەکه دا دەردەکه وێ ئەمه بزوتنەوەیەکی ئاینی بوه.

دادگـای حکومـەتی عوسمـانی بریـاری هەڵواسـینی (١٧) کەسـی‌دا لەگـەڵ ئـاوارەکردنی (٦٠) کـه س‌و لەوانـەی بەشـداریان کردبـوو لـەو راپەرینـەدا بـەپێی کتێبەکەی ولید حمدی، تەنها شێخ محمد ئەمین که خەڵکی (سێرت) بوو لەگەڵ (محمد خان)ی برایدا توانیبویان خۆیان دەربازبکه ن.

بەپێی دۆکیۆمێنتی ژماره (Fo. 371- 2140 No: 548 رۆژی ٤ ٩ ١٩١٤) دوای ئەم سەرکەوتنەی تورك سـوڵتان مدالیـای (مجیـدی) دەرەجـه یـەکی دا بـه مصطفی عبدالخالق بـەگی والی بدلیس و تحسـین بـەگی والی وان و لـه رۆژی ٧ ٥ ١٩١٤ ئەمانەی خوارەوه هەڵواسران:

١ـ شێخ شهاب الدین.

٢ـ شێخ عبدالشریف.

٣ـ شێخ سعید علی .

٤ـ ملا فقی علی .

٥ـ ملا جنید.

٦ـ ملا مجید.

٧ـ حاجی جبران .

٨ـ حاجی بایز.

٩ـ حاجی خورشید.

١٠ـ علی ئەفەندی (کە یەکێك بوە لە پاسەوانەکانی جارانی سوڵتان).

١١ـ ملا محی الدین .

بێجگە لەوانە (١٠) کەسی تریش هەڵواسران (باسی ناوەکانیان نەکراوە).

بە پێی کتێبەکەی ولید حمدی وتویەتی ئەوانەی خۆیان گەیانە قونسوڵخانەی روس تەنها ملاسلیم بوو بەڵام اسماعیل شاویس وتبووی (١٠) کە س بون.

بەپێی کتێبەکەی ولید حمدی دوای ئەمە حکومەتی عوسمـانی هێرشـی بـردە سەر (جزیرە) کە جێی بنەماڵەی بدرخانیـەکان بـوو لـەوێ حسـن بدرخـانی بـرای عبدالرزاق بدرخان گیراو کوڕێکی سلێمانی برایشی بەر گولله کەوت. ولیـد حمدی لە کتێبەکەیدا باسی پێوەندی شێخ سعید (مەبەستی سعیدی شێخ جـلال الدیـن بوە) و شێخ عبدالسلامی بارزانی کردوە کە بریار وابوە هەردولایان لە یەك کـاتدا پەلاماری بدلیس‌و بـارزان بـدەن. شـێخ عبدالسـلام ڕاپـەڕینی خـۆی دەسـپێکردو هێزی تورك لە موصڵەوە بەرەو بارزان چوو بۆ دامرکانەوەی شۆڕشـەکە ی شـێخ عبدالسلام .

بـەپێی ئـەوەی (ibid) باسـیکردوە کـە ئامـاژەی بـۆ ڕاپۆرتێکـی (Sir. L. Mallet) ی قونسوڵی بریتانیا کردوە کـە نـاردویَتی بـۆ باڵیۆزخانـەی حکومـەتی بریتانیا لە ئەستەمبوڵ لە ڕۆژی ٥ ٥ ١٩١٤دا دەرئەکە وێ شێخ عبدالسلام یەکێك بوە لەو (٦) کە سەی لە لایەن کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی عمادیەو موصڵەوە ڕێزیـان لێگیراوە.

بـەپێی ڕاپۆرتەکـە ی ڕۆژی ١٦ ٥ ١٩١٤(ibid) باسـیکردوە هـێزی تـورك پەلاماری شێخ عبدالسلامی داوە لە بارزان و لە دوای دوو ڕۆژ خۆی و تاقمەکە ی

چوویونه ناوخاکی ئێرانەوه بۆ لای سید طەی شمزینی بەلام لە دواییدا تورکەکان شێخ عبدالسلامیان گرت و أعدامیان کرد.

لە دوای ئەو دویاسەی ئیسماعیل حقی شاویس و ولید حمدی ، دەچینە سەر ئەو باسەدوورودێژەی دوکتۆر جلیلی جلیل دەربارەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژانە لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٥٥ باسیکردوە و لە لاپەڕە ١٩١دا وتویەتی :

((ساتێك ژۆن تورك دەسەلاتی گرتە دەست بۆ یان دەرکەوت بەئاسانی چارەسەری ئەو کەموکوڕیانەیان پێ نەدەکرا کە لە زەمانی سولتان عبدالحمیدا پەیدابوبو، ئینگلیز و فەرەنسەو ئەلمانیا و روسیا بەتەواوەتی دەستیان خستبوە ناو کاروباری ولاتەوە و لە دوای شکانی تورك لە شەڕەکانی طرابلس‌و بالقاندا لە سالانی ١٩١١–١٩١٢دابارى دەولەت بەتەواوەتی قورس و ئالۆز بوبوو ، ناحەزەکانیان دژیان کەوتنە جموجۆل کە کورد یەکێك بوو لەوانەی دژی أتحادو ترقی کە وتبونە کارو لەوڕووەوە پەیامنێری گۆڤاری (ئارارات) ی ئەرمەنی ژمارە ٣ی سالی ١٩١٣ لە لاپەڕە ٧٨یدا کە لە لندن دەردەچوو باسێکی بلاوکردبوەوە و وتبوی کوردەکان بۆیان دەرکە وتوە (ژۆن تورك) زۆری پێ ناچێ هەموو مافێکی کورد پێشێل دەکا بۆ یە لاوازیی ئەو ڕۆژانەی تورکیان بەهەل زانیبوو سەرۆکە کوردەکان لە ئەستەمبولّ دەستیانکرد بەخۆ ئامادەکردن و لە مانگی ئایاری ١٩١٢دا کۆبونەوە و بڕیاریاندا حزبێکی یەکگرتوو پێك بهێنریت و لەوکۆبونەوەیەدا ئامانجی ئەو حزبەیان دەسنیشانکرد و بڕیاریان دا دەس بکرێت بەڕاپەڕینێك کە لەو ڕاپەڕینەدا تاکتیکی ئەلبانەکان بەکار بهێنرێت و باج نەدرێ بەحکومەت و کابەدەستانی تورك لە کوردستان بکرێنە دەرەوە وحکومەتێکی کاتیی سەربەخۆی کورد دامەزرێنرێت. هەلوێستی تورك دژی ئەو کوردانەی دەیانویست خۆیان هەلبژێرن بۆ ئەندامێتی پارلە مان، کوردی تەواو بێزار کردبوو لە ئەنجامی ئەو هەلوێستەدا کوردەکان بۆ دژایەتی اتحادو ترقی چوونە ناو ریزی حزبی (أئتلاف و حریە) وە (لە باسێکی تایبەتدا کە بۆ أتحادو ترقی تەرخانکراوە باسی أئتلاف و حریە دەکەین) .

دەربارەی بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کورد لەوڕۆژانەدا هەروەکو (چێرکۆف)ی قونسولی روسیا لە بدلیس لە نامەی ڕۆژی ٣١ ٧ ١٩١٢دا

باسیکردوه که لەناو ئەرشیفی سالانی ١٩٠٧-١٩١٣ی بالیۆزخانەی روسیا لە ئەستەمبولّ پارێزراوە، لەونامەیەدا وتویەتی: رۆژ لە دوای رۆژ هەستی نەتەوایەتی لە ناوکوردا پەرەدەسێنێت و مێشکی هەموو کوردەکانی ناوچەی بدلیسی پڕکردوەو لە سنوری ئەویش چوەتە دەرەوە. چێرکۆف لە باسەکەیدا وتویەتی: کوردەکان بۆ ئەوەی لە بدلیس و ویلایەتەکانی تردا دەسەلات بگرنەدەس و لە ناوچەکانی سێرت و خارزان، بۆ تان ، شیروان، خیزان و ماردین و لیڤین و جزیرە و سلیڤان و زاخۆو سلیمانیەو کرکوك خەلك دەیانویست دەسبگرن بەسەر مخزنی چەکە کانی حکومەتداو کاربەدەستانی حکومەتیان لیّ دەربکرێ و کورەگەورەکەی بدرخان بکرێت بەسەرۆکی ئەو ئەمارەتانە لە شێوەی ئەمارەتەکانی ئەلمانیا. جلیلی لە لاپەرە ١٩٤ی ئەو کتێبەیدا باسی ئەو نامانەی کردوە کە لە لایەن بالیۆزی روسیاوە نێررابوون بۆ وەزارەتی دەرەوەی روسیا دەردەکەوێ کە رێکخراوێکی نهێنی کورد هەبوە بەناوی (ئیرشاد) کە خۆی ئامادەکردبوو بۆ دەسکردن بەراپەرینێك، هەروەکو (خیرالدین بەرازی) بۆ (شترمین) ی قونسولّی روس لە ئەرزرۆمی روونکردبوەوە لەناو ئەندامانی ئەورێکخراوەدا چەند کەسێکی تیابوە وەکو: سیبکی عزیز بەگ، زیرکی عقید ئەفەندی ئەلاشگیرنسکی، شێخ عبدالرحمن ئەفەندی، سلیم ئەفەندی (مەبەست ملاسلیم بوە کە لە باسەکانی پێشودا وەکو سەرکردەیەکی شۆڕشی ئەو رۆژانە ناوی هاتوە)، بکر ئەفەندی .

لە بەهاری ١٩١٣دا لە ناوچەی (شیروان) ی سەریە (سێرت) سەرۆکە کوردەکان کۆبونەوە بۆ دروستکرنی ئەمارەتێکی سەربەخۆ وپێوەندیکردن بەروس و کاربەدەستانی قفقاس و بڕیاردرا کمال بەگ بنێرێت بۆ (ئەوەی هەلوێستی روسەکان تێ بگا بەرامبەر بەکوردو ئایا چەکیان لەوان دەس دەکەوێ وەیا چەك لە رێگەی خاکی ئەوانەوە دەگاتە کوردستان (جلیلی لە پەراوێزی لاپەرە ١٩٦دا دەربارەی ئەو کمال بەگە وتویەتی خەلکی سێرت بوەو لە فەرەنسا خوێندبوی ودوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر هەر لە تفلیس مایەوە و بۆ ماوەیەکی دورودرێژ خەریکی کاروباری زانیاری و کۆمەلایەتی و پەروەردەیی بوە). هەروەکو قونسولّی روس لە بدلیس بۆ (غیرس) ی بالیۆزی نوسیبو (بیارە

بالیۆزی روس لە ئەستەمبوڵ) ئاگاداری کردبوو بزوتنەوەی کورد گەیشتبوە ویلایەتی موصلّ و شێخەکانی کورد بۆ بیرکرنەوە لە دروستکردنی ئەمارەتێکی کورد کۆبونەوەیەکیان کرد.

دبلۆماسیەکانی ئینگلیز زۆڵ بون بەدوای ئەوەدا بزانن ئاخۆ کوردەکان هەتا چ رادەیەك خۆیان کۆکردبوەو چۆن پێوەندیان بەناوچەکانی تری کوردەوە دەکرد و قونسوڵی ئینگلیز هەوڵیدا پێوەندی بەکمال بەگەوە بکا . سەرکردایەتی راپەرینەکە چەند هەنگاوێکی نا بۆ پێوەندیکردنی نێوان کوردو ئەرمەنیەکان و لە ساڵی ١٩١٣دا (ملاسلیم) پیوەندی بەنوێنەری ئەرمەنیەکانەوە کرد لە (موش) و (بدلیس) و ناوچەی (تارون)و لەگەڵ سەرۆکە کانی ئەرمەنیدا کۆبوەوە و باسی پەیمانێکی دووقۆڵیان کردو هەردولا لە سەرئەوە رێك کەوتن ئەو راپەرینە بریتی بێ لە راپەرینی کوردو ئەرمەنی و لە ناوچە ئازادکراوەکانا ئەرمەنیەکان مافی ئۆتۆنۆمیان دەبێ. (گارۆ ساسونی) کە ئاگاداری رووداوەکانی ئەوڕۆژانە بوە لەوکتێبەیدا لە بیروت چاپی کردوە (جلیلی باسی ساڵی چاپکردنی نەکردوە) بەناوی (بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردو پێوەندی لەگەڵ ئەرمەنیدا) لە باسی ئەو رێکەوتنەدا خەفەتی ئەوەی خواردوە نەیتوانیبوو دەقی ئەو رێکەوتنەی دەس بکە وێ، بەڵام ئامازەی بۆ بەشە گرنگەکانی کردوەو وتوویەتی:

((جگە لەو بەڵێن و بریارانەی درابون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەویوزار و باسی برایەتی کوردو ئەرمەنی، باسی ئەوەش کرابوو بەتێکۆشان و هاوکاریکردنی هەردولا باسی سەربەخۆیی ویلایەتەکانی رۆژهەلاتیش کرابوو کە بەچ شێوەیەك کاروباریان ببرێت بەڕێوە)).

جلیلی لە باسەکەیدا وتویەتی: زۆن تورك بەترسەوە دەیروانیە ئەوکۆبونەوەو خۆکۆکردنەوەیەی کوردو کە وتە تەقەلادان بۆ تێکدانی نێوانیان و لە لایەکەوە بەنەهێنی بەڵێنی دابوو بە ئەرمەنیەکان کە وا دەرەبەگە کوردەکان لە ناوچەی ئەرمەنیەکانا دەردەکەون و لە لایەکی تریشەوە دەرەبەگە کوردەکانیان دژی ئەرمەنیەکان هان ئەدا.

جێگری قونسوڵی روس لە (وان) لەو ڕوەوە نوسیویەتی: ((بزوتنەوەی کورد دووڕووی هەیە، یەکەمیان بریتیە لە بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی لە ناو

روشنبیرەکانا دوهەم ئەوانەن دژی ئەرمەنیەکانن. سەرکردەی بەشی یەکەم عبدالرزاق بدرخانە، بەشی دوهەمیان پیاوە ئاینیەکانن کە سەربەسوڵتانی تورکی فێڵبازو دەسبڕن حکومەتی تورك پۆلیسی خۆی هەیەو دەینێرێتە سەربازرگانەکانی کورد بەهۆی بەکرێگیراوەکانیانەوە وەکو جعفرو حسێن دەستیان کردوە بەکوشتنی کوردو یەکێکی وەکو (خیرالدین بەرازی) ساتێك بەهەندێ پارەوە لە ئێرانەوە دەگەڕایەوەو چەند بەیاننامەیەکیشی پێ بوو تیایا داواکرابو کەس نابێ ملکەچ بێ بۆ تورکەکان ئەوخیرالدینە لە لایەن تورکەکانەوە کوژراو دەمودەس (سلیمان بەگ) و دووبرایان گرت کە ناویان (فارحق) و (نوری) بوو لەگەڵ (ربانی مصطفی بەگ) ی قائمقامی ناوچەکەو چەند کەسیکی تریشیان گرتو حکومەت بریاریکی تازەی دەرکرد بۆ سەندنی باجی مەڕو ماڵات (ئەغنام رسومی) و باجی بازرگانەکانێتی و لە ٢٠٪ی باجەکەی لە چاو هی پێشوودا زیادکراو باجی گومرگ کرا بە دووقات)).

دەربارەی ئەو باج سەندنە، ڕۆژنامەی قفقاسی ژمارە ٨٤ ساڵی ١٩١٤ باسی ئەوەی کردوە چۆن تورکە کان لە دوای شەڕی باڵقان لە جیاتی ئەوەی بەباشی لەگەڵ کوردا رەفتاریکەن دەستیانکردوە بەزۆرکردنی باج و کارگەیشتە رادەیەك باج لە منداڵیش دەسێنراو هەر کاریەدەستە بەشێوەیەك و بەئارەزوی خۆی باجی دەسەند.

هەروەکو (چێرکۆف) لە ئەرشیفی وزارەتی دەرەوەی روسیا ساڵی ١٩١٤دا باسیکردوە، ئیتر کورد لەووزەیدا نەمابوو بریاریاندا باج نەدەن بەحکومەت و ئەوانەی لە بدلیسەوە نێررابوون بۆ (مۆرکی) و(خوبود) دەرکران. پەیامنێرە ئەورووپاییەکان باسی کوردەکانی (ترابیزر) و دیاریکرو موصلو ناوچەکانی تریان کردوە چۆن بڕیاریان دابوو باج نەدەن بەحکومەت و لە (بایزید) بەرەنگاری هێزەکانی حکومەت بونەوە و لە نزیك (ریزا) سەربازەکانی کورد لە هێزی حکومەت جیادەبوونەوە و دەچوونە پاڵ یاخیبوەکان.

بۆ نمونە: پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئورایزن) ی ئەرمەنی ژمارە ٦٦ی ڕۆژی ٢٧/ ٣/ ١٩١٤ نوسیبوی:

((کوردە یاخیبوەکان دەڵێن: لە بەرچی کاربەدەستەکانی حکومەت مووچەی زۆر وەردەگرن‌و ژمارەی ئەو بەرتیل خۆرانەی تورك کە هەر خەریکی ڕاوو ڕووتـن ژمارەیـان تابـێ زۆرتـر دەبـێ؟ ئـەم کردەوەیـە هـەموی بۆ ئەوەیە جوتیـاران‌و دانیشتوانی شارەکانی کوردی پێ هەژار بکرێ.

جلیلی لە لاپەڕە ٢٠١دا ئاماژەی بۆ ڕۆژنامـەی (ئازتامـارت) ی ژمـارە ١٥٢٤ی ٢٩/ ٣/ ١٩١٤ی ئەرمەنی کردوە کە گرتنـی سـەرباز کـارێکی وای کردبـوو بوبـوە هـۆی بلاوبونـەوەی گرانـی و برسێتی و ژنیـك گەیشـتبوە تینـی و بـە خـۆی و منداڵەکانیەوە چوبـوە بـەردەرگای دەزگایـەکی حکومـەت‌و هـاواری کردبـوو هـەمومان بـەزیندویی بنێژن چونکـە ئـەوەی هـەیبوو بۆ منداڵـەکانی حکومـەت هەمووی بردوە بۆ خۆی و ئیتر منداڵەکانی بەچی گوزەران بکەن؟!

لـە ئـەنجامی ئـەو هەڵوێستەو لـەو بـارو دۆخـەدا ملاسلیم چـەکدارێکی زۆری کۆکـردەوەو لـە شـارەکە ی خۆیـدا (کومـانش) سـەنگەری هەڵکـە نـدو لادێیـە ئەرمەنیەکانی دراوسی ملا سلیم لە ماڵەکانی خۆیان دەستیانکرد بەدروسـتکردنی شیر بۆ ڕاپەڕیوەکان لە سەر تکای مـەلا سـعید (مەبەسـتی شـێخ سـعیدی کـوری شێخ جلال الدین بوە کە بەرلە مە باسکراوە)، ئەرمەنیـەکانی گونـدی (خولتیـك) پـتر لـە سـەد تـەوزینیان بـۆ ڕاپـەڕیوەکان دروسـتکردو بـەیانات بەناوخـەڵکدا بلاوکرایەوە داوا لە خەڵك کرا دژی تورکە زۆردارەکان ڕاپەڕن و زۆری پـێ نـەچوو ئالای شۆڕش بەرزکرایەوە دروشمی سەربەخۆیی بلاوبوەوەو لە هەندێ شوێنی تر وەکو ناوچەکانی (تاتیك) و (خیزان) دەستیانگرت بەسەر ڕێگاویانەکان‌و چەکیان لە پۆلیس و سەربازەکان سەندو لـە هەمولایەکـە وە چاوەڕوانی گەیشـتنی مـەلا سلیمی سەرکردەی بزوتنەوەکە بون.

مەلا سلیم بەهۆی کوردەکانی بدلیسەوە ئاگاداری نیازو جم‌وجۆڵی تورکە کان بوو لـە ڕۆژی ١٠ ٣ ١٩١٤ دا بـەناوی کـوردە ڕاپەڕیوەکانـەوە نامەیـەکی نـارد بـۆ سـەرۆکی ئەرمەنیـەکان لـە بدلیـس و هەسـتی برایـەتی کـوردی بـۆ دەربڕیبـوو بەرامبەر بە ئەرمەنیەکان.

یەکێك لە ڕەوشتە باشەکانی ئـەو کوردانـەی بـەناو گوندەکـانی ئەرمەنیـەکانا تێپەڕیانکرد، بەبێ ڕازیبوونی ئەرمەنیەکان هیچمـان نـەدەکرد و بـەپارە نەبوایـە

نانیان لە کە س وەرنەدەگرت و گەلێك ڕۆژنامە باسی ئـەو هەڵوێستـەی کوردیـان کردوە کە بوبوە هۆی ئـەوەی ئەرمەنیـەکان بوبـون بەدۆستی کـوردو ڕۆژنامـەی (ئۆرایزۆن) باسی هاوکاریکردنی جووتیارە ئەرمەنیەکانی بلاوکردبوەوە کـە چـۆن چووبونە پاڵ ڕاپەڕیوەکان.

ساتێك مـەلا سلیم هـەوڵیدا بچێتـە ناوشـاری بدلیسـەوە، والی تـورك بـەناوی ووتو وێژ کردنەوە ویستی مەلا سلیم و هاوکارەکانی دوا بخا هەتا هـێزی تورکـی پێ دەگا بـەلام تەقەلایـەکی بـێ سـوود بـوو، هـەروەکو لـە ئەرشیفی وەزارەتـی دەرەوەی روسیادا بالێوزخانەی روس لە ئەستەمبوڵ-ساڵی ١٩١٢تا١٩١٤ باسـی گفتو گۆیەکی ملا سـلیمی تیادایـە کـە بەتورکـەکانی ووتبـوو: ((تائێستـە کـورد هەرخۆی پاراستوە لە سەربازەکانی تورك بەلام بەم نزیکانە هەموو کورد بۆ ئەوە رادەپەڕێ پارێزگاری لە مافی خـۆی بکـاو دەسـەلاتی تورکـە ولات فرۆشـەکانیش نەمێنێ)).

حکومـەتی عوسمـانی بـەتاوانی بێدەسـەلاتی و کەمتەرخـەمی والی بدلیسـی لابردو لـە جیـاتی ئـەو (مصطفیعبدالخالق بـەگ) کە کابرایـەکی کـە للـە ڕەق و سەرگەرم بوو کرا بەوالی و دەسـتی کـرد بـەهێرش بـردن بـۆ سـەر ڕاپـەڕیوەکان، بەلام ژمارەیەکی زۆر لـە سـەربازەکان خۆیـان دوورەپـەرێز ڕاگـرتو وتیـان ئێمـە دەستمان ناچێتە خوێنی براکوردەکانمانەوە و چێرکۆف لە نامەکەیدا بۆ بالێۆزی روس لە ئەستەمبوڵ ئاگاداری کردبوو کـە هـەندێ لەوسـەربازانەی نێرابون دژی ڕاپـەڕیوەکان چوویونـە پـاڵ کوردەکانـەوە و ئـەو سـەربازانەی لـە (وان)ـەوە نێرابون بەقسەی حکومەتیان نـەدەکرد. بەرامبـەر بـەوبارو دۆخـە حکومـەت لـە ناوەڕاستی مانگی مـارتی ١٩١٤دا اعلانـی عورفـی کـردو جەندرمـە تورکـەکان لـە بدلیس لە نزیك کە نیسەیەکی ئەرمەنیەکانەوە چوار کە سیان لە پیاوەکانی مـەلا سلیم گرت.

دەربارەی ئەو چوار گیراوە، پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئۆرایزۆن) لە ژمـارە ٦٥ی ٢٦ /٣/ ١٩١٤دا نوسیویەتی لە نزیك کە نیسەی (خاسراگاشان) چوار کـورد گـیران و بەکەلەپچەکراوی نێرران بۆ زینـدان و لـە رێگایانـا هـەرچواریان بەسـەربەرزی و شانازیەوە دەرویشتن تاخرانە زیندانەوە کە تا ئیمرۆ چـوار ڕۆژە هێشـتا هـەر لـە

بەندیخانەدان. ملا سلیم وەکو جلیلی لە لاپەرە ٢٠٥دا باسیکردوە، دەسبەجێ داوای بەردانی ئەو گیراوانەی کردو هەرەشەی کرد ئەگەر بەرنەدرێن ئەویش (٥) جندرمە لە جیاتی ئەوان دەگرێ.

پاش ئەوە زۆری پێ نەچوو شەڕێکی قورس دەستی پێکردو تورکەکان ویستیان بە تۆپ باران کوردەکان بشکێنن بەلام بەفرو باران ئیشەکە ی لێ تیکدان و ملاسلیم بەخۆیو (٧٠٠) چەکدارەوە پەلاماری هێزەکەی تورکیان داو پاشەکشەی پێکرد بۆ پێدەشتەکان، بەلام راپەریوەکان زۆر بەناڕێکوپێکی دەجوولانەوە، بۆیە نەیانتوانی کارێکی وابکەن خەلکێکی زۆر ببێتە لایەنگریان و راپەریوەکان زۆربەیان بریتی بون لە رەش و رووتی بێ پێلاو بەناو بەفرو سەهۆلبەنداندا دەرۆیشتن و چەکی هەندێکیان بریتی‌بوە لە خەنجەرو شیر و رم و تەور و ژنیش شان بەشانی پیاو شەڕی دەکردو خۆراك و فیشەکیان بەکێش دەکردو لە راستیدا راپەرینەکە نمونەیەکی بەرزی ئازایەتی و کۆلنەدان و لە خۆبوردن بوو، بەلام رۆژگار لەگەلْ کوردا نەبوو، نەیتوانی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن خۆی بگرێ.

دەربارەی رەفتاری راپەریوەکان لەو شۆڕشەدا، رۆژنامەی (ئۆرایزن) لە ژمارە ٧٤ی ١٠/ ٤/ ١٩١٤ نوسیویێتی (کوردە شۆڕشگێڕەکان و جەماوەری کورد بەوپەڕی باشیو دۆستایەتیەوە رەفتاریان لەگەلْ ئەرمەنیەکانی ناوچەکە دا دەکردو زۆرجار بەبێ پارە نانیان لە ئەرمەنیەکان وەرنەدەگرت و تەنها مەگەر پێویستییان بە سووتەمەنی هەبوایە لەو رۆژە ساردو سەختەدا ناچار ئەبون لێیان وەریگرن)).

ئەنجومەنی وەزیرانی تورك لە بلاوبونەوەی راپەریوەکە ترسان و بریاریدا هێزێکی گەورە بنێرێ بۆ بدلیس و بریاردرا (أحسان پاشا) ی سەرکردەی هێزی موش بکرێ بەسەرکردەی ئەو هێزە کە زۆر شارەزابوو لە نانەوەی ئاژاوە و رێکخستنی پیلان و فرۆفیلْ و دەستی کرد بەوەی کورد و ئەرمەنی بکا بە دوژمنی یەك بۆ ئەوەی ئەرمەنیەکان یارمەتی کورد نەدەن و بۆ ئەو مەبەستە چوە لای سەرکردەی ئەرمەنیەکان لە (موش) و داوای لێکرد هێزێکی ئەرمەنی ئامادەبکا بۆ ئەوەی شان بەشانی حکومەت دژی کورد شەڕبکا.

دەربارەی ئەوە وەکو لە دۆکیومێنتی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی روسیا لە ساڵی ١٩١٤دا تۆمار کراوە، (گارۆساسون)ی ئەرمەنی بەرامبەر بەو تەقەلایەی احسان پاشا بەگاڵتە پێکردنەوە نوسیویێتی: ئەرمەنیەکان بۆ ئەوەی لە گەڵ تورکە کانا توشی گێچەڵ نەبن ناچاربون داخوازیەی احسان نوری قبوڵ بکەن، بەڵام لە هەمان کاتدا بەنهێنی کوردەکانیشیان ئاگادار کردبوو لەوە.

احسان پاشا دەستیکرد بەسووتاندنی خانووی کوردەکانی سەرزێگای هێزەکەی بێ ئەوەی بەزەییان بەکە سدا بهاتایەوە جلیلی لە لاپەڕە ٢٠٨ی سەرچاوە ٥دا باسی هەڵوێستی دەوڵەتە ئەوروپاییەکانی کردوەو بۆ نمونە باسی ئەڵمانیای دۆستی تورکیای کردوە هەرلە سەرەتاوە دژی ئەو ڕاپەرینە بوەو بەشێوەیەکی دوژمنانە سەیری کردوە. باڵیۆزی ئەڵمانیا لە ئەستەمبوڵ (فون فاغنیفیم) داوای لە حکومەتی تورك کرد بەزووترین کات ئەو ڕاپەرینە دامرکێنێتەوەو (فون ساندیرس) کە بۆ چاودێریکردنی هێزەکانی تورك چوبوە تورکیا، بەپەلە چوە ناوچەی ئەرزیرۆم و ئەرزنك، ورووداوەکان دەری خست هەڵوێست و بارو دۆخ لە سودی کورد نەبوو چونکە شۆڕشەکەیان نارێکو پێك بوو لە ناسکترین کاتدا هەندێ لە کوردە ناسراوەکانیش بون بەلایەنگری حکومەت و ڕاپەڕینەکان ناچاربون لە بدلیس بچنە دەرەوە و مەلا سلیم بەناچاری خۆیو چەند هاوڕێیەکی پەنای بردەبەر قونسوڵخانەی روس لە بدلیس.

جلیلی ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (مشاك) ئەرمەنی کردوە کە باسی چۆنیەتی بەجێ هێشتنی کوردی کردوە لە شاری بدلیس و وتویەتی کوردەکان ماڵ ئاواییان لە ئەرمەنیەکان کردو جوتیارەکانی کورد لە ترسی دڕندەیی و تۆڵە سەندنەوەی تورك ناچار بون پەناببەنە بەر چیاکان وڕۆژنامەی (تۆرایزن) ی ژمارە ٨٧ی ڕۆژی ٢٥ /٤/ ١٩١٤باسی ئەوەی کردوە ساتێك کوردەکان گوندەکانی خۆیان بەجێ هێشت مەڕو ماڵات و ژن و منداڵەکانیان لای ئەرمەنیەکان بەجێهێشت. شێخ سعید علی (٨٠٠) چەکداری هەبوو لە گوندی (غایدی) بەبێبەرگری خۆی دا بەدەستەوەو کە تورکە کان ماڵەکەیان پشکنی لەوێ سکالایەکی مەلا سلیمیان دۆزیەوە وێنەی نێررابو بۆ قونسوڵی روس کە لە لایەن هەزاران کوردەوە مۆرکرابوو کە بوویەهۆی تاوانبارکردنی شێخ سعید و لە

ماوەی مانگی نیسان و مایسدا هەزاران کـورد گیران و ئەوانـەی بەشداربون لـەو ڕاپەڕینەدا ماڵ و گوندەکانیان کاولکرا.

جلیلی لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ سەرچاوەیەکی ئەڵمانی کردوە (Oktange puke postor) کە لـە ڕۆژی ١٣/ ٥/ ١٩١٤ تیایا وتـراوە قونسـوڵی ئـەڵمانیا لـە ئەرزرۆم بەوپەڕی دڵخۆشیەوە کاربەدەستانی خۆی لەوە ئاگـادارکردەوە احسـان پاشا لە ناوچەکانی: سمیك، خیزان، غوزالدە، شاتێ نەك تەنها هەر ڕاپـەڕیوەکان بەڵکو (٢٥٠٠) کوردی تریشی گرتوە لەوانەی لە سەربازێتی رایانکردوە.

(چێرکۆف) لە نامەیەکیا بۆ باڵیۆزی روسیا لە ئەستەمبوڵ ئاگـاداری بـاڵیۆزی کردوە، دوێنێ ١٠ی نیسانی ساتێك کوردێکان لە زیندانەوە برد بۆ لێپرسینەوە لە م سەرەوە بەشێکی ساغ برابوو بەڵام بەسەرشکاوی و بەخوێنەوە هێنرایـەوە بـۆ بەندیخانەکـە ی، لـە بەندیخانەیـەکی تـردا ئەفسـەرێکی تـورك لـە جیـاتی ئـاوی خواردنەوە میزی دابوو بەگیراوەکان و کوردێکی بریندار کە لـە شـەڕدا گیرابو لـە زیندانا ئەفسەرە تورکە کان ئەوەندەیان بەپێلە قە لێدابوو گیانی دەرچـوو بـوو، زیندانی بدلیس پڕە لە گیراوی کوردو ئەرمەنی و مرۆڤ نازانێ چۆنیان باس بکـاو ئەوی لە زیندانا بێ شێت دەبێ و زیندانەکان وای لێ هاتوە جێگەی کە سـی تـری تیا نابێتەوە، بۆ ئەوەی شوێن بۆ گیراوی تازە پەیدا بکرێ دادگـای سـوپا پـەیتا پـەیتا گیراوەکـان ئیعـدام دەکـا بـەڵام زۆری پـێ ناچـێ دوبـارە زیندانەکـە پـڕ دەبێتەوە.

جلیلـی لـە لاپـەڕە ٢١٢دا باسـی ڕۆژنامـەی (ئـاراڕات)ی کـردوە کـە باسـی ڕاپـەڕینەکـەی کـوردی بڵاوکردبـوەوە حکومـەت بـۆ سـزای ئـەوە ئـەو ڕۆژنامـە ئەرمەنیەی داخست.

بـەپێی بڕیـاری دادگـای سـوپا شـێخ سـعیدعلیو شـێخ شـهاب الدینو چـەند کەسێکی اعـدام کـران و بـۆ چاوترسـاندنی خـەڵك لاشـەکانیان بەهەڵواسـراوی لـە مـەیدانی بـازاڕدا هێڵرابونـەوەو ناوەکانیـان لـە سـەرپارچە پەڕۆیـەك نوسـرابوو بەسنگیانا هەروەکو لازاریف لە لاپەڕە ٢١٦ی کتێبەکەیدا کوردسـتانو کێشـەی کورد چاپی مۆسکۆ ساڵی ١٩٦٤باسیکردوە.

جلیلی لە لاپەڕە ٢١٢دا باسی ئەوانەی کردوە دەبرانە بەرقەنارە چۆن بەوپەری سەربەرزیەوە دەیانڕوانیە پەتی قەنارەکە و مەلا رسول لەوێوە هاواری کردە سەربازەکانی تورك کە وا دڵنیابە میللە تی کورد بەم زوانە لە زۆرداری و ستەمی تورك رزگاری دەبێ.

لە سەرەتای مانگی ئایاردا (کامل بەگ) لە شاری (سیرت) گیراو لەگەڵ خزمێکیا نێررا بۆ ئەستەمبوڵو کاتێ بەریەرەکانیی گرتنەکە ی کرد کوشتیان.

هەروەکو لە کتێبی (العلاقات الدولیةفی عهد الامبریالیة، بەرگی دوهەم، زنجیرەی سێهەم، لە لاپەڕە٢٦٩یدا باسی أتحادو ترقی کردوە چۆن هەموو جۆرە هەنگاوێکی نابوو بۆ ئەوەی ڕەگو ریشەی ڕاپەڕینەکە ی کورد نەهێڵێتو لە ٤ /٤/ ١٩١٤دا، لە کۆبونەوەیەکدا مدحت فکری وتویەتی لە دوای اعلانی دستوری ساڵی ١٩٠٨ ژمارەیەکی کەم لە کوردەبەنەدەبەکان نەبێ ئەوانی تر هیچیان نەبوون بەلایەنگری ئەو دەستورە کە ئەمە بە هۆی هاندانی (کامل بدرخانو سمکۆ و ساویت بەگ)ـەوە بوو لەگەڵ چەندکوردێکی تردا کە لە ژێر سایەی پاراستنی باڵیۆزخانەی روسدا بون (مەبەستی مەلا سلیم بوە).

ساتێك وەزیری دەرەوەی تورکیا داوای لە (کێرس) ی باڵیۆزی روس کردبوو ئەوانەی پەنایان بردبوە بەر قونسولخانەی روس لە بدلیس هەموویان بدرێنە دەس حکومەت، لەوەرامدا باڵیۆز پێی دەڵێ: ئەوانە پەنابەری سیاسین بۆ یە مافی ئەوەیان هەیە لە لایەن قونسوڵی ئێمەوە بپارێزرێن.

ئەڵمانەکانیش لەوەهەڵوێستەی روس نارازی بون و لە ٢ /٦ /١٩١٤دا (ئەندیرس) ی قونسوڵی ئەڵمانیا چوبوو بۆ ئەرزرۆم بۆ ئەوەی چێرکۆف ببینێت بۆ ئەوەی بزانێ چارەنووسی مەلا سلیم و تاقمەکەی لەناو قونسولخانەکەی روسدا چۆن دەبێ و ئایا مەلاسلیم هەروا لەوێ دەمێنێتەوە.

رۆژنامەکانی تورك وەکو (صباح) و (طنین) و (ئیقدام) بۆ ئەوەی فشار بخەنە سەر روس، بلاّوەیان دەکردەوە ڕاپەڕینی کوردەکان بەهاندانی بێگانە بوە و کاربەدستانی تورك قونسولخانەی روسیان لە بدلیس بەوە تاوانبار کردبوو دزو جەردەو ڕلوو ڕووتکە رانی گرتوەتە خۆی و دەیان پارێزێ.

بەوجۆرە مەلا سلیم لە قونسوڵخانەدا مایەوە تادەسپێکردنی شەڕ ئەوسا مەلا سلیمیان لە قونسوڵخانە دەرهێناو هەڵیان واسی وەکو سەرچاوەکانی تریش هەریەو شێوەیە باسیانکردوە.

لای تورکە کان وابوو ئیتر ڕاپەڕینی کورد کۆتایی هاتبوو، بۆ یە لە رەفتاری خراپی خۆیان وازیان نەهێناو بەو پەڕی دڵرەقیەوە رەفتاریان لەگەڵ کوردا دەکردو دانیشتوانی ویلایەتی ئەرزڕۆم دوبارە لە حکومەت یاخی بون و باجیان نەدا بەحکومەت و بەرامبەر بەو هەڵوێستە تازەیە سەرۆکی لیژنەی (الوحدە والتقدم) ی تورك لە کۆبونەوەیەکدا دانی بەوەدا نابوو هێشتا نەتوانراوە ڕاپەڕینەکە ی کورد بەتەواوی لە ناوببرێ و جلیلی لە لاپەڕە ٢١٨ی کتێبەکەیدا باسی (بیرغ میلد)ی قونسوڵی ئەڵمانیای کردوە لە طرابزون کە ترسی ئەوەی لێ نیشتبوو دوبارە ڕاپەڕینێکی تری کورد سەر هەڵبداتەوەو لە راستیدا لە حزیرانی ١٩١٤دا لە قەزای (موتکی) و (غرزان) لە سەر نەدانی باج شەڕێکی قورس قەوما پاش ئەوەی تورکە کان لە جیاتی باج مەڕومالاتیان بەزۆر زەوت دەکردو لە بازاڕی بدلیسدا بەئارەزوی خۆیان دەیان فرۆشت و حکومەت بۆ هێور کردنەوەی هەڵوێست چەند کوردێکی ناسراویان لە ئەستەمبوڵە وە نارد بۆ ناوچەکە بۆ ئەوەی بیر لە هیچ ڕاپەڕینێکی تر نەکەنەوە بەلام ئەو تەقەلایەی حکومەت بێ سوود بوو.

جلیلی لە لاپەڕە ٢١٩ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٥٥باسی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی روسیای کردوە نامەیەکی (چێرکۆف) ی تیایە لە سالی ١٩١٤داوتویەتی: ئەگەر کوردەکان بەهاندانی تورك پەلاماری ئەرمەنیەکانیان بدایە ئەوا بێگومان حکومەتی تورك بەرامبەر بەوە هیچیان لە کوردەکان نەدەکردو، لە لایەکی ترەوە ڕۆژنامەکانی تورك زۆر بەکورتی باسی ڕاپەڕینەکەی کوردیان بلاو دەکردەوەو زۆرجار هەواڵنێرەکانی ئینگلیز و فرنسە و هەندێ جاریش هی روسەکان ڕاپەڕینەکە ی کوردیان بەبزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە لە قەلە م دەداو وایان بلاودەکردەوە ڕاپەڕینەکە تەنها بەمەبەستی دژایەتی کردنی اصلاحاتی دستوری بوە، لە لایەکی ترەوە هەروەکو ڕۆژنامەی ئۆرایزۆن لە ژمارە ٦٧ی ڕۆژی ٢٨/ ٣/ ١٩١٤دا باسێکی ڕۆژنامەی (دیلی تلگراف) ی بلاوکردبوەوە

لەوەدا وتبووی ڕاپەرینی سەرۆکە کانی کورد وەکو شەڕێکی پیرۆزی دژ بەئەرمەنیەکان وابوە، ڕۆژنامەی (تایمس) ی لندنیش هەڕەشەی ئەوەی کردبوو هەرشتێك بەسەر ئەرمەنیەکاندا بێ ئەوا کورد بەرپرسیار دەبێ چونکە ڕێگە لە تورکە کان دەگرن اصلاحاتی دستوری سەربگرێت.

پاش سەرنجدان لە بڵاوکراوەکانی ناو ئەورۆژنامانە، دەرئەکەوێ چۆن هیچیان بەشێوەیەکی راست و بەمەبەستێکی پاك لە ڕاپەڕینەکەی کورد نەدواوون و هیچیان باسی ئەو هەموو جەورو ستەم و زۆرەی کاربەدەستانی تورکیان نەکردوە کە میللەتی کوردی والێکردبوو دەس بداتە چەك و کوردیان بەوە تاوانبار کردبوو کە دژی اصلاحاتی دستوری بوە وڕێگایان لە کاربەدەستانی تورك گرتبوو ئەو کارە گرنگە بەئەنجام بگەیەنن و هیچیان باسی ئەوەیان نەکردوە ئەوەی دژی اصلاحاتی دستوری بوە تورکە کان بون نەك کورد چونکە تورکەکان بوون لە بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز بوبونەوە بەرامبەر بەکورد کە بەر اصلاحاتی دستوری لە ساڵی ١٩٠٨دا بەڵێنیان بەکورد دابوو مافی خۆیان دەسگیر دەبێت و بەهۆی ئەوەوە بوە کورد بەوپەڕی دڵسۆزیەوە لە سەرەتادا هاوکاریوە لەگەڵ ژۆن تورك‌و اتحادوترقیدا بۆ سەرگرتنی یاسای اصلاحاتی دەستوری وەکو لە باسێکی تایبەتیدا کە بۆ اتحاد ترقی تەرخانکراوە باسی دەکە ین.

ڕۆژنامەی (العهدالحدیث)ی روسی لە ژمارە ١٣٦٦٢ی ڕۆژی ٢٤/ ٣/ ١٩١٤ بەرپەرچی درۆو دەلەسەکانی ئینگلیز و روسی دابوەوە بەباسێك بەناوی کوردو ئەرمەنی و لەوەدا ووتبوی هۆی ڕاپەڕینی کوردەکان بەهۆی کاری خراپ و نالە باری کاربەدەستانی تورکە وە بوە کە بەئاشکرا باری ژیانی ناوچە کوردیەکانیان پشت گوێ خستبوو جلیلی بۆ بەرپەرچدانەوەی درۆو دەلە سەکانی تورك و روس وتویەتی ڕۆژنامەکانی ئەرمەنیەکان لە هەموان باشترو راستتر هەواڵ و دەنگوباسەکانیان بڵاو دەکردەوە ویەقوولی چوویونە بنج‌و بناوانی هۆی ڕاپەرینەکە و نوسەرێکی وەکو (ناڤاساردیان)ی شارەزا بەرووداوەکان ناوەڕۆکی باسەکانی ناو ڕۆژنامەکانی دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکانی بەدرۆ دەخستەوە کە وتبویان ڕاپەرینەکەی کورد ڕاپەرینێکی کۆنەپەرستانە بوە لە کاتیکدا تورکەکان خۆیان

له هەموو کەس زۆرتر کۆنەپەرست بون و دژی خواستو داخوازیـەکانی ئەرمـەنی بـونو بەپێچەوانـەی ئـەو رۆژنامانـەوە بزوتنەوەکـە ی کـوردی بەبزوتنـەوەیـەکی نەتەوایەتی حساب کردوەو وتویەتی لە ناوکوردا ژمارەیەکی زۆری واهەیە هەستی نەتەوایەتی پاڵی پێـوە نـاون رێبـازێکی شارسـتانێتی بگرنـە بـەرو بەشـێوەیەکی مرۆڤانە رەفتار دەکەن.

هەمان نووسەر لە باسێکی تریـا بـەناوی (راپـەرینی کوردەکـان یـا کوشـتاری ئەرمەنیەکان) ووتویەتی:

((بزوتنەوەی کورد دژی زۆن تورك بوەو دژی ئەرمەنی نەبوە و لەوراپەرینەی دژی حکومـەت کردبویـان هیـچ کوشـتارێکیان لـە ئەرمـەنی نـەکردبوو، تەنـها لـە بەرئـەوەی راپەڕینەکـە ی کـورد هـەندێ دروشمـی ئـاینی تیـا بـەرزکراوەوە ئیـتر رۆژنامە ئەوروپاییەکان ئەوەیان کردبوو بەبیانوو بەراپەڕینێکی کۆنەپەرستانەیان لە قەلە م دابوو)).

نووسەرێکی ئەرمەنی تـر (مـتراك) لـە باسـێکیا لـە رۆژنامـەی(مشـاك) وتبـوی دروشمی شریعەتی ئیسلامی تەنها ڕووی دەرەوەی ڕاپەڕینەکـەی کـورد بـوەو لـە ڕاسـتیدا ناوەڕۆکەکـەی بریتـی بـوە لـە دەربڕینـی هەسـتی نەتەوایـەتی کـورد. سەرنوسـەری رۆژنامەی (مشاك) کە (ئاراکیلیان) بوە لـە رۆژنامەکـەیدا وتویـەتی: وردە وردە باری ڕاستی بزوتنەوەکـەی کـورد ڕوون دەبێتـەوەو ئـەو هـەموو درۆو دەلەسانەش ئاشکرابون کـە دژی ئـەو ڕاپەرینـەیان بـڵاو دەکرایەوە و دەبـێ بـە دڵنیایەوە بڵێین ئـەو ڕاپەڕینـەی کـورد بزوتنـەوەیـەکی سیاسـی بـوەو بـە هیـچ جۆرێـك بـەلای چەتەگـەریو ڕاوو ڕووتکـردن و دەمارگـیریی ئـایندا نـەچوەو دەسدرێژی نەکراوەتە سەر دانیشتوانی بێ تاوان کە ئەمە پێچەوانەی درۆو دەلـە سەی ئەوانەیە دەیانەوێ ناوی کـورد بزڕێنـن کـە ئـەم ڕاپەڕینـەیان بـۆ ئـەوەبوە ئۆتۆنۆمی بۆ میللەتەکەی خۆیان مسۆگەر بکەن.

هەڵسەنگاندنی شۆڕشەکانی دوای شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە

ڕاپەڕینو شۆڕشەکانی دوای شۆڕشەکەی شێخ عبیداللە لە باکوری کوردستانا هەتا دەسپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی شێوەیەك بون لە ڕاپەڕینـە پچرپچرە سـەرنەکەوتوەکانی پێشـووترو سـوود لـە هەڵـەو کـەمو کوڕیـەکانی پێشـوو

وەرنەگێڕاوەو حكومەتی توركیش شارەزای بارو هەڵوێستی ناو كوردبوەو دەماری شۆڕشگێڕەكانی كوردی ناسیوەو هەموو جارێك بەشێوەیەك ئەو ڕاپەڕینانەی خامۆش كردوەو میللەتی كورد لەو هەموو كارەساتو بەسەرهاتانە هیچی دەسگیر نەبوە. بەكورتی دەتوانین ئەم باسە بكە ین بەدوو بەشەوە:

أ- هۆی بزوتنەوەو ڕاپەڕینەكان.

ب- هۆی سەرنەكە وتنی ئەو ڕاپەڕین و بزوتنەوانە.

أ- هۆی بزوتنەوەو ڕاپەڕینەكان

میلله تی كورد، ئەوبەشەی لە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوە، لە زەمانی سوڵتان سەلیمەوە كە بەهۆی ئیدریس بدلیسیەوە بەپێی ڕێكەوتنێكەوە چوبوە ژێر سایەی ئەو دەولە تەوە، لە سەرەتادا خۆی بەمیللە تێكی هاوبەش زانیبوو، هەستی بەوە نەكردبوو لای توركە كان ئەو حسابەی بۆ ناكرێ، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمەوە تورك بەتەواوەتی خۆی ئاشكرا كردو دەستی كرد بەوەی لە كورد بگەیەنێ هەموو دانیشتوانی دەولە تی عوسمانی ئەبێ خۆیان بەتورك بزانن و ئەم دەمارگیریەی تورك لە كاتی دەسەڵاتداریتی ژۆن تورك و أتحاد ترقیدا گەیشتە رادەیەك ئیتر كورد خۆی پێنەگیرێو دەسبداتە چەك و خەبات بكا لە پێناوی دەسگیربوونی مافەرەواكانی خۆیداو هەوڵئەدەین كورتە باسێكی ئەو هۆیانە بخەینە پێش چاو كە بوبونە هۆی بەهێز بوونی هەستی نەتەوایەتی و پاڵیان بەكوردەوە نا لەوە زۆرتر بێدەنگ نەبێ بەرامبەر بەرەفتارو تاوانی كاربەدەستانی عوسمانی.

١- ڕاپەڕین و شۆڕشەكانی دژی دەوڵەتی عوسمانی

لە كاتی دەسەڵاتداریتی و بەهێز بونی دەولە تی عوسمانیدا، بەناوی غەزای ئاینی ئیسلامەوە توركە كان بەشێك لەوڵاتی ڕۆژهەلاتی ئەوروپایان داگیر كردبوو، بەڵام زۆری پێ نەچوو میللە تانی ئەو وڵاتە یەكە یەكە دژی عوسمانی راست بوونەوەو هەریەكەیان بەشێوەیەك شۆڕشیان دژی عوسمانی كردو توانیان لە خاكی خۆیان بیانكەنە دەرەوەو خۆیان ئازاد بكە ن و وڵاتەكە یان لە داگیركەران رزگار بكە ن و شۆڕشی ئەو میللەتانەو هەواڵی سەركەوتنیان بەناو

میللەتانی تری ژێر دەسەلاتی عوسمانیدا بلاوبوەوەو هانیان دان ئەوانیش دەسبکەن بەشۆڕشی ئازادیخوازانەی خۆیان کە یەکێك لەوانە میللەتی کورد بوو ئەو هەولانە کاری تێکردبوو رۆشنبیرانی کورد بیری سەربەستی و رزگارکردنی ولاتیان بەناو کوردا بلاوکردەوەو کوردیش وەکو ئەو میللەتە رزگار بەانە دەستی دایە چەك ئەگەرچی بەداخەوە وەکو ئەوان نەیتوانی خۆی و نیشتمانە داگیرکراوەکە ی رزگار بکات.

٢- شۆڕشی سالی ١٩٠٥ لە روسیا

شۆڕشی سالی ١٩٠٥ لە روسیا یەکێك بوە لەو رووداوە گرنگانەی ئەنجامەکە ی بەهۆی رۆشنبیرانی کوردەوە بەناو جەماوەری کوردا بلاو بوبوەوەو دروشمی ئازادی و دیموکراتی و مافی میللەت کە لە روسیادا بەسەرکە وتوویی دژی قیصری روس بلاو بوبوەوە کاری کردبوە سەر کوردو بیرباوەڕەکانی ئەوشۆڕشە سەرکە وتوە لە مێشکی کوردیشدا دەنگی دایەوە.

لەو ڕوەوە دوکتۆر شمزینی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤٢ لە لاپەڕە ٦٢-٦٤دا باسی کارتێکردنی ئەو شۆڕشەی کردوە کە هەوالی نەك تەنها هەر گەیشتۆتە کوردستان بەلکو وەکو شۆڕشێکی دیموکراتی لە هەموو رۆژ ئاوای ئاسیادا دەنگی دابوەوە.

دەربارەی ئەوە وەکو دوکتۆر عزیز باسی کردوە (کیرکوف)ی قونسولی گشتی روسیا لە شاری (خۆی) لەوە دواوە چۆن ساتێك بازرگانە کوردەکان بارمەتیدەرەکانیان لە خوێندەوارو روناکبیرەکانی دەچوون بۆ سەردانی فرۆشگای (ماکاریوف) لە (نیزنی نوفکورد) و لەوێ چاویان بەسەربازە دیموکراتیەکانی روس دەکە وت و لەوانە هەوالو دەنگوباسی شۆڕشەکەی سالی ١٩٠٥یان دەبیستەوە ئەو هەوالانە کارێکی زۆری تێدەکردن و کە دەگەڕانەوە ئەو هەوالانەیان بەناو هاولاتیانی کوردا بلاو دەکردەوە، دەبوونە هەوێنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی و هاندان بۆ ئەفسەرانی کوردی ناو سوپای عوسمانی کە ئەوانیش بیر لە بەرپابوونی شۆڕشێك بکەن میللەتی کوردی پێ رزگار بکەن و زۆری پێ نەچوو ئەو هەستی نەتەوایەتیە بەناو رۆشنبیران و هەندێ لە سەرۆکەکانی کوردا

بلاوبوەوەو خستنیە سەر خولیای خەباتو تێکۆشـان بۆ دەسـگیر بوونـی مـافی میللەتەکەیان.

٣- هاوکاریکردنی کورد لەگەڵ ژۆن تورکو اتحادو ترقیدا

ساتێك سولتان عبدالحمیدی دوهەم لە شـوێنی سـولتان مـراد دانـرا لـە سـاڵی ١٨٧٦دا، یـەکێك لـەو مەرجانـەی بۆ عبدالحمید دانرابوو ئـەوەبوو اصلاحـاتی دستوری بکا، بەڵام سولتان لەوبەڵێنەی پاشگەز بـوەوەو بەرامبـەر بـەوە لـە نـاو تورکە کانا رێکخراوی ژۆن تورکو اتحاد ترقی دروستبوو دژی سولتان و لە سـاڵی ١٩٠٨دا سـولتانیان ناچـار کـرد ئـەو دەسـتورەی جــارانی عوسمــانی بگـۆڕێ و فەرمانێك دەربارەی ئەو دەربکا، میللە تی کورد یەکێك بـوە لەومیللـە تانـەی لـە سەرەتادا بەگەرمیەوە پێشوازی لە دروشمـەکانی اتحـاد ترقـی کـردو ژمارەیـەکی زۆر لە رۆشنبیرانی کورد بون بەئەندام و هاوکار لەو رێکخراوەدا بەئومێدی ئەوەی تاقمی اتحاد و ترقی لە دوای سەرگرتنی اصلاحاتی دەسـتوری کـارێکی وائەکـەن کوردیش مـافی نەتەوایـەتی خـۆی دەسـگیر بێـت، بـەڵام کـە اتحادیــەکان بـون بەدەســەڵاتدار لــە بەڵێنــەکانی خۆیــان پاشــگەز بونــەوەو رێکخــراوو کۆمەڵــە کوردیەکانو رۆژنامەکانیان داخستن و کوردیش بەرامبــەر بـەوە کـە وتـە خـۆی و هەستی نەتەوایەتی جۆشی سەندو دەستیکرد بەخەبات و تێکۆشان بـۆ دەسـگیر بوونی مافە رەواکـانی خـۆی کـە تـاقمی اتحـاد و ترقـی لێـی پاشـگەز بوبونـەوە. دەربارەی ئەوە دوکتۆر عزیز شمزینی باسی کتێبەکەی (میللەر)ی کردوە بەناوی (کورتەباسێکی مێژوویی تازەی تورکیا) چاپی مۆسکۆ ساڵی ١٩٤٨ کە لە لاپەڕە ٢٠دا باسی هۆی راپەڕینی کوردی کردوە هەروەکو ئەوەی لە گۆڤاری (رۆژهەڵاتی نوێ)ی ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٢٣دا باسێکی (لاهوتی) تیایدا بڵاوکراوەتـەوە کـە لـە هـەردوو باسـەکە دا دەربـارەی سیاسـەتی شـۆڤێنی ژۆن تـورك دواون کـە چـۆن رەفتاریان بوە بەهۆی بزوتنەوەیەکی نەتەوایەتی توندڕەوانە لە ناو کوردەکانا بۆ بەرهەڵستی ئەو هەڵوێستەی تورکە شۆڤێنیەکان.

٤ـ سـەندنی سـەرانەو بـاجی زۆر لـە دانیشـتوانی کـورد کـارێکی وای کردبوو میللە تی کورد بەتــەواوەتی لـە رەفتـاری تورکـەکان بێزاربوبون بەرتیلو بـەزۆر کردنی خەڵك بەسـەربازو روتاندنـەوەی خـەڵك هـەمویان وایـان لـە کـورد کردبـوو

دەستەپاچە دانەنیشن و بیر لە یاخی بونو راپەرین بکەن دژی حکومەتی عوسمانی..

ب- هۆی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکان

راپەڕین و بزوتنەوەکانی دوای شۆڕشەکە ی شێخ عبداللە هەتا دەسپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی کە هەریەکە یان لە ناوچەیەکی باکوری کوردستاندا روویاندابوو بەشێوەیەکی گشتی بریتیبون لە راپەڕین و بزوتنەوەیەك بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ لە هەندێ ناوچەکانی باکوردا کە بەکورتی دەتوانین باسی هۆی سەرنەکەوتنیان بەم شێوەیەی خوارەوە بکەین:

١- ئەو بزوتنەوەو راپەڕینانە بەشێوەیەکی گشتی بریتی بون لە دەربڕینی بێزاری بەرامبەر بەجەورو ستەمی کاربەدەستانی تورك کە لە راپەڕینەکەی ملاسلیم و شێخ شهاب الدین دا زۆرتر دەنگی دابوەوە، بەلام بەشێوەیەکی گشتی هەمویان بێ نەخشە بون و هەریەکەی لە ناوچەیەکی تایبەتیدا رویداوەو پێوەندی بەناوچەکانی ترەوە نەبوەو سەرکردەو عەشایرەکانی ناوچەکانی تر بەشێوەیەکی گشتی لە راپەڕین و بزوتنەوەیەکی تایبەتیدا هاوکار نەبون و ئەگەر چی لە زۆربەیاندا ئەوپەڕی ئازایەتی و لە خۆبوردن و دڵسوزیەکی ئاشکرایان تیادا بوەو بۆ مەبەستێکی پیرۆز دەستیان پێکراوە بەلام هیچیان لە بزوتنەوەیەکی عەشایری بەولاوە تێپەڕیان نەکردوەو لەزۆربەیانا خیانەتو خۆفرۆشی هەندێ لە سەرکردەکانی کورد لە ناسکترین کاتی ئەو شۆڕشو راپەڕینانەدا بۆ تە هۆی دامرکانەوەی بزوتنەوەکە و دوبارە هەمویان بێ نەخشە بون و حسابی توانای دارایی و سوپایی نەکراوە لە لایەن شۆڕشگێرەکانەوەو شۆڕشێك کە بەقەمەو شیر و تفەنگی ژەنگاوی کۆن کرابێ بەهیچ جۆرێك بەرگەی هێزی حکومەتی پڕچەکو مەشق پێکراوی نەگرتوەو هەرلە سەرەتاوە ئەنجامەکە ی دیار بوە بەزیانێکی زۆر کۆتایی بەو راپەڕینو شۆڕشانەوە دەهێنرا.

٢- نەبوونی رێکخراوێکی سیاسی و هێزێکی پڕ چەکی مەشق پێکراو لە هەموو راپەڕین و بزوتنەوەکانا دووبارە بۆتەوەو ئەوانەی لە یەکێك لەوراپەڕینو بزوتنەوانەدا بەشدارییان کردبێ، هەریەکە یان لە شوێنی خۆیدا بەشێوەیەکی عەشایری و هەرەمەیی و ناوچەگەری بەشداری کردوەو هەر کە سەرۆکی

عەشیرەتێکی بەشداربوو کوژرابێ، یاکۆڵی دابێ، یالە لایەن عوسمانیەکانەوە فریودرابێو خۆی فرۆشتبێت ئیتر هەموو چەکدارەکانی ئاشبەتاڵیان کردوە و بێگومان بەشداریوانی ئەو راپەڕینو بزوتنەوانە هەمیشە لەگەڵ یەکتردا رێک نەبونو ناکۆکی و دووبەرەکی لە ناویانا هەبوەو لەوپوەوە هەروەکو دوکتۆر جلیلی لە لاپەڕە ١٥٩ی کتێبەکە ی (دیتیل) ی کردوە لە لاپەڕە ٢٠٠یدا باسی سیاسەتی حکومەتی کردوە کە چۆن توانیبووی ئاگری دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان شۆڕشگێڕەکانا بەرپا بکاو زۆرجار حکومەت بۆ تێکدانی کورد چاوی لە رەفتاری هەندێ دەرەبەگ و سەرکردەی عەشایری کورد پۆشیوەو رێگەی پێداوە لە ناوچەکەی خۆیدا بەئارەزووی خۆی زوڵم لە دانیشتوان بکاو بەوە حکومەت ئەوجۆرە کە سانەی کردوە بەدەسکە لای خۆی و لە کاتی پێویستدا بەکاری هێناون بۆ تێکدانی ریزەکانی کورد.

٢ـ بین برکێی نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارەکان بۆ ئەوەی هەریەکە یان خۆی دەسەڵاتدار بێ لە کاروباری ئابوری و سیاسی دەوڵەتی عوسمانیدا، ئەوانە هەمیشە بەئاشکرا دژی هەموو بزوتنەوەو راپەرینەکانی کورد بون کە ئینگلیزەکان لەوبارەوە لە هەمویان زۆرتر سەرگەرم بوەو بەماوەیەك پێش دەسپێکردنی شەڕی یەکەمی جیهانی ئەڵمانیاش هاتبوونە کایەوەو توانیبویان تورکیا بەلای خۆیانا بەکێش بکەن و دژی ئەوەبون کورد ببێتە هۆی لاوازبونی دەوڵەتی عوسمانیی دوستیان کە نەخشەی شەری جیهانی لە لایەن ئەڵمانەکانەوە بۆ کێشرابوو، ئەو دەوڵەتانە هەریەکەیان لە کاتی خۆیدا و بەشێوەی تایبەتی خۆی فشاریان خستبوە سەر تورکەکان بەوپەڕی دڵرەقیەوە لە کوردەکان بدەن بۆ ئەوەی ئاسایشو ئارامی وڵاتی ئەو دۆستەیان نەکەوێتە مەترسیەوە.

شتێکی ئاشکرابوە، هەموو ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییانەی دەستیان خستبوە کاروباری حکومەتی عوسمانیەوە، جگە لەوەی نەیان ویستبوو بەهۆی کوردەوە ئاسایشی وڵاتی عوسمانی تێك بچێت، شتێکی تریش هەبوو هەرلە کۆنەوە بیریان لێکردبوەوە کە بریتی بوە لەوەی رێگە نەدرێ بەکورد خۆی بەهێزتر بکا لە هێزو دەسەڵاتی ئەو کریستیانانەی کە ماوەیەك بوو بەدەیان میسینێریان ناردبوە

ناوچەکانیان‌و بنکە یان بۆ دروستکردبون و خستبویانە مێشکیانەوە بەهیچ جۆرێك نەبن بەهاوکاری کورد لە راپەڕین و شۆڕشەکانیان دژی حکومەتی عوسمانی کە ئەم راستیە لە هەڵوێستی هەندێ دەسڕۆیوەکانی ئەرمەنیەکان و ئاسوریەکان دەرکە وتوە کە خۆیان لە بزوتنەوەی کورد نزیك نەدەکردەوەو لایان وابوە تەنها دەوڵەتە ئەوروپاییەکان ئەوان رزگار ئەکات‌و هەتا ڕادەیەکیش ئەو دروشمە ئاینیانەی لە هەندێ شۆڕش‌و راپەڕینی کوردا بەرز کرابوەوەو بۆ نی دژایەتی لێ هاتبوو بەرامبەر بە هەندێ لە کریستیانەکان زۆر کاریگەر بوە لە سەرنەگرتنی هەوڵی پەیدابوونی دۆستایەتی و هاوکاریکردنی کورد لەگەڵ کریستیانەکان بەشێوەیەکی ستراتیجی.

٥ـ ئەو کێشەیەی لە نێوان (سونی) و (علوی) دا بەهۆی دروستبونی سوارەی حمیدیەوە پەیدا بوبوو زیانێکی زۆری گەیان بەشۆڕشەکانی کوردو وەکو لە شۆڕشەکانی شێخ سعیدی پیران و هەندێ شۆڕشی تردا لە بەرگی دوهەمدا باس دەکرێ دەرئەکەوێ چۆن علویەکان لە زۆربەی شۆڕشەکانی کورد بەشدار نەبوون لە تۆڵەی ئەو رەفتارە نا رێکانەی سەرکردە سونیەکانی ناو سوارەی حمیدیە بە هاندان و ڕاسپاردەی تورکەکان دژی علویەکان کردبوویان .

بەشی یازدەهەم

خزمەتی کورد بۆ ئیسلام و بۆ دەوڵەتی عوسمانی

کورد لەورۆژەوە بووە بە ئیسلام، ئیتر هەموو توانای خۆی بۆ بەرزکردنەوەی ئاینی ئیسلام و ناوی ئیسلام و پاراستنی ولاتی ئیسلام تەرخانکردوەو سەرکەوتنی ئیسلامی بەسەرکەوتنی خۆی حسابکردوەو بیری لەوە نەکردبوەوە لەریزی میللەتانی ئیسلام دابڕێ و بۆخۆی وەکوو میللەتەکانی تر حکومەتێکی تایبەتی نەتەوایەتی خۆی ئەگەرچی لەژێر ئالاو دروشمی ئیسلامیشدا بووبێ دامەزرێنێت و لەو ڕوەوە هیچ میللەتێکی سەریەئیسلام بەقەد کورد دەربارەی خۆی کە متەرخەم نەبوە بۆ نمونە بنەماڵەی ئەیوبیەکان کە لەزەمانی صلاح الدین دا گەیشتبوە چڵەپۆپەی دەسەلات و هێز بیری لەوەنەکردبوەوە حکومەتێکی کوردی دامەزرێنێت کە شەقڵی نەتەوایەتی کوردی پێوە دیاربووبێ لەهەر شوێنێکدا بەناویش ناوی دەوڵەتی ئەیووبی هاتبێ ئەوە تەنها مانای حکومەتێکی ئیسلامی گرتوەتەوە لەچوار چێوەی ئالای ئیسلام دابووە.

کە ساتێك عوسمانیەکان بوون بەدەسەلاتدارو ئەو ئیمپراتۆریەتەیان دامەزراند، کورد لەرێگەی ئیدریسی بدلیسەوە هەموو ئەمارەتەکانی خۆی کرد بەوابەستەی ئەو دەوڵەتەی دروشم و ئالای ئیسلامی بەرز کردبوەوەو بۆ بلاوکردنەوەی دەسەلاتی عوسمانی تورکەکان دەستیان کرد بەدلگیرکردنی ولاتان بەناوی (غەزا) وەو لەوەدا کورد رۆڵێکی ئێجگار گرنگی هەبوە.

ئەم بەشە دەکرێ بەدوو بەشەوە:

١- خزمەتی کورد بۆ ئیسلام و بۆ ئاینی ئیسلام و بۆ جیهانی ئیسلام بەشێوەیەکی گشتی.

٢- خزمەتی کورد بۆ خلافەتی عوسمانی کە خۆی وا پیشاندابوو نوێنەری هەموو ئیسلامە.

یەكەم: خزمەتی كورد بۆ ئیسلام بەشێوەیەكی گشتی

بێگومان میللەتی كورد جگە لەوەی خزمەتی ئیسلامی كردوە لەبواری سیاسیو سوپاییەوە، خزمەتێكی ئێجگار گەورەشی كردوە لەڕێگەی ئەو زانا ئاینیو مێژوونوسانەی كوردەوە كە بەسەدان كتێبیان دەربارەی ئاینی ئیسلام و ڕوونكردنەوەی مەبەستەكانی و لێكدانەوەی (حدیسی پێغەمبەر) و دەیان كتێبی شرع و فقە و مێژووی پیاوە ناودارەكانی ئیسلام نوسیوەو ئەو هەموو بەرهەمانە هەمووی بووە بە كەلەپوورێكی بەسوود و بەكەڵك لەریزی بەرهەمی نووسەرانی میللەتانی تردا، كە بەداخەوە باسەكان ماون بەڵام شوێنەواری نووسەرەكانیان وەكوو نووسەریكی كورد وردە وردە كوێر بۆتەوەو براونەتەوە سەر نەتەوەی عەرەب كە ئەمە باسێكی ئێجگار دورو درێژە و لەمەبەست لامان ئەدا.

باسیل نیكیتن لەكتێبەكەیدا سەرچاوە ٥٤، لەلاپەڕە ١٧٠دا باسی زنجیرەیەك لەوبنەماڵانەی كوردی كردوە كە خزمەتی ئاینی ئیسلامیان كردوەو هەموو ژیانی خۆیان لە پێناوی ئیسلام و سەركەوتنیا تەرخانكردوە. باسیل نیكتین لەباسەكەیدا بۆ نمونە لەبنەماڵەی (شداد) ی ناوە كە دامەزرێنەرەكەی محمد شداد كوڕی قارطو بوە لەساڵی ٩٥١ی زایندلو مێژوو نووسە عەرەبەكان باسی ئەو بنەماڵەیان وەكو نمونەیەكی راستو ئاینپاك باسكردوە كە لەرێبازی ئاینی ئیسلام لایان نەداوەو گوێیان نەداوەتە جیاوازیی ڕەگەزو ئاین.

هەروەها بنەماڵەی (بنی مروان) ، دامەزرێنەرەكەی (ابوعلی مروان كوڕی دوستاق) بوو لەنێوان ساڵانی٩٩٠-١٠٩٦ زاینیدا حوكمڕانیان كردوەو (ئەمیر ئەبونصیر) ی مروانی یەكێك بوە لەوانەی بە دادپەروەری و خواپەرستی بەناوبانگ بوەو والی بەغداد دەسەڵاتێكی زۆری دابویە چونكە بەوپەڕی دادپەروەریو بەپێی ئاینی ئیسلام كاروباری دەبرد بەڕێوە، بەڵام لەدواییدا توركە سلجوقیەكان دەستیانكرد بەتێكدانی كاروبارو سەركردەكانیان لەناو خۆیانا تێكدا.

باسیل نیكتین ئاماژەی بۆ كتێبەكەی (مار) كردوە كە كوردی بەمیللەتێكی ئایندارو خزمەتگوزار بۆ ئسلام حساب كردوە.

دوکتۆر (محسـن محمدحسـين) لەبـەرگی ١٢ی سـاڵی ١٩٨٥ی گۆڤـاری کـۆڕی زانیاری لە بغداد باسێکی بڵاوکردۆتـەوە بـەناوی (دەوری کوردەکـان لـە سـوپای صلاح الدینیدا) وتویەتی ساتێك صـلاح الدین جێگـەی شـێرکۆی مـامی گرتـەوە، وەزیری فاطمیەکان و سەرۆکی تورکمانەکان (یـاروقی) بـەوە رازی نـەبون صـلاح الدین بکرێ بەوەزیرو (یاروقی) زۆربەی تورکەکانی لەگەڵ خۆیـدا بـرد بـۆ شـام و وتی من خزمەتی صلاح الدین ناکەم.

نوسەری ئەو باسە ئەڵێ: لەراستیدا کوردەکان بوبوون بـە برپـرە پشـتی ئـەو هێزەی صـلاح الدیـن و خۆیـەختکردنی ئـەو کوردانـەو ئـەو ئەرکەگرنگانـەی پێـی هەڵسابوون لەناو سوپای صلاح الدینـدا بوبـووە هـۆی ئـەوەی ژمـارەی کـورد لـە ئەنجومـەنی سـەرکردایەتی صـلاح الدینـدا پەرەبسـێنێت کـە صـلاح الدین خـۆی سەرکردەی ئەو ئەنجومەنە بوو.

(دەربارەی ئەو وەزیری فاطمیە کە لەو باسەدا ناوی هاتووە، کێشـە لـەنێوان صلاح الدینی سونی و فاطمیەکانا کە لە میصردا بە حشاشەکان ناویران و لەسەر ئاینزای شیعەبوون بریتی بـووە لـە کێشـەیەکی مەزهـەبیو ئەگـەر بـەوردی لـەوە بکۆڵرێتەوە، بۆمان دەردەکـەوێ لـەهیچ شـوێنێکی سـەریە شیعەدا، لەگـەڵ ئـەو هـەموو خزمەتـە گەورەیـەی صـلاح الدیـن بـۆ ئیسـلامی کردبوو، هـەتا دوژمنـە ئەوروپاییەکانیشی کە ناوی صلاح الدین دەبەن بەرێزەوە باسی دەکـەن، کـەچی شیعەکان بـەوە صـلاح الدیـن تاوانبـار دەکـەن حکومـەتی فاطمیـەی لـە میصـر لەناویردبوو) .

دەربارەی صلاح الدین، دوکتۆر (نظير حسان سعداوى) لەکتێبەکەیدا (التاريخ الحربي المصري في عهد صلاح الدين) چاپی قاهرە ساڵی١٩٥٧ وتوویەتی: صـلاح الدین بۆیـە هـەموو پلـەو پایەگرنگـەکانی سـوپاییو بـەرێوەبردنی کاروبـاری سپاردبوو بەکوردەکان چونکە صلاح الدین پشتێکی تەواوی بە کەسوکاری خـۆی و کوردەکان بەسـتبوو کـە لـە راستیشـدا هـەموویان پرپـەدڵ دڵسـۆزو پشـتیوانی صلاح الدین بون لەشەڕەکانا.

مامۆستا شوکور مصطفی لەلاپەڕە ١٢٣ ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٨١ باسێکی لە زمانی تورکیەوە وەرگێڕاوە بۆکوردی دەربارەی ئەیوبیەکان کە لەو باسەدا وتراوە:

((لەهەڕەشەو جەنگەی شەڕو شۆڕێکی خوێناوی دوورودرێژی خاچپەرستەکان (صلیبیەکان) کە چەکو شارستانێتیو ئاین- مەسیحیەت دژی ئیسلام- و کە لەپوور پێکا هەڵدەپژان و زۆرانیان دەگرت، دەرفەتی هیچ جۆرە لێک هەڵەنگوتنو لێك گەیشتن و بازرگانیەك نەبوو، ئەوروپای مەسیحی و دەرەبەگ خاکی فەلەستینی پیرۆزو سوریایان دەویست، عەرەبەکان لەوڕۆژانەدا لەڕووی هێزی سوپاییەوە ئەو سەربازە شەڕکەرانەی جارانیان نەبوو کە حەوت سەدە لەوەو پێش فتوحاتی ئیسلامیان بەهەموو لایەکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەگەیاندو، لە سەدەی روو لەکزی و کەفو کوڵ و دامرکانەوەدا بوون، تورکە سلجوقیەکانیش کە بەلێشاو لەئاسیاوە ڕوویانکردبووە ئەو وڵاتەو لەنیوەی دوهەمی سەدەی نۆهەمدا ئێرانو کوردستانو ئەرمەنستانو عێراقو سوریاو بەشێکی زۆری (بیزانتس) یان داگیر کردبوو، لە (مرعش) ەوە هەتا (ئەرزنجان) و لەدواییشدا تا ئەرزڕۆم هەڵکشابون، میرە (زەنگی) یە تورکەکانی حلب و موصلً بوبوون بەژێر باری پاراستنی سوریاو موسڵمانەوە لە خاچپەرستەکان، بەڵام نەك تەنها هەرخۆیان، بەڵکو بەیارمەتیو کۆمەڵکردنیو کوردە هاوسوێندە سەر ڕاستو دڵپاکەکانەوە بووە کە کوردی نوێ موسڵمان دەرگای سەردەمی دەرەبەگایەتیان دەخستە سەرپشت کە بەشی زۆری ئەوانە وەزیرو هەمەکارەی پلەو پایەبەرزو مەلاو زانایانی گەورە گەورەی کوردبوون.

وەرگێری ئەو باسەتورکیە مامۆستا شوکور مصطفی ئاماژەی بۆ کتێبێکی (N. elissees) کردوە بەناوی (نور الدین، میریکی گەورەی موسڵمان لە سەردەمی خاچپەرستەکانا) بەرگی سێهەم چاپی ١٩٦٧ باسی ئەوەی کردوە صلاح الدین و سوڵتانەکانی ئەیوبیی دوای ئەو جێگەی (زەنگی) یە کانیان گرتبوەوە لە پاراستنی ئیسلامدا.

لەو کتێبەیدا بەناوی (phchistory of salanin) نوسینی پرۆفیسۆر مینۆرسکی و (کلود و چینی) چاپی لندن ساڵی ١٩٥٣و وتویانە شەڕی

ئیسلامەکان دژی خاچپەرستەکان، بەهۆی قورس پێداگرتنی کوردەکانەوە بووە کە کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتی ئەیوبیەکانەوەو بە سەرکردایەتی ئەوان شەڕەکە بەردەوام دەبوو بەڕێوە دەچوو وای لێ هاتبوو (میرە زەنگی) و (نورتوکیدەکان ــ مەبەست کوڕانی نورتـق) ــە هەموویان چووبوونە ژێر فەرماندەی سوڵتانە ئەیوبیەکانەوە. ئەو سوپا موسڵمانانەی بەگژ (ریچارد شێردڵ ـ کە عەرەبەکان بەقلب الاسد) ناویان بردووە، و (فیلب ئوگوست) ی قەراڵی فەرەنساو (فردریك باربـاروس) ی ئیمپراتۆری ئەڵمانیادا چوون و مصرو سوریایان لە فەرەنگەکان رزگار کرد و لەجیاتی (خاچ) دروشمی (هەڵۆ) یان لەسەر بورج و دیواری قدس چەقان (صلاح الدین و ئەیوبییەکان دروشمی ناوئاڵاکەیان بریتی بوە لە وێنەی مەلی هەڵۆ) .

ئەو کوردانەی باروینەی سەردەمی شەڕوشۆری نێوان مەسیحی و موسڵمانەکانیان پێچاپەوەو بۆ ئێجگاری شەڕیان یەکلاو یەکچاو کردەوەو دەرگای پەیوەندیان نەك تەنها هەر لەڕووی گەریدەکان، بەڵکو لەڕووی سەدان شۆڕەسوارو سەربازی فەرەنگ و ئینگلیز و ئەڵمان و بولگارو نۆرماندو ئیتاڵیشی خستە سەرگازی پشت. هەروەکو (والتر سکۆت) باسیکردوە مەسیحیەکانی ئەوسەردەمە کوردەکانیان بەسوڵتان و سەربازەوە ــ بەپارێزەرو پاسەوانی موسڵمانانی رۆژهەڵات ناویردوە. کورد هەروەکو لەمەیدانی شەڕدا بەشۆڕەسواری مەیدان و ئازاو بوێر و مێرخاسان ناسرابوون، لەکاتی ئاشتیشدا سەرڕاست و پیاوی خاوەن قسەی خۆیانن و بەرەفتاری بەرز ناسراون.

باسە تورکیەکە لەسەری رۆیشتوەو وتویەتی: کوردەکان وەنەبێ تەنها هەر رێبەرو پێشەواو سەربازیان پێشکەش کردوە بۆ خزمەتی ئیسلام بەڵکوو زۆربەی زاناو مامۆستاو مێژوو ناس و گەورە و کەڵە پیاوی وەکو ابن الاشیر و ابن خلکانیش هەبوە، قەڵا گەورەکەی قاهرە و قەڵاکەی (cracdes chevalians) ی بەناوبانگ نزیك بە (lal taqoule) و ژمارەیەکی زۆری مزگەوت و فێرگەو قوتابخانە لە میصر هەمووی لەکاتی خۆیدا کورد دروستیان کردوون و لەسەردەمێکدا کە زانست و هونەر لە رۆژهەڵاتا دەگەشایەوەو لە پەرەسەندنا بووە ئەورووپای ئەوسا لەنێو تاریکاییدا پەلەکوتێی دەکرد لە کاتێکدا لەرۆژهەڵاتا

سەردەمی ڕاپەڕین و وریابوونەوە بوو. (حەزم کرد بەرلەوەی بچمە سەرباسی سەرچاوەکانی کورد کە دەربارەی خزمەتی کورد دواون بۆ ئیسلام ڕاستیەکی مێژوویی بخەمە بەرچاو بەرامبەر بەو هەموو خزمەتەی کورد بۆ ئیسلام، بەتایبەتی ئەیوبیەکان بەسەرکردایەتی صلاح الدین، لەو هەموو شوێنەوارە سادەیەی کە لەلایەن صلاح الدینەوە بەجێ مابوو بریتی بووە لەوەی لەزەمانی ئەودا چەند ژوورێك بەناوی (رواق الاکراد) ەوە بۆ کورد تەرخان کرابوو بەتایبەتی بۆکوردەکانی باکوری کوردستان کە ژمارەیەکی زۆریان چوونە میصرو لەو رواق الاکرادەی جامعەی ئەزهەردا خوێندنیان تەواو کردبوو لەوێ مابوونەوەو خزمەتی زمانی عەرەبی و ئاینی ئیسلامیان کردبوو، ئەو کوردانە لەوچەند ژورەدا بە تانەسکی ژیانی خۆیان بردبووە سەر هەتا زەمانی جمال عبدالناصر ئەوپارە کەمەی بۆئەو شوێنە تەرخانکرابوو لەگەڵ پارەی تەرخانکراو بۆ هەندێ شتو شوێنی تر لابراو لەوساوە دەرگاکانی رواق الاکراد داخراوەو ئەو چەند کوردەی جاران ڕوویان دەکردە ئەو شوێنە هەموو لەو دەرفەتە بێ بەش کران) .

بلەچ شێرکوە لەلاپەڕە ٣٤ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦٠ باسی خزمەتی مروانیەکانی کردوە بۆ ئاینی ئیسلام لە زەمانی (القادر باللە) ی خلیفەدلو لە پاداشی ئەوخزمەتە گەورەیەی ئەمیر ئەحمەد کوڕی مروان الکوردی بۆ ئیسلامی کردبوو نازناوی (نصرالدولە) ی پێبەخشرا.

بلەچ شێرکوە لەو کتێبەیدا باسی زانایان و شارەزایانی کوردی کردوە کە چەند خزمەتی ئاینی ئیسلامیان کردوە بە بڵاوکردنەوەی زانیاری فقەو تۆمارکردنی ژیانی پیاوە ناسراوەکانی کورد و ئیسلام کە بەرهەمەکانی ئەو کوردانە لە قوتابخانەکانی بغدادو قاهرەو حجازو ئەصفهانو مراغەو بدلیسو ئامدو دمشقو حلبو شارەزوورو شوێنەکانی تری ئیسلاما دەخوێنران.

بلەچ شێرکوە (جلادت بدرخان) لەلاپەڕە ٣٥ی کتێبەکەیدا باسی کوردستانی کردوە چۆن لە زەمانی عباسیەکانا وەکو قەڵایەکی سەخت وابووە لە ڕوویەڕووبوونەوەی دوژمنانی ئیسلامدا بەتایبەتی بەرامبەر بەڕۆم (مەبەست بیزەنطیەکان بوە) و هەمیشە ناوچە کوردیەکان وەکو سەنگەرێك وابون بۆ پاراستنی ئەو خەلافەتە.

بەلأم هەروەکو بلەچ شێرکوش لەوباسەدا لێی دواوە، لە پاداشـی ئـەو هـەموو چاکانەی کوردو ئەو هەموو بەرهەمە بەنرخانەی ئەوزانایانەی کـورد پێشکەشـیان کـردوە بەجیهانی ئیسـلامی بـەناڕەوا هـەمووی پشـت گـوێ خـراوەو کـە دێتـە سەرحساب هیچی بۆ کورد نازمێرێ‌و هەرلایە بەشێوەیەکی تایبـەتی هـەوڵ ئـەدا ئەو چاکەو بەرهەمی ئەو زانایانە بۆ خۆی حساب بکاو کوردی لێ بێ بەری کراوە.

دووەم: خزمەتی کورد بۆ خەلآفەتی عوسمانی

لەباسەکانی پێشوودا لەوە دواین چۆن لەدوای بەسـتنی ئەمارەتـەکانی کـورد بەدەوڵەتی عوسمانیەوە لەڕێی ئیدریس بدلیسـەوە تائـەو کاتـەی تورکـەکان لـە بەڵێنەکانی خۆیان بەرامبەر بەکورد پاشگەز نەبووبونەوە، کـورد لـەماوەی چـەند سـەدەیەکدا بـەماڵ و بەگیانـەوە خزمـەتی ئـەو دەوڵەتـەی کـردوەو ئامـادەبووە لەهەموو ئەو شەڕانەی بەناوی غەزاوە کرابوو لەهەموویا بەشدار بێ‌و پیـاوە زانـاو ئاینی و ئەوانەی لەناو سوپای عوسمانیدا بەدڵو بەگیان خزمەتیان کردبـوو چـۆن بەپاکیو دڵسۆزانە کاریان کُردوە. میر بصری لەکتێبەکەیدا اعلام الکرد سەرچاوە ٢ ناوی گەلێك کوردی هێناوە لەوانەی هەریەکەیان بەشێوەیەك خزمـەتی سـوپای عوسمـانی و دەزگـا بەڕێوەبـەرەکانی دەوڵـەتیان کــردوە، بەتایبــەتی ئەوانــەی لەباشوری کوردستانا چووبونە ئەستەمبوڵو هەندێ شارەکانی تری ئەو ڕۆژانــەی دەوڵەتی عوسمانی. ئەمە بێجگە لەناوی ئەو کوردانەی باکوری کوردستان کە لـە ڕووداوو باسە مێژوییەکانا ناویان هـاتووە. مـیر بصـری دەربـارەی ئـەو کوردانـەی باشـوری کوردسـتان لەدەوڵـەتی عوسمـانیدا خزمـەتیان کـردوە باسـی ئەمانــەی خوارەوەی کردوە:

١ـ ئەحمەد پاشای دوا ئەمیری بابان ـ کە لەساڵی ١٨٥٦دا لـە (یمـن) کـراوە بەوالی عوسمانی و لەساڵی ١٨٦٣دا کراوە بەوالی (وان) و لەسالانی ١٨٦٧ـ ١٨٨٠) دا والی ئەرزڕۆم بووەو بەوپەڕی تواناو دەسەلأتی خۆیەوە خزمەتێکی گەورەی ئەو دەوڵەتەی کردوە (سەرەڕای ئەوەی لەئەمارەتەکەی خۆشی لابرابوو) .

٢ـ عبدالله مصیب پاشاـ لەساڵی ١٨٧٧دا بە ڕوتبەی وەزیری کـراوە بـەوالی بصرەو لەوێوە گوێزراوەتەوە بۆ بیروت و لەساڵی ١٨٨١دا کۆچی دوایی کردوە.

٣ـ خالد پاشا باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی بوە لە (بلغراد) و (طهران) و ساڵی ١٨٩٩ کۆچی دوایی کردوە.

٤ـ شريف پاشای خندان ـ كه به جنرالّ (شريف صبری پاشا) ش ناسـرابوو، لەسالّی ١٨٦٥دا لـه ئەستەمبولّ لـەدایك بـوەو لـەناو هـێزی سـوپای سـوارەی عوسمانیدا گەیشتبووە پلەی (فریق) و لەسالّی ١٨٩٠دا (ئەمیره ئەمینـه) ی کچی محمد عبدالحلیم پاشای کـوڕی محمد علی پاشای میصری مارەکردوە کـه لـەو ڕۆژانەدا ئەو ئەمینه خانـه خوشـکی محمد سعید حلیم پاشای صدری ئەعظـەم (سـەرۆك وەزیران) ی عوسمانی بوەو لـه سـالّی ١٨٩٨دا کـراوە بـه بـالّیۆزی حکومەتی عوسمانی لەستۆکهۆلّم (لەبەرگی دوهـەمی ئـەم کتێبـەدا لـه زۆر شوێنا شریف پاشای خندان دێته بەرچاو) .

٥ـ سعید پاشای خندان کوڕی حسێن پاشای کوڕی ئەحمەد ئاغای خنـدان بوە کە خەلّکی سلێمانی بوەو مـامی سیف اللهخـەندانی ناسـراو بـوەو، لەسالّی ١٨٨٢دا سعیدپاشـا کرابـوو بـەوەزیری دەرەوەی عوسمـانی و لەسـالّی ١٨٨٣دا کراوە بە بالّیۆزی عوسمانی لەبرلین و سالّی ١٨٨٥ دوباره کراوەتەوە بـه وەزیـری دەرەوەو سالّی ١٨٩٣ کراوە بەسەرۆکی ئەنجومەنی شـورای (ئەنجومـەنی سـەنا- پیران و سالّی ١٩٠٧ کۆچی دوایی کردوە.

٦ـ رسـول مەسـتی: باپـیری تۆفیـق وەهبـی بـوە، گـەلێك نوسـراوو کتێبـی بەتورکی چاپکردوەو کراوە بە مفتیش معارف له (وان) ... (جارێك تۆفیق وەهبی بۆی باس کردم کە لەکۆتایی ژیانیشیا مدیری معارف بوە لە ویلایەتی موصلّدا) .

٧ـ عزەت بەگی خەندان: برای سعید پاشـای خـەندان بـوە، لەسالّی ١٩١٢دا کراوە بە والی (وان) و لەسالّی ١٩١٨دا وەزیری ئەوقاف بوە له ئەستەمبولّ. عزت بەگ یەکێك بوە لەئەندامانی ئیئتلاف و معارضی کە مالیەکان بـوەو لەسـەر ئـەوە لەسالّی ١٩٢٠دا زیندان کراوە.

٨ـ مصطفی نعنی پاشا: کوڕی حسێن بەگ بـوە بـۆ ماوەیـەك والی (ئەطنـه) بووە.

٩ـ ئیسماعیل حقی بابان: ئەندامی مجلیسی مبعوثانی عوسمانی بوەو یەکێك بوە لـەروناکبیرە سەریەسـتیخوازەکانی ئـەو ڕۆژانـەو لەسالّی ١٩٠٨دا کـه اعلانـی دەسـتور کـرا ئـەو خـەریکی ڕۆژنامەگـەری بـوەو لەسـالّی ١٩١١دا کـرا بـەوەزیری معارف و سالّی ١٩١٣ کۆچی دوایی کردوە.

١٠ــ مصطفیپاشا یامولکیــ ساڵی ١٩٠٤کــراوه بەرئیســی ئــەرکانی ئــەو فرقەیەی لـە ئەنقـەرەدا بـوەو ساڵی ١٩١٠کـراوه بـە سـەرکردەی فرقــەی ١٣ لەئەرزنجان و ساڵی ١٩١١ لە شەڕی بالقـاندا بەشدار بووه و ساڵی ١٩١٨ کراوه بەسەرۆکی دادگای سوپایی کە محاکەمەی مصطفی کمالی کردبوو بـەتاوانی یـاخی بوون و حوکمــی اعدامــی مصطفـی کمـال دەرکردبـوو لـەوه تورکـه کمالیـەکان بـە (مصطفی نمرود) ناویان بردوەو ساڵی ١٩٢٢ گەڕایـەوه بـۆ باشـوری کوردسـتان و لەحکومەتەکەی شیخ مەحمودا وەزیری معارف بووەو ماوەیەك لەبەغدادیش دوای ئەوه خەریکی رۆژنامەگەری بوه.

١١ــ پیرەمێردــ شـاعیری مـەزنی کـورد حـاجی تۆفیـق کـوڕی محمـود ئاغـای همزه ئاغا کە همزه ئاغای باپیری وەزیری ئەحمەد پاشای دوامیری بابان بووه کە لەژماره ١ی ناوەکاندا باسمان کردوه.

پیرەمێرد لەساڵی ١٨٩٨دا لەسلێمانیەوه چۆتە ئەستەمبوڵ و کولیەی حقوقی تەواو کردوەو بوه بە ئەندامی (ئەنجومەنی بەرزی معارف) لەئەسـتەمبوڵ و سـاڵی ١٩٠٨ کە اعلانی دستوری کراوه خەریکی رۆژنامەگـەری و محامـات بـووه و سـاڵی ١٩٠٨ رۆژنامەی (رەسملی کتاب) ی دەرکردوه و بەسێ زمان نوسیویەتی و ساڵی ١٩٠٩کراوه بەقائمقامی جۆڵەمێرگ و ساڵی ١٩١٨ کراوه بـە متصرفـی ئەماسیەو لەدواییدا گەڕاوەتەوه بـۆ سلێمانی و خـەریکی رۆژنامەگـەری بـوەو ژیـان و ژینـی دەرکردوەو ساڵی ١٩٥٠ کۆچی دوایی کردوه.

١٢ــ محمد ئەمین زەکیــ نوسـەرو مێژووناسـی بـەناوبانگ و خـاوەنی کتێبـی مێـژوی کوردو کوردستان. سـاڵی ١٨٨٠ لەسـلێمانی لـەدایك بـوه و سـاڵی ١٨٩٩ چوەتە ئەستەمبوڵ و چوەتە قوتابخانەی سەربازی و ساڵی ١٩٠٤ ئـەرکانی حربـی تـەواو کـردوەو سـاڵی ١٩٠٩ یەکـەم کـەس بـووه خەریتـەی شــاری ئەسـتەمبوڵی کێشاوه و بەشدار بووه لەدەسنیشان کردنی سنوری تورکیا و بولغاریـادا لەساڵی ١٩١٠دا و ساڵی ١٩١٢ بەشـداری کـردوه لەدەسنیشـانکردنی سنوری عوسمــانی و روسیا لەناوچەکانی قفقاس و لەشەڕی باڵقاندا ضابط روکنی فرقەی پێنجەم بـوەو ساڵی ١٩١٢ نێرراوه بۆ فرنسـه بـۆ شـارەزابوونی مەشـقی سـەربازی و لـە شـەڕی یەکەمی جیهانیدا ضـابط روکنـی فەیلـەقی یەکـەم بوه سـاڵی ١٩١٨ نـێرراوه بـۆ جەبهەی قفقـاس و مــەدالیای زیوینــی پێـدراوه و مــەدالیای دوهــەمی صلیبـی

ئەڵمانیاشی وەرگرتوەو ساڵی ١٩٢٢ گەڕاوەتەوە بۆ عێراق و لە حکومەتی عێراقدا چەند جارێك کراوە بە وەزیر.

١٣ـ توفیق وەهبیـ ساڵی ١٨٩١ لە سلێمانی لەدایك بووە و لە مەکتەبی عەسکەری ئەستەمبوڵ دەرچووەو لە ساڵی ١٩١١دا لەشەڕی ئەلبانیادا بەشداربووەو ساڵی ١٩١٤ ضابط روکنی ئەو فرقەیەی تورك بووە کە لە شەڕی (چناقلعە) ی بەناوبانگدا لە (دردنیل) دا کراوە بەشدار بووە و لەساڵی ١٩١٧ مەدالیای صلیبی ئاشتی پێدراوە (ئەوەی شایانی باسە، دەربارەی ئەو شەڕەی ئەلبان کە میر بصری باسی کردوە، تۆفیق وەهبی بەتورکی کتێبێکی هەیە لەجامعەی لندن کتیبخانەی ساواس، بەناوی (ماکینەلی تفەنگ_ دەوری رەشاش لە شەڕی پارتیزانیدا).

تائێرە ناوی ئەو کەسانەیە کە میر بصری لەکتێبەکەیدا دەربارەی ئەو کوردانەی باشوری کوردستان کە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیان کردوە، بێگومان کوردی رۆژهەلاتی کوردستانیش ئەوەی دەرفەتی بووبێ خزمەتی کردووە شان بەشانی ئەو کوردانەی تر لەباشوری کوردستاندا بون لەباسەکانا ناوی هەندێکیان هاتووە.

دەربارەی هەستی ئاینی کوردو بەشدار بوونی کورد لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بۆ خزمەتی ئاینی ئیسلام و دەوڵەتی عوسمانی بەناوی غەزاوە لەلاپەڕە ٢٧ی گۆڤاری ڕەنگینی ژمارە ٨٣ ی رۆژی ١٥ ٥ ١٩٩٥، عبدالرحمن زەنگەنە باسی گەڕیدەیەکی فرەنسی کردوە ناوی (لجان) بوە لەنێوان ساڵانی ١٨٦٢ – ١٨٦٦دا بەناو ولاتی عوسمانیدا گەڕاوەو لەو گەشتەیدا دەربارەی کورد سەرنجی خۆی بەم جۆرەی خوارەوە دەربڕیوە:

((دەگێرنەوە ساتێك جەنگی رۆژهەلات بەرپابوو لەساڵانی ١٨٥٤ – ١٨٥٦ دا، بابی عالی بانگەوازی جهاد (غەزا) ی بلاوکردەوەو بەو بانگەوازە هەستی ئاینی ئیسلامەکانی جوولان‌و موسڵمانان ڕوویانکردە ئەستەمبوڵ و ناو شەقامەکانی ئەستەمبوڵ پڕبوو لەخەلکی ولاتانی جۆربەجۆرو هەریەکە بەجل و بەرگی نیشتمانی بەجۆرە چەکێکی تایبەتی خۆیەوە هاتبوو بۆ بەشدار بوون لەو غەزایەدا لەوانە ژنێکی کورد بوو (قەرەفاطمە_ فاطمەرەش) کە بەخۆی و چەکدارەکانی هێزەکەیەوە گەیشتبوونە ئەستەمبوڵ. ئەو ژنە بەپێی شێوەکەی

دیاریوو ژنێکی لاو نەبوو جوانیش نەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەموو شۆڕە سوارانەی کورد دوای کەوتبون و هاتبوونە ئەستەمبوڵ. هاتنی ئەو ژنە بەو شێوەیە سەرنجی خەڵکی راکێشابوو، پڕیەدڵی ئەو خەڵکە بوو زۆریان پێ خۆشبوو ژنێك بەو جۆرە هاتبووە ریزی پیاوە چەکدارەکانەوە و هاتنەکەی کارێکی زۆری کردبووە سەر خەڵك بەتایبەتی بۆ سەر پیاوە ئاینیەکان.

هەرچەند کاربەدەستانی عوسمانی رێگەیان نەدا بە فاطمە بچێتە ناو کۆڕی شەڕەوە بۆ ئەوەی بەشدار بێ، بەلام چوونەکەی بۆ ئەستەمبوڵ لەزۆر شوێنی کوردستانا دەنگی دابوەوەو هەستی ئاینی زۆریانی بزاواندبوو)) .

لەراستیدا ئەو باسەی قەرە فاطمە یەکێك بووە لە دیمەنی بەشداربوونی کورد شان بەشانی هێزی عوسمانی لەو شەڕانەدا بەناو بۆ سوودی ئاینی ئیسلام دەیان کردو بێگومان لەکاتی ئەو شەڕو غەزایانەدا بارەها کورد خۆی ناردوە بۆ بەشدار بوون کە نمونەیەکی تری ئەمە لە ناردنی ئەو دەروێش و مریدانەی کاك ئەحمەدی شێخدا دێتە بەر چاو کە وەختی خۆی ژمارەیەکی زۆری ناردبوو بۆ هاوکاری کردنی سوپای عوسمانی لە شەڕی قارص و ئەردەهاندا.

بێجگە لەوە، لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی شیخ محمودو دەوڵەتەکەی کوردستان سەرچاوە ۸۰ بەدورو درێژ باسی بەشدابوونی شێخ مەحمودم کردوە بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ سوپای عوسمانیدا لە (شعیبە) لە باشوری عێراقدا دژی ئینگلیزەکان لە ناوچەی (مەریوان) دژی سوپای روس کە گەیشتوەتە نزیکی پێنجوین لە شەڕی جیهانی یەکەمدا کە شیخ مەحمود لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کوردا لەگەڵ سوپای عوسمانیدا بەشدار بوون لەو شەڕەدا شێخ مەحمود برینـدار کرابوو.

بەشی دوازدەهەم

سوارەی حمیدیە- ئێستر سوار (حمیدیە ئالایلری)

سوارەی حمیدیە بریتی بووە لەو هێزەی وەکوو لاسایی کردنەوەیەکی روسەکان چۆن هێزی (قۆزاق) یان دامەزراندبوو، تورکەکانی عوسمانیش بەراسپاردەو راوێژی ئینگلیزەکان هاندران هێزێکی لەو شێوەیە لە عەشایرە جۆر بەجۆرەکانی ناو ولاتی عوسمانی وەکو بەشێك لەسوپای دەوڵەت بەسەرکردایەتی ئەفسەرە بەرزەکانی تورك دامەزرێنن و لەبەرئەوەی عەشایەرەکانی کورد و سەرکردەکانی هەندێکیان رۆڵێکی گەورەیان بینیوە و پێیان سپێررابوو بەپێویستم زانی باسی ئەو هێزەو چۆنیەتی پێك هێنانی بکەم و باسەکە بکەم بەم چەند بەشەوە:

١- چۆنیەتی پێکهێنانی.

٢_ هۆی پێکهێنانی.

٣_ زیانەکانی سوارەی حمیدیە.

یەکەم - چۆنیەتی پێکهێنانی

لەساڵی ١٨٩١دا سوڵتان عبدالحمیدی دوهەم فەرمانێکی دەرکرد بۆ ئەو هێزە عەشایرییەی ناوی لێ نرا (حمیدیە ئالایلری_ سوارەی حمیدیە) کە لای کوردەکان بە ئێستر سوار ناودەبران.

مینۆرسکی لەلاپەرە ٥٩ی سەرچاوە ٤٣دلو ئەمین زەکی لەلاپەرە ٢٥٤ی مێژووی کوردو کوردستان باسیان کردوەو هەروەکوو لەو دوسەرچاوەدا هاتووە ناوی ئەو هێزە کراوە بە (خفیف سواری ئالایلری= هێزی سوارەی سووك و سۆڵ) و (ROBERT OLSON) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٨٤ ناوی ئەو هێزەی وەکوو

بەتورکی چۆن بووە بەوجۆرە ناوی بردوە (HAFIF SUVARI ALAYLARI) خفیف سواری ئالایلری.

بەپێی کتێبی (TNE THE KURDS) سەرچاوە ١ ئەوهێزە لەهاوینی ساڵی ١٨٩١دا دروستکراوەو (مروان المدور) لەکتێبەکەیدا (الارمن عبر التأریخ) چاپی ١٩٨٢ لەلاپەڕە ٣٩٧دا وتویەتی:

((ئەو هێزە لەهەموو نەتەوەکانی تری غەیری تورك وەکوو کورد و ئەلبان و چرکس پێکهێنرابوون کە ژمارەی کورد لەناو ئەو هێزەدا تەنها بریتی بوە لە (١٠ هەزار سوار) ، کە ئەم بۆچوونەی مروان المدور ئەوە بەدرۆ دەخاتەوە کە هەندێ سەرچاوەی دوژمنی کورد وتویانە ئەو هێزە هەمووی لە کورد پێکهاتبوو ئەو کوشتارەی لەساڵی ١٨٩٥دا لە ئەرمەنیەکان کرابوو بەهۆی ئەو هێزەوە کرابوو زۆری تاوانەکەش خرابووە ئەستۆی کوردەوە.

مینۆرسکی لەلاپەڕە ٥٩ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤٣ لەباسی چۆنیەتی پێکهێنانی ئەو هێزە وتویەتی:

((شاکرپاشای بەناوبانگ کە لەساڵی ١٨٩١دا سەرکردەی گشتی أصلاحات بوو لە ویلایەتەکانی ئەنادۆڵدا هەوڵیدا هێزێکی سوپایی لە کوردەکان دامەزرێنێت لەشێوەی هێزی قۆزاقداو لەساڵی ١٨٩٢ دا لە ئەستەمبوڵو بەغداد قوتابخانەی عەشایری کرایەوە بۆ ئەوەی هەستو هۆشی تورکەکان لەبیرو گیانی عەرەب و کوردە کۆچەریەکانا چەکەرە بکاو بەهێز بێو کوردو عەرەب لەتورك نزیك بکرێنەوەو تێکەڵ بەوان بنو زۆری پێ نەچوو شاکرپاشا خۆی کرا بەلێپرسراوی ئەو هێزەو ئەو قوتابخانە (بەپێی کتێبەکەی رۆبرت ئۆلسۆن شاکرپاشا مێردی خوشکی سوڵتان عبدالحمید بووە) .

لەم باسەی مینۆرسکی‌دا دەردەکەوێ هەندێ لەو سەرچاوانەی وەکوو (ئیلفنستن) لەکتێبەکەیدا سەرچاوەی ژمارە ٨ وتبویان ئەو هێزە بەسەرکردایەتی ئیبراهیم پاشای میللی دروستکرابوو شتێکی راست نیە و ئیبراهیم پاشا وەکو لەشوێنی خۆیا باسی دەکەین سەرکردەی یەکێك بووە لەهێزەکان.

بێجگە لەوە هەندێ سەرچاوەش وەکوو کتێبەکەی صادق شرفکندی سەرچاوە ٧١و کتێبەکەی حسن عرفە لاپەڕە ٢٢٤ چاپی لندن ساڵی ١٩٦٦ وتویانە ئەو هێزە لەکوردو لە سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد پێکهاتبوو بەلام لەهەندێ سەرچاوەی تردا وەکو کتێبەکەی مروان المدور وتراوە لەو هێزەدا ئەلبان و چرکسیشی تیادابووەو ژمارەی کورد لەو هێزەدا بریتیبووە لە (١٠) هەزار کەس کە ژمارەی ئەو هێزە وەکوو لەدواییدا باسی دەکەین زۆر زیاتربووە لە دەهەزار کەس.

رۆبرت ئۆلسۆن لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٨٤ لەباسی ئەو هێزەدا وتوویەتی ئەو هێزە لەو کوردانە بوون کە (سونی) مەزهەب بونو رێگە نەدراوە بەکوردە عەلەوییەکان بەشدارین (کە ئەوەی وتوویەتی رێگە نەدراوە بەعلویەکان لەو هێزەدا بوون شتێکی راستە بەلام هەموو هێزەکە هەر لە کورد پێك نەهاتبوو) .

صادق شرفکندی لەلاپەڕە ٤٧ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٧١ باسی ناوچەکانی ئەرزرۆم و دەوروبەری باکووری گۆلی وان و بدلیسی کردوە کە ئەبوایە هەموو بنەماڵەیەکی ئەو ناوچانەی کورد سوارێك بەئەسپەوە وەیا پیادەیەك ڕەوانەی سوپای حکومەت بکەن بۆ ئەوەی بکرێن بە سەرباز.

(لام وایە ئەو بەزۆر ناردنەی کورد بۆ ناوسوپای تورك وای لەزۆریان کردبوو کە بچنە ناو ریزی هێزی سوارەی حمیدیەوە کە لەژێر سەرکردایەتی دەرەبەگەکانی کوردا بوونو ئەمەیان لاباشتربووە لەوەی بچنە ناو سوپای تورکە وە کە هەمیشە سەرکردەکانی تورك بووە) .

بەپێی باسەکەی صادق شرفکندی، لکەکانی سوارەی حمیدیە لەسەر بناغەی رێکخراوێکی لەگەورە وە بۆ بچووکی عەشیرەتی دامەزرێندرابوو، هەموو چەکیان لە حکومەت وەردەگرت و دەبوایە لەپێشدا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەژێر چاودێریی ئەفسەرە تورکەکانا مەشقیان پێ بکرایە و پاش تەواوکردنی مەشق دەبوایە چەکەکانیان بدایەتەوە بەحکومەت هەتا کاتی پێویستی و سەرۆك عەشیرەتەکان هەریەکەیان نازناوێکی سوپاییان پێ ئەدرا وەکو پاشاو دەسکەوت و خەلاتی ئاشکرایان وەردەگرت و لەناو ئەو هێزانەدا دەسەلاتیان لەدەسەلاتدارێتی دەرەبەگێتی یا پاشا زۆرتر و بەهێزتربووەو ئەو هێزە

لەکوشتاری ئەرمەنیەکان و عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بەشدار بوون و میللەتی کورد خۆشی لەدەسدرێژیو تاوانی ئەو هێزە رزگاری نەبوو تاوانێکی زۆریان هەبوە بەرامبەر کوردەکانی دەرسیم و باشوری کوردستان.

دەربارەی قەوارەی ئەو هێزە، روبرت ئولسون لەسەرچاوە ٨٤ وتوویەتی هەریەکێك لە لکەکانی ئەو هێزە لە شەش فەوج پێکهاتبوو، هەرفەوجێکیش بریتیبووە لە (٥١٢) سوارو لکەکان لێك جیاوازبوون و نەدەبوایە بخرێنە سەر یەك مەگەر تەنها لەکاتی شەڕدا دەخرانە ژێر سەرکردایەتیەکەوە (کە بێگومان ئەو سەرکردایەتیە تورك بووە) تەمەنی ئەوانەی لەو هێزە دا قبولْ دەکران دەبوایە لەبەینی ١٧ـ٤٠ ساڵیدا بوونایە و ئەوانەی دەکران بەئەفسەر لەناو ئەو هێزەدا دەبوایە لەقوتابخانەی (سوارەی حمیدیە مەکتەبی) بخوێنن و ئەگەر کوردێك لەناو ئەو هێزەدا بگەیشتایەتە پلەو پایەی (کۆلۆنێل) دەبوایە یارمەتیدەرەکەی تورك بوایە و بەشێوەیەکی گشتی ئەو هێزانە دەبەسرانەوە بەهێزی چوارەمی سوپای حکومەتی عوسمانی کە لەژێر سەرکردایەتی مشیر زکی پاشادابوو کە خۆی واپیشان ئەدا گوایە دۆستی کوردبوو.

جلیلی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٥٥ ئامازەی بۆ لاپەڕە ٢٤ی کتێبەکەی (کارتسۆف) کردوە چاپی تفلیس ساڵی ١٨٩٦ کەوتویەتی: ئەو ئاغا کوردانەی هەتا ئێستە لای تورکەکان بەچەتەو رێگر ناودەبران وابە هۆی ئەو مدالیاو نیشانانەی وەریانگرتووە (مەبەست لەناو سوارەی حمیدیەدا) وائێستە بە بەرچاوی ئەفسەرەکانی حکومەتی عوسمانیەوە خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن.

جلیلی بێجگە لەوە ئامازەی بۆ کتێبەکەی (ف. ف. گریازنۆف) کردوە بەناوی (کوردو سوارەی کورد) لە هەواڵەکانی ئەرکانی حەربی ناوچەی قفقاس ژمارە ٢٠ لەتفلیس باسی ئەوەی کردوە کە لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت لەو رۆژانەدا لەرووی ئابووریەوە دەستی کورت بوو کەچی هەشت ملیۆن لیرەی بۆ مەبەستی دروستبوونی ئەو قوتابخانانە تەرخان کرد بۆ ئەوەی تاقمێکی تازەی دەرەبەگی ئایندار بهێنرێتە ژێر سایەی سوڵتانەوە.

ئەڤریانۆڤ لەباسی ئەو قوتابخانەدا وتویەتی لەناو هەریەکێك لەو قوتابخانانە مزگەوتێك دروست دەکرا بۆ ئەوەی مندالآنی کورد کە لە قوتابخانەدا دەیان

خوێند هەستی ئاینیان تیادا بەهێز بکرێت و منداڵانی کورد لەقوتابخانانەدا فێری زمانی تورکی ببن.

لەساڵی ١٨٩٢ دا لە ئەستەمبولْ قوتابخانەی (عەشیرەت مەکتەبی) کرایەوە، ماوەی خوێندن تیایا پێنج ساڵْ بووە. زۆربەی منداڵانی قوتابی منداڵی سەرۆکە کوردەکان بوون و ژمارەی هەر قوتابخانەیەك (٢٥٠) قوتابی بووەو لەو قوتابخانانەدا منداڵی عەرەب و ئەلبانیشی تیابووە جگە لە منداڵانی کورد.

لازاریف، دەربارەی ئەو منداڵانەی دەنێران بۆ ئەو قوتابخانەیە لای وایە تورکەکان ئەو قوتابخانانەیان بۆ ئەوەکردبوەوە تا منالآنی کورد وەکو بارمتەیەك وابن لای حکومەتی عوسمانی، بەلأم ئاواتەکانی سوڵتان سەری نەگرت چونکە زۆری پێ نەچوو هەی وا پەیدابوو لەناو ئەو قوتابخانانەدا دژی حکومەت رادەوەستا.

دەربارەی ئەو بۆچوونەی لازاریف، رۆژنامەی (گنتشاك= کنجاك) لەژمارەکانی ٧ــ ٨ یدا لاپەرە ٤٧ ی ساڵی ١٩٠٣ وتویەتی: منداڵانی کورد لەو قوتابخانانەدا هەرچەند بەزمانی تورکی دەیان خوێند، بەلأم بەهۆی ئەوەی تێکەڵْ دەبوون لەگەڵْ ئەو منداڵانەی بیروباوەڕی ئازادی و سەربەستی لەمێشکیانا چەکەرەی کردبوو ئەو تێکەڵبوونە کاریکردە سەر منداڵەکانی کوردیش و ئەوانیش بیری ئازادی و سەربەستی لە مێشکیان جێگیر بوو بیریان لەوە کردەوە کوردیش بۆخۆی حکومەتێك دروست بکا، بۆیە سوڵتان عبدالحمید لە ساڵی ١٩٠٦دا ئەو قوتابخانانەی داخست.

جلیلی ئاماژەی بۆ ژمارە (٧–٨) ی رۆژنامەی (کنجاك) کردوە کە پەیامنێرەکەی وتویەتی:

ئارەزووی کوردەکان بۆ گواستنەوەی چالاکیەکانیان لە کەناری بۆسفۆرەوە (مەبەست ئەو کوردانە بووە لە ئەستەمبوڵدا دەژیان) بۆ ناوخاکی نیشتمانی خۆیان هەندێکیانی خستبووە سەرسەودای گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان و هەندێکیشیان بەنەهێنی گەڕابوونەوەو دەستیان کردبوو بەبیرکردنەوە لەدامەزراندنی کوردستانێکی سەربەست و لەئەنجامی ئەمەدا بیری خەبات و تێکۆشان بۆ ئەو مەبەستە لەناو ئەو قوتابخانانەدا پەرەی سەندبوو.

تورکەکان لەبغداد بەهۆی پیلانی عوسمانیەوە کێشەیەکیان پەیدا کرد لەنێوان قوتابیانی کوردو عەرەب و، والی ئەو کێشەیەی کرد بەبیانوو قوتابخانەکەی بغدادی داخست.

دوهەم ـ هۆی پێکهێنانی سوارەی حمیدیە

ئەو رۆژانەی هێزی سوارەی حەمیدیەی تیادا دروست بوو، بەرلەوە کێشەیەکی سیاسی و بەین برکێیەکی توندو تیژ لەنێوان ئینگلیزو روسدا پەیدابوبوو، هەرلایە دەیویست تەنها هەرخۆی دەسەلاتی لەناو دەولەتی عوسمانیدا هەبێ.

حکومەتی عوسمانی بەهۆی باری خواری ئابووریەوە تووشی گێچەلێکی گەورە بوبوون و کەوتبوونە ژێر بارێکی گرانی قەرزی حکومەتی بریتانیاو بازرگانەکانیەوەو ئنگلیز لەوە ترسابوو روسەکان لەسنوری ققفاسەوە لەرێگەی قوازقەکانیەوە دەسدرێژی بکاتە سەرسنوری دەولەتی عوسمانی و فشاریش بخاتە سەر کوردو ئەرمەنی بۆ ئەوەی بیانکا بەدەسکەلای خۆی دژی حکومەتی عوسمانی، بۆیە سەریانکردە سەر سولتان و کاربەدەستان بۆئەوەی دەستوبرد بکەن لە دامەزراندنی هێزیکی عەشایری بۆ رووبەرووبوونەوەی مەترسیەکانی قۆزاق‌و بۆ دامرکاندنی هەر بزوتنەوەو جم‌و جۆلێك دژی حکومەت بۆ ئەوەی روسەکان سود لەو کێشەو هەرایانە وەرنەگرن و لەئەنجامدا توانییان کاریکەنە سەر حکومەتی عوسمانی و هێزی سوارەی حمیدیە پێك هێنرا.

بۆ روونکردنەوەی هۆی پێکهێنانی سوارەی حەمیدیە، هەوڵ ئەدەین کورتەی هەندێ لەو سەرچاوانە باس بکەم:

لەکتێبی (جنبشهای کورد ـ سەرچاوە ٥٣، لەلاپەرە ٥١ دا دەربارەی هۆی پێکهێنانی سوارەی حمیدیە وتویەتی هۆی یەکەم ئەوەبووە حکومەتی عوسمانی لەرێگەی ئەو هێزەوە بەرگری لە سنوورەکانی خۆی بکا دژی هەرهێرشێك لەئێران و روسەوە ئاراستەی خاکی عوسمانی بکرێ.

هۆی دوهەم ئەوەبووە لەڕێگەی زەبرو زەنگی ئەو هێزەوە دەسەلاتی زۆربەی سەرۆك عەشیرەتەكان لەناو ئەو هێزەدا گرد بكەنەوەو ئەو هێزە بكەن بەداردەستی خۆیان بۆ لێدانی هەر بزوتنەوەیەك دژی دەوڵەت بكرێت.

هۆی سێهەم بۆچاوترساندنی ئەوكەمە ئاینیانەی دژی حكومەت دەجولانەوە، بەتایبەتی ئەرمەنیەكان كە كاریەدەستانی عوسمانی لەنێوان سالآنی ١٨٩٤-١٨٩٦ دا (٣٠٠) هەزار ئەرمەنیيان لەڕێگەی ئەو هێزەو لەڕێگەی سوپای توركەوە قەلاچۆ كردو ژمارەیەكی زۆریشیان لێ ئاوارە كراو زەوی و زارەكانیان لێ زەوت كردن.

مەبەستێكی تری ئاشكرای حكومەت بریتیبووە لەپەیداكردن و بەهێزكردنی دوژمنایەتی نێوانی كوردو ئەرمەنی (سەرچاوەی كتێبی جنبشها بریتیە لەكتیبی: گ. م. ئاردتیونیان - بەناوی: سیاسەتی أرتجاعی بورژوازی انگلستان دەربارەء مسئلەء ئەرمنیها لاپەرە ١٩٠ چاپی مۆسكۆ سالی ١٩٥٤) .

كتێبی جنبشها، لەسەر باسەكەی ڕۆیوەو ئەلێ:- حكومەتی عوسمانی بۆ سەرگرتنی مەبەستەكانی خۆی، دەسەلاتێكی زۆری دابوو بە سەرۆك عەشیرەتەكانی كورد بۆ لێدان و لاواز كردنی ئەرمەنیەكان و حكومەت گوێی خۆی كەڕ دەكردو چاوی دەنووقان لە ئاستی ئەو رەفتارە پیس و چەپەلانەی سوارەی حمیدیە دەربارەی ئەرمەنیەكان دەیكرد.

بۆنمونە: لە ناوچەی (خوشاب قاضی) لەماوەی هەشت سالدا لەلایەن سوارەی حمیدیەوە دەیان كەس كوژراو (٨٠٠) ولآخی بەرزەو بەهەزاران مەڕو مالآتیان دەدزی و تالآنیان دەكرد و حكومەتیش لێی بێدەنگ دەبوو.بەلآم لەدواییدا حكومەت بۆی دەركەوت ئەو هێزە ئامانجەكانی بەتەواوی و بەباشی نەدەگەیاندە ئەنجام و كوردو ئەرمەنیش بۆیان دەركەوتبوو تاقە دوژمنی هەردولایان بریتی بووە لە حكومەتی عوسمانی، بۆیە لەسالآنی ١٩٠٣-١٩٠٤ ساتێك شۆڕشی ئەرمەنیەكان لەناوچەی (ساسون) دەستی پێكرد، كوردەكان ژمارەیەكی زۆریان لەئەرمەنیەكان پاراست و بەشێوەیەكی نهێنی گرتیاننە خۆیان و زۆریان لە مردن رزگار كردن، دەربارەی هۆی پێكهێنانی سوارەی حمیدیە، (رۆبرت ئۆلسۆن) لە كتێبەكەیدا سەرچاوە ٨٤ باسی بۆچوونی

نووسـەرێکی کـردوە (Bayram Kodmen ـــ کـە بەناوەکـەیا دیـارە تورکـە) دەربارەی هۆی پێکهێنانی ئەو هێزە کە بریتی بوە لە:

١ـ بەستنەوەی دەسـەڵات لـە هـەموو ناوچـەکانی وڵاتـی عوسمـانیدا بەحکومـەتی مەرکەزییەوە.

٢ـ سیاسەتی پەیداکردن و ڕاگرتنی لەنگەرێك لەناو وڵاتدا.

٣ـ بەهێز کردنی یەکێتی لەناو ئیسلامەکانا.

٤ـ بۆئەوەی حکومەت ئەو هێزە بکا بە کوتەکی دەسـتی خـۆی دژی هەرلایـەك سـوور بێت لەسەر داواکردنی أصلاحاتی دەستوری لە وڵاتی عوسمانیدا.

رۆبرت ئۆلسۆن لەکتێبەکەیدا ئەڵێ: بـەڵام بـەلای (Stephen Duguid) ەوە وایە سوڵتان عبد الحمید چەند مەبەستێکی تریشیهەبوە وەکوو:

١ـ لای سوڵتان وابـوە بونـی ئـەو هـێزە دەبێتـە هـۆی پتـەوکردنی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی و دەیبەسـتێتەوە بـەڕەگ و ڕیشـەی ئیسـلامەتیەوە و دژی ئەوانـە دەوەسـتێ داوای أصلاحـاتی دستوری دەکەن کە بەوە دەسەڵاتی سوڵتانی نوێنەری ئاینی ئیسـلامی پێ گزدەبێ.

٢ـ بەکارهێنـانی ئـەو هـێزە دژی روس و ئەرمـەن کـە هـەردولای بـەهاوکاری یـەکتر دادەنا دژی دەوڵەتی عوسمانی.

٣ـــ بـەکارهێنانی ئـەو هـێزە دژی هەردەسـتەو تـاقمێك سـەرپێچیان بکردایـە دژی دەسەڵاتی حکومەت .

٤ـ بەکار هێنانی ئەو هێزە دژی ئەوانـەی لەناوچـەکانی جۆرجیـادا دژی حکومـەتی عوسمانی بون.

رۆبرت ئۆلسۆن دەڵێ: لەراستیدا مەبەستی سەرەکی حکومەت ئـەو کوشـتارە بووە لەسـاڵی ١٨٩٢ دا لـەڕۆژی ٢٢ ی مـانگی سـیبتەمبەردا لەناوچـەی ساسـون دژی ئەرمەنیەکان کرابووی کە لەو رۆژانەدا ژمارەی کورد لـەناو هـێزی سـوارەی حمیدیەدا (٤٧) هەزار بووە.

لەڕاستیدا لەو کتێبـەی (Stephen Duguid) کـە رۆبـرت ئۆلسـۆن ئامـاژەی بۆکردبوو دووشتی تیایە کە دوورن لەراستیەوە، یەکەمیان ساڵی ئەو کوشـتارەی لـە ئەرمەنیـەکان کرابـوو لـەنێوان سـاڵانی ١٨٩٤ـــ ١٨٩٦ دا بـوە (کــە زوربـەی

سەرچاوەکان ساڵی ١٨٩٥یان داناوە بەساڵی ئەو کوشتارە، دوهەم ژمارەی کورد لە سوارەی حمیدیەدا زیادە ڕۆیی تیاداکراوەو ژمارەیان (١٠) هەزار بووە وەکو بەرلەمە باسی کراوە.

ڕۆبرت ئۆلسۆن لەباسەکەیدا ئەڵێ: ((ساتێك أصلاحاتی دەستوری لەساڵی ١٩٠٨ دا مۆرکرا سوارەی حمیدیە هەرمایەوە بەلام ناوەکەیان گۆڕی بە (Tribal Regiment = فەوجی عەشایری). لەپێشدا هەوڵدرا ناوەکەی بکرێ بە (Ougus Laylan) کە ئەمە ئاماژە بووە بۆ ئەو فیدراسیۆنەی لەکاتی خۆیدا لەناو عەشیرەتەکانی تورکدا سازکرابوو بەمەبەستی ئەوەی ئەو هێزە هیچ پێوەندیەکی بەکوردەوە نەمێنێ بەلام محمود شوکت پاشا ئەمەی بەدڵ نەبوو.

لەساڵی ١٩١٠دا کە تاقمی ژوون تورك ـ اتحادوترقی ـ بوون بەدەسەلاتداری تەواو ژمارەی فەوجەکانی حمیدیە (٦٤) فەوج بووکە بەهەمووی (٥٣) هەزار سواربوو، لەوانە (٣) هەزار سواری لەئورفەو وێرانشهرەوە نێرران بۆ بالکان.

سێهەم ـ زیانەکانی سوارەی حمیدیە

مەبەست لەدروست کردنی سوارەی حمیدیە شتێك نەبوو ڕۆشنبیرانی کورد لەنیازی کاربەدەستانی عوسمانی شارەزا نەبووبن، بەڵکوو سوور دەیانزانی ئەو هێزە چەند سوودی سوڵتان و کاربەدەستانی عوسمانی تیادا بووە ئەوەندەش زیانی بەمیللەتی کورد و دۆستایەتی وپێوەندی کورد گەیاندبوو لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا کە هەردوولا هاودەردی جەورو ستەمی تورکەکان بوون و لەناو کوردا ئەوەی سوودی لەبوونی ئەو هێزە دەسگیر بوبوو بریتی بوون لەچەند ئاغاو دەرەبەگێك کە تەنها بەدوای سوودی خۆیان گەڕابوون و دەسکەوتەکانی خۆیان لە هەموو شتێك زیاتر گرنگ بووە لایان و لەخۆڕایی نەبوە لەو ڕۆژانەدا لەڕۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٨ی ڕۆژی ١ /٩/ ١٣١٧ ی کۆچی کە ئەو ژمارەیە لەشاری (فۆلکستۆن ـ Folkston) ی بریتانیاوە دەرچووە کە سەرنوسەرەکەی عبدالرحمن بدرخان بووە، لەوژمارەیەدا هێرشی بردوەتە سەر ئەو هێزەو باسی زیانەکانی کردوە بۆ میللەتی کورد و بۆ تێکدانی دۆستایەتی کوردو ئەرمەنی.

دەربارەی ئەو زیانانەی بەهۆی ئەو هێزەوە بەکورد گەیشتبوو، دوکتۆر کمال مەزهەر لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٢٣ باسی ئەو زیانانەی کردوە کە بەهۆی سولرەی حمیدیەوە بەکورد گەیشتبوو بریتی بووە لەزڕاندنی ناوی کورد بەهۆی ئەو کوشتارەی لە ئەرمەنیەکان کرابوو، بۆ ئەوە ئاماژەی بۆ کتێبی (مێژووی ئەرمەنیا) لەلاپەڕە ٥٣یدا چاپی بیروت کردوە چۆن حکومەتی عوسمانی لەساڵی ١٩١٥دا بەسەریازو جەندرمەو کورد (مەبەستی لەکوردی سوارەی حمیدیە بووە) و چەند رێگرێکەوە بێ جیاوازی کەوتنە گیانی ئەرمەنیەکان.

هەروەها دەربارەی ئەو ناوزڕاندنەی کورد (لۆقا زودێ) لەکتێبەکەیدا (المسألەالکردیەو العقوبات العنصریە فی العراق) چاپی بیروت ساڵی ١٩٦٩ لەلاپەڕە ٨٠دا وتویەتی:-

((ساتێك سوڵتان عبدالحمید ویستی ئەرمەنی و ئاسوری لەناوببا لەکوردەکانی باشتر نەدۆزیەوە مەبەست و نیازەکانی خۆی پێ بێنێتە دی بەو جۆرە تورکی عوسمانی توانی شەڕێك لەنێوان کوردو ئەرمەنیدا بەرپابکا کە ئێستەش لە ویژدانی ئەم نەوەیەدا دەنگ ئەداتەوە (لەراستیدا لوقا زۆدێ دەبوایە بیوتایە هەندێ لە دەرەبەگەکانی کورد نەك هەموو کورد) .

بەرامبەر بەو تەقەلایانەی تورك کە هەوڵیدابوو دەستە خۆێناویەکەی خۆی هەمووی بەسەر کوردا بسڕێ، نوسەری بەویژدانی واش هەبوە هەندێ راستیشی باسکردوە، بۆنمونە دوکتۆر کمال مەزهەر باسی کتێبەکەی (کیلینگ) ی کردوە بەناوی- سەرەڕۆیی- مغامرات - لەتورکیاو روسیادا چاپی لندن ساڵی ١٩٢٤ کە وتویەتی بەچاوی خۆی لە ناوچەکانی کوردا دیویەتی چۆن کوردەکان داڵدەی ئەرمەنیەکانیان دابوو منداڵەکانیان رزگار کردبوون لەمەرگ، ئەوەی کە کوردو ئەرمەنی ناڕێك کرد بەهۆی تەقەلاکانی عبدالحمیدەوە بوو کە سوارەی حمیدیەی بۆ ئەو نیازو مەبەستە دروستکردبوو. بەکورتی دەتوانین زیانەکانی سوارەی حمیدیە کە ژمارەیەك لە دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتەکانی کورد تیایا بەشداربوون لەم چەند خاڵەی خوارەوە داباس بکەین:

یەکەم: ئەو دەرەبەگ و سەرۆك عەشیرەتانەی لەناو هێزی حمیدیەدا دەکران بەسەرکردەو ئەفسەرو فەرمانبەر هەروا بەخۆڕایی لەو هێزەدا قبوڵ

نەدەکران بەڵکوو هەریەکەیان لەبەر هۆیەك هەڵبژێررابوون و لەوە دڵنیا بوون ئەوانە لەڕێبازی سوڵتان لانادەن و حکومەت هەر کارێکیان پێ بسپێرێ بێ سڵ کردنەوە بەجێی دەهێنن.

بۆنموونە: یەکێکی وەکوو ئیبراهیم پاشای میللی ماوەیەك ڕێگرو تاڵانیکەر بووە، ساتێك یاسای اصلاحاتی دستوری بەزۆر بەعبدالحمید مۆر کرا ئیبراهیم پاشا یەکێك بوو لەلایەنگرانی سوڵتان و دارو دەستەکەی چونکە بەپێی ئەو اصلاحاتە ئەبوایە دەسەڵاتی سوڵتان کەم بکرێتەوە کە زۆریەی ئەوانەی لە سوارەی حمیدیەدا بوون وەکو ئیبراهیم پاشای میللی دژی ئەو یاسایە وەستان و ئەو هەڵوێستەیان بە بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانە لەقەڵەم دراو بەخۆڕایی لەبەریەك دوو کەسێکی وەکو ئیبراهیم پاشا ناوی کوردی پێ‌زڕا.

دوهەم : زڕاندنی ناوی کورد بەهۆی سوارەی حمیدیەوە.

هەندێ سەرچاوە، بەتایبەتی ئەوانەی زانیاریەکانیان بریتی بووە لە سەرچاوە تورکیەکان یا کاربەدەستانی تورك بۆئەوەی پاکانە بۆ حکومەتی تورکی عوسمانی بکەن لەو کوشتارو تاوانانەی سوارەی حمیدیە کردبووی وەبۆ ئەوەی هەمووی بدەنە پاڵ کورد لەناو سوارەی حمیدیەدا، بۆئەو مەبەستە ژمارەی بوونی کورد لەناو ئەو هێزەدا زیادە ڕۆیی تیاداکراوە و لەکاتێکدا یەکێکی وەکو خاوەنی کتێبی سەرچاوە ١ کتێبەکەی (مروان المدور) بەناوی (الأرمن عبر التأریخ) هەربولایان ژمارەی کوردیان لە سوارەی حمیدیەدا بە (١٠) هەزار کەس داناوە لەکاتێکدا ژمارەی هەموو سوارەی حمیدیە هەروەکوو ڕۆبەرت ئۆلسۆن باسی کردوە بریتی بووەلە (٥٣) هەزار سوار کەچی (٤٧) هەزاری لەو ژمارەیە بەکورد داناوە کە بێگومان سەرچاوەی بۆ ئەمە بریتی بووە لەوزانیاریانەی لەتورکەکانەوە وەری گرتووە، کە مەبەستی تورکەکان لەمەدا ئەوەبووە هەموو تاوانەکانی سوارەی حمیدیە بخەنە ئەستۆی کورد، هەرچەند لەدواییدا ئەو ئەرمەنیە ئازادیخوازانەی ویستویانە دۆستایەتی لەگەڵ کوردا بەهێز بکەن و تورکەکان ڕیسوا بکەن بەرامبەر بەوەی کە ئەوان لێپرسراویوون بۆ ڕوودانی ئەو کارەساتە، لەدواییدا ئەمانە گەیشتونەتە ئەوەی تاوانی سەرەکی هی تورك بووە نەك هی کورد.

سێهەم: ئەو دەرەبەگو ئاغایانەی کورد کە هەڵدەبژێران بۆ ئەو هێزی سوارەیە لەو جۆرەبوون کە رەفتارەکانیان نەك بەرامبەر بەئەرمەنی بەڵکوو بەرامبەر بەجووتیارو دودەس بە ناڵەکانی کورد خراپتر بوەو زۆر درندانە رەفتاریان لەگەڵ کردون و رەش و رووتی کورد تووشی زیانێکی زۆر بووە کە لەزیانەکانی ئەرمەنی کەمتر نەبوە.

چوارەم: ئەو نەخشەیەی تورکەکانی عوسمانی لە پێکهێنانی سوارەی حمیدیەدا نەخشەیان بۆ کێشابوو شتێکی زۆر ئاشکرا بووەو بریتی بووە لەوەی کوردی سونی و کوردی علوی بکا بە گژ یەکتردا و بۆ گەیشتن بەو مەبەستە تەنها هەر کوردە سونیەکان ماوەی ئەوەیان هەبوە لە هێزی حمیدیەدا بەشدار بن و بەهیچ شێوەیەك رێگە نەدراوە بەعلویەکان تیایا بەشدار بن و بەپێچەوانەوە کوردە سونیەکانیان هانداوە لەگەڵ کوردە عەلەویەکانا رەفتاری خراپ بکەن و ئەو قین و رق و دوویەرەکیەی لەو رووەوە پەیدا بووە زیانێکی ئێجگار زۆری گەیاندووە بەوشۆرشانەی سەرکردەکانیان سوونی بوون و هیچ کوردێکی عەلەوی پر بەدڵ نەی ویستووە لەو شۆرشانەدا بەشداری بکات بەڵکو بە پێچەوانەوە کاربەدەستانی عوسمانی سوودیان لەوە وەرگرتبوو توانیبویان هەندێ لەعەشایرەکانی سەر رێبازی علوی بەلای خۆیاندا رابکێشکن و دژی کوردە سونیەکان بەکاریان بێنن وەکوو لە شۆرشی شێخ سعیدی پیرانی ساڵی ١٩٢٥ دا دەرئەکەوێ کە لەبەرگی دوهەمدا باسی دەکەین.

بۆ نمونەی ئەو ناکۆکیەی لەنێوان سونی و علوی کوردا پەیدا بووە بەر لە شۆرشەکەی شێخ سعید هەروەکوو رۆبرت ئۆلسۆن باسێکی دوور درێژی بلاوکردۆتەوە کە وتویەتی:

((ئەوی سونی نەبوایە لە سوارەی حمیدیەدا قبوڵ نەدەکراو بەپێی کتێبەکەی (شریف فرات) کە خۆی ئاگاداری بارو دۆخی ئەو رۆژانە بووە، قبوڵ نەکردنی عەلەویەکان لەو هێزەدا بوبوو بەهۆی ئەوەی عەشیرەتی جبرانی کە سونی مەزهەب بووەو دەسەڵاتدار بوون لەناو ئەو هێزەدا لەگەڵ عەشیرەتی (هورمیك Hormek) کە علوی بون لەوپەری ناکۆکیدا بوون چونکە جبرانیەکان رێگەیان لە تاقمی عەشیرەتی هورمیك گرتبوو کە بچنە پێشەوە و لەدەزگاکانی حکومەتدا

کاروباریـان بدرێتـە دەس و هەمیشـە ئـەو هورمیکـە علویەیانـەن بەعلویە ئێسـك گرانـەکان و بـەقزلباش ناویـان دەبـردن و حکومـەت بـۆ بـەهێز کردنــی نــاکۆکی نێوانیان لەهەموو دەسـدرێژیکردنەکانی جبرانیـەکان خـۆش دەبوو کـە بەرامبـەر علویەکانی هورمیك بکرایە و ناکۆکی نێوانیـان لەسـاتی دەسـەڵاتدارێتی سوارەی حمیدیـە گەیشـتبووە ئـەو ڕادەیـەی (زەینـل) ی کـوڕی (ئیبراهیم تـالو) لـەدوای تێپەڕیوونی دوازدە سـاڵ بەسەرکوشـتنی باوکیـا لەلایـەن جبرانیەکانــەوە کـە ئیبراهیم تالوی باوکیان لەساڵی ١٨٩٤ دا کوشتبوو، وازیان لەکورەکەشی نەهێناو لەسـاڵی ١٩٠٦ دا ئەویشـیان کوشـت (ســەیر ئەوەیـە ســەرکردەی جبرانیــەکان خالدبـەگ جبران بووە کــە لەباســەکانی داهــاتودا لەبـەرگی دوهــەمدا باســی چالاکیەکانی دەکرێ) بەلاَم لەگەڵ ئەو هــەموو زیانـە گەورانـەی بـەکورد گەیشـت بەهۆی سوارەی حمیدیـەوە، ڕاسـتیەك هەیـە نابێ پشـت گـوێ بخـرێ، ئـەمیش ئەوەیـە هـەروەکوو ڕۆبــرت ئۆلسـۆن لەکتێبەکـەیدا سـەرچاوە ٨٤دا وتویـەتی سوارەی حمیدیە هەندێ چاکەشی هەبوە و دەربارەی ئەوە وتوویەتی:

((لەگەڵ ئەو هـەموو زیانانـەی بەهۆی سـوارەی حمیدیـەوە بـەکورد گەیشت ئـەبێ بوتـرێ ڕۆڵێکـی گەورەشـی بینیـوە بـۆ بزوتنـەوەی هەسـتی نەتەوایــەتی، چونکە کورد لـەهیچ شـێوەیەکی تـردا لـەتوانایدا نـەبوە ئـەو هـەموو چەکدارەی کوردی تیادا کۆبێتەوە و لەشەڕی باڵقاندا ئەو کوردانەی لەناو هێزەکـەی تورکدا بوون لـەناو سـوارەی حمیدیـەدا شـارەزاییەکی تـەواویان دەربـارەی شـەڕ پـەیدا کردبوو کە بـوو بـەهۆی هەسـتی نەتەوایـەتیان جـووڵاو ئـەوانیش بیریـان لــەوە کردەوە وەکو میللەتانی باڵقان ڕاپەڕن بۆ دەسگیربونی مافی خۆیان)) .

ڕۆبرت ئۆلسۆن لەباسەکەیدا ئەڵێ:

((لەگـەڵ ئەوەشدا ژۆن تـورك لەسـاڵی ١٩١٥ دا سـوارەی حمیدیـەیان دژی ئەرمەنیەکان بەکار هێنـا، بـەلاَم سوارەی حمیدیە تاسـەر هـەمویان هـەر ئەڵقـە لـەگوێی سـوڵتان و تورکـەکان نـەبوون و کـە جـەورو سـتـەمی تورکـەکانیان بـۆ دەرکەوت لەگەرمەی شەڕی جیهانیدا هەندێکیان چونە پاڵ ڕوسەکان و ئەو هێزی حمیدیەش کە (قرەبکر پاشا) ئامادەی کردبوو بیکا بە گژ ئەرمەنیـەکانا و بـەگژ گەلەکانی ئەودیوو قەفقاسدا، بەلاَم سەرکردەی ئەو هێزە کە خالد جبران بوو ئەو

مەبەستەی تورکی پشت گوێ خست (دوورنیە هەرئەوەش بووبێ کە شریف فرات وەکوو رویرت ئولسون باسی کردوە خالد جبرانی بەپیاو کوژ و پیاو خراپ لەقەڵەم داوە کە بێگومان لەبەرئەوە بووە فەرمانی تورکەکانی بەجێ نەهێنابوو).

هەرچۆنێك بووبێ سوارەی حمیدیە ئەگەر ئەو چاکەیەشی هەبووبێ وەکو رۆبرت ئۆلسۆن باسی کردوە، بەڵام زیانەکانی ئێجگار زۆر بووە بۆ کورد و لە ناسکترین کاتی شۆڕشەکانی کوردا رەفتارەکانی ئەو هێزە بوەتە هۆی ئەوەی کوردە علویەکان بۆ تۆڵەی خۆیان لە شۆڕشی سەرکردە کوردە سونیەکان نزیك نەکەوتوونەتەوەو هەندێ جار بگرە دژیان بوون.

بەشی سیازدەهەم

هەڵوێستی حکومەتی عوسمانی بەرامبەر بەئەرمەنی و کوشتاری ئەرمەنی

دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتادا لەسەر بناغەیەکی ئاینی دروست بو بوو هەتا ئەوکاتەی أتحاد ترقی بوون بەدەسەلاتدار ئەو دروشمە شتێك بوو عوسمانیەکان کاسبی‌یان پێوە دەکردو بەرواڵەت خەلیفەی عوسمانی پارێزەری میللەتانی ئیسلام بووەو بۆپەرەپێدانی ئاینی ئیسلام تێکۆشابوو لەجیهاندا لەراستیدا لەژێرەوە فریان بەسەر ئاینی ئیسلامەوە نەبوەو لەشوێنی خۆیدا باسی ئەو سەرچاوانە ئەکەین کە ئەو راستیەی خەلیفەی عوسمانی‌و دارو دەستەکانایان خستۆتە روو.

لە شانسی عوسمانیەکان هێزی دەسەلاتداری ئەو رۆژانە کە بریتی بوون لە صفویەکان و بیزەنتیەکان کە ئەمەی دواییان خۆی بەخاوەنی خاکی داگیرکراوی (ئەرزڕۆم) دەزانێ لە شەڕی چاڵدێراندا شکێنرابوو، بیزەنتیەکانیش لە کێشەیەکی گەورەدابوون لەگەڵ پاپای رۆمەدلو ناکۆکی نێوانیان گەیشتبووە رادەیەك بیزەنتیەکان ئەوەیان لاباشتر بووە لەژێر دەسەلاتی عوسمانیدابن ، نەك لەژێر سایەی پاپای رۆمادلو مایەوە ئەو کریستیانانەی لەناوخاکی تورکیادا مابوونەوەو لەوانەی زۆرکاریی عوسمانیەکان نەیتوانیبوو ئەوانە بکا بەموسڵمان و هەر لەسەر ئاینی کریستیانی خۆیان مابوونەوە، بەتایبەتی ئەرمەنیەکان کە خۆیان بەمیللەتێکی رەسەنی مێژوویی دەزانی و بەرلەوەی تورك لەناوەراستی ئاسیاوە رووبکاتە ئاسیای بچووك و داگیری بکا ئەوان لە وڵاتی ئەرمەنیای خۆیان خاوەنی حکومەتی خۆیان بوون و لەراستیدا هەتا ئەو کاتەی وڵاتانی ئەوروپا دەستیان

نەخستبووە ناو کاروباری عوسمانییەوە و میسیۆنێرەکانیان کە بەناو بۆ بەهێزکردنی ئاینی مەسیحی نێررابوون بۆ ناوچەکانی کریستیان نشینەکانی وەکو ئەرمەنی و نسطوری، هەتا ئەوکاتە ئەو کریستیانانە تووشی گێچەڵێکی ئەوتۆ نەبوویوون لەگەڵ (موسوڵمانەکانا بەکوردو بەتورکو عەرەبەوە).

بەڵام زۆری پێ نەچوو جەورو زۆرداریی تورکەکان بەرامبەر بە ئەرمەنیەکان تا دەهات پەرەی دەسەندو دەوڵەتە ئەوروپاییەکانیش رۆژ لەدوای رۆژ بەناوی پارێزگاریکردن لە کریستیانەکان زۆرتر دەستیان دەخستە کاروباری ناو وڵاتی عوسمانیەوە ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی تورکەکان بەچاوێکی دوژمنایەتیەوە بروانن ئەرمەنیەکان و بەتۆکەرو وابەستەی روسیان دادەنان و پاش ئەوەی ئینگلیزەکان هاتنە کایەوە ئەوەندەی تر تورکەکان دوژمنایەتییان بەرامبەر بەئەرمەنیەکان بەهێزبوو، زۆری پێ نەچوو وەکو لە باسێکی پێشوودا لەوە دواوین چۆن تورکەکان سوارەی حمیدیەیان دروست کرد لە ساڵی ١٨٩٥ دا چۆن ئەو کوشتارەیان لە ئەرمەنیەکان کرد کە لاپەڕەکانی مێژوو بەلاپەڕەیەکی ڕەشی ناو مێژووی دەوڵەتی عوسمانی ناودەبا کە پڕە لە شەرمەزاری.

دەربارەی تەقەلاکانی تورکی عوسمانی بۆ دوژمنایەتی کردنی موسڵمانەکانی ناو دەوڵەتی عوسمانی دژی کریستیانەکان، بەتایبەتی دژی ئەرمەنی، گۆڤاری هلالی میصری کە لەلایەن نووسەری بەناوبانگ جرجی زیدانەوە لەقاهرە دەردەچوو، لەلاپەڕە ١٥١ی مانگی دیسمبری ساڵی ١٩٠٨ (کە ساڵی مۆرکردنی أصلاحاتی دەستوری بوە) بەدورو درێژ باسی خەباتی ئەرمەنیەکانیەکانی کردووە دژی دەوڵەتی عوسمانیو وتوویەتی:

((لەساڵی ١٨٩٠دا کۆمەڵێکی رزگاریخوازی ئەرمەنی پێك هات بۆ رزگارکردنی گەلی ئەرمەنی لەدەس جەورو ستەمی عوسمانی و لەدەس روس و ئێران (ئێرانی بەعەجەم ناویردوە) و لەورۆژانەدا توانرا (١٣٠ هەزار فرنك) بۆ ئەو کۆمەڵە کۆ بکرێتەوە و ئیمڕۆ (مەبەست ساڵی ١٩٠٨ بووە، رۆژی دەرچوونی گۆڤارەکە) بوجەی ئەو کۆمەڵە بریتیە لە ملیۆنێك فرنك، لەوپارەیە لە ٣٠٪ بۆبزوتنەوەی چالاکیی شۆڕشگێڕی و سیاسی و لە ٣٥٪ بۆ پڕ چەك کردن و لە ٢٠٪ یبۆ چاپەمەنی وبڵاوکردنەوەی هەواڵ و ڕاگەیاندن تەرخانکراوە.

ساتێك ئەو توركانەی خۆیـان بەئاشتیخواز دەزانـی (مەبەسـت أتحـادو ترقـی بووە) بەم هەواڵەیان زانی زۆر تەنگەتاوبوون و بەنەمێنی لەگـەڵ گـەورە پیـاوانی ئەرمەنیدا كۆبۆنەوە و پێیان وتن: ناتوانرێ تەنها هەرهــەوڵ بدرێ بۆ چاكردنی باری ناو ئەرمەنیەكان و باری ویلایەتەكانی تـر پشـت گـوێ بخرێ، لەبـەر ئـەوە پێویستە داوای چـاكردنی بـاری هـەموو دەوڵـەتی عوسمـانی بكـرێ بـەتێكرایی و ڕاستە ئەرمەنیەكان توشی زیانێكی زۆر بوون بەلام موسـڵمانەكانی توركیـاش لـە جەورو ستەمی كاربەدەسـتانی حكومـەت ڕزگاریـان نـەبوە بۆیـە هاوكـاریكردنی ئەرمەن لەگەڵ توركدا گرنگ و پێویسـتە بۆ سـەرگرتنی ئـەو أصلاحاتـەی ئـەبێ لــەولاتدا بكــرێ و حكومــەتێكی ڕێــك و پێـك دروسـت بكــرێو ئامانجــەكانی هەموولایەكی پێ بهێنرێتە دی.

گۆڤارەكە لەباسەكەیدا ئەڵێ:

ژۆن توركەكان بەئەرمەنیەكانیان ووت: ساتی خـۆی كـە ئەرمەنیـەكان هاتنـە ژێر سایەی عوسمانیەوە، ئەوسا ژمارەتان لەچەند دەهەزارێك تێپەڕی نـەدەكرد، بـەلام وائیمـڕۆ ژمارەتـان چـەند ملیۆنێك دەبـێ كـە زۆریـەتان لـە پایتـەختدا (ئەستەمبوڵ) و شارەگەورەكانا هەموو دەوڵەمـەندن و بـەتێرو تەسـەلی دەژیـن و بازاڕو دەزگا ئابوریەكانی ناو ولاتتان بەدەستەوەیەو گەلێك كاروفرمانی پلەو پایە بەرزی ناو ولاتتان پێ سـپێرراوە، لەبـەر ئـەوە پێویسـتە ئـەم ڕاسـتیە بگەیەننـە ڕێكخـراوە نهێنیـەكانی ئەرمــەنی كــە لــە ئــەوروپادا زۆر بەســەرگەرمی و كەللەڕەقیەوە جمو جۆڵ ئەكەن.

لــەدوای كوشـتاری ئەرمەنیـەكان لـە ساسـۆن، هــەروەكو گۆڤـاری هــلال باسیكردوە، ئەرمەنیەكان تاقمێكی چەكداریان پێكەوە نـاو پـەلاماری بانقـەكانی عوسمانییان دا لەئەستەمبوڵ (ئەمە لەئەنجامی كوشتاری سـاڵی ١٨٩٥دابـوە) ، وەلەساڵی ١٨٩٦ دا چـەند بۆمبایەكیان تـەقان بۆ ئـەوەی سـەرنجی حكومـەتی عوسمــانی و ئەوروپاییــەكان بــەكێش بكرێــت و حكومــەت ناچـار بكـرێ ئـەو أصلاحاتی دەستووریەی بڕیاریوو كاری پێ بكرێ حكومەت وەستانی كە ئەبوایـە بەپێی ئەو أصلاحاتە هەموو دانیشتوان وەكو یەك سەیر بكرانایە.

دوای ئـەو بۆمبا تەقاندنانـە ئەرمەنیـەکانی چـەند لیژنەیـەکیان دروسـکرد گرنگترینیان لیژنەی (سیروب) بـوو توانـی بۆمـاوەی شـەش سـاڵ لـە شـاخەکانی (ساسون) دژی حکومەت شۆڕش بکات.

ئەرمەنیەکانی ناو وڵاتی روسیش لە قەفقاس لەلایـەن (پرنس غـالیتزین) ەوە دەچەوسێنرانەوەو تاتارە موسڵمانەکانیان زاڵ کردبوو بەسەریاناو لـەوێش چـەند کوشـتارێکیان لێ کرا و زیـانێکی زۆری مـالی پـێ گەیشـتبوو لەئـەنجامی ئـەوەدا رێبـازی خۆیـان گـۆڕی و لـە (ژۆن تـورك) نزیـك بوونـەوەو لەشـاری (ڤینـا) کۆبونەوەیەکیان لەگەڵاکردن و لەو کۆبونەوەیـەدا ژمارەیـەك تـورك و ئەرمـەنی و مکدونـی ورۆم و کـورد و عـەرەب و یـهودی و ئـەرنا ئـوطـی کۆبونـەوەو هـەمویان لەسەر ئەوە رێك کەوتن بەهەموویان هـەوڵ بـدەن حکومـەتی سـوڵتان سـەرنگوم بکرێ و حکومەتێکی دەستوری دابنرێت سودی بۆ هەموولایەك تیادا بێ.

دەربارەی ئەرمەنیەکان و بزوتنەوەکانیان سعید احمد برجـاوی لەکتێبەکـەیدا سـەرچاوە ٨٢ باسـێکی دورودرێـژی تـەرخانکردوە دەربـارەی کوشـتاری ئەرمەنیەکان و وتویەتی:

((کێشەی ئەرمەنیەکان یەکێك بوو لـەو کێشـانەی مێشـکی خەلیفـەی مـاندوو کردبوو نەیدەزانی چۆن چارەی بکاو لای وابوو کێشەی ئەرمەنیەکان گرێ درابـوو بەسیاسـەتی دەوڵەتـە ئەوروپاییەکانـەوە و لـەو رۆژانـەدا راپـەڕین و بزوتنـەوەی میللەتـەکانی باڵقـان دژی عوسمـانی کـارێکی زۆری کردبـووە سەرەسـتی نەتەوایەتی ئەرمەنی ئەویش وەکوو میللـەتانی ژێرّ دەسـت کـەوتبووە خـۆی بـۆ داواکردنی جۆرە سەربەخۆییەك بۆ بەرێوە بردنی کاروباری خۆی.

لەگێژاوی بەسەرهات و رووداوەکانی ئەو رۆژانەدا چەکدارەکانی ئەرمەنی تاقم تـاقم کۆدەبونـەوەو ژمارەیـان لەپەرەسـەندندابوو، سـوڵتان بەتـەواوەتی لـەجم وجۆڵـی ئەرمەنیـەکان بێزار بـوو چونکـە ئـەوەی بـەهاندانی روسـەکان ئـەزانیو بەئاشکرا میسنێرەکانی ئینگلیز لەناویانا دەستیانکردبوو بەچالاکی و هاندانیـان. میسنێرئەمریکاییەکانیش دەستیانکردبوو بەجموجۆڵ لەناو ئەرمەنیەکاندا و بـیرو بـاوەڕی دیموکراتیـان بلاۆدەکـردەوەو ئەمانـە هـەموویان هـاندەریوون بـۆ ئەرمەنیەکان خۆیان ئامادەبکەن بۆ شۆڕش.

لــەدوای کوشــتنی قیصـــری روس (ئەلکســـاندەری دوهـــەم) وهـــاتنی (ئەلکسەندەری سێهەم) سیاسەتی روسیا گۆڕراو قیصـری تـازه لایـەنگری هیچ بزوتنەوەیەك نەبوو لەناوچەکەدا بکرێ بۆیە ئەرمەنیەکان هیوای ئەوەیان نەما روسەکان یارمەتیان ئەدەن بۆیە بەناچاری ڕوویانکردە دەوڵەتـە ئەوروپاییـەکانی تر، بەتایبەتی ئینگلیزەکان کە بەگەرمی لایان لێ کردنەوەو هەندێ لـە (هنشـاقە) کـانی ئەرمـەنی چـەکیان ئامـادەکردبوو لـە ترســی ئـەو کـوردە دەرەبەگانـەی لەوانـەبوو بـەهاندانی تورکـەکان دەسـدرێژی بکەنـە سـەریان و لـــە ناوچـە شاخاویەکانا لەئەناتۆلی رۆژهەلاتا داوای چاکردنی بـاری ژیـانی ئەرمەنیـەکانیان لەحکومەت کردو سوڵتان عبدالحمیـد دەسبەجێ لەسـاڵی ١٨٩١ هـێزی سـوارەی لەکوردەکان پێکهێنا (مەبەست سوارەی حمیدیە) و لەنێوانی ئەرمەنیەکان و ئەو هێزەدا کوشتارێکی خوێناوی لەناوچەی (وان) ڕویداو دەم و دەس قونسـوڵەکانی دەوڵەتە ئەوروپیەکان کەوتنە سەر ئـەوەی داوای چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـەیە بکەن و لیژنەیەك پێك بێت لەبارو دۆخی ئەرمەنیەکان بکۆڵێتەوە بەلام رووسەکان ئەوەیان بەدڵ نەبوو دانانی ئەو لیژنەیان پەسەند نەکرد.

لەهاوینی ١٨٩٤ دا سەرکردەکانی حزبـی (هنشـاق) لـەچیاکانی (ساسـون) دا گـیران و ئەرمەنیـەکان کەوتنـە خۆیـان بـەرەنگاری سـوارەی حمیدیە بوونـەوەو دەریانکردن و سوڵتان عبدالحمید تۆڵەی ئەو ڕاپەڕینەی لەئەرمەنیەکان کـردەوەو دەسەلاتیکی فراوانی دا بـە والیـەکان ئـەو ڕاپەڕینـە دامرکێننـەوە و لەئـەنجامیدا کوشـتارێکی زۆر لـە ئەرمەنیـەکان کـرا، ژمارەیـان لـە شـوێنە جـۆر بـەجۆرەکانا گەیشتبووە سێهەزار.

لەمانگی ئەیلولی ١٨٩٥ دا ئەرمەنیەکان لەشاری ئەستەمبوڵدا خۆپیشاندانێکی گـەورەیان کـرد لەبـەردەمی باڵیۆزخانـەکانی دەوڵەتـە بێگانـەکاناو هـێزی تــورك پەلاماریدان و ژمارەیەکیان لێ کوژراو کێشــە هـەتا مـانگی ئـابی ١٨٩٦ درێـژەی کێشا.

نوسەری ئەم سەرچاوەیە، ئەمیش وەکوو باسـەکەی گۆڤـاری هـلال بەرلەمـە باسی ئەوەی کردوە چۆن ئەرمەنیەکان پـەلاماری دلێرانـەو شێتانەیان کردبووە سەر بانقەکان بەخۆیان و بۆمباکانی دەستیانەوەو لەئەنجامدا بێگانەکان کەوتنـە

بەینەوەو بەڵێنیان دا بە ئەرمەنیەکان ژیانیان دەپارێزرێ و بەڵێنیان پێدان دەریازیان دەکەن بەمەرجێك بەبێ گێچەڵ بچنە دەرەوەو بانقەکان کە دەستیان بەسەراگرتبوو بەجێیان بێڵن. ئەرمەنیەکان بەناچاری ئەوەیان قبوڵ کردو لەژێر چاودێری و پاراستنێکی بەهێزدا نێرران بۆ پاپۆڕی مدیری بانقەکەی ئینگلیزەکان کە ناوی (سیر ئەدگارد فنسان) بوو بەوجۆرە گوێزرانەوە بۆ پەنایەکی نەهێنی. بەڵام کێشەکە بەوە کۆتایی پێ نەهات چونکە دوای ئەوە تاقمێکی ئاژاوەچیی سەریەحکومەت لە ئەستەمبوڵدا کۆبونەوەو بەوپەڕی ڕق و قینەوە بەربوونە گیانی ئەرمەنیەکان و ژمارەیەکیان لیٚ کوشتن و تالانیانکردن و لەماوەی سێ ڕۆژدا حەوت هەزار ئەرمەنی کوژران و بەرامبەر بەوە ئەو دەوڵەتە ئەوروپاییانەی پەیمانی (برلین) یان مۆرکردبوو هەڕەشەیان لەسولتان کرد ئەگەر چارەسەری ئەو کێشەیە نەکا ئەوا چارەنووسی خۆشی (هی خلیفە) دەکەوێتە مەترسیەوەو سوڵتان ناچاربوو لە ٢٨ ٨ ١٨٩٦ دا فەرمانێکی دەرکرد بۆ کاربەدەستانی حکومەت دەم و دەس دەست بەسەر هەلوێستا بگرن و ڕێگەی ئاژاوەی تر نەدرێ. نووسەری هەمان سەرچاوە باسی ڕووداوێکی تری کردوە لەساڵی ١٩٠٥ دا لاوێکی ئەرمەنی (ئەدوار جوریە) لە ٢١ تەموزی ١٩٠٥ دا بۆمبایەکی فرێدایە ناو مەوکیبی سوڵتانەوە کە لەگەڵ خەڵکدا دەچوو بۆ نوێژی جومعە لەمزگەوتی (حمیدیە) و بەو بۆمبایە (٨٠) سەربازی تورك کوژرا بەڵام سوڵتان خۆی لەدواوە بوو هێشتا سواری کە ژاوەکەی نەبو بوو بۆیە هیچی لیٚ نەهات و لەکاتی دادگاکردنی ئەولاوە ئەرمەنیەدا بێ ترس و لەرزو بەشانازیەوە دانی بەکردەوەکەی خۆیدا نابوو.

ئەوەی شایانی باسە پەیمانی برلین کە لەساڵی ١٨٧٧دا مۆرکرابوو بڕیاری دابوو مافی نەتەوایەتی ئەرمەنی چارەسەر بکرێ بەڵام ئەو پەیمانە تەنها نوسینی سەر کاغەزبوو. تانێرە باسی ئەو کوشتارەیە کە لەئەرمەنیەکان تلشەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەن حکومەتی عوسمانیەوە کرابوو لەبەرگی دوهەمدا، لەشوێنی خۆیدا باسێکی تایبەتی تەرخان دەکەین بۆ ئەو کوشتارانەی لەلایەن حکومەتی کمالیەوە بەرامبەر ئەرمەنیەکان کرابوو لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی.

بەشی چواردەهەم

هەڵوێستی دەوڵەتان و میللەتان بەرامبەر بەکورد تا شەڕی یەکەم

لەبەشی یەکەمی ئەم بەرگەدا باسێکی تایبەتی تەرخان کرابوو بۆ خزمەتی ئیسلام و دەوڵەتی عوسمانی لەلایەن میللەتی کوردەوەو، لەو باسەدا لەوە دواین چۆن کورد هەموو تواناو ووزەی خۆی بۆ پاراستنی ئیسلام و دەوڵەتی عوسمانی بەناو پارێزەری ئاینی ئیسلام تەرخانکردبوو لەئەنجامی ئەوەدا شان بەشانی تورکی عوسمانی و میللەتانیتری ئیسلام دژی خاچپەرستەکان شەڕی کردبوو، بە هەزارانیان گیانی خۆیان فیداکردبوو بۆ پاراستنی شوێنە پیرۆزەکانی ئیسلام و نمونەی ئەوە لە صلاح الدین و بنەماڵەی ئەیوبیەکانا بەڕوونی رەنگی دابوەوەو ئەو هەڵوێستەی کورد بوو بەهۆی ئەوەی هەر لەسەرەتاوە هەتا دوایی گەلێك دوژمنی بۆ خۆی پەیدا کردو دەوڵەتە رۆژئاواییەکان، بەتایبەتی روس و ئینگلیز تاماوەیەك کوردیان بەکوتەکی دەستی عوسمانی ژماردبوو، نمونەی ئەوەیان لە سوارەی حمیدیەدا بەدی کردبوو، لەئەنجاما ئەو هەموو رەنجەی کورد بەفیڕۆ چوو، نە ئەوساو نە ئێستە هیچ لایەك ئەو فیداکاریانەیان بۆ کورد حساب نەکردوەو نایکەن.

بۆ ئەوەی هەڵوێست و پێوەندی کورد بەدەوڵەتان و میللەتانەوە باس بکەین ئەم باسە دەکەین بەم بەشانەوە.

١ـ پێوەندی کوردو دەوڵەتی عوسمانی و تورکی عوسمانی.

٢ـ پێوەندی کورد لەگەڵ ئەرمەنیو ئاسوریدا.

٣ـ هەڵوێستی روسیای قیصری بەرامبەر بەکورد.

٤ـ هەڵوێستی حکومەتی بریتانیا بەرامبەر بەکورد.

یەکەم: پێوەندی کوردو دەوڵەتی عوسمانی و تورکی عوسمانی

دەتوانرێ پێوەندی کورد بەدەوڵەتی عوسمانی و بەتورکی عوسمانیەوە بکرێ بەدوو قۆناغەوە:

قۆناغی یەکەم: لەو رۆژەوە کەئەمارەتەکانی کورد لەرێگەی ئیدریسی بدلیسەوە خرانە ژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانیەوە هەتا کاتی مۆرکردنی اصلاحاتی دەستوری لەساڵی ١٩٠٨ کە دەسەڵاتی خلیفەی تیادا هاتە کزی، ئەگەر چی بەرلەوە لە سەرەتای ساڵی ١٨٣٩ و بەدواوە کە سوڵتان عبدالحمید ناچار کرا فەرمانی (خط شریف گولخانە) مۆر بکا، دەسەڵاتی خلیفە هاتبووە کزی.

قۆناغی دوهەم: لەدەسپێکردنی دەرچوونی اصلاحاتی دەستوریەوە کە تاقمی اتحادو ترقی بوون بەدەسەڵاتدارێتی سەرەکی لە وڵاتی عوسمانیدا هەتا کاتی هەڵوەشانەوەی خەلافەتی عوسمانی کە لە بەرگی دوهەمدا بەدوورو درێژ باسی چۆنیەتی ئەو هەڵوەشانەوەیە دەکەین.

ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە، ئەگەر چی کورد لە قۆناغی یەکەمی پێوەندیدا لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی تووشی زیانێکی زۆری ماڵی وگیانی بووە هەروەکوو لە باسەکانی پێشوودا باس کراوە، بەڵام لە قۆناغی دواییدا کە ئەوەی پێوەندی بەدەوڵەتی عوسمانیەوە بێ، لەم بەرگەدا هەڵوێستی حکومەتی عوسمانی بەرامبەر بەکورد هەتا شەڕی یەکەمی جیهانی باس دەکەین و لە شەڕی جیهانیەوە هەتا کاتی هەڵوەشانەوەی خلافەتی عوسمانی لە بەرگی دوهەمدا باس دەکەین.

دوهەم: پێوەندی کوردو ئەرمەنی و ئاسوری

میللەتی ئەرمەنی وەکوو میللەتێکی دراوسێی کورد کە زۆر سەرچاوە بەخزمی یەکتریان داناون، هەرلە کۆنەوە رۆڵێکی مێژوویی گرنگیان بینیوە لەناوچەکەدا و بە یەکێك لە میللەتە رەسەنەکانی ئاری ژمێرراون و لەدێر زەمانەوە لەناو خاکی خۆیانا هەمیشە هێرشیان براوەتە سەرو وڵاتەکەیان کاولکراوە، کە باسی ئەمە لە باسی چۆنیەتی هاتنی تورکەکان لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ

ڕۆژئاوای ئاسیادا کراوەو دەوڵەت و میللەتەکانی دراوسێی ئەرمەنی هەریەکە بەجۆرێك زیانیان پێگەیاندوەو لەلایەکەوە تورکی عوسمانی بەداردەستی روسەکانیان داناون بەتاوانی ئەوە لێیان داون لەکاتێکدا وەکو لەباسی کوشتاری ئەرمەنیەکاندا روون بۆتەوە قیصری روس خۆی یەکێك بووە لەوانەی دژی ئەرمەنی بووەو تاتارەکانی ناو خاکی روسیای هاندوە پەلاماری ئەرمەنی بدەن و ئینگلیزەکانیش بۆ ماوەیەك ئەرمەنیەکانیان بەداردەستی روسەکان دانابوو، بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرەتادا میسنێرەکانی ئینگلیز بەناو بۆ پارێزگاری لە کریستیانەکان لە ناوچەکەدا لەچالاکیدا بوون، بەلام هەمیشە دژی هەموو بزوتنەوەیەکی ئەرمەنی بوون نەوەکو بزوتنەوەکەیان ببێتە هۆی نانەوەی ئاژاوە لەناو وولاتی عوسمانیدا کە ئینگلیزەکان هەمیشە مەبەستیان نەبوە وڵاتی عوسمانی یەکگرتوو بەهێز بێت بۆ ئەوەی رووبەرووی روسەکان خۆی رابگرێ و لەولاشەوە تورکی عوسمانی بەئاشکرا دژی هەموو مافێکی نەتەوایەتی ئەرمەنی بوون و بەوە تاوانباریان کردبوون بوبوون بەداردەستی روسیا و ئینگلیز و وڵاتە کریستیانەکانی تری ئەوروپاو میللەتی کوردیش لەم ناوەدا کە ئەویش وەکو ئەرمەنی و ئاسوریەکان چەوسێنراویووەو لەمافی نەتەوایەتی بێ بەش بووە هەوڵێکی زۆری داوە لەگەڵ ئەرمەنی و ئاسوریدا بەشێوەیەکی دۆستانە بژی و تەقەلای ئەوەی داوە هاوکاری لەگەڵ هەردولایانا بکا بۆ ئەوەی هەموویان پێکەوە دژی جەورو ستەمی کاربەدەستانی عوسمانی بوەستن و بەرامبەر بەو تەقەلایانەی کورد کە لە تەقەلاکانی بدرخان پاشا و شێخ عبیداللەی نەهریدا بەئاشکرا دەستی پێکردبوو بەلام لە تەقەلاکانیا سەرکەوتوو نەبوون بەهۆی هەلوێستی روس و ئینگلیزەکانەوەو بەهۆی میسنێرو دبلۆماسیەکانیانەوە کە هانی ئەرمەنیەکانیان دابوو خۆیان لە جموجۆڵ و بزوتنەوەکانی کورد نزیك نەکەنەوەو نەبن بە هاوکاری کورد دژی عوسمانی و لەکاتی تەنگ و چەڵەمەو لێقەومان و ئەو دەسدرێژیانەی جارەها کرابووە سەریان خۆشیان بەدەنگیانەوە نەچوون و دەستیان بڕیبوون، بەئاشکرا ئەو سوارەی حمیدیەی کە لەباسێکی تایبەتیدا لە تاوانەکانی دواین کوشتارێکی زۆریان لەئەرمەنی کردبوو بێ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە شتێکی ئەوتۆیان بۆ بکەن سوودی تیابێ و بەهاوکاریانەوە

نەچوون هەمووی هاتبووە سەر ئەو بڕیارەی لەپەیمانی (برلین) دا دەربارەی مافی ئەرمەنیەکان دەسنیشان کرابوو کە دەبوایە دەوڵەتی عوسمانی ڕێزی لەمافی ئەرمەنی بگرێت و ئەو پەیمانە لەجیاتی ئەوەی ببێت بەهەنگاوێکی سوود بەخش بۆ ئەرمەنی کەچی عوسمانیەکان کردیان بەبیانوو و بەڵگەیەکی هەمیشەیی و کوردیان بەوە دەترسان کە سەرگرتنی ئەو پەیمانەی برلین گەورەترین کارەسات دەبێ بۆ میللەتی کورد و ئەوەی ڕاستی بێ لەمۆر کردنی پەیمانی سیڤەریشدا کە لەبەرگی دوهەمدا باسی دەکەین تورکەکمالیەکان ئەوەی لە پەیمانی سیڤەردا دەربارەی مافی ئەرمەنی دەسنیشان کرابوو کردیان بەبیانوو کوردیان پێ ترسان و کورد لەئەنجامیا بوو بە دوو بەشەوە و بەشێکی ڕۆشنبیران و سیاسەتمەداری شارەزا کە ویستیان کورد لەگەڵ ئەرمەنیدا دۆستانە بژی و دژی ئەوە نەبوە ئەرمەنیش مافی خۆی دەسگیر بێت کە لە تەقەلاکانی شەریف پاشای خەندانی نوێنەری کورد لە پەیمانی سیڤەرو (نوبار پاشا) ی نوێنەری ئەرمەنیدا بەئاشکرا هەردوکیان بۆ سەرگرتنی لەچالاکیدا بوون دەردەکەوێ. تەقەلای ناحەزانی کورد و ئەرمەنی جگە لە سەر نەگرتنی تەقەلاکانی بدرخان و شێخ عبید الله، دوای ئەوەش هەرجارەی لایەك تەگەرەی خستبووە بەر کوردو ئەرمەنی لەنزیك بوونەوەیان لەیەکتری و ڕۆژنامەکانی ئەرمەنی لەکاتی خۆیدا بارەها لەسەر ئەوە نوسیویانە و میللەتی کوردو ئەرمەنی‌یان وریاکردوەتەوە کە بەقسەی دوژمنانی هەردولایان نەکەن بۆ نمونە دوکتور جلیلی جلیل لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٥٥ باسی گۆڤاری (دروشاك) ی کردوە کە لەژمارە ١ ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٠٠ بەدورو درێژ باسی تەقەلاکانی حکومەتی تورکی کردوە بۆ تێکدانی پێوەندی نێوان کوردو ئەرمەنی و بەرامبەر بەوەش کوردو ئەرمەنی دڵسۆز بۆ یەکتر هەبوە کە هەوڵیان داوە تەقەلاکانی تورکەکان پووچەڵ بکەنەوە و جلیلی بۆ نمونە باسی ژمارە ٤ی گۆڤاری (دروشاك) ی ئەرمەنی کردوە لەساڵی ١٩٠١دا باسی ئەوەی کردوە چۆن عبدالرحمن بدرخان لەو ڕۆژانەدا چالاك بوەو (٥٠٠) دانە لە ڕۆژنامەکەی کە ڕۆژنامەی (کوردستان) بووە بەکوردی و تورکی دەرچوەو ئەرمەنیەکان ئەو (٥٠٠) دانەیەی ڕۆژنامەی کوردستانیان لەرێگای ئەرمەنیانەوە ناردوە بۆ

کوردەکان و گۆڤاری دروشاك دەربارەی ئەوە وتوویەتی: ((نزیکی ٥٠٠دانە لەو ڕۆژنامەیەی کە بەرلەچوار مانگ دانەیەکی نێررابوو بۆمان، لای ئێمە ئەم ڕۆژنامەیە وەکو لقی درەختێکی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد وایە کە دەمانەوێ لەڕۆژنامەکەمانا بلاوی بکەینەوەو هەموو ژمارەکانمان نارد بۆئەوەی لەناو کوردەکانا بلاو بکرێتەوە)) .

جلیلی لە پەراوێزی لاپەڕە ٨٦ ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٥٥ وتویەتی: کاتی خۆی دەقی‌ئەو بلاوکراوەیە بەزمانی فرەنسی لە گۆڤاری (Pre Armenie) ژمارە ١٠-١٢ای سالی ١٩٩٢دا بلاوی کردۆتەوەو لەوەدا داوای ئەوە کراوە پێویستە باری ژیانی کورد چاك بکرێ و ئەبێ ڕۆشنبیرانی کوردەستی نەتەوایەتی خۆیان بەهێز بکەن و باسی چەوسانەوەی کورد بکەن لەگەڵ چۆنێتی خۆرزگار کردن لە جەورو ستەمی تورك.

جلیلی ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (نوردار) ی ئەرمەنی ژمارە ٢٨ی ڕۆژی ١١٦ ١٩٠٠ کردوە کە لەوەدا دەقی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەیەکی لندنی (Mation) ی بلاوکردۆتەوە کە وتوویەتی عوسمان بەگ یەکێکە لەئەمیرەکانی کورد لەترسی تورکەکان ولاتەکەی خۆی بەجێ هێشتوەو یەکێکە لەوانەی سالەهایە بۆ ئەوە تێکۆشاوە کورد و ئەرمەنی هێزەکانیان یەك بخەن بۆ ئەوەی پێکەوە دژی عوسمانی‌یەکان خەبات بکەن.

جلیلی بێجگە لەوە لەلاپەڕە ٩٠ی سەرچاوە ٥٥دا باسی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی (مشاك) ی کردوە کە وتوویەتی:

((باسی هاوکاریکردنی کوردو ئەرمەنی کە دوو گەلی دراوسێی یەکن شتێکی تازە نی‌یەو (نیرسیس فارجانیان) و (مارتین خریمانیان) و چەند ئەرمەنیەکی تر بەپێویستی دەزانن لەکوردستانا بایەخ بدرێ بەخوێندەواری و خریمانیان داوای لە حکومەت کردبوو پێویستە لەناو گوندەکانی کوردا قوتابخانە بکرێتەوەو (رینوغالیات) کە ئەرمەنیەکی ڕۆشنبیرە داوای ئەوەی کردبوو پێویستە مندالانی کورد شان بەشانی مندالانی ئەرمەنی قوتابخانەیان بۆ بکرێتەوە.

جلیلی لەلاپەڕە ٩١ی هەمان سەرچاوەدا باسی یاداشتەکانی (روبین) ی کردوە بەناوی (یاداشتەکانی شۆڕشگێڕێك) چاپی لوس ئەنجلس، سالی ١٩٥١،

جلدی ١٣ كه لەوەدا باسی چاپكراوێكی (ئاگوب شاهبازیان) ی كردوه كه بەدوورودرێژ له تەقەلاكانی (گرەبێت تاتانیان) دواوه دەربارەی هەوڵدان بۆ پێك هێنانی رێكخراوێكی كوردو ئەرمەنی و تورك بۆ چارەسەركردنی باری وڵاتی عوسمانی بەشێوەیەكی گشتی.

هەروەها لەورۆژانەدا بانگەوازێك بڵاوكرابووەوە لەلایەن چەند كوردێكی ناسراوەوە دژی ئەوانەی ئاگری دووبەرەكییان لەنێوان كوردو ئەرمەنیدا خۆشكردبوو یەكێك لەوانەی ئەو بانگەوازەیان مۆركردبوو عبدالرحمن بدرخان بوەو هێرشی بردبوه سەر ئەو سەرۆك عەشیرەتانەی كورد جڵەوی خۆیان دابوه دەس سوڵتان و داوا لەكوردو ئەرمەنی كرابوو پێكەوە خەبات بكەن.

هەروەكو (لینتش) باسیكردوه، لەئەنجامی هەوڵ و تێكۆشانی (مهران دامدیان) كه ئەندامێكی ناسراوی حزبی طاشناق بووە كوردەكان پێكەوە بێزاریی خۆیان دەربڕیبوو دژی ئەو باج و سەرانه زۆرانەی پشتی میللەتی كوردیان شكاندبوو، كوردەكانی هاوسنور لەگەڵ ئەرمەنیدا هاوكاریان كردبوو لەگەڵ رێكخراوه شۆرشگێرەكانی ئەرمەنیەكاناو عەشیرەتەكانی كورد دلخوازیەكانی توركیان قبوڵ نەكردبوو بچن بەگژ ئەرمەنیەكاندا.

جلیلی لەو روەوه ئاماژەی بۆ راپۆرتێكی (تیللر) ی قونسوڵی ئینگلیز كردوه له ئەرزرۆم كه باسی پێوەندی كوردو ئەرمەنی كردوەو وتویەتی: لەم مانگانەی دواییدا شتێكی زۆر سەیر روویدا دەربارەی یارمەتیدانی ئەرمەنیەكان لەلایەن كوردەوه كەئەو یارمەتیدانەی كورد بوو بەهۆی ئەوەی حكومەت ئەو هێرشەی بەتەمابوو لەم هاوینەدا بیكاتە سەر ئەرمەنیەكان له (ساسۆن) دوای خست و كوردەكان لەناكاو بریاریاندا نەچنه ناو هێزەكانی حكومەتەوه دژی ئەرمەنیەكان و هاورێ فرنسیەكەم پێی راگەیاندم گفت و گۆی نێوان كوردو ئەرمەنی بەوه گەیشت كوردەكان بێلایەن بن و ئەگەر حكومەت هێرشی بردە سەر ئەرمەنیەكان كورد ئامادە دەبێ بەرگرییەكی چەكدارانه بكا له ئەرمەنی.

جلیلی لەلاپەرە ٩٢دا ئاماژەی بۆ بەڵگە نهێنیەكانی حكومەتی بریتانیای ساڵی ١٩٠٣ كردوه كه لەوانەدا باسی یارمەتیدانی بۆ ئەرمەنی تیادا كراوه لەلایەن كوردەكانی (سێرت ـ سعرت) ـەوه، قونسوڵی گشتی بریتانیا له تەورێز

لە راپۆرتێکی رۆژی ۲۸ ۱۲ ۱۹۰۳ باسی ئەوەی کردوە ئەرمەنیەکان بەهۆی کوردەکانەوە چەکیان لەئێرانەوە بۆ هاتووە.

هەروەها جلیلی ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (مارانتیان) ی مێژووناسی ئەرمەنی کردوە کە لەجلدی یەکەمی ئەو کتێبەیدا چاپی پاریس باسی ئەوەی کردوە چۆن تورکەکان (رووبین) ی ئەرمەنی‌یان هەڵواسی بەتاوانی ئەوەی لەناو کوردەکانی دەرسیمدا چالاکی نواندبوو تورکەکان تۆپ بارانی گوندەکانی (قاسم بەگ) یان کردبوو بەتاوانی ئەوەی یارمەتی ئەرمەنیە شۆرشگێرەکانی دابوو سەرۆکی عەشیرەتی (دومبلی) کە (زیناك بەگ) بوو لەو کوردانەبوو ئیمانێکی تەواوی بە پێویستی هاوکاریکردنی نێوان کورد ئەرمەنی هەبوو، بەرامبەر بەوە حکومەت راوی‌ناو ناچارکرا لەچیاکانی دەرسیمدا خۆی بشارێتەوەو لەدواییدا لەساڵی ۱۹۰۸ اتحادیەکان لەناویان برد.

دوکتۆر جلیلی لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ۲۵ باسی گەلێك رووداوو بەسەرهاتی تری کردوە دەربارەی پێوەندی و هاوکاریکردن لەنێوان کوردو ئەرمەنیدا.

لەکۆتایی ئەم باسەی پێوەندی کوردو ئەرمەنیدا باسی وتارێکی (گردلێڤسکی) ئەخەینە پێش چاو کە دوکتۆر کمال مەزهەر لەلاپەرە ۲۳٦ی سەرچاوە ۳٤دا لێی دواوەو کە ئەو وتارەی گردلێڤسکی لەساڵی ۱۹۱۲دا لەناو کۆرێکی زانستیدا خۆی خوێندویەتیەوەو لەوەدا باسی ئەوەی کردوە (علی شان) ی کوری مەحمود پاشای سەرکردەی هۆزی (قۆجگیری) باسی محمود پاشای کردوە کە باوکی یەکێك بوە لەو سەرۆکە کوردانەی هەرچیەکی بووتایە لەلای کوردەکان دەبوو بەیاساو دەبوایە بەجێ بهێنرایەو لەو باسەی علی شاندا وتویەتی لەساڵی ۱۸۹٥دا کە کوشتاری ئەرمەنیەکان لەلایەن حکومەتی عوسمانیەوە کرا محمود پاشا رێگەی بەپیاوەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی نەدا بەشداری بکەن چونکە هەمیشە بەوپەری رێزەوە دەیروانیە ئەرمەنیەکان.

تائێرە باسی، پێوەندی کوردو ئەرمەنی بوو، دەربارەی پێوەندی کوردو ئاسوریش بەرلەوە لەزۆر شوێندا باسی ئەوە کراوە کە چۆن کوردو ئاسوری دۆستایەتی‌یان باش بووە هەتا ئەو کاتەی میسنێرەکان دەستیانکرد بەهاندانی ئەرمەنیەکان بۆ ئەوەی لە کورد نزیك نەبنەوەو وایان خستبووە مێشکیانەوە

بەهێزبوونی کورد لە قازادجی ئەواندا نیە بەڵکو بەپێچەوانەوە زیانیان پێ دەگەیەنێت کە سەرەتای ئەو تێکچونە لە شۆڕشەکەی بدرخان پاشادا ڕەنگی دایەوە کە دەوڵەتەکانی ئەوروپا هانی ئاسوریەکانیان دابوو لەگەڵ بدرخاندا هاوکاری نەکەن و باجی ساڵانە نەدەن بە دەزگای بەڕێوەبردنی کاروباری ئەمارەتەکەی بدرخان و جلیلی باسی نامەیەکی (بیرگنیس) ی کردوە کە لەساڵی ١٨٣٦دا ناردبووی بۆ مارشمعون و لەو نامەیەدا بۆی نووسیبوو: ((ئەو هەموو سزاو ئەشکەنجەیەی خۆت و گەلەکەت لەم ماوە دوورودرێژەدا بەهۆی جەوروستەمی ئیسلامەکانەوە چێشتویانە کارێکی وای کردوە برا کریستیانەکانی ئەمریکا بایەخ بدەن بەژیانی ئێوە)) .

جلیلی لەباسەکەیدا ئەڵێ مەبەست لەونامەیەی بیرگنیس خۆشکردنی ئاگری دوبەرەکی کوردە دراوسێکانی ئاسوری بوە لەگەڵ ئاسوریەکاناو بەر لەمە لەباسی شۆڕشەکەی بدرخان پاشاداو لە تەقەلاسەرنەگرتوەکانی بدرخان لەگەڵ ئاسوریەکان بۆ بەهێز کردنی دۆستایەتی لەگەڵ ئاسوریەکانا باسی میسنێرەکانمان کرد کە چۆن هەریەکەیان ڕاسپاردەی یەکێك لە وڵاتەکانی ئەوروپا بوون و ئەوانە ڕۆڵێکی زۆر خراپیان بینیوو لە بەهێزکردنی ناکۆکی نێوان کوردو ئاسوریدا، لەبەر ئەوە پێویست ناکا باسی تەقەلاکانی ئەو میسنێرانەو ئەنجامەکانیان لێرەدا دوبارە بکەینەوە.

سێهەم: سیاسەتی حکومەتی بریتانیا و هەڵوێستی بەرامبەر کوردی باکوری کوردستان

لە باسی بدرخان و شێخ عبیداللەدا، لە شۆڕشەکانی هەردوکیانا هەڵوێستی حکومەتی بریتانیا بەتەواوەتی روون بووەتەوەو دوای ئەوانیش هەمیشە میسنێرەکانی ئینگلیز لەلایەن حکومەتی بریتانیاوە ڕاسپێرابوون مێشکی کریستیانەکان بەوەپڕ بکەن نابێ هیچ جۆرێك هاوکاری لەگەڵ کوردا بکەن و ترسی ئینگلیز لەکورد لەبەر ئەوەبووە لایان وابووە ئەگەر توانناو دەسەڵاتیان هەبێ دەبن بە لایەنگری روسی دراوسێی کوردستان کە روسیا هەمیشە لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا ناڕێك بووەو لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بەوە تاوانبار کرابوو

چاوی بڕیبوە ناو خاکی ولاّتی عوسمانی و بۆ ئەو مەبەستە کـورد و ئەرمـەنی بـە داردەستی ئەو دەزانێ کەلەراستیدا وەکو ڕوداوە راستیەکان ئاشـکرایان کـردوە نـە کـوردو نـە ئەرمـەنیو نـە ئاسوریش بـەهیچ جۆریـك سـوودێکی سـوپایی و سیاسییان لەروس دەسگیر نـەبوە. بـەو جـۆرە ئینگلیزەکـان هەمیشـە بـەچاوی گومانـەوە سـەیری بزوتنـەوەکانی کوردیـان کـردوەو یـەکێکی وەك مێجـر نۆیـل لەبەرگی دوهەمی ئەم کتێبەدا بەدورو درێژ باسی گەشتەکەی ئەکەین لـە هـەندێ ناوچەی کوردستانا، بەرواڵەت خۆی وای پیشاندابوو لەو گەشتەیدا بەمەبەستێکی پاك و بۆ سوودی کورد ئەو گەشتەی کردبوو لەگەڵ دوو کوڕەزای بدرخان پاشـاو کوردێکی دیار بەکری ناسراو لەبنەماڵـەی جمیل پاشـا گـەڕابوو، یـەکێکی وەکـو مامۆستا رەفیق حلمی لەسـەرەتای یاداشتەکانیا لەبەشـی دوهـەمیا لای وابـووە حکومەتی بریتانیا بۆ ئەوەی ناردبوو بۆ باکوری کوردستان بۆ ئـەوەی نەخشـەی پێکهێنانی حکومـەتێکی کـوردی لـە بـاکوری کوردسـتانا ئامـادە بکـا، بـەلاّم دەرکەوت ڕاستیەکەی مەبەسـتەکە بـەو شـێوەیە نـەبوە تەنـها بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاری بووە دەربارەی کوردی باکوری کوردستان و شارەزا بوون لە دەسـەلاّتی گـەورە پیـاوان و سـەرۆك عەشـیرەتەکانی کـوردو لـەوەش زیـاتر بـۆ ئـەوەی کـە کوردەکـان بـە شـتی لاوەکیـەوە خـەریك بکـا بـۆ ئـەوەی ئـەو نەخشـەیەی دبلۆماسیەکانی ئینگلیز دەربارەی کورد ئامادەیان کردبوو کە بریتی بوە لـەوەی ڕێگە لەکورد بگرن هیچ جۆرە جموجۆڵێك نەکا لەوڕۆژە ناسکانەدا کـە تورکـەکان لە سۆڤیەتیەکان نزیك کەوتبونەوەو هەروەکو مس بێلْ لەکتێبەکەیدا (فصول مـن تأريخ العراق القريب، چاپی بیروت وەرگێڕانی جعفر خياط) وتویـەتی نۆیـلْ لـەو گەشتەیدا سەرکەوتوو بووە (یەعنی توانیبوی مەبەسـتەکانی حکومـەتی بریتانیـا بـەجێ بهێنێ) و پـاش ئـەوەی ئـەم ڕاسـتیە دەرکـەوت ئەوسا مامۆسـتا ڕەفیـق حلمیش لەدوا بەشی یاداشتەکانیا کە لەساڵی ١٩٩٢ دا لەلایەن دوکتۆرە پاکیزەی کچیـەوە بلاّوکراوەتـەوە وتوویـەتی دەرکـەوت بـۆ ئـەو مەبەسـتە نـەچووبوو کـە لەیاداشتەکانی پێشوویدا باسی کردبوو بەڵکوو بۆ شتێکی تـر چوویـوو کە تەنـها سوودی حکومەتەکەی خۆی تیابووە.

بەر لە مێجرنۆیلٚ، (ریچ) یش لەدوو گەشتیا هەر بۆ مەبەستێکی تایبەتی چووەو بۆ ئەوە نێررابوو بۆ باکوری کوردستان هەتا هەواڵ و دەنگ و باس و زانیاری کۆبکاتەوە بۆ کاریەدەستانی حکومەتەکەی بۆ ئەوەی ئەو زانیاریانە ئامادە بن بۆ کاریەدەستانی ئینگلیز بۆ سوود لیٚ وەرگرتنیان لەکاتی پێویستدا.

سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر بەکورد لەکۆنەوە شتێك نەبوە شاردراوە بیٚۆ خوێنەری بەرێز لە باسەکان و لە رووداوەکانا هەڵوێستی ئینگلیزی بەتەواوەتی بۆ روون دەبێتەوە.

چوارەم: هەڵوێستی روسیا بەرامبەر بەکورد هەتا شەڕی یەکەمی جیهان

وەکو لەزۆر شوێندا دێتە بەر چاو، روسەکانیش وەکو زۆریەی دەوڵەتە ئەوروپیەکانی تر میللەتی کوردیان بە میللەتێکی ئایندار سەرگەرم دلتاوە هەتا کورد بەتەواوەتی دەستی عوسمانیی بۆ نە کەوتبووە روو خۆی بە بەشێك دانابوو لە دەوڵەتی عوسمانی و لە ریزی دڵسۆزەکانی خەلیفەی عوسمانی حسابی بۆ دەکرلو حسابی ئەوەشی بۆ کرابوو کە ژمارەیەك لە کوردەکان دلسۆزییان بۆ خلیفەی عوسمانی گەیشتبووە رادەیەك دژی اصلاحاتی دەستوری بوون کە دەسەلاتی خلیفەی پیٚ کز دەبوو، کوردیش بەهۆی سەرکردە ئاینیەکانیەوە لەو غەزایانەی کە خەلیفە دلوای لە موسڵمانەکان کردبوو بچن بەپیریەوە وەکوو شەڕی قارص و ئەردەهان چوبوونە کۆڕیٚ شەڕەوەو شان بەشانی عوسمانیەکان دژی روسەکان شەڕیان کردبوو، بێجگە لەوە تورکەکان کە دژی کریستیانەکانی ناو وڵاتی عوسمانی بون و ئەو کریستیانانەیان بە داردەستی روسەکان دانابوو دژی خلافەتی عوسمانی ئیسلامی خستبویانە مێشکی کوردەکانەوە روسەکان دەیانەویٚ ئەو کریستیانانە بکەن بەملۆزم و کەڵەکای ناوچەکە بۆیە لێدانیان بەشتێکی پێویست زانرابوو، ئەمانە هەمووی بوبوون بەبناغەی بۆچوونەکانی روس بەرامبەر بە کورد و وامان بەباش زانی هەڵوێست و بۆچوونی رووسەکان دەربارەی کورد بکەین بەدوو بەشەوە:

١ــ *هۆی ئاینی*: روسیا وەکوو دەوڵەتێکی کریستیان، زۆر مەبەستی بووە کریستیانەکانی ناو وڵاتی عوسمانی بپارێزیٚو بەهێزیان بکاو یارمەتییان بداو لەوەدا کوردیشی هەتا رادەیەك وەکوو تورکەکان بە نەیارو ناحەزی

کریستیانەکان حساب کردوەو باوەڕی بەئەرمەنی و نسطوریەکان زۆرتر هەبوە وەك لەکوردو کورد لە هەموو تەقەلا سیاسی و سوپاییەکانا هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی بەجێ نەمێنابوو لەگەڵ روسەکاندا.

٢ـ باوەڕنەکردنی روس بەمیللەتی کورد وەکو میللەتێکی هەمیشە یەك نەگرتوو شتێك بووە لەمێژیووە روسەکان بۆی چوویون و ئاگاداری ئەوە بوون لەناوخۆیانا ناڕێك بوون و کەسیان بەسەرکردایەتی یەکێکی تر قایل نەبوە و هەرچەند هەندێ جار هی وەکو بدرخان و شێخ عبیداللە تەقەلای ئەوەیان دابوو سەرۆك عەشیرەتەکان کۆبکەنەوەو پەیمانێك ببەستن لەناوخۆیانا بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ یەکتردا بەڵام زۆری پێ نەچوە لەناوخۆیانا تێکچوون و ریسەکەیان بۆتەوە بەخوری و ئەو ناڕێکیو یەك نەبوونە لەنێوان کوردا شتێك نەبوە روسیای دراوسێ بە کوردستان ئاگای لێ نەبووبێ و لەگەڵ ئەو هەموو تەقەلایانەی دوای بدرخان ویەزدان شێر و شێخ عبیداللە درابوو، لەرۆشنبیرانی کوردیش وەکوو عبدالرزاق بدرخان کە ماوەیەك پەنابەر بووە لەژێر دەسەلاتی روسەکانا هەمان تەقەلای دابوو بۆئەوەی روسەکان بکا بەلایەنگری کورد لە راپەڕین و بزوتنەوەکانیا دژی تورکیا و لە روسەکانی گەیاندبوو مەبەستی کورد بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ روسەکانا لەسەر بناغەیەکی راست بوەو پڕ بەدڵ ویستویانە کورد لەسایەی روسیادا بەمافی خۆی بگا بەڵام هەموو ئەو تەقەلایانە بێ سوود بوەو روسەکان گوێی خۆیان لێ کەڕ کردبوو.

لەو ڕوەوە پرۆفیسۆر خالفین لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ١٠٢ باسی ئەوەی کردوە روسەکان هەتا سالانی نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم هیچ چالاکیەکی ئەوتۆیان نەبوە لەکوردستاناو تەنها هەر خەریکی سەرپەرشتیکردنی موستەعمەرەکانی خۆیان بون لەقفقاسدا، بەڵام لەدواییدا وەختێك دەولەتە ئەوروپاییەکان دەسەلاتی ئابووریەیان لە ناوچەکانا پەرەی سەند و دەستیان کردبوو بەناردنی بەرهەمە پیشەسازیەکانی خۆیان بۆ ساغکردنەوەو فرۆشتنیان و کڕینی کە رەستەی خاو بەنرخێکی هەرزان، ئیتر ئەوانیش بەتایبەتی لەدوای دامەزراندنی سوارەی حمیدیە کە بەئاشکرا دژی روس و ئەرمەنیەکانی روس پێکهێنرابوو ئیتر ئەوانیش کەوتنە بایەخدان بەناوچە کوردیەکان.

(عقیـد ڤارتسـۆڤ) ی روس لەوناميلكەيـەيدا لەسـالّی ١٨٩٦ دا بـەناوی (سەرنجدان لەكورد، چاپی تفلیس سالّی ١٨٩٦) وەكـو دوكتـۆر جلیلـی ئامـاژەی بۆئەمەو بۆ كتێبێكی (نقیب ئەڤریانۆڤ) كردوە كـە لەسـالّی ١٩١٣دا چـاپكراوە لەوانەدا باسی ئەوە كراوە كە روسەكان هـەولّی ئـەوەیان دابـوو ئەگـەر نـەتوانرێ كـورد بكـرێ بەدۆسـتی روس بـاهیچ نـەبێ شـتێكی وابكـرێ كـورد بێلایـەن بـێ لەكێشەی نێوان ئەوان و توركدا.

ئـەوەی راسـتی بـێ، وەكـو پرۆفیسـۆر خـالفین باسـیكردوە پێوەنـدی نێـوان كوردو روس هەتا كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم چالاكیەكی ئەوتۆی تیادا نەبینراوەو لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەمـەوە روسـەكان تاڕادەیـەك شـتێك لـەگرنگێتی رۆلّـی كـورد گەیشـتبون كـە چالاكیـەكانی عبدالـرزاق بـەدرخان لـەو روەوە لـەزۆر سەرچاوەدا بـەدورودرێژ باسـكراوەو دەمانـەوێ لـێرەدا شـتێك دەربـارەی ئـەوە بەپێی سەرچاوە شارەزاكان باس بكەین.

جلیلی لەكتێبەكەیدا سەرچاوە ٥٥ دەربارەی چالاكیەكانی عبدالرزاق بدرخـان بۆ هاوكاریكردنی روس لەگەلّ كوردا وتوویەتی:

((ساتێك عبدالرزاق لەكاتی خۆیدا كرابوو بەسكرتێری سێهەمی بالّیۆزخانـەی دەولّـەتی عوسمـانی لـە بترسـبرگ لـەو ماوەیـەدا فـێری زمـانی روس بـوو شارەزاییەكی تەواوی پەیداكردبوو لەرووی سیاسـی و كۆمەلایـەتی روسـەكانەوەو كاربەدەستانی روسیش بەرامبەر بەو شارەزاییەی ئەو رێزێكی زۆریان لێ گرتـوەو خەلاتی (ستانسلاف) یان داوەتێ))

سـاتێك عبدالـرزاق كارەكـەی لـە بترسـبرگ تـەواو بـووە گەڕاوەتـەوە بـۆ ئەستەمبولّ و لـەوێ لەئـەنجامی چـەند درۆو دەلەسـەیەكدا بۆیـان هەلّبەسـتبوو سولّتان لەئەستەمبولّ هێشتبویەوە، بەلام زۆری پێ نەچوو هەوالّێك بلاوكرایـەوە گوایـا بـەهاندانی (یوسـف عزالدین) ی جـێ نشینی شـەرعیی سـولّتان پیلانێـك رێكخرابوو بۆكوشتنی سولّتان و عبدالـرزاق یـەكێك بـووە لەوانـەی بـەوە تاوانبـار كرابوو گوایا بەشداربووە، یا ئاگاداری ئـەو پیلانـە بـووە بۆیـە گـیراو چـوار سالّ لەزیندانا مایەوە و سـاتێك لەسالّی ١٩٠٨دا اصلاحـاتی دەسـتووری خرایـە گـەڕو لێخۆشبوونی گشتی دەرچوو عبدالرزاق بەپێی ئەوە لەزیندان بـەردراو پـەیوەندی

بە (چێرکۆف) ـەوە کردو موافەقـەتی بۆ وەرگـرت مـافی پەنابەرێتی بدرێتـێ لەروسیاو لـەرۆژی ٨ ١ ١٩١٠دا لەرێگـەی (سیواسـتپول) و (یالطـە) وە خـۆی گەیاندە (تفلیس) و لەوێوە هەوڵیدا بچێت بۆ (یریڤـان) بۆئـەوەی لـەوێوە بتوانـێ پەیوەندی بەکوردەکانی باکورەوە بکـا، بـەڵام رێگـەیان نـەدا بچێتـە (یریڤـان) و لەجیاتی ئەوە چووە کوردستانی ئێران.

لەلاپەرەکانی ١٤٦-١٧٠ی کتێبەکەی سمکـۆ چاپی ستۆکهۆڵم سـاڵی ١٩٩٦ باسی چالاکی عبدالرزاق بدرخانم کردوە لەگەڵ سمکۆدا بەجووتە چۆن پێوەندیان بەروسەکانەوە کردبوو لێرەدا پێویست ناکا ئەوە دوبارە بکەمەوە.

جلیلـی لەلاپـەرە ١٥٢ی سـەرچاوە ٥٥دا باسـی چالاکی عبدالرزاقـی کـردوە لەسەر سنوری تورکیا وئێران و لەوێ چـاوی بـە (بطـرس ئیلـوف) ی سـەرکردەی ئاسـوریەکان کـەوتووەو روسـەکان دووجـۆر هەڵوێسـتیان هـەبوە بەرامبـەر بەعبدالرزاق و بـۆ جۆری یەکـەم جلیلـی ئامـاژەی بۆ لاپـەرە ١٧٨ی کتێبەکـەی لازاریف کردوە دەربارەی هەڵوێستی روسەکان بەرامبەر بە عبدالرزاق کە لازرێـف وتوویەتی:

((ماکلۆڤسکی سووربووە لەسەرئەوەی بەهیچ جۆرێك نابێ یارمەتی عبدالرزاق بدرێ و لەوەدا لەگەڵ بۆچوونی (نیراتۆف) دا یەکی گرتوەتەوە کە لایـان وابووە بدرخان نێرراوێکی نەهێنی تورکـەکان بـوەو نـیراتۆف بۆ ماکلۆڤسـکی نوسـیبوو عبدالرزاق جێگەی گومانەو نابێ بڕوای پێ بکرێ. و بەرواڵەت خۆی واپیشان ئەدا دۆسـتی ئێمەیـەو لـەرووەوە (غۆلینـۆف) ی جێگری قونسـوڵی روسیش هـەمان بۆچوونی نیراتۆفی هەبوە.

دەربارەی ئەوە وەکو جلیلی باسی کردوە لە ئەرشیفی باڵیۆزخانەی روس لـە ئەستەمبوڵ لەساڵی ١٩١٠دا وتراوە:

((بۆ وەرامی پرسیارێکی وەزارەتی دەرەوەی روسیا دوای ئـەوەی عبدالـرزاق بـو بـوو بەپەنابـەر لـە قونسـوڵخانەی روسـیا لەورمیـە، (کاخانۆڤسـکی) وەرامـی داوەتەوەو وتوویەتی: عبدالرزاق ئێستا رقـی لەحکومـەتی تورکیایـە و ئـەندامانی اتحـادو ترقـی گـەلێك درۆو دەلەسـەیان بـۆ هەڵبەسـتوەو عبدالـرزاق ئەوانـە

بەتاقمێکی خوێنرێژ دادەنێت کە هەموو کارێك دەکەن بۆ سەرگرتنی مەرامەکانی خۆیان و بۆ چەوساندنەوەی خەڵك)).

جلیلی دەربارەی ئەو وەرامەی کاخانۆفسکی وتوویەتی لەراستیدا پەنا بردنەکەی عبدالرزاق بۆ قونسوڵخانەی روس لە ورمیە بۆچوونی هەندێ لە روسەکانی گۆڕی و یەکێکی وەکو (غۆلنییێف) کە جاران بەگومان بوو لە عبدالرزاق، پاش ئەوە نامەیەکی ناردبوو بۆ وەزارەتی دەرەوەی روسیا تیایا وتبووی بۆچوونەکانی پێشووی دەربارەی عبدالرزاق شتێکی هەڵە بوو.

تورکەکان زۆریان هەوڵدا لەگەڵ عبدالرزاق دا بگەڕێتەوە قونسوڵی تورك زۆری هەوڵدا لەورەوە بەلام بێ هوودەبوو، ئیتر دوای ئەوە بگرسبرگ بریاریدا بەتەواوی عبدالرزاق بپارێزێ و رۆژی ٢٥ ی ئایار لەژێر پاراستنی قۆزاقدا چووە (تفلیس) و لەوێ سنوریان بۆ چالاکیەکانی دانا بۆیە ئەوێی بەجێ هێشتوو چوە ئەورووپا.

هەروەکو لازاریف لەلاپەرە ١٦٠ ی کتێبەکەیدا باسێکی (کاخانۆفسکی) بلاوکردوەتەوە کە وتوویەتی: عبدالرزاق پێی ڕاگەیاندین دەیەوێ بچێت بۆ پاریس بۆئەوەی چاوی (کدرپاشا ـ کە لام وایە خدر پاشا بێ) کە لەپاریس گۆڤاری مشروطیەی دەرکرد و لەپاریسەوە چوو بۆ قاهرەو لە ٢٣/ ٩/ ١٩١١دا گەڕایەوە بۆ تفلیس.

ئەوەی شایانی باسە، لازاریف لەو کتێبەیدا باسی ئەوەشی کردوە روسەکان نەیان ویستبوو پەیوەندی بە بزوتنەوەکەی کوردەوە بکەن و لایەنگری ئەوەش نەبون کورد ئۆتۆنومی یا دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەبێ. لەساڵی ١٩١٢دا وەزیری دەرەوەی تورکیا نارەزایی خۆی دەربڕی لای باڵیۆزی روسیا لە ئەستەمبوڵ بەرامبەر بەو پارێزگاریکردنەی عبدالرزاق و باڵیۆزخانەی روس لە ئەستەمبوڵ ئاگاداری ئەوەشی بووە اتحادوترقی بریاری کوشتنی عبدالرزاقیان دابوو، چەند کەسێکیان ناردبوو بۆ کوشتنی بەلام سەری نەگرتبوو.

جلیلی لەلاپەرە ١٦٠ی هەمان سەرچاوەدا باسی چالاکیەکانی عبدالرزاقی کردوە کە دەیویست یارمەتی لە روسەکانەوە بۆ کورد مسۆگەر بکا بۆ خۆئامادە کردن بۆ ڕاپەڕینێك و (کاخانۆفسکی) ئاگادارکرابوو لەونیازو مەبەستەو بۆ ئەوە

جلیلی ئاماژەی بۆ نامەیەکی (س. ئۆلغیریێڤ) کردوە کە لە٢ ٤ ١٩١١دا ناردویەتی و لەوەدا وتویەتی کە چاوم کەوت بە عبدالرزاق تێم گەیاند ئامادەم گوێ بۆ هەموو قسەکانی شل بکەم بەمەرجێك کارێکی وا نەکا پێوەندی رەسمی ئێمەو تورکی پێ تێك بچێت.

جلیلی لەلاپەرە ١٩٠دا باسی گفتو گۆیەکی نێوان عبدالرزاق و (ئۆلغیریێڤ) ی کردوە کە پێی ووتبوو شەڕ لەنێوانی تورکیاو روسیادا هەر دەقەومێ، لەبەر ئەوە پێویستە کورد خۆی بۆ ئەو رووداوە ئامادە بکاو دڵسۆزیی خۆی بۆ روسیا ئاشکرا بکاو روسیاش بەرامبەر بەوە پێویستە یارمەتی کورد بدا.

جلیلی لەلاپەرە ١٦٧ باسی بۆچوونێکی (گردلێڤسکی) کردوە کە لەلاپەرە ٣ی کتێبەکەیدا وتویەتی:

((ئیتر کاتی ئەوەهاتووە دبلۆماسەکانو زانیارەکانی روس واز لەبیرو بۆچوونەکانی پێشووی خۆیان بێنن بەرامبەر بەکورد و چڵك و ژەنگی مێشکیان لەو روەوە ڕابماڵن وەکارێکی وابکەن لەرێگەی ئێمەوە بگا بەشارستانێتی)).

دوکتور کمال علی لەلاپەرە ٥٢ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٦ باسی چەمکێکی تری پێوەندی کوردو روسی کردوەو وتویەتی:

ساتێك شەڕی تورك و روس دەستی پێکرد هەرچەند میرنشینەکانی هەکاری ئەوانەی خواروی کوردستان هەڵوێستێکی بێ لایەنیان گرتبووە بەر بەڵام لەناو کوردەکانا هیواش هەبوە وەکوو سەلیم پاشاو بەهلول پاشای بایزید و موش بەئاشکرا هاوکاری روسەکان بوون لەدوای ئەوە ئیتر هەندێ لە زاناکانی روس وەکو (خ. ئابۆڤیان) و (ف. دیتیل) و (ئی بیریزن) و ژمارەیەکی تر دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوە دەربارەی کورد هەروەکوو کتێبی: وڵاتان و میللەتانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەڕاست، بەرگی ١٢ چاپی یریڤان ساڵی ١٩٨٥ باسیکردوە (لەراستیدا جگەلەو کوردانەی بێ لایەن بوون یا هاوکاری روسەکان بوون، ژمارەیەکی زۆریش کوردی واهەبوە دژی روسەکان شان بەشانی تورکەکان بەناوی غەزاوە شەڕیانکردوە لە شەڕەکانی قرم و قارص و ئەردەهاندا وەکوو لەباسەکانی پێشوودا باسیانکراوە).

هەمان سەرچاوەی ژمارە ٦ ئاماژەی بۆ لاپەڕە ١٢ی کتێبەکەی (ئەڤریانۆڤ) کردوە کە ووتویەتی:

((هەمیشە کوردەکان پێشنیاری ئـەوەیان دەکرد هاوکاریمـان لەگـەڵا بکـەن، بەڵام ئێمە (روس) هیچ کاتێك نەمانتوانیبوو لەگەڵ کوردەکانا پێکەوە بچین بەگژ تورکداو نـەمان توانیبـوو لـەهیچ کـاتێکدا نرخـی ئـەو داخوازییانـەی کـورد هەڵسەنگێنین)).

مینۆرسکی لەلاپەڕە ١٧٣ی کتێبەکەیدا اسی ئەوەی کردوە هەر ساتێك شـەڕ لەودیو قفقاسەوە هەڵگیرسایە ئەوسا ئێمە (روس) زۆرتر بایەخمان ئەدا بە کورد.

لازاریـف لەلاپـەڕە ٢٢٥ی کتێبەکـەیدا (مەسـەلەیکورد) باسـی (ئولغرێـف) ی کردوە کـە ووتویـەتی پێویسـتە زۆر بەگەرمیـەوە کـارێکی کولتـوری لەئەرمـەنیاو کوردستانا بکەین چونکە ئەمە شتێکی زۆر کاریگەر دەبێت بۆ گۆڕینی هەڵوێسـت و بیرو بۆچوونی میللەتانی رۆژهەڵات بەرامبەر بە روسیا.

لازاریـف لەهـەمان کتێبیـدا باسـی ئـەوەی کردوە چۆن جارویـار عبدالـرزاق بدرخان گلەیی دەکرد لە روسەکان کە زۆر کە متەرخـەم بـوون بەرامبـەر بـەکورد پێی ووتبوون ئەگەر ئێوەهاوکارییان نەکـەن و پشـت گوێیـان بخـەن ئـەوا کـورد ناچار ئەبێ روو لەئەڵمانەکان بکا.

لازاریف لەباسەکەیدا دەڵێ:

((هەرچـەند هاوکـاریکردنی روس بـۆ کـورد لـەبواری کلتوریـدا سـەرکەوتنێکی سیاسـی بـوو لەکوردسـتانا بـەڵام پێشـنیازەکانی تـری چێرکۆف بـۆ کردنـەوەی هەندێ قوتابخانە لەکوردستان لەلایەن روسەکانەوە پێشوازی لێ نەکرا)).

جلیلی لەکتێبەکەیدا چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کورد لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستدا چاپی ئۆپسالا ــ سوید ساڵی ١٩٨٥ لەلاپەڕە ١١٥دا ووتویەتی:

((ئەرشیفەکانی دەرەوەی حکومەتی روسیا ئاشکرای ئەکەن روسیای قیصری هەمیشـە سیاسـەتێکی دوو ڕوویـی هـەبوە بەرامبـەر بەمیللـەتانی ناوچەکـەو بەدرێژایی سەدەی نۆزدە قەیسەرەکانی روس باری ناهەمواری کوردو دواکـەوتنی و نەبوونی رێکخراوێکی سیاسی کوردیان کردبوو بـە بنێشـتە خۆشـەی دەمیـان و

کردبویان بەبەڵگە بۆ پشتگیری نەکردنی بزوتنــەوەکانی کوردە ئازادیخوازەکـان.

نووسەری سەرچاوە ٦ بۆ تێ هەڵکێشی ئەوە وتوویەتی:

روسـەکان دەرفـەتیان لەکــەم و کــورِی و ناتــەبایی کــورد وەرگرتبــوو لەناوکوردستانا بەرامبەر بەوە روسیا سیاسەتێکی فێـڵاویو تەڵەکەبازی گرتبوو بەر بەرامبەر بەکورد، نموونـەی ئـەو دوو ڕووییـە لـەراپۆرتێکی (ب. ئـی. تـێرمین) لەوگەشتەیدا ساڵی ١٩٠٦ بە ناوچەکانی وان و هـەکاریدا کردبـووی و سـاڵی ١٩١٠ لەتفلیس چاپکراوە، لەوەدا باسێکی جێگری قونسولی روس لەوان خراوەتە پێـش چاو وتوویەتی: ((گەر هات و کوردەکـان دژی تـورك ڕاپـەڕین، ئەوسـا ئێمـە هـەر بۆئەوەی ئەو جۆرە سۆزەیان پێ بدەین دەتوانین بیانجووڵێنین و بیانکەین بـەگژ تورکەکانا)) .

بەشی پازدەهەم

لاوازبوون و گەندەڵبوونی دەوڵەتی عوسمانی و هۆی لاواز بوونی

بێگومان دەوڵەتی عوسمانی لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە رۆژ لەدوای رۆژ بەرەو کزی و لاوازی چووە و باری ئابووری زۆر ئاڵۆز بووەو خۆی خستبووە ژێر بارێکی ئێجگار گرانی ئەو هەموو قەرزانەی لە وڵاتەکانی ئەورووپاو بازرگانەکانیانی کردبوو، کار گەیشتە ئەوەی نەك تەنها هەر میللەتەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی، بەڵکو تورکەکان خۆشیان لە کرداری سوڵتانەکان و دەورو پشتەکانیان بێزاربون و بەشدار بوونی عوسمانی شان بەشانی ئەڵمانەکان لە شەڕی جیهانیدا بەمەبەستی خۆ رزگارکردن لەو قەرزانەو شکاندنی خۆیو ئەڵمانیای هاوکاری ئەوەندەی تر حکومەتەکەی لاواز کردو دوای تەواو بوونی شەڕی جیهانی بە دوسێ ساڵ خەلافەتی عوسمانی و سوڵتانی عوسمانی ریشەکێش کرا.

بۆ ئەوەی بەکورتی لە هۆی ئەو لاوازبونەوەی عوسمانی بکۆڵینەوە باسەکەدەکەین بەم بەشانەوە:

١ـ خراپەو درندەیەتی و زۆردارێتی کاربەدەستانی عوسمانی بەرامبەر دانیشتوانی دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی گشتی و بەرامبەر بە کەمە نەتەوەکان بەکورد و ئەرمەنی ئاسوری و عەرەبەوە بەشێوەیەکی تایبەتی.

٢ـ رەوشتی خراپی سوڵتانەکانی عوسمانی و خەریکبوونیان بە رابواردن و بەرژەوەندی خۆیان.

٣ـ دارِزاوی و گەندەڵ بوونی دەزگا سیاسیو سوپاییەکانی دەوڵەتی عوسمانی.

٤ـ دەستێوەردانی وڵاتانی ئەوروپا لە کارو باری وڵاتدا.

یەکـــەم: خراپکـــاری و درندەیـــەتی و زۆرداریتـــی کاربەدەســـتانی دەوڵەتی عوسمانی

لاپەڕەکانی مێژووی عوسمانی پڕن لە باسی درندەیـەتیو پیاوکوژی و خوێن ڕشتن و تـالانکردنی ئـەو شـوێنانەی دەسـتیان بەسـەردا ئـەگرت و ڕەفتـاری کاربەدەستەکانیان هیچ جیاوازیەکی ئەوتۆی نـەبوە لەگـەڵ ڕەفتـاری تاقمـەکانی جەنگیز خان و هۆلاکۆو تەیموری لەنگ لەرابووردودا.

لـەو ڕووەوە دوکتـۆر جلیلی لەلاپـەڕە ٢٠٤ی کتێبەکـەیدا سـەرچاوە ٢١ بـۆ نمونەی ئەوە باسێکی (ڤالمیر پیتر) ی هێناوەتەوە کە لەوەدا ووتویەتی:

((درندەیەتی و خوێنمژینی کاربەدەستانی تـورك گەیشتوەتە رادەیـەك ئـەو کاربەدەستە تازانەی دەسـتە دەسـتە لـەدوای یـەکتر دەنـێرران لەوانـەی پێشـوو درندەتـرو چـاو برسـیتر بـوون ئەوانـەی کـە دەنـێرران بـۆ کاروبـاری ناوچەیـەك فرمانەکەیان بە پارەیەکی زۆر دەکـڕیەو، پـارەو پولێکی ئەوتۆشیان نـەبوە کـە پارەی کڕینی فرمانەکە بدەن بۆیە بەقـەرزو قۆڵـە ئـەو پارانـەیان پـەیدا دەکردو سوودو سەلەمێکی زۆریان ئەدا بەوانەی پارەیان ئەدانێ بەقـەرز وەکـوو بازرگانـە ئەرمەنیـەکان و هـەر کـە دەگەیشتنە شـوێنی کارەکـەیان دەسـتیاندەکرد بـە ڕووتانـەوەی خـەڵك و سـەرانەو بـاجی زۆریـان لەخـەڵك دەسـەند بـۆ ئـەوەی لەلایەکەوە قەرزەکەی خۆیـانی پـێ بدەنـەوەو لەلایـەکی تریشـەوە دەبوایـە لـەو پارەی بـاج و ڕاوو ڕووتانـەی دەستیاندەکەوت بەشـی کاربەدەستە گـەورەکانی ژوور خۆیان بدایە بۆ ئەوەی چاویان لەرەفتارە خراپـەکانیان بپۆشـن و بێگومـان سوڵتان و (حـەریم ــ کـە مەبەسـتی لـەو فەرمانبەرانـە بـووە لـەناو کۆشـکەکانی سوڵتاندا بوون) لەو پارانە بێبەش نەدەکران و وای لێ هاتبوو بەرەڵاییـەکی تـەواو لەناو وڵاتی عوسمانیدا بڵاو بوبوەوە کە دانیشتوان بەتەواوەتی لە حکومەت بێزار بوبون.

دەربارەی ئەو بەرەڵاییە، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٩٢ لەلاپـەڕە ٧ یـدا باسـی بەشـێك لـەو نامەیـەی کـردوە کـە لـە کتێبـی (القضیةالسوریة لاپەڕە ١١دا باسی نامەیەکی ئەمی رمصطفـی فـاضلی کوڕەزای

محمدعەلی پادشای میصری کردوە کە ناردبووی بۆ سوڵتان عبدالعزیزی خلیفەی عوسمانی و لەو نامەیەدا گلەیی لەوە کردبوو وڵات گەیشتبوە ئەوپەڕی پەرێشانی و سەرگەردانی و داوای لە سوڵتان کردبوو چارەسەرێك بدۆزێتەوە بۆ ئەو بارو هەڵوێستەی کە حکومەت تێی کەوتبوو و کاربەدەستان هەریەکە لەشوێنی دەسەڵاتیا هەرچیەکی ویستبێ کردویەتی و لەئەنجامی ئەوەدا دانیشتوانی وڵاتی عوسمانی بوبون بەدوو بەشەوە، بەشێکیان بریتی بوون لەتاقمێکی زۆردارو بەزەییان بەکەسدا نەهاتوەتەوەو هیچ بەرهەڵستیەکیش نەبوە رێگەی ئەوتاوان و دەستدرێژیکرنەیان لێ بگرێ، بەشەکەی تریان بریتی بوون لەچەوسێنراوان و زوڵم لێکراوان کە بریتی بوون لە زۆریەی دانیشتوانی وڵات و کەس فریایان نەدەکەوتن تاوانبارەکانیش کە لەسایەی سوڵتانا ئەو ڕەفتارانەیان دەکرد وایان بڵاودەکردەوە سوڵتان هەموو دەسەڵاتێکی داونەتێ.مامۆستا ئیبراهیم لەلاپەرە ٨ی کتێبەکەیدا لەساڵی ١٩٢٧ لەبغداد چاپکراوە، باسی زۆردارێتی کاربەدەستانی عوسمانی و دەرەبەگەکانی عوسمانی کردوە چۆن رێگەیان لەوە گرتبوو تیشکی خۆری شارستانێتی ناووڵاتانی رۆژئاوا بگاتە ناوچەکانی رۆژهەڵات و بەپێی رەوشت و سروشتی دەرەبەگایەتی دەوڵەتی عوسمانی هەمیشە رێگەی لەپێشکەوتن و برەو پێدانی بازرگانێتی و پیشەسازی گرتووەو باسی ئەو هەموو باج و سەرانە سەندنە زۆرەی کردوە کە حکومەت بەزۆرەملێ سەپاندبووی بەسەر خەڵکی بێ دەرامەتدا، لەکاتێکدا دەنگ و هاوار و دادو بێدادی هیچ کەسێك نەدەگەیشتە گوێی کاربەدەستانی دەسڕۆیوو بەشی میللەتی کورد لەو دواکەوتن و بەشخوراویەدا لە هی هەموو میللەتەکانی تری ناو وڵاتی عوسمانی زۆرتر بووە.

لەکاتێکدا لە رۆژئاوادا پێشکەوتن و شارستانێتی هەتا دەهات بەرەو باشی و پێشکەوتن دەچوو، کەچی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا نەخوێندەواری و نەشارەزاییو دواکەوتن بەولاوە هەست بەهیچ شتێکی تر نەدەکرا.

لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە) هەتا سەر لە توانایدا نەبوو رێگا لە لێشاوی ئەو شارستانێتی و رۆشنبیریە بگرێ کە

لەرۆژئاواوە بەرەو رۆژهەلات دەکشاو دەبوە هۆی بزوتنەوەی هەستی دانیشتوان و چاویان لە میللەتانی ولاتە راپەریوەکان دەکردو وەکوو یۆنان و بولغـارو صـرب کە هەریەکەیان لە شوێنی خۆیـا کەوتبوونـە جوولـە بـۆ دەسـگیربوونی ئـازادی و سەربەخۆیی. لەراستیدا جەورو ستەمی کاربەدەستانی عوسمانی هەر تەنها رووی تاقمێکی نەگرتبوەوە بەڵکوو هەموو چینەکانی ولات لەژێر بـاریدا دەیان نـالاَن و ئـەوەبوو بەتێکۆشـانی هـەموویان لەسـالّی ١٩٠٨دا دەسـتوورێك دانـرا بـۆ ولاتـی عوسمانی)).

دووەم: رەوشتەکانی سوڵتانەکان و خەریکبوونیان بەرابواردنەوە

سـوڵتانەکانی عوسمـانی هەرچـەند لەسـەرەتاوە بەروالّـەت ئـالاّی ئیسـلامیان بەرزکردبوەوە و خۆیان بەنوێنەری میللـەتانی ئیسـلام دائـەناو نـاو بـەناو بـەپێی شـەریعەتی ئیسـلام وەکـوو یاسـایەکی هەمیشـەیی دەرۆیشــتن بـەرێوە، بـەلاّم لەراستیدا ژیانی سوڵتانەکان لەناو کۆشك و تەلارو شوێنە نهێنیـەکانیان سـەدان چیرۆك و سەرگروشتەی نێجگار سەیر دەربارەیان نوسراوە.

یـەکێکی وەکـو پرۆفیسـۆر (ئیسـماعیل حقـی ئـوزون) لەلاپـەرە ٧٣٠ی کتێبەکـەیدا سـەرچاوە ٩٠ بـەدوورودرێژ باسـی رەفتـارو رەوشـتی سـوڵتانەکانی کردوەو وەکوو ئەمانەی خوارەوە:

١ــ ژن هێنانی زۆری سوڵتان لـە بیگانـە بـوو بـەهۆی روودانـی نـاژاوەو پشێوی لـە سەرتاسـەری ولات و خـەڵکێکی زۆر بـە پیلانی ژنـە بیگانـەکانی سوڵتانەکان کـوژران و زۆربوونی ژمارەی ژنەکانی سوڵتان لەناو کۆشکەکانی بابی عالیدا کارێکی کردبوو هـەر ژنە بەجیا تاقم و دام‌ودەزگای خۆی هەبوە.

٢ــ منداڵەکانی سوڵتان کە لەچەند ژنێکی دەبوون کە گـەورەدەبوون لـەناو خۆیانـا ناڕێك دەبوون و هەریەکە تاقم و دارو دەسـتەی خـۆی هـەبوە کـە لەگـەڵ هـی براکـانی تریا ناڕێك بوون وولات بەهۆی ئەو ناڕێکیانەوە تووشی گەلێك زیان و ئاژاوەبووە.

٣ــ دەستێوەردانی ژنـەکانی سـوڵتان لـە کاروبـاری رۆژانـەی نـاخۆی دەولـەتدا، بەتایبەتی لە دانانی فەرمانبەران و کاربەدەستانی دەولەتدا گـەلێك کێشـەو نـاکۆکی لیّ پەیدا بووە.

٤ـ سوڵتانەکانی عوسمانی هەر لەسەرەتاوە هەتا زەمانی سوڵتان سـەلیمی یەکـەم خۆیـان دەبـوون بەسـەرکردەی سـوپا کـە هیـچ شـــارەزاییەکیان نـەبوە لــە کاروبـــاری سوپاییدا.

٥ـ خەریکبوونی سوڵتانەکان و ئەمیرەکان بەرابواردن و سـەفاهەتەوە بوبـووە هـۆی ئەوەی کارە گرنگەکانی وڵات فەرامۆش بکەن.

٦ـ شەڕی خاچپەرستەکان سوڵتانەکانی خستبووە سەر سەودای ئەوەی هێزی گـەورە پێك بێنن بۆ ئەو شەڕانە کە بوو بـەهۆی بـارێکی گـران بەسـەر دەوڵـەتی عوسمانیـەوە لەڕووی ئـابوریو سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە.

٧ـ دانی دەسەڵات و ئیمتیاز بە کۆمپانیاو بازرگانـە بیگانـەکانی وڵاتـانی رۆژئـاوا رێگەی بۆ ئەوە خۆش کـرد دەوڵەتـە ئەوروپاییـەکان لـەرێی ئەوانـەوە دەسـبخەنە نـاو کاروباری وڵاتەوە و دەورێکی زۆریـان هـەبوە لـە تێکـدان و نـاکۆکی نێـوان دانیشـتوانی دەوڵەتی عوسمانیدا.

٨ـ لووتبەرزی و خۆبەزلزانینی سـوڵتانەکان و دەوروبـەرەکانیان بەرامبـەر بوبـووە هۆی ئەوەی دانیشتوان دژی حکومەت بن و بەچاوێکی سووکەوە سەیری دەوڵەت بکەن.

٩ـ دەستێوەردانی سوڵتانەکان لە کاروبارە ئاینیەکانا بەناوی سەرپەرشتی کردنـی ئاینەوە کە خۆی بە پارێزگـاری ئـاینی ئیسلام دەزانــی بـوو بـەهۆی ئـەوەی ئـاین کـرا بەشتێکی گاڵتەجاڕی بەدەس کاربەدەستانی حکومەتەوە.

دەربـارەی رەوشـتی سـوڵتانەکانی عوسمـانیو زیانیـان بـــۆ وڵات، (رۆهـــات ئالاکۆم) لەسەرچاوە ٧٨دا باسی کابرایەکی سویدی کردوە کـە نـاوی (گوسـتاف نورینـگ) بـووە لەوسـەردەمەدا کـە شـریف پاشـای خـەندان بـاڵیۆزی دەوڵــەتی عوسمانی بووە لەستۆکهۆڵم و ئەو کابرایە بۆ گاڵتە کـردن بەسـوڵتان عبدالحمیـد، نـەك تەنـها هـەر لەســوید، بــەڵکوو لەکۆبونــەوەو کۆنفرانسەکانیشــدا بەقســەو بەنوسینی ناو گۆڤارەکان ڕەفتـارە خراپـەکانی عبدالحمیـدی باسـکردوەو بـڵاوی کردۆتەوە، ئەو کابرایە لـەدواییدا بـووە بەموسڵمان نـاوی خـۆی نـاوە علـی نـور (سەرچاوەی رۆهات ئالاکۆم بۆئەم باسە بریتیەلە:

چاپی ساڵی ١٩٧٦ Gunnar J- arring: Gustvnoring, Alias Norl

Ochham بەپێی ئەو سـەرچاوەیە، دوای ئـەوەی حکومـەتی عوسمـانی هـەواڵی

گاڵتە پێکردنەکانی (گوستاف نورینگ) دەبیستێتەوە دادگایەکی حکومەت بڕیاری زیندانیکردنی دەدا بۆ (١٠) ساڵ.

یەکێك لەنوسینە پڕ لەگاڵتەکانی ئەو کابرایە کتێبێك بووە بەناوی (عبدالحمید) ، لەساڵی ١٩٠٣دا چاپی کردوە گەلێك کاریکاتۆرو شیعری دەربارەی عبدالحمیدی تیا بووەو سەرزەنشتی رەفتارە نابەجێکانی عبدالحمیدی کردوە.

دەربارەی رەفتاری سوڵتانەکان، (خالدالمقدسی) لەگۆڤاری هلالی ساڵی ١٩٠٨-١٩٠٩ لاپەڕەی ٧٢ سەرچاوە ٨٨ باسێکی دوورو درێژی سوڵتان و صدری ئەعظمی کردوەو وتوویەتی (کورتیەکەی) :

((کۆشکی سوڵتانی عوسمانی و پێگەیاندن و پەروەردەکردنی ولی عهدەکانی سوڵتان لەسەر هەمان پێڕەوی خوو رەوشتی سوڵتانەکانی مەغۆلی بوو، بەپێی ئەوە حکومەت وەکوو رەشماڵێکی گەورە وابووەو دەوڵەت بریتیبووە لە بابی عالی (دەروازەی گەورە یا بەرز) و سەرۆکی وەزیران پێی وتراوە صدری ئەعظم و نوێنەری سوڵتان بووەو هەلگری مۆری سوڵتان شێخ الاسلام بووە کە پێشی وتراوە (قاضی العسکر) و لێپرسراوی دارایی پێی وتراوە (دفتردار) .

نوسەری ئەو باسە بەدوورودرێژ باسی کاریەدەستانی حکومەت و ئاغاکانی ناوخۆ کە پێیان وتراوە (ئەندەروون) بۆ چاودێریکردنی ژنانی ناو کۆشکەکانی سوڵتان و ئاغاکانی دەرەوەی کۆشکی سوڵتان.

نوسەر لەباسەکەیدا باسی کێشەی ناو کۆشکی سوڵتانی کردوەو لەوەدواوە دەسڕۆیوەکانیان ئەگەر بیانزانیایە سوڵتان زۆر رووئەدا بەصدری ئەعظم ئەوانە گەلێك شتیان بۆ هەڵدەبەست بۆئەوەی ناوی بزرێنن و جاری واهەبوە (قاوەچیباشی) و (ئەثوابچیباشی) وبیروقدارە سجادەباشی و باخەوان باشی و بلطەچی باشی زۆرتر دەستیان رۆیشتووە لە صدری ئەعظم.

نووسەر لەلاپەرە ١٣٣دا بۆنمونە باسی مدحت پاشای کردوە کە ساتێك دەکرێ بەصدری ئەعظم، هەمووی سێ مانگی پێ ناچێ لایدەبەن چونکە یەکێك لەخانمەکانی ناوکۆشکی سوڵتان نوکەرێکی خۆی دەنێرێ بۆلای مدحت پاشا تابیکا بەقائمقام ئەویش داخوازیەکەی قبوڵ ناکا لەبەرئەوە لادەبرێ و لەدوای مدحت پاشا لەماوەی سێ ساڵ و نیودا دەجار صدری ئەعظم دەگۆڕێ و بەرتیل

و فرۆشتنی روتبەو نیشانە بەپارە ناوی دەوڵەتی زڕاندبوو باری ئابوری و خەزێنەی حکومەت بەتەواوەتی کەوتنە کزیو حکومەت لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٧٥دا اعلانی (افلاس ـ ئابووری) کردوە لە٢٢ ی مایۆی ١٨٧٦دا لەمزگەوتەکانی ئەستەمبوڵدا ٦-٧ هەزار قوتابی کۆبونەوەو چوونە سەر (سەرای دولمە باخچەسی) و لەئەنجامیا (محمود ندیمی) صدری ئەعظم لابراو لەجیاتی ئەو رشید پاشا کرابە سەرۆکی وەزیران.

نوسەری سەرچاوە ٨٨ لەلاپەڕە ١٤دا باسێکی سەیری دەربارەی عبدالحمید بڵاوکردۆتەوە کە وتویەتی:

((ساتێك عبدالحمیدی دوهەم لە ساڵی ١٨٧٦دا بوویە خلیفەی سوڵتان و لەساڵی ١٩٠٩ دا لابرا، ئەو سوڵتانە لەدایکیەوە ئەرمەنی بوو، وەکو ئەوان لووتێکی چەماوەی هەبوو نرخی خوێندەواری و زانیاری نەدەگرت و زمانی تورکیشی زۆر باش نەدەزانی و هەر لەمنداڵیەوە پارە خۆشەویست بووەو زۆر رەزیل بوە بەرلەوەی عبدالحمید ببێت بەسوڵتان، مرادی برای پارە ئەدا بەرۆژنامەی (خیال) بۆئەوەی چیرۆکەکەی فۆلتێر بەنێوی (رەزیل) ەوە بکا بەتورکی لەسەرشانۆ پیشانی بدات. کە عبدالحمید دەبێ بەسوڵتان ئەزانێ مرادی برای ئەوەی دژی ئەو کردبوو بۆیە تۆڵەی خۆی لێدەکاتەوە.

عبدالحمید باوەڕی بە فاڵچیو فالگرتنەوە هەبوەو گومانی هەبوە بەرامبەر بەهەموو کەسێك بۆیە دەزگایەکی سیخوڕی دامەزراندبوو. بەو جۆرە ئەو هەموو ستەمکاریەی لە زەمانی عبدالحمیدا بەرامبەر بەزانایان و رۆشنبیران دەکرا، زۆریانی ناچارکرد وڵاتی عوسمانی بەجێ بێڵن و لەدەرەوە دژی حکومەت کاریکەن.

سێهەم: داپزاویو کەندەڵبوونی دەزگاکانی حکومەت

وەکو لەباسەکانی پێشودا دێتەبەر چاو دەزگاکانی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری هەر لە فەرمانبەرێکی بچوکەوە هەتا صدری ئەعظم هەریەکەیان بەشێوەی خۆی هەڵپەی بۆ ئەوە کردوە خۆی و خاوخێزانەکەی تێر بکاو ژیانی رۆژانەیان بۆدابین بکا کە ئەمە باری ژیانی فەرمانبەرە بچوکەکانیان بووە و

فەرمانبەرە گەورەکانیشیان کە بەپارە ئیشەکەی خۆیان دەکڕی بەهەموو جۆرێك خەریکی ڕاوورووتکردنی میللەت بوون و خەریکی پڕکردنی گیرفانی خۆیان بوون.
بەلام ئەوەی باری دەوڵەتی عوسمانی قورس کردبوو سوپای دەوڵەت و ئەو ڕیکخراوانەی تر بوون وەکوو سوارەی حمیدیەو هێزی ئەنکشاری (یەنیچەری) کە هەریەکەیان بەشێوەیەك کێشەیەکی گەورەی بۆ ولات و هاولاتیانی عوسمانی پەیدا کردبوو.
بەرلەمە لە باسێکی تایبەتیدا لە سوارەی حمیدیەو لە چۆنیەتی دروست بوونی و لەوزیانانە دواین کەبەهۆی ئەو هێزەوە دروست بوبوو، بۆ تەواوکردنی ئەم باسە حەزمکرد باسێکی هێزی ئەنکشاری یەنیچەریش پێشکەش بکەم بەپێی ئەو سەرچاوانەی لێی دواوین:
هیچ گومان لەوەدانیە تورکەکان، هەر لە عەشایرەکانی غوزەوە بەزنجیرە هەتا عوسمانیەکان کە بوون بەدەوڵەت وەکوو دەوڵەتی سلجوقیەکان و عوسمانیەکان، بەلام لەرەوشت و رەفتاریانا کە گەیشتنە ئاسیای بچوك (تورکیای ئێستە) هەروەکوو عەشایر هەڵسوکەوتیان کردوەو تالانکردن و کوشتارو ڕاوورووتیان بەشتێکی سروشتی و بەئازایی داناوە، بەلام پاش ئەوەی لەزەمانی سلجوقیەکان و عوسمانیەکانا خۆیانگرت و بەهێزبوون دەوڵەتیان دامەزراند ئیتر پێویستیان بەبوونی سوپایەکی هەمیشەیی هەبوە.
دەربارەی سەرەتای دامەزراندنی سوپا لەلایەن تورکەکانەوە گۆڤاری هلال سەرچاوە ٨٨ باسی دامەزراندنی سوپاو دامەزراندنی هێزێکی تری کردوە کە پێی وتراوە (ئەنکشاری=یەنیچەری) وتوویەتی:
((دوای ئەوەی (عوسمان) زۆربەی ویلایەتی (بروسە= خداوندکار) ی داگیرکردو (ئورخان) ی کوڕی چووە جێگەی ئۆرخان علاءالدینی برای خۆی کرد بە وەزیرو علاءالدین (جندرلی قەرە خلیل) ی هێنایە پێشەوەو کردی بەسەرکردەی هێزی پیادە کە پێی دەوترا (یایا) بەلام ترسی ئەوەیان پەیدا کرد ئەو هێزە ڕۆژێك لەرۆژان لێیان هەلگەڕێتەوە، بۆیە بیریان لەپێك هێنانی هێزی ئەنکشاری کردەوە. زۆربەی سەربازەکانی تورك لەممالیك پێك هاتبوو، هەر لە

منالّیەوە مەشقیان پێدەکردن کە زۆریەیان لەتورك و چرکس و ڕۆم و کورد و ئەرمەن و تورکمان پێك هاتبوون.

ووشەی ئەنکشاری لە ووشەی (یەنیچەری) تورکیەوە وەرگیراوە کە مانای (سەربازی تازە) دەگرێتەوە. پاش ئەوەی عوسمانیەکان بەناوی غەزای ئیسلامەوە پەلاماری ڕۆژهەلاتی ئەوروپایان دا، لە شەڕەکانا منداڵی ئەو کوژراوانەی بەکێش دەکرد بۆلای خۆیان و مەشقیان پێ دەکردن و دەنێرران بۆلای (حاجی بکطاش -بەکتاش) کە شێخی تاقمی بەکتاشەکان بوو، ئەمانە کە گەورەکران هێزێکیان لێ دروستکرا بەناوی ئەنکشاریەوەو لەزەمانی سولتان سلیمانی قانونیدا ژمارەیان (١٢) هەزار بووە. (لەزەمانی سولتان عبدالحمیدی دوهەمدا کە ئەنکشاری هەلوەشێنرایەوە وەکوو لە شوێنی خۆیا باسی دەکەین ژمارەی ئەنکشاری گەیشتوە (١٤٠) هەزار سەربان) .

نوسەر دوای ئەوە باسی ئەوە دەکا چۆن ئەو هێزە کە بوو بەدەسەلاتدار، دەستیانکرد بەدەسدرێژی کردن و خراپەکاری، ئیتر حکومەت بیری لە هەلوەشاندنەوەی کردەوە تا لەساڵی ١٨٠٨دا بڕیاری هەلوەشانەوەی دراو لەسەرەتادا ئەنکشاریەکان یاخی بوون و کوشتارێکی زۆریان لێ کرا لەلایەن هێزی حکومەتەوە)).

دەربارەی ئەوهێزەی ئەنکشاریە، لە سەرچاوەیەکی تردا (ژمارە ٥٨ بەدوورودرێژ باسی چۆنیەتی پێك هاتنی کردوەو وتویەتی جندرلی قرەخلیل ناوەکەی گۆڕاو کرا بە(خیرالدین پاشا) ئەمیش وەکو باسەکەی گۆڤاری هلال وتویەتی لەدواییدا کەوتنە دەسدرێژی کردن و لەساڵی ١٨٢٦ دا هەلوەشانەوە (کە ئەمە لەگەڵ ئەوەی گۆڤاری هلال دا یەکناگرێتەوە کە تبووی ساڵی ١٨٠٨ هەلوەشێنرایەوە) نووسەری سەرچاوە ٥٨دەڵێ:

((ئەگەر چی هێزی ئەنکشاری لەناو سوپای عوسمانیدا گەلێك کردەوەی ناڕەواو تاوانێکی زۆری کردبوو، بەلاّم لەراستیدا تاوانەکان هەمووی هەر ناکەوێتە ئەستۆی ئەمانەوە، بەلکوو کاربەدەستانی عوسمانی بەرپرسیاربوون بەرامبەر بەوەی نەیانتوانیبوو هەستێکی پاك لەناو مێشك و دڵی ئەوانەدا بچێنن و

بەرێگەی باشیان ببەن بۆئەوەی رەفتاری خراپە نەکەن، بەڵام بێگومان خۆیان مانیان دابوون و خستبوویاننە سەر ئەو بارە خوارو زیانبەخشە)).

دەربارەی ئەو بۆچونەی سەرچاوەی ژمارە ٥٨ ئەوەی ئەو دەربارەی ئەنکشاری کردویەتی بەتەواوەتی و پڕ بە پڕ لە تاوانەکانی سوارەی حمیدیەشدا بەدی دەکرێ و تاوانەکان نابێ هەمووی هەر بخرێتە ئەستۆی ئەو هێزی سوارەوە بەڵکوو کار بەدەستانی عوسمانی کە بەنیازێکی ناپاك ئەم هێزەیان دروستکردبوو بە تاوانباری سەرەکی دەژمێردرێن و کەچی هەمیشە تورکەکان هەوڵیانداوە خۆیانی لێ دوور بخەنەوەو پاکانەیان بۆ خۆیان کردوە.

چوارەم: دەستێوەردانی دەوڵەتان لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانیدا

ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی عوسمانی، بەتورکیاو بەمیسوپۆتامیاو ناوچەکانی تری خاکی عەرەبەوە کە لەژێر دەسەلاتی تورکدا بوون، ئەمانە هەمووی پڕ پیت و بەرەکەت بوون، بەلام نەشارەزایی کاربەدەستانی عوسمانی لە بەرێوەبردنی کاروباری ئەو ولاتانەدا کارێکی وای کردبوو میللەتانی ئەو ولاتانە هەمیشە برسیو دواکەوتوو بن‌و سوود لەو هەموو سامانانە وەرنەگیرێ کە لەولاتەکانیان هەبوە.

ولاتانی سەرمایەداری رۆژئاوا کە ماوەیەکی زۆریوو گەلێك زانیارییان دەربارەی ئەو ولاتانە کۆپیبوەوە شارەزای سامانەکان بوون و لەمێژ بووە نەخشەی ئەوەیان کێشابوو دەست بگرن بەسەریاو، باری گرانی ئابوری دەوڵەتی عوسمانی و هەموو قەرزە زۆرەی بەهۆی ئەو شەرە خۆراییانەی خۆیان پێوە تووش کردبوو لە ولاتانی رۆژهەلاتی ئەوروپادا کارێکی وای کردبوو تورکەکانی عوسمانی سەرومڕ خۆیان دابەدەستەوەو باری ئابووری ولاتیان خستە ژێر رەحمەتی ئەو دەوڵەتانەوەو، ساتێك کێشەی نێوان ئەڵمانەکان لەلایەك و روسیاو بریتانیاش لەلایەکی ترەوە پەیدا بوو، تاقمی أتحادوترقی تورکیایان خستە گێژاوێکی ترسناکەوەو بوون بەهاوکاری ئەڵمانەکان دژی روس و بریتانیاو فرنسەو ئەو شەرە خۆراییە ئەوەندەی تر حکومەتی عوسمانی بەقوڕا بردو شەرەکەی دۆڕان و ئیمپراتۆریەتەکەی هەڵوەشینرایەوە وەکوو لەباسەکانی شەڕی جیهانیدا روون دەبێتەوە.

بەشی شانزەهەم

ژۆن تورك و ا تحادوترقی و بزوتنەوەی طورانیێتی

(پان توركیزم)

دەربارەی ژۆن تورك و اتحادوترقی کە دوو ڕێکخراوی تورك بوون، لەکۆتایی سەدەی نۆزدە بەدواوە یەك لەدوای یەك هەوڵی ئەوەیان دابوو دەست بەسەر کاروباری وڵاتی عوسمانیدا بگرن، گەلێك سەرچاوە باسیانکردوە.

لەلاپەرە ۱۳۳ی گۆڤاری هلال، سەرچاوە ۸۸ بەدوورودرێژ باسی سەرەتای ئەنجامی چالاکیی ڕێکخراوی ژۆن تورکی کردوە کە لەرۆژی ۱۷ی جمادی الاولی ۱۲۹۳ ی کۆچی بەرامبەر ۳۰ی مایۆی ۱۸۷٦ سوڵتان عبدالعزیزیان لابردو مرادخانی برازای خرایە جێگەی بەڵام زۆری پێ نەچوو سوڵتان مراد لابراو عبدالحمیدی دوهەمی برای کرا بەسوڵتان

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە، دەیکەین بەچوار بەشەوە:

١ـ چۆنیەتی پێك هێنانی ژۆن تورك و ا تحادوترقی.

٢ـ دانانی قانونی ئەساسی و اصلاحاتی دستوری.

٣ـ بەشداربوونی کورد لە چالاکیەکانی ژۆن تورك و ا تحادوترقیدا و هۆی بەشداربوونی کورد.

٤ـ پاشگەزبوونەوەی ا تحادوترقی لە بەڵێنەکانیان بەرامبەر بە کورد.

یەکەم: چۆنیەتی پێك هێنانی ژۆن تورك و اتحادوترقی

بەرلەوەی اتحادوترقی پێك بێت ڕێکخراوێك بەناوی (ژۆن تورك) لەلایەن مصطفی فاضل پاشای کوڕەزای محمد علی میصریەوە دروست بوو کە بەعوسمانیە ئازادیخوازەکان ناودەبران. ئامانج و پرۆگرامی ئەو تاقمە بریتی

بووه له هەوڵدان بۆ چاکردنی دەستوورو زۆریەی ئەندامەکانی لە تورکەکانی نیشتەجێی ئەستەمبوڵ بوون و هەروەکوو گۆڤاری هلال باسیکردوه، جگە لە تورك چرکس و سوری و ئەرمەنیشیان لەگەڵدا بووه که بەشێك لەوانە قوتابیی ناو قوتابخانه بەرزەکان بوون (بێگومان دامەزرێنەرەکەی کە مصطفی فاضل پاشایه تورك نەبوه) .

سەرچاوه ٨٨دوای ئەوه باسی چۆنیەتی پێك هاتنی اتحادوترقی کردوەو ئەڵێ:

((لەساڵی ١٨٩٤بەدواوه ئازادیخوازەکان کەوتنه جمو جۆڵو دەربڕینی بێزاری بەرامبەر کاره ناڕەواکانی کاربەدەستانی حکومەت و زۆریەی ئەو ئازادیخوازانە لە قوتابیانی قوتابخانه بەرزەکان بوون که چواریان قوتابی کولیەی پزیشك بوون: ئیسحاق سکوتی خەڵکی دیاربکر (گۆڤارەکه وتویەتی ئیسحاق سکوتی لە ١٩٠٨دا کۆچی دوایی کردوه) ، عبدالله جودت که دوکتۆری چاوی ئۆکتۆبەری بەناویانگە لە قاهره (هەردوکیان کورد بوون) و حکمت ئەمینی خەڵکی قونیە و محمد رشید چرکس کە خەڵکی قفقاس بووه ئەمانە لەسەرەتادا بڕیاریاندا کۆمەڵێکی نهێنی پێك بێنن بەناوی اتحادو ترقیەوه بە مەرجێك بناغەی بیروباوەڕو نیشکردن و دانانی سنورێك بۆ دەسەڵاتی سوڵتان لەیاسا لانەدا. دروست بوونی و مەبەستە گرنگەکانی بریتی بێ لە چاککردنی دەستوورو هەموو دانیشتوانی وڵاتی عوسمانی یەکسان بن و هەمویان ئازادبن لە دەربڕینی

ئەورێکخراوه رۆژ لەدوای رۆژ لەپەرەسەندندا بووەو پرۆگرام و مەرجیش دانرابوو بۆ ئەندامێتی که لەهی (ماسۆنی) یەکان دەچوو، دەبوایە هیچ ئەندامێك لە ئەندامێکی تر بەوەلاوه کەسی تری ناورێکخراوەکه نەناسێت و رێکخراوەکه لەپێشدا لەئەستەمبوڵ دامەزراو لە دواییدا گوێزرایەوه بۆ (سالانیك) و هەر ئەندامە ژمارەی تایبەتی خۆی هەبوەو ئەوەی دەبوو بەئەندام دەبوایە بەقورئان یا بەئینجیل سوێندی بخواردایەو پێویست بو ئەوەی سوێندی دەخوارد بەدەمانچەیەك و بەتبدیلی قیافەت بچوایە بۆ سوێند خواردن و بۆ یەکەم جار (حاجی ئەحمەد ئەفەندی لەساڵی ١٨٩٦دا هەڵبژێررا بۆ سەرۆکایەتی کە

فەرمانبەرێکی گەورە بوو لە دەوڵەتدا و لقەکانی اتحادوترقی لەئەستەمبوڵ و سالآنێك لە بیروت و شام و رووس و میصردا هەبوە.

مرادبەگی داغستانی یەکێك بوو لە ئەندامە بەناوبانگەکانی ئەو کۆمەڵە کە رۆژنامەی (میزان) ی دەرکرد. لەپاش ماوەیەك حکومەت حاجی ئەحمەد ئەفەندی ئاوارە کرد بۆ طرابلس و لەوێ مردو ئەحمەد رضا کە ئەندامێکی چالاکیان بوو رای کرد بۆ پاریس و لەوێ رۆژنامەی (مشورەت) ی دەرکرد.

زۆری پێ نەچوو چالاکی کومەڵەکە کەوتە کزی و مانەوە سەر (ئیسحاق سکوتی) و عبداللە جودت (کە هەردوکیان کوردبوون) و لەجنێف رۆژنامەی (عوسمانلی) یان دەرکردو لەدواییدا گواستیانەوە بۆ (فۆلکستۆن ـ لەبریتانیا) .

ئەو کۆمەڵە هەروا بەکزی مایەوە تا ئەوکاتەی (داماد محمودپاشا) ی زاوای سوڵتان رقی لە حکومەت هەڵساو ئەستەمبوڵی بەجێ هێشت و خۆیو (صباح الدین) و (لطف الله) ی کوڕی لە مانگی دیسمبری ساڵی ١٨٩٩ دا بەپاپۆڕ چونە (مارسیلیا) ولەوێوە بۆ پاریس و لەوێ بڕیاری بووژانەوەی اتحادوترقی‌یان دا لەدوای مردنی دامادمحمود لە ینایری ١٩٠٢دا صباح الدین کوڕی چووە جێگەی و (٤٧) کەسی رۆشنبیری ئەو رۆژانەی کۆکردەوە کە تێکەڵبوون لەتورك و عەرەب و یۆنانی و کورد و ئەلبانی و چرکس و یهودی و ئەرمەنی لەو کۆبوونەوەیەدا صباح الدین دلوای لێکردن بێ جیاوازیی رەگەزو ئاین پێکەوە کاربکەن و صباح الدین پرۆگرامێکی ئامادەکرد بۆ دوارۆژی ولآت بەپێی ئەوە ویلایەتەکان هەریەکەیان سەربەخۆیی ناوخۆیان دەبوو بەلآم بەمەرجێك لەژێر ئالآی عوسمانیدا بن و پرۆگرامەکە بریتی بووە لە:

١ـ بلآوکردنەوەی زانیاری و ئەدەب و هاندانی خەڵك بۆ خوێندن و فێرکردن و شارەزابوون لەچۆنیەتی بەرێوەبردنی کاروباری سەربەخۆیی لەناوخۆدا.

٢ـ بەهێزکردنی برایەتی و دۆستایەتی لەنێوان هەموو دانیشتوان بێ جیاوازی ئاین و رەگەز.

٣ـ پاراستنی سوودو مافەکانی دەوڵەت.

٤ـ پێکهێنانی ریکخراوو کۆمەڵی نیشتمانی و کۆمپانیا بەسەرپەرشتی و ریگرتن لە دەستدرێژیی زۆرداران و بەرزکردنەوەی ئالآی حەق.

لەساڵی ١٩٠٦دا أتحادوترقی ڕۆژنامەی (ترقـی) دەرکـردو ژمارەیـەکی زۆر لـە ڕۆشنبیران و نوسەران بوون بەلایەنگری صباح الدین وەکـو طلعت بـەگ، مدحت بـەگ و توانـرا فەیلـەقی دوو وسـێ ی سـوپا لـە سـالانیك بکـرێ بەلایـەنگری اتحادوترقی.

نووسەری سەرچاوە ٤٦ لەلاپەڕە ٦٢یدا باسی تێکچونی اتحادو ترقـی کردوە لەناوخۆیدا و بوون بەدووتاقمەوە. تاقمی یەکەم(ئەحمەد رضابەگ) سـەرکردەی بوو کە بریتی بوون لەتاقمەکەی ژۆن تورك و ئەمانە سـوور بـوون لەسـەر ئـەوەی ئـەبێ دەسـەلات هـەمووی بەدەس مرکـەزەوە بـێ (مەبەسـت ئەسـتەمبول) و کاریەدەستان بەرەگـەز تـورك بن، وتـاقمی دوهـەم بەشـی زۆری لایـەنگرەکانی ئەرمەنی بوون و داوای بوونی حکومەتێکی ناوچـەییان دەکـرد بۆخۆیـان. بـەپێی مادە ٦١ ی پەیمانی برلین کە ئەو بریارەی دابوو بۆ ئەرمەنیەکان بەمەرجێك ئـەو داخوازیـە کـوردو چرکەسیش بگرێتـەوە. بـەو جۆرە تاقمەکـەی ئەحمـەد رەزا دەیانویست هەموو نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی لە بۆتـەی نەتـەوەی تورکدا بتوێنرێتەوە.

دەربارەی ئـەو دروشمانـەی اتحادوترقی لەسـەرەتادا بـەرزیان کردبـوەوە، سەرچاوەی ژمارە ٨٥ Patrik Kinross باسی ئەوەی کردوە ئەو دروشمانـە لـە شۆڕشەکانی فرەنسەوە وەرگیرابوو کە بریتیبوو لـە: یەکسـانی و برایـەتی بـەلام لەراسـتیدا ناوەڕۆکەکـەی هـەمووی عوسمـانچێتی و هـەندێ شـتی ڕۆاڵەتیشـیان بەسودی کریستیانەکان بلاوکردبوەوە.

سەرچاوەی ژمارە ٤٦ باسی ئـەوەی کـردوە بەرامبـەر بـەو تاقمـەی ئەحمـەد رەزا تاقمێکی تریش بەسەرۆکایەتی صباح الدیـن کۆمـەڵێکیان دامـەزران بـەناوی (تشبث شخصی و عدم مرکز جمعیتی) یان پێکەوە نا (مەبەست لامرکـزی بـووە) لەناو ئەوانەدا: ئەحمەد فضلی کرا بەسکرتێری گشـتی و ئیسـماعیل کمـال بـەگی ئـەلبانی و دوکتـۆر نـهاد رشـاد، دوکتـۆر رفعـت، مـیر ئـالای نـامق زکـی و چـەند کەسێکی تری تیادا بوو، ساڵی ١٩٠٦ لقێکیان لە طرابزون و ئـەرزڕۆم کـردەوە و لقێکیش لەشام و لانقیة وە هەموو لقەکان بەسران بەلقی سـەرەکیەوەو ئەوانـەی ئەستەمبولّ کۆمـەڵێکیان دانـا بـەناوی (انقـلاب جمعیتـی) کـە پرۆگرامەکـەیان

هـەروەکوو (T. z. tunay لەکتێبەکـەیدا Turkiyede Syasi Portilar لەلاپەڕەکانی ١٤١–١٤٣دا باسی کردوە وەکو خوارەوە بووە:

((بۆ بـەڕێوەبردنی کاروبـاری ویلایەتـەکان لەلایـەن ئەنجومـەنی شـارەوانی ویلایەتەکانەوە پێویستە ئەو ئەنجومەنە ئەندامەکانی بەدەنگی نەهێنی هەڵبژێرن و هەرناوچەیـە دارایـی تایبـەتی خـۆی هـەبێ لەسنوری ئـەو دەسـەڵاتەدا بـۆی دادەنرێ، جگەلـەوە نوێنـەری ئەنجومـەنی شارەوانیەکان دەبـێ بەشـدارین لـە مجلسی مبعوثانی پایتەختدا و هـەر ویلایەتـە جندرمـەی تایبـەتی خـۆی دەبـێ و ئـەبێ والی و متصرفـەکان و سـەرۆکی دارایـی (دفـتردار) و سـەرۆکی دادگـا (دفترحقانی مدیرلری) و سەرۆکی دادگاکان لەلایەن حکومەتی مرکزیەوە دابـنرێن و فەرمانبەران و کارگوزارانی تری ویلایەتـەکان بـەپێی پێویسـت لـە دانیشـتوانی ویلایەتەکان دابنرێن)) .

تاقمەکـەی (ئەحمـەد رضـا) پرنـس صبـاح الدینیـان بـەوە تاوانبـارکردبوو ئامادەبووە داخوازیە ئەرمەنیەکان بەجێ بێنێت.

نوسەری سەرچاوە ٤٦باسی کۆمەڵێکی تری کردوە بەناوی (عوسمانلی حریت جمعیتـی) ئەندامـەکانی بریتـی بـوون لـە جمـال بـەگ (ئـەو جمـال بەگـە لای عەرەبەکان بەجمال السفاح ناسراوبووە) وطلعت بەگ، مدحـت بـەگ و چـەند کـە سێکی تر وەکوو رحمان بەگ و یوزباشی عمر نـاجی و ئیسـماعیل خـانبولاد (کـە لام وایە ناوەکە جانبولاد‌ـ جمبولات بێ) .

لەساڵی ١٩٠٧ دا تاقمی (عوسمانلی حریت جمعیتی) لەگەڵ جمعیتی اتحـادی عوسمانیدا یەکیان گـرت کـە ئەمـەی دوایـی چـوار قوتـابیی کلیـەی طـب پێکیـان هێنابوو بەسەرکردایەتی (ئیبراهیم تمو) کە ئەلبانی بووە.

سەرچاوەی ٨٩ لەلاپەڕە ١١٤ دا باسی رێکخراوێکی تری کردوە لەساڵی ١٩٠٦ دا لەلایەن یوزباشی (مصطفی کمال) ـەوە پێکـهاتبوو کـە لەگـەڵ تـاقمی اتحـادو ترقیدا بوون بەیەك.

پاش ماوەیەك أتحـادوترقی صبـاح الدینیـان ناچـار کـرد واز لەرێکخراوەکـەی خۆی بێنێت و بایدایەوە بەلای اتحادیەکاناو لەو لامەرکە زیەتیەی خۆی پەشیمان بوەوەو لەساڵی ١٩٠٨ دا (جمعت لامرکزی ونشیت مشـخصی) هەڵوەشـێنرایەوەو

ئەوانەی لەناو اتحادوترقیدا بەرەگەز تورك نەبون وردە وردە خۆیان كێشـایەوە و سەرگەرمەكانی اتحادوترقی مەبەستەكانی خۆیـان ئاشكراكردو یـەكێكی وەكـوو (حسین جاهید) كە توركێكی زۆر رەگەزپەرست بوو باسـێكی بلاوكـردەوەو تیایا وتبوی: ئەبێ ئومەتی تـورك هـەتا هەتایـە هەرئـەو دەسـەلاتداربێت و پێویستە ئیمتیازێكی تایبەتی هەبێ بۆ ئەوانەی بەرەگـەز توركـن و هـەروەكوو پـەیامنێری (D, orienc) لـەراپۆرتی ژمـارە ٧ی سـالی ١٩٠٩ لـەمانگی كـانونی دوهـەمدا لەلاپەرە ٢١٩دا باسی كردوە، ئەو تاقمە وتویانە پێویستە دەستور تەنها لەلایەن ئەوانەوە دابرێژرێت كە بەرەگەز توركن.

بەوجۆرە ئەوانـەی تـورك نـەبوون بەتـەواوەتی لـەرەفتارو مەبەسـتەكانی اتحـادوترقی بـێزاربوون. نوسـەری هـەمان سـەرچاوە باسـی لیژنـەی مركـزی اتحادوترقی كردوە كە ئەندامەكانی هەشت كەس بوون بەسەركردایەتی ئەحمەد رضا بەگ و هەموویان بەرەگەز تورك بوون)) .

ئەوەی سەرنج راكێشەرە دەربارەی اتحادوترقی، ئەوەیە هەرچەند پرۆگـرام و سیاسەتەكەیان بەرووكەش بریتی بووە لەتوركچێتی، بـەلام لەراسـتیدا لـەژێرەوە دەستێك هەبوە نەخشەیەكی دوورودرێژی بۆ بەڕێوەبـەرانی اتحـادوترقی كێشـابوو كە هەندێ سـەرچاوە لـەو روەوە ئاماژەیـان بـۆ زایۆنـیزم و ماسـۆنی كـردوە كـە هـەردولایان تـاقمی اتحادوترقیـیان بـە تاقـەهێزێكی بـەتوانا هـەلبژاردبوو بتوانـن مەبەستەكانی خۆیان لەرێگەی ئەو رێكخراوەوە بەجێ بێنـن كـە بریتـی بـووە لـە هەلوەشانەوەی خلافەتی ئیسلامی.

بۆنمونە: عبدالعزیز یـامولكی لەیاداشـتەكانیا سـەرچاوە ٦٧دا باسـی چـالاكی جوولەكـەكانی ئـەو رۆژانـەی كـردوە چـۆن چـالاك بـون لەبلاوكردنـەوەی نوسـینەكانیانا بـۆ لایـەنگرێتی اتحـادوترقی كـە لەرۆژنامـەی (طنـین) ی حسـین جاهددا بلاویان دەكردەوە

عزیز یامولكی لەیاداشتەكانیا باسی رۆژنامەی (طنـین) و (صبـاح) و (شـورای ئومـەت) ی كـردوە كـە سـەریە اتحادیـەكان بـوون و رۆژنامـەی واش هـەبوە دژی بۆچوونەكانی نوسەرانی ئەوسێ رۆژنامەیە بوون وەكوو رۆژنامـەی (سەربەسـتی، ولقان، میزان، ئیقدام، یەنی غەزەتە)

سەرچاوەی ٤٦ بێجگـە لـەو رێکخـراوە کۆمەڵـە تورکیانـە، لەلاپـەڕە ٢٧٥یـدا ناوی ئەم رێکخراوەشی هێنـاوە: لـەنێوان سـاڵی ١٩٠٨–١٩١١دا (تـورك درنکـی= یـەعنی کومـەڵگای تورکـی ــ لـە٥ ١٢ ٩٠٨ دا پێـك هـاتبوو) ، (تـورك یورتـی جمعیتـی= کۆمـەڵی نیشـتمانی تـورك لـە ٣١ ٨ ١٩١١دا پێـك هـاتبوو) ،) تـورك ئوجاغی= هاووڵاتیی تورك ــ لە٣ ٧ ١٩١١دا دروست بوبوو.

سـریا بدرخـان لەلاپـەڕە ١٧ای کتێبەکـەیدا سـەرچاوە ٧٩ لەباسـی ئامـانج و مەبەستەکانی ژۆن تورك دا وتویەتی:

((ژۆن تورك کە) ئێستە بوون بەکما لیست دوای ئەوەی لەساڵی ١٩٠٨دا بوون بەدەسـەڵاتدار بیریـان لـەوە کردبـوەوە پێوەندیـەکی بـەهێز پـەیدا بکـەن لەگـەڵ طورانیزمـەکانی ئـەولای دەریـای قزویـن و ناوچـەکانی ناوەڕاسـتی ئاسـیا بـۆ بەهێزکردنی (پـان طورانـیزم) و هـەندێ لـە نووسـەران لایـان وایـە ژۆن تـورك واتحـادوترقی هـەر لەسـەرەتای دامەزراندنیانـەوە پێوەندییـان هـەبوە لەگـەڵ ماسونیەکان و رێکخراوەکەیان پێڕەوی ماسۆنیەکانیان کردوە لەکاروباریا)).

دەربارەی ئەو بۆچوونەی سریابدرخان، سعید ئەحمەد برجاوی لەکتێبەکـەیدا سەرچاوە ٨٢ وتوویەتی:

تاقمی اتحادوترقی پێوەندیان بەهێز بووە لەگەڵ ماسۆنیەکان کە بنکەیەکیان لە (سالانیك) دا هەبوە هەروەها (Patrich Kinros) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە ٨٥ چـاپی لنـدن ١٩٩٥ باسـی چـالاکی مصطفـی کمـالی کـردوە لـە سـالانیك و پێوەندییەکی بەهێز هەبوە لەنێوان اتحادوترقیو ماسۆنیەکانا لـە سالانیك و لـە باسی پرۆگرامی اتحادیەکانا وتویـەتی ئەوانـەی دەبـون بەئـەندام هـەروەکوو نـاو رێکخراویکی ماسۆنیەکان ئەبوایە سوێندیان بەقورئان و شیر بخواردایە و چاویـان دەبەستنەوە (لەهـەندێ سـەرچاوەی تـردا وەکـوو باسمـان کـردون وتویانـە سـوێندیان بـەقورئان و ئینجیـل دەخـوارد) و ئـەندامان دەبوایـە هـەموو زانیاریەکانیان دەربارەی رێکخراوەکەیان نەهێنی بێ و هەموو بڕیارەکانی بەجێ بێنـن و هەرکـەس دژی بـێ دەبـێ بکـوژرێ)) لـێرەدا نوسـەری سـەرچاوە ٨٥ دەپرسێ و دەڵێ:

((تۆ بڵێی مصطفیکمال کاتی خۆی کە کرابوو بەئەندام و سوێندی خواردبـوو ئایا ئـەو مەراسـیمی سـوێند خواردنـەی بـەدڵ بوویـێ و سـوێندی بـەقورئان خواردبێت؟

(لە بەرگی دوهەمی ئەم کتێبەدا، لە باسی کمالیەکانا کە باسێکی تایبەتیم بۆ مصطفی کمال تەرخانکردوە باسی ئـەوە دەکرێ چۆن مصطفی کمـال بـەر لـە مردنی رای سـپاردبوو نابێ بـەپێی مراسـیمی ئیسلامی بنێژرێت و نابێ تـەلقین بدرێ کە هەندێ سەرچاوە ئەمەیان وەکوو بەلگەیەك لاوابووە کە مصطفی کمال ماسۆنی بووە) .

بۆزۆرتر روونکردنەوەی رەگ و ریشەی پێوەندی اتحادوترقی و ژۆن تورك کـە لەدواییدا کمالیەکان جێگەیان گرتەوە، بەپێویستم زانی زۆرتر بچمە بنج و بناوانی اتحادوترقی و لەوروەوە نوسەری سـەرچاوە ٤٠ لەلاپـەرە ٢٧٤ی گۆڤـاری کـۆری زانیاریدا دەربارەی چونێتی دروست بوونی اتحادوترقی باسی کتێبی (دوکتور. أ. رامزرو) ی کـردوە چاپی سـاڵی ١٩٠٨ لـەوەدا ئـەو نوسـەرە وتویەتی: ماسـۆنی رۆڵێکی زۆر گەورەی بینیوە لـە دامـەزراندنی اتحادوترقیدا و هـاندەرێکی بـەهێز بـوە لەدامـەزراندنی کـە لەسـەر شـێوەی (کاربۆنـاری) ئیتـاڵی پێـك هـاتووە و دامەزرێنەری ئەو رێکخراوە (ئیـبراهیم تمـۆ) بـوە (لەهـەندێ سـەرچاوەدا وتـراوە حاجی ئەحمەد ئەفەندی سەرۆکی بوە بۆ یەکەم جار) .

ئیبراهیم تمۆ کـە ئـەلبانی بـووە، ماوەیـەك لـە شـاری (برندیـزی) ی ئیتاڵیـا ماوەتەوە ولـە رێگـەی گەڕانـەوەیا بـۆ ئـەلبانیا ماوەیـەکیش لـە شـاری (ناپـۆلی) ماوەتـەوەو لەوێ سـەری لـە (مەحفـەلی ماسـۆنی) یەکان داوەو پێوەنـدی لەگـەڵا کردون و زۆر شـتیان لێـوە فـێر بـووە (بەرلەمـە باسـی ئیبراهیم تمـۆ کـراوە کـە قوتابی کلیەی طب بووەو لەدامەزرێنەرانی ئەو رێکخراوە بووە) .

دەربـارەی پێوەنـدی نێـوان ژۆن تـورك و اتحـادوترقی لەگـەڵ زایۆنـیزمدا، بەراوردکردنی هەڵوێستی تورکەکان بەرامبەر بەجوولەکەکانی ئەو سەردەمەی ناو وڵاتی عوسمـانی کـە بـەهیچ جۆرێك تووشـی هیـچ زیـانێك نـەبوون بەپێچەوانـەی ئەوانەی سەریە ئاینی کریستیان بوون وەکوو ئەرمەنی و ئاسوری ئاشکرای دەکـا

بەخۆڕایی نەبوە تورکەکان بەرامبەر جولەکە بێدەنگ بوون لەکاتێکدا ئەو هەموو تاوانانەی بەرامبەر بەئەرمەنی و ئاسوری کردبوو.

بۆزیاتر ڕوونکردنەوە، دوکتور قیس جواد العزاوی لەلاپەڕە ١٢٧ی کتێبەکەیدا سەرچاوە ٤٨ باسی نووسەرێکی جوولەکەی کردوە (ئەرمینوس فامیری) کە خۆی کردبوو بەدەروێشێك و جلی دەروێشی پۆشیبوو بەناوەڕاستی ئاسیادا (کە دانیشتوانی تورك بوون) گەڕاوەو کتێبێکی بەناوی (دەروێشێکی گەنج لەئاسیای ناوەڕاستدا) چاپی کردوەو وتویەتی پێویستە تورك بەناوی (پان توکیزم) ـەوە یەك بگرن و هەرلەدەریای ئیجەوە هەتا سنوری چین بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە چونکە ئیسلام کۆسپێکی گەورەیە لەڕێگەی یەکگرتنی هەموو تورکدا و ڕێگە لەپێشکەوتنیان دەگرێ و ڕێگەی ئەوە نادا تورك دەسەڵاتێکی بەهێزی هەبێ و بۆئەوە پێویستە خۆیان لە ئاینی ئیسلام دوور بخەنەوە و ڕێبازی نەتەوایەتی بگرنە بەر. نووسەر ئەڵێ: ئەو کتێبە کارێکی زۆری کردبووە سەر چەند کەسێکی وەکوو (کوك ئەلب ـ کە مەبەستی ضیاء کوك ئەلپە) و (یوسف ئەقشور) و (ئەحمەدغایف) و خالید خانم.

لەراستیدا ئەو کتێبە ناوەڕۆکەکەی لەناو تورکە ڕەگەز پەرستەکانا، بەتایبەتی ئەوانەیان لە دەرەوەی وڵاتا چالاك بوون بوو بەپرۆگرام و پێڕەوی نەتەوایەتیان و بەرلە مشروطیەی ساڵی ١٩٠٨ لە ڕۆژنامەکانیانا لەسەر ئەو کتیبەیان دەنووسی و ناوەڕۆکەکەیان بڵاودەکردەوە.

نووسەر ئەڵێ: بێجگە لە تورکەکان، ئینگلیزەکانیش ئەو کتێبەی (ئەرمینوس فامیری) یان قوستەوەو بەدڵیان بوو بۆئەوەی تورکەکان بەهێز بن و هەستی تورکەکانی ناوەڕاستی ئاسیا دژی ڕوسیا ببزوێنن و ڕێگە نەدەن ڕوسیای قیصری لەوناوچانەدا دەسەڵاتی هەبێ.

نووسەری سەرچاوە ٤٨ باسی نووسەرێکی تری فرنسی کردوە کە جوولەکە بووە(مسیۆلیۆن کۆهین) ، کە لەساڵی ١٨٩٦ دا کتێبێکی دەربارەی ڕەگەزی تورك لە منگۆلیا دەرکردوەو بەدوورودرێژ ستایشی تورکی کردوەو بەهیچ جۆرێك بەلای باسی تاوانەکانی تورکدا نەچوە (مەبەستی جەنگیزخان و هۆلاکۆو تەیموری لەنگ) جمعیتی زانیاری فرنسە ئەو کتێبەی وەرگێڕاوە بۆسەر زمانی

توركی و ناوەڕۆکی ئەو کتێبە زۆر بەنرخ بووە لای ئەندامانی اتحــادوترقی و نەخشەی جووڵانەوەکەیان بەپێی نەخشەو باسەکانی ئەو کتێبە کێشاوەو کاریان پێکردوە.

بەوجۆرە دەردەکەوێ تەقەلاو تێکۆشانی تورکەکانی اتحادوترقی بۆ بووژاندنەوەی رەگەزی طورانێتی و یاساکانی (مەغۆل) و (هون) بریتی بووە لەرەنگدانەوەی تەقەلا ئەثنولۆجیەکانی ئەوروپای رۆژئاوا کە زاناو نووسەرە جوولەکەکانی ناو فرنسەو روسیا رۆڵێکی زۆر کاریگەریان هەبوە لەوەداو وایان خستبووە مێشکی تورکەکانەوە هەتا تورك خۆی لەئاینی ئیسلام دوور نەخاتەوە نابێ بەخاوەن دەسەلاتێکی تەواوو لەوساوە تورك بووە بەئیسلام ئەو هەل و دەرفەتەی لەدەس داوە.

نووسەری سەرچاوە ٤٨ باسی چەند شاعیرو نووسەرێکی تورکی کردوە وەکو (نامق کمال) و (عبدالحق حامد) کە ئەو کتێبەی فامیری بوبوو بەسەرچاوەی بیرو هەست و هۆشیان و وایان لێ هاتبوو هێرشیان دەبردە سەر هەر ووشەیەکی ئیسلامی و عەرەبی کە تێکەڵ بو بوو بەزمانی تورکی.

ساتێك بزوتنەوەی طورانێتی لەناوروسیادا پەیدابوو کە لەسەرەتادا لەکەناری روباری (ڤۆلگا) لەناو تاتارەکانا لەساڵی ١٨٩٥ دا لەشارەکانی (قازان) و (ئوستراخان) دا کەوتبوونە جووڵەو هەوڵی ئەو بزوتنەوە طورانێتیە گەیشتبووە گوێی تورکەکانی ئەستەمبوڵ، یەکێکی وەکو (یوسف ئەقشون) بەنووسین دەستیکردبوو بەرەخنەگرتن لەحکومەتی عوسمانی بەتاوانی ئەوەی بایەخی رەگەزی تورکی پشت گوێ خستبوو.

نووسەری سەرچاوە ٤٨ ئەڵێ:

ئەوتاتارانەی بەکۆچکردن چووبونە ناو خاکی روسیاوە (وەکو چۆن تورکەکانی تر روویانکردبووە ئاسیای بچوك) ، لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی روسیا لەساڵی ١٩٠٤ دا و هی اصلاحاتی دەستوری ئێران ساڵی ١٩٠٥–١٩٠٦ وەاصلاحاتی دەستوری عوسمانی لەساڵی ١٩٠٨دا ئەمانە هەمووی بووە هۆی جموجۆڵی بزوتنەوەی تاتارەکانی روسیا وجموجۆڵی ئەمانەش کاری کردبووە سەر زۆن تورك و اتحادو ترقی و بەوەشەوە نەوەستا، بەلکوو کاریەدەستان و

فەرمانبەرانی حکومەتیش ترسیان شکاو چونە ئەو ڕێکخراوانەوە.نوسەری سەرچاوە ٤٨ باسی ئەوەی کردوە بەرلە دەسپێکرنی شەڕی جیهانی تاقمی (حریەو ائتلاف) پێك هاتبوو بەلاّم لە ١٣ ١ ١٩١٣ اتحادیەکان ئەو ڕێکخراوەی کە حکومەتی لێ پێکهێنرابوو ناچاری کرد واز لەکاربێنێت و اتحادیەکان خۆیان ڕێکخراوێکیان دامەزران بەناوی (یەنی طوران) و حکومەتێکی تازەیان دامەزراند کە ئامانج و مەبەستەکانی بریتی بووە لە:

١- ئەبێ تورك وەکوو میللەتێکی جیاوازی تایبەتی حسابی بۆ بکرێت و سەربەخۆیی و دووربێ لەرێبازی ئاینی ئیسلام.

٢- گەشە بدات بەگیان و هەستی سەربازێتی لەناو سوپادا.

٣- پێوەندیی خۆی بەهێز بکا لەگەلّ تورکە ئیسلامیەکانی ناو ئازربایجان و روسیاو ئەوانەی ئاسیای ناوەراست.

٤- پاکژکردنی زمانی تورکی لە ووشەی بێگانە و هەوڵدان بۆ توانەوەی میللەتانی تری ناو وڵاتی عوسمانی لەبۆتەو لەناو کۆمەڵگای تورکدا.

بەلاّم پرۆگرامی لیژنەکانی اتحادوترقی بەم جۆرە بووە:

١- تورك یوردی (یەعنی مەملەکەتی تورك) دروشمەکەی ئەوەبووە پێویستە بایەخ بدرێ بەئەدەبی تورکی و پاکژ کردنی زمانی تورکی لەووشەی بێگانە و لەجیاتی ئەوانە ووشەی مەغۆلی بەکاربهێنرێت.

٢- تورکی رونکی (یەعنی خۆراگرتنی تورك) دروشمەکەی بریتی بووە لەتەقەلادان بۆ بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی تورك لەناو ئەوانەی تورك نەبوون لەوڵاتی عوسمانیدا.

٣- بایەخدان بەلەش ساغی تورك و بڵاوکردنەوەی گیانی وەرزشی.

نوسەری سەرچاوە ٤٨ باسی کتیبکی (لوثر. ب) ی کاتبی ئەمریکی کردوە کە وتویەتی:

((بەزۆر خەڵك کردن بەتورك وای لە ژۆن تورك کرد بەویەری بێ عەقڵی و دەمارگیریەوەو بەو پەڕی رەگەزپەرستیەوە رەفتاریکەن کە ئەنجامەکەی بەوە گەیشت نەتەوەکانی تری ژێر سایەی عوسمانی هەموو راپەڕن و ڕوو بەڕوویان ببنەوە، بەتایبەتی لەدوای بڵاوکردنەوەی چەند کتێبێك وەکوو کتیبی (تورك

یوردی= مەملەکەتی تـورك) و (تـورك قلیجـی = شمشێری تـورك) و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ژیانی تەیموری لەنگ و هۆلاکۆو جەنگیزخان بـەهاندان و چەلاکیی ژۆن تورك.

دوهەم: اصلاحاتی دەستوری

لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، بەرەڵلایی و بێ یاسایی لە وڵاتـی عوسمـانیدا گەیشتبووە رادەیەك خەڵك لەوە زیاتر نەیاندەتوانی بەرامبەر بەرەفتاری سوڵتان و کاربەدەستانی عوسمانی بێدەنـگ بـن و لەهـەموو لایەکـەوە دەنگـی بـێزاری بەرزبوەوە کە دانانی دەستورێك بۆ وڵات بوبووە داخوازیی زۆربەی روناکبیران و رۆشنبیران و ژۆن تورك و اتحادوترقی ئەوەیان بەهەل زانی و نەبوونی دەستورێك بـۆ پـێرەوکردنی و بۆدانـانی سـنورێك بۆکاربەدەسـتانی وڵات و بـۆ سـوڵتان بەتایبەتی کرابە داخـوازی سـەرەکی و دەسـکرا بەبڵاوکردنـەوەی بانگـەوازێك بـۆ دانانی دەستورو چاکردنی باری وڵات و لەئەنجامدا لەساڵی ١٩٠٨دا توانرا سولتان ناچاریکرێ فـەرمانی بـەجێ هێنـانی ئـەو دەسـتورەی مـۆر کـرد کـە سـوڵتان عبدالحمیـد خـۆی لەسـاڵی ١٨٧٦دا دەری کردبـوو بـەڵام رێگـەی نـەدابوو بەکاربـهێنرێت بـەو جـۆرە ئـەتوانرێ بوتـرێ دەسـتورو اصلاحـاتی دەسـتوری لەسەرەتاوە بەچەند قۆناغێکدا رۆیشتووە تا ساڵی ١٩٠٨.

میللەتی کوردیش وەکوو بەشێك لە هاووڵاتیانی عوسمانی بێزاربووە بەرامبـەر بـەو بـەرەڵلایی و بێیاسـاییەی نـاو وڵات و ئـەویش وەکـوو رۆشـنبیرانی تـری میللـەتانی عوسمـانی حـەزی بـەبوونی یاسـایەك کـردوە هـەتا لەسـایەیدا لـە ناوچەکانی خۆیدا لەژێر سایەی یاسایەکدا بژی کە هەموو هاووڵاتیـان بـەپێی ئـەو یاسـایە وەکـوو یـەك بژیـن و هـەمان مافیـان هـەبێت و ژۆن تـورك و تـاقمی اتحادوترەقی لەسەرەتادا خۆیان وا دەرخستبوو ئامادەن ئەو دەسـتورە بۆ وڵات دابنرێ و وەکوو یەك سەیری هەموو دانیشتوان بکەن بێ جیاوازی رەگەزو ئاین و کورد بۆ گەیشتن بەو مەبەستە چووە ناو رێزەکانی تاقمی اتحادو ترەقیەوە.

دەربـارەی اصلاحـاتی دەسـتوری وامـان بـەباش زانـی باسـەکەی بکـەین بەدوویەشەوە: بەشی یەکەم بریتـی بـێ لـەو تەقەلایانـەی درابـوو بۆ اصلاحـاتی

دەستوری و چۆنێتی سەرگرتنی و مۆرکردنی، بەشی دوهەم باسی ناوەڕۆکی مادەکانی اصلاحاتی دەستوری.

دەربارەی بەشی یەکەم، گۆڤاری هلال سالی ١٩٠٨ بەرگی دوهەمی مانگی نۆفەمبەر وتوویەتی:

((لەزەمانی سولتان عبدالحمید خاندا (مەبەست عبدالحمیدی یەکەم بووە کە لەسالی ١٨٣٩ دا سولتان بووە) ناچارکرا بڕیاری بەجێهێنانی دانانی دەستوریکات و لەمانگی تەموزی ١٨٣٩دا ساتێك مصطفی رشید پاشای بالیۆزی عوسمانی لە قاهرە کرا بە وەزیری دەرەوە، ئەو مصطفی رشید پاشایە رۆلێکی زۆر گرنگی هەبوە لە رێکخستنی کاروباری ولاتداو کە بەبەرچاوی پیاوە گەورەکانی ولات و بالیۆزی دەولەتەکانەوە (خطی شریف سولتانی) لە (گولخانە) دا خوێنرایەوە (گولخانە یەکێك بووە لەسەرا کۆنەکان و پێشی ووتراوە (طوپ قبو) لەتەنیشت مزگەوتی (ئەیاصوفیا) ، لەبەرئەوەی ئەو فەرمانبەرانەی سولتان لەلایەن رەشید پاشاوە خوێنرابوەوە لەگولخانە، بۆیە ناوی لێ نرا (خط شریف گولخانە) کە بەپێی ئەو فەرمانە هەموو هاوولاتیانی عوسمانی دەبوایە بەیەکچاو تەماشا بکرانایە.

لە سالی ١٨٦١دا لەلایەن سولتان عبدالعزیزەوە فەرمانی چاکردنی باری ولات دەرچوو، بەلام دەرکردنی ئەو فەرمانە هیچ سوودێکی نەبوو چونکە زولم و زۆرو لە یاسا لادان هەروەکوو خۆی مابوەوە، تاقە شتێکی باش کە کرابوو بریتی بوە لە هەلوەشانەوەی هێزی ئەنکشاری.

ساتێك عبدالحمیدی دوهەم لەسالی ١٨٧٦دا بوو بە سولتان، یەکێك لەو مەرجانەی بۆی دانرابوو ئەبوایە فەرمانی بەجێهێنانی دەستوور دەربکاو حکومەت لە بارودوخێکی بەرەللاییەوە ببا بەرەو قۆناغێکی دەستووری و بۆئەو مەبەستە بڕیاردرا (ئەنجومەنی مبعوثان) پێك بێت.

ئەوانەی چالاك بون لە داخوازیکردنی دانانی دەستور بریتی بوون لە: مدحت پاشا، عوسمان پاشا، ضیاءپاشا، روشدی پاشا، کمال بەگ و بڕیار وابوو سعدالله بەگ و ضیاءبەگ و کمال بەگ بکرێن بە راوێژیاری سولتان بەلام عبدالحمید چووە سەرتەخت لە هەمووی پاشگەزبوەوەو لەجیاتی ئەو سێ کەسە

بەئارەزووی خۆی خەڵکی تری دانا بۆئەوەی خۆی لەبەجێهێنان و سەرگرتنی دەستوور دووربخاتەوە.

پاش ئەوەی عبدالحمید، محمد رشید پاشای کرد بە صدری ئەعظم، مدحت پاشا زۆری هەوڵدا سوڵتان بەوە قایل بێ دەستور بخرێتە گەڕ، بەڵام تەقەلاکەی بێ سوودبوو لە وڵات دوورخرایەوە.

هەروەکو لەلاپەڕە ١٣٥ی سەرچاوە ٨٨دا (روحی بگ خالد المقدسی) لە گۆڤاری هلالدا بڵاوی کردوتەوە:

لەرۆژی ٢٣/ ١٢ /١٨٧٦دا سوڵتان عبدالحمید فەرمانی قانونی ئەساسی دەرکردو رشید پاشا لەبەرئەوەی پیربوبوو لابرا و مدحت پاشا کرا بە صدری ئەعظم (دیارە بەر لە دوورخستنەوەی بووە) بەڵام (ئەغناتێف) ی باڵیۆزی روسیا لە ئەستەمبوڵ ئەو دەستورەی بەدڵ نەبوو، سووربوو لەسەرئەوەی دەسکاری بکرێت و بابی عالی لە٢٠ /١/ ١٨٧٧دا داخوازیی دەوڵەتەکانی پشت گوێ خستو ئەمەبوو بەهۆی تێکچونی نێوان بابی عالی و دەوڵەتە ئەوروپاییەکان.

پاش ئەوەی تەقەلاکانی مدحت پاشا سەری نەگرت، نامەیەکی نارد بۆ سوڵتان و تیایا ووتبووی:

((مەبەست لەدانانی دەستور بۆ وڵات نەهێشتنی زوڵمو جەورو ستەم بوو لەگەڵ دانانی سنوری دەسەڵاتی ئێوەش و کارێکی وابکرێ کاریەدەستو فەرمانبەرانی لێ هاتوو دابنرێن بۆ کاروباری وڵات. لەگەڵ ئەوەشدا رێزی خۆم پێشکەش ئەکەم، بەڵام بەپێی ئەحکامی شەرع بۆم هەیەو پێویستە لەسەرم عەرزتان بکەم ئەو بڕیارو فەرمانانە بەجێ ناهێنم کە سوودی میللەتی تیادا نەبێ)). لەئەنجامی ئەوەدا مدحت پاشا دورخرایەوە بۆ ئیتاڵیا.

(پرنس غورچکۆف) ی وەزیری دەرەوەی روسیا لە ٢١/ ١/ ١٨٧٧دا نامەیەکی نارد بۆ دەوڵەتەکانی ئەوروپاو داوای لێکردن کارێکی وابکەن اصلاحاتی دەستوری بکرێ و ئەگەر ئەوان نەیکەن ئەوا قەیسەر ناچار دەبێ خۆی ئەو کارە بەجێ بێنێت و (ئەغناتێف) ی باڵیۆزی روس لە ئەستەمبوڵ نامەیەکی تری نارد بۆ باڵیۆزەکان و ئاگاداری کردن بابی عالی لە پەیمانی (پاریس) لایداوەو ساتێك عبدالحمید بۆی دەرکەوت دەوڵەتە ئەوروپاییەکان

سوورن له بەجێهێنانی اصلاحاتی دەستوری، ئیتر دەم و دەس بڕیاری دانانی مجلسی مبعوثانی دابوو بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە ئەو ئیشە بکاو لە ٩/ ٥/ ١٨٧٧دا ئەنجومەنی مبعوثان هەڵبژێراو لە (سەرای دولمەباغچەسی) لە گەڕەکی (بیشکطاش) ئەو ئەنجومەنە کۆبوەوەو لەو کۆبونەوەیەدا وتارێکی سوڵتان خوێنرایەوە.

بۆ وەرامدانەوەی ئەو وتارەی سوڵتان کێشەیەك پەیدابوو چونکە نوێنەرێکی ڕۆمی (مەبەست یۆنانی) و نوێنەرێکی ئەرمەنی نارەزایی خۆیان دەربڕی بەرامبەر هەندێ لە وتارەکەی سوڵتان چونکە مافی نەتەوەکانی تری (مەبەست غەیری تورك) تیادا روون نەکرابوەوە، بەڵام بەزۆری دەنگ جگەلە (١٨) نوێنەری رۆم ئێلی و ئەرمەن کە دژی بوون وتارەکەی سوڵتان پەسەند کرا (سەیر ئەوەیە لەو ئەنجومەنەدا بێگومان نوێنەری کوردیش هەبوە، ئاخۆ لەبەرچی ئەو نوێنەرانەی کورد هاوبیری یۆنانی و ئەرمەنیەکان نەبوون لەگەڵ ئەوەشدا لە باسی نەتەوەی تورك بەولاوە لەو وتارەی سوڵتاندا ناوی هیچ لایەکی تر نەهێنراوە؟!!)

(پرنس غۆرچکۆف) ی وەزیری دەرەوە بڵاوی کردەوە دەوڵەتی عوسمانی نایەوێ اصلاحاتی دەستوری بکا بۆیە پێویستە بەشەڕ ناچاربکرێ اصلاحات بکاو بەوجۆرە لەنیسانی ١٨٧٧دا شەڕی نێوان روسیاو تورك دەستی پێکردو هەشت مانگی خایاند و روسەکان سەرکەوتن و عوسمانیەکان زیانێکی زۆریان لێ کەوت و ناچارکران پەیمانی (برلین) مۆربکەن.

دەربارەی ناوەڕۆکی مادەکانی اصلاحاتی دەستوری کە لەکاتی دەرچونیەوە هەتا ساڵی ١٩٠٨ نەخرابووە گەڕ و کاری پێ نەکرابوو، دووسەرچاوە دەربارەی ئەوە باسیان کردوە.

سەرچاوە یەکەم بریتیە لەسەرچاوە ٨٢ کە بەدوورودرێژ باسی کردوەو کورتیەکەی بریتیە لە:

١ــ هەموو هاوولاتیەکی عوسمانی بێ جیاوازی ئاین و نەتەوە، مافی سەربەستی هەیەو دەبێ هەموویان وەکو یەك سەیر بکرێن و ئەرکی سەرشانی هەموویان بەرامبەر بەولات وەکوو یەك وایە.

٢ـ نابێ هیچ کەسێك بەبێ دەرچوونی بڕیارێکی یاسایی بگیرێت و بخرێتە ژێر فشاری لێپرسینەوەوە.

٣ـ نابێ هیچ جۆرە دادگایەك دابنرێت بەبێ بوونی بڕیارێکی یاسایی بۆ دروستبوونی و لە دادگا بەولاوە کەسی تر مافی ئەوەی نابێ بەزۆر داوای وەرامدانەوەی پرسیار بکا.

٤ـ پێویستە ماڵو موڵکی هەموو هاووڵاتیەك بپارێزرێ و بەبێ بڕیاری دادگا کەس دەسەڵاتی ئەوەی نیە بچێتە ناوماڵی هیچ کەسێك و بیپیشکنێ یا پرسیاری لێ بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری.

٥ـ بەبێ بوونی بڕیارێکی یاسایی کەس بۆی نیە دوای کەسێکی تر بکەوێ.

٦ـ هەموو هاووڵاتیەکی عوسمانی مافی ئەوەی دەبێ بۆ هەر ولاتێك حەز بکا بۆی بچێت بەنیازی بازرگانی یا بۆ گەشت و گەڕان و بۆی هەیە تێکەڵ بەهەموو کەسێك و هەموو کومەڵگایەك ببێت

٧ـ پێویست بەبوونی ڕەزامەندی حکومەت ناکا بۆ دەرچوونی چاپەمەنی و ناردنی هیچ نامەیەکی تایبەتی نابێ لە دەزگاکانی پۆستەخانەدا ناردنی دوابخرێ و تەنها دادگا مافی ئەوەی هەیە تاوان بداتە پاڵ هەرنووسەرێك کە لەنووسینەکانیا لەبواری ڕێگادانی یاسایی لایدابێ.

٨ـ خوێندن و فێربوون بۆ هەمووانەو کەس نابێ ڕێگە لەوە بگرێ.

٩ـ نابێ هیچ کاروفرمانێك بە زۆرەملێ بسەپێنرێ بەسەر هیچ کەسێکدا کە ئەوکارەی بەدڵ نەبێ.

١٠ـ بێجگە لەوانەی کاروباری شێخایەتی (ئاینی) ئیسلامی دەبەن بەڕێوەو جگە لە وەزیری جەنگ و دەریا، پێویستە هەموو وەزیرەکانی تر لەلایەن صدری ئەعظەمەوە دابنرێن و ناوەکانیان بنێررێت بۆ ئەنجومەنی مبعوثان بۆ پەسەندکردنیان. باڵیۆزەکان بەپێی بڕیاری وەزیری دەرەوەو والیی ویلایەتەکان بە بڕیاری وەزیری ناوخۆ دادەنرێن.

١١ـ پێویستە هەموو فەرمانبەرێك چ بەنووسین بێ یا دەماودەم بێ لە کاروباری پێوەندی بەفەرمانبەری لەخۆی بەرزترەوە بکاو نابێ لەو سنوورە لابداو پێوەندی بەکەسی ترەوە بکا.

١٢ـ ئەگەر دەزگای بەڕێوەبەرایەتی کاروباری صدری ئەعظەم هەڵەیەکی هاتە بەرچاو لەدانانی فەرمانبەرێکدا ئەو دەزگایە بۆی هەیە ئەو هەڵەیە راست بکاتەوە.

١٣ـ پێویستە وەزیری دارایی (دفتردار) هەموسالێك بوجەی سالانەی دەوڵەت ئامادەبکا.

دەربارەی ئەندامانی ئەنجومەنی مبعوثان وەکوو لەو سەرچاوەی ٨٢دا باسکراوە وتویەتی: بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی مبعوثان کە ژمارەیان (٢٨٨) ئەندام بووە، لەمانگی تشرینی دوهەمی ساڵی ١٩٠٨ دا دەستکرا بەهەڵبژاردن و ژمارەی ئەوانەی لەو ئەنجومەنەدا تورك بوون (١٤٧) ئەندام بوون و هەرمیللەتەش بەپێی سەرژمێری خۆی ژمارەیەك نوێنەری بۆ دانرابوو (مانای ئەوەیە بەژمارەی ئەوانی تر ١٤٧ ئەندام بوون و بێگومان کورد لەبەر هەندێ هۆ، بەتایبەتی سەندنی باج و سەربازدان بەحکومەت ژمارەی راستی کورد نەزانراوە چەند بووە بەپێی ئەوە ژمارەی نوێنەرەکانیشی لەو ئەنجومەنەدا بەکەم پیشان دراوە) .

لەپاش دانانی ئەنجومەنی مبعوثان ئەنجومەنی ئەعیان (پیران) یش دانراو لەمانگی کانونی یەکەمی ١٩٠٨دا بەئامادەبوونی سوڵتان و سەرۆکی هەردوو ئەنجومەنەکە کۆبونەوەیەکی گشتی کرا.

ژمارەی ئەوانەی اتحادو ترەقی بوون یا سەریەوان بوون زۆریەی ئەندامەکانیان پێك دەهێناو ئیتر رێگا لەوەگیرا سوڵتان دەس بخاتە ناو هەموکارو بارێکی وڵاتەوە.

پاش ئەوە هەروەکو سەرچاوە ٨٢ باسی کردوە تێکچوون و ناڕێکی تاقمی اتحادو ترەقی و نەیارەکانی ئاشکرابوو لە١٤/ ٤/ ١٩٠٩دا کۆبونەوەیەکی فراوانکراو لەو کۆبونەوەیەدا بڕیاری لابردنی سوڵتان عبدالحمید دراو بەپێی فتوایەکی شێخ الاسلام، محمد رشاد بەناوی سوڵتان محمدی پێنجەمەوە لەجیاتی عبدالحمید کرا بەسوڵتان (لەبەرگی دوهەمدا بەدووردرێژی باسی لابردنی سوڵتان و هەڵوەشانەوەی خلافەت دەکەین) .

بەلام سەرچاوەی ژمارە ٨٨ گۆڤاری هـلال، لەلاپـەڕە ٨٩ بـەدوورودرێژ باسـی ناوەڕۆکی قانونی ئەساسی کردوە کـە لەلایـەن هـەردوو ئەنجومەنەکـەوە بڕیـاری لەسەردرابوو، هـەندێکی لـەوەی سـەرچاوە ٨٢ دەچێـت و هـەندێکی تریشـی جیاوازەو یا لە سەرچاوەی پێشودا باس نەکراوە بەندەکانی بەپێی سەرچاوە ٨٢ نێجگار زۆر دوورو درێژە، بۆیە ئێمە لێرەدا تەنها ئەو مادە گرنگ و ئەساسیانەمان هەڵبژارد کە بەگرنگمان زانیوە کە بەندەکان هەمووی بریتی بووە لە (١١٩) بـەند کە ئەمانەی خوارەوە ئەوانەن ئەو سەرچاوەیەش بە شتی گرنگی داناون:

بەندی یەکەم / دەوڵەتی عوسمانی بریتیە لە دەوڵەت و ئەو ویلایەتانـەی بەهـەموویان وەکوو بەشەکانی لەش پێکەوە بەستراون.

بەندی دووەم / ئەستەمبوڵ پایتەختی دەوڵەتە بـەلام نابـێ هیچ ئیمتیـازێکی هـەبێ لەچاو شارەکانی تردا.

بەندی سێهەم /سەڵتەنەتی دەوڵەتی عوسمانی جێگری خلافەتی ئیسلامی گەورەیەو بەپێی ڕەوشتی کۆن لەژێر دەسـەڵاتی گـەورەترین کـوڕی سـالەی عوسمانیدا دەبێ.

بەندی چوارەم/ جلالەتی سوڵتان پارێزەری دینەو حاکمی هەموو دانیشـتوانی وڵاتـی عوسمانیە.

بەندی پێنجەم / حضرتی سوڵتان مقدسەو بەرپرسیار نابێ بەرامبەر هیچ شتێک.

بەندی شەشەم / مافی سەربەستی بنەماڵەی عوسمانی و موڵك و ماڵ‌و سـامانەکانیان دەپارێزرێت‌و دابینکردنی ژیانیان ئەرکی سەرشانی هەموانە.

بەندی حەوت / (لەم مادەیـەدا لـە دەسـەڵاتەکانی سـوڵتان دواوە: بـەکورتی‌وەکوو: مۆرکردنی پەیمانی نێوان عوسمانی و دەوڵەتانی تر، اعلانی شـەڕو ئاشتی، سـەرکردایەتی هـەموو هێزەکـانی زەمینـی و دەریـایی، لێخۆشبوون و کە مکردنەوەی ماوەی زیندان، کۆکردنەوەی مجلسی عمومی و هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی مبعوثان) .

بـەندی هەشـتەم / لەقـەبی عوسمـانی بەهـەموو هاوڵاتیـانی عوسمـانی دەدرێ بـێ جیاوازی دین و مەزهەب.

بەندی نۆهەم و دەهەم / هەموو هاولاتیانی عوسمانی خاوەنی سەربەستی خۆیـانن و
بۆکەس نیە لەوسنورە لابداو کەس نابێ دەسدرێژی بکاتە
سەر ئەو مافە مەگەر تەنها لەرێی یاساوە نەبێ.

بەندی یانزەهەم / دینی ئیسلام دینی دەوڵەتی عوسمانیە و نابێ دەسـدرێژی بکرێتـە سەر دینەکانی تریش.

بـەندی دوانزەهـەم /چاپەمـەنی و بلاوکردنـەوە شتێکی سەربەسـت و ئـازادە لـە چوارچێوەی یاسادا.

بەندی پانزەهەم / خوێندن و فێربوون شتێکی مەعافە بۆ هەموو کەسـێك لـە سنوری یاسادا.

بەندی حەڤدەهەم /هەموو هاوولاتیەك بەرامبەر بەیاسا وەکوو یەك وایە.

بەندە هەژدەهەم / پێویستە لەسەر ئەوکەسەی دەکرێ بـە فەرمانبـەر لـە دەزگاکـانی دەوڵەتدا زمانی تورکی بزانێت.

بەندی بیستوچوار /کەس نیە لەخۆیەوەو بەخۆڕایی مـالّی کەسێکی تـر زەوت بکـا
وەیا بەزۆرەملێ بـەبێکار ئیـش بەکـەس بکـا جگـە لەهـەندێ
حالّات کە لەکاتی شەڕدا بەپێویست بزانرێ.

بەندی بیستوحەوت هەتا بەندی سیویەك / بەدوورودرێژ باسی ئەنجومەنی وەزیران دەکاو لەوە ئەدوێ چۆن بەرپرسیار دەبن لەبەردەمی صدری ئەعظم دا.

بـەندی سیوشـەش / ئەگـەر پێویسـت بـە دانـانی یاسـایەکی بەپەلـە هاتـە ئـاراوە ئەنجومەنی گشتی لەکاتی کۆبونەوەی گشـتی ئاسـایی خۆیـدا نـەبێ، ئـەوا ئەنجومـەنی وەزیران بۆ بەرژەوەندی و سوودی ولات و هاولاتیان بۆی هەیە لەسـنوری یاسـادا بەباشـی دەزانی بریاری بۆدەربکا بەمەرجێك پێوەندی بەیاساوە هەبێ.

بەندی چلودوو / باسی ئەنجومەنی ئەعیان و ئەنجومەنی مبعوثانە بەدوورودرێژ.

بەندی چلوسێ هەتا بەندی هەشتا / باسی ئەو مەرجانەیان تیادا کراوە کە پێویسـتە لەوکەسانەدا هەبێ کە بیانەوێ ببن بەئەندام لەیەکێك لەو دوو ئەنجومەنەدا.

بەندەکانی هەشتاو یـەك هـەتا بـەندی نـەوەد / باسـی دادگاکـان و چۆنیـەتی دامەزراندنیان و دەسەلاتی دەزگاکانیان

بەندینەوەدوشەش هەتا سەدوحەوت هەموویان باسی کاروباری داراییان کردوە.

ئـەو ئیصلاحـاتی دەسـتورییە هەرچـەند سـولتان مـۆری کردبـوو، بـەڵام لەراستیدا ساتێك تـاقمی اتحادو ترەقـی دەستیانگرت بەسـەرکاروباری وڵاتـدا ئەوشتانەی لەومادانـەدا بەدڵیان نـەبوو هـەموویان پشت گوێ خست و هـەموو دەستوورەکەیان پێشێل کردو ئـەوان لـە سولتان زۆرتـر بـەرەڵلابون بـەئارەزوی خۆیـان کاروبارییـان دەبرد بـەڕێوە و لەهـەموو بەڵێنـەکانی خۆیـان پاشـگەز بوونەوە.

سێهەم: بەشداربونی کورد لەرێکخراوی اتحادو ترەقیدا و هۆی بەشداربوونی

لەباسی چۆنیـەتی دامـەزراندنی اتحـادو ترەقـیو لـە باسـی دروشمـەکانیا لەوەدواین چۆن تاقمی اتحادو ترەقی دروشمی وایان بەرزکردبوەوە کە میللەتانی تری غەیری تورکیش لەناو وڵاتـی عوسمـانیدا هاوکـاری بکـەن لـە تێکۆشـان بـۆ اصلاحـاتی دەسـتوری کـە لەراسـتیدا تـاقمی اتحـادو ترەقـی نەخشـەی ئـەوەیان کێشابوو لەئەنجاما سولتان لابەرن و خۆیان کاروبار بگرنەدەست و کوردیش کە لەو رۆژانەدا چاوی کرابوەوە دەیویست لەو چالاکیانەدا بەشداری بکا کە سوودی کوردی تیادابێ و سـاتێك تـاقمی اتحـادو ترەقـی دەستیان کەوتـە روو کوردیش کەوتە خۆیو دەستیکرد بەدامـەزراندنی کۆمـەڵ و رێکخـراوی کوردی وەکوو لـە باسێکی تایبەتیدا بەدوورودرێژ باس دەکرێت .

لەراسـتیدا کـورد سـاویلکانە روانیبوویانـە تـاقمی اتحـادو ترەقـی و بەدروشمـەکانیان هەڵخەڵـەتابوون. بۆنمونـە باسـێکی سـەرچاوە ٧٨ی (روهـات ئالاکوم) دەخەینە پێش چاو کە باسەکەی بۆ شریف پاشا تـەرخانکردوە لـەوەدا ناپاکیی تاقمی اتحادیەکان روون دەبێتەوە بەرامبەر بەکورد کە لەویاسەدا رۆهات ئالاکۆم وتوویەتی:

((ساتێك شریف پاشا کرا بە باڵیۆزی دەوڵەتی عوسمانی لە (ستۆکهۆڵم) لـەو سەردەمەدا سولتان عبدالحمید لەسەرتەخت بوو کە بە پیاوێکی زۆردار بەناوبانگ بووە، شریف پاشا لەستوکهۆڵمەوە تێکـەڵ بـەچالاکیی ئـەو کۆمـەڵ و رێکخراوە نەبوو کە بۆ چاککردنی باری وڵات تێدەکۆشـان کـە اتحـادو ترەقـی یـەکێك بووە لەوانە دەستیکرد بە هاوکـاریکردن لەگـەڵیانا (وەکـوو بەرلەمـە لەشـوێنی خۆیـدا

باسمان کردوه) نووسەر باسی ئیسحاق سکوتی کردوە وەکوو ئەندامێکی چالاکی اتحادو ترەقی کە لە وەختی خۆیدا لەساڵی ١٨٩٩دا کە لەجنێف بوە نامەیەکی ناردبوو بۆ (تۆنالی حلمی) و لەونامەیەدا باسی ئەوەی بۆ نوسیبوو لەماوەی شەش مانگی دواییدا یارمەتی‌یان لەکوردەکانەوە دەسگیربووە.

بەپێی بۆچوونی (یالچین کوچوك) کە لێکۆڵەرەوەیەکی تورك بووە، ئیسحاق سکوتی لەنامەیەکیدا بۆ تۆنالی حلمی لەوەدا باسی ئەوەی بۆ کردوە شریف پاشای خندان لەپاش ستوکهۆڵم چووە بۆ پاریس و لەوێ هاوکاریی خۆی دەربڕیبوو لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنەکاندا.

پرۆفیسۆر (ت. ی. ئارمی. T. J . Arme) کە ئەویش لێکۆڵەرەوەیەکی سویدی بووە باسی ئەوەی کردوە نوێنەرێکی اتحادو ترەقی بەنەهێنی چوبوو بۆسوید هەروەکوو. Svenskarna Och Osterludet چاپی ستوکهۆڵم ساڵی ١٩٩٢ لاپەڕە ٢٥٥ باسیکردوە.

هەرچەند نووسەری ئەوکتێبە ناوی ئەو نوێنەرەی نەهێناوە لەکتێبەکەیدا، بەڵام لەسەرچاوەیەکی تردا لەلاپەڕە ١٢٥ی کتێبەکەی Mehmed Selahadin ناوی ئەو نوێنەرەی اتحادوترەقی هێناوە کە ئەحمەد رضابەگ بووە (لە دامەزراندنی اتحادو ترەقیدا باسکراوە) .

ئەو ئەحمەد بەگە بەپێی باسەکەی رۆهات ئالاکۆم، بۆ ئەوە چوبوو بۆ سوید کە شریف پاشا ببینێت و ساتێك دەچێتە سوید، (موختار بەگ) ی سکرتێری باڵیۆزخانەی عوسمانی لە ستۆکهۆڵم بەنهێنی باسی ئەو چوونەی ئەحمەد رضابەگ دەگەیەنێت بەکاربەدەستان لە ئەستەمبوڵ و بەمە پێوەندی شریف پاشا و اتحادو ترەقیەکان ئاشکرابوو، سوڵتان داوای لە شریف پاشا کردبوو ئەحمەد رضا بەگ بگرێ بەڵام شریف پاشا فەرمانەکەی سوڵتانی بەجێ نەهێناو پاش ماوەیەك شریف پاشا گوێزرایەوە بۆ (مدرید) بەڵام نەچوو وازی لە کاری دەوڵەت هێناو بەوجۆرەی ئەحمەد رضا بەگ بەهۆی شریف پاشاوە لە مەترسیەکی گەورە رزگاری بوو، بەڵام ئەحمەد رضابەگ ئەو پیاوەتیەی شەریف پاشای لەبەرچاو نەبوو ساتێك أتحادیەکان دوای مۆرکردنی اصلاحاتی دەستوری بوون بە دەسەڵاتدار ئەحمەد رەضا بەگ پیلانی کوشتنی شەریف پاشای

نەخشەکێشابوو. بەو جۆرە بەهۆی ئەحمەد رضا بەگەوە نێوانی شەریف پاشاو حکومەتی ئەستەمبوڵ تێکچوو ساتێك سعید پاشای باوکی شەریف پاشا لەساڵی ١٩٠٧دا کۆچی دوایی کرد شەریف پاشا نەیتوانی بۆ بەشداربوونی پرسەکەی باوکی بچێتەوە بۆ ئەستەمبوڵ (سەرچاوەی رۆهارت ئالاکۆم بۆ ئەمە بریتیە لە Avliden Turksman چاپی ١٩٧٠/١٠/٣٠).

نوسەر ئالاکۆم ئاماژەی بۆ un representant delatur چاپی ساڵی ١٩١٢ کردووە لەوەدا باسی ئەوە کراوە شەریف پاشا لە ستۆکهۆڵمەوە ڕوو دەکاتە پاریس و لەوێ ڕۆژنامەی (مشروطية) دەردەکاو لەو ڕۆژنامەیەدا ڕەفتارە خراپەکانی موختار بەگی باڵیۆزی عوسمانی بڵاو دەکاتەوە. (سەیر ئەوەیە جگە لەو باسەی رۆهارت ئالاکۆم، هیچ سەرچاوەیەکی تر باسی ئەوەی نەکردووە شەریف پاشا ڕۆژنامەی وای لە پاریس دەرکردبێ... تۆ بڵێی هیچ دانەیەکی لە هیچ شوێنێك دەس بکەوێ؟)

رۆهارت ئالاکۆم ئەڵێ: جگە لەو باسانەی شەریف پاشا، لەڕۆژنامەی (ئافتون بلادیت) یشدا کە لەسوید دەرچووە باسێکی تیادا بڵاوکرابوەوە لەژێرناوی (ئابڕووچوونێك لە کۆڕی دیپلۆماتیك) دا لەوەشدا باسی ڕەوشتە خراپەکانی موختار بەگ بڵاوکراوەتەوە.

دەربارەی ئەو کوردانەی لە أتحادو ترەقیدا بەشدار بون، لە لاپەرە ٢٧٤ی سەرچاوە ٤٠دا ناوی هەندێ لە ئەندامانی أتحادو ترەقی هێناوە کەبەناوەکانیانا دەردەکەوێ هەندێکیان کورد بون (بەڵام بەداخەوە ناوی کوردەکانی جیا نەکردۆتەوە) کە بریتی بوون لە:

ئیسحاق سکوتی کە خەڵکی دیاربکر بوە، شرف الدین مەغمومی، عبدالله جودت، محمد رشید چرکس، ئاساف درویش، علی روشدی هەرسکی، محمد غرید حسن زادە، علی بابان، حکمت ئەمین بابان، ئیسماعیل ئیبراهیم بابان زادە، کریم سیباطی، صبری مومکی، ناظم سلانیکی، نجیب دراغا، گلمت بگ، شەکین بەگ، کقواصلی ئیبراهیم بەگ، شفیق کرنلی، جودت عوسمان.

هەمان سەرچاوەی ٤٠ ئاماژەی بۆ باسێکی (خاتو کریستین) کردوە کە وتویەتی یەکەم کۆبونەوەی أتحادو ترەقی لە پاریس کراو لەو کۆنفرنسەدا دوو

سەرکردەی کوردیش بەشدار بون کە بریتی بوون لە عبدالرحمن بدرخان و حکمت بابان و کوردەکان لەو رێکخراوەدا شان بەشانی تورکەکان لە چالاکیدا بون.

عبدالعزیز یامولکی لە کتێبەکەیدا (کوردستان و کورد أختلاللری) سەرچاوە ٦٧ وتویەتی لەسالّی ١٨٩٥دا زۆریەی ئەندامانی أتحادوترەقی لە ئەسستەمبولّ گیران و لەناو ئەوانەدا: ئیسحاق سکوتی، کریم سیباگی، عبدالله جودت، شرف الدین مەغمومی، شێخ نائلی و عبدالقادر ئەفەندی (مەبەستی عبدالقادری شمزینی کوڕی عبدالله بوە)، وعبدالقادر بەوە تاوانبار کرابو بەشدار بوە لە پیلانی أتحادیەکان دژی سولّتان.

هەروەکو دوکتۆر جلیلی لەسەرچاوە ٥٥ دا باسیکردوە، کۆبونەوەی دوهەمی أتحادو ترەقی_ ژۆن تورك لەنێوانی ٢٧_ ١٩٠٧/١٢/٢٩ لەپاریس گیرا کەلەو کۆبونەوەیەدا هەموو رێکخراوە ئۆپۆزیسۆنەکانی تر بانگ کرا بون بۆ بەشدار بون لەو کۆبونەوەیەدا و ئەو کوردە ئاوارانەی لەدەوری رۆژنامەی کوردستان گردبوونەوە بە سەرۆکایەتی عبدالرحمن بدرخان لەو کۆبونەوەی پاریسدا بەشدار بون و بێجگە لەوانە وەفدی ئەرمەنی تورك و کوردە ئاوارە بوەکانی ئەمریکاش ئامادەبون کە زمانی حالّیان بریتی بوە لەرۆژنامەی (ZOYQSA).لەدوای تەواوبونی کۆبونەوەکە، نامیلکەیەك بەچەند زمانێك چاپکراو بلاّوکرایەوە، کە یەکێك لەوزمانانە بەزمانی کوردی بوو، بڕیارەکانی ئەوکونفرانسەی تیادا بلاّوکرایەوە کە بریتیبووە لەلابردنی سولّتان و دانانی دەستورو دامەزراندنی پارلەمان و خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینێکی چەکدارانە هەروەکوو لە ژمارەکانی ٥-٦ی کانونی دوهەمی سالّی ١٩٠٨ بلاّوکراوەتەوە (تۆبلێی دانەیەك لەونامیلکەیە بەزمانی کوردی لای کەس یا لەهیچ کتێبخانەیەکدا دەس بکەوێ؟؟

بێگومان لەناوکوردەکانیشدا هی واهەبوە بۆ سوودی تایبەتی خۆیان چوویونە ناو ئەو رێکخراوەوە، بۆنمونە: سەرچاوەی ژمارە ٤٠ باسی کتێبی (ئەرنست رافررو) ی کردوە کە وتوویەتی لەناو ئەندامانی اتحادو ترەقی دا هی واهەبوە وەکو ئیسحاق سکوتی و عبدالله جودت حەزیان بەوە کردوە لەناو رێکخراوەکەدا بە دوو تورك یا بەدوو هاووڵاتی عوسمانی ناوببرێن (لەگەلّ ئەوەشدا ساتێك ئیسحاق سکوتی مردوە رۆژنامەی کوردستان لەژمارە ٣٠یدا کەلەرۆژی ١ یمارتی

١٣١٨ی کۆچیدا لەجنێف دەرچووە، لەلاپەڕە چواردا بەتورکی باسی کۆچی دوایی ئیسحاق سکوتی و کورتە باسێکی ژیانی کردوە لەژێر ناوی (ضیاع عظیم).

وەکو لەباسی ئەحمەد رامزدا لەبەشی حەفدەهەمدا باس دەکرێ ئەحمەد بەگ رامز یەکێك بووە لەسەرکردەکانی اتحادو ترەقی لەساڵی ١٩٠٨دا.

چوارەم:- پاشگەز بوونەوەی اتحادو ترەقی لە بەڵێنەکانی بەرامبەر بەکورد

ساتێك عبدالحمید ناچارکرا فەرمانی اصلاحاتی دەستوری بکا لەساڵی ١٩٠٨، تا ئەوسا تاقمی اتحادو ترەقی مەبەستەکانی خۆیان ئاشکرا نەکردبوو کورد بەگەرمیەوە هاوکاریون لەگەڵ اتحادو ترەقیدا لەوڕووەوە سەرچاوەی ژمارە ٥٣ جنبشهای کورد لەلاپەڕە ٨٥ باسی ئەوەی کردوە بەرلەوەی اتحادیەکان بەتەواوەتی ببن بەدەسەڵاتدار گەلێ کوردی ناسراوی وەکوو ئەمین عالی بدرخان (ئەمەیەکەم سەرچاوەیە باسی ئەوەی کردبێ ئەمین عالی بدرخان هاوکاری کردبێ لەگەڵ اتحادو ترەقیدا) و سید عبدالقادر شمزینی و شریف پاشاو احمد ذوالکفل پاشا بەنیازێکی پاك چوویونە پێشەوەو بەناوی کوردەوە هاوکارییان کردبوو. اتحادیەکانیش لەسەرەتادا شێخ عبدالقادریان کرد بەسەرۆکی ئەنجومەنی (سەنا - پیران) و ڕێگەیان دا بە عالی بدرخان و شێخ عبدالقادر کۆمەڵێکی سیاسی کورد پێك بێنن و ڕۆژنامەیەکیان بەناوی (کورد تعاون و ترەقی گەزەتەسی) دەرهێناو ڕۆژنامەی (تعاون و ترەقی کورد) بەسەرکردایەتی جمیل بەگ دەرچوو کە بایەخێکی زۆری دا بەفەرهەنگ و زبان و فۆلکلۆری کوردی، بەلام لەساڵی ١٩٠٩ اتحادیەکان کە هێزیان پەیداکرد وردە وردە ساردی کەوتە نێوانیانەوە لەگەڵ کوردەکانا و کوردەکان هەستیان بە مەبەستەکانی تورك کردو ئەوانیش کەوتنە خۆیان پێوەندییان بەئەفسەرانی کوردەوە کرد لەناو سوپای عوسمانیدا و لەگەڵ ئەرمەنیەکانیشدا نزیك بونەوەو دۆستایەتییان پەیداکردو تورکەکان بەرامبەر بەوە تەقەلایەکی زۆریان دا بۆ تێکدانی نێوان کوردو ئەرمەنی و لەگەڵ پیاوە ئاینیەکانی کوردا تەقەلایەکی زۆریان دا لەسەر پێڕەوی کوردە ناسیۆنالیستەکان نەڕۆن لەنزیك بوونەوەیانا لەگەڵ ئەرمەنیەکانا کە بەهاندانی بێگانە دەیان ویست لەناو کوردستانا ببن بە دەسەلاتدارو لەئەنجاما توانییان کوردەکان بکەن بەدوبەشەوە و تاقمی بدرخانی و ڕۆشنبیرەکان دەیان ویست دۆستایەتی لەگەڵ

روسدا پەیدا بکەن (عبدالرزاق بدرخان یەکێك بووە لەو کوردانەی تەقەلایەکی بێ سوودی دابوو بۆ پێوەندیکردن و دۆستایەتی لەگەڵ روسەکانا)، بەلام تاقمەکەی تر بەسەرۆکایەتی شێخ عبدالقادر لەسەر ئەو بیرو بۆچوونەی ئەوان نەبوون و تورکەکان سوودیکی زۆریان لەوناکۆکیەی نێوان هەردولادا دەسگیربوو لەساڵی ١٩١١دا کۆمەڵی رۆشنبیری کوردیان یاساغ کرد (سەرچاوە ٥٣ ئەوکۆمەڵەی بەجامعەی سیاسی ناوبردوە) و جگەلەوە رۆژنامەی (کوردتعاون و ترەقی گازیتسی) و قوتابخانە کوردیەکان داخران (لەبەشی هەژدەهەمدا بەدوورودرێژ باسی کۆمەڵ و رۆژنامەو کۆڤارەکانی ئەو رۆژە دەکەین) و لەئەنجامی ئەوەدا ژمارەیەکی زۆر لە کوردە ناسراوەکان ولاتیان بەجێ هێشت و ئەوانەی مابونەوە بەنەهێنی ئیشیان دەکرد و بەرلەوە لەساڵی ١٩٠٦دا عبدالرزاق بدرخان و علی شامل پاشا بەوە تاوانبار کرابوون دەستیان هەبوە لەکوشتنی مدیری پۆلیسی ئەستەمبوڵدا و چەند کەسێك لەسەرئەوە هەڵواسران و علیشامل پاشا ئاوارە کرابوو بۆ طرابلس لەلیبیا و عبدالرزاق خۆی دەربازکردبوو (لەشوێنی خۆیدا لەپێوەندی کوردو روسدا باسی ئەوەی عبدالرزاق بدرخان کراوە).

ئەوەی شایانی باسە، لەو رۆژانەدا کە تاقمی اتحادوترەقی دەسەلاتیان گرتبووە دەس کە ئەیانویست هەموو کاروبارێکی ناو ویلایەتەکان ببەسرێتەوە بەمەرکەزەوە، بەرامبەر بەوە رێکخراوێکی تر پەیدابوو بەناوی (حریەو ائتلاف) دەربارەی ئەو رێکخراوە، سەرچاوە ٦٣ نوسیوێتی تاقمێك لە رۆژهەلاتناسانی روس باسی ئەو رێکخراوەو هەڵوێستی کوردیان کردوە لەگەڵ ئەو رێکخراوەدا کە کورتیەکەی وەکو ئەوان باسیانکردوە:

((لەساڵی ١٩١١دا دوای ئەوەی عوسمانیەکان لەلیبیا لەلایەن ئیتاڵیەکانەوە شکان و عوسمانیەکان دەرکران و حکومەتی تورك بەوە پەرێشان کراو کورد لەوشەرەدا هاوکاری حکومەت نەبوە و خۆی لە اتحادیەکان دوور خستبوەوەو زۆریەی کورد بەبنەماڵەی بدرخانیەکانەوە بوون بەلایەنگری (حریەو ائتلاف) وکورد دەستی کرد بەجموجۆڵ و گەلێك نامەیان نارد بۆ قونسوڵەکانی روس و تاقمی حریەو ائتلاف لە مانگی تموزی ١٩١٢دا کەوتنە خۆیان و بەڵێنیان دا بەکورد مافی ئەوان پشت گوێ نەخرێو لە ماوەیەکی کەمدا بەهێزبون و

توانیبویان نزیکی (١٧) هەزار کورد بکەن بەلایەنگری خۆیان، بەلام زۆری پێ نەچوو ئەو ڕێکخراوەش هەوڵی ئەوەی دا نێوانی کوردو ئەرمەنی تێك بدلو بڕیاری لێ خۆشبوونیان دەرکرد بۆ عبدالرزاق بدرخـانو سـید طـەو ئەوکوردانـەی لەگەڵ تاقمی اتحادو ترەقیدا ناڕێك بوون، بەلام ئەو پێوەندی و دۆستایەتیەی نێوان ئەو ڕێکخراوەو کوردەکان زۆر کورت خایەن بوو تەنها نیو ساڵ درێژەی کێشا و کوردەکان بۆیان دەرکەوت ئەمانیش شێوەیەکی تر بوون لە اتحادو ترەقی و جگە لەوە ماوەی دەسەلاتدارێتی حریەو ائتلاف ئەوەندە درێژەی نەکێشاو دووبارە اتحادیەکان دەستیانگرتەوە بەسەر هەڵویستاو خۆیان ئامادەکرد دەوڵەتی عوسمانی تووشی شەڕی جیهان بکەن و خۆیان ئالانە ئەو شەڕەوەو ئیتر بەدەسپێکردنی شەڕ هەموو جۆرە چالاکیەکی سیاسی وەستێنرا.

بەشی حەڤدەهەم

بزوتنەوەی سیاسی و رۆشنبیری لە باکووری کوردستان بەر لە شەڕی یەکەم

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە گەلێك رووداوی گرنگ روویدا لەناو ولاّتانی دراوسێی کوردستان وەکوو شۆڕشی روسیا لە سالّی ١٩٠٥داو مشروطیەی ئێران لە سالّی ١٩٠٥ ـ ١٩٠٦داو أصلاحاتی دەستوری لە ولاّتی عوسمانیدا سالّی ١٩٠٨ کە ئەمانە هەموویان بەرهەمی رووداوەکانی بەر لە خۆیان بوون لەسەدەی نۆزدەهەمداو میللەتی کوردیش چاوی کرابووەوەو لە مەبەست و ئامانجی ئەو شۆڕشانە گەیشتبوو چۆن سیاسەتمداران و رۆشنبیرانی میللەتان هەر تاقمە بۆ خۆی کەوتبووە چالاکی و داوای چاکردن و باشکردنی باری ولاّت و ژیانی هاوولاّتیانی خۆیان دەکرد، کوردیش ماوەیەك بوو لەسەدەی نوزدەهەمەوە زانایان و رۆشنبیرانی کەوتبوونە خۆیان و هەستی نەتەوایەتی‌یان بەناو جەماوەری کوردا بلاّو دەکردەوەو میللەتی کوردیان هان ئەدا لەوە زیاتر بیدەنگ نەبن بەرامبەر بە جەورو ستەمی داگیرکەرانی کوردستان و هەروەکوو دوکتۆر جلیلی جلیل لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٥ باسی کردوە، کوردەکانی ئەستەمبولّ لە سالّی ١٩٠٦دا لەبەردەمی دەزگاکانی حکومەتدا لە ئەستەمبولّ خۆپیشاندانێکی گەورەیان کردو بێزاریی خۆیان دەربڕیبو بەرامبەر بە کاربەدەستانی عوسمانی و جەورو ستەمیان لەگەلّ میللەتی کوردا کە بۆ یەکەم جار ئافرەتی کوردیش لەو خۆپیشاندانەدا بەشداریبوون و پاش ئەوە لە سالّی ١٩٠٧دا لە شاری بدلیس خۆپیشاندانێکی لەو جورەی ئەستەمبولّ کرا(٥) هەزار کەس هەموو هاوکاری لابردنی کاربەدەستە پیسەکانی حکومەتی تورکیان دەکرد لە ناوچەکەیاناو داوای

لابردنی والیان دەکردو پەلاماری دائـرەی پۆستەخانەو چەند دەزگایـەکی تـری حکومەتیان داو دەستیان بەسەرا گرت.

جلیلی لەلاپەرە/٥٧ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ کتێبی (خ.م.تفنیکیان) کـردوە چاپی ساڵی ١٩٤٥ کە باسی ئۆپۆزیسیۆنی عوسمانی کـردوە لەگـەڵ (٢٨) ئەفسەری ناو سوپا کە دوو ئەفسەر لەوانە کورد بوون بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە دژی جەورو ستەمی کاربەدەستانی حکومەت.

هەروەها لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٠٨دا لە ئاهـەنگی (شـکر بیری) لـە ئەستەمبوڵ ژمارەیـەکی زۆری کـورد لەبـەر مـاڵی شێخ عبدالقادر شمزینیـدا کۆبوونـەوەو لـەوێوە خۆپیشـاندانێکیان کـرد لەسـەر شـەقامەکانی ئەسـتەمبوڵو دروشمی (پارێزگاری کردن لە دەستور)بەرز کرابووەوەو لەبەر کۆشکی سوڵتانیدا چەند وتارێك دەربارەی ئەوە خوێندرابووەوەو دروشمـی رۆشـنبیرانی کـورد لـەو خۆپیشاندانەدا بریتی بووە لە :

پێشکەوتن...... یەککرتن.

رۆژنامـەی (جامانـاك)ی ئەرمـەنی لـە ژمـارە/٧ی مـانگی تشـرینی یەکـەمو ژمـارە/١٩ی ١٨/ی تشرینی دوهـەمی سـاڵی ١٩٠٨دا باسـی هاوکـاری کردنـی ئەرمەنیەکانی کردوەو لەو رۆژنامەیەدا وتراوە:

((ئەرمەنیەکان لەو کۆبوونەوەیدا هاوکاری کردنی خۆیـان پیشـاندابوو لەگەڵ کوردەکاناو لەگەڵ ئەوانا بە کوردی گۆرانییان دەوتو هاواریان ئەکرد هەردولا بۆ یەك ئامانجو مەبەست تێدەکۆشن)).

بێگومان ئەو بزوتنەوەی نەتەوایەتیەی کورد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کەیشتبووە ئەو رادەیەی کورد رێکخـراوو رۆژنامـەو کۆڤـاری خـۆی هـەبێ شتێك نەبوە هەرلە خۆیەوە هاتبێتە کایەوە بـەڵکوو ژمارەیـەك لـە رۆشـنبیران بەرلـەوە بـۆی تێکوشـابوونو خـەباتیان بـۆ کردبـوو، بـە نوسـینو بـە کـردەوەو بـە بڵاوکردنەوەی باسی ناو رۆژنامەو کۆڤارەکانو ئەو کتێبانەی دایان نابوو کـارێکی وایان کردبوو نەوەیەکی نیشتمانپەروەر بکەونە خۆیانو لەم باسەدا هەوڵئـەدەین باسی ژمارەیەك لەو رۆشنبیرانە بکەین.

یەکەم: ملاسعید (بدیع الزمان) - کە بە سعید نەوڕەسی ناسراوبووە

ملا سعید مامۆستای خلیل خیالی بووەو یەکێك بووە لە زاناکانی سەردەمی خۆیو ڕۆڵێکی زۆر گرنگی بینیوە لە پێشخستنی خوێندنو ڕۆشنبیری لەناو کۆمەڵگای کوردی سەردەمی خۆیدا.

دەربارەی مـلا سـعید (بدیـع الومـان) باسـی دوو سـەرچاوە ئەکـەین لەوانـەی دەربـارەی ژیـانی دواون،یـەکێك لەوانـە : کتێبـی فەرهـەنگو زانسـت، نوسـینو کۆکردنـەوەی محمد صالح ئیبراهیمی ـــ چـاپی تـاران سـاڵی ١٣٦٤کۆچـی، لەلاپەڕە/٢٧١دا لەباسی سعید نەوڕەسیدا وتویـەتی لەسـاڵی ١٨٧٣ی زایـین، لـە ناوچەیەکی بدلیس لەدایك بووەو لە ساڵی ١٩٦٠دا لە شاری (ئورفە)کۆچی دوایـی کردوە (بە پێی ئەمە٨٧ساڵ ژیاوە).

ملا سعید وەختـی خـۆی هـەوڵێکی زۆری دابـوو لـە (وان) زانکۆیـەکی وەکـوو ئـەوەی (ئەزهـەر) دروسـت بکـا بـەڵام تەقـەلاکانی سـەری نـەگرتبوو تورکـە ڕەگەزپەرستەکان ڕێگەی هەموو چالاکیەکیان لێ دەگرتو هـەرجارە بەشێوەیەك سزایان ئەداو ئەیاندا بە دادگا.

ملا سعید نەوڕەسی پتر لـە (٢٩ رسـالەو پـەڕاوە)ی نوسـیوە، یـەکێك لەوانـە کتێبی (رچە ـ یاریچیك بە کوردو عەرەبی داناوەولەوەدا وتوویـەتی :((هەرچـەند مـن مروڤێکـی هـەژاری کـوردم، زۆر شـادمانم چونکـە لـە باوەشـی کێـوە سـەوزو ڕەنگینەکانی کوردستانا پێگەیشتووم)).

قدری جمیل بەگ (زنار سلوپی) لەلاپەڕە/٢٠ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧، لـە باسی ملا سعیدا وتوویەتی: کتێبێکی نوسیوە بەناوی (شهادة حول نكبة مدرستين ـ وەکوو لە کتێبە عەربیەکەی زنار سلۆپیدا ناوی کتێبەکە بەو جـۆرە هـاتووە)، لەو کتێبەدا مـلا سـعید لەلاپـەڕە/٤٤یدا ستایشـێکی زۆری خلیـل خیـاڵی کـردوە (خلیل خیاڵی قوتابی خۆی بووە).

هەرچەندە نوسینی کتێبەکەی بدیع الزمان بە نوسینە تورکیەکـەی زۆر نـاڕێك نوسـیوە لـە ڕووی زمانـەوە، بـەڵام ئـەتوانم وێنەیـەکی پێشـکەش بکـەم لـــەوەی دەربارەی خلیل خیاڵی نوسیویتی کە وتوویەتی:

((خليل خيالّی ـ خەيالّی ـ خەلّكی (موتكی)يەو ئەو كەسەيە بناغەی پيتی ئەبجەدیی كوردیو بناغەی دەستوری زمانی كوردی داناوە، بوونی ئەو كوردە نيشتمانپەروەرە (مەبەست خليل خيالّی) وەكوو ئەستێرەيەكی گەشەداری ناو ئاسمانی كوردستان وايەو مانای ئەوەيە دوارۆژمان ڕۆشنەو لە پاشەرۆژدا چەند كەسێكی تری وەكوو ئەو دێنە كايەوەو خزمەت ئەكەن. خليل خەيالّی دانەری بناغەی چۆنيتی گۆڕينی زمانەكەمانەو داوا لەهاولاّتيان دەكەم ڕێبازی ئەو بگرنە بەرو بيرو بۆچوونەكانی بكەن بە بناغەی سەرەتای دەرسەكانمان)).

(ئای چەند گرنگەو جێی دڵخۆشكردنە لەناو كوردا مامۆستايەكی بەرزی ئەو سەردەمەی وەكوو بديع الزمان ئابەو جۆرە ڕێزی لە قوتابيەكی خۆی گرتوەو بەوەشەوە نەوەستاوە، بەڵكو داوای لە هاولاّتيانی كورديش كردوە پێڕەوێتی ئەو بكەن كە لام وايە لەناو كوردا كەم جار مامۆستای وابەرزو پاك هەڵئەكەوێ بەرامبەر بە قوتابيەكی خۆی).

لێرەدا تاقە سەرنجێكم بەبريدا هات، ئەويش ئەوەيە پيرەمێردی شاعيری بەرزی كورد وەختی خۆی شيعرێكی وتووە كە لە ديوانەكەی پيرەمێردا لە بغداد ساڵی ١٩٧٠ چاپم كردوە پيرەمێرد لەو شيعرەدا لە دێڕێكيدا ناوی (بديع الزمان)ی هێناوە شيعرەكە ئەڵێ :

(كاك ئەحمەد)ەكەی خۆشەويستی خوا	زۆركەس لەسايەی تۆوە نان ئەخوا
لەوانە زياتر من تۆم خۆش ئەوێ	هەرتۆی سەربەرزی قەومەكەت ئەوێ
كە لە زيندانيان تێكخزاندبووين	سێدارەيان بۆ داچەقاندبووين
تۆ چووبوويتە لای (بديع الزمان)	مژدەت دابوويە بە ژيانو مان
فەرموو بووت ئێوە نامرن ئەمێنن	تاسەر ئازادی گەلتان ئەسێنن

لێرەدا پرسيارێك دێتە پێشەوە ئايا پيرەمێرد مەبەستی لەو (بديع الزمان)ە كێبووە؟؟ ئايا مەبەستی ئەم ملا سعيدی بديع الزمانە بووە يا مەبەستی لە شێخ سعيدی پيران بووە كە بەويش وتراوە بديع الزمان؟

دووهەم : خلیل خەیالی

یەکێك بووە لە زاناو ڕۆشنبیرە بەرزەکانی کوردان دانپیانانی مامۆستاکەی کە ملا سعید نەورەسی بووە وەکوو لە پێشتردا باسمانکرد گەواهێکی ئاشکراو ڕوونە کە خلیل خیالی لە ع پلەو پایەیەکی بەرزدابووە. دەربارەی ژیانی خلیل خیالیو چالاکیەکانی، دوو سەرچاوەمان هەڵبژارد کە هەریەکەیان بە شێوەیەك باسی ژیانی ئەویان کردوە.

باسی یەکەم لە لاپەڕە/١٨ی سەرچاوە/٥٧دا (قدری جمیل بەگی دیاربکری) وتوویەتی :

((خلیل خیالی لە بنەماڵیەکی ناسراوی عەشیرەتی (مودان)بووە لە ویلایەتی بدلیسداو هەرلە منداڵیەوە لای (ملا سعید بدیع الزمان)ی مورشیدی ناسراوو بەناوبانگ فێری خوێندن بووەو کەسایەتی ملا سعید کارێکی زۆری کردۆتە سەر ژیانی.

پاش ئەوەی خلیل خەیالی چۆتە ئەستەمبوڵو خوێندنی تەواو کردوە لە دەزگاکانی حکومەتی عوسمانیدا بووە بە فەرمانبەرو دوا کاری بریتی بووە لە محاسبی معهدی کشتوکاڵ لە(خالق ئالی)و زمانی فرنسیو عەرەبی جگە لە تورکیو کوردی زۆرباش زانیوەو هەمیشە لە خەمو خەفەتی دواکەوتنی میللەتی کوردا بووەو دەستیکردوە بە نوسینو دانانی کتێب و دانانی دەستوری زمانی کوردیو قاموسێکی کوردی ئامادەکردوەو لە ساڵی ١٩٠٠دا لە ئەستەمبوڵ پەیوەندی بە وەفدێکی گەنجە کوردەوەکانەوە کردوەو لەگەڵیانا دەربارەی بارو دۆخی ئەو ڕۆژانە قسەی کردوەو لەگەڵیانا دەستی کردوە بە لێکۆڵینەوەو هەستی نەتەوایەتی لەناو ئەو گەنجە کوردانەدا بەهێز کردوەو لەگەڵ (ضیاء ئەفەندی توفیق ئەفەندی) کە لە دیاربکردا دائەنیشت دۆستایەتی پەیدا کردوە.

ضیاء ئەفەندی لە زازاکانی ناوچەی (چرمیك) بووەو بەرلەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ خلیل خەیالیدا پەیدا بکاو ببن بە دۆست بوبوو بە تورکخوایەکی تەواوو نازناوی (ضیاء غیوکلب)ی لەخۆی نابوو یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی (وجاقی تورکی- تورك ئوجاغی)، بەڵام لەدوای ئەوەی بوو بە دۆستی خلیل

خەیاڵی ئیتر زۆربەی کاتی خۆی بە نوسینی دەستوری زمانی کوردی ئەبرد بەڕێوەو خۆی ئامادە دەکرد بۆ دانانی قاموسێکی کوردی.

ساتێك ضیاء ئەفەندی لە معهد دەرکرا (دیارە هەمان معهدی کشتوکاڵ بووە کە خلیل خەیاڵی محاسبی بووە)، ئیتر ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ دیاریکرو لەگەڵ خۆیا کۆپیەکی ئەو بەرهەمانەی لەلایەن حکومەتەوە یاساغ کرابوو (دیارە ئەوانە بووە کە لەگەڵ خلیل خەیاڵیدا ئیشی تیادا کردبوو، یا هەر هی خلیل خەیاڵی بووە) هەمووی دەستنووسکردبوەو لەگەڵ خۆیا بردبوی بۆ دیاریکرو لەوێ هەتا ساڵی ۱۹۰۸ ــ ۱۹۰۹ مایەوە کە إعلانی دەستوور کرا ئەوسا گەڕایەوە بۆ ئەستەمبوڵو هەروەکوو نوێنەری دیاریکر لە ڕێکخراوی آتحادو ترقیدا لە کۆبوونەوەکانی سالانیکدا بەشدار دەبوو.

ساتێك خلیل خەیاڵی داوای موسودەی دەستوری زمانی کوردی لە ضیاء ئەفەندی دەکا بۆی بنێرێتەوە داخوازیەکەی پشت گوێ دەخا بە بیانووی ئەوەی کاتی خۆی هەمووی سووتینرابوو، لەبەر ئەوە خلیل خەیاڵی ناچار دەبێ سەرلەنوێ دەستبکاتەوە بەکارکردن بۆ ئامادەکردنیدەستووری زمانی کوردی)).

دەربارەی ئەو ضیاء ئەفەندیەی ناوی خۆی نابوو (ضیاء غیوکلب)، هەروەکوو لە بەشی شازدەدا لە سەرچاوەی ژمارە/٤٨دا لەوە دواین چۆن ئەو ضیاء ئەفەندیە یەکێك بووە لە تورکە سەرگەرمەکانو خۆی بەتورکێکی رەگەزپەرست زانیبوو، یەکێك بووە لەوانەی کتێبەکەی (مسیولیوڵ کوهین)ی جولەکەی فرنسی کاری تێکردبوو خستبویە سەر ڕێبازی تورکچێتی. هەروەها لە هەمان بەشی شازدەی پێشوودا باسی ئەو (تورکی ئوجاغە)شمان کردوە کەلە ۱۹۱۱/۷/۳دا دروستکرابوو.

دەربارەی خلیل خەیاڵیو چالاکیەکانی، دوکتۆر کمال مەزهەر لەلاپەڕە/۳۷ی سەرچاوە/۲٤دا بەراوردی چالاکیەکانی خەلیل خەیاڵیو عبدالرزاق بدرخانی کردوەو (لەدواییدا باسی ئەویش دەکەین) وتوویەتی :

وەکوو چۆن خلیل خەیاڵی لە کوردستانی تورکیادا بایەخی دابوو بە خوێندەواریو بلاوکردنەوەی رۆشنبیری، بەوجۆرەش عبدالرزاق بدرخان لە کوردستانی ئێرانا تەقەلاکانی کاریگەر بووە. ئەم نیشتمانپەروەرە دڵسۆزە

(مەبەست خلیل خەیاڵی‌یە) خۆی بۆ خزمەتکردنی زمان‌و ئەدەبی گەلی کورد تەرخانکردبوو زۆر بە گەرمیەوە هانی رۆشنبیرانی کوردی ئەدا بە چاوێکی دوربینیەوە بڕواننە ئەو ئەرکە گرنگەی کەوتبووە سەر شانیان‌و بۆی ڕوونکردنەوە نەخوێندەواری دەردێکی کوشندەی کۆمەڵگای کوردە.بە هاندانی مامۆستا خلیل خەیاڵی ژمارەیەك لە رۆشنبیران‌و قوتابیانی کورد لە قوتابخانە بەرزەکانا کۆمەڵی (کورد تعمیم معارف جمعیتی =کۆمەڵی بڵاوکردنەوەی خوێندەواری کورد)یان دامەزراندو بەرلە دەسپێکردنی شەڕی جیهانی فێرگەیەکی تایبەتی لە ئەستەمبوڵدا بۆ مندالانی کورد کردەوە (دوکتۆر کمال لەپەراوێزی لاپەڕە/٣٧دا وتویەتی خوێندن لەو فێرگەیەدا بە زمانی کوردی بووەو قوتابیەکانی بە گیانی کوردایەتی گۆش دەکران، بەڵام بەداخەوە زۆری نەخایان ئەو فێرگەیە لەلایەن حکومەتەوە داخرا).

سێهەم : حاجی قادری کۆیی

ساتێك حاجی قادری کۆڵۆباری پێچایەوەو لە کۆیەوە ڕوویکردە ئەستەمبوڵ کە ئەوسا شوێنی کۆمەڵگای کورد بوو ژمارەیەکی زۆر لە زانایان‌و سیاسەتمەدارانی کوردی تیا کۆبوویوەوەو، حاجی لەوێ تیکەڵیەکی زۆری پەیدا کرد لەگەڵ دانیشتوانی کوردی ئەوێدا بەتایبەتی لەگەڵ بنەماڵەی بدرخانیەکان‌و هەروەکوو سەرچاوەکان باسیانکردوە حاجی قادری شاعیرو نیشتمانپەروەری کورد مامۆستای عبدالرزاق بدرخان بووەو گەلێك مندالی تری لەو رۆژانەدا فێری خوێندن‌و کوردایەتی کردوەو شیعرە ئاگراویەکانی هەوێنی بزواندنی هەستی نەتەوایەتی بووە لەناو دڵۆ مێشکی لاوانی کورداو بێترس‌و سلکردنەوە لەکەس‌و ڕەپو ڕەوان ڕەخنەیەکی توندوتیژی لە سەرکردەکانی کورد گرتوەو کوردی هاندوە ڕچەی بەستەڵەکی کۆنەپەرستی‌و ووشکە ئاینی بشکێنن‌و بچنە سەر ئەو رێبازەی میللەتانی تر لەو رێگەیەوە بە ئامانج‌و مەبەستەکانی خۆیان گەیشتبوون‌و رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کوردی گەلێك لە شیعرەکانیان بڵاوکردۆتەوەو مقداد مدحت بدرخان لەلاپەڕە/٣ی ژمارە/٣ی رۆژنامەی کوردستان کە لە ساڵی ١٨٩٨دا لە قاهیرە دەرچووە هەواڵی کۆچی دوایی حاجی

قادری بەم جۆرە بڵاوکردۆتەوە کە وتوویەتی لە ساڵی رابردودا (واتە لە ساڵی ١٨٩٧دا) کۆچی دوایی کردوە.

بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٥دا دیوانی شیعرەکانی لەلایەن عبدالرحمن سعید (کە حاکم بووە لە سلێمانی) لە بغداد چاپی کردوەو بە پێی دیوانە تازەکەی حاجی کە سردار حمید میران‌و کریم مستەفا شارەزا باسیانکردوەو ١٢٣١/ی کۆچی بەرامبەر بە ١٨١٥ _ ١٨١٦ زایین لە دایك بووەو بەوجۆرە کە لە ساڵی ١٨٩٧دا کۆچی دوایی کردبێ حاجی قادر دەبێ ٨١ _٨٢ساڵ ژیابێ، هەرچەند هەندێ سەرچاوەی تر وتویانە حاجی لە ساڵی ١٨١٧دا لەدایك بووە.

ئەوی راستی بێ، شیعرەکانی ئەحمەدی خانی بەزۆری لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی حاجی قادردا رەنگیان داوەتەوەو هەروەکوو ئەو قورپی پێواوەو بێزاریی خۆی دەربڕیوەو هاواری ئەوەی کردبوو پێویستە کورد لەخەو راپەڕێ‌و بکەوێتە خۆی‌و ئەو کاژە کۆنەی بەری ڕامالێ‌و مشت‌و ماڵی دڵ‌و مێشکی بکاو ئەویش وەکوو ئەحمەدی خانی داوای کردوە چەك‌و قەڵەم یەك بخرێ‌و بە هەردوو چەکەکە خەبات بکاو مافی خۆی وەدەست بێنێت کەلەو روەوە وتوویەتی:

صلاحی ئێوە ئێستاکە سلاحە
تەماعی گەورەیی بێ‌چەك نەکەن نەك
بەشیرو خامە (قەڵەم) دەوڵەت پایەدارە
ئەمن خامەم هەیەو شیر نادیارە

لە شعرێکی تریدا فەرموویەتی :

جۆشێك بدەن وەکوو هەنگ، تەدبیر بکەن بە بێدەنگ
ئەسبابی شەڕ پەیداکەن تۆپ‌و تفەنگ‌و هاوان

پاڕانەوەو تەوەکل لەم عەسرە پارە ناکا
تیرە دوعایی جەوشەن پەیکانە حیزی مەیدان

حاجی قادر دەربارەی ناکۆکی‌و نا تەبایی ناو کورد پێی وتوون:

هەتا وەك ئاگری بن کان لەگەڵ یەك
ئەگەر طوفان بێ لەشکرتان بەپووشەك
لەبەر حیزە بخۆیی‌و ناتەبایی
لەژێر حیزی حیزانا بوینە نۆشەك

حاجی قادر له شیعرێکیدا ڕووی دەمی کردۆتە میللەتی کورد بۆ ئەوەی بایەخ بدەن بە خوێندەواریو ڕۆشنبیریو وتوویەتی:

هەرکوردە لەبەینی کوللی میللەت بێ بەهرە لە خوێندنو کیتابەت
میللەتی بێ کتێبو بێ نووسین غەیری کوردان نیە لەسەر ڕووی زەمین
ڕۆمو جوو، چاکە ئیتفاقی هەیە کوردە بێ غیرەتیو نیفاقی هەیە
وادیارە هەتاوەکوو دنیا بێ کوردەکان دەبێ حاڵیان هەروابێ
حاڵەتی ژێر دەستی هەروایە نۆکەری کاری چاکی بۆ نایە

له هەموو شتێك گرنگتر، حاجی قـادری ئاینداری سـەرگەرمی دینـی ئیسـلام، ئەگەر لـەو ڕۆژانـەدا بەتـەواوەتی نەگەیشتبێتە تینـی، لـەناو ئـەو هـەموو پیاوە ئاینداره بەناوبانگانەی ئەو ڕۆژانەدا نەیدەوێرا گوێ نـەداتیو ڕەخنـەی توندوتیـژ لەو پیاوە ئاینیانە بگرێ کە کەمتەرخەم بوون بەرامبەر بەمیللەتی کورد کە پێـی وتوون:

بەڵێ شێخ قوطبە ئەما قوطبی ئاشە بەنانو نیعمەتی خەڵکە گەڕانی
بڵێن بەو سەرکزۆڵەی کوز پەرستە بەچاوی کلداری بە ڕیشی پانی
کە نەفعێکی نەبێ بۆ قەومو میللەت بەمن چی نەقشبەندی مانو نەمانی ! !

چوارەم : عبدالرزاق بدرخان

لـە کتێبەکـەی سمکـۆدا چـاپی سـتۆکهۆڵم ١٩٩٦ بـە دووروو دریـژ باسـی چالاکیەکانی سیاسیو ڕۆشنبیری عبدالرزاق بدرخان کراوه لە کوردستانی ئێراناو لێرەدا تەنها باسی ئەو چالاکیانەی ئەکەین پەیوەندییان بە باکوری کوردستانەوە هەبوە .

دەربارەی ئەو چالاکیانـەی عبدالـرزاق بدرخـان، دوو سـەرچاوە باسـیانکردوە بەدورو دریژو هەوڵ ئەدەم کورتەی هەردوکیان باس بکەم:

سەرچاوەی یەکەم بریتیە لە کتێبەکەی دوکتۆر جلیلی جلیـل سـەرچاوە/٥٥، لەلاپەڕە/١٧١دا وتوویەتی:

((عبدالرزاق جگه له تەقەلاكانی بۆ پێوەندیكردن لەگەڵ ڕۆمەكانا لەرووی سیاسیەوە بۆ دەسگیربوونی یارمەتی لە ڕۆمەكان، هەوڵێكی زۆریشی دابوو پێوەندی لەگەڵ زانایانو ڕۆشنبیرانی ناو وڵاتی روسیا بكا بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرێ بو خزمەتی ڕۆشنبیری كورد.

بۆ ئەو مەبەستە بایەخێكی زۆری دابوو بەدانانی ئەبجەدییەكی تایبەتی بۆ نوسینی زمانی كوردی لەسەر بناغەی پیتی نووسینەكانی رووس بۆ ئەوەی نووسەری كورد لەو كێشەیە رزگاری ببێ لەكاتی نوسیندا بەپیتی عەرەبی بۆ نووسینی زمانی كوردی (لەدواییدا جلادت بدرخان ئەم ڕێبازەی ئەوی گرتەبەر).

جلیلی بۆ تێهەڵكێشی ئەوباسەی لەوە دواوە ئەو باسەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەكادیمی زانیاری روسی هەندێ باسو دەستنووسی دەربارەی زمانی كوردی بڵاوكردبووەوە، هەروەكوو لە بیبلیۆغرافی روسی كە لە موسكۆ لە ساڵی ١٩٦٣دا چاپكراوە، لەوەدا وتراوە : عبدالرزاق پێوەندیی بە زانایانو شارەزایانی روسەوە كردبوو وەكوو (ن.ی.مار)و (ی.أ. ئۆربیللی)و تەقەلایەكی زۆری دابوو ئەوانەو زانایانی تری روسی یارمەتی كورد بدەن بۆ پێشخستنی باری ڕۆشنبیریو خوێندەواری لەناو كوردلو داوای لەروسەكان كردبوو لە (ستراسبرگ) معهدێك بكرێتەوە بۆ خوێندنی زمانو ئەدەبی كوردی هەروەكوو لازاریف لەكتێبەكەیدا (كوردو كێشەی كورد) باسی ئەو تەقەلایانەی عبدالرزاق بەدرخانی كردوە. عبدالرزاق داوای كردبوو لە زاناكانی روس چەند كتێبێك دەربارەی زمانی كوردیو ئەدەبی كوردی بنوسنو بەرهەمە ئەدەبییەكانی روس وەربگێڕن بۆ زمانی كوردیو بەرهەمی شاعیرە ناسراوەكانی كوردیش بكرێن بەرووسی.

ئەو ئەبجەدییەی (ی.أ.ئۆربیلی) لەكاتی خۆیدا بۆ زمانی كوردی دانابوو لەدواییدا لەساڵانی ١٩١٩ ـ ١٩٢٠دا بوو بەهۆی هاندانی كوردەكانی تفلیس بۆ ئەوەی ئەبجەدییەكی لاتینی بو زمانی كوردی دابنرێ كە لەوەدا خلیل خیاڵیو محمد ئەمین زۆر چالاك بوون لە هاندانی كوردەكان بۆ سەرگرتنی ئەو مەبەستە (لە سەرچاوەكانی تردا شتێكم دەسگیر نەبوو دەربارەی ئەو محمد ئەمینەی وادیارە لە ئەرشیفی معهدی ئەتنوغرافیای سەر بە علومی ئەكادیمی سۆڤێتی ناوی هێناوە).

جلیلی لەلاپەڕە/ ١٨٣ی سەرچاوە/ ٥٥دا باسی چـالاکی ڕێکخراوێکـی کـردوە بەناوی (غیخاندی ـ کەلە هـەندێ سـەرچاوەی تـردا بـەناوی جیهاندانیـەوە نـاوی هاتووە) کە بوبوو بەهۆی گەشە پێدانی هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردەکاناو لەو ڕووەوە هــەروەکوو (ڤیلچڤســکی)ش لەلاپــەڕە/٦١ی کتێبەکــەیدا بــەناوی (کوردەکانی ڕۆژئاوای ئێران) باسی چالاکی ئەو ڕێکخراوەی کردوە کە وتویـەتی ژمارەیـەك کـوردی زانـاو لێهـاتووی سیاسـیو کۆمەڵایـەتی تیایــا بەشـداربوونو بەهەمویان خزمەتێکی گەورەی زمانو ئەدەبی کوردییان کردوە.

جلیلـی لەلاپـەڕە/١٨٤دا باسـی چـالاکی عبدالرزاقـی کـردوە لــە (بترسـبرگ) کەلەوێ چاوی بە (سازانوف)و (کلیـم)ی سـەرۆکی بەشـی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت کەوتبوو، لەو چاوپێکەوتنەدا کلیم داوای لە عبدالرزاق کردبـوو لەگـەڵ ئەرمـەنیو ئاسوریەکانا دۆستایەتی بەهێز بکەنو عبدالرزاق داخوازیەکەی پەسـەند کـردو لـە بترسبرگ لەگەڵ ئەرمەنیەکانا کۆمـەڵێکی پێکـەوە نـاو لـە (تفلیس)و شـارەکانی تری قفقاسدا پێوەندی بە ئەرمەنیەکانەوە کردو سازانۆف لـەو ڕووەوە پشـتگیریی لێ کرد.

لەلاپەڕە /٢٤٩ی کتێبی (پێوەندی نێوان دەوڵەت لـە زەمـانی ئیمپریـالیزمدا) زنجیرەی سـێهەم بەشـی دوهـەم باسـی ئـەوە کـراوە هەرچـەند کلیـم هــەوڵی بەهێزکردنی پێوەندی کوردو ئەرمەنی دابوو لەگەڵ هەندێ ڕوسی تردا بەڵام کلیم وتوویەتی: ((پێشنیازەکانی عبدالرزاق لەم ڕۆژانــەدا بەئاسـانی بـەجێ نـاهێنرێن، بۆیــە ئەوانــەمان هــەڵگرت تــا ئەوکاتــەی دەتوانــین چـــەند قونســـوڵخانەیەك لەکوردستانا، لەهەندێ شارێا دەکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا داوامان لـە عبدالـرزاق کـرد نـابێ کـارێکی وابکـرێ ببێتـە هـۆی دوژمنایـەتیمان لەگـەڵ تورکـەکانا بۆیــە ناشبێ لە ناوچەکانی سەر سنوور نزیك ببێتەوە)).

جلیلی لەلاپەڕە/١٨٦ی کتێبەکەیدا ئەڵێ..هەرچەند عبدالرزاق لەسەفەرەکەی بترسـبرگدا لـەڕووی پرۆگرامـە سیاسـیەکانەوە سـەرکەوتوو نـەبوو، بـەڵام ئـەو دەسکەوتانەی دەربارەی ڕۆشنبیری کورد دەسگیری بوبوو شـتێکی کـەم نـەبوو. جلیلی باسی ڕاپۆرتێکی کردوە لەوەدا (ئوربیللـی) وتوویـەتی سـودێکی زۆری لـە عبدالرزاق دەسگیر بوبوو لە ڕونکردنەوەی هەندێ لە شیعرەکانی ئەحمەدی خانی

له مەم و زیندا و نوریللی بایەخێکی زۆری دابوو بەنوسراوە کوردیەکان لەگەڵ ئەو قاموسە فرنسیە کوردییەی (أ.ژابا) ئامادەی کردبوو.

عبدالرزاق رۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوە لە کردنەوەی بەشی کوردی لە زانکۆی (بترسبرگ) کە لەوێدا نۆریللی کرابوو بە مامۆستا.

دوای ئەو باسەی دوکتۆر جلیلی جلیل، ئیسماعیل شاویس باسێکی بلاوکردۆتەوە لە گۆڤاری رۆژی نویَ ژمارە/٧ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ کە لە شاری سلێمانی دەرچووە، لەلاپەرە/٥٠یدا باسی چالاکیەکانی عبدالرزاق بدرخانی کردوە، هەریە ئیملای بلاوکراوەکەی خۆی پێشکەشی دەکەم:

((میر عبدالرزاق بدرخان لە ساڵی ١٩١٢/١٩١٣دا لەگەڵ چەند پیاوێکی ناسراوی کورد دەچن بۆ شاری سان بترسبرك (لینغراد) و لەویَ (چارنیکۆلا)ی قەیسەری روس ئەبینێت و گفتوگۆی لەگەلا ئەکەن دەربارەی مەسەلەی کورد. بۆ ئەوەی یارمەتی لیَ وەریگریَ بۆ پێکهێنانی حکومەتێك لە کوردستانا لە هەر شەش ویلایەتەکەی کوردستانی تورکیا، لە ئەنجامی ئەو گفت و گۆکردنەدا میر عبدالرزاق بەلێنی لە چارنیکۆلای وەرگرتبوو بۆ دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بە مەرجێك مافی کەسایەتیەکانی وەکوو ئەرمەنیو ئاسوریو کلدانی بپارێزێت لە کوردستانا.

بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزەی گەلی کورد، بەتایبەتی خێزانی بەدرخان و خێزانی شمزینان و دەرسیمیەکان یارمەتی عبدالرزاقیان داو لە ساڵی ١٩١٢دا بۆ بەجێهێنانی ئەم فرمانە گەورەیە لەگەڵ سەرۆکی (بارو لوتفی)کە فیکری بەگی دەرسیمی بوو سەرۆکی گشتی نەقابەی پارێزەران (محامی) دەوڵەتی عوسمانی بوو دوابوو رێك کەوتون بو سەرگرتنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد.

لە کاتێکدا میر عبدالرزاق کۆششی دەکرد بۆ گەلە چەوساوەکەی خۆی، کۆمەلیَ اتحادوترقی لەژێر فەرمانداریێتی ئەنوەر پاشاو طلعت بەگ دژی بدرخان لەکاردا بوون و رۆژنامەکانی (ئەستەمبول)و (وقت)و (سەباح)و (ئیقدام)و (تەصویری ئەفکار) دژی عبدالرزاق ئەیان نووسی هاواریان دەکردو دەیان ووت : عبدالرزاق لەدین وەرگەراوەو خائنە، چونکە هەرەشە لە خەلافەتی عوسمانی دەکا.

ئەمەیان بۆ ئەوەبو لەناو کوردا بیشکێننو ناوی خراپ بکەنو دەیان نووسی میر عبدالرزاق لەگەڵ مۆسکۆدا پەیمانی بەستوەو چل هەزار تفەنگی وەرگرتوە لەگەڵ پارەیەکی زۆر بەخەیاڵی دامەزراندنی حکومەتی کوردستان لەژێر چاودێریی روسیا. رۆژنامەکانی أتحادو ترقی دەیان نووسی : ئەی ئیسلام... ئەی کوردو تورك، ئەمە چۆن ویژدانتان ئەوە پەسەند ئەکا عبدالرزاق بەوجۆرە بکا؟! بەرامبەر بەوە حکومەت بڕیارێکی دەرکرد بە پێی ئەوە بدرخانیو شمزینانیەکانو دەرسیمیەکانیان بەخائن دانا بەرامبەر بەئیسلامو تورك.

ساتێك جەنگی یەکەم هەڵگیرساو لەشکری روس لەدوای پایزی ساڵی ١٩١٤گەیشتە نزیك (وان)و (ئورمیە) میر عبدالرزاق لەگەڵ قوماندانی گشتی روسیا دەبیو لە شاری چاڵدێران کە ئەکەوێتە رۆژهەڵاتی هەرێمی وان لە سنوری ئێرانو لەوێ حکومەتی کوردستان دائەمەزرێنێتو لەشکرێکی بچووك لە خێڵە کوردەکانی سید طەی شمزینیو سمکۆ ئاغای شکاکی کە دوو سەرۆکی کورد بوون لە (باکۆ) بەدیل گیرابوون لەسەر هەوڵو داوای میرعبدالرزاق بەر دەدرێنو هەردوکیان دەگەڕێنەوەو هاویەشی حکومەتی کوردستان دەکەنو میر عبدالرزاق دەسدەکا بە بەڕێوەبردنی کاروفرمانی حکومەتی کوردستانو بۆ ئەو مەبەستە بەیاننامەیەك دەرئەکەنو داوا ئەکەن کورد پێویست ناکا خۆی بکا بە قوربانی لە پێناوی عوسمانیدا چونکە شەڕی نێوان تورکو روس شەڕێکی دینی نیە بەڵکوو شەڕێکی طورانیزمەو هیچ سودێکی گەلی کوردی تیانیەو شەڕێکە لەژێر چاودێرێتی (ولهلم)ی ئمپراتۆرێتی ئەڵمانیادا دەکرێ بەمەبەستی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی طورانیەکان بۆ ئەوەی بەجارێك میللەتی کورد لەناوبەرێ، عبدالرزاق لە بەیانەکەیدا داوای کردبو کورد بێلایەن بن لەو بەیانەدا باسی ئەوەی تیا کرابوو لەو شەڕەدا تورك هەر ئەشکێو بەجێهێشتنو چوڵکردنی ماڵو دێهاتو شارەکانی کورد تەنها بەرژەوەندیی تورکی تیادایەو هیچ سوودێکی بۆ کورد نیە جگە لەسەرگەردانی بەولاوە. عبدالرزاق لە بەیانەکەیدا ئەڵێ : روسیا دوژمنی کورد نیەو روس وەکوو تورکەکان بۆ پڕۆپاگەندە بڵاوی دەکەنەوە چونکە روسیا دانی بە سەریەخۆییو مافی کوردستانا ناوەو لەگەڵ موسوڵمانەکانی روسیادا کردەوەی باشەو یارمەتییان ئەدا. بەرامبەر بەوە

تورکەکان بۆ تەڵەکەبازی بانگەوازێکیان بڵاوکردەوە ئەگەر عبدالرزاق واز بهێنێ لەو کەڵکەڵەیەی لەمێشکیایە ئەوا حکومەت هیچی لێ ناکاو لێی خۆش ئەبێ...

ئیسماعیل شاویس لە کۆتایی باسەکەیدا ئەڵێ بەداخەوە ئەو حکومەتەی کورد لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر پاش کشانەوەی روسیا لە شەڕ ئەویش لەناوچوو کە شەڕ بڕایەوە تورکەکان لە سنوری شاری رواندزدا عبدالرزاقیان لەساڵی ١٩١٨دا بەدیل گرت و درایە دەس علی أحسان پاشا کە سەرکردەی جبهەی عێراق بوو لەوێ بە نهێنی أعدام کرا)).

دەربارەی ئەو یاداشتەی ئیسماعیل حقی شاویس دوو سەرنجی زۆر زەق و ئاشکرا دێنە بەرچاو:

دەربارەی ئەوەی وتوویەتی عبدالرزاق لە بترسبرگ لەگەڵ چارنیکۆلایدا یەکتریان بینیوەو دەربارەی کورد گفتوگۆیان کردوە، بێجگە لەم باسەی ئەو بەهیچ جۆرێك هیچ سەرچاوەیەکی تر باسی گفتوگۆی نێوان عبدالرزاق و بدرخان و نیکۆلای قیصری روسی تیادا نەکراوە، رەنگە ئیسماعیل شاویس مەبەستی بینین و گفتوگۆکردنی عبدالرزاق لەگەڵ نوێنەری قەیسەردا بووبێ نەك خۆی و هەروەکو لەو باسەی دوکتۆر جلیلی‌شدا دەردەکەوێ عبدالرزاق چاوی بە سازانۆف و کلیم کەوتووە کە بەئاشکرا کلیم بەعبدالرزاقی ووتبوو نابێ شتێکی وابکەی دوژمنایەتی نێوان ئێمەو تورکی لێ پەیدا ببێ، رەنگە روسەکان کە شەڕی جیهانی هەڵگیرسا حەزیانکردبێ کوردیش هاوکاریان بێ دژی تورکەکان، بەڵام لەهیچ لایەکیانەوە شتێکی وانەکراوە کە بۆنی ئەوەی لێ هاتبێ حکومەتێکی کوردی دروست بکرێت و ئەگەر بەسووسەش باسی شتی وابکرایە ئەوا ئەبوایە هیچ نەبێ لە یەکێك لەو هەموو راپورت و باسانەی لە دۆکیومێنتەکانی ناو ئەرشیفی روسیادا تۆمار کراون شتێکی وا هەبوایە کە باسی بینینی عبدالرزاق و نیکۆلای کردبێ.

دەربارەی ئەو حکومەتی کوردیەش گوایە میر عبدالرزاق لەکاتی دەسپێکردنی شەڕی جیهانیدا پێکی هێنابوو دوبارە بێجگە لەم باسەی ئیسماعیل شاویس لەهیچ راپۆرت و دۆکیومێنتدا باسی نەکراوەو هیچ نەبوایە ئەبوایە لەناو دۆکیومێنتەکان باسی ئەو بەیانەی حکومەتەکەی عبدالرزاق بکرایە کە ئەو باسی

کردوەو لام وایە تەنها بەدروست بوونی ئەو هێزە بچووکەی ئیسماعیل شاویس باسی کردوە، بەوە حکومەتێکی پێ دروست ناکرێ....

پێنجەم ـ کردی زادە ئەحمەد رامز بەگ

ئەحمەد رامز بەگ یەکێك بووە لەنووسەرو رۆشنبیرە ناسراوەکانی سەردەمی خۆی کە بڵاوکراوەو نوسراوەکانی بەناوی (کردی زادە)وە بڵاودەکردەوە.

زنار سلۆپی (قدری جمیل بەگ)، لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧ لە باسی ئەحمەد رامزدا وتوویەتی یەکێك بووە لەو رۆشنبیرانەی بە خۆشەویستی وڵاتو میللەتەکەی بەناوبانگ بووە لەناو کوردەکانی سەردەمی خۆیداو هەمیشە شانازی بەکوردایەتیی خۆیەوە کردوەو هەروەکوو نوێنەرێکی ویلایەتی دیاربکر بەشداری کردوە لە چالاکیە سیاسەکاناو لە ساڵی ١٩٠٠دا بووە بەئەندامی (جمعیة العزم القوی الکوردستانی) ئەو رێکخراوە بە دەسپێشکەرێتی (فکری ئەفەندی) پێك هاتبوو (دوکتۆر جمال نەبەز لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣١ ئەو کۆمەڵەی بەیەکەم کومەڵێکی کوردی ژماردووە کە لەساڵی ١٩٠٠دا پێك هاتبوو).

لەگۆڤاری (بەیان)ی ژمارە/١٢٦ کانونی یەکەمی ١٩٨٦ بەناوی (م.تەیفوون) لەلایەن مامۆستا شکور مصطفی کراوە بەکوردی باسێکی وەرگێڕاوە کە باسی ئەحمەد رامزی کردوەو وتویەتی :

((ئەحمەد رامز لیجی (دوکتۆر جلیلی لەسەرچاوە/٥٥دا وتویەتی خەڵکی لیجا بووە) لەساڵی ١٩٠٤دا چۆتە مصرو لەگەڵ تاقمی ژۆن تورکدا پێوەندی پەیدا دەکاو لەساڵی ١٩٠٦ لەمصر (مولود نامە)کەی (مەلای باطي) کەبە کرمانجی نوسیبووی لەوێ بڵاوی دەکاتەوەو لەساڵی ١٩٠٨دا کە اعلانی مشروطیە کرا ئەحمەد رامز یەکێك بووە لە سەرکردەکانی أتحادو ترقی.

زنار سلۆپی لەکتێبەکەیدا لەباسی بەرهەمەکانی ئەحمەد رامزدا باسی چەند کتێبێکی کردوە لەلایەن احمد رامز ـ کردی زادەوە نوسراوە وەکوو : ١ ـ خەتایا سەلەفو خەلەف ٢ ـ ئیختبارا دجلەوفرات، یان ژی گازیا هاوار مابین النهرین ٣ ـ پاش ڤەمانا کوردان یان ژی کوردستان.

لەگۆڤاری بەیاندا کەمامۆستا شوکور باسەکەی تیا وەرگێڕاوە بو کوردی باسێکی کتێبێکی تری ئەحمەد رامزی کردوە بەنێوی (دیوانا دەهری ـ دیوانیکی

بچوکی دەهری) کە لەسەر کتێبەکە نوسـراوە کـوردی زادە ئەحمەد رامـز چاپی کردوە.ئەو (دەهری)یەی ئەحمەد رامز دیوانەکەی بۆ چاپکردوە بریتـی بـووە لـە نازنـاوی (حسـێن کـامی) کـە حسـێن کـامی ــ یـا دەهـری شـاعیرو نووسـەرێکی داغستانی بووەو لەو دیوانەی ئەودا چەند شعرو نووسینی ئەحمەد رامزیشی تیادا بووەو بەپێی ئەو کتێبە چاپکراوە حسێن کـامی لـە سـاڵی ١٩١٢ ئـەندامی حزبـی (حریەوأئتلاف) بووە کە لەگەڵ ئیتحادو ترقیدا ناڕێك بووەو ئەحمەد رامز خوشی لەگەڵ طورانیەکانا تێکچووە (بەرلەمە باسی ئەوە کرا کە لە ساڵی ١٩٠٨دا یەکێك بووە لەسەرکردەکانی أتحادو ترقیو وادیارە ساتێك أتحادوترقی لە بەڵێنەکانیان بۆ کورد پاشگەز بوونەوە ئەوسا تێکچووە لەگەڵیان).

لەو باسەی ناو گۆڤاری (بەیاندا) باسی جوامـێریو ئازایـەتی ئەحمـەد رامـزی کردوە کە وەختێك (دەهری ــ حسێن کامی ــ کـە داغسـتانی بـووە) ویسـتبووی کتێبەکەی خۆی چاپ بکا ئەحمەد رامز پێی دەڵێ:

چاپکردنی ئەم کتێبە بەئاشکراو بەناوی خۆتەوە تووشـی گـێرەو کێشـەیەکی زۆرت ئەکاو ئیمرۆ وڵات پێویستی بەبوونی تـۆ هەیـە، باکتێبەکـە بـەناوی منـەوە دەرچێو بڵاویکرێتەوەو ئەگەر کاربەدەستان شـتێکیان دژی کتێبەکـە کـرد بـامن بەرپرسیاریم بەرامبـەری نـەك تـۆ. هێشـتا کتێبەکـە لەچاپخانـەدا دەبـێ پۆلیس دەچێتە سەر چاپخانەکەو دەس بەسەر کتێبەکەدا دەگرنو ئەحمەد رامز لەسـەر ئەوە دەگیرێو دەدرێ بە (دادگای حرب).

باسەکە ئەڵێ : حسێن کامی خۆی دەربارەی ئەوە وتوویەتی :

((ساتێك بردیانم بۆبەر دادگا، تماشام کرد فیداکاری قدر بلند ــ کـوردی زادە ئەحمەد رامز ئەفەندی لەپێش مندا گەیشـتبووە دیوانـی حـربو لـەوێ بـەدادگای وتبوو حسێن کامی هیچ سەروکارێکی بەم کتێبەوە نیە، چونکە کتێبەکـە کتێبـی منە، بەوجۆرە کوردی زادە منی رزگارکردو خۆی هاویشتە ئەو ئاگرەوە)).

حسین کامی لەباسەکەیدا لەسەری ئەڕواو ئەڵێ:

((لەسەر ئەو کتێبەی من دادگای حرب بڕیاری دورخستنەوەی ئەحمەد رامزی دا بۆ قاستەمونی (شارێکە لە باکوری رۆژئاوای تورکیا)و هاوشاریەکانی کوردی زادە دەهاتنە لای من لە گەڕەکی (بەبەك) لە ئەستەمبوڵو داوایـان لـەمن دەکـرد

ڕێگایەك بدۆزمەوە بۆ ڕزگارکردنی کوردی زادەی بێچارەو ساتێك منیش هەوڵم بۆ ئەدا ڕزگاری بکەم کاربەدەستان دلوای سێشتیان لەمن دەکرد:

یەکەم ـ ئەو ڕەخنەیەی لە (طلعت) بەگم گرتبوو لێی پەشیمان ببمەوە.

دوهەم ـ بە قورئانی پیرۆزو بە ناموس و شەرەف سوێند بخۆم ئیتر لەمەودوا جارێکیتر نە بە پەخشان و نە بە شیعر هیچ شتێك دژی اتحادو ترقی نەنووسم.

سێهەم ـ ئەو مووچەیەی حکومەت بۆی بڕیبوومەوە وەری بگرم و قبولیٚ بکەم)).

وادیارە حسین دەهری ئەو مەرجانەی بۆ خۆیان دانابوو ناردبووی بۆ ئەحمەد ڕامزو ئەویش بەم شێوەیە وەرامی دابووەوە:

((نامەکەتم پێگەیشت و بە ساغ و سەلامەتیتان پێخۆشحالٚ بووم ـ زوڵم و زۆری زۆرداران چاومان ناترسێنێت و ئەوەی زۆر غەمگینی کردوم لەم زستانە بێ بەزەییەدا بریتیە لە داخستنی قوتابخانە کە ئەمە بەتەواوی دەری ئەخا ئەوانە لە تاوانبارێتی خۆشیان ناسڵەمێنەوە. کاتێك دەربەدەرکرام و دوورخرامەوە ویستیان بەبەرتیل لە خشتەم ببەن و منیش پێم وتن ناتوانم پارەی خەفێتی (جاسوسی) قبوڵ بکەم و بەرامبەر بەوە بەتلگراف ناڕەزایی خۆمم دەربڕی و ناردم بۆ ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵ لەم بارەوە نامەی ئێوەشم پێ گەیشت کە هەق دەدەن بەمن، من لێرە بەڕۆژنامەو کتێب فرۆشی دەژیم و گوزەرانی خۆمم پێ دابین کردوە، ئەو پارانەی میللەت لە دەمی خۆی دەیگێڕێتەوە بۆ پێشخستنی ڕۆشنبیری نابێ ئێوە لەو پارەیە بۆ منی بنێرن، بەڵکو بیدەن بەو قوتابخانە بێچارەیەی منداڵان بەخۆڕایی و بێپارە فێری خوێندنیان ئەکاو تەنانەت جل وبەرگیشیان بۆ دەکاو بەدانی ئەو پارانە بەمنداڵانی قوتابخانە ئەبێتە هۆی ئەوەی ڕێز لە ئێوەو لە منیش بگیرێ کە ئەمە خەڵاتێکی ئێجگار میژایە بۆ ئێمە. ئیتر سڵاو لە شوکت ئاغای بەغدایی(ئەو شوکت ئاغایە لایەنگری تاقمی حریەو ائتلاف بووە).

امزا

کوردی زادە ـ ئەحمەد ڕامز

هەروەکوو لە گۆڤاری (بەیان)دا باسکراوە حسێن کامی لە نوسینەکەیدا وتوویەتی((شۆڕشی نویّ ڕێزی لە کوردی زادە بە چەپکە گوڵان گرت)). ئەحمەد رامز لەدوای ساڵی ١٩١١ گیراو خرایە بەندیخانەوە، بەڵام هەروەکوو لە ڕۆژنامەی (تقدیم وقائع)ی تورکی باسی کردوە، ئەحمەد رامزو (١٣٠)کەسی تر لەساڵی ١٩١٢ دا لەلایەن حکومەتی ئەحمەد موختار پاشاوە لێخۆشبوونێکیان بۆ دەرچوو ئەوەی ئەحمەد رامز لە لێخۆشبوونەکەیدا ووترابوو: لێخۆشبوون لە کتێب فرۆشی دیاریکری ئەحمەد رامز. بێگومان جگە لەو چەند کەسەی لێرەدا باسمانکردون گەلێك ڕۆشنبیری تری کوردیش خزمەتیان کردوە وەکوو لەباسەکانا ناویان هاتەوە.

بەشی هەژدەهەم

کۆمەڵو ڕێکخراوە کوردیەکان لەباکووری کوردستان بەرلە شەڕی یەکەم

باسی ڕێکخراوە کوردیەکان لە باکوری کوردستانا باسێکی دورو درێژەو ئێجگار ئاڵوزەو تێکەڵە بەباسی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی بەر لە شەڕی یەکەمی جیهان لە دەرەوەو لە باکوری کوردستانا بڵاوکرابوونەوە هەرچەند جیاکردنەوەی باسی کۆمەڵو ڕێکخراوەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان شتێکی پێویست بوو، بەلآم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار لەباسی کۆمەڵو ڕێکخراوەکانا ناچارین بۆ ڕوونکردنەوەی پێوەندیی ئەو کومەڵو ڕێکخراوانە بە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە کە لەلایەن ئەو ڕێکخراوانە دەرچووە لە هەردوو باسەکەدا بیان بەستینەوەو لە هەردوو لادا باسیان بکەین کە لام وایە نابێ ئەمە بە دووبارە کردنەوە بژمێرێ وەکوو هەندێ کەس بۆی دەچن.

بێگومان لەسەرەتای سەدەی بیستداو بەر لەوەش بە ماوەیەك لە سەدەی نۆزدەدا ئەستەمبوڵی پایتەختی عوسمانی شوێنی کۆمەڵگای ڕۆشنبیران و خوێندەوارانی کورد بووە لەو کوردانەی هەڵدەبژێرران بۆ ئەندامێتی (مجلیسی مبعوثان)و ئەوانەش کەلە ڕێکخراوی أتحادو ترقیدا بەنیازی خزمەتی میللەتی کورد بەشدار بوون تیایا، ئەمانە هەمویان لە ئەستەمبوڵ کۆبوونەوەو کومەڵگایەکی کوردەواریان پێك هێنابوو کە جگە لە کوردی باکور، کوردەکانی باشورو ڕۆژهەلآتی کوردستانیش تیکەڵ بوبوون بەو کۆمەڵگایەی کورد لە ئەستەمبوڵدا وەکوو لەناوی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوو کۆمەلآنەو ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی لە باسەکاندا ناویان دێ ڕوون دەبێتەوە.

بەرلەوەی بچمە سەر باسی کومەڵو ڕێکخراوەکان حەزمکرد سەرنجێك دەربارەی ناوی کۆمەڵو ڕێکخراوەکان بخەمە بەرچاو ئەو ناوانە بەهۆی ئەوەی لە سەرچاوە جۆر بەجۆرەکانەوە وەرگیراونو ژمارەیەك لەو سەرچاوانە نووسەرەکانیان بێگانەنو لە نوسینەکانیانا ناوەکانیان بە پیتی نووسینی زمانەکانی خۆیان تۆمارکردوە کە زۆرجار ناوی ڕێکخراوێك لە چەند سەرچاوەیەکدا بە یەك شێوە باس نەکراوە لەکاتی نوسینا، بۆیە داوای لێ بووردن ئەکەم لەو جیاوازی ناوانەی لەو سەرچاوە جۆر بەجۆرانەدا ناویان هاتووە.

بێگومان، جگە لە ڕۆژنامەی کوردستان کە بنەماڵەی بدرخان لە ساڵی ١٨٩٨دا لە قاهرەوە دەستیانکردبوو بە بلاوکردنەوەیو هەندێ لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی تر کە کورد لە دەرەوەی باکوری کوردستان دەریانکردوە، ئەوانەی تر لە باکوردا دەرچون لە کاتی مۆرکردنی اصلاحاتی دەستوریەوە ڕێگە درابوو بەکورد چاپەمەنیو ڕۆژنامەو گۆڤار بەزمانی کوردی دەربکەن لەلایەن ئەو ڕێکخراوانەی ڕێگەی کارکردنیان پێدرابوو ئەگەرچی لەساڵی ١٩٠٠دا (بەرلە اصلاحاتی دستوری) کۆمەڵی عزمی قوی پێك هاتبوو وەکوو لە شوێنی خۆیا باسی دەکەین.

پاشگەز بوونەوەی أتحادوترقی لەو بەڵێنانەی دابویان بەنەتەوەکانی تری غەیری تورك هەموو ئەو نەتەوانەی ناچارکرد هەرلایە بەشێوەی خۆی خەبات بکاو بۆ ئەو مەبەستە گەلێك کۆمەڵو ڕێکخراوی سیاسیو ڕۆشنبیریو کۆمەلأیەتی پێکهێنرا کە کورد یەکێك بووە لەو میللەتانەی کەوتبووە چالاکی بۆ ئەوەی بەرپەرچی ئەو تەقەلایانەی طورانیەکانی أتحادو ترقی بدەنەوە.

دەربارەی ئەوە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لەلاپەڕە/١٠ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٩٢ ئاماژەی بۆ کتێبەکەی (جلال نوری) کردوە بەناوی (مێژووی دوارۆژ)، لەوەدا جلال نوری بە ئاشکرا مەبەستی طورانیەکانی ئاشکرا کردبوو وتبوی : پێویستە عەرەبەکانی سوریا ناچاربکرێن ولأتەکەیان بەجێ بێڵنو (یەمەن)و (حجاز)یش بکرێن بە موستەعمەراتی تورکیو زمانی تورکی بە زۆرە ملێ بسەپێنرێت بەسەر هەموو دانیشتوانی ولأتی عوسمانیداو بکرێ بە زمانی

رەسمی لە کاروباری سیاسیو ئاینیشداو بوتەوەی دوارۆژی خۆمان مسوگەر بکەین پێویستە هەموو دانیشتوانی عەرەبەکان بکرێن بە تورك چونکە ئەگەر کارێکی وا نەکرێ نەوەی تازە پێگەیشتوی عەرەب رۆژ لە دوای رۆژ دەماری نەتەوایەتی یان بەهێزتر دەبێتو لەئەنجاما توشی کارەساتێکی گەورە دەبین.

(جلادت بدرخان لەلاپەرە/٦٦ی کتێبەکەیدا سەرچاوە /٦٠باسی ئەوەی کردوە کە تورکەکان دەیان زانی ئەو کارەیان بەئاسانی سەر ناگرێ لەگەڵ عەرەبەکانا کە زمانەکەیان زمانی قورئان بوو بۆیە هەموو تەقەلاکانیان لەو روەوە ئاراستەی کوردو ئەرمەنیو ئەرنائوطیو چرکسی کردبوو).

دەربارەی کەوتنەخۆی کورد بۆ بەرەنگاربوونەوەی تورکەکانی أتحادو ترقی کە دەستیانکردبوو بە پێشێلکردنی مافی کورد، کاك مسعود بارزانی لەلاپەرە/١٨ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/١٢باسی شێخ عبدالسلام بارزانی کردوە کە پێوەندی هەبوە بە جمعیتی تعالیوترقی کوردو کۆمەڵی هێڤیو جمعیتی استقلالی کوردو لە بەهاری ١٩٠٧دا لەگەڵ شێخ نور محمد بریفکانی کە سەرۆکی تەکیەی (قادری)بوو لەگەڵ چەند سەرۆکێکی تری کوردا تلگرافیان نارد بۆ (بابی عالی)لە ئەستەمبوڵو لەو تلگرافەیانا چەند داخوازیەکیان خستبووە بەرچاو کە بریتی بوون لە :

١ ــ کردنی زمانی کوری بە زمانێکی رەسمی.

٢ ــ پێویستە هەموو کاروبارێك بە پێی یاسای ئیسلام ببرێت بەرێوە.

٣ ــ خوێندن لە قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی بێ.

٤ ــ قائمقامو مدیری ناحیەکانو فەرمانبەران لەوانەبن زمانی کوردی بزانن.

٥ ــ ئەو باجانەی لەخەڵك دەسێنرێ هەروەکوو خۆی بمێنێتەوە (یەعنی زۆر نەکرێ)، بەمەرجێك ئەوەش بۆ چاکردنی رێگاوبانو قوتابخانە تەرخان بکرێ لە ناوچە کوردیەکانا.

وێنەی ئەو تلگرافە نێررا بۆ شێخ عبدالقادری شێخ عبیداللەی نهریو بۆ ئەمین عالی بدرخانو شریف پاشای کوری سعید پاشای خندان.

کاك مسعود لەلاپەرە/٢٠ی کتێبەکەیدا ئەڵێ شێخ عبدالسلام خۆی تلگرافەکەی مۆر کردبوو ناردبویو لەو کۆبوونەوەیەدا هەموو سوێندیان خواردبوو

واز لەو داخوازیانە نەهێنن (سەرچاوەی کاك مسعود بۆ ئەمە بریتی‌یە لە کتێبەکەی (صدیق دملوجی)چاپی موصل ساڵی ١٩٥٢).

ئەوەی شایانی باسە تورکەکانی عوسمانی بەرامبەر بەو داخوازیانە بێدەنگ نەبوونو هێزیکیان ناردە سەر ناوچەکە بەسەرکردایەتی محمد فاضل پاشای داغستانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٠٧دا شێخ عبدالسلام ناچارکرا ڕووبکاتە ئاسوریەکان لەگوندی (تیاری)و لەماوەی شەش حەوت ساڵدا هەمیشە لەلایەن سوپای عوسمانیەوە پەلاماری ئەدراو ساتێك سلێمان پاشای نظیف بوو بەوالی موصل دەستی کردەوە بەناردنی هێز دژی شێخ عبدالسلامو شێخ عبدالسلام لەگەڵ سمکۆدا دەچێ بۆ (تفلیس)و لەوێ چاوی بە نوێنەری حکومەتی روسی قیصری دەکەوێو داوای یارمەتی دانی لێدەکا بۆ کوردو لەڕێگەی گەڕانەوەیدا لەگوندی (کەنکە جین) لەلایەن صۆفی عبدالله ناوێکەوە خیانەتی لێ دەکرێو لە شیرین خەودا عبدالسلام دەگیرێو دەدرێتە دەست حکومەتی عوسمانیو لە ١٩١٤/١٢/١٤دا شێخ عبدالسلام لە سێدارە دەدرێ. (ئەوەی شایانی باسە، صدیق دملوجی لە کتێبەکەیدا ـ الضحایا الثلاث بە دورو درێژ باسی کوشتنی شێخ عبدالسلام بارزانی کردوە).



وێنەی شێخ عبدالسلام بارزانی لەگەڵ نوێنەری روسی قیصری لە تفلیس

دوای ئەو پێشەکیە بەزنجیرە باسی کۆمەڵو ڕێکخراوە کوردیەکان ئەکەین لە باکووری کوردستانا:ـ

۱- کۆمەڵی عزمی قوی

دوکتۆر جمال نەبەز لە لاپەڕە/٩٤ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣١ لەباسی ئەم کۆمەڵەدا وتوویەتی ئەم کۆمەڵە لەساڵی ۱۹۰۰دا پێکهێنراوەو بەیەکەم کومەڵو ڕێکخراوی کورد دەژمێرری.

قدری جمیل پاشا (زنارسلۆپی) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٧بەهەمان جۆر باسیکردوەو وتویەتی بەهۆی (لطفی فیکری)یەوە دروست بوو وکردی زادە احمد رامزی نوێنەری دیاریکر یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی بەرلەمە لەباسی (ئەحمەد رامز ـ کردی زادە) شدا باسی ئەوە کرابووە ئەویش یەکێك بووە لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵە.

۲- کوردستان تعاون و ترقی جمعیتی

لەدوای اعلانی دەستورو دەرچوونی فەرمانی سوڵتان، کوردەکان بەئاشکرا دەستیانکرد بەچالاکیو کۆمەڵێکیان لە ئەستەمبولْ پێکهێنا بەناوی کورد (باکوردستان) تعاونو ترقی جمعیتی لە ساڵی ۱۹۰۸دا گەلێك سەرچاوە دەربارەی ئەو کۆمەڵەو چۆنێتی پێکهێنانیو چالاکیەکانیان نوسیوە.

لەبەرئەوەی ئەم کۆمەڵە، بە بەهێزترین کۆمەڵو ڕێکخراوی کورد دەژمێری کە لەدوای اصلاحاتی دەستووری پێك هاتبوو، لام وایە هەر ئەم کۆمەڵەش بووە کە بووە بە بناغەی ڕێکخراوو بزوتنەوەکانی داهاتوو لە باکوری کوردستانا، بۆیە بەپێویستم زانی باسەکە بکەم بەدوو بەشەوە:

یەکەم : چۆنێتی پێك هاتنی

کۆمەڵی کوردستان تعاونوترقی جمعیتی لە سەرچاوەکانا بەگەلێك شێوە ناوی هاتووە هەرچەند هەموویان هەریەك مەبەستی گرتووەو جیاوازی نێوان ناوەکەی لە سەرچاوەکانا بەهۆی پاشو پێش خستنی هەندێ ووشەوە بووە کە لە زمانی تورکیا پاشوپێش دەخرێ، بو نموونە: دوکتۆر جلیلی جلیل لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٥٥ بەکورد تعاونوترقی جمعیتی ناوی بردوە کەلەمەدا

لەگەڵ ئەوەی (Robert olson)دا یەك دەگرنەوە کەلە سەرچاوە/٨٤دا باسی کردوە.

دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف ـ لەکتێبەکەیدا الجمعیات والمنظمات الاحزاب الکردیة چاپی ١٩٨٩ لەلاپەرە/١٩داو لەو باسەیدا لەسەرچاوە/٤٠دا بە (کوردستان تعالی جمعیتی) ناوی بردوە، بەلاّم دوکتۆر جمال نەبەز لەلاپەرە/٩٤ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣١بە (یەکیتی تعالیو ترقی کورد)و سیامەند احمد عوسمان لەباسەکەیدا سەرچاوە/١٣بە (کۆمەڵی کوردستان تعالیوترقی جمعیتی) ناوی بردوە.

وەکوو دوکتۆر عبدالستار باسی کردوە ئەو کۆمەڵە لەساڵی ١٩٠٨ لەلایەن چەند تێکۆشەرێکی کوردەوە پێکهێنرابوو وەکوو ئەمین عالی بدرخان، شریف پاشای خندان، شێخ عبدالقادری شمزینیو داماد نوالکلفل پاشاو مراد محمد علیو خلیل رامیو کامرانو فواد پاشاو حکمت بابانو حسێنو شکریو فۆادو محمودوعلی لەبابانەکان، سید عبداللەو رمزی بەگی خریوطیو اکرم جمیل بگو نجم الدین حسێنو ممدوح سلیمو حسن حامدو فریدو دوکتۆر شکری محمدو حسین عونی خریوطی، محمدی نوێنەری ملاطیەو ئەمین زەکیو میر ئالای خلیل بگ دەرسیمیو محمود ندیم پاشاو فریق مصطفی پاشا السلیمانی (مەبەست مصطفی پاشا یا مولکییە)و فریق حمدی پاشاو قائمقام محمد امین زکی بگ السلیمانی (مەبەست ئەمین زەکی بەگە مێژوو نوسە)و شێخ علی شیرولیو شفیق ئەفەندی خێزانیو گەلێك کەسی تر

(پیرەمێردی شاعیر وەکوو لەدواییدا باسی دەکەین سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە بووە کە ئەو کۆمەڵە دەری کردوە لەبەر ئەوە بێگومان ئەویش ئەندام بووە).

بەراستی دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف کارێکی زۆر باشی کردوە کە پرۆگرامو پەیرەوی ئەو کۆمەڵەی لە تورکییەوە کردوە بەکوردی کە لە ئەستەمبوڵ لە چاپخانەی استقبال مطبعەسی ساڵی ١٣٢٥ی کۆچی چاپکراوەوەروەکوو لە لاپەرەکانی (٢٣–٣٥دا) بلاّوی کردۆتەوە کردویەتی بە عەرەبی بریتی بووە لە (٢٤)مادە.

عبدالعزیز یـامولکی لەلاپـەڕە/٥٥ی کتێبەکـەیدا سـەرچاوە/٦٧باسـی ئـەوەی کـردوە لـەدوای پێکهاتنی ئـەو کۆمەڵـە دبلۆماسـی ئینگلیز لـەتورکیا تلگرافیـان ناردبوو بۆ باڵیۆزی حکومەتی بریتانیا لە ئەستەمبوڵو بریتانیایان ئاگادار کردبوو دەربـارەی ئـەو کۆمەڵـەو لەئـەنجامی ئـەوەدا حکومـەتی بریتانیـا تلگرافـی پیرۆزباییـان ناردبوو بـۆ ئـەو کۆمەڵـە (کەبەراسـتی شتیوا زۆرکـەم لـە ئینگلـیز وەشابوو) سـەرچاوەکان هەریەکـەیان بەشـێوەیەك باسـی چالاکیـەکانی ئـەو کۆمەڵەیان کردوە، کە کورتەی ئەو چالاکیانە، جگە لـەوەی ئـەو کۆمەڵـە هـەوڵی دابوو هەموو کورد یەك بخاو لەدەوری خۆی کۆیان بکاتەوەو هەموو بەیەك دەنگ داوای مافی نەتەوەی کورد بکەن، دوو تەقەلای تریشی دابوو:

یەکـەم : بایـەخدان بەبلاوبوونـەوەی خوێنـدەواری لـەناو کـورداو کردنـەوەی قوتابخانەو دەرکردنی رۆژنامەیەك کە ئۆرگانی کۆمەڵەکە بێ.

دوهـەم : بەهێز کردنی دۆستایەتی لەگەڵ ئەرمەنەکانا بۆ ئەوەی بەهەردوولا ڕوو بەڕووی اتحادو ترقی ببنەوە کە زۆربـەیان بـە بیروبـاڕوەری طورانیێتـی گۆشکرابوونو لەدڵا نیازیان پاك نەبوە لەگەڵ کوردا.

دەربارەی یەکەم :

وەکوو دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف لەلاپەڕە/٣٥ی ئەو کتێبەیدا بەعەرەبی وەکوو لەپێشەوە باسمانکرد وتوویەتی کۆمەڵێکی رۆشنبیری بەناوی (جمعیة نشر المعارف الکردیة)بەکوردیەکەی وتویەتی (کۆمەڵەی بلاوکردنەوەی زانیاریی کورد) لەساڵی ١٩٠٨دا پێك هـات کـە بریتـی بـوو لـەرێکخراوێکی ئـەدەبیو پـەروەردە کردنو پرۆگرامێكو پێڕەوێك دانرا بۆ ئەو رێکخراوە کە بریتی بووە لە (١٥)مادەو ئـەو رێکخـراوە قوتابخانەیەکیشـی کردۆتـەوە بـەکوردی لەگـەڕەکی (چەمبـەرلی طاش) کە خلیل خیاڵی کرا بەلێپرسراو بۆ ئەوەی منداڵانی کـورد لـە ئەسـتەمبوڵ فێربکرێن.

دەربارەی ئـەو یانەیـە ـــ یا کۆمەڵـە، یارێکخراو، هـەروەکوو لەلاپـەڕە/١٣ی دیوانە تازەکەی پیرەمێرد کەلە بغداد لەسـاڵی ١٩٩٠دا چاپکراوە، لـەوەدا باسـی ئەوە کـراوە پـیرەمێر وتویـەتی ئـەو رێکخـراوە رۆژنامەیـەکی بـەکوردیو تورکـی

دەرکردوە (لەباسی گۆڤارو رۆژنامەکان باسی دەکەین) کە یەکەم ژمارەی لە ۱۹۰۸/۱۱/۹دا دەرچووە، جلیلیش لەلاپەڕە/٦٥ی سەرچاوە/٥٥ ئاماژەی بۆ کتێبی(17-N 1-2 Revue du monde Musulman) کردوە چاپی ساڵی ۱۹۰۹ کە لەلاپەڕە ۱۷۰ – ۱۷۱یدا وتراوە سەرنوسەرەکەی توفیق بووە — کەمەبەست توفیق – پیرەمێرد بووە.

جلیلی لەهەمان کتێبیدا دەربارەی ئەو رێکخراوە وتوویەتی پێکهێنانی ئەو کۆمەڵە بۆ ئەوە بووە هەموو کۆمەڵو تاقمی رۆشنبیرانی کورد لە بۆتەیەکی سیاسیی یەکگرتوودا جۆش پێ بدرێو کۆیانکاتەوە کە (ئەکیمۆڤیچ) ئەو رۆشنبیرانەی بەسێ بەش ناویردون : بدرخانیەکان، شمزینیەکان، بابانەکان.

جلیلی دەربارەی چالاکی کۆمەڵی کورد تعاون‌وترقی جمعیتی لەلاپەڕە/٧٣ی هەمان کتێبدا وتوویەتی کورد تعاونو ترقی زۆری پێ نەچوو دەستی کرد بەچالاکی سیاسیو چەند لقیکی لەناوچەکانی رۆژهەلاتی ئەنادۆڵدا کردەوەو لەدیاربکرو بدلیسو بغدادو موصلو موشو ئەرزرۆم چالاکی زۆریاشی هەبوەو ئەو یانەیەی لەبدلیس کردیانەوە بوویە گەورەترین یانەو ژمارەی ئەندامەکانی هەتا دەهات لە زۆربووندا بوو، بەئاشکرا بەریەرەکانی أتحادوترقی دەکرد کە لە بدلیسدا بوو.

نائبی قونسوڵی روس (ئەکیمۆڤیچ) لەو راپۆرتەیدا رۆژی ۱۹۰۸/۱۰/۲۳ ناردبووی باسی ئەو پەرەسەندنەی یانەکەی بدلیسی کردوەو وتویەتی لەوانەیە ژمارەیان بگاتە چەند هەزار ئەندامێك هەروەکوو لە ئەرشیفی وزارەتی دەرەوەی روسیا/ باڵیوزخانەی روسیا لە ئەستەمبوڵ ساڵی ۱۹۰۸ لەلاپەڕە/٥٨یدا باسی ئەوەی ئەکیمۆڤیچ کراوە.

دەربارەی ژمارەی ئەندامانی لقی بدلیس، لازاریفیش لەلاپەڕە/١٤١ی کتێبەکەیدا وتویەتی ژمارەیان گەیشتبووە (٨٠) هەزار ئەندام (لام وایە مەبەستی ئەندامانی هەموو ناوچەی بدلیس بووبێ چونکە بڕوا ناکەم شاری بدلیس ئەو ژمارەیەی لێ بووبێ). هەروەکوو ئەکیمۆڤیچ باسی کردوە کوردە دەوڵەمەندەکان دەستیانکردبوو بەکۆکردنەوەی پارە بۆ ئەوەی (٤٠هەزار لیرە) کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی بەو پارەیە لە بدلیسدا کارگەیەکی پێ دروست بکەن.

جلیلی لەلاپەڕە/٧٤ی سەرچاوە/٥٥دا باسی ئەوەی کردوە هەرچەند هەندێ لە دەرەبەگو سەرۆك عەشایرەکان بۆ سوودی خۆیان چوبوونە ئەو یانەوەو بوبوون بە ئەندام، بەلاَم پەرەسەندنی یانەکە ترسێکی تەواوی خستبووە دڵی بەڕێوەبەرانی یانەکانیتر، بۆ نمونە ئەرمەنیەکان ئەو چالاکیەیان بە شتێکی پڕ لە مەترسی ئەزانیو هەروەکوو لە راپۆرتی ئەکیمۆڤیچ لە لاپەڕە/٥٨ی ئەرشیفی وزارەتی دەرەوەی روسیا ــ بالیۆزخانەی روسیا لە ئەستەمبوڵدا وتراوە:((یەکێتی کوردەکان سەرنجی زۆر لای راکێشاوە چونکە بەرێکخراوێکی بەهێز دێتە بەرچاو، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەویانەیەدا دەسکرا بە مەشقو فێرکردنی کاروباری سەربازی بەناو پاراستنی ئاسایشی ناوچەکەوە)).

لازاریفیش لەلاپەڕە/ ١٤١ی کتێبەکەیدا ـ کوردو باسی کوردستان ــ باسی ئەوەی کردوە تاقمی أتحادو ترقی لە بدلیس ئەو پەرەسەندنو فراوان بوونەیان پێ ناخۆش بوو، بۆیە لەمانگی ئایاری ١٩٠٩دا ئەو یانەیان داخستو توانیبویان هەندێکیان بەکێش بکەن بەلای خۆیانا.

جلیلی لەلاپەڕە/٧٥ی کتێبەکەیدا باسی راپۆرتێکی تری (ئەکیمۆڤیچ)ی کردوە کە ناردبووی بۆ (زینوفیسف)و بالیۆزی روس لەئەستەمبوڵ لەوەدا رەزامەندی خۆی بۆ دەربڕیوە دەربارەی ئەو داخستنەو وتوویەتی: کوردەکان کە هەتا ئێستە بەهێزترین تاقمن دژی دەستور وەستاون، پێویستە رێگەی ئەوەیان پێ نەدرێ ببن پەلاپەنگری دەستور، لەگەڵ ئەوەدا داخستنی ئەو یانەیە بەدڵی ئەرمەنیەکانەوئەو ترسەی لەدڵدا نەهێشتن کە بەیەکبوونی کورد لەدڵیانا پەیدا بوبوو.

لێرەدا بۆ بەرپەرچی ئەو بۆچوونەی ئەکیمۆڤیچ گوایە ئەرمەنیەکان داخستنی یانەکەی کوردیان پێ خۆشبووە، هەندێ بەڵگە هەیە ئەو بۆچوونەی پووچەڵ دەکاتەوە: بۆ نمونە : هەروەکوو جلیلی باسی کردوە لەسەرچاوە/٥٥دا، رۆژنامەی (غورتس)ی ئەرمەنی لە ژمارە/٣ی رۆژی ١٢/١٠/١٩٠٨دا وتوویەتی ئەو کۆمەڵەی کورد پێوەندییەکی بەهێزی هەبوە لەگەڵ کۆمەڵی طاشناقی ئەرمەنیدا.

رۆژنامەی (جاماناك)ی ئەرمەنیش لەژمارە /١٩ی رۆژی ١٩٠٨/١٠/٧ لەژمارە /٧یدا نوسیبووی کوردو ئەرمەن پێکەوە بۆ یەك ئامانج تێدەکۆشن‌و هەردولایان وەکوو دوو هاوکاری وەك یەك پێکەوە ڕێبازی خەبات‌و تێکۆشانیان گرتوتەبەر.

دەربارەی گرنگێتی ئەو یانە کوردیانەی کۆمەڵی (کورد تعاون‌و ترقی جمعیتی) پێکی هێنابوون (أ. شامبازیان) لە کتێبەکەیدا (مێژووی کوردو ئەرمەنی لەلاپەڕە/ ١٧٧دا وتوویەتی:

((یانە کوردیەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەبوە لە بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردا، چونکە تا ئەوساکە ئەو یانانە پێك نەهاتبوو هەندێ لەکوردەکان خۆیان لەڕیزی تورك دەژمارد، بەلاَم کە ئەو یانانە کرانەوە هەستی نەتەوایەتی لەناو ئەو کوردانەشدا پەیدا بوو بەهێز بوو)).

سەرچاوەکان باسی چالاکیی (کورد نشر معاریف)ی کردوە کە بایەخێکی زۆری دابوو بە بلاَوبوونەوەی خوێندەواری‌و رۆشنبیری لەناو کورداو ئەرکی چاپکردنی کتێبی بەکوردی گرتبووە ئەستۆی خۆی.

(دەربارەی ئەوە جلیلی لەسەرچاوە /٥٥دا ئاماژەی بۆ باسێك کردووە لە رۆژنامەی التاخی رۆژی ١٩٦٧/٧/١٠دا لە بغداد دەرچووە باسی چالاکی کورد نشر معاریفی کردوە کە خلیل خەیالی موتکی ڕۆڵێکی گرنگی هەبوە لە بەڕێوە بردنی کاروباریا.

جلیلی لە سەرچاوە/٥٥دا باسی رۆژنامەیەکی فرنسی کردوە Revue du monde Musulman no:4 لاپەڕە/٥٧٨ ساڵی ١٩١٠ کە باسی ئەوەی کردوە کۆمەڵی کورد نشر معارفی لە ئەستەمبولْ بەپارەی ئابوونەو باربووی کوردەکان بەڕێوە دەچوو کەلە ناوچەی (دیوانیولو) لەجادەی (حاجی پاشا) دەردەچوو؛ لە ئاهەنگی کردنەوەیدا عبدالرحمن بدرخان (٣٠) لیرەی داو بەڵێنیشیدا هەموو مانگ ئابوونەی خۆی بدا.

دەربارەی ئەو ڕێکخراوەی کورد نشر معارفی رۆژنامە ئەرمەنیەکان وەکوو (ئۆرایزۆن)و (ئازاتارماتا)و (جاماتاك) هەریەکەیان بەشێوەیەك باسیانکردوەو لەوە دواون پرۆگرامی وتنەوەی دەرسەکان لە قوتابخانەکەیانا وەکوو پرۆگرامی قوتابخانەکانی تر وابووەو عبدالرحمن بدرخان کرابوو بەلێپسراوی قوتابخانەکە لە

سەرەتادا (٣٠) منداڵی کورد دەرسیان تیادەخوێندو لە دوایـدا ژمارەیـان زۆربـوو لە شوێنەکانی دەرەوەی ئەستەمبوڵیش هەوڵدرا قوتابخانەی لەوجۆرە بکرێتەوە.

رۆژنامـەی (ئـازا تارماتـا) لـەژمارە/ ٩٠ی رۆژی ١٩١٠/١٠/٢٢ داوای لـە رۆشنبیرانی کورد کردبوو کۆڵ نەدەن و داوا لە سەرکردەکانی خۆیان بکەن چالاك بن چونکە دوارۆژی گەلەکـەیان بـەندە بـە بلاو بوونـەوەی هەسـتی نەتەوایـەتی و رۆشـنبیری و پێشـکەوتووخوازەکانی ئەرمـەنی لـە مەبەسـتو چـالاکی کوردەکـان گەیشـتون و داوایـان لێ کردبـوون هەسـتی نەتەوایـەتی لـەناو خـاکی خۆشـیانا بلاویکەنەوە چونکە ئەستەمبوڵ بەشوێنێکی باش و لەباری هەمیشەیی نازانرێت.

(بەراستی ئەم بۆچـوون و بانگـەوازەی ئـەو رۆژنامـە ئەرمەنیـە ئـەوەندەی تـر درۆکانی ئەکیمۆفیچ بـەدرۆ دەخاتـەوە لـە راپۆرتـەکانیا بـۆ باڵیۆزخانـەی روسـی دەنارد لە ئەستەمبوڵ وەکوو لەپێشتردا باسمانکردوە).

دەربارەی ئەو کۆمـەڵی رۆشـنبیرییەی دوکتـۆر عبدالسـتار طـاهر شـریف بـە (کۆمەڵەی بلاوکردنـەوەی زانیـاریی کـورد) نـاوی بـردوە و دوکتـۆر جمـال نەبـەز بەکورد نشر معارفی باسی کردوەو دوکتۆر کمال مەزهـەر لـە سـەرچاوە/٢٤دا بـە (کورد تعمیم معارف جمعیتی) ناوی بردوە، ئەمانـەش هـەمویان هەریـەك کۆمـەڵ بوون و ووشـەکانی پـاش و پێـش خـراون هـەروەکوو ئـەوەی لـەناوی (کوردسـتان تعاون وترقی جمعیتی)دا روویداوە.

دەریـارەی شـوێنی ئـەو قوتابخانەیـەی کـورد تعمیـم معـاریف جمعیتـی کردبویـەوە، دوکتـۆر عبدالسـتار طـاهر شـریف وەکوو لـە سـەرەتادا باسمـانکرد وتویەتی لە گەڕەکی (چەمبەرلی طاش) دروست کرابوو خلیـل خیـاڵی لێپرسـراوی بـووە، لـەوەدا سـیامند احمـد عوسمـان و صـادق شـرفکندی لـە کتێبەکـەیدا سـەرچاوە/٧١ هـەروەکوو عبدالسـتار طـاهر شـریف بـە چەمبـەری طـاش ناویـان بردووە، بەلاَم کریس کوچیرا لەسەرچاوە/٤١دا وتوویـەتی لـە (خـان ویـرلی طـاج) بووە.

تـەنیا سـەرچاوەیەك کـە ناووشـوێنی قوتابخانەکـەی پێکـەوە نـاوبردووە باسەکەی سیامند ئەحمەد عوسمانە سەرچاوە/١٣ کە وتویەتی ئـەو یانەیـە پێـی وتراوە (کورد کوپلری) و شوێنەکەی لە چەمبەرلی طاش بووە.

هەرچۆنێك بوويێ، چ كۆمەڵی كوردستان تعاون‌و ترقی جمعیتی و ئەو یانانەی كە سەرچاوە بێگانەكان بە (club) ناویان بردوەو نوسەرانی تر بـە كـورد تعمیم معاریف جمعیتی ناویان بردوە، پاش ئەوەی تاقمی اتحادو ترقی لـە بەڵێنـەكانی خۆیان پاشگەز بوونەوە هەردووكیانیان داخست.

دوهەم: چالاكیەكانی ئەو كۆمەڵەو بەهێزكردنی پێوەندی لەگەڵ ئەرمەنیەكاندا

بێجگە لـە پێكهێنانی كـورد تعمیـم معـارف جمعیتـی‌و قوتابخانەكەی (كـورد كوپلـری)و دەرهێنـانی ڕۆژنامـەی (كـورد) كـە پـیرەمێرد سەرنوسـەری بـووەو هەندێكی‌تر بە (كوردستان تعاون‌و ترقی گازیتەسی)ناویان بردوە (وەكوو لەباسی ڕۆژنامەو گۆڤارەكانا باسیان دەكەین، بێجگە لەوانە ئـەو كۆمەڵـە هـەوڵێكی زۆری دابوو پێوەندی نێوان كوردو ئەرمەنی بەهێز بكا، هەروەكوو دوكتۆر جلیلی جلیل لەسەرچاوە /٥٥دا باسیكردوەو ئاماژەی بـۆ وتـارێكی (موفتـی زادە) كـردوە كـە داوای بەهێزكردنی نێوان كوردو ئەرمەنی كردبوو لەو ڕووەوە هەواڵنێری ڕۆژنامـەی (غورتـــس)ی ئەرمـــەنی لـــە ژمـــارە/١٣ی ڕۆژی ١٩٠٨/٩/٢١دا وتوویـــەتی : ((قسەكەرێكی یانـەی كـورد بەتـەواوەتی ئـەوەی خسـتە بـەرچاو كـە مەبەسـتی سەرەكی لەدروست كردنی ئەو یانەیە بۆ بـەهێزكردنی دۆستایەتی نێـوان كـوردو ئەرمەنی بووە)).

هـەروەها لەهـەمان ژمـارەی (غورتـس)دا هـەروەكوو جلیلـی لەلاپـەڕە/٧٢ی سـەرچاوە/٥٥دا باسـیكردوە نموونەیـەكی هێناوەتـــەوەو لـە ڕۆژنامەكـەدا بـڵاو كراوەتەوە كە: دوێنێ لە (خاسفیوغ) كە گەڕەكێكە لـە دەورویـەری ئەستەمبوڵ كۆبوونەوەیەكی كوردو ئەرمەنی كرا بەرامبەر بەو دەسدرێژییەی لەلایەن هـەندێ كوردەوە دژی تاقمێك لە ئەرمەنەكان كرابوو، بەرامبەر بەوە ئەرمەنیەكان داوایان لە دەوڵەتی بێگانە كردبوو (مەبەستی ئەوروپاییەكانە) چارەسەری ئـەو كێشـەیە بكەن، بەڵام توانرا لەلایەن ئەرمەنیەكان‌و دوو نوێنەری كوردەوە كە ئەندامی ئەو یانەیـە بـوون ئـەو كۆبوونەوەیـە سـاز بكـەن‌و هـەردولا بێزاری خۆیـان دەربـڕی بەرامبەر بـە ڕوداوەكـان‌و بەرامبـەر بـەو كـارو ڕەفتارانـەی ئەبنـە هـۆی تێكدانـی دۆستایەتی هەردولاو ئەو كۆبوونەوەو ڕێكەوتنە دەنگێكی ئێجگار باشی دابـووەو بوبووە هۆی دڵنیای بوونی هەردوولا لەیەكتری.

۳- حزبی هێڤی (هیوا)

ئەو سەرچاوانەی باسی حزبی هیوایان کردوە دوبارە لەمەشدا هەندێ جیاوازی لە بۆچونەکانیانا دەبینرێ، بۆیە بەپێویستم زانی کورتەی هەندێکیان بخەمە بەرچاو.

بێگومان دوای ئەوەی اتحادو ترقی بوون بە دەسەلاتدارو بەهێز بوون لە بەڵێنەکانیان پاشگەزبوونەوە بەرامبەر بە کوردو کوردستان تعاون و ترقی جمعیتی و کورد تعمیم معاریف جمعیتی و ئەو قوتابخانەیەی لە چەمبەرلی طاش کرابووەو لقەکانی ئەو کۆمەڵەیان لە هەندێ ناوچەی کوردستانا وەکوو بدلیس هەمویان قەدەغە کردن و داخران، ئیتر کورد، بەتایبەتی لە کۆمەڵگای ئەستەمبوڵدا وەنەبووبێ بێدەنگ دانیشتبێت، بەڵکو بەنهێنی کەوتە خۆی و دەستی کرد بەچالاکی نواندن.

سەرچاوەکان هەریەکەیان بەشێوەیەك باسی ئەوانەیان کردوە کە بەشدار بوون لە دامەزراندنی هێڤیدا، بۆ نموونە:

دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف لەکتێبەکەیدا سەرچاوە /٤٠دا لاپەڕە /٢٨٨دا وتویەتی لەساڵی ١٩١٠دا قوتابیە کوردەکانی ناو قوتابخانەی کشتوکاڵ لەئەستەمبوڵ توانیبویان کۆمەڵی (هێڤی) کوردی دامەزرێنن کە ئەندامە دامەزرێنەرە بەناوبانگەکانی برتی بوون لە :

عومەر بەگی جمیل پاشاو قدری جمیل پاشا لەناسراوەکانی دیار بکرو فؤاد تەمۆبەگی وانلی و زەکی بەگو ئەکرەم بەگی جمیل پاشاو ممدوح سلیم و خلیل خەیالی موتەکیش گەورەترین هاندەریان بوو بۆ دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەو خۆشی ئەندامی دامەزرێنەر بوو، لەپاش ماوەیەك شەهید کمال فەوزی و براکەی ضیاء وەهبی و نجم الدین حسین کرکوکی و عزیز بابان و شفیق ئەوراسی و همزە موکسی و طیب علی خرپوتی (دوکتۆر جلیلی جلیل لەلاپەڕە/٥٧ی سەرچاوە/٥٥دا وتوویەتی لەساڵی ١٩٢٥دا ئەو طیب علیە لەوانەبوو لەشۆڕشەکەی شێخ سعیدی پیراندا لەدوای شکاندنی لەگەڵ شەهیدەکانی تردا هەڵواسرا)، عبدالکریم سلێمانی (کریم بەگ کە لەباسی رۆژنامەکانی کۆمەڵی هێڤیدا لەدواییدا باسی دەکەین) وصالح دیاربکری و عبدالقادر دیاربکری و ئاصف

بدرخان‌و مصطفی رەشادی دیاربکری‌و دوکتۆر مصطفی شوقی مـەهابادی‌و محمدی میهری سنەیی‌و دوکتۆر فؤاد حکاری‌و عبدالرحیم حکاریی شاعیر.

دەربارەی کـاتی دروسـتبوونی حزبـی هێڤـی سـەرچاوەکان هەریەکـەیان بەشێوەیەك باسیانکردوە:

١) بلـەچ شـێرکوە لەسـەرچاوە/٦٠داو جنبشـهای کـورد سـەرچاوە/٥٣داو سیامەند ئەحمەد عوسمـان لەسەرچاوە/١٣و صـادق شرفکندی سەرچاوە/٧١و دوکتۆر عبدالستار طـاهر شریف هـەموویان وتویانـە کـە کۆمـەڵی هێڤـی لەسـاڵی ١٩١٠دا درووست بووە (صادق شرفکندی وتوویەتی لە ١٩١٠هێڤی دامـەزراوەو لـە ١٩١٢دا بەئاشکرا کاری دەکرد).

٢) دوکتۆر جمال نەبەز سەرچاوە/٣١و دوکتۆر کمال مەزهەرو رۆبرت ئۆڵسۆن وتوویانە هێڤی لەساڵی ١٩١٢دا دروست بووە.

٣) بـەڵام مینۆرسـکی لەلاپـەڕە/٩٢ی کتێبەکـەیدا سـەرچاوە/٤٣ وتوویـەتی لەساڵی ١٩١٣دا دروست بووە.

٤) جلیلی لەلاپـەڕە/ ٤٨ی گۆڤـاری ڕۆشـنبیری ژمـارە/١١٦ی سـاڵی ١٩٨٧ وتویەتی لە ساڵی ١٩١٢دا دروست بوو وەلە شاری (لۆزان)ی سویسـرەش لقێکی هەبوە بەڵام کە شەڕی یەکەم دەستی پێکرد ئەو کۆمەڵە لە چالاکی کـەوت‌و ئـەو ئەرشیفەی هـەبوو درا بـە عبدالعزیز بابـان بـو ئـەوەی بیپـارێزێ‌و لـەدوای تـەواو بوونی شەڕی یەکـەمی جیهانی کۆمەڵـە دوبارە بەسـەرۆکایەتی ئـاصف بدرخـان دەستی کردەوە بەچالاکی کە ئەکرەمی جمیل پاشا سەرۆکی فخری بووە، بەڵام کە مصطفی کمال بوو بەدەسەڵاتدار دوبارە ئەمەش داخرا.

دەربـارەی چالاکیـەکانی کۆمـەڵی هێڤـی، جگـە لـەدەرکردنی ڕۆژی کـوردو هەتاوی کورد کەلە دواییـدا لـەناو ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـا باسـی دەکـەین، هـەندێ چالاکیشی بووە لە چاپکردنی کوردیدا. بۆ نمونە: دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف لەسەرچاوە/ ٤٠دا باسی ئەوەی کردوە کۆمەڵی هێڤی قاموسی فـێرکردنی زمـانی کوردی‌و تورکی ئامـادە کـردوە کـە بەنـاوی (مینگـر زمـانی کـوردی)یـەوە بـووە لەسـەری نوسـرابوو کتێبـی ژمـارە/١ی کۆمەڵـە لـەدوای شـەڕی جیهـانی لەسـاڵی

١٩٢١دا لەناو کتێبەکانی تردا بەشێوەی کرمانجی‌و بابانی (مەبەست کرمانجی خوارووە) لەچاپخانەی استقبالی بابی عالی ـ (ئەبو سعود) چاپکراوە.

٤- پارتی استقلالی کوردستان

دوکتۆر جمال نەبەز لەلاپەڕە/٩٥ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣١ وتوویەتی پارتی استقلالی کوردستان لەساڵی ١٩١٧دا پێوەندیی بە روسە تزارەکانەوە کرد (مانای ئەوەیە بەر لەتەواو بوونی شەڕی یەکەم ئەو پارتە دروست بوبوو)، بەڵام کە شۆڕشی ئوکتوبر ڕژیمی تزاری سەرنگون کرد هەموو پلانەکان هەڵوەشانەوە.

بەڵام دوکتۆر عبدالستار طاهر شریف وتویەتی لەدوای موتارەکە(مەبەست وەستانی شەڕی یەکەمە)و لە پەراوێزی لاپەڕە/٢٩١دا. سەرچاوە/٤٠وتویەتی هەندێجار بەکۆمەڵەو هەندێجار بە (یانەی کورد)و هەندێجار بە حزبی سەربەخۆیی کورد (استقلالی کوردستان) ناوی هاتووە (ئەمە لەگەڵ ئەوەی دوکتۆر جمال نەبەزدا یەك ناگرێتەوە کە وتویەتی لەساڵی ١٩١٧ پێوەندی بەروسەوە کراوە کە مانای ئەوەیە پێش (موتارەکە) دروست بووە نەك لەدوای ئەوە.

بلەچ شێرکوە (جلادت بدرخان) لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٠ وتوویەتی ئەم کۆمەڵە لە قاهیرەدا لەلایەن سریا بدرخانەوە دروست بوو (بەڵام نەیوتووە لەچ ساڵێکدا دامەزراوە).

بەڵام کاك مسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا سەرچاوە /١٢ لە لاپەڕە/١٨دا لەباسی شێخ عبدالسلام بارزانیدا وتویەتی پێوەندی بەکۆمەڵ‌و ڕێکخراوە کوردیەکانەوە هەبوە کە یەکێك لەوانە (جمعیتی استقلالی کوردستان)بووە. بەپێی ئەو بۆچوونەی کاك مسعود ئەبێ جمعیتی استقلالی کوردستان لەساڵی ١٩١٢دا یا بەرلەوە دروست بووبێت چونکە شێخ عبدالسلام لەساڵی ١٩١٢دا لەلایەن تورکەکانەوە شەهید کرابوو..... تۆ بڵێی ئەو حزبەی جلادەت بدرخان باسی کردوە کە وتویەتی لەقاهرە لەلایەن سریا بدرخانەوە دروست بوبوو ئەو حزبە بووبێ کە لقێکی لەکوردستانا هەبووبێ‌و شێخ عبدالسلام پێوەندی پێوە کردبێ.

دەربارەی ئەوە لـە کتێبـی (القضيـة الكرديـة مـن الضحـاك الى المـلاذ)، لەلاپـەڕە/٥٧دا ئـەمیش وەکوو جـلادەت بدرخـــان وتوویـەتی حزبـی اسـتقلالی کوردستان لە قاهرە لەلایەن سریا بدرخانەوە دامەزرابوو، لقێکیشی لەکوردسـتانا هەبوە بەڵام کە مصطفى کمال بوو بەدەسەڵاتدار ئەو حزبە داخرا.

عبدالستار طاهر شریف لەلاپەڕە/٢٩١ی سەرچاوەی/٤٠دا باسی ئەوەی کردوە چۆن ئەم کۆمەڵە ناکۆکی لـەنێوان ئەندامـەکانیا پـەیدابوو بـوو بـە دوو بەشـەوە، لیستەی بدرخانیەکان‌و لیستەی تاقمی شێخ عبدالقادر ئەفەندی شمزینی.

نوسەر ئاماژەی بۆ باسێکی دوکتۆر ئەحمەد عوسمان کردوە (کوردستان فـی عهد السلام) کەلە گۆڤاری (الثقافة)ی ژمـارە/٢ی سـاڵی ١٩٨٧دا بڵاوکردوەتـەوە (سـەرچاوەی دوکتـۆر ئەحمـەد عوسمـانیش بـۆ باسـەکەی بەڵگەنامەیـەکی نـاو ئەرشیفی وزارەتی دەرەوەی بریتانیایە کە لـەرۆژی ٢٠/٥/١٩٢٠دا لـەژێر نـاوی — یانەی کوردی ـ لەئەستەمبوڵ بوو بەپێی ئەو سەرچاوەیە لیستەی بدرخانیەکان بریتی بوون لە :

١ ـ دوکتۆر عبدالله جودت بەگی خەڵکی خربوط ـ دوکتۆرو نوسەر بووە.

٢ ـ شوکری بەگ بابان ـ لەدیاربکر لەدایك بووە.

٣ ـ شوکری محمد بگ ـ خەڵکی دیاربکر بووە.

٤ ـ جلادت بدرخان.

٥ ـ ئەکرەمی جمیل بەگ.

٦ ـ ئەمین عالی بدرخان (باوکی سریاو جلادت‌و کامران بدرخان).

٧ ـ حسێن حاجی بەگ : پارێزەرو خەڵکی (ئورفە)بووە.

٨ ـ ممدوح سلیم خەڵکی وان ـ نوسەر لە رۆژنـامەی (ژین)دا.

٩ ـ نجم الدین حسێن بەگ ـ خەڵکی کرکوك بووەو مامۆستای علوم بووە.

بارەگـای کۆمـەڵ بەشێوەیەکی کـاتی لـەدەزگای بـەڕێوەبردنی رۆژنامـەی (ژین)دا بووە لە شەقامی (أبو السعود) ـ رێگای (الباب العالی).

بـەپێی ئـەو سـەرچاوەیە، سـریا بدرخـــان لـەقاهیرەوە یاداشـتێکی بـەناوی (ئەحمـەد سریا) نـاردبوو بـۆ نوێنـەرانی دەوڵـەتان (کـە ئەمانـە لەلایـەن (سـیر

وینکیت) لە ١٩١٨/١٢/١٦دا لە دۆکیومێنتی ژمارە (٩٥/٦٠٨/ ٤٣٤)و لەوەدا سریا بدرخان ناڕەزایی خۆی دەربڕیوە بەرامبەر دابەشکردنی کوردستان).

٥- تشکیلاتی أجتماعیە

دوکتۆر عبدالستار لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٤٠وتویەتی پاش داخستنی کۆمەڵی تعالیوترقی (کورد کۆمەڵی تشکیلاتی کۆمەڵایەتی کورد) لەلایەن علی جودتو کامران بدرخانو کمال فوزیو ئەکرەمی جمیل پاشا زادەو دوکتۆر شوکری محمد (مەبەست دوکتۆر محمد شوکری صگبانە کەلە زەمانی کمالیەکانا پەنای بردبووە بەر عێراقو لەکوردایەتی لایداو دەستیکرد بە ستایشی کمالیەکان بۆ ئەوەی رێگەی بدەن بگەڕێتەوە بۆ تورکیا)؛ وممدوح سلیمو سەرۆکی ئەم کۆمەڵە ئەمین عالی بدرخان بووە(باوکی سریاو جلادتو کامران بووە).

لە کتێبی القضیة الکردیة من الضحاك الی الملاذ،لەلاپەڕە/٥٧دا وتویەتی ئەو کۆمەڵە بەناوی (کۆمەڵی شەعبی کوردی)یەوە ناوبراوە، بەڵام دوکتۆر جمال نەبەز لەلاپەڕە/٩٤ کتێبەکەیدا بەناوی (تشکیلات أجتماعیە)وە باسیکردوە.

٦- جمعیتی حریت پرور فرقەسی

رۆبرت ئۆڵسۆن لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ بە (معتدل حریت پرور فرقەسی) ناوی بردوە(Muatadil Hurriet Firkasy) کەبە ئینگلیزیەکەی بەرامبەر بەوە وتویەتی (Moderate Freedom party) هەروەکوو لەو کتێبەی رۆبرت ئۆڵسۆندا باسکراوە ئەو کۆمەڵە رۆژنامەیەکی دەرهێناوە بەناوی (Tanzimat) ـ تنظیمات ـ لوطفی فکری یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو کۆمەڵە کە زۆر دژی تاقمی أتحادو ترقی کورد بووەو کە شەڕی جیهانی دەستی پێکرد جمعیتەکەو رۆژنامەکە هەردوکی داخرا.

٧- رێکخراوی میللەتی کورد

دوکتۆر جمال نەبەز لەپەراوێزی لاپەڕە/٩٤دا، سەرچاوە/٣١ وتوویەتی ئەو رێکخراوە بەناوی (رێکخراوی میللەتی کورد)ەوە بووە.

٨- رێکخراوی ئیرشاد

تاقە سەرچاوەیەکی دەسگیربوو دەربارەی ئەو رێکخراوە بریتیە لەکتێبەکەی دوکتۆر جلیلی جلیل سەرچاوە/٥٥ کەلە لاپەڕە/١٩٤دا وتوویەتی بریتی بووە لە رێکخراوێکی نهێنی لەمانگی ئابی ١٩١٢دا دروست بووەو بەپێی ئەو راپۆرتو

نامانەی لەباڵیۆزخانەی روسەوە لەتورکیاوە نێرراوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی روسیا باسی ئەوە کراوە کوردەکان بەنهێنی رێکخراوێکیان پێکەوەنابوو بەناوی (ئیرشاد)ەوە کە لیژنەیەکی تایبەتی سەرپەرشتی کردوەو بەڕێوەی بردوە بو ئەوەی ڕاپەڕینێك دەس پێبکرێ دژی حکومەتی تورك.

نوسەر ئەڵێ: هەروەکوو (خیرالدین برازی) بەنامەیەك (شترمین)ی قونسوڵی روسی لە ئەرزرۆم ئاگادار کردبوو ئەو لیژنەیە لەچەند کەسێك پێکهاتبوو وەکوو: عزیز بەگ، زیرکی عقید ئەفەندی، ئەلاشکیر تسکی، شێخ ئوصمان(عوسمان) ئەفەندیو بکر ئەفەندی. ئەو رێکخراوە چاپخانەیەكو صندوقی پارەی خۆی هەبوەو ئەندامەکانی ئابوونەو مانگانەی خۆیان داوەو چاپخانەکەو قاسەی پارەکە لای بکر ئەفەندی بووە لە(خنیس).

لە راپۆرتێکی (شتر مین)دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی روسیا دەربارەی چاوپێکەوتنی بەخیرالدین برازی وتوویەتی: ئەو لیژنەیە بەنهێنی پەیوەندی ئەکا بەلقەکانیەوە لە (وان)و (دیاربکر)و (ئورفە)و شوێنەکانی تر. بەپێی راپۆرتەکان، لیژنەکە خیرالدین برازی ڕاسپاردبوو چاوی بە کوردەکانی ئەرزرۆمو بدلیسو بایەزیدو موش بکەوێ بۆ گفتوگۆ کردنو خۆ ئامادەکردن بۆ ڕاپەڕینێك.

بەپێی راپۆرتەکەی (شتر مین) واپیارە لیژنەکە لەرووی داراییەوە دەسکورت بووەو ئەگەر پارەی هەبوایە دەیتوانی لەماوەی (١٥) رۆژدا دەس بکا بە ڕاپەڕینو لەبەر ئەوە خیرالدین بەگ چاوەڕوانی یارمەتی حکومەتی روس ئەکا (ئەوە شایانی باسە بنەماڵەی (برازی) لەسوریا لەو کوردانەن لە باکوری کوردستانەوە لەتاو جەوری تورکەکان رووبانکردۆتە سوریا کە ئەو خیری بەگە یەکێك بووە لەو بنەماڵەیە).

جلیلی لە باسەکەیدا ئەڵێ: رێکخراوی ئیرشاد بۆ ئەوەی هەندێ پارە پەیدا بکا بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیو بۆ ئەوەی بتوانێ چەك بکڕێ بڕیاریدا باجو پیتاك کۆبکاتەوە کە لەو رۆژانەدا کوردەکانی سێرتو دەوروبەری بشیری، غارزان ئەمانە باجیان نەدەدا بەحکومەت بەڵکوو دەیان دا بەحەسەنو سلێمان بدرخان.

لەبەهاری ١٩١٣دا سەرۆکەکانی ناوچەی شیروانی سەر بە سێرت کۆبوونەوەیەکیان کرد بو گفتوگۆ کردن دەربارەی دروستکردنی ئەمارەتێکی سەربەخۆی کورد.

بەشی نۆزدەهەم

ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان تا شەڕی یەکەمی جیهان کە پەیوەندییان بە باکوری کوردستانەوە هەبوە

لەباسی پێشوودا باسی ڕێکخراوو کۆمەڵو حزبو جمعیەتە کوردەکانمان کرد کە لەلایەن کوردەوە ـ بەتایبەت کوردەکانی باکور ـ پێك هاتبوو، لەوەش دواین هەندێ لەو ڕێکخراوو کۆمەڵانە گۆڤارو ڕۆژنامەیان دەرکردوە چ لەتورکیا بوبێ یا لەوڵاتی دەرەوە کە ئاوارەکانی کورد دەریانکردوەو ئەم بەشەمان بۆ ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە دەرکردوە کە سەرچاوەکانی خۆمانەو بێگانە لەسەریان نوسیوە.

دەتوانرێ دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بکرێن بەسێ قۆناغ

١ ـ قۆناغی یەکەم : بریتیە لە ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ١٣١٤/٤/٩ی کۆچیدا لەقاهرە یەکەم ژمارەی دەرچووەو دوا ژمارەی لە ١ی نیسانی ١٣١٨ی کۆچیدا دەرچووە.

٢ ـ قۆناغی دوهەم : لەدوای اعلانی دستوری عوسمانی لەساڵی ١٩٠٨دا ڕێگە کرایەوە بۆ کورد ئەویش دەستبکا بەچالاکی سیاسی خۆیو کۆمەڵی تعاونو ترقی جمعیتی ڕۆژنامەیەکیان دەرکرد بە ناوی (کورد) کە هەندێ سەرچاوە بە (کورد تعاون‌وترقی غزەتەسی) باسیانکردوە.

٣ ـ قۆناغی سێهەم : دەرچوونی گۆڤاری (ڕۆژی کورد) لەلایەن کۆمەڵی هێڤی‌یەوە کەلە دواییدا ناوی گۆڤارەکە گۆڕراو کرا بە (هەتاوی کورد).

بێجگە لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە چەند بڵاوکراوەو چاپەمەنیەکی تریش دەرچووە لە هەندێ سەرچاوەدا ناوەکانیان هاتووە.

عدد ١ | سالا عوٚلي | ژوٚیر ١

كردستان

١٣١٥

حجي كاغذك في ريكه
دژي ريكت مصري مز
ناف خوٚيي في جريده‌يه
لاو بدرخان پاشا
مقداد مدحت بكي
هر جار دوٚهزار جريده‌يا
بي پره آزيـــ ريكم
كردستاني ده بدن خلكى
پازده روژا جاركي نيت
نفيساندن

❊ كردلري ايقاظ وتحصيل صنايعه تشويق ايچون نشر اولنور ❊

❊ اون بش گونده بر نشر اولنور كردجه غزته‌در ❊

عنوان
مصرده «كردستان» غزته‌سي
صاحب ومحرري بدرخان
پاشا زاده
❊ مقداد مدحت ❊
مرطبنده . . . «نسخه كردستان»
ولايت مقالات ارسال ورسائلى ايله
قرار نسبيه‌نشر وتسبيح اولنه جقدر

كردستان خارجنده هر بر
ايچون سنه‌لك ابونه بدلي
٨٠ غروشدر
كردستان داخلنده مصروص
استيلارى مجانا گوندريلور

❊ روژا پنجشنى ده ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه‌في ٩ نيسان سنه ١٣١١ ❊

بسم الله الرحمن الرحيم

صد هزار شكر وحمد ژ خدى تعالى‌ره آم مسلمان
خلق بكرن، وطالبنا علم ومعرفتيره هش وزكا داىه . در حقا
طلبا دنا علم ومعرفتيره گلك آيتين جليله واحاديث شريفه
هنين دناپيده چقاس مسلمان هين گوند وباژيرين
هيا ده مكتب ومدرسه وجريده هنن دناپيده چه ديه
به تابه جريده دنفيسن . جقاس تيت ژ كرداره كرد
ژ گلك قوما زيده‌تر خوي هش وزكانه چابين دبين
خوده راست وقويه خورتين ودپسا وكه قومين دي
نه خوندانه نه‌دزاندن دناپيده چه ديه جيران وان وسفوف
چاوه‌يه وى چه بكه بظانن لوما رب‌خديده من آف
جريده باما نفيسى بازنا خدى تعالى باش نهو هر پازده
روژاده جاركي آزي جريده‌كي بنفيسم . ناف في من كريه
(كردستان) في جريده‌يده آزى بحثا قنجيا علم ومعرفتا بكم

لكوردري معروف دعله لكوردري مدرسه ومكتبن فتح هنه
ازي نيشا كردا بكم لكوردري چه شر دبه دولتين مظن چه
دكن چاوه شر دكن تجارت چاوه دبه ازي حيا حكات
بكم حتى نهو كسي جريده‌كي هولي نفيسي‌يه آف جريده‌يا
مناها يا عوٚلي‌يه لوما وي گلك كيابي هبين . ازهيفي دكم
كيايا جريده‌يي ژمنره بنفيسن حي يتشت وكي نو چه دبن
بكين باشي هنكي دبه دكره ريده اقه ايدي آزي دست
مقصدى بكم . (ومن الله التوفيق)

حضرت پيغمبر عليه الصلوة والسلام گوتي‌يه « العلماء
ورثة الانبياء » انكو علما وارثين انبيانه ژ طرف خديده
مامورن وعظ ونصيحتي بدن خلكى ريا قنج نيشا وان
بكن لوما گلي علماين كردا چاوه اون وعظ ونصيحتا
نيزى ددن ولى درفي اون مير وآغا وكرمانجين دناسن
وان تشويقا طالبنا علم ومعرفتى بكن ريا قنج نيشا وان
بكن هكي اون وي بكن گنهي حما سطوى وه‌يه

ژمارە یەکی رۆژنامەی کوردستان لە قاهیرە

دەربارەی ڕۆژنامەی کوردستان چەند سەرچاوەیەك باسیانکردوە کـە هـەندێ جیاوازی لەنێوان سەرچاوەکانا هەیە، بۆیە بەپێویستم زانی لەو سەرچاوانە بدوێم کە بەلای منەوە ڕاستترین سەرچاوە بریتیە لـە ژمارەکـانی ڕۆژنامەکـە خـۆی کـە مامۆستا محمد امـین بـوز ئەرسـلان کـارێکی ئیجگـار باشـی کـردوە بـەوەی لــە دووبەرگدا فۆتۆکۆپیەکانی بلاوکردۆتـەوەو بـەپیتی لاتـینو بەشێوەی کرمـانجیی ژورو هەموو باسی ژمارەکانی چاپکردوە لەساڵی ١٩٩١دا لە سـتۆکهۆلم کـە بـرای بەڕێزو خۆشەویستم دوکتۆر عمر شێخ موس بەدیاری ئەو دوو بەرگەو فۆتۆکۆپـی ژمارەکانی گۆڤاری ژیـن (١٩١٨ ــ ١٩١٩)ی بـۆی نـاردوم کـە ئەمـەی دوهـەمیان لەبەرگی دوهەمی کتێبەکەدا باس دەکرێن.

کـاك جمـال خەزنـەدار لەلاپـەڕە/١٧ی ڕابـەری ڕۆژنامەگـەریدا سـەرچاوە/١٤ لەباسـی ئـەم ڕۆژنامەیـەدا وتوویـەتی ڕۆژنامەیـەکی نیـو مـانگی بـووە، خـاوەنو نوسـەرەکەی مقـداد مدحـتو عبدالرحمـن بـەدرخان بـووەو (٣١) ژمـارەی لێ دەرچووەو شوێنی دەرچوونی ژمارەکانی باسکردوە کـە لەگـەڵ فۆتۆکۆپیـەکانی محمد امین بوز ئەرسلاندا یەك دەگرنەوە.

بـەلاَم زۆرم لاسەیربوو ئـەمین زەکـی لـە زۆرکـەس شـارەزاتربووە لــەچالاکی ڕۆشـنبیرانی ئـەو ڕۆژانـەو هـەتا دوای شـەڕی جیـهانیی یەکـەم لـە ئەسـتەمبوڵدا مابووەوە بەلاَم لەبەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا مێژووی کوردو کوردستان وتوویەتی ڕۆژنامەی کوردستان لەلایەن مدحت بەگی کـوڕەزای بدرخانـەوە لـە ئەسـتەمبوڵ دەرچووەو سـاتێك نـەخۆش کـەوتوە عبدالرحمـن بدرخـان لـە پێشـدا لـەقاهیرەو لەدواییدا لە (جنێف) دەری کردوە هەروەکوو لەلاپەڕە/٣٥١ی کتێبەکـەیدا باسـی کردوە.

ئەمین زەکی لەو لاپەڕەیەدا وتوویەتی : لەدوای اعلانی دەسـتوری عوسمـانی (مەبەسـتی سـاڵی ١٩٠٨بـووە) جـارێکیتر ئـەو ڕۆژنامەیـە لەلایـەن (سـریا بدرخان)ەوە دەرچووەو لەکاتی شەڕی جیهانیشدا هـەردەرچووە کە ژمارەکـانی (٣١)ژمارە بووە.

وەرگێڕی کتێبەکەی ئەمین زەکی بۆ عـەرەبی محمد علـی عونـی لەپـەراوێزی لاپـەڕە/٣٥١ی کتێبەکـەی ئـەمین زەکیـدا وتوویـەتی : ((ئـەو ژمارانـەی لــەکاتی

شەڕی جیهانیدا دەرچووە شوێنی چاپکردنیان نەزانراوە، بەڵام ئەوەی من بزانم سریا بدرخان بەر لە شەڕی یەکەم ڕوویکردە قاهیرەو لەساڵانی ١٩١٥ ــ ١٩١٦دا ڕۆژنامەیەکی دەرکرد بەزمانی کوردیو تورکی کە مانگی دووجار بەنازناوی خۆیەوە(عزیزان)دەریکردووە.بەوجۆرە دەردەکەوێ کە ئەمین زەکی لەکتێبەکەیدا تاقە سەرچاوەیە کە وتویەتی ڕۆژنامەی کوردستان لەپێشدا لە ئەستەمبولْ دەرچووە کە[redacted] پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئایا تۆ بڵێی جگە لەو ژمارانەی محمد امین بوز ئەرسلان فۆتۆکۆپیەکانی چاپکردون، بەرلەوە بە زنجیرەیەکی جیاواز لەو (٣١) ژمارەیە مدحت بدرخان ڕۆژنامەیەکی بەهەمان ناوەوە چاپکردبێت کە هیچ شوێنەوارێکی دیارنیەو هیچ سەرچاوەیەکی تریش باسی نەکردوە؟؟ یا تۆبڵێی ووشەی (ئەستەمبولْ) هەڵەی چاپەمەنی بووبێ کە ئەمین زەکی باسی کردوە؟.

دوکتۆر مارف خەزنەدار لە لاپەڕە/٩٣ی کتێبەکەی مینۆرسکیدا سەرچاوە/٤٣ وتوویەتی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانم لە ئەکادیمی زانستی سۆڤێتی دیوە لە لیننگراد کە پاشکۆیەکی لەگەڵدا بووە بە زمانی فرنسی بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕۆژنامەکەو بۆ پڕوپاگەندەکردن بۆی وەکوو لە لاپەڕەکانی(٣ - ٤)ی ژمارە دووهەمی ساڵی ١٩٨٦ی گۆڤاری چوارچرا لە سوید لەلایەن دەستەی نوسەرانیەوە باسی گوڤاری (ئاهانیت)ی ساڵی ١٩٠٠یان کردوە کەلاپەڕە/١٣٩ی دا باسی ڕۆژنامەی کوردستانی کردوە کە نووسەرانی ئەو ڕۆژنامەیە بایەخێکی زۆریانداوە بە گرنگێتی خوێندەواریو داوایان لە کورد کردوە بکەونە خۆیانو دەس بکەن بەچالاکی.

هەمان گۆڤاری چوارچرا لەو باسەیدا ئاماژەی بۆ ڕۆژنامەی (دروشاك)ی ئەرمەنی کردوە لەساڵی ١٩٠٠دا دەربارەی ڕۆژنامەی کوردستان وتوویەتی:((ئیمرۆ وا نەمامێکی تازە چرۆ دەکاتو ئومێدەوارین بەریگرێتو گومان لەوەدا نیە لەوڵاتدا دەتوانرێ هێزێکی گەورەی دژ بە سوڵتان پێك بهێنرێت)).

ئەوەی شایانی باسە هەندێ سەرچاوە لێپرسراوی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانیان بە مدحت بدرخانو هەندێکی تر بە مقداد مدحت بدرخان ناویان هێناوەکە هەردوکیان هەر یەکێك بوونو بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە سریا بدرخان

لەلاپەڕە/٥١ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٩وێنەیەکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (پرنس مدحت بدرخان)و لەلاپەڕە/١١٠ی بەرگی یەکەمی فۆتۆکۆپیی ڕۆژنامەکانی کوردستان کە محمد ئەمین بوز ئەرسلان بڵاوی کردۆتەوە هەمان وێنەی تیایە بەناوی (مقداد مدحت بدرخان)ەوە بەمەدا دەرئەکەوێ هەردو ناوەکە هەر یەک کەس بوون.



مقداد مدحت بدرخان

بەپێی ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان ــ فۆتۆکۆپیەکانی محمد امین بوز ئەرسلان بریتین لە:

١ - **لەژمارە (١ ــ ٥) لەلایەن مقداد مدحت بدرخانەوە دەرچووە لە قاهرە.**

٢ - **لەژمارە (٦ ــ ١٩) لە جنیف دەرچووە لەلایەن عبدالرحمن بدرخانەوە.**

٣ - **لەژمارە (٢٠ ــ ٢٣) لەلایەن عبدالرحمن بدرخانەوە دوبارە لە قاهرە دەرچووە.**

٤ - **ژمارە (٢٤) لەلندن دەرچووە لەلایەن عبدالرحمن بدرخانەوە.**

٥ - **ژمارە (٢٥) دوو ژمارەی ڕۆژنامەکە بەژمارە /٢٥دەرچووە**

ژمـارەی یەکـەم نوسراوە١٩ئاغسـتوس سـاڵی ١٣١٦ لەلایـەن عبدالرحمـن بدرخانەوە لەلندن ئەوی تریان کە هـەمان ژمـارەی لەسـەر نوسـراوە/١٨ ئـەیلولی ١٣١٦ لەشـاری(فوڵکسـتوَن) دەرچـووە کـە شـارێکە لـە بریتانیـاو لێـی نوسـراوە لەلایەن (بدرخان پاشا ئوغلی عبدالرحمن) کە هەتا ژمارە/٢٩ هەموو ژمارەکان لە (فوڵکستوَن)دەرچوون.

٦ ـ ژمارە (٣٠ ـ ٣١) لە جنێف دەرچووە لەلایـەن عبدالرحمن بدرخانـەوە کـە دوا ژمارەی رۆژنـامەکە /٣١لە (١٣١٨/٤/١)ی کۆچیدا دەرچووە.



رۆژنـامەی کوردستان کە لەجنێف دەرچووە

قۆناغی دوهەم: رۆژنامەی کورد (کوردستان..... یاکورد تعاون و ترقی گازیتەسی

ئەم رۆژنامەیە ئۆرگانی کۆمەڵی (کوردستان تعاون‌وترقی جمعیتی)بووە کەبەر لەمە لەزنجیرەی دوهەمی کومەڵو رێکخراوەکانا بەدورو درێژی باسمانکردوە، هەموو سەرچاوەکان بەرۆژنامە ناویان بردوە بێجگە لە (رۆبرت ئۆلسۆن) لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤ بەگۆڤار ناوی بردوە.

دەربارەی کاتی دەرچونی ئەو رۆژنامەیە کاك جمال خەزنەدار لەلاپەرە/١٨ی رابەری رۆژنامەگەری کوردی‌دا وتوویەتی ئەو رۆژنامەیە لەساڵی ١٩٠٧دا دەرچووە کە ئەمە لەگەڵ سەرچاوەکانی تردا یەك ناگرێتەوە کە وتویانە لەساڵی ١٩٠٨دا دەرچووە.

بۆ نموونە دوکتۆر جلیلی جەلیل لەسەرچاوە/٥٥دا وتویەتی لە ٩/تشرینی دوهەمی ١٩٠٨دا دەرچووە کە سەرچاوەی جلیلی بۆ ئەمە بریتیە لە گۆڤاری (Revue du monde Musulman No.1-2) ساڵی ١٩٠٩کە لەو گۆڤارەدا وتراوە: یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کورد لەرۆژی ١٩٠٨/١١/٩دا لە ئەستەمبوڵ دەرچووە (لە دواییدا دەچینەوە سەر باسەکەی دوکتۆر جلیلی جلیل).

سەرچاوەکانی‌تر وەکوو دوکتۆر جمشید حیدری سەرچاوە/٣و کریس کوچیرا سەرچاوە/٤١و دوکتۆر کمال مەزهەر لە کتێبەکەیدا (تێگەیشتنی ڕاستی ـــ لەلاپەرە/٢١٧ هەموو وتویانە لەساڵی ١٩٠٨دا دەرچووە.

دەربارەی ناوی رۆژنامەکەو لێپرسراوی رۆژنامەکەش چەند بۆچونێکی جیاواز هەیە:

دوکتۆر جمشید حیدری لەباسەکەیدا سەرچاوە/٣و دوکتۆر کمال مەزهەر لەلاپەرە/٢١٧ی کتێبی تێگەیشتنی راستیداو سرکسیان‌و لازاریف بەپێی کتێبەکەی دوکتۆر جلیلی جلیل هەروەها کریس کوچیرا سەرچاوە/٤١ هەموویان رۆژنامەکەیان بە (کورد تعاون‌و ترقی گازیتەسی) ناویردوەو دوکتۆر جمشید حیدری وتویەتی خاوەنەکەی شاعیری گەورەی کورد پیرەمێرد بووە بەلاَم سەرچاوەکانی تر، وەکوو مامۆستا علاءالدین لە گۆڤاری گەلاوێژی ژمارە/٨ی ئابی ١٩٤٣دا وتویەتی رۆژنامەی (کورد) ئیمتیازەکەی بەناوی (پیرەمێرد)ەوە بوو.

کاك جمال خەزنەدار لەلاپەڕە/١٨ی رابەری رۆژنامەگەریدا وتویەتی رۆژنامەی کورد لەلایەن هاویبرانی شێخ عبدالقادری شمزینیەوە دەرچووە.

لەرۆژنامەی (ژین)ی ژمارە/٩٤٨ی رۆژی ١٩٤٨/١٢/٣٠ وەکوو لەلاپەڕە/١٣ی دیوانە تازەکەی پیرەمێردا چاپی بغداد سالی ١٩٠٠وتراوە رۆژنامەی (کورد) لەلایەن پیرەمێردەوە بەڕێوە دەبرا لەژمارەی یەکەمی سالی ١٩٤٦ی مانگی کانونی دوەمی گۆڤاری گەلاوێژدا پیرەمێرد خۆی لەوەدا وتوویەتی :((تۆبەرەی غەزەتەمان لە ئەستەمبولْ غەزەتەی (کورد)بوو کە ئیمتیازەکەی بەر من کەوت)).

(ئەوەی شایانی باسە جگە لە ئیمتیازی رۆژنامەی کورد، هەروەکوو لە دیوانە تازەکەیدا باسکراوە ئیمتیازی گۆڤاری (رەسملی کتاب)یشی هەبوە کە بۆ ماوەی چوارسالْ دەرچووە).

لەکۆتایی ئەم باسەی رۆژنامەی کوردا بەپێویستم زانی کورتەیەکی ئەو باسە دورو درێژەی دوکتۆر جلیلی جلیل کە لەسەرچاوە/٥٥ دا باسی ئەو رۆژنامەیەی کردوە بیخەمە پێش چاو کە وتوویەتی :((یەکێك لە چالاکیەکانی کۆمەڵی تعاون‌وترقی جمعیتی کورد ئەوەبووە بلاْوکراوەیەکیان هەبێ وەکوو ئۆرگانی رێکخراوەکەیان)).

جلیلی لەباسەکەیدا ئاماژەی بۆ چەند سەرچاوەیەك کردوە کە دەربارەی ئەو رۆژنامەیە دواون، بۆ نموونە :

لەلاپەڕە/٦٥ی کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆ رۆژنامەی (جامانـاك)ی ئەرمەنی ژمارە/٢ی رۆژانی ١٦ـ١٩٠٨/١٠/٢٩ کردوە کە باسی ئەوەی کردوە کوردەکان لە ئەستەمبولْ کۆبوونەوە بۆ دەرکردنی رۆژنامەیەك بەکوردی‌و تورکی وە ئاماژەشی بۆ گۆڤاری : (Revue du monde Musulman No.1-2) سالی ١٩٠٩ لاپەڕە/١٧٠ ــ ١٧١)کردوە کە لەوەدا وتراوە رۆژنامەی (کورد) لەرۆژی١٩٠٨/١١/٩ لە ئەستەمبولْ دەرچووە کە سەرنوسەرەکەی (تۆفیق)ە — مەبەست تۆفیق پیرەمێردە ــ

دەربارەی دروشم‌و ئامانجی رۆژنامەکە ئەوەبووە بەهەموو توانای خۆیەوە هەفتەی جارێك وەکوو ئۆرگانی کۆمەڵی تعاون‌و ترقی کورد جمعیتی دەربچێت.

وەکوو جلیلی باسی کردوە ڕۆژنامەکە هەشت لاپەڕە بووەو هەر لاپەڕەیەك چوار ستوون بووە.

جلیلی ئەڵێ : هەرچەند ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە هەڵنەگیراون و زانیاریەکی زۆرکەم و ناڕاست لە فهرستە ئەدەبیەکانا دەربارەی ئەو ڕۆژنامەیە هەیەو یەکێکی وەکوو (ئو. ل. ڤیلچێیسکی) کە هەمیشە باسەکانی بەشێوەیەکی تێرو تەسەل و واقعیەت نوسیوە، لەو باسەیدا لە ڕۆژنامەکان دواوە باسی ڕۆژنامەی (کورد)ی تیادا نەکردوە.

هەرچەند ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامانە هەڵنەگیراون بەلام ئەو شەش مەقالەیەی لە ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بلاوکرابووەوە هەندێ نوسەر لەباسەکانیانا ئامازەیان بۆ ئەوانە کردوەو شتیان لێ وەرگرتون هەروەکوو ئەوەی لە کتێبەکەی لە (أ. شاهبازیان)دا بەناوی مێژووی کوردو ئەرمەنی لەلاپەڕە/١٧٧یدا باسیکردوە.

جلیلی ئەڵێ : هەرچەند ڕۆژنامەی کورد بۆ نۆ مانگ دریژەی کێشابوو بەلام لەو تەمەنە کورتەیدا ناویانگی بەزۆر شوێنی کوردستانا بلاوبووەوە هەروەکوو شاهبازیان لە کتێبەکەیدا لەباسی بلاوکراوەیەکی ئەو ڕۆژنامەیەدا بلاوکرابووەوە داوای لە هەموو کورد کردبوو یەك بگرن و هەوڵ بدەن بۆ چاکردنی باری ژیانی کورد کە تورکەکان بەوپەڕی بێ دادیەوە ڕەفتار لەگەڵ کوردا دەکەن.

جلیلی لەباسی کتێبەکەی شاهبازیاندا کە ئامازەی بۆ ناوەڕۆکی ڕۆژنامەی کورد لاپەڕەی یەکەمی ژمارەی دوهەمیدا وتراوە لەگەڵ ئەو هەموو خزمەتەی کورد بۆ عوسمانی کردوە کەچی لە هەموو میللەتەکانی تری ناو دەوڵەتی عوسمانی زۆرتر زیانی پێ گەیشتوە.

جلیلی ئەڵێ بەپێی کتێبەکەی شاهبازیان لەزۆربەی ژمارەکانی (ڕۆژی کورد)دا نووسەرەکان بایەخێکی زۆریان داوە بەگرنگێتی ڕۆشنبیری و خوێندەواری کە لەناو نووسەرەکانیا چەند کەسێکی وەکوو سعید کوردی و ئیسماعیل حقی بابان زادە دەکەوێتە بەرچاو.

جلیلی ئامازەی بۆ باسێکی سعید کوردی کردوە (لە شوێنی خۆیدا باسی سعید کوردیمان کرد کە مامۆستای خلیل خەیاڵی بووەو بە بدیع الزمان ناسراو

بووه)، که ئەو باسەی ملا سعید لەژمارە/٢ی رۆژنامەی کوردا بلاّوکراوەتەوەو لە باسەکەیدا پرسیویّتی : ئایا کورد پێویستی بەچی هەیە؟

سعید کوردی هەر خۆی وەرامی پرسیارەکەی خۆی داوەتەوەو وتویەتی: ئەوە ماوەی پازدەساڵ تێپەڕیکرد بەسەر ئەوکاتەی ئەو پرسیارەم لەخۆم کردبوو هەتا ئێستەش نەگەیشتومەتە هیچ وەرامێکی ئەوتۆ کەلەم دوو بۆ چوونە تێپەڕبکات.

١ ــ یەك گرتنێکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی.

٢ ــ بێجگە لەفێربوونی زانیاریی ئاینی، پێویستە بایەخ بدرێ بەزانیاریی هونەری‌و ئەو زانیاریانەی تر کە دەبنە هۆی پێشکەوتنی شارستانێتی‌و شان بەشانی ئەوەش کورد پێویستە سوپایەکی تایبەتی خۆی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ لەڕێگەی ئەو سوپایەوە سەریەخۆیی دەسگیرببێت (سەرچاوەی جلیلی بۆ ئەم باسەی سعید کوردی بریتیە لەلاپەڕە/٧٠ی کتێبەکەی سافرستیان چاپی ساڵی ١٩٤٨ بەناوی کوردو کوردستانەوە).

جلیلی لەهەمان کتێبیدا ئاماژەی بۆ لاپەڕە/١٧٧ی کتێبەکەی شامبازیان کردوە کەلەو کتێبەیدا باسی مقالێکی ئیسماعیل حقی بابان زادەی کردوە کە لەژمارە/٣ی رۆژنامەی کوردا بلاّوی کردۆتەوە دەربارەی بزوتنەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردو داوای کردوە ئەبێ مندالاّنی کورد فێری زمانی خۆیان بکرێن‌و وتوویەتی : ((با بۆ نموونە باسی منداڵێکی کورد بکەین، منداڵێکی کورد لە گوندەکەی خۆیدا کە بە کوردی قسەی تیا ئەکرێ لەناو خۆیانا، ئەگەر قوتابخانەیەك کرایەوەو لەجیاتی زمانی کوردی بەزمانی تورکی دەرسی تیادا بوترێتەوە، وای لێدێ ئەو مناڵە ئیتر تەنها شت هەر بەزمانی تورکی فێر دەبێت، بەلاّم ئەگەر بەکوردی کتێبی زانیاریی بۆ ئامادە بکرێ ئەوا لەجیاتی زمانی تورکی بەزمانەکەی خۆی فێری ئەو زانیاریە دەبێ.

جلیلی ئاماژەی بۆ کتێبێکی تر کردوە(سیاسەتی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی لەودیو قافقاسدا لاپەڕە/٧٢ چاپخانەی بریتانیا ساڵی ١٩٦٢ نوسینی سرکسیان) کە ئەمیش ئاماژەی بۆ باسێکی تری ئیسماعیل حقی بابان کردوە کەلە رۆژنامەی کوردا بلاّوی کردۆتەوەو سرکسیان وتوویەتی:

((ئیسماعیل حقی بابان لەو باسەیدا تەنها دەربارەی سیاسەت نەدواوە، بەڵكوو باسی دانانی بناغەیەكی زانیاریانەی كردوە بۆ پەرەپێدان بەزمانی كوردیو ئەدەبی كوردیو بایەخدان بەئەدەبی فۆلكلۆریو ئەفسانە، چونكە بایەخدان بەزمانی كوردیو پەرەپێدانی زانیاری دەربارەی زمانی كوردی دەبێتە هۆی پێشكەوتنمانو كلیلی پێشكەوتن هەمیشە بریتیە لە خوێندەواریو رۆشنبیریو زانیاری بۆیە ئەركی سەر شانی زاناكانمانە بایەخێكی تەواوە بدەن بەو بابەتانە.

جلیلی جگە لەو باسانەی ئیسماعیل حقی بابان ئاماژەی بۆ كتێبێكی (أ.وجلتیاكوف،و یو.أ.بلاسیان) كردوە كە لەوەدا باسێكی (سعید كوردی)دواوە كە لەژمارە/٦ی رۆژنامەی (رۆژی كورد)دا بڵاوی كردۆتەوە دەربارەی (رۆڵی ئاین لە ژیانی كوردا)و لەو باسەیدا هەوڵی داوە بەشێوەیەكی پێشكەوتووخوازانە دەربارەی ئاین بدوێو داوای كردوە لەرێبازی ئەو جۆرە كەسانە لابدرێ باسی ئاین زۆر بەووشكی و رەقی دەكەنو هێرشێكی توندی بردۆتە سەر ئەو سیاسەتەی بەناوی ئاینەوە هەوڵ ئەدرێ لەژێر پەردەی ئایندا وڵاتان داگیربكرێتو داوای كردوە دۆستایەتی كورد لەگەڵ میلەتانی هاوسێدا بەهێز بكرێتو لەو روەوە رۆژنامەی (غورتس ــ گورتس)دەربارەی ئەو بۆچوونەی سعید كوردی باسێكی بڵاوكردوتووەو وتوویەتی :((سەرنووسەری رۆژنامەی كورد ــ وادیارە سعید نورسی ــ سعید كوردی نوسەرێكی هەمیشەیی بووە لەو رۆژنامەیەدا ــ بانگەوازێكی بڵاوكردۆتەوە كە داوای لە هاووڵاتیانی خۆی كردوە پێوەندیی كورد لەگەڵ میللەتانی تردا بەهێز بكرێت)).

هەروەكوو مامۆستا علاءالدین سجادی لەلاپەرە/٥٥٢ی كتێبەكەیدا ــ مێژووی ئەدەبی كوردی ــ باسیكردوە، رۆژنامەی كورد كە زمانی حاڵی كۆمەڵی كورد تعاونوترقی جمعیتی بووە باسی كۆبوونەوەیەكی یانەی كوردی كردوە لە ١٩٠٨/٦/٢٥ لەهۆڵی (فیتز نجیلری) لە ئەستەمبوڵ كە لەو كۆبوونەوەیەدا (٥٠٠)كەس بەشداربوونو ژمارەیەك لە ئامادەبووەكان دڵسۆزیی خۆیان بۆ كۆمەڵی كورد تعاونو ترقی جمعیتی دەربڕیوەو قسەكەرێكیش لە قسەكانیا باسی گرنگیتیو بایەخدان بە دەستور كردوە ــ كە لام وایە ئەمەش بەڵگەیەكی

تره بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو پڕۆپاگەندانەی وتوویانە کورد دژی أصلاحاتی دەستوری بوون)).

قۆناغی سێهەم : گۆڤاری رۆژی کورد ـ هەتاوی کورد

لەباسی کۆمەڵی ((هێڤی ـ هیوا)دا بەرلەمە باسی ئەوە کرا کە ئەو کۆمەڵە گۆڤارێکی لەساڵی ١٩١٣دا دەرکرد بەناوی (رۆژ کورد)و لەساڵی ١٩١٤ ناوی گۆڤارەکە گۆڕا بە (هەتاوی کورد) هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی ئەو گۆڤارەیان کردووە بەگۆڤار ناویان بردوە جگە لەئەمین زەکی لەلاپەرە/٣٥٢ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٣٢ بەرۆژنامە (صحیفە) ناوی بردوە، کاك جمال خەزنەدار لەدوو سەرچاوەدا باسی (رۆژ کورد)ی کردوە، لەسەرچاوەی ژمارە/١٤ بەهەڵە بەرۆژنامەی رۆژکورد ناوی بردوە بەڵام لەسەرچاوەی دوهەمدا، ژمارە/٢٦ کە هەرسێ ژمارەکەی دەسکەوتوەو فۆتۆکۆپیی هەرسێکیانی بڵاوکردۆتەوە لەمەیانا راستی کردۆتەوەو بەگۆڤار ناوی بردوە وەکوو لەدوایدا باسی دەکەین.

دەربارەی مێژووی دەرچوونی یەکەم ژمارەی، بەپێی فۆتۆکۆپی سەرچاوە/٢٦ لەسوچی سەرەوەی لای چەپیا نوسراوە تاریخ تأسیس ١٣٣١کۆچی ورۆژی دەرچوونی ٦/حزیران١٣٢٦ لەلای راستیا نوسراوە ١٤/رجب/١٣٣١، دوکتۆر جلیلی جلیل لەسەرچاوە/٥٥دا هەریە ٦/حزیران/١٩١٣ باسیکردوە، بەڵام دوکتۆر مارف خەزنەدار لەپەراوێزی لاپەرە/٦٣ کتێبە وەرگێڕاوەکەی مینۆرسکی لەروسیەوە بۆ عەرەبی چاپی ساڵی١٩٨٧ ئامازەی بۆ (س.م.شاپشاڵ) فی المجموعة الشرقية لجمعية المستشرقين الروس ص٢٣٣ ساڵی ١٩١٣ وتراوە گۆڤارەکە لە١٩١٣/٦/١٩دا دەرچووە کە بێگومان ئەم رۆژە هەڵەیەو لەگەڵ فۆتۆکۆپی رۆژنامەکەدا یەك ناگرێتەوە.

دوکتۆر کمال مەزهەرو دوکتۆر جمشید حیدریش لە باسەکانیانە وتویانە گۆڤارەکە لەپێشدا بەناوی رۆژ کوردستانو لە دواییدا ناوەکەی گۆڕاوە بە (هەتاو کورد).

لەناو سەرچاوەکانا، دوو سەرچاوە بەدوور درێژ باسیانکردوە، دوکتۆر جلیلی جلیل لەو دوو سەرچاوەیدا یەکەم لەگۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە/١١٦ی کانونی

یەکەمی ساڵی ۱۹۸۷ کە لەبغداد دەرچووە دوهەم سەرچاوە/٥٥باسی رۆژ کوردو هەتاو کوردی کردوە لەبەر ئەوەی هەردوباسەکەی لەیەك دەچن، بۆیە تەنها ئەو باسەی سەرچاوە/٥٥ ئەخەینە بەرچاو هەروەها کاك جمال خەزنەداریش لەسەرچاوە/۲٦دا کە بۆ گۆڤارەکەی تەرخان کردوە لەویش دەدوێین.

دوکتۆر جلیلی جلیل لەسەرچاوەی/٥٥دا، لەلاپەرە/۹۷دا ئاماژەی بۆ رۆژنامەی (التاخی) رۆژی ۱۰/تموزی/۱۹٦۷ کردوە کەلە بغداد دەرچووە لەوەی التآخیدا وتراوە ئەو گۆڤارە لەلایەن کۆمەڵی هێڤیەوەدەرچووە کە چاپخانەیەکی خۆی هەبوەو قوتابیانی کورد لە ئەستەمبوڵ لەو چاپخانەیەی کۆمەڵی هێڤیدا زۆر چالاك بوون. کە سەرچاوەی جلیلی بو ئەمە بریتیە لە Die: wellde islam 1913 Berlin,bond 1,Heft ¾.522 کە باسەکەی لە رۆژنامەی (جاماناك)ی ژمارە(۱٦۰۸)ی ساڵی ۱۹۱۳دا بلاۆکراوەتەوە.

ئەوەی شایانی باسە کاك جمال خەزنەدار لەسەرچاوە/۲٦دا دیارە تەنها سێ ژمارەی رۆژ کوردی دەسکەوتوەو فۆتۆکۆپی کردوە وەکوو لەدوایدا باسیان دەکەین، بەلاًم دوکتۆر جلیلی جلیل باسی ژمارەی چوارەمیشی کردوە وەکوو لە لاپەرە/۱۰۱دا باسیکردوە وتویەتی ژمارە/٤ لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ۱۹۱۳دا دەرچووە بەلاًم بەناوی هەتاوی کوردەوە، هەروەها جلیلی لەپەراوێزی هەمان لاپەرەدا وتوویەتی ڤیلچێڤیسکیو لازاریف هەردوکیان لەباسەکانیانا بەهەڵە وتویانە رۆژکورد لەساڵی ۱۹۱٤دا دەرچووە جلیلی لەباسەکەیدا وتویەتی گۆڤاری رۆژ کورد لە سێ ژمارەی یەکەمیا سەرنوسەرەکەی عبدالکریمی خەڵکی سلێمانی بووە (مەبەستی کریم بەگی حاجی ئەولاًی حمە کرکوکی بووە کە ماوەیەك لەدواییدا لەکرکوك کراوە بەحاکمی بدائی)، بەلاًم ژمارەی چوارەمی عبدالعزیز بابان بووە کە گۆڤارەکە بەزمانی کوردیو تورکی دەرچووە.

جلیلی بێجگە لە عبدالکریمی لێپرسراوی گۆڤارەکە باسی چەند سیاسیەکی تری کردوە کە لەو گۆڤارەدا بەشداری نوسین بوون وەکوو نجم الدین کرکوکلیو صلاح بەدرخانو عبدالله جودتواسماعیل حقی بابان زادە.

جلیلی لەو باسەیدا دەربارەی عبدالله جودت کە یەکێك بووە لەو نوسەرانەی ئەو گۆڤارە، رەخنەی لە ئەدەبیاتە کوردیەکان گرتووە کەهیچ باسی خزمەتی

عبدالله جودتیان نەکردوە کە چۆن بەشداربووە لە نوسینی ئەو گۆڤارە کوردیەدا (لەراستیدا فۆتۆکۆپیی هەرسێ ژمارەکەی رۆژی کوردم پشکنی لەلاپەڕە/٤ی ژمارەی یەکەمو لەلاپەڕە/١٠ی ژمارە/ دوهەمدا دووباس بڵاوکراوەتەوە دەربارەی کورد لەلایەن عبدالله جودەتەوە.

جلیلی ئەڵێ: جگە لەو گۆڤارە عبدالله جودت لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی تردا گەلێك باسی دەربارەی مێژووی کوردو بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری لەناو کوردا نوسیوەو لەدوای شەڕی جیهانی یەکەمیش لەناو کۆمەڵو رێکخراوە کوردیەکانا چالاك بووەو لەساڵی ١٩٢٥دا کە شۆڕشی کورد بەرپابوو (مەبەستی شۆڕشەکەی شێخ سەعیدی پیرانە) رۆژنامە تورکیەکان گەلێك جار هێرشیان بردۆتە سەر عبدالله جودت، بەتایبەتی ئەوەی لە رۆژنامەی (ئەقشام)ی تورکیدا لەمانگی کانونی دوهەمی ١٩٢٥دا دژی عبدالله جودت بڵاوکرابووەوە، بەتاوانی ئەوەی هەوڵی دابوو بۆ دروست بوونی حکومەتێکی سەربەخۆی کورد.

دەربارەی ئەو بۆچونەی دوکتۆر جلیلی، لەو دیوانە تازەیەی پیرەمێرد کەلە ساڵی ١٩٩٠ لەبغداد چاپکراوە لەوەدا بۆ بۆچوونێکی پیرەمێرد بڵاوکراوەتەوە دەربارەی عبداللە جودت کە وتویەتی:((لەدوای ئەوەی اعلانی مشروطیە(مەبەست اصلاحاتی دستوری ١٩٠٨)ە، عبداللە جودت لە ئەورووپاوە گەڕایەوە بۆ ئەستەمبولو گۆڤاری (أجتهاد)ی دەرهێنا، من یەکێك بوم لەوانەی لە هەموو کەس زیاتر لە خزمەتیا دەبومو خۆمو (نەژاد)ی کوڕم بە نشرو نظم (پەخشانو شیعر) لە گۆڤارەکەیدا خزمەتمان هەبوە)).

لام وایە ئەو کەمتەرخەمیەی ئەدەبیاتی کوردی بەرامبەر بە عبدالله جودت کە جلیلی رەخنەی دەربارەی گرتبوو بەخۆڕایی نەبوە ئەگەرچی عبداللە جودت خزمەتی کوردیشی کردبوو، بەڵام لەباسی سێهەمی ژۆن تورکو أتحادو ترقیدا لەبەشی شازدەهەمدا کە بۆ بەشداربوونی کوردستانمان تەرخانکردوە لە کۆمەڵی أتحادو ترقی تورکیدا بەر لەوەی تورکەکان لە بەڵێنەکانی خۆیان پاشکەزبینەوە، لەوەدا لە سەرچاوە/٤٠دا ئاماژە بۆ باسێکی (ئەرنست رامزرو)کراوە کە وتوویەتی لەناو ئەندامەکانی أتحادو ترقی تورکدا هیوا هەبوون وەکوو ئیسحاق سکوتیو عبدالله جودت، ئەگەرچی کوردیش بوون بەڵام حەزیان بەوە کردوە لەناو أتحادو

ترقیدا وەکوو دوو تورك وەیا هاوولاتیەکی عوسمانی ناو ببرێن، کە دوورنیە هەڵوێستی عبدالله جودت بوبێت بەهۆی هەندێ ناڕەزای هەندێ لە کوردەکانی ئەو سەردەمە.

دوکتۆر جلیلی لەسەرچاوە/٥٥دا باسی ئەوەی کردوە ژمارەکانی گۆڤاری رۆژی کورد لە ئەستەمبوڵەوە دەگەیشتنە کوردستان و بڵاودەکرانەوە.

بەمەدا دەردەکەوێ چالاکیەکانی کۆمەڵی هێڤی بەپێچەوانەی ئەوەی کورد تعاون و ترقی جمعیتی کە هەر لە ئەستەمبوڵدا بووە، ئەوەی هێڤی گەیشتبووە ناوچەکانی کوردستانیش.

ئەوەی شایانی باسە دوکتۆر جلیلی جلیل لەو باسەیدا بەزۆری لە گۆڤاری رۆژ کورد دواوەو دەربارەی هەتاوی کورد تەنها ئەوەی وتووە لەدوای دەرچونی ژمارە/٣ی رۆژ کورد ناوی گۆڤارەکە گۆڕاوە بەهەتاوی کوردو وتویەتی لازاریف و ڤیلچێڤسکی بەهەڵە وتویانە هەتاوی کورد لەساڵی ١٩١٤دا دەرچووە وەکوو جلیلی لەلاپەڕە/١٠١دا باسی کردوە وتویەتی ئەو تاقە ژمارەیەی هەتاو لەتشرینی یەکەمی ١٩١٣دا دەرچووە.

دوکتۆر جلیلی جلیل لەسەرچاوە/٥٥دا لەلاپەڕە/١٠٥دا تەنها ناوەڕۆکی ژمارەی یەکەمی گۆڤاری رۆژی کوردی باسکردوە، لەبەر ئەوەی کاك جمال خەزنەدار لەسەرچاوە/٢٦دا باسی ناوەڕۆکی هەرسێ ژمارەکەی کردوە، بۆیە هەوڵ ئەدەم کورتەی ئەو باسەی ئەم بخەمە پێش چاو.

وەکوو لە پێشدا باسمانکردو بە پێی فۆتۆکۆپی بەرگی یەکەمی گۆڤاری رۆژ کورد، عبدالکریم لێپرسراوی گۆڤارەکە بووە لە هەرسێ ژمارەکەدا کە فۆتۆکۆپی ژمارەی یەکەم و سێهەم بەرودوا دەخەینە پێش چاو.

تاریخ تأسیسی :
١٣٣١

صاحب امتیاز :
و مدیر مسئول
عبدالکریم

روژ کرد

جلد : ١

عدد : ١

رجب سنه ١٣٣١ شیمدیلک ایده بر نشر اولنور ٦ حزیران سنه ١٣٢٩



سلطان صلاح الدین ایوبی

بەرگی ژمارە/١ی گۆڤاری رۆژی کورد

باسەکانی ژمارە/١ی گۆڤاری رۆژ کورد بەپێی فۆتۆکۆپیەکەی کاك جمال خەزنەدار لەلاپەرەی یەکەمیەوە تالاپەرە/١٨ بەشی تورکیەکەیەتی‌و لەلاپەرە/١٩هاتا٣٢) بەشی کوردیەکەیەتی.

ـ لەلاپەرە/٢دا بەتورکی مقالێك لەژێر ناوی (غایە ـ مسلك) دیارە بەپێنوسی لیپرسراوی گۆڤارەکە بووە (عبدالکریم) کەلە بەرگی یەکەمدا نوسراوە: صاحب ئیمتیازو مدیر مسئول.

ـ لەلاپەرەکانی٣ ـ ٤ بەتورکی نوسینی عبداللە جودت لەژێر ناوی (بیر خطاب).

ـ لەلاپەرەکانی ٥ ـ ٦ باسێکی تورکی بەناوی کرکوکلی نجم الدین.

ـ لاپەرە ٧ ـ ٨ بەناوی (خ) بەتورکی دەربارەی (دەردو دەوا).

ـ لاپەرە ٨ ـ ٩ بە پێنوسی خریوطلی بەتورکی لەژێر ناوی غربلە شرق، ملیت جریانلی.

ـ لاپەرە ٩ ـ ١٠ بەپێنوسی کرکوکلی نجم الدین ـ لەژێر ناوی (أحوال أجتماعیە من) بەتورکی.

ـ لاپەرە ١١ ـ ١٢ بە پێنوسی فخری بەتورکی لەژێر ناوی (کردلردە قابلیت تمدن).

ـ لاپەرە ١٢ ـ ١٣ بەتورکی (ناوی نوسەر نیە) لەژێر ناوی (خلاصە ئەفکار).

ـ لاپەرە ١٤ ـ ١٨ بەتورکی لەژێر ناوی (قوای عمومیە حکومت) بە پێنوسی (سلیمانیەلی مسعود).

ـ لاپەرە ١٩ ـ ٢١ بەکوردی ـ پێنوسی سلێمانی عبدالکریم ـ لەژێر ناوی (تاڵو شیرینی).

ـ لاپەرە ٢١ ـ ٢٣ بەکوردی ـ پێنوسی عبدالکریم سلێمانی لەژێر ناوی (منداڵ بۆچی زوو فێری خوێندن نابێ).

ـ لاپەرە ٢٣ ـ ٢٤ بەکودری ـ بەپێنوسی عبدالکریم سلێمانی لەژێر ناوی (بە تأثیر محیط مادی‌و معنوی علم‌وفن).

ـ لاپەرە ٢٤ ـ ٢٥ بەکوردی بەپێنوسی دیاریکری ـ نجدت لەژێر ناوی (جوتکاری).

ـ لاپەڕە ٢٥ ـ ٢٦ بەکوردی بەپێنوسی (فؤاد تمو) لەژێر ناوی (چیرۆك).
ـ لاپەڕە ٢٦ ـ ٢٨ ناوی نوسەر نیە، لەژێر ناوی (دم کالمە ـ چاغامە ـ دمەتی).
ـ لاپەڕە ٢٩ ـ ٣١ چەند شیعریکی نالی لەژێر ناوی (دیوان شاعیر شهیر حضرت نالی)و شعرێکیش لەلایەن فاضل مخلص عشیر ملی لەژێر ناوی (خوندنو خەبات).
له دوالاپەڕەی گۆڤارەکەدا فهرستی باسەکانی تیادایه لەگەڵ دوو اعلان: یەکەم دەربارەی:(أطبای ملکیەدن حیدریزادە ئەحمەد بەگ دوهەم هکیم حیدری زادە ئەحمەد بەگ .
ژمارە /٢ی گۆڤاری رۆژکورد:
کەلە ٦/تموزی/١٣٢٩ بەرامبەر ١٤/یشعبانی١٣٣١کۆچی دەرچووە. لەبەرگی ژمارەکەدا وێنەیەکی کریم خانی زەندی تیایه لەژێریا نوسراوە: کرد أعاظم أمراسندن کریم خان زند، تا لاپەڕە /٢٠بە زمانی تورکیەو ئەوی تری هەتا لاپەڕە /٣٢ بەشی کوردیەکەیەتی .
لەلاپەڕە/٢دا لەژێر ناوی (کرد لك ئیچین ـ ضیاع عظیم)بەتورکی باسی کۆچی دوای حسێن کنعان پاشا بدرخانی کردوه، کە وێنەیەکی لەبەرگی ژمارە/٢شدا هەیە/ وەکوو لەدوای ئەمە دەبینرێ.
ـ لەلاپەڕە/٢ هەتا لاپەڕە/٥ لەژێر ناوی (ملتکزه قارشو وظیفەکز ـ کورد منور گنجلکنه) بەپێنوسی (طوغان) کەلە بولڤارستانەوە ناردویێتی.
ـ لاپەڕە ٥ ـ ٧ باسێك بەتورکی بەناوی (مسلمانلق وکردلك) بەپێنوسی بابان زادە ئیسماعیل حقی.
ـ لاپەڕە ٨ ـ ١٠ لەژێر ناوی (أتحاد یولی) بەپێنوسی عبداللە جودت لەژێریا نوسراوە٧/تموز/١٩١٣.
ـ لاپەڕە ١٠ ـ ١١ لەژێر ناوی (خلیا حقیقت ئولیور) بەپێنوسی م.صالح بدرخان.
ـ لاپەڕە ١١ ـ ١٢ (هـیوی ـ مەبەست هیوا هێڤی)دن أمیدمـز نوسـینی (خریوطلی:ح.ب).

- لاپەڕە ١٢ ــ ١٣ لەژێر ناوی (حروفمز تسهیل قرائت) بەپێنوس (م.ص.ئازیزی).

(کە محمد صالح بدرخانەو بدرخانیەکان نازناویان ئازیزی ــ عزیز بووە هەروەکوو لەباسی ئەمارەتەکانا ـ باسی ئیمارەتی جزیرەدا ڕوونکراوەتەوە).

- لاپەڕە١٣ ــ ١٦ باسێك بەناوی تعمیم معارفو أصلاح حروف) جمعیت محترمەسی طرفندن وارد أولمشدر (باسی هەوڵدانێکە بۆ نوسینی کوردی بەپیتی لاتینی).

- لاپەڕە١٧ ـ ١٩ لەژێر ناوی : کرد أعاظمی حضورندن : صلاح الدین أیوبی (ناوی نوسەرەکەی نیەو لەژێریا نوسراوە (مابعدی وار ـ هێشتا ماوێتی).

- لاپەڕە ١٩ ـ ٢٠ لەژێر ناوی (حادەء أفكار) ناوی نوسەرەکەی نیە.

- لاپەڕە ٢١ ـ بەشی کوردی ـ بوونا کرمانجی ـ وتداکی مزن ـ گلەیی لەوە کردوە شتێکی وا دەربارەی حسین کنعان پاشا نەنوسراوە (لەژمارە/٣دا لەبەرگەکەیدا وێنەی حسێن کنعان پاشا بلآوکراوەتەوە).

- لاپەڕە ٢١ ـ ٢٢ بەپێنوسی سلێمانی عبدالکریم لەژێر ناوی : هەر من بمو کسی‌تر نەبیٚ.

ــ لاپەڕە ٢٢ ــ ٢٣ دوویارە بەپێنوسی عبدالکریم سلێمانی لەژێر ناوی (عبرت).

- لاپەڕە ٢٣ ـ ٢٤ ـ چیرۆك ـ نوسینی فؤاد تمو.

- لاپەڕە ٢٥ ـ ٢٨ باسکی حاجی قادر لەگەڵ شعریکی نوسینی (مودانی.خ).

- لاپەڕە ٢٨ ـ شیعریکی شێخ ڕەزا (مربوطەحیاتم بەسلێمانی‌وخاکی).

- لاپەڕە ٢٩ ـ ٣٠ لەژێر ناوی (زمان‌وترانیا کوردی) بەپێنوسی (مودانی .خ) لەگەڵ شعرێکی حاجی قادر.

- لاپەڕە ٣١ باسێك بەناوی (خبات خوێندن) بەپێنوسی فکرت نجدت ــ دیاریکری.

لەدوا لاپەڕەدا : باسێکی ئاینی‌و شیعرێکی (محمد عاکف بەگ) شاعیر لەژێر ناوی هوارو فیزار مسلمانی، بەپێنوسی (مودانی.خ).

صاحب امتیاز
و مدیر مسئول :
عبدالکریم

عدد : ۳

روژ کرد

غرهٔ رجب
۱۳۳۱

ژمار : ۳

۱۱ رمضان سنه ۱۳۳۱ | شیمدیلك آیده بر نشر اولونور | ۱ اغستوس سنه ۱۳۲۹



بەرگی ژمارە/۳ ی گۆڤاری رۆژی کورد

وێنەیەکی بدرخانی مرحم حسین کنعان پاشا

ئەم ژمارەیە لە ١٣٢٩/٨/١ کۆچیدا دەرچووە(١٥)لاپەڕەی یەکەمی بەشی تورکیەکەیەتی‌و لەوە بەدواوە بەشی کوردیەکەیەتی.

ـ لاپەڕە ٢ ـ ٤ لەژێر ناوی (کردلـرك تعالیسی) بەپێنوسی بابان زادە ئیسماعیل حقی.

ـ لاپەڕە ٤ ـ ٦ لەژێر ناوی (حیات مشاهیر ـ بدرخانی حسین پاشا) دیارە بەپێنوسی سەرنوسەر بووە.

ـ لاپەڕە ٦ ـ ١٠ لەژێر ناوی (قلیجدن أول قلم) بەپێنوسی صالح بدرخان.

ـ لاپەڕە ١٠ ـ ١٤ لەژێر ناوی (کرد أعاظمی حضورندە ـ صلاح الدین) بەپێنوسی (م).

ـ لاپەڕە ١٤ ـ ١٥ لەژێر ناوی (نفاقمن) بەپێنوسی (خ)کە دوا لاپەڕەی بەشە تورکیەکەیەتی.

ـ لاپەڕە ١٦ ـ ١٧ لەژێر ناوی (بفر یاکوین) بەپێنوسی سلێمانی عبدالکریم ـ بەکوردی.

ـ لاپەڕە ١٧ ـ٢٠ لەژێر ناوی (تفسیر شریف ـ قران) بەپێنوسی (م.خ).

ـ لاپەڕە ٢٠ ـ ٢١ لەژێر ناوی (زیمان) بەپێنوسی (م.خ).

ـ لاپەڕە ٢٢ ـ ٢٤ بەناوی (عرد أیمە) بەپێنوسی دیاریکری فکری نجدت.

ـ لاپەڕە ٢٤ ـ ٢٧ لەژێر ناوی (بری شیری قلم) بەپێنوسی (م. صالح بدرخان)و لەژێریا شیعرێکی ئەحمەدی خانی بڵاوکراوەتەوە.

ـ لاپەڕە ٢٩ ـ ٣١ لەژێر ناوی (بخت رش‌و محکومیا کوردان) بەپێنوسی (م.خ).

ـ لاپەڕە ٣١ چیرۆکی کرمانجیا بەپێنوسی (کندو).

لەکۆتاییدا نوسراوە : محمود بگ مطبعەسی.

تائێرە باسی هەرسێ ژمارەکەی گۆڤاری رۆژی کورد بوو وەلەدوای ئەوە دیارە ئەو گۆڤارە بەو ناوەوە دەرنەچوەو لەجیاتی ئەو گۆڤارەی (هەتاو) دەرچووە.

بەڕاستی نەزانراوە ئایا گۆڤاری هەتاو هەر ئەو تاقە ژمارەیەی لێ دەرچووە کە دوکتۆر جلیلی جلیل لەسەرچاوە/٥٥دا وتویەتی ئەو ژمارەیە لەمانگی تشرینی

دوهەمی ١٩١٢ی زانیدا دەرچووە لەکاتێکدا کاك جمال خەزنەدار لەلاپەرە/١١ سەرچاوە/٢٦دا وتویەتی ئەو ژمارەیەی هەتاو لە ٢٣/ی ذی القعدەی سالی ١٣٣١هجری بەرامبەر/١١/ی تشرینی یەکەمی سالی ١٣٢٩ی رۆمی دەرچووە کە کاك جمالیش‌و دوکتۆر جلیلی هەردوکیان وتویانە سەرنوسەرەکەی (کاك جمال وتویەتی خاوەن ئیمتیازو مدیری مسئول) عبدالعزیز بابان بووەو جلیلی وتویەتی لاپەرەکەی هەتاوی کورد لەهی رۆژ کورد کەمتربووەو زانیاریەکی کەم هەیە دەربارەی ئەو گۆڤارە.

کاك جمال خەزنەدار لەلاپەرە/١١ی سەرچاوە/٢٦دا سەرنجی خۆی بەرامبەر هەتاو بەم جۆرە دەربریوە:

((ئەوەی لەهەموو شتێکیش گرنگتربێ ئەوەیە ئەو کەسانەی رۆژی کوردیان دەرکرد هەر خۆیان ناوی گۆڤارەکەیان گۆڕیبوو کە ئەم زانیاریەمان لە دوکتۆر إحسان فؤادەوە وەرگرت کە وتویەتی : لەژمارەی یەکەمی گۆڤاری هەتاوی کوردا لەدوا لاپەرەیدا بەزمانی تورکی‌و دەسخەتی عبدالعزیز بابان بەزمانی تورکی لەسەری نوسیوە کە کوردیەکەی بریتیە لە : گەورەمان سەید ئەحمەد ئەفەندی، بەپێی ئارەزوو داوای شێخ عبدالقادر ئەفەندی (مەبەستی شێخ عبدالقادری شمزینیە) ئیتر رۆژی کورد وەستێنراو لەباتی ئەوە (هەتاو کورد) بلاودەبێتەوە (وادیارە دوکتۆر أحسان فۆتۆکۆپی ئەو ژمارەیەی هەتاوودەسخەتەکەی وەرنەگرتووە)).

بێجگە لەو رۆژنامەو گۆڤارانەی لەدەرەوەی ولات‌و ئەستەمبولدا دەرچوو بوو، هەندێ سەرچاوە بەکورتی ئاماژەیان بۆ دەرچوونی چەند بلاوکراوەیەکی تر کردووە. بۆ نمونە:

١ ـ دوکتۆر جمشید حەیدەری لەسەرچاوە/٣دا باسی رۆژنامەی (پەیمان)ی کردوە کەلە سالی ١٩٠٩دا لە دیاربکر دەرچووە، هەرچەند بەتورکی بووە بەلام بەکوردیش نوسراوی تیا بلاوکراوەتەوەو ئەتوانرێ ئەم رۆژنامەیە بەیەکەم رۆژنامەی کوردی دابنرێ کە لەناو کوردستاندا چاپکراوە.

٢ ـ دوکتۆر جلیلی لەلاپەرە/٦٦ی سەرچاوە/٥٥دا لە پەراوێزی ئەو لاپەرەیەدا باسی رۆژنامەیەکی کردوە بەناوی (رۆژهەلات‌و کوردستان) لەلایەن

(خارساقلی ئەحمەد شریفو بدری مالاتیالیو ئیسماعیل خارساقلییەوە دەرچووەو پڕۆپاگەندەیەکی زۆریان بۆ ئاینی ئیسلام کردوە هەروەکوو لە سەرچاوەی Revue du monde musulman دا باس کراوە.

٣ – بەرلەمە لەباسی عبدالله جودت دا لەوە دواین کە ڕۆژنامەی (أجتهاد)ی دەرکردوەو لە پەراوێزی لاپەڕەی/١٢٨ی دیوانە تازەکەی پیرەمێردا ــ چاپی ساڵی ١٩٠٠ باسی ئەوە کراوە کە پیرەمێرد خۆی وتویەتی لەگەڵ نەژادی کوڕیا لە ڕۆژنامەکەی عبدالله جودتدا بەشداربوون لە نوسینیا.

هەروەها لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەشدا باسی گۆڤاری (ژین) کراوە کە سەرنوسەرەکەی (ئەشرەف هەمزە)بووە لە ئەستەمبوڵ دەرچووەو پیرەمێرد لەوەشدا بەناوی (سلێمانی توفیق)و (م.س) نوسینی تیا بلاوکردۆتەوە.

لەدوای ئەشرەف هەمزە (ممدوح سلیم) بووە خاوەنی أمتیازی هەروەکوو دوکتۆر کمال مەزهەر لەپەراوێزی لاپەڕە/٤٩ی کتێبی تێگەیشتنی ڕاستیدا باسی کردوەو وتویەتی ئەو سەرچاوانەی (ژین)یان بە ڕۆژنامە دانابوو بەهەڵەدا چوبوون چونکە گۆڤار بووە نەك ڕۆژنامە.

دەربارەی ئەو گۆڤاری (ژین)ە کاك جمال خەزنەدار لەلاپەڕە/٢١ی ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردیدا وتویەتی بەزمانی کوردیو عەرەبیو تورکی لەقاهیرە لەلایەن سریا بدرخانەوە دەرچووە، هەروەها (ڕۆبرت ئۆڵسۆن)یش لە کتێبەکەیدا سەرچاوە/٨٤باسی ئەو گۆڤارەی کردوە کە وتویەتی لەلایەن سریا بدرخانەوە لە قاهرە دەرچووە کە بریتی بووە لە درێژە پێدانی ڕۆژنامەی کوردستان کە کاتی خۆی لە قاهیرە دەرچووە.

بەشی بیستەم

نەخشەی دەوڵەتان بۆ دابەشکردنی وڵاتی عوسمانی

(پەیمانی سایکس پیکۆ)

دەربارەی هەڵویستی دەوڵەتان وەکوو روسیاو بریتانیاو فرنسەو دوای ئەوانیش ئەڵمانیاو ئەمریکا بەرامبەر بە دەوڵەتی عوسمانی، هەریەکەیان نەخشەی تایبەتی خۆی هەبوە بۆ چونێتی دەسگرتن بەسەر زۆرترین بەشی ئەو ئیمپراتۆریەتەدا کە پوختەی نەخشەکانی سێ دەوڵەتی سەرەکی لەناو ئەوانەدا کە بریتانیاو روسیاو فرنسە بوو لە داڕشتنی پەیمانی سایکس پیکۆو مۆرکردنیا دەردەکەوێ.

بەرلە هەموویان روسیای قیصری لەمێژبوو بۆ دەرفەتێك دەگەڕا دەسەلاتی سیاسی‌و ئابووری خۆی لەناو وڵاتی عوسمانیدا بەهێز بکاو بۆ ئەو مەبەستە گەلێك قونسوڵخانەی لەناوچەکانی سەر سنوریا لەگەڵ عوسمانی دامەزراندبوو کە هەریەکەیان بنکەیەکی تایبەتی بوون بۆ ئاسانکردنی کاروباری ئەو میسنێرانەی دەنێرران بۆ ناوچەکە بەناوی ئاینەوە هێزی قۆزاقی روسی بۆ جۆرە شەڕفرۆشتنێك بە عوسمانی پێکهێنرابوو بەرامبەر بەوە عوسمانیەکانیش سوارەی حمیدیەیان رێکخست‌و ئەو شەڕانەی لەنێوان هەردولادا ڕوویدا وەکوو شەڕی قرم‌و شەڕی قارص‌و ئەردەهان بوو بەهۆی ئەوەی حکومەتی عوسمانی ناچاربکرێ پەیمانی (سان أستیفانو)و پەیمانی (برلین) مۆر بکاو ئەم هەڵوێستەی روس بەرامبەر بە عوسمانی بەتەواوەتی سەروڵی بەریتانیاو فرنسەی گرتبوو، ئەوانەی تریش وەکوو ئەڵمانیاو ئیتالیاو ئەمریکا هەریەکەیان بەشێوەی خۆی کەوتە چالاکی.

فرنسەو بریتانیا کەلە شێوەدا سیاسەتیان لەیەکەوە نزیك بوو، ساتێك دەستیانکرد بەئامادەکردنی نەخشەیەك بۆ دەسگرتن بەسەر هەندێ لەناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی، نەیان توانی بەبێ بەشداربوونی رووس ئەو کارەیان ئەنجام بدەن، بۆیە بەجووتە لەگەڵ روسەکانا ئەو نەخشەیەی لەلایەن نوێنەرانی ئینگلیزو فرنسەوە (سایکس‌وپیکۆ) ئامادەکرابوو لەگەڵ روسەکانا کەوتنە گفت‌وگۆو لەگەڵیانا لەسەر نەخشەیەکی هاویەش رێك کەوتن ئەگەرچی لەدوای روخانی رژێمی قیصری لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا روسەکان خۆیان لەو پەیمانە کێشایەوەو نهێنیەکانی ئەو پەیمانەیان ئاشکرا کرد.

ئینگلیزەکان لەمێژیوو تەقەلایەکی زۆریان دابوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەناو خاکی عوسمانیدا بەهۆی میسینێرەکان‌و بەهۆی گەڕیدەکانیانەوە وەکوو مارك سایکس‌و ریچ‌و مێجرسۆن‌و فرنسیەکانیش بەهۆی ئەوەی دەسەلاتێکی زۆریان پەیدا کردبوو لەرێگەی کۆمپانیای (ریژی ـ کە کۆمپانیایەکی توتن‌و جگەرەی فرنسی‌بوو) ئەوانیش جگە لەوەی بەتەمای سوریاو لوبنان بوون، چاویشیان بریبووە ویلایەتی موصل‌و ئینگلیزەکانیش لە هەموویان زۆرتر مەبەستەکانیان ئاشکرابوو کە دەیانویست هەموو میسۆپۆتامیا بۆ خۆیان موسوگەر بکەن‌و بیکەن بە بەشێك لە موستەعمەرە گەورەکەیان لەهندستان‌و نزیك بەچاڵە نەوتەکانی ئەهواز لەخوارووی ئێراندا.

وەکوو لەباسی دامەزراوی دەوڵەتی عوسمانیدا لێی دواین، تورکەکانی عوسمانی کەوتبوونە ژێر باری قەرزێکی ئێجگار قورس‌و گرانەوەو لەمەبەستی روسیاو ئینگلیزو فرنسە گەیشتبوون بۆیە تاقمی أتحادوترقی بەنیازی خۆ رزگارکردن لەو هەموو قەرزە زۆرەی بەسەر دەوڵەتەکەیانەوە بوو، بۆ ئەوەی خۆیان لەئینگلیزو فرنسە رزگار بکەن، خۆیان لە ئەڵمانەکان نزیك کردەوە، کە بەرلەوە ماوەیەك بوو پێوەندیی ئەڵمانیاو عوسمانی بەهێزبوبو، ژمارەیەك لە ئەفسەرە ناسراوەکانی ئەڵمانی‌و نەمسایی بەکرێ گیرابوون‌و لەناو سوپای عوسمانیدا مەشقیان بەهێزەکانیان دەکردو هەندێکیان لەشەڕە ناوچەییەکانیشدا شان بەشانی سوپای عوسمانی بەشدار دەبوون، وەکوو مۆڵتکە کە بەرلەمە لەشوێنی خۆیدا لەباسی رووخاندنی ئەمارەتی بۆتاندا لێی دواین..

ئەمریکاییەکانیش کە تازە کەوتبوونە خۆیان و ئاگاداری چالاکیەکانی دەوڵەتانی تر بوون، ئەمانیش بەبێ دەنگی دانەنیشتن و هەروەکوو دوکتۆر کمال مەزهەر لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/١٠٣ أضواء علی قضایا دولیە لاپەڕە/٣٢باسی تەقەلادانی ئەمریکاییەکانی کردوە کە لە ساڵی ١٨٣٠دا پەیمانێکی دۆستایەتی و بازرگانیتییان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا پەیدا کردو بەوە جێپێی خۆیان کردەوەو کەوتنە چالاکی و کۆمپانیای نەوتی (ستاندرد ئۆیل) بیانووی ئەوەی دۆزیەوە گوایا لەکاتی کوشتاری ئەرمەنیەکانا زیانیان لێ کەوتبوو ئەوانیش بەسەرکردایەتی (کولبی چستر) خۆیان گەیاندە کەناری دەریاکانی عوسمانی پاش ئەوەی (ولسن) بوو بە سەرۆکی ئەمریکا، خۆی وەکوو داواکارێکی ئاشتی خستە بەرچاوو ساتێك شەڕی جیهانی دەستی پێکرد چەکی بەهەموو لایەك فرۆشت و قەرزێکی زۆریشی دا بەبەریتانیاو فرنسەو ئیتر لەرێگەی ئەو قەرزدانەوە ئەویش خۆیکرد بەدەوڵەتێکی هاویەش.

لەبەرگی یەکەمی کتێبەکەی شێخ محمودا سەرچاوە/٨٠ لەلاپەڕەکانی (٣٧٠ ـ ٣٧٨) باسی بایەخدانی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان کراوە بەکوردستان و لە هەموویان چاکتر ئینگلیزەکان بوون و چاویان بڕیبووە نەوتی کوردستان و میسۆپۆتامیاو لەلاپەڕە/٤٢٨ی بەرگی دوهەمی ئەو کتێبەشدا باسی بین برکێی دەوڵەتە سەرمایەدارەکان کراوە لەسەر نەوتی میسۆپۆتامیاو کوردستان کە ئەمەش هەر بریتی بووە لەرەنگدانەوەی پەیمانی سایکس پیکو.

دەربارەی پەیمانی سایکس پیکۆ لەنێوان ١٥ ـ ١٧/ی مایس ١٩١٦دا هێشتا شەڕی جیهانی لەگەرمەیدا بووە ئەو نەخشەیە لە (بترۆگراد)مۆرکرا. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە لێی بدوێین تەنها بریتییە لەو ناوچە کوردیانەی لەژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون کە پەیمانی سایکس پیکۆ گرتبوویەوە:

١ - بە پێی نەخشەی سایکس پیکۆ ویلایەتی موصل (خواروی کوردستان) لەگەڵ ویلایەتی شام و حلب بەر فرنسیەکان کەوتبوو (لەدوای تەواو بوونی شەڕ ئنگلیزەکان ویلایەتی موصلیان لەدەست فەرەنسیەکان دەرهێنا بەرامبەر بە هەندێ شوێنی تر کە درا بە فرنسیەکان).

٢- باكووری کوردستان (له په یمانی سایکس پیکۆدا بەکوردستانی مرکزیی ژوروو ناوبراوه)، بۆ روسیای قیصری دانرابوو (لەدوای شۆرشی ئوکتوبرو کشانەوەی روسیا لە شەری جیهانی وازی لەو پە یمانە هێناو مایەوە سەر سیاستی بریتانیا کەلە پێشدا بو بە لایەنگری پە یمانی سیڤەر کە بە پێی ئەوە مافی کوردی باکورو باشوری تیادا دەستنیشانکرابوو، بەلأم دوای ئەوە ئینگلیزەکان وازیان لەو سیاسەتە هێناو ریگەیان دا بە کمالیەکان دەست بەسەر باکوری کوردستانا بگرن وەکوو لەبەرگی دوهەمدا باسی دەکەین).

دەربارەی پەیمانی سایکس پیکۆو هۆی ئامادەکردن و مۆرکردنی، دوکتۆر کمال مەزهەر لەباسەکانیا وتویەتی:

((هۆی هەلگیرسانی شەری یەکەمی جیهان بەهۆی چاوچنۆکیو تێر نەخواردنی دەولەتە گەورەکانەوە بووە کە بووە هۆی ئەوەی نەخشەی دابەشکردنی ناوچەکە بکێشریو کوردستان بەشێك بووە لەنەخشەی ئەو دابەشکردنە.

تورکەکان دەیانویست بەهۆی ئەلمانەکانەوە کە بە سەرزاری بوبوون بەدۆستی عوسمانی خۆیان لە دەولەتە سوێندخۆرەکان (هاوپەیمانەکان) بپارێزن و لە ئەنجامی ئەوەدا چونە پال ئەلمانیاو تێکەل بەشەری جیهانی بوون، لەراستیدا ئەگەر ئەلمان سەریکەوتایە بەتەمای هەموو دەولەتی عوسمانی بوو، روسیای قیصریش ئەگەر دەستی بکەوتایە هەموو کوردستانی بۆخۆی دەویستو فرنسیەکان جگە لەسوریاو لوبنان چاویان بریبووە ویلایەتی موصلیش.

نامەیەکی (سازانۆف)ی وەزیری دەرەوەی روسیای قیصری لەمانگی نیسانی ١٩١٦دا ناردبووی بۆ بالیوزخانەی فرنسا لە (پترۆگراد) بەئاشکرا باسی کوردستانی لەو نامەیەدا بەم جۆرەی خوارەوە کردبوو:

١- پێویستە ناوچەی ئەرزرۆم و ترابزون و وان و بدلیس هەتا ئەو شوێنەی ئەکەوێتە رۆژئاوای ترابزون لەسەر کەناری دەریای رەش هەمووی بۆ روسیا دابنرێت.

٢- ئەبێ ناوچەی کوردستان لەباشوری وان و بدلیس دا، لەنێوانی موش و سعرت و روباری دجلەو جزیرەی أبن عومەر، هێلی لووتکەی ئەو شاخانەی بەسەر عمادیەدا دەروانن لەگەل مەرگەوەر، هەمووی بۆ روسیا تەرخان بکریو روسیاش بەرامبەر بەمانە

دان بەوەدا ئەنێت ئـەو ناوچانـەی کەوتونـە نێـوان (ئالـەداخ ــ قیصری ــ خربـوط)
هەمووی بۆ فرنسە بێ.

٣-روسیا بەو پەڕی تونلوتیژیەوە بەرامبەر هەر هەوڵێکی فرنسـا دەوەسـتێتو پـێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە نابێ هیچ بەشێك لەکوردستان، بەتایبەتی خۆرئاوای تورکیـا بدرێت بە فرنسە)).

لەبەرگی دوەمی ئەم کتێبەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەم باسەو لـەڕووداوەکانی دوای شەڕی جیهانی یەکەم بەدورو درێژ باسی سیاسەتی بریتانیـا دەکـەین چـۆن لەسەرخۆو بەپێی نەخشەیەکی تایبـەتی خۆیـان هـەموو مەبەسـتەکانیان هێنایـە ئەنجام.

بەشی بیستویەکەم

شەڕی یەکەمی جیهانیو بارودۆخی کوردستان لەکاتی شەڕەکەدا

وەکوو لەباسەکانی پێشودا ڕوون بۆتەوە باری ئابووریی دەوڵەتی عوسمانی لەپێش شەڕی جیهانیدا بەماوەیەك تەواو داڕزاوو ئاڵۆز بووە لەژێر باری قەرزێکی زۆردا نالاندوێتیو توانای دانەوەی ئەو قەرزانەی نەبووەو دەوڵەتە سەرمایەدارە خاوەن قەرزەکان مرخیان لەدابەشکرنو دەسگرتن بەسەر خاکی عوسمانیدا خۆشکردبوو، ماوەیەك بوو ئەو ولاتانە چاویان بڕیبووە خێروبێری عوسمانیو کۆمپانیاکانی هەندێکیان دەسەلاتی پشکنینی گەلێك شوێنیان پێدرابوو بۆ دۆزینەوەی نەوتو دەرهێنانی بەئومێدی ئەوەی لەم ڕێگەیەوە قەرزەکانی خۆیان دەزگیر بکەنەوەو ئەلمانەکانیش ئاگاداری مەبەستەکانی حکومەتەکانی بریتانیاو فرنساو روسیاو ئەمریکا بوونو ئەوانیش نەخشەی ئەوەیان کێشابوو دەسبکەن بەدروستکردنو تەواوکردنی ئەو هێڵی شەمەندەفەرەی بەتەمابوون لە موصلەوە بیگەیەننە بصرە بەرامبەر بە بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لە هندستانو لەناوچەی ئەهوازی خواروی ئێرانی پڕ لەنەوت.

لە گێژاوی ئەو بارودۆخو هەڵوێستانەدا طورانیەکانی أتحادوترقی ماوەیەك بوو پێوەندییان لەگەڵ ئەلمانەکانا بەهێز کردبوو شان بەشانی ئەوان تیکەڵ بەشەڕی جیهانی بوون.

بەرلە دەسپێکردنی شەڕو لەکاتی شەڕەکەشدا ئەلمانەکان کەوتنە چالاکیو بایەخ پێدان بە میللەتی کورد کە خاکەکەیان هەندێکی کەوتبووە سەر سنوری یەکێك لە دوژمنەکانی خۆیانو تورکەکان (مەبەستی روسیایە).

دەربارەی ئەوە دوکتۆر کمال مەزهەر لەسەرچاوە/٢٤دا لەباسی چالاکیو بایەخ پێدانی ئەڵمان بەکورد لەکاتی شەڕی جیهانیداو هەوڵیان دابوو هەموو بەیاننامەو چاپەمەنیەکانی پان ئیسلام بەهەموو کوردستانی ئێرانا بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی لەلایەکەوە بەلای تورکدا ڕایانکێشنو لەلایەکی تریشەوە لەڕووسەکان دوریان بخەنەوەو بۆ ئەو مەبەستە ژمارەیەك سیخوڕی خۆیان وەکوو(شێونمان)و(لیستین) هەندێکیتر کەوتەکارو لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستداو لەناو کوردستانا چالاکیان پەرەی سەندو ئینگلیزەکانیش لەناوچەی وان و لەڕێگەی وەکیلی قونسوڵەکەیانەوە پێوەندیان بەدەسەلاتدارانی کوردەوە کرد لەناوچەی بدلیسداو لەدیاریکرو موصلیش لەچالاکیدابوون و وایان لەدانیشتوان کردبوو لەدوارۆژێکی نزیکدا هەموو رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی بەریتانیا هەروەکوو لازاریف لەکتێبەکەیدا بەدوورو درێژ باسی کردووە.

بەرامبەر بەوان، روسەکانیش ماوەیەك بوو خۆیان بۆ ئەوە ئامادە کردبوو هەرکاتێك بۆیان بلوێ چەند بەشێکی کوردستان داگیر بکەنو بۆ ئەو مەبەستە چەند قونسوڵخانەیەکیان لەشارەکانی کوردستانی ئێرانو تورکیا کردبووەوەو لەولاشەوە فرنسەکانو ئەمریکاییەکانیش هەریەکەیان پرۆژەو نەخشەی خۆی هەبوە لەناوچەکەدا.

دوکتۆر کمال مەزهەر لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٤لەسەری ئەڕواو ئەڵێ:

((ساتێك شەڕی جیهانی یەکەم دەستی پێکرد، کوردستان ببوو بەمەیدانی سوپای سێ وڵات کەبریتی بوون لەعوسمانیو روسو ئینگلیز، بەهۆی ئەوەوە کوورد توشی کارەساتێکی گەورەبوو بەبێ ئەوەی ئەوشەڕە هیچ سوودێکی کوردی تیادا بووبێو میللەتەکەیو وڵاتەکەی بەخۆڕایی ئاڵێنرایە شەڕەوە.

لەگەرمەی شەڕدا تورکەکان هەستی ئاینی کوردیان دژی روسیای کریستیان دەبزوانو بەرامبەر بەوان روسەکانیش کوردیان دژی تورکەکان هان ئەداو پێوەندییان لەگەڵ چەند سەرۆکێکی کوردا بەهێز کردبوو تەنانەت شێخ عبدالقادری شمزینی کە شێخێکی ئاینی بوو بەڵێنی دابوو بەروسەکان بەهەموو توانای خۆیەوە بداتە پاڵ ئەوان بەمەرجێك بەرامبەر بەوە ئەوانیش دەزگایەکی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد موسوەگەر بکەن.

دەربـارەی ئـەو پەیوەندییــەی نێـوان روس‌و شـێخ عبدالقـــادر، لازاریـــف لەلاپـەڕە/٣٠٤ی کتێبەکـەیدا باسـی ئـەوەی کردوەلـەو رۆژانـەدا نامەیـەکی خـۆی بەکوردستانا بڵاوکردبووەوەو داوای لەخـەڵك کردبـوو بـەرەنگاری لەشـکری روس نەبنەوەو شـەڕی لەگـەڵدا نەکـەن، بـەوجۆرە هـەروەکوو لازاریـف باسـی کـردوە، دەنگی یەکەم تەقەی شەڕ لەرۆژهەڵاتی نزیکدا لەکوردستانی ئێرانا بـەرز بـووەوە نەك لەدەریای رەشی نێوان تورکیاو روسیا.

بەوجۆرەلەماوەی شەڕی یەکـەمدا کـە چوارسـاڵی خایـان، کوردسـتان ببـوو بەکێڵگـەو ژێرپێـی هێزەکـانی روس‌و تــورك‌و ئینگلــیزو بوویــەهۆی مــاڵوێرانی‌و کوشتنی هەزاران کوردی بێتــاوان، بەتایبـەتی سـەربازەکانی سوپای عوسمانی لەئـەرزڕۆم‌و لەشـکری دەهـەمی ناوچـەی سیواس‌و لەشـکری یـازدە لەناوچــەی (العزیز)و لەشکری دوازدە لە موصلْ لەکوردەکان بوون‌و زۆریان لێ کوژرا.

لەڕاستیدا سەربازەکانی کوردی ناو سوپای عوسمانی بەهۆی جـەورو سـتەمی کاربەدەستانی تورکەوە بەکێشدەکران بۆ کۆڕی شەڕو هـەروەکوو دوکتـۆر کمـال مەزهەر لەلاپەڕەکانی (٥٤ ـ ٥٥)ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٢٤باسی کردوە، هێشتا زۆر بەسەر دەست پێکرنـی شـەڕدا تێپـەڕی نـەکردبوو سـەربازە کوردەکـانی نـاو لەشکری عوسمانی بەتاکەو بەکۆمەڵ سـوپای تورکیـان بـەجێ دەهێشـت‌و ڕایـان دەکردو هەموو چەند مانگێك بوو شەڕ دەستی پێکردبوو، لە (١٨هەزار) سوارەی کوردی ناو لەشکری سێهەم تەنها(٢٨٠٠) کەسیان لێ مایەوەو لەجەبهەی قفقاسدا لەگەرمـەی شـەڕدا جـاری واهـەبوە سـەربازو سـەردارەکانی کـوردی نـاو سـوپای عوسمانی بەخۆیان‌و چەکەکانیانەوە دەچوونە پاڵ هێزی روس.

دوای ئـەوە شـەڕی روس‌و عوسمـانی لەکوردسـتانی ئێرانـا تەشــەنەی کــرد، عوسمانیەکان لەوێ دوو سەرداری کورد (محمد حسێن خان)و (سیف الدین خانی سەقزی)یان لەسێدارە داو بۆ چاوترسـاندنی خـەڵك بـۆ چـەند رۆژێـك لاشـەکانیان بەسێدارەوە هێڵرانەوە.

ئەوی راستی بێ لەکوردستانی ئێرانا روسەکانیش شتێکی کەمتریان نەکردبوو لەتورکەکان، کە وشەی (مۆسقۆف)دیاریی تاوانەکانی ئەو سەردەمەی روس بووە لەناو کوردەکاناو ئەوانیش مرزا فتاحی قازی (مەبەست لـەقازی فتاحـە ١٨٣٢ ـــ

١٦١٦) كە برا بچوكی باپیری قازی محمدی شەهید بووە كە قازی فتاح خۆیو كوڕێكی لەلایەن روسەكانەوە شەهید كرابوون.

دەربارەی چالاكی ئەڵمانەكان لەكاتی شەڕدا بۆ هاوكاریكردن لەگەڵ توركی هاوكاریانا، سەرچاوە/٦٢ بەدورو درێژ باسی تەقەلاكانی ئەڵمانەكانی كردوە بۆ ئەوەی كورد بۆ سوودی تورك بەتەواوی بگلێنرێتە شەڕەوەو بۆ ئەو مەبەستە چەند كوردێكیان نارد بۆ ناو خاكی روسیا بۆ كاولكردنو وێرانكاریو توركەكانیش بۆ هێوركردنەوەو دڵنیا بوونی كورد بەرامبەریان بەڵێنیان دابوو بەكورد لەدوای تەواو بوونی شەڕ ئۆتۆنۆمی ئەدەن بەكورد، بەلام تەقەلاكانی توركەكانو ئەڵمانەكان سەركەوتنێكی ئەوتۆی بەدی نەهێنا.

سەرچاوە/٦٣لە باسەكەیدا ئەڵێ :

لەڕاستیدا توركەكانو ئەڵمانەكان هەر لەسەرەتای شەڕەوە زۆر دڵنیا نەبوون لەكوردەكانو لێیان دەسڵەمینەوە، لەبەر ئەوەی لەكاتی شەڕدا چەكو جبەخانەیەكی كەمیان ئەدا بەكوردەكان كە بەشی شەڕێكی درێژخایەنی نەدەكردو هێزی كورد لەناو سوپای توركدا بێبەش دەكرا لە تۆپو ڕەشاشو وای لێ هاتبوو لەكۆتایی ساڵی ١٩١٥دا لەناو سوپای سێهەمی كوردا تەنها (٨)هەزار كوردی تیا مابووەوە (بەلام وەكوو لەمەوپێش باسكراوە دوكتۆر كمال مەزهەر لەسەرچاوە/٢٤دا وتویەتی لەناو سوپای سێهەمدا تەنها (٢٨٠٠) كورد مابووەوە)، هەروەكوو هەواڵنێرەكانی روس ڕایان دەگەیاند، كوردەكان وایان لێهاتبوو باوەڕیان بەو هەواڵانە نەدەكرد دەربارەی سەركەوتنەكانی تورك بلاودەكرانەوە.

باسیل نیكتین دەربارەی باوەڕنەبوونی كورد بەرامبەر بەو أعلانی جهادەی توركەكان بلاویان دەكردەوە لەكتێبەكەیدا باسی ئەوەی كردوەكە تەنانەت شێخە ئاینیەكانی كورد بەوپەڕی قەناعەتەوە دژی ئەو أعلانی جهادە ڕادەوەستانو سەربازەكانی كورد یا لەسوپا ڕایان دەكرد یان دەچوونە پاڵ هێزەكەی روسو خۆیان ئەدا بەدەستەوەو كامل بدرخان كە مامی عبدالرزاق بدرخان بووە لەگەڵ كورحسن پاشاو چەند كەسێكیتر بانگەوازێكیان بلاوكردەوەو دلوایان لەكورد كرد لوولەی چەكەكانیان ئاڕاستەی توركەكان بكەن.

دەربـارەی هــۆی بــێزاربوونی کــوردو ئەرمـــەنی بەرامبـــەر بـــەتورک، سەرچاوە/٦٢باسی ئەوەی کردوە ساتێك کاربەدەستان‌و هێزەکانی تورك لەکاتی شەڕدا بەناو ئەرمەنی ڕۆژهەلاٌت‌و کوردستاندا تێپـەڕیان بکردایـە هـەموو خـۆراك‌و مـەڕومالاٌتی دانیشـتوانیان تـالاٌن دەکـردو دەت ووت بـەناو خـاکی دوژمنــدا تــێ دەپەڕن!!

تورکەکان دوای ئەوەی ئومێدی ئەوەیان نەما بەکاولکردن وا لە ئەرمەنیـەکان دەکەن ببێ بەهاوکاریان، ئیتر دەستیان کرد بەبەکارهێنانی سیاسەتی (بەکۆمەلٌ لەناوبردن‌و جینۆساید) بەبیانوی ئەوەی ئەرمەنیەکان خەریکی خۆ ئامـادەکردنن بۆ ڕاپەرینێك دژی تــورك دەسـتیانکرد بـە ئاوارەکردنیـان بۆ دەشـتە چۆلٌـەکانی سوریاو لەئەنادوٌلیشــدا دەسـتیانکرد بەکوشـتاری ئەرمەنیـەکان‌و هـەر ئەوانـەیان ڕزگـاری بوبـوو کـە توانیبویـان خۆیـان بگەیەننـە نــاو خــاکی روسـیاوەو جگـە لەئەرمەنیەکان نسطوریەکانی ناوچەی هەکاریش (مەبەست ئاسـوریەکانە) توشـی کارەساتێکی گەورەبوون‌و بەناچاری پــەنایان بـردە بـەر ناوچـەکانی دەوروبـەری گـۆلی ورمیـەو لـەرێگایانا ژمارەیـەکی زۆریـان لێ کـوژراو، تورکـەکان توانیبویـان هەندێ لەدەرەبەگەکانی ناوچەکانی وان، موش، شـاکرو، هـەکاری، ورمیـە بکـەن بەدوژمنی ئەرمەنی‌و ئاسوری‌و بەلٌێنی ئەوەیان پێدابوون زەوی‌و زاری ئەرمـەنی‌و ئاسوریەکانیان بدرێتێ.

سـاتێك هـەوالٌی ئـەو تـاوان‌و کوشـتارەی لەئەرمـــەنی‌و ئاســوریەکان کرابــوو لەلایـەن تورکەکانـەوە، طلعـت پاشـای نەخشەکێشی کوشـتارو ئـاوارەکردن بــۆ ئـەوەی کـوردی پــێ بـەدناو بکـاو پاکانـە بۆخــۆی بکـا هــەمووی دابــووە پــالٌ کوردەکان‌و بەپڕوپاگەندە تاڕادەیەك لەو ڕۆژانەدا کـوردو ئەرمـەنی‌و ئاسـوریـیان کردبوو بەدوژمنی یەك‌و بەخۆڕایی ناوی کوردیان زڕاندبوو.

بەلاٌم لەگەلٌ ئەو هەموو تەقەلادانەی تورکـدا، تورکـەکان توانیبوویـان هـەندێ لـەو پروپاگـەندەو درۆو دەلەسـانەی کاربەدەسـتانی تـورك بـەدرۆ بخەنـەوە. بـۆ نمونەی ئەوە: (ڤ.أ. گردلیڤسکی) کە خۆی لەکاتی شەڕدا چەند جارێك چووە بۆ کـۆڕی شـەڕ لەکتێبەکـەیدا هـــەندێ لـەو درۆو دەلەسـانەی پوچـەلٌ کردۆتـەوە وتوویەتی :((ئەرمەنیەکان لەناو کوردەکانا لەهەموو شوێنێکدا دۆستیان هـەبوەو

زۆرجـار کوردەکـان توانیبویـان ئەرمەنیـەکان لـەو جەورسـتەمو کوشـتاری تورکەکان رزگار بکەن‌و بەرامبەر بەوە لـەناو ئەرمەنـەکاندا هـی‌وا هـەبوە لـەکاتی پێویستدا یارمەتی کوردیان دابوو.

ساتێك تورکـەکان دەستیان کردبـوو بەکوشتاری ئەرمەنیەکان، ژمارەیـەکی زۆری ئەرمەنیـەکان پـەنایان بردبـووە بـەر تورکـەکان‌و لەشـوێنێکی وەکـوو (دەرسیم)دا نزیکی بیست هـەزار ئەرمـەنی لای کوردەکـان پەنابـەر بـوون لەگـەڵ ئەوەشـدا کـورد خـۆی لەو رۆژەدا زۆر پەرێشـان بـوون‌و لـەژێر بـاری گرانـی‌و نـەبوونی‌و برسـێتیدا بـوون‌و کوردەکـان لـەو رۆژانـەدا دوا پارچـەنانیان لەگـەڵ ئەرمەنیەکانا دەکرد بەدوو کەرتەوە)).

دەربارەی ئەو یارمەتی‌دانەی کورد بۆ ئەرمەنی کە گردلێفسـکی باسی‌کردوە، عبدالعزیز یامولکی لەکتێبەکەیدا (کوردو کوردسـتان آختـلا للری) چاپی تـاران، وتوویەتی سێ‌چارەکی ئەو ئەرمەنیانەی لەکوشتن‌و مردن رزگاریان بوبوو بـەهۆی یارمەتیدانی کوردەوە بووە لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەو رۆژانـەدا هەرکەسێك یارمـەتی ئەرمەنی بدایە لەلایەن تورکەکانەوە بەوپەڕی دڵڕەقی‌یەوە سزا ئەدرا.

بەشی بیست و دوهەم

ئەنجامی شەڕی جیهانی یەکەم و ئەو زیانانەی بە کورد گەیشت

وەکوو لەپێشترا باس کرا، میللەتی کورد لەشەڕی جیهانی یەکەمدا کە بە (سەفەربەر) ناسراوبووە لای کورد، ولاتەکەی کرابوو بەکۆڕی شەڕی نێوان تورك و روس و ئینگلیزو لەو شەڕەدا کورد زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی لێ کەوت ولاتەکەی کاول کراو بەدەیان هەزاری لەکۆڕی شەڕەکانا کوژراو برسێتی و قات و قڕی ژمارەیەکی زۆری لەناو بردبوو، میللەتی کورد لەناو ولاتی عوسمانیدا لەهەموو میللەتانی تر توشی زیان و ماڵ کاولی بوو.

ئەمین زەکی بەگی مێژوونووس و شارەزا بەڕووداوەکانی ئەو رۆژانە وەکوو ئەفسەرێکی گەورەی ناو سوپای تورکیا کەلە شوێنی خۆیدا باسی زیانیمان کردووە، کەلە کتێبەکەیدا مێژووی کوردو کوردستان، سەرچاوە/٣٢ باسێکی تایبەتی تەرخانکردووە لەژێر ناوی شەڕی گەورە ساڵی ١٣٣٢/ی کۆچی بەرامبەر ساڵی ١٩١٤ی زایین هەتا ساڵی ١٣٣٦ بەرامبەر ١٩١٨ لەو باسەدا بەدوورودرێژ باسی ئەو زیانانەی کردووە کە میللەتی کورد بەهۆی ئەو شەڕەوە توشی بوبوو لەلاپەڕە/٢٥٧ی کتێبەکەیدا ئەو زیانانەی کردبوو بەم بەشانەی خوارەوە:

(ئێمەش وەکوو وێنەیەکی راستی بەسەرهاتەکان و ئەو زیانانەی کەلەکورد کەوتبوو کورتەیەکی پێشکەش دەکەین).

یەکەم: ئەو زیانانەی بەهۆی ڕەشبگیری (سەربازی أجباری)یەوە تووشی کورد بوبوو

لەو شەڕەدا هەرچی لاوو گەنج هەبوو (وەکوو پیرەکانی سەردەمی منداڵی ئێمە دەیانگێڕایەوە مرۆڤی بەساڵاچووش لە سەربازێتی و بێگاری عوسمانی رزگاری نەبوبوو)، هەموویان بەزۆرەملێ گیران و کران بەسەربازو بەزۆرەملێ کران

بەچەك هەڵگرو ئەم كارە بوو بەهۆی ئەوەی بەهەزاران گەنج‌ولاو لەخێزانەكانیان دورخرانەوەو لەناو ماڵاتا مابوونەوە تەنها ژن‌و منداڵ‌و پیاوی پیری بەساڵاچوو بوون‌و دەوڵەمەندەكانیش كەوتنە ژێر باجێكی زۆری حكومەتەوە كەپێی دەوترا (بدلی عسكری) بۆ ئەوەی نەكرێن بەسەربازو حكومەت گەلێك شێوەی تری بەكار دەهێنا بۆ پارەسەندن لەخەڵك كە بۆ هەرجۆرێك بڕوو بیانوویەكی ئەدۆزیەوە لەگەڵ لێسەندنی ولاغی بەرزە بەبیانووی ئەوەی خۆراكو ئازووقەیان پێ دەگوێزنەوە بۆ ناوچەكانی شەڕ لەكوردستانا هی وای تیا نەمابوو توانای كشت‌وكاڵ كردن‌و بەرهەم هێنانی مابێ‌و ئەو بەرهەمە كەمانەش كە لەلایەن ژن‌و منداڵەوە پەیدا ئەبوو توركەكان بەو پەڕی بێ ویژدانیەوەو بەوپەڕی بێ بەزەییەوە لێیان زەوت دەكردن‌و بەبرسێتی‌و بەنەبوونی دەیان هێشتنەوە.

دوهەم: ئەو زیانانەی لەكۆڕی شەڕەكانا بەكورد گەیشتبوو

حكومەتی عوسمانی لەكاتی شەڕی جیهانیدا دوو سوپای لەكوردەكان ئامادەكردبوو، سوپای یەكەمیان بریتی بوو لەسوپای یازدەهەم كە شوێنەكەی لە (معموره العزیز)داو سوپای دوهەم لە موصڵدا بوو بێجگە لەو دوو سوپایە، (١٣٥) بلووك سواری أحتیاط كە دەیكردە چوار فرقەو لیوایەك جگە لە هەندێ هێزی‌تر كران بە جەندرمەو ئاسایش‌و زۆریەی ئەفسەرەكانی سوپای نۆهەم لە (ئەرزرۆم)و هی دەهەم لە (سیواس) كەلە كوردەكان بوون.

بێگومان خۆراكی ئەو هەموو سوپایانە لەدەمی میللەت دەگیرایەوەو میللەت ناچار دەكرا ئەو خۆراكانە بۆ حكومەت ئامادە بكاو بەهۆی درێژە كێشانی شەڕەوە ئەو بۆشاییانەی لەناو هێزی سوپادا پەیدا دەبوو (مەبەستی ئەمین زەكی لەو بۆشاییانە : ئەوانەی دەكوژران شوێنەكانیان دەبوایە بەهی‌تر پڕ بكرایەتەوە) هەمووی بەگەنج‌و لاوی ستەمدیدە پڕ بكرایەتەوە.

ئەمین زەكی باسی ئەوەی كردوە چۆن سەركردەی هێزەكانی عوسمانی كوردیان ناچار دەكرد بەناوی (غەزا)وە بچنە ناو ریزی شەڕەكانەوە كەلە شوێنێكی وەكوو باشووری كوردستانا شێخ مەحمودو چەند سەرۆكو نائیبێكی كورد نێرران بۆ شەڕی شعێبەو بەهۆی ئەوەوە تووشی زیانێكی زۆر بووە (دەربارەی ئەو شەڕی شعیبەیەی ئەمین زەكی باسی كردوە، لەبەرگی یەكەمی

کتێبەکەی شێخ مەحمودا ـ لاپەڕە/٣٤٥ بەدورو درێژ باسی ئەو شەڕەو ئەوەی ناوچەی مەریوانیش کە هەمدیسان شێخ مەحمود دژی سوپای روسی کردبووی لەلاپەڕە/٣٤٨دا باس کراوە).

ئەمین زەکی لەلاپەڕە/٢٥٩ی کتێبەکەیدا ئەڵێ:

حکومەتی عوسمانی لەسەرەتای شەڕی یەکەمدا تووشی خەیاڵ پڵاویەکی سەیر بوبوو، لای وابوو بەهۆی ئەو شەڕەوە دەتوانرێ ئێران و توران داگیربکاو بیخاتە سەر ئیمپراتۆریەتەکەی و لەوێشەوە بگاتە هندستان و بەوە ئاواتی سەرگرتنی ئیمپراتۆرێتی (طورانی) دەهێنێتە دی کە هەمیشە خەوی پێوە دەبینی، لەبەر ئەوە کەشەڕ دەستی پێکرد ئەویش دژی روسیا کەوتە شەڕەوەو هەرچی سوپاکانی بوو، هەرچی سوارەی عەشایرو قوتابی کولیەکان بوو هەمووی کۆکردنەوەو بەکێشی کردن بۆ سەر سنوری ئێران بەسەرکردایەتی (عمر ناجی)و (رۆوف)و (خالد)و هێزی یەکەم و دەهەم پەلاماری ئێرانیاندا کەلە ناوچەی هەورامانەوە هەتا تەورێزی گرتەوەو ناوچەی موکری و بانەی گرت و تالآنیان کردو ڕاوو ڕووتێکی زۆری کردو ئیبراهیم بەگ کە سەرکردەی هێزێکی عوسمانی بوو (حسێن خان)ی حاکمی موکری أعدام کرد کە دوا ئەمیری بنەماڵەی (بابامیری) بوو لەناوچەی موکریاندا، لەگەڵ (حمە خان) کە لام وایە ئەمین زەکی مەبەستی حەمە خانی بانەی بەناوبانگ بووە کە گەلێك گۆرانی فولکلۆری دەربارەی وتراوە).

(بێجگە لە حسێن خان ـــ کە دوکتۆر کمال مەزهەر لەلاپەڕە/٦١/ی سەرچاوە/٢٤دا بە محمد حسێن خان ناوی بردوە، قازی فتاح کە برا بچووکی باپیری قازی محمد بووە لەلایەن روسەکانەوە کوژرابوو وسیف الدین خانی سەقزیش هەر لەو شەڕانەدا کوژرابوو (وەکوو لەبەشی بیست و یەك دا بەرلەوە باس کراون).

ئەمین زەکی لەباسی تاوانەکانی (عمر ناجی)و (ئیبراهیم بدلیس) دواوە، کە ساڵێك هێزەکانیان لە (وان)و (بدلیس)ەوە بردبووە ناو خاکی کوردستانی ئێرانەوە، ئەو کوشتارو تالآنکردن و ماڵ کاول کردنەی ئەوان کردبویان لەسنووری هەموو رەفتارێك چوبووە دەرو قەڵەم ناتوانێ باسیان بکات.

ئەمین زەکی باسی ئەو ئەرمەنیە چەکدارانەی کردوە کەلەلایەن روسەکانەوە پڕچەك کرابوون‌و فێرابووتە ناو خاکی عوسمانیەوە کەلە ناوچە کوردیەکانا گەیشتبوونە (بایزید)و (ئەلشکرد) و(وان) لەو ناوچانەدا زیانێکی زۆری ماڵی‌و گیانی‌یان بەکورد گەیان‌و تورکەکانیش لەلایەن خۆیانەوە بەو پەڕی دڵڕەقیەوە دەستیانکرد بەکوشتارو تالآنی لەکوردەکانی ئەو ناوچەو یەکێکی وەکوو (خلیل پاشا)ی یەکێك لەسەرکردەکانی تورك خۆی بەوەوە هەڵدەکێشا بەزەیی بەهیچ کوردێکدا نەدەهاتەوەو لەناوی دەبردن.

ئەمین زەکی لەلاپەڕە/٢٦١ی مێژووی کوردو کوردستانا ئامـاژەی بۆ لاپەڕە/٣٣ی کتێبی (القضیة الکردستانیة والترك) کردوە، بەپێ ئەو کتێبە تورکەکان (٧٠٠) هەزار کوردیان ئاوارە کردبوو.

سوپای دوهەمی عوسمانی کەلە دیاربکردا بوو لەپایزی ساڵی ١٩١٧ دانیشتوانی شارەکانی دیابکرو موش‌و بدلیسی دەکرد بەبیانووی ئەوەی بەدەرکردنیان هەموو خۆراکەکانیان بۆ سوپای عوسمانی دەمێنێتەوەو لەئەنجامی ئەو کردەوەیانا ژمارەیەکی زۆری کوردیان ئاوارەکرد بۆ موصڵ‌ۆ ئەطنەو حلب‌و لەڕێگایانا بەهۆی برسێتی‌و سەرماو نەخۆشیەوە ژمارەیەکی زۆر کەمیان بەساغی گەیشتنە ئەو شوێنانەی بۆیان دەسنیشانکرابوو، برسێتی گەیشتبووە ڕادەیەك خەڵك ناچاربوو گۆشتی مردوو بخوا، بەوجۆرە لەساڵانی یەکەم‌و دوهەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا ئەرمەنیەکان چیان بەسەرهات کوردەکانیش لەماوەی یەکدوساڵدا تووشی هەمان کارەسات‌و ماڵ ویرانی بوون.

دەربارەی ئەو (٧٠٠)هەزار کوردە ئاوارە کراوانە، جگە لەو باسەی ئەمین زەکی، گەلێك سەرچاوەی تر باسی ئاوارەبوونی کوردیان کردوە بەهۆی ئەو شەڕەوە، بەپێویستم زانی کورتەی هەندێکیان باس بکەم بۆ ئەوەی دڕندەیەتی‌و نامرۆڤایەتی تورکی ئەو رۆژانە بخەمە بەرچاو:

دەربارەی ئەوە، لەسەرچاوە/٦٣دا باسی رێکخراوێکی تورکی کردووە لەکاتی شەڕی جیهانیدا ناوی (العروة الوثقی والتقدم ـ ترجمە عەرەبیەکەیەتی بەپێی ئەو سەرچاوە/ بەداخەوە تورکیەکەیم دەست نەکەوت)، لەوەدا ئەو رێکخراوەی تورك

لەساڵی ١٩١٥دا سوڵتانیان ناچارکردبوو چەند فەرمانێك دەربکا بۆ ئاوارەکردنی کورد بۆ رۆژئاوای ئەنادۆڵ بۆ ئەوەی لەناو تورکەکانا بتوێنرێنەوە، بەو جۆرە (٧٠٠) هەزار کورد ئاوارە کرانو ئەوانەش کە مابوونەوە بەهۆی نەخۆشی کولێرەو ئاوڵەوەو بەرشانەوە لەناو چونو تورکەکان هەموو مەڕو ماڵاتەکانیان تاڵانکرد.

دەربارەی ئاوارەکردنی کورد، سریا بدرخان، لەکتێبەکەیدا سەرچاوە/٧٩دا باسی دەزگای سەرکردایەتی گشتی بۆ سەرپەرشتی کردنی ئاوارەکان لەساڵی ١٩١٥ بەئاشکرا دانی بەئاوارەکردنی (٧٠٠)هەزار کوردا ناوە کەلە کوردستانەوە گوێزرابوونەوە بۆ رۆژئاوای تورکیاو ژنو منداڵیان لەگەورەکان جیا کردبووەوەو هەروەکوو دیلو بەند رەفتاریان لەگەلا دەکردنو برسێتیو نەخۆشی کارێکی وای کردبوو بەسەلامەتی ئەو گوێزراوانە نەدەگەیشتنە ئەو شوێنەی بۆیان دەستنیشان کرابوو، ئەوانەی لەناو دۆڵو لاپاڵی چیاکاندا دەکەوتن کەس نەبوو فریایان بکەوێو دەمردن. لێرەدا ئەو دوو دێرە شیعرەی فقێ محمدی هەمەوەندی دێتەوە بەرچاو کە دەربارەی تورك وتوویەتی و خۆیشی یەکێك بووە لەوانەی کاتی خۆی ئاوارە کرابوو بۆ لیبیاو لەشاری (بنغازی)دا بەئاوارەیی مردبوو لەو شیعرەدا بەرامبەر بە تورك ووتویەتی:

وەسیەتم ئێرەن جەلای خاصو عام	بەتورکان هەرگیز مەواچون ئیسلام
نەصرف ئینصاف، نە مەیلو مروەت	نەهەن جەلاشان زەرەی مەرحەمەت

عبدالعزیز یامولکیش لەلاپەرەکانی ٦١ ـــ ٦٢ی کتێبەکەیدا سەرچاوە/٦٧ باسی ئاوارەکردنی کوردی کردوە چۆن لە زستانێکی ساردو سەهۆڵبەندانا لەرێگا ئەو کوردە ئاوارەبوانە تووشی نەخۆشیو برسێتیو رووتو قووتی دەبوونو لەلاپەرە/٦٦دا باسی درندەیەتی تورکی کردوەو ئاماژەی بۆ راپۆرتەکانی (کاوریکا) کردوە یەکێك بووە لەسیاسیەکانی روسو لەو راپۆرتانەدا باسی ئەوەی کردوە چۆن تورکەکان وەکوو درەندە سکی پیاوانی کوردیان هەڵدەدڕیو مەمکی ئافرەتیان دەبڕیو بەزەییان بەهیچ کەسێکدا نەدەهاتەوە.

عبدالعزیز لەکتێبەکەیدا ئەڵێ : پێویست ناکا باسی هەموو تاوانەکانی تورک بکەین چونکە من بەچاوی خۆم لەڕێگای کرمنشاەو خوارووی خانقیندا چاوم بەلاشەی ئەو جوتیارانەی کورد کەوتبوو لەلایەن تورکەکانەوە کوژرابوون‌و لاشەکانیان بەملاولای ڕێگەکانا فڕێ درابوون.

دەربارەی ئاوارەکردنی کورد، بلەچ شێرکوە (جلادت بدرخان) لەلاپەڕە/٧٢ی سەرچاوە/٦٠دا ئەمیش وەکوو سەرچاوەکانی تر ژمارەی ئاوارەکانی کوردی بە (٧٠٠) هەزار کەس داناوەو باسی ڕۆژنامەی (سریستی)ی تورکی ژمارە/٤٨١ی ڕۆژی ٣٠/٤/١٩١٩ کردوە (دیارە دوای تەواو بوونی شەڕ دەرچووە) کەلە ئەستەمبوڵ دەرچووەو ئەوەی تەنها لەلیستەی ئەو ڕۆژنامەیەدا بڵاوکراوەتەوە وەکوو بلەچ شێرکوە باسی کردوە، تەنها ئەوانەی ئاوارە کرابوون لە (سنجق)ی (بوردور) لەئەنادۆڵدا بریتی بوون لە (٤٧٤٥) خێزان کە بلەچ شێرکوە ناوی سەرۆکی تاقم تاقمی هەموویانی تۆمار کردوە.

بێگومان ئاخۆ چەند لیستەی شوێنەکانی تر هەبوەو جلادت بدرخان زانیاری دەربارەیان دەستگیر نەبوە.

لەڕاستیدا ئەو زانیاریانەی بەکورد گەیشتبوو بەهۆی شەڕەوە ئەوەندە باسێکی دوورودرێژەو کتێبی تایبەتی ئەوێ کە هەموو زانیاریەکانی تیایا باسبکرێت دەربارەی‌و مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەیاداشتەکانیا سەرچاوە/٦٥ باسێکی ئێجگار دڵتەزێنی تۆمار کردوە لە کتێبەکەی شێخ محمووددا، سەرچاوە/٨٠ ئەو باسەی ئەومان بڵاوکردۆتەوە کە پیاو دەیخوێنێتەوە هەموو ژیان‌و مرۆڤایەتیشی لەبەرچاو دەکەوێ لەو برسێتی‌و قات‌و قڕییەی لەکاتی شەڕدا تووشی میللەتی کورد بووبوو.

لەکۆتایی ئەم باسەو ئەم بەرگی یەکەمەی باکوری کوردستان، بەپێویستم زانی ئەو شیعرە ئێجگار بەرزەی شاعیری بێچاو (مەلا حمدون) کە لە چاوساغێك شارەزایانەتر باسی ئەو شەڕی یەکەمی جیهانەی کردوە هەروەکوو مامۆستا ڕەفیق حیلمی لەکتێبەکەیدا لەلاپەڕە/١٣٢ی بەرگی یەکەمی کتێبی (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)دا باسیکردوە، مەلا حمدون ماوەیەکی زۆر لە ئەستەمبوڵدا ژیاوەو لەقاوەخانەی ـ یا (چایخانەی بغداد) لە (سرکەچی) بەزۆری وەختی خۆی

بەسەر بردوەو لەویٚ چاوی بەکوردەکانی ئەویٚ کەوتوەو هەواڵی شەڕی (سەفەربەر)ی لیٚ بیستوون.

ئەم ڕۆژەچ ڕۆژێکە کە دنیا شڵەژاوە
هەرکەس بەجەخاریٚ جگەری قیمەکراوە
دنیا پڕی ئاشووبە خەلایق بەعمومی
ئاسایشی لیٚ مەنعە ئەڵێی جونبوشی ئاوە
وەك تەرزە ئەباریٚ بەهەموودەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەب و قەهری خوا توندو بەتاوە
ئەم وەزعە کە ناوی بە (سەفەربەر) ئەبەن ئیمڕۆ
فەرمانی بەخوێن ڕشتنی ئەم عالەمەی داوە
گیرۆدەیە ئەم عالەمە، هەرکەس بەسیاقیٚ
کەوتۆتە کەشاکەش بەقوماندەی نومەراوە
(ژەندرمە) ئەسووڕێتەوە وەك واشەیی برسی
بۆلاشەیی میللەت بەفڕو فێڵی غەزاوە
فەوتاوە لەبەرسوخرە کەرو ئێسترو یابوو
حوشتر سەقەتو شەل بووە گا پشتی شکاوە
کەر شەوقی زەڕینی نیە هەتا لەبەهارا
ترسی هەیە نەك بیخەنە ژێر باری قەزاوە
بۆ گرتن و بۆ کوشتنی ئەم عالەمە یەکسەر
ئەم عرصەیی ئافاتە دەڵێی حەڵقەیی داوە
نێك و بەدی ئەم عالەمی ئیسلامە بەجاریٚ
کەوتوونەتە ژێر حەلقەیی زنجیری بەلاوە
هەرشەش جیهەتی گرتووە ئاشووب و مصیبەت
مێشوولە مەجالی نیە بفڕیٚ بەحەواوە
ئەم ظاڵمی سفاکی (سەفەر بەرلکە) ئیمڕۆ
نامەی فەرەحی داوە بەدەم بادی صباوە
طیارە بەئەسبابی شەڕو فیتنەوە دایم

جەولانی ئەڵێی هەورە بەسەر مرکزێ باوە
باڵۆنی هەڵۆ شێوە لەگەڵ دێتە بزووتن
عالەم لەئەزمریا هەر ئەڵێی پۆپی خوراوە
ئەم جووتە بەلازادەیی باڵندەیە ئیمڕۆ
سیارە بە سەیالەی برقی بەهەواوە
برق و غەزەیی دانەیی نارنجەك وبۆمبا
ئاگر دەپرژێنێ بەزەمیندا لەسەماوە
شەوو رۆژ لەبەر برقی قلیج و رم و سونگی
لەمعە قەسەتۆرە بەدەلی عەکسی هەتاوە
لەو رۆژەوە دنیا هەیە تائەم دەمە بێ شك
مەغلوبەیی بەم غایەتە، نەبووەو نەکراوە
بنچینەیی دەرکەوتوە ئاساری شریعەت
یەکسەر هەرەسی بردوە ئانێکی نەماوە
ئەم دیتە لەپێشدا وەکوو زەمزەم بوو بەڕوونی
هیچ غەشی نەبوو، ئیستە دەڵێی لێڵی قوڕاوە
یارەبی لەبەر خاتری پێغەمبەرەکەی خۆت
رەحمێ بکە بەم کۆمەڵی ئیسلامە کەماوە
لەت لەت بووە بەم چەکوشە سەعاتی دڵی عالەم
ڕەقاص و جەڕو زەمبەلەك و چەرخی سواوە
(حمدی) دڵی یەخسیری فەرەنگی خەمە ئیمڕۆ
بەریوونی بەبەریوونی گەروی (بصرە) و (فاو)ە

سەرچاوەکان

ز	ناوی سەرچاوە	نووسەرو وەرگێر	شوێن و سالی لەچاپدانی
١	گۆڤاری the kurds	David mcdwell	ژمارە/٢٣ لندن ١٩٨٢
٢	اعلام الکرد	میر بصری	چاپی لندن — قبرص ١٩٩١
٣	مێژووی رۆژنامەگەری	دوکتۆر جمشید حیدری	گۆڤاری پەیڤ.لندن ژمارە١٦سالی١٩٩٢
٤	People without country	Challand وەرگێرانی دوکتۆر احمد عوسمان	گۆڤاری نوسەری کورد ژمارە٤ سالی ١٩٨٦
٥	رۆژنامەی کوردستان	دەستەی نوسەران	گۆڤاری چوارچرا ژمارە/٢سالی١٩٨٦ سوید
٦	پیوەندی نێوان کورد و روسیا	دوکتۆر کمال علی	گۆڤاری چوارچرا ژمارە/٣سالی١٩٨٦ سوید
٧	شۆرشی دەرسیم	ترجمەی عبدالجبار عبدالغفور لەتورکیەوە	گۆڤاری رۆشنبیری کورد ژمارە١٢٦بغداد١٩٩٠
٨	مەسئەلەی کوردەکان	و.جی.ئیلفنستن.وەرگێرانی بۆ کوردی عبدالقادر حشمت	لەبلاوکراوەکانی دەنگی گێتی سالی١٩٤٧ بغداد
٩	کوردستانی تورکیا بەزەمینەی مێژوویەوە	د.عصمت شریف وانلی	گۆڤاری خوندکاری کورد پاریس١٩٩٠
١٠	گۆڤاری کوردستان سالی ١٩١٩—١٩٢٠	فەرهاد پیربال	گۆڤاری هیوای پاریس١٩٩٠
١١	چل سال لەبیرەوەیی جلادت بدرخان	کونی رەش	گۆڤاری هیوا ژمارە ٨ پاریس ١٩٨٦
١٢	البارزانی والحرکة التحرریة انتفاضة بارزان الاولی١٩٣١— ١٩٣٢	مسعود بارزانی	چاپخانەی خەبات ١٩٨٦
١٣	ملاحظة تأریخیة حول نشأة الحرکة القومیة الکردیة	سیامند احمد عوسمان	گۆڤاری دراسات کردیه ژمارە ١ی سالی ١٩٨٤ بغداد
١٤	رابەری رۆژنامەگەری	جمال خەزنەدار	بغداد ١٩٧٣
١٥	رۆژنامەکانی بانگی کوردستان و رۆژی کوردستان ١٩٢٢—١٩٢٣	جمال خەزنەدار	بغداد١٩٧٣و١٩٧٤
١٦	کوردستان والاکراد	د. عبدالرحمن قاسملو	بیروت ١٩٧٢
١٧	جمهوریه مهاباد	ولیم ئیگلتن.ترجمەی جرجیس فتح الله	بیروت ١٩٧٢
١٨	راپەرینی کوردەکان سالی١٨٨٠	د.جلیلی جلیل وەرگێرانی بۆکوردی د.کاوس قەفتان	بغداد ١٩٧٨

١٩	كێشەی كورد لەسیفەرەوە بۆ لۆزان	د.فوئاد حەمەخورشید	گۆڤاری رەنگین ٧٩ بغداد
٢٠	دەربارەی رۆژنامەی كوردستان	محمد ملا كریم	گۆڤاری رەنگین ٧٩ بغداد
٢١	كوردەكانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی	د.جلیلی جلیل وەرگێرانی بۆ كوردی د.كاوس قەفتان	بغداد ١٩٨٧
٢٢	كوردستان والحركة القومية الكردية	جلال تالەبانی	بیروت ١٩٧١
٢٣	الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية	د. وليدحمدی الأعظمی	قبرص ١٩٩٢
٢٤	كوردستان لەساڵەكانی شەڕی جیهانیدا	د. كمال مەزهەر	بغداد ١٩٧٥
٢٥	عرب و اكراد ـ رؤية عربية	منذر الموصلي	بیروت ١٩٨٦
٢٦	رۆژ كورد ـ ١٩١٣	جمال خەزنەدار	بغداد ١٩٨١
٢٧	یادداشتەكانی مێجەر نۆیل	مێجەر نۆیل	دۆكیومێنتی ژمارە FO.351 13974 ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا
٢٨	جمهوری اول تورکی	ریچارد ئەلینسۆن، ترجمەی بۆ فارسی ئیرج ئەمینی	چاپی تهران ساڵی ١٣٥٦ی كۆچی
٢٩	كوشتاری ئەرمەنیەكان	kak bajalan	گۆڤاری Kurdish time
٣٠	كمال ئەتاتورك	محمد محمد توفیق ـ ترجمەی بۆ فارسی فردوسی فراهانی	ئەراك ـ ئێران ١٣١٨ یكۆچی
٣١	كوردستان وشۆڕشەكەی	د. جمال نەبەز ـ ترجمەی د.كوردو علی بۆ كوردی	سوید ١٩٨٥
٣٢	خلاصه تأريخ الكرد وكوردستان	محمد ئەمین زەكی ـ وەرگێرانی بۆعەرەبی محمد علی عونی	قاهیرە ساڵی ١٩٦١
٣٣	گەشتەكەی (بیوی) لەكوردستانا	وەرگێرانی لەتوركیەوە بۆ كوردی شوكور مصطفی	گۆڤاری كۆڕی زانیاری بەرگی دوهەم بغداد ١٩٨٣
٣٤	كورد لای گردلێڤسكی	د. كمال مەزهەر	گۆڤاری كوری زانیاری ژمارە٢ بغداد١٩٨٣
٣٥	عرب واكراد ـ خصام او وئام	دریە محمدعلی عونی	قاهرە ١٩٩٣
٣٦	كوردو مەسەلەی كورد	میخائیل سیمونە ڤیچ لازاریف ترجمەی بۆ كوردی د.كمال علی	گۆڤاری سوكسەـ سوید
٣٧	الاكراد شعبا وقضية	صلاح بدرالدين	بیروت ١٩٨٧
٣٨	مێژوو ـ كوردو مێژوو	دوكتۆر كمال مەزهەر	بغداد ١٩٨٣
٣٩	چەند لاپەرەیەك لە مێژووی گەلی كورد	د. كمال مەزهەر	بغداد ١٩٨٣

٤٠	کۆمەڵو رێکخراوو حزبە کوردییەکان لەماوەی نیوسەدەدا	د. عبدالستار طاهر شریف	گۆڤاری کۆڕی زانیاری بەرگی ١٨ و١٩ ساڵی ١٩٨٨ بغداد
٤١	مێژووی کورد لەسەدەی نۆزدەو بیستدا	کریس کوچیرا- وەرگێ رەحمەد ریانی	تاران ساڵی ١٣٦٩ی کۆچی
٤٢	جوڵانەوەی رزگاریی نیشتمانی کورد	د.عزیز شمزینی، وەرگێر بۆ کوردی (ئەسەسەرد)	چاپخانەی ئیبراهیم عەزۆ/١٩٨٥
٤٣	کورد	مینۆرسکی وەرگێر بۆ عەرەبی د.عارف خەزنەدار	بغداد ١٩٨٤
٤٤	الرجل الصنم ـ اتاتورك	ضابط ترکی سابق ترجمەی بۆ عەرەبی عبدالله عبدالرحمن	بیروت ١٩٩٢
٤٥	القومیة فی ترکیا	وەرگێری بۆ کوردی سیامند سرتی	شوێنو ساڵی لەسەرنییە
٤٦	ترکیا والشرق الاوسط	Philp Robinsوەرگێری بۆ عەرەبی میخائیل نجم خوری	لیماسول قبرص ١٩٩٣
٤٧	العرب والترك في العهد الدستوري العثماني ١٩٠٨ – ١٩١٤	د. توفیق برو	دمشق ١٩٩١
٤٨	الدولة العثمانیة قراءة جدیدة لعوامل الأنحطاط	د. قیس جواد الغراوي	فلوریدا ١٩٩٤
٤٩	کردستان ترکیا بین الحربین	پرۆفیسۆرحسرتیان ترجمەی سعدالدین ملاو باڵی ئازی	بیروت ١٩٨٧
٥٠	بنەماڵەی شێخانی بیران	Robert Olson	جامعە کنتاکی ١٩٩٤
٥١	سیاحەتنامەی ئەولیا چلبی	وەرگێری بۆ کوردی سعید ناکام	بغداد ١٩٧٦
٥٢	کوردەکان أزیبرون	حسن عرفە وەرگێری بۆ فارسی حامد گەوهەری	سوید ١٩٨٥
٥٣	جنبشهای کورد أز بیرون تاأکنون	م.کارێزخ	یوتەبوری ـ سوید١٩٩٣
٥٤	الاکراد	باسیل نیکتن ترجمەی صلاح بروراری	١٩٩٣(شوێنی لەسەر نیە)
٥٥	نهضەالاکراد الثقافیة	د. جلیلیجلیل وەرگێرانی بۆ عەرەبی باڵی ئازیە د.ولاتو	بیروت ١٩٨٦
٥٦	کردستان والحرکة التحرریة	صلاح بدرالدین	نیقوسیا ١٩٨٣
٥٧	في سبیل کردستان(مذکرات)	زنار سلوپی (قدری جمیل بەگ)	بیروت ١٩٨٧
٥٨	تأریخ الدولة العلیة العثمانیة	فرید بەگ المحامي	بیروت ١٩٨١
٥٩	جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد	رادوڤان باڵیپ ترجمەی محمود ملا عزەت	سوید ١٩٨٥

٦٠	القضية الكردية ماضي الكرد وحاضرهم	بلەچ شیرکۆ(جلادت بدرخان)	بیروت ١٩٨٦
٦١	انتفاضة ئاگری ـ یادداشت	احسان نوری پاشا وەرگێری صلاح بروارى	بیروت ١٩٩٠
٦٢	محاضرەیەك دەربارەی کوردستان گۆڤاری Journal of the Royal centre	ژنەکەی مێجرسۆن Mr. s. soane	حزیرانی ١٩٢٥
٦٣	الحركة الكردية في الزمن الحديث والمعاصر	مجموعەمن المستشرقين ترجمەی لەروسیەوە بۆ عەرەبی کرم السویدی	موسودەیەو چاپ نەکراوە
٦٤	The Baning Of Kuorog is Cultur	پرۆفیسۆرحسرێتان ترجمەی ش. خ. محو	ئەنستیتوتی کوردی لەپاریس
٦٥	یاداشتەکانی مامۆستا رفیق حلمی	رەفیق حلمی	چاپی دوەمم بغداد ١٩٨٤
٦٦	The Conficlict OF tribes Iniran And Afgistan	مارتن ڤان برونستون	لندن ١٩٨٣
٦٧	بیرەوەریەکانی عبدالعزیز یاملکی	عبدالعزیز یاملکی	گۆڤاری مامۆستای کورد سوید ١٩٩٦
٦٨	گەشتەکەی ریچ	ترجمەی محمدی حمەباقی	چاپی تەوریز ١٩٩٢
٦٩	یاداشتەکانی ئەحمەد تقی	ئامادەکردنی جلال تقی	بغداد ١٩٧٠
٧٠	کورلو عەجەم	صالح محمد ئەمین (نەوشیروان مصطفى)	چاپی ١٩٩٢
٧١	کورتە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوایەتی کورد	صادق شرفکندی	سوید ١٩٩٥
٧٢	ذكر الاكراد وأصولهم في كتابات المسلمين الأوائل	د. احمدعوسمان ابوبکر	گۆڤاری کۆڕی زانیاری ژمارە١٣بغداد سالی ١٩٨٥
٧٣	شێخ وئاغاو دەوڵەت	مارتن ڤان برونستون وەرگێری بۆ کوردی د. کوردۆعلی	سوید ١٩٩٦
٧٤	التراث الكردي في المؤلفات الأيطالية	Mirello Galletti وەرگێری بۆ عەرەبی د. یونس حبی	گۆڤاری کۆڕی زانیاری ژمارە٦ بغداد ١٩٨١
٧٥	شرفنامە	شرفخانی بدلیسی ترجمەی هەژار لە فارسیەوە بۆکوردی	چاپی تاران چاپخانەی جەوهەری سالی ١٩٨١
٧٦	رۆژنامەکانی کوردستان١٨٩٨ـ١٩٠٢	کۆکردنەوەو لەسەرنوسینی بەکرمانجی محمد ئەمین بوزارسلان دوجلد	سوید ـ دوجلد

٧٧	گۆڤارەکانی ژین	کۆکردنەوەی محمد ئەمین بوزآرسلان	سوید ٤ جلد
٧٨	ژیانی شریف پاشای خندان	رۆهات ئالاکۆم	گۆڤاری مامۆستای کورد سوید سالی ١٩٩٥
٧٩	The Case of Kurdistan against Turkey	سریا بدرخان	چاپی فلاد لیفا سالی ١٩٢٨ لە سوید سالی ١٩٩٥ چاپکراوەتەوە
٨٠	بەرگی یەکەم ودوەمی شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خواروی کوردستان	محمد رسول هاوار	لەسوید سالی ١٩٩٥ چاپکراوەتەوە ١٩٩٠ لندن و١٩٩١ستوکهۆلم
٨١	گزیده أسناد سیاسی ایران و عوثماني دردورەی قاجاریه/ جلد أول	دفتر مطالعات سیاسی وبین الملل أیران	طهران ١٣٦٩ هـ
٨٢	الأمبراطورية العثمانية	سعيدأحمد برجاوی	بيروت ١٩٩٣
٨٣	الترك في العصور الوسطى بيزنطةو سلاجقة الروم	د. زبيده عطا	كويت دار الفكر العربي / مێژووی لەسەر نیە
٨٤	The Emergence of Kurdish Natinalism and saikh said Rebilion	robert olson	چاپی ئەمریکا ١٩٨٩
٨٥	Ataturk: the Rebirth of Nation	Patrick Kinross	لندن ١٩٩٥
٨٦	المغول	د. السيدالباز العريني	بيروت ١٩٨٦
٨٧	گۆڤاری رۆژی نوێ (یادداشت)	اسماعیل حقی شاویس	سلێمانی ١٩٦٠-١٩٦١
٨٨	الأجزاء العشرة من السنةالسابعة عشرة من مجلات الهلال١٩٠٨تشرين الأول١٩٠٨-١٩٠٩	منشأها جرجي زيدان	مطبعة الهلال _ فجالة _ مصر
٨٩	The Ottoman Empire	Wuynes vaciniciترجمەی سهیل ئازری بۆ فارسی	چاپخانەی شفق _ تەورێز ١٣٤٦هـ
٩٠	تأريخ عوسمانی أزتشكيلات دولت تافتم استمبول _ جلداول	پرۆفیسۆر حقی ئۆزون ترجمەی د. ایرج نوبخت بۆفارسی	١٣٦٨ کۆچی
٩١	کوردستان موکریان یانەترۆپاتین	حسین حوزنی موکریانی	رواندز ١٩٣٨ زاری کرمانجی
٩٢	الأكراد و العرب	ئیبراهیم ئەحمەد	بغداد چاپی یەکەم ١٩٣٧
٩٣	تأريخ الامارات الكرديةفي الأمبراطورية العثمانية	پرۆفیسۆر جلیلی جلیل ترجمەی د. محمد عبدو بۆعەرەبی	دمشق ١٩٨٧

٩٤	پێوەندارێتی کوردی	د. جمال نەبەز	ستۆکهۆلم ١٩٨٦
٩٥	معاهدة سيفر	م. رسول ماوار	مجله الثقافية الكردية لندن١٩٩٠المركز الثقافي الكورد في لندن
٩٦	الاكراد أحفاد الميديين	مینۆرسکی ترجمەی د. کمال مەزهەر	گۆڤاری کۆڕی زانیاری ژمارە١ بغداد
٩٧	ئاوێستاو نامەی مەینەتی ئاینی زەردەشت بەشی یەکەم	ئەندازه حوێزی	سوید ١٩٩٢
٩٨	کورد و کوردستان لەنیگای چەند گەڕیدەیەکی رۆژئاواییدا	ترجمەی شوکور مصطفی لەتورکیەوە	گۆڤاری کۆڕی زانیاری بەرگی هەشتەم سالی ١٩٨١
٩٩	مێژووی حەسەن وەیسی وەعەبیاری	محمد جمیل رۆژبەیانی	بغداد ١٩٩٦
١٠٠	رۆژنامەگەریی کوردی	مالمیسانژ	سوید ١٩٨٩
١٠١	دوکیومێنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی حکومەتی بریتانیا		١٩١٩–١٩٣٩
١٠٢	خەبات (کێشە) لەرێی کوردستانا	ن.أ.خالفین ترجمەی جلال تقی لە روسیەوە	چاپی سالی ١٩٨٢
١٠٣	أضواءعلي قضاياذولية	د. کمال مەزهەر	بغداد ١٩٧٨
١٠٤	مێژووی مۆسیقای کوردی	محمدحمه باقی	سەقز ١٩٩٦

کۆتـــایـــی

بلاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک

١- لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕی ناو زەنگ		نەوشیروان مستەفا
٢- پەنجەکان یەکتری ئەشکێنن		نەوشیروان مستەفا
٣-خولانەوە لەناو بازنەدا		نەوشیروان مستەفا
٤- میرایەتی بابان لە نێوان بەرداشی رۆم عەجەم دا		نەوشیروان مستەفا
٥- کارەساتی کیمیا بارانی هەڵەبجە		شەوکەتی حاجی موشیر
٦-خاچ و مار و رۆژ ژمێری شاعیرێ		شێرکۆ بێکەس
٧- بانکی زانیاریی بۆ نەوجەوانان	بەرگی یەکەم	و / باسط حەمە غەریب
٨- دنــیـا بێشەیە		گەلاوێژ
٩- کێشەی ولایەتی مووسڵ		و / محەمەد شاکەلی
١٠-جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد		و / سیامەندی موفتی زادە
١١- بنەماکانی پزیشکی دادوەری		دکتۆر هیوا عومەر ئەحمەد
١٢- زەمانی کاریکاتێر		و / ئاکـۆ غەریب
١٣- بانکی زانیاریی بۆ نەوجەوانان	بەرگی دووەم	و / باسط حەمە غەریب
١٤- مـادێـنـا		ئازاد خانەقینی
١٥- ٢٥ ساڵ سەروەری		ئازاد خانەقینی
١٦- هەزار و یەك پرسیار - مێژوو		و/ ئاکۆ غەریب
١٧- کورد و باکوری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان		م . رەسوڵ هاوار